نوسینی


داستان محمد

أبو حنيفة

گومڕاکەی سەردەمی سەلەف

9

پێشەواکەی سەردەمی خەلەف




گومڕاكەی سەردەمی سـەلەف

و

پێشەواكەی سەردەمی خەلەف

نوسینی

داستان محمد



ابن حزم دەڵێ:

گەر ووتەیەکت بۆ هات بە زمان یان هێرشت کردە سەر ووتەیەك لە کتێبێکدا، ئاگاداربە نەکەی بەرامبەری بوەستی وەستانێکی توڕەیانە کە هۆکارەکەی ویستی سەرکەوتنی خۆت بێ بەسەریدا پێش ئەوەی لە ناحەقی ئەم ووتەیە دڵنیا بیتەوە بە بەڵگەی بنبڕکەر.

[مداواة النفوس : 194-195] ت: إيفا رياض

ئەم کتێبە بە (خطبة الحاجة) دەست پێناکات

خطبة الحاجة بریتیە لەو پێشەکیەی کە ووتار بێژ لە ووتاری هەینی و جەژنەکان یان لەکاتی مارە بڕیندا دەیڵێت: (إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ... هتد) ئینجا دەست بە ووتارەکەی دەکات، ئەمڕۆ بە دەگمەن دەبینیت کتێبێک یان نامیلکەیەک بنوسرێت ئەم خطبة الحاجة-یە لە پێشەکیەکەیدا نەبێت وەک سوننەتێکی تەئکید لەسەر کراوی لێهاتووە تەنانەت گەر نوسراوەکە خاڵی بێت لێی ئەوا بۆی هەیە بە هەڵەیەکی زەقی بزانن، ئەم خطبة الحاجة-یە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە سوننەتە لە ووتاری هەینی و جەژنەکان و مارە بڕیندا بووترێ، وە دروستیشە لەکاتی تریش بووترێ کە مرۆڤ دەست بە ئامۆژگاری کردنی خەڵک دەکات یان مەجلیسەکەی پێ دەکاتەوە، ناڵێین دروست نیە یان بیدعەیە بەڵام بەم جۆرەی ئەمڕۆ کە لە پێشەکی هەموو کتێبێکدا هەبێت بوونی نەبووە، جا هەر شتێک کە لە سوننەتدا نەبێت یان شتەکە سوننەت بێت بەڵام لەشوێنی خۆیدا بەکار نەهێنرێت ئەوا زۆر جار واز لێهێنانی باشترە لە ئەنجامدانی تا خەڵکی بزانن سوننەت نیە، بگرە جاری واهەیە شتێک سوننەتە هەندێکجار واباشە وازی لێ بهێنیت تا خەڵک بزانن سوننەتە بە بەردەوام بوون لەسەری وانەزانن فەرزە، بەڵێ پێغەمبەر ﷺ ئەمەی فەرمووە بەڵام لەهیچ کام لە نامەکانیدا لە پێشەکیەکەی ئەمەی نەنوسیوە بەڵکو تەنها بە بسم الله دەستی پێکردووە، وە زانایانی سەلەفیش زۆر بە دەگمەن دەبینیت لە هەندێک کتێبدا لە پێشەکیەکە ئەمەیان نوسی بێت تەنها بە بسم الله دەستیان پێکردووە، بەڵام دواتر لە سەردەمی خەلەف ئەمە وەکو عادەتێکی لێهاتووە گەیشتووە بەم حاڵەی کە بە دەگمەن کتێبێک دەدۆزیتەوە تێیدا نەبێت لە پێشەکی.

الملا علي القاري دەڵێ: **کاتێک زۆربەی زانایانی کتێب نوس وازیان هێناوە لە کارکردن بە ڕواڵەتی فەرموودەی (كل خطبة ليس فيها تشهد فهي كاليد الجذماء) -هەر ووتارێک شایەتمانی تێدا نەبێت وەک دەستێکی بڕاو وایە- ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕواڵەتی فەرموودەکە مەبەستێکی تری هەیە، جا بە یەکێک لە تەئویلەکان تەئویل دەکرێت، وە ئەوەی لەلای من**

صەوابترە ئەوەیە کە ئەم ووتارەی لەم فەرمووودەیەدا هاتووە مەبەست پێی ووتارەکانی سەردەمی پێغەمبەرە ﷺ لە هەینیەکان و جەژنەکان و جگە لەمانەش، چونکە کتێب نوسین دوای ئەم سەردەمە سەری هەڵدا. [جمع الوسائل في شرح الشمائل : 10/1] ت: محمد بن رياض الأحمد

ابن حجر دەربارەی هەمان فەرمووودە دەڵێ: **دەست پێکردن بە الحمد لله و مەرجدارکردنی شایەتمان ئەمە تایبەتە بە ووتار، بە پێچەوانەی باقی کارە گرنگەکانی تر هەندێکیان بە بسم الله الرحمن الرحيم دەست پێدەکات وەک نامەکان، وە هەندێکیان تەنها بە بسم الله وەک سەرەتای سەرجێ کردن و سەربڕینی ئاژەڵ، وە هەندێکیان بە زیکرێکی تایبەت دەست پێدەکات وەک الله أكبر، وە من نوسراوەکانی پێغەمبەرﷺ کۆکردەوە کە بۆ پاشاکان و جگە لەوانیشی ناردبوو هیچ یەکێک لەوانە بە حەمد دەستی پێنەکردبوو بەڵکو بە بسم الله دەستی پێکردبوو.**
[فتح الباري : 730/9] ط: دار طيبة

ووتم: کە دەڵێ بە حەمد دەستی پێنەکردبوو مەبەستی خطبة الحاجة-یە چونکە ئەو بە حەمد دەست پێدەکات.

ابن حجر دەربارەی ئەوەی کە بۆ البخاري صەحیحەکەی بە خطبة الحاجة دەست پێنەکردووە ووتەی هەندێک لە زانایان نەقل دەکات کە هۆکارەکەیان باسکردووە، ئینجا دەڵێ: **سەیرتر لە هەموو ئەمانە ووتەی ئەو کەسەیە کە دەڵێ: البخاري کتێبەکەی بە حەمد و شایەتمان دەست پێکردووە بەڵام هەندێک لەوانەی کە کتێبەکەیان لێوەی ڕیوایەت کردووە سڕیویانەتەوە ! وەک بڵێی خاوەنی ئەم ووتەیە کتێبەکانی پێشەوایانی نەدیبێ لە شێخەکانی البخاري و شێخی شێخەکانی و ئەوانەی سەردەمی خۆی وەک مالك لە الموطأ و عبدالرزاق لە المصنف و أحمد لە المسند و أبو داود لە السنن هەر ناژمێردرێت کە چەندە زۆرن ئەوانەی خطبة الحاجة-یان نەنوسیوە لە سەرەتای کتێبەکانیان، لە بسم الله زیاتریان نەنوسیوە، ئەم زانایانە زۆرینەن کەمێکیان کتێبەکانیان بە خطبة الحاجة دەست پێکردووە، ئایا دەربارەی هەموو ئەمانە دەووترێ ئەوانەی کتێبەکانیان ڕیوایەت کردووە خطبة الحاجة-یان سڕیوەتەوە ؟ نەخێر.** [فتح الباري : 28/1-29]

ئەو زانایەنەش کە لە کۆندا لە سەرەتای کتێبەکەیان خطبة الحاجة-یان نوسیوە بەم شێوەیە نەبووە کە لە هەموو کتێبێکدا بینوسن بۆ نموونە الطحاوي تەنها لە یەک کتێبدا نوسیویەتی، وە دەووترێ ئیمام أحمد پێش نوسینی فەرموودە بە دەم الحمد لله-ی دەکرد بەبێ نوسین وەک الخطیب ڕیوایەتی کردووە، جا دەکرێ زانایانی تریش کردبێتیان، والله أعلم.

جا لێرەدا مەبەستمان ئەوە نیە کە بڵێین خطبة الحاجة لە سەرەتای کتێبدا بیدعەیە و نابێ بنوسرێ، بەڵکو مەبەستمان دوو شتە، یەکەمیان: ئەوەیە کە بزانرێ بەم شێوەیە نیە کە مەرجدار بکرێ و لە سەرەتای هەموو کتێبێکدا بنوسرێ، بەڵکو زۆرجار واز لێهێنانی لە پێشترە تا خەڵک بزانن ڕاستی بابەتەکە چۆنە، دووەمیان: تا ڕوون ببێتە بۆچی لەم کتێبەدا نەمان نوسیوە.

پێڕست

پێشەکی

الله تعالی دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾ واتا: وەحیمان بۆ تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆش ناردووە ئەگەر بێتو شیرك ئەنجام بدەی ئەوا کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە، لە ڕۆژی دواییش لە خەسارەتمەندان دەبیت.

بەڵێ الله تعالی بەم شێوەیە پەیام دەنێرێت بۆ خۆشەویسترین و نزیکترین و باشترین بەندەکانی کە پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام کە ئەگەر بێتو هەر کامێکیان توشی کوفر ببن الله کردەوەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش لەبەر گەورەیی شیرك و کوفرە هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ واتا: بەڕاستی الله لەوە خۆش نابێت کە شەریکی بۆ بڕیار بدرێت، وە لە هەموو تاوانێکی تری جگە لە شیرک خۆش دەبێت لە هەر کەسێک کە بیەوێت.

سێ سەدە چاکەکەی ئوممەتیش باش لەم مانایە تێگەیشتبوون بۆیە نابینین لە سەردەمی ئەواندا هیچ بیدعەچیەک گەورە بکرێت و بەرگری لێ بکرێت چ جای ئەوەی کافر گەورە بکرێت و نازناوی بریقەداری بۆ بەکار بهێنرێ، بەڵام دوای سەردەمی ئەوان دەبینین هەرچی کافر و بیدعەچی هەیە کراوە بە ئیمامی ئەهلی سوننە و چاوپۆشی لە کوفرەکانی کراوە بە بیانووی ئەوەی خاوەن زانست بووە و کتێبی بە سودی نوسیوە، دەڵێن خراپەکانی لە دەریای چاکەکانی نقوم دەبێت ! ئەمە لەکاتێکدا الله فەرمووی لە شیرک خۆش نابم هەرگیز بەڵام لای ئەوان گەر کتێبی بە سودت هەبێ و خاوەن زانست بیت ئەوا کێشە نیە گەر کوفریشت هەبێ، خۆزگە دەمزانی کێ ؟ وە چۆن؟ ئەم عەقیدەیەی خستە ناو ئوممەتەوە کە گەر زانایەک کتێبی بە سودی هەبێت کوفریش بکات تەکفیر ناکرێت بەڵکو هەر بەرێز و گەورە دەمێنێتەوە و کەس بۆی نیە تەکفیری بکات بگرە گەیشت بەوەی هەر کەس تەکفیری بکات جۆرەها تۆمەتی بدرێتە پاڵ، دوای سەردەمی سەلەف ئەم عەقیدەیە بەجۆرێک تەشەنەی کرد و بەر بڵاو بوو تەنانەت موسڵمان وا هەست دەکات ئەمە

ئیسلامی ڕاستەقینەیە کە زانا نابێت تەکفیر بکرێت ئەگەرچی کوفریشی هەبێت بگرە تەکفیر کردنی زاناکان کارێکی زۆر گەورە و ترسناکە هەر کەسێک دەستی دایە ئەم کارە بەرەو هەڵدێر دەڕوات و چارەنوسی خێر نابێت و سەرەنجام دەبێتە خەواریج ! سبحان الله ڕاستیەکان چۆن پێچەوانە بوونەتەوە ئەوەی بە خاوەنی کوفر بڵێ کافر مەترسی لەسەرە ببێتە خەواریج، بەڵام ئەوەی بەرگری لە خاوەنی کوفر دەکات و بە ئیمام ناوی دەبات و ڕەحمەتی بۆ دەنێرێ ئەهلی سوننەیە و شوێنکەوتەی قورئان و سوننەتە !

هەر بۆیەش کتێبەکەم لەسەر أبو حنیفة نوسی چونکە أبو حنیفة کەسێکە لە سەردەمی سەلەف ژیاوە ووتەی سەلەف زۆرە دەربارەی بە پێچەوانەی زانا موتەئەخیرەکان کە سەلەف پێیان نەگەیشتوون و ووتەیان نیە دەربارەیان، جا أبو حنیفة نموونەیەکی زۆر ڕوونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان مەزهەبی سەلەف و خەلەف، لەم کتێبەدا دەبینین کە سەلەف چۆن مامەڵەیان لەگەڵ أبو حنیفة کردووە هەر لە تەکفیر بگرە تا بچووکترین ووتە لەدژی ووتراوە کەچی لەلای خەلەف کراوە بە ئیمامی ئەهلی سوننە شان بە شانی سێ ئیمامەکەی تر، جا تۆی موسڵمان کاتێک لەوە تێگەیشتی سەلەف و خەلەف زۆر جیاوازن لە مامەڵە کردن لەگەڵ زاناکاندا ئەوا دەبێت لەوە تێبگەی هەر زانایەک لە موتەئەخیرین کە کەوتۆتە ناو کوفرەوە ئەوا گەر لە سەردەمی سەلەف ژیابوایە بە هەمان شێوەی أبو حنیفة مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، کە نموونەیەکت دەست کەوت لە أبو حنیفة ئیتر ئەوانی تریش بەهەمان شێوەیە چونکە ناکرێ سەلەف هێرش بکەنە سەر أبو حنیفة و تەکفیر و تەبدیعی بکەن بەڵام بەرامبەر کەسێکی وەک النووي یان ابن حجر العسقلاني بێدەنگ بن حەتمەن ئەوانیش لەو سەردەمە ژیابوان حاڵیان خراپتر دەبوو چونکە کوفرەکانیان زۆر لە أبو حنیفة ڕوونتر و زیاترە، جا بۆیە ناکرێ ئێمە کتێب لەسەر دانە بەدانەی زاناکان بنوسین و حاڵیان باس بکەین، تۆ خۆت دەبێ لەوە تێبگەی کەسێکی وەک أبو حنیفة کە خاوەن مەزهەبێکی فیقهیە کە دەکەوێتە کوفر و بیدعەوە لێی قبوڵ ناکەن، کەواتە زاناکانی تریش بەهەمان شێوە لێیان قبوڵ ناکرێ، وە من لەم کتێبەدا أبو حنیفة-م تەنها وەک نموونە وەرگرتووە چونکە ئامانجی من زۆر لەوە

گەورەترە خۆم بەوە خەریک بکەم أبو فلان یان ابن فلان حاڵی چۆن بووە، ئامانجی من ئەوەیە ئەم عەقیدەیە لەناو موسڵمانان بوونی نەمێنێ کە دەڵێن فلان زانا کوفری هەیە بەڵام لەبەر خاتری کتێب و زانستەکەی تەکفیری ناکەین، من ئامانجم لە أبو حنیفة و أبو فلان و ابن فلان کورت ناکەمەوە، أبو حنیفة تەنها وەک نموونەیەک نیشانتان دەدەم لەم کتێبەدا تا بزانن سەلەف چۆن مامەڵەیان کردووە بەرامبەر کوفر و بیدعەی زاناکان، پێت وایە من شەش مانگ لەکاتی خۆم بگرم بۆ نوسینی ئەم کتێبە تەنها لەپێناوی ئەوەی بۆ تۆی ڕوون بکەمەوە کە أبو حنیفة چۆن بووە ؟ نەخێر ئامادە نیم شەش ڕۆژیش کاتم بە أبو حنیفة و هیچ زانایەکی تر بکوژم بەڵکو دەمەوێ ئەم عەقیدە بۆگەنە لە ڕەگەوە بقرتێنم چیتر نەووترێ فلان کەس بەڵێ کوفری هەیە بەڵام زانایەکی بەڕێز و گەورەیە تەکفیری ناکەین چونکە کتێبی بە سودی نوسیوە ! نامەوێ تۆی خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بڵێی أبو حنیفة بە کافر دەزانم بەڵام ئەشعەرییەکان تەکفیر ناکەم، بەڵکو دەمەوێ دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بڵێی هەروەک چۆن سەلەف کوفر و بیدعەکانی أبو حنیفة-یان قبوڵ نەکرد منیش بەهەمان شێوە کوفر و بیدعە لەهیچ زانایەک قبوڵ ناکەم هەر ناوێکی هەبێ هەر مەزهەبێکی هەبێ هەر کتێبێکی هەبێ و هەر کەسێک بێ مادام کەوتەوە کوفرەوە بەلامەوە کافرە و هیچ کەرامەتی نیە، چونکە وەک ووتم ئامانجی من نەهێشتنی ئەم عەقیدە بۆگەنەیە نەک ئامانجم خۆ خەریک کردن بێ بە فلان زانا بە دیاریکراوی.

جا أبو حنیفة نموونەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ئەم بابەتە چونکە کاتێک خوێنەر بینی خاوەن مەزهەبێکی فیقهی کە بە الإمام الأعظم ناسراوە و هەمیشە لەپاڵ مالك والشافعي وأحمد ناوی دەهێنرێ لەلای خەلەف و معاصرین، ئەمە حاڵی بووە لەلای سەلەف ئەی دەبێت زاناکانی تر حاڵیان چۆن بوایە گەر لە سەردەمی سەلەف ژیابوان ؟ بێگومان خراپتر دەبوون، گەر زانست و کتێب نوسین و ناوداری ڕێگر بوایە لە بەردەم تەکفیر و تەبدیع و قسە ووتن بە زانایەک ئەوا أبو حنیفة زۆر لە النووي و ابن حجر وابن حزم و القاضي عياض وابن الجوزي والهيتمي والرملي والشيرازي والسبكي والقرطبي و الذهبي والسيوطي و الشوكاني و زۆرێکی تر لەپێشتر بوو کە زانایان

لێی بێدەنگ بن و قسەی پێ نەڵێن لەبەر خاتری زانستەکەی و مەزهەبەکەی، بۆیە هەمیشە أبو حنيفة بکە بە ئامرازێک بۆ بەراووردکردنی نێوان مەزهەبی سەلەف و خەلەف، گەر ووتیان فلان زانای موتەئەخیر کوفری هەیە بەڵام کتێبی بە سودی نوسیوە چاوپۆشی لێدەکەین و رەحمەتی بۆ دەنێرین و بەرزی دەکەینەوە، تۆش بڵێ خۆ أبو حنيفة لەو زانایە گەورەتر و لەپێشترە ئەی بۆ سەلەف ئاوایان نەکرد بۆی ؟ ئینجا جیاوازییەکەت بۆ دەردەکەوێ.

بەداخەوە لەدوای سەردەمی سەلەف قسەکردن لەسەر أبو حنيفة وەک ئەوەی لێهاتووە قسە لەسەر ڕوکنێک لە ڕوکنەکانی ئیسلام بکەیت، وەک بڵێی دینی ئیسلام لەسەر أبو حنيفة وەستاوە گەر قسەت لەسەر أبو حنيفة کرد ئەوا هێرش کردۆتە سەر دینی ئیسلام، بۆیە دەبینین کەسێکی وەک الخطيب لە تاريخ بغداد لە ژیاننامەی أبو حنيفة ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی نەقل دەکات پاشان ڕیوایەتەکانی زەمکردنی، پێش ئەوەی بچێتە سەر ڕیوایەتەکانی زەمکردنی دەڵێ ئەوەی ڕاستە و لە زانایانەوە چەسپاوە قسە ووتن بووە بە أبو حنيفة واتا ڕیوایەتەکانی زەمکردنی بە ڕاستر دەزانێت لە ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: ئێمە هەموو ڕیوایەتەکان نەقل دەکەین گەر ڕیوایەتێکتان بینی بە دڵتان نەبوو داوای لێبوردن دەکەین چونکە أبو حنيفة لەلای ئێمە ئیمامە ! یان کەسێکی وەک المعلمي اليماني کتێبی (التنكيل) دەنوسێ بۆ ڕەتدانەوەی درۆ و تۆمەتەکانی الكوثري، زۆرێک لە ڕیوایەتەکانی تاريخ بغداد تەصحیح دەکات کەچی لەگەڵ ئەوەدا بیانوو بۆ أبو حنيفة دەهێنێتەوە و بە ئیمام ناوی دەبات گوایە سەلەف بۆیە قسەیان پێ ووتوە تا خەڵکی شوێنی هەڵەکانی نەکەون ئەگینا قەدری أبو حنيفة-یان زانیوە ! ئایا تەکفیر و تەبدیعی کەسێک دەکەن بە درۆ وەک تەمسیل کردن تەنها لەبەر ئەوەی خەڵک شوێنی نەکەوێ ؟! نازانم عەقڵت لەم ساتەدا چی بەسەرهاتووە المعلمي کاتێک ئەم ووشانەت نوسیوە ؟! ئاخر کێ وەک تۆ بەرگری لە ڕیوایەتەکانی تاريخ بغداد کردووە کەچی هەر نەتتوانی لە کاریگەری سەردەم و دەوروبەر دەربچیت و هێشتا أبو حنيفة بە ئیمام ناو دەبەیت ! بۆیە دوای المعلمي پێم سەیر نیە هیچ زانایەک أبو حنيفة بە ئیمام ناو ببات چونکە المعلمي موناقەشەی دانە بە دانەی ڕیوایەتەکانی تاريخ بغداد

دەكات لەگەڵ الكوثري و ڕەددی تەزعیف كردنی الكوثري دەداتەوە و پشتیوانی لە ڕیوایەتەكان دەكات لەگەڵ ئەوەشدا بەم بیانووە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ ! دەڵێ سەلەف بۆیە قسەیان بە أبو حنيفة ووتوە تا خەڵكی شوێنی نەكەون ئێ باشە خۆ تۆ لە هیند ژیای ماوەیەک دەتزانی خەڵكی هیند چەندە دەمارگیرن بۆ أبو حنيفة بۆ تۆش وەک سەلەف دانەبەزیتە سەر أبو حنيفة تا خەڵكی شوێنی نەكەون و نەیكەن بە ئیمام ؟ ابن عبدالبر-یش لە كتێبی (الانتقاء) هەمان شتی كردووە ڕیوایەتەكانی مەدحكردنی نەقل كردووە پاشان چەند ڕیوایەتێكی زەمكردنی نەقل كردووە ئینجا دەڵێ ئەهلی سوننە زیادەڕەوییان كردووە لە قسە ووتن بە أبو حنيفة ! بەڵام كاتێک دەچینە سەر كتێبەكانی سەلەف هەمووی یەک پارچەیە لە زەمكردنی أبو حنيفة بەبێ هێنانی هیچ ڕیوایەتێک دەربارەی مەدحكردنی، وە نابینی یەک زانای سەلەف بیانوو بۆ أبو حنيفة بهێنێتەوە یان بەرگری لێ بكات، بۆ نموونە دوو تاریخەكەی البخاري، تاریخی الفسوي، تاریخی أبو زرعة الدمشقي، سؤالات البرذعي، المجروحين لابن حبان، الضعفاء للعقيلي، چەندەها كتێبی تر هەمووی یەک پارچەیە لە ڕیوایەتی زەمكردنی أبو حنيفة نابینیت وەک موتەئەخیرین ڕیوایەتی مەدحكردنی نەقل بكەن ئینجا دواتر تەئویل بۆ ڕیوایەتەكانی زەمكردنی بكەن و بیانووی بۆ بهێننەوە.

مقبل بن هادي الوادعي دەڵێ: جاهیلە دەمارگیرەكان بۆ أبو حنيفة ژمارەیان زۆرە، بینیم ژمارەیەک مامۆستا لە (الجامعة الإسلامية) توڕە دەبوون ئەوپەڕی توڕەیی وایان دەبینی ئەم بابەتە ڕوخاندنی ئیسلامە (واتا: باسكردنی أبو حنيفة) ئەم داماوانە نازانن ئەو كەسەی كە قسە بە أبو حنيفة دەڵێ تانەی نەداوە لە ڕوكنێک لە ڕوكنەكانی ئیسلام، وە ئێمە بەو جاهیلانە دەڵێین: ئێوە بە غیرەت ترن لەسەر دینی الله لە أحمد بن حنبل و محمد بن إسماعيل البخاري ومسلم والدارقطني والخطيب ؟ وە پێیان دەڵێین: ئێوە شارەزاترن بە أبو حنيفة لە مالك بن أنس وشريك بن عبدالله النخعي ويحيى بن سعيد القطان وعبدالله بن يزيد المقرئ وسفيان الثوري وسفيان بن عيينة وعبدالله بن المبارك و ئەوانەی كە لەسەر ڕێبازی ئەمانە ڕۆیشتوون ؟

[نشر الصحيفة : 5] ط: دار الحرمين - القاهرة

ووتم: ئەگەرچی مقبل بن هادي الوادعي لە کۆمەڵەی ئەو زانایانە دابوو کە هەندێک لە طاغوتی وولاتانی عەرەبیان بە وەلی ئەمر دەزانی و جەختیان لەسەر گوێڕایەڵی کردن بۆیان دەکردەوە، بەڵام خۆزگە موسڵمانان دەربارەی أبو حنيفة و هاوشێوەکانی بەم شێوەیەی مقبل لە باسەکە بڕوانن و تێی بگەن، کە غیرەتیان بۆ دین بجوڵێ و دەمارگیرییان بۆ حەق هەبێ، نەک غیرەتیان بۆ کەسەکان بجوڵێ و دەمارگیرییان بۆ کەسەکان هەبێت، کەسێکی وەکو مقبل کە طاغوت بە وەلی ئەمر دەزانێ چ شتێک وای لێکرد ئاوا دابەزێتە سەر أبو حنيفة و کتێبی لەسەر بنوسێ ووتەی 77 زانا کۆ بکاتەوە دەربارەی أبو حنيفة ؟! جێگای تێڕامان نیە ؟ بێگومان هۆکارەکەی زۆری ووتەکانی سەلەفە دەربارەی أبو حنيفة، کە ئەم هەموو ووتەیە بەهیچ پاساوێک ڕەت ناکرێنەوە تەنها بە دەروێشایەتی و تەقلیدی کوێرانە و دەمارگیری و جەهل نەبێت.

مقبل بن هادي الوادعي دەڵێ: ئەو ووتانەی لە پێشەوایانی فەرموودەوە دەرچوونە دەربارەی أبو حنيفة بەڵگەیە لەسەر غیرەتی پێشەواکانمان رحمهم الله لەسەر سوننەت کە لەپێناوی الله لۆمەی لۆمەکاران کاریان تێناکات، بەپێچەوانەی ئەم سەردەمە کە سەردەمی چاوپۆشی و موجامەلە کردنە، دەبینی نازناوی گەورە بۆ بیدعەچی بەکاردەهێنن وەکو: (بانگخوازی گەورە ، موجاهید) بگرە لەوانەیە نازناوی (مجدد)ی بۆ بەکار بهێنن، سەردەمەکەمان چەندە پێویستی بە کەسانێکی وەکو شعبة بن الحجاج ويحيى بن سعيد القطان ويحيى بن معين و أحمد بن حنبل والبخاري وأبو حاتم الرازي وأبو زرعة الرازي وابن حبان والدارقطني هەیە کە حاڵی بیدعەچیەکان ڕوون بکەنەوە کە دینیان لە موسڵمانان تێکداوە و یەکڕیزی موسڵمانانیان پەرتەوازە کردووە بەو بیرە نوێیانەی کە هێناویانەتە ناو ئیسلام، وە بەو کەسە حزبیانەی کە پلانی دوژمنانی ئیسلام جێبەجێ دەکەن، سکاڵامان بۆلای الله یە، وە لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە کاتێک کەسێکی خاوەن غیرەت لە ئەهلی سوننە هەڵدەستێ بە ڕوونکردنەوەی حاڵی زانایانی فاسق یان بانگخوازان بەرەو حزبایەتی کە خزمەتی ئامانجەکانی ئەمریکا دەکات، بێزار دەبن لەم کارەی ئەو، وە دەڵێن: الله الله یەک دەنگی بپارێزن ! الله المستعان بانگم دەکەی بۆ یەکدەنگی لەگەڵ

کەسێکی دیموکراسی یان خاوەن ڕق بەرامبەر سوننەت دوژمنێکی سەرسەخت کە پلان دەگێڕێت لەگەڵ سۆفی و شیعە بۆ لێدانی ئەهلی سوننە ! پاشان پێم دەڵێ: الله الله لە یەکدەنگی ! نا نا نا، خۆم یەکدەنگ ناکەم تەنها لەگەڵ کەسانی سوننی نەبێ، گەر بڵێ: واز بهێنە لە ووشەی بریندارکەر! دەڵێم: بگەڕێوە بۆ ژیاننامەی أبو حنيفة کە پێشتر باسمان کرد دەبینی ووشەی بەریندارکەری لەوە گەورەتر هەیە. [نشر الصحيفة : 397-398]

ووتم: خۆزگە ئەمە ووتەی موسڵمانان بوایە هەموویان بڵێن ووتەی زانایانی سەلەف نیشانەی غیرەت جوڵانیانە بۆ دین کە حاڵی أبو حنيفة وهەموو کافرو بیدعەچی و گومڕاییەکیان ڕوونکردۆتەوە بۆمان و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترساون، وە ئێمەش ئامادە نین یەکدەنگی بپارێزین لەگەڵ کەسانێک کە دەیانەوێ هەرچی کافرو بیدعەچی و گومڕا هەیە لێمانیان بکەن بە ئیمام، بەڵێ ئەوەی حەقە دەیگەیەنین و بڵاوی دەکەینەوە ڕازی نابین یەکدەنگی بپارێزین لەسەر حیسابی شاردنەوەی ڕاستیەکان.

سەلەف پیشەیان وابوو کە کتێب بنوسن دەربارەی تەوحید و عەقیدە ناویانن لە کتێبەکە دەنا (السنة) سوننەت لەلای ئەوان بەمانای بابەتە عەقیدەییەکان دەهات بۆیە هەمیشە ووشەی سوننە و بیدعە بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن، نموونەش وەک (السنة)ی عبدالله و (السنة)ی حرب الكرماني و (السنة)ی الخلال و (السنة)ی الخلال و (السنة)ی ابن أبي عاصم و (صريح السنة)ی الطبري و (شرح السنة)ی البربهاري و (شرح السنة)ی ابن أبي زمنين ...هتد، جا بیربکەرەوە چ شتێک وای لە عبداللە-ی کوڕی ئیمام أحمد کرد لە کتێبی (السنة) کە تایبەتە بە تەوحید و عەقیدە بەدزێک تایبەت بکات بە أبو حنيفة ووتەی زانایان لەدژی نەقل بکات کە دەگاتە 179 ڕیوایەت، گەر هەڵەکانی أبو حنيفة بچووک بن یان خیلافی فیقهی و مەزهەبی بن یان ڕەتدانەوە و ئاگادار کردنەوە لە أبو حنيفة شتێکی گرنگ نەبێ بۆچی عبدالله لە کتێبێکی ئاوادا بەشێک تایبەت دەکات بە أبو حنيفة، بڕوانە لەم کتێبەدا بەشێکی تایبەت کردووە بە مورجیئە، بەشێکی تایبەت کردووە بە جەهمیەکان، بەشێکی تایبەت کردووە بە قەدەریەکان، بەشێکی تایبەت کردووە بە خەواریج، لە

بەرامبەر ئەم چوار گروپەش بەشێکی تایبەت کردووە بە أبو حنيفة، واتا أبو حنيفة-ی شان بە شانی ئەم چوار گروپە هێناوە و بە پێویستی زانیوە ئاگادار کردنەوەی لێ بدات و کوفر و بیدعەکانی باس بکات ؟ ئایا تێدەگەن لەوە ؟ هەست بە گەورەیی بابەتەکە دەکەن ؟

جا کاتێک باسی ئەوە دەکەین کە زانایانی سەلەف توند بوونە بەرامبەر زانا کافر وگومڕا و بیدعەچیەکان و پلەیان بەرز نەکردوونەتەوە و ڕەچاوی پلە و زانست و کتێبەکانیان نەکردوون کە کوفری کردووە وتوویانە کافرە کە بیدعەی کردووە وتوویانە بیدعەچیە، بەپێچەوانەی مەنهەجی خەلەف کە کۆمەڵێک زانای کافر و بیدعەچیان کردووە بە ئیمام و ئەهلی سوننە بە بیانووی ئەوەی کتێبی بە سودی نوسیوە و خاوەن زانستێکی زۆر بووە، زۆرێک لە خەڵکی دەڵێن ئایا ئێوە زاناترن لە خەلەف بە مەنهەجی سەلەف ؟ خەلەف نەیانزانی مەنهەجی سەلەف بەم شێوەیە ئێوە زانیتان؟ بەم ووتانە دەیانەوێ وای نیشان بدەن کە مەنهەجی سەلەف و خەلەف هیچ جیاوازی نیە سەرەڕای بەدی کردنی ئەم جیاوازییە زۆرە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کافر و بیدعەچیەکاندا، دەیانەوێ تەنها ئەوکاتە سەنگ دابنێن بۆ ڕێبازی سەلەف کاتێک خەلەف پێی ڕازی دەبن !

ابن رجب دەڵێ: **موبتەلا بووینە بە کەسانێکی جاهیل بڕوایان وایە هەندێک لەو زانایانەی المتأخرين کە زۆر قسەی کردووە دەربارەی بابەتەکان زاناترە لە هەموو زاناکانی المتقدمين، هەندێکیان بڕوای وایە کە تاکە زانایەکی المتأخرين زاناترە لە هەموو هاوەڵان و ئەوانی دوای هاوەڵان هاتوون بەهۆی زۆری ڕوونکردنەوە و قسەکردنی زاناکە، وە هەیانە دەڵێ زاناترە لە هەموو فەقیهە ناودارەکان کە خەڵکی شوێنیان کەوتوون** ... (پاشان دەڵێ) **ئەمە پلە کەمکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ سەلەفی صالح، وە گومان خراپ بردنە پێیان و دانە پاڵی جەهل وکەمی عیلمە بۆیان، ولا حول ولا قوة إلا بالله.** [بيان فضل علم السلف على علم الخلف : 61-62] ط: دار الصميعي

ابن رجب دەڵێ: **خاوەنانی زانستی بە سود گومانی خراپ بە خۆیان دەبەن و گومانی چاک بە زانایانی سەلەف دەبەن و لە دڵەوە دان بە فەزڵی زانایانی پێش خۆیان دەنێن، وە دان بەوە دەنێن**

که بێ توانان له گەیشت به پلەی ئەوان یان نزیک بوونەوە لە پلەی ئەوان.
[بيان فضل علم السلف على علم الخلف : 86-87] به دەستکارییەکی کەمەوە

ابن تيمية دەڵێ: **هەرکەسێک الله عیلم و ئیمانی پێ بەخشی بێت ئەوا دەزانێت کە لەلای زانایانی المتأخرين هەر تەحقیقێک هەبێت ئەوا ناگات بە پلەی تەحقیقی سەلەف نە لە عیلمدا و نە لە عەمەلدا.** [مجموع الفتاوى : 436/7] ط: مجمع الملك فهد

ابن القيم دەڵێ: **جیاوازی لەنێوان زانستەکانی المتقدمين و المتأخرين وەک ئەو جیاوازییە وایە کە لەنێوانیاندا هەیە لە فەزل و دیندا.** [أعلام الموقعين : 544/5] ت: مشهور

الشاطبي دەڵێ: **المتأخر لە ڕۆچوون لە عیلمدا ناگات بەو پلەیەی کە المتقدم پێی گەیشتووە.**
[الموافقات : 59/1] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: ئەگەرچی ووتەکانیان بە شێوەیەکی گشتیە دەربارەی فەزڵی زانستی سەلەف بەسەر زانستی خەلەف بەڵام ئەم جیاوازی زانستە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کافر و بیدعەچیەکانیش دەردەکەوێ، بێگومان بەهۆی زانستەکەیان بووە کە کەسانی خاوەن کوفر و بیدعەیان گەورە نەکردووە و پلەیان بەرز نەکردۆتەوە و زۆر توند بوونە بەرامبەری، کەچی دەبینین خەلەف پێچەوانەی سەلەفن لەمەدا کوفرەکانی زاناکان دەژمێرن کەچی دەڵێن ئیمامە ڕەحمەتی لێبێ قبوڵ ناکەین تەکفیر بکرێ داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەین و پاساوی بۆ دەهێنینەوە ! بێگومان جیاوازی زانستی سەلەف و خەلەف یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم مامەڵە جیاوازەیان لەگەڵ کەسەکان و گروپەکان.

چەند زانیارییەک دەربارەی کتێبەکە

یەکەم: کتێبەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم هێنانی ووتە و ڕیوایەتەکانە دەربارەی زەمکردنی أبو حنیفة کە دابەشم کردووە بۆ سەر دە بڕگە بەپێی ئەو بابەتانەی کە بەهۆیەوە قسەی پێ ووتراوە، بەشی دووەم هێنانی ڕیوایەتەکانە دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة، بەشی سێیەمیش وەڵامدانەوەی گومانەکانە دەربارەی أبو حنیفة بەتایبەتی و زاناکانی تر بە گشتی.

دووەم: کردوومەتە مەرج تەنها ڕیوایەتە صەحیحەکان بهێنم دەربارەی زەمکردنی أبو حنیفة، ڕیوایەتە درۆ و زەعیفەکانم نەهێناوە تەنها کەم نەبێت نەبێت ئەویش بۆ مەبەستی تایبەت هێناومە، وە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەم بە مەبەستەکە داوە و ڕوونم کردۆتە کە زەعیفە، بەڵام دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة هەرچی ڕیوایەتی صەحیح و زەعیف و درۆ هەیە هێناومە، چونکە گەر تەنها صەحیحەکان بهێنم بەردەوام خۆشەویستانی أبو حنیفة دەست بەو ڕیوایەتانە دەگرن و دووبارەیان دەکەنەوە بەبێ ئەوەی بزانن درۆیە یان زەعیفە بۆیە ئەوانیشم هێناوە تا نەڵێن ژمارەیەک ڕیوایەت هەیە دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة لەم کتێبەدا نەهاتووە.

سێیەم: ئەو ڕیوایەتانەی دەربارەی مەدحکردنی هاتوون کە درۆن یان زەعیفن ئاماژەم پێداوە کە هۆکارەکەی چیە، وە ئەو ڕیوایەتانەی کە صەحیحن دەربارەی زەمکردنی هاتوون لە کتێبی السنة-ی عبدالله و تاریخ بغداد-ی الخطیب گەرکەسانی دەمارگیر بۆ أبو حنیفة بشار و مصطفى دوو محققەکەی تاریخ بغداد یان القحطاني محقق-ی السنة بە زەعیفیان دانا بێت بە بیانووی پڕو پوچ ئەوا وەڵامی بیانووەکەم داونەتەوە یان لە کتێبی التنکیل نەقلم کردووە، وە ئەو ڕیوایەتانەی کە لەدژی أبو حنیفة هاتوون لەم دوو کتێبەدا گەر بشار عواد یان القحطاني بە صەحیح یان حەسەنیان دانابێت ئەوا قبوڵم کردووە چونکە بەهۆی دەمارگیری ڕوونی ئەوان بۆ أبو حنیفة ئەستەمە ڕیوایەتێک زەعیف بێت بە صەحیحی دابنێن لەکاتێکدا بەدوای بچووکترین بیانوو دەگەڕێن بۆ زەعیف کردنی ڕیوایەتەکان کە هەندێک بیانوویان دەتوانم بە کارەساتی زانستی

ناو ببەم وەک دواتر دەیبینن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بشارعواد لە تەصحیح کردنی هەندێک ڕیوایەتی کەم هەڵەی کردووە زەعیف بووە بە صەحیحی داناوە، وە ئەو ڕیوایەتانەی عادل آل حمدان محقق-ی السنة-ی عبدالله بە صەحیحی داناوە پشتم پێی نەبەستووە بە تەنها بەڵکو گەڕاوم بەدوای ئەوەی ئایا القحطاني یان الوادعي بە صەحیحیان داناوە گەرووتەی ئەوانیشم دەست نەکەوت ئەوا خۆم بەدوای حاڵی ڕاوییەکانی سەنەدەکە گەڕاوم ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە عادل آل حمدان بە شایستە نەزانم یان سیقەم بە حوکمەکانی نەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ژمارەیەک جاهیلی دەمارگیر بۆ أبو حنیفة هەستیارییان هەیە بەرامبەر عادل آل حمدان بەجۆرێک سەیری دەکەن وەک بڵێی ئەم ڕیوایەتانە ئەو دروستی کرد بێت لەکاتێکدا ئەو تەنها محقق-ە تەحقیقی کتێبەکەی کردووە بەپێی زانستەکەی خۆی حوکمی لەسەر هەندێک لە ڕیوایەتەکان داوە، بۆیە تا ئەم هەستیارییەی خوێنەران کەم بکەمەوە دڵنیایان دەکەمەوە کە لە هیچ ڕیواتێکی کتێبی السنة-ی عبدالله پشتم بە حوکمەکانی عادل آل حمدان نەبەستووە لەگەڵ ئەوەشدا تۆزێک شلە لە تەصحیح کردن، جا هەمان شتیش دەربارەی کوفری ئەشعەرییەکان ڕوویداوە بەرامبەر خالد بن علي المرضي الغامدي هەندێک جاهیلی دەمارگیر بۆ زانا ئەشعەرییەکان دەیانەوێ وای نیشان بدەن کە تەکفیر کردنی ئەشعەرییەکان بوونی نەبووە خالد المرضي دایهێناوە ! باقی کتێبەکانی تریش خۆم حوکمم داوە لەسەر ڕیوایەتەکان بەپێی توانا چونکە کەس حوکمی نەداوە لەسەر ئەم کتێبانە، هەر ئەمەش وایکردووە کتێبەکە بەم شێوەیە دوا بکەوێ چونکە ڕیوایەت هەبووە ڕۆژێکی تەواو پێی خەریک بوومە تا حاڵی ڕاوییەکانم بۆ دەرکەوتووە بەتایبەتی ئەو کتێبانەی دوای سەدەی سێیەم نوسراون لێکۆڵینەوە لە حاڵی ڕاوییەکان زۆر زەحمەتترە، ئەمەش شتێک نیە وەک منەت پێتانی بفرۆشمەوە بێگومان کاتێک حوکم لەسەر کەسێکی وەک أبو حنیفة دەدەین بەپێی ئەم ڕیوایەتانە دەبێت ماندوو بین و لە حاڵی سەنەدەکانیش بکۆڵینەوە ئەمە واجبی سەر شانمە بەڵام ویستم ئەوە بزانن کە ئەم حوکمانەی کە تۆ لەماوەی چەند چرکەیەک دەیخوێنیتەوە هەر یەکێکیان کاتێکی زۆری خایاندووە تا ئەم حوکمەی لەسەر دراوە، وە بێگومان هیچ کارێک بەدەر نابێت لە هەڵە گەر هەڵەتان لەهەر حوکمێک یان هەر شتێکی تر بەدیکرد سوپاستان دەکەم بەشێوەیەکی زانستی بۆمی

ڕوون بکەنەوە منیش بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی دەکەم.

چوارەم: ئەو کتێبانەی کە بونیان نەماوە زاناکانی تر هاتوون لێیان نەقل کردووە بە سەنەدی خاوەن کتێبەوە ئەوا وەک ئەوە مامەڵەم کردووە کە کتێبەکە بەر دەست بێ، واتا نەم کردۆتە مەرج کە سەنەدی نێوان خاوەنی کتێبەکە و ئەو زانایە بزانم کە کتێبەکەی نەقل کردووە، بەڵام سەنەدی خاوەن کتێبەکە وەک باقی سەنەدەکانی تر چۆتە بەر جەرح و تەعدیل، نموونە: علي بن محمد بن كأس النخعي کتێبەکەی نەماوە کە دەربارەی مەدحی أبو حنيفة نوسيويەتی، بەڵام الخطيب کتێبەکەی النخعي بەر دەست بووە دەڵێ: قال النخعي ئینجا سەنەدەکەی النخعي نەقل دەکات، لێرەدا ناڵێین الخطيب بە النخعي نەگەیشتووە دەبێ سەنەدی نێوان الخطيب و النخعي بزانین مادام زانیمان کتێبەکەی بەردەستە ئیتر کارمان بە سەنەدی نێوانیان نیە، بەڵام سەنەدەکەی النخعي وەک هەموو سەنەدێکی تر لە حاڵی ڕاوییەکانی دەکۆڵینەوە، کتێبەکەی الساجي بەهەمان شێوە کە بوونی نەماوە بەڵام الخطيب و ابن عبدالبر بەردەستیان بووە، جا ڕیوایەتەکان لە بەرژەوەندی أبو حنيفة بێ یان لە دژی بێ جیاوازیم نەکردووە هەردووکیانم قبوڵ کردووە مادام سەنەدی خاوەن کتێبەکە بەردەستە، بەڵام گەر زانایەک لەکتێبێک ڕیوایەتێک نەقل بکات بەبێ ئاماژەدان بە سەنەدی خاوەن کتێب ئەوا حیسابم بۆی نەکردووە چونکە سەنەدەکەی نەهێناوە، نموونە: الذهبي لە کتێبی (مناقب أبي حنيفة وصاحبيه) زۆر جار لە کتێبەکانی پێش خۆی ڕیوایەت نەقل دەکات بەبێ هێنانی سەنەدەکە لێرەدا ڕیوایەتەکە ڕەت دەکەینەوە چونکە نازانین حاڵی سەنەدەکە چۆنە، وە لە سەرچاوەکەدا ئاماژەم پێداوە کە ئەم ڕیوایەتانە فلان زانا لە فلان کتێبدا نەقلی کردووە، وە ئەو خاڵەی باسم کرد شتێک نیە تایبەت بێ بە من بەڵکو زانایان لەسەری ڕۆیشتوون.

پێنجەم: هەموو ئەو کتێبانەی کە سودم لێیان بینیوە وەک سەرچاوە ئاماژەم داوە بەناوی دەزگای چاپەکە یان ناوی ئەو کەسەی کە تەحقیقی کتێبەکەی کردووە ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر کتێبەکە چونکە زۆربەی کتێبەکان زیاتر لە جارێک تەحقیق کراون و لە

چەند دەزگایەک چاپکراون گەر نەزانرێ کامە چاپە یان کامە تەحقیقە ئەوا زەحمەتە ژمارەی بەرگ و لاپەڕەکە بدۆزرێتەوە بە ئاسانی بەڵام تەنها جاری یەکەم ئاماژەم پێیداوە گەر هەمان کتێب دووبارە بێتەوە لە جارەکانی دواتر ئاماژەی پێ نادەم، تەنها لە کتێبی (سؤالات أبي داود للإمام أحمد) پشتم بە دوو تەحقیقی جیاواز بەستووە، سەرەتا لەسەر تەحقیقی طارق عوض الله ڕۆیشتم بەڵام لەبەر ئەوەی ووتەیەکی تێدا نەبوو ناچار پشتم بە تەحقیقی زیاد محمد منصور بەست کە لەو تەحقیقەدا ووتەکە هەبوو، گەر ئاماژەم بەناوی دەزگای چاپەکە دابێت ئەوا بە پیتی (ط) هێمام کردووە وەک کورتکراوەی ووشەی طبعة، وە ئەگەر ئاماژەم بە ناوی محقق دابێت ئەوا بە پیتی (ت) هێمام کردووە وەک کورتکراوەی ووشەی تحقیق، وە ئەگەر کتێبەکە جەمع و تەحقیق کرا بێ ئەوا بە پیتی (ج ت) هێمام کردووە وەک کورتکراوەی ووشەی جمع و تحقیق کە ئەمەش تەنها لە یەک کتێبدا ڕوویداوە.

شەشەم: بەهۆی ئەوەی هەردوو کتێبی السنة-ی عبدالله و تاریخ بغداد-ی الخطیب زۆرترین ڕیوایەتی تێدا هاتووە دەربارەی زەم کردنی أبو حنیفة محققەکان تەعلیقیان داوە لەسەر ڕیوایەتەکان لە حاشیەدا، دوو تەحقیقەکەی کتێبی السنة کە بەردەستمە تەحقیقی محمد بن سعید القحطاني و تەحقیقی عادل آل حمدان، بە حوکمی ئەوەی عادل آل حمدان بەرگری لە أبو حنیفة نەکردووە بۆیە تەنها تەعلیقەکانی القحطاني نەقل دەکەین کە وەک بەرگری کردن لە أبو حنیفة نوسیویەتی حاشیە، جا کاتێک ووترا محقق وادەڵێ واتا القحطاني، بەڵام بۆ کتێبی تاریخ بغداد هەردوو محقق بشار عواد معروف و مصطفی عبدالقادر عطا لە حاشیەدا بەرگریان لە أبو حنیفة کردووە بۆیە بە محقق- تاریخ بغداد (١) و (٢) ئاماژەم پێداون، من لەسەر تەحقیقی بشار ڕۆیشتووم ژمارە (١) بۆ ئەوە، وە ژمارە (٢) بۆ مصطفی-یە.

حەوتەم: بەپێی توانا هەڵەی چاپەکانم ئاماژە پێداوە.

الكوثري (شێتەکەی أبو حنیفة)

محمد زاهد الكوثري ناسراو بە (مجنون أبي حنيفة) شێتەکەی أبو حنیفة، لەبەر دوو هۆکار بە پێویستم زانی کورتەیەک دەربارەی الكوثري باس بکەم.

یەکەم: ناوی الكوثري زیاتر لە 100 دووبارە دەبێتەوە لەم کتێبەدا، بۆ خوێنەر خۆش نیە ناوی کەسێک ئەوەندە جارە بخوێنێتەوە کەچی نەزانێ ئەم کەسە کێیە بۆیە ناسینی بە پێویست دەزانم.

دووەم: بەهۆی زۆری ئەم هەموو فێڵ و درۆ و تەدلیس و تەلبیسەی الكوثري ئەنجامی داوە بە مەبەستی بەرگری کردن لە أبو حنیفة و قسە کردن لەسەر ڕیوایەتەکانی تاريخ بغداد.

خاڵی یەکەم:

محمد زاهد الكوثري ساڵی 1878 لە تورکیا لە دایکبووە، لە ساڵی 1952 لە مصر مردووە، حەنەفی مەزهەبێکی زۆر دەمارگیرە بۆ أبو حنیفة و مەزهەبەکەی هەر بۆیە ناونراوە بە (شێتی أبو حنیفة) لە عەقیدەشدا جەهمیەکی گۆڕ پەرستی پیسە گاڵتە بە عەقیدەی ئەهلی سوننە دەکات، خاوەنی کۆمەڵێک کتێب و تەحقیقە.

خاڵی دووەم:

الكوثري کتێبی (تأنيب الخطيب على ما ساقه في ترجمة أبي حنيفة من الأكاذيب)ی نوسی بۆ ڕەددانەوەی ئەو ڕیوایەتانەی کە الخطيب البغدادي لە کتێبی (تاريخ بغداد) هێناویەتی کە تێیدا زەمی أبو حنیفة کراوە، الخطيب نزیکەی 260 ڕیوایەتی هێناوە دەربارەی زەم کردنی أبو حنیفة، الكوثري تانەی لە 273 ڕاوی داوە لەسەر هیچ ڕیوایەتێک نەوەستاوە ئیللا تانەی لە ڕاوییەک داوە ئەگەرچی ڕاوییەکی ئیمامێکی زۆر گەورەی ئەهلی سوننەش بێت گرنگی بەوە نەداوە گرنگ ئەوەیە ڕیوایەتەکە بە درۆ یان زەعیف ناو ببات و بەرگری لە أبو حنیفة بکات، لە چوار چێوەی ئەم کتێبەدا بەشێک لەو کارەساتە گەورە زانستیانە و فێڵ و درۆ و بوهتان و تەدلیس و تەلبیسەکانی دەهێنین

تا خوێنەر هەڵنەخەڵەتێ بەم کارەی الکوثري وابزانێ هەموو ڕیوایەتەکانی تاریخ بغداد قسەیان لەسەر کراوە و جێگای مشتومڕن، چونکە کەسانێک هەن دڵ نەخۆشن ئەگەرچی وەک الکوثري نەبن بەڵام دڵیان خۆشە بە بەرگری کردن لە أبو حنيفة ئەگەرچی بە ناحەقیش بێت لەسەر حیسابی زانایانی تر بێت، جا هەر ئەوەندە ووترا الکوثري قسەی لەسەر ڕیوایەتەکانی تاریخ بغداد کردووە ئیتر هەمیشە دەیڵێتەوە (ڕیوایەتەکان قسەیان لەسەر کراوە) دەیەوێ بەم ڕستەیەی خۆڵ بخاتە چاوی خەڵکەوە وای نیشان بدات ئەم ڕیوایەتانە تا قیامەت خیلافین و ناتوانرێ صەحیح و زەعیفی لەیەکتر جیا بکرێتەوە یان دەیەوێ سەنگ بۆ ڕەخنەکانی الکوثري دابنێ کە نازانێ الکوثري کێیە کەی ژیاوە کەی مردووە، هەروەک چۆن بینیمان سليمان العلوان لە دەنگێکدا دەربارەی ڕیوایەتەکانی عبدالله بن الإمام أحمد لە کتێبی (السنة) دەڵێ: زۆرینەی زەعیفە ئەوانەشی کە صەحیحن بە نسبەت خاوەنی ووتەکە صەحیحە نەک بە نسبەت أبو حنيفة یان کەسەکە دەڵێ: أبو حنيفة وای ووت و وایکرد، ناڵێ: بیستم وای ووت یان بینیم وایکرد، کەواتە بە چاوی خۆیان و بە گوێی خۆیان ئەم شتانەیان لێی نەبیستووە و ڕیوایەتەکان زەعیفن، هەرچەندە لە بەشی سێیەم وەڵامی ئەم گومانەی سليمان العلوان-مان داوەتەوە، وە لە بابەتی دوای ئەمەش وەڵاممان داوەتەوە بە ناڕاستەوخۆ جا نامەوێ لێرەدا قسەی لەسەر بکەم بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە العلوان ووتی ڕیوایەتەکانی السنة-ی عبدالله ئاوایە کەسانێک بەبێ سەیرکردنی کتێبی السنة و ڕوانین لە سەنەدەکانی و شێوازی گێڕانەوەکان دەستی بەم ووتەیەی العلوان گرتووە دەیەوێ بە ووتەیەکی 3 خولەکی العلوان 179 ڕیوایەتی عبدالله دەربارەی أبو حنيفة یەکسان بکات بە خۆڵەمێش، جا هەیانە ئەم ووتەیەی العلوان گشتگیر دەکات لەسەر هەموو ڕیوایەتێک یان ووتەیەک دەربارەی أبو حنيفة هاتبێ لە هەر کتێبێکدا بێت هەمیشە دەڵێ: ئەو ووتانەی دەربارەی أبو حنيفة هاتوون زۆرینەی زەعیفن، ئەوانەشی کە صەحیحن دەربارەی خاوەن ووتەکە صەحیحە نەک دەربارەی أبو حنيفة، وە لە ڕیوایەتەکان ڕاوییەکان دەڵێ أبو حنيفة وایکرد و وایووت ناڵێن بینیمان وایکرد و بیستمان وایووت کەواتە زەعیفە، ئیتر ئەم ووتەیەی العلوان کراوە بە قاعیدە دەربارەی أبو حنيفة هەر دەم بکەنەوە ئەم سێ خاڵە باس دەکەن، هەر چەندە لە بەشی سێیەم و بابەتی دواتر بە

بەڵگەوە دەیسەلمێنین العلوان کەوتۆتە هەڵەوە لەم ووتەیەیدا بەڵام ئەو تەنها باسی کتێبی السنة دەکات لە ووتەکەی ئێوە بۆ گشتگیری دەکەن لەسەر هەمووکتێبەکان ؟ بۆیە بە دووری نازانم درۆ و فێڵ و بوهتانەکانی الكوثري-ش بکەن بە کۆڵەگەیەک و پشتی پێدا بدەن و بڵێن هەموو ڕیوایەتەکانی تاریخ بغداد قسەی لەسەرکراوە لەکاتێکدا الكوثري گەرسەنەد وەک خۆر بێت هەموو ڕاوییەکانی ئیمام بن هیچ بە خەیاڵی دانایەت تانەیان لێ بدات بە ناحەق تەنها بۆبە زەعیف دانانی ڕیوایەتەکە لەپێناوی أبو حنيفة، هەربۆیە کاتێک عبدالرحمن بن يحيى المعلمي اليماني کتێبی (تأنيب الخطيب)ی الكوثري خوێندەوە خۆی بۆ نەگیرا وەک باسی دەکات بەهۆی زۆری درۆ و بوهتان و تانەدانی الكوثري لە پێشەوایانی ئەهلی سوننە بە چاکی زانی کتێبێک بنوسێ بۆ ڕەددانەوەی ئەم کتێبەی الكوثري، جا ئەوە بوو کتێبی (التنكيل بما في تأنيب الكوثري من الأباطيل)ی نوسی کە لە چوار چێوەی ئەم کتێبەدا زۆرێک لە ووتەکانی الكوثري لە (التأنيب) وە ووتەکانی المعلمي لە (التنكيل) نەقل دەکەین کە دەری دەخات الكوثري چ دەججالێک بووە، جا بۆیە تۆی خوێنەربەوە هەڵنەخەڵەتێ بڵێ زۆربەی ڕیوایەتەکانی تاریخ بغداد قسەی لەسەر کراوە چونکە من هەموو ووتەکانی الكوثري یان هەردووک محقق-ی تاريخ بغداد دەهێنم دەربارەی ڕیوایەتەکان بۆ ڕەددانەوەیان ئیتر ئەمە پیشەی الكوثري-ە پاکترین سەنەدی بۆ بهێنە لە جیهان کە زەمی أبو حنيفة کراب بوو تێیدا تانەی لێدەدات و هەرگیز قبوڵی ناکات.

هەندێک لەو ئیمام و زانا ناودارانەی ئوممەت کە الكوثري تانەی لێداون:

هاوەڵی بەڕێز أنس بن مالك، هاوەڵی بەڕێز عبدالله بن عباس، ئیمام مالك، ئیمام الشافعي، ئیمام أحمد، سفيان الثوري، سفيان بن عيينة، الحميدي، علي بن المديني، نعيم بن حماد، البخاري، يعقوب بن سفيان الفسوي، ابن أبي حاتم، عبدالله بن الإمام أحمد، صالح بن الإمام أحمد، حرب الكرماني، عثمان بن سعيد الدارمي، ابن عدي، ابن تيمية، ابن القيم ... جگە لەوانەش، جا تانەی ئاوا ناشرین لە هەندێکیان دەدات تەزوو بە گیانت دادێت لەوە دەرچووە کە تەنها بە درۆ بڵێ زەعیفە گاڵتە بە عەقیدەیان دەکات زۆرجار.

وەڵامدانەوەی دوو گومان لە ڕووی زانستی فەرموودە

پێش نەقل کردنی ڕیوایەتەکان دوو گومان هەیە دەمەوێ لە سەرەتاوە ئاماژەیان پێ بدەم چونکە زۆر دێنەوە بەردەممان لە ڕیوایەتەکاندا بۆیە لێرەدا یەکلایی دەکەینەوە پێویست ناکات هەموو جارێک هەمان شت دووبارە بکەینەوە.

گومانی یەکەم: کاتێک زانایەک کە توانای لەبەر کردنی لاوازە لە ڕیوایەت کردنی فەرموودەدا بەڵام لەڕووی عەدالەتەوە جێگای متمانەیە، ئەوا ئەم زانایە هەر شتێک ڕاستەوخۆ بگێڕێتەوە لە أبو حنيفة-ەوە بە زەعیفی دادەنێین بە بیانووی ئەوەی کە توانای لەبەر کردنی لاوازە.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین:

ئەم زانایە کاتێک بەسەر هاتێک یان ووتەیەک دەگێڕێتەوە کە لەنێوان خۆیی و أبو حنيفة ڕوویداوە یان خۆی ئامادەی ڕووداوەکە بووە ئەوا لەم حاڵەتەدا ووتەکەی قبوڵ دەکەین و بە صەحیحی دادەنێین گەر ڕاوییەکانی تر سیقە بن، واتا گرنگی بەوە نادەین خودی خاوەن بەسەرهاتەکە یان ووتەکە توانای لەبەر کردنی چۆنە، چونکە ئەو ووتەیەک یان ڕووداوێک دەگەڕێتەوە کە بەسەر خۆی هاتووە یان خۆی ئامادە بووە تێیدا جا توانای لەبەر کردنی هەر چۆنێک بێت گرنگ نیە چونکە لە کەسانی ترەوە ڕیوایەتی ناکات تا بڵێین زەعیفە، هەر بۆیە لەکاتی قبوڵ کردنی شایەتیدا تەنها عەدالەتی شایەتەکان کراوەتە مەرج نەک توانای لەبەر کردنیان، بۆ نموونە شایەتحاڵێک کە ڕووداوێکی بینیوە لە دادگا وەکو شایەت ئامادە دەبێت بۆ شایەتیدان و گێڕانەوەی ڕووداوەکە لەسەر قازی پێویست نیە توانای لەبەر کردنی ئەم شایەتە بزانێ تەنها مەرجە لەڕووی عەدالەتەوە جێگای متمانە بێ، بۆیە کاتێک هاوڕێیەکت کە سیقەت پێیەتی هەر بەسەر هاتێکت بۆ دەگەڕێتەوە قبوڵی دەکەیت بەبێ بیر کردنەوە لەوەی ئایا ئەم هاوڕێیەت توانای لەبەر کردنی چۆنە، بەڵام کە دێتە سەر ڕیوایەت کردن و گێڕانەوەی فەرموودە یان بە سەنەدەوە ئەوکات دەخرێتە ژێر بنەماکانی جەرح و تەعدیل توانای لەبەر کردنی لاواز بێت لێی قبوڵ ناکەین،

گەر بێتو هەر لەڕووی عەقڵەوە سەیری بکەن دوور لەلایەنە زانستیەکە کاتێک من ڕووداوێک بە چاوی خۆم دەبینم یان بەگوێی خۆم دەبیستم ئەوا زۆر بە ئاسانی هەر کاتێک بمەوێ دەتوانم بیگێڕمەوە گەر ووشەکانیش هەموو دەقا و دەق نەگێڕمەوە ئەوا هەر هیچ نەبێت بە شێوەیەک دەیگێڕمەوە کە ڕاستی ڕووداوەکە یان ووتەکە ناگۆڕێ ئەگەرچی چەندین ساڵیشی بەسەردا تێپەڕ بوو بێت، بەڵام کاتێک فەرموودەیەک بە سەنەدەوە لە کەسانی ترەوە دەبیستم ئەوا لەبەر کردنی ڕاویەکانی سەنەدەکە و مەتنی فەرمووده پێویستی بە توانایەکی باشی لەبەرکردن هەیە، جا ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئەوەیە هەندێک ڕیوایەت هەیە لە کتێبی السنة-ی عبدالله یان تاريخ بغداد-ی الخطيب ڕاویەکانی هەموو سیقەن تا دەگات بە زاناکە زەعیفەکە کە ڕووداوی نێوان خۆیی أبو حنيفة دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە سەنەدێکت هەیە لە الخطيب تا دەگات بە علي بن عاصم هەموو ڕاویەکان سیقەن خاوەنی ووتەکە یان ڕووداوەکە علي بن عاصم-ە لە توانای لەبەر کردنی لاوازە، علي بن عاصم دەڵێ: من و أبو حنيفة بەیەکەوە بووین من ئاوا و ئاوام ووت، ئەویش ئاوا و ئاوای ووت، لێرەدا هەموو ڕاویەکان سیقەن تا دەگاتە خاوەنی بەسەرهاتەکە کە علي بن عاصم-ە، سەیر دەکەی محقق-ی ئەم دوو کتێبە دەڵێن: سەنەدەکەی زەعیفە چونکە علي بن عاصم زەعیفە! نموونەی لەم شێوەیەی زۆر بەکارهێناوە بۆ تەزعیف کردنی ڕیوایەتەکان، ئێ لێرەدا علي بن عاصم خۆی خاوەنی ووتەکەیە ڕاوی سەنەدەکە نیە، شتێک دەگەڕێتەوە کە بەسەر خۆیی و أبو حنيفة هاتووە نەک شتێک بە سەنەدەوە لەکەسانی ترەوە ڕیوایەت بکات تا بڵێین زەعیفە، گەر بەم بیانووە ئەم ڕیوایەتانە تەزعیف بکەین ئەوا هەر یەکێک لە ئێمە هەر بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە کە بەسەر خۆی هاتووە دەبێ ڕەتی بکەینەوە بە بیانووی ئەوەی ئەم کەسە توانای لەبەر کردنی زەعیفە، جا لەوەش کارەساتتر ئەوەیە بۆ نموونە زانایەک کە توانای لەبەر کردنی لاوازە دەڵێ: أبو حنيفة گومڕایە، ڕاویەکانی سەنەدەکە هەمووی سیقەن کەچی دەبینی ئەم دوو محقق-ە دەڵێن: سەنەدەکە زەعیفە چونکە ئەو زانایەی کە ئەم قسەیەی کردووە توانای لەبەر کردنی لاوازە ! ئێ باشە خۆ هیچ شتێکی ڕیوایەت نەکردووە تا باسی لاوازی بکەین هاتووە ڕەئی خۆی دەربڕیوە دەربارەی أبو حنيفة لاواز بێت یان نا ئەمە کەی پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە ؟! بۆ نموونە أبو

حنیفة توانای لەبەر کردنی لاوازە بەڵام دەڵێ: فلان زانا گومڕایە، دەکرێ بڵێین ئەم ووتەیە زەعیفە چونکە أبو حنیفة زەعیفە لە ڕیوایەت کردندا ؟ ئەو تەنها ڕەئی خۆی ووتوە دەربارەی زاناکانە هیچ شتێکی ڕیوایەت نەکردووە تا بڵێین، جا کارەساتی زانستی لەم شێوەیە لەلایەن دەمارگیران بۆ أبو حنیفة ڕوویداوە دەبینی بەم بیانووە بەتاڵانە ڕیوایەتەکان تەزعیف دەکەن بۆیە لێرەوە ئەم باسەم ڕوونکردەوە تا هەر ڕیوایەتێکی لەم شێوەیە هاتە پێشمان بۆتان ڕوون بێ کە باسەکە چۆنە، جا بۆ ئەوەی نەڵێن ئەمە زانستە و بنەمای خۆی هەیە و ئەم قسە بازاڕی و عەقلانیانە قبوڵ ناکەین ئەوا نموونەش لەم جۆرە نیشان دەدەم تا بزانن ئەمە شتێک نیە کە بە عەقڵ و ئارەزووی خۆی دروستم کردبێ.

البخاري دەڵێ: حدثنا عبدالرحمن بن شيبة قال أخبرني يونس بن يحيى بن نباتة عن عبيدالله بن موهب عن شهر بن حوشب ووتی: **لەگەڵ ابن عمر چووینە دەرەوە، سالم بە ابن عمر-ی ووت: کاتی نوێژە ئەی باوکی عبدالرحمن.** [الأدب المفرد : 45] ت: الألباني

ووتم: الألباني دەڵێ: سەنەدەکەی زەعیفە بەهۆی لاوازی توانای لەبەرکردنی شهر بن حوشب.

بڕوانە شهر بن حوشب خۆی لە ڕووداوەکەدا ئامادەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی توانای لەبەرکردنی لاوازە الألباني بەهۆیەوە ڕیوایەتەکە تەزعیف دەکات، جا لێرەدا دەبوایە الألباني لە حاڵی ڕاوییەکانی تر بکۆڵێتەوە نەک شهر بن حوشب چونکە ئەو شتێک باس دەکات کە خۆی ئامادەی بووە وەک شایەتحاڵ وایە، هەر بۆیە خاوەنی کتێبی (الغصن الداني على مصنفات الألباني) لە تەعلیق دانی لەسەر ئەم حوکمەی الألباني دەڵێ: **ئەوەی الألباني ووتی جێگای تێڕامانە، چونکە شهر بن حوشب ووتەی سالم نەقل دەکات کە بە باوکی ووتوە کاتی نوێژە ئەی باوکی عبدالرحمن، کەواتە ڕیوایەتەکە مەقطوعە چونکە شهر بن حوشب ئەو ووتەیەی نەقل کردووە کە لە سالم-ی بیستووە، وە بەپێی ووتەکەی الألباني کە دەڵێ شهر بن حوشب لاوازە لەڕووی لەبەر کردندا، ئایا بە شهر بن حوشب دەووترێ: لەبەر ئەوەی تۆ زەعیفی ئەم ووتەیەت لێ قبوڵ ناکەین چونکە تەنها بوونی تۆ لە سەنەد دا دەبێتە هۆی تەزعیف کردن ؟! وەڵام: بە زەعیف دانانرێ نەقلەکەی بۆ چیرۆکێک کە بەسەر**

خۆیدا هاتووە هەروەک لێرەدا ڕوویداوە، چونکە کەسی زەعیف کاتێک قسەیەک دەکات کە دراوەتە پاڵ خۆی یان ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە لەبەردەمی ڕوویداوە ئەوا لێرەدا هیچ پەیوەندی بە حوکمدان لەسەر سەنەد نیە، بەڵکو حوکم لەسەر ئەو سەنەدە دەدرێت کە دەگات بە ئەو، جا بەم پێیە ئەم سەنەدە مەقطوع و صەحیحە لە شهر بن حوشب-ەوە، والله أعلم.

[الغصن الداني على مصنفات الألباني ومعه التذييل المرغوب : 342] ط: دار اللؤلؤة

ووتم: کە دەڵێ مقطوعە واتا ووتەی تابعیە چونکە سالم تابعیە، مەقطوع بەمانای پچڕان نایەت لە سەنەدد ئەویان پێی دەووترێ منقطع، هەر چەندە ئەم دەستەواژانە زۆر سەرەتایین بەڵام بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێک لای ڕوون بێت ڕوونی دەکەمەوە، جا بڕوانە هەمان ئەو شتەی ووت کە من باسم کرد، شهر دەڵێ: بیستم سالم ئاوای بە باوکی ووت، جا شهر زەعیفە یان نا هیچ پەیوەندی بە حوکمی سەنەدەکە نیە بەڵکو بۆ حوکمدان لەسەر سەنەدەکە دەبێ لە حاڵی ڕاویەکانی تر بکۆڵینەوە کە ڕیوایەتی ئەم بەسەرهاتە دەکەن، بەهەمان شێوە کاتێک زانایەکی زەعیف دەڵێ: بیستم أبو حنیفة ئاوای ووت، کارمان بەوە دانیە ئەم زانایە زەعیفە یان نا لەڕووی لەبەر کردنەوە بەڵکو لە حاڵی ڕاویەکانی تر دەکۆڵینەوە کە ئەم بەسەرهاتەیان ڕیوایەت کردووە، جا دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە لەهەر شوێنێک حاڵەتی ئاوا هاتە پێشمان ئاماژە بەم نوسراوەی ئێرە دەدەم کە خوێنەر بگەڕێتەوە سەری، ئەم ووتانە دووبارە ناکەمەوە.

البخاري دەڵێ: حدثنا سعيد بن عفير قال حدثني الليث قال حدثني عبدالرحمن بن خالد عن ابن شهاب عن سالم بن عبدالله أن أباه حدثه أن **رسول الله ﷺ قال: (بينا رجل يجر إزاره إذ خسف به، فهو يتجلجل في الأرض إلى يوم القيامة).** [صحيح البخاري : 5790] ط: دار ابن كثير

البخاري دەڵێ: حدثنا عبدالله بن محمد حدثنا وهب بن جرير أخبرنا أبي عن عمه جرير بن زيد قال كنت مع سالم بن عبدالله بن عمر على باب داره فقال سمعت أبا هريرة سمع النبي ﷺ ... نحوه.

ووتم: البخاري ئەم فەرموودەیەی بە دوو سەنەد هێناوە وەک دەبینن، سەنەدی یەکەم ابن شهاب الزهري لە سالم بن عبدالله بن عمر ئەویش لە عبدالله بن عمر ئەویش لە پێغەمبەرﷺ.

سەنەدی دووەم جریر بن زید لە سالم بن عبدالله بن عمر ئەویش لە أبو هریرة ئەویش لە پێغەمبەر ﷺ.

کەواتە جیاوازی ئەم دوو سەنەدە بەم شێوەیە:

الزهري عن سالم عن ابن عمر

جرير عن سالم عن أبي هريرة

الزهري فەرموودەکەی دایە پاڵ ابن عمر، بەڵام جریر فەرموودەکەی دایە پاڵ أبو هریرة، ئایا کامەیان صەحیحترە ؟ فەرموودەکە هی ابن عمر-ە یان هی أبو هریرة-یە ؟

لەم حاڵەتەدا سەیری هەردووک ڕاوییەکە دەکرێ کامیان حفزی پتەوترە کامیان زیاتر مولازەمەی شێخەکەی کردووە، جا گەر سەیری حاڵی الزهري و جریر بن زید بکەین هەر بەراوورد ناکرێن الزهري چیایە قسەی لەسەر ناکرێ بەڵام جریر صدوق-ە واتا نەگەیشتۆتە پلەی ثقة، گەر بەراووردیان بکەین لەڕووی شێخەوە شێخەکەیان لەم ڕیوایەتەدا سالم-ە الزهري یەکێکە لە تایبەتی ترین و چەسپاو ترین قوتابی سالم-ە بەڵام جریر بەم شێوەیە نیە، جا بەپێی ئەم بەراووردانە بێت بە هەموو شێوەیەک سەنەدەکەی الزهري صەحیحترە لە سەنەدی جریر، بەڵام با بزانین ابن حجر چی دەڵێ دەربارەی ئەم دوو سەنەدە.

ابن حجر دەڵێ: **جریر بن زید هیچ فەرموودەیەکی نیە لە صحیح البخاري جگە لەم فەرموودەیە نەبێت، جریر لەم فەرموودەیە موخالەفەی الزهري کردووە، ووتی: عن سالم عن أبي هريرة، الزهري-ش دەڵێ: عن سالم عن أبيه، بەڵام لەلای البخاري عن سالم عن أبيه و عن سالم عن أبي هريرة هەردووکیان بەهێزە بەهۆی زۆر بەهێزی تواناى لەبەرکردنی الزهري و شارەزایی بە فەرموودەکانی سالم، وە بەهۆی ووتەکەی جریر بن زید کە ووتی: (كنت مع سالم على باب داره، فقال سمعت أبا هريرة) -واتا: من لەگەڵ سالم بووم لەبەر دەرگای ماڵەکەی، جا ووتی: بیستم أبو هريرة- ئەمە ئاماژەیە کە جریر ئەم فەرموودەیەی لەبەرکردووە لە سالم-ەوە.**

[فتح الباري : 263/13]

ووتم: گەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە جریر بن زید دەڵێ: لەگەڵ سالم وەستاوە لەبەر دەرگای ماڵیان ئەوا بێگومان البخاري ڕیوایەتەکەی الزهري بە صەحیح دەزانی کەچی لەگەڵ ئەوەی کە جریر بەراوورد ناکرێ لەگەڵ الزهري بەڵام شێوازی گێڕانەوەکەی دیارە ڕیوایەتەکەی زەبت کردووە، هەروەک چۆن کەسێک دەڵێ: زید وایووت، یەکێکی تر دەڵێ: زید وایووت، وە ئەم جلەی لەبەردا بوو یان لە فلان شوێن بوو یان لە فلان حاڵەتدا بوو کاتێک قسەکەی کرد، ئەوەی دووەمیان لە شێوازی گێڕانەوەکەی دیارە کە ووتەکەی بە باشی لەبەر کردووە سەرەڕای گێڕانەوەی ووتەکە شوێنەکەشی لە یاد ماوە یان هەندێک ڕووداوی لاوەکی لە یاد ماوە هاوکات لەگەڵ ووتەکەدا، جا کاتێک سەنگ بۆ ڕیوایەتەکەی جریر دادەنرێ بەرامبەر ڕیوایەتی الزهري بەهۆی شێوازی گێڕانەوەکەی، ئەوا شتێکی زۆر بێ مانایە کە کاتێک زانایەک دەڵێ من لەگەڵ أبو حنیفة بووم ئەو ئاوای پێم ووت منیش ئاوام پێی ووت، بووترێ ئەم ڕیوایەتە زەعیفە چونکە ئەم زانایەی کە دەیگێڕێتەوە زەعیفە.

گومانی دووەم: خاڵێکی تریش کە کراوە بە بیانوو بەهۆیەوە زۆرێک لە ڕیوایەتە صەحیحەکانی پێ ڕەت دەکەنەوە ئەویش ئەوەیە دەڵێن: فلان زانا ووتی: أبو حنیفة ئاوای ووت، ئاوای کرد، بەڵام ئەم زانایە ناڵێ خۆم بیستم کە أبو حنیفة ئاوای ووت یان خۆم بینیم ئاوای کرد، ناڵێ سمعت یان رأیت، تەنها دەڵێ وای ووت و وایکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم زانایە ئەم شتەی لێ نەبیستووە یان لێی نەدیوە بۆیە ڕیوایەتەکە زەعیفە.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین:

ئەم بابەتە بە شەرطی البخاري و شەرطی مسلم ناسراوە لای زانایان، شەرطی البخاري وەک باسکراوە دەربارەی ئەو ڕیوایەتانەی کە بە صیغەی محتمل هاتوون واتا ئەگەر هەیە متصل بن و ئەگەریش هەیە منقطع بن وەک (عن فلان ، قال فلان) بریتیە لە دوو شت (اللقیا والمعاصرة) واتا ئەو ڕاوییەی کە لە ڕاوی سەروو خۆی ڕیوایەت دەکات بە صیغەی (عن یان قال) دەبێ ئەم دوو مەرجە هەبێت لەنێوانیان، یەکەمیان: (المعاصرة) واتا هاوسەردەمی بوون، بێگومان ئەم دوو ڕاوییە دەبێت لەیەک سەردەمدا ژیابن تا حوکم بدرێ بەوەی کە سەنەدەکە متصل-ە ڕاوییەک ساڵی 200

مردووه ڕاوییەک ساڵی 201 لەدایکبووه ئێ چۆن بە ڕاوییەکەی تر گەیشتووه کە پێش لەدایکبوونی خۆی مردووه ؟ بێگومان دەبێ هەردووکیان لەیەک سەردەمدا ژیا بن، دووەمیان: (اللقیا) بەیەکتر گەیشتن ئەمەش مەرجێکە کە جێگای سەنگە چونکە ڕەنگە دوو ڕاوی لەیەک سەردەمدا بژین بەڵام هەرگیز بەیەکتر نەگەن، بۆ نموونە ئەمڕۆ چەندین زانا هەیە کە لە ژیاندان بەڵام تا ئەوکاتەی دەمرن بۆت نارەخسێ پێیان بگەیت زانستیان لێوەر بگریت بۆیە البخاري دەڵێ: تەنها ئەوەندە بەس نیە کە بزانین لەیەک سەردەمدا ژیاون دەبێ بزانین کە بەیەک گەیشتوون ئەگەر بۆ جارێکیش بێت، تەنانەت هەندێک دەڵێن بەوەندەش واز ناهێنێت کە بەیەک گەیشتبن دەبێ چەسپا بێ کە لەم بەیەک گەیشتنەدا فەرموودەی لێ بیستووه، چونکە چەندین تابعی هەیە البخاري لە کتێبی (التاریخ الکبیر) لە ژیاننامەکەیاندا دەڵێ: گەیشتووه بە فلان هاوەڵ بەڵام هیچی لێ نەبیستووه، ئەم مەنهەجەش دوو دیارترین زانا کە پەیڕەویان کردبێ البخاري و شێخەکەیەتی بەناوی علي بن المدیني، لە بەرامبەردا شەرطی مسلم کە وەک خۆی لە پێشەکی صەحیحەکەیدا باسی کردووه و هێرشی توندە کردۆتە سەر ئەوانەی کە لەسەر شەرطی پێشوون بەڵام بێ ناو هێنانی کەسەکان، گەر ڕاوی بە صیغەی محتمل ڕیوایەت لە ڕاوییەکی تر بکات مسلم ئەوە دەکات بە مەرج کە لەیەک سەردەمدا ژیا بن واتا (المعاصرة) بەڵام بەیەک گەیشتن (اللقیا) ناکات بە مەرج بەڵام دەڵێ بەو مەرجەی ئەگەری بەیەک گەیشتن هەبێ و هیچ بەڵگەیەکیش نەبێ کە بیسەلمێنێت ئەم دوو ڕاوییە بەیەکتر نەگەیشتوون، بۆ نموونە دوو ڕاوی هاوسەردەمن یەکێکیان لە عیراق دەژی ئەوی تریان لە یەمەن، گەر عیراقیەکە چوو بێت بۆ یەمەن یان یەمەنیەکە چوو بێت بۆ عیراق ئەوا بێگومان لێرەدا ئەگەر هەیە کە بەیەک گەیشتبن، وە ئەگەر ڕاوییەک لە عیراق بێت هەرگیز گەشتی نەکردبێ واتا لە عیراق نەچوو بێتە دەر، ڕاوییەکی تر لەهەمان سەردەم ژیاوە خەڵکی یەمەنە ئەویش هەرگیز گەشتی نەکردووه لە یەمەن نەچۆتە دەر ئەمە بەڵگەیە کە ئەم دوو ڕاوییە بەیەکتر نەگەیشتوون یان دەق هەیە لە ژمارەیەک زاناوە کە دان بەوە دەنێن فلان بە فلان نەگەیشتووه، یان جاری وا ڕاوییەکە خۆی دانی پێدەنێت دەڵێ چووم بۆلای کە گەیشتمە شارەکە ووتیان مردووه، ئەمانە بەڵگەن کە ئەم دوو ڕاوییە بەیەکتر نەگەیشتوون، کەواتە گەر ئەگەری بەیەک گەیشتن هەبوو، وە هیچ

بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نەبوو کە ئەم دوو ڕاوییە بەیەکتر نەگەیشتوون ئەوا لەلای مسلم بە متصل هەژمارە.

جا سەبارەت بە بەهێزی و تۆکمەیی شەرطی البخاري و مسلم بێگومان شەرطی البخاري بەهێزترە ئەمە تەنها بە عەقڵ دەزانرێ بەبێ ڕۆچوون تێیدا، بەڵام لێرەدا باسی ئەوە دەکرێ کامیان بەهێزترە نەک کامیان صەحیحە و کامیان زەعیفە، پێویستە ئەوە بزانرێ کە دەڵێین شەرطی البخاري بەهێزترە مانای ئەوە نیە شەرطی مسلم زەعیفە و قبوڵ نیە، بەڵکو هەردووکیان قبوڵ کراون بەڵام وەک لایەنی بەهێزی گەر بەراوورد بکرێن بێگومان شەرطی البخاري بەهێزترە، وە ئەوەی بڵێ شەرطی مسلم قبوڵ ناکەم و بەلامەوە بە منقطع حیسابە ئەوا مولزەم دەبێت بەوەی کە کۆمەڵێک فەرموودەی صحیح مسلم بە زەعیف دابنێت بەم هۆیەوە.

دەربارەی ڕیوایەتەکانی زەمکردنی أبو حنیفة تێیدایە بە صیغەی سەماع واتا ڕاوی دەبێ بینیم یان بیستم یان پێی ووتم، وە هەیانە بە صیغەی محتمل-ە کە ڕاوی دەڵێ عن أبي حنیفة یان قال أبو حنیفة، لەم حاڵەتەی دووەم گەر ڕاوییەکە هاوسەردەمی بێت و لەشوێنی تر بیستنی هەبێ لە أبو حنیفة ئەوا لەسەر شەرطی البخاري بە متصل هەژمار دەکرێ، وە ئەگەر هاوسەردەمی بێت بەڵام لە هیچ شوێنێک نەهاتبێ کە بیستنی هەیە لە أبو حنیفة تەنها ئەگەر هەیە کە بەیەکتر گەیشتبن ئەوا لەسەر شەرطی مسلم بە متصل هەژمار دەکرێ، جا ڕەت کردنەوەی ڕیوایەت بەم بیانووە کارێکی زۆر هەڵەیە بەڵکو دەبێت ڕەچاوی ئەم شتانەی سەرەوە بکرێت کە باسمان کرد ئەگینا ڕەت کردنەوەی عەشوائی مولزەمتان دەکات بە ڕەت کردنەوەی ژمارەیەک فەرموودەی صحیح مسلم وەک باسمان کرد، وە ئەوەی کە باسکرا وانەبێ تەنها لە ڕیوایەتەکانی زەمکردن پشتی پێ ببەستین بەڵکو لە ڕیوایەتەکانی مەدحکردنیش قبوڵی دەکەین، چەندین ڕیوایەت هەیە لە بەشی دووەم بە صیغەی (عن یان قال) ڕەتمان نەکردۆتەوە بەم بیانووە مادام زانیبێتمان بەیەک گەیشتن هەیە یان ئەگەری بەیەک گەیشتن هەیە.

بەشی یەکەم

ئەو ووتانەی دەربارەی (أبو حنيفة) ووتراوە وەک زەم کردنی

بڕگەی یەکەم:

بێ ڕێزی کردنی بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ وە ڕەتکردنەوە و گاڵتەکردن بە فەرموودەکانی.

پێش ئەوەی بچینە سەر هێنانی ووتە و ڕیوایەتەکان دەمەوێت وەڵامی ئەو گومانە بدەمەوە کە زانایانی سەردەم دروستیان کردووە بۆ بەرگری کردن لە أبو حنیفة لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ و کارکردن بە ڕەئی خۆی، لە وەڵامی ئەوەدا زانایانی سەردەم دەڵێن أبو حنیفة لە کوفە ژیاوە فەرموودەکانی عیراق بەتایبەتی شاری کوفە درۆی زۆر تێدابووە بۆیە أبو حنیفة فەرموودەی بە ئاسانی وەرنەدەگرت چونکە دەیزانی درۆ زۆر بڵاوە لە شارەکەیدا، ئەمەش هۆکاری ڕەتکردنەوەیەتی بۆ فەرموودەکان و کارکردن بە ڕەئی خۆی.

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین: بەڵێ ڕاستە فەرموودە کوفییەکان درۆ و تەدلیسی زۆر تێدایە، بەڵام ئەوە نەبۆتە بیانوو بۆ هیچ زانایەک کە ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی کوفییەکان ڕەت بکاتەوە لەکاتێکدا بزانێت سەنەدەکەی صەحیحە، دواتر با بزانین أبو حنیفة کێیە لە فەرموودەدا و لەچ پلەیەکدایە تا بتوانێ ئەم حوکمە بدات ؟ أبو حنیفة خۆی کەسێکی زەعیف یان مەتروکە لە فەرموودەدا ئەمە شتێکی ڕوونە بۆ هەر کەسێک کە بۆنی زانستەکانی فەرموودەناسی کردبێ بەتایبەتی زانستی جەرح و تەعدیل، بۆیە دەبینین لە (کتب الستة) هیچ ڕیوایەتێکی أبو حنیفة نیە جگە لەیەک دانە نەبێت لە (سنن الكبرى للنسائي) ئەویش النسائي خۆی دەڵێ کە فەرموودەکە زەعیفە، وە دانەیەکی تر لە (مسند الإمام أحمد) کە لە أبو یوسف ڕیوایەتی کردووە ئەویش لە أبو حنیفة، بەڵام ئیمام أحمد ناوی أبو حنیفة-ی کردووە بە أبو فلان حەزی نەکردووە ناوی هەبێت لە کتێبەکەیدا، عبداللە-ی کوڕی ئیمام أحمد دەڵێ باوکم بە ئەنقەست کردوویەتی بە أبو فلان، وە پاشان ئیمام أحمد لەوەش پەشیمان بۆتەوە کە ڕیوایەت بکرێ لە هاوەڵانی أبو حنیفة بەڵام ئەم ڕیوایەتەی هی کاتی گەنجی بووە کە تەمەنی 15 ساڵ بووە یەکەم شێخ کە چۆتە لای بۆ بیستنی

فەرمووده أبو يوسف بووه کە قوتابی أبو حنيفة-یە، لە برگەکانی دواتر باسی دەکەین کە دواتر ئیمام أحمد هەڵوێستی چۆن بووه لە ڕیوایەت کردن لە هاوەڵانی أبو حنيفة، تەنانەت ڕیوایەتی لە ڕاوی سیقە و ڕاستگۆ نەکردووه تەنها لەبەر ئەوەی هاوەڵی أبو حنيفة بووه، هەروەها ابن حبان دەڵێ: أبو حنيفة تەنها 130 فەرموودەی هەیە لە 120 دانە هەڵەی تێدا کردووه، ئایا کەسێک خۆی ئەمە حاڵی بێت گونجاوه بۆی کە توند بێت لە وەرگرتنی فەرموودەدا ؟ دواتر بۆچی نابینین لە کتێبەکانی جەرح و تەعدیل و عیلەلدا بەهیچ جۆرێک ناوی أبو حنيفة بهێنرێ لە جەرح کردنی ڕاوییەکان و تەعلیل کردنی ڕیوایەتەکان ؟ وە ئایا دەکرێت بەم شێوه بێ ئەدەبی و بێ ڕێزییە فەرمووده ڕەت بکاتەوه ؟ خۆ دەتوانێ بڵێ من ڕاوییەکە بە سیقە نازانم بۆیە ڕەتی دەکەمەوه، پاشان کوفە کۆمەڵێک فەرموودەناسی زۆر ناوداری تێدا هەڵکەوتووه وەکو: (إبراهيم النخعي و سفيان الثوري و أبو نعيم فضل بن دكين و الأعمش وأبو إسحاق السبيعي و منصور و يونس و إسرائيل و ابن أبي شيبة و عثمان بن أبي شيبة و... زۆرێکی تر) بۆچی هەموو ئەمانە بوون بە پێشەوا لەم زانستەدا و ناوێکی پڕشنگداریان هەیە لە سەنەدەکانی فەرموودەدا و فەرموودەیان ڕیوایەت کردووه و قبوڵیان کردووه، کەچی أبو حنيفة ناگات بە هیچ کام لەمانە نە لە توانای لەبەرکردندا نە لە زانست هەبوونی بە فەرمووده کەچی توندترە لە وەرگرتنی فەرمووده و ئەمانە شلن ؟! پاشان زانای زۆر ناودار هەن لە ئەهلی سوننەدا کە فەتوایان پێچەوانەی فەرموودەیە بەهۆی نەگەیشتنی فەرمووده پێیان بۆچی کەس هێرشی نەکردۆتە سەر ئەوان تەنها هێرشەکە أبو حنيفة-ی گرتۆتەوه ؟! چونکە أبو حنيفة کاتێک فەرموودەی پێدەگات وەری ناگرێت و زۆر بێ ئەدەبانە بە ووشەی ناشرین ڕەتی دەکاتەوه.

ئێستاش دەچینە سەر هێنانی ووتە و ڕیوایەتەکان دەربارەی أبو حنيفة.

ابن الجوزي دەڵێ: **کەسانێک تانەیان لە أبو حنیفة داوە بەهۆی مەیل هەبوونی بۆ ڕەئی کە پێچەوانەی فەرموودەی صەحیحە، وە هەندێک خەڵک عوزریان بۆ دەهێنایەوە و دەیانووت: فەرموودەی پێنەگەیشتووە، ئەمەش قسەیەکی هیچە لەبەر دوو شت، یەکەمیان: کەسێک زۆربەی فەرموودە صەحیحەکانی لێ شاراوە بێت بۆی نیە فەتوا بدات، دووەمیان: ئەو کاتێک فەرموودەی پێ بووترایە پێچەوانەی قسەی خۆی بێت لە قسەکەی خۆی پەشیمان نەدەبوویەوە.**
[المنتظم : 135/8] ت: محمد عبدالقادر عطا و مصطفی عبدالقادر عطا

ووتم: ئەمەش قسەیەکی ڕاستە، کەسێک بێ ئاگا بێت لە زۆربەی فەرموودەکان چۆن دەبێتە سەر مەزهەب و پێشەوا ؟ مەگەر تەنها بە ڕەئی خۆی فەتوا بدات، پاشان نموونە زۆرە کە فەرموودەی صەحیحی ڕەت کردۆتەوە دوای پێگەیشتنی وە هەر لەسەر ڕەئیەکەی خۆی ماوەتەوە، وەک لەم بڕگەیەدا باسی دەکەین.

عبدالله بن الإمام أحمد دەڵێ: حدثني إبراهيم حدثنا أبو صالح محبوب بن موسى الفراء عن يوسف بن أسباط ووتی: **أبو حنیفة ووتی: گەر پێغەمبەری الله ﷺ پێم گەیشتبوایە ئەوا زۆربەی قسەکانی منی وەردەگرت و کاری پێدەکرد.** [السنة : 300] ت: عادل آل حمدان **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

الخطيب البغدادي دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال أخبرنا أحمد بن جعفر بن سلم قال حدثنا أحمد بن علي الأبار قال حدثنا إبراهيم بن سعيد قال حدثنا محبوب بن موسى ووتی: **بیستم یوسف بن أسباط ئەیووت: أبو حنیفة ووتی: گەر پێغەمبەری الله ﷺ پێم گەیشتبوایە ئەوا زۆربەی قسەکانی منی وەردەگرت و کاری پێدەکرد.** [تاريخ بغداد : 532/15] ت: بشار عواد معروف **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) و (٢) ئەم ڕیوایەتەیان بە زەعیف داناوە بە بیانووی ئەوەی یوسف بن أسباط زەعیفە !

بڕوانە لاپەڕە 27-32 وەڵامی ئەو گومانەمان داوەتەوە

ووتەی زانایان دەربارەی یوسف بن أسباط:

أحمد بن حنبل دەڵێ: سیقەیە.
یحيى بن معین دەڵێ: سیقەیە.
أبو حاتم الرازي دەڵێ: احتجاجی پێ ناکرێ.
البخاري دەڵێ: کتێبەکانی دەفن کران، جا پاشان فەرموودەکانی وەکو پێویست نەبوون.
العقيلي دەڵێ: لە عابیدەکان بوو، کتێبەکانی دەفن کران پاشان هەندێک فەرموودەی ڕیوایەت کرد کە ئەصلی نەبوو، وە لە هەندێکدا هەڵەی کرد.
ابن عدي دەڵێ: یوسف لەلای من ئەهلی ڕاستگۆییە، بەڵام کاتێک کتێبەکانی نەمان پشتی بە توانای لەبەرکردنی دەبەستی، جا هەڵەی دەکرد و لێی تێکدەچوو، وە نیازی درۆی نەبوو.
ابن حبان: لە چینی سێیەمی ڕاوییە سیقەکانی داناوە، دەڵێ: مستقیم الحدیث بووە لەوانەیە هەڵە بکات، لە باشترین کەسی زەمانی خۆی بووە.

جا وەک دیارە خیلاف هەیە دەربارەی گەربڵێین زەعیفە و جێگای متمانە نیە ئەوا ئەم ووتانەی زانایانی جەرح و تەعدیل بۆ کاتێکە کە یوسف فەرموودەیەک ڕیوایەت بکات لە کەسانی ترەوە بۆی هەیە توشی هەڵە بێت، بەڵام لێرەدا خۆی لەسەردەمی أبو حنیفة-دا ژیاوە لەهەمان شاری أبو حنیفة-دا ژیاوە قسەیەک لە أبو حنیفة دەگێڕێتەوە ڕاستەوخۆ بەبێ گێڕانەوەی لە کەسێکی تر، وەک ئەوە وایە کەسێکی جێگای متمانە بڵێ فلان زانای ئەم سەردەمەی خۆمان وایووت، ئەویش کەسێکی زەعیف بێت لە ڕیوایەت کردنی فەرموودەدا کەس پێی ناڵێت قسەکەت وەرناگرین چونکە تۆ کەسێکی زەعیفی لە ڕیوایەتدا، کاتێک ئەم لێکدانەوەیە دەکرێت کە لەکەسانی ترەوە قسەکە بگێڕێتەوە، بەتایبەتی کەسێکی وەک یوسف کە بە زوهد ناسراوە گەر ژیاننامەکەی سەیر بکەیت توشی سەرسوڕمان دەبیت هەروەها موجاهید بووە لە سەنگەرەکان، ابن حبان بە باشترین کەسی سەردەمی خۆی وەسفی دەکات مەحاڵە کەسێکی ئاوا بە درۆ یان بەبێ لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی قسەکە ڕێک بیداتە پاڵ أبو حنیفة، محمد بن الحسن الشیباني کە قوتابی أبو حنیفة-یە کەسێکی زەعیفە بەڵام ئەوووتانەی لە أبو حنیفة-وە دەیگێڕێتەوە کەس ئینکاری ناکات لە وەرگرتنی.

گومانێکی تر کە الکوثري و محقق-ی تاریخ بغداد(٢) دەستیان پێوە گرتووە ئەوەیە کە ڕیوایەتێک هاتووە أبو حنیفة دەڵێ: (لو أدركني البتي لأخذ بكثير من قولي) واتا: گەر البتي پێم گەیشتبوایە زۆربەی ووتەکانی وەردەگرتم و کاری پێدەکرد، جا دەڵێن أبو حنیفة وتوویەتی (البتي) مەبەستی عثمان بن مسلم البتي-ە بەڵام ئەم البتي-ە بەهۆی تصحیف بۆتە (النبي) هەردوو ووشەکە هاوشێوەن لە وێنەدا تەنها خاڵەکانیان جیاوازە تصحیف-یش زۆرجار ڕوودەدات لەم ووشانەدا، ئەمەش ڕیوایەتەکەیە: عبدالله بن محمد بن يعقوب الحارثي دەڵێ: حدثني أبو طالب سعيد بن محمد بن أبان البرذعي في مسجد أبي الحسن الكرخي ببغداد حدثني أبو جعفر الطحاوي أنبأنا بكار بن قتيبة أنبأنا هلال بن يحيى الرأي البصري سمعت يوسف بن خالد السمتي ووتی: أبو حنيفة ووتی: (لو أدركني البتي لترك كثيرا من قوله) واتا: گەر البتي پێم گەیشتبوایە وازی لە زۆرێک لە ووتەکانی دەهێنا. [مناقب أبي حنيفة للموفق المكي : 102/2] ط: مجلس دائرة المعارف النظامية

یوسف بن خالد السمتي لەمیانەی باسکردنی چیرۆکێکی درێژ کە لەنێوان خۆیی و أبو حنیفة و عثمان البتي ڕوویداوە ئینجا ئەم ووتەیەی أبو حنیفة دەگێڕێتەوە، چیرۆکەکە 9 لاپەڕەیە، بڕوانە [109-101/2] هەمان کتێب.

المعلمي دەڵێ: هەرکەسێک چیرۆکەکە بخوێنێتەوە گومانی لەوە نابێت کە درۆیە و دروستکراوە، وە دەڵێ: لەو کاتەدا البتي لە ژیاندابوایە نەمردووە تا أبو حنیفة قسەیەکی لەم شێوەیە بکات.

المعلمي ڕاست دەکات چونکە البتي 143 مردووە، أبو حنیفة 150 مردووە، گەر بووترێ مەبەستی ئەوە بووە کە البتي لە بەصرە بووە أبو حنیفة لە کوفە بووە بەیەکەوە کۆنەبوونەتەوە ئەوا وەک ووتمان سەرلەبەری چیرۆکەکە درۆیە و دروستکراوە.

الموفق المكي ئەم ڕیوایەتەی لە کتێبەکەی عبدالله بن محمد بن يعقوب الحارثي البخاري دەرهێناوە بەناوی (كشف الأستار) کە ئێستا کتێبەکە بوونی نەماوە لە سەرەتای بەشی دووەم ئاماژەی پێ دەدەین، عبدالله تۆمەتبارە بە درۆ، شێخەکەی بەناوی سعيد بن محمد بن أبان البرذعي وەک المعلمي دەڵێ: وابزانم تەنها ناوەکەی بوونی هەیە، لە یەک کتێبدا نەمدۆزییەوە ناوی هاتبێ جگە لەم شوێنە، الطحاوي و بكار سیقەن، هلال بن يحيى زەعیفە، يوسف بن خالد البتي کە خاوەنی

چیرۆکەکەیە ئەویش تۆمەتبارە بە درۆ، تەواوی ڕاوییەکانی سەنەدەکە حەنەفی مەزهەبن ئەمەش حاڵیانە وەک بینیتان، جگە لەوەش ئەوانەی کە ئەم ڕیوایەتەیان نەقل کردووە بە ووشەی (النبي) کەسیان لە یوسف بن خالد السمتي ڕیوایەتیان کردووە تا بڵێین ئەصلی ووشەکە (البتي) بووە کراوە بە (النبي) بەڵکو لە یوسف بن أسباط ڕیوایەتیان کردووە، خاڵێکی تریش ئەوەیە عبدالله لە السنة و ابن حبان لە المجروحين و ابن عدي لە الكامل و الخطيب لە تاريخ هەر چواریان ئەمەیان ڕیوایەت کردووە لە یوسف بن أسباط بە لەفزی (رسول الله) نەک (النبي) ئەمەش بیانووی ڕوودانی تصحيف هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە گەر (النبي و البتي) لە وێنەدا هاوشێوە بن تصحيف ڕوو بدات ئەوا (رسول الله و البتي) زۆر جیاوازن مەحاڵە تصحيف ڕوو بدات، بەڵام الخطيب دوو جار ئەم ڕیوایەتەی هێناوە جارێک بە (رسول الله) و جارێک بە (النبي) بۆیە ئەم گومانەیان دروست کردووە، وە پێم وایە ئەم ڕیوایەتە بۆیە دروستکراوە تا ڕیوایەتەکەی یوسف بن أسباط-ی پێ هەڵوەشێننەوە بەڵام هەوڵێکی نەزۆک بوو.

الكوثري و محقق تاريخ بغداد(٢) دەڵێن: الدارقطني وتوویەتی: أبو صالح الفراء محبوب بن موسى بەهێز نیە.

جگە لە الدارقطني کەسی تر وای نەووتوە، ابن حبان دەڵێ: متقن ئەمەش پلەیەکی بەرزە لە تەوسیق کردن، وە أبو داود و العجلي و الذهبي بە سیقەیان داناوە، أبو حاتم الرازي و ابن حجر بە صدوق-یان داناوە، وەک یەدەگ سەنەدەکە بە حەسەن دادەنێین ئەگینا لە صەحیحەوە نزیکترە.

عبدالله دەڵێ: حدثني إبراهيم حدثنا أبو توبة عن **أبي إسحاق الفزاري ووتی: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بۆ أبو حنيفة گێڕایەوە دژی خروج کردن، أبو حنيفة ووتی: ئەم فەرموودەیە خورافەیە.** [السنة : 304] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثنا محمد بن هارون حدثنا أبو صالح ووتی: **بيستم الفزاري دەیووت: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بۆ أبو حنيفة گێڕایەوە دژی خروج کردن، أبو حنيفة ووتی: ئەمە**

خورافەیە. [السنة : 351] (سەنەدەکەی حەسەنە).

ووتم: أبو حنيفة کاتێک ئەم قسەیەی کردووە کە براکەی أبو إسحاق الفزاري خروج دەکات دەچێتە ناو سوپاکەی إبراهيم بن عبدالله بن الحسن، کە لە بەصرە ساڵی 145 هـ لەدژی عەباسیەکان خروجی کرد، لەهەمان ساڵیشدا کوژرا، أبو حنيفة-ش ساڵی 150 هـ مردووە، کەواتە 5 ساڵ بەر لە مردنی ئەم قسەیەی کردووە، ئەمەش بۆیە باس دەکەم تاکو بیانووی ئەوانە ببڕین کە دەڵێن لەوانەیە سەرەتا ئاوا بووبێت کە گەنج بووە دواتر پێگەیشتووە بۆتە زانایەکی گەورە و هاوشێوەی ئەم قسانە بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک تەنها خەیاڵ بڵاوی خۆیانە، بۆیە کەی تەوبەکردنی لە دانە بەدانەی ئەو ووتانە بهێنن بۆمان کە لەم کتێبەدا باسی دەکەین ئەوکات ئێمەش بێدەنگ دەبین نەک بەم بیانووە بەتاڵانە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو سعيد الحسن بن محمد بن عبدالله بن حسنويه الأصبهاني قال أخبرنا عبدالله بن محمد بن عيسى الخشاب قال حدثنا أحمد بن مهدي قال حدثنا أحمد بن إبراهيم قال حدثنا عبدالسلام بن عبدالرحمن قال حدثني إسماعيل بن عيسى بن علي الهاشمي قال حدثني **أبو إسحاق الفزاري ووتی: من دەچوومە لای أبو حنيفة پرسیارم لێدەکرد دەربارەی کاروباری جیهاد، جا پرسیاری بابەتێکم لێکرد ئەویش وەڵامی دایەوە، پێم ووت: دەربارەی ئەم بابەتە فەرموودە ڕیوایەت کراوە لە پێغەمبەر ﷺ کە ئاوا و ئاوا دەفەرمووێ ! أبو حنيفة ووتی: واز بێنە لەوە. أبو إسحاق الفزاري دەڵێ: ڕۆژێکی تر پرسیارم لێیکرد دەربارەی بابەتێک ئەویش وەڵامی دایەوە، پێم ووت: ئەم بابەتە فەرموودەی تێدا ڕیوایەت کراوە لە پێغەمبەر ﷺ ئاوا و ئاوا دەفەرمووێ ! أبو حنيفة ووتی: ئەمە بە کلکی بەراز بسڕەوە. [تاريخ بغداد : 532/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الکوثري جەهمی کە ناسراوە بە شێتی أبو حنيفة دەڵێ: أبو إسحاق الفزاري منكر الحديث-ە وەک ابن سعد باسیکردووە، محقق-ی تاريخ بغداد(٢) هەمان ووتەی الکوثري دووبارە کردۆتەوە.

پێش هەموو شتێک گەر بڵێین أبو إسحاق زەعیفە هیچ کێشەی نیە چونکە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە لەنێوان خۆی و أبو حنيفة ڕوویداوە وەک لە لاپەڕە 27-32 ئاماژەمان پێیدا، بۆیە گەر زەعیفیش

بێت لە ڕیوایەتێکی لەم شێوەیە زەعیفیەکەی هیچ کاریگەری نیە، ئەمە لەکاتێکدا أبو إسحاق ئیمامی ئەهلی شامە لە فەرموودە لە سیرە لە جیهاد لە فیقهدا پێشەوایە قوتابی الأوزاعي-ە، گەر ابن سعد دەربارەی بڵێ: منكر الحديث، ئەوا کۆمەڵێک زانای زۆر گەورەتر لە ابن سعد تەوسیقیان کردووە بە پلەی زۆر بەرز بۆیە کەس ئاوڕی لەم تەزعیف کردنەی ابن سعد نەداوەتەوە.

أبو حاتم الرازي دەڵێ: ثقة مأمون إمام

أحمد بن حنبل دەڵێ: ثقة ثبت

الأوزاعي کە مامۆستایەتی دەڵێ: الصادق المصدوق

سفيان بن عيينة دەڵێ: ئیمام بوو

أبو صالح الفراء دەڵێ: فەرموودەیەکم بیست لە أبو إسحاق، ئینجا پرسیاری ئەم فەرموودەیەم لە سفيان بن عيينة کرد، سفيان ووتی: واللە کەس نەدیوە کە پێش أبو إسحاق-ی بخەم

يحيى بن معين دەڵێ: ثقة ثقة (دوو جار دووبارەی کردۆتەوە بۆ تەئکید کردنەوە)

النسائي دەڵێ: ثقة مأمون، یەکێکە لە پێشەواکان

الذهبي دەڵێ: یەکێکە لە ئەعلامەکان

ابن حجر دەڵێ: ثقة حافظ

الجيلي دەڵێ: ثقة

الحاكم دەڵێ: ثقة

البخاري و مسلم احتجاجیان پێکردووە لە الصحيحين

ئەمە جگە لەم هەموو مەدحەی کراوە بۆی لەڕووی عەقیدە و جیهاد کردن و سیرەدا لەلایەن زۆرێک لە زانایان، جا وازلە هەموو ئەمانە بهێنین شوێنی ابن سعد بکەوین کە دەڵێ: منكر الحديث! لەکاتێکدا ابن سعد دەربارەی أبو إسحاق دەڵێ: ثقة فاضل خاوەنی عەقیدە و جیهادە، ئەگەرچی هەڵەی زۆرە لە فەرموودەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایان ئاوڕیان لە ووتەکەی نەداوەتەوە تەنها الكوثري جەهمی نەبێت بۆ بەرگری کردن لە ئیمامەکەی نەقلی کردووە بەبێ ئاماژەدان بە ووتەکانی تر، ابن سعد قوتابی الواقدي-ە لە زۆربەی ووتەکانی لە جەرح و تەعدیلدا پشتی بە الواقدي

بەستووە کە الواقدي خۆی لە باشترین حاڵیدا تۆمەتبارە بە درۆ ژمارەیەکیش بە درۆزنیان داناوە بۆیە جەرح و تەعدیل کردنی سەنگێکی ئەوتۆی نیە بە تایبەت گەر موخالەفەی زانایانی تر بکات، چەند نموونەیەک لە ڕەتکردنەوەی حوکمە شازەکانی ابن سعد:

ابن حجر لە ژیاننامەی عبدالرحمن بن شريح دەڵێ: ابن سعد شتێکی شازی کردووە کە دەڵێ: منکر الحديث، وە هیچ زانایەک ئاوڕی لەم ووتەیەی ابن سعد نەداوەتەوە چونکە زۆربەی پشت بەستنی بە الواقدي-ە لە حوکمدان لەسەر ڕاوییەکان، الواقدي-ش پشتی پێ نابەسترێ.

ابن حجر لە ژیاننامەی محارب بن دثار دەڵێ: ابن سعد دەڵێ: احتجاجی پێ ناکرێ !

ابن حجر دەڵێ: بەڵکو هەموو پێشەواکان احتجاجیان پێ کردووە، بەڵام ابن سعد تەقلیدی الواقدي دەکاتەوە.

ابن حجر لە ژیاننامەی نافع بن عمر الجمحي دەڵێ: پێشتر باسمان کرد تەزعیف کردنی ابن سعد جێگای تێڕامانە چونکە پشت بە الواقدي دەبەستێ.

الكوثري و محقق-ی تاريخ بغداد(٢) بەهەمان شێوە تەزعیفیان کردووە بەهۆی عبدالسلام بن عبدالرحمن گوایە زەعیفە، ئەویش لەبەر ئەوەی يحيى بن أكثم لە قازی بوون لایداوە چونکە لە فیقهدا زەعیف بووە، ئەمەش تەزعیف کردنێکە هیچ پەیوەندی بە ڕیوایەتەوە نیە، چەندین فقهاء هەن لە ڕیوایەت زەعیفن، وە چەندین فەرموودەناس هەن کە لە فیقهدا لاوازن، هەرچەندە دواتر گەڕاوەتەوە بۆ قازی بوون زانایان لێی ڕازی بوونە، المعلمي لە [التنكيل : 1/546-547] وەڵامی تۆمەتە ناڕەواکانی الكوثري داوەتەوە و ڕوونی کردۆتە کە عبدالسلام سیقەیە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الحسن بن العطار محمد بن محمد سمعت أحمد يعني ابن شبويه ووتی: **بیستم وكيع دەیووت: أبو حنيفة بە ابن المبارك-ی ووت: دەستت بەرز دەکەیتەوە لەگەڵ هەموو تەکبیرەیەکی نوێژدا وەک بڵێی دەتەوێ بفڕیت ؟ ابن المبارك پێی ووت: گەر تۆ لە تەکبیرەی یەکەمی نوێژدا دەفڕی ئەوا منیش لەوانی تردا دەفڕم. وكيع جارێک یان دوو جار ووتی: ابن المبارك زۆر جوان وەڵامی دایەوە. [السنة : 503] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

البيهقي دەڵێ: أخبرنا أبو عبدالله الحافظ أنبأنا الحسن بن حليم الصائغ بمرو حدثنا أبو الموجه أخبرني أبو نصر محمد بن أبي الخطاب السلمي وكان رجلا صالحا قال أخبرني علي بن يونس حدثنا **وكيع ووتی: نوێژم کرد لە مزگەوتی کوفە أبو حنيفة وەستابوو نوێژی دەکرد ابن المبارك-یش لە تەنیشتیەوە بوو نوێژی دەکرد، ابن المبارك هەرکاتێک رکوعی بردبوایە و بەرز بوایەوە دەستی بەرز دەکردەوە، أبو حنيفة دەستی بەرز نەدەکردەوە، جا کاتێک تەواو بوون لە نوێژەکە أبو حنيفة بە عبدالله بن المبارك-ی ووت: ئەی باوکی عبدالرحمن بینیم زۆر دەستت بەرز دەکەیتەوە، ویستت بفڕی ؟ عبدالله پێی ووت: ئەی أبو حنيفة بینیم دەستت بەرز کردەوە کاتێک دەستت بە نوێژکرد، ویستت بفڕی ؟ جا أبو حنيفة بێ دەنگ بوو. وکيع دەڵێ: نەم بینی هیچ وەڵامێک وەکو وەڵامەکەی عبدالله بۆ أبو حنيفة زوو ئامادە بێت.** [سنن الكبرى : 2538] ت: محمد عبدالقادر عطا

ووتم: (أبو نصر) و (علي بن يونس) نەمبینی کەس باسی ژیاننامەیان بکات، بەڵام هەمان ڕیوایەتە صەحیحەکەی پێشووە بە هەندێک ووشەی زیادەوە، بۆیە زەعیفیەکەی کاریگەری نیە، ئەمەش گاڵتەکردنی أبو حنيفة-یە بە سوننەتی پێغەمبەرﷺ گەر دەووترێ نەیزانیوە سوننەتە، دەڵێین ئەی بۆچی لە ابن المبارك ناپرسێ پێش گاڵتەکردنی بە سوننەتەکە لەکاتێکدا ابن المبارك پێشەوایە و کەسێکی دوورە لەوەی لەخۆیەوە شتێک لە نوێژدا زیاد بکات، دواتر ئەمە سوننەتێکی ئەوەندە باوە تەنانەت خەڵکی عەوام دەیزانێت بێ ئاگایی أبو حنيفة لەم سوننەتە نیشانەی کەم زانستیەتی بە سوننەت.

عبدالله دەڵێ: حدثنا أبو الفضل حدثنا مسلم بن إبراهيم حدثنا عبدالوارث بن سعيد قال حدثنا **سعيد ووتی: دانیشتم لەلای أبو حنيفة لە مەککە، جا باسی شتێکی کرد، پیاوێک پێی ووت: لە عمر بن الخطاب ئەمە و ئەوە ڕیوایەت کراوە، أبو حنيفة ووتی: ئەمە ووتەی شەیتانە. پیاوێکی تر پێی ووت: ئەی لە پێغەمبەرﷺ ڕیوایەت نەکراوە کە فەرموویەتی: (أفطر الحاجم والمحجوم) ؟ أبو حنيفة ووتی: ئەمە سجع-ە. منیش توڕە بووم ووتم: هیچی تر ناگەڕێمەوە بۆ ئەم مەجلیسە ڕۆیشتم و جێم هێشت.** [السنة : 384] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: (سجع) ووتەیەکە پیتی کۆتایی بڕگەکانی وەک یەکە، شێوەی جۆراو جۆری هەیە، واتا فەرموودەی (أفطر الحاجم والمحجوم) تەنها سەجع-ە وەک فەرموودە وەری ناگرم.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو بكر البرقاني قال قرأت على محمد بن محمود المحمودي بمرو حدثكم محمد بن علي الحافظ حدثنا إسحاق بن منصور أخبرنا عبدالصمد عن أبيه ووتی: **فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ (أفطر الحاجم والمحجوم) بۆ أبو حنيفة باسكرا، أبو حنيفة ووتی: ئەمە سجع-ە، وە حوکمێکی عمر-یان بۆی باسکرد لە قەزاوەت یان ووتەیەک لە ووتەکانی، أبو حنيفة ووتی: ئەمە ووتەی شەیتانە. [تاريخ بغداد : 533/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: محقق-ی تاریخ بغداد(٢) دەڵێ: عبدالصمد بن حبيب الأزدي أحمد بن حنبل و البخاري و الخطيب بە زەعیفیان داناوە.

نازانم ئەم کارەی بە هەڵە کردووە یان بۆ چەواشەکاری وایکردووە، چونکە ئەمە عبدالصمد بن حبيب نیە بەڵکو عبدالصمد بن عبدالوارث-ە، سیقەیە کەس تەزعیفی نەکردووە هەریەک لە أحمد بن حنبل و علي بن المديني و يحيى بن معين و شعبة بن الحجاج و ابن سعد و الحاكم والجيلي والذهبي بە سیقەیان داناوە، تەنها أبو حاتم الرازي بە صدوق-ی داناوە، ابن حجر-یش وەک أبو حاتم بە صدوق-ی داناوە، دانەرانی کتێبی (تحرير تقريب التذهيب) دەڵێن: شتێکی سەیرە ابن حجر واز لە تەوسیق کردنی هەموو ئەم زانایانە دەهێنێ شوێنی ووتەکەی أبو حاتم دەکەوێ کە تەنها خۆی بە صدوق-ی داناوە کەسی تری لەگەڵ نیە، لەکاتێکدا زانراوە کە أبو حاتم توندە لە حوکمدان لەسەر ڕاوییەکان.

خۆ گەر ووتەی ئەم زانایانە هیچیان بوونی نەبوایە تەنها ووتەکەی أبو حاتم هەبوایە ئەوا بەس بوو کە بڵێین سەنەدەکە حەسەنە.

ابن حبان دەڵێ: أخبرنا زكريا بن يحيى الساجي قال حدثنا أحمد بن سنان القطان ووتی: **بیستم علي بن عاصم دەیووت: بە أبو حنيفة-م ووت: إبراهيم لە علقمة-ەوە ڕیوایەت دەکات ئەویش لە عبدالله-ەوە ڕیوایەت دەکات کە پێغەمبەر ﷺ پێنج ركعات نوێژی پێکردن پاشان دوو سوجدەی**

برد دوای سەلامدانەوە، أبو حنيفة ووتی: گەر لە ركعەتی چوارەم دانەنیشتبێ ئەوا ئەم نوێژە یەكسانە بەمە، ئاماژەی بۆ شتێک كرد لەسەر زەوی بوو جا هەڵی گرتەوە و فڕێیدا.

[المجروحين : 407/2] ت: حمدي السلفي **(سەنەدەكەی صەحيحە).**

ووتم: علي بن عاصم زەعيفە، بەڵام بەسەرهاتەكە لەنێوان خۆیی و أبو حنيفة ڕوویداوە لە كەسانی ترەوە نایگێڕێتەوە، لە لاپەڕە 27-32 وەڵامی ئەم گومانەمان داوەتەوە.

(إبراهيم عن علقمة عن عبدالله) إبراهيم بن سويد النخعي عن علقمة بن قيس النخعي عن عبدالله بن مسعود، لە هەردوو تەحقيقى حمدي السلفي و محمود إبراهيم زايد (إبراهيم عن علقمة) بۆتە (إبراهيم بن علقمة) واتا تەصحيف ڕوویداوە (عن) بۆتە (بن) نازانم چۆن ئەم هەڵەیە بەسەر هەردووكيان تێدەپەڕێ ! فەرموودەكەش صەحيحە مسلم و جگە لەویش ڕیوایەتیان كردووە، ڕیوایەتەكەش بێ ئەدەبی و جورئەتی أبو حنيفة نيشان دەدات بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ كە فەتوای ئەوە دەدات نوێژەكەی پێغەمبەر ﷺ هیچ نرخێكی نیە و بەتاڵە.

البـرذعـي دەڵێ: **أبو زرعة لە كتێبەكەی مندا فەرموودەیەكی بینی كە لە أبو حاتم ڕیوایەتم كردبوو ئەویش لە شێخێكی خۆیەوە ئەویش لە أيوب بن سويد ئەویش لە أبو حنيفة تا دەگاتە پێغەمبەرﷺ أبو حاتم-یش لە تەنیشت أبو زرعة دانیشتبوو، أبو زرعة پێی ووتم: گلەیی لە كێ دەكرێت لەم كارەدا (واتا: ڕیوایەت كردنی فەرموودەی أبو حنيفة) تۆ یان أبو حاتم ؟ ووتم: من، ووتی: بۆ؟ ووتم: چونكە من ناچارم كرد بیخوێنێتەوە ئەو ڕازی نەبوو ئیللا دوای هەوڵێكی زۆر، جا أبو زرعة ووتەیەكی زۆر توندی پێ ووتم كە بیرم چۆتەوە لە كتێبەكەمدا لەو كاتەدا، منیش پێم ووت: إبراهيم بن أورمة گرنگی بە سەنەدەكانی أبو حنيفة دەدات، أبو زرعة ووتی: إنا لله وإنا إليه راجعون، موصیبەتەكەمان گەورە بووە دەربارەی إبراهيم، گرنگی پێ دەدا ! لەبەرچی باوەڕ بە أبو حنيفة دەكات ؟ لەبەر شوێنكەوتنی بۆ سوننەت ؟ لەبەر توانای بەهێزی لەبەركردنی ؟ پاشان ووتەیەكی توندی ووت دەربارەی إبراهيم لێرەدا باسم نەكردووە، پاشان ووتی: ڕەحمەتی الله لە أحمد بن حنبل بێت، پێم گەیشت كە دڵی تەنگ ببو بۆ ژمارەیەک فەرموودە كە دەركەوتبوون**

لەلای المعلى بن منصور، ئەویش پێویستی پێیان بوو، المعلى لەناو ئەهلی ڕەئی لە هەموویان زیاتر لە زانا دەچوو، چونکە ئەو بەدوای عیلم دەگەڕا و گەشتی دەکرد بۆیی وگرنگی پێ دەدا، جا أحمد ئارامی گرت لەسەر ئەم فەرموودانە ویەک پیتیشی لە المعلى نەبیست، بەڵام علي بن المديني وأبو خيثمة وزۆرینەی هاوەڵەکانمان فەرموودەکانیان لێ بیست، جا چ شتێکی المعلى بە هی أبو حنيفة دەچێت ؟! المعلى صدوق-ە، أبو حنيفة سەنەدە پچڕاوەکانی دەکرد بە متصل، پاشان أبو زرعة ووتی: أبو حفيفة ڕیوایەتی کردووە لە موسى بن أبي عائشة عن عبدالله بن شداد عن جابر عن النبي ﷺ لە سەنەدەی فەرموودەکەدا جابر-ی زیاد کرد، واتا فەرموودەی قورئان خوێندن لە دوای ئیمام، وە أبو حنيفة دەیووت: قورئان مەخلوقە، وە فەرموودەکانی پێغەمبەری الله ﷺ ڕەت دەکردەوە، وە گاڵتەی بە ئاثارەکان دەکرد، وە بانگەوازی دەکرد بۆ بیدعە وگومڕاییەکان، دوای هەموو ئەمانە گرنگی بە ڕیوایەتەکانی دەدرێ ! کەس کاری ئاوا ناکات تەنها گێلێکی جاهیل نەبێ، یان ووتەیەکی لەم شێوەیەی ووت، ئینجا أبو زرعة توڕەیی خۆی بەسەر إبراهيم-دا ڕشت، وە ئەو فەرموودانەی أبو حنيفة-ی باس دەکرد کە هیچ ئەصلێکی نیە، جا لەمانەدا فەرموودەی علقمة بن مرثد عن ابن بريدة عن أبيه باسکرد (الدال على الخير كفاعله) وە ئینکاری فەرموودەیەکی تری لێکرد کە لە علقمة بن مرثد ڕیوایەتی دەکات عن ابن بريدة فەرموودەکەی عمر (جبريل هاتە لای پێغەمبەرﷺ ووتی: ئیمان چیە ...) أبو زرعة ووتی: أبو حنيفة وأبو سنان ووشەی (الإيمان)یان لە فەرموودەکەدا کرد بە (شرائع الإيمان) وە چەند فەرموودەیەکی تری باسکرد کە أبو حنيفة هەڵەی تێدا کردووە، وە ئینکاری ڕیواتەکانی کرد، پاشان پێی ووتم: ئەوەی ووتی قورئان مەخلوقە ئەوا کافرە، جا گرنگی بە سەنەدی کافران دەدرێ ؟! واتا ئەو قەومە.

[سؤالات البرذعي لأبي زرعة : 956]

ووتم: ئەم کتێبە بە ناوێکی تریش چاپکراوە ئەویش (الضعفاء لأبي زرعة).

ئەم ووتەیە لە هەموو ڕیوایەتەکان بە نرخترە چونکە سەدان ڕیوایەتیش بهێنین کە أبو حنيفة وتوویەتی قورئان مەخلوقە و گاڵتەی بە فەرموودە کردووە و ڕەتی کردۆتەوە ئەوا کەسانێک هەر دەڵێن زەعیفە جا بەهەر بیانووێک بێت، بەڵام کاتێک زانایەکی گەورەی وەک أبو زرعة ئیثباتی

ئەوە دەکات کە أبو حنيفة ئەم شتانەی تێدا هەبووە واتا صەحیحن چونکە أبو زرعة ئیمامە لە زانستی فەرموودەدا مەحاڵە کۆمەڵێک ڕیوایەتی زەعیفی پێ بگات نەزانێت زەعیفن و بەپێی ئەم ڕیوایەتە زەعیفانە حوکم بدات لەسەر أبو حنيفة، أبو زرعة لەو ئاستەدا نیە لە شتێک دڵنیا نەبێت بە گومانەوە بیداتە پاڵ أبو حنيفة، پێتان وایە أبو زرعة بەهۆی ڕیوایەتی زەعیفەوە ئەم قەناعەتەی بۆ دروست بوو بێ دەربارەی أبو حنيفة ؟!

ووتەکەش تەکفیر کردنێکی ڕوونی أبو حنيفة-یە لەلایەن أبو زرعة، هەروەها ڕەت کردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ و گاڵتە کردن بە ئاثار و بانگەوازی کردن بۆ بیدعە و گومڕایی هەمووی دایە پاڵ أبو حنيفة، ئەمە لەکاتێکدا مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی ئایا تەوبەی کردووە لە ووتنی قوڕئان مەخلوقە یان نا، کە أبو زرعة هەر سوورە لەسەر تەکفیر کردنی چونکە ڕەت کردنەوەی فەرموودە و گاڵتە کردن بە ئاثار هەر کوفرە، کاتی ئەوە نەهاتووە عەقڵتان بێننەوە بەر خۆتان و بڵێن ئەمانە دەستیان گرتووە بە ووتەی سەلەفەوە هیچ شتێکیان لە خۆیانەوە دروست نەکردووە، گەر لە تەکفیر کردنیش هاوڕایان نەبین دەبێ سوور بین لەسەر ئەوەی کە أبو حنيفة کەسێکی گومڕا و بیدعەچی بووە شایەنی ئەوەیە ڕقمان لێی بێ و بە بچووک سەیری بکەین نەک بیکەین بە پێشەوای ئەهلی سوننە دوای ئەم هەموو ووتانەی لەسەری چەسپاوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن علي حدثنا إبراهيم بن بشار ووتی: **بیستم سفيان بن عيينة دەیووت: أبو حنيفة نموونەی بۆ فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ دەهێنایەوە ئینجا ڕەتی دەکردەوە، پێی گەیشتبوو کە من فەرموودەیەک لە پێغەمبەری الله ﷺ دەگێڕمەوە کە فەرموویەتی: (البيعان بالخيار ما لم يفترقا) -واتا: کڕیار و فرۆشیار بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە تا ئەو کاتەی لەیەکتر جیا دەبنەوە لە شوێنی کڕین و فرۆشتنەکە- أبو حنيفة ووتی: ئەی ئەگەر لەناو کەشتیدا بوون چۆن لەیەکتر جیا دەبنەوە ؟ سفيان ووتی: لەم ووتەیە خراپترتان بیستووە ؟ [السنة : 342] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

ابن حبان دەڵێ: أخبرنا الفضل بن الحسين بهمذان قال حدثنا يحيى بن عبدالله بن ماهان عن **ابن**

عیینة ووتی: فەرموودەیەکم بۆ أبو حنیفة گێڕایەوە لە پێغەمبەر ﷺ أبو حنیفة ووتی: میزی بەسەردا بکە. [المجروحين : 410/2] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الفضل بن الحسين ناسراوە بە (ابن تازي كره) سیقەیە، (يحيى بن عبدالله بن ماهان الكرابيسي) الخليلي بە سیقەی داناوە، أبو الفتح الأزدي بە زەعیفی داناوە، بەڵام گوێ بە تەزعیفی الأزدي نادرێ چونکە هەم خۆی زەعیفە هەم زیادەڕەویشە لە جەرحکردن.

ابن حجر دەربارەی أبو الفتح الأزدي دەڵێ: حیساب بۆ ووتەی الأزدي ناکرێ چونکە خۆی زەعیفە جا چۆن پشتی پێ دەبەسترێ لە تەزعیف کردنی سیقەکاندا ؟ هەروەها دەڵێ: الأزدي ووتەی قبوڵ نیە گەر بە تەنها خۆی ڕاوییەک تەزعیف بکات چ جای ئەوەی موخالەفەی زانایانی تر بکات ! هەروەها دەڵێ: پێشتر چەند جار باسمان کردووە کە حیساب بۆ جەرحکردنی الأزدي ناکرێت چونکە خۆی زەعیفە.

التهانوي دەربارەی جەرحی ڕەتکراوە دەڵێ: ئەوکەسەی جەرحی ڕاوییەکان دەکات گەر خۆی جەرحکراو بێت ئەوا ئەوکات دەست پێشخەری ناکرێ لە قبوڵ کردنی ووتەکەی بەهەمان شێوە تەعدیل کردنیشی تا ئەو کاتەی زانایانی تر موافەقەی دەکەن وەکو الأزدي زمانێکی توندی هەیە و زیادەڕەوە لە جەرحکردن.

بشار عواد معروف دەربارەی الأزدي دەڵێ: قسەی پێ ووتراوە و جەرحەکانی قبوڵ ناکرێ.

الخطيب دەڵێ: قال الأبار حدثنا محمد بن حسان الأزرق ووتی: **بیستم علي بن عاصم دەیووت: فەرموودەیەکم بۆ أبو حنیفة گێڕایەوە لە پێغەمبەر ﷺ أبو حنیفة ووتی: وەری ناگرم، ووتم: لە پێغەمبەرﷺ ! ووتی: وەری ناگرم.** [تاريخ بغداد : 533/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: هەر چەندە علي بن عاصم زەعیفە بەڵام پێم وانیە أبو حنیفة ئەو توانایەی هەبێت کە جەرح و تەعدیلی ڕاوییەکان بکات لەکاتێکدا خۆی داماوە لەم زانستەدا، گریمان لەبەر زەعیفی علي بن عاصم فەرموودەکەی وەرنەگرتبێ، بۆچی ناڵێ تۆ زەعیفی بۆیە لێتی وەرناگرم، بۆچی عیللەتی فەرموودەکە ڕوون ناکاتەوە بۆی ؟ علي دوو جار لێی دووبارە دەکاتەوە هەر دەڵێ وەری ناگرم بەبێ

ڕوونکردنەوەی هۆکارەکەی ! ئەمە لەکاتێکدا علي بن عاصم زۆر حاڵی باشترە لە أبو حنيفة لە ڕیوایەتدا.

الخطیب کتێبەکەی (الأبار) لەبەر دەستی دایە هەندێکجار ڕاستەوخۆ لە کتێبەکە ڕیوایەت نەقل دەکات هەندێکجار لەڕێگای ابن دوما، بۆیە ووتنی (قال الأبار) زیانی نیە بۆ سەنەدەکە وەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا محمد بن عبدالملك القرشي أخبرنا أبو العباس أحمد بن محمد بن الحسين الرازي حدثنا أبو عمرو محمد بن يعقوب بن إبراهيم النيسابوري سمعت أبا عبدالله محمد بن نصر المروزي يقول سمعت إسحاق دەیووت: يحيى بن آدم ووتی: **ئەو فەرموودەیە بۆ أبو حنيفة باسکرا کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (دەست نوێژ نیوەی ئیمانە) أبو حنيفة ووتی: با دوو جار دەست نوێژ بشۆین تاکو ئیمانمان کامل بێت ! إسحاق دەڵێ: يحيى بن آدم ووتی: (دەست نوێژ نیوەی ئیمانە) واتا: نیوەی نوێژە، چونکە الله تعالى نوێژی بە ئیمان ناوبردووە ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْۚ﴾ إيمانكم واتا: صلاتكم، وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (نوێژ قبوڵ نیە تەنها بە دەست نوێژەوە نەبێت) جا دەست نوێژ نیوەی ئیمانە بەو مانایەی کە باسمان کرد کە نوێژ تەواو نابێت تەنها بە دەست نوێژ نەبێت. أبو عبدالله دەڵێ: إسحاق ووتی: يحيى بن آدم ووتی: ئەو ووتەیە بۆ أبو حنيفة باسکرا کە دەڵێ: (نازانم نیوەی عیلمە) أبو حنيفة ووتی: با دوو جار بڵێ نازانم تا عیلمەکەی کامل بێت ! يحيى ووتی: مانای ئەو ووتەیە کە دەڵێ: (نازانم نیوەی عیلمە) لەبەر ئەوەیە کە عیلم لە دەزانم و نازانم پێکهاتووە، جا هەر یەکێکیان نیوەی ئەوی ترە. [تاريخ بغداد : 534/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطیب دەڵێ: أخبرنا القاضي أبو القاسم عبدالواحد بن محمد بن عثمان البجلي حدثنا عمر بن محمد بن عمر بن الفياض حدثنا أبو طلحة أحمد بن محمد بن عبدالكريم الوساوسي حدثنا عبدالله بن خبيق حدثنا أبو صالح الفراء ووتی: **بیستم یوسف بن أسباط دەیووت: أبو حنيفة چوار سەد فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ ڕەت کردەوە یان زیاتر، پێم ووت: ئەی باوکی محمد ئەو فەرموودانە دەزانی کامانەن ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: هەندێکیانم پێ بڵێ، ووتی: پێغەمبەری الله ﷺ**

فەرموویەتی: (للفرس سهمان وللرجل سهم) -واتا: لە غەنیمەتدا ئەسپەکە دوو بەشی بەردەکەوێ کەسەکەش یەک بەش- أبو حنیفة ووتی: من بەشی ئاژەڵ لە بەشی ئیماندار زیاتر دانانێم. وە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی حوشتر و مانگاکانیان بریندار کرد لەکاتی حەجدا بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی، أبو حنیفة ووتی: ئەمە هەتک کردنە. وە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (البیعان بالخیار ما لم یفترقا) -واتا: کڕیار و فرۆشیار بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە پێش جیابوونەوەیان لەیەکتر لە شوێنی کڕین و فرۆشتنەکە- أبو حنیفة ووتی: گەر فرۆشتنەکە ئەنجامدرا پەشیمان بوونەوە نیە. وە پێغەمبەر ﷺ تیروپشکی دەکرد لەنێوان خێزانەکانی گەر ویستبوای دەرچێ بۆ سەفەر، أبو حنیفة ووتی: تیروپشک قومارە. وە أبو حنیفة ووتی: گەر پێغەمبەرﷺ پێم گەیشتبوایە یان پێی گەیشتبوام ئاوا زۆربەی ووتەکانی منی وەردەگرت و کاری پێدەکرد، بۆ مەگەر دین جگە لە ڕەئی چاک چیترە ؟ [تاریخ بغداد : 536/15] (سەنەدەکەی حەسەنە).

ووتم: محقق-ی تاریخ بغداد(١) و (٢) وەک پیشەی هەمیشەیان ووتەکانی یوسف بن أسباط دەربارەی أبو حنیفة بە زەعیف دادەنێن بە بیانووی ئەوەی کە یوسف زەعیفە ! ئەمەش سەرکەشیەکی زۆر سەیرە، خۆ ووتمان کەسی زەعیف کە قسەیەک بکات جیاوازە لەگەڵ ئەوەی فەرموودەیەک یان بەسەرهاتێک بە سەنەدەوە بگێڕێتەوە، جا لێرەدا کارەساتەکە گەورەترە چونکە ئەمە ووتەی یوسف خۆیەتی دەربارەی أبو حنیفة هیچ شتێک ناگێڕێتەوە لە هیچ کەسێک تا بڵێین زەعیفە ! دڵنیام خۆشیان هەست بەم هەڵە گەورەیە دەکەن بەڵام کە کار گەیشتە أبو حنیفة دەبێت هەموو جۆرە بەرگرییەک بخرێتە کارەوە ئەگەرچی لەشوێنی خۆشی نەبێت، دواتر تۆ بڵێی زاهیدێکی وەک یوسف بوهتان بۆ أبو حنیفة هەڵبەستێ ؟

الخطیب دەڵێ: أخبرنا ابن دوما أخبرنا بن سلم حدثنا الأبار حدثنا أبو عمار المروزي قال سمعت الفضل بن موسى السيناني دەیووت: **بیستم أبو حنیفة دەیووت: هاوەڵی وام هەیە بە قەدەر دوو گۆزە میز دەکات، مەبەستی ڕەتدانەوەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بوو کە فەرموویەتی: (إذا کان الماء قلتین لم ینجس) واتا: گەر ئاو بە قەدەر دوو گۆزە بوو ئەوا پیس نابێت.**

[تاريخ بغداد : 535/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: (قلة) لەشێوە وەک گۆزە وایە، کێشی یەک قلة بەپێوانەی سەردەم دەکاتە 102 کیلۆ گرام.

محقق-ی تاريخ بغداد(١) و (٢) پێش ئەوانیش الكوثري جەهمی هەموو ڕیوایەتەکانی (ابن دوما)یان بە زەعیف داناوە، ابن دوما یەکێکە لەو شێخانەی کە الخطيب ژمارەیەک ڕیوایەتی لێوە کردووە دەربارەی أبو حنيفة، المعلمي لە [التنكيل : 181/1] ط: دار عالم الفوائد زۆر بە زانستیانە ڕەددی الكوثري داوەتەوە دەربارەی تەزعیف کردنی ڕیوایەتەکانی ابن دوما، کە من مەفهومی ووتەکەی دەنوسم لێرەدا، المعلمي دەڵێ: الخطيب ئەو ڕیوایەتانەی کە لە (الأبار) نەقلی دەکات کتێبەکانی (الأبار)ی لەبەر دەستدایە، بەڵام لە ڕێگای (ابن دوما عن ابن سلم عن الأبار) دەیگێڕێتەوە، جا گەر ابن دوما و ابن سلم هەر کێشەیەکیان هەبێت زیان بە ڕیوایەتەکە ناگات چونکە الخطيب کتێبەکەی (الأبار)ی لایە، ئەمەش وەکو ئەوە وایە کەسێک لە ئێمە فەرموودەیەکی صەحیحی بوخاری بە سەنەدەوە بگێڕێتەوە لە خۆیەوە تا دەگاتە بوخاری، ئینجا بووترێ: ئەم سەنەدە زوعفی تێدایە ! خۆ خودی فەرموودەکە لەناو صەحیحی بوخاریدا هەیە سەنەدەکەی نێوان من و بوخاری زەعیفیش بێت هیچ کێشە نیە مادام ئەصلی کتێبەکە بوونی هەیە، ئەم ڕیوایەتانەی الخطيب-یش کە لەڕێگای ابن دوما عن ابن سلم عن الأبار ڕیوایەتی دەکات هەمان شتە.

منیش دەڵێم: گەر کەسێک سەری لەم باسە دەرنەچێ و بڵێ ئەی بۆ الخطيب ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەوە ڕیوایەتەکان نەقل ناکات لەڕێگای ابن دوما دەیگێڕێتەوە ؟ دەڵێین: هەموو زانایان لەو سەردەمەدا کە سەردەمی ئیسناد بووە پیشەیان بووە کە هەموو ووتەیەک بە سەنەدەوە بگێڕنەوە گەر سەنەدیان لەلا بێت چونکە هەبوونی سەنەد شانازییە بۆ خاوەنەکەی، ئەوەتا بوخاری الموطأ-ی مالك لەبەر دەستی دایە زۆر فەرموودەی الموطأ-ی لە صەحیحەکەیدا هێناوە، کەچی هیچیان ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەوە نەقل ناکات، بەڵکو لەڕێگای قوتابیەکانی مالك ڕیوایەتی دەکات ئەوانیش لە مالك-ەوە، ئەمە پیشەی قەومەکە بووە هەوڵداوە هەموو ووتەیەک بە سەنەدەوە نەقل بکەن ئەگینا گەر سەنەد نەبوایە ئەوا کتێبی هەر زانایەک دەبووە کۆپی کتێبی زاناکانی پێش خۆی، هەر چەندە ئەم خاڵە شایستەی وەڵام داناوەش نیە چونکە ڕوونە بەڵام ڕەچاوی حاڵی خەڵکانێک

دەکەم و دەزانم سەریان لەم باسە دەرناچێت و پرسیاریان لەلا دروست دەبێ، ئەگینا وەک ووتم ئەم خاڵە شایستەی باس کردن نیە.

محقق-ی تاريخ بغداد(٢) دەڵێ: (الفضل بن موسى السيناني) علي بن المديني دەربارەی ووتوە: فەرموودەی مونکەری ڕیوایەت کردووە.

ئەمەش چەواشەکارییە تەواوی ووتەکەی نەهێناوە.

أبو حاتم الرازي دەڵێ : صدوق صالح

الحاكم: پێشەوایەکە لە پێشەوایانی فەرموودە لەسەردەمی خۆی، سیقەیە

الفضل بن دكين دەڵێ: لە ابن المبارك چەسپاوترە

علي بن المديني : سیقەیە، لەوانەیە شتی غەریب و مونکەر ڕیوایەت بکات

وكيع دەڵێ: ثبت

يحيى بن معين دەڵێ: سیقەیە، أمير المؤمنين-ە لە فەرموودە

البخاري دەڵێ: سیقەیە

ابن سعد دەڵێ: سیقەیە

ابن حبان: لە کتێبی (الثقات) هێناویەتی

الذهبي دەڵێ: ثقة حافظ

ابن حجر دەڵێ: یەکێکە لە سیقەکان، ئینجا هەمان ووتەی علي بن المديني دووبارە دەکاتەوە دانەرانی کتێبی (تحرير تقريب التهذيب) دەڵێن: ثقة ثبت، ووتنی (لەوانەیە فەرموودەی غەریب ڕیوایەت بکات) ئەمە تەنها علي بن المديني وای ووتوە

جا تۆ واز لە هەموو ئەمانە بهێنیت ووتەیەکی قرتاوی علي بن المديني نەقل بکەیت کە تفرد-ی کردووە بێگومان چەواشەکارییە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثنا أبو نعيم ووتی: **شريك زۆر بە خراپی باسی أبو حنيفة و هاوەڵانی دەکرد، وە دەیووت: مەزهەبەکەیان ڕەتکردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەری الله-**

يه ﷺ. [السنة : 290] (سەنەدەكەی صەحيحە).

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن هارون أبو نشيط حدثنا أبو صالح الفراء سمعت الفزاري يعني أبا إسحاق ووتی: **الأوزاعي پێی ووتم: ئێمە سەرزەنشتی أبو حنيفة دەكەین لەسەر ئەوەی كە فەرموودەی بۆ دەهات لە پێغەمبەر-ەوە ﷺ كەچی پێچەوانەی فەرموودەكەی دەكرد.**
[السنة : 237] (سەنەدەكەی حەسەنە).

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو بكر البرقاني قال قرئ على إسحاق النعالي وأنا أسمع حدثكم عبدالله ابن إسحاق المدايني قال حدثنا حنبل بن إسحاق ووتی: **بيستم مامم -واتا ئيمام أحمد- دەيووت: يعقوب أبو يوسف ئينصافی هەبوو لە فەرموودەدا، بەڵام أبو حنيفة و محمد بن الحسن پێچەوانەی فەرموودەيان دەكرد، ئەم دووانەش ڕەئی خراپيان هەيە، واتا أبو حنيفة و محمد بن الحسن.**
[تاريخ بغداد : 570/2] (سەنەدەكەی صەحيحە).

ئيمام أحمد دەربارەی أبو حنيفة و هاوەڵانی دەڵێ: **وازمان لە ئەهلی ڕەئی هێنا، فەرموودەی زۆريان لەلابوو هيچمان لێيانەوە نەنوسيەوە، چونكە ئەوان عينادیان دەكرد بەرامبەر بە فەرموودە، كەس لەوان سەرفراز نابێت. [مسائل ابن هانئ للإمام أحمد : 1930] ت: زهير الشاويش**

ابن عبدالبر دەڵێ: **زۆرێك لە ئەهلی حەديث بە جائيزيان دەزانی تانە بدەن لە أبو حنيفة بەهۆی ڕەت كردنەوەی زۆربەی فەرموودە ئاحادەكانی كەسانی خاوەن عەدالەت، چونكە أبو حنيفة هەر فەرموودەيەكی پێ گەيشتبوايە عەرزی دەكرد لەسەر فەرموودەكانی تر و ماناكانی قورئان، هەر شتێك پێچەوانەی ئەوان بوايە ڕەتی دەكردەوە و بە شاز ناوی دەبرد، لەگەڵ ئەمەشدا دەيووت: طاعەتەكان لە نوێژ و جگە لەويش پێيان ناووترێ ئيمان، وە هەركەسێك لە ئەهلی سوننە كە ووتبێتی ئيمان ووتە و كرداوە ئەوا سەرزەنشتی ووتەكەی أبو حنيفة دەكەن و تەبديعی دەكەن بەهۆی ئەمەوە. [الانتقاء : 149] ط: مكتبة القدسي**

ووتم: هەرچەندە ابن عبدالبر وەك زانايانی تری خەلەف بەرگری لە أبو حنيفة دەكات بەڵام بڕوانە

دەڵێ هەرکەسێک لە ئەهلی سوننە ووتبێتی ئیمان ووتە وکردارە ئەوا تەبدیعی أبو حنیفة-ی کردووە بەهۆی دەرهێنانی کردەوە لە ئیماندا، ئایا تۆش ئامادەی وەکو ئەهلی سوننە أبو حنیفة تەبدیع بکەیت یان بە ئیمامی دەزانیت ؟

ئەمەش ووتەی پێنج کەسی شارەزا لە فەرموودە (الأوزاعي و أحمد و أبو زرعة الرازي و ابن عبدالبر وابن الجوزي) کە دان بەوە دەنێن أبو حنیفة فەرموودەی ڕەت کردۆتەوە دوای پێگەیشتنی فەرموودەکە، أبو زرعة-ش یەکێک بووە لەوانەی کە خۆی سەرەتا ئەهلی ڕەئی بووە وکاریگەر بووە بە أبو حنیفة وەکو زۆربەی خەڵکی خوراسان، وە بیانوو هێنانەوە بەوەی کە أبو حنیفة مەنهەجێکی تایبەتی هەبووە لە قبوڵ کردن و ڕەتکردنەوەی فەرموودەدا بیانوویەکی لاوازە، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا خۆی کەسێکی لاوازە لە فەرموودەدا و زانستی پێی نیە، جا لێرەدا یان دەبێت مەنهەجەکەی ئەو بەڕاست و دروست بزانین و مەنهەجی تەواوی فەرموودەناسان بەهەڵە دابنێین، وە یان بە پێچەوانەوە کە بێگومان پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەمە جگە لە گاڵتەکردنی أبو حنیفة بە فەرموودەکان دوای پێگەیشتنی بۆیە نابینین بڵێت ئەم فەرموودەیە وەرناگرم چونکە کەسێکی زەعیفی تێدایە یان ئەم عیللەتەی هەیە بەڵکو بەبێ ڕێزی و گاڵتەوە ڕەتی دەکاتەوە، وە گەر سەیری مەزهەبی حەنەفی بەگشتی و فەتواکانی أبو حنیفة بەتایبەتی بکەین دەبینین زۆر فەتوای تێدایە کە پشتی بەستووە بە فەرموودەی زەعیف ئەمەش ئەم بیانووە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بۆی دروست دەکەن گوایە لێزان بووە لە وەرگرتنی فەرموودەدا، ئایا دەکرێ بڵێین سەلەف ئەوەندە بێ ویژدان بوونە بەرامبەر أبو حنیفة و عوزرەکەیان زانیوە بەڵام لێیان قبوڵ نەکردووە ؟! یان عوزرەکە بۆ ئەوان شاراوە بووە ئێمە درکمان پێی کردووە ! وە ئەگەر بێتو ئەم بیانووە بۆ أبو حنیفة بهێنینەوە ئەوا دەبێت هەمان بیانووش بۆ موعتەزیلە بهێنینەوە کە مەنهەجێکی تایبەتیان بۆ خۆیان داناوە لە ڕەتکردنەوە و قبوڵ کردنی فەرموودە ئەوەی لەگەڵ عەقیدەیان نەگونجێت ڕەتی دەکەنەوە، أبو حنیفة-ش مەنهەجەکەی بەم شێوەیە کە فەرموودەی ئاحاد قبوڵ ناکات لە ئەحکامدا بۆیە دەبینین کۆمەڵێک فەرموودەی صەحیح بە هەوا و ئارەزووی خۆی ڕەت دەکاتەوە چونکە لەگەڵ مەزهەبە بۆگەنەی یەک ناگرێتەوە هەروەک لە بڕگەی هەشتەم باسی دەکەین.

عبدالله دەڵێ: حدثني إبراهيم بن الحجاج الناجي حدثنا **حماد بن زيد ووتى: لەلاى أبو حنيفة دانيشتم لە مەككە، پياوێک هاتە لاى ووتى: نەعلم لەبەركردووە يان ووتى: سروال-م لەبەركردووە كاتێک لە ئيحرام دابووم، يان ووتى: پێڵاوم لەپێ كردووە كاتێک لە ئيحرام دابووم -إبراهيم گومانى هەبووە كە كامەى پرسيوە- جا أبو حنيفة ووتى: لەسەرتە ئاژەڵێک سەر ببڕيت، حماد دەڵێ منيش بە پياوەكەم ووت: نەعلت دەست كەوت يان جلى خوارەوەت (إزار) دەست كەوت ؟ ووتى: نەخێر، منيش ووتم: ئەى أبوحنيفة ئەمە دەڵێ دەستم نەكەوتووە بۆيە ئەمەم پۆشيومە، أبو حنيفة ووتى: وەكو يەكە دەستى بكەوێ يان نەكەوێ (واتا هەر دەبێت ئاژەڵێک سەر ببڕێ بۆ كەفارەتى ئەم كارەى) حماد دەڵێ ووتم: حدثنا عمرو بن دينار عن جابر بن زيد عن ابن عباس ﵁ ووتى: بيستم پێغەمبەرى الله ﷺ دەيفەرموو: سراويل لەبەر بكەن ئەوانەى إزار-يان دەست ناكەوێ، وە پێڵاو لەپێ بكەن ئەوانەى نەعل-يان دەست ناكەوێ. وحدثنا أيوب عن نافع عن ابن عمر ﵁ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووى: سراويل بۆ ئەوانەى كە إزار-يان دەست ناكەوێ، وە پێڵاو بۆ ئەوانەى نەعل-يان دەست ناكەوێ. أبو حنيفة بە دەستەكانى ئاواى كرد -إبراهيم كە ڕاوى ئەم بەسەرهاتەيە دەستى جوڵاند واتا بە دەستەكانى ئاماژەى بەوەدا كە ئەم فەرموودەيە هيچ نيە- حماد دەڵێ پێم ووت: ئەى تۆ لەكوێيە ئەم فەتوايە دەدەيت ؟ أبوحنيفة ووتى: حدثنا حماد عن إبراهيم ووتى: سەربڕينى ئاژەڵى لەسەرە، إزارو نەعلى دەست بكەوێ يان نا. حماد دەڵێ: هەڵسام لەلاى، الحجاج بن أرطأة پێم گەيشت لەناو مزگەوت، منيش پێم ووت: ئەى باوكى أرطأة چى دەڵێى دەربارەى كەسێک كە ئيحرامى بەستووە سروال-ى لەبەر كردووە چونكە إزار-ى دەست نەكەوتووە ؟ وە پێڵاوى لەبەركردووە چونكە نەعل-ى دەست نەكەوتووە ؟ ئەويش ووتى: حدثني عمرو بن دينار عن جابر بن زيد عن ابن عباس كە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووى: سراويل لەبەر بكەن ئەوانەى إزار-يان دەست ناكەوێ، وە پێڵاو لەپێ بكەن ئەوانەى نەعل-يان دەست ناكەوێ. هەروەها ووتى: حدثني نافع عن ابن عمر كە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووى: سراويل لەبەر بكەن ئەوانەى إزار-يان دەست ناكەوێ، وە پێڵاو لەپێ بكەن ئەوانەى نەعل-يان دەست ناكەوێ.**

هەروەها ووتی: حدثني أبو إسحاق عن الحارث عن علي ﵁ کە دەڵێ: سراویل لەبەر بکەن ئەوانەی إزار-یان دەست ناکەوێ، وە پێڵاو لەپێ بکەن ئەوانەی نەعل-یان دەست ناکەوێ. حماد دەڵێ پێم ووت: ئەی بۆچی هاوەڵەکەتان ئاوا و ئاوا دەڵێ ؟ الحجاج ووتی: ئەو کەسە کێیە ؟ هاوەڵی کێیە ؟ قبحه الله. [السنة : 283] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: وەک دەبینین حماد بن زید دوو فەرموودەی صەحیح بۆ أبو حنیفة دەگێڕێتەوە بە سەنەدەوە، کەچی أبو حنیفة هەر سوورە لەسەر ئەوەی بە فەتوای إبراهیم النخعي فەتوا بدات و تەسلیمی فەرموودەکە نەبێ، وە بەبێ ئەدەبیەوە بە دەستەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم فەرموودەیە هیچ نیە.

إزار: ئەو پارچە قوماشەیە کە بەشی خوارەوەی لەش دادەپۆشێ، سروال: هەمان شتە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە إزار وەکو قوماشێک لەخۆتی دەئاڵێنی شوێنی نیە قاچەکانی تێبخرێ، هەرچی سروال-ە وەکو پانتۆڵی ئەم سەردەمە وایە دوو لقی هەیە قاچەکانی تێدەخرێ.

بڕگەی دووەم:
ووتنی قورئان مەخلوقە.

المعلمي اليماني دەڵێ: **بابەتی استتابە کردنی أبو حنیفة لە ووتنی قورئان مەخلوقە متواترە.** [التنکیل : 757/1] ط: دار عالم الفوائد

ووتم: کە ووترا متواترە ئیتر دەرگای موناقەشە دادەخرێ.

المعلمي دەڵێ: **زۆر سەنەدی صەحیح هەیە دەربارەی چیرۆکی استتابە کردنی أبو حنیفة لە کوفردا دوو جار، وە زۆربەی سەنەدەکان زنجیرەیەک پیاوی ناسراویان تێدایە لە نێوان فەرموودەناسی سیقە و حافزی سیقە و پێشەوای ناسراو.** [التنکیل : 752/1]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا شعيب بن حرب ووتی: **بیستم سفیان الثوري دەیووت: حەز ناکەم هاوڕایان بم لە حەقدا. عبدالله دەڵێ بە باوکم ووت: مەبەستی أبو حنیفة-یە ؟ ووتی: بەڵێ، پیاوێکە دوو جار لە ئیسلامدا استتابەی پێکراوە، عبدالله دەڵێ بە باوکم ووت: أبو حنیفة استتابەی پێکراوە ؟ ووتی: بەڵێ.** [السنة : 250] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ئەمەش ڕەددێکە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ئیمام أحمد وتوویەتی لەلامان بە صەحیحی نەچەسپاوە کە أبو حنیفة بڵێ قورئان مەخلوقە، وەک دواتر باسی دەکەین.

عبدالله دەڵێ: **بیستم باوکم** رحمه الله **دەیووت: وابزانم استتابەی پێکرا لەم ئایەتەدا:** ﴿سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ **أبو حنیفة ووتی: ئەمە مەخلوقە، پێیان ووت: ئەمە کوفرە جا استتابەیان کرد.** [السنة : 251]

ووتم: هەندێک کەس ووشەی (وابزانم) دەکەن بە بیانوو گوایە ئیمام أحمد دڵنیا نیە لە ڕووداوەکە، خۆ ڕیوایەتی پێشوو ئەم گومانە ناهێڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی ئەم گومانە دەدەینەوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني عبيدالله بن معاذ العنبري قال سمعت أبي دەیووت: **بيستم سفيان الثوري دەیووت: أبو حنيفة دوو جار استتابەی پێکرا لە کوفر.** [السنة : 254] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أحمد بن إبراهيم الدورقي حدثنا هيثم بن جميل ووتی: **بە شريك بن عبدالله-م ووت: أبو حنيفة استتابە کراوە ؟ شريك ووتی: ئەو کچانەی تازە گەیشتوونەتە خوێن بینین لە پشتی پەردەکانیانەوە هەواڵی استتابە کردنی أبو حنيفة-یان زانی.**
[السنة : 289] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: واتا استتابە کردنی أبو حنيفة هێندە ناسراو بووە لای خەڵکی تەنانەت کچانی تازە پێگەیشتووش کە لە ماڵەوەن و نایەنە دەرەوە ئەم شتەیان زانیوە بەهۆی بەر بڵاوی باسەکە.
شريك بن عبدالله ئەگەرچی لە ڕیوایەتدا زەعیفە بەڵام کارەساتی زانستی زۆر دەربارەی ئەنجام دراوە لەلایەن هەردووک محقق-ی تاريخ بغداد، ئێمە لەم کتێبەدا هیچ ڕیوایەتێکی شريك-مان نەهێناوە چونکە زەعیفە بەڵام تەنها ووتەکانیمان هێناوە چونکە زانایە و قازی کوفە بووە جا لە هەموو ووتەکانیدا ڕەئی خۆی باس دەکات دەربارەی أبو حنيفة یان ڕووداوێک باس دەکات کە زۆر ناوبانگی هەیە کە استتابە کردنە لە سەردەمی خۆیدا ڕوویداوە واتا هیچ شتێک ڕیوایەت ناکات لە کەسەوە تا بووترێ زەعیفە، ناکرێ بە بیانووی ئەوەی کە زەعیفە ڕەئیەکانی ئەو ڕەت بکەیتەوە دەربارەی أبو حنيفة، لە چەندین شوێندا شريك ڕەئی خۆی ووتوە دەربارەی أبو حنيفة کەچی هەردووک محقق دەڵێن: سەنەدەکە زەعیفە چونکە شريك زەعیفە ! شريك هیچی ڕیوایەت نەکردووە ڕەئی خۆی دەربڕیوە واتا کەسێک گەر زەعیف بوو لە ڕیوایەتدا بۆی نیە ڕەئی خۆی دەربارەی هیچ کەسێک دەرببڕێ ؟! سەیری ئەم کارەساتە زانستیە ئابڕۆبەرە کە چەندین جار هەردووک محقق دووبارەیان کردۆتەوە دەربارەی شريك و هەندێک ڕاوی تر، هەروەک لە سەرەتای کتێبەکە ئاماژەم پێدا.

الفسوي دەڵێ: حدثني الوليد بن عتبة الدمشقي -وكان ممن يهمه نفسه- حدثنا أبو مسهر حدثنا يحيى بن حمزة -وە سعيد بن عبدالعزيز دانیشتبوو- قال حدثني **شريك بن عبدالله -قازی کوفە- ووتی:**

أبو حنيفة دوو جار استتابەی پێکراوە لە زندیقیدا.
[المعرفة والتاريخ : 786/2] (سەنەدەکەی صەحیحە).

الخطيب دەڵێ: أخبرنا علي بن محمد بن عبدالله المعدل أخبرنا محمد بن أحمد بن الحسن الصواف أخبرنا عبدالله بن أحمد بن حنبل إجازة حدثني أبو معمر ووتی: **بە شريك ووترا: لەچ شتێکدا استتابەتان بە أبو حنيفة کرد ؟ ووتی: لە کوفر. [تاريخ بغداد : 524/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق و البرقاني قالا أخبرنا محمد بن جعفر بن الهيثم الأنباري قال حدثنا جعفر بن محمد بن شاكر، وأخبرنا الحسين بن شجاع الصوفي قال أخبرنا محمد بن عبدالله الشافعي قال حدثنا جعفر بن شاكر قال حدثنا رجاء وهو ابن السندي ووتی: **بیستم عبدالله بن إدريس دەیووت: أبو حنيفة دوو جار استتابە کرا، رجاء ووتی: وە بیستم ابن إدريس دەیووت: درۆ دەکات ئەوەی کە پێی وابێ ئیمان زیاد ناکات وکەم ناکات. [تاريخ بغداد : 526/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەڵێ: سەنەدەکە صەحیحە، ڕاستیش دەکات الخطيب بە دوو سەنەد ئەم ڕیوایەتەی هێناوە وەک دیارە، هی یەکەمیان ڕاوییەکان هەموویان سیقەن، هی دووەمیش بەهەمان شێوە تەنها الحسين بن شجاع صدوق-ە،کەواتە سەنەدێکی صەحیحە و سەنەدێکی حەسەنە.
محقق-ی تاريخ بغداد(٢) دەربارەی محمد بن جعفر بن الهيثم الأنباري دەڵێ: الخطيب وتوویەتی: هەندێک شتی تێدایە.
لێرەوە بۆم دەرکەوت کە ئەم محقق-ە هەمان تەعلیقەکانی الكوثري جەهمی نەقل دەکات لە کتێبی (تأنيب الخطيب) بەبێ لێکۆڵینەوە، الكوثري دەڵێ: الخطيب وتوویەتی: هەندێک شتی تێدایە، محقق هەمان ووتەکەی نەقل کردووە، بەڵام ئەمە ڕاست نیە، الخطيب دەڵێ: پرسیارم لە البرقاني کرد دەربارەی الأنباري ئایا کەس جەرحی کردووە ؟ ووتی: نەخێر، وە بیستنەکانی صەحیح بوون بە دەستوخەتی باوکی، پاشان البرقاني لە ابن أبي الفوارس گێڕایەوە کە وتوویەتی: هەندێک شتی تێدایە، وە کتێبی هەبوو بە دەستوخەتی باوکی شتانێکی چاک بوو.

جا ووتەکە بەم شێوەیە کە الخطیب لە البرقاني ئەویش لە ابن أبي الفوارس دەیگێڕێتەوە، کەچی الكوثري وتوویەتی الخطیب وادەڵێ، محقق-یش بەبێ لێکۆڵینەوە هەمان شتی لە الكوثري نەقل کردووە، پاشان ووتەکەی ابن أبي الفوارس جەرحێکی جوزئیە مفسر نیە لەگەڵ ئەوەشدا دانی پێناوە کە ئەصلی کتێبەکەی چاکە، وە زانایانی تر تەوسیقیان کردووە، جا لێرەدا کە الكوثري و محقق لەکۆی ووتەکانی البرقاني تەنها یەک ووشە دەردەهێنن نیەت گڵاویان دەردەکەوێ.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو عقيل يحيى بن حبيب بن إسماعيل بن عبدالله بن حبيب ابن أبي ثابت حدثنا غالب بن فائد حدثنا **شريك بن عبدالله ووتی: بینیم أبو حنيفة بەسەر ئەڵقەی دەرسی مزگەوتەکان دەگێڕدرا استتابەی پێ دەکرا.** [السنة : 309]

ووتم: غالب بن فائد خیلاف هەیە دەربارەی گەر زەعیفیش بێت ئەم بابەتە لەسەر ڕیوایەتەکەی ئەو نەوەستاوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أحمد بن محمد بن يحيى بن سعيد القطان حدثنا يحيى بن آدم حدثنا **شريك و حسن بن صالح: هەردووکیان شایەتیاندا کە أبو حنيفة دوو جار استتابە کراوە لە زندیقیدا.** [السنة : 319] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي رَحِمَهُ اللَّهُ ووتی: **بیستم ابن عيينة (سفيان) دەیووت: أبو حنيفة دوو جار استتابە کرا.** [السنة : 337] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثنا موسى الأنصاري ووتی: **بیستم أبو خالد الأحمر دەیووت: أبو حنيفة دوو جار استتابەی پێکرا لە شتێکی گەورەدا.** [السنة : 355] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: القحطاني دەڵێ ئەم سەنەدە حەسەنە چونکە أبو خالد الأحمر صدوق-ە !

ئەمە کاتێک ڕاست دەبوو گەر أبو خالد ڕاوی بەسەرهاتەکە بوایە بەڵام لێرەدا خۆی خاوەنی ووتەکەیە سیقە بێت یان صدوق کارناکاتە سەر پلەی سەنەدەکە و هەر صەحیحە، جگە لەوەش خیلاف هەیە دەربارەی أبو خالد کە سیقەیە یان صدوق-ە، بۆی هەیە بپرسن صەحیح بێت یان

حەسەن جیاوازی نیە هەردووکی هەر قبوڵکراوە ئیتر ئەم موناقەشەیەی بۆ چیە ؟ بەڵێ ڕاستە بەڵام بۆیە ئاماژەم بەوەدا تا بزانن محقق چەندە بە بیانوو مامەڵە لەگەڵ ڕیوایەتەکاندا دەکات.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا علي بن طلحة المقرئ والحسن بن علي الجوهري قالا أخبرنا عبدالعزيز بن جعفر الخرقي حدثنا علي بن إسحاق بن زاطيا حدثنا أبو معمر القطيعي حدثنا حجاج الأعور عن **قيس بن الربيع** ووتی: **بینیم یوسف بن عمر ئەمیری کوفە أبو حنيفة-ی لەسەر سەکۆ دانابوو استتابەی پێدەکرد لە کوفر.** [تاريخ بغداد : 523/15] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەڵێ: ئەم ڕیوایەتە زەعیفە بەهۆی قيس بن الربيع !

یەکەمیان: بەم شێوەیە نیە کە بڕا بێتەوە قیس زەعیف بێت، بەڵکو خیلاف هەیە دەربارەی، ووتەی 36 زانام خوێندەوە دەربارەی، 19 دانەیان بە زەعیفی دەزانن، 17 دانەیان بە سیقەی دەزانن یان دەڵێن لا بأس بە.

دووەمیان: بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیوە ئیتر لە ڕیوایەت کردنی فەرموودەدا زەعیف بێ یان نا ئەمە چ پەیوەندی بەوە هەیە کە شتێکی بینیبێت و بیگێڕێتەوە ؟! سوێندتان ئەدەم بە الله گەر باوکە پیرە نەخوێندەوارەکەتان لە بازاڕ بگەڕێتەوە ماڵەوە بڵێ بینیم ئەم شتە ڕوویدا لە بازاڕ، کەستان دەڵێن باوەڕ ناکەین چونکە باوکمان زەعیفە لە ڕیوایەت کردنی فەرموودەدا ؟ سەیرکەن چ کارەساتێکی زانستی ڕوودەدات لە حاشیەی هەردوو چاپەکەی تاريخ بغداد تەنها لەپێناوی بەرگری کردن لە أبو حنيفة !

یوسف بن عمر الثقفي لەنێوان ساڵانی 120 تا 127 ئەمیری کوفە بووە، دەتوانین بڵێین ئەمە استتابە کردنی یەکەمە، گریمان ساڵی 120 استتابەی کردووە ئەوا ئەوکات أبو حنيفة تەمەنی 40 ساڵ بووە لەو پەڕی پێگەیشتن دابووە ئەمەش خەیاڵ بڵاوی ئەو کەسانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێن ڕەنگە بە گەنجی ئاوا بوو بێت دواتر پێگەیشتووە بۆتە کەسێکی تر! تەمەنی 40 ساڵی ئەوپەڕی لوتکەی پێگەیشتنی مرۆڤە، دواتر ئەم گومانە خەیاڵ بڵاوی دروستکردووە ئەگینا هیچ بەڵگەیەک نیە بڵێ لە تەمەنێکدا ئاوا بووە دواتر گۆڕاوە.

محقق-ی تاریخ بغداد(٢) دەڵێ: الخطیب وتوویەتی: حجاج الأعور تێکەڵی کردووە، وە ابن معین بە کوڕەکەی حجاج-ی ووتوە: مەهێڵە کەس بێتە لای باوکت، واتا تێکەڵ دەکات کەڵکی نەماوە فەرموودەی لێوە ببیستن.

ئەمەش چەواشەکارییەکی گەورەیە کە محقق دەربارەی زۆرێک لە ڕاوییەکان ئەنجامی دەدات بەهەمان نەفەسی الکوثري تەعلیق دەدات لەسەر ڕاوییەکان، حجاج بن محمد الأعور ئیمامە سیقەیە حافزە ثبت-ە لە بەرزترین پلەکانی تەوسیق دایە، ئەوەی محقق باسیکرد الخطیب بە سەنەدێکی زەعیف ڕیوایەتی کردووە تەنانەت ڕاوییەکی تێدایە کە محقق هەمیشە دەڵێ زەعیفە کەچی لەوێدا تانەی لە ڕیوایەتەکە نەداوە هەر چەندە ڕاوییەکە زەعیف نیە بەڵام محقق زۆر دووبارەی دەکاتەوە کە ئەم ڕاوییە زەعیفە، بەڵام من هۆکاری تەزعیف کردنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە لە ڕاوییەکی مبهم باسەکە دەگێڕێتەوە، ابن سعد و ابن حزم و ابن حجر وتوویانە کە تێکەڵی کردووە لەکۆتایی تەمەنیدا کە دواجار چۆتە بغداد هەمووشیان پشتیان بە ڕیوایەتێکی زەعیف بەستووە کە إبراهیم الحربي دەڵێ: هاوڕێیەکم وای ووت، نازانین ئەم هاوڕێیەی کێیە، وە ابن حزم و ابن حجر دەڵێن: تێکەڵ کردنەکەی هیچ زیانی پێ نەگەیاندووە، ابن سعد-یش دەڵێ: سیقەیە و صدوق-ە، یحیی بن معین دەڵێ: کەسم نەدیوە لە بەصرە حفز کردنی لە حجاج پتەوتر بێ، علي بن المدیني دەڵێ: سیقەیە، ئیمام أحمد دەڵێ: ئای چەندە حفزی مەزبوتە و فەرموودە چەندە صەحیحە، المعلی بن منصور الرازي دەڵێ: لە بەصرە نەمبینی لە هاوەڵانی ابن جریج کەس وەک حجاج حفزی پتەوتر بێ، مسلم و النسائي والذهبي الجیلي والخلیلي بە سیقەیان داناوە، ابن حجر دەڵێ: یەکێکە لە چەسپاوەکان ئیجماعیان هەیە لەسەر تەوسیق کردنی، کەچی محقق هەموو ئەم ووتانە باس ناکات ئاماژە بە یەک ووتەی یحیی بن معین دەکات کە بە صەحیحی نەچەسپاوە بەڵام لە بەرژەوەندی أبو حنیفة-یە بۆیە دەیهێنێت، لەکاتێکدا زانایان نەیانووتوە حجاج ساڵی ئەوەندە تێکەڵی کردووە ئەوەی پێش ساڵی ئەوەندە لێی بیستبێ دروستە ئەوەی دواتر لێی بیستبێ زەعیفە هەروەک دەربارەی ڕاوییەکانی تر دەیڵێن کاتێک توشی ئەم حاڵە دەبن.

هەروەها محقق دەربارەی علي بن إسحاق بن زاطیا دەڵێ: ابن المنادي وتوویەتی: لم یکن بالمحمود.

ئەمەش جەرحێکی مفسر نیە، ابن السني دەڵێ: لا بأس به، الخطیب دەڵێ: صدوق-ە.

الساجي دەڵێ: حدثنا أبو حاتم الرازي حدثنا العباس بن عبدالعظیم عن **محمد بن یونس ووتی: أبو حنیفة استتابەی پێکرا چونکە دەیووت قورئان مەخلوقە، عیسى بن موسى استتابەی پێکرد.** [ابن عبدالبر نەقلی کردووە - الانتقاء : 151] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: محمد بن حاتم بن یونس الجرجرائي المصیصي-ە، سیقەیە، چونکە لێرەدا بەناوی باوکی نەهاتووە بە ناوی باپیری هاتووە هەندێک کەس نایناسن وادەزانن مەجهولە.
دەتوانین بڵێین ئەمە استتابە کردنی دووەمە، چونکە عیسى بن موسى لەنێوانی ساڵانی 132 تا 146 ئەمیری کوفە بووە، گریمان ساڵی 135 استتابەی بە أبو حنیفة-ی کردبێ، ئەوکات أبو حنیفة تەمەنی 55 ساڵ بووە تەنها 15 ساڵی ماوە لە ژیان، سەیرکە باسی کەسێک دەکەین سێ بەشی ژیانی بەسەر بردووە بەشێکی ماوە باسی گەنجێکی هەرزەکار ناکەین، هەروەک لە بڕگەی یەکەمدا هێنامان لە تەمەنی 65 ساڵی واتا 5 ساڵ بەر لەمردنی گاڵتەی بە فەرموودە کردووە و ڕەتی کردۆتەوە و فەتوای خروج کردنی داوە.

أبو زرعة الدمشقي دەڵێ: أخبرني محمد بن الولید ووتی: بیستم أبو مسهر دەیووت: **سلمة بن عمرو القاضي لەسەر مینبەر ووتی: الله ڕەحم بە أبو حنیفة نەکات، ئەو یەکەم کەس بوو کە پێی وابوو قورئان مەخلوقە.** [تاریخ أبي زرعة الدمشقي : 1330] ط: دار الکتب العلمیة
ووتم: محمد بن الولید بن هبیرة القلانسي الدمشقي صدوق-ە، أبو مسهر الغساني ئیمامێکی ناودارە، سلمة بن عمرو العقیلي قازی دمشق بووە، محقق تاریخ بغداد دەڵێ: سلمة بن عمرو مەجهولە هیچ بەڵگەیەک نیە لە ژیاننامەکەی کە نیشانی بدات سیقەیە ! ئەمە لەکاتێکدا یحیى بن حمزة دەڵێ: سیقەیە بە ئامادە بوونی الأوزاعي فەرموودەی دەووتەوە، تۆ بڵێی کەسێک مەجهول بێت جورئەت بکات لە مەجلیسێک الأوزاعي ئامادە بێت ئەویش ڕیوایەت بکات ؟ لەکاتێکدا ئەدەب و ڕێزی ئەوان بۆ زانایان بە جۆرێک بوو تا کەسانی زاناتر هەبووان ئەوانی تر جورئەتیان نەدەکرد فەرموودە ڕیوایەت بکەن لە مەجلیسدا، پاشان یحیى بن حمزة زانایەکی سیقەیە بە چ حەقێک

تەوسیق کردنی ئەو وەرناگریت و لەخۆتەوە دەڵێی هیچ بەڵگەیەک نیە کە سیقە بێت لەکاتێکدا هیچ زانایەک قسەی لەسەر نەکردووە ؟ دواتر أبو مسهر کە ئیمامی ئەهلی شامە لە فەرموودەدا ڕیوایەتی ئەم ووتەیەی کردووە لە سلمة بن عمرو خۆی لەخۆیدا ئەمە تەوسیقێکی نسبیە بۆ ئەم کەسە، دواتر ئەم کەسە قسەی خۆی کردووە دەربارەی أبو حنيفة نەهاتووە بە سەنەد قسەکە بگێڕێتەوە تا بڵێین مەجهولە، پاشان قازیش بووە زەحمەتە لەو سەردەمەدا کەسێک کە لەڕووی عەدالەت و ڕاستگۆیی نەناسراو بێت بکرێت بە قازی، ووتەکەشی کە دەڵێ: یەکەم کەس بووە وتوویەتی قورئان مەخلوقە، واتا یەکەم کەس لە کوفە، چونکە یەکەم کەس جەعد پاشان جەهم ووتیان قورئان مەخلوقە، هەروەها کە أبو مسهر دەڵێ: قال سلمة بن عمرو، الذهبي لە تاريخ الإسلام ئیثباتی بیستنی کردووە لەنێوان أبو مسهر و سلمة بن عمرو بۆیە ئەگەری پچڕان نامێنێت و لەسەر شەرطی بوخاری صەحیحە.

ابن عساكر لە تاريخ دمشق ئەمەی ڕیوایەت لە أبو زرعة الدمشقي بەڵام أبو حنيفة-ی کردووە بە أبو فلان، الذهبي-ش هەمان شتی کردووە لە تاريخ الإسلام بەڵام الخطيب وەک خۆی نەقلی کردووە لە تاريخ بغداد.

ابن قتيبة دەربارەی دەرکەوتنی فیتنەی لەفزمان بە قورئان مەخلوقە یان نا دەڵێ: **گەر خەڵکی عاقڵ بێدەنگ بن لەم باسە ئەوا جاهیلەکان بێدەنگ نابن، گەر زمانەکان بگیرێن ئەوا دڵەکان ناگیرێن، وە ئەو کەسانەی کە دەستیان دایە ئەم باسە پێشەنگیان هەبوو لە زانایانی پێش خۆیان کاتێک جەهم و أبو حنيفة قسەیان کرد دەربارەی قورئان، پێش ئەم کاتە لەنێوان خەڵکیدا ئەم باسە نەبوو، وە نەزانرابوو.** [الاختلاف في اللفظ والرد على الجهمية والمشبهة : 47] ط: دار الكتب العلمية
ووتم: بڕوانە ووتی خەڵکی جهم و أبو حنيفة-یان کردۆتە پێشەنگی خۆیان لەم بابەتەدا ! ئیمامەکەتان بۆتە پێشەنگ بۆ خەڵک لە کوفردا.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا العتيقي أخبرنا جعفر بن محمد بن علي الطاهري حدثنا أبو القاسم البغوي حدثنا زياد بن أيوب حدثني **حسن بن أبي مالك -کە لە باشترین بەندەکانی الله بوو- ووتی: بە قازی أبو**

یوسف-م ووت: أبو حنیفة چی دەووت دەربارەی قورئان ؟ ووتی: دەیووت قورئان مەخلوقە، ووتم: ئەی تۆ أبو یوسف ؟ ووتی: نەخێر. أبو القاسم دەڵێ: ئەم ووتەیەم بۆ قازی البرتي گێڕایەوە، ووتی: ئەم حەسەنە کێیە ئەم حەسەنە کێیە؟ -واتا الحسن بن أبي مالك- أبو القاسم دەڵێ: بە البرتي-م ووت: ئەمە ووتەی أبو حنیفة یە ؟ ووتی: بەڵێ ووتەی ئەو شومەیە. [تاريخ بغداد : 519/15]

ووتم: یەکێک لە معاصرین ئەم هەواڵەی بە زەعیف داناوە بەهۆی الحسن بن أبي مالك !

الحسن لە سەنەدەکەدا بەوە وەسفکراوە کە یەکێک بووە لە باشترین بەندەکانی الله، کەسێکیش ئەمە حاڵی بێت ئەستەمە درۆ بکات بە دەمی أبو یوسف، لەکاتێدا الحسن خۆی فەقیهێکی حەنەفی حەنەفی مەزهەبە و یەکێک بووە لە دیارترین قوتابیەکانی أبو یوسف، الصیمري حەنەفی مەزهەب دەربارەی الحسن بن أبي مالك دەڵێ: سیقەیە لە ڕیوایەتدا زانستی یەکجار زۆرە ڕیوایەتی گەلێک زۆرە، جگە لەمەش محقق-ی تاریخ بغداد(١) کە بەدوای بچووکترین بیانوو دەگەڕێ بۆ بە زەعیف دانانی ڕیوایەتەکان ئەم ڕیوایەتەی بە زەعیف دانەناوە، پاشان قازی البرتي کە خۆی فەقیهێکی حەنەفی مەزهەبە قوتابی محمد بن الحسن الشیباني بووە کە ئەویش قوتابی أبو حنیفة بووە، ووتەکە پشت ڕاست دەکاتەوە و ئینکاری لێ ناکات، جا کاتێک یەکێک لە نزیکترین قوتابیەکانی أبو حنیفة کە قازی أبو یوسف-ە، وە قازی البرتي کە قوتابی قوتابیەکەی أبو حنیفة بووە ئەم ووتەیە پشت ڕاست دەکەنەوە کە أبو حنیفة وتوویەتی قورئان مەخلوقە ئەوا بە نەفیکردنی کەسێکی وەک الطحاوي بۆ ئەم ووتەیە کە 89 ساڵ دوای مردنی أبو حنیفة لەدایکبووە ناتوانرێ ڕاستی بابەتەکە ئینکاری لێ بکرێت لەکاتێکدا هەواڵی استتابە کردنی أبو حنیفة لەم ووتەیە متواترە هەروەک باسمان کرد، سەیرەکە لەوەدایە ئەوەندە دەمارگیرن بۆ أبو حنیفة لەکاتێکدا دەووترێ استتابە کراوە واتا تەوبەی کردووە لەم ووتەیە، کەچی هەر ئامادە نین بڵێن بەڵێ ڕاستە ئەمەی ووتوە پاشان تەوبەی پێکراوە دوای تەوبەش هیچی لەسەر نامێنێت، بەڵام هەر لەسەر ئەوە سورن کە ئەم باسە ڕەت بکەنەوە !

وە محقق-ی تاریخ بغداد(٢) خیانەتێکی گەورەی کردووە لێرەدا دەربارەی أبو القاسم البغوي، زیاتر لە 10 زانا تەوسیقیان کردووە بە پلەی زۆر بەرز وەک: حافظ، ثبت، إمام، لە پلە بەرزەکانی

تەوسیق دایە تەنها ابن عدي و السليماني بە زەعیفیان داناوە کە هیچ زانایەک ئاوڕی لە ووتەکەی ئەوان نەداوەتەوە ئەوانەی تەوسیقیان کردوون پلە بەرزترن لەم دووانە، کەچی محقق باسی ووتەی هیچ کام لەم زانایانەی نەکردووە تەنها ووتەکەی ابن عدي نەقل کردووە !

الخطيب دەڵێ: **دەربارەی ووتنی قورئان مەخلوقە، دەووترێ أبو حنيفة وای نەووتوە، بەڵام ئەوەی ناوی دەرکردووە لێی ئەوەیە کە وای ووتوە و استتابە کراوە.** [تاريخ بغداد : 516/15]

المعلمي دەڵێ: **هەندێک ووتەی أبو حنيفة دەگەیشت بە زاناکانی دیمەشق پێیان وابوو کوفرە، وە هەندێک لەم ووتانە لە خودی کتێبی (تأنيب الخطيب)ی الكوثري هاتووە، وە ڕواڵەتی سەنەدەکانی صەحیحە. جا هیچ ڕێگرێک نیە لەوەی کە لەسەر ڕواڵەتی ئەم ووتانە حوکمی لەسەر بدەن، جا هەر کەسێک حوکمەکەی لەسەر ڕواڵەت بنیاتنا و هەڵەی کرد ئەوا عوزری هەیە.**
[التنكيل : 525/1]

ووتم: لەکوێن ئەوانەی کە ئەمڕۆ موسڵمانان بە خەواریج دادەنێن لەپێناوی أبو حنيفة ئەم ووتەیە ببینن، هەر هیچ نەبێت ئەوەندەمان پێ ڕەوا ببینن کە لەسەر سەنەدی صەحیح حوکمەکانمان بنیات ناوە.

هەر چەندە لێرەدا ووتەکەی المعلمي جۆرێکە لە بەرگری کردن لە أبو حنيفة هەروەک لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەم پێیدا، بۆیە لێرەدا المعلمي کەوتۆتە گێژاوێکەوە نازانێت چۆن خۆی دەرباز بکات، لەلایەک ڕەددی الكوثري دەداتەوە لە تەزعیف کردنی بۆ ڕیوایەتەکانی ناو کتێبی تاريخ بغداد، الكوثري لە بەرامبەردا دەیخاتە گۆشەیەکی تەسکەوە و پێی دەڵێ: کەواتە مادام ڕەددی من دەدەیتەوە و ڕیوایەتەکان بە صەحیح دەزانیت ئەوا دەبێ أبو حنيفة تەکفیر بکەیت، ئەویش لە ووڵاتێکی وەک هیند دەژی و هەر لەوێ ئەم کتێبەی نوسیوە دەمارگیری خەڵکی هیندیش بۆ أبو حنيفة و مەزهەبەکەی لە ڕاددە بەدەرە، گەر لە هیندیش نەبوایە لە هەر ووڵاتێکی تر بوایە زانایەکی وەکو المعلمي ناسراو لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاو ببێتەوە کە تەکفیری أبو حنيفة دەکات بێگومان زۆر بە قورسی لەسەری دەوەستێ جا کەریگەری سەردەم و شوێنەکە وای لێدەکات

دەرچەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە و لەو ئیلزام کردنەی الکوثري ڕزگاری بێت، ئەوەتا لەخۆیەوە دەڵێ سەلەف بۆیە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە تاکو خەڵکی شوێنی نەکەون لە هەڵەکانیدا، یان دەڵێ هەندێک ووتەی هەیە کوفرە ڕواڵەتی سەنەدەکەی صەحیحە وەک بڵێی دەیەوێ پێمانی بڵێ عیللەتی خەفیان تێدایە ! ئەی گەر تەنها بە ڕواڵەت صەحیحن بۆ زوعفی ڕیوایەتەکان ڕوون ناکەیتەوە تا خەڵکی گومڕا نەبن و تەکفیری نەکەن بە ناحەق ؟ هەر چەندە لێرەدا قسە لەسەر چەند ڕیوایەتێکی دیاریکراو دەکات کە نازانین بە دیاریکراوی مەبەستی کامەیە نەک مەبەستی هەموو ڕیوایەتەکان بەڵام هەر چۆنێک بێت مەعلومە کە ئەویش نەیتوانیوە لە کاریگەری سەردەم و دەوروبەرەکەی دەرچێت وەکو باقی خەڵکەکەی تر أبو حنیفة بە ئیمام ناو دەبات، جا لێرەدا ئێمە تەنها لەو ڕووە سوود لە المعلمي وەردەگرین کە لە قسەکردن لەسەر ڕیوایەتەکان و ڕاوییەکان زۆر بە زانستیانە قسە دەکات و ڕاستیەکان وەک خۆی باس دەکات خۆشەویستی و گەورەیی أبو حنیفة نەبۆتە ڕێگر لە بەردەمی کە ڕاستیەکان وەک خۆی ڕوون بکاتەوە لەڕووی زانستیەوە بەڵام لە ڕووەکەی تر کە تەئویل بۆ ئەم ووتانە دەکات و خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ ئەوا ئێمە ئاوڕ لە ووتەکانی نادەینەوە، هەروەک چۆن لەم بەشەدا دەبینن ووتەی کۆمەڵێک زانای خەلەفم نەقل کردووە لەدژی أبو حنیفة لەکاتێکدا دڵنیام ئەم زانایانە أبو حنیفة بە ئیمام دەزانن بەڵام ئێمە لەو ڕووەدا سوود لە ووتەکانی زاناکان دەبینین کە ڕاستیەکان وەک خۆی باس دەکەن و ڕوونی دەکاتەوە یان حەقیقەتێک وەک خۆی نەقل دەکەن، بەڵام کە دێتە سەر بیانوو هێنانەوە و بەرگری کردن لە أبو حنیفة نرخ بۆ ووتەکانیان دانانێین چونکە هیچ کام لە زانایانی خەلەف و معاصرین نەهاتوون بە تێڕوانینێکی زانستی و بەڵگەی ڕوون و پتەو بەرگری لە أبو حنیفة بکەن و ڕەددی ووتەکانی سەلەف بدەنەوە، یەکێکیان دەیەوێ بڵێ بابەتی خلق القرآن درۆیە، یەکێک دەیەوێ بڵێ عەقیدەی خروج کردنی شتێکی ئاساییە زانایانی تریش لەگەڵیدا بوونە، یەکێک دەیەوێ بڵێ مورجیئە بوونەکەی هێندە سوک و ئاسانە وەکو گوناهێکی صەغیرە وایە تەنانەت هەندێکیان کردوویانە بە خیلافی لەفزی واتا هەر مورجیئە نەبووە ! یەکێک دەیەوێ بڵێ حەسادەتی نێوان زانا و مەزهەبەکان وایکردووە قسەی پێ بڵێن، یەکێک دەیەوێ بڵێ لە فەرموودەدا ڕیوایەتی قبوڵە و

له پلەی حەسەن دایە، یەکێک دەیەوێ بڵێ فەرمووده بە صەحیحی لەلای نەچەسپاوه بۆیە ڕەتی کردۆتەوه، یەکێکی تر بێ شەرمانە دەڵێ سەلەف زوڵمیان لێی کردووه و زیادەڕەوییان کردووه بەرامبەری، ئەمە چەکی دەستی زانایانی خەلەف و معاصرین-ە بەرامبەر ئەم هەموو ووتە زۆر و زەبەندەی سەلەف کە بە هیچ بیانووێک ڕەت ناکرێتەوه تەنها بە خۆ هەڵخەڵەتاندن نەبێ.

چەند ڕیوایەتێک هاتووه کە أبو حنیفة وتوویەتی قورئان کەلامی الله یە و مەخلوق نیە:

الخطیب دەڵێ: قال النخعي حدثنا أبو بكر المروذي ووتی: **بیستم باوکی عبدالله أحمد بن حنبل دەیووت: بە صەحیحی جێگیر نەبووه لەلامان کە أبو حنیفة بڵێ قورئان مەخلوقە.**

[تاريخ بغداد : 517/15]

ووتم: ڕاوی هەواڵەکە علي بن محمد بن كأس النخعي-ە حەنەفی مەزهەبە ئەهلی ڕەئیە، الخطیب بە سیقەی داناوه، ژمارەیەک هەواڵی ڕیوایەت کردووه دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة کە تەنها ئەو ڕیوایەتی کردووه کەسی تر ڕیوایەتی نەکردووه، ئەمەش یەکێکە لەو هەواڵانە کە لەهیچ کام لەو کتێبانەی ڕیوایەتەکانی ئیمام أحمد-یان گێڕاوەتەوه ئەم ڕیوایەتەی تێدا نیە ، ئەگەر بڵێین شێک هەیە بەناوی غرائب ئەوا ئەم ڕیوایەتەی النخعي گونجاوترینە کە بووترێ غەریبە هەروەها تفرد-ی پێکردووه، هەر چەندە کتێبەکەی النخعي بەردەست نەماوه بەڵام الخطیب ژمارەیەک ڕیوایەتی لێ نەقل کردووه ئێمەش هەموومان هێناوه لە بەشی دووەمدا، دەبینی کام زانای سەلەف زۆر توند بووه بەرامبەر أبو حنیفة کەچی لەلای النخعي ڕیوایەتی هەیە کە مەدحی أبو حنیفة دەکات ! وە من گومانم لە تەوسیق کردنی الخطیب هەیە چونکە شلە لە تەوسیق کردندا، محمد خلف سلامة خاوەنی کتێبی (معجم لسان المحدثين) دەڵێ: هەندێک لەو زانایانەی جەرح و تەعدیل کە شلن لە بەکارهێنانی ووشەی (سیقە) بۆ ئەو ڕاوییانەی کە حەق وایە لە ووشەی (صدوق) زیاتر بۆیان بەکارنەیەت: الخطیب البغدادي و مسلمة بن قاسم و أبو علي الجياني وابن خلفون وابن عساكر

والذهبي.

وه محمد عوامة له تەعليق دانی لەسەر کتێبی (الكاشف)ی الذهبي دەڵێ: عادەتی ابن حجر وايه كه تەوسيق كردنی كەسانی وەک الخطيب ومسلمة بن قاسم دادەبەزێنێت بۆ صدوق.

[الكاشف : 555/2] ط: دار القبلة للثقافة الإسلامية

گەر بڵێين ئەم ڕيوايەتەی النخعي صەحيحيش بێت مانای ئەوە نيه كه استتابه كردنی أبو حنيفة له ووتنی قورئان مەخلوقه ڕاست نيه بەڵكو دەتوانين بڵێين ئيمام أحمد به سەنەدی صەحيح ئەم باسەی پێی نەگەيشتووه سەرەتا دواتر پێی گەيشتووه وەک بينيمان ووتی دوو جار استتابه كراوه، ئەی پاشان چی له زاناكانی تر دەكەن كه ئيثباتی دەكەن ؟! ئەمه لەكاتێكدا عبدالله-ی كوڕی ئيمام أحمد له باوكيەوه ڕيوايەتی كردووه كه أبو حنيفة استتابەی پێكراوه له ئايەتی ﴿سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ وەک له پێشوودا هێنامان عبدالله پرسيار له باوكی دەكات ئايا أبو حنيفة استتابه كراوه ؟ دەڵێ : بەڵێ دوو جار استتابه كراوه، جا بێگومان ڕيوايەتی كوڕەكەی پێش دەخرێت بەسەر ڕيوايەتی كەسێكی حەنەفی مەزهەبی وەكو النخعي، هەندێک كەس ڕەخنه لەم ڕيوايەتەی عبدالله دەگرن بەوەی كه ئيمام أحمد دەڵێ: وابزانم لەم ئايەتەدا استتابەی پێكرا، دەڵێن ئەمەش ووتەيەكی گوماناوييه چونكه ئيمام أحمد به دڵنياييەوه ئەم قسەيەی نەكردووه دەڵێ وابزانم ! له وەڵامدا دەڵێين: ئيمام أحمد گومانی لەوه هەبووه كه ئايا ئەم ئايەته بووه يان نا نەک گومانی له چيرۆكەكه هەبێت، دواتر گومانی ئيمامێكی وەک أحمد له حفظ-دا له يەقينی زۆرێک له خەڵكی بەهێزتره، پێشتريش ووتمان استتابه كردنی أبو حنيفة لەم بابەتەدا متواتره، گەر ئيمام أحمد به صەحيحی پێی نەگەيشتبێ ئەوا كەسانێک هەبوونه به چاوی خۆيان بينيويانه استتابه كراوه، وه زۆرێكيش ئيثباتی دەكەن وەک بينيتان، جگه له هەموو ئەمانەش الذهبي ئەم ڕيوايەتەی النخعي هێناوه به تەواوی كه الخطيب به تەواوی نەيهێناوه، كاتێک خوێندمەوه ئيتر دڵنيا بووم كه ئەم ڕيوايەته درۆيه، چونكه يەكێک شارەزای ووتەكانی ئيمام أحمد بێت هيچ گومانی له درۆيی ئەم ڕيوايەته نامێنێ هەروەک له بڕگەكانی دواتر دەبينن كه ئيمام أحمد هەڵوێستی چۆنه بەرامبەر أبو

حنيفة، جا ئەوكات بەراووردی بکەن لەگەڵ ئەم ووتەیەی کە ئێستا دەیهێنین.

الذهبي دەڵێ: قال ابن كأس حدثنا أبو بكر المروذي ووتی: **بیستم باوکی عبدالله أحمد بن حنبل دەیووت: بە صەحیحی لەلامان نەچەسپاوە کە أبو حنیفة ﵀ بڵێ قورئان مەخلوقە. المروذي دەڵێ: ووتم الحمد لله ئەی باوکی عبدالله، أبو حنیفة پلەی هەیە لە عیلمدا. ئیمام أحمد ووتی: سبحان الله ! أبو حنیفة لە عیلم و وەرع و زوهد و پێشخستنی قیامەت لە پلەیەک دایە کە هیچ کەس پێی ناگات، بە قامچی لێیدرا تا ببێتە قازی بۆ أبو جعفر، نەیکرد.**
[مناقب أبي حنيفة وصاحبيه : 43] ت: محمد زاهد الكوثري و أبو الوفاء الأفغاني
ووتم: ابن كأس علي بن محمد بن كأس النخعي-ە هەر ئەو کەسەیە کە الخطيب ڕیوایەتەکەی لێوە نەقل کردووە، وەک دیارە ڕیوایەتەکەی الذهبي درێژترە لە هی الخطيب، ڕەنگە الخطيب تەنها بەشێکی ڕیوایەتەکەی هێنا بێت، بەڵام الذهبي بە تەواوی هێناویەتی لەوانەیە الذهبي کتێبەکەی النخعي لە بەر دەستدا بێ، جا من لێرەدا هیچ ناڵێم تەنها ئەوە دەڵێم سەیری بڕگەکانی تر بکەن بزانن ئیمام أحمد هەڵوێستی چۆن بووە بەرامبەر أبو حنیفة، ئەوکات بڕیار بدەن بزانن دەتوانن بڕوا بەخۆتان بکەن کە ئەمە ووتەی ئیمام أحمد بێت دەربارەی أبو حنیفة !

الخطيب دەڵێ: أخبرنا محمد بن أحمد بن رزق قال حدثنا علي بن أحمد بن محمد القزويني قال حدثنا أبو عبدالله محمد بن شيبان الرازي العطار بالري قال سمعت أحمد بن الحسن النرمقي قال سمعت الحكم بن بشير دەیووت: **بیستم سفيان بن سعيد الثوري والنعمان بن ثابت -أبو حنيفة- دەیانووت: قورئانی کەلامی الله یە و مەخلوق نیە.** **[تاريخ بغداد : 517/15]**
ووتم: محمد بن شيبان الرازي و أحمد بن الحسن النرمقي مەجهولن.

الخطيب دەڵێ: حدثنا القاضي أبو جعفر السماني قال حدثنا الحسن بن أبي عبدالله السماني قال حدثنا الحسين بن رحمة الويمي قال حدثنا محمد بن شجاع الثلجي قال حدثنا محمد بن سماعة عن **أبي يوسف ووتی: مونازەڕەم لەگەڵ أبو حنيفة کرد شەش مانگ، تاکو ووتی: هەر کەسێک بڵێ قورئان**

مەخلوقە ئەوا کافرە. [تاريخ بغداد : 517/15]
ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە، لە بەشی دووەمدا باسی حاڵی دەکەین.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال قال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا أحمد بن الصلت قال حدثنا بشر بن الوليد عن أبي يوسف عن **أبي حنيفة ووتی: هەر کەسێک بڵێ قورئان مەخلوقە ئەوا بیدعەچیە، کەس وەک ئەو نەڵێت، وە کەس نوێژی لەدوا نەکات.** [تاريخ بغداد : 517/15]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە، لە بەشی دووەمدا باسی حاڵی دەکەین.

الخطيب دەڵێ: قال النخعي حدثنا نجيح بن إبراهيم قال حدثني ابن أبي كرامة وراق أبي بكر بن أبي شيبة ووتی: **ابن المبارك چووە لای أبو حنيفة، أبو حنيفة پێی ووت: ئەم شتە چیە لەناوتان بڵاو بۆتەوە ؟ ابن المبارك پێی ووت: پیاوێکە ناوی جەهم-ە، أبو حنيفة ووتی: چی دەڵێ ؟ ابن المبارك ووتی: دەڵێ قورئان مەخلوقە، أبو حنيفة ووتی:** ﴿كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ ۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا﴾. [تاريخ بغداد : 517/15]
ووتم: نجيح بن إبراهيم زەعیفە، ابن أبي كرامة وراق-ی ابن أبي شيبة بە أبو حنيفة نەگەیشتووە تا شتێکی لەم شێوەیە بگێڕێتەوە لە أبو حنيفة، پاشان جهم بن صفوان ساڵی 128 کوژرا ابن المبارك ساڵی 118 لەدایکبووە قسەکەی أبو حنيفة ئەو مانایە دەدات کە تازە عەقیدەکەی جەهم دەرکەوتووە ئەوکاتیش ابن المبارك لەدایک نەببوو، گریمان گەر ساڵی 128 واتا ساڵی کوشتنی جەهم أبو حنيفة ئەم پرسیارەی کردبێ ئەوا ئەوکات ابن المبارك تەمەنی 10 ساڵ بووە ئایا پرسیار لە منداڵێکی تەمەن 10 ساڵ دەکات ؟! جا ئەوکاتیش ابن أبي كرامة لەدایک نەبووە، بۆیە ڕوونە کە ئەم ڕیوایەتە زەعیفە.

الخطيب دەڵێ: قال النخعي حدثنا محمد بن شاذان الجوهري ووتی: **بیستم أبو سليمان الجوزجاني و معلى بن منصور الرازي دەیانووت: أبو حنيفة و أبو يوسف و زفر و محمد و هیچ کام لە هاوەڵانیان قسەیان نەکرد دەربارەی قورئان، بەڵکو بشر المريسي و ابن أبي دؤاد قسەیان**

کرد دەربارەی قورئان، جا ئەمانە هاوەڵانی أبو حنيفة-یان ناشرین کرد. [تاريخ بغداد : 518/15]
ووتم: أبو سليمان الجوزجاني و معلى من منصور الرازي دوو حەنەفی مەزهەبن کە لەدوای مردنی أبو حنيفة لە دایکبوونە، پاشان کاتێک بشر المريسي و ابن أبي دؤاد ڕۆڵیان بینی لە فیتنەی خلق القرآن ئەوکات ساڵی 218 بوو 68 ساڵ بەسەر مردنی أبو حنيفة تێپەڕ ببوو، ئێمە ڕیوایەتی ئەو زانایانەمان هێنا کە پێش دروست بوونی فیتنەی خلق القرآن مردوون بینیمان أبو حنيفة-یان کردووە، بۆیە ووتەی ئەوان لەپێشترە وەک لە ووتەی کەسێک کە دوای مردنی أبو حنيفة لە دایکبووە.

البيهقي دەڵێ: قرأت في كتاب أبي عبدالله محمد بن محمد بن يوسف بن إبراهيم الدقاق بروايته عن القاسم بن أبي صالح الهمذاني عن محمد بن أيوب الرازي ووتی: بيستم محمد بن سابق دەیووت: **پرسیارم لە أبو يوسف کرد ووتم: ئایا أبو حنيفة دەیووت قورئان مەخلوقە ؟ ووتی: پەنا بە الله، منیش واناڵێم، ووتم: ئایا عەقیدەی وەک عەقیدەی جەهم بوو ؟ ووتی: پەنا بە الله، منیش واناڵێم. البيهقي دەڵێ: ڕاوییەکان سیقەن.** [الأسماء والصفات : 550] ت: عبدالله الحاشدي
ووتم: سەیری کتێبی (إتحاف المرتقي بتراجم شيوخ البيهقي)م کرد تاکو ژیاننامەی شێخەکەی بزانم، بەڵام نەمبینی ناوی (أبو عبدالله محمد بن محمد بن يوسف بن إبراهيم الدقاق)ی تێدا بێت، کە لەم کتێبەدا تەواوی شێخەکانی البيهقي کۆکراونەتەوە، شێخی تری هەیە بەناوی أبو عبدالله الدقاق بەڵام کەسێکی ترە و ناوێکی تری هەیە ئەم ناوە نیە، وە البيهقي شلە لە تەصحیح کردندا، هەروەها محقق-ی کتێبەکە لە حاشیەی ئەم ئەثەرەدا دەڵێ: ڕاوییەکان سیقەن تەنها أبو عبدالله الدقاق نەبێ نایناسم، بۆیە هەر کەسێک بڵێ فلان سیقەیە یان سەنەدەکە صەحیحە مولزەم نین بەوەی قبوڵی بکەین چونکە زانا هەیە شلە تەصحیحدا یان شلە لە تەعدیل کردندا دەبێ بزانین لەم حوکمەدا پێکاویەتی یان نا، بۆیە کاتێک ڕاوییەک دەڵێ: (حدثني ثقة) واتا سیقەیە لەلای بەڵام ناوی نەووتوە، زانایان قبوڵی ناکەن دەڵێن ئەگەرچی لەلای ئەو سیقە بووە بەڵام چونکە ناوی نەهێناوە لەلای ئێمە بە مەجهول حیسابە چونکە ڕەنگە لای ئەو سیقە بێت لای ئێمە وانەبێت، جا لێرەدا

ڕاسته البيهقي ناوى هێناوه بەڵام نەماندۆزییەوە و نەمانزانی حاڵی چۆنە.

البيهقي دەڵێ: أنبأني أبو عبدالله الحافظ إجازة أخبرنا أبو سعيد أحمد بن يعقوب الثقفي حدثنا عبدالله بن أحمد بن عبدالرحمن بن عبدالله الدشتكي قال سمعت أبي دەیووت: **بیستم أبو يوسف القاضي دەیووت: قسەم لەگەڵ أبو حنيفة کرد ساڵێکی تەواو دەربارەی ئەوەی قورئان مەخلوقە یان نا، جا ڕەئی ئەو و ڕەئی من یەکی گرت لەسەر ئەوەی هەر کەسێک بڵێ قورئان مەخلوقە ئەوا کافرە. البيهقي دەڵێ: أبو عبدالله ووتی: هەموو ڕاوییەکان سیقەن.** [الأسماء والصفات : 551]

ووتم: أبو عبدالله واتا الحاكم خاوەنی المستدرك، الحاكم-یش ناسراوە بە شلیەتی لە تەصحیح کردنی فەرموودەدا چ جای ئەثەر، تەنانەت فەرموودە هەیە درۆیە ئەو بە صەحیحی داناوە لەسەر شەرطی البخاري و مسلم یان یەکێکیان، هەروەها محقق-ی کتێبەکە دەڵێ: ئەم سەنەدە زەعیفە (أحمد بن يعقوب الثقفي) نایناسم، هەروەها (عبدالله بن أحمد الدشتكي) الذهبي لە کتێبی (ميزان الاعتدال) لە ژیاننامەی الدشتكي دەڵێ: علي بن محمد بن مهرويه القزويني ڕیوایەتی لێوە کردووە جا فەرموودەیەکی درۆی باسکرد.

اللالكائي دەڵێ: سمعت أبا الحسن علي بن محمد بن عمر الفقيه الرازي يقول سمعت أبا بكر محمد بن مهروية الرازي يقول وهو معي في الطريق يسعى إلى تعزية إنسان فقال سمعت محمد بن أبي أيوب يقول سمعت محمد بن سعيد بن سابق دەیووت: **بە أبو يوسف القاضي-م ووت: تۆ دەڵێی قورئان مەخلوقە؟ ووتی: نەخێر، وەکو سەرزەنشت کردنم، نە ئەو -واتا أبو حنيفة- نە منیش وادەڵێم.**
[شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 470] ت: أحمد الغامدي

ووتم: ابن حجر لە کتێبی (لسان الميزان) لە ژیاننامەی (منصور بن عبدالله أبو علي الذهلي الخالدي الهروي) فەرموودەیەک دەهێنێت کە سەنەدەکەی منصور الخالدي و أبو بكر محمد بن مهروية تێدایە، جا ابن حجر دەڵێ: ابن عساكر ووتی: ڕاوییەکانی سیقەن تەنها الخالدي و ابن مهروية نەبێت، کەواتە محمد بن مهروية بە زەعیف داناوە، هەر لە (لسان الميزان) لە ژیاننامەی أبو بكر محمد بن مهروية الرازي دەڵێ: ابن عساكر تۆمەتباری کردووە بە درۆ.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أحمد بن محمد بن مسلم حدثنا علي بن الحسن الكراعي ووتی: **أبو يوسف ووتی: مونازەڕەم لەگەڵ أبو حنيفة-دا كرد ماوەی شەش مانگ، جا ڕەئی هەردووكمان يەكبوو لەسەر ئەوەی هەر كەسێك بڵێ قوڕئان مەخلوقە ئەوا كافرە.**

[الذهبي نەقلی كردووە - العلو للعلي العظيم : 370] ت: عبدالله البراك

ووتم: أحمد بن محمد بن يزيد بن مسلم ناسراو بە (ابن أبي الخناجر) گەر ئەو بێت سيقەيە، علي بن الحسن البزاز التميمي الرازي ناسراو بە (كراع) گەر ئەو بێت دەتوانين بڵێين صدوق-ە، هەر چەندە تەصريحی نەداوە بە سماع دەڵێ: (قال أبو يوسف) بەڵام هاو سەردەمی أبو يوسف-ە هەروەها لە كوفە ژياوە ماوەيەك بۆيە لەسەر شەرطی مسلم دەتوانين بە سەنەدێكی متصل هەژماری بكەين، بەم پێيەش دەتوانين بڵێين ئەم سەنەدە حەسەنە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نيە كە سەرەتا نەی ووتبێ قوڕئان مەخلوقە دەكرێ دواتر عەقيدەی گۆڕا بێت چونكە بابەتی استتابە كردنی متواترە بە هيچ شتێك لا ناچێت لەسەری، جا با وای دابنێين كە أبو حنيفة پەشيمان بۆتەوە لە ووتنی قوڕئان مەخلوقە، بەڵام چەند خاڵێك هەيە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم:

يەكەم: أبو حنيفة دوو جار استتابەی پێكراوە بەهۆی ووتنی قوڕئان مەخلوقە، ئەمەش مانای ئەوەيە دوای استتابە كردنی يەكەم دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ووتەكەی خۆی بۆيە دوو جار استتابە كراوە، ئەمە لەكاتێكدا نەوەكەی أبو حنيفة (إسماعيل بن حماد بن أبي حنيفة) دەڵێ: ووتنی قوڕئان مەخلوقە دينی باب و باپيرمە، ئەمەش ناڕوونی عەقيدەی أبو حنيفة نيشان دەدات لەم بابەتەدا، وە بە سەنەدی زەعيفيش هاتووە كە نەوەيەكی تری بەناوی (عمر بن حماد بن أبي حنيفة) دەڵێ: باپيرم لە ترسی كوشتن تەوبەكردنی نيشانداوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو موسى الأنصاري ووتی: **بيستم إسماعيل بن حماد بن أبي حنيفة دەيووت: ئەمە دينی من و دينی باب و باپيرانمە، واتا ووتنی قوڕئان مەخلوقە.**

[السنة : 221] (سەنەدەكەی صەحيحە).

ووتم: محقق دەڵێ أبو موسى الأنصاري سيقەيە بەڵام إسماعيل زەعيفە كەواتە سەنەدەكە زەعيفە!

والله المستعان ئاخر إسماعيل هیچی ڕیوایەت نەکردووە تا بڵێین زەعیفە هاتووە عەقیدەی خۆی باسکردووە، ئێستا من کەسێکم توانای لەبەر کردنم لاوازە دەڵێم قورئان کەلامی الله یە و مەخلوق نیە، دەکرێ بڵێن ووتەکەت وەرناگرین تۆ زەعیفی ؟ ئێ من عەقیدەی خۆم باس دەکەم خۆ هیچ شتێکم ڕیوایەت نەکردووە تا بڵێن تۆ زەعیفی، دەبێ من لە ڕیوایەتدا توانای لەبەر کردنم زۆر باش بێت ئینجا بۆم هەیە باسی عەقیدەی خۆم یان باوک و باپیرم بکەم ؟! ئەمە چ کارەساتێکە دەگوزەرێ ! لەکاتێکدا ئەم سەنەدە دەبوو بە زەعیف گەر أبو موسی الأنصاري زەعیف بوایە نەک خاوەنی ووتەکە.

ابن عدي دەڵێ: أخبرنا زكريا الساجي حدثنا أبو حاتم الرازي حدثنا إسحاق بن موسى الأنصاري حدثنا سعيد بن سلم الباهلي ووتی: **بیستم إسماعيل بن حماد بن أبي حنيفة لە ماڵی مەئمون دەیووت: قورئان مەخلوقە، ئەمە دینی منە و دینی باوکمە و دینی باپیرمە.**

[الكامل في ضعفاء الرجال : 125/2] ت: السرساوي (سەنەدەکەی حەسەنە).

ووتم: زكريا الساجي و أبو حاتم الرازي و إسحاق بن موسى الأنصاري سێ ئیمامی گەورەن قسەیان لەسەر ناکرێ، ئەوەی دەمێنێتەوە سعيد بن سلم الباهلي، کە ناوی تەواوی سعيد بن سلم بن قتيبة بن مسلم بن عمرو البصري الباهلي-ە

العباس بن مصعب المروزي دەربارەی دەڵێ: زانا بوو بە فەرموودە و زمانی عەرەبی، الخطيب لە تاريخ بغداد نەقلی کردووە.

الذهبي لە تاريخ الإسلام دەڵێ: بەرچاو ڕۆشن بوو بە فەرموودە و زمانی عەرەبی، فەرموودەی بیستووە لە ابن عون و القاضي أبو يوسف و جگە لەوانیش، وە علي بن خشرم و ابن الأعرابي و محمود بن غيلان ڕیوایەتیان لێوەی کردووە، هەروەها دەڵێ: ابن أبي حاتم دەڵێ: بیستم باوکم دەیووت: چوومە لای فەرموودەی لەلا بوو لە ابن عون-ەوە، صدوق-ە.

سەیری کتێبی (الجرح والتعديل لابن أبي حاتم)م کرد ژیاننامەکەی بەم شێوەیە هاتووە:

ابن أبي حاتم دەڵێ: **سعيد بن سالم البصري: روى عن ابن عون، روى عنه ..... حدثنا عبدالرحمن قال سمعت أبي يقول: أتيته وكان عنده حديث عن ابن عون وكان محله الصدق.**
[الجرح والتعديل : القسم الأول/المجلد الثاني/31] ت: المعلمي اليماني

ووتم: ناوی باوکی لە سلم بۆتە سالم کە ئەمەش هەڵەیە، المعلمي اليماني کە محقق-ی کتێبەکەیە لە حاشیەکەیدا دەڵێ: لە نوسخەی کۆپرلی سالم بۆتە سلم. (واتا وەک خۆی هاتووە)

کەواتە هەر هەمان سعيد بن سلم الباهلي-ە وەک لە نوسخەی کۆپرلی هاتووە، چونکە المعلمي لە تەحقیقەکەیدا پشتی بە سێ نوسخەی دەست نوس (مخطوط) بەستووە نوسخەی کۆپرلی (ك) و نوسخەی ملا مراد (د) و نوسخەی دار الكتب المصرية (م) جا لەهەر شوێنێکدا خیلاف هەبێت لەنێوان نوسخەکاندا ئەوا لە حاشیە ئاماژەی پێدەدات وەک هەر محققێکی تر، وەک بینیتان ژیاننامەکە تۆزێک کەم و کورتی تێدایە بەڵام ئەوەی الذهبي لە تاريخ الإسلام نەقلی کردووە لە ابن أبي حاتم ئەو کەم و کورتیە پڕ کردۆتەوە، وە بێگومان ئەو نوسخەیەی کتێبەکە کە لەبەر دەستی الذهبي بووە بە نرخترو گرنگترە لەو نوسخانەی کە ئەمڕۆ بەردەستن، جا کاتێک الذهبي بە سعيد بن سلم نەقلی دەکات بۆمان دەردەکەوێ کە نوسخەکەی کۆپرلی ڕاستە دوو نوسخەکەی تر هەڵەن کە کراوە بە سعيد بن سالم، کەواتە ڕیوایەتەکە حەسەنە و سعید مەجهول نیە، بینیم هەندێک بە مەجهولی دادەنێن بەهۆی ئەو هەڵەیەی کە لەناوی باوکیدا کراوە بۆیە درێژەم بە ڕوونکردنەوەدا لەسەری، هەروەها محقق-ی تاريخ الإسلام (عمر عبدالسلام تدمري) لە ژیاننامەی سعيد بن سلم لە حاشیەکەدا بە کورتی ئاماژەی بەم هەڵەیە داوە.

وە خودی المعلمي لە (التنكيل) ئاماژەی پێداوە کە سعيد بن سلم صەوابە وەک دواتر باسی دەکەین لە ڕیوایەتێکی تردا.

المعلمي دەڵێ: **ووتنی قورئان مەخلوقە زۆر بەربڵاو بووە لە أبو حنيفة-ەوە، نەوەکەی أبو حنيفة إسماعيل لەکاتی فیتنەی خلق القرآن هاواری دەکرد و دەیووت: ئەمە دینی باب و باپیرمە.**
[التنكيل : 526/1]

ووتم: جا لێرەدا دەووترێ نەوەکەی أبو حنيفة واتا إسماعيل کەسێکی زەعیف بووە لە ڕیوایەتدا قسەکەی قبوڵ نیە، ئێمەش دەڵێین بەڵێ خۆیی و باوک و باپیری زەعیفن بەڵام خۆ ئەمە ڕیوایەت نیە تا بووترێ زەعیفە باسی عەقیدەی خۆیی و باوک و باپیری دەکات، بێگومان هەریەکێک لە ئێمە چاک دەزانێ عەقیدەی باوک و باپیری چۆنە گەر ژیا بێت لەگەڵیان، ئیتر ئەوەتان بە دەستەوە ماوەتەوە کە بڵێن چونکە خۆی وتوویەتی قوڕئان مەخلوقە ئیتر بە درۆ داویەتیە پاڵ باوک و باپیریشی، بەڵام لەمەدا هیچ بەڵگەیەکتان نیە کە بیسەلمێنن إسماعيل ئەم ووتەیەی بە درۆ هەڵبەستاوە بەناوی باوک و باپیری چونکە ئەگەرچی زەعیفیش بێت لە ڕیوایەت بەڵام بە درۆزن دانەنراوە، وە من دڵنیام گەر بێتو إسماعيل هەر بەم حاڵەیەوە بیووتبا باپیرم نەیدەووت قوڕئان مەخلوقە، ئێستا هەر ئێوە دەتانووت ئەوەتا نەوەکەی دەڵێ باپیرم وای نەووتوە بێگومان نەوەکەی باشتر ئاگاداری حاڵی باپیریەتی و قسەی ئەو لە پێش قسەی زاناکانی ترە، سەبارەت بەوەش کە ابن عبدالبر ڕیوایەتی کردووە کاتێک إسماعيل دەڵێ ئەمە دینی من و باوک و باپیرمە بشر بن الوليد پێی دەڵێ ڕەئی تۆیە بەڵام ڕەئی باوک و باپیرت نیە، لە بەشی دووەم ئەم ڕیوایەتەمان هێناوە و ڕوونمان کردۆتەوە کە زۆر زەعیفە، جگە لە هەموو ئەمانەش کۆمەڵێک زانا هەن دوای مردنی أبو حنيفة ژیاون کەچی ئیثباتی ئەوە دەکەن کە وتوویەتی قوڕئان مەخلوقە و بەمە لەکەداری دەکەن، وە زانیمان بابەتی استتابە کردنی متواترە کەواتە بۆ ئەم زانایانە گوێ بە استتابەکە نادەن و هەر باسی ئەم بابەتە دەکەن ؟! خۆی لەخۆیدا ئەمە جێگای تێڕامانە.

دووەم: أبو يوسف کە نزیکترین قوتابی أبو حنيفة بووە دەڵێ: شەش مانگ مونازەرەم لەگەڵی کرد تاکو قەناعەتم پێی هێنا کە ئەوەی بڵێ قوڕئان مەخلوقە کافرە، ئەمەش دووبارە خراپی عەقیدەکەی نیشان دەدات لەم بابەتەدا ئەگینا بۆ شەش مانگ دەخایەنێ ؟! ئیمامەکەتان پێویستی بە شەش مانگ بووە تا قەناعەت بکات ئەوەی بڵێ قوڕئان مەخلوقە کافرە !

سێیەم: هەریەک لە (يحيى بن معين و أبو زرعة الرازي) أبو حنيفة بە جەهمی ناو دەبەن و ئەوە جێگیر دەکەن لەسەری کە وتوویەتی قوڕئان مەخلوقە، ئەمەش جێگای هەڵوەستە

لەسەرکردنە چونکە ئەم دووانە دوای أبو حنیفة ژیاون واتا ئاگاداری استتابەکەن، هەردووکیشیان سەرەتا کاریگەر بوونە بە أبو حنیفة، یحیی بن معین سەرەتا لەلای محمد بن الحسن الشیباني خوێندوویەتی کە دیارترین قوتابی أبو حنیفة بووە دوای أبو یوسف، تەنانەت هەندێک لە زانایان پێیان وایە یحیی بن معین لە فیقهدا حەنەفی مەزهەبە، کەچی بە صەحیحی لە یحیی بن معین هاتووە کە أبو حنیفة-ی بە جەهمی ناوبردووە، وە أبو زرعة الرازي بە حوکمی ئەوەی لە خوراسان ژیاوە وەکو زۆرینەی خەڵکەکەی ئەوێ کاریگەر بوونە بە أبو حنیفة و ڕەئیەکانی، دواتر گومڕایی أبو حنیفة-ی بۆ دەرکەوتووە و وازی لێ هێناوە هەروەک دواتر دێینە سەری، جا کاتێک ئەم دووانە جێگیری دەکەن لەسەر أبو حنیفة کە وای ووتوە ئەوا بەتاڵ کردنەوەی ئەوەی کە أبو حنیفة لەسەر ئەم عەقیدەیە مردووە شتێکی ئاوا ئاسان نیە، ئەگەرچی نیازی ئەوەشم نیە بە زۆر بەسەریدا بسەپێنم بەڵکو وەک یەدەگ وەرگرتن بۆ ئەوە دەچم کە تەوبەی کردبێ، بەڵام لێرەدا دەمەوێ نیشانی بدەم ئەو کەسەی کە ئێوە کردووتانە بە ئیمام ئەمە حاڵیەتی دوو جار استتابەی پێکراوە لەسەر قورئان، ڕوونیش نیە تەوبەی کردووە یان بەدرۆ وای نیشانداوە وەک نەوەکەی باسی دەکات.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا العتیقي قال حدثنا تمام بن محمد بن عبدالله الرازي بدمشق قال أخبرنا أبو المیمون عبدالرحمن بن عبدالله البجلي قال سمعت مضر بن محمد البغدادي دەیووت: **بیستم یحیی بن معین دەیووت: محمد بن الحسن الشیباني درۆزن بوو جەهمیش بوو، أبو حنیفة جەهمی بوو بەڵام درۆزن نەبوو.** [تاریخ بغداد : 580/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: (مضر) بۆتە (نصر) لە هەردوو چاپەکەی تاریخ بغداد ئەمەش هەڵەیە، المعلمي لە التنکیل ڕاستی کردۆتەوە.

هەندێک دەڵێن أبو حنیفة وتوویەتی جەهم کافرە ئیتر چۆن خۆی دەبێتە جەهمی یان دەڵێ قورئان مەخلوقە ؟

سەبارەت بە تەکفیر کردنی جەهم لەلایەن أبو حنیفة تەنها لە ڕێگای یحیی الحماني هاتووە

له [تاريخ بغداد : 515/15] كه ئەویش خیلافێکی زۆر هەیە دەربارەی سیقەیە یان نا، بەڵام بە سەنەدێکی تر هاتووە لە [تاريخ بغداد : 514/15] كە صەحیحە أبو حنيفة دەڵێ: جەهمیە و مشبهة خراپترین دوو پۆلی خوراسانن، بەڵام ئەمە ڕێگر نیە لەوەی کە بڵێ قورئان مەخلوقە، چونکە سەلەف پیشەیان بووە هەر کەسێک بڵێ قورئان مەخلوقە دەڵێن جەهمیە جا هەر عەقیدەیەکی هەبێت، بۆیە تەکفیر کردنی جەهم یان بە خراپ وەسفکردنی ڕێگر نیە لەوەی کە بڵێ قورئان مەخلوقە چونکە جەهم کۆمەڵێک کوفری تێدا کۆ ببوویەوە، موعتەزیلەش دەڵێن قورئان مەخلوقە و کۆمەڵەیەکی جیان لە جەهمیەکان، بۆیە گونجاوترین کار بۆ خۆشەویستان و دەمارگیرانی أبو حنيفة ئەوەیە کە بڵێن بەڵێ وتوویەتی قورئان مەخلوقە بەڵام استتابە کراوە و تەوبەی کردووە، دوای تەوبەکردنیش هیچی لەسەر نامێنێت، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەوان ئینکاری بابەتی استتابە کردنی أبو حنيفة بکەن هەمیشە ئەم بابەتە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بڕگەی سێیەم:

هەبوونی عەقیدەی جەهمی لە بابەتی ئیماندا

الفسوي دەڵێ: حدثني علي بن عثمان بن نفيل حدثنا أبو مسهر حدثنا يحيى بن حمزة -وە سعيد گوێی گرتبوو- ووتی: **أبو حنيفة ووتی: گەر کەسێک ئەم نەعلە بپەرستێ بۆ نزیک بوونەوە پێی لە الله، ئەوا نابینم هیچی تێدا بێ. سعید ووتی: ئەمە کوفرێکی صەریحە.**

[المعرفة والتاريخ : 784/2] ت: أكرم ضياء العمري **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: پێم خۆشە بەدرێژی لەسەر ئەم سەنەدە بدوێم چونکە کوفرێکی بەواحە و هیچ بیانووێک هەڵناگرێ، دەمارگیرانیش بۆ أبو حنيفة لە معاصرین هەستیان بەم کوفرە بەواحە کردووە بۆیە دەستیان داوەتە بیانوو هێنانەوە بۆ بە زەعیف دانانی ئەم سەنەدە، ئەم ڕیوایەتە لەلای الخطيب هاتووە لە تاريخ بغداد، وە لەلای ابن حبان هاتووە لە المجروحين، زۆربەیان قسە لەسەر ڕیوایەتەکەی الخطيب و ابن حبان دەکەن، گوایە سەنەدەکەی الخطيب محمد بن جعفر بن درستويه-ی تێدایە کە کەسێکی زەعیفە زەعیفیش نیە هەروەک المعلمي لە [التنكيل : 478/1-487] ڕەددی الكوثري داوەتەوە، سەیرەکە لەوە دایە محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەڵێ: سەنەدەکەی الخطيب صەحیحە بەڵام مەحاڵە کەسێکی عامی قسەی ئاوا بکات چ جای أبو حنيفة ! وە دەڵێن سەنەدەکەی ابن حبان کەسانی مەجهولی تێدایە کە ئەمەیان ڕاستە، بەڵام وازیان لە سەنەدەکەی الفسوي هێناوە کە بە سەنەدێکی عالی ڕیوایەتی کردووە کە تەنها سێ کەس لەنێوان خۆیی و أبو حنيفة-دا هەیە، ئێستاش باسی ئەم سێ کەسە دەکەین بزانین حاڵیان چۆنە لەڕووی جەرح و تەعدیلەوە، چونکە وەک ووتم ئەم سەنەدە بەسە بۆ حوکمدان لەسەر کافر بوونی أبو حنيفة.

ڕاوی یەکەم: (علي بن عثمان بن نفيل)

النسائي دەڵێ: ثقة

الذهبي دەڵێ: صدوق

ابن حجر دەڵێ: لا بأس به

مسلم بن القاسم الأندلسي دەڵێ: ثقة

له کتێبی (تحرير تقريب التهذيب) هاتووه: سيقەيە، کۆمەڵێک کەسی سيقه ڕیوايەتيان لێوەی کردووه لەوانه النسائي، وه هيچ جەرحێکی تێدا نەزانراوه.

ووتم: سەيرەکه لەوه دايه هەندێک له معاصرين دەڵێن علي مەجهوله !

ڕاوی دووەم: (أبو مسهر الغساني)

أبو حاتم الرازي دەڵێ: ثقة

ابن حبان دەڵێ: ئيمامی ئەهلی شامه له حفظ و إتقان دان، وه مەرجەعيانه له جەرح و تەعديلی شێخەکانياندا.

أبو داود دەڵێ: کان من ثقات الناس

الحاکم دەڵێ: إمام ثقة

أبو يعلى الخليلي دەڵێ: ثقة حافظ إمام متفق عليه

أحمد بن حنبل دەڵێ: رحم الله أبا مسهر ما کان أثبته. واتا چەندە پتەو بووه له حفظ دا.

أحمد بن صالح الجيلي دەڵێ: ثقة

ابن حجر العسقلاني دەڵێ: ثقة فاضل

الذهبي دەڵێ: له گەورەترين و فەصيحترين و حافزترينی زانايانه.

محمد بن عثمان التنوخي دەڵێ: له شام هيچ کەس نيه وەک أبو مسهر، حافزترين کەسه.

محمد بن وضاح دەڵێ: ئيمامه شێخی شامه، له گەورەترين و فەصيحترين و حافزترينی زانايانه.

ڕاوی سێيەم: (يحيى بن حمزة)

يحيى بن معين دەڵێ: ثقة

علي بن المديني دەڵێ: لەلای هاوەڵانمان سيقەيه

أبو حاتم الرازي دەڵێ: صدوق

العجلي دەڵێ: ثقة
الذهبي دەڵێ: قازی دیمەشق، ئیمامێکی سیقەیە
أبو داود دەڵێ: ثقة
الفسوي دەڵێ: سیقەیە ناسراوە
هشام بن عمار دەڵێ: قازی دیمەش بوو سیقە بوو
دحیم دەڵێ: سیقەیە زانایە، گومانم نیە زانایە
ابن الغلابي دەڵێ: سیقەیە

جا بەرگریکەران لە أبو حنیفة ئەمە دەکەن بە بیانوو کە (یحیی بن حمزة) خەڵکی دیمەشق بووە، أبو حنیفة-ش لە عیراق بووە هەرگیز نەچۆتە دیمەشق، یحیی هاوەڵایەتی أبو حنیفة-ی نەکردووە ئیتر ئەم ووتەیەی چۆن بیستووە لە أبو حنیفة ؟ بۆیە بەم بیانووە هاتوون سەنەدەکە بە زەعیف دادەنێن. لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ ڕاستە أبو حنیفة نەچۆتە شام بەڵام دەیسەلمێنین یحیی هاتۆتە عیراق بگرە چۆتە کوفە لە سەردەمی أبو حنیفة-دا تەنانەت یحیی ڕیوایەتی هەیە لە سفیان الثوري کە سفیان لەیەک شار و لەیەک کاتدا لەگەڵ أبو حنیفة ژیاوە، ئیتر بۆ دەبێت أبو حنیفة-ی نەدیبێ ؟ گەر دەڵێن: ئەگەر بینیویەتی بۆچی ڕیوایەتی لە أبو حنیفة نەکردووە ؟ دەڵێین: جا کوا ئەهلی سوننە ڕیوایەت لە أبو حنیفة دەکەن تاکو یحیی ڕیوایەتی لێ بکات ؟ ئەوەتا کتێبەکانی فەرموودە بەتاڵە لەناوی أبو حنیفة، پاشان یحیی ئەم کوفرەی لێدیوە ئیتر چۆن ڕیوایەت لە کافر دەکات ؟ ئێستاش بەڵگەکان دەخەینە ڕوو کە یحیی چۆتە عیراق تەنانەت شارەکەی أبو حنیفة کە کوفەیە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: **پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی فەرموودەیەک کە یحیی بن حمزة ڕیوایەتی دەکات لە سلیمان بن داود پێم ووت: ئەم سلیمان-ە کێیە ؟ باوکم ووتی: هەندێک خەڵک دەڵێن: سلیمان بن أرقم-ە.**
باوکم ووتی: یحیی بن حمزة هاتە عیراق، جا خەڵکی وادەبینن (أرقم) نازناوی سلیمان بێ، داود-یش

ناوی باوکی بێت. وە هەندێک خەڵک دەڵێن: سليمان بن داود الدمشقي-ە شێخی يحيى بن حمزة، جا نازانم ئەم سليمانە کامەيانە، وە پێم وانيە ديمەشقيەکە بێت. وە دەووترێ: ئەم فەرموودەيان لە عيراق بيستووە لە فەرموودەی سليمان بن أرقم.

[العلل لابن أبي حاتم : 644] ت: فريق من الباحثين - بإشراف وعناية: سعد الحميد و خالد الجريسي

ووتم: أبو حاتم الرازي ووتی کە يحيى هاتۆتە عيراق ئەمەش بەڵگەيە کە ئەگەری بينينی أبو حنيفة هەيە لەلايەن يحيى، هەروەها (سليمان بن داود يان بن أرقم) کە شێخی يحيى بن حمزة-يە خەڵکی بەصرەيە کونيەکەی (أبو معاذ البصري)ە وەک لە تهذيب الكمال و تقريب التهذيب هاتووە.

أبو الحجاج المزي: لە ژياننامەی (يحيى بن حمزة) ناوی شێخەکانی يحيى دەهێنێت لە چوارچێوەی ئەواندا ناوی سفيان الثوري دەهێنێت، کە هاوشار و هاوسەردەمی أبو حنيفة بووە. **بڕوانە** [تهذيب الكمال : 31/278-279] ت: بشار عواد معروف

ابن عساكر: لە ژياننامەی (يحيى بن حمزة) ناوی شێخەکانی يحيى دەهێنێت، لە چوار چێوەی ئەواندا ناوی سفيان الثوري دەهێنێت. بڕوانە [تاريخ دمشق : 125/64] ط: دار الفكر

جا کاتێک يحيى هاتبێتە عيراق و ڕيوايەتی کردبێ لە سفيان الثوري کە هاو شار و هاو سەردەمی أبو حنيفة بووە لێرەدا بەپێی شەرطی مسلم صەحيحە چونکە يحيى بن حمزة و أبو حنيفة لەيەک سەردەمدا ژياون ئەگەری بينينيش هەيە هيچ بەڵگەيەکيش نيە کە ئەوە يەکلايی بکاتەوە کە يحيى أبو حنيفة-ی نەديوە، وە يحيى ناسراو نيە بە تەدليس، جگە لەمەش ابن حبان بە سەنەدێکی زەعيف ڕيوايەتی کردووە کە تێيدا يحيى بن حمزة و سعيد بن عبدالعزيز دەڵێن بيستمان لە أبو حنيفة کە ئاوای ووت (قالا سمعنا أبا حنيفة يقول) بەڵام لەلای ابن حبان ووشەی (نعل) بۆتە (بغل) واتا هێستر، هەر چەندە سەنەدەکەی زەعيفە بەڵام تەنها لەبەر تصريح دانيان بە سەماع هێناومە.

ابن حبان دەڵێ: أخبرنا الثقفي قال حدثنا أحمد بن الوليد الكرخي قال حدثنا الحسن بن الصباح

قال حدثنا محفوظ بن أبي توبة قال حدثني ابن أبي مسهر قال حدثنا **يحيى بن حمزة و سعيد بن عبدالعزيز ووتيان: بیستمان أبو حنيفة دەیووت: گەر کەسێک ئەم هێستره بپەرستێ بۆ ئەوەی نزیک بێتەوە لە الله جل وعلا، ئەوا نابینم هیچی تێدا بێ.** [المجروحين : 413/2]

ووتم: الكوثري جەهەی دونیا سەراو ژوور دەكات بۆ بەرگری كردن لە أبو حنيفة تەنانەت هەندێكجار پەلاماری هاوەڵانیش دەدات گەر هیچ چارێكی نەبێت بۆ بەرگری كردن لێی، بەڵام دەربارەی ئەم ڕیوایەتەی يحيى بن حمزة تەنها یەک شتی کردووە بە بیانوو ئەویش ئەوەیە کە يحيى بن حمزة قەدەری بووە، ئینجا الكوثري دەڵێ: ووتەی قەدەرییەک نابێتە بەڵگە لەدژی پێشەوایەکی ئەهلی سوننە -واتا أبو حنيفة- المعلمي لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێ: يحيى بن حمزة بە ڕەئی خۆی قسە بكات بەڵێ نابێتە بەڵگە بەڵام ڕیوایەتەکانی هیچ ڕێگایەک نیە بۆ ڕەتکردنەوەی هەروەک لە قاعیدەکاندا باسمان کرد، وە يحيى بن معين و دحيم و أبو داود والنسائي و يعقوب بن شيبة و جگە لەوانیش تەوسیقیان کردووە، وە البخاري و مسلم احتجاجيان پێ کردووە لە الصحيحين، وە باقی پێشەواکانی تریش، وە بە هیچ شتێک لەکەدار نەکراوە تەنها قەدەر نەبێت، وە بانگەوازکەر نەبووە بۆ بیدعەکەی، وە موتابەعەش کراوە لەم ڕیوایەتەدا هەروەک پێشتر تێپەڕی بەسەرماندا لە ژیاننامەی القاسم بن حبيب، والله أعلم. [التنكيل : 846/1]

(محفوظ بن أبي توبة) لەهەردوو چاپی کتێبەکە توبة بۆتە ثوبة، توبة ڕاستە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال أخبرنا أحمد بن جعفر بن سلم قال حدثنا أحمد بن علي الأبار قال حدثنا عبدالأعلى بن واصل قال حدثنا أبي قال حدثنا ابن فضيل عن **القاسم بن حبيب ووتی: نەعلەکەم لەناو ووردە بەرد دانا، پاشان بە أبو حنيفة-م ووت: گەر کەسێک نوێژ بکات بۆ ئەم نەعلە تا دەمرێت بەڵام لە دڵیەوە الله دەناسێت، چی دەڵێی دەربارەی ؟ أبو حنيفة ووتی: ئیماندارە، منیش ووتم: تا هەتایە قسەت لەگەڵ ناکەم.** [تاريخ بغداد : 510/15]

ووتم: ئەم ڕیوایەتەی القاسم بن حبيب موتابەعەیە بۆ ڕیوایەتەکەی يحيى بن حمزة، ئەگەرچی هەردووک محقق-ی تاريخ بغداد وەک الكوثري ڕیوایەتەکەیان بە زەعیف داناوە بەهۆی القاسم بن

حبيب، بڕوانە بۆ [التنكيل : 635-632/1] المعلمي وەڵامی الكوثري داوەتەوە دەربارەی القاسم بن حبيب ئەگەرچی زەعیفیشە، هەر چەندە ڕیوایەتەکەی يحيى بن حمزة صەحیحە پێویستی بە موتابەعە نیە بۆ تەصحیح کردنی بەڵام ئەم ڕیوایەتەش پاڵپشتیەکی باشە بۆ ڕیوایەتەکەی ئەو تا نەڵێن جگە لە کەسێکی شامی کەس ئەم شتەی نەگێڕاوەتەوە لە أبو حنيفة، القاسم بن حبيب کوفیە هاوشار و هاوسەردەمی أبو حنيفة بووە، ئەمە لەکاتێکدا القاسم بن حبيب خۆی لەناو بەسەرهاتەکەدا بووە نەوەک بە سەنەد بیگێڕێتەوە تا بڵێین زەعیفە، ئایا کەسێک بەسەرهاتی نێوان خۆیی و هاوڕێیەکی بگێڕێتەوە کەس ڕەتی دەکاتەوە بە بیانووی ئەوەی ئەم کەسە زەعیفە لە ڕیوایەت کردنی فەرمووەدەدا ؟!

الفسوي دەڵێ: حدثنا أبو بكر الحميدي حدثنا حمزة بن الحارث مولى عمر بن الخطاب عن أبيه (الحارث بن عمير) ووتی: **بیستم پیاوێک پرسیاری لە أبو حنيفة دەکرد لە مزگەوتی حەڕام دەربارەی کەسێک کە بڵێ: شایەتی دەدەم کەعبە حەقە بەڵام نازانم ئەمە کەعبەیە یان نا ؟ أبو حنيفة ووتی: ئیمانداڕێکی حەقە. وە پرسیاری لێکرد دەربارەی کەسێک کە بڵێ: شایەتی دەدەم محمد کوڕی عبدالله پێغەمبەرە بەڵام نازانم محمد ئەو کەسەیە کە گۆڕەکەی لە مەدینەیە یان نا ؟ أبو حنيفة ووتی: ئیمانداڕێکی حەقە. أبو بكر الحميدي ووتی: هەر کەسێک وابڵێ ئەوا کافر بووە.**
[المعرفة والتاريخ : 787/2]
ووتم: أبو بكر الحميدي ئیمامە و حافزێکی ناسراوە قسەی لەسەر ناکرێ.
حمزة بن الحارث مولى عمر بن الخطاب ووتەی زانایانی جەرح و تەعدیل بەم شێوەیە دەربارەی:
ابن سعد دەڵێ: سیقەیە فەرمووەدەی کەمە
ابن حبان لە کتێبی (الثقات) هێناویەتی
ابن حجر دەڵێ: سیقەیە
المزي: ئاماژەی بە تەوسیقی ابن سعد و ابن حبان داوە
الذهبي دەڵێ: ابن سعد و جگە لەویش تەوسیقیان کردووە

جگە لەمانەش کەسی تر قسەی لەسەر نەکردووە، وە لە هیچ زانایەک نەهاتووە کە تەزعیفی بکات.

(الحارث بن عمير أبو عمير البصري) باوکی حمزة کە ڕاوی ئەم بەسەرهاتەیە، ووتەی زانایانی جەرح و تەعدیل بەم شێوەیە دەربارەی:

أبو بكر بن أبي شيبة دەڵێ: ثقة

أبو حاتم الرازي دەڵێ: ثقة

أبو زرعة الرازي دەڵێ: ثقة رجل صالح

يحيى بن معين دەڵێ: ثقة

الفسوي دەڵێ : ثقة

النسائي دەڵێ : ثقة

أحمد بن صالح الجيلي دەڵێ: ثقة

الدارقطني دەڵێ: ثقة

حرب بن سليمان دەڵێ: حماد بن زيد الحارث-ی پێش دەخست و ستایشی دەکرد، وە دەڵێ: لە هاوەڵە سیقەکانی أيوب السختياني-ە.

أبو الفتح الأزدي دەڵێ: ضعيف منكر الحديث

ابن الجوزي لە ابن خزيمة نەقل دەکات کە وتوویەتی: درۆزنە

ابن حبان دەڵێ: لە کەسە سیقەکانەوە شتانێکی هەڵبەستراو دەگەڕێتەوە، وە دەڵێ: زەعیفە، فەرموودەی مونکەری هەیە.

الحاكم دەڵێ: لە حميد الطويل و جعفر بن محمد چەند فەرموودەیەکی هەڵبەستراو دەگێڕێتەوە، وە دەڵێ: زەعیفە.

الذهبي دەڵێ: وای نابینم جگە لەوەی کە زەعیفە زۆر بە ڕوونی، وە پێم سەیرە النسائي چۆن ڕیوایەتی لێوە کردووە ! وە دەڵێ: وانازانم کەسێک لە المتقدمين بە زەعیفی دانابێت پێش ابن حبان، وە کارێکی چاکی کردووە ابن حبان.

ابن حجر دەڵێ: جمهوری زانایان بە سیقەیان داناوە، وە فەرموودەکانی شتی مونکەریان تێدایە، بەهۆی ئەمەوە أبو الفتح الأزدي و ابن حبان و جگە لەوانیش بە زەعیفیان داناوە، وە لەوانەیە لەکۆتایی تەمەنیدا توانای لەبەر کردنی گۆڕا بێت.

جا وەک دەیبینن خیلاف هەیە دەربارەی، بەڵام ئەوانەی کە بە سیقەیان داناوە باڵا دەسترن لە عیلمەکەدا وەک لەوانەی بە زەعیفیان داناوە، چونکە ئەوانەی بە سیقەیان داناوە لە پێشەوایانی المتقدمین-ن کە هیچ کام لە ابن خزیمة و ابن حبان و أبو الفتح و الحاكم ناگەن بە ئاستی ئەوان، مەحاڵیشە ڕاویەک لە سەردەمی زێڕینی فەرموودەدا لەلای ئەم زانا گەورانە سیقە بێت، دواتر لە سەدەی چوار بەدواوە دەرکەوێ کە زەعیف بووە، ئەمە جگە لەوەی کە المعلمي ئەوەی یەکلا کردۆتەوە کە ووتەی ئەو زانایانە وەردەگیرێت کە بە سیقەیان داناوە نەک ئەوانی دواتر ، وە دەڵێ: عبدالرحمن بن مهدي ڕیوایەتی کردووە لە الحارث، وە ووتەی ئیمام أحمد نەقل دەکات کە دەڵێ: عبدالرحمن بن مهدي ڕیوایەت ناکات تەنها لە کەسانی سیقەوە نەبێت، سەرەڕای ئەمەش المعلمي وەڵامی ئەوانەشی داوەتەوە کە بە زەعیفیان داناوە، من پوختەکەی ووتەکەی المعلمي نەقل دەکەم بە ماناوە، المعلمي دەڵێ: ابن الجوزي بەبێ سەنەد ووتەکەی ابن خزيمة-ی نەقل کردووە، وە لە نەقل کردنی ووتەکاندا وورد نیە، ئینجا چەند هەڵەیەکی ابن الجوزي باسکردووە دەربارەی ڕاوییەکان لەکاتی نەقل کردنی ووتەی زانایانی جەرح و تەعدیل، وە بە ووتەی الذهبي و ابن حجر پشت ڕاستی دەکاتەوە کە ابن الجوزي ووتە نەقل دەکات بەبێ لێکۆڵینەوە لێی، دەربارەی ابن حبان دەڵێ: ابن حبان دوو فەرموودەی الحارث بن عمير-ی بە مونکەر داناوە بۆیە پێی وایە زەعیفە، وەڵامی ئەم دوو فەرموودەیەشی داوەتەوە کە هەڵەکە لەپێشترە لەسەر ڕاوییەکی تر حیساب بکرێ نەک لەسەر الحارث، وە المعلمي پێی وایە کە الحاكم لاسایی ابن حبان-ی کردۆتەوە لە بە زەعیف دانانی الحارث، وە أبو الفتح الأزدي خۆی قسەی لەسەر هەیە بۆیە قسەی ئەو دەربارەی ڕاوییەکان قبوڵ ناکرێ، ووتەی ابن حجر نەقل دەکات کە وتوویەتی: أبو الفتح الأزدي خۆی زەعیفە چۆن ووتەی قبوڵ دەکرێ لە جەرح کردنی ڕاوییە سیقەکان.

بڕوانه [التنكيل : 1/367-376]

پاشان لێرەدا الحارث بن عمير خۆی ووتەکەی بیستووە و لە شوێنەکەدا ئامادە بووە لە هیچ کەسێکی ڕیوایەت ناکات تا بڵێین زەعیفە، هەروەک لە لاپەڕە 27-32 وەڵامی ئەم گومانەمان داوەتەوە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني الحسن بن محمد الخلال قال حدثنا محمد بن العباس الخزاز قال حدثنا محمد بن محمد الباغندي قال حدثنا أبي ووتی: **من لەلای عبدالله بن الزبير (الحميدي) بووم نامەی أحمد بن حنبل-ی بۆ هات، تێیدا نوسرابوو: ناشرینترین بابەتم بۆ بنوسە دەربارەی أبو حنيفة، الحميدي بۆی نوسی: حدثنا الحارث بن عمير ووتی: بیستم أبو حنيفة دەیووت: گەر کەسێک بڵێ: دەزانم الله ماڵێکی هەیە بەڵام نازانم ئەو ماڵەیە کە لە مەککە دایە یان ماڵێکی ترە، ئایا ئیماندارە؟ ووتی: بەڵێ، وە ئەگەر کەسێک بڵێ: دەزانم پێغەمبەر ﷺ مردووە بەڵام نازانم لە مەدینە نێژرا یان لە شوێنێکی تر، ئایا ئیماندارە ؟ ووتی: بەڵێ.**

الحارث بن عمير ووتی: وە بیستم دەیووت: گەر دوو شایەت شایەتی بدەن لەلای قازی کە فلانی کوڕی فلان ژنەکەی تەڵاق داوە، وە هەردووکیشیان بزانن کە بە درۆ شایەتی دەدەن، جا قازی ژن و مێردەکە لەیەکتر جیا بکاتەوە (بەهۆی شایەتیەکەی ئەوان) پاشان یەکێک لەم شایەتانە بۆی هەیە ژنەکە مارە بکات ؟ ووتی: بەڵی، ووتی: پاشان قازی زانی کە بە درۆ شایەتیان داوە، بۆی هەیە لەیەکیان جیا بکاتەوە ؟ (واتا: شایەتمانەکە و ژنەکە) ووتی: نەخێر. **[تاريخ بغداد : 15/507-508]**

ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) ئەمەشی بە زەعیف داناوە بەهۆی (الحارث بن عمير) ئێمەش وەڵاممان دایەوە، بەڵام المعلمي سەرەڕای بە صەحیح دانانی ڕیوایەتەکە پێی وایە سەنەدەکە بەم شێوەیە (الحميدي عن حمزة بن الحارث عن الحارث بن عمير) واتا (حمزة بن الحارث) کەوتووە لە سەنەدەکەدا لەنێوان الحميدي و الحارث-ی باوکی، هەڵەی ئەمەشی لەسەر محمد بن محمد الباغندي حیساب کردووە، پێم وایە ئەمەش ڕاستە چونکە لە سەنەدەکانی تر الحميدي لە حمزة ڕیوایەت دەکات حمزة-ش لە الحارث-ی باوکی، بەڵام لێرەدا حمزة بوونی نیە، محقق-ی تاريخ

بغداد(٢) تەزعیفی کردووە بەهۆی محمد بن محمد الباغندي، خیلاف زۆرە دەربارەی بەڵام ئەوەی پێی ووتراوە دەربارەی تەدلیس بووە کە زۆر بە خراپی تەدلیسی کردووە ئەگینا صدوق-ە، وە ئێمە ئەم ڕیوایەتەمان وەک پشتگیری هێناوە نەک پشت بەستمان تەنها بەم ڕیوایەتە بێ.
هەروەها عباد بن كثير هەمان ووتەی لە أبو حنيفة گێڕاوەیەوە وەک لە [تاريخ بغداد : 508/15] هاتووە، ئەگەرچی عباد بن كثير الثقفي مەتروکە بەڵام خۆی ووتەکەی بیستووە لە أبو حنيفة ڕیوایەتی نەکات لە کەسێکی ترەوە بەڵام لە سەنەدەکەیدا مؤمل بن إسماعيل هەیە کە حفزی باش نیە بۆیە نەمهێناوە، بەڵام کەسیان ئینکاری لە صالحی و دینداری و فەزڵی عباد بن كثير ناکەن، کەسێک ئەمە حاڵی بێت بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە کە خۆی لەوێدا ئامادەبووە جیاوازە لەگەڵ گێڕانەوەی لە کەسانی ترەوە هەر چەندە نامەوێ ئەم ڕیوایەتەی عباد بکەم بە بەڵگە چونکە کردوومە بە مەرج تەنها ڕیوایەتی صحيح و حسن بهێنم لەم کتێبەدا، بەڵام باسکردنی هەمان بەسەرهات لەلایەن عباد-ەوە مانای ئەوە دەدات کە الحارث بن حمزة ڕاست دەکات و بەسەرهاتەکە بوونی هەیە، هەروەها مؤمل لە متابعات و شواهد پشتی پێ دەبەسترێ.

عبدالله دەڵێ: حدثني إبراهيم بن سعيد حدثنا أبو توبة عن **أبي إسحاق الفزاري ووتی: أبو حنيفة دەیووت: ئیمانی ئیبلیس و ئیمانی أبو بكر الصديق** ﵁ **یەک شتە، أبو بكر ووتی: یا رب، ئیبلیسیش ووتی: یا رب.** [السنة : 352] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: ووتەکەی هەمان ووتەی جەهمی کوڕی صەفوانە، بەڵام ڕیوایەتێک هاتووە لەلای ابن عدي کە پێچەوانەی ئەمەیە.

ابن عدي دەڵێ: حدثنا أحمد بن حفص حدثنا حفص بن طرخان حدثنا غسان بن الفضل حدثنا حماد بن زيد ووتی: **بە أبو حنيفة-م ووت: جابر لە تۆوە دەیگێڕێتەوە کە دەڵێی: ئیمانم وەک ئیمانی جبریل و میکائیل وایە، أبو حنيفة ووتی: من وام نەووتوە، وە هەر کەسێک وابڵێ ئەوا بیدعەچیە. غسان بن الفضل دەڵێ: منیش ئەم ووتەیەی حماد بن زید-م گێڕایەوە بۆ محمد بن الحسن-ی ئەهلی ڕەئی، محمد ووتی: حماد ڕاست دەکات، أبو حنيفة حەزی نەدەکرد ئەمە بووترێ.**

[الكامل في ضعفاء الرجال : 127/10]

ووتم: شێخی ابن عدي لەم ڕیوایەتەدا (أحمد بن حفص السعدي)ە.

الذهبي دەڵێ: شێخی ابن عدي-ە فەرموودەی مونکەری هەیە، هەروەها دەڵێ: زەعیفە هیچ نیە.

حمزة السهمي دەڵێ: بە ئەنقەست درۆ ناکات. (واتا: فەرموودەی درۆی هەیە بەڵام بەهۆی هەڵەوە توشی دەبێت).

ابن عدي دەڵێ: فەرموودەی مونکەری گێڕایەوە کەس موتابەعەی نەکردووە (واتا: کەس نەی گێڕاوەتەوە جگە لەو) ئینجا دوای هێنانی ژمارەیەک فەرمووی أحمد بن حفص، ابن عدي دەڵێ: هەمووی لە ڕیوایەتی هشام بن عروة-یە لە باوکیەوە ئەویش لە عائیشەوە بە سەنەدێکی دروستکراو لەلایەن أحمد-ەوە، پاشان دەڵێ: ئەمانە هەمووی مونکەرن جگە لە أحمد کەس نەی گێڕاوەتەوە، وە أحمد لەلای من لەوانەیە کە بە ئەنقەست درۆ ناکات، لەوانەیە کە فەرموودەی لێ تێکەڵ دەبێت و دەی گێڕێتەوە لە حفزییەوە ئینجا هەڵەی تێدا دەکات.

منیش دەڵێم: مەرج نیە ئیللا درۆزن بێ تەنها زەعیف بوونی بەسە بۆ ڕەت کردنەوەی ڕیوایەتەکەی. ڕاوی دووەم (حفص بن طرخان) مەجهولە، هەروەها ڕاوی سێیەم (غسان بن الفضل) ابن حجر بە مەقبول-ی داناوە، مەقبولیش لای ئەو وەک خۆی باسی دەکات گەر موتابەعەی هەبوو حەسەنە، گەر نەیبوو زەعیفە لێرەدا موتابەعەی نیە، ابن حبان-یش لە کتێبی (الثقات) هێناویەتی بەبێ تەوسیق کردنی ئەمەش جێگای تێڕامانە کاتێک ابن حبان ڕاوییەک لە کتێبی (الثقات) دەهێنێت هیچ لەفزێکی تەعدیل کردنی بۆ بەکار ناهێنێت و لێی بێ دەنگ دەبێت، المعلمي مەنهەجی ابن حبان-ی لە کتێبی (الثقات) بۆ پێنج پلە دابەش کردووە کە پلەی پێنجەمیان ئەو جۆرەیانە کە ابن حبان بێدەنگ دەبێت لە ڕاوییەکە، المعلمي دەڵێ: لەم جۆرەیان حوکمەکەی ابن حبان لە هەڵە بەدەر نیە، شوێنەکە هی درێژکردنەوە نیە زەعیفی و جەهالەتی دوو ڕاوییەکەی تر بەسە بۆ بە زەعیف دانانی ئەم ڕیوایەتە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالرحمن بن محمد بن عبدالله السراج بنيسابور أخبرنا أبو

الحسن أحمد بن محمد بن عبدوس الطرائفي حدثنا عثمان بن سعيد الدارمي حدثنا محبوب بن موسى الأنطاكي ووتی: **بیستم أبو إسحاق الفزاري دەیووت: بیستم أبو حنيفة دەیووت: ئیمانی أبو بكر الصديق و ئیمانی ئیبلیس یەک شتە، ئیبلیس ووتی: یا رب، أبوبكر ووتی: یا رب. أبو إسحاق الفزاري ووتی: هەرکەسێک لە مورجیئەکان واناڵێت ئەوا ووتەکەی بەسەریدا دەشکێتەوە.**

[تاريخ بغداد : 509/15] (سەنەدەکەی حەسەنە).

ووتم: ئەمەش مولزەم کردنی مورجیئەیە لەلایەن أبو إسحاق-ەوە کە هەموو مورجیئەیەک عەقیدەکەی مولزەمی دەکات بەوەی کەوا بڵێت، گەر ئامادە نەبوو وابڵێت ئەوا عەقیدە ئیرجائەکەی بەسەریدا دەشکێتەوە، بۆیە بەلاتەوە سەیر نەبێت کە أبو حنيفة چۆن قسەیەکی ئاوای کردووە.

الفسوي دەڵێ: حدثني أبو بكر عن أبي صالح الفراء **عن الفزاري ووتی: أبو حنيفة ووتی: ئیمانی آدم و ئیمانی ئیبلیس یەک شتە، ئیبلیس ووتی:** ﴿رَبِّ بِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي﴾ **وە ووتی:** ﴿رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ **وە آدم ووتی:** ﴿رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا﴾. **[المعرفة والتاريخ : 788/2] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني محمود بن غيلان حدثنا **محمد بن سعيد بن سلم عن أبيه ووتی: پرسیارم لە أبو يوسف كرد کە لە (جرجان) بوو دەربارەی أبو حنيفة، ووتی: چی لێدەکەی ؟ بە جەهمیەتی مرد. [السنة : 217]**

ووتم: الكوثري ئەم ڕیوایەتەی بە زەعیف داناوە بەهۆی محمد بن سعيد بن سلم، گوایە زانایانی جەرح و تەعدیل وتوویانە زەعیفە و فەرمووده تێکەڵ دەکات، بەڵام وەک المعلمي وەڵامی داوەتەوە محمد بن سعيد بن سلم الباهلي کەسێکی ترە ئەو کەسە نیە کە الكوثري بۆی چیە، وە المعلمي ئەوەشی داوەتە پاڵ الكوثري کە دەزانێ ئەم محمد-ە ئەوە نیە کە جەرح کراوە بەڵام وەکو فێڵکردن لە خوێنەر ویستوویەتی بیکات بەو محمد-ە کە زەعیفە تاکو بەهۆیەوە ڕیوایەتەکەی پێ تەزعیف بکات، ئەگینا محمد بن سعيد بن سلم جەرح نەکراوە.

بڕوانە [طليعة التنكيل : 26-28] ط: دار عالم الفوائد

ئەگەرچی محمد بن سعید بن سلم جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە بەڵام ڕیوایەتێکی تر هەیە لە تاریخ بغداد کە ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە.

الخطیب دەڵێ: أخبرني الحسن بن محمد الخلال قال حدثنا أحمد بن إبراهيم بن الحسن قال حدثنا عمر بن الحسن القاضي قال حدثنا إسماعيل بن إسحاق قال حدثنا نصر بن علي قال حدثنا الأصمعي قال حدثنا **سعيد بن سلم الباهلي ووتی: ووتمان بە أبو يوسف بۆچی فەرموودەمان بۆ ڕیوایەت ناکەی لە أبو حنيفة-ەوە ؟ أبو يوسف ووتی: چی لێدەکەن ؟ ئەو ڕۆژەی کە مرد دەیووت قورئان مەخلوقە.**

[تاريخ بغداد : 519/15]

ووتم: الأصمعي صدوق-ە نزیکە لە ثقة، سعيد بن سلم الباهلي باسمان کرد کە صدوق-ە، ڕاوییەکانی تر هەموویان سیقە و حافزن، تەنها عمر بن الحسن القاضي الأشناني نەبێت خیلافی لەسەرە، محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەربارەی دەڵێ: الدارقطني بە درۆزنی داناوە بۆیە هەڵبەستراوە. الذهبي لە ميزان الاعتدال دەڵێ: الدارقطني و الحسن بن محمد الخلال بە زەعیفیان داناوە، وە ڕیوایەت کراوە لە الدارقطني کە بە درۆزنی داناوە ئەمەش ڕاست نیە، بەڵام الأشناني خاوەنی بەڵایە. الخطيب البغدادي دەڵێ: لە سەردەمی إبراهيم الحربي فەرموودەی ڕیوایەت وتۆتەوە، ئەمەش بۆی گەورەترین شانازییە، بەڵگەشە کە ئەو لەچاوی خەڵکیدا گەورە بووە و پلەی لەلای خەڵکی بەرێز بووە.

طلحة بن محمد دەڵێ: یەکێک بووە لە کەسە گەورەکان، وە یەکێکە لە هاوەڵانی فەرموودە کە بە باشی لێی دەزانێت، وە یەکێکە لە حافزەکان، وە فەرموودەی زۆری ڕیوایەت کردووە، وە خەڵکیش لێیان وەرگرتووە لە کۆن و ئێستاشدا.

الحاكم پرسیار لە أبو علي الهروي دەکات دەربارەی الأشناني: دەڵێ صدوق-ە، الحاكم پێی دەڵێ: هاوەڵانمان لە بغداد قسەی لەسەر دەکەن، أبو علي الهروي دەڵێ: نەمان بیستووە هیچ کەس قسەی پێ بڵێ تەنها ئەوە نەبێ کە ئیجازە بە سەماع دادەنێت، وە فەرموودە ڕیوایەت ناکات تەنها لە کتێبەکانیەوە نەبێ.

الحاكم دەڵێ: بە الدارقطني-م ووت أبو علي الحافظ وادەڵێ، الدارقطني ووتی: شێخەکەمان قسەیەکی خراپی کردووە.
أبو سعد السمعاني دەڵێ: خاوەنی فەرموودە بوو بە چاکی لێی دەزانی، زانستێکی چاکی هەبوو، فەرموودەی زۆری ڕیوایەت کرد و لێیان وەرگرت.

جا وەک دەبینن خیلاف هەیە دەربارەی گەر بڵێین زەعیفیشە ئەوا تەنها خۆی ئەمەی ڕیوایەت نەکردووە، لە ڕیوایەتی پێشووی عبدالله الأشناني تێدا نەبوو لە سەنەدەکە، گەر بڵێن کوڕەکەی سعيد بن سلم-ی تێدابوو جەرحی تەعدیلی بۆ نەکراوە، ئەوا عبدالله بە مانایەکی نزیک لەمە هێناویەتی بە سەنەدێکی جیاوازتر لەوەی خۆی کە کوڕەکەی سعيد بن سلم-ی تێدا نیە، وە عالی تر لە سەنەدی الخطيب کە الأشناني تێدا نیە.

عبدالله دەڵێ: حدثني إسماعيل بن إسحاق القاضي حدثني نصر بن علي حدثنا الأصمعي عن **سعيد بن سلم ووتی: بە أبو يوسف-م ووت: ئایا أبو حنيفة هەمان قسەی جەهمی دەکرد ؟ ووتی: بەڵێ.** [السنة : 218] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**
ووتم: إسماعيل و نصر و الأصمعي و سعيد هەمان کەسانی سەنەدەکەی الخطيب-ن بەڵام بەهۆی عالی بوونی سەنەدەکەی عبدالله دەربازمان بوو لە الأشناني.

الفسوي دەڵێ: حدثنا عبيدالله بن معاذ حدثني محمد بن معاذ ووتی: **بیستم سعيد بن مسلم ووتی: بە أبو يوسف-م ووت: ئایا أبو حنيفة جەهمی بوو ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: ئایا مورجیئە بوو ؟ ووتی: بەڵێ.** [المعرفة والتاريخ : 782/2]
ووتم: لێرەدا سعيد بن سلم بۆتە سعيد بن مسلم، هەرچەندە محقق ئاماژەی بەمە نەداوە لە حاشیە، وە منیش نوسخەی دەستنوسم لەبەردەست نیە تا بگەڕێمەوە سەری، وە هەرچەندە لە تەحقیقی خليل المنصور بەهەمان شێوە بە سعيد بن مسلم هاتووە، بەڵام پێش ئەمە چوار ڕیوایەتمان هێنا بەدوای یەکتردا کە لە هەر چواریاندا سعيد بن سلم ئەم پرسیارە لە أبو يوسف

دەكات ئەویش ئاوا وەڵامی دەداتەوە، بۆیە تەنها بە بەراوورد كردنی چوار ڕیوایەتەكەی تر لەگەڵ ئەم ڕیوایەتە بۆمان دەردەكەوێ كە ئەم ڕاوییە سعید بن سلم-ە بەهەڵە بۆتە سعید بن مسلم.

الفسوي دەڵێ: حدثنا أبو جزء عن عمرو بن سعيد بن مسلم ووتی: **بیستم باپیرم ووتی: بە أبو یوسف-م ووت: ئایا أبو حنیفة مورجیئە بوو ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: ئایا جەهمی بوو ؟ ووتی: بەڵێ.**
[المعرفة والتاريخ : 783/2]

ووتم: ئەم سەنەدە زۆر بە كێشەیە، محقق لە حاشیەدا دەڵێ: لە نوسخەی دەستنوس بە (أبو جزي) هاتووە بەڵام الذهبي لە ميزان الاعتدال بە (أبو جزء) هێناویەتی منیش لەسەر ئەو ڕاستم كردۆتەوە، ئینجا ووتەی زانایانی جەرح و تەعدیل دەربارەی أبو جزء نصر بن طريف نەقل دەكات كە مەتروكە، وە دەڵێ: الفسوي لە ڕێگای أحمد بن الخليل ئەمەی ڕیوایەت كردووە لە أبو جزء.

منیش دەڵێم: ڕاستە الذهبي لە ميزان الاعتدال كەسێكی هێناوە بەناوی (أبو جزء القصاب نصر بن طريف) بەڵام الذهبي بەهیچ جۆرێک باسی ئەم سەنەدەی الفسوي نەكردووە و ئاماژەی پێنەداوە تا بڵێین ئەم ڕاوییە أبو جزء-ە لە نوسخەكەی بەردەستی الذهبي هەر بە أبو جزء هاتووە، بە چ بەڵگەیەک الذهبي باسی ئەم ڕاوییە دەكات ؟ بۆیە قسەكەی محقق لەجێگای خۆیدا نیە كە دەڵێ لەسەر كتێبەكەی الذهبي ڕاستم كردۆتەوە.

وە بەپێی قسەكەی محقق كە دەڵێ أبو جزء ڕاستە نەک أبو جزي، كەواتە الفسوي دەڵێ: (حدثنا أبو جزء) هیچ بەڵگەیەكیش نیە كە لەنێوان الفسوي و أبو جزء ڕاوییەكی تر هەبێت، ئەمەش مەحاڵە الفسوي لە أبو جزء ڕیوایەت بكات ڕاستەوخۆ چونكە أبو جزء ساڵی 170 مردووە ئەوكات الفسوي لە دایک نەبووە، هەر بۆیە محقق تا لەم كۆسپە دەربازی بێت لەخۆیەوە دەڵێ لەنێوان الفسوي و أبو جزء أحمد بن الخليل هەیە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بهێنێت بۆ سەلماندنی قسەكەی بۆ نموونە بڵێ لە یەكێک لە نوسخە دەستنوسەكان لەنێوان الفسوي و أبو جزء أحمد بن الخليل هەیە لەم سەنەدەدا، پاشان أبو جزء ڕیوایەتی هەیە لە قتادة كە تابعیە

ساڵی 118 مردووە، کەسێک سەنەدی ئاوا عالی بێت و بە قتادة بگات چۆن لە ڕێگای عمرو بن سعيد بن مسلم ئەویش لە ڕێگای باپیریەوە ڕیوایەت دەکات لە أبو يوسف ؟! بۆیە ئەستەمە أبو جزء کە ڕاستەوخۆ لە قتادة ڕیوایەت دەکات پێویستی بە دوو ڕاوی بێت تا بگات بە أبو يوسف لەکاتێکدا أبو يوسف تەمەنی 5 ساڵ بووە کە قتادة مردووە، پاشان أبو جزء ڕیوایەتی هەیە لە حماد بن أبي سليمان کە شێخی أبو حنيفة-یە أبو يوسف تەمەنی 7 ساڵ بووە کە حماد مردووە، ئایا دەکرێ أبو جزء ڕاستەوخۆ لە شێخی أبو حنيفة ڕیوایەت بکات بەڵام بۆ ئەوەی ڕیوایەت لە قوتابیەکەی أبو حنيفة بکات پێویستی بە دوو ڕاوی تر بێت تا پێی بگات ؟!

بەهەمان شێوە محقق-ی تاريخ بغداد(١) باسی هەڵەکەی محقق دەکات، بۆ ئەوە دەچێت کە سەنەدەکە بەم شێوەیە بێت (أبو جزي بن عمرو) نەک (أبو جزء عن عمرو) دەڵێ: لە هەندێک نوسخەی دەستنوس (أبو جزي بن عمرو) هاتووە کە ئەوەیان دروستە بەڵام لە هەندێکیان (بن) گۆڕاوە بۆ (عن) کە هەڵەیە، کەواتە عمرو باوکی أبو جزي-ە، وە دەڵێ: گەر بە قسەی محقق-ی کتێبەکەی الفسوي بێت کە دەڵێ: (أبو جزء عن عمرو بن سعيد بن مسلم) ئەوا هیچ ڕاوییەک لە کتێبەکاندا نیە بەناوی عمرو بن سعيد بن مسلم تا بڵێین أبو جزء ڕیوایەتی لێوە کردووە، وە دەڵێ: پێم وایە بەم شێوەیە صەوابە (حدثنا أبو جزي بن عمرو بن سعيد بن سالم قال سمعت جدي) أبو جزي نەوەی سعيد بن سالم القداح-ە لە باپیریەوە ڕیوایەتی کردووە.
بڕوانە حاشیەی [تاريخ بغداد : 15/512-513]

منیش دەڵێم: ئەوەی محقق-ی تاريخ بغداد بۆی چوو لە ڕەددانەوەی محقق-ی کتێبی المعرفة والتاريخ دروستە، بەڵام پێم وایە محقق-ی تاريخ بغداد لەوەدا کەوتۆتە هەڵەوە کە (سعيد بن مسلم) دەکات بە (سعيد بن سالم القداح) چونکە بەپێی ئەم هەموو ڕیوایەتانەی پێشوو کە هێنامان (سعيد بن سلم الباهلي) ئەم پرسیارە لە أبو يوسف دەکات، وە تەنها لەڕێگای ئەو ئەم ووتەیەی أبو يوسف ڕیوایەت کراوە کەسی تر ڕیوایەتی نەکردووە، بۆیە لەپێشترە کە بڵێین ئەم سعيد بن مسلم-ە سعيد بن سلم-ە هەروەک لە ڕیوایەتی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، ئەم ڕیوایەتەش

زەعیفە چونکە نازانین أبو جزي و عمرو حاڵیان چۆنە، گەر أبو جزء-یش بێت بەپێی قسەی محقق ئەوا سەنەدەکە زۆر زەعیفە چونکە أبو جزء مەتروکە، بەڵام بۆیە هێنام کاتێک چوار کەسی جیاواز هەمان شت لە سعید بن سلم الباهلي ڕیوایەت دەکەن ئەوا ئەم دوو ڕیوایەتەش هەر بۆ ئەوەمان دەبەن کە سعید بن مسلم هەر سعید بن سلم بێت بەڵام تصحیف ڕوویدا بێت بۆتە (مسلم) دوای هێنانی ئەم هەموو ڕیوایەتەش تەواو دڵنیا دەبینەوە لە دروستی ئەم ووتەیەی أبو یوسف.

هەروەها المعلمي لە [التنكيل : 852/1] ئاماژەی پێداوە کە ئەم ڕاویە ناوی (أبو جزي بن عمرو بن سعيد بن سلم الباهلي)ە.

الكوثري دەڵێ: سعيد بن سلم دروستە بەڵام نەزانراوە کە سعيد بن سلم کوڕی هەبێت بەناوی عمرو، وە نەزانراوە کە نەوەی هەبێت کونیەکەی أبو جزي بێت.

المعلمي دەڵێ: نەخێر بەڵکو ئەم شتە زانراوە، لە [الخصائص لابن جني : 308/3 ت: محمد علي النجار، شیعرێکی الأصمعي هاتووە کە ابن جني دەڵێ: الأصمعي ئەم شیعرەی بۆ أبو توبة ميمون بن حفص پەروەردەکەری عمرو بن سعيد بن سلم ووتوە بە ئامادە بوونی سعيد.

هەروەها المعلمي دەڵێ: لە [الكامل في اللغة والأدب للمبرد : 30/2 ت: عبدالحميد الهنداوي، تێیدا هاتووە: وحدثني علي بن القاسم قال حدثني أبو قلابة الجرمي ووتی: حەجمان کرد جارێکیان لەگەڵ أبو جزء بن عمرو بن سعيد.

المعلمي دەڵێ: أبو جزء کوڕی عمرو ئەمیر بووە، عمرو کوڕی سعيد ئەمیر بووە، سعيد کوڕی سلم ئەمیر بووە، سلم کوڕی قتيبة ئەمیر بووە، قتيبة ئەمیر بووە.

منیش دەڵێم: هەموو ئەم بەڵگانە پشت ڕاستی دەکەنەوە کە سەنەدەکە بەم شێوەیە (أبو جزي بن عمرو بن سعيد بن سلم قال سمعت جدي) واتا أبو جزي لە سعيد بن سلم-ی باپیری ڕیوایەتی کردووە، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە بڵێین أبو جزي سیقەیە یان نا کەس باسی نەکردووە لەم ڕووەدا، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە سعيد بن مسلم یان سعيد بن سالم هەردووکیان هەڵەیە ڕاستەکەی سعيد بن سلم-ە کە کەسێکی صدوق-ە وەک لە ڕیوایەتەکانی پێشوو باسمان کرد، سەبارەت بەوەش کە لەلای المبرد بە أبو جزء هاتووە نەک أبو جزي ڕەنگە ئەمە هەڵەی چاپ بێ، گریمان أبو

جزء-یش بێت ئەو کەسە نیە کە محقق-ی کتێبەکەی الفسوي بۆی چوو چونکە ئەمەیان وەک زانیمان کوڕی عمرو بن سعید بن سلم-ە ئەوەی محقق بۆی چوو ناوی نصر بن طریف أبو جزء القصاب بوو دوور و نزیک پەیوەندی بەمەوە نیە، بگرە الفسوي دوای مردنی ئەمە لەدایکبووە وەک باسمان کرد ئیتر چۆن ڕیوایەتی لێوە دەکات ؟!

البرذعي دەڵێ: **بیستم أبو زرعة دەیووت: أبو حنیفة جەهمی بوو، وە محمد بن الحسن جەهمی بوو، وە أبو یوسف جەهمی بوو جەهمی بوونێکی ڕوون.** [سؤالات البرذعي لأبي زرعة : 494]

ووتم: لێرەدا ئاوا هاتووە (وكان أبو يوسف جهميا بين التجهم) واتا جەهمی بوونێکی ڕوون، بەڵام لە تاریخ بغداد هاتووە (وكان أبو يوسف سليما من التجهم) واتا سەلامەت بووە لە جەهمی بوون، وە لە لسان الميزان هاتووە (وكان أبو يوسف بعيدا عن التجهم) واتا دوور بووە لە جەهمی بوون، وە پێم وایە أبو یوسف جەهمی نەبووە ئەگەرچی گومڕایی و بیدعەو هەڵەی گەلێک زۆرە و فەتوای فێڵاوی زۆر داوە، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا أبو حنیفة-یە کە بە جەهمی دانراوە لەلایەن زانایەکی گەورەوە، سەنەدیش لە ئارادا نیە تا بڵێین زەعیفە.

بڕگەی چوارەم:

هەبوونی عەقیدەی موڕجیئە.

شتێک نەبووە لەلای سەلەف بەناوی (مرجئة الفقهاء) أبو حنيفة و هاوەڵەکانی بە موڕجیئە و أهل الرأي ناوبراون لەلای سەلەف نەوەک بەم ناوە چونکە خودی ناوەکە جۆرێک لە پلە بەرز کردنەوەی تێدایە بۆ أبو حنيفة، بۆیە ئەم زاراوەیە دانراوی خەلەفە بۆ جیاکردنەوەی ئیرجائی أبو حنيفة لە ئیرجائی جەهمیەکان.

مورجیئە بوونی أبو حنيفة ئەوەندە ڕوونە تەنانەت لای زۆرێک لە خۆشەویستانی أبو حنيفة ئەوانەی دەمارگیریان بۆی هەیە ئەوە دەزانن کە مورجیئە بووە و ناتوانن ئینکاری لێ بکەن، بۆیە پێویستی بەوە نەدەکرد باسی ئەم لایەنە بکەین، بەڵام کە دەبینم لای کەسانێک لە خەلەف و معاصرین کراون بە ئەهلی سوننە و ڕەددی ئەوانە دەدەنەوە کە بە ئەهلی بیدعە ناویان دەبەن، بۆیە بە پێویستم زانی زۆر لەسەری بدوێم کە خۆی بابەتەکە شایەنی زۆر ووتن نیە چونکە ڕوونە، بەڵام تاکو نەتوانن بیدعەچیەکمان لێ بکەن بە ئەهلی سوننە، ئەهلی سوننەیەکیش کە ڕقی لەم بیدعەچیە بێت بیکەن بە خەواریج و جاهیل ...هتد، سەیرەکە لەوەدایە هەندێک لەوانەی کە دەزانن أبو حنيفة مورجیئە بووە وە دەزانن مورجیئە کۆمەڵەیەکی بیدعەچی و گومڕان کەچی سەرەڕای ئەوەش ئامادە نین بە أبو حنيفة بڵێن بیدعەچی یان گومڕا، بەهیچ ووشەیەک ڕازی نین بۆی بەکار بێت جگە لە ئیمام ! یان هەندێکیان دەڵێن: خیلافی أبو حنيفة لە بابەتی ئیماندا خیلافێکی لەفزی بووە! زۆر سەیرە ئەوانەی لەگەڵ أبو حنيفة ژیاون نەیانزانیوە أبو حنيفة خیلافەکەی لەگەڵ ئەواندا لەفزیە کەسێک دوای سەدان ساڵ هاتووە دەڵێ: ئێوە نەتانزانی خیلافی أبو حنيفة لەفزی بوو لەگەڵ ئێوەدا ! ئەی أبو حنيفة خۆی دەمی نەبوو بڵێ من خیلافەکەم لەگەڵ ئێوەدا لەفزیە منیش هەمان عەقیدەی ئێوەم هەیە دژم مەوەستن ؟ دوای سەدان ساڵ کەسانێک هاتن دەوری صولحیان بینی ووتیان ئێوە هیچ خیلافێکتان نیە تەنها لەفزیە ! یان هەیانە دەڵێ: ڕاستە مورجیئە بووە بەڵام ئیرجائەکەی ئەوەندە کاڵ دەکاتەوە وەک بڵێی تەنها وەک

نەزەر وابووە کە بە ئاوی دەست نوێژ دەڕوات هەر شایەنی باسکردن نیە ! نازانم بۆ ئەم بیدعە پیسەی أبو حنيفة کە ئیرجائە ئاوا بە سووکی و بچوکی سەیر دەکرێت ؟! بۆ مەگەر تا ئێستاش موسڵمانان بە دەست ئەم بیدعە پیسەوە ناڵێنن ؟ تەنها ووتنی ئەوەی کە کردار لە ئیماندا نیە بەسە کە بڵێین مورجیئەیە و گومڕا و بیدعەچیە، ئیتر بچووک کردنەوە و کەم کردنەوەی ووشەی ئیرجاء لە قەبارەی خۆیدا لەپێناوی أبو حنيفة بۆ ؟!

سەلەف کاتێک ووشەی مورجیئەیان بە ڕەهایی بەکارهێناوە مەبەستیان پێی مورجیئەی وەک أبو حنيفة و هاوشێوەکانی بووە نەک جەهمیەکان، ئەگەرچی جەهمیەکانیش مورجیئەن بەڵام زیادەڕەون بۆیە پێیان دەووترێ: (غلاة المرجئة) زانینی ئەمە گرنگە تا ئەو ووتانەی سەلەف کە دەربارەی مورجیئە ووتراوە نەیبەنەوە سەر جەهمیەکان، بەڵکو جەهمیەکان بەناوی خۆیان ناوبراون لەلای سەلەف، نموونەش لەسەر ئەم جیاوازی کردنە:

الخلال دەڵێ: أخبرني أحمد بن أصرم أن **أبا عبدالله -واتا ئیمام أحمد- پرسیاری لێکرا دەربارەی مورجیئە، کێن ئەوان ؟ ووتی: ئەوانەن کە دەڵێن: ئیمان ووتەیە.**
[السنة : 976] ت: عطية الزهراني **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخلال دەڵێ: أخبرني محمد بن موسى و محمد بن علي أن حمدان بن علي الوراق حدثهم ووتی: **لای أحمد باسی مورجیئە کرا، پرسیارم لێیکرد و پێم ووت: ئەوان دەڵێن گەر کەسێک لە دڵیەوە پەروەردگاری ناسی ئیماندارە، أحمد ووتی: مورجیئەکان واناڵێن بەڵکو جەهمیەکان وادەڵێن.**
[السنة : 980] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الطبري دەڵێ: سمعت عبدالله بن أحمد بن شبويه المروزي قال سمعت أبا رجاء دەیووت: **بیستم وكيع دەیووت: لەنێوان ووتەی جەهمیەکان و مورجیئەکان جیاوازیەکی گەورە نیە، جەهمیەکان ووتیان: ئیمان ناسینی دڵە، وە مورجیئەکان ووتیان: دان پێدانانە بە زمان. (واتا: ناسینی دڵیش).**
[تهذيب الآثار: 2913] ط: دار الكتب العلمية **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتەکانی سەلەف دەربارەی زەمکردنی مورجیئە:

پێش نەقل کردنی ڕیوایەتەکان دەمەوێ بڵێم لێرەدا نەم کردۆتەوە مەرج تەنها ڕیوایەتی صەحیح بهێنم بۆیە صەحیح و زەعیف تێکەڵە چونکە قسە ووتنی سەلەف بە مورجیئە پێویستی بەوە نیە لە سەنەدەکانی بکۆڵدرێتەوە گەر بێتو تەواوی ووتەی سەلەف دەربارەی ئەم گروپە نەقل بکەین ئەوا پێویستە چەند کتێبێک بنوسین، بۆیە گەڕان بەدوای سەنەدی صەحیح لە بابەتێکی ئاوادا لەجێگای خۆی نیە و دوورە لەپیشەی زانایان لە کۆن و نوێدا، بەڵام کاتێک دەچینە سەر زەمکردنی أبو حنیفة ئەوکات دووبارە پابەند دەبینەوە بە مەرجی کتێبەکە کە تەنها هێنانی ڕیوایەتی صەحیحە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثني عبدالرحمن بن مهدي حدثنا حماد بن سلمة عن عطاء بن السائب عن **سعيد بن جبير ووتی: نموونەی مورجیئە وەکو نموونەی صابئیەکان وایە.** [السنة : 603]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا مؤمل حدثنا سفيان حدثنا سعيد بن صالح ووتی: **إبراهيم ووتی: فیتنەی مورجیئە ترسناکترە لەسەر ئەم ئوممەتە لە فیتنەی ئەزاریقە. (واتا خەواریج).** [السنة : 604]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا مؤمل بیستم سفيان دەیووت: **إبراهيم ووتی: مورجیئە ئەم دینەی والێکرد لە جلی ژێرەوە تەنکتر بێ.** [السنة : 605]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا معاوية بن عمرو حدثنا أبو إسحاق ووتی: الأوزاعي ووتی: **يحيى و قتادة دەیانووت: لە بیدعەکاندا هیچ شتێک بەلایانەوە ترسناکتر نیە لەسەر ئوممەت لە مورجیئە.** [السنة : 620]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا محمد بن عبدالله حدثنا عبدالله بن حبيب عن أمه ووتی: **بیستم باسی مورجیئە کرا، سعيد بن جبير ووتی: یەهود.** [السنة : 639]

عبدالله دەڵێ: حدثنا الحسن بن حماد الحضرمي سجادة حدثنا محمد بن فضيل عن مسلم الملائي عن إبراهيم ووتی: **خەواریج لەلای من عوزریان زیاترە لە مورجیئە.** [السنة : 684]

عبدالله دەڵێ: حدثني إسحاق بن بهلول ووتی: **بە يزيد بن هارون-م ووت: نوێژ بکەم لەدوای جەهمی ؟ ووتی: نەخێر، ووتم: نوێژ بکەم لەدوای مورجیئە ؟ ووتی: ئەوان پیسن.** [السنة : 57]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا حجاج ووتی: **بیستم باسی مورجیئە کرا شریك ووتی: ئەوان پیسترین قەومن، پیسیەتی ڕافیزە بەسە، بەڵام مورجیئە درۆ دەکەن بەناوی الله تعالی.**
[السنة : 601]

اللالكائي دەڵێ: أخبرنا محمد بن المظفر المقرئ قال حدثنا الحسين بن محمد بن حبش المقرئ قال حدثنا أبو محمد عبدالرحمن بن أبي حاتم ووتی: **پرسیارم لە باوکم و لە أبو زرعة کرد دەربارەی مەزهەبەکانی ئەهلی سوننە دەربارەی أصول الدين، وە چیان بینیوە لە زانایانی شارەکان و بیروباوەڕیان چۆن بووە لەم بارەیەوە ؟ جا ووتیان:** ... (لە بەشێکی وەڵامەکەیان باسی مورجیئە هاتووە کە دەڵێن) **مورجیئە بیدعەچی گومڕان.** [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 321]

الآجري دەڵێ: حدثنا أبو بكر عبدالله بن محمد بن عبدالحميد الواسطي قال حدثنا زهير بن محمد المروزي قال حدثنا محمد بن كثير عن الأوزاعي عن **الزهري** ووتی: **لە ئیسلامدا هیچ بیدعەیەک دانەهێنراوە زیان بەخشتر بێ لەسەر ئوممەت لەم بیدعەی ئیرجائە.**
[الشريعة : 275] ط: دار الكتب العلمية

اللالكائي دەڵێ: أخبرنا عبدالرحمن بن عمر إجازة أخبرنا محمد بن أحمد بن يعقوب حدثنا جدي يعقوب بن شيبة قال حدثني يوسف بن موسى قال حدثنا جرير عن مفضل بن مهلهل عن **منصور بن المعتمر ووتی: ئەوان دوژمنی الله-ن مورجیئە و ڕافیزە.**
[شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 1817]

الخلال دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد بن الحجاج أبو بكر المروذي قال سمعت أبا عبدالله دەیووت: ابن نمیر ووتی: **بیستم سفیان دەیووت: دینی نوێ دینی ئیرجائە.** [السنة : 952]

اللالكائي دەڵێ: أخبرنا محمد بن الحسين بن يعقوب أخبرنا دعلج قال حدثنا أحمد بن علي الأبار قال حدثنا أبو غسان -يعني محمد بن عمرو- قال حدثنا إبراهيم بن المغيرة -کە لایەنگری حەججاج بوو- ووتی: **پرسیارم لە سفیان الثوري کرد، نوێژ بکەم لەدوای ئەو کەسەی کە دەڵێ: ئیمان ووتەیە بەبێ کردار ؟ ووتی: نەخێر، وە هیچ کەرامەتی نیە.** [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 1825]

الطبري دەڵێ: حدثني عبدالله بن عمير الرازي قال سمعت إبراهيم بن موسى يعني الفراء الرازي ووتی: **پرسیار لە ابن عيينة کرا دەربارەی ئیرجاء، ووتی: ئیرجاء دوو جۆرە: کەسانێک دەربارەی علي و عثمان حوکم نادەن و هەڵی دەگرن بۆ الله ئەمانە ڕۆیشتن و بوونیان نەماوە، بەڵام مورجیئەی ئەمڕۆ دەڵێن: ئیمان ووتەیە بەبێ کردار، جا لەگەڵیان دامەنیشن و لەگەڵیان مەخۆن و مەخۆنەوە و نوێژیان لەگەڵ مەکەن و نوێژیان لەسەر مەکەن.** [تهذيب الآثار: 2909]

ابن أبي يعلى دەڵێ: **الخلال باسی أبو عبدالرحمن البوشنجي کردووە لە چوارچێوەی هاوەڵانی ئیمام أحمد، وە لە ئیمامەکەمان -واتا ئیمام أحمد- هەندێک شتی ڕیوایەت کردووە، یەکێک لەوانە: دەڵێ: بیستم أحمد دەیووت: نزیک بنەوە لە الله تعالى بە ڕق لێبوونەوەی ئەهلی ئیرجاء، ئەمە پتەوترین کارە لەلای ئێمە.** [طبقات الحنابلة : 264/1] ت: محمد حامد الفقي

ابن سعد دەڵێ: أخبرنا محمد بن الصلت قال حدثنا منصور بن أبي الأسود عن الأعمش ووتی: **لەلای إبراهيم النخعي باسی مورجیئە کرا، جا ووتی: والله ئەوانم زیاتر ڕق لێ دەبێتەوە لە ئەهلی کیتاب.** [طبقات الكبير : 392/8] ت: علي محمد عمر

ابن سعد دەڵێ: أخبرنا محمد بن عبدالله قال حدثنا محل ووتی: **إبراهيم پێی ووتین: لەگەڵیان دامەنیشن. (واتا: لەگەڵ مورجیئە).** [طبقات الكبير : 392/8]

البخاري دەڵێ: حدثنا مسدد قال حدثنا حماد بن زيد عن أيوب ووتى: **کەسم نەبینیوە خاوەن عیبادەت بێ وەکو طلق بن حبيب، سعيد بن جبير منى لەگەڵ ئەودا بينى، جا ووتى: لەگەڵ طلق دامەنیشە. أيوب دەڵێ: طلق عەقیدەی ئیرجائی هەبوو.**
[التاريخ الأوسط : 820] ت: محمد بن إبراهيم اللحيدان

ابن تيمية دەڵێ: **سەلەف زۆر سەرزەنشت کردنيان لەسەر مورجيئە توند بوو کاتێک کردەوەيان دەرهێنا لە ئيمان، وە ووتيان: ئيمانی خەڵکی وەکو يەکە، بێگومان ئەم ووتەيەيان کە ئيمانی خەڵک يەکسانە لە گەورەترين هەڵەکانە، بەڵکو خەڵکی لە باوەڕهێنان و خۆشويستن و ترسان و زانست يەکسان نين و جيان لە زۆر ڕوودا.** **[مجموع الفتاوى : 555/7] ط: مجمع الملك فهد**

ابن تيمية دەڵێ: **بيدعە کە بەهۆيەوە کەسێک بە ئەهلی هەواو ئارەزوو دادەنرێ لەلای خاوەن زانستەکان بە سوننەت ئەوەيە کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێ، وەک بيدعەی خەواريج و ڕافيزە و قەدەرييە و مورجيئە.** **[مجموع الفتاوى : 414/35]**

ووتم: ئەمە دڵۆپێک بوو لە دەريايەک دەربارەی مورجيئە، بەم شێوەيە سەلەف باسی مورجيئەيان کردووە، ئيتر نازانم بۆ أبو حنيفة سەرەڕای مورجيئە بوونی هيچ کام لەم ووتانەی سەرەوە نايگرێتەوە ! نە گومڕايە و نە بيدعەچيە تەنانەت ناوبردنی بە مورجيئەش ئەستەمە، تەنها و تەنها دەبێ بە ئيمامی ئەهلی سوننە ناو ببرێ ! موسڵمان هۆش بهێنەرەوە بەر خۆت بزانە کە ئەم ووتانەی سەرەوە هەمووی أبو حنيفة دەگرێتەوە چونکە ئەو نەک تەنها مورجيئە بووە بەڵکو بانگەوازيشی کردووە بۆ ئيرجاء ئيتر چ ڕێگريەک هەيە ئەم ووتانە ئەو نەگرێتەوە ؟

ووتەی زانایان دەربارەی مورجیئە بوونی أبو حنیفة:

عبدالله دەڵێ: حدثني هارون بن عبدالله أبو موسى حدثنا سليمان بن حرب عن **حماد بن زيد ووتی: لەلای أبو حنیفة دانیشتم لە مەککە، جا باسی سعید بن جبیر-ی کرد وای باسکرد کە مورجیئە بووە، منیش پێم ووت: ئەی أبو حنیفة کێ ئەمەی بۆ گێڕاویتەوە ؟ ووتی: سالم الأفطس، منیش پێم ووت: سالم مورجیئە بوو، بەڵام أیوب پێی ووتم: سعید بن جبیر منی بینی لەلای طلق بن حبیب دانیشتبووم، پێی ووتم: بۆ دەتبینم لەلای طلق دادەنیشیت ؟ لەگەڵی دامەنیشە. أبو حنیفة ووتی: وابوو، ئینجا پیاوێک بانگی کرد ووتی: ئەی أبو حنیفة طلق عەقیدەی چۆن بوو ؟ أبو حنیفة وەڵامی نەدایەوە، پاشان دیسان بانگی کرد، دیسان وەڵامی نەدایەوە، جا کە زۆر دووبارەی کردەوە، أبو حنیفة ووتی: طلق عەقیدەی عەدل بوو.** [السنة : 285] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: المعلمي لە [التنكيل : 470/1] دەڵێ: أبو حنیفة مەبەستی لە (عەدل) ئەوەیە کە ئیرجاء حەقە. الکوثري دەیەوێ ووشەی (عەدل) بە قەدەر لەیەک بداتەوە چونکە قەدەرییەکان نەفیکردنی قەدەر بە (عەدل) ناو دەبەن، جا مەبەستی ئەوەیە کە أبو حنیفة ئیرجائی بە عەدل ناو نەبردووە، لە بەشی دووەمدا وەڵامی ئەم گومانەم داوەتەوە، بە کورتی ئەوە بزانە کە طلق تەنها بەهۆی ئیرجاء قسەی پێ ووتراوە وەک لە ڕیوایەتی البخاري هێنامان، کەس نەیداوەتە پاڵ قەدەرییەکان.

الخطیب دەڵێ: **هیچ گومانمان نیە لەوەی کە أبو حنیفة دژی موعتەزیلەیە لەو دەقە شەرعیانەی کە هەڕەشەی تێدایە، چونکە أبو حنیفة مورجیئەیە.** [تاريخ بغداد : 515/15]

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن عبدالملك بن زنجويه حدثنا عبدالرزاق: **بە عبدالرزاق ووترا: أبو حنیفة مورجیئە بوو ؟ ووتی: بەڵێ بەڕاستی.** [السنة : 377] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: ووتنی (حدثنا عبدالرزاق: بە عبدالرزاق ووترا ...هتد) خوێنەر بۆی هەیە وا تێبگات هەڵەیە، بەڵام ڕاوی ئەم شێوازە بۆیە بەکار دەهێنێت تا بزانرێ خۆی بیستوویەتی لە کەسەکە هەرچەندە لەم حاڵەتانەدا ووشەی (سمعت) زیاتر بەکار دێت.

عبدالرزاق دەڵێ: (أي حقا) واتا بەڵێ بەڕاستی مورجیئە بوو، لە تەحقیقی القحطاني بۆتە (أتى حقا) واتا کارێکی چاکی کردووە کە مورجیئە بووە، بەهۆی ئەم هەڵەیەوە القحطاني لە حاشیەدا دەڵێ: نەمزانیوە عبدالرزاق مورجیئە بوو بێت ئەوەی دەربارەی ووتراوە شیعەگەری بووە، بەڵام دیارە ئەمەش زانیارییەکی نوێیە دەربارەی عبدالرزاق عبدالله لێرەدا باسیکردووە، جا ئاگاداربە (أي حقا) ڕاستە عبدالرزاق مورجیئە نەبووە.

الفسوي دەڵێ: حدثنا أحمد بن الخليل حدثنا عبدة ووتی: **بیستم باسی أبو حنيفة کرا پیاوێک لە ابن المبارك-ی پرسی: أبو حنيفة هیچ بیدعەیەکی تێدا بوو ؟ ابن المبارك ووتی: بەڵێ، ئیرجاء.**

[المعرفة والتاريخ : 783/2] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: أحمد بن الخليل أبو علي التاجر، ڕاوی تریش هەن بە ناوی أحمد بن الخليل کە زەعیفن یان مەتروکن، بەڵام ئەمەیان سیقەیە، بۆ دڵنیا بوون لەوەش کە ئەمە أبو علي التاجر-ە لە [تاريخ بغداد : 212/5] لە ژیاننامەکەیدا هاتووە کە یعقوب بن سفيان الفسوي ڕیوایەتی لێوە کردووە، هەروەها المزي لە [تهذيب الكمال : 304/1] بەهەمان شێوە دەڵێ الفسوي ڕیوایەتی لێوە کردووە.

النسائي دەڵێ: سیقەیە، لە شوێنێکی تر دەڵێ: لا بأس به

مسلمة بن القاسم دەڵێ: لا بأس به

أبو يحيى الخفاف دەڵێ: سیقەیە

الحاكم دەڵێ: ثقة مأمون

ابن حبان: لەکتێبی (الثقات) هێناویەتی

ابن حجر دەڵێ: سیقەیە

قاسم علي سعد دەڵێ: زانایانی جەرح و تەعدیل یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە أحمد بن الخليل سیقەیە بە ڕەهایی، تەنها مسلمة بن قاسم نەبێت پلەیەکی لێ کەم کردەوە بەبێ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکەی، وادەردەکەوێ کە مسلمة شوێنی یەکێک لە دوو لەفزەکەی النسائي کەوتبێ (واتا: لا بأس به) ئەمە لەکاتێکدا النسائي ئەم لەفزە دەربارەی ئەوانە بەکاردەهێنێت کە سیقەن بە ڕەهایی،

وە زۆر جار دەربارەی ئەو کەسانە بەکاری دەهێنێت کە خۆی بە سیقەی داناون، پوختەی ووتە: أحمد بن الخليل سیقەیە فەرموودەی صەحیحە، والله أعلم. بڕوانە حاشیەی [منهج الإمام أبي عبد الرحمن النسائي في الجرح والتعديل : 153] ط: دار البحوث للدراسات الإسلامية وإحياء التراث.

ڕاوییەکی تر هەیە بەناوی أحمد بن الخليل ناسراو بە (حور) کە زەعیفە، ژیاننامەکەی لەدوای ژیاننامەی ئەم أحمد بن الخليل-ە دێت لە تاريخ بغداد، الكوثري دەڵێ: ئەم أحمد بن الخليل خۆیەتی، المعلمي لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێ: الكوثري لە تاريخ بغداد ژیاننامەی هەردووکیان بینیوە دڵنیا بووە کە سیقەکە خۆیەتی بەڵام بۆ ئەوەی تانەی لێبدات کردوویەتی بەمە تا تەزعیفی بکات.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو سعيد الحسن بن محمد بن حسنويه الكاتب بأصبهان أخبرنا عبدالله بن محمد بن عيسى بن مزيد الخشاب حدثنا أحمد بن مهدي بن رستم حدثنا أحمد بن إبراهيم حدثني عبد السلام يعني ابن عبد الرحمن قال حدثني إسماعيل بن عيسى بن علي ووتی: **شريك پێی ووتم: أبو حنيفة كافر بوو بە دوو ئایەت لە کتێبی الله تعالى، الله تعالى فەرموویەتی:** ﴿وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ﴾ **وە فەرموویەتی:** ﴿لِيَزۡدَادُوٓاْ إِيمَٰنٗا مَّعَ إِيمَٰنِهِمۡۗ﴾ **وە أبو حنيفة پێی وایە ئیمان نە زیاد دەکات نە کەم دەکات، وە پێی وایە نوێژ لە دینی الله نیە. (واتا: لە ئیماندا نیە).**

[تاريخ بغداد : 509/15]

ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەڵێ: زەعیفە چونکە شريك لەکاتی تفرد فەرموودەی قبوڵ ناکرێ! والله پێم سەیرە کەسێک ئاستی زانستی خۆی ئاوا دابەزێنێت قسەیەکی ئاوا بەتاڵ بکات تەنها لەپێناوی بەرگری کردن لە أبو حنيفة، خۆ ئەمە ڕیوایەت نیە تا بڵێین زەعیفە ئەمە ووتەی خۆیەتی دەربارەی أبو حنيفة، شريك هاوشاری أبو حنيفة بووە و قازی کوفە بووە ئەوەندەشی پێ ڕەوا نابینن کە بڵێ أبو حنيفة مورجیئە بووە ؟ نازانم ئەمە چ قسەیەکە زانایەک بڵێ فلان کەس عەقیدەی ئاوایە تۆش بڵێی قسەکەت قبوڵ ناکەم چونکە تۆ لە ڕیوایەت کردنی فەرموودە زەعیفی !

محقق-ی تاريخ بغداد(٢) بەهەمان شێوە تەزعیفی کردووە بەهۆی شريك.

ابن عدي دەڵێ: حدثنا إسحاق بن أحمد الكاغذي حدثنا يعقوب الدورقي حدثني أبو خالد يزيد بن حكيم العسكري -باسی خێر و فەزڵی ئەویان کرد کە خاوەنی غەزا و جیهادە- أبو يوسف يعقوب الدورقي دەڵێ: -بینیم کەسانێک زۆر پلەیان بەرز دەکردەوە- قال حدثنا أبو عبدالرحمن السروجي -وكان رجلا مزاملا لوكيع في غزوه وحجه كان يحدث عن حماد بن زيد وغيره من البصريين- قال أخبرني **وكيع ووتی: لە ماڵێک لە کوفە شريك وابن أبي ليلى و سفيان الثوري وابن حي و أبو حنيفة کۆبوونەوە، چواریان ووتیان: ئێمە ئیماندارین هەروەک چۆن الله بە ئیماندار ناوی بردووین لە کتێبەکەیدا، وە بەو ئیمانەش مارەییمان دادەمەزرێ و میرات وەردەگرین، جا گەر سزای داین ئەوا بەهۆی تاوانەکانمانەوەیە وە ئەگەر لێمان خۆشبوو بەهۆی ڕەحمی خۆیەتی، أبو حنيفة ووتی: ئاوا نیە وەک ئەوەی ئێوە دەیڵێن، ئیمانی وەکو ئیمانی جبریل-ە ئەگەرچی دایکیشی مارە بکات، جا هەندێکیان ووتیان: دەبێ لە کوفە نەفی بکرێ، وە هەندێکیان ووتیان: دەبێ جەلدەی لێ بدرێ، وە شريك شایەتی أبو حنيفة و هاوەڵانی قبوڵ نەدەکرد، وە الثوري قسەی لەگەڵ نەکرد تاکو مرد، گەر لە ڕێگادا بەرەو ڕووی هاتبوایە ڕووی لێوەردەگێڕا. يزيد أبو خالد دەڵێ: ئەم باسەم بۆ محمد بن الحارث بن عباد گێڕایەوە کە ئەو هەمیشە لەگەڵ الحسن اللؤلؤي دابوو، جا محمد ووتی: ئەم شتە ئاوا بوو.**

[الكامل في ضعفاء الرجال : 485/3]

ووتم: أبو خالد يزيد بن حكيم العسكري نەمبینی کەس جەرح و تەعدیلی بۆ بکات، لە (المعجم الكبير للطبراني) فەرموودەیەک هاتووە کە لە سەنەدەکەی يزيد بن حكيم-ی تێدایە، الهيثمي لە (مجمع الزوائد) دەڵێ: فەرموودەکە زەعیفە بەهۆی هەبوونی زياد بن أبي مليح لە سەنەدەکە، واتا باسی زەعیفی یان مەجهولی يزيد بن حكيم ناکات، جگە لەمەش يزيد زۆر مەدحکراوە لەلایەن يعقوب الدورقي وەک لە سەنەدەکەی ابن عدي هاتووە، هەرچەندە ڕوون نیە کە پلەیان بەرز کردۆتەوە مەبەستیان پێی لەڕووی ڕیوایەت بووە یان لەڕووی دینداری و جیهاد کردنی، بەڵام هەر خودی يزيد هەمان ڕووداوەکە بۆ محمد بن الحارث گێڕاوەتەوە ئەویش پشت ڕاستی کردۆتەوە، محمد بن الحارث هەمیشە لەگەڵ الحسن بن زياد اللؤلؤي دابووە کە یەکێکە لە قوتابیەکانی أبو حنيفة.

الخلال دەڵێ: أخبرنا سليمان بن الأشعث قال حدثنا إسحاق بن راهويه قال حدثنا يحيى بن آدم ووتى: **أبو يوسف لەلای شريك شايەتيدا، شريك پێی ووت: هەڵسە، ڕازی نەبوو شايەتی ئەو قبوڵ بكات، پێيان ووت: شايەتی ئەو ڕەت دەكەيتەوە ؟! ووتی: شايەتی پياوێک وەرگرم كە دەڵێ: نوێژ لە ئيماندا نيە ؟!** [السنة : 1024] **(سەنەدەكەی صەحيحە).**

ووتم: ئەمە هەڵوێستيەتی بەرامبەر قوتابی أبو حنيفة ئەی دەبێت بەرامبەر أبو حنيفة چۆن بێت كە بانگەوازكەر بووە بۆ ئيرجاء ؟

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسين بن محمد أخو الخلال قال أخبرنا جبريل بن محمد العدل بهمذان قال حدثنا محمد بن جبويه النخاس قال حدثنا محمود بن غيلان قال حدثنا وكيع ووتى: **بيستم الثوري دەيووت: ئێمە ئيمانداراين، وە ئەهلی قيبلەش ئيماندارن لەلامان لە مارەكردن و ميرات و نوێژ و دان پێدانان، وە تاوانمان هەيە نازانين حاڵمان چۆنە لای الله. وكيع دەڵێ: أبو حنيفة ووتى: هەر كەسێک ئەم قسەيەی سفيان بكات ئەوا لەلای ئێمە ئەو كەسە گومانی هەيە لە ئيمانەكەی، ئێمە ئيماندارين لێرەدا و لای الله-ش بە حەق.**

وكيع ووتى: ئێمەش هەمان قسەی سفيان دەكەين، وە قسەكەی أبو حنيفة لەلاماندا جورئەتە.
[تاريخ بغداد : 506/15] (سەنەدەكەی حەسەنە).

ووتم: الكوثري (محمد بن جبويه بن بندار أبو جعفر النخاس) لەگەڵ (محمد بن حيويه بن المؤمل أبو بكر الكرجي) تێكەڵ كردووە، ئەوەی دووەميان تۆمەتبارە بە درۆ بۆيە الكوثري ڕيوايەتەكەی بە زەعيف داناوە، هەروەک المعلمي لە التنكيل و محقق-ی تاريخ بغداد(١) لە حاشيەدا ئاماژەيان پێداوە و وەڵاميان داوەتەوە، تەنانەت محقق دەڵێ: سەنەدەكە صەحيحە يان كەمترين شت حەسەنە، بەڵام محقق-ی تاريخ بغداد(٢) هەر زۆر دووركەوتۆتەوە ئەمەی تێكەڵ كردووە لەگەڵ (محمد بن العباس الخزاز) وە دەڵێ گوايە الخطيب لە ژياننامەی ژمارە (1139) تەزعيفی كردووە، كەچی گەڕامەوە بۆ ئەم ژمارەيە ژياننامەی كەسێكی تر بوو، تەنانەت ئەو ووتەيەی كە ئەو نەقلی كرد هەر نەمدۆزييەوە الخطيب لە هيچ كتێبێكدا ئەمەی ووتبێ، بگرە ئەوەی ئەو باسی دەكات

الخطيب تەوسیقی کردووە، لەوەش سەیرتر محمد بن العباس الخزاز ساڵی 295 لە دایکبووە محمود بن غیلان ساڵی 239 مردووە کە لەم سەنەدە محمد ڕیوایەتی لێکردووە، ئیتر چۆن دەبێ ئەو محمد-ە بێت کە 56 ساڵ دوای مردنی محمود لە دایکبووە ! تەنانەت ئەوەی الکوثري-ش بۆی چوو نەگەیشتووە بە محمود بن غیلان دوای مردنی ئەو لە دایکبووە.

الخلال دەڵێ: أخبرني حرب بن إسماعيل ووتی: **بیستم پیاوێک پرسیاری کرد لە إسحاق ووتی: کەسێک دەڵێ: من ئیمانداری حەقم ؟ إسحاق ووتی: ئەوە کافرێکی حەقە.**
[السنة : 974] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: لەلای ئەهلی سوننە ناووترێ من ئیماندارم بەڵکو دەووترێ من موسڵمانم، گەر بڵێن ئیماندارم (إن شاء الله)ی لەگەڵ دەڵێن بەو مانایەی نازانین لەلای الله تعالى کێ ئیمانداری ڕاستەقینەیە، بەڵام لەلای مورجیئە زۆر بە سانایی دەووترێ ئێمە ئیماندارین بە حەق، سەبارەت بە ووتەکەی إسحاق بن راهويه کە تەکفیری ئەو کەسەی کردووە کە وادەڵێ، ئەهلی سوننە لەوەدا لەگەڵی نین کە کەسەکە تەکفیر بکرێت.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي حدثنا أسود بن عامر ووتی: **بیستم أبوبکر بن عیاش باسی أبو حنیفة و هاوەڵانی کرد ئەوانەی کە مشتومڕ دەکەن، جا ووتی: مغيرة دەیووت: والله الذي لا إله إلا هو من لەوان زیاتر دەترسم لەسەر دین وەک لە فاسقەکان. وە الأعمش سوێندی خوارد ووتی: والله الذي لا إله إلا هو، نازانم کەس هەبێ لەوان خراپتر بێ، بە أبو بکر ووترا: واتا مورجیئە ؟ ووتی: جگە لە مورجیئە هی تر هەیە ؟! [السنة : 244] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن تيمية دەڵێ: **ئەهلی بیدعە لەناو غەیری حەنبەلیەکان زۆر زیاترە وەک لەناو حەنبەلیەکان لە زۆر ڕوودا، چونکە ووتەکانی أحمد دەربارەی ووردەکاری سوننەت و نەفیکردنی بیدعە زۆر زیاترە لە کەسانی تر، جا بیدعەچیەکان ئەوانەی لەسەر مەزهەبی أحمد نین گەر جەهمی بن یان یان قەدەری یان شیعە یان مورجیئە هیچ کام لەمانە مەزهەبی پێشەوایەک نیە.**

تەنها ئیرجاء نەبێ عەقیدەی أبو حنیفة-یە، سەبارەت بە هەندێک لە جەهمیەت خیلاف هەیە لە نەقل کردن لێیەوە، هەر بۆیە هاوەڵەکانی کە خۆیان داوەتە پاڵی خیلافیان هەیە لە نێوان سوننی بوون و جەهمی بوون، نێر و مێ، مشبهة و مجسمة، چونکە ئوصولی أبو حنیفة نەفی بیدعە ناکات ئەگەرچی ئیثباتیشی نەکات.

[فضائل الأئمة الأربعة وما امتاز به كل إمام من الفضيلة : 13-14] ت: فواز محمد العوضي

ووتم: ناوی (أبو حنیفة) لە چاپی مجموع الفتاوی دەستکاری کراوە کردوویانە بە (أبو فلان) بەڵام لەم نامیلکەیەدا کە بەم دواییە چاپکراوە وەک خۆی نوسراوە، جا کەسێک نەفی بیدعە نەکات چۆن دەبێتە ئەهلی سوننە لەکاتێکدا ئەهلی سوننە بە دژایەتی بیدعە ناسراون ؟ بەڵام بەداخەوە ابن تیمیة سەرەڕای نەقل کردنی ئەم هەموو ووتەیەی سەلەف دەربارەی أبو حنیفة بەتایبەتی ووتەکانی ئیمام أحمد کە خۆشی حەنبەلیە، کەچی لەمەدا موخالەفەی ئیمامەکەی دەکات و أبو حنیفة بە گەورە و پێشەوا وەسف دەکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی خۆشی کۆمەڵێک هەڵەی زەق ئەهلی ڕەئی باس دەکات و بە بیدعەچی و دوور لە سوننەت وەسفیان دەکات، ئەمەش تەنها ابن تیمیة وانیە بەڵکو زۆرینەی خەلەف بەوە ناسراون کە أبو حنیفة بە پێشەوای ئەهلی سوننە دەزانن شان بە شانی مالك و الشافعي و أحمد، سەرەڕای ئەم هەموو ووتەیەی سەلەف دەربارەی کە ڕاستەوخۆ و بەڕاشکاوی ناوی دەهێنن و کوفر و بیدعە و گومڕاییەکانی باس دەکەن، لێرەدا جیاوازی نێوان مەزهەبی سەلەف و خەلەف دەردەکەوێ، جا ئەوەی شوێنکەوتەی سەلەفە با شوێنی سەلەف بکەوێ ئەوەشی شوێنکەوتەی خەلەفە با شوێنی خەلەف بکەوێت و سەلەف بە توندڕەو و خەواریج و دڵ ڕەق و ئەم جۆرە شتانە وەسف بکات، گەر بەلاتانەوە قورسە موخالەفەی ابن تیمیة بکەن، ئەوا دەبێت زۆر بەلاتانەوە قورستر بێت موخالەفەی زۆرینەی زانایانی سەلەف بکەن، ئەمەش وەکو باسی ئەشعەرییەکان نیە بڵێن ووتەی تایبەتی سەلەفمان بەدەستەوە نیە دەربارەی دانە بەدانەی زانا ئەشعەرییەکان، خۆ لەمەدا ووتەی سەلەف ڕوونە دەربارەی أبو حنیفة.

بڕگەی پێنجەم:
بانگەواز کردنی بۆ ئیرجاء:

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە بانگەوازکەر بۆ بیدعە جیاوازە لەگەڵ بیدعەچیەک کە بانگەواز ناکات بۆ بیدعەکەی، ئەوەی بانگەوازکەرە حوکمەکەی توندترە لە دونیا و قیامەتیش.

الخلال دەڵێ: أخبرنا أبو بكر المروذي و سليمان بن الأشعث و أحمد بن أصرم المزني وهذا لفظ سليمان ووتی: **بە أحمد-م ووت: نوێژ لەدوای مورجیئە دەکرێ ؟ ووتی: گەر بانگەواز بکات بۆ بیدعەکەی نوێژی لەدوا ناکرێ.** [السنة : 1146] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم إبراهيم بن محمد بن سليمان المؤدب بأصبهان قال أخبرنا أبو بكر ابن المقرئ قال حدثنا سلامة بن محمود القيسي بعسقلان قال حدثنا عبدالله بن محمد بن عمرو ووتی:

بیستم أبو مسهر دەیووت: أبو حنيفة سەرکردەی مورجیئە بوو.

[تاريخ بغداد : 511/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: أبو حنيفة کە سەرکردەی مورجیئەیە بێگومان بانگەوازی کردووە بۆ ئیرجاء ئەگینا سەرۆکایەتیەکەی هیچ مانایەکی نیە، سەیرە سەرکردەی مورجیئەیە و ئیمامی ئەهلی سوننەشە ! واللە ئەم دوو وەسفە لە هیچ کەسێکدا کۆ نابێتەوە، تەنها مەنهەجە خێچ و خوارەکەی خەلەف وایکردووە کۆ ببێتەوە.

محقق-ی تاريخ بغداد(٢) دەڵێ: أبو بكر المقرئ محمد بن الحسن بن زياد النقاش تۆمەتبارە بە درۆ. ئەمەش لە جەهلەوە سەری هەڵداوە چونکە ئەم ڕاوییەی سەنەدەکە أبو بكر بن المقرئ-ە نەک أبو بكر المقرئ، تەنانەت لای ئەویش لە سەنەد هەر بە أبو بكر بن المقرئ هاتووە بۆیە عوزری پێنادەم بڵێم ڕەنگە لەو نوسخە دەستنوسەی کە ئەو پشتی پێ بەستووە (بن) کەوتبێ بۆیە لێی تێکەڵ بووە، جا أبو بكر بن المقرئ ئیمامە حافزە قسەی لەسەر ناکرێ ناوی محمد بن إبراهيم بن علي بن عاصم-ە خەڵکی ئەصفەهانە، أبو بكر المقرئ کە تۆمەتبارە بە درۆ ناوی محمد بن الحسن بن زياد

النقاش-ە خەڵکی موصل-ە.

الخلال دەڵێ: أخبرني حرب بن إسماعيل ووتی: **بیستم أحمد دەیووت: نوێژ ناكرێ لەدوای كەسێک كە پێی وابێ ئیمان ووتەیە گەر بانگەواز بكات بۆ بیدعەكەی.**
[السنة : 1147] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

الخلال دەڵێ: أخبرني محمد بن أبي هارون و محمد بن جعفر أن أبا الحارث حدثهم أن **أبا عبدالله ووتی: گەر مورجیئە بانگەوازكەر بوو قسەی لەگەڵ مەكە.**
[السنة : 1154] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

اللالكائي دەڵێ: أخبرنا محمد بن عبدالله بن نعيم إجازة قال حدثنا محمد بن صالح بن هانئ قال حدثنا أبو سعيد محمد بن شاذان قال سمعت محمد بن أسلم دەیووت: **بیستم یزید بن هارون دەیووت: هەر كەسێک بانگەواز بكات بۆ ئیرجاء ئەوا گەر نوێژ لەدوای كرا دەبێ دووبارە بكرێتەوە.**
[شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 1828] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل حدثنا **يحيى بن معين ووتی: أبو حنيفة مورجیئە بوو، وە لە بانگەوازكەران بوو، وە لە فەرمووودەدا هیچ نەبوو، وە هاوەڵەكەی أبو یوسف كێشەی نەبوو. (واتا: لە فەرمووودەدا).** [السنة : 383] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

ووتم: گەر بووترێ چۆن یحیی بن معین جارێک دەڵێ أبو حنیفة جەهمیە و جارێكی تریش دەڵێ مورجیئەیە ؟ كە دەڵێ جەهمیە مەبەستی بابەتی خلق القرآن-ە، كە دەڵێ مورجیئەیە مەبەستی بابەتی ئیمانە.

عبدالملك بن حبيب دەربارەی ووتەیەكی كعب الأحبار كە بە ئیمامی عمر دەڵێ: (مەڕۆ بۆ عیراق، نۆ بەش لە دە بەشی سیحری لێیە، جنۆكە فاسیقەكانی لێیە، الداء العضال-ی لێیە) دەڵێ: **(الداء العضال) بە هیلاک چوونە لە دیندا، وە مطرف پێی ڕاگەیاندم كە پرسیاریان لە مالك كردووە دەربارەی**

شەرحی (الداء العضال) لەم فەرموودەیەدا، ئەویش وتوویەتی: ئەمە أبو حنیفة وهاوەڵەکانیەتی، ئەو خەڵکی گومڕا کرد بە دوو ڕێگا: بە ئیرجاء و بە هەڵوەشاندنەوەی فەرموودەکان، بۆیە ئەو لەلامان شومترین کەسە کە لەدایکبووە لە ئیسلامدا، خەڵکێکی زۆر پێی گومڕا بوون، وە ئەوان بەردەوامن لە درێژە پێدان بە گومڕایی تاکو ڕۆژی قیامەت.

[تفسیر غریب الموطأ : 2/160-161] ت: عبدالرحمن بن سليمان العثيمين

ابن تیمیة دەڵێ: **ئەمە مەزهەبی فوقەهایەکانی ئەهلی سوننەیە وەک أحمد وجگە لەویش: هەر کەسێک بانگەواز بکات بۆ بیدعەیەک شایستەی سزایە بۆ لابردنی زیانی لەسەر خەڵک، ئەگەرچی لە ناخیەوە موجتەهید بێ، وە کەمترین سزای ئەوەیە کە هەجر بکرێ هیچ پلەیەکی نەبێت لە دیندا زانستی لێوەر نەگیرێت ونەکرێت بە قازی وشایەتی قبوڵ نەکرێت وهاوشێوەی ئەمانە.**

[مجموع الفتاوى : 7/385]

ووتم: خۆزگە خەلەف و معاصرین ڕەچاوی ئەم مەنهەجەیان دەکرد دەربارەی أبو حنیفة و هاوشێوەکانی، ئەوەتا بیدعەچی بووە و بانگەوازیشی کردووە بۆ بیدعەکەی کە ئیرجائە.

عبدالله دەڵێ: حدثني سويد بن سعيد حدثنا **عبدالله بن يزيد ووتی: أبو حنیفة بانگی کردم بۆ ئیرجاء.** [السنة : 389]

ووتم: (سويد بن سعيد الهروي) دوای کوێر بوونی پشتی بە حفزی خۆی دەبەست نەی دەتوانی لە کتێبەکانیەوە فەرموودە ڕیوایەت بکات، جا هەڵەی زۆر دەکرد و وێران بوو، جا نازانم ئەم ڕیوایەتە هی کام کاتیەتی، بەڵام پێش کوێربوونیشی حاڵی باش نەبووە صدوق بووە لە زەعیفیەوە نزیکتر بووە، هەرچۆنێک بێت ڕیوایەتی دواتر ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە کە أبو حنیفة بانگەوازکەر بووە بۆ ئیرجاء.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل حدثنا إبراهيم بن شماس حدثنا **أبو عبدالرحمن المقرئ ووتی: والله أبو حنیفة مورجیئە بوو، بانگی کردم بۆ ئیرجاء منیش ڕەتم کردەوە.**

[السنة : 367] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن عدي دەڵێ: حدثنا عبدالملك حدثنا يحيى بن عبدك ووتی: **بيستم المقرئ دەیووت: حدثنا أبو حنيفة کە مورجیئە بوو، بە دەنگێکی زۆر بەرز ئەمەی دەووت، بە المقرئ ووترا: تۆ بۆچی ڕیوایەتی لێوە دەکەی مادام مورجیئە بووە ؟ المقرئ ووتی: من گۆشت بە ئێسکەوە دەفرۆشم.**
[الكامل في ضعفاء الرجال : 125/10] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: (المقرئ) لە تەحقیقی مازن السرساوي بۆتە (المقدمي) ئینجا لە ڕیزی دواتر ناوی ڕاست کراوەتەوە بۆتە (المقرئ) لە تەحقیقەکانی تردا لەهەردوو شوێندا ناوی هەر بە المقرئ هاتووە، (أبو عبدالرحمن المقرئ) ئیمامێکی ناودارە.

ابن حبان دەربارەی أبو حنيفة دەڵێ: **جائیز نیە احتجاجی پێ بکرێ چونکە ئەو بانگەوازی دەکرد بۆ ئیرجاء، وە بانگەوازکەر بۆ بیدعە جائیز نیە احتجاجی پێ بکرێ لەلایەن پێشەوا گەورەکانمان، نازانم لەنێوانیاندا خیلاف هەبێ کە پێشەوایانی موسڵمانان و ئەهلی وەرع لە دیندا لە هەموو شارەکان و ناوچەکانی تردا جەرحیان کردووە و لەکەداریان کردووە یەک بەدوای یەکتر.**
[المجروحين : 406/2]

ووتم: بڕوانە ئیجماعی زانایان لە شارەکان نەقل دەکات کە یەک بەدوای یەک قسەیان بە أبو حنيفة ووتوە.

بڕگەی شەشەم:
هەبوونی عەقیدەی خروج کردن.

لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت کەسێک مورجیئە بێت و بانگەواز بکات بۆ ئیرجاء بکات چۆن دەبێت بە خەواریج و هانی خەڵک دەدات بۆ خروج کردنی لە حاکمی زاڵم ؟! بەڵام کەسێک الله تعالی گومڕای بکات ئیتر ئاوایە، هەروەک سفیان الثوري و الأوزاعي وتوویانە: ووتەی مورجیئە بەرەو خروج کردن دەڕوات، وە أیوب السختیاني: هەموو ئەهلی بیدعەکانی بە خەواریج ناودەبرد، وە دەیووت خەواریجەکان لەناوەکانیان جیاوازن بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر خروج کردن، وە أبو قلابة دەڵێ: هیچ کەسانێک بیدعەیەک داناهێنن ئیللا خروج کردن بە حەلال دەزانن، وە الحسن البصري دەڵێ: خاوەنی هەموو بیدعەیەک حەروریە (حروري گروپێکی خەواریجن) وە سفیان الثوري دەڵێ: هەموو ئەهلی بیدعەکان شمشێر بە حەلال دەزانن بۆ سەر ئەهلی قیبلە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثني إبراهيم بن شماس السمرقندي ووتی: **پیاوێک بە ابن المبارك-ی ووت ئێمەش لەلای بووین: أبو حنيفة مورجیئە بوو پێی وابوو دەبێ خروج بکرێ بە شمشێر، ابن المبارك ئینکاری ئەم شتەی لێنەکرد. [السنة : 330] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدة بن عبدالرحيم سمعت أبا الوزير محمد بن أعين ووتی: **پیاوێک هاتە لای ابن المبارك لە هاوەڵانی عبدالكريم، ماڵەکەش پڕ بوو لە فەرموودەناسان، پیاوەکە ووتی: ئەی باوکی عبدالرحمن بابەتی ئەوە و ئەوە، ابن المبارك-یش چەند فەرموودەیەکی بۆ گێڕایەوە لە پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵانی، پیاوەکە ووتی: ئەی باوکی عبدالرحمن أبو حنيفة بەپێچەوانەی ئەمە فەتوا دەدات، ابن المبارك توڕە بوو، ووتی: فەرموودەت بۆ دەگێڕمەوە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی، تۆش ووتەی پیاوێکم بۆ دەهێنی کە پێی وابوو دەبێ خروج بکرێ بە شمشێر لەسەر ئوممەتی محمد ﷺ ؟! [السنة : 331] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثنا الحسن بن موسى الأشيب ووتی: **بيستم أبو يوسف دەيووت: أبو حنيفة بڕوای بە خروج كردن هەبوو بە شمشێر. ووتم: ئەی تۆ؟ ووتی: پەنا بە الله.** [السنة : 220] **(سەنەدەكەی صەحيحە).**

ووتم: أبو يوسف كە نزيكترين قوتابی أبو حنيفة يە و هەر بە منداڵيەوە لەگەڵی بووە، ووتەی ئەو لەپێشترە وەک لە ووتەی الطحاوي حەنەفی مەزهەب كە لە عەقيدەكەيدا دەڵێ خروج ناكەين لە وەلی ئەمری موسڵمانان چونكە الطحاوي 89 ساڵ دوای مردنی أبو حنيفة لەدايكبووە، وە الطحاوي دەڵێ عەقيدەكەم بەپێی عەقيدەی أبو حنيفة و دوو هاوەڵەكەی نوسيوە واتا القاضي أبو يوسف و محمد بن الحسن الشيباني، ڕوونيشە كە ئەم دوو هەواڵەی لە أصول و فروع خيلافيان زۆربووە لەگەڵ أبو حنيفة، بۆيە مەرج نيە هەموو ووتەيەكی الطحاوي لە عەقيدەكەی ووتەی أبو حنيفة بێت.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن هارون أبو نشيط حدثني أبو صالح يعني الفراء ووتی: **بيستم أبو إسحاق الفزاري دەيووت: أبو حنيفة مورجيئە بوو، پێی وابوو دەبێت خروج بكرێ بە شمشێر.** [السنة : 350] **(سەنەدەكەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثنا أحمد بن الحجاج حدثنا سفيان بن عبدالملك حدثني **ابن المبارك ووتی: باسی أبو حنيفة-م كرد لەلای الأوزاعي جا باسی زانست و فيقهی ئەوم كرد، الأوزاعي ئەمەی پێ ناخۆش بوو تورە بوونی لێم دەركەوت، ووتی: تۆدەزانی چی دەڵێی؟ مەدحی كەسێک دەكەی كە پێی وایە شمشێر بەكاربێت لەسەر ئەهلی ئيسلام؟ ووتم: من لەسەر ڕەئی ئەو نيم و لەسەر مەزهەبی ئەو نيم، ووتی: ئامۆژگاريم كردی پێت ناخۆش نەبێ، ووتم: قبوڵم كرد.** [السنة : 363] **(سەنەدەكەی صەحيحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد حدثنا أبو صالح ووتی: **بيستم أبو إسحاق الفزاري دەيووت: أبو حنيفة ووتی: ئەی أبو إسحاق لەكوێ نيشتەجێی لە ئێستادا؟ منيش ووتم: لە (المصيصة) ووتی:**

گەر بۆ ئەو شوێنە ڕۆشتبوای کە براکەت بۆی چوو باشتر بوو بۆت.

برای أبو إسحاق لەگەڵ جل سپیەکان خروجی کرد جل ڕەشەکان کوشتیان.

[السنة : 353] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: (المصيصة) سەنگەرێکە لە سەنگەرەکانی شام، أبو إسحاق لەوێدا لە سەنگەر بووە لەدژی ڕۆمەکان، براکەی أبو إسحاق لەگەڵ إبراهيم بن عبدالله لە بەصرە خروجیان کرد لەدژی عەبباسیەکان، جلی خروجکەرەکان سپی بوو جلی عەبباسیەکان ڕەش بوو.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن الفضل أخبرنا ابن درستويه حدثنا يعقوب قال حدثني صفوان بن صالح الدمشقي حدثني عمر بن عبدالواحد السلمي ووتی: **بيستم إبراهيم بن محمد الفزاري -واتا: أبو إسحاق- بۆ الأوزاعي دەگێڕایەوە ووتی: برام کوژرا لەگەڵ إبراهيم الفاطمي لە بەصرە، منیش چووم تا سەیر بکەم بزانم چی لەدوای خۆی جێهێشتووە، جا بە أبو حنيفة گەیشتم، پێی ووتم: لەکوێ دێیت و بۆ کوێ دەڕۆیت ؟ منیش پێم ووت لە المصيصة هاتووم و دەمەوێ هەواڵی برام بزانم کە کوژراوە لەگەڵ إبراهيم، أبو حنيفة ووتی: گەر لەگەڵ برات کوژرابوای چاکتر بوو بۆت لەو شوێنەی کە لێوەی هاتووی، منیش ووتم: ئەی چی ڕێگری لە تۆکردووە کە خروج نەکەیت ؟ ووتی: گەر ڕاسپاردە وکەل و پەلی خەڵکم لەلا نەبوایە ئەوا هیچ چاوەڕێم نەدەکرد.**

[تاريخ بغداد : 529/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الكوثري بوهتانی زۆری بۆ ابن درستويه هەڵبەستاوە و زوڵمی زۆر لێکردووە بە ناحەق، المعلمي لە التنكيل بە نزیکەی 10 لاپەڕە وەڵامی داوەتەوە وەک لە بڕگەی سێیەم بە کورتی ئاماژەم پێیدا لەبەر درێژی نەقل نەکردووە، بڕوانە [التنكيل : 478/1-487]

گریمان ووتەکەی الكوثري ڕاست بێ کە دەڵێ ابن درستويه درۆزنە -حاشا لەو- الخطيب ڕیوایەت لە کتێبەکەی الفسوي نەقل دەکات لە ڕێگای ابن درستويه، ئەوە ووتمان با ابن درستويه درۆزن بێ خۆ کتێبەکەی الفسوي بەردەستە ئەی چی لەو دەکەیت ؟ کاتێک ئەصلی کتێبەکە بەردەست بوو هیچ پێویستیمان بەوە نیە پشت بە ڕیوایەتەکانی الخطيب ببەستین کە لەهەمان کتێب نەقلی

دەكات، هەمان ئەم ڕیوایەتە لە کتێبەکەی الفسوي هاتووە کە ئێستا دەیهێنین، بەڵام بۆیە ئەم ڕیوایەتەی الخطیب-مان هێنا تا دەرکەوێ ابن درستویە ڕیوایەتەکانی وەک خۆی نەقل کردووە بەبێ ئەوەی یەک ووشەی لێ زیاد و کەم بکات ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سیقەیە، لەهەر شوێنێک الخطیب لە ڕێگای ابن درستویە ڕیوایەتەکانی کتێبەکەی الفسوي نەقل بکات دەبینین هاوتایە لەگەڵ ئەصلی کتێبە هیچ گۆڕانی تێدا نیە، الکوثري-ش دەڵێ: چەند درهەمێکی پێ بدە هەرچی ڕیوایەتی درۆ هەیە بۆتی دروست دەکات ! والله المستعان کەسێک زمانی بەرامبەر هاوەڵان نەپارێزی ابن درستویە کێیە تا لە زمانی سەلامەت بێ.

الخطیب 9 ڕیوایەتی هێناوە دەربارەی عەقیدەی خروج کردنی أبو حنیفة کە ئێمە تەنها ئەو دانەیەمان نەقل کردووە کە الخطیب-یش لە کتێبەکەی الفسوي نەقلی کردووە، بۆیەش ئەوەی الخطیب-مان هێنا بە مەبەستی بەرگری کردن لە ابن درستویە ئەگینا کارمان پێی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا محقق تاریخ بغداد(١) لە حاشیەی ڕیوایەتی کۆتایی دەڵێ: زۆربەی ئەو ڕیوایەتانەی کە گێڕدراوەتەوە لێی دەربارەی خروج کردنی لە حوکمی زاڵم صەحیحە، وە کردەوەکانیشی بەڵگەن لەسەر ئەمە، ئینجا هەڵوێستەکانی أبو حنیفة باس دەکات لەم بارەیەوە.

بڕوانە [تاریخ بغداد : 15/530-531]

الفسوي دەڵێ: حدثني صفوان بن صالح الدمشقي حدثنا عمر بن عبدالواحد السلمي ووتی: **بیستم إبراهیم بن محمد الفزاري (واتا: أبو إسحاق) بۆ الأوزاعي دەگێڕایەوە ووتی: برام کوژرا لەگەڵ إبراهیم الفاطمي لە بەصرە، منیش چووم تا سەیر بکەم بزانم چی لەدوای خۆی جێهێشتووە، جا بە أبو حنیفة گەیشتم، پێی ووتم: لەکوێ دێیت و بۆ کوێ دەڕۆیت ؟ منیش پێم ووت لە المصیصة هاتووم و دەمەوێ هەواڵی برام بزانم کە کوژراوە لەگەڵ إبراهیم، أبو حنیفة ووتی: گەر لەگەڵ برات کوژرابوای چاکتر بوو بۆت لەو شوێنەی کە لێوەی هاتووی، منیش ووتم: ئەی چی ڕێگری لە تۆ کردووە کە خروج نەکەیت ؟ ووتی: گەر ڕاسپاردە و کەل و پەلی خەڵکم لەلا نەبوایە ئەوا هیچ چاوەڕێم نەدەکرد.** [المعرفة والتاریخ : 2/788] (سەنەدەکەی صەحیحە).

العقيلي دەڵێ: حدثنا محمد بن عثمان بن أبي شيبة قال حدثنا أبو عامر عبدالله بن براد الأشعري ووتی: **بیستم عبدالله بن إدريس ووتی: أبو حنيفة وەستابوو لەسەر پەیژەکانی، بیستم دوو پیاویش پرسیاریان لێ دەکرد دەربارەی خروج کردن لەگەڵ إبراهيم، أبو حنيفة-ش بەوانی دەووت: خروج بکەن خروج بکەن.** [الضعفاء : 159/6] ت: السرساوي (سەنەدەکەی حەسەنە).

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدة بن عبدالرحيم -خەڵکی مروە- ووتی: **چووینە سەردانی عبدالعزيز بن أبي رزمة نەخۆش بوو، من و أحمد بن شبويه و علي بن يونس، عبدالعزيز پێی ووتم: ئەی باوکی سعید من نهێنیەکم لەلایە لەئێوەم دەشاردەوە جا پێتانی دەڵێم، جا دەستی لەژێر پێخەفەکەی دەرهێناو ووتی: بیستم ابن المبارك دەیووت: بیستم الأوزاعي دەیووت: ئارامان گرت لەسەر أبو حنيفة لەمە بە پەنجە ژماردی، وە ئارامان لەسەری گرت لەمە بە پەنجەی دووەم ژماردی، وە ئارامان گرت لەسەری لەمە بە پەنجەی سێیەمی ژماردی عەیبەکانی، هەتا خروج کردن بە شمشێر لەسەر ئوممەتی محمد ﷺ هات نەمانتوانی ئارامی لەسەر بگرین.**
[السنة : 228] (سەنەدەکەی حەسەنە).

الفسوي دەڵێ: حدثني صفوان بن صالح حدثنا عمر ووتی: **بیستم الأوزاعي دەیووت: شعيب بن إسحاق و ابن أبي مالك و ابن علاق و ابن ناصح هاتنە لام ووتیان: هەندێک زانستمان لە أبو حنيفة وەرگرتووە سەیرێکی بکە، جا ئەوان هەر لەلام بوون بینیم ئەو شتەی بۆیان هێنابووم تێیدا خروج کردنی لە پێشەواکان بۆ حەلاڵ کردبوون.** [المعرفة والتاريخ : 791/2] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: جا کەس نەڵێ سەرەتا مەزهەبی ئەهلی سوننە وابووە کە بە جائیزیان دەزانی خروج بکەن لە حاکمی زاڵم، یان بڵێ هەندێک زانای تریش فەتوای خروجیان داوە تەنها أبو حنيفة نەبووە، حاشا لەم زانا بەڕێزانە کە بۆ خۆیان شتێک بە جائیز بزانن یان خۆیان فەتوا بدەن لەسەری کەچی بۆ أبو حنيفة بیکەن بە تاوان و هێرشی بکەنە سەر ئەمە دووڕوویيە، بەڵێ هەندێک زانا دژی خروجکردنی إبراهيم و محمد-ی برای نەبوون لە عەبباسیەکان بەڵام جیاوازی ئەوان و أبو حنيفة

ئەوەیە کە لە ئەصلی عەقیدەی أبو حنیفة-دا خروج کردن جائیزە لە حاکمی موسڵمانی زاڵم بەڵام ئەو زانایانەی کە لە ڕوودایێکدا یان لە کاتێکی دیاری کراودا دژی خروج کردن نەبوو بن ئەوا لە ئەصلی عەقیدەکەیان خروج کردن جائیز نیە لە حاکمی موسڵمانی زاڵم، بۆیە ئەمە تۆمەتێکی زۆر ناشرینە هەندێک کەس بێ ئاگایانە دەیدەنە پاڵ سەلەف دەڵێن: ئەوانیش خروجیان لە حاکمی زاڵ بە جائیز زانیوە ! واتای چی بۆ خۆیان بە جائیزی بزانن بۆ أبو حنیفة بە تاوانی بزانن ! دواتر ئەو فەرموودانەی دژی خروج کردن هاتوون هەمووی تایبەتە بە حاکمی زاڵم نەک حاکمێکی وەک عمر بن عبدالعزیز، ئێمە فرمانمان پێکراوە لەسەرزوڵمی حاکمی موسڵمان ئارام بگرین، جا پرسە لەخۆت بۆ تەنها قسە لەسەرخروجی أبو حنیفة دەکرێ و باسی ئەوانی تر ناکرێت کە گوایە ئەوانیش بە جائیزیان زانیوە ! ئێمە ناتوانین خۆمان بگێڕینەوە بۆ ئەو ڕۆژانە تا بزانین واقیعەکە چۆن بووە و کێ هەڵوێستی چۆن بووە و حاکمەکان بە ووردی حاڵیان چۆن بوونە، بەڵام کە زانایانی سەلەف زۆر بە توندی دژی خروجکردنی أبو حنیفة وەستاون ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی کە بزانین أبو حنیفة عەقیدەیەکی هەبووە زانایانی تر نەیان بووە بۆیە ئاوا دژی وەستاون.

بڕگەی حەوتەم:
فێڵ کردن لە فەتوادان (الحيل).

السرخسي دەڵێ: زانایان خیلافیان هەیە دەربارەی کتێبی (الحيل) ئایا محمد بن الحسن دایناوە یان نا، أبو سليمان الجوزجاني ئینکاری ئەوەی دەکرد و دەیووت: هەر کەسێک ووتی محمد کتێبێکی داناوە ناوی ناوە (الحيل) ئەوا باوەڕی پێمەکە، ئەو کتێبەی کە لەبەر دەستی خەڵک دایە پەڕاو نوسەکانی بەغداد کۆیان کردۆتەوە، وە دەڵێ: جاهیلەکان ئەم شتانە دەدەنە پاڵ زاناکانمان بۆ عەیبدارکردنیان، جا چۆن گومان دەبردرێ بە محمد کە یەکێک لە کتێبەکانی بەم ناوەوە ناو نابێت تا ببێتە یارمەتیدەر بۆ جاهیلەکان لەو درۆیانەی کە دروستی دەکەن بەناوی زانایانەوە ؟! السرخسي دەڵێ: بەڵام أبو حفص دەڵێ: ئەم کتێبە دانراوی محمد-ە. السرخسي دەڵێ: أبو حفص ئەم کتێبەی لە محمد-ەوە ڕیوایەت دەکرد، وە قسەکەی ئەو ڕاسترە.

[المبسوط : 209/30] ط: دار المعرفة

ووتم: أبو سليمان الجوزجاني و أبو حفص هەردووکیان قوتابی محمد بن الحسن الشيباني بوونە، وە شتی ئیثبات کراو پێش شتی نەفیکراو دەخرێ، مادام أبو حفص کتێبەکەی لە محمد-ەوە ڕیوایەت کردووە واتا کتێبەکە هی محمد-ە، هەروەها السرخسي وەک بینیتان تەرجیحی ووتەکەی أبو حفص دەکات، وە ئەم کتێبەی السرخسي بە (الأصل) ناسراوە لەلای حەنەفیەکان، بۆتە عومدە لە مەزهەبی حەنەفیدا و گەورەترین کتێبی مەزهەبەکەیە.

ابن حجر دەڵێ: أبو حفص الكبير کتێبی (الحيل)ی لە محمد بن الحسن ڕیوایەت کردووە.

[فتح الباري : 245/16]

ابن حجر دەڵێ: فەتوادان بە فێڵ بەناوبانگ بووە لە حەنەفیەکانەوە، چونکە أبو يوسف کتێبێکی لەم بارەیەوە نوسی. [فتح الباري : 237/16]

ووتم: ئەمەش لەوانەیە کتێبێکی تر بێ چونکە فێڵەکانی أبو يوسف-یش لە فەتوادان ڕوونن، وە

لەوانەیە هەر ئەو کتێبەی محمد بێ ابن حجر بیداتە پاڵ أبو یوسف، وەک زانراویشە أبو یوسف و محمد بن الحسن دوو قوتابی دیاری أبو حنیفة بوونە ئەوان بڵاو کەرەوەی مەزهەبەکەی ئەو بوونە، جا هەموو قوتابیەک لە کتێبە فقهیەکانیدا زۆر ئاماژە بە ووتەی شێخەکەی دەکات و بەڵگەی پێ دەهێنێتەوە، ئەم دووانەش لەم کتێبەدا فەتواکانی أبو حنیفة نەقل دەکەن، تەنانەت محمد کتێبەکەی بە (کتاب الحیل لأبي حنیفة) ناوناوە چونکە پرسیارەکانی خۆیی و وەڵامەکانی أبو حنیفة-ی تێدا نەقل کردووە، وە ابن المبارك-یش کتێبەکەی داوەتە پاڵ أبو حنیفة، وە بابەتی فێڵ کردنیش لە فەتوادان لەلای أبو حنیفة-ەوە ناودار بووە بۆیە لەم دوو کتێبەدا لۆمە دەچێتەوە سەر ئەو پێش قوتابیەکانی چونکە لە مەزهەبی ئەودا فێڵ کردن دروستە و قوتابیەکانیشی لەو بۆیان ماوەتەوە، هەروەک دێینە سەر ووتەیەی زانایانی تریش کە فێڵ کردنیان داوەتە پاڵ أبو حنیفة.

الخطیب دەڵێ: **محمد بن بشر أبو عبدالله الرقي لە خلف بن بیان-ەوە کتێبی (الحیل في الفقه لأبي حنیفة)ی ڕیوایەت کردووە، أبو الطیب محمد بن الحسین بن حمید بن الربیع الکوفي لە محمد بن بشر ڕیوایەتی کردووە، باسیکردووە کە لە محمد-ی بیستووە لەساڵی 258 لە سامراء.**
[تاریخ بغداد : 440/2]

ووتم: ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە کە کتێبەکە بریتی بووە لە فەتواکانی أبو حنیفة کە قوتابیەکانی نەقلیان کردووە لێی و نوسیویانەتەوە، وەک کتێبەکانی مسائلی ئیمام أحمد کە قوتابیەکانی لە أحمد-ەوە فەتوا نەقل دەکەن، الکوثري جەهمی تانەی لەمەش داوە.
بڕوانە [التنکیل : 1/736-739] المعلمي لێی پوچەڵ کردۆتەوە.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا محمد بن عبیدالله الحنائي قال أخبرنا محمد بن عبدالله الشافعي قال حدثنا محمد بن إسماعیل السلمي قال حدثنا أبو توبة الربیع بن نافع قال حدثنا **ابن المبارك ووتی: ئەوەی سەیری کتێبی (الحیل)ی أبو حنیفة بکات حەڕامی الله حەلال دەکات و حەلالی الله حەڕام دەکات.**
[تاریخ بغداد : 555/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: ابن المبارك كتێبەکەی دایە پاڵ أبو حنیفة کە خۆی هاو سەردەمی أبو حنیفة بووە، ئەم ووتەیەش نرخی خۆی هەیە چونکە کەسێک نیە دوای أبو حنیفة ژیا بێت و نەزانێت واقیعەکە چۆن بووە.

محقق-ی تاریخ بغداد(٢) دەڵێ: ابن أبي حاتم دەربارەی محمد بن إسماعیل السلمي دەڵێ: قسەیان دەربارەی کردووە.

الدارقطني دەڵێ: ثقة صدوق، أبو حاتم قسەی دەربارەی کردووە

ابن حجر دەڵێ: ثقة حافظ ووتەکەی أبو حاتم ڕوون نیە کە چی ووتوە

النسائي دەڵێ: ثقة

الحاکم دەڵێ: ثقة المأمون

الخطیب البغدادي دەڵێ: متقن

الذهبي دەڵێ: الحافظ

مسلمة بن القاسم دەڵێ: ثقة

جا دوای ووتەی هەموو ئەمانە ووتە نادیارەکەی أبو حاتم قبوڵ ناکرێ کە نازانرێ چی ووتوە، وە أبو حاتم توندە لە حوکمدان لەسەر ڕاوییەکان.

الطحاوي دەڵێ: سمعت أحمد بن أبي عمران دەیووت: محمد بن سماعة ووتی: **بیستم محمد بن الحسن دەیووت: ئەم کتێبە -واتا کتێبی الحیل- هێ ئێمە نیە، فڕێ دراوەتە ناو کتێبەکانمان.**

ابن أبي عمران ووتی: إسماعیل بن حماد بن أبي حنیفة ئەم کتێبەی داناوە.

[الذهبي نەقلی کردووە - مناقب أبي حنیفة وصاحبیه : 85]

ووتم: ئەم سەنەدە صەحیحە، ابن أبي عمران دەڵێ: قال محمد بن سماعة، واتا تەصریح نادات بە سەماع، زۆرێک لە بەرگریکەران لە أبو حنیفة کاتێک ڕیوایەتەکانی زەمکردنی دەهێنین دەڵێن: ووتی قال نەی ووت سمعت، واتا خۆی ووتەکەی نەبیستووە لە أبو حنیفة بۆیە زەعیفە ئیللا دەبێت بڵێ بیستم وایووت ئینجا صەحیحە، گەر بە قسەی ئێوە بێت کەواتە ئەم ڕیوایەتەش

زەعیفە لەکاتێکدا ئەمە بەهێزترین بەڵگەیە بۆ لابردنی تۆمەتی ئەم کتێبە لەسەر أبو حنیفة ئەگینا تەنها ئەم کتێبە بەسە بۆ تەکفیر کردنی أبو حنیفة چونکە پڕپەتی لە فەتوای کوفری، بەڵام ئێمە نە لەبەر دڵی ئێوە نە لە ڕقی ئێوەش لەخۆمانەوە شت تەصحیح و تەزعیف ناکات بەڵکو لەسەر ئەو مەنهەجە دەڕۆین کە زانایانی فەرموودە لە المتقدمین لەسەری بوون، مادام ابن أبي عمران قوتابی ابن سماعة-یە سەماع ئیثبات بووە لەنێوانیان بەشێوەیەکی گشتی ئەوا گەر بڵێ عن یان قال هەر بە متصل حیسابە لەسەر شەرطی بوخاری مادام دڵنیا بین لەوەی کە تەدلیسی نەکردووە، بۆیە مەرج نیە ئیللا ڕاوی بڵێ سمعت یان حدثني بەڵکو عن یان قال وەک صیغەیەکی محتملە بۆیە بە متصل دانەنرێت هەندێکجار وە هەندێکجاریش بە منقطع دادەنرێت گەر زانیمان یەکتریان نەدیوە یان ڕاوی تەدلیسی زۆرە یان بە دیاریکراوی زانیمان لەم سەنەدە تەدلیسی کردووە، جا کاتێک ڕاوییەک هاوسەردەمی ڕاوییەک بێت و ئەگەری بینین هەبێت لەنێوانیان هیچ بەڵگەیەکیش نەبێت کە یەکلایی بکاتەوە کە ئەم دوو ڕاوییە یەکتریان نەدیوە ئەوا ئەوکات گەر بە (عن) یان (قال) ڕیوایەتیان لەیەکتر کرد بە متصل هەژمار دەکرێت لەسەر شەرطی مسلم بەو مەرجەی ئەمین بین لە تەدلیس.

هەر چەندە ئەم سەنەدە سەنەدێکی حەنەفیە هەموویان زانای حەنەفی مەزهەبن، پێچەوانەی ووتەی أبو حفص-ە کە خۆی قوتابی محمد بن الحسن بووە ئەم کتێبەی لەو ڕیوایەت کردووە چۆن محمد دەڵێ ئەم کتێبە هی ئێمە نیە لەهەمان کاتدا قوتابیەکەی لێی ڕیوایەت دەکات ! بێگومان ڕیوایەت کردن بە ئاگاداری نێوان شێخەکە و قوتابیەکەی ڕوو دەدات نەک تاک لایەن بێت لەلایەن قوتابیەکەوە بەبێ ئاگاداری شێخەکەی ئیللا مەگەر قوتابیەکە درۆ بە دەم شێخەکەیەوە بکات، پاشان گەر ئەم کتێبە هی أبو حنیفة و دوو قوتابیەکەشی نەبێت ئەوا هیچ گومان لەوە دانیە کە أبو حنیفة فێڵی بەکار هێناوە لە فەتوادان هەروەک لەم بڕگەیەدا باسی دەکەین، بۆیە خاوەنی ئەم کتێبە هەر کەسێک بێت فێڵ کردن لەسەر أبو حنیفة تاوانی لا ناچێت، هەروەها کە ابن أبي عمران دەڵێ: نەوەکەی أبو حنیفة ئەم کتێبەی نوسیوە، نەوەکەشی حەنەفی مەزهەبە و

تەنانەت دوای چاوکزبوونی محمد بن سماعة ئەولە شوێنیدا بۆتە قازی، بۆیە إسماعیل کەسێکی نامۆ نیە بە أبو حنیفة و مەزهەبەکەی.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا إبراهيم بن عمر البرمكي قال أخبرنا محمد بن عبدالله بن خلف الدقاق قال حدثنا عمر بن محمد الجوهري قال حدثنا أبو بكر الأثرم قال حدثني زكريا بن سهل المروزي قال سمعت الطالقاني أبا إسحاق دەیووت: **بیستم ابن المبارك دەیووت: هەرکەسێک کتێبی (الحیل) لەماڵەکەیدا بێت فەتوای پێ بدات یان کار بکات بەو شتانەی لەناو کتێبەکەدا هەیە ئەوا ئەو کەسە کافرە، ژنەکەی لێ جیا دەبێتەوە و حەجی بەتاڵ دەبێتەوە. أبو إسحاق دەڵێ: بە ابن المبارك ووترا: لەم کتێبەدا هاتووە گەر ژنێک بیەوێت جیا ببێتەوە لە مێردەکەی ئەوا هەڵدەگەڕێتەوە لە ئیسلام تا لێی جیا دەبێتەوە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام. جا عبداللە بن المبارك ووتی: هەرکەسێک ئەم کتێبەی دانابێت ئەوا کافرە، ژنەکەی لێی جیا بۆتەوە و حەجەکەی بەتاڵ بۆتەوە، خاقان المؤذن بە ابن المبارك-ی ووت: کەس ئەم کتێبەی دانەناوە جگە لە ئیبلیس، عبدالله ووتی: ئەو کەسەی ئەم کتێبەی داناوە لەلای من لە ئیبلیس ئیبلیسترە.** [تاريخ بغداد : 556/15] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

أبو داود دەڵێ: **باسی فێڵەکانی ئەهلی ڕەئی کرا لەلای أحمد، بیستم ئەویش ووتی: فێڵ دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەری الله ﷺ.**
[مسائل أبي داود للإمام أحمد : 1784] ت: طارق عوض الله

ابن أبي يعلى لە ژیاننامەی عبدالخالق بن منصور دەڵێ: **لە ئیمامەکەمان چەند شتێکی گێڕاوەتەوە، یەکێک لەوانە: دەڵێ: بیستم أحمد بن حنبل دەیووت: هەرکەسێک کتێبی الحیل-ی لەلا بێت لە ماڵەکەیدا فەتوای پێ بدات ئەوا کافرە بەو قورئانەی کە بەسەر محمد ﷺ دابەزیوە.**
[طبقات الحنابلة : 218/1]

ابن بطة دەڵێ: حدثني أبو صالح محمد بن أحمد حدثنا أبو جعفر محمد بن داود حدثنا أبو الحارث الصائغ ووتی: **بیستم باوکی عبدالله -واتا ئیمام أحمد- ووتی: ئەم فێڵانەی کە ئەمانە دایان هێناوە**

أبو حنيفة و هاوەڵانی، ئەمانە چوون بەرەو فەرموودەکان جا فێڵیان کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی، جا هاتن بۆ ئەوشتەی کە پێیان ووترا ئەمە حەڕامە جا فێڵیان تێدا کرد تاکو حەلالیان کرد.
[إبطال الحيل : 52] ط: المكتب الإسلامي (سەنەدەکەی حەسەنە).

ابن تيمية دەربارەی ووتەی أبو حنيفة لە زەکاتدا دەڵێ: ... (دوای باسکردنی هەندێک لە فەتواکانی پاشان دەڵێ) **زەکاتی سەر فترە و بەروبومی کشتوکاڵی لێدەرچێت ئەوانی تر بە واجب نازانێت تەنها لەسەر کەسانی مکلف نەبێ، وە بە جائیزی دەزانێت فێڵ بکرێت بۆ لابردنی زەکات لەسەر خاوەنەکەی.** [القواعد النورانية الفقهية : 134] ت: أحمد بن محمد الخليل
ووتم: مەبەست پێی لە کەسانی (مکلف) واتا منداڵ و شێت ناگرێتەوە.

ابن تيمية دەڵێ: **لە هەندێک لە ئەهلی ڕەئی گێڕدراوەتەوە کە بە ڕاشکاوی ووتویەتی: ئینکاری ئەوە لە ئێمە دەکەن کە ئێمە چووین بۆ شتانێکی حەڕام جا فێڵمان تێیدا کرد تا کردمان بە حەلال.**
[الفتاوى الكبرى : 83/6] ت: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا

ابن القيم دەڵێ: **یەکێکی تر لە فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان کە لە ئیسلام و ئەهلەکەی دەکات: فێڵ کردن و هەڵخەڵەتاندنە کە حەلال کردنی حەڕامەکانی الله و لابردنی فەرزەکانی و دژایەتی کردنی فرمان و نەهیەکانی لەخۆ دەگرێت، ئەمەش لە ڕەئی باطلە کە سەلەف یەک دەنگ بوونە لەسەر زەمکردنی.** [إغاثة اللهفان : 581] ط: دار عالم الفوائد

ابن حبان دەڵێ: أخبرنا محمد بن عبدالرحمن الفقيه قال سمعت محمد بن أحمد بن حكيم الشيباني يقول سمعت أبا إسحاق الطالقاني دەیووت: **بیستم ابن المبارك دەیووت: هەر کەسێک کتێبی (الحيل)ی لەلایە دەیەوێ کاری پێ بکات ئەوا ئەو کەسە کافرە ژنەکەی لێی جیا بۆتەوە و حەجەکەی بەتاڵ بۆتەوە، پاشان ووتی: فلان دەڵێ: گەر کەسێک بە خێزانەکەی بڵێ تۆ وەک پشتی دایکم وای بۆم (الظهار) جا هەڵگەڕێتەوە لە ئیسلام کەفارەتی ظيهارەکەی لەسەر لادەچێ، جا گەر کەسێک توشی حاڵەتێکی ئاوا بوو کەسێکیش پێی بڵێ ئاوا بکە (واتا ئەم فێڵە بەکاربهێنە خۆت مورتەد**

بکەوە تا کەفارەتەکەت لەسەر لاچێ پاشان بگەڕێوە بۆ ئیسلام) ئەوا ئەم کەسە کافرە ژنەکەی لێ جیا بۆتەوە و حەجەکەی بەتاڵ بۆتەوە. [المجروحين : 411/2]

ووتم: محمد بن عبدالرحمن بن العباس السامي الهروي سيقەيە، أبو إسحاق الطالقاني صدوق-ە، بەڵام محمد بن أحمد بن حكيم الشيباني تەنها ابن حبان لە کتێبی (الثقات) هێناویەتی بەبێ بەکارهێنانی هیچ لەفزێکی تەوسیق کردن بۆی، جا ئەوەی مەبەستمە لە هێنانی ئەم ڕیوایەتەدا ئەوەیە کە ابن حبان ئەم ووتەیەی ابن المبارك-ی لە ژیاننامەی (أبو حنيفة)دا هێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کتێبی الحيل بەندە بەناوی أبو حنيفة-ەوە لەلای زانایان، دواتر بە صەحیحی هەمان ڕیوایەتمان هێنا لە ابن المبارك بۆیە لە حاڵەتی ئاوادا ڕیوایەتی کەسانی وەک محمد بن أحمد بن حكيم الشيباني قبوڵ دەکرێت.

الكَرجِي القَصاب دەڵێ: **فێڵی نەهی لێکراو ئەوەی کە لە أبو حنيفة-ەوە ژمێردراوە وەکو زەم ئەو جۆرەیە کە حەرام حەلال دەکات و حەلال حەرام دەکات.**

[نكت القرآن : 623/1] ت: علي بن غازي التويجري

أبو حنيفة و حەڵاڵ كردنی داميٚنی حەڕام و سوک كردنی حوكمە شەرعيەكان تيٚيدا:

لێرەدا چەند فەتوایەکی ناشرین و قێزەوون لە أبو حنیفة-ەوە نەقل دەکەین دەربارەی حەلال کردنی داميٚنە حەڕامەکان و ئاسانکاری کردن و سووک کردنی حوکمی شەرعی تێیدا، کە ئەگەر بێتو ئەم فەتوایانە لەناو موسڵمانان‌دا بڵاو بکرێتەوە و بووترێ ئەمە فەتوای یەکێک لە چوار مەزهەبەکەیە ئەوا فەسادێکی یەکجار گەورە ڕوو دەدات.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال حدثنا عثمان بن أحمد الدقاق قال حدثنا إدريس بن عبدالكريم قال سمعت يحيى بن أيوب ووتی: **هاوەڵێکی سیقەی خۆمان پێی ڕاگەیاندین ووتی: من لەلای أبو بکر بن عياش دانيشتبووم، جا إسماعيل بن حماد بن أبي حنيفة هات سەلامی کرد و دانيشت، أبو بکر ووتی: ئەمە کێیە ؟ ووتی: من إسماعيل-م ئەی أبو بکر، جا أبو بکر بە دەست لە چۆکی إسماعيل-ی دا، پاشان ووتی: ئای چەند داميٚنی حەڕام باپیرت حەلالی کرد.** [تاريخ بغداد : 563/15]
ووتم: شێخەکەی يحيى بن أيوب مبهم-ە ئەگەرچی بە سیقەش وەسفی کردووە بەڵام ناتوانین تەعدیلەکەی وەربگرین چونکە ڕەنگە لای زانایانی تر زەعیف بوایە گەر ناوی هێنابوایە، بەڵام ئەم ڕیوایەتەم هەروەک پێشەکیەک هێنا نەک وەک بەڵگە هێنانەوە ئەگینا بە صەحیحی لەلای ابن حبان بە هەمان مانا هاتووە.

ابن حبان دەڵێ: سمعت الفضل بن الحسين يقول سمعت يحيى بن عبدالله بن ماهان دەیووت: **بيستم هدية بن عبدالوهاب دەیووت:**

إذا ذو الرأي خاصم عن قياس * وجاء ببدعة هنة سخيفة**

أتيناهـم بقـول الله فيهـــــا * وآثــار نبــوءة شـريفـــة**

فكـم من فـرج عـــفـــيـــف * أحل حرامها بأبي حنيفة**

واتا: گەر خاوەنی ڕەئی مشتومڕی کرد لەسەر قیاس، وە بیدعەیەکی پیسی سەخیفی هێنا، ئێمەش

ووتەی الله و ئاثاری شەریفی پێغەمبەرایەتی دەهێنین بۆیان، چەندین دامێنی پاک حەڕام بوونی حەلال کرا بەهۆی أبو حنيفة. [المجروحين : 413/2] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: (هدية) بۆتە (هدبة) لەهەردوو چاپی کتێبەکەدا، ڕاستەکەی (هدية)یە.

١. مارەیی بڕین بەبێ ئامادە بوونی وەلی ئەمری کچەکە:

ابن قدامة دەڵێ: **أبو حنيفة دەڵێ: ئافرەت بۆی هەیە خۆی بە شوو بدات و ئافرەتی تریش بە شوو بدات.** [المغني : 345/9] ط: دار عالم الكتب

ووتم: واتا دروستە بەبێ ئامادە بوونی وەلی ئەمرەکەی خۆی بە شوو بدات، ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مارەیی دانامەزرێ ئیللا بە ئامادەبوونی وەلی ئەمری کچەکە) هەروەها فەرموویەتی: (هەر ژنێک مارە بکرێت بەبێ ئیزنی وەلی ئەمرەکەی، ئەوا مارەییەکەی بەتاڵە مارەییەکەی بەتاڵە مارەییەکەی بەتاڵە) سێ جار فەرموویەتی وەک تەئکید کردنەوە، هەروەها فەرموویەتی: (ئافرەت نابێت ئافرەت بە شوو بدات، وە نابێت خۆی بە شوو بدات) وەک بڵێی ئەم دینە تەنگی تێدایە بەڵام أبو حنيفة هاتووە ئەم تەنگیەی لاداوە و فراوانی کردووە لەسەر موسڵمانان و ئاسانکاری بۆ کردوون ! بۆیەش دوو نظامی زندیق پەیدا دەبن و دەڵێن زاناکانی ئێوە خۆیان کردووە بە تەشریع دانەر و ئێوەش شوێنیان کەوتوون کردووتانن بە خوای خۆتان، مانای چیە مەلا دەڵێ دەزانم نابێت بەبێ وەلی ئەمر مارە بکرێت بەڵام لە مەزهەبی حەنەفی دروستە کێشە نیە بەو مەزهەبە مارەتان دەکەم ؟! ئایا ئەم مەزهەبە حەرامەکەی حەلال کرد ؟! ئەمەش ئەمڕۆ بەڵایەکی گەورەی دروستکردووە لەناو ئوممەتدا، تا ئێستاش زۆربەی ووڵاتانی خوراسان و هیند لەسەر ئەم فەتوایە دەڕۆن و کچ بەبێ وەلی ئەمر شوو دەکات، تەنانەت لەو ووڵاتانەش کە مەزهەبەکەیان حەنەفی نیە گەر کچەکە لاسار بێت و ڕابکات بەدوای کوڕێکدا مەلایەکی دەجال گەر خۆشی حەنەفی نەبێت لەسەر مەزهەبی أبو حنيفة کوڕ و کچەکە لەیەکتر مارە دەکات یان

دەڵێ مادام دایکی کچەکە ئامادەیە کێشە نیە دەشزانێ لە فەرمووده هاتووه کە ئافرەت بۆی نیە ئافرەت بە شوو بدات، ئەوە ووتمان عوزر بۆ أبو حنیفة دەهێننەوە و پینە و پەڕۆی بۆ دەکەن، ئەی باشە مەلاکان چ عوزرێکیان هەیە دوای ئەوەی زانیان أبو حنیفة پێچەوانەی فەرموودەی کردووە کەچی هەر لەسەر مەزهەبەکەی ئەو دەڕۆن ؟

٢.بە جائیز دانانی زینا کردن لەگەڵ ئافرەتانی کافری شەڕکەر:

السیوطي دەڵێ: **ئایەتی: ﴿وَلَا يَطَـُٔونَ مَوۡطِئًا ...﴾ أبو حنیفة کردوویەتی بە بەڵگە لەسەر جائیز بوونی زینا کردن لەگەڵ ئافرەتانی ئەهلی حەرب لە دار الحرب.**

[الإكليل : 123] ت: سيف الدين عبدالقادر الكاتب

ووتم: هیچ موفەسیرێک ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە تەفسیر نەکردووە، وە ئافرەتانی کافر دوای جیهاد و دابەش کردنی پشکی غەنیمەت وکەنیزەکەکان لەلایەن ئەمیربەسەر موجاهیداندا ئەوکات دەبێتە حەلالیان ئەگینا پێش ئەوکاتە نەخێر.

٣. بە جائیز دانانی مارە بەجاش:

الكاساني دەربارەی مارە بەجاش دەڵێ: **گەر بە دەم دانی پێ بنێن و بیکەن بە مەرج کە پیاوی دووەم بۆ ئەوە ژنەکە مارە دەکات تا بۆ پیاوی یەکەمی حەلال بکات ئەوا ئەم مارەییە دروستە لەلای أبو حنیفة و زفر، بەڵام کەراهەتی هەیە بۆ هەردووک مارەییەکە.**

[بدائع الصنائع : 405/4] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: لە پێغەمبەر ﷺ بە صەحیحی هاتووە کە الله لەعنەتی لە هەردوو پیاوەکە کردووە.

الكاساني زانایەکی حەنەفی مەزهەبە.

٤. حەڵاڵ کردنی دامێنی حەرام بە شایەتیدانی درۆ:

ابن أبي شيبة دەڵێ: **باسکراوە کە أبو حنيفة وتوویەتی: گەر دوو شایەت بە درۆ شایەتی بدەن لەلای قازی لەسەر ئەوەی کە پیاوێک ژنەکەی تەڵاق داوە، قازیش بەهۆی شایەتی ئەوان ژن و مێردەکە لەیەکتر جیا بکاتەوە، ئەوا هیچی تێدا نیە گەر یەکێک لەم دوو شایەتە ژنەکە بخوازن.**

[المصنف : 203/20] ت: محمد عوامة

ووتم: لەوانەیە بووترێ ابن أبي شيبة دەڵێ (باسکراوە) ئەمەش صیغەی التمريض-ە کە زەعیفە، بەڵام بە سەنەدی صەحیح ئەم فەتوایەی أبو حنيفة-مان هێنا.

٥. زینا کردن لە دواوە حەددی لەسەر نیە:

الكاساني دەڵێ: **جووت بوون لە دواوە چ ئافرەت بێ یان پیاو حەددی لەسەر نیە لەلای أبو حنيفة، ئەگەرچی حەڕامە بەڵام چونکە لە پێشەوە جووت نەبووە نابێتە زینا.**

[بدائع الصنائع : 184/9]

ووتم: جووت بوون لەگەڵ ئافرەت لە پێشەوە بێ یان لە دواوە هەر زینایە، پێغەمبەر ﷺ لەکاتی جێبەجێ کردنی حەد لەکەسی نەپرسیوە لە پێشەوە زینات کرد یان لە دواوە، لە پیاوانیش هەر لە دواوە دەبێ، ئەمەش کاری قەومی لوط-ە، سزاکەشی یەکێکە لە قورسترین سزاکان کە کوشتنە.

٦. گەر ژنێکی عاقڵ خۆی بداتە بەر دەستی شێتێک یان منداڵێک حەددی لەسەر نیە:

الوزير ابن هبيرة دەڵێ: **زانایان خیلافیان هەیە دەربارەی ئافرەتێکی عاقڵ گەر خۆی بداتە بەر دەستی شێتێک و شێتەکە جووت بێ لەگەڵی، یان پیاوێکی عاقڵ زینا لەگەڵ ژنێکی شێتدا بکات، مالك و الشافعي و أحمد دەڵێن: لەهەر دوو باردا کەسە عاقڵەکە حەددی زینای لەسەرە، وە أبو**

حنيفة دەڵێ: ئافرەتی عاقڵ حەددی لەسەر نیە گەر شێتێک جووت بێ لەگەڵی و خۆی بداتە بەر دەستی شێتەکە، بەڵام گەر پیاوی عاقڵ زینا لەگەڵ ژنێکی شێت بکات ئەوا حەددی زینا لەسەر پیاوەکەیە. [الاختلاف الأئمة العلماء : 253/2] ط: دار الکتب العلمیة

الکاساني دەڵێ: منداڵ یان شێت گەر سواری ئافرەتێکی نامەحرەم بێت ئەوا حەد لەسەر منداڵەکە یان شێتەکە نیە، چونکە کاری منداڵ و شێت بە حەرام وەسف ناکرێت، بۆیە سوار بوونی ئەوان بە زینا دانانرێت، جا حەد لەسەر ئافرەتەکەش نیە گەر ملکەچی بێت لەلای هەر سێ هاوەڵەکانمان رضي الله عنهم. (واتا: أبو حنیفة و أبو یوسف و محمد بن الحسن الشیباني).
[بدائع الصنائع : 9/183-184]

٧. ئەوەی کەسە مەحرەمەکانی مارە بکات حەددی لەسەر نیە:

ابن حزم دەڵێ: أبو حنیفة دەڵێ: حەد لەسەر ئەو کەسە نیە کە دایکی وکچی وخوشکی و داپیری و پوری لای باوکی وپوری لای دایکی وکچی برای وکچی خوشکی دەخوازێ، ئەگەرچی بشزانێ ئەمانە چی ئەون، وە بشزانێ کە حەرامن لەسەر ئەو، وە لەگەڵ هەموویان جووت بێ، ئەوا منداڵەکە دەبێتە هی خۆی، مارەیی ئەمانەش واجبە لەسەری کە پێیان بدات، هیچ شتێکی لەسەر نیە تەنها تەمبێ کردن (التعزیر) ئەویش لە 40 قامچی کەمتر.
[المحلی : 159/16] ت: خالد الرباط - بمشارکة مجموعة من الباحثین

ووتم: بە صەحیحی هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ البراء-ی ناردووە بۆ لای پیاوێک فرمانی پێکردووە کە بیکوژێت چونکە ژنی باوکی هێنا بوو.

السرخسي دەڵێ: پیاوێک ژنێک بخوازێت کە بۆی حەلال نیە ئینجا جووت بێ لەگەڵی ئەوا حەددی لەسەر نیە جا بزانێت ئەم کارە حەرامە یان نەزانێت وەک یەکە، ئەمەش ووتەی أبو حنیفة

-یە رحمە اللە، بەڵام سزا دەدرێت بە لێدان گەر بزانێت حەرامە. [المبسوط : 85/9]

ووتم: پێشتر باسمان کرد کە السرخسي یەکێکە لە زانا دیارەکانی مەزهەبی حەنەفی، هەروەها ابن المنذر لە [الأوسط في السنن والإجماع والإختلاف : 518/12] ت: أبو حماد هەمان شتی باسکردووە دەربارەی أبو حنیفة.

٨. پیاوێک ژنێک بە کرێ بگرێت بۆ ئەوەی زینای لەگەڵ بکات حەددی لەسەر نیە:

السرخسي دەڵێ: پیاوێک ژنێک بە کرێ بگرێت بۆ ئەوەی زینای لەگەڵ بکات، جا زینای لەگەڵ بکات ئەوا حەد لەسەر کەسیان نیە لە فەتوای أبو حنیفة-دا. [المبسوط : 58/9]

ووتم: گەر خەڵکی ئەم فەتوایانە ببیستن و بووترێ ئەمەش فەتوای یەکێک لە مەزهەبەکانە و تا ئێستاش لە کتێبەکاندا بوونی ماوە چی ڕوو دەدات ؟ خۆتان دەزانن چەندەها کەسی فاسد و فاجر هەیە هیوا خوازە مەلایەک فەتوایەکی بۆ بدات بڵێ ئەم کارە حەلالە یان ڕێگای تێدەچێ یان خیلافیە، ئەی چ جای بووترێ ئەم کارانە لە مەزهەبی أبو حنیفة بەم شێوەیە؟ بۆیە زۆر ڕاستی کرد شاعیر کاتێک ووتی: چەندەها دامێنی پاک حەڕامیەکەی حەلال کرا بەهۆی أبو حنیفة.

بڕگەی هەشتەم:
فەتوادان بە ڕەئی.

حرب الكرماني دەڵێ: **ئەهلی ڕەئی بیدعەچی و گومڕان، دوژمنانی سوننەت و ئەثەرن، دین بە ڕەئی و قیاس و استحسان دەبینن، وە موخالەفەی ئاثار دەکەن و فەرموودە بەتاڵ دەکەنەوە، وە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ڕەت دەکەنەوە. وە أبو حنیفة و ئەوانەی لەسەر ڕەئی ئەون دەکەن بە پێشەوا و دینداری دەکەن بە دینی ئەوان وهەمان قسەی ئەوان دەکەن، جا چ گومڕاییەک لەمە ڕوونترە کە کەسێک ئاوا بڵێت یان لەسەر ئەم عەقیدەیە بێت، واز لە ووتەی پێغەمبەر و هاوەڵانی بهێنێت شوێنی ووتەی أبو حنیفة و هاوەڵانی بکەوێت، ئەمەندە بەسە بۆ گومڕایی و طوغیان و ڕەت کردنەوە.** [السنة : 109] ت: عادل آل حمدان

حرب الكرماني دەربارەی مەزهەبی ئەهلی سوننە لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ: **ئەمە مەزهەبی زانایان و خاوەنانی ئەثەرە لە ئەهلی سوننە کە ناسراون پێی و خەڵکی شوێنیان کەوتوون تێیدا، وە گەیشتم بە زانایانی عیراق و حیجاز و شام و جگە لەوانیش لەسەر ئەم مەزهەبە بوون، وە هەر کەسێکیش موخالەفەی شتێک بکات لەم مەزهەبە یان تانەی لێبدات یان خاوەنەکەی عەیبدار بکات ئەوا بیدعەچیە و دەرچووە لە کۆمەڵی موسڵمانان و لایداوە لە مەنهەجی سوننە و ڕێگای حەق، ئەمەش مەزهەبی أحمد و إسحاق بن إبراهیم بن مخلد وعبدالله بن الزبیر الحمیدي وسعید بن منصور و جگە لەوانیشە لەوانەی کە لەگەڵیان دانیشتووین و زانستمان لێیان وەرگرتووە.** [السنة : 1]

ووتم: کەواتە هەر خاڵێک کە حرب الكرماني لەم کتێبەیدا نەقلی دەکات ئیجماعی زانایانی ئەهلی سوننەی لەسەرە، جا ووتەکانی باش بخەرە گوێتەوە و بە گرنگی بزانە.

کەواتە ووتەی پێشووی دەربارەی ئەهلی ڕەئی و أبو حنیفة ئیجماعی زانایانی ئەهلی سوننەی لەسەرە، گەر تۆ أبو حنیفة بە ئیمام بزانیت ئەوا ئەم وەسفانەی سەرەوە دەتگرێتەوە، زۆر سەیرە

ئیجماعی سەلەف لەسەر ئەم شتانە بووە کەچی ئێستا ئێمە گەیشتووین بەکوێ دەربارەی أبو حنیفة ؟!

حرب الكرماني دەڵێ: **خاوەنانی ڕەئی و قیاس لە دین بیدعەچی و جاهیل و گومڕان.**
[السنة : 88]

حرب الكرماني دەربارەی پێشەوایانی ئەهلی سوننە دەڵێ: **خاوەنی قیاس و ڕەئی نین، چونکە قیاس لە دیندا باطلە، وە ڕەئیش بەهەمان شێوە لە قیاس باطلترە.** [السنة : 87]

حمزة السهمي دەڵێ: سمعت أبا أحمد عبدالله بن عدي الحافظ يقول سمعت أحمد بن العباس العدوي دەیووت: **بیستم إسماعیل بن سعید الكسائي (الشالنجي) دەیووت: من چل ساڵ لە گومڕایی دابووم جا الله هیدایەتی دام، جا چ پیاوانێکم لەکیس چوو.**
السهمي دەڵێ: أبو إسحاق -واتا إسماعیل الشالنجي- لەسەر مەزهەبی ئەهلی ڕەئی بوو پاشان الله هیدایەتی دا و فەرموودەی نوسی و بینی کە حەق ئەوەیە شوێنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکەویت، پاشان ڕەددی دانەوە بە کتێبی (البیان).
[تاریخ جرجان : 159] ط: عالم الكتب - بیروت **(سەنەدەکەی حەسەنە).**
ووتم: بڕوانە دەڵێ الله هیدایەتی وازی لە مەزهەبی ڕەئی هێنا و چووە سەر مەزهەبی ئەهلی سوننە، پاشان کتێبی نوسیوە بۆ ڕەتدانەوەی أبو حنیفة، کەواتە مەزهەبەکەی أبو حنیفة گومڕاییە و جیاوازە لە مەزهەبی ئەهلی سوننە، ئەی پێم ناڵێن أبو حنیفة چۆن بۆتە ئیمامی ئەهلی سوننە ؟!
إسماعیل الشالنجي: دوای تەوبەکردنی بوو بە یەکێک لە هاوەڵانی ئیمام أحمد، وەک باقی هاوەڵانی تری ئیمام أحمد کتێبی مسائلی هەیە بەناوی (مسائل أحمد برواية الشالنجي).

الشوكاني دەڵێ: **ئەمە پشت بەستنە بە ڕەئی بۆگەن کە سەرەنجامەکەی ڕەت کردنەوەی زۆرێک لە سوننەتی پاکە بەبێ بەڵگەیەکی ڕوون، لە چەندەها شوێندا خاوەنی شەرع دەڵێ ئاوا جائیز نیە ئاوا قبوڵ نیە ئاوا دروست نیە، کەچی ئەوانەی دەستیان گرتووە بەم ڕەئیەوە دەڵێن ئاوا**

جائیزە و ئاوا قبوڵە و ئاوا دروستە، هەر لەبەر ئەمە سەلەف ئاگادارکردنەوەیان داوە لە ئەهلی ڕەئی. [نيل الأوطار: 106/3] ت: طارق عوض الله

ووتم: ئەم ووتەیەش نرخی گەلێک زۆرە لەلای خوێنەر چونکە زۆرینەی ئەمڕۆ پێیان وایە ووتەی خەلەف و معاصرین بەهێزترە لەم بابەتەدا لە ووتەی سەلەف چونکە ئێمە ئەوکات نەژیاوین نازانین دۆخەکە چۆن بووە، ئەوەتا الشوكاني کە 190 ساڵ لەمەوبەر مردووە بەم شێوەیە ئەهلی ڕەئی باس دەکات و ووتەی سەلەف دەربارەیان ئاماژە پێدەکات، ڕوونیشە لای زانایان کە ووترا ئەهلی ڕەئی واتا أبو حنيفة و هاوەڵانی، هەر بۆیە لە کتێبی (الجواهر المضية في طبقات الحنفية) عبدالقادر القرشي الحنفي زۆرجار زانایانی مەزهەبی حەنەفی بە پێشەوای ئەهلی ڕەئی ناو دەبات.

ئەمە ژمارەیەک ووتە بوو بۆ زانینی ئەوەی کە ئەهلی ڕەئی بریتین لە حەنەفیەکان کە ئیمامەکەیان أبو حنيفة-یە، وە جیاوازن لە ئەهلی سوننە بەڵکو هەمیشە بەرامبەر ئەهلی سوننە ناویان دەهێنرێت وەک دوو کۆمەڵەی دژ بەیەک.

ابن حبان لەژیاننامەی أبو حنيفة دەڵێ: **النعمان بن ثابت أبو حنيفة الكوفي خاوەنی ڕەئی.** [المجروحين: 405/2]

الخطيب لەژیاننامەی أبو حنيفة دەڵێ: **النعمان بن ثابت أبو حنيفة التيمي پێشەوای ئەهلی ڕەئی.** [تاريخ بغداد: 444/15-445]

ابن الجوزي لەژیاننامەی أبو حنيفة دەڵێ: **النعمان بن ثابت أبو حنيفة التيمي پێشەوای ئەهلی ڕەئی.** [المنتظم: 128/8]

ووتم: سەیر نیە أبو حنيفة ئیمامی ئەهلی ڕەئی بێت کەچی بکرێتە ئیمامی ئەهلی سوننە ؟! لەکاتێکدا دژایەتی نێوان ئەم دوو مەزهەبە ڕوونە هەر لەسەردەمی سەلەفەوە، نەبووە و نابێت کەسێک لە دوو مەزهەبی دژ بەیەکدا ئیمام بێت، جا دوای ئەوەی کە زانیمان ئەهلی ڕەئی چۆنن، وە زانیمان أبو حنيفة پێشەوای ئەهلی ڕەئیە، کەواتە هەر ووتەیەک کە دژی ئەهلی ڕەئی ووترا لەلایەن زانایان

ئەوا پێش هەموو کەس أبو حنیفة دەگرێتەوە چونکە ئەو پێشەوایانە.

مقبل بن هادي الوادعي دەڵێ: برایەک لە براکانی شاری عەدەن پرسیاری لێکردم لە ڕێگای تەلەفۆنەوە دەربارەی أبو حنیفة، ئایا لە ئەهلی سوننە و جەماعەتە یان نا ؟ منیش بێدەنگ بووم، پاشان پێم وابوو کە واجبە ئەو شتە بڵێم کە باوەڕم پێیەتی و دینداری پێدەکەم، أبو حنیفة لە ئەهلی سوننە و جەماعەت نیە.

[البشائر في السماع المباشر لعبدالله بن عياش الأهدل: 62] ط: دار عمر بن الخطاب

حرب الكرماني دەڵێ: هەر کەسێک بڕوای بە تەقلید نەبێت و تەقلیدی کەس ناکات لە دیندا ئەوا ئەمە عەقیدەی فاسقێکی بیدعەچیە، دوژمنی الله و پێغەمبەرەکەی ﷺ و دینەکەی وکتێبەکەی و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی علیه الصلاة والسلام، بەم ووتەیەی دەیەوێ ئەثەر بەتاڵ بکاتەوە و عیلم پەکبخات و سوننەت بکوژێنێتەوە و بە تەنها بۆخۆی ڕەئی و ووتە و بیدعە و خیلاف داهێنێت، جا لەعنەتی الله و فریشتەکان و هەموو خەڵکی لەسەر خاوەنی ئەم ووتەیە بێت، ئەمە پیسترین ووتەی بیدعەچیەکانە، وە نزیکترینیەتی لە گومڕایی و لەناوچوون، بەڵکو ئەمە گومڕایەتیە، بڕوای بە تەقلید نیە کەچی أبو حنیفة و بشر المريسي و هاوەڵەکانی تەقلیدیان کرد لە دیندا، جا چ دوژمنێک بۆ دین دژایەتیکەرترە لەو کەسەی کە دەیەوێ سوننەتەکان هەڵوەشێنێتەوە و ڕیوایەت و ئاثارەکان بەتاڵ بکاتەوە و بڕوای بە تەقلید نەبێ ؟ لەکاتێکدا ئەوانەی ناوم هێنان بۆت لە دیندا تەقلیدیان کردۆتەوە، کە ئەوان پێشەوای گومڕایەتی و سەرانی بیدعە و سەرۆکی سەرپێچیکارانن، جا غەزەبی الله بڕژێ بەسەر خاوەنی ئەم ووتەیە. [السنة : 89]

ووتم: تەقلید لەلای سەلەف واتا شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی و لاسایی کردنەوەی ئەوان و پێشینە چاکەکانی پێش خۆیان، نەوەک تەقلید کردنەوەی فلان و علان بەبێ بەڵگە ئەگەرچی ووتەکەشی پێچەوانەی شەرع بێ، هەر بۆیە البربهاري دەڵێ: بزانە دین بە تەقلید کردنەوەیە، تەقلیدی هاوەڵانی محمد ﷺ دەکرێتەوە. هەروەها دەڵێ: دەست بگرە بە ئەثەر و خاوەنانی ئەثەر و تەقلید، چونکە دین بە تەقلیدە، واتا تەقلید کردنەوەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی.

إسحاق بن راهويه دەڵێ: ئێمە خاوەنانی شوێنکەوتن و تەقلیدکردنەوەی پێشەوا و پێشینی خۆمانین. جا لێرەدا مەبەستی حرب الكرماني ئەوەیە کە کەسانێک دەڵێن ئێمە تەقلیدی پێشینی خۆمان ناکەین، ئەویش بە سەرسوڕمانە دەڵێ: أبو حنيفة و بشر المريسي کە سەرانی گومڕایی و بیدعەن تەنانەت ئەوانیش بەم هەموو خراپەی خۆیان قسەی لەم شێوەیە ناکەن، جا بڕوانە ناوی بشر المريسي لە پاڵ أبو حنيفة دەهێنێ، وە هەردووکیان بە پێشەوای گومڕایەتی و سەرانی بیدعە و سەرۆکی سەرپێچیکاران وەسف دەکات.

ابن أبي يعلى دەڵێ: **عمرو بن معمر أبو عثمان لە ئیمامەکەمانەوە -واتا ئیمام أحمد- هەندێک شتی ڕیوایەت کردووە، لەوانە: ئەوەی أبو بكر الخلال باسی کردووە لە (كتاب العلم) کە دەڵێ: أخبرني سعيد بن مسلم الطوسي حدثنا محمد بن الهيثم قال سمعت أبا عثمان عمرو بن معمر ووتی: أحمد بن حنبل و علي بن المديني ووتیان: گەر بینیت کەسێک خۆی دەپارێزێت لە أبو حنيفة و ڕەئیەکانی و سەیرکردنی ڕەئیەکانی و دڵی پێی مورتاح نیە وە بەوانەش کە لەسەر مەزهەبی ئەون لەوانەی کە زیادەڕەوی دەکەن، وە بە ئیمامی دانانێت ئەوا هیوای خێرت بەم کەسە هەبێت.**
[طبقات الحنابلة : 247/1]
ووتم: سعيد بن مسلم الطوسي نەمدۆزییەوە.
هەروەها اللالكائي لە [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 318] عەقیدەی علي بن المديني نەقل دەکات کە تێیدا هاتووە: گەر بینیت کەسێک أبو حنيفة و ڕەئیەکەی خۆش دەوێت و دەیخوێنێتەوە ئەوا لێی دڵنیا مەبە، وە لەو کەسەش کە لەسەر مەزهەبی ئەوە لەوانەی کە زیادەڕەوی دەکەن دەربارەی أبو حنيفة و دەیکەن بە ئیمام.
وەک دەبینن ماناکەی زۆر نزیکە لەوەی پێشوو، جا بزانە سەردەمە چۆن گۆڕاوە و تەواو پێچەوانە بۆتەوە، لە ئێستادا دەربارەی أبو حنيفة گەر بیانەوێ حوکم لەسەر کەسێک بدەن بەوە حوکمی لەسەر دەدەن کە ئایا ئەو کەسە أبو حنيفة تەکفیر دەکات یان تەبدیعی دەکات گەر وابوو ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم کەسە کەسێکی خراپە وەک بڵێی نزیک بۆتەوە لە خەواریج، بەڵام

گەر أبو حنيفة بە ئیمام بزانێت و بەرگری لێ بکات و زیادەڕەوی بکات لە گەورە کردنی ئەوا ئەهلی سوننەیە ! لەکاتێکدا أحمد بن حنبل و علي بن المديني تەواو پێچەوانەی ئەمەیان ووت کە هەر کەسێک بە ئیمامی نەزانێت و زیادەڕەوی نەکات دەربارەی و لەسەر مەزهەب و ڕەئی ئەو نەبێت ئەوا هیوای خێرت پێی هەبێ.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا البرمكي أخبرنا محمد بن عبد الله بن خلف حدثنا عمر بن محمد الجوهري حدثنا أبو بكر الأثرم قال حدثنا يحيى بن محمد بن صاعد حدثنا **ابن نمير ووتی: بە خەڵکی گەیشتم بینیم فەرموودەیان لە أبو حنيفة-ەوە نەدەنوسیەوە، چ جای ڕەئیەکانی بنوسنەوە !**
[تاريخ بغداد : 575/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).

الخطيب دەڵێ: **سەبارەت بە تانەدانی زانایانی ئەهلی ڕەئی و ئەهلی کەلام لە ئەهلی حەدیث، من هۆکاری ئەمە ڕوون دەکەمەوە تاکو ئەوانە بیزانن کە نایزانن، ئەهلی ڕەئی زۆربەی ئەو شتانەی پشتی پێ دەبەستن فەرموودەی زەعیفن لە ئەسڵەوە، زەعیفن لەلای فەرموودەناسان، جا کە پرسیارکرا لە ئەهلی حەدیث ئەوا حاڵی فەرموودەکان ڕوون دەکەنەوە و نیشانی دەدەن کە زەعیفە، جا ئەهلی ڕەئی ناتوانن ئینکاری ووتەی فەرموودەناسان بکەن لەم بارەیەوە و هەروەها دەربارەی مانای فەرموودەکانیش، لەکاتێکدا ئەوان ئەم فەرموودانەیان کردۆتە کۆڵەکە بۆ خۆیان و پشتیان پێی داداوە، وە کردوویانە بە چەکی دەستیان، وە ئەو فەرموودانە سەرخستنی تێدایە بۆ مەزهەبەکەی خۆیان، وە گەورەترین یارمەتیدەریانە بۆ گەیشتن بە ویست و مەبەستەکانیان، جا بۆیە تانەدانی ئەهلی ڕەئی لە فەرموودەناسانی ئەهلی سوننە شاراوە نیە، وە شتانی خراپ دەدەنە پاڵیان و واز لە قبوڵ کردنی ئامۆژگاریەکانیان دەهێنن لە ڕوونکردنەوەی عیللەتی فەرموودەکان، وە ڕەفزی ئەو جەرح و تەعدیلانەش دەکەن کە بۆ ڕاوییەکانیان کردووە، چونکە فەرموودەناسان ئەو شتانەیان ڕووخاند کە ئەهلی ڕەئی بنیاتیان نابوو، وە ئەو شتانەیان بەتاڵ کردەوە کە بۆی چوو بوون و مەبەستیان بوو، وە ئەو فەرموودانەیان بە زەعیف دانا کە ئەوان پێیان وابوو صەحیحە وە باوەڕیان پێی هەبوو.** [الفقيه والمتفقه : 151/2] ت: عادل بن يوسف العزازي

ووتم: ئەوەی سەیری حاڵی (محمد زاهد الكوثري) جەهمی بكات كە ناسراوە بە (مجنون أبي حنيفة) شێتی أبو حنيفة، ئەوا دەزانێت ئەم وەصفانەی الخطيب هەمووی بە زیادەوەش لە الكوثري دا هەیە، هەرچی ووتەی سەلەف هەیە دەربارەی أبو حنيفة هەمووی ڕەت دەكاتەوە و تانە لە سەلەف دەدات و عەیبداریان دەكات، چونكە ئەوەی ئەو بە ئیمامی زانیوە سەلەف دەریان خستووە حاڵی چۆنە، ئەمە لەكاتێكدا الكوثري 9 سەدە دوای الخطيب ژیاوە.

أبو عمرو الداني دەڵێ:

وامح الذي في الكتب والصحيفة * من قول ذي الرأي أبي حنيفة**

وصحبه إذ خالفوا التنزيلا * وخالفوا في حكمه الرسولا**

واتا: بسڕەوە ئەوەی لە كتێب و پەڕاودا هەیە لە ووتەكانی خاوەنی ڕەئی أبو حنيفة، خۆیی و هاوەڵانی موخالەفەی قورئانیان كرد، وە موخالەفەی پێغەمبەریان كرد لە حوكمیدا.

[الأرجوزة المنبهة : 173] ت: محمد بن مجقان الجزائري

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو نعيم الحافظ قال حدثنا محمد بن أحمد بن الحسن الصواف قال حدثنا بشر بن موسى قال حدثنا الحميدي قال حدثنا سفيان عن **هشام بن عروة عن أبيه ووتی: بەردەوام كاروباری دین لەناو بەنی ئیسڕائیلدا ڕێكبوو تاكو منداڵی سەبایەی ئوممەتەكان لەدایكبوون، جا بە ڕەئی خۆیان قسەیان لە دیندا كرد، گومڕا بوون و خەڵكیشیان گومڕا كرد. سفيان ووتی: بەردەوام كاروباوی خەڵكی ڕێكبوو تا ئەو أبو حنيفة-یە گۆڕی لە كوفە، وە البتي لە بەصرە، وە ربيعة لە مەدینە، جا سەیرمان كرد بینیمان هەرسێكیان منداڵی كەنیزەكی ئوممەتەكانن.**

[تاريخ بغداد : 543/15] (سەنەدەكەی صەحیحە).

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا يونس بن عبدالأعلى ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: ڕۆژێك بە محمد بن الحسن-م ووت كە باسی مالك و أبو حنيفة كرا، محمد بن الحسن پێی ووتم: هاوەڵەكەمان نەدەكرا بێدەنگ بێت واتا أبو حنيفة، وە نەدەكرا هاوەڵەكەی ئێوە فەتوا بدات واتا**

مالك، منيش پێم ووت: سوێندت دەدەم بە الله، ئايا دەزانی هاوەڵەکەمان واتا مالك زانا بوو بە کتێبی الله ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله، ئايا دەزانی هاوەڵەکەمان زانا بوو بە فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ ؟ووتی: بەڵێ، ووتم: وە زانا بوو بە خيلافی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەری الله ﷺ ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: ئايا عاقڵ بوو ؟ ووتی: نەخێر، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله، ئايا دەزانی هاوەڵەکەت واتا أبو حنيفة جاهيل بوو بە کتێبی الله عز وجل ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: وە جاهيل بوو بە فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ وە جاهيليش بوو بە خيلافی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەری الله ﷺ ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: ئايا عاقڵ بوو ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: لە هاوەڵەکەی ئێمەدا سێ شت کۆ دەبێتەوە کە فەتوا نابێ بدرێ بەبێ ئەم سێ شتە، وە شتێکی تێدا نيە، بەڵام هاوەڵەکەی ئێوە سێ شتی تێدايە نيە و يەک شتی تێدايە، ئينجاش دەڵێی: ناکرێ هاوەڵەکەی ئێمە قسە بکات و ناشکرێ هاوەڵەکەی ئێوە بێدەنگ بێ ؟!

[آداب الشافعي ومناقبه : 154] ط: دار الكتب العلمية (سەنەدەکەی صەحيحە).

ووتم: (بيستم الشافعي دەيووت: ڕۆژێک بە محمد بن الحسن-م ووت کە باسی مالك و أبو حنيفة کرا، محمد بن الحسن پێی ووتم) لەڕووی داڕشتنەوە هەڵە دەردەکەوێ، بەڵام خۆی لە عەرەبيەکە ئاوا هاتووە هەڵەی وەرگێڕان نيە.

ڕيوايەتەکەش شايەتی الشافعي و محمد لەسەر أبو حنيفة کە جاهيلە بە قورئان و سوننەت و خيلافی هاوەڵان، دواتريش دێينە سەر ئەو ووتەيەی کە گوايە شافعی وتوويەتی: خەڵکی لە فقهدا لەسەر أبو حنيفة حيسابن ! سەيرەکە لەوە دايە أبو يوسف ئينکاری لەوە ناکات کە أبو حنيفة هانی خروج کردنی داوە و جەهمی بووە، محمد بن الحسن الشيباني دەربارەی أبو حنيفة دەڵێ جاهيلە بە قورئان و سوننەت، البرتي ئينکاری لەوە ناکات کە وتوويەتی قورئان مەخلوقە، ئا ئەمە قسەی نزيکترين کەسانی أبو حنيفة-يە، کەچی لەسەردەمی خەلەف و معاصرين أبو حنيفة بۆتە ئيمامی ئەهلی سوننە و ئەم قسانە هەمووی ڕەت کرايەوە دەربارەی، کەواتە ئێوە دڵسۆزترن بۆ أبو حنيفة لە قوتابيەکانی !

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا محمد بن عبدالله بن عبدالحكم ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: محمد بن الحسن پێی ووتم: کامەیان زاناترن هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ (واتا: أبو حنیفة و مالك) الشافعي دەڵێ ووتم: بە ئینصافەوە ؟ محمد ووتی: بەڵێ، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله کامەیان زاناترن بە قورئان هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ ووتی: هاوەڵەکەی ئێوە (واتا: مالك) ووتم: کامەیان زاناترن بە سوننەت هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ ووتی: هاوەڵەکەی ئێوە، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله کامەیان زاناترن بە ووتەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وپێشینان هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ ووتی: هاوەڵەکەی ئێوە، ووتم: هیچ نەماوەتەوە تەنها قیاس نەبێ، قیاسیش ناکرێ تەنها لەسەر ئەم شتانە نەبێ، جا ئەوەی ئەصلەکەی نەزانی لەسەر چ شتێک قیاس دەکات ؟** [آداب الشافعي ومناقبه : 119] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن أبي حاتم دەڵێ: الربیع بن سلیمان المرادي ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: أبو حنیفة یەکەم بابەت بە هەڵە دادەنێت پاشان هەموو کتێبەکە لەسەر ئەو بابەتە قیاس دەکات.** [آداب الشافعي ومناقبه : 129] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا محمد بن عبدالله بن عبدالحكم ووتی: **محمد بن إدریس الشافعي پێی ووتم: سەیری چەند کتێبێکی هاوەڵانی أبو حنیفة-م کرد، 130 پەڕ بوو، 80 پەڕم تێیدا ژمارد کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو. ابن أبي حاتم دەڵێ: چونکە ئەصلەکە هەڵە بووە جا فەرعەکانیش لەسەر هەڵە ڕۆیشتوون.** [آداب الشافعي ومناقبه : 129] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن أبي حاتم دەڵێ: قال أبي حدثنا هارون بن سعید الأیلي ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: کەس ناناسم کتێبی نوسی بێت کتێبەکانی ببن بە بەڵگە لەسەر عەیب و عاری ووتەکانی وەک أبو حنیفة.** [آداب الشافعي ومناقبه : 130] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أحمد بن سنان الواسطي ووتی: **بیستم محمد بن إدریس الشافعي**

دەیووت: ڕەئی أبو حنیفة-م بەهیچ شتێک نە شوبهاندووە تەنها بە داوە دەزووی ساحیران نەبێ، ئاوا درێژی دەکەیتەوە دەبێتە زەرد ، ئاوا درێژی دەکەیتەوە دەبێتە سەوز.

[آداب الشافعي ومناقبە : 130] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: محقق-ی کتێبەکە دەڵێ: (خیط سحارة : داوە دەزووی ساحیران) شتێکە منداڵان یاری پێدەکەن.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا أحمد بن أبي سريج ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: 60 دینارم سەرف کرد بۆ بە دەست هێنانی کتێبەکانی محمد بن الحسن، پاشان لێی وورد بوومەوە لەپاڵ هەر بابەتێکدا فەرموودەیەکم دانا. واتا: بۆ ڕەتدانەوەی.**

[آداب الشافعي ومناقبە : 27] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: ئەم ووتەیەی کۆتایی (واتا: بۆ ڕەتدانەوەی) نازانم ووتەی ابن أبي حاتم-ە یان هی باوکیەتی یان هی ابن أبي سريج-ە.

جا دوای ئەم هەموو ڕیوایەتەی الشافعي دەربارەی أبو حنیفة هێشتا دڵتان بەوە خۆشکردووە کە الشافعي وتوویەتی: (الناس في الفقه عيال على أبي حنيفة) ؟ دواتر ئەم ووتەیەش ڕوون دەکەینەوە لە بەشی دووەمدا کە چۆنە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا ابن أبي سريج ووتی: بیستم الشافعي دەیووت: **بیستم بە مالك ووترا: أبو حنیفة دەناسیت ؟ ووتی: بەڵێ، گومانتان چیە بەرامبەر پیاوێک گەر بڵێ ئەم دینگەیە لە زێڕ دروستکراوە ئەوا هەر لەسەری بەردەوام دەبێت تاکو دەیکات بە زێڕ کەچی لە دار یان لە بەرد دروستکراوە ؟ ابن أبي حاتم دەڵێ: واتا أبو حنیفة لەسەر هەڵە دەمایەوە و بەڵگەی بۆ هەڵەکەی دەهێنایەوە، وە نەدەگەڕایەوە بۆ صەواب کاتێک بۆی دەردەکەوت.**

[آداب الشافعي ومناقبە : 162] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: الحمد لله کە ابن أبي حاتم مەبەستی مالك-ی ڕوونکردەوە بۆمان، ئەگینا ئێستا ئەم ووتەیە وا باس دەکرا کە مالك مەدحی أبو حنیفة-ی کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا دەمارگیرەکان

بۆ أبو حنيفة دەڵێن ئەم ووتەیە مەدحە بەڵام ابن أبي حاتم بە هەڵە لێی تێگەیشتووە !

الخطيب دەڵێ: أخبرنا البرقاني قال أخبرنا محمد بن عبدالله بن خميرويه قال أخبرنا الحسين بن إدريس ووتی: **ابن عمار ووتی: گەر لە شتێكدا گومانت هەبوو سەیری ووتەی أبو حنيفة-ت كرد و پێچەوانەی ئەوت كرد ئەوا حەقە، یان ووتی: بەرەكەت لەوە دایە پێچەوانەی ئەو بكەیت.**
[تاريخ بغداد : 562/15] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**
ووتم: الحسين بن إدريس قوتابی ابن عمار بووە ووتنی (قال ابن عمار) هیچ زیانی نیە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا بشرى بن عبدالله الرومي قال أخبرنا عبدالعزيز بن جعفر الخرقي قال حدثنا إسماعيل بن العباس الوراق قال حدثنا إسحاق بن إبراهيم البغوي، وأخبرنا أبو سعيد محمد بن حسنويه بن إبراهيم الأبيوردي قال أخبرنا زاهر بن أحمد السرخسي قال حدثنا عبدالله بن أحمد بن ثابت البزاز قال حدثني إسحاق بن إبراهيم قال حدثنا أبو الجواب ووتی: **عمار بن رزيق پێی ووتم: پێچەوانەی أبو حنيفة بكە دەیپێكی. الخطيب دەڵێ: بشرى ووتی: گەر پێچەوانەی أبو حنيفة بكەی ئەوا پێكاوتە.**
[تاريخ بغداد : 562/15] **(سەنەدەكەی حەسەنە).**
ووتم: سەیركەن أبو حنيفة بۆتە هێما بۆ خەڵكی، وایدەبینن پێچەوانەی ئەو بكەیت لەسەر حەق و پێكاوتە.
محقق- تاريخ بغداد(٢) دەڵێ: إسحاق بن إبراهيم الحنيني زەعیفە !
نازانم چۆن قسەیەكی لەم شێوەیە دەكات بیری لەكوێ بووە كاتێک ئەمەی ووتوە ؟ ئەمە إسحاق بن إبراهيم البغوي-ە وەک لە سەنەدەكە دیارە، گەرلەقەبەكەی نەهاتبوایە تەنها ناوی نوسرابوایە ئەوكات ڕێی تێدەچوو تێكەڵی بكات، إسحاق بن إبراهيم البغوي سیقەیە.
الخطيب بە دوو سەنەد ئەم ڕیوایەتەی هێناوە هەردووكیان دەگەڕێتەوە بۆ إسحاق بن إبراهيم البغوي، لە سەنەدی یەكەم نوسراوە البغوي لە سەنەدی دووەم نەنوسراوە، ئینجا محقق یان بێ ئاگایانە تەعلیق دەنوسێ لەسەر سەنەدەكان، یان دەیەوێ خۆی هەڵخەڵەتێنێ چونكە كەس بەم كارەی هەڵناخەڵەتێ.

عبدالحليم بن تيمية دەڵێ: **دەربارەی ووتەکەی أحمد کە دەڵێ: (فەرمووده ڕیوایەت ناکرێ لە ئەهلی ڕەئی) ابن عقیل قسەی لەسەر ئەم ووتەیە کردووە بە درێژی، لە ڕیوایەتی عبدالله هاتووە کە أحمد دەڵێ: ئەهلی ڕەئی ڕیوایەتی فەرموودەیان لێوە ناکرێ، القاضي أبو یعلی دەڵێ: ئەم ووتەیەی أحمد مەبەستی ئەهلی ڕەئیە لە المتکلمین وەک قەدەرییەکان و هاوشێوەکانیان، منیش دەڵێم: ئەمە وانیە، بەڵکو ووتەی أحمد لەم بارەیەوە زۆرە ئەمەش ئەوەیە کە دەربارەی بیدعەچی باسم کرد جۆرێکە لە هەجرکردن، أحمد دانی بەوە ناوە هەندێک لەوانەی کە ڕیوایەتیان لێ ناکات لە ئەهلی ڕەئی سیقەن وەک أبو یوسف، هەر بۆیەش هیچ کام لە ئەهلی ڕەئی ڕیوایەتیان لێوە نەکراوە لە کتێبە گەورەکانی فەرموودە وەک الصحیحین.** [المسودة : 256] ط: دار الکتب العلمیة

ووتم: واتا ئەهلی ڕەئی گەر سیقەش بن لە فەرموودەدا ئیمام أحمد ڕیوایەتیان لێوە ناکات و هەجریان دەکات، ابن تیمیة-ش ئیقراری کردووە لەسەر ئەم ووتەیەی باوکی.

العقیلي دەڵێ: حدثنا عبدالله بن أحمد ووتی: **پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی أسد بن عمرو، صدوق-ە ؟ باوکم ووتی: هاوەڵانی أبو حنیفة نابێت هیچیان لێوە ڕیوایەت بکرێ.**
[الضعفاء : 105/1] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

أبو داود دەڵێ: **باسی بابەتێکم کرد بۆ أحمد لە پیاوێکەوە کە سەیری کتێبەکانی ئەهلی ڕەئی کردووە، وە ئەو پیاوە مەستورە، أحمد ووتی: بە دەگمەن هەیە کەسێک سەیری ڕەئی بکات و دڵی بۆگەن نەبێ.** [مسائل أبي داود للإمام أحمد : 1777]

ووتم: ئەوەی سەیری کتێبەکانی ئەهلی ڕەئی بکات دڵی بۆگەنە، ئەی ئیمامی ئەهلی ڕەئی دەبێ حاڵی چۆن بێ ؟

عبدالله دەڵێ: بیستم باوکم دەیووت: **لە عبدالرحمن بن مهدي-ەوە ووتی: یەکێک لە نیشانەکانی چاکی عیلمی پیاو ئەوەیە کە سەیری ڕەئی أبو حنیفة بکات.** [السنة : 213]

ووتم: ڕواڵەتی ووتەکەی عبدالرحمن وادەردەکەوێ کە مەدحە بۆ أبو حنیفة، بەڵام بە چوار خاڵ

ڕوونی دەکەینەوە کە هەڵە ڕوویداوە لەم مەتنەدا ووشەیەک گۆڕاوە:
یەکەم: عبدالله ئەم بەشەی تایبەت کردووە بە قسە ووتن بە أبو حنیفة لەلایەن زانایانەوە مەحاڵە یەکەم ڕیوایەت بە مەدحی أبو حنیفة دەست پێ بکات لەکاتێدا هیچ ڕیوایەتێکی مەدح کردنی نەهێناوە.
دووەم: عبدالرحمن بن مهدي زۆر توند بووە بەرامبەر أبو حنیفة بەناوبانگە بە زەمکردنی وەک لە بڕگەی دەیەم دەیهێنین بۆیە مەحاڵە قسەیەکی ئاوا بکات.
سێیەم: عبدالله ئەم ڕیوایەتەی لە کتێبی (العلل ومعرفة الرجال) هێناوە کە ماناکەی ڕوون دەکاتەوە زەمە نەک مەدح.
چوارەم: لە کتێبی (التدوين في أخبار قزوين) ڕیوایەتێکی نزیک لەم مانەیە هاتووە کە زەمکردنی ڕەئی أبو حنیفة-یە لەلایەن عبدالرحمن.

عبدالله دەڵێ: باوکم ووتی: **پێم گەیشت لە عبدالرحمن بن مهدي-ەوە کە وتوویەتی: دواهەمین شت لە عیلمی پیاو ئەوەیە کە سەیری ڕەئی أبو حنیفة بکات.**
عبدالله دەڵێ: واتا بێ توانا بێ لە عیلم ئینجا وابکات. [العلل ومعرفة الرجال : 1568]
ووتم: هەرچەندە ڕواڵەتی سەنەدی یەکەم لەوە دەچێ کە ئیمام أحمد لە عبدالرحمن-ی نەبیستبێ هەروەک ڕیوایەتی دووەمیش پشتڕاستی دەکاتەوە، هەربۆیە پشتم بەم ڕیوایەتەی دووەم نەبەستیوە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ڕیوایەتی یەکەم هێناومە، هەروەک عبدالله ماناکەی ڕوونکردەوە واتا گەر هیچ توانای نەبێ عیلم وەرگرێ دواهەمین شت ئینجا سەیری ڕەئی أبو حنیفة بکات.
هەروەها لە [التدوين في أخبار قزوين : 3/2] تێیدا هاتووە: کە بندار دەڵێ: بیستم عبدالرحمن بن مهدي دەیووت: هەرکەسێک سەیری ڕەئی أبو حنیفة-ی کرد با ماڵئاوایی بکات لە عیلم.
جا لە کۆی ئەم ڕیوایەتانە و حاڵی عبدالرحمن و هەڵوێستی عبدالله بۆمان دەردەکەوێ کە ڕیوایەتەکەی کتێبی (السنة) ووشەیەک بە هەڵە کەوتووە یان گۆڕاوە بۆیە ماناکەی گۆڕاوە، عادل آل حمدان دەڵێ: لەوانەیە ووشەی (لا) کەوتبێ واتا بەم شێوەیە بێ (أن لا ينظر في رأي أبي حنيفة).

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدة بن عبدالرحيم ووتی: بیستم معاذ بن خالد بن شقیق ابن عم علي بن الحسن بن شقیق دەیووت: **لە حەج گەڕامەوە گەیشتم بە ابن المبارك لە عیراق، پرسیارم لێیکرد ووتم: ئەی باوکی عبدالرحمن هەندێک پارەم لاماوەتەوە لە خەرجی حەج، چۆنی دەبینی ڕەئیەکانی أبو حنیفة بنوسمەوە ؟ ووتی: نەخێر، ووتم: بۆ ؟ ووتی: چونکە عەقڵی پیاوەکە بەم شێوەیە نیە.**
[السنة : 329] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان حدثنا قاسم بن أصبغ و وهب بن مسرة قالا حدثنا ابن وضاح حدثنا أبو جعفر هارون بن سعيد بن الهيثم الأيلي قال حدثنا عبدالله بن مسلمة القرشي ووتی: **بیستم مالك دەیووت: بەردەوام کاروباری دین ڕێک بوو تاکو أبو حنیفة دەرکەوت و دەستی دایە قیاس، جا نە سەرفرازبوو نە سەرکەوتوو بوو.**
[جامع بيان العلم وفضله : 2102] ت: أبو الأشبال الزهيري **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: ابن عبدالبر کە مالکی مەزهەبە ئامادە نیە ووتەی ئیمام مالك وەربگرێ دەربارەی أبو حنیفة بۆیە بیانوو بۆ أبو حنیفة دەهێنێتەوە چونکە لە سەدەی 5 مردووە توشی هەمان دەردەکەی خەلەف بووە، بەڵام دەبینین هاوەڵە کۆنەکانی مالك ئەم ووتانە لە مالك ڕیوایەت دەکەن بەبێ بیانوو هێنانەوە بۆ أبو حنیفة.

ابن وضاح دەڵێ: سمعت أبا جعفر الأيلي يقول سمعت خالد بن نزار دەیووت: **بیستم مالك دەیووت: گەر أبو حنیفة بە شمشێر خروجی کردبوایە لەسەر ئەم ئوممەتە، هێشتا سوکتر بوو لەو قیاس و ڕەئیەی کە دەری خست تێیاندا.**
[ابن عبدالبر نەقلی کردووە - جامع بيان العلم وفضله : 2103] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدالرحمن بن صالح حدثنا طلق بن غنام ووتی: **بە حفص بن غیاث-م ووت لە وەڵامدانەوەی بابەتێک دواکەوتبوو (واتا پێم ووت پەلە بکە) حفص ووتی: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە ڕەئیە نە لە قورئاندا هەیە نە لە سوننەتدا، من لە گۆشتی خۆم دەبڕم کە وەڵام**

دەدەمەوە، بینیم أبو حنیفة لە شتێکدا 10 جۆر وەڵامی دەدایەوە پاشان پەشیمان دەبوویەوە، ئەی من پەلەم چیە ؟! [السنة : 357] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثنا هارون بن سفيان أو غيره قال حدثنا طلق بن غنام ووتی: **پرسیار کرا لە حفص بن غیاث دەربارەی بابەتێک، ئەویش دواکەوت لە وەڵامدانەوەی، منیش پێم ووت: ئەی باوکی عمر ! (واتا پەلە بکە) حفص ووتی: لێم گەڕێ من لە گۆشتی خۆم دەبڕم، بینیم أبو حنیفة پرسیاری بابەتێکی لێدەکرا ئەویش لە یەک مەجلیسدا 10 جۆر قسەی تێدا دەکرد.**

[العلل ومعرفة الرجال : 5231]

ووتم: بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ڕیوایەتەکەی پێشوو هێنام ئەگینا پشت بە ڕیوایەتەکانی هارون بن سفیان نابەستم چونکە جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، وە عبدالله کە دەڵێ: حدثنا هارون بن سفيان أو غيره، واتا یان کەسێکی تر، بێگومان ئەم کەسە عبدالرحمن بن صالح-ە وەک لە ڕیوایەتی پێشتر هاتووە، کەسێکی صدوق-ە.

عبدالله دەڵێ: حدثني هارون بن سفيان حدثني أسود بن سالم ووتی: **من لەگەڵ أبو بکر بن عیاش بووم لە مزگەوتی بني أسيد، پیاوێک پرسیاری لێکرد دەربارەی بابەتێک، پیاوێکیش ووتی: أبو حنیفة ئاوا و ئاوا دەڵێ، أبو بکر بن عیاش ووتی: الله ڕووی أبو حنیفة ڕەش بکات، وە ڕووی ئەو کەسەش ڕەش بکات کە ئاوا دەڵێ.** [السنة : 362]

ووتم: هارون بن سفیان باسمان کرد، سەیرەکە لەوە دایە القحطاني لە حاشیەدا دەڵێ: سەنەدەکە کەسێکی نەناسراوی تێدایە ئەویش أسود بن سالم-ە، پێشتر باسمان کرد لە ڕیوایەتی 280.

کەچی سەیری حاشیەی ڕیوایەتی 280 دەکەیت دەبینی القحطاني دەڵێ: أسود بن سالم أبو محمد العابد، أبو الفضل الخراساني ڕیوایەتی لێوە کردووە، ناسراوە بە چاکە کردن، الطبري تەوسیقی کردووە، ساڵی 213 مردووە.

ئەمە ووتەی القحطاني بوو لە حاشیەی ڕیوایەتی 280 دا، کەچی دواتر دەڵێ نەناسراوە بگەڕێوە بۆ ئەوێ ! شتێکی سەیرە، ئەمە لەکاتێکدا البزار-یش تەوسیقی کردووە، بۆیە القحطاني تەنها بیووتبا

سەنەدەکەی زەعیفە چونکە هارون بن سفیان جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە ئەوا چاکتر بوو. منیش بۆیە هێنام چونکە هارون موتابەعە کراوە لە ڕیوایەتی دواتردا.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال أخبرنا ابن سلم قال حدثنا الأبار قال حدثنا العباس بن صالح ووتی: بیستم أسود بن سالم دەیووت: **أبو بكر بن عياش ووتی: الله ڕووی أبو حنيفة ڕەش بكات.**
[تاريخ بغداد : 564/15]

ووتم: العباس بن صالح نەمدۆزییەوە، بەڵام بۆ پاڵپشتی ڕیوایەتەکەی هارون بن سفیان هێنام، وەک ئیمام أحمد دەڵێ: گەر کەسێک ووتی قورئان مەخلوقە هەموو بەڵایەکی پێوە بلکێنە، ئەم جۆرە ووتانەش دەربارەی أبو حنيفة زۆر ئاساییە تەکفیر کراوە لەعنەتی لێکراوە ڕوو ڕەش بوون زۆر ئاسانترە پێی بووترێ، وە نابینی هیچ کتێبێک لەسەر أبو حنيفة نوسرا بێت تەنها بەهێنانی ڕیوایەتی صەحیح چونکە حاڵی ئەو لەلای سەلەف ڕوون بووە هەرچی ووتراوە دەربارەی کۆیان کردۆتەوە گەر ڕیوایەتە زەعیفەکانم هەمووی هێنابوایە دەربارەی ئەوا کتێبەکە زۆر فراوانتر دەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی لەئێستادا کراوە بە ئیمام بۆیە ناچارین تەنها ڕیوایەتی صەحیح بهێنین.

ابن القيم دەڵێ: **خیلاف نیە لە ئیمام أحمد-ەوە کە پێی وایە نابێت داوای فەتوا لە ئەهلی ڕەئی بکرێت کە موخالفی سوننەتی پێغەمبەرن ﷺ.** [أعلام الموقعين : 118/6] ت: مشهور

عبدالله دەڵێ: **پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی کەسێک کە دەیەوێ پرسیار بکات لە بابەتێکی دینیدا کە توشی بووە دەربارەی سوێند خواردن لە تەڵاق و شتی تردا، ئەو کەسە لە شارێکدایە کە ئەهلی ڕەئی و ئەهلی حەدیثی تێدایە بەڵام ئەهلی حەدیثی شارەکە فەرموودەیان زۆر لەبەر نیە و نازانن فەرموودەی زەعیف و سەنەدی بەهێز جیا بکەنەوە، جا ئەم کەسە لە کێ دەپرسێ لە ئەهلی ڕەئی یان ئەهلی حەدیث لەکاتێکدا زانستیان کەمە بە فەرموودە ؟ باکم ووتی: پرسیار لە ئەهلی حەدیث دەکات، پرسیار لە ئەهلی ڕەئی ناکات، فەرموودەی زەعیف باشترە لە ڕەئی أبو حنيفة.**
[مسائل عبدالله للإمام أحمد : 1585] ت: زهير الشاويش

ووتم: ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەلای سەلەف ئەهلی ڕەئی واتا أبو حنیفة و هاوەڵانی، هەربۆیەش ئیمام أحمد لە پرسیارێکی ئاوادا ناوی أبو حنیفة دەهێنێت بەبێ ئەوەی عبداللە باسی أبو حنیفة بکات، جا لەهەر شوێنێک بینیتان قسە ووترا بە ئەهلی ڕەئی پێش هەموو کەسێک أبو حنیفة دەگرێتەوە وەک پێشتر باسمان کرد.

أبو زرعة الدمشقي دەڵێ: حدثني أحمد بن شبويه قال حدثنا علي بن الحسن بن شقيق ووتی: **بە ابن المبارك ووترا: جەماعەت کێیە ؟ ابن المبارك ووتی: محمد بن ثابت و الحسين بن واقد و أبو حمزة السكري.**

أبو زرعة دەڵێ: أحمد بن شبويه پێی ووتین: ئەمانە هیچ شتێکیان تێدانیە لە ئیرجاء و ڕەئی أبو حنیفة. [تاريخ أبي زرعة الدمشقي : 173-174] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

أبو زرعة الدمشقي دەڵێ: **أبو نعیم ووتی: من گەورەترم لە ڕەئی أبو حنیفة.**
[تاريخ أبي زرعة الدمشقي : 1326] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: واتا ڕەئیەکانی أبو حنیفة نوێ و داهێنراون، من پێش ڕەئیەکانی ئەو لەدایک بوومە.

ابن أبي يعلى لە ژیاننامەی أحمد بن فرات بن خالد الرازي دەڵێ: **هەندێک شتی نەقل کردووە لە ئیمامەکەمان، یەکێک لەوانە: دەڵێ: أحمد ووتی: هەر کەسێک ئەهلی ڕەئی نیشانی کەسێک بکات تا فەتوای بۆ بدات، ئەوا ئەم کەسە یارمەتیداوە لەسەر ڕووخاندنی ئیسلام.**
[طبقات الحنابلة : 54/1]
ووتم: مەبەستی ئەوەیە کەسێک پرسیارێکی هەبێت، تۆش پێی بڵێ: بڕۆ لە فلان کەسی ئەهلی ڕەئی پرسیارەکەت بکە با ئەو فەتوات بۆ بدات، ووشەی (ليفتيه) لە تحقيق-ی محمد حامد الفقي بۆتە (ليفتنه) بە پشت بەستن بە تەحقیقی عبدالرحمن بن سليمان العثيمين ڕاستم کردۆتەوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل حدثني **أسود بن سالم ووتی: کاتێک ئەثەر هات ڕەئی أبو حنیفة و هاوەڵانی فڕێ دەدەینە ناو پیسایی.**

پاشان أسود پێی ووتم: دەست بە ئەثەرەوە بگرە، گەیشتووم بە ئەهلی عیلم ڕقیان لە ڕەئی أبو حنیفة دەبوویەوە و عەیبداریان دەکرد. [السنة : 371] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: القحطاني دووبارە دەڵێ: أسود بن سالم-ی تێدایە کە ژیاننامەی نازانم لە ڕیوایەتی 280 باسمان کرد !

ئێمەش وەڵاممان دایەوە دەربارەی أسود بن سالم کە سیقەیە، بگرە خۆی وەڵامی خۆی داوەتەوە.

الفسوي دەڵێ: سلیمان بن حرب ووتی: **قسەم لەگەڵ یحیی بن أکثم کرد، یحیی ووتی: من ئەهلی ڕەئی نیم، جا باسی أبو حنیفة-ی کرد، منیش ووتم: واز لە خیلاف بهێنە، لە سەردەمی أبو حنیفة پێشەوا زۆر بوون لە کوفە و جگە لە کوفەش، پێم بڵێ یەک کەس بە باشە باسی أبو حنیفة و ڕەئیەکەی بکات ؟! سلیمان دەڵێ: یحیی دەمێک بێدەنگ بوو.**

[المعرفة والتاريخ : 794/2] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: بڕوانە سلیمان بن حرب بە یحیی بن أکثم دەڵێ: پێم بڵێ یەک پێشەوا بە باشە باسی أبو حنیفة و ڕەئیەکەی کردبێ لە سەردەمی خۆیدا ! گەر هەبوایە یحیی بن أکثم وەڵامی دەدایەوە نەک بێدەنگ بێ، ئەی کە لە سەردەمی خۆی یەک پێشەوا نەبووە بە باشە باسی بکات پێم ناڵێن چۆن لە سەردەمەکانی دواتر بۆتە ئیمام ؟!

ابن قتیبة دەڵێ: **کەسم نەبینی زۆر بە گەرمی خەریکی باسکردنی ئەهلی ڕەئی بێت و لە پلەیان کەم بکاتەوە و بەدوای ووتە ناشرینەکانیان بگەڕێت و ئاگادارکردنەوەیان لێبدات وەک إسحاق بن إبراهیم الحنظلي ناسراو بە (ابن راهویە) ئەو دەیووت: ئەهلی ڕەئی کتێبی الله و سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەیان فڕێدا، دەستیان گرت بە قیاس، وە کۆمەڵێکی لەمانە دەژمارد.**

[تأويل مختلف الحديث : 105] ت: محمد محيي الدين الأصفر

ووتم: إسحاق بن راهویە ئەو کەسە بوو کە لەسەر مەزهەبی أبو حنیفة بوو، پێی وابوو کەس جورئەت ناکات موخالەفەی أبو حنیفة بکات، بەڵام کاتێک بینی لە دەرەوەی ناوچەی خوراسان دونیا بە جۆرێکی ترە و ئەهلی حەدیث چەندە دژی أبو حنیفة و مەزهەبەکەی و ڕەئیەکانی و

بیدعەکانین، ئەم کەسەی لێدەرچوو کە دەبینن ابن قتیبة چۆن باسی دەکات، ئایا ئێوەش ئامادە نین دوای ئەم هەموو بەڵگەیە دەست بکەن بە داماڵینی عەورەتی کافر و بیدعەچیەکان کە سەردەمانێک بە پێشەوای خۆتان زانیون ؟ یان هەر سوورن لە پەردەپۆش کردن و بەرگری کردن لێیان ؟ سەیرکە إسحاق بن راهویە تەنها بەوە نەوەستا کە بڵێ چیتر بە ئیمامی نازانم بەڵکو دەستی دایە فەزح کردنیان و ڕەددانەوەیان.

ابن قتیبة دەڵێ: **إسحاق بن راهویە دەڵێ: پرسیار لە أبو حنیفة کرا دەربارەی خواردنەوە لە جامی خۆشکراو بە زیو ؟ ووتی: هیچ کێشەی تێدا نیە، وەکو ئەو ئەنگوستیلە زیوە وایە کە لە پەنجەت دایە دەستت دەخەیتە ناو ئاو و پێی دەخۆیتەوە. ابن قتیبة دەڵێ: إسحاق هاوشێوەی ئەمانەی زۆر دەژمارد، کتێبەکە درێژ دەبێتەوە گەر باسی بکەین، وە لەمەش گەورەتر موخالەفە کردنی کتێبی الله-یە وەک بڵێی ئەوان -واتا أبو حنیفة و هاوەڵانی- نەیان خوێند بێتەوە، أبو حنیفة دەڵێ: وەلی ئەمری ئەو کەسەی کە بە ئەنقەست کوژراوە یان دەبێ لە بکوژەکە خۆشبێت یان تۆڵەی لێ بکاتەوە بۆی نیە حەقی خوێنەکەی لێوەرگرێ، ابن قتیبة دەڵێ: الله تبارك وتعالى دەفەرمووێ:** ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنثَى بِالْأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ﴾ **واتا ئەوەی خۆشبوو لە خوێنی کوژراوەکەی لەبەرامبەر وەرگرتنی حەقی خوێنەکەی ئەوا با بەچاکی و جوانیەوە داوای حەقی خوێنەکەی بکات ماندوویان نەکات، وە دەبێت داوای وەلی کوژراوەکە بە چاکی و جوانی بدرێت و دوا ناخرێ لەکاتی خۆیدا. پاشان فەرموویەتی:** ﴿ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ﴾ **ئەم حوکمە بارسووک کردن و ڕەحمەت و ئاسانیە بۆ موسڵمانان، چونکە لای بەنی ئیسرائیل وەلی کوژراوەکە بۆی هەیە یان تۆڵە بکاتەوە یان لێی خۆشبێت. پاشان فەرموویەتی:** ﴿فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ﴾ **واتا ئەوەی دەست درێژی بکات و بیکوژێت دوای وەرگرتنی حەقی خوێنەکە** ﴿فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ **سزایەکی بە ئازاری بۆ هەیە. زانایان وتوویانە واتا: دەکوژرێت و حەقی خوێنی لێ وەرناگیرێت.**

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لە هیچ کەسێک خۆش نابم کە دوای وەرگرتنی حەقی خوێنەکە بیکوژێتەوە). ابن قتیبة دەڵێ: ئەمە و هاوشێوەی ئەمە لە موخالەفە کردنی قورئان هیچ عوزری تێدا نیە، وە هیچ عوزرنیە لە موخالەفە کردنی پێغەمبەری الله ﷺ دوای زانینی فەرموودەکەی.
[تأويل مختلف الحديث : 107-108]

ووتم: وەک ابن قتیبة ووتی موخالەفە کردنی ئایەتێکی ڕوون و ڕاشکاوی قورئان هیچ بیانووێک هەڵناگرێت، چونکە ئایەتەکە لەفزەکانی ڕوونە، وە ئایەتی تر نیە پێچەوانەی بێت تا بڵێین ئەگەری نەسخ دێتە پێشەوە، یان بڵێین فەرموودە هەیە پێغەمبەر ﷺ بە پێچەوانەی ئایەتەکە حوکمی کردووە دوای دابەزینی، فەرموودەش نیە بڵێین أبو حنيفة-ی جاهیل بە فەرموودە بە زەعیفی دانا بێت بۆیە موخالەفەی کردووە، بەڵام داخەکەم ئەمڕۆ گەر لە فیقهدا بە پێچەوانەی دەقی قورئان و سوننەتی صەحیح فەتوا بدەیت هیچ بە کێشەی نازانن بە بیانووی ئەوەی باسەکە فقهیە عەقیدەیی نیە ! ئەگەرچی ئایەت و فەرموودەکان صەریحیش بن و هیچ بیانووێک هەڵنەگرن.

الفسوي دەڵێ: حدثنا سليمان بن حرب حدثنا **حماد بن زيد ووتی: بینیم أبو حنيفة پرسیاری لێکرا دەربارەی وتر، ووتی: فەرزە، منیش ووتم: نوێژە فەرزەکان چەندن ؟ ووتی: پێنج، ووتم: ئەی وتر؟ ووتی: فەرزە.** [المعرفة والتاريخ : 793/2] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: حماد پرسیارێکی ئابڕووبەری لێکردووە، مادام پێت وایە وتر فەرزە بۆ ناڵێی شەش نوێژ فەرزە بۆ دەڵێی پێنج نوێژ فەرزە ؟!

الخطيب دەڵێ: أخبرنا بشرى بن عبدالله الرومي قال أخبرنا أحمد بن جعفر بن حمدان قال حدثنا محمد بن جعفر الراشدي قال حدثنا أبو بكر الأثرم ووتی: **باوکی عبدالله -واتا ئیمام أحمد- چەند فەرموودەیەکی بۆ گێڕاینەوە لە بابەتی عەقیقە کە فەرموودەی تێدابوو بە سەنەدەوە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و تابعین، پاشان ووتی: أبو حنيفة دەڵێ: عەقیقە کارێکی سەردەمی جاهیلیە ! جا أحمد زەردەخەنەی کرد وەک سەرسوڕمان.** [تاريخ بغداد : 568/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرني إبراهيم بن عمر البرمكي قال حدثنا عبيدالله بن محمد بن محمد بن حمدان العكبري قال حدثنا محمد بن أيوب بن المعافى البزاز ووتى: **بيستم إبراهيم الحربي دەیووت: أبو حنيفة شتانێکی داهێنا لە عیلم کە جوینی ئاو باشترە لەم شتانە، وە ڕۆژێک هەندێک لە بابەتەکانیم نیشانی أحمد بن حنبل دا، جا أحمد سەری لێ سوڕما، پاشان ووتی: وەک بڵێی تازە هاتۆتە ناو ئیسلام.** [تاريخ بغداد : 571/15] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: محمد بن أيوب بن المعافى البزاز ناسراوە بە أبو بكر محمد بن أيوب العكبري.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا محمد بن الحسين بن محمد المتوثي أخبرنا عثمان بن أحمد الدقاق حدثنا أحمد بن بشر المرثدي حدثنا رجاء بن السندي ووتى: **بيستم بشر بن السري ووتى: چوومە لای أبو عوانة پێم ووت: پێم گەیشتووە کە تۆ کتێبێکی أبو حنيفة-ت لەلایە، ووتی: کوڕی شیرینم بیرت خستمەوە، جا هەڵسایەوە و چووە لای سندوقەکە و کتێبەکەی دەرهێنا و پارچە پارچەی کرد و فڕێیدا، ووتم: چی وای لێکردیت ئەمە بکەی ؟ ووتی: من لەلای أبو حنيفة دانیشتبووم پیاوێک بە پەلە هاتە لای لەلایەن دەسەڵاتدارەوە ووتی: ئەمیر دەڵێ پیاوێک دار خورمایەکی بچووکی دزیوە تۆ چی دەڵێی ؟ أبو حنيفة-ش بەبێ تەتەڵە کردنی زمان ووتی: گەر نرخەکەی دە درهەم بێت دەستی ببڕن، پیاوەکەش ڕۆیشت، منیش ووتم: ئەی أبو حنيفة ئایا لە الله ناترسی ؟ حدثني يحيى بن سعيد عن محمد بن يحيى بن حبان عن رافع بن خديج دەڵێ: پێغەمبەری الله ﷺ فەرموویەتی: (لا قطع في ثمر ولا كثر) -واتا: دەست نابڕدرێ لە دزینی بەروبوومی دار وکثر- بڕۆ بەدوای پیاوەکە بکەوە ئەگینا دەستی دەبڕن، أبو حنيفة بەبێ تەتەڵە کردنی زمان ووتی: ئەمە حوکمێکە دەرچووە و تەواو بووە، أبو عوانە دەڵێ: پیاوەکە دەستی بڕدرا، جا ئەم جۆرە کەسە نابێت کتێبی لەلام بێت.**

[تاريخ بغداد : 537/15] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: (كثر) بەشی سەرەوەی دار خورمایە کە لقەکانی لێ دەبێتەوە و خورماکەی لێوە دەردەچێ.

محقق-ی تاريخ بغداد(٢) دەڵێ: عثمان بن أحمد الدقاق زەعیفە، الذهبي ڕیوایەتێکی ئەوی هێناوە پاشان وتوویەتی: ئەمە ناشرینترین درۆیە، وە پێویستە تانە لە عثمان بدرێ بەهۆی ڕیوایەت کردنی

بۆ ئەم ڕیوایەتە ئابڕۆبەرانە. ئەمە ووتەکەی الذهبي بوو لە (میزان الاعتدال) بەڵام ابن حجر لە (لسان المیزان) وەڵامی الذهبي دەداتەوە و دەڵێ: ناکرێ تانە بدرێ لە عثمان، گەر الذهبي ئەم دەرگایە بۆ خۆی بکاتەوە کە هەر ڕاوییەک فەرموودەیەکی درۆی ڕیوایەت کرد و درۆکە لە ڕاوییەکی تر بوو لەخۆی نەبوو ئەوا هیچ ڕاوییەک بە سەلامەتی دەرناچێت لەژێر دەستی تەنها کەمێک لە المتقدمین چ جای لە المتأخرین، وە من خەم دەخۆم کە دەبینم الذهبي ئەم ڕاوییەی لەم کتێبەدا هێناوە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک و پێشینێکی هەبێت.

ئینجا ابن حجر ناوی ئەو زانایانە دەهێنێت کە تەوسیقیان کردووە.

بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت محقق ووتەکەی الذهبي بە قرتاوی هێناوە، الذهبي دەڵێ: عثمان ڕاستگۆیە، ئەو فەرموودە درۆیەش کە ڕیوایەتی کردووە کێشەکە لەخۆی نیە لە ڕاوییەکانی سەرووخۆیەتی، کەواتە الذهبي-ش دان بەوە دەنێت ڕاستگۆیە بەڵام بۆیە ابن حجر ڕەخنەی لێگرت چونکە الذهبي ووتی: پێویستە تانەی لێ بدرێ چۆن شتێکی ئاوا درۆ ڕیوایەت دەکات.

عمر بن شاهین دەڵێ: ثقة المأمون

ابن القطان الفاسي: ثقة صالح صدوق

الحاكم دەڵێ: ثقة المأمون

الخطيب البغدادي دەڵێ: ثقة ثبت

الدارقطني دەڵێ: لە سیقەکانە

محقق-ی تاریخ بغداد(٢) دەڵێ: أبو حاتم دەربارەی أبو عوانة دەڵێ: سیقەیە هەڵە زۆر دەکات گەر لە حفزیەوە ڕیوایەت بکات.

أبو عوانة لای هەمووان سیقەیە حافزە ئیمامە لە پلەی بەرزی تەوسیق کردن دایە بەڵام حفز دوو جۆرە حفظ الصدر و حفظ الكتابة، لەوەی دووەمیان قسەی لەسەر نیە بەڵام لەوەی یەکەمیان هەڵە دەکات واتا گەر لە حفزی خۆیەوە ڕیوایەت بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە گەر لەسەر کتێب ڕیوایەتی نەکات بە ڕەهایی زەعیفە، جا گریمان هەر بە ڕەهایی زەعیف بێت لێرەدا شتێک دەگێڕێتەوە کە لەنێوان خۆیی و أبو حنیفة ڕوویداوە فەرموودە ڕیوایەت

ناکات لە کەسەوە، بۆیە گەر زەعیفیش بێت ڕیوایەتەکە هەر قبوڵکراوە وەک لە لاپەڕە 27-32 وەڵامی ئەم گومانەمان دایەوە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني إبراهيم بن مخلد المعدل قال حدثنا القاضي أبو بكر أحمد بن كامل إملاء قال حدثنا محمد بن إسماعيل السلمي قال حدثنا عبدالله بن الزبير الحميدي ووتی: **بیستم سفيان بن عيينة دەیووت: دوو شت هەبوون گومانم وانەبوو لە کوفە زیاتر تێپەڕن، کەچی لە دونیادا بڵاو بوونەوە، قیرائەی حمزة و ڕەئی أبو حنيفة.** [تاريخ بغداد : 475/14] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: زۆرێک لە زانایان ئەم ڕیوایەتە دەهێنن وەک مەدحێک بۆ أبو حنيفة، تەنانەت الخطيب ئەم ڕیوایەتەی لە بەشی مەدحکردنی أبو حنيفة هێناوە نەک لە بەشی زەمکردنی، بەڵام من هیچ گومانم نیە کە ئەم ووتەیەی سفيان زەمە نەک مەدح، چونکە ژمارەیەک زانای سەلەف ڕقیان لە قیرائەی حمزة دەبوویەوە سفيان-یش یەکێکە لەوانەی کە پێی وایە گەر ئیمام بە قیرائەی حمزة خوێندی ئەوا دەبێت مەئموم نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە، بەڵام قیرائەی حمزة یەکێکە لە 10 قیرائە متواترەکە کە بە (القراءات العشر) ناسراون بۆیە ڕق لێبوونەوە و خۆ بە دوورگرتنی هەر ئیمامێک لەم قیرائەتە نابێتە هۆی لاوازبوونی قیرائەکە یان بڵاو نەبوونەوەی و دیار نەمانی، چونکە الله تعالى بەڵێنی داوە بە پاراستنی ئەم قورئانە، ئەم قیرائەیەش وەک قیرائەکانی تر کەلامی الله-یە لەڕێگای جبريل دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەر محمد ﷺ هاوەڵانیشی لە دەمی ئەو بیستوویانە ئێمەش لەوانەوە بۆمان نەقل کراوە بە سەنەدی متواتر، جا هەروەک چۆن سفيان کە ئەم قیرائەیەی پێ پەسەند نەبووە پێی سەیر بووە کە چۆن ئاوا بڵاو دەبێتەوە و تەشەنە دەکات بەهەمان شێوەش ڕەئی أبو حنيفة-ی پێ پەسەند نەبووە پێی سەیر بووە کە چۆن ئاوا بڵاو بۆتەوە، هەر خودی ووتەکەشی ڕوونە کە چاوەڕێی نەکردووە ڕەئی أبو حنيفة کوفە تێپەڕێنێت چونکە بە هیچی نەزانیوە، جا ئیمامی بەڕێز گەر ڕەئی خەواریج و ڕافیزە و مورجیئە و قەدەری و جەبری و موعتەزیلی و ئەشعەری کوفە و بەصرە تێپەڕێنن بە هەموو دونیادا بڵاو ببنەوە، ئەوا هیچ سەیر نیە کە ڕەئی أبو حنيفة-ش کوفە تێپەڕێنێ لەکاتێکدا أبو يوسف قوتابی أبو حنيفة کە گەورەی قازییەکانە هەرچی حەنەفی مەزهەب

هەیە دەیکات بە قازی لە شارەکان جا چۆن ئەم مەزهەبە بڵاو نابێتەوە ؟ بۆیەش ابن حزم دەڵێ: دوو مەزهەب هەن بە زەبری دەسەڵات بڵاو بوونەتەوە حەنەفی و مالکی، حەنەفی ڕوونە جا نازانم مالکی بۆ تێخستووە ! هۆکاری بڵاو بوونەوەی مەزهەبەکەش لە ئێستادا دەوڵەتی عوسمانی بوو کە حەنەفی مەزهەب بوون ئەم مەزهەبەیان کرد بە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت، هەروەک چۆن قیرائەی (حفص عن عاصم)یان کرد بە قیرائەی ڕەسمی دەوڵەت، هەر بۆیەش لە ئێستادا زۆربەی وڵاتانی بەناو ئیسلامی بە قیرائەی (حفص عن عاصم) دەخوێنن.

ابن تيمية دەڵێ: **پێشەوایان فرمانیان کردووە بە هەجر کردنی بانگەوازکەران بۆ بیدعە بەشێوەیەک نە بکرێن بە حاکم نە شایەت نە پێشەوا نە موفتی نە فەرمووودەناس نە لەگەڵیان دابنیشن نە قسەیان لەگەڵ بکەن.** [جامع المسائل - المجموعة الثامنة : 74] ط: دار عالم الفوائد

ووتم: أبو حنيفة-ش ئەهلی بیدعە بووە و بانگەوازی بۆ بیدعە کردووە وەک لە پێشوودا هێنامان.

القاضي عياض دەڵێ: **أبو حنيفة قیاس وئیعتیباری خستە پێشی سونەن و ئاثار، جا وازی لە دەقی أصول هێنا و دەستی گرت بە عەقڵ، وە ڕەئی و قیاس و استحسانی پێش خست، پاشان استحسانی بە پێش قیاس خست جا دوورکەوتەوە لە حەق هەر چەند بیەوێ.**
[ترتيب المدارك : 90/1] ط: وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية - المغرب

ابن تيمية دەڵێ: **من ئەمەم تاقی کردۆتەوە وە هەرکەسێک تەدەبور لەمەدا بکات ئەوا دەبینێت کە ئەوانەی دەست دەگرن بە دەقی شەرعیەوە هەمیشە بە تواناترن لە فەتوادان و بە سوودترن بۆ موسڵمانان لەمەدا وەک لە ئەهلی ڕەئی داهێنراو، ئەوەی ئێمە دیومانە ئەوەیە کە ئەهلی کوفە لە هەموو خەڵک زانستیان کەمترە بە فەتوادان و کەمترین سوودیان هەیە بۆ موسڵمانان، سەرەڕای زۆری ژمارەیان و ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە لەلای کاربەدەستان و زۆری ئەو پارە و سامانەی دەکەوێتە دەستیان لە وەقف و لەلای کاربەدەستان و جگە لەمانەش، کەچی لە فەتوادا سوودیان لە هەموو خەڵکی کەمترە، زۆر کەمە وەڵامی فەتوا بدەنەوە گەر وەڵامیش**

بدەنەوە زۆر کەمە وەڵامێکی دروست بدەنەوە، سەبارەت بەوەش کە بە بەڵگەی شەرعی وەڵام بدەنەوە ئەوا دوورترین کەسن لەمەدا. [الإستقامة : 12/1] ت: محمد رشاد سالم

ووتم: زۆر ڕوونە کە باسی أبو حنیفة و هاوەڵانی دەکات چونکە ئەوان ئەهلی ڕەئین و خەڵکی کوفەن قازی أبو یوسف لەلایەن هارون الرشید کراوە بە گەورەی قازییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، هەر ئەمەش وایکردووە مەزهەبی حەنەفی تەشەنە بکات لە وولاتانی ئیسلامیدا، چونکە أبو یوسف زانا حەنەفی مەزهەبەکانی دەکرد بە قازی لە وولاتان و شارەکاندا.

ابن تیمیة دەڵێ: **ئەهلی سوننە و حەدیث هەجری کەسی بانگەوازکەر بۆ بیدعە دەکەن لە کەلام یان ڕەئی یان عیبادەت، هەر بۆیە ئەهلی سوننە خۆیان پاراست لە ڕیوایەت کردن لە بانگەوازکەران بۆ بیدعە لە ئەهلی کەلام وەک عمرو بن عبید و جگە لەویش، وە لە ئەهلی ڕەئی لە کوفە.** [جامع المسائل - المجموعة الثامنة : 76]

ووتم: ابن تیمیة وەک باقی زاناکانی تر کاریگەری سەردەم وای لێکردووە ناوی أبو حنیفة نەهێنێت ئەگینا دڵنیام و هیچ گومانم نیە لەوەی کە دەڵێ (ئەهلی ڕەئی لە کوفە) مەبەستی أبو حنیفة و هاوەڵانیەتی، جا کاتێک سەلەفی صالح بە دروستی نەزانن ڕیوایەت بکەن لە ئەهلی ڕەئی و هەجریان بکەن و بە بیدعەچی و گومڕا و دژە سوننەتیان بزانن، کەسێکی وەک ابن المبارك بگریەت و پەشیمان بێتەوە لەوەی ڕیوایەتی کردووە لە أبو حنیفة و بڵێ أستغفر الله وأتوب إلیه لەو ڕیوایەتانەی کە کردوومە لە أبو حنیفة، پێم ناڵێن چۆن دروستە کەسێک بچێتە سەر مەزهەبی ئەوان و بە فەتوای ئەوان دینداری بکات ؟ بۆچی سەلەف ئەوەندە دژی ئەم مەزهەبە بوونە و هەوڵی بنەبڕکردنیان داوە کەچی ئێستا وای لێهاتووە بەبێ مەزهەبی حەنەفی دینی ئیسلام بەڕێوە ناچێت و کراوەتە شان بە شانی مەزهەبەکانی تری ئەهلی سوننە وەک مالکی و شافعی حەنبەلی ؟! خۆ ڕوونە ئەوان نەک هەر لە عەقیدەدا بەڵکو لە فقهیش پێچەوانەی ئەهلی سوننە بوونە لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکان.

الزیلعي دەڵێ: **بوخاری زۆر بەدوای ووتەکانی أبو حنیفة دەڕوات و ڕەددی دەداتەوە بە فەرموودە، جا فەرموودەکە باس دەکات پاشان ناوی ناهێنێت، جا دەڵێ: پێغەمبەری الله ﷺ ئاوا**

وئاوا دەڵێ، وە هەندێک لە خەڵکی ئاوا وئاوا دەڵێن. مەبەستی (لە هەندێک لە خەڵکی) أبو حنیفة-یە بۆ ناشرین کردنی ناوی ناهێنێت بەهۆی موخالەفەکردنی فەرموودەوە ... (پاشان الزیلعي دەڵێ) **بوخاری لە سەرەتای صەحیحەکەیدا دەڵێ: (الصلاة من الإیمان) نوێژ لە ئیمانەوەیە، پاشان فەرموودەکان دەهێنێت لەم بارەیەوە، مەبەستی ڕەددانەوەی أبو حنیفة-یە کە دەڵێ: کردەوەکان لە ئیماندا نیە.** [نصب الراية : 433/1] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: ئەوەی مەبەستمە لێرەدا خودی (الزیلعي)ە کە حەنەفی مەزهەبە، کەچی دان بەوە دەنێت کە أبو حنیفة ووتویەتی کردەوە لە ئیماندا نیە، کەچی (ابن أبي العز الحنفي) کە عەقیدەی سوننیە کاریگەرە بە ابن تیمیة و ابن القیم بەڵام بەهۆی زاڵبوونی مەزهەبە فقهیەکەی بەسەریدا وای نیشان دەدات لە شەرحی عەقیدەی الطحاوي کە أبو حنیفة کردەوەی لە ئیمان دەرنەهێناوە خیلافەکە تەنها لەفزیە، ئەمە لەکاتێکدا سەلەف أبو حنیفة-یان ڕیسوا کردووە بەهۆی مورجیئە بوونی و دەرهێنانی کردەوە لە ئیماندا، تۆ بڵێی ابن أبي العز لە سەلەف زیاتر ئاگاداری حاڵی أبو حنیفة بن ؟ خۆ الطحاوي زۆر نزیکترە لە أبو حنیفة وەک لە ابن أبي العز ، کەچی دان بەوە دەنێت کە لە مەزهەبەکەی ئەواندا کردەوە لە ئیمان دەردەهێنن، سەیرەکە لەوە دایە معاصرین ئەو ووتانەی الطحاوي کە موافقی ئەهلی سوننەیە هەمووی لەسەر أبو حنیفة حیساب دەکەن ئەگەرچی أبو حنیفة واش نەڵێت، بەڵام ئەو ووتانەی الطحاوي کە موخالفی ئەهلی سوننەیە لەسەر أبو حنیفة-ی حیسابی ناکەن ئەگەرچی أبو حنیفة واش بڵێت، ئەمە لەکاتێکدا الطحاوي دەڵێ ئەم عەقیدەیەم لەسەر عەقیدەی أبو حنیفة و أبو یوسف و محمد بن الحسن الشیباني نوسیوە.

العقیلي دەڵێ: حدثنا عبدالرحمن بن محمد بن سلم الرازي قال حدثنا عبدالرحمن بن عمر الأصبهاني رسته قال سمعت عبدالرحمن بن مهدي يقول حدثني معاذ بن معاذ ووتی: **من لەلای سوار بن عبدالله بووم، جا کوڕێکی بچووک هات ووتی: زفر لەبەر دەرگایە، سوار ووتی: زفر-ی خاوەن ڕەئی، ڕێگای مەدە بێتە ژوورەوە بیدعەچیە، هەندێک لە دانیشتووانی مەجلیسەکە پێیان ووت: کوڕی مامت لە سەفەر گەڕاوەتەوە تۆ نەچووی بۆلای ئەو هاتووە بۆلات ئیزنی بدە، جا ئیزنی دا، ئەویش**

هاتە ژوورەوە و سەلامی کرد، نەمبینی سوار وەڵامی بداتەوە، وە بینیم زفر دەستی بۆ درێژکرد تەوقە بکات لەگەڵی، سوار دەستی نەگرت، وە نەمبینی سوار سەیری بکات تاکو زفر هەڵسا و چووە دەرەوە. [الضعفاء : 2/429-430] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ڕەحمەتی الله برژێ بەسەرتدا سوار ئەمە چ غیرەتێکە هەتبووە بۆ دینەکەت کە ئاوا مامەڵە بکەیت لەگەڵ کوڕی مامەکەت، ئەی سەردەمی ئێمە ببینیت چی دەڵێی کە مامۆستاکەی زفر کراوە بە ئیمامی ئەهلی سوننە ؟!

زفر قوتابیەکی هەرە نزیکی أبو حنیفة بوو، دوای مردنی أبو حنیفة زفر لەشوێنی دانیشت بۆ دەرس ووتنەوە، گەر بۆ قوتابیەکە ئاوا بن ئەی بەرامبەر مامۆستاکەی چۆن دەبن ؟!

الذهبي دەڵێ: **السراج خاوەنی سامانێکی زۆر و بازرگانی بوو، خێر خواز و چاکەکار بوو، خاوەن عیبادەت و شەونوێژ بوو، بەڵام ڕقی لە فەقیهەکانی ئەهلی ڕەئی دەبوویەوە، الله لێی خۆش بێت.** [سير أعلام النبلاء : 14/397] ط: مؤسسة الرسالة

ووتم: سەیری توانەوەی دین بکە لەلای الذهبي ئەم هەڵوێستەی السراج بە شتێکی خراپ دەبینێت بۆیە دوعای لێخۆشوونی بۆ دەکات ! لەکاتێکدا زاناکانی تر ئەم ووتانە نەقل دەکەن بۆ دەرخستنی ناشرینی ئەهلی ڕەئی.

ابن تيمية دەڵێ: **ئەهلی ڕەئی قەواعیدیان نوسراویان نیە نە لە أصولی دین نە لە أصولی فقە هەر بۆیە شوێنکەوتووانیان هەموو ئەهلی بیدعەکانی تێدایە لە موعتەزیلە و مورجیئە و جەهمیە و موجەسیمە و خەواریج و گوێڕایەڵیکەران.**

[فضائل الأئمة الأربعة وما امتاز به كل إمام من الفضيلة : 11]

ابن تيمية دەڵێ: **زۆربەی ئەهلی حەدیث تانەیاندا لە أبو حنیفة و هاوەڵەکانی، تانەدانێکی بەناوبانگ کە کتێبەکانی پڕ کرد، تا کار گەیشت بەوەی هیچ شتێکیان لێ ڕیوایەت نەکەن لە کتێبەکانی فەرموودەدا، هیچ ناویان نیە لە الصحيحين و سونەنەکان.**

[الرد على السبكي في مسألة تعليق الطلاق : 837] ط: دار عالم الفوائد
ووتم: ڕەحمەتت لێبێ کە ئەمە دەزانی ئەی چۆن أبو حنيفة لەلات بوو بە پێشەوا ؟! دەزانی کتێبی سەلەف پڕ بووە لە تانەدان لە أبو حنيفة بەڵام لە زۆربەی کتێبەکانیش هەر بە پێشەوا وەسفی دەکەیت شان بەشانی مالك و الشافعي وأحمد و الثوري وإسحاق والليث بن سعد ناوی دەهێنی، تۆ بڵێی ئەم زانایانە زیندوو بوان ڕازی دەبوون بەوەی أبو حنيفة شان بەشانی ئەوان ناوی بهێنری؟ سەیرەکە لەوە دایە ووتەی سەلەف دەزانن کەچی موخالەفەی دەکەن.

الطوفي دەڵێ: ئەهلی ڕەئی لەلای سەلەف مەبەستیان پێی خەڵکی عیراقە کە ئەوانیش خەڵکی کوفەن أبو حنيفة و شوێنکەوتووانی، ئەمانە ناونراون بە ئەهلی ڕەئی چونکە وازیان لە زۆرێک فەرموودە هێنا و دەستیان گرت بە ڕەئی و قیاس، یان بەهۆی پێنەگەیشتنی فەرموودە یان بەهۆی پێچەوانە بوونی فەرموودەکە لەگەڵ قورئان یان بەهۆی ئەوەی کە ئەو هاوەڵەی ڕیوایەتی کردووە فەقیهـ نیە یان هاوەڵەکە ئینکاری لێ کردووە یان فەرموودەی ئاحادە لەو بابەتانەی کە دەرباز بوون لێی نیە (تعم به البلوی) یان فەرموودەکە دەربارەی حدود و کەفارەتەکانە ئەوانیش ئەصلی خۆیان هەیە لەم بابەتانەدا، جا بەهۆی ئەم قەواعیدانەی کە دایان ڕشتووە مولزەمیان دەکات بەوەی وازبهێنن بە کارکردن بە کۆمەڵێک فەرموودە، تەنانەت أحمد ﵀ وەک الخلال باسی کردووە لە جامعەکەی نزیکەی 100 یان 500 فەرموودەی صەحیح هەیە أبو حنيفة موخالەفەی کردووە، وە هەندێکیان زیادەڕەوییان کرد لە لەکەدارکردنی هەتا هەندێکیان کتێبی نوسیوە دەربارەی خیلافی نێوان پێغەمبەر ﷺ و أبو حنيفة، وە زۆر تانەی لێدراوە لەلایەن پێشەوایانی سەلەف تەنانەت گەیشتۆتە پلەیەک کە نەفس پێی خۆش نیە باسی بکات، بەڵام الله پاراستی لە شتانەی کە ووتیان و پاکی کرد لەو شتانەی کە دابوویانە پاڵی. [شرح مختصر الروضة : 454/2] ت: محمد عثمان

ووتم: الطوفي بە جوانی ئاماژەی پێدا کە ئەهلی ڕەئی لەلای سەلەف واتا أبو حنيفة و هاوەڵانی، وە الطوفي ژمارەیەک بیانووی باسکرد کە ئەهلی ڕەئی فەرموودەی صەحیحی پێ ڕەت دەکەنەوە کە ئەهلی کەلامیش هەمان ئەم بیانووانە بەکاردێنن بۆ ڕەت کردنەوەی فەرموودەی صەحیح کاتێک

پێچەوانەی عەقیدەیان بێت، بەڵام جگە لەو هۆکارانەی باسیکرد دەبینین أبو حنیفة چەندەها جار فەرموودەی صەحیحی پێ ووتراوە زۆربەبێ ئەدەبی ڕەتی کردۆتەوە ئەمەش لەلایەن زانایانی سەلەفە باسکراوە وەکو پێشتر بە سەنەد هێنامان، جا گەر ئەمانە بیانوو بن بۆی ئەوا سەلەفی صالح لە ئێمە زاناتر و بەزەیی ترن تاکو ئەم بیانووانەی لێ قبوڵ بکەن، کە لێیان قبوڵ نەکردووە دیارە جێگای قبوڵ نیە ئەمە سەرەڕای بێ ڕێزی ئاشکرای أبو حنیفة بەرامبەر فەرموودەکان و پێغەمبەر ﷺ بەڵام الطوفي بۆ بەرگری کردن لە ئیمامی ئەهلی ڕەئی دەستی برد بۆ ڕەخنە گرتن لە سەلەف و تۆمەتی خستە پاڵیان وەک بڵێی زوڵمیان لە أبو حنیفة کردبێ لەپێشی هەمووشیان ئیمام أحمد، بێ ئاگایە لەوەی کە ئەم ووتانەی ئەو پێش ئەوەی بەرگری بێت لە أبو حنیفة تانەدانە لە دانە بەدانەی زانایانی سەلەف ئەوانەی کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە، الطوفي ئەگەرچی حەنبەلیە بەڵام کافرێکی ڕافیزەی عەقیدە زۆر پیس و بۆگەنە، منیش کردوومەتە مەرج کە هەر زانایەک بە ناحەق بەرگری لە أبو حنیفة بکات لەم کتێبەدا کوفر و بیدعە و هەڵەکانی باس بکەم تا خەڵکی پێی هەڵنەخەڵەتێن و پلەکەی بزانن و لە ئاستی خۆی زیاتر بەرزی نەکەنەوە، بۆیە دەمەوێ لێرەدا بەشێکی کورت لە عەقیدەی الطوفي بخەمە ڕوو کە (ابن رجب الحنبلي) لە کتێبی (ذیل طبقات الحنابلة) باسیکردووە.

ابن رجب دەڵێ: لە ووتەکانیدا تێکەڵی و هەڵەی زۆر هەیە، قەسیدەی هەیە لە مەدحکردنی ئیمام أحمد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعەیە لە سوننە لایداوە لە عەقیدەدا، تەنانەت دەربارەی خۆی دەڵێ: حنبلي رافضي أشعري *** ظاهري هذه إحدى العبر

وە دەربارەی ڕەفز چەند قەسیدەیەکی دۆزراوەتەوە، وە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەمەی تێدا دەدرەوشێتەوە، تەنانەت کتێبی نوسیوە ناوی ناوە (العذاب الواصب على أرواح النواصب) وە یەکێک لە فێڵە شاراوە پیسەکانی لە شەرحی الأربعین النووي دەڵێ: هۆکاری خیلافی نێوان زانایان بەهۆی دژ بەیەک بوونی ڕیوایەتەکان و ئایەتەکانە، وە هەندێک لە خەڵکی هۆکاری ئەمە بۆ عمر بن الخطاب دەگێڕنەوە کە ڕێگای نەداوە هاوەڵان فەرمووده بنوسنەوە... سەیری ئەم ووتە پیسە بکە کە ئەوە لەخۆ دەگرێت ئەمیری ئیمانداران عمر رضي الله عنه ئوممەتی گومڕا کردووە بە ئەنقەست،

لەمەشدا درۆی کرد و سنوری بەزاند... الطوفي لە مەدینەدا نیشتەجێ بوو ماوەیەک هاوڕێیەتی السكاكيني ڕافیزە و موعتەزیلەی دەکرد، کۆ دەبوونەوە لەسەر گومڕاییەکانیان، الله هەتکی کرد و بەخێرایی تۆڵەی لێ سەندەوە لە مصر، لەوێدا بە ڕەفز ناسراو بوو هەروەها قسە ووتن بە أبو بكر و عائیشەی کچی ﵄ وە جگە لەوانیش لە هاوەڵانی تر ﵃ وە لەم بابەتەدا چەند شیعرێکی بە دەرکەوت بە دەست و خەتی خۆی، ئەوانەی هاوڕێیەتیان دەکرد و هاوڕای بوون لێیەوە نەقلیان کردووە، یەکێک لە قەسیدەکانی دەڵێ:

کم بین من شك في خلافته *** وبین من قیل أنه الله

واتا جیاوازی چەندە زۆرە لەنێوان ئەو کەسەی کە گومان هەبوو لە خیلافەتەکەی، لەگەڵ ئەو کەسەی کە دەربارەی ووترا الله-یە ! (مەبەستی لە کەسی یەکەم أبو بكر الصديق-ە ﵁ وە مەبەستی لە کەسی دووەم علي بن أبي طالب-ە ﵁)

جا شکایەتی لێکرا لای قازی حەنبەلیەکان و بەڵگەی لەسەر چەسپا، جا لێیدرا و تەمبێ کرا و حاڵیشی باسکرا بۆ خەڵکی و بەناو خەڵکیدا گێڕایان هاواریان دەکرد کە ئەم کارەی کردووە، وە هەموو ئەو قوتابخانانەی لەبەردەستی دابوو لێی سەندرایەوە و چەند ڕۆژێک بەند کرا پاشان ئازاد کرا... هەندێک لە شێخەکانمان لە کەسێکی ترەوە گێڕایانەوە دەربارەی کە تەوبەی دەرخستووە کاتێک بەند کراوە، ئەمەش توقیە و نیفاقەکەیەتی چونکە ئەو لە کۆتایی تەمەنیدا لەگەڵ السكاكيني کۆ دەبوویەوە شێخی ڕافیزە و هاوڕێیەتی دەکرد، وە لە ڕەفزدا نەزمێکی نوسیوە کە جنێودان لە أبو بكر لەخۆ دەگرێت...هتد. (پوختەی قسەکانی ابن رجب-م نەقل کرد).

بڕوانە [ذیل طبقات الحنابلة : 4/404-415] ت: عبدالرحمن بن سلیمان العثیمین

جا ئایا کامەیان لەپێشترن لە بەرگری کردن هاوەڵان یان أبو حنيفة ؟ وە ئایا کامەتان شایستەی قسە لەسەرکردنن تۆ ئەی الطوفي کە قسەی ناشرین بە هاوەڵان دەڵێی یان سەلەف کە قسەی ناشرین بە أبو حنيفة دەڵێن ؟!

الخطیب دەڵێ: أخبرنا البرقاني قال قرأت على أبي حفص بن الزيات حدثكم عمر بن محمد الكاغدي

قال حدثنا أبو السائب ووتی: **بیستم وکیع دەیووت: بینیمان أبو حنیفة موخالەفەی دوو سەد فەرموودەی کرد. [تاريخ بغداد : 536/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن هارون حدثنا أبو صالح ووتی: **بیستم یوسف بن أسباط دەیووت: أبو حنیفة 400 ئەثەری پێغەمبەر ﷺ ڕەت کردەوە. [السنة : 378] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

ابن أبي شيبة : لە کتێبە ناوادارەکەیدا (المصنف) بەشێکی تایبەت کردووە بەناوی (کتاب الرد على أبي حنيفة) 125 بابەتی فقهی دەهێنێ کە تێیدا أبو حنیفة موخالەفەی 486 فەرموودە و ئەثەری کردووە. بڕوانە [المصنف : 20/53-217]

ابن الجوزي دەڵێ: **ئەو باسانەی کە أبو حنیفة تێیدا موخالەفەی فەرموودەی کردووە زۆرە، بەڵام دیارترینیان فەرموودە صەحیحەکانن:**

١. میزی کوڕی شیرە خۆرە کە دەستی بەخواردن نەکردبێ، گەر کەوتە سەر جل و بەرگ تەنها ئاو ڕشێن دەکرێ، أبو حنیفة دەڵێ: دەبێت جلەکە بشۆردرێت، فەرموودەکەش لە (الصحيحين) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ تەنها ئاوی بەسەردا ڕشتووە.

٢. جائیز نیە عەرەق بکرێتە خەل، گەر بکرێتە خەل پاک نابێتەوە، أبو حنیفة دەڵێ: جائیزە و پاکیش دەبێتەوە، لە (صحيح مسلم) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی عەرەقەکە بڕێژن و ڕێگای نەداوە بیکەن بە خەل کاتێک لێیان پرسیوە.

٣. دروستە پێش بەیانی بانگ بدرێت (واتا بانگی یەکەم) أبو حنیفة دەڵێ: جائیز نیە، لە (الصحيحين) هاتووە کە بلال بانگی یەکەمی داوە، وە ابن أم مكتوم بانگی دووەمی داوە هەردووکیشیان بە فرمانی پێغەمبەر ﷺ.

٤. گەر کەسێک نەیتوانی ڕکوع و سوجدە ببات، وەستانی ناو نوێژی لەسەر لاناچێ، أبو حنیفة دەڵێ: وەستانیشی لەسەر لادەچێ، لە (صحيح البخاري) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بە وەستاوی نوێژ بکە گەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە گەر نەتتوانی بە پاڵکەوتنەوە.

٥. سوننەتە دەست بەرز کەیتەوە لەکاتی چوون بۆ رکوع و هەڵسانەوە لە رکوع، أبو حنیفة دەڵێ: سوننەت نیە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ کە چۆتە ناو نوێژ دەستی بەرز کردۆتەوە لەکاتی چوون بۆ رکوع دەستی بەرز کردۆتەوە لەکاتی هەڵسانەوە لە رکوع دەستی بەرز کردۆتەوە و لەنێوان دوو سوجدەکەدا دەستی بەرز نەکردۆتەوە. ئەم فەرموودەیە نزیکەی 20 هاوەڵ ڕیوایەتیان کردووە.

٦. گەر خۆرهەڵات کەسێکیش لەناو نوێژی بەیانیدا بوو ئەوا نوێژەکەی تەواو دەکات، أبو حنیفة دەڵێ: نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، لە (الصحیحین) هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەوەی گەیشت بە رکعەتێکی نوێژی بەیانی پێش هەڵاتنی خۆر ئەوا بە نوێژی بەیانی گەیشتووە.

٧. جائیزە بەیەک رکعەت نوێژی وتر بکەیت، أبو حنیفة دەڵێ: تەنها بە سێ رکعەت جائیزە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ بەیەک رکعەت نوێژی وتری کردووە.

٨. سوننەتە نوێژە بارانە ئەنجام بدەیت، أبو حنیفة دەڵێ: سوننەت نیە، لە پێغەمبەر ﷺ بە صەحیحی هاتووە کە ئەنجامی داوە.

٩. دروستە جلەکانت هەڵگێڕیتەوە لەکاتی نوێژە بارانە و پێش نوێژەکەش، أبو حنیفة دەڵێ: سوننەت نیە، لە پێغەمبەر ﷺ بە صەحیحی هاتووە کە ئەنجامی داوە.

١٠. موستەحەببە لەکاتی شۆردنی مردوو بەشێک لە کافور بەکاربهێنرێ لە شۆردنی کۆتاییدا، أبو حنیفة دەڵێ: موستەحەب نیە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ بەو ژنانەی فەرموو کە کچەکەیان دەشۆرد: (لە شۆردنی کۆتاییدا کافور بەکاربهێنن).

١١. سوننەتە دەست بدات لە ڕوکنی یەمانی لەکاتی طەوافدا، أبو حنیفة دەڵێ: سوننەت نیە، لە (صحیح مسلم) هاتووە کە ابن عمر دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەستی لەهیچ نەدەدا تەنها بەردە ڕەشەکە و ڕوکنی یەمانی نەبێت.

١٢. دەستنیشان کردن و شتێک لە مل کردنی ئاژەڵی قوربانی (حوشتر و مانگا) أبو حنیفة دەڵێ: مەکروهە جۆرێکە لە هەتک کردنی گیانی ئاژەڵەکە. بە صەحیحی لە پێغەمبەر ﷺ هاتووە کە

ئاژەڵەکەی بۆ قوربانی بریندارکردووە وەک نیشان کردنی کە ئەم ئاژەڵە بۆ قوربانیە، وە شتێکی لە ملی ئاژەڵەکە هەڵواسیوە.

١٣. فرۆشتنی خورمایەک کە بە دارەوەیە (رطب) بە خورمایەکی تر کە لەسەر زەوییە (بیع العرایا) أبو حنیفة دەڵێ: جائیز نیە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ رێگای پێداوە.

١٤. گەر ئاژەڵێکی کڕی بە گوان پڕی وایزانی هەمیشە ئاوایە بەڵام خاوەنەکەی چەند رۆژێک نەیدۆشیوە تا لەکاتی فرۆشتن ئاوا دەرکەوێ، جا کڕیار دوای کڕینی کە زانی ئاژەڵەکە ئاوا نیە و فێڵی لێکراوە بۆی هەیە ئاژەڵەکە بگەڕێنێتەوە، أبو حنیفة دەڵێ: بۆی نیە وابکات، لە (الصحیحین) هاتووە کە بۆی هەیە بیگەڕێنێتەوە گەر نەیویست، بەڵام لەگەڵ صاعێک خورما دەیگەڕێنێتەوە.

١٥. جائیز نیە سەگ بفرۆشی ئەگەرچی سەگەکە ڕاهێنراو بێت، أبو حنیفة دەڵێ: جائیزە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ نەهی کردووە لە نرخی سەگ.

١٦. گەر موسڵمانێک عەرەقی ئەهلی کیتاب بڕێژێت یان بەرازەکەی بکوژێت هیچی لەسەر نیە، أبو حنیفة دەڵێ: لەسەریەتی حەقەکەی بدات، بە صەحیحی لە پێغەمبەرﷺ هاتووە فەرموویەتی: الله عەرەق و نرخەکەشی حەڕام کردووە.

١٧. موسڵمان گەر کافری کوشت ناکوژرێتەوە، أبو حنیفة دەڵێ: گەر ئەهلی کیتاب بکوژێ دەکوژرێتەوە، لە (صحیح البخاري) هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: موسڵمان لەبڕی کافر ناکوژرێ.

١٨. واجبە لەکاتی تۆڵەدا بەهەمان شێوە بکوژ بکوژرێتەوە، أبو حنیفة دەڵێ: واجب نیە تەنها لەو شتانەی کە حەددی لەسەرە، لە (الصحیحین) هاتووە یەهودییەک سەری ژنێکی خستۆتە نێوان دوو بەردەوە و کوشتوویەتی، پێغەمبەرﷺ بەهەمان شێوە یەهودییەکەی کوشتۆتەوە.

١٩. گەر کەسێک لە ئافرەتێکی دوو گیان بدات و ببێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەی ئەوا دەبێت کۆیلەیەکی کوڕ یان کچ بێ عەیب بدات پێیان، أبو حنیفة دەڵێ: کۆرپەلە هیچی لەسەر نیە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ بەم شێوەیە حوکمی کردووە کاتێک کۆرپەلە لەبارچووە.

٢٠. موسڵمان مەرج نیە بۆ ڕەجم کردنی ژن و پیاوی زیناکەر، أبو حنیفة دەڵێ: مەرجە، بە صەحیحی هاتووە لە پێغەمبەرﷺ کە ژن و پیاوێکی یەهودی ڕەجم کردووە کە زینایان کردووە.
٢١. ئەو بڕەی دەستی دزی لەسەر دەبڕدرێ چارەگە دینارێکە یان سێ درهەم، أبو حنیفة دەڵێ: یەک دینار یان دە درهەم، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ لە چارەگە دینار و بەسەرەوە دەستی دزی دەبڕی.
٢٢. گەر کەسێک سەیری خێزانت بکات لە ماڵەوە بۆت هەیە شتێک لەچاوی بگریت چاویشی دەرهات هیچت لەسەر نیە، أبو حنیفة دەڵێ: لەسەریەتی، لە (الصحیحین) هاتووە کە پیاوێک سەیری ژوورێک لە ژوورەکانی پێغەمبەری دەکرد ﷺ پێغەمبەریش شانەیەکی لە دەست بوو سەری پێ دەخوراند، جا فەرمووی: گەر بمزانیبوایە سەیرم دەکەیت ئەوا شتێکم لە چاوت دەدا. هەر لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێک سەیری ماڵی کەسێکی کرد بەبێ ئیزن ئەوا بۆی حەلالە چاوی دەربهێنێت.
٢٣. ئیمامی موسڵمانان سەرپشکە لەوەی ئەسیرەکان بکوژێ یان بیانکات بە کۆیلە یان بە مننەت ئازادیان بکات یان فیدیە وەرگرێت لە بەرامبەر ئازاد کردنیان، أبو حنیفة دەڵێ: بە مننەت ئازاد کردنیان و فیدیە وەرگرتن جائیز نیە، بە صەحیحی هاتووە لە پێغەمبەرﷺ کە بە مننەت ثمامة بن أثال-ی ئازادکردووە، وە فیدیەی وەرگرتووە بەرامبەر ئازادکردنی ئەسیرەکانی جەنگی بەدر.
٢٤. ئەو خەڵاتەی دەدرێت بە کۆکەرەوەی زەکات وەک باقی ماڵەکانی تر وایە دەبێتە (الفيء) و نابێتە مولکی کەسەکە، أبو حنیفة دەڵێ: دەبێتە مولکی کەسەکە، لە (الصحیحین) هاتووە کە کابرای زەکات کۆکەرەوە ووتی ئەمەیان بەدیاری بە من داوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەوە چیە کۆکەرەوەی زەکات دەنێرین و دەڵێ ئەمە بۆ ئێوە ئەمەش بە من دراوە بە خەڵات ؟! ئایا گەر لەماڵی باوک و دایکی دانیشتبوایە چاوەڕێی دەکرد شتی پێ ببەخشن بە دیاری یان نا ؟! سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە هیچ کام لە ئێوە شتێک بە ناحەق نابات ئیللا ڕۆژی قیامەت بەسەر شانیەوە دەیهێنێت.
٢٥. جائیز نیە ئاژەڵ سەر ببڕدرێت بە ددان و نینۆک، أبو حنیفة دەڵێ: جائیزە گەر ددانەکە یان

نینۆکەکە جیا کرابێتەوە لە لاشەکە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ ڕێگای داوە بە هەموو شتێک سەری ئاژەڵ ببڕن جگە بە ددان و نینۆک نەبێت.

٢٦. خواردنی گۆشتی بزن مژە حەلالە، أبو حنیفة دەڵێ: حەلال نیە، بە صەحیحی لە پێغەمبەرﷺ هاتووە کە نەیخواردووە چونکە حەزی بۆ نەچووە و بەلایەوە قێزەون بووە بەڵام ڕێگای داوە بخورێ و حەرامی نەکردووە.

٢٧. خواردنی گۆشتی ئەسپ حەلالە، أبو حنیفة دەڵێ: حەلال نیە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ نەهی کردوە لە خواردنی گۆشتی کەر، وە ڕێگای داوە بە خواردنی گۆشتی ئەسپ و کەری کێوی.

٢٨. عەرەق حەڕامە، أبو حنیفة دەڵێ: ئەوەی سەرخۆشت دەکات حەڕامە، بە صەحیحی لە پێغەمبەرﷺ هاتووە کە فەرموویەتی: هەموو سەر خۆشکەرێک حەرامە. وە لە فەرموویەکی تردا فەرموویەتی: ئەوەی بە خواردنەوەی بڕێکی زۆر پێی سەر خۆش بیت ئەوا خواردنەوەی بە قەدەر مشتێکیش حەرامە.

٢٩. حاکم گەر حوکمی داو نەیپێکا شتەکە حەلال ناکات بۆ لایەنی براوە، أبو حنیفة دەڵێ: حەلالی دەکات لە بابەتی گرێبەست و هەڵوەشاندنەوە، لە (الصحیحین) هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: من مرۆڤم وەک ئێوە، حوکم دێت بۆلام هەندێکتان لە هەندێکتان زمان پاراوترن منیش وادەزانم ئەو ڕاست دەکات، جا حوکمەکە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەدەم، جا هەر کەسێک حەقی موسڵمانێکی پێ بدەم ئەوا پارچەیەک لە ئاگرم پێی داوە، جا گەر دەیەوێت با بیبات یان وازی لێ بهێنێت.

٣٠. جائیزە حوکم بدرێ بە شایەتیدانی شایەت (الشاهد) و سوێند خواردنی کەسی بانگەشەکەر (المدعي) لە بابەتی سامان و ئەو شتانەی مەبەست پێی سامانە، أبو حنیفة دەڵێ: جائیز نیە، جابر بن عبدالله ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەرﷺ حوکمی داوە بە سوێند خواردنی بانگەشەکەر و شایەتیدانی شایەت، وە عمر وعلي بن أبي طالب و ابن عباس و ابن عمر و ابن عمرو وزید بن ثابت و أبو حزم و أنس وبلال بن الحارث و المغیرة بن شعبة و سلمة بن قیس و هاوەڵانی تریش ڕیوایەتیان

کردووە. ئەمە تەنها بابەتە ناسراوەکان بوو ئەوانەی کە باسم نەکردووە دوو هێندە دەبن، لەبەر ئەوەی أبو حنیفة موخالەفەی هاوشێوەی ئەم فەرموودە صەحیحانەی کردووە ئەوانیش زمانیان واڵا کرد لە قسە ووتن پێی، هیچ ئیمامێکی موعتەبەر نەمایەوە ئیللا قسەی پێ ووت، جا سەیرەکە لە أبو حنیفة دایە کاتێک فەرموودەیەک ببینێت هیچ ئەصلی نەبێت واز لە قیاس دەهێنێت و بەرەو فەرموودەکە دەچێت، وەک فەرموودەی شکانی دەست نوێژ بە پێکەنین، ئەمە فەرموودەیەکە جێگیر نابێت بە صەحیحی کەچی وازی لە قیاس هێنا لەبەر ئەم فەرموودەیە. [المنتظم : 8/138-143]

ووتم: کەسێک ئاوا بێت لە دوو حاڵەت دەرناچێ، یان بە ئەنقەست موخالەفەی فەرموودە دەکات، وە یان زۆر جاهیلە بە فەرموودە شایستەی ئەوە نیە ببێتە سەر مەزهەب و فەتوای لێوەر بگیرێت.

ابن أبي حاتم لە کتێبی [آداب الشافعي ومناقبه : 132] بە سەنەدەوە لە الشافعي ڕیوایەت دەکات کە مونازەڕەی لەگەڵ بشر المريسي کردووە دەربارەی تیرو پشک (قورعە) بشر وتوویەتی: تیرو پشک قومارە، الشافعي دەڵێ ئەمەم بۆ أبو البختري گێڕایەوە کە قازی بوو، ووتی: شایەتێکی ترم بۆ بهێنە تا لە ملی بدەم. ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی کە دەڵێ تیرو پشک قومارە، ئەی گەر دیبوای أبو حنیفة لە زیاتر لە 100 بابەتدا موخالەفەی فەرموودە دەکات لەچوار چێوەشیاندا ووتنی تیرو پشک قومارە، دەبوایە چی بڵێت ؟ ئەم ووتەیەی ابن الجوزي لەیادتان بێ کە ووتی: هیچ ئیمامێکی موعتەبەر نەمایەوە ئیللا قسەی پێ ووت !

عبدالله دەڵێ: حدثني إبراهيم حدثنا أبو سلمة عن أبي عوانة ووتی: **پرسیار کرا لە أبو حنیفة دەربارەی خواردنەوەکان، پرسیاری هەر شتێکی لێکرابوایە دەیووت حەلالە، وە پرسیاری لێکرا دەربارەی سەرخۆشکەر، ووتی: حەلالە. [السنة : 303] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: لەوانەیە مەبەستی لەوە بێت بڕێکی کەم کە سەرخۆشت ناکات، ئەم ووتەیەش لەلای کوفییەکان بەگشتی و حەنەفیەکان بە تایبەتی باوە دەربارەی (نبیذ)، أبو حنیفة و أبو یوسف بە جائیزی دەزانن، محمد بن الحسن بە حەڕامی دەزانێ، ئەمەش پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە فەرموویەتی: ئەوەی بە زۆر خواردنەوەی سەر خۆشت بکات کەم خواردنەوەشی حەڕامە.

النووي له بابەتی تێکەڵ کردنی دوو جۆر میوە بۆ ئامادەکردنی (نبیذ) کە نەهی لێکراوە لە ژمارەیەک فەرموودەی صەحیح دەڵێ: **أبو حنيفة و أبو يوسف لە ڕیوایەتێک لێیەوە دەڵێن: کەڕاهیەتی نیە و هیچ کێشەی تێدا نیە، چونکە ئەوەی بە تەنها حەلال بێ بە تێکەڵیش حەلالە، وە جمهور سەرزەنشتیان کرد لەم فەتوایەی دا، وە ووتیان ئەمە دژایەتی کردنی خاوەنی شەرعە، فەرموودەی صەحیح و صەریح چەسپاوە لە نەهیکردن لێی، گەر حەڕامیش نەبێ ئەوا مەکرۆهە.**

[شرح صحيح مسلم : 132/7] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: (نبیذ) نَبَذَ واتا فرێیدا، خورما یان میوەی تر فڕێ دەدرێتە ناو ئاو ئینجا تا سێ شەو دەخورێتەوە دوای ئەمە ناخورێتەوە چونکە مەترسی هەیە ببێت بە عەرەق و سەرخۆشت دەکات، پێغەمبەر ﷺ وەک لە صحیح مسلم هاتووە نبیذ-ی خواردۆتەوە بەڵام کە دەگەیشت بە شەوی سێیەم یان دەیدا بە خزمەتکارەکە یان دەیڕشت لە ترسی بوون بە عەرەق، جا ئەم کارە دروستە بەم شێوەیە بەڵام بەو مەرجەی بە یەک جۆر میوە ئامادە بکرێ نەک دوو جۆر تێکەڵ بکرێ، وە نەبێت بە عەرەق چونکە دوای ماوەیەک لە نبیذ-ەوە دەبێت بە خمر، بەڵام لەلای أبو حنيفة تیکەڵ کردنی دوو جۆر میوە جائیزە بۆ دروستکردنی نبیذ کە ئەمەش پێچەوانەی فەرموودەیە، وە دوای بوونی گۆڕانی نبیذ و پەیداکردنی سیفەتی سەرخۆشکردن لەلای أبو حنيفة هەر جائیزە بەڵام بەو مەرجەی کەمی لێ بخۆیتەوە نەگاتە حاڵەتی سەرخۆشکردن، ئەمەش پێچەوانەی فەرموودەیە هەر خواردنەوەیەک سیفەتی سەرخۆشکردنی هەبێت ئەوا خواردنەوەی قومێکیشی حەڕامە مادام بە زۆر خواردنەوەی سەرخۆش دەبیت، جا خواردنەوەی بڕێکی کەمی نبیذ دوای پەیداکردنی سیفەتی سەرخۆشکردن بە شێوەیەک کە سەرخۆشت نەکات ئەمە فەتوای زۆربەی زانا کوفییەکانە نەک تەنها أبو حنيفة، بەڵام لە تێکەڵ کردنی دوو جۆر میوە بۆ ئامادەکردنی نبیذ ئەمە تەنها فەتوای أبو حنيفة-یە.

ابن عبدالبر لەسەر هەمان بابەت دەڵێ: **أبو حنيفة ئەم فەرموودانەی ڕەت کردەوە بە ڕەئی خۆی، وە ووتی: خواردنەوەی دوو جۆری تێکەڵ کراو هیچی تێدا نیە.**

[الاستذكار : 19/8] ط: دار الكتب العلمية

ابن العربي دەربارەی الاستحسان دەڵێ: **الشافعي و هاوەڵانی ئینکارییان لێی کردووە، وە أبو حنيفة-یان تەکفیرکرد بەهۆی ئەمەوە جارێکیان، وە جارێکیان تەبدیعیان کرد.**
[المحصول في أصول الفقه : 131] ط: دار البيارق

الخطيب دەڵێ: أنبأنا القاضي أبو بكر أحمد بن الحسن الحرشي أخبرنا أبو محمد حاجب بن أحمد الطوسي حدثنا عبدالرحيم بن منيب قال عفان ووتی: **بيستم أبو عوانه دەیووت: من دەچوومە لای أبو حنيفة تاکو شارەزا بووم لە ووتەکانی، پاشان چووم بۆ حەج، کاتێک گەڕامەوە چوومە مەجلیسەکەی، هاوەڵانی پرسیاریان لێم دەکرد دەربارەی شتانێک منیش بەشێوەیەک وەڵام دەدایەوە کە ئەوان موخالفی من بوون، منیش ووتم: ئەو شتانەی ووتم لە أبو حنيفة-م بیستووە، دواتر پرسیارم لێی دەکرد دەربارەی، زانیم کە لە ووتەکانی پاشگەز بۆتەوە، ووتی: بینیم ئەم ووتەیە چاکترە لەوەی پێشوو، منیش ووتم: هەر دینێک ڕاگواستنی تێدا بێت ئەوا پێویستیم پێی نیە، جلەکانم هەڵتەکاند و هیچی تر نەگەڕامەوە بۆلای.** [تاريخ بغداد : 553/15]
ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) وەک الكوثري ئەم ڕیوایەتەی بە زەعیف داناوە بەهۆی حاجب بن أحمد الطوسي گوایە الحاكم قسەی لەسەرکردووە، ئەمەش وانیە چونکە حاجب تەوسیق کراوە، ووتەکەی الحاكم-یش مانای تەزعیف کردن نادات هەروەک المعلمي لە [التنكيل : 1/366-367] وەڵامی ئەم بیانووەی الكوثري داوەتەوە، جگە لەوەش الخليلي بە سیقەی داناوە، هەروەها الكوثري دەڵێ: عبدالرحيم وتوویەتی (قال عفان) ئەمەش پچڕانە لە سەنەد، المعلمي ئەوەشی وەڵام داوەتەوە کە عبدالرحيم سیقەیە و مدلس نیە.

الخليلي دەڵێ: أخبرني إسماعيل بن حاجب في كتابه إلي وحدثني عنه جعفر بن محمد الأندلسي الحافظ حدثنا مهيب بن سليم ووتی: **بيستم محمد بن إسماعيل البخاري دەیووت: حدثنا محمد بن مقاتل، بە البخاري ووترا: محمد بن مقاتل الرازي ؟ البخاري ووتی: گەر لە ئاسمان بکەومە خوار**

بۆ سەر زەوی خۆشترە لەلام لەوەی ڕیوایەت بکەم لە محمد بن مقاتل الرازي.
[الإرشاد : 905] ط: مكتبة الرشد (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: (مهيب) بۆتە (صهيب) لەم چاپەدا ئەمەش هەڵەیە، ناوی تەواوی (مهيب بن سليم بن مجاهد)ە.
ئەو محمد بن مقاتل-ە کە البخاري ڕیوایەتی لێکردووە المروزي-ە، ئەوی تریان محمد بن مقاتل الرازي-ە پێشەوای ئەهلی ڕەئی بوو بۆیە البخاري بەم شێوەیە باسی دەکات، أبو زرعة الرازي دەڵێ: دوای لاواز بوونی مەزهەبی أبو حنيفة لە عیراق محمد بن مقاتل هەوڵی بەهێزکردنی مەزهەبی أبو حنيفة-ی دەدا لە شاری الري.

الخطيب دەڵێ: أخبرني البرقاني قال حدثني محمد بن أحمد الأدمي قال حدثنا محمد بن علي الإيادي قال حدثنا زكريا بن يحيى الساجي قال حدثني محمد بن روح ووتی: **بیستم أحمد بن حنبل دەیووت: گەر کەسێک ببێتە قازی پاشان حوکم بکات بە ڕەئی أبو حنيفة، پاشان پرسیارم لێ بکرێ دەربارەی، ئەوا پێم وایە کە حوکمەکانی ڕەت بکرێنەوە. [تاريخ بغداد : 569/15] (سەنەدەکەی حەسەنە).**
ووتم: الكوثري ئەم ڕیوایەتەی بە زەعیف داناوە، گوایە محمد بن أحمد الأدمي ڕاستگۆ نیە و محمد بن روح العكبري مەجهولە، هەروەها تانەی لە زكريا الساجي داناوە کە ئەمەی کۆتایی هەر شایستەی وەڵام دانەوە نیە.
المعلمي دەڵێ: الخطيب لە ژیاننامەی محمد بن أحمد الأدمي دەڵێ: حمزة الدقاق پێی ووتم: الأدمي ڕاستگۆ نەبوو لە فەرموودەدا لە هەندێک کتێبدا دەیووت بیستوومە کە نەیبیستبوو، الخطيب دەڵێ: منیش پرسیارم لە البرقاني کرد دەربارەی الأدمي، پێی ووتم: جگە لە خێر هیچی تر نازانم دەربارەی، ئینجا المعلمي دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕیوایەتە لە کتێبی (العلل)ی الساجي هاتووە، البرقاني کتێبەکەی الساجي لە الأدمي نەبیستووە تا سیقە بە دروستی بیستنی الأدمي بکات بۆ کتێبەکە یان دروستی نوسخەکە، وایدانێ البرقاني یان الخطيب بڵێ: (قال الساجي في العلل) ئەمەندە بەس نیە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە ؟ بڕوانە [التنكيل : 656/1]

لە پێشەکی کتێب ئاماژەم پێدا کە زانایەک کتێبی زانایەکی کۆنی بەردەستە و لێی ڕیوایەت دەکات گرنگی بە سەنەدی نێوان ئەم دوو زانایە نادەین چونکە کتێبەکە لای خەڵکی ئەو سەردەمە بوونی هەیە و ناسراوە خۆ تەنها ئەم کتێبە لەلای الخطیب بوونی نیە تا بڵێین دەبێ لە سەنەدی نێوان الخطیب و خاوەن کتێب بکۆڵینەوە تا بزانین نوسخەکە دروستە یان نا، هەروەها محقق-ی تاریخ بغداد(١) سەرەڕای دەمارگیری بۆ أبو حنیفة لە حاشیەی ئەم ڕیوایەتەدا ئاماژەی بەم تەزعیفەی الکوثري داوە و پێی سەیرە، وە هەمان ووتەی المعلمي باس دەکات کە الأدمي تەنها ڕاوی کتێبەکەیە هیچ زیانی نیە بۆ سەنەدەکە، وە دەڵێ سەنەدەکە کێشەی نیە چونکە الخطیب لە ژیاننامەی محمد بن روح العکبري دەڵێ: هاوڕێی أحمد بن حنبل بووە، کاتێک أحمد دەچووە عکبرا لەلای ئەو دەمایەوە، ئینجا محقق دەڵێ: کەسێکیش ئەمە حاڵی بێت مەجهول نیە، هەروەها المعلمي لە دەربارەی محمد بن روح کە الکوثري بە مەجهولی داناوە دەڵێ: أحمد هاوڕێیەتی کەسێک ناکات و لەلای نامێنێتەوە ئیللا ئەم کەسە چاک و بەڕێزە، بڕوانە [التنكيل : 740/1]

عبدالأول بن حماد الأنصاري دەڵێ: **باوکم ووتی: هیچ کتێبێکم لەلا نیە دەربارەی فقهی حەنەفیەکان، وە فقهی ئەوان بریتیە لە ڕەئی.**

[المجموع في ترجمة حماد الأنصاري : 847] کتێبەکە لەلای نوسەر دەست دەکەوێ دەزگا چاپی نەکردووە

عبدالأول بن حماد الأنصاري دەڵێ: **بیستم باوکم دەیووت: الحافظ الخطیب البغدادي ئەم کتێبانەی نوسی (شرف أصحاب الحدیث) ، (الفقیه والمتفقه) ، (کتاب الاحتجاج) بۆ ڕەددانەوەی حەنەفیەکان کە ڕەخنە لە ئەهلی حەدیث دەگرن بەهۆی سەرقاڵ بوونیان بە فەرموودە و وازهێنانیان لە ڕەئی ئەوان.** [المجموع في ترجمة حماد الأنصاري : 529]

أبو إسماعیل الهروي دەڵێ: **بیستم باوکم دەیووت: یحیی بن عمار ووتی: گەر یحیی بن عمار لە یەکێک لە ئەهلی ڕەئی یەک فەرموودە بنوسێتەوە ئەوا الله پەنجەکانی ببڕێت.**

[ذم الكلام وأهله : 1414] ت: الأنصاري

ووتم: باوکی أبو إسماعيل الهروي بە ڕاستگۆ وەسف کراوە لە پێشەکی محقق-ی کتێبەکەدا، ئەم وەسفەش بەسە بۆمان لە ڕیوایەتێکی لەم جۆرەدا، کەسێکی ناسراو نیە قسەی لەسەر نەکراوە.

أبو إسماعيل الهروي دەڵێ: **يحيى بن عمار ووتی: حامد بن محمد الرفاء لەسەر ئەهلی ڕەئی تەنگ کرد بوو نەیدەهێشت ڕیوایەتی لێوە بکەن، وە ئیزنی نەدەدا بێنە ماڵیەوە فەرموودەی لێوە ببیستن، جا کەسێک لە سەرانی بەلخ هاتە لای زۆریان لێیکرد، ئەویش ئیزنی دا، جا کە ئیزنی دا هاتە ژوورەوە ئەویش سەری بۆ بەرز نەکردەوە، وە ووتی: تۆ خەڵکی کوێی ؟ ووتی: بەلخ، ووتی: خاکی مورجیئەکان ! يحيى بن عمار دەڵێ: پاشان الرفاء پێی ووتم: کتێبی ڕەددەکەی الحميدي بخوێنەوە، منیش بەشێکی زۆرم بۆی خوێندەوە.** [ذم الكلام وأهله : 1290] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: کتێبەکەی الحميدي ڕەددانەوەی أبو حنيفة بوو بەناوی (كتاب الرد على أبي حنيفة) ئەمەش وەک جەنگی دەروونی وایە کابرای مورجیئە هاتووە داوای ئیزن دەکات تاکو فەرموودە ببیستێ، کەچی ئەو کتێبی ڕەددانەوەی أبو حنيفة-ی بۆ دەخوێنێتەوە، لە ڕیوایەتی دواتر نموونەیەکی تری هاوشێوەی ئەمە هەیە.

أبو إسماعيل الهروي دەڵێ: بیستم محمد بن عثمان النجيمي دەیووت: **الحسين بن الشماخ الحافظ نەیدەهێشت هیچ کەسێک لە ئەهلی ڕەئی فەرموودەی لێوە بنوسنەوە، پیاوێکی خەڵکی مەغریب سوێندی دا بە الله کە فەرموودەی پێ بڵێ وە درێژی سەفەرەکەی بۆ باسکرد، ئەویش هەندێک لە شتە خراپەکانی أبو حنيفة-ی بۆ ڕیوایەت کرد، وە هیچ فەرموودەیەکی بۆ نەگێڕایەوە.**
[ذم الكلام وأهله : 1289]

الخطيب دەڵێ: أخبرني الخلال حدثنا أبو الفضل عبدالله بن عبدالرحمن بن محمد الزهري حدثنا عبدالله بن عبدالرحمن أبو محمد السكري حدثنا العباس بن عبيدالله الترقفي ووتی: **بیستم الفريابي دەیووت: ئێمە لە مەجلیسی سعيد بن عبدالعزيز بووین، پیاوێک ووتی: من خەونم بینی پێغەمبەر ﷺ لە دەرگای ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەوە هاتە ژوورەوە، وە أبو بكر و عمر و چەند هاوەڵێکی تری لەگەڵ**

بوو، لەناویشیاندا پیاوێکی تێدا بوو جلێکی پیسی لەبەر بوو شێوەی ناشرین بوو، فەرمووی: دەزانی ئەمە کێیە ؟ ووتم: نەخێر، فەرمووی: ئەمە أبو حنیفة-یە، ئەمە بەهۆی عەقڵەکەیەوە یارمەتی فجوری دا. الفریابي دەڵێ: سعید بن عبدالعزیز بە خاوەنی خەونەکەی ووت: من شایەتی دەدەم کە تۆ ڕاستگۆی، چونکە گەر ئەم خەونەت نەدیبوایە نەتدەزانی ئەم قسەیە بکەیت.

[تاریخ بغداد : 570/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: هەر چەندە خەون حوکمی لێوەر ناگیرێت بەڵام مەبەستم ووتەکەی سعید-ە لێرەدا نەک خودی خەونەکە، ووتەکەی مانای ئەوە دەدات کە ئەم پیاوە ئەهلی ئەوە نەبووە سەری لەم باسانە دەرچێت و بەم شێوەیە باسی أبو حنیفة بکات، واتا ئەم ڕیوایەتە هەڵوێستی سعید نیشان دەدات بەرامبەر بە أبو حنیفة تانەدانەکە لەم بەشەدا خۆی دەبینێتەوە.

ڕق لێبوونەوەی أبو هريرة ﷺ لەلایەن حەنەفیەکان:

حەنەفیەکانیش هاوشێوەی موعتەزیلەکان ڕقیان لە أبو هريرة دەبێتەوە چونکە ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودەی ڕیوایەت کردووە کە مەزهەبەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە هەندێکیان بە ئاشکرا تانەی لێدەدەن و فەرموودەکانی ڕەت دەکەنەوە بە بیانووی ئەوەی فەقیهـ نەبووە نەیزانیوە چ باسە تەنها نەقلی کردووە ! الله لەوە زیاتر ڕیسوایان بکات و تۆڵەی ئەم هاوەڵە بەڕێزەیان لێ بکاتەوە.

عبدالأول بن حماد الأنصاري دەڵێ: **باوکم ووتی: حەنەفیەکان تووڕەن لە أبو هريرة ﷺ چونکە زۆربەی ئەو فەرموودانەی کە أبو هريرة ڕیوایەتی دەکات ڕەددی حەنەفیەکان دەداتەوە، ولله الحمد.** [المجموع في ترجمة حماد الأنصاري : 479]

عبدالأول بن حماد الأنصاري دەڵێ: **بیستم باوکم دەیووت: حەنەفیەکان دەڵێن: أبو هريرة ﷺ فەقیهـ نیە، وە هۆکاری ووتنی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە أبو هريرة ﷺ خاوەنی فەرموودەی زۆرە، وە ئەو فەرموودانەی کە ئەو ڕیوایەتی دەکات زۆربەی ڕەئیەکانی ئەوان پوچەڵ دەکاتەوە.** [المجموع في ترجمة حماد الأنصاري : 522]

ابن القيم باسی ئەو کۆمەڵانە دەکات کە فەرموودەی ئاحاد ڕەت دەکەنەوە و دەڵێ: **کۆمەڵەی یانزدەم: ڕەتی دەکەنەوە گەر هاوەڵە ڕاوییەکە فەقیهـ نەبێت بە حیسابی خۆیان، وە ئەگەر فەقیهـ بێت قبوڵی دەکەن، جا بەم پێیە فەرموودەکانی أبو هريرة-یان ڕەت کردەوە ﷺ گەر پێچەوانەی ڕەئیەکانیان بێت، جا دەڵێن: أبو هريرة فەقیهـ نیە ! لەکاتێکدا أبو هريرة لە سەردەمی عمر بن الخطاب فەتوای داوە و عمر دانی ناوە بە فەتواکەی، وە کردوویەتی بە والی لە بەحرەین و شوێنی تریش، وە عبدالله بن عباس و هاوەڵانی تریش قوتابی ئەو بوونە، وە سعيد بن المسيب و تابعینی تریش، البخاري دەڵێ: 800 کەس لە هاوەڵان و تابعین عیلمیان لە أبو هريرة ڕیوایەت کردووە، یەکێک بووە لە زاناترینی هاوەڵان بە فەرموودە، وە لە هەمووان باشتر لەبەری کردووە.**

[مختصر الصواعق المرسلة : 1616-1617] ت: الحسن بن عبدالرحمن العلوي

ووتم: محقق-ی کتێبەکە لە حاشیەدا دەڵێ: ئەم کۆمەڵەیەی کە ابن القیم باسی کردن حەنەفیەکانن.

محمد الغزالي دەڵێ: **ئێمە تەئکید لەوە دەکەینەوە کە فەرموودەی ئاحاد لە کۆن و ئێستاشدا تەنها ظنیة-یە، وە ئیمام أبو حنیفة تێڕوانینێکی مەعقولی هەیە کاتێک فەرموودەی ئاحادی ڕەت کردەوە لە واجب بوونی شتەکان و حەڕامکردنی حەڕامکراوەکان، وە پێی وابوو کە ئەم بابەتانە پێویستی بە فەرموودەی قطعیة (واتا متواتر).**

[دستور الوحدة الثقافية بين المسلمين : 56] ط: دار الشروق

ووتم: ئەمە أبو حامد الغزالي نیە کەسێکی ترە کە لەم سەردەمەدا ژیاوە ساڵی 1996 مردووە، لە بێ ڕێزی کردن و ڕەت کردنەوەی فەرموودەدا ووتەکانی زۆر لە أبو حنیفة دەچێت، دەربارەی فەرموودەی دەرخستنی قاچی الله لە ڕۆژی قیامەت (یوم یکشف عن ساق) کە لە صحیح البخاري هاتووە محمد الغزالي دەڵێ: شانۆگەرییەکی بێ مانا و هیچە ! یان دەربارەی فەرموودەی تر دەڵێ: بیخە ژێر پێت ! چەند لە ووتەکانی أبو حنیفة دەچێت کە دەیووت: خورافەیە، میزی پێدا بکە.

ابن برهان دەڵێ: **أبو حنیفة دەڵێ: گەر ڕاوییەکە فەقیه بێت ئەوا ڕیوایەتەکەی پێشی قیاس دەخرێت، وە ئەگەر فەقیه نەبێت ئەوا قیاس پێشی ڕیوایەتەکەی دەخرێت.**

ابن برهان دەڵێ: ئەو قیاسەی کە پێشی ڕیوایەت دەخرێت لای حەنەفیەکان أصول-ە.

[الوصول إلى الأصول : 203/2] ت: عبدالحميد علي أبو زنيد

ووتم: أصول واتا قورئان و سوننەت و ئیجماع، بەم پێیە هەر فەرموودەیەک بگات بە أبو حنیفة و شوێنکەوتوانی مەزهەبەکەی قیاسی دەکەنە سەر قورئان و سوننەت و ئیجماع لەگەڵ ئەمانەدا یەکی نەگرتەوە ئیتر ڕەتی دەکەنەوە با سەنەدەکەشی صەحیح بێت، جا گەر پێی بڵێی بە چ بیانووێک ڕەتت کردەوە ؟ ئەوا دەڵێ: ئەو هاوەڵەکەی کە ڕیوایەتی کردووە فەقیه نیە ! بەم پێیەش چەندەها فەرموودەی صەحیحیان ڕەت کردەوە کە لەلای مەزهەبەکانی تر قبوڵ کراوە و کاری پێدەکرێت.

بۆیە حماد بن زید دەڵێ: دەزانن أبو حنیفة کێ بوو ؟ مشتومڕی دەکرد لە ئێرجائدا جا کاتێک ترسا لە ڕوحی خۆی دەستی کرد بە ڕەئی، جا فەرموودەکانی پێغەمبەری اللە ﷺ قیاس کردە سەر یەکتر تا بەتاڵیان بکاتەوە، وە فەرموودەکانی پێغەمبەری اللە ﷺ قیاس ناکرێت.

جا حەنەفیەکان پێیان وایە حوکمێک لە قورئاندا هاتبێ پاشان سوننەت بێت ڕوونکردنەوەی زیاتری پێبدات ئەوا ئەم زیادەیە بە نەسخ حیسابە قورئانیش بە سوننەت نەسخ ناکرێتەوە، بۆیە زۆرێک فەرموودەی صەحیحیان ڕەت کردۆتەوە بەم بیانووە باطلە، بۆ نموونە لە فەرموودەی صەحیح هاتووە گەر کەسێک زەواجی نەکردبوو توشی زینا بوو ئەوا 100 جەلدەی لێدەدرێت و ساڵێک نەفی نەکرێت، حەنەفیەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە أبو حنیفة پێیان وایە لە قورئاندا تەنها باسی ئەوە کراوە 100 جەلدەی لێ بدرێت باسی نەفیکردنی بۆ ماوەی ساڵێک نەکراوە، کەواتە ئەو حوکمەی کە لە فەرموودەدا هاتووە حوکمێکی زیادەوە و بە نەسخ حیسابە، فەرموودەش قورئان نەسخ ناکات بۆیە ڕەتی دەکەینەوە فەرموودەکەش أبو هریرة ڕیوایەتی کردووە کە فەقیه نیە بە حیسابی خۆیان ! لەکاتێکدا لای جمهوری زانایان ئەم حوکمە ڕوونکردنەوەیە نەک نەسخ بێت تەنانەت ئەوەی سەری لەم باسانەش دەرنەچێت دەزانێت نەسخ نیە چونکە فەرموودەکە 100 جەلدەکەی قورئانی وەک خۆی هێشتۆتەوە و نەیگۆڕیوە تا بڵێین نەسخی کردووە تەنها نەفیکردنەکەی زیادکردووە ئەمەش ڕوونکردنەوەی زیاترە، نموونەی ئاواش زۆرە لە سوننەتدا کە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات بە حوکمەکانی قورئان، هەر بۆیە بشر المریسي جەهمی کافر گۆشتی کەری ماڵی حەلال دەکات لەکاتێکدا لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە گۆشتی ئەسپ و کەری کێوی حەلالە و گۆشتی کەری ماڵی حەرامە، دەزانن بۆچی بشر المریسي بە حەلالی دەزانێت ؟ چونکە حەنەفی مەزهەبە و لەسەر أصولی أبو حنیفة دەڕوات، لە قورئاندا باسی حەڕامکراوەکان هاتووە باسی ئەوە نەکراوە گۆشتی کەری ماڵی حەرامە، لە فەرموودەدا ئەمە هاتووە کەواتەی بەپێی أصولی أبو حنیفة ئەم حوکمە زیادەیەی ناو فەرموودەکە نەسخە بۆ حوکمەکەی ناو قورئان، دەڵێن فەرموودەش نەسخی قورئان ناکات جا بۆیە فەرموودەکە ڕەت دەکەنەوە.

عبدالقادر القرشي له ژياننامەی بشر المريسي دەڵێ: **ووتەی سەيری هەيە لە مەزهەبەكەماندا، لەوانە: جائيز بوونی خواردنی گۆشتی كەر.** [الجواهر المضية في طبقات الحنفية : 450/1]

ووتم: بۆ ووتەكەی بشر المريسي بە سەير دەزانيت ؟ خۆ شوێنی ئيمامەكەت كەوتووە، ئەوەندەی ئيمامەكەت بەم بيانووانە فەرموودەی ڕەت كردۆتەوە و بێ ڕێزی پێكردووە كێ وەک ئەوی كردووە؟ تەنانەت بۆتە ئيمام بۆ بەناو قورئانيە زنديقەكانی ئەم سەردە، دەڵێن دەستی خۆشبێت كارێكی چاكی كردووە هەموو فەرموودەيەكی صەحيحی وەرنەگرتووە تا لەگەڵ قورئاندا بەراووردی كردووە ئێمەش لەوەدا شوێنی دەكەوين و بە ئيمامی دەزانين، ئەگەرچی ئەم زنديقانەی ئەمڕۆ تەنها بۆ خۆ دەربازكردن أبو حنيفة وەک قەڵغانێک بەكاردێنن بەڵام بەڕاستی مەزهەبەكەی سەرچاوەی دەركەوتنی كوفر و بيدعە وگومڕاييە، بۆيە ژينگەيەكی زۆر لەباری سازكردووە بۆ كافر و گومڕاكان تا بتوانن لە مەزهەبەكەيدا جێگايان ببێتەوە، جەهمی بوون تێيدا دەركەوت، مورجيئە بوونيان تێيدا دەركەوت، ووتنی خلق القرآن تێيدا دەركەوت، ڕەتكردنەوە و بێ ڕێزی كردن بە فەرموودە تێيدا دەركەوت، فەتوادان بە ڕەئی و فێڵ كردن كە ئەمڕۆ پێی دەووترێ حيلەی شەرعی تێيدا دەركەوت، خروجكردن تێيدا دەركەوت، ئيتر ئيمامی مەزهەبێک هەموو ئەمانەی تێدا دەركەوێ چۆن مەزهەبەكەی نابێتە ژينگەيەكی لەبار بۆ كافر و گومڕاكان و دانانی گەراكانيان تێيدا ؟

بە صەحيحی لە پێغەمبەر ﷺ هاتووە كە فەرموويەتی: من قورئانم و هاوشێوەی قورئانم پێدراوە لەگەڵ قورئان، نزيكە پياوێكی سک تێر لە جێگاكەيدا پاڵداتەوە و بڵێ: دەست بگرن بەم قورئانەوە چيتان تێيدا بينی لە حەلالكراوەكان بە حەلالی بزانن، وە چيتان تێيدا بينی لە حەرامكراوەكان بە حەرامی بزانن ... تا كۆتايی فەرموودەكە، كە باسی ئەوانە دەكات كە حوكمەكانی ناو فەرموودە وەرناگرن.

الخطابي دەربارەی ئەم فەرموودەيە دەڵێ: **لەم فەرموودەيە بەڵگەيە هەيە لەسەر ئەوەی كە فەرموودە پێويستی بەوە نيە بەراوورد بكرێت بە قورئان بەڵكو هەر كاتێک بە صەحيحی بچەسپێت**

له پێغەمبەری الله ﷺ ئەوا خودی فەرموودەکە بۆخۆی دەبێتە بەڵگە، سەبارەت بەوەش کە هەندێکیان ڕیوایەتی دەکەن کە هاتووە لە فەرموودەدا: (گەر فەرموودەتان پێگەیشت ئەوا بەراووردی بکەن لەگەڵ قورئاندا گەر لەگەڵ قورئان یەکی گرت وەری بگرن گەر پێچەوانەی قورئان بوو وازی لێ بهێنن) ئەم فەرموودەیە باطلە ئەصلی نیە، وە زکریا بن یحیی الساجي لە یحیی بن معین گێڕاویەتیەوە کە وتوویەتی: ئەم فەرموودەیە زندیقەکان هەڵیان بەستاوە.

[معالم السنن : 299/4] ت: الطباخ

فەرموودەی المصراة لە الصحيحين هاتووە وەک پێشتر ابن الجوزي باسیکرد یەکێکە بوو لەو فەرموودانەی کە أبو حنيفة ڕەتی کردۆتەوە، وە حەنەفیەکان بە گشتی ناسراون بە ڕەت کردنەوەی ئەم فەرموودەیە کە أبو هريرة ڕیوایەتی کردووە، فەرموودەکە بەم ناوە ناسراوە چونکە پێغەمبەر ﷺ نەهی دەکات لە (تصرية) کردنی ئاژەڵ واتا نەدۆشینی و گلدانەوەی شیرەکەی لە گوانی، ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئاژەڵەکەی بفرۆشێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئاژەڵەی نادۆشێت تاکو گوانی پڕ شیر بێت و کڕیار وابزانێ ئاژەڵێکی باشە و شیری زۆرە، کەچی کە دەیکڕێت و پاشان دەیدۆشێت و گوانی بەتاڵ دەبێت دەبینێت گوانی وەک جاری سەرەتای لێ نایەتەوە، جا لەم کاتەدا کڕیار سەر پشک کراوە گەر ڕازی بوو ئەوە لای خۆی دەیهێڵێتەوە، گەر ڕازیش نەبوو ئەوا ئاژەڵەکە دەباتەوە بۆ خاوەنەکەی لەگەڵ صاعێک خورما بەرامبەر ئەو شیرەی کە لێی دۆشیوە، ئەم فەرموودەیە لای جمهور قبوڵکراوە، أبو حنيفة و حەنەفیەکان ڕەتی دەکەنەوە بە بیانووی ئەوەی کە پێدانی صاعێک خورما بە خاوەنەکەی دەبێتە ڕیبا، ئەو شیری دۆشیوە نە شیر هەمان نرخی خورمای هەیە، نە هەمان بڕی خورمایە کەواتە دەبێتە ڕیبا، أبو هريرة-ش دەکەن بە بیانوو گوایە هاوەڵێکی فەقیە نیە ڕیوایەتەکەی دژی قورئان و سوننەت و ئیجماعە و ڕێگا دەدات بە پێدانی ڕیبا.

ابن القيم رحمه الله**: الشافعي ووتی: مونازەرەم لەگەڵ محمد کرد -واتا الشيباني قوتابیەکەی أبو حنيفة- دەربارەی بابەتی المصراة، جا فەرموودەکەم بۆ باسکرد، محمد ووتی: ئەم فەرموودەیە أبو هريرة ڕیوایەتی کردووە، الشافعي ووتی: ئەو وەڵامەی کە دایەوە خراپتر بوو لەو شتەی کە لێی**

ڕایکرد. [مختصر الصواعق المرسلة : 1617-1618]
ووتم: واتا موخالەفەکردنی فەرموودەکە هێشتا سووکتر بوو لەو کارەی کە کردی کە تانەدان بوو لە أبو هريرة، چونکە بەهەر بیانوویێک فەرمووده وەرنەگرێت ئەوا هیچ بیانوویێکی نیە لە تانەدان لە أبو هريرة.

ابن حزم دەڵێ: **بەڵگە هێنانەوەی أبو حنيفة بە فەرموودەی المصراة کارەساتێکە لە کارەساتەکانی سەردەم، أبو حنيفة یەکەم کەسە کە موخالەفەی ئەم فەرموودەیەی کردووە و عەیبداری کردووە و تانەی لێداوە، موخالفی هەموو ئەم شتانەیە کە لە فەرموودەکەدا هاتوون، جارێکیان حەنەفیە خاوەن وەرعەکان بە مەنسوخی دەزانن بە حەرام بوونی ڕیبا، ئەمەش هەمووی درۆیە ڕیبا هیچ پەیوەندی بەم فەرموودەیەوە نیە، وە جارێکیان حەنەفیەکان فەرموودەکە بە درۆ دەزانن و دەیدەنە پاڵ أبو هريرة، الله تعالى پاداشتی ئەم کارەیان دەداتەوە لە دونیا و ئاخیرەتدا، ئەوان خۆیان ئەهلی درۆن نەک أبو هريرة-ی گەورە و چاکەکار ڕەزای الله لەسەر ئەو و هەموو هاوەڵان بێت، وە کەسی تانەدەر لە یەکێک لە هاوەڵان هەڵگێڕێتەوە بەسەر دەم و لوتیدا.**
[المحلى : 83/10]
ووتم: ابن حزم لە [المحلى : 578/10-585] بە درێژی موناقەشەی هەموو بیانووەکانیان دەکات و ڕەددیان دەداتەوە دەربارەی فەرموودەی المصراة، کە هەموو بیانووەکان ڕەئی خۆیانن.

ابن حزم دەربارەی فەرموودەیەکی الصحيحين کە دەربارەی کەسی موفلیس هاتووە دەڵێ: **ڕیوایەتمان کرد لەڕێگای أبو عبيد-ەوە کە ووتی: مونازەرەم لەگەڵ محمد بن الحسن کرد دەربارەی ئەم بابەتە، جا هیچی لانەبووە تەنها ئەوە نەبێ کە وتوویەتی: ئەمە فەرموودەی أبو هريرة-یە.**
ابن حزم دەڵێ: بەڵێ والله ئەمە فەرموودەی أبو هريرة-ی چاکەکاری ڕاستگۆیە نەک فەرموودەی کەسانی هاوشێوەی محمد بن الحسن بێت، کە بە عبدالله بن المبارك ووترا: کامەیان فەقیهترن أبو يوسف یان محمد بن الحسن ؟ ووتی: بڵێ کامەیان درۆزنترن. [المحلى : 174/9]

أبو سعد السمعاني دەڵێ: سمعت أبا المعمر المبارك بن أحمد سمعت أبا القاسم يوسف بن علي الزنجاني الفقيه سمعت الفقيه أبا إسحاق الفيروزآبادي سمعت القاضي أبا الطيب دەیووت: **ئێمە لە مەجلیسێک بووین لە مزگەوتی المنصور، گەنجێکی خوراسانی هات پرسیاری کرد دەربارەی المصراة، جا داوای بەڵگەی کرد، تا بەڵگە هێنرایەوە بە فەرموودەکەی أبو هريرة کە لەم بارەیەوە هاتووە، گەنجەکە حەنەفی بوو ووتی: فەرموودەی أبو هريرة قبوڵ ناکرێت، ووتەکەی تەواو نەکرد تا مارێکی گەورە بەسەریدا بەربوویەوە لە سەقفی مزگەوتەکە، خەڵکیش هەڵسانەوە لەبەر مارەکە، گەنجەکەش ڕایکرد لێی، مارەکەش بەدوای دەکەوت، پێی ووترا: تەوبە بکە تەوبە بکە، ئەویش ووتی: تەوبەم کرد، ئینجا مارەکە دیارنەما و هیچ ئاسەوارێکی نەبینرا.**

الذهبي دەڵێ: ڕاوییەکانی سەنەدەکە هەمووی پێشەوان.

[الذهبي نەقلی کردووە - سير أعلام النبلاء : 618/2]

ووتم: لە بڕگەی دووەمدا دەربارەی بابەتی ووتنی قورئان مەخلوقە لەلایەن أبو حنيفة-ەوە ڕیوایەتێکی البيهقي-مان هێنا کە البيهقي لەکۆتاییدا دەڵێ: ڕاوییەکان هەمووی سیقەن، بەڵام ووتەکەمان قبوڵ نەکرد و تەزعیفمان کرد، جا لێرەشدا کە الذهبي دەڵێ: ڕاوییەکان هەمووی پێشەوان ئاوا بە ئاسانی قبوڵی ناکەین بەڵکو لێمان کۆڵیەوە کە هەموو ڕاوییەکان خاوەن کتێبن و لە ڕیوایەتدا کێشەیان نیە ئەگەرچی هەموویان بە پێشەوا نازانین بەڵام الذهبي زۆر شلە لە بەکارهێنانی ئەم نازناوانە.

دەبێت کێ ئەم گەنجە کێ فێری کردبێت کە بڵێ فەرموودەی أبو هريرة قبوڵ نیە ؟ پێتان وایە ئیجتیهادی خۆی بێت ؟ جا کە أبو حنيفة-ی خاوەن مەزهەب و حەنەفیەکانی شوێنکەوتەی فەرموودەی صەحیح ڕەت بکەنەوە لە حەرام و حەلالدا بە بیانووی ئەوەی هاوەڵەکە فەقیھ نیە کە ڕیوایەتی کردووە، یان بە بیانووی ئەوەی ئاحادە، ئەوا جەهمیەکانیش دەڵێن ئێمەش فەرموودەی ئاحاد وەرناگرین لە بابەتی عەقیدەدا چونکە گەر أبو حنيفة لە بابەتی ئەحکام وەری نەگرێت ئەی چۆن ئێمە لە عەقیدەدا وەری بگرین، جا بە هەموو پێوەرێک ڕەت کردنەوەی ئەم فەرموودانە لە بابەتی عەقیدەدا لەپێشترە، هەر بۆیە الكوثري جەهمی کە بە شێتی أبو حنيفة

ناسراوه فەرموودەی جارییەکە ڕەت دەکاتەوە کە لە صحیح مسلم هاتووە (فقال لها أين الله ؟ قالت: في السماء) بە بیانووی ئەوەی ئەو هاوەڵەی کە ڕیوایەتی کردووە (معاوية بن الحكم السلمي) فەقیہ نیە لەناو نوێژدا قسەی کردووە !

ژمارەیەک زندیق و مولحید و مورتەدی ناسراو کە حەنەفی مەزهەب بوونە:

ابن سينا: مولحید و ئیمامی مولحیدەکان وەک ابن القيم وەسفی کردووە.

بشر المريسي: جەهمی کافر ڕۆڵی سەرەکی بینی لە فیتنەی خلق القرآن لە سەردەمی المأمون دا.

ابن أبي دؤاد: جەهمی کافر ڕۆڵی سەرەکی بینی لە فیتنەی خلق القرآن لە سەردەمی المعتصم دا.

أبو علي الجبائي: یەکێکە لە سەرانی موعتەزیلە مامۆستای أبو الحسن الأشعري بوو، أبو الحسن ئیعتیزالی لەو وەرگرت پێش ئەوەی ببێت بە ئەشعەری.

محمد بن كرام: پێشەوای گروپی کەررامی کە گروپێکی مورجیئەیە ئێستا نەماون.

أبو منصور الماتريدي: پێشەوای گروپی ماتوریدی کە زانایەکی حەنەفی ناسراوە، بە دەگمەن هەیە کەسێک ماتوریدی بێت و حەنەفی نەبێت.

الزمخشري: موعتەزیلەی کافر، شانازی بە موعتەزیلە بوونی خۆی دەکرد و بەئاشکرا دەیووت قورئان مەخلوقە، ئەهلی سوننەی بە الحشوية ناو دەبرد وەک گاڵتە و سوکایەتی پێکردن چونکە ئیثباتی صیفات دەکەن لەسەر ظاهر.

جمال الدين الأفغاني: ماسۆنی و دەججال و زندیق و مولحید، خۆی دانی پێدەنێت کە حەنەفیە.

محمد عبده: قوتابی جمال الدين الأفغاني لەسەر ڕێچکەی مامۆستاکەی ڕۆیشتووە ئەویش حەنەفی مەزهەبە.

ئێستا دەڵێن جا أبو حنيفة چی بکات خۆ ئەو ئەمانەی فێر نەکردووە کە ئاوا بن، دواتر لە مەزهەبەکانی تریش کەسانی مورتەد هەن خۆ تەنها لە مەزهەبی حەنەفی نیە، دەڵێین بەڵێ ڕاستە، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کە مەزهەبەکەی ژینگەیەکی لەبارە بۆ زندیق و مولحید و کافرەکان، هەروەک ابن تيمية ووتی: أصولی أبو حنيفة نەفی بیدعە ناکات ئەگەرچی ئیثباتیشی نەکات بۆیە مەزهەبەکەی لە تەواوی ئەهلی بیدعەکان پێکدێت، ڕاستی کرد ابن تيمية بەڵام هێشتا نەرمی نواند

بەرامبەری، چۆن أصولی أبو حنیفة ئیثباتی بیدعە ناکات لەکاتێکدا خۆی خاوەنی کۆمەڵێک کوفر و بیدعەیە ؟!

دروستبوونی فیتنەی خلق القرآن کە یەکێکە لە گەورەترین فیتنەکان لە مێژووی ئیسلامدا هۆکارەکەی کێ بوو ؟ مەگەر بشر المريسي و ابن أبي دؤاد و موعتەزیلەکانی بەصرە نەبوون چوونە پاڵ خەلیفە عەبباسیەکان و ئەم کوفرەیان خستە ناو مێشکیانەوە ؟ بشر المريسي و ابن أبي دؤاد دوو حەنەفی مەزهەبن کە ئیمامەکەیان پێش ئەوان وتوویەتی قورئان مەخلوقە ئیتر بۆ سەیرە ئەوانیش وابڵێن کە لە ژینگەیەکی ئاوا لەبار بۆ کوفر و بیدعە پێگەیشتوون.

ئیمام أحمد دەربارەی الجهم بن صفوان دەڵێ: **قورئانی تەفسیر کرد بە تەفسیرێکی تر کە لەشوێنی خۆی نەبوو، وە فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ بە درۆ زانی، وە پێی وابوو هەر کەسێک الله وەصف بکات بەو شتانەی کە لە قورئاندا پێی وەصف کراوە یان پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودە وەصفی کردووە ئەوا کافرە، وە کەسێک بوو لە المشبهة. جا بەهۆی ووتەکانی کەسانێکی زۆری گومڕا کرد، وە کەسانێک شوێنی ووتەکانی کەوتن لە هاوەڵانی أبو حنیفة و عمرو بن عبید لە بەصرە، وە دینی جەهمی داهێنا.** [الرد على الجهمية والزنادقة : 97] ت: صبري بن سلامة شاهين

ووتم: بۆ هاوەڵانی أبو حنیفة شوێنی دەکەون هاوەڵانی مالك و الشافعي و أحمد شوێنی ناکەون؟ چونکە ئیمامەکەیان ژینگەیەکی لەباری بۆ سازکردوون.

هەر بۆیە المعلمي لە ڕەددانەوەی الكوثري ئاماژە بەوە دەکات کە أبو حنیفة هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ بووە بۆ دروست بوونی فیتنەی خلق القرآن و ڕەت کردنەوەی فەرموودە، کاتێک الكوثري دەڵێ: چۆن دەبێت الثوري و الأوزاعي بڵێن: لە ئیسلامدا کەس لە دایک نەبووە شومتر بێت لە أبو حنیفة ! چۆن زانیان ئەو شومترین کەسە ؟

المعلمي لە وەڵامی ئەم ووتەیەی الكوثري دەڵێ: **الثوري و الأوزاعي وەکو زۆرینەی پێشەواکانی پێش خۆیان و سەردەمی خۆشیان پێیان وابوو کە ئیرجاء وڕەت کردنەوەی فەرموودە بە ڕەئی و بڕوا**

بوون بە هەندێک لە عەقیدەی جەهمیەکان هەموو ئەمانە گومڕایین، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیانی توند بێت بەسەر ئوممەت لە دین و دونیایدا، وە الثوري والأوزاعي بینیان أبو حنیفة و شوێنکەوتوانی لەوانەی هەڵەن یان پێکاویانە جددی بوون لە بڵاوکردنەوەی ئەم شتانە، وە بەردەوام ووتەکانیان بڵاو دەبوویەوە و بەرەو خراپتر دەڕۆیشت، تەنانەت وای لێهات کەسانێک بڵێن فەرموودەی ئاحاد بە ڕەهایی ڕەت دەکرێتەوە، وە هەندێکیان ووتیان فەرموودە بە ڕەهایی ڕەت دەکرێتەوە هەروەک الشافعي باسی کردووە، پاشان وای لێهات بڵێن دەقە شەرعیەکان نابێتە بەڵگە لە بابەتە عەقیدەییەکاندا، پاشان درۆیان دایە پاڵ پێغەمبەری الله عز وجل، وە دایانە پاڵ الله سبحانه هەروەک لە بەشی عەقیدەدا باسم کرد، جا الثوري والأوزاعي بەشێک لەم شتانەیان بینی و حاڵەتەکە ئەمەی نیشاندان کە سەرەنجام چی لێدێت، جا ئەوان چۆنیان گومان برد هەروا دەرچوو، وە ئایا فیتنەی خلق القرآن لە سەردەمی المأمون والمعتصم والواثق هەڵگیرسا تەنها لەسەر دەستی هاوەڵانی ئێوە نەبێت کە ووتەکانیان دەدایە پاڵ أبو حنیفة ؟ وە لە کتێبی (قضاة مصر) بەشێک لەمە ڕووداوانە باس کراوە، وە ئایا هیچ شتێک وایکرد ئەم ووتانە تەشەنە بکەن و بڵاو ببنەوە تەنها ئەم فیتنەیە نەبێت ؟ وە چ زیانێک بە ئوممەت گەیشت کە گەورەتر بێت لە زیانی ئەم ووتانە ؟ [التنكيل : 1/433-434]

عثمان بن سعيد الدارمي لە ڕەددانەوەی بشر المريسي و ابن الثلجي کە دوو جەهمین دەڵێ:

بەهەمان شێوە سەرکردە ناوەندییەکەتان يعقوب أبو يوسف ڕیوایەتی کردووە لە الشعبي-ەوە گەرقەناعەتتان بێت بە ڕیوایەتەکەی.

[نقض عثمان بن سعيد الدارمي على بشر المريسي : 17] ط: دار أضواء السلف

ووتم: الدارمي قازی أبو يوسف کە ناودارترین قوتابی أبو حنيفة-یە بە سەرکردەی ناوەندی ناو دەبات، ئەی سەرکردەی یەکەمیان کێیە ؟ بێگومان أبو حنيفة-یە، ئەمە لەکاتێکدا أبو يوسف جەهمیش نەبووە وەک أبو حنيفة.

داهێنانی بیدعەی حەسەنە لەلایەن أبو حنیفة:

ابن المنذر دوای هێنانی بەڵگەکان لەسەر (التثويب) لە بانگی بەیانیدا دەڵێ: **النعمان (واتا: أبو حنيفة) موخالەفەی هەموو ئەم بەڵگانەی کرد کە باسمان کرد، یعقوب -واتا أبو یوسف- لە أبو حنیفة-ەوە گێڕاویەتیەوە لە کتێبی (الجامع الصغیر) کە وتوویەتی: ئەو تەثویبەی کە خەڵک دەیکەن لە بانگی بەیانیدا لەنێوان بانگ و قامەت دایە، دوو جار دەووترێ حي على الصلاة، دوو جار دەووترێ حي على الفلاح، وە أبو حنیفة تەثویبی بە مەکروهـ زانیوە لە بانگی عیشا و باقی نوێژەکانی تردا.**

ابن المنذر دەڵێ: موخالەفەی ئەو فەرموودانەی کرد کە لە بانگ بێژانی پێغەمبەری الله ﷺ چەسپاوە بلال و أبي محذورة، وە فەرموودە لە ابن عمر و أنس بن مالك ڕیوایەت کراوە، وە خەڵکی مەککە و مەدینە لەسەری دەڕۆن هەر لە سەردەمی پێغەمبەری الله ﷺ تاوەکو ئەمڕۆمان، جیل دوای جیل لەیەکتری وەردەگرن کاری پێدەکەن لە هەموو سەردەمێکدا بە ئاشکرایی لە بانگی بەیانیدا لە هەموو ڕۆژێک، پاشان بەوەش نەوەستا کە موخالەفەی هەموو ئەو بەڵگانەی کرد تاکو بیدعەیەکی حەسەنەی داهێنا کە لە هیچ کام لە دوو بانگ بێژەکەی پێغەمبەری الله ﷺ ڕیوایەت نەکراوە، وە کاریشی پێ نەکراوە لە سەردەمی هیچ کام لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر، وە لە کتێبی محمد بن الحسن هاتووە کە دەڵێ: تەثویب سەرەتا دوای بانگ بوو دەیانووت: الصلاة خير من النوم، خەڵکیش ئەم تەثویبەیان داهێنا -واتا ئەوەی أبو حنیفة- ئەمەش شتێکی چاکە.

ابن المنذر دەڵێ: وە چەسپاوە فەرموودە لە دوو بانگ بێژەکەی پێغەمبەری الله ﷺ و هاوەڵەکانی کە باسمان کرد تەثویب لەناو خودی بانگەکە دایە پێش تەواو بوونی، جا ئەوەی محمد ووتی کە سەرەتا تەثویب دوای بانگ بووە ئەمە مەحاڵە و هیچ مانای نیە، لەگەڵ ئەوەشدا خیلافی ئەوەیە کە خەڵکی حیجاز و شام و مصر لەسەرینە، وە خیلافی ووتەی سفیان الثوري-ە، پاشان بە شتێکی چاکی دانا و دانی پێدانا کە داهێنراوە، وە هەموو شتێکی داهێنراویش بیدعەیە.

[الأوسط في السنن والإجماع والإختلاف : 3/23-24]

ووتم: التثويب واتا ووتنى (الصلاة خير من النوم) دوو جار له بانگى بەیانیدا لەدوای ووتنی (حي على الفلاح) ئەمە شتێکە زانا و عەوام دەیزانێت و هەموو ڕۆژێک خەڵک دەیبیستێ، کەچی أبو حنیفة بەمە ڕازی نەبووە و ڕەتی کردۆتەوە، لە برِی ئەوە هاتووە بیدعەیەکی حەسەنەی داهێناوە! لەجیاتی ئەم تەثویبە کە لەناو بانگدا هەیە دوای تەواو بوونی بانگەکە بڵێن حي على الصلاة دوو جار، حي على الفلاح دوو جار، واتا هەم کاتی ووتنەکە پێچەوانەی فەرموودەیە هەم خودی ووشەکە پێچەوانەی فەرموودەیە و شتێکی بیدعەیە، وە محمد بن الحسن الشيباني بە بیدعەیەکی حەسەنی دەزانێت !

جگە لەم بابەتانەش کە هێنامان بڕوانن بۆ کتێبی (المغني لابن قدامة) بە نموونە، کە کتێبێکە دەربارەی فیقهی مقارن نوسراوە، ووتەی هەر چوار مەزهەبەکە نەقل دەکات لە بابەتەکاندا، لە چەندەها شوێن دەبینی ابن قدامة دەڵێ: ئێمە (واتا حەنبەلیەکان) و مالکیەکان و شافعیەکان وادەڵێین بەڵگەشمان ئەم فەرموودەیە، بەڵام حەنەفیەکان واناڵێن شتێکی تر دەڵێن.

کەسانێک دەڵێن: ئیمام مالك (عمل أهل المدينة) بەلایەوە حوججە بووە فەرموودەی ڕەت دەکردۆتەوە بە بیانووی ئەوەی پێچەوانەی عمل أهل المدينة-یە.

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین:

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ زانایەک بۆی نیە لەخۆیەوە هەندێک شت وەک أصول دابنێت بۆ مەزهەبەکەی بەهۆی ئەمەوە فەرموودەی صەحیحی پێ ڕەت بکاتەوە، ئەمە نە بۆ مالك نە بۆ غەیری مالك دروست نیە ئەنجامی بدات، کارەکە بەم شێوەیە نیە کە هەندێک جاهیل لێی تێگەیشتوون کە گوایە مالك هاتووە دەڵێ مەزهەبی من ئاوایە هەر فەرموودەیەک لەگەڵی یەک نەگرێتەوە قبوڵی ناکەم، الشافعي لەولا دەڵێ مەزهەبی منیش ئاوایە هەر فەرموودەیەک یەک نەگرێتەوە لەگەڵی وەری ناگرم، یەکێکی تر لەولاوە بەهەمان شێوە، ئوممەتیش لە بەرامبەر ئەم ووتانە دەڵێن: زۆر ئاساییە هەریەکێکیان بۆخۆی با أصول-ی مەزهەبەکەی دابنێت کام فەرموودەی یەکی نەگرتەوە لەگەڵ مەزهەبەکەی با وەری نەگرێت ئێمەش لەمەدا شوێنی دەکەوین ! حاشا

زانایانی ئەهلی سوننە بەرین لەم جۆرە ووتە و کارانە، ئوممەتیش ئەم جۆرە ووتە و کارانە لە هیچ کەسێک قبوڵ ناکەن جا هەر زانایەک بێت و هەر پلەیەکی هەبێت، سەبارەت بەوەش کە (عمل أهل المدينة) حوججەیە لەلای ئیمام مالك بەڵێ وایە بەڵام دەربارەی ئەم بابەتە تا ئێستاش لەناو زانایانی ئوممەتدا خیلاف هەیە، هەم لەناو خودی زانا مالکیەکان هەم لەناو زانایانی مەزهەبەکانی تردا، کە ئایا عمل أهل المدينة چ عەمەلێک دەگرێتەوە ئەوانەی نەقلین یان ئیجتیهادین ؟ وە ئایا تا چ سەردەمێک دەبێتە حوججە؟ تا سەردەمی کوژرانی ئیمام عثمان حوججەیە یان تا سەردەمی هەر چوار خەلیفەکە یان تا سەردەمی تەواوی هاوەڵان یان تا سەردەمی تابعین یان تا سەردەمی أتباع التابعين هەموو ئەم باسانە تاکو ئێستاش
جێگای مشتومڕن لەلای زانایاندا.

هەر بۆیە **الزركشي** دەربارەی عمل أهل المدينة دەڵێ: **تاکو ئێستاش ئەم بابەتە کێشەی لەسەرە.**
[البحر المحيط : 488/4] ط: وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية - الكويت

دەپرسین بۆچی زانایان گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەن و بگرە لە هەندێک بەشی بابەتەکە هاوڕای ئیمام مالك-ن ؟ بۆ هەروەک چۆن هێرشیان کردە سەر أبو حنيفة لە ڕەتکردنەوەی بۆ فەرموودە بەهەمان شێوە هێرش ناکەنە سەر مالك ؟ دیارە ئەو شتانەی کە لە أبو حنيفة-دا هەبووە کە فەرموودەی ڕەت کردۆتەوە بە شێوازێکی زۆر ناشرین و دوای پێگەیشتنی هەر لەسەر قسەکەی خۆی ماوەتەوە ئەم شتانە لە مالك-دا بوونیان نەبووە ئەگینا زانایان بەرین لەوەی کە دوو فاقی بکەن بەرامبەر کەسێک ئاوا بن و بەرامبەر ئەوی تر جۆرێکی تر بن لەکاتێکدا ئەم دووانە هیچ جیاوازییان نەبێت، پاشان مەدینە شاری پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان بووە، گەر عمل أهل المدينة تا سەردەمی کوژرانی ئیمام عثمان یان چوار خەلیفەکە یان تەواوی هاوەڵان حوججە بێت لەلای مالك ئەوا حوججەیەکی بەهێزە و بە ئاسانی ڕەت ناکرێتەوە ئەگەرچی ئەمە نابێتە بیانوو بۆ مالك و هیچ کەسێکی تر کە فەرموودەی صەحیحی پێ ڕەت بکاتەوە، بەڵام شارێک کە شاری دابەزینی وەحی و ئایەتەکانی حەرام و حەلال بێت و پێغەمبەر و هاوەڵان تێیدا ژیابن و خەڵکی ئەم

شاره لەسەر کارێک یەکدەنگ بن و لەسەری بڕۆن ئەوا خۆی لە خۆیدا ئەمە هێزێک پەیدا دەکات کە ووتە و کاری خەڵکی شارەکانی تر ئەم هێزەی نیە چونکە باقی شارەکانی تری وەک کوفە و بەصرە و دمشق و قاهیرە زانست کاتێک تێیدا بڵاو بۆتەوە کە ژمارەیەک لە هاوەڵان تێیدا نیشتەجێ بوونە.

ابن تيمية ئیجماعی أهل المدينة-ی کردۆتە چوار پلە، پوختەی ووتەکەی نەقل دەکەم بە ماناوە:

پلەی یەکەم: ئەوەی نەقل کراوە لە پێغەمبەر ﷺ هەروەک نەقل کردنیان بۆ بڕی صاع و مُد، خەڵکی مەدینە صاعەکانیان لەسەر هەمان صاع-ی پێغەمبەر دروست کردووە، یان نەبوونی زەکات لەسەر سەوزە و میوە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا لە خەڵکی وەرنەگیراوە و خەڵک ئەم زەکاتەیان دەرنەکردووە، یان ئەو شتانەی کە وەقف کراون بەهەمان شێوە زەکاتی ئەمانە لە خەڵکی وەرنەگیراون، ئەم جۆرەیان بە یەکدەنگی هەموو زانایان حوججەیە بەبێ خیلاف لە هەموو مەزهەبەکاندا.

پلەی دووەم: عەمەلی کۆنی خەڵکی مەدینە لە سەردەمی پێش کوژرانی ئیمام عثمان، ئەم جۆرەیان حوججەیە لە مەزهەبی مالك، دەقی ئیمام الشافعي لەسەرە کە بە یونس بن عبدالأعلى دەڵێ: گەر بینیت خەڵکە کۆنەکەی مەدینە لەسەر شتێک کۆکن ئەوا با لە دڵت هیچ گومانێک ڕات نەگرێت کە ئەم شتە حەقە، وە لە مەزهەبی ئیمام أحمد-یش ئەوەی خولەفای راشدین لەسەری ڕۆشتوون حوججەیە و شوێنکەوتنی واجبە، ئەوەشی لە أبو حنيفة گێڕدراوەتەوە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ووتەی خولەفای راشدین حوججەیە، وە نازانرێ هیچ عەمەلێکی خەڵکی مەدینە لە سەردەمی خولەفای راشدین پێچەوانەی سوننەتێکی پێغەمبەر ﷺ بوو بێت.

پلەی سێیەم: گەر لە بابەتێکدا دوو بەڵگە دژ بەیەک بوون وەک دوو فەرموودە و دوو قیاس، نەیزانی کامەی راجحترە و دانەیەکیان عەمەلی خەڵکی مەدینەی لەسەر بوو، ئەوا لەمەدا خیلاف هەیە، لە مەزهەبی مالك والشافعي تەرجیحی عەمەلی ئەهلی مەدینە دەکرێت، لە مەزهەبی أبو حنيفة تەرجیحی لایەنێک ناکرێ بە پشت بەستن بە عەمەلی ئەهلی مەدینە، وە لەلای هاوەڵانی أحمد-یش دوو ووتە هەیە، یەکەمیان: تەرجیح ناکرێ بە عەمەلی ئەهلی مەدینە، ئەمەش ووتەی

القاضي أبو يعلى و ابن عقيل-ە، دووەمیان: تەرجیح دەکرێ بە عەمەڵی ئەهلی مەدینە، ئەمەش ووتەی أبو الخطاب و جگە لەویشە، وە ووتراوە کە ئەمەی دووەم دەقی ووتەی أحمد-ە، کە لە ووتەکەیدا دەڵێ: (گەر خەڵکی مەدینە فەرموودەیەکیان بینی و کاریان پێ کرد ئەوا ئەمە ئامانجە) وە أحمد فەتوای دەدا لەسەر مەزهەبی خەڵکی مەدینە وپێشی دەخست بەسەر مەزهەبی خەڵکی عیراق، وە حەزی نەدەکرد ڕەددی ئەهلی مەدینە بدرێتەوە هەروەک چۆن ڕەددی ئەهلی ڕەئی دەدرێتەوە، دەیووت: خەڵکی مەدینە شوێنی ئاثار کەوتوون، جا ئەمە ووتەی زۆربەی پێشەواکانە کە هاوڕای مالك-ن دەربارەی تەرجیح کردنی عەمەڵی خەڵکی مەدینە.

پلەی چوارەم: عەمەڵی سەردەمی دواتری خەڵکی مەدینە، ئایا ئەمە حوججەیەکی شەرعیە واجبە شوێنی بکەوین ؟ ئەوەی پێشەوایانی لەسەرە ئەوەیە کە حوججە نیە، ئەمەش ووتە زانا موحەقیقەکانی مەزهەبی مالك-ە، کە القاضي عبدالوهاب وجگە لەویش باسیان کردووە کە ئەم جۆرە عەمەلە نە ئیجماعە و نە حوججەیە لەلای زانا موحەقیقەکانی مەزهەبی مالك، لەوانەیە هەندێک لە هاوەڵانی مالك لە مەغریب بیکەن بە حوججە بەڵام هیچ دەق وبەڵگەیەکیان لەلا نیە لە پێشەواکانەوە بەڵکو ئەمانە ئەهلی تەقلیدن. بڕوانە [مجموع الفتاوى : 20/306-320]

ووتم: بڕوانە ووتەکەی کە دەڵێ: أحمد حەزی نەدەکرد ڕەددی ئەهلی مەدینە بدرێتەوە هەروەک چۆن ڕەددی ئەهلی ڕەئی دەدرایەوە، ئەمەش شتێک نیە کە لە هەوا و هەوەسە أحمد ئەنجامی بدات، وە لە تەواوی ووتەکانی ابن تيمية-دا پشتگیرییەکی زۆر لە زانایانی مەدینە و عەمەڵی ئەهلی مەدینە دەکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو شوێنانەی کە مالك موخالەفەی فەرموودەی صەحیحی کردووە بە بیانووی ئەوەی عەمەڵی ئەهلی مەدینە پێچەوانەیەتی ئەوا ووتەکەی مالك ڕەت کراوەیە بەبێ گومان، بۆیە زانایان فەرموودەی صەحیحی ئاحاد وەردەگرن و کاری پێدەکەن ئەگەرچی خیلافی عەمەڵی ئەهلی مەدینەش بێت، جا بۆیە مالك و جگە لەویش کەس لێی قبوڵ نەکراوە فەرموودەی صەحیح ڕەت بکاتەوە بەهەر بیانووێک بێت، بەڵام سەیرکەن ڕەت کردنەوەی کارکردن بە هەندێک

فەرموودەی ئاحادی صەحیح لەلای مالك بەهۆی ئەوەی پێچەوانەی عەمەلی ئەهلی مەدینەیە چەندە جیاواز و دوورە لە ڕەت کردنەوەی فەرموودەی صەحیح لەلایەن أبو حنیفة بە ووتەی زۆر بێ ئەدەب و ناشرین وەک: ئەمە بسڕەوە بە کلکی بەراز، ئەمە هیچ نیە، ئەمە خورافەیە، دواتر هەڵوێستی زانایان بەرامبەر أبو حنیفة و مالك زۆر جیاوازە ئەمەش بەڵگەیە کە جیاوازیەکی ڕوون هەیە لە نێوانیاندا لەم بابەتەدا، ئێمە ووتەی زانایانی سەلەفمان لەبەر دەست دایە دەربارەی ئەم کارەی مالك و أبو حنیفة، چیان ووتبێ دەربارەیان ئێمەش هەر ئەوە دەڵێین و لێی لانادەین، ئەو کەسەش کە پێی وایە مالك خاتری گیراوە بەڵام أبو حنیفة زوڵمی لێکراوە ئەوا تۆمەتێکی زۆر قێزەونی داوەتە پاڵ سەلەف هەست بکات یان نا، دواتر کەسێکی وەک أبو حنیفة کە هەموو گیانی کوفر و بیدعە و گومڕایی بووە چۆن لەگەڵ مالك دەکرێت بەیەک کە لە بابەتێکدا نەیپێکاوە و عوزرەکەی زۆر بەهێزترە لەهی أبو حنیفة ؟ لەگەڵ ئەوەشدا بە هەڵە دەڵێین هەڵە مالك بیکات یان هەر کەسێکی تر.

وە دەووترێ لەکاتی مونازەرەی نێوان أبو یوسف-ی قوتابی أبو حنیفة لەگەڵ ئیمام مالك، کاتێک أبو یوسف بە یاوەری هارون الرشید دەچێتە مەدینە، مونازەرە دەکات لەگەڵ مالك دەربارەی صاع و زەکاتی سەوزەوات و وەقف، لەلای خەڵکی مەدینە صاع یەکسانە بە پێنج رطل و سێیەکی رطل بە رطلی عیراقی، لای حەنەفیەکان صاع یەکسانە بە هەشت رطل بە رطلی عیراقی، ئینجا مالك صاعی خەڵکی مەدینەی نیشان دەدات کە دەستاو دەست لە باب و باپیرانیان لەسەری ڕۆیشتوون خەڵکەکە تا دەگاتە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ وە پێی دەڵێ: ئایا پێت وایە ئەم خەڵکە هەموویان درۆ بکەن ؟ أبو یوسف دەڵێ: نەخێر درۆ ناکەن، گەر هاوەڵەکەشم -واتا أبو حنیفة- ئەمەی دیبوایە کە من بینیم ئەوا پەشیمان دەبوویەوە لە ڕەئیەکەی.

هەر چەندە لە هیچ کتێبێکدا بە سەنەد ئەم مونازەرەیەم نەدۆزییەوە بەڵام هێندە ناوبانگی هەیە مونازەرەکە کە پێویست بە گەڕان بەدوای سەنەد و حاڵی سەنەدەکە ناکات چونکە لەشتی ئاوادا شلی نواندن هەبووە لەلای زانایان بۆ نموونە سەر بڕینی الجعد بن درهم لەلایەن خالد بن

عبدالله القسري لەڕۆژی جەژنی قوربان‌دا هەر چەندە بە هیچ سەنەدێکی صەحیح نەچەسپاوە بەڵام ناوبانگی چیرۆکەکە لەوە دەرچووە کە ڕەت بکرێتەوە بە بیانووی زەعیفی سەنەدەکەی بۆیە زانایان قبوڵیان کردووە و دەستاو دەستیان پێکردووە، جا لێرەدا دەڵێن: أبو یوسف ووتی: گەر ئەوەی من بینیم واتا صاعی سەردەمی پێغەمبەر أبو حنیفة-ش دیبوای ئەوا ڕەئی دەگۆڕی، کەواتە أبو حنیفة کەسێک بووە دوای پێگەیشتنی حەق ملکەچی حەقەکە بووە و لە ووتەی خۆی پەشیمان بۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە لەهەر شتێکدا موخالەفەی حەقی کردبێ لەبەر ئەوە بووە کە پێی نەگەیشتووە ئەگینا پێی گەیشتبوایە تەسلیم دەبوو.

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین:

یەکەم: بینیمان أبو حنیفة کە چەندەها فەرموودەی صەحیحی پێگەیشت زۆر بێ ئەدەبانە ڕەتی کردەوە بەبێ ئەوەی هۆکاری ڕەت کردنەوەی باس بکات.

دووەم: ووتەی سفیان بن عیینة-مان هێنا کە دەڵێ: ئێمە سەرزەنشتی أبو حنیفة دەکەین لەوەی کە کاتێک فەرموودەی پێدەگەیشت وازی لە ڕەئیەکەی خۆی نەدەهێنا.

سێیەم: ووتەی مالك-مان هێنا کە دەڵێ: گەر أبو حنیفة دینگەیەکی دار یان بەرد ببینێ و بڵێ ئەم دینگەیە لە زێڕ دروستکراوە ئەوا واز ناهێنێت تا دەیکات بە زێڕ، کە ابن أبي حاتم لە شەرحی ئەم ووتەیەی مالك دەڵێ: واتا دوای ڕوون بوونەوەی هەڵەکەی وازی لێ ناهێنێت و بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە.

چوارەم: لەم بابەتەدا مەگەر کەسێک زۆر ملهور بێت ئینکاری بکات ئەگینا هەر کەسێک بەچاوی خۆی ببینێت شاری پێغەمبەر ﷺ هەمووی لەسەر صاعی پێغەمبەر ﷺ دەڕۆن ناڵێ من ئەم صاعەم پێ قبوڵ نیە و هەر ئەوەی خۆم دامناوە ڕاستە ! هەر چەندە گەڕانەوە بۆ حەق باشترە لە درێژەدان بە باطل بەڵام لە حاڵێکی ئاوادا هەموو موسڵمانێک هیچ چارێکی نیە جگە لە تەسلیم بوون بۆیە ئەمە شتێک نیە ببێتە فەزیلەت بۆ أبو حنیفة گەر ئەنجامیشی دابوایە.

پێنجەم: ئەمە گومانی أبو یوسف-ە بە مامۆستاکەی نەک شتێک بێت بە حەقیقی لە أبو حنیفة بینرابێ، ئایا گەر أبو یوسف بیووتبا أبو حنیفة ئەم صاعەشی دیبوایە هەر ئینکاری دەکرد و لە ووتەی خۆی پەشیمان نەدەبوویەوە، ئەوکات قبوڵتان دەکرد ووتەکەی ؟ یان دەتانووت ئەمە گومانی أبو یوسف-ە کێ دەڵێ أبو حنیفة صاعەکەی دیبوایە پەشیمان نەدەبوویەوە، گومان هیچ شتێکی لەسەر بنیات نانرێ ؟ بێگومان ڕوونە ئەوەی دووەمتان دەووت، کەواتە ئەی بۆ لێرە گومانەکەی أبو یوسف وەردەگرن بەڵام حەقیقەتی أبو حنیفة پشت گوێ دەخەن کە چەندەها فەرموودەی زۆر بێ ئەدەبانە ڕەت کردۆتەوە ؟!

شەشەم: ووتەی أبو یوسف-مان هێنا کە دەڵێ: أبو حنیفة بە جەهمیەتی مرد، ئایا ئەم ووتەیەشی قبوڵ دەکەن ؟ یان تەنها گومانەکەی قبوڵ دەکەن ؟

حەوتەم: گریمان أبو حنیفة صاعی پێغەمبەر ﷺ دیبوایە پەشیمان دەبوویەوە، ئایا پێی نەگەیشتبوو عەقیدەی ئەهلی سوننە لە ئیماندا چۆنە بۆیە جەهمی و مورجیئە بوو ؟ ئایا پێی نەگەیشتبوو خروج کردن دروست نیە لە موسڵمانان بۆیە هانی خەڵکی دەدا بۆ خروج ؟ ئایا پێی نەگەیشتبوو قورئان مەخلوق نیە بۆیە ووتی مەخلوقە ؟ ئایا پێی نەگەیشتبوو فێڵ نیە لە شەرعدا بۆ گۆڕینی حەرام و حەلالەکان بۆیە فێڵی بەکار دەهێنا ؟ ئایا پێی نەگەیشتبوو فەتوادان بە ڕەئی نابێت بۆیە بە ڕەئی خۆی فەتوای دەدا ؟ ئایا پێی نەگەیشتبوو کە دەبێت ڕێز لە پێغەمبەر ﷺ و فەرموودەکانی بگیرێت بۆیە ئاوا بێ ڕێزی بەرامبەر فەرموودەکانی دەکرد ؟

بڕگەی نۆیەم:
لاوازی لە فەرموودەدا.

ئەوەی بۆنی زانستی جەرح و تەعدیلی کردبێ دەزانێ أبو حنیفة زەعیفە لە فەرموودەدا، وە فەرموودەشی زۆر کەم ڕیوایەت کردووە، بۆیە باسکردنی ئەوەندە بە پێویست نازانم چونکە لاوازی ڕاویەک لە فەرموودەدا نابێتە هۆی لەکەدارکردنی عەقیدە و دینداریەکەی، چەندەها زانای زۆر پەیا بەرز هەن بەڵام لە فەرموودەدا زەعیفن، بۆیە نیازی ئەوەم نەبوو لەم کتێبەدا ئەم بەشەی تایبەت بە لاوازی أبو حنیفة لە فەرموودەدا بهێنم، بەڵام کاتێک بینیم هەندێک لە معاصرین بە جۆرێک دەمارگیریان بۆی هەیە پێیان ئەستەمە بڵێن بەڵێ لە فەرموودەدا زەعیف بووە، لەکاتێکدا توانای لەبەرکردنی نابێتە هۆی لەکەدارکردنی عەقیدە و عیبادەت و پلەی کەسەکە، کەچی لەمەشدا دەیانەوێت هەموو ئەو جەرحانەی بۆی کراوە هەڵیوەشێننەوە و بڵێن فەرموودەکانی بۆ استشهاد بە کەڵک دێت تەنانەت هەندێکیان دەڵێن فەرموودەکانی حەسەنن ! شتێکی تریش کە بەدیم کردووە لەوانەی کە بەرگری لە أبو حنیفة دەکەن و بە پێشەوای دەزانن ئەوەیە کە لە بابەتی فەرموودەدا زۆر بە ئاسانی ووتەی زانایان وەردەگرن دەڵێن بەڵێ أبو حنیفة زەعیف بووە و ئینکاری لێ ناکەین، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئەو زانایانەی کە جەرحی أبو حنیفة-یان کردووە لە ڕیوایەتدا کەسانێکن کە دوای مردنی أبو حنیفة لە دایکبوونە، بەشێکیان زیاتر لە 100 ساڵ دوای أبو حنیفة ژیاوە، کەچی زۆربەی لە دەمارگیران بۆ أبو حنیفة بەبێ ئینکاری کردن زۆر بە ئاسانی ووتەی ئەمانە وەردەگرن چونکە دەزانن زەعیفی لە ڕیوایەتدا کاریگەری بەسەر عەقیدەوە نیە و عەیبداری ناکات، بەڵام کە دێینە سەر بابەتی ووتنی قورئان مەخلوقە و جەهمی بوون و مورجیئە بوون و گاڵتەکردن و ڕەتکردنەوەی فەرموودە و خەواریج بوون و فەتوادان بە فێڵ و ڕەئی، ووتەی زانایانی سەردەمی أبو حنیفة نەقل دەکەین کەچی قبوڵی ناکەن و ڕەتی دەکەنەوە هەر یەکێکیان بە بیانوویێک چونکە دەزانن ئەم ڕیوایەتانە عەقیدەی أبو حنیفة لەکەدار دەکات، جا لەخۆتان بپرسن ووتەی کامەیان لەپێشترە قبوڵ بکرێ ئەوانەی لەگەڵی ژیاون و باسی عەقیدەکەیان کردووە یان

ئەوانەی دوای خۆی هاتوون باسی ڕیوایەتەکانیان کردووە ؟ بۆچی ئەوەی دووەم وەردەگرن و ئەوەی یەکەم ڕەت دەکەنەوە کە ئەوەی یەکەم بەهێزترە لە هەموو ڕوویەکەوە ؟!

ووتەی زانایانی جەرح و تەعدیل دەربارەی أبو حنیفة:

تێبینی: تەرجومەی حەرفی بۆ دەستەواژەکانی جەرح و تەعدیلی زانایان ناکەم، چونکە هەر دەستەواژەیەک مانایەکی خۆی هەیە و بەپێی زاناکە هەندێک جار ماناکەی دەگۆڕێ، بۆیە هەڵەیە دەستەواژەکانی جەرح و تەعدیل تەرجومە بکرێن مەگەر دەستەواژەکە زۆر ڕوون بێت وەک: درۆزنە و هاوشێوەی ئەمە کە لە تەرجومەکردنی هیچ کێشەیەک ڕوو نەدات لە ڕووی گەیاندنی ماناکە وەک خۆی.

البخاري دەڵێ: **مورجیئە بوو، سكتوا عنه وعن رأيه وعن حديثه.**

[التاريخ الكبير: 59/8] ط: دار الفكر

ووتم: (سكتوا عنه) لەلای بوخاری واتا (تركوه) مەتروكە، وەک الذهبي دەڵێ: دوای ووردبوونەوە بۆمان دەرکەوت (سكتوا عنه) بوخاری ئەم ووشەیە بۆ ئەو ڕاوییانە بەکار دەهێنێت کە مەتروکن، کەواتە بوخاری دەڵێ: تەرکیان کردووە خۆیی و ڕەئیەکەی و فەرموودەکانی، یەکێک لە جاهیلە دەرمارگیرەکان بۆ أبو حنیفة دەیووت: بوخاری دەڵێ: سكتوا عنه واتا بێدەنگ بوونە لێی، ئێمەش بێدەنگ دەبین لێی !

البخاري دەڵێ: **ئەوانەی دەربارەیان ووتوومە (منكر الحديث) ڕیوایەتیان لێوە ناکەم، وە ئەگەر ووتم (سكتوا عنه) بەهەمان شێوە ڕیوایەتیان لێوە ناکەم.** [التاريخ الأوسط : 107/2]

مسلم دەڵێ: **ئەهلی ڕەئیە، مضطرب الحديث، فەرموودەی صەحیحی زۆر نیە.**

[الكنى والأسماء : 963] ت: عبدالرحيم القشقري

النسائي دەڵێ: **ليس بالقوي في الحديث، وە هەڵەی زۆرە سەرەڕای کەمی ڕیوایەتەکانی.**
[الضعفاء والمتروكين : 614] ت: بوران الضناوي وكمال يوسف الحوت

ابن عدي دەڵێ: **له أحاديث صالحة، زۆربەی ئەوانەی ڕیوایەتی دەکات هەڵەیە و گۆڕانی پیت و زیادکردن لە سەنەد و مەتنەکانیدا هەیە، هەروەها هەڵەکردن لەناوی ڕاویەک، جا زۆربەی ئەوانەی ڕیوایەتی دەکات ئاوایە، وە لە هەموو ڕیوایەتەکانیدا هیچی صەحیح نیە جگە لە سەرووی 10 فەرموودە نەبێ، لەکاتێکدا لەوانەیە زیاتر لە 300 فەرموودەی ڕیوایەت کردبێ لە فەرموودەی ناسراو و نامۆ هەمووشی بەم شێوەیە، چونکە ئەو ئەهلی حەدیث نیە، وە لەو کەسانەش ڕیوایەتی ناکات کە ئەهلی حەدیث بن.** [الكامل في ضعفاء الرجال : 10/133-134]

ابن سعد دەڵێ: **زەعیف بوو لە فەرموودەدا.** [الطبقات الكبير : 8/489]

العقيلي دەڵێ: حدثنا عبدالله بن أحمد ووتی: **بیستم باوکم دەیووت: فەرموودەی أبو حنيفة زەعیفە.** [الضعفاء : 6/165] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا حجاج بن حمزة قال حدثنا عبدان ابن عثمان ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت: أبو حنيفة داماو بوو لە فەرموودەدا.**
[الجرح والتعديل : القسم الأول/المجلد الرابع/450] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ابن حبان دەڵێ: **فەرموودە لە پیشەی ئەودا نەبوو، 130 فەرموودەی گێڕایەوە لە دونیادا لەوەندە فەرموودەیە زیاتری نەبوو، لە 120 فەرموودەدا هەڵەی کرد، یان سەنەدەکەی وەردەگێڕا یان مەتنەکەی دەگۆڕی بەشێوەیەک هەر نازانرێ، جا کاتێک هەڵەی لە صەوابی زیاتر بوو شایستەی ئەوەبوو کە تەرك بکرێ لە احتجاج پێکردنی لە نەقل کردنی فەرموودەدا.**
[المجروحين : 2/406]

الدارقطني دەڵێ: **کەس ئەم فەرموودەیەی لە موسى بن أبي عائشة بە موسنەدی ڕیوایەت**

نەکردووە جگە لە أبو حنيفة و الحسن بن عمارة، ئەوانیش هەردووکیان زەعیفن.
[سنن الدارقطني : 321/1] ط: دار الكتب العلمية

ابن عدي دەڵێ: حدثنا علي بن أحمد بن سليمان حدثنا ابن أبي مريم ووتی: **پرسیارم لە يحيى بن معين كرد دەربارەی أبو حنيفة، ووتی: فەرموودەکانی نانوسرێنەوە.**
[الكامل في ضعفاء الرجال : 121/10] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: واتا بۆ اعتبار-یش بە کەڵک نایەت چ جای احتجاج.

العقيلي دەڵێ: حدثنا محمد بن عثمان ووتی: **بیستم پرسیار لە يحيى بن معين كرا دەربارەی أبو حنيفة، ووتی: زەعیف بوو لە فەرموودەدا.** [الضعفاء : 165/6] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**
ووتم: لە يحيى بن معين ڕیوایەت کراوە کە تەوسیقی أبو حنيفة-ی کردووە، لە بەشی دووەم باسی دەکەین.

العقيلي دەڵێ: حدثنا عبدالله بن أحمد ووتی: **بیستم باوکم دەیووت: فەرموودەی أبو حنيفة زەعیفە و ڕەئیشی زەعیفە.** [الضعفاء : 165/6] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الترمذي دەڵێ: بیستم محمود بن غيلان دەیووت: بیستم المقرئ دەیووت: **بیستم أبو حنيفة دەیووت: زۆربەی ئەو فەرموودانەی بۆم گێڕانەوە هەڵەیە.**
[العلل الكبير : 388] ط: دار عالم الكتب **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: دان پێدانانی خۆی گەورەترین بەڵگەیە.

العقيلي دەڵێ: حدثنا سليمان بن داود القزاز قال سمعت أحمد بن الحسن الترمذي دەیووت: **بیستم أحمد بن حنبل دەیووت: أبو حنيفة درۆ دەکات.** [الضعفاء : 164/6] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: (يكذب) بە لەهجەی حیجازییەکان هەندێکجار بە مانای (يخطئ) دێت واتا هەڵە دەکات، بەڵام ئیمام أحمد حیجازی نیە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث حدثنا قاسم حدثنا أحمد بن زهير ووتی: **باوکم لەسەر ئەصلی کتێبەی فەرموودەی ئەهلی کوفەی دەخوێندەوە بۆمان، جا کاتێک گەیشتبوایە بەو فەرموودانەی کە لە أبو حنیفة-ەوە ڕیوایەت کراون بۆی نەدەخوێندینەوە.** [الانتقاء : 148]

ووتم: عبدالوارث بن سفیان بن جبرون پتەوترین کەسە لە ڕیوایەتی قاسم بن أصبغ-دا وەک الذهبي باسی کردووە، قاسم بن أصبغ و أحمد بن زهير کە ناسراوە بە ابن أبي خيثمة دوو حافزن، بۆیە کەمترین شت بووترێ دەربارەی ئەم سەنەدە ئەوەیە کە حەسەنە.

مسلم دەڵێ: **ڕیوایەتی أبي سنان عن علقمة لە مەتنی ئەم فەرموودەیەدا کە دەڵێ: (جبريل عليه السلام ووتی هاتووم پرسیاری شەرائیعەکانی ئیسلامت لێ بکەم) ئەم بڕگەیە زیادەیەکی دروستکراوە لە هیچ لەفزێکدا بوونی نیە، ئەم بڕگەیە کەسانێک زیادیان کرد لە ڕیوایەتی ئەم فەرموودەیەدا وەک النعمان بن ثابت (واتا: أبو حنیفة) و سعيد بن سنان و ئەوانەی ڕێگای ئەمانەیان گرتۆتە بەر لە ئیرجاء، ویستیان ئەمە بوو لەم کارەدا کە ووتەکەی خۆیان لە بابەتی ئیماندا بەڕاست دابنێن و عەقیدەی ئیرجائی لەسەر دابمەزرێنن، ئەم کارەش لە زیاتر لاوازکردنی ووتەکەیان هیچی تر نەبوو، وە زیاتر لە حەق دوورکەوتنەوە کە لەخۆیانەوە شتیان زیادکرد لە ڕیوایەتی فەرموودەدا.** [التمييز: 199] ت: مصطفى الأعظمي

ووتم: أبو حنیفة لە فەرموودەی پرسیارکردنی جبریل لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئیمان و ئیسلام و ئیحسان لەخۆیەوە ووشەیەکی زیاد کردووە تا بەم هۆیەوە نوێژ و زەکات و حەج و ڕۆژووگرتن لە ئیماندا دەربهێنێت، هەروەک ئیمام مسلم ڕوونی کردۆتەوە، ئەمەش تۆمەتێکی زۆر پیسە کە ئاڕاستەی کراوە ئەویش درۆکردنە لە فەرموودەدا لەپێناو سەرخستنی عەقیدەکەی.

ابن عدي دەڵێ: حدثنا محمد بن أحمد بن حماد سمعت عمرو بن علي يقول سمعت يحيى بن سعيد دەیووت: **پرسیارم لە سفیان کرد ووتم: فەرموودەی ئافرەتی مورتەدت بیستووە لە عاصم ؟ ووتم: بیستووتە کەس لە عاصم-ەوە ڕیوایەتی بکات ؟ ووتی: کەسی سیقە ڕیوایەتی نەکردووە.**

[الكامل في ضعفاء الرجال : 120/10] (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: فەرموودەی ئافرەتی مورتەد، ئەو فەرموودەیە کە دەڵێ: ئافرەت مورتەد بێتەوە بەند دەکرێ و ناکوژرێ، ئەم فەرموودەیەش تەنها أبو حنیفة ڕیوایەتی کردووە لە عاصم ئەویش لە أبو رزین ئەویش لە ابن عباس ﵄ ئەمەش زەعیفە، سفیان کە دەڵێ: کەسی سیقە ڕیوایەتی نەکردووە لە عاصم مەبەستی أبو حنیفة-یە، حەنەفیەکان لەم بابەتەدا پێچەوانەی هەر سێ مەزهەبەکەی ترن، لەلای سێ مەزهەبەکە مورتەد دەکوژرێ ژن بێ یان پیاو، لای حەنەفیەکان ژن مورتەد بێتەوە ناکوژرێ گەر لە دار الحرب بێت.

عبدالله دەربارەی فەرموودەی ئافرەتی مورتەد دەڵێ: **باوکم ووتی: أبو حنیفة ئەم فەرموودەیەی دەگێڕایەوە لە عاصم.** [العلل ومعرفة الرجال : 4236]

الخطيب دەڵێ: أخبرنا عبيدالله بن عمر الواعظ قال حدثنا أبي قال حدثنا أحمد بن محمد بن مغلس قال حدثنا مجاهد بن موسى قال حدثنا أبو سلمة منصور بن سلمة الخزاعي ووتی: **بیستم أبو بكر بن عياش فەرموودەکەی عاصم-ی باسکرد، ووتی: والله أبو حنیفة هەرگیز نەیبیستووە.**
[تاريخ بغداد : 577/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: مەبەستی ئەوەیە تەدلیسی کردووە نەک مەبەستی درۆ بێت، چونکە أبو حنیفة بە صیغەی عەنعەنە ڕیوایەتی کردووە تەصریحی نەداوە بە سەماع.
(أحمد بن محمد بن مغلس) سیقەیە کونیەکەی أبو عبدالله البزاز-ە، کەسێکی تر هەیە بەناوی (أحمد بن محمد بن مغلس) کونیەکەی أبو العباس الحماني-ە، ناسراوە بە أحمد بن الصلت کەسێکی درۆزنە، جا ئەم دووانە تێکەڵ مەکەن کە ناوی سیانیان وەک یەکە.
بڕوانە [تاريخ بغداد : 285/6] ژیاننامەی هەردووکیان بەدوای یەکتردا هاتووە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: أخبرنا إبراهيم بن يعقوب الجوزجاني فيما كتب إلي قال حدثني إسحاق بن راهويه ووتی: بیستم جرير دەیووت: **محمد بن جابر اليمامي ووتی: أبو حنیفة کتێبەکانی حماد-ی لە**

من دزی. [الجرح والتعديل : القسم الأول/المجلد الرابع/450] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا الحميدي حدثنا **وكيع ووتی: حدثنا أبو حنيفة ووتی: بیستم لە عطاء. وكيع دەڵێ: ئەگەر گوێ بیستی بوو بێ !**

[الجرح والتعديل : القسم الأول/المجلد الرابع/449] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: ئەمەش گومان کردنی وکیع-ە لە أبو حنيفة کە درۆ بکات لە عطاء-ی نەبیستبێ، چونکە کە ڕاوی ووتی بیستم لە فلان کەس، ئەوا دەبێت وای دابنێین بیستوویەتی مەگەر تەنها ڕاوییەکە گومانی درۆی لێ بکرێ یان درۆزن بێت.

بۆیە محقق-ی تاريخ بغداد(١) بەم ووتەیەی وکیع قەڵس بووە و دەڵێ: مادام أبو حنيفة ووتی بیستم ئیتر هیچ مانایەکی نامێنێتەوە کە وکیع گومان دروست بکات بیستوویەتی یان نا.

منیش دەڵێم: بیستبێتی یان نا ئەوە مەبەستی ئێمە نیە، مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە وکیع سیقەی بە أبو حنيفة نەبووە.

المعلمي لە وەڵامی ووتەیەکی الكوثري کە وتوویەتی (سفيان الثوري و الأوزاعي مەزهەبەکانیان بوونی نەماوە وەک لەکەدار کردنیان) دەڵێ: **هیوا هەبوون بە پاداشت لەسەر شوێن کەوتنی حەق لەمەدا الثوري والأوزاعي پشکی فراوانیان هەیە بەهۆی بڵاوکردنەوەیان بۆ سوننەت بە عیلم و عەمەل، ئەمەش شەش کتێبەکەی فەرموودەیە کە خەڵکی دەستاو دەستی پێدەکەن پڕیەتی لە فەرموودەی ڕیوایەت کراو لە ڕێگای الثوري و الأوزاعي، وە یەک فەرموودەش لەم کتێبانەدا نیە کە أبو حنيفة و هاوەڵە ناودارەکانی ڕیوایەتیان کردبێ، وە ئیمام أبو عبدالله محمد بن إسماعيل البخاري لە (تاريخ الكبير) لە ژیاننامەی الثوري دەڵێ: قال لنا عبدان عن ابن المبارك: من گەر بم ویستایە سفيان ببینم صەلەوات لێدەدات دەمبینی، وە بم ویستایە بە فەرموودەناسی ببینم دەمبینی، وە گەر بم ویستایە لە بابەتی فیقهی وورد ببینم دەمبینی، وە مەجلیسێک کە بینیومە هیچ صەلەواتی لەسەر پێغەمبەر ﷺ لێنەدراوە مەجلیسی النعمان بووە. [التنكيل : 435/1]**

ووتم: دەبێ ئەوانەی کە دەمارگیرن بۆ أبو حنيفة کە بە زۆر دەیانەوێ وای نیشان بدەن سیقەیە

فەرموودەکانی بە حسن و صحيح دادەنێن لە قیامەت چ وەڵامێکی پێغەمبەرﷺ بدەنەوە کە لەبڕی بەرگری کردن لە فەرموودەکانی و پاک ڕاگرتنی لە فەرمموودەی درۆ و زەعیف هاتوونە بەرگری لە أبو حنيفة دەکەن و فەرمووده زەعیفەکانی قبوڵ دەکەن ؟!

ولله الحمد ئەوانەی قسەیان بە أبو حنيفة ووتوە ناوەکانیان سەنەدی فەرموودەکانی پڕ کردووە، لە هەموو کتێبێکی فەرموودەدا ڕیوایەتیان هەیە، کەچی أبو حنيفة نە لە کتێبە صەحیحەکاندا نە لە سوننە و مەسانیدەکان ڕیوایەتی هەیە.

بڕگەی دەیەم:

ئەو ووتانەی دەربارەی ووتراوە بە شێوەیەکی گشتی بەبێ باسکردنی هۆکارەکەی

هەرکەسێک کە هەڵەی زۆربوو لە عەقیدەدا ئیترزانایان قسەی پێ دەڵێن بەبێ ئەوەی باسی هۆکارەکەی بکەن، ئەمەش لەبەر ڕوونی حاڵی کەسەکەیە چونکە ئەوەندە هەڵەی زۆرە کەس ناپرسێ بۆ وادەڵێن دەربارەی، جا هەر کەسێکیان بە هۆکارێک قسەی پێ دەڵێت، هەیانە لەبەر ئیرجائەکەی هەیانە لەبەر خروجەکەی هەیانە لەبەر جەهمیەتەکەی هەیانە لەبەر ڕەئیەکانی هەیانە لەبەر ڕەت کردنەوەی فەرموودە و بێ ڕێزی کردنی بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ ..هتد، جا ئەو قسانەی کە دەربارەی ووتراوە بەبێ باسکردنی هۆکارەکەی بەوە لێکدەدرێتەوە کە بەهۆی کوفر و بیدعە و هەڵەکانی پێشووی بووە.

ابن الجارود لە کتێبی (الضعفاء والمتروكين) دەڵێ: **النعمان بن ثابت أبو حنيفة خيلاف هەبووە دەربارەی موسڵمان بوونی.** [ابن عبدالبر نەقلی کردووە - الانتقاء : 150]

ووتم: ئایا کەسێک خیلاف هەبێت لەسەری لەنێوان موسڵمان بوون و نەبوون، شایستەی ئەوەیە بکرێت بە پێشەوا و نەیارانی بە خەواریج وەسف بکرێن ؟ ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانەی تەکفیریان نەکردووە بە گومڕا و بیدعەچیان زانیوە نەک بە پێشەوای بزانن، جا بۆیە کە دەووترێ خیلاف هەیە مانای ئەوەیە هەندێک تەکفیری دەکەن و هەندێک تەبدیعی دەکەن، نەک بەو مانایە بێت هەندێک تەکفیری بکەن و هەندێکیش بڵێن ئیمامە.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن هارون حدثنا أبو صالح ووتی: **بيستم يوسف بن أسباط دەيووت: أبو حنيفة لەسەر فیطرەت لەدایک نەبووە.** [السنة : 378] (سەنەدەکەی حەسەنە).

ووتم: لەبەر خراپیەکەی وەک موبالەغە کردن وادەڵێ، ئەگینا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (كل مولود يولد على الفطرة) هەموو منداڵێک لەسەر فیطرەت لە دایک دەبێ کە ئیسلامەتیە، وە

لەوانەشە مەبەستی ئەوە بێت کە هەر لە سەرەتاوە الله بۆی نوسیوە کە بە کافری دەمرێت، هەر چەندە فیطرەت لەلای سەلەف بە چەند مانایەک هاتووە کە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ یەک شت ئەویش ئیسلامە، جا با بڵێین یوسف بن أسباط زیادەڕەوی کردووە لەم تەعبیرە ئایا خودی تەعبیرەکە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە أبو حنیفة-ی بە شتێکی زۆر پیس و خراپ داناوە ؟ ئێمە مەبەستمان دەرخستنی هەڵوێستی زاناکانە بەرامبەر أبو حنیفة بێگومان ئەم ووتەیە بەرامبەر کەسێک دەووترێ کە لە پیسیدا گەیشتبێتە لوتکە لە بیروڕای خاوەن ووتەکەدا.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن هارون حدثنا أبو صالح ووتی: بیستم الفزاري دەیووت: **الأوزاعي و سفیان (الثوري) دەیانووت: لە ئیسلامدا هیچ کەسێک لەدایک نەبووە شوومتر بێ بۆ سەر ئەم ئوممەتە لە أبو حنیفة.** [السنة : 238] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

أبو بکر المروزي دەڵێ: بیستم بندار دەیووت: **بیستم عبدالرحمن بن مهدي دەیووت: هیچ فیتنەیەک لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە بۆ سەر زەوی زیان بەخشتر بێ لە أبو حنیفة.**
[أخبار الشیوخ وأخلاقهم : 276] ط: دار البشائر الإسلامیة (سەنەدەکەی صەحیحە).

الکوسج دەڵێ: **بە أحمد-م ووت: کەسێک پاداشت وەردەگرێت لەسەر ئەوەی ڕقی لە هاوەڵانی أبو حنیفة ببێتەوە ؟ ووتی: ئەرێ والله.**
[مسائل الکوسج للإمام أحمد وإسحاق بن راهویه : 3441] ط: الجامعة الإسلامیة

البخاري دەربارەی أبو حنیفة دەڵێ: **بڕوای وایە بەرازی ووشکانی جائیزە، وە بڕوای بە خروج هەیە بە شمشێر لەسەر ئوممەت، وە بڕوای وایە فرمانی الله لە ڕابردوو و داهاتوودا مەخلوقە، وە بڕوای وانیە نوێژ لە ئیماندا بێت.** **[خیر الکلام في القراءة خلف الإمام : 38] ط: دار الکتب العلمیة**
ووتم: هەر چەندە ئەم ووتەیە هۆکارەکەی باسکراوە بەڵام بۆیە لە بڕگەکانی تر نەمهێنا چونکە دەبوایە لە بڕگەی ووتنی قورئان مەخلوقە و فەتوادان بە ڕەئی و ئیرجاء و خروج ئەم ووتەیە چوار جار دووبارە بکەمەوە، بۆیە لێرەدا هێنام تا یەکجار ببێتە بەڵگە بۆ هەر چوار بڕگەکە.

البخاري لەم ووتەیەدا چوار شتی یەکجار گەورەی باسکردووە دەربارەی أبو حنیفة، یەکەمیان: حەلال کردنی حەرامێک کە ئیجماعی لەسەرە ئەویش گۆشتی بەرازی ووشکانیە ئەو بەرازەی کە پێستەکەی ڕەشە، دووەمیان: خروج کردن، سێیەم: ووتنی قورئان مەخلوقە، چوارەمیان: ئیرجاء کە دەرهێنانی کردەوەیە لە ئیمان، ئێوەش هەر بڵێن ئیمامە بەکوێرایی چاوی خەواریجەکان ! بەڵام نازانم بۆ کەس جورئەت ناکات قسە بەو ئیمامانە بڵێت کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە کەچی کاتێک ئێمە قسەی ئەو ئیمامانە نەقل دەکەین و شوێنی ئەوان دەکەوین سەنگەرمان لێدەگرن ؟!
ابن تیمیة وەک باقی خەلەف بەرگری لە أبو حنیفة دەکات و دەڵێ: بابەتی بەرازی ووشکانی ڕاست نیە بۆ ناشرین کردنی دراوەتە پاڵی !
البخاري زۆر زاناتر و شارەزاترە لە ابن تیمیة، وە زۆریش شارەزاترە بە حاڵی أبو حنیفة و مەزهەبەکەیان، بۆیە لە زۆربەی کتێبەکانیدا هەر هەلێکی دەست کەوتبێ بۆ ڕەددانەوەیان درێغی نەکردووە، البخاري دەربارەی خۆی دەڵێ: دانەنیشتم لە مەجلیس بۆ فەرمووده ووتنەوە تاکو فەرموودەی صەحیح و زەعیفم لەیەکتر جیاکردەوە، وە تاکو سەیری کتێبەکانی ئەهلی ڕەئیم کرد، گەر لەسەر ووتەکەی ابن تیمیة بڕۆین دەبێ البخاري تۆمەتبار بکەین !

العباس بن مصعب دەڵێ: **نعیم بن حماد چەند کتێبێکی نوسی لە ڕەتدانەوەی أبو حنیفة، وە محمد بن الحسن-ی هەڵوەشاندەوە.** [سیر أعلام النبلاء : 599/10]

القاضي عیاض دەڵێ: **القاضي إسماعیل بن إسحاق المالكي كتێبی نوسیوە لە ڕەتدانەوەی أبو حنیفة.** [ترتیب المدارك : 291/4]

أبو النجیب سداد بن إبراهیم : قەصیدەیەکی درێژی هەیە کە تێیدا ڕەددی أبو حنیفة دەداتەوە. بڕوانە [بغیة الطلب في تاریخ حلب : 4196/9] ت: سهیل زكار

أبو نعیم الأصبهاني : لەکتێبی (حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء) ناوی نزیکەی 700 زانا و عابید وزاهید دەهێنێت وەک ئەولیاء باسیان دەکات، زۆرێک لەوانەی تێدایە کە لەگەڵ أبو حنیفة

ژیاون بەڵام ناوی أبو حنيفة-ی تێدا نیە کە ئەوکات یەکێک بووە لەسەر مەزهەبەکان و مەزهەبەکەی بە باشی تەشەنەی کردووە، لەهەمان کاتدا هەندێک ڕیوایەت نەقل دەکات کە لە دژی أبو حنيفة-یە.

أبو زرعة الرازي دەڵێ: **ئەهلی ڕەئی توشی فیتنە ببون بەهۆی أبو حنيفة-ەوە، ئێمەش گەنج بووین لەگەڵ ئەو خەڵکە دەڕۆیشتین، وە من خەریکی کۆکردنەوەی فەرموودەکانی أبو حنيفة بووم پرسیاری ئەم کارەم لە أبو نعيم کرد، وە پێم وابوو کارێکی چاک دەکەم، الحميدي کتێبی (الرد على أبي حنيفة)ی دەخوێندەوە منیش خەریک بوو هەڵسمەوە بۆی، تاکو الله منەتی بەسەردا کردین گومڕایی ئەوانمان زانی.** [سؤالات البرذعي لأبي زرعة : 1008]

ووتم: حاڵی أبو زرعة و زۆرینەی خەڵکی خوراسان چەندە لە حاڵی خەڵکی ئێستا دەچێت کە هەموویان وادەزانن أبو حنيفة ئیمامە و کەس نابێت قسەی پێ بڵێ، کاتێک کتێبێکی وەک کتێبەکەی (الحميدي) دەبینن توڕە و قەڵس دەبن پێی، وادەزانن هێرش کراوەتە سەر ئیسلام ! بڕوانە ووتەکەی کە دەڵێ (ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە دەڕۆیشتین) واتا چاوت داخە و خەڵکی لەسەرچی بوون تۆش هەر لەسەر ئەوە بڕۆ، ئەمڕۆش چەندە زۆرن ئەوانەی کە بێ ئاگان لە کتێبەکانی سەلەف و هەر لەسەر ئەوە دەڕۆن کە بیستوویانە و بۆیان باسکراوە، بگرە کاتێک ئەو شتانە دەبیستن کە لە سەلەفەوە ڕیوایەت کراوە خەریکە پەلامارت بکەن وەک أبو زرعة کە ویستی پەلاماری الحميدي بدات.

أبو بكر المروزي دەڵێ: **القاسم بن محمد بن الحارث هاتە لامان پرسیارمان لێیکرد دەربارەی قەصیدەکەی أبو تميلة دەربارەی ابن المبارك، ووتی: بیستم إسحاق بن راهويه دەیووت: من ئەهلی ڕەئی بووم، کاتێک ویستم بچم بۆ حەج سەیری کتێبەکانی عبدالله بن المبارك-م کرد، جا ئەو فەرموودانەم تێیدا دەرهێنا کە موافقی ڕەئی أبو حنيفة-یە، گەیشتە نزیکەی 300 فەرموودە، ووتم: پرسیاری ئەم باسانە لە شێخەکانی عبدالله بن المبارك دەکەم ئەوانەی لە حیجاز و عیراقن، وە من پێم وابوو کەس جورئەت ناکات موخالەفەی أبو حنيفة بکات، کاتێک چوومە**

بەصرە لەلای عبدالرحمن بن مهدي دانیشتم، پێی ووتم: تۆ خەڵکی کوێی ؟ ووتم: خەڵکی مرو، جا ڕەحمەتی نارد بۆ ابن المبارك (چونکە ئەویش خەڵکی مرو بوو) عبدالرحمن زۆر ابن المبارك-ی خۆش دەویست ووتی: هیچ شیعرێکت لایە بەسەر ابن المبارك-دا بیڵێی ؟ ووتم: بەڵێ، منیش شیعرەکەی أبو تميلة يحيى بن واضح الأنصاري-م بۆ ووت، عبدالرحمن-یش هەر دەگریا منیش هەربۆم دەووت تا گەیشتە ئەوەی ووتم: (وبرأي النعمان كنت بصيرا) -واتا: بە ڕەئی أبو حنيفة من بەرچاو ڕۆشنم- عبدالرحمن پێی ووتم: بێدەنگ بە قەصیدەکەت تێکدا، منیش ووتم: دوای ئەم دێڕانە دێڕی جوانی تێدایە، ووتی: وازی لێ بهێنە، ڕیوایەتەکانی عبدالله بن المبارك-ت لەبیرە لە أبو حنيفة-ەوە لە کتێبی مناقب ؟ نازانین ابن المبارك توشی هیچ زەڵلەیەک بوو بێت لە عیراقدا ئیللا ئەوە نەبێت کە ڕیوایەتی کردووە لە أبو حنيفة، وە خۆزگە دەخوازم کە ڕیوایەتی لەو نەکردبوایە ئامادەم لەپێناوی ئەم خۆزگەیەم زۆربەی ماڵەکەم ببەخشم، إسحاق دەڵێ ووتم: ئەی باوکی سعيد بۆچی ئاوا قسە بە أبو حنيفة دەڵێی ؟ گەر ئەو فەتوا بدات بە ڕەئی، مالك و سفيان و الأوزاعي-ش فەتوا دەدەن بە رەئی، ووتی: أبو حنيفة دەهێنیتەوە هاوشانی ئەمانە ؟! أبو حنيفة لە عیلمدا بەهیچ ناچێت جگە لە ووشترێکی دەرکراوی تەنها کە لە دۆڵێکی ووشکدا دەلەوەڕێ، هەموو ووشترەکانی تریش لە دۆڵێکی تردا دەلەوەڕن، إسحاق دەڵێ: پاشان سەیرم کرد بینیم خەڵکی دەربارەی أبو حنيفة جیاوازن لەوەی کە ئێمە لەسەری بووین لە خوڕاسان.

[أخبار الشيوخ وأخلاقهم : 275] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: پێت وایە عبدالرحمن بن مهدي قەدری ابن المبارك نەزانێت کە بەم شێوەیە باسی دەکات ؟ سەیرکە سەرەتا بۆی دەگریەت و ڕەحمەتی بۆ دەنێرێت، چونکە ابن المبارك زانایەکی عابید و موجاهید و خاوەن وەرع و زوهد و سەخاوەت و هەرچی وەسفی جوان هەیە تێیدا کۆبۆتەوە، بەشێوەیەک بووە کە سفيان الثوري کە شێخی ابن المبارك بووە دەڵێ: هەوڵمدا ساڵێک وەک ابن المبارك بژیم کەچی نەمتوانی سێ ڕۆژیش وەک ئەو بژیم، بەڵام کاتێک إسحاق بن راهويه لە هەڵەدا شوێنی ابن المبارك دەکەوێ ببینە عبدالرحمن چۆن هەڵوێستی دەگۆڕێ و کارەکەی ابن المبارك بە زەڵلە ناو دەبات، سەیری ئەوە ناکات ابن المبارك کێیە و چ پلەیەکی هەیە بە هەڵە دەڵێ هەڵە، نەک

وەک ئەوانەی ئەمڕۆ دەڵێن موجاهیدان وتوویانە فلان ئیمامە تۆش لە ماڵەکەی خۆت دانیشتووی دەڵێی نەخێر ئیمام نین کافرن، تۆ زیرەکتری لەوان ؟! قەدری موجاهید لەسەر سەرم هەروەک چۆن عبدالرحمن قەدری ابن المبارك-ی گرت، بەڵام بە هەڵە دەڵێین هەڵە، موجاهید مەعصوم نیە کە ووتمان لەمەدا نەیان پێکاوە مانای ئەوە نیە بێ ڕێزی دەکەین بەرامبەریان بەڵام حەقمان لە هەموو کەسێک خۆشتر دەوێت جا هەر پلەیەکی هەبێت کە نەیپێکا دەڵێین نەتپێکا و لەگەڵت نین، دواتر لۆمەی من مەکەن لۆمەی سەلەف بکەن بڵێن نەدەبوایە ئاوا توند بن بەرامبەر أبو حنیفة چونکە لە سەدەکانی دواتر موجاهید پەیدا دەبن دەیکەن بە ئیمام ! خۆ ئەم کتێبە بە پشت بەستن بە ووتەکانی سەلەف نوسراوە گەر لۆمە کردنێک لە ئارادا بێت ئەوا ڕووی لە زانایانی سەلەف بکەن نەک من چونکە من تەنها تەقلیدی ئەوانم کردۆتەوە، وە پاشان گەر زانایانی سەلەف زیندوو ببنەوە لە ئێستادا پێتان وایە هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن و شوێنی موجاهیدانی سەردەم بکەون ؟ یان لەسەر هەڵوێستی خۆیان دەمێنن و دەبێت موجاهیدان شوێنیان بکەون و واز لە تەقلیدی خەلەف بهێنن ؟ دواتر با واز لە سەلەف و خەلەف و معاصرین و موجاهیدین بهێنین، وەرن بە بەڵگەی قورئان و سوننەت یەکلایی بکەینەوە، دوای ئەم هەموو ووتەیەی هێنامان دەربارەی أبو حنیفة ئایا شایستەی چ وەسفێکە پێی بدرێ ؟ گەر تۆزێک ئینصافتان تێدا هەبێ دەست بەجێ هەست بەوە ناکەن کە کردنی أبو حنیفة بە ئیمام لەلایەن خەلەف و معاصرین گەورەترین هەڵەی مەنهەجیە و زاڵکردنی ناحەقە بەسەر حەقدا ؟

زکریا الساجي دەڵێ: أخبرنا الحسین بن عبدالله النیسابوري ووتی: **شایەتی دەدەم لەسەر عبدالله بن المبارك شایەتی دانێک کە الله پرسیارم لێبکات لەسەری، ئەویش ئەوەیە کە عبدالله پێی ووتم: ئەی حسین وازم لە هەموو شتێک هێنا کە ڕیوایەتم کرد بێت لە أبو حنیفة-ەوە، داوای لێخۆشبوون دەکەم لە الله و تەوبە دەکەم لێی.** [الخطیب نەقلی کردووە - تاریخ بغداد : 556/15]

ووتم: ئەوانەی دڵیان بە مەدحی ابن المبارك خۆشە بۆ أبو حنیفة، دوای ئەمە چی دەڵێن ؟ ابن المبارك-یش بوو بە خەواریج و فکرەی غولاتەکان چوو بە مێشکیدا بۆیە ئەم بڕیارەی دا ؟

الخطيب دەڵێ: حدثنا محمد بن علي بن مخلد الوراق لفظا قال في كتابي عن أبي بكر محمد بن عبدالله بن صالح الأبهري الفقيه المالكي ووتی: **بیستم أبو بكر كوڕی أبو داود السجستاني ڕۆژێک بە هاوەڵانی دەووت: چی دەڵێن دەربارەی بابەتێک کە مالك و هاوەڵانی و الشافعي و هاوەڵانی و الأوزاعي و هاوەڵانی و الحسن بن صالح و هاوەڵانی و سفيان الثوري و هاوەڵانی و أحمد بن حنبل و هاوەڵانی لەسەری کۆک بن ؟ پێیان ووت: ئەی أبو بكر هیچ بابەتێک لەم بابەتە ڕاستر نیە، جا ووتی: هەموو ئەمانە کۆکن لەسەر بە گومڕا دانانی أبو حنيفة.**

[تاريخ بغداد : 527/15] (سەنەدەکە صەحیحە).

ووتم: هەندێک دەڵێن أبو بكر كوڕی أبو داود درۆزنە زۆرینەی دەڵێن حافزە و ئیمامە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڕوانن بۆ [سير أعلام النبلاء : 13/223-233] ، [ميزان الاعتدال : 4/113-116] ط: دار الكتب العلمية ، [التنكيل : 1/499-511] الذهبي و المعلمي تەواوی ووتەی زانایانیان نەقل کردووە دەربارەی أبو بكر لەگەڵ تەرجیح کردنی ووتەکان، وە محقق-ی تاريخ بغداد(١) تەوسیقی کردووە سەرەڕای لایەنگری بۆ أبو حنيفة، لەبەر درێژنەبوونەوە ووتەکان نەقل ناکەم بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانە گومانتان لەوە نامێنێت کە أبو بكر سیقەیە، پاشان زانایانی جەرح و تەعدیل بەپێی ڕیوایەتەکانی ڕاوی حوکم دەدەن لەسەر ڕاوییەکە، کە دەڵێن فلان درۆزنە فلان زەعیفە فلان سیقەیە فلان حافزە ئەم وەسفانە بەپێی دینداری و عیبادەت و ئەخلاق و چاکەکاری ڕاوییەکە بەکار نایەت بەڵکو سەیری ڕیوایەتەکانی دەکەن بە بەراوورد کردنی ڕیوایەتەکانی لەگەڵ ڕیوایەتی پێشەوایە حافزەکان ئەم وەسفانە وەردەگرێت، جا أبو بكر کاتێک دیراسەی ڕیوایەتەکانی دەکرێ دەبینرێ وەک ڕیوایەتی سیقەکانە بۆیە لای زۆرینە بە سیقە دانراوە تەنها ووتەکەی باوکی دەربارەی بۆتە کێشە کە ئەویش قبوڵ نەکراوە لەلای زۆرینەی زانایان، بۆیە ابن عدي لە کتێبی (الكامل في ضعفاء الرجال) دەڵێ: کردوومەتە مەرج لەم کتێبەدا کە هەر کەسێک جەرح کرا بێت ناوی بهێنم ئەگینا ناوی أبو بكر-م نەدەهێنا لەم کتێبەدا، وە دەڵێ: نازانم باوکی چی لێ بینیوە کە ئاوا دەڵێ ؟! جگە لەوەش لێرەدا أبو بكر شتێکی باس کردووە سەنەدی تێدا نیە، بەڵکو دەڵێ ئەم زانایانە یەکدەنگ بوونە لەسەر گومڕایی أبو حنيفة، ئەمەش ووتەیەکی ڕاستە لەم کتێبەدا ووتەی

هەموو ئەم زانایانەی تێدایە دژی أبو حنيفة، جا أبو بكر ئەم قسەیە بکات یان نا، درۆزن بێت یان نا، ئەوا ووتەکەی هەر ڕاستە و لە واقیعدا بوونی هەیە.
سەیرکە هەموو ئەم زانایانە یەکدەنگن لەسەر گومڕایی أبو حنيفة، هەموو خەلەفیش یەکدەنگن لەسەر پێشەوایەتی أبو حنيفة ! والله المستعان، کەچی دەرمارگیرەکان بۆ أبو حنيفة دەڵێن: تۆ لە خەلەف زاناتری بە مەزهەبی سەلەف دەڵێی خەلەف نەیان پێکاوە و لەسەر مەزهەبی سەلەف نەڕۆیشتوون ؟!

ابن عدي دەڵێ: **بیستم ابن أبي داود دەیووت: قسە ووتن بە أبو حنيفة ئیجماعی زانایانە، چونکە ئیمامی بەصرە أيوب السختياني قسەی پێ ووتوە، وە ئیمامی کوفە سفيان الثوري قسەی پێ ووتوە، وە ئیمامی حیجاز مالك قسەی پێ ووتوە، وە ئیمامی مصر الليث قسەی پێ ووتوە، وە ئیمامی شام الأوزاعي قسەی پێ ووتوە، وە ئیمامی خوراسان عبدالله بن المبارك قسەی پێ ووتوە، جا قسە ووتن بە أبو حنيفة ئیجماعی زانایانە لە هەموو شوێنێکدا.**
[الكامل في ضعفاء الرجال : 129/10]
ووتم: گەر أبو بكر بن أبي داود درۆزنترین کەسی سەر زەوی بێت ئەوا لەمەدا ڕاستی ووتوە، چونکە ووتەی هەموو ئەم زانایانە بەردەستە کە قسەیان بە أبو حنيفة ووتوە.

المعلمي دەڵێ: **ووتەی پێشەوایانی ئەهلی سوننە لەو سەردەمەدا دەربارەی أبو حنيفة متواترە تەواتورێکی حەق.** [التنكيل : 657/1]
وورم: المعلمي-ش درۆزنە کە هەمان ووتەی أبو بكر دەڵێتەوە ؟ زانیمان ئەمە هەڵوێستی سەلەف بووە دەربارەی أبو حنيفة، ئەی هەڵوێستی خەلەف چۆنە دەربارەی ؟ ئێستا جیاوازییەکە ڕوونە بۆتان لەنێوان ئەم دوو مەنهەجەدا ؟ یان هێشتا پێتان وایە ئێمە لە مەنهەجی سەلەف تێناگەین و هیچ چارمان نیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خەلەف ئەوان چاکتر تێگەیشتوون ؟

الضياء المقدسي دەڵێ: **بیستم الحافظ عبدالغني المقدسي دەیووت: ئێمە لە موصل بوین**

کتێبی (الضعفاء)ی العقيلي گوێ بیست دەبووین، خەڵکی موصل منیان گرت و بەندیان کردم و ویستیان بمکوژن بەهۆی ئەوەی شتێک باسکرا دەربارەی أبو حنيفة. جا پیاوێکی درێژ هات بۆلام شمشێرێکی بە دەستەوە بوو، ووتم: ئەمە دەمکوژێت و دەحەسێمەوە. بەڵام هیچی نەکرد، پاشان منیان ئازاد کرد. ابن البرني الواعظ لەگەڵی دابووە ئەو شتانەی سڕیوەتەوە دەربارەی أبو حنيفة هاتووە لە کتێبەکەدا، جا کەسانێکیان نارد تا کتێبەکە بپشکنن، هیچیان نەدۆزیەوە تێیدا بەم هۆیەوە ڕزگاری بوو. [الذهبي نەقلی کردووە - سير أعلام النبلاء : 459/21]

ووتم: کەسانێک دەڵێن ئەی بۆ دوای سەردەمی سەلەف قسەیان بە أبو حنيفة نەووتوە زۆربەیان مەدحیان کردووە ؟ ئەوەتا عبدالغني کە ساڵی 600 مردووە لەسەر خوێندنەوەی کتێبێک بەند دەکرێ و خەریکە بیکوژن، ئەی ئێوە چ جیاوازییەکتان هەیە لەگەڵ ئەم خەڵکەی ئەوکاتی موصل؟ مەگەر ئێوەش پێتان وانیە ئەوەی قسە بە أبو حنيفة بڵێ خەواریجە و شیاوی کوشتنە یان بەندکردن و تەمبێ کردن ؟ ئەم عەقیدەیەی ئەمڕۆش درێژە پێدەری عەقیدەی ئەوکاتە.

يحيى بن مندة دەڵێ: **عبدالعزيز النخشبي هاتە لامان لەساڵی 433، قازی الخطبي لێیدا بەهۆی ئیمام أبو حنيفة، بە چاوی خۆم نیشانەی لێدانم بینی لەسەر پشتی.**

[الذهبي نەقلی کردووە - سير أعلام النبلاء : 268/18]

ووتم: ببینن ئەوانەی قسەیان بە أبو حنيفة ووتوە حاڵیان چۆن بووە دوای سەلەف، گەر زانایانی سەلەف لەو سەردەمەدا ژیابوان دەبوایە لەژێر قامچی چیان بەسەر هاتبوایە ؟ لەجیاتی میحنەی خلق القرآن میحنەی أبو حنيفة دەهاتە کایەوە.

الخطيب : دوای باسکردنی ئەو ڕیوایەتانەی دەربارەی مەدحکردنی أبو حنيفة هێناویەتی، وە پێش هێنانی ئەو ڕیوایەتانەی دژی أبو حنيفة هاتوون دەڵێ: **ڕیوایەتمان هێنا لە أيوب السختياني و سفيان الثوري و سفيان بن عيينة و أبو بكر بن عياش و جگە لەوانیش لە پێشەوایان ڕیوایەتێکی زۆر کە مەدح و ستایشی أبو حنيفة لەخۆ دەگرێت، وە ئەوەی صەوابە لەلایەن نەقلکەرانی فەرموودە لە پێشەوایانی المتقدمين و ئەوانەشی کە ناومان هێنان دەربارەی أبو حنيفة پێچەوانەی ئەو**

ووتانەیە، وە ووتەکانیان دەربارەی أبو حنیفة زۆرە بەهۆی شتی ناشرینەوە کە لێیەوە گێڕدراوتەوە هەندێکیان پەیوەستە بە أصولی دین و هەندێکیشی بە فروع، وە ئێمەش باسیان دەکەین بە ویستی الله. [تاريخ بغداد : 504/15]

ووتم: ئەم ووتەیە پشت شکێنەرە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ڕاستە قسەی پێ ووتراوە بەڵام مەدحیش کراوە، دەیانەوێ مەدحەکە زاڵ بکەن بەسەر زەمەکە، کەچی الخطيب ووتەی جەرحکەران پێش دەخات بەسەر ووتەی تەعدیلکەران.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق و البرقاني قالا أخبرنا محمد بن جعفر بن الهيثم الأنباري قال حدثنا جعفر بن محمد بن شاكر قال حدثنا رجاء بن السندي قال سمعت سليمان بن حسان الحلبي دەیووت: **ناتوانم بیژمێرم کە چەندەها جار گوێم لە الأوزاعي بووە دەیووت: أبو حنیفة بەرەو گرێکانی ئیسلام ڕۆیشت گرێ گرێ هەڵیوەشاندەوە.** [تاريخ بغداد : 547/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الکوثري تەزعیفی کردووە بەهۆی الأنباري گوایە زەعیفە، هەروەها الحلبي گوایە مەجهولە.

لێرەدا تەنها ووتەی محقق-ی تاريخ بغداد(١) نەقل دەکەم کەخۆی ڕەددی الکوثري داوەتەوە دەڵێ: الکوثري ئەم ڕیوایەتەی تەزعیف کردووە بەهۆی الأنباري، هیچ کەسێکیش جەرحی نەکردووە هەروەک البرقاني باسیکردووە، هەروەها الکوثري دەڵێ: الحلبي مەجهولە، چونکە ابن أبي حاتم پرسیاری لە باوکی کردووە دەربارەی ئەو، باوکی وتوویەتی: پرسیارم لە ابن أبي غالب کرد دەربارەی ئەو، ووتی: نایناسم، وە نابینم بەغدادییەکان ڕیوایەتی لێوە بکەن، ابن أبي حاتم دەڵێ: بە باوکم ووت: تۆ چی دەڵێی دەربارەی ؟ ووتی: فەرموودەکانی صەحیحە، جا الکوثري بەهۆی ئەم ووتەیە بە مەجهولی داناوە، لەکاتێکدا بە صەحیح دانانی فەرموودەکانی واتا تەوسیق کردنی ئەم ڕاوییە لەلایەم أبو حاتم.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال أخبرنا ابن سلم قال حدثنا الأبار قال حدثنا الحسن بن علي قال حدثنا أبو توبة قال حدثنا سلمة بن كلثوم -یەکێک بوو لە عیبادەت کەران وە هیچ کام لە هاوەڵانی الأوزاعي

لەو ڕێکتر نەبوو- ووتی: **کاتێک أبو حنيفة مرد الأوزاعي ووتی: الحمد لله، گرێکانی ئیسلامی هەڵدەوەشاندەوە دانە بە دانە.** [تاريخ بغداد : 548/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الكوثري تانەی داوە لە الحسن بن علي الحلواني گوایە ئیمام أحمد قسەی لەسەر کردووە، الحسن بەبێ خیلاف لای زانایان سیقەیە حافزە ثبت-ە، بەڵام ئیمام أحمد لەو ڕووە دژی وەستا کە ووتی ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە تەکفیری ناکەم نەک لەڕووی ڕیوایەت، ڕیوایەتیشی هەیە لە الصحيحين.

عبدالله دەڵێ: بیستم باوکم ﷺ دەیووت: **عبدالله بن إدريس ووتی: بە مالك-م ووت: لای ئێمە علقمة و الأسود هەبوو (واتا لە کوفە) مالك ووتی: لای ئێوە کەسێک هەبوو شتەکانی ئاوا هەڵگێڕایەوە. عبدالله دەڵێ: باوکم ناو دەستی هەڵگێڕایەوە بەسەر پشتی دەستی، مالك مەبەستی أبو حنيفة بوو.** [السنة : 358] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ئیمام أحمد سەماعی هەیە لە عبدالله بن إدريس، وە مدلس نیە بۆیە ووتنی (قال عبدالله بن إدريس) کێشەی نیە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا البرقاني حدثني محمد بن العباس أبو عمر الخزاز حدثنا أبو الفضل جعفر بن محمد الصندلي -أبو عمر زۆر ستایشی کرد- حدثني المروذي أبو بكر أحمد بن الحجاج ووتی: **پرسیارم کرد لە باوکی عبدالله -واتا: أحمد بن حنبل- دەربارەی أبو حنيفة و عمرو بن عبيد، أحمد ووتی: أبو حنيفة خراپترە بۆ موسڵمانان لە عمرو بن عبيد، چونکە أبو حنيفة هاوەڵی هەیە.**

[تاريخ بغداد : 567/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: (عمرو بن عبيد) یەکێکە لەسەرانی موعتەزیلە تەکفیر کراوە لەلایەن سەلەف.

محقق-ی تاريخ بغداد(٢) تەزعیفی ئەم ڕیوایەتەی کردووە بەهۆی محمد بن العباس الخزاز، پێشتر ڕوونمان کردەوە کە لەگەڵ ڕاوییەکی تر تێکەڵی کردووە ئەمەیان سیقەیە.

العقيلي دەڵێ: حدثنا زكريا بن يحيى الحلواني قال سمعت محمد بن بشار العبدي بندار دەیووت:

عبدالرحمن بن مهدي هيچ کاتێک ناوی أبو حنيفة-ی نەدەهێنا ئيللا دەيووت لەنێوان أبو حنيفة و حەقدا بەربەست هەيە. [الضعفاء : 160/6] (سەنەدەکەی صەحيحە).

ووتم: پێم وایە زکریا الحلواني هەر زکریا الساجي بێت، ڕوونکردنەوەی ئەمەش زۆری دەوێت لەترسی درێژ نەبوونەوە باسی ناکەم، بەڵام ڕیوایەتی دواتر زکریا-ی تێدا نیە ئەم گومانە لادەبات.

الفسوي دەڵێ: حدثنا محمد بن بشار ووتی: **بيستم عبدالرحمن دەيووت: لەنێوان أبو حنيفة و حەقدا بەربەست هەيە.** [المعرفة والتاريخ : 784/2] (سەنەدەکەی صەحيحە).

ووتم: لەبەر ئەوەی الخطيب ئەم ڕیوایەتەی هێناوە لە تاريخ بغداد هەر لەڕێگای الفسوي ئەوا بێگومان دەبێ ڕەخنەی الكوثري ئامادە بێت وەک هەمیشە، الكوثري تانەی لە محمد بن بشار داوە دەڵێ: المتقدمين قسەيان لەسەر کردووە تەنانەت تۆمەتباريان کردووە بە درۆ.

محمد بن بشار العبدي ناسراو بە بندار شێخی خاوەنانی کتب الستة-یە هەر شەشيان ڕیوایەتيان لێوەی کردووە، سیقەیە حافزە ئەوانەی کە قسەيان دەربارەی کردووە بەڵگەيان بەدەستەوە نیە، هەروەک زانراویشە بە دەگمەن ڕاوی هەيە سەلامەت بێ لە قسەی هەمووان، الكوثري-ش پيشەی ئەوەیە کە تەنها جەرحەکان نەقل بکات گەر 10 زانا بڵێن سیقەیە، 1 زانا جەرحی بکات بەبێ بەڵگە ئەوا ووتەی تاکە زاناکە نەقل دەکات زۆر جاریش بە قرتاوی نەقلی دەکات يان جەرحێکی مفسر نیە يان بگرە هەر جەرح نیە هەروەک چەند نموونەیەکمان بينی لەپێشتردا، ئەوەندە بەسە بۆ محمد بن بشار کە البخاري نزیکەی 200 فەرموودەی لێ ڕیوایەت کردووە لە صەحيحەکەی، وە مسلم نزیکەی 400 فەرموودەی لێ ڕیوایەت کردووە لە صەحيحەکەی.

أبو نعيم الأصبهاني دەڵێ: حدثنا أحمد بن إسحاق حدثنا عبدالرحمن بن محمد حدثنا عبدالرحمن بن عمر ووتی: **پرسيارم لە عبدالرحمن بن مهدي کرد ووتم: ئەو شتانە لە أبو حنيفة وەرگرين کە ئەثەرە و موافقی حەقە ؟ ووتی: نەخێر، هيچ کەرامەتی نیە، هات بەرەو ئيسلام گرێ گرێ هەڵی دەوەشێنێتەوە، هيچی لێ قبوڵ ناکرێ.**

[حلية الأولياء : 10/9] ط: دار السعادة - مصر (سەنەدەکەی صەحيحە).

أبو نعيم الأصبهاني دەڵێ: حدثنا أحمد بن إسحاق حدثنا عبدالرحمن بن محمد بن سلم حدثنا عبدالرحمن بن عمر ووتی: **بیستم پیاوێک پرسیاری لە عبدالرحمن بن مهدي کرد، ووتی: ئەی باوکی سعید پێم گەیشتووە کە تۆ وتووتە: مالك لە أبو حنیفة زاناترە، عبدالرحمن بن مهدي ووتی: من وام نەوتووە، بەڵکو دەڵێم: مالك لە مامۆستاکەی أبو حنیفة زاناتر بوو -واتا حماد بن أبي سلیمان- عبدالرحمن بن عمر دەڵێ: وە بیستم باسی أبو حنیفة کرا عبدالرحمن بن مهدي ووتی:** ﴿لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾ **(واتا: باری تاوانەکانیان بە تەواوی بەبێ کەم کردن هەڵدەگرن بەسەر شانیاندا، وە باری تاوانی ئەو کەسانەش هەڵدەگرن کە گومڕایان کردوون بە جەهلەوە، ئای چەندە شتێکی خراپە کە تاوانی خۆیان و شوێنکەوتوانیان هەڵدەگرن) عبدالرحمن بن عمر دەڵێ: وە بیستم عبدالرحمن بن مهدي دەیووت: أبو حنیفة نەیدەزانی عیلم چیە.** [حلية الأولياء : 11/9] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرني محمد بن أحمد بن يعقوب أخبرنا محمد بن نعيم الضبي قال سمعت محمد بن حامد البزاز يقول سمعت الحسن بن منصور يقول سمعت محمد بن عبدالوهاب دەیووت: **بە علي بن عثام-م ووت: أبو حنیفة حوججەیە ؟ ووتی: نە بۆ دین نە بۆ دونیا.**

[تاريخ بغداد : 564/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الكوثري دەڵێ: محمد بن عبدالوهاب معلول-ە لەلای الخليلي !

وەک المعلمي دەڵێ: بەکارهێنانی ووشەی (معلول) بۆ ڕاوی بیدعەیەکە الكوثري دایهێناوە، چونکە ووشەی (معلول) بۆ فەرموودە بەکاردێ نەک بۆ ڕاوی، پاشان هەروەک جارانی پێشوو چەواشەکاری کردووە، ووتەکە هی الخليلي نیە بەڵکو الخليلي لە عبدالله بن محمد الحافظ نەقڵی کردووە کە دەڵێ: ئەم فەرموودەیە معلول و فرد-ە عیللەتی فەرموودەکەش لە ڕاویەکی ترە بەناوی سعير بن الخمس نەک لە محمد بن عبدالوهاب، جا ووتەکەی دەربارەی فەرموودەکەیە نەک ڕاوییەکە، سەبارەت بەوەش کە دەڵێ پێم سەیرە چۆن مسلم ڕیوایەتی کردووە لە محمد بن عبدالوهاب، مەبەستی ئەوەیە سەنەدەکە نازل-ە محمد بن عبدالوهاب 11 ساڵ دوای مسلم مردووە، کەواتە

ووتەکەی عبدالله مەبەستی ئەوەیە فەرموودەکە معلول-ە وە سەنەدەکەش نازل-ە بە نسبەت مسلم، ئەگینا محمد بن عبدالوهاب أبو أحمد الفراء سیقەیە مسلم والنسائي والحاكم والذهبي وابن حجر بە سیقەیان داناوە کەس تەزعیفی نەکردووە. بڕوانە [طليعة التنكيل : 34-35]
تەنانەت محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەڵێ: الكوثري ڕیوایەتەکەی تەزعیف کردووە بەهۆی محمد بن عبدالوهاب، بەڵام سیقەیە.
محقق-ی تاريخ بغداد(٢) دەڵێ: علي بن عثام مەجهولە !
أبو حاتم الرازي و الحاكم و ابن حجر بە سیقەیان داناوە، الذهبي بە صدوق-ی داناوە، ڕەنگە لای محقق مجهول بێ چونکە زانستی نیە بە علم الرجال.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبي قال حدثنا إسحاق بن عيسى الطباع عن **ابن عيينة ووتی: بە سفیان الثوري-م ووت: لەوانەیە ئەمە وا لەتۆ بکات کە فەتوا بدەیت کاتێک دەبینی کەسێک ئەهلی فەتوادان نیە فەتوا دەدات بۆیە تۆش فەتوا دەدەیت. عبدالله دەڵێ: باوکم ووتی: مەبەستی أبو حنيفة بوو. [العلل ومعرفة الرجال : 2456] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني مهنا بن يحيى الشامي ووتی: **بیستم أحمد بن حنبل دەیووت: ووتەی أبو حنيفة و قشپل لەلامدا وەک یەک وان. [السنة : 216] (سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: مهنا بن يحيى الشامي هاوەڵی ئیمام أحمد-ە، ابن حبان و الدارقطني بە سیقەیان داناوە، أبو الفتح الأزدي بە زەعیفی داناوە، پێشتر باسمان کرد کە جەرحی الأزدي قبوڵ ناکرێ گەر پێچەوانەی زانایانی تر بێت چونکە خۆی مەجروحە و زیادەڕەویشە لە جەرح کردن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا طلحة بن علي الكتاني قال أخبرنا محمد بن عبدالله بن إبراهيم الشافعي قال حدثنا أبو الشيخ الأصبهاني قال حدثنا الأثرم ووتی: **بینیم أبو عبدالله -واتا ئیمام أحمد- چەندین جار أبو حنيفة و مەزهەبەکەی عەیبدار دەکرد، وە هەندێک لە ووتەکانی دەگێڕایەوە بۆ سەرزەنشت کردن و سەرسوڕمان. [تاريخ بغداد : 568/15] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: الكوثري دەڵێ: أبو الشيخ الأصبهاني تەزعيف كراوە لەلايەن أبو أحمد العسال، محقق-ی تاريخ بغداد(٢) هەمان ووتەی الكوثري دووبارە كردۆتەوە.
دوو أبو الشيخ الأصبهاني هەيە، يەكێكيان ناوی عبدالله بن محمد بن جعفر-ە زانايەكی ناودارە خاوەن چەند كتێبێكە حافزە سيقەيە متقن-ە قسەی لەسەر ناكرێ، الكوثري ڕاوی سەنەدەكەی بەم أبو الشيخ-ە هەژمار كردووە، جا وەسفی هەموو ئەم زانايانەی باس نەكردووە تەنها ئاماژەی بە تەزعيف كردنی العسال داوە بۆ أبو الشيخ، ئەمە لەكاتێكدا ئەم أبو الشيخ-ە ئەوەيان نيە كە الكوثري بۆی چيە بەڵكو ئەوی تريانە كە ناوی محمد بن الحسين بن إبراهيم بن زياد بن عجلان-ە الخطيب بە سيقەی داناوە كەسی تريش قسەی لەسەر نەكردووە بۆيە بەلانی كەم سەنەدەكە حەسەنە گەر تەوسيقی الخطيب بهێنينە خوارەوە بۆ پلەی صدوق، بەڵگەش بۆ ئەمە الخطيب لە ژياننامەكەيدا دەڵێ: ڕيوايەتی هەيە لە أبو بكر الأثرم، وە محمد بن عبدالله الشافعي ڕيوايەتی لێوە كردووە، وەک دەبينين لەم سەنەدە محمد بن عبدالله ڕيوايەتی لێوە كردووە ئەويش ڕيوايەتی لە الأثرم كردووە، جگە لەوەش بەڵگەيەكی تر كە يەكلا كەرەوەيە ئەويش ئەمەيە كە أبو بكر الأثرم ساڵی 273 مردووە بەڵام ئەو أبو الشيخ-ەی كە الكوثري بۆی چيە ساڵی 274 لە دايكبووە واتا ساڵێک دوای مردنی ئەو لە دايكبووە ئيتر چۆن ڕيوايەتی لێوە دەكات و دەڵێ: حدثنا الأثرم ؟! هەر چەندە الكوثري لە كتێبی (الترحيب) دانی بەم هەڵەيەی داناوە ناچاريشە دانی پێ بنێت چونكە بواری مراوغة كردنی نيە چونكە گەر بێتو لە كەسێكی نەخوێندەوار بپرسين كەسێک ساڵێک دوای مردنی كەسێكی تر لە دايكبووە ئايا دەكرێ ئەم دووانە بەيەكتر بگەن و ڕيوايەت لەيەكتر بكەن ؟ بێگومان دەڵێ نەخێر، جا الكوثري-ش لێرەدا هيچ بواری بۆ نەماوەتەوە بۆيە تەسليم بووە ئەگينا كەسێكی حەق ويست نيە، هەركەسێكيش كتێبی (التنكيل) بخوێنێتەوە گومانی لەم ڕاستيە نابێت، سەبارەت بەوەش كە دەڵێ: أبو أحمد العسال تەزعيفی أبو الشيخ-ی كردووە، لێرەدا ئێمە كارمان بە أبو الشيخ نەماوە كاتێک زانيمان الكوثري تێكەڵی كردووە لەگەڵ يەكێكی تر بەڵام وەک بەرگری كردن لەم زانايە وەڵامی ئەم گومانەش دەدەينەوە:
الألباني لە تەحقيقی (الطليعة) دەڵێ: ئەم تەزعيف كردنەی العسال بۆ أبو الشيخ نەچەسپاوە، وە

المعلمي له (التنكيل) دەربارەی ووتەکەی الكوثري دەڵێ: نەمدۆزیوەتەوە کە العسال وابڵێ، وە لەوێدا دەڵێ: هیچ هەواڵێکم پێ نەگەیشت تەنها ئەوە نەبێت کە کەسێک پێی ڕاگەیاندم کە لەگەڵ خودی الكوثري کۆبۆتەوە، ئەمە دوا ووتەی المعلمي-ە.

الألباني دەڵێ: ئەنجامی کۆبوونەوەکەی باس نەکرد، بۆیە نامەم بۆ شێخ محمد نصيف نارد داوای ڕوونکردنەوەم لێیکرد دەربارەی ئەم ووتەیەی المعلمي، ئەویش نامەی بۆ شێخ سليمان الصنيع نارد کە ئەندامی مەجلیسی شورا بوو لە مكة المكرمة، وە بەڕێوەبەری پێشووی کتێبخانەی الحرم المكي بوو، پرسیاری لێکرد دەربارەی ئەم ووتەیەی المعلمي دەربارەی کۆبوونەوەکە، شێخ سليمان الصنيع لە وەڵامدا ووتی: من چەند جارێک لەگەڵ الكوثري کۆبوومەوە لەماڵەکەیدا لە مصر پرسیاری ئەم بابەتەم لێکرد بەڵام هیچ ئەنجامێکم دەست نەکەوت، گەر الكوثري ڕاستگۆ بوایە دەربارەی ئەو ووتەیەی کە داویەتیە پاڵ أبو أحمد العسال ئەوا بۆی ڕوون دەکردمەوە کاتێک پرسیارم لێیکرد، وە ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوەیە کە الكوثري درۆ دەکات بەبێ ئامادەکاری و بیرکردنەوە لێی.

بڕوانە حاشیەی [الطليعة : 29] ت: الألباني ومحمد عبدالرزاق حمزة - دار الكتب السلفية

جگە لەمەش محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەڵێ: تەزعیف کردنی بەهۆی أبو الشيخ سەرکەشیە لەلایەن الكوثري-ە.

العقيلي دەڵێ: حدثنا محمد بن إسماعيل قال حدثنا سليمان بن حرب قال سمعت حماد بن زيد ووتی: **بيستم الحجاج بن أرطاة دەیووت: أبو حنيفة کێیە ؟! کێ عيلم لە أبو حنيفة وەردەگرێ ؟! أبو حنيفة چیە ؟!** [الضعفاء : 163/6] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ئەم ووتەیە بێ هۆ نیە، هۆکاری زۆری لە پشتە کە الحجاج بن أرطاة وابڵێ، بەڵام پێم سەیرە چۆن کەسێک لە سەردەمەکەی خۆیدا ئاوا وەسف بکرێ لە سەردەمەکانی تردا دەبێتە پێشەوا ؟! الحجاج بن أرطأة لە فەرموودە زەعیفە، بەڵام ئەمە ڕەئی خۆیەتی دەری بڕیوە هیچ پەیوەندی بە ڕیوایەت نیە تا بڵێین زەعیفە، بۆیە ئەمە باس دەکەم چونکە ئەمەش کراوە بە بیانوو.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا البرمكي قال أخبرنا محمد بن عبدالله بن خلف قال حدثنا عمر بن محمد

الجوهري قال حدثنا أبو بكر الأثرم قال حدثنا سنيد بن داود قال حدثنا حجاج ووتی: **پرسیارم لە قیس بن الربيع کرد دەربارەی أبو حنيفة، قیس ووتی: من لە هەموو کەسێک شارەزاترم بە أبو حنيفة، ئەو جاهیلترین کەسە بەو شتانەی کە بوونیان هەیە، وە زاناترین کەسە بەو شتانەی کە بوونیان نیە.** **[تاریخ بغداد : 558/15] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: محقق-ی تاریخ بغداد(١) و (٢) دەڵێن: سەنەدەکە زەعیفە چونکە قیس زەعیفە !

والله المستعان قیس خۆی خاوەنی ووتەکەیە ڕەئی خۆی دەربارەی أبو حنيفة ووتوە، سەنەدەکە چ پەیوەندی بە زەعیف بوونی قیس هەیە ؟! بڕوانە لاپەڕە 27-32 وەڵامی ئەم گومانەمان داوەتەوە.

محقق-ی تاریخ بغداد(٢) دەڵێ: الخطیب دەربارەی عمر بن محمد الجوهري وتوویەتی: هەندێک لە فەرموودەکانی مونکەرە.

ئەمە ڕاستە الذهبي-ش هەمان شتی ووتوە، بەڵام وەک المعلمي لە [التنكيل : 625/1] ئاماژەی پێداوە الجوهري لە کتێبەکەی أبو بکر الأثرم ڕیوایەت دەکات تەنها نوسخەی کتێبەکە صەحیح بێت بەسیەتی.

گەر بڵێین زەعیفە و پشتی پێ نابەسترێ ئەوا موتابەعە کراوە لەلایەن عبدالله بن عبدالرحمن ئەویش هەمان شت لە قیس بن الربيع دەگێڕێتەوە وەک لە [تاریخ بغداد : 558/15] هاتووە بە لەفزی: پرسیار لە قیس بن الربيع کرا دەربارەی أبو حنيفة، ووتی: جاهیلترین کەسە بەو شتانەی کە بوونیان هەیە، وە زاناترین کەسە بەو شتانەی کە بوونیان نیە.

مەبەست لەم ووتەیەش ئەوەیە کە زۆربەی ووتەکانی أبو حنيفة گریمانەین وەک مەتەڵ وان گەر پیاوێک ئاوای کرد حوکمی چیە گەر پیاوێک ئاوای بەسەرهات حوکمی چیە، زۆربەی فەتواکانی لەم جۆرەیە کە بە دەگمەن دەبینیت شتی ئاوا ڕوو بدات لە واقیعدا، کەچی ئەو شتانەی کە بەڵگەیان لەسەر هاتووە بێ ئاگایە لێی.

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدة بن عبدالرحيم بيستم معروف دەیووت: **أبو حنيفة چووە سەردانی الأعمش کە نەخۆش بوو، جا أبو حنيفة ووتی: ئەی باوکی محمد گەر هاتنم لەسەرت قورس**

نەبوایە ئەوا هەموو ڕۆژێک سەردانتم دەکرد، الأعمش ووتی: ئەمە کێیە ؟ ووتیان: أبو حنيفة-یە، ووتی: ئەی النعمان والله تۆ لە ماڵەکەی خۆتدا قورسی بەسەرمەوە چ جای ئەوەی بێیت بۆ لام ؟! [السنة : 243]

ووتم: معروف بن حسان السمرقندي زەعیفە، بەڵام القحطاني لە حاشیەدا دەڵێ: ناوی معرف-ە نەک معروف.

بەپێی ئەم قسەیەی القحطاني بێت (معرف بن واصل السعدي)ە کەواتە سیقەیە، هەر بۆیەش القحطاني سەنەدەکەی بە حەسەن داناوە چونکە عبدة صدوق-ە، معرف و معروف هەردووکیان لەیەک سەردەمدا ژیاون و هەردووکیان ڕیوایەتیان هەیە لە الأعمش، معرف و الأعمش هەردووکیان خەڵکی کوفەن، بەڵام معروف خەڵکی سەمەرقەندە هەر ئەمەش وای کردووە القحطاني پێی وابێ معرف ڕاستە نەک معروف چونکە معرف کوفی بووە ئەو زیاتر دەگونجێ کە لە ماڵی الأعمش بوو بێت لەو کاتەدا، بەڵام ابن عدي لە کتێبی (الكامل في ضعفاء الرجال) لە ژیاننامەی معروف بن حسان السمرقندي هەمان ئەم بەسەرهاتەی الأعمش و أبو حنيفة ڕیوایەت دەکات لە سەنەدەکە ناوی معروف بن حسان دەهێنێت، وە دەڵێ: معروف بن حسان فەرموودەکانی مونکەرە. جا بۆیە صەواب ئەوەیە کە ئەمە معروف بێت نەک معرف، بەڵام معروف خۆی لە ماڵی الأعمش دابووە کاتێک أبو حنيفة سەردانی کردووە، واتا خۆی شایەتی بەسەرهاتەکە بووە نەک بۆیان گێڕا بێتەوە، ئەم جۆرە ڕیوایەتانەش وەک هەر بەسەرهاتێکی تر وایە کە ئێمە ڕۆژانە دەیبینین و دەیبیستین و دەیگێڕینەوە، وەک لە لاپەڕە 27-32 ئاماژەمان پێدا.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن عمرو بن عباس الباهلي حدثنا الأصمعي ووتی: **سفيان الثوري ووتی: هیچ منداڵێک لە کوفە لەدایک نەبووە -یان لەم ئوممەتەدا- بە زیانتر بێت لەسەر ئوممەت لە أبو حنيفة.** [السنة : 264] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل حدثنا أحمد بن عبدالله بن يونس حدثنا نعيم بن يحيى السعيدي ووتی: **بیستم سفيان الثوري دەیووت: کەس شتی دانەهێناوە لە ئیسلامدا وەک أبو حنيفة مەگەر**

أبو الخطايا. [السنة : 267] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: أبو الخطايا کەسێکی زندیق بوو لە سێدارە درا بەهۆی زندیق بوونی.

(أحمد بن عبدالله بن يونس) بۆتە (حمد بن عبدالله بن يونس) لە تەحقیقی عادل آل حمدان ئەمەش هەڵەیە، لەسەر تەحقیقی القحطاني ڕاستم کردۆتەوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني هارون بن سفيان ووتی: **بیستم أبو عاصم ووتی: هەواڵی مردنی أبو حنيفة-م برد بۆ سفيان، هیچی نەووت جگە لەوەی کە ووتی: الحمد لله کە سەلامەتی کردم لە زۆرێک لەو بەڵایانەی کە زۆربەی خەڵکی پێی تاقی کراونەتەوە. أبو عاصم دەڵێ: سەیرم بە سفيان هات.** [السنة : 275]

ووتم: أبو عاصم بۆیە سەیری بە ووتەکەی سفيان الثوري هاتووە چونکە خۆی لەگەڵ ئەهلی ڕەئی دادەنیشت، عبدالله دەڵێ: بیستم باوکم دەیووت: بە أبو عاصم-م ووت: چیتە بۆ بە هاوەڵەکانت ناچیت وەک ابن عون نیت ؟ ئەمەش لەبەر ئەوەی لەگەڵ هلال دادەنیشت کە ئەهلی ڕەئی بوو.
[العلل ومعرفة الرجال : 995]

هارون بن سفيان جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە بەڵام بۆیە ئەم ڕیوایەتەم هێنا تا حاڵی أبو عاصم دەرکەوێ گەر لە شوێنێک مەدحی أبو حنيفة-ی کرد تا بزانن چ باسە، ئەگینا ئەم ڕیوایەتە لەلای الخطيب هاتووە لە تاريخ بغداد بە صەحیحی کە پشت ڕاستی ئەم ڕیوایەتە دەکاتەوە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو سعيد محمد بن موسى الصيرفي قال حدثنا أبو العباس محمد بن يعقوب الأصم قال حدثنا محمد بن علي الوراق قال حدثنا مسدد ووتی: **بیستم أبو عاصم دەیووت: لای سفيان باسی مردنی أبو حنيفة کرا، نەمبیست نە بڵێ رحمه الله نە هیچ شتێک، ووتی: الحمد لله کە ئێمەی سەلامەت کرد لەو بەڵایانەی کە أبو حنيفة توشی بوو.**
[تاريخ بغداد : 585/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو معمر عن الوليد بن مسلم ووتی: **مالك بن أنس پێی ووتم: باسی أبو**

حنيفة دەکرێ لە شارەکەتان ؟ ووتم: بەڵێ، ووتی: ناکرێ لە شارەکەی ئێوە نیشتەجێ بێت.

[السنة : 280]

ووتم: ڕواڵەتی سەنەدەکە صەحیحە، أبو معمر سیقەیە، الولید سیقەیە بەڵام تەدلیسی التسویة ئەنجام دەدات کە پیسترین جۆریەتی بەڵام لێرەدا تەصریحی داوە بە سەماع بۆیە مەترسی تەدلیس نەماوە، بەڵام عبدالله لە کتێبی [العلل ومعرفة الرجال : 4732] هەمان ئەم ڕیوایەتە دەهێنی پاشان دەڵێ: وای نابینم أبو معمر ئەمەی بیستبێ لە الولید.

بەڵام الخطیب لە [تاریخ بغداد : 551/15] هێناویەتی کە أبو معمر دەڵێ: حدثنا الولید بن مسلم، واتا تەصریحی داوە بە سەماع، بەڵام هەندێکجار پێشەوایانی زانستی فەرمووده دەڵێن فلان هیچی نەبیستووە لە فلان، کەچی دەبینین لەکتێبێکدا ئەم فلانەی یەکەم دەڵێ: سمعت فلانی دووەم، جا لێرەدا ڕەنگە بووترێ ئەم زانایە ووتی هیچی لێ نەبیستووە کەچی لەم کتێبەدا ئیثباتی سەماع کراوە! لێرەدا ووتەی زاناکە پێش دەخرێ چونکە ئەم کتێبە تا گەیشتووە بە دەستمان ئەم هەموو نوسخەیەی لێ نوسراوەتەوە و چاپکراوە ڕەنگە هەڵە تێیدا ڕوویدا بێت (عن) بکرێ بە (حدثنا یان سمعت) ژمارەیەک نموونەی ئاواش هەیە، بەڵام لێرەدا عبدالله دڵنیا نیە لەوەی کە أبو معمر لە الولید-ی نەبیستووە بەڵکو دەڵێ وای نابینم لە الولید-ی بیستبێ، هەست دەکەی کە ووتەکەی ظني-ە نەک یقیني بێت، هەروەها ابن حبان-یش هێناویەتی لە [المجروحین : 413/2] کە أبو معمر تەصریح دەدات بە سەماع، بۆیە ئیثبات کردنی سەماعەکە هێزی خۆی هەیە گەر قسەکەی عبدالله-ش ڕاست بێ ئەوا مالك تا بەم قسەیە ڕادەگات تەکفیریشی کردووە وەک دواتر دەیهێنین.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا أبو العلاء محمد بن الحسن الوراق أخبرنا أحمد بن كامل القاضي وأخبرنا محمد بن عمر النرسي أخبرنا محمد بن عبدالله الشافعي أخبرنا عبدالملك بن محمد بن عبدالله الواعظ أخبرنا أحمد بن الفضل بن خزيمة قالوا حدثنا أبو إسماعيل الترمذي حدثنا أبو توبة حدثنا الفزاري ووتی: **بیستم الأوزاعي وسفیان (الثوري) دەیانووت: لە ئیسلامدا هیچ منداڵێک لە دایک نەبووە کە شومتر بێت بۆیان لە أبو حنیفة. وە الشافعي ووتی: خراپتر بێت لە أبو حنیفة.**

[تاريخ بغداد : 549/15] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الكوثري دەڵێ: (أحمد بن كامل القاضي) الدارقطني دەربارەی دەڵێ: لە حفزی خۆیەوە ڕیوایەت دەکات کە لە کتێبەکانیدا نیە، سەرسام بوون بەخۆی بە هیلاکی برد حیسابی بۆ یەکێک لە فقهاء نەدەکرد.

هەروەک المعلمي وەڵامی داوەتە: ڕاوی فەرموودەیەک ڕیوایەت بکات فەرموودەکە لەناو کتێبەکانی دانەبێت ئەمە نابێتە جەرح، خۆ مەرج ڕاوی هەرچی حفز کردووە هەمووی لەناو کتێبەکانی نوسی بێتەوە، سەربارەت بەوەش کە حیسابی بۆ فقهاء نەکردووە الدارقطني مەبەستی ئەوەیە کە لەسەر مەزهەبی خۆی بووە شوێنی مەزهەبی هیچ زانایەکی تر نەکەوتووە، ئەمەش ببێتە مەدح نابێتە زەم.

جگە لەو وەڵامەی المعلمي، الذهبي بە حافظ وەسفی کردووە، ابن رزقویە دەڵێ: چاوەکانم کەسی نەدیوە وەک ئەو بێت، الخطیب دەڵێ: لە زانایانی الأحكام وعلوم القرآن والنحو والشعر والتاريخ بوو کتێبی زۆری هەیە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثنا إسماعيل بن أبي أويس ووتی: **خاڵم مالك بن أنس پێی ووتم: أبو حنيفة لە دەردە بێ دەرمانەکانە. وە مالك ووتی: أبو حنيفة فەرموودەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.** [السنة : 281]

ووتم: إسماعيل بن أبي أويس زەعیفە، البخاري لە صەحیحەکەیدا لە ڕێگای إسماعيل بەشێک لە فەرموودەکانی الموطأ ڕیوایەت دەکات لە مالك-ەوە، بەڵام البخاري لە ئەصلی کتێبەکەی إسماعيل فەرموودەکانی وەرگرتووە کامەی بەلاوە صەحیح بووە ڕیوایەتی کردووە ئەمەش پێی دەووترێ (الانتقاء) هەڵبژاردکردنی فەرموودە صەحیحەکانی ڕاوی زەعیف، ئەم ڕوونکردنەوەیەم وەک بەرگریەک بوو بۆ صحيح البخاري، تا کەسانێک وا تێنەگەن هەر ڕاوییەک کە ووترا زەعیفە و لەهەمان کاتدا لە الصحيحين ڕیوایەتی هەبوو کەواتە فەرموودەی الصحيحين زەعیفە، بەڵکو مامەڵەیەکی جیاواز دەکرێت لەگەڵ ڕاوییە زەعیفەکانی الصحيحين چونکە البخاري و مسلم فەرموودە صەحیحەکانی ڕاوییە زەعیفەکانیان دەرهێناوە نەک هەرەمەکی ڕیوایەت بکەن لێیانەوە.

إسماعيل لەم ڕیوایەتەدا موتابەعە کراوە پێشتر هێنامان کە عبدالملك بن حبيب لە مطرف دەیگێڕێتەوە ئەویش لە مالك.

البخاري دەڵێ: بیستم الحميدي دەیووت: **أبو حنيفة ووتی: چوومە مەککە سێ سوننەت فێربووم لەو کەسەی کە سەرتاشی بۆ کردم کاتێک لەبەر دەستی دانیشتم، پێی ووتم: ڕووت لە قیبلە بکە، جا بەلای ڕاستی سەرمەوە دەستی پێکرد، وە تاکو دوو ئێسکەکە هێنای. الحميدي ووتی: کەسێک سوننەتەکانی لانەبێت کە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ڕیوایەت کراوە دەربارەی مەناسیکەکان و جگە لەویش چۆن ئەم کەسە تەقلید دەکرێتەوە لە میرات و فەرزەکان و زەکات و نوێژ و کاروبارەکانی ئیسلام ؟! [التاريخ الأوسط : 1122] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني منصور بن أبي مزاحم ووتی: **بیستم شريك دەیووت: گەر هەموو ماڵێک لە ماڵەکانی کوفە عەرەق فرۆشی تێدا بێت و عەرەق بفرۆشێت باشترە لەوەی کەسێکی تێدا بێت کە هەمان عەقیدەی أبو حنيفة-ی هەبێت. [السنة : 287] (سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: محقق-ی تاريخ بغداد(١) و (٢) دیسان دەڵێن: سەنەدەکەی زەعیفە چونکە شريك زەعیفە ! بەڕاستی ئەمە کارەساتی زانستیە، بگەڕێوە بۆ لاپەڕە 27-32 وەڵاممان داوەتەوە.

عبدالله دەڵێ: حدثني إبراهيم سمعت عمر بن حفص بن غياث يحدث عن أبيه **(حفص بن غياث) ووتی: من لەلای أبو حنيفة دادەنیشتم، جا دەمبیست لێی فەتوای دەدا لە بابەتێکدا بە پێنج ووتە لەیەک ڕۆژدا، جا کاتێک ئەمەم بینی وازم لێی هێنا و ڕووم کردە فەرموودە.**
[السنة : 298] (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: کە دەڵێ: (وازم لێی هێناو ڕووم کردە فەرموودە) دەزانن ئەم ووتەیە واتای چیە ؟ واتا أبو حنيفة ئەهلی ڕەئی بووە و بە ڕەئی فەتوای داوە، کەی وازت لەو هێنا ئینجا دەچیتە ڕیزی ئەهلی سوننە و حەدیث.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن أبي عمر الدوري المقرئ ووتی: **بیستم أبو عبيد القاسم بن سلام**

دەیووت: من دانیشتبووم أسود بن سالم-یش لەگەڵمان بوو، جا باسی بابەتێک کرا، منیش ووتم: أبو حنیفة لەم بابەتەدا ئاوا و ئاوا دەڵێ، أسود ئاوڕی لێم دایەوە ووتی: باسی أبو حنیفة دەکەیت لەناو مزگەوتدا ؟! أبو عبید دەڵێ: أسود تاکو مرد قسەی لەگەڵم نەکردەوە. [السنة : 311]

ووتم: محمد بن حفص بن عمر الدوري جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو ژیاننامەیەی کە لە (الجرح والتعدیل لابن أبي حاتم) و (تاريخ بغداد للخطيب) هاتووە دەتوانین بڵێین ڕیوایەتێکی لەم شێوەیە شایستەی قبوڵ کردنە.

عبداللە دەڵێ: حدثني محمد بن أبي عتاب الأعين حدثني أبو نعيم ووتی: **بیستم شریك دەیووت: هاوەڵانی أبو حنیفة-م بە هیچ نەشوبهاندوون تەنها بە دەف لێدەران نەبێت، گەر یەکێک لەوان سمتی بەدەرکەوێ لەناو مزگەوتدا هیچ بە خەیاڵیدا نایەت کێ دەیبینێت.**

[السنة : 317] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: القحطاني دەڵێ: سەنەدەکە حەسەنە، محمد بن أبي عتاب الأعين صدوق-ە.

پێم وایە دەربارەی زۆربەی ڕاوییەکان پشتی بە کتێبی (تقريب التهذيب)ی ابن حجر بەستووە، بەپێی تەجروبە ئەمەم بەدی کرد، زۆربەی حوکمەکانی دەربارەی ڕاوییەکان هەمان حوکمی ناو ئەم کتێبەیە، ئەمەش کارێکی باش نیە ناکرێ تەنها پشت بە یەک کتێب ببەسترێ.

عبداللە دەڵێ: حدثني محمد بن عبدالعزيز بن أبي رزمة ووتی: بیستم باوکم دەیووت: **ئێمە لەلای حماد بن سلمة بووین، جا باسی بابەتێکیان کرد، ووترا: أبو حنیفة وادەڵێ، حماد ووتی: ئەمە واللە ووتەی ئەم لە دین دەرچووەیە.** [السنة : 323] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ئەمەش تەکفیر کردنی أبو حنیفة-یە لەلایەن پێشەوای گەورە حماد بن سلمة.

عبداللە دەڵێ: حدثني أحمد بن إبراهيم الدورقي حدثنا الهيثم بن جميل ووتی: **بیستم حماد بن سلمة دەربارەی أبو حنیفة دەیووت: ئەمە اللە سەراو ژوور دەیخاتە ناو ئاگر.**

[السنة : 325] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ئەمەش وەک دوعاکردن ووتراوە نەک هەواڵ پێدان.
القحطاني دەڵێ: الهيثم بن جميل مێشکی تێکچوو جا تەرک کرا.
ئەم حوکمەی لە (تقريب التهذيب)ی ابن حجر دەرهێناوە، بەڵام وەک خۆی نەقلی نەکردووە چونکە ابن حجر دەڵێ: سیقەیە، وەک بڵێی مێشکی تێکچووە و تەرک کراوە.
ئەمەشی بۆ گونجاندنی ووتەکەی أبو نعيم الأصبهاني ووتوە چونکە أبو نعيم دەڵێ مەتروکە.
بەڵام هەر یەک لە ئیمام أحمد وإبراهيم الحربي وابن سعد وابن حبان والدارقطني وأحمد بن صالح الجيلي والذهبي بە سیقەیان داناوە، هەربۆیە دانەرانی کتێبی (تحرير تقريب التهذيب) دەڵێن: ئەو ووتەیەی ابن حجر کە دەڵێ: لەوانەیە مێشکی تێکچوو بێت و تەرک کرا بێت، نەمان دۆزییەوە پێش ئەو کەس ئەمەی ووتبێ.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو معمر عن إسحاق بن عيسى ووتی: **پرسیارم لە حماد بن سلمة کرد دەربارەی أبو حنيفة، ووتی: ئەمە أبو جيفة-یە، ئەمە أبو جيفة-یە، الله عز وجل زەوی پێ داخست.** [السنة : 326] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**
ووتم: (جيفة) واتا: کەلاکی تۆپیو.
لە تەحقیقی عادل آل حمدان (إسحاق بن عيسى) بۆتە (ابن إسحاق بن عيسى) ئەمەش هەڵەیە، إسحاق بن عيسى الطباع صدوق-ە، برای محمد بن عيسى الطباع-ە.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن أبي عتاب الأعين حدثنا منصور بن سلمة الخزاعي ووتی: **بیستم حماد بن سلمة لەعنەتی لە أبو حنيفة دەکرد. أبو سلمة ووتی: شعبة-ش لەعنەتی لە أبو حنيفة دەکرد.** [السنة : 327] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: چەند ڕیوایەتێک پێش ئێستا یەکێک لە سەنەدەکان محمد بن أبي عتاب الأعين-ی تێدا بوو، القحطاني ووتی: سەنەدەکە حەسەنە چونکە محمد صدوق-ە، لەم ڕیوایەتەشدا محمد بوونی هەیە کەچی القحطاني دەڵێ سەنەدەکەی صەحیحە ! چەند جارێک هەڵەی لەم شێوەیەی دووبارە کردۆتەوە، بۆ نموونە: لە ڕیوایەتی 358 و 359 و 360 شێخەکەی عبدالله ناوی محمد بن علي-ە،

القحطاني له حاشيەدا دەربارەی ڕیوایەتی 358 دەڵێ: محمد بن علي جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، کەچی لەهەمان حاشیەدا دەربارەی ڕیوایەتی 359 و 360 دەڵێ: ڕاوییەکان سیقەن !

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدة بن عبدالرحيم -مروزي شيخ صالح- أخبرنا سلمة بن سليمان ووتی: **حمزة البزاز هاتە لای ابن المبارك، ووتی: ئەی باوکی عبدالرحمن پێم گەیشتووە دەربارەی ڕۆشن بینی أبو حنيفة لە فەرموودەدا و خۆماندوو کردنی لە عیبادەتدا، تا وای لێهات وانازانم کەسێک هەبێت شان لەشانی بدات، ابن المبارك ووتی: سەبارەت بەوەی کە ووتت ڕۆشن بین بوو لە فەرموودەدا ئەوا ئەهلی ئەوە نەبوو، من دەچوومە لای بە نهێنی لەبەر سفيان الثوري، وە هاوەڵانم لۆمەیان دەکردم لەسەر چونم بۆلای، وە دەیانووت: کتێبەکانی محمد بن جابر-ی کەوتە دەست و ڕیوایەتی کرد، سەبارەت بەوەش کە ووتت خۆی ماندوو دەکرد لە عیبادەتدا ئەوا ئەهلی ئەوە نەبوو، بەیانی دەکردەوە زۆر چالاک بوو لە پرسیار وەڵامدانەوە، ئەمەش عادەتی بوو تاکو لەوانەبوو قەیلولەی لە دەست چووبوایە، پاشان ئێوارەی دەکردەوە هەر چالاک بوو، خاوەنی عیبادەت و شەونخونیش بەیانی دەکاتەوە ماندووە. [السنة : 328] (سەنەدەکەی حەسەنە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرني محمد بن أحمد بن يعقوب قال أخبرنا محمد بن نعيم الضبي قال سمعت أبا سعيد عبدالرحمن بن أحمد المقرئ يقول سمعت أبا بكر أحمد بن محمد بن الحسين البلخي يقول سمعت محمد بن على بن حسن بن شقيق دەیووت: **بیستم باوکم دەیووت: بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: یەک فەرموودە لە فەرموودەکانی الزهري لەلام خۆشەویسترە لە هەموو ووتەکانی أبو حنيفة. [تاريخ بغداد : 574/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثنا إبراهيم بن شماس السمرقندي ووتی: **عبدالله بن المبارك لە أبو حنيفة-ەوە ڕیوایەتی بۆ کردین لە سەنگەردا، جا پیاوێک هەڵسایەوە بۆی کونیەکەی أبو خداش بوو ووتی: ئەی باوکی عبدالرحمن ڕیوایەتمان بۆ مەکە لە أبو حنيفة-ەوە ئەو مورجیئە بوو، ابن المبارك ئینکاری ئەم شتەی لێنەکرد، جا دوای ئەمە گەر فەرموودەکە لە**

أبو حنيفة-ەوە بوایە یان ڕەئی أبو حنیفة بوایە ابن المبارك زەربی بەسەردا دەهێنا لە کتێبەکانیدا، وە وازی هێنا لە ڕیوایەت کردن لە أبو حنیفة-ەوە. ئەم ڕیواتانەش دوا ڕیوایەت بوو کە ابن المبارك بۆ خەڵکی گێڕایەوە لە سەنگەردا، پاشان گەڕایەوە و مرد. إبراهیم دەڵێ: من لەگەڵیدا بووم لەناو کەشتیدا کاتێک لە سەنگەر گەڕایەوە، وە ئەو فەرموودەی بۆ دەگێڕاینەوە جا بەسەر هەندێک فەرموودەی أبو حنیفة تێپەڕی بە ئێمەی ووت: زەرب بهێنن بەسەر فەرموودەی أبو حنیفة من لە فەرموودە و ڕەئی أبو حنیفة دەرچوومە. إبراهیم دەڵێ: ابن المبارك لە گەڕانەوەی لەم سەنگەرەدا مرد. إبراهیم دەڵێ: پیاوێک بە ابن المبارك-ی ووت ئێمەش لەلای بووین: أبو حنیفة مورجیئە بوو بڕوای بە خروج کردن هەبوو، ابن المبارك ئینکاری ئەم شتەی لێنەکرد.

[السنة : 330] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: ئەم ڕیوایەتەش دەری دەخات کە ابن المبارك لەکۆتایی تەمەنیدا پەشیمان بۆتەوە لە ڕیوایەت کردنی لە أبو حنیفة، وە هەڵوێستی بەرامبەری گۆڕاوە، ئەمەش وەڵامێکی بەهێزە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ابن المبارك مەدحی أبو حنیفة-ی کردووە.

عبدالله دەڵێ: حدثني القاسم بن محمد الخراساني حدثنا عبدان عن **ابن المبارك ووتی: مەجلیسێک کە نازانم هەرگیز صەلەواتی تێدا درابێ لەسەر پێغەمبەر ﷺ مەجلیسێک بوو، پاشان بێدەنگ بوو باسی نەکرد، جا ووتی: واتا مەجلیسی أبو حنیفة.**

[السنة : 332] (سەنەدەکەی صەحیحە).

عبدالله دەڵێ: حدثني عبدالله بن أحمد بن شبویه قال سمعت عبدان دەیووت: بیستم سفیان بن عبدالملك دەیووت: **بیستم عبدالله بن المبارك دەربارەی فەتوایەکی أبو حنیفة دەیووت: جەردەیی و ڕێگری هەندێک جار لەمە باشترە. [السنة : 335] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الحسن بن العطار محمد بن محمد سمعت أحمد بن شبویه یقول أنبأنا أبو صالح سلیمان بن صالح ووتی: **بە ابن المبارك ووترا: ڕیوایەت دەکەی لە أبو حنیفة-ەوە ؟!**

ابن المبارك ووتی: پێی تاقی کرامەوە. [السنة : 336] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: (أبو صالح سليمان بن صالح) ناسراو بە سلمويه هاوەڵی ابن المبارك-ە سیقەیە، لە تەحقیقی عادل آل حمدان بۆتە (أبو صالح يود بن هانئ) عادل لە حاشیە دەڵێ: بەم شێوەیە بوو لە نوسخەی دەستنوس نازانم مانای چیە، وە القحطاني-ش لە حاشیەدا دەڵێ: لە نوسخەی دەستنوس بە (يود بن هانئ) بەڵام بەپێی کتێبەکانی تر چاکم کردۆتەوە.

بێگومان ئەوەی القحطاني دروستە چونکە هیچ ڕاوییەک نیە بەناوی (يود بن هانئ) بگرە ناوی يود زۆر نامۆیە، هەروەها الذهبي لە (سير أعلام النبلاء) لە ژیاننامەی أبو صالح سليمان بن صالح دەڵێ: هاوەڵی ابن المبارك بووە، أحمد بن شبويه و إسحاق بن راهويه ڕیوایەتیان لێوەی کردووە.

وەک دەبینن لەم سەنەدە أحمد بن شبويه ڕیوایەتی کردووە لە سليمان ئەویش ڕیوایەتی کردووە لە ابن المبارك، بۆیە سەنەدەکە صەحیحە.

ابن حبان دەڵێ: سمعت محمد بن محمود بن عدي يقول سمعت بن قهزاد دەیووت: **بیستم علي بن جرير دەیووت: بە عبدالله بن المبارك-م ووت: پیاوێک پێی وایە أبو حنيفة زاناترە لە قەزاوەت کردن لە پێغەمبەری الله ﷺ عبدالله ووتی: ئەمە کوفرە، منیش ووتم: ئەی باوکی عبدالرحمن بەهۆی تۆوە کوفر لەناو خەڵکی بڵاو بوویەوە، خەڵکی ووتیان تۆ ڕیوایەتت لە أبو حنيفة کردووە ئەوانیش ڕیوایەتیان لێیکرد، ابن المبارك ووتی: بە أبو حنيفة تاقی کرامەوە، وە چاوەکانی فرمێسکی لێدەهات.** [الثقات : 464/8] ط: دائرة المعارف العثمانية

ووتم: محمد بن محمود بن عدي بن خالد أبو عمرو المروزي یان النسوي، نەمبینی کەس جەرح و تەعدیلی بۆ بکات تەنها ئەوە نەبێ کە الخطیب دەڵێ: هاتە بغداد فەرموودەی گێڕایەوە لە فلان و فلان ... هتد، فەرموودەکانی دروست بوون، وە محمد بن عبدالله بن قهزاد المروزي سیقەیە، ڕیوایەتی دواتر ئەم ڕیوایەتە پشت ڕاست دەکاتەوە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال أخبرنا ابن سلم قال أخبرنا الأبار قال أخبرنا محمد بن المهلب السرخسي قال حدثنا **علي بن جرير ووتی: من لە کوفە بووم چووم بۆ بەصرە ابن المبارك لە بەصرە**

بوو، پێی ووتم: خەڵکیت چۆن جێهێشت ؟ ووتم: خەڵکانێکم جێهێشت لە کوفە پێیان وایە أبو حنیفة زاناترە لە پێغەمبەری الله ﷺ ابن المبارك ووتی: ئەمە کوفرە، ووتم: تۆیان لە کوفردا کرد بە ئیمام، جا گریا تا ڕیشی تەڕ بوو، واتا: ڕیوایەتی لە أبو حنیفة کرد.

[تاريخ بغداد : 572/15] (سەنەدەکەی حەسەنە).

ووتم: ووتەی کۆتایی نازانم هی کێیە کە دەڵێ (واتا ڕیوایەتی لە أبو حنیفة کرد) ماناکەی ئەوەیە کە بینیان تۆ دەچیتە لای و گوێی بۆ دەگری خەڵکیش بەهۆی تۆوە هەڵخەڵەتان و گەورەیان کرد.

زكريا الساجي دەڵێ: حدثني محمد بن روح المدايني قال حدثني معلى بن أسد ووتی: **بە ابن المبارك-م ووت: خەڵکی دەڵێن تۆ دەچیتە لای أبو حنیفة ! ووتی: هەموو ئەو شتانەی خەڵک دەیڵێن مەرج نیە ڕاست بێ، ئێمە دەچووینە لای و نەمان دەناسی، کاتێک ناسیمان وازمان لێ هێنا.**

[ابن عبدالبر نەقلی کردووە - الانتقاء : 151]

ووتم: (محمد بن روح المدايني) گەر محمد بن روح العكبري بێت کە زكريا الساجي ڕیوایەتی لێوە کردووە ئەوا پێشتر باسمان کرد، گەر ئەویش نەبێت ئەوا نایناسم و نەمدۆزییەوە.

زكريا الساجي دەڵێ: بيستم محمد بن الوليد البسري ووتی: **ووتەکانی أبو حنیفة-م لەبەرکرد، جا ڕۆژێک لەلای أبو عاصم بووم، هەندێک لە بابەتەکانی أبو حنیفة-م لەلای خوێند، ووتی: توانای لەبەرکردنت چەندە باشە، بەڵام چی وای لێکردیت شتێک لەبەر بکەیت کە پێویستت بەوە بێ تەوبەی لێ بکەیت بۆلای الله ؟!**

[الخطيب نەقلی کردووە - تاريخ بغداد : 559/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).

عبدالله دەڵێ: حدثني إسحاق بن منصور الكوسج حدثنا محمد بن يوسف الفريابي ووتی: بيستم سفيان دەیووت: **بە سوار ووترا: سەیرێکی بەشێک لە ووتەکانی أبو حنیفة و باسەکانی بکە، سوار ووتی: چۆن ووتە لە پیاوێک قبوڵ بکەم کە نەرم ونیانی پێ نەبەخشراوە لە دینەکەیدا !**

[السنة : 245] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: لە [تاريخ بغداد : 550/15] لەڕێگای الفريابي-ەوە هاتووە صەحیحە سوار دەڵێ: چۆن سەیری

ووتەی کەسێک بکەم کە نەرم و نیانی پێ نەبەخشراوە لە دینەکەیدا.

محمد الغزالي دەڵێ: سەرکردەی پێشووی سەلەفیەکانی مصر شێخ حامد الفقي سوێندی خوارد بە الله کە أبو حنیفة کافرە، وە تاکو ئێستاش ئەو پیاوانەی کە ئەم سوێندە خراپەیان بیست زیندوون. [سر تأخر العرب والمسلمين : 52] ط: نهضة مصر

محمد بن عبدالله دەڵێ: هادەوییەکان ناسراون بەوەی کە لە فیقهدا ووتەی حەنەفیەکان وەردەگرن، ناوبانگی ئەمەش پێویستی بە نەقل کردنی ووتە نیە لەم بارەیەوە، وە زانراوە کە مەزهەبی حەنەفی دوورترین مەزهەبە لە سوننەت لەنێوان چوار مەزهەبەکەدا، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. أبو حنیفة کەوتۆتە ناو لادانی عەقیدەیی و کرداری، وەک ووتنی قورئان مەخلوقە و ئیرجاء و خروج کردن لەسەر حاکمەکان.

٢. پشت بەستنی بە ڕەئی تەنانەت زۆرێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەری الله ﷺ ڕەت کردەوە، ابن أبي شیبة 125 بابەتی باسکردووە کە أبو حنیفة تێیدا موخالەفەی فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ کردووە.

٣. أبو حنیفة لێزان نەبووە لە زانستی فەرموودەدا هەر بۆیە ڕیوایەتی کەمە سەرەڕای زۆری چوونە ناویەوە، لەبەر ئەو هۆکارەی کە باسمان کرد زانایانی فەرموودە أبو حنیفة-یان لەکەدار کرد، وە مقبل بن هادي الوادعي هەڵسا بە نوسینی کتێبەکەی (نشر الصحیفة في ذکر الصحیح من أقوال أئمة الجرح والتعدیل في أبي حنیفة) تێیدا ووتەی پێشەوایانی جەرح و تەعدیلی کۆکردۆتەوە کە زیاترن لە 70 زانا، وە زۆر کەمە شتێکی ئاوا ڕووبدات کەسێک بەم ژمارە زۆرەوە قسەی پێ بووترێ، جا کە حاڵی أبو حنیفة بەم شێوەیە بوو کە باسم کرد بۆیە زۆربەی شوێنکەوتوانی موعتەزیلە بوون هەروەک زیاتر لە زانایەک ئەمەیان ووتوە، وە بەشێکمان لەمە باسکرد لە کتێبەکەماندا (القول المبین في أصناف المبدلین) وە لەوانەیە ئەمە هۆکار بێت کە زەیدییەکان و هادەوییەکان بابەتی فروع لە حەنەفیەکان وەربگرن. [رافضة الیمن علی مر الزمن : 609] ط: دار الحدیث

ووتم: زەیدییەکانی ئەمڕۆ پێیان دەووترێ هادەوییە، کە کۆمەڵێکی ڕافیزەن جیاوازییان هەیە لەگەڵ

زەیدییە کۆنەکان.

عبدالله دەڵێ: **پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی شعیب بن إسحاق، ووتی: نابینم هیچ عەیبێکی هەبێ (واتا لە فەرموودەدا) بەڵام لەگەڵ ئەهلی ڕەئی دانیشت، لەگەڵ أبو حنیفة دانیشت.** [العلل ومعرفة الرجال : 3127]

ووتم: ئەمەش نموونەیەکە لەسەر جەرح کردنی ڕاوی سیقە لەلایەن سەلەفەوە تەنها لەبەر نزیکیان لە أبو حنیفة.

عبدالله دەڵێ: **پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی أسد بن عمرو، ووتی: صدوق-ە، وە أبو یوسف-یش صدوق-ە، بەڵام هاوەڵانی أبو حنیفة نابێ ڕیوایەتیان لێوە بکرێ.**

[العلل ومعرفة الرجال : 5332]

ووتم: عمرو بن أسد و أبو یوسف ئەهلی صیدقن، بەڵام هەردووکیان هاوەڵی أبو حنیفة-ن بۆیە ئیمام أحمد وادەڵێ، ئەمەش جەرح کردنە بەهۆی أبو حنیفة-ەوە.

أبو إسماعيل الهروي دەڵێ: أخبرنا الحسن بن يحيى أخبرنا أحمد بن محمد بن العباس أخبرنا أحمد بن أحيد بن حمدان البخاري -بها إملاء- حدثنا أبو عاصم عمرو بن عاصم المروزي سمعت علي بن محمود بن خليل سمعت عاصم بن عصمة ووتی: **من لەلای أبو سليمان الجوزجاني بووم نامەی أحمد بن حنبل-ی بۆ هات، تێیدا هاتبوو: (گەر واز بهێنیت لە ڕیوایەت کردنی کتێبەکانی أبو حنیفة ئەوا دێینە لات و گوێ بیستی کتێبەکانی عبدالله بن المبارك دەبین لێت).** [ذم الكلام وأهله : 416]

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو الفضل الخراساني حدثنا أبو الأحوص محمد بن حيان ووتی: **ڕۆژێکیان پیاوێک پرسیاری لە هشیم کرد دەربارەی بابەتێک، هشیم فەرموودەیەکی بۆ گێڕایەوە، پیاوەکە ووتی: أبو حنیفة و محمد بن الحسن و هاوەڵەکانی واناڵێن ! هشیم ووتی: ئەی عبدالله عیلم لە کەسانی سووک و نزم وەرناگیرێت.** [السنة : 386] (سەنەدەکەی صەحیحە).

الفسوي دەڵێ: حدثنا أبو بكر بن خلاد قال سمعت عبد الرحمن بن مهدي قال سمعت حماد بن زيد دەیووت: **بیستم باسی أبو حنيفة كرا، أيوب ووتی:** ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ﴾ **(واتا: دەیانەوێ نوری الله كە دینی ئیسلامە بكوژێننەوە بە فوی دەمیان و نەیهێڵن، وە الله ڕازی نابێت تەنها بە تەواوكردن و سەرخستنی دینەكەی نەبێت).**
[المعرفة والتاريخ : 785/2] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

الفسوي دەڵێ: حدثنا سليمان بن حرب حدثنا حماد بن زيد ووتی: **ابن عون ووتی: پێم ڕاگەیاندراوە كە لەناو ئێوەدا كەسانێك هەن ڕێگرن لەبەردەم هاتنی خەڵك بۆ سەر ڕێگای الله.**
الفسوي دەڵێ: سليمان بن حرب ووتی: أبو حنيفة و هاوەڵەكانی لەوانەن كە ڕێگری دەكەن لە هاتنی خەڵك بۆ سەر ڕێگای الله. [المعرفة والتاريخ : 786/2] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق أخبرنا أبو بكر الشافعي حدثنا جعفر بن محمد بن الحسن القاضي قال سمعت منصور بن أبي مزاحم دەیووت: **بیستم مالك دەیووت: أبو حنيفة دژایەتی دینی كرد، وە هەر كەسێك دژایەتی دین بكات دینی نیە.** [تاريخ بغداد : 552/15] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**
ووتم: دینی نیە واتا چی ؟ كەسێك بە دژایەتی كردنی دین وەسف بكرێ حوكمی چیە ؟

الخطيب دەڵێ: جعفر ووتی: حدثنا الحسن بن علي الحلواني ووتی: بیستم مطرف دەیووت: **بیستم مالك دەیووت: الداء العضال لەناوچوونی دینە، وە أبو حنيفة-ش لە الداء العضال-ە.**
[تاريخ بغداد : 552/15] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**
ووتم: ئەمجارە عبدالملك بن حبيب لە مطرف ڕیوایەتی نەكردووە تا بووترێ زەعیفە، گەر بیانووش بەوە بهێندرێتە كە مطرف شتی مونكەر لە مالك ڕیوایەت دەكات ئەوا ابن حجر وەڵامی ئەم گومانەی ابن عدي داوەتەوە، المعلمي-ش لە [التنكيل : 1/803-808] بە درێژی وەڵامی داوەتەوە، پاشان تەنها مطرف ئەمەی ڕیوایەت نەكردووە لە مالك إسماعيل بن أبي أويس-یش ڕیوایەتی كردووە، ئەمەش فەرموودە نیە تا ئاوا توند بكرێ مطرف یەكێكە لە نزیكترین قوتابیەكانی مالك لەبەردەمی پرسیار

له مالك دەكرێ كە (الداء العضال) مانای چیە ئەویش وەڵامەكەی مالك-ی نەقل كردووە.
كە الخطيب دەڵێ: (جعفر ووتی) واتا الخطيب لە ابن رزق ڕیوایەت دەكات ئەویش لە أبو بكر الشافعي ئەویش لە جعفر، ئەمە پیشەی زۆرێك لە المتأخرين-ە كاتێك سەنەد دووبارە دەبێتەوە ڕاویە دووبارەكانی سەرەتا نانوسن، لە ڕیوایەتی پێش ئەمە الخطيب لە ابن رزق ئەویش لە أبو بكر ئەویش لە جعفر ڕیوایەت دەكات، ئەم ڕیوایەتەش كە لەدوای ئەو هاتووە بەهەمان شێوەیە الخطيب لە ابن رزق ئەویش لە أبو بكر ئەویش لە جعفر، بەڵام الخطيب ناوی دوو ڕاویە دووبارەكەی نەنوسیوەتە ڕێک چۆتە سەر جعفر، ابن عبدالبر-یش نموونەی ئاوای زۆرە لە كتێبی (الانتقاء) وەک لە بەشی دووەم دەیبینن، ئەمەی كە باسم كرد وەک ئەلف و بێ وایە هەر پێویست بە باسكردن ناكات بەڵام جاهیل و دەمارگیر بۆ أبو حنيفة هێندە زۆرن دەترسم یەكێک بچێ لەم سەنەدە بكۆڵێتەوە بڵێ الخطيب لە جعفر ڕیوایەت دەكات الخطيب دوای مردنی جعفر لە دایكبووە كەواتە سەنەدەكە منقطع-ە ! بۆیە دەمەوێت هەموو كەلێنێک دابخەم بەپێی توانا.

أبو نعيم الأصبهاني دەڵێ: حدثنا سليمان بن أحمد حدثنا عبدالله بن أحمد بن حنبل حدثني منصور بن أبي مزاحم ووتی: **بیستم باسی أبو حنيفة كرا، مالك بن أنس ووتی: دژایەتی دینی كرد، وە هەر كەسێک دژایەتی دین بكات ئەهلی دین نیە.**
[حلية الأولياء : 325/6] (سەنەدەكەی صەحیحە).

عبدالله دەڵێ: حدثني منصور بن أبي مزاحم ووتی: **بیستم مالك باسی أبو حنيفة-ی كرد، جا بە ووتەیەكی خراپ باسی كرد، وە ووتی: دژایەتی دینی كرد، وە هەر كەسێک دژایەتی دین بكات لە دیندا نیە. [السنة : 278] (سەنەدەكەی صەحیحە).**
ووتم: ڕیوایەتی دواتر ڕوونی دەكاتەوە منصور مەبەستی چیە لە خراپ باس كردن.

عبدالله دەڵێ: حدثني منصور جارێكی تر ووتی: **بیستم مالك دەربارەی أبو حنيفة قسەیەكی دەكرد كە لە دین دەیبردە دەرەوە، وە ووتی أبو حنيفة دژایەتی هیچی نەكرد تەنها دین نەبێت.**

[السنة : 279] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: عبدالله کە دەڵێ: (حدثني منصور جارێکی تر) واتا لە دوو مەجلیسی جیادا منصور ئەم ووتانەی مالك-ی گێڕاوەتەوە بۆ عبدالله، نەک یەک مەجلیس بێت و عبدالله هەر جارەو بە شێوەیەک بیگێڕێتەوە، منصور لە ڕیوایەتی دووەمدا ڕوونی کردۆتەوە کە خراپ باسکردنی أبو حنیفة لەلایەن مالك بریتی بووە لە خستنە دەرەوەی لە دین، ئەمەش تەکفیر کردنە.

جا کە ئەم سەنەدە صەحیحانەمان هەبێ کە لەنێوان عبدالله و مالك تەنها منصور هەیە هیچ گومانێکی زەعیفی لێ ناکرێ چۆن واز لەم سەنەدانە دەهێنین و ئاوڕ لە تەئویل و عوزر هێنانەوەی ابن عبدالبر و أبو الولید الباجي دەدەینەوە کە دوو مالکی مەزهەبن و لە سەدەی پێنجەم مردوون.

ابن عبدالبر دەڵێ: **لە مالك** رحمه الله **ڕیوایەت کراوە کە دەربارەی أبو حنیفة ووتەیەکی نزیک لەوەی سفیان-ی ووتوە: خراپترین منداڵە کە لە دایکبووە لە ئیسلامدا، وە ئەگەر خروجی کردبوایە لەسەر ئەم ئوممەتە بە شمشێر هێشتا سووکتر بوو، وە ڕیوایەت کراوە لێی کە پرسیاری لێکراوە دەربارەی ووتەکەی عمر (عیراق الداء العضال-ی تێدایە) مالك وتوویەتی: أبو حنیفة-یە، هەموو ئەم ووتانە هاوەڵانی مالك لە ئەهلی حەدیث ڕیوایەتیان کردووە لە مالك، بەڵام هاوەڵانی مالك لە ئەهلی ڕەئی هیچ شتێکی لەم جۆرە لە مالك ڕیوایەت ناکەن.** [الانتقاء: 150]

ووتم: ابن عبدالبر دوای هێنانی ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی أبو حنیفة لەلایان زانایانەوە ئینجا بەم شێوەیە باسی ڕیوایەتەکانی زەمکردنی أبو حنیفة دەکات، ئەوەتا ڕیوایەتەکانی مالك بەشێوەی تمریض دەگێڕێتەوە بە سەنەد نایهێنێت دەڵێ (رُوِيَ) واتا: ڕیوایەت کراوە تا وای نیشان بدات بۆ خوێنەر کە دیار نیە صەحیحە یان نا، لەکاتێکدا هێنامان هەموو بە سەنەدی صەحیحەوە لە مالك ڕیوایەت کرابوو، وە کە دەڵێ: هاوەڵانی مالك لە ئەهلی حەدیث ئەم شتانەیان ڕیوایەت کردووە لە مالك، هاوەڵانی ئەهلی ڕەئی ڕیوایەتیان نەکردووە قسەیەکی سەیرە ! کێ هەیە ڕیوایەت بکات لە دژی ئیمامەکەی ؟ دواتر ووتەی ئەهلی حەدیث لەپێشترە یان ئەهلی ڕەئی ؟ ئەی پاشان ئەوەی شتێک ڕیوایەت دەکات کە کەسێکی تر ڕیوایەتی نەکات مانای وایە ئەم شتە بوونی نیە ؟

چەندان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ تەنها یەک هاوەڵ ڕیوایەتی کردووە هاوەڵانی تر ڕیوایەتیان نەکردووە، لە بەشی دووەمدا بە درێژی باسی ابن عبدالبر و کتێبەکەی و ڕیوایەتەکان دەکەین.

أبو الوليد الباجي دەڵێ: **عبدالملك بن حبيب ڕیوایەتی کردووە دەڵێ: أخبرني مطرف ووتی: ئەوان پرسیاریان لە مالك کرد دەربارەی تەفسیری (الداء العضال) لەم فەرموویەدا، مالك ووتی: ئەمە أبو حنيفة و هاوەڵەکانیەتی، چونکە ئەو بە دوو ڕێگا خەڵکی گومڕا کرد: بە ئیرجاء و بە هەڵوەشاندنەوەی فەرموودەکان بە ڕەئی. أبو الوليد دەڵێ: أبو جعفر الداودي ووتی: ئەمەی عبدالملك بن حبيب باسی کرد گەر سەلامەت بێ لە هەڵە و چەسپا بێ ئەوا مالك لە کاتێکدا ئەم قسەیەی کردووە کە دڵی تەنگ بووە ناچار بووە کە شتێکی أبو حنيفة-یان بۆی باسکردووە کە پێی ناخۆش بووە و دڵی پێی تەنگ بووە جا ئەمەی ووتوە، زاناش هەندێکجار توشی دڵتەنگی دەبێ، وە بەلای منەوە ئەم ڕیوایەتە صەحیح نیە لە مالك-ەوە، چونکە مالك رضي الله عنه ئەوەی پێی ناسراوە لە عەقڵی و لە عیلمی و لە فەزلی و لە دینی و لە دەست هەڵگرتن لە باسکردنی خەڵکی تەنها بە حەق و بەڵگەوە نەبێ، قسە ناکات دەربارەی هیچ کەسێک لە موسڵمانان کە لێی نەکۆڵیبێتەوە، وە یەکێک لە هاوەڵانی أبو حنيفة عبدالله بن المبارك-ە، وە ڕێزگرتنی مالك بۆ ابن المبارك و تەفزیل کردنی بەناوبانگە. أبو الوليد دەڵێ: وە زانراوە کە مالك أبو حنيفة-ی باسکردووە بەوەی کە عیلمی هەیە بە بابەتەکان، وە أبو حنيفة فەرموودەی وەرگرتووە لە مالك، وە محمد بن الحسن کتێبی (الموطأ)ی وەرگرتووە لە مالك کە ڕیوایەتی دەکات لە أبي ذر عبد بن أحمد رضي الله عنه، وە أبو حنيفة ناوبانگی هەیە کە لە عیبادەت و زوهد هەبوون بەرامبەر بە دونیا گەیشتۆتە لوتکە، وە توشی مەینەتی بوو لێیدرا بە قامچی تا ببێتە قازی ئامادە نەبوو بیکات، وە مالك بۆی شیاو نیە قسە بکات دەربارەی کەسێکی وەک ئەو تەنها بە شێوەیەک نەبێت کە شایستەبێ بە فەزلی أبو حنيفة، وە نازانین مالك قسەی کرد بێت دەربارەی هیچ کەسێک لە ئەهلی ڕەئی، بەڵکو قسەی کردووە دەربارەی هەندێک لە ئەهلی حەدیث لەڕووی ڕیوایەتەوە.**

[المنتقى شرح موطأ مالك : 463/9] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: سەيری ئەم مالكی مەزهەبانە چۆن ئيمامەكەيان ناشرين دەكەن لەپێناوی بەرگری كردن لە أبو حنيفة، دەڵێ: لەوانەيە كاتێک مالك ئەم قسەيەی كردبێ دڵی تەنگ بووە لە أبو حنيفة بۆيە وای ووتوە ! ئەمە چ سوكايەتی كردنێكە بە مالك كە خۆشيان هەستی پێ ناكەن، ئايا ئيمامێكی وەک مالك دڵی لەهەر كەسێک تەنگ بێ لەخۆيەوە تۆمەتی مورجيئە و گومڕاكردنی خەڵكی دەداتە پاڵ تەنها لەبەر ئەوەی دڵی لێی تەنگ بووە ؟ گەر مالك كەسێكی ئاوابێ ئەوا عەدالەتی لە دەست دەدات بەڵام حاشا لە مالك كە ئاوا بێت ئەمە تەنها ووڕێنەكردنی متأخرين-ی مالكيەكانە و هيچی تر نيە، ئەگينا خيلافی نێوان مالك و الليث بن سعد زۆر بووە لەگەلێک بابەتدا كەچی ڕێزگرتنێكی يەكجار زۆر هەبووە لەنێوانيان، ئەمە چ گاڵتەجارييەكە تۆ دڵت لە كەسێک تەنگ بێ لەخۆتەوە بڵێی مورجيئەيە و ئەهلی ڕەئيە خەڵكی گومڕا كردووە !

پاشان بە زەعيف دانانی ڕيوايەتەكەی عبدالملك لەشوێنی خۆی نيە، ڕاستە عبدالملك لە ڕيوايەت كردنی فەرموودە زەعيفە بەڵام ئيمامێكی مالكيە قسەی جێگای سەنگە لە نەقل كردنی ووتەكانی مەزهەبی مالكی، وەک ابن القطان الفاسي دەربارەی عبدالملك دەڵێ: محقق بوو بۆ لەبەركردنی مەزهەبی مالك و سەرخستنی و بەرگری كردن لێی، بە هاوەڵە گەورەكانی مالك گەيشتووە، بەڵام لە فەرموودەدا ڕێنموونی پێ نەدراوە و لە شێخێكی سەركەوتوو وەری نەگرتووە.

إبراهيم بن قاسم بن هلال دەربارەی دەڵێ: ڕەحمەتی الله لە عبدالملك بن حبيب بێ، بەرگری دەكرد لە ووتەی مالك.

الذهبي دەربارەی دەڵێ: بە لێزانی وەسف كرابوو لە مەزهەبی مالك-دا.

هەروەها عبدالملك يەكێكە لە زانا متقدمين-ەكانی مەزهەبەكە كاتێک مالك مردووە ئەو منداڵ بووە زۆرێک لە قوتابيە نزيكەكانی مالك-ی ديوە و زانست و مەزهەبی مالكی لێوەر گرتوون، ئەم ڕيوايەتەشی لە مطرف بيستووە كە قوتابی مالك بووە، جا گەر ووتەی هەر فەقيهێک وەرنەگرين دەربارەی ووتەی ئيمامی مەزهەبەكەی بە بيانووی ئەوەی لاوازە لە فەرموودە، ئەوا دەبێ كاتێک كە محمد بن الحسن الشيباني ووتەكانی أبو حنيفة نەقل دەكات هەمووی ڕەت بكەينەوە چونكە محمد زەعيفە، يان هەر محقق-ی مەزهەبێک كاتێک ووتەی خاوەن مەزهەبەكەی نەقل دەكات

دەبێ ڕەتی بکەینەوە بە بیانووی نەبوونی سەنەد ! جگە لەمەش عبدالملك لەم ڕیوایەتەدا موتابەعە کراوە وەک پێشتر هێنامان لە إسماعیل بن أبي أویس کە هەمان شت دەگێڕێتەوە لە مالك واتا تەنها مطرف ئەمەی نەبیستووە لە مالك ووتەکە ناسراو بووە.

سەبارەت بەوەش کە دەڵێ: ابن المبارك حەنەفی مەزهەب بووە، شایستەی وەڵامدانەوە نیە دوای ئەم هەموو ڕیوایەتەی لە ابن المبارك هێنامان.

دەربارەی ووتەکەی أبو الولید کە دەڵێ: مالك مەدحی أبو حنیفة-ی کردووە، دەپرسین کوا ووتەکەی مالك ؟ بگرە مالك أبو حنیفة-ی تەکفیر کردووە چ جای مەدحکردنی.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا البرقاني أخبرنا بشر بن أحمد الإسفراييني حدثنا عبدالله بن محمد بن سيار الفرهياني قال سمعت القاسم بن عبدالملك أبا عثمان دەیووت: **بیستم أبو مسهر دەیووت: ئیمامەکان لەعنەتیان لە أبو فلان دەکرد لەسەر ئەم مینبەرە، وە ئاماژەی کرد بۆ مینبەری دیمەشق.**

الفرهياني دەڵێ: أبو فلان أبو حنيفة-یە. **[تاريخ بغداد : 570/15]** **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرنا إبراهيم بن محمد بن سليمان المؤدب الأصبهاني قال أخبرنا أبو بكر ابن المقرئ قال حدثنا سلامة بن محمود القيسي قال حدثنا أيوب بن إسحاق بن سافري قال حدثنا رجاء السندي ووتی: **عبدالله بن إدريس ووتی: أبو حنيفة گومڕایەکی گومڕاکەر بوو، وە أبو یوسف فاسقێک بوو لە فاسقەکان.** **[تاريخ بغداد : 566/15]** **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: رجاء السندي سەماعی هەیە لە عبدالله بن إدريس.

محقق-ی تاريخ بغداد(٢) دەڵێ: الخطيب لە ابن یونس نەقلی کردووە کە دەڵێ: أيوب بن إسحاق بن سافري ئەخلاقی ناشرین بوو.

هەر الخطيب لە ابن أبي حاتم نەقلی کردووە کە دەڵێ: لە الرملة فەرمووەدەمان لێیەوە نوسی، بۆ باوکم باسکرد باوکم ئەوی ناسیەوە ووتی: صدوق-ە.

جا أبو حاتم بڵێ صدوق-ە ئەمە وەک تەوسیق کردنی زاناکانی ترە چونکە أبو حاتم توندە، بەڵام محقق ئەم ووتەیەی الخطيب-ی نەقل نەکردووە تەنها ئەو ووتەکەی نەقل کردووە کە بە دڵیەتی.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا ابن رزق قال أخبرنا عثمان بن أحمد قال حدثنا حنبل بن إسحاق ووتی: **بیستم الحمیدي کاتێک ناوی أبو حنیفة-ی هێنابوایە پێی دەووت: أبو جیفة، وە دەیووت: ئەم کەسە کونیەی بۆ دانانرێ، وە بە ئاشکرا ئەم قسەیەی دەکرد لە مسجد الحرام لە بازنەی دەرس ووتنیدا خەڵکی لە چوار دەوریەوە بوون. [تاریخ بغداد : 561/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: کونیە لە زمانی عەرەبیدا وەک ڕێزگرتن بەکار دێت، لەجیاتی ناوی کەسەکە دەڵێن: أبو فلان یان ابن فلان و هاوشێوەی ئەمانە، هەر بۆیە الحمیدي پێی وایە أبو حنیفة شایستەی ئەوە نیە بە کونیە ناوی ببرێت.

هەروەها کاتێک لەلای ابن المبارك ناوی أبو یوسف دەهێنرێ کە قوتابی أبو حنیفة-یە و ناوی یعقوب-ە، ابن المبارك دەڵێ: نەخێر هیچ کەرامەتی نیە، بڵێ یعقوب. بڕوانە [الضعفاء : 423/6]

الخطيب دەڵێ: أخبرني الحسن بن أبي طالب قال أخبرنا أحمد بن محمد بن يوسف قال حدثنا محمد بن جعفر المطيري قال حدثنا عيسى بن عبدالله الطيالسي قال حدثنا الحميدي ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت: نوێژێکم لەدوای أبو حنیفة-ەوە کرد لە ناخەوە پێی مورتاح نەبووم. الحمیدي دەڵێ: وە بیستم ابن المبارك دەیووت: 400 فەرمووودەم لە أبو حنیفة نوسیوەتەوە کە گەڕامەوە بۆ عیراق إن شاء الله دەیانسڕمەوە. [تاریخ بغداد : 572/15] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: الکوثري ئەم ڕیوایەتەی بە زەعیف داناوە بەهۆی أحمد بن محمد بن یوسف وە بەتایبەتی کاتێک کە لە محمد بن جعفر المطیري ڕیوایەت دەکات، بەڵام هەر خودی ژیاننامەکەی أحمد لە تاریخ بغداد ڕەددانەوەیە بۆ الکوثري، بڕوانە [التنکیل : 1/332-335] المعلمي وەڵامێکی بەهێزی الکوثري داوەتەوە دەربارەی تەزعیف کردنی ئەم ڕیوایەتە بەهۆی أحمد بن محمد بن یوسف.

عبدالله دەڵێ: حدثني أبو بكر بن زنجويه حدثنا أبو جعفر الحراني ووتی: **بیستم عیسى بن یونس دەیووت: الأوزاعي هاتە دەرەوە لێمان من والمعافى بن عمران و موسى بن أعين لەلای بووین لە بەیروت، کتێبی السیر و ڕەددانەوەی أبو حنیفة-ی لە دەست بوو، جا ووتی: گەر ئەم هەڵەیە لە ئوممەتی محمد ﷺ بێت ئەوا بەشی هەموویان دەکات، پاشان ووتی: لە ئیسلامدا هیچ منداڵێک**

له دایک نەبووە شومتر بێت بۆیان لە أبو حنیفة. [السنة : 235] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: القحطاني لە تەحقیقەکەیدا دەڵێ: أبو جعفر الحراني نەمدۆزییەوە کەس باسی بکات ! أبو جعفر الحراني ناوی (عبدالله بن محمد بن علي بن نفیل)ە سیقە و حافز و متقن-ە، بەڵام لۆمەی القحطاني ناکەم لەمەدا، چونکە لەم سەردەمەی ئێستادا بەهۆی ئینتەرنێتەوە ژیاننامەی زۆربەی ڕاوییەکانمان بە کلیکێک دێتە بەر دەست بە ووردەکارییەوە، کەچی الله تعالی خۆی دەزانێ کە چەندە ماندوو دەبم لە گەڕان بەدوای حاڵی ڕاوییەکان، چ جای سەردەمی القحطاني کە ساڵی 1986 تەحقیقی ئەم کتێبەی کردووە.

عبدالله دەڵێ: حدثني أحمد بن محمد حدثنا يحيى بن آدم قال حدثنا **سفيان وشريك وحسن بن صالح ووتیان: أبو حنیفة-مان بینی هیچ ناسراو نەبوو لە فیقهدا تەنها بە مشتومڕ و دەمەدەمێ ناسراو بوو.** [السنة : 320] (سەنەدەکەی حەسەنە).

الفسوي دەڵێ: حدثني عبيدالله بن موسى ووتی: **باسی أبو یوسف و أبو حنیفة کرا لەلای سفیان الثوري، جا ووتی: ئەوانە کێن پاشان ئەوانە چین ؟! سفیان ووتی: ئێمە نەدەچووینە لای حماد تەنها بە نهێنی لە هاوەڵەکانمانەوە نەبێ، پێیان دەووتین: دەچیتە لای ! لەگەڵی دادەنیشیت ! جا نەدەچووینە لای تەنها بە نهێنی نەبێ.** [المعرفة والتاريخ : 791/2] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: حماد شێخی أبو حنیفة بوو، حماد بن أبي سليمان، أبو حنیفة لە خۆشەویستی ئەو کوڕەکەی ناوناوە حماد، أبو حنیفة دەڵێ: دوای هەموو نوێژێک دوعا بۆ حماد دەکەم لەگەڵ دایک و باوکم.

الفسوي دەڵێ: بیستم أبو حذيفة موسى بن مسعود ووتی: **سفیان ووتی: من دەگەیشتم بە حماد دوای ئەوەی کە بیدعەکەی داهێنا جا سەلامم لێ نەدەکرد.**
[المعرفة والتاريخ : 791/2] (سەنەدەکەی حەسەنە).

أبو زرعة الدمشقي دەڵێ: **بیستم پیاوێک بە أبو نعیم-ی ووت: سفیان قسەی لەگەڵ أبو**

حنيفة دەکرد ؟ أبو نعيم بەسەر ئاماژەی کرد، واتا: نەخێر.
أبو زرعة دەڵێ: أبو نعيم پێی ووتین: أبو حنيفة دەستی دەکرد بە قسەکردن لەگەڵ سفيان.
[تاريخ أبي زرعة الدمشقي : 1327-1328]

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا صالح بن أحمد بن محمد بن حنبل قال حدثنا علي بن المديني ووتی: **بيستم يحيى بن سعيد دەيووت: أبو حنيفة بەلامدا تێپەڕی منيش لە بازاڕی کوفەدا بووم، جا پرسياری هيچ شتێکم لێی نەکرد، وە أبو حنيفة دراوسێم بوو لە کوفە نە لێی نزيک بوومەوە نە پرسياری هيچ شتێکم لێی کرد.**
[الجرح والتعديل : القسم الأول/المجلد الرابع/449] **(سەنەدەکەی صەحيحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرنا محمد بن أحمد بن رزق قال أخبرنا أبو بكر أحمد بن جعفر بن محمد بن سلم الختلي قال أملى علينا أبو العباس أحمد بن علي بن مسلم الأبار في شهر جمادي الآخرة من سنة ثمان وثمانين ومئتين ووتی: **باسکردنی ئەو کەسانەی کە ڕەددی أبو حنيفة-يان داوەتەوە: أيوب السختياني وجرير بن حازم وهمام بن يحيى وحماد بن سلمة وحماد بن زيد وأبو عوانة وعبدالوارث وسوار العنبري القاضي ويزيد بن زريع وعلي بن عاصم ومالك بن أنس وجعفر بن محمد وعمر بن قيس وأبو عبدالرحمن المقرئ وسعيد بن عبدالعزيز والأوزاعي وعبدالله بن المبارك وأبو إسحاق الفزاري ويوسف بن أسباط ومحمد بن جابر وسفيان الثوري وسفيان بن عيينة وحماد بن أبي سليمان وابن أبي ليلى وحفص بن غياث وأبو بكر بن عياش وشريك بن عبدالله و وكيع بن الجراح ورقبة بن مصقلة والفضل بن موسى وعيسى بن يونس والحجاج بن أرطاة ومالك بن مغول والقاسم بن حبيب وابن شبرمة.** [تاريخ بغداد : 505/15] **(سەنەدەکەی صەحيحە).**
ووتم: ئەمە 35 زانا کە قسەيان پێی ووتوە، جگە لەوانی تريش کە باسنەکراوە لێرەدا، کە مقبل الوادعي ژماردوويەتی گەيشتۆتە 77 زانا، جا ئايا دەکرێ هەموو ڕيوايەتەکانی ئەمانە زەعيف بن ؟ دەکرێ هەموويان درۆيان بە دەمی هەڵبەستبێ لەبەر حەسودی ؟ دەکرێ هەموويان زوڵميان لێ کردبێ و بەهەڵە ئەم شتانەی بدەنە پاڵی ؟ بێگومان نەخێر، بەڵام زۆرێک لە متأخرين و معاصرين

ئەم بیانووە بەتاڵانە بەکار دەهێنن، دەبینی یەکێکیان دەڵێ: هەمووی زەعیفە، ئەوی تریان دەڵێ: درۆیە، ئەوی تریان دەڵێ: لەبەر حەسودی وایان کردووە ! ئاخر دەبێ چ شتێک لە أبو حنیفة-دا هەبێ و لەو زانایانە بوونی نەبێ تا حەسودی پێ ببەن ؟ ئەم ووتەیە بوهتانێکی چەندە گەورە و ناشرینە دەیدەنە پاڵ زانایانی سەلەف، ئەمە وادەکات سیقەمان بە قسەکانیان نەمێنێت لە جەرح و تەعدیلدا مادام بە میزاجی خۆیان حوکم دەدەن لەسەر کەسەکان، یەکێکی تریان دەڵێ: لەبەر خیلافی فیقهی مەزهەبەکان ئەم شتانەیان بۆ أبو حنیفة دروستکردووە ! ئەی باشە بۆ أحمد قسە بە الشافعي ناڵێ بۆ الشافعي قسە بە مالك ناڵێ بۆ مالك قسە بە سفیان ناڵێ بۆ سفیان قسە بە الأوزاعي ناڵێ ؟ بۆ تەنها ئەم خیلافە فقهیە بەرامبەر أبو حنیفة ئاوا توند بووە ؟ یەکێکی تریان بەچاوی سەردەمەکەی خۆی سەیری بابەتەکە دەکات و حوکم دەدات، دەبینێت أبو حنیفة بە (الإمام الأعظم) ناونراوە و مەزهەبەکەی وەک باقی مەزهەبەکانی تر بەربڵاوە، وە ناوی أبو حنیفة هەمیشە لەپاڵ ناوی سێ ئیمامەکەی تر دێت و ناویان لێنراوە (الأئمة الأربعة) دەبینی لە بابەتە فقهیەکان ووتەی ئەو وەک ووتەی ئەوانی تر باس دەکرێ و سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، ئیتر هەموو ئەمانە وادەکات زۆر بە سانایی هەموو ڕیوایەتەکانی سەلەف دەربارەی أبو حنیفة زەربی سفر بکات و بڵێ أبو حنیفة ئیمامێکی ئاوا گەورەیە چۆن دەکرێت ئەم ووتانە دەربارەی ئەو ڕاست بێت ؟! واقعی سەردەمەکەی خۆی دەکات بە حاکم بەسەر ڕیوایەتە صەحیحەکانی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ أبو حنیفة-دا ژیاون و شارەزای حاڵی بوونە.

المعلمي لە ڕەددانەوەی ووتەی الکوثري کە وتوویەتی (ئەم زانایانە توڕە بوونە لە أبو حنیفة بۆیە ئاوایان پێ ووتوە) دەڵێ: **گەر هەموو ئەم زانایانە توڕە بن لە أبو حنیفة بەم شێوەیەی کە الکوثري باسی دەکات، ئەوا خۆزگە دەمزانی کە کێ ماوەتەوە جگە لەم پێشەوایانەی دین کە دروست بێ بووترێ ئەم کەسە ڕازییە لە أبو حنیفة ؟ کەسی تر ماوە جگە لە شکاوێک و کوێرێک و بێ خێرێک؟** **[التنكيل : 1/170-171]**

المعلمي دەڵێ: **بە دڵنیاییەوە هەوڵدانی الکوثري لەمیانەی بەرگری کردنی لە أبو حنیفة بۆ**

تانەدان لە پێشەوایانی ئیسلام وەک سفيان الثوري وأبو إسحاق إبراهيم بن محمد الفزاري وعبدالله بن الزبير الحميدي والإمام أحمد بن حنبل والإمام أبو عبدالله البخاري و جگە لەوانیش لە پێشەوایان ئەم کارەی بە زیانترە بۆ سەر أبو حنيفة وەک لە ووتەی ئەم پێشەوایانە دەربارەی أبو حنيفة، گەر کەسێک بڵێ: ناتوانرێ أبو حنيفة ڕاست بکرێتەوە ئیللا بە لابردنی چیایە ڕۆچووەکان بە زەویدا ئەوا ئەم ووتەیە بەلای أبو حنيفة سووکترە لەوەی کە بووترێ: ناتوانرێ أبو حنيفة ڕاست بکرێتەوە ئیللا بە تانەدان لەم پێشەوایانە نەبێت، وە کارەکەی الكوثري بە زیانترە بۆ سەر أبو حنيفة لە هەموو ئەم شتانە، چونکە خەڵکی دەڵێن الكوثري زانایەکی شارەزا و نوسەرێکی کارامەیە، گەر کەسێک بتوانێ بەرگری لە أبو حنيفة بکات ئەوا الكوثري-ە، بەڵام گەر توانیبوای ئەم کارە بکات بەبێ تانەدان لەم پێشەوایانە و ئەنجامدانی هەڵەی ناشرین ئەوا لە هەموو کەس دوورتر دەبوو لەم کارانە. [التنكيل : 716/1]

ووتم: ڕاست دەکات کەسێکی وەک الكوثري کە سەیری دەستنوس (مخطوط)ی دەکرد دەیزانی کێ نوسیویەتی و خاوەنی خەتەکەی دەناسیەوە بەم هەموو خوێندنەوە زۆرەی کە هەیەتی، بەڵام کاتێک هاتنە مەیدانی بەرگری کردن لە أبو حنيفة ئەمە حاڵی بوو، هەر لە هاوەڵانەوە بگرە پەلاماریدان تا دەگاتە دوا زانای سەردەمی خۆی، وە کۆمەڵێک هەڵەی زانستی گەلێک قێزەونی ئەنجامدا لەم پێناوەدا بە زانستەوە نەک بە جەهلەوە کە بووە هۆی ئابڕووچوونی، وە بە دڵنیاییەوە گەر ڕێگای تر هەبوایە جگە لەمە ئەوا الكوثري دەیگرتە بەر وخۆی توشی ئەم گێژاوە نەدەکرد بە درۆ و فێڵ و تەدلیس و بوهتان و تۆمەتبارکردنی زانایان بەرگری لە أبو حنيفة بکات، جا تۆی خوێنەریش حاڵت لەو خراپتر بێت باشتر نابێت گەر بتەوێ خۆی بخەیتە گێژاوی لەم شێوەیە و بەرگری لە أبو حنيفة بکەیت.

بە دەگمەن کەسی ئاوا دەدۆزرێتەوە لە کتێبەکانی جەرح و تەعدیل کە ئەم هەموو هۆکارەی تێدا بێت بۆ جەرح کردنی، تەنها لە (تاريخ بغداد) الخطيب ناوی 35 زانای هێناوە کە قسەی پێ دەڵێن، (مقبل بن هادي الوادعي) لە کتێبی (نشر الصحيفة في ذكر الصحيح من أقوال أئمة الجرح

والتعديل في أبي حنيفة) ژمارەی ئەو زانایانەی کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە دەیگەیەنێتە 77 زانا هەمووی بە سەنەدی صەحیح و حەسەن، ئایا کەس دەدۆزنەوە ئەم هەموو ژمارە زۆرە لە زانایان قسەی پێ بڵێن ؟ کەسێک دەدۆزنەوە کە مالك و دوو سوفیانەکە و دوو حەممادەکە و الأوزاعي وابن المبارك و الشافعي وأحمد والبخاري ومسلم قسەی پێ بڵێن جگە لە أبو حنیفة ؟ ئایا دوای هەموو ئەمانە هێشتا ئامادە نین قسەتان بخەنە پاڵ قسەی زانایانی سەلەف دەربارەی ئەم کەسە ؟ یان هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی کە بڵێن ئیمامی ئەهلی سوننەیە ئەوەی بە خراپە باسی بکات لە ئەهلی سوننە لایداوە و چۆتە ڕیزی خەواریج و غولاتی تەکفیر ؟ بینیتان هیچ کام لەم زانایانەی سەلەف بڵێن: دەزانین أبو حنیفة کوفر و بیدعە و گومڕایی زۆرە بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەن مەزهەبە چاوپۆشی لەم شتانەی دەکەین و پلەو پایەی بەرز ڕادەگرین و ڕەحمەتی بۆ دەنێرین و عوزری بۆ دەهێنینەوە ؟ هەروەک چۆن لە ئێستادا ئەم جۆرە قسانە دەکرێت بۆ پەردەپۆش کردنی کوفری زاناکان !

ئیمام مالک دەڵێ: **ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ دین نەبێت، ئەمڕۆش نابێتە دین.**

بڕوانە [الإحكام في أصول الأحكام لابن حزم : 58/6] ت: أحمد شاكر

ووتم: ئەم ووتەیە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بوونی نەبووە کە بووترێ زانا کوفری کرد تەکفیری ناکەین و ڕەحمەتی بۆ دەنێرین و پلەی بەرز ڕادەگرین و عوزری بۆ دەهێنینەوە، قورئان و سوننەت بەرین لەم ووتەیە لەکوێ هێناتان ؟

دوو قاعیدە دەربارەی جەرح و تەعدیل:

پێش ئەوەی بچینە سەر نەقل کردنی ڕیوایەتەکان دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة پێویستە چەند خاڵێک باس بکەین کە چەسپاوە لەلای زانایان تاکو ئاڵۆزی دروست نەبێ لە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕیوایەتەکانی زەمکردنی و مەدحکردنی.

یەکەم: (جەرحی ڕوونکراوە پێشی تەعدیل دەخرێت).

ئەم ووتەیە لای زانایانی جەرح و تەعدیل بە قاعیدەی (الجرح المفسر مقدم على التعديل) ناسراوە، بگرە خەڵکانی ئاسایی لەکاتی دوو هەواڵی دژ بەیەکدا ئەم قاعیدەیە بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، وەک دواتر باسی (قيد) بەندەکانی ئەم قاعیدەیە دەکەین کە چ کاتێک بەکار دێت و چ کاتێک بەکار نایەت.

سەرەتا هەردوو ووشەی (جەرح و تەعدیل) ڕوون دەکەینەوە ئینجا دواتر ئەم قاعیدەیە شی دەکەینەوە:

جەرح: واتا قسە ووتن بە کەسێک جا چ لەڕووی عەقیدەکەی بێت یان لەڕووی ئەخلاقیەوە یان لەڕووی عیبادەتیەوە یان لەڕووی خراپی توانای لەبەرکردنی فەرموودەوە بێت ...هتد.

تەعدیل: واتا ستایشکردنی کەسێک لەو شتانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد.

الجرح المفسر مقدم على التعديل: واتا ئەو جەرحەی کە هۆکارەکەی ڕوونکراوەتەوە پێشی ئەو تەعدیلە دەخرێت کە موجمەلە و ناتوانێ بەرامبەر جەرحەکە بوەستێ.

ووشەی (المفسر) زۆر گرنگە لەو قاعیدەیەدا چونکە ئەو کەسەی کە تەعدیل دەکرێ لای زانایەکی شارەزا بەهۆکارەکانی جەرح و تەعدیل ئەوا ئەصل وایە ئەم تەعدیلە قبوڵ بکرێ تا ئەو کاتەی زانایەک دێت جەرحی دەکات بە بەڵگەوە، واتا هۆکاری جەرح کردنەکەی تەفسیر دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی جەرحی ئەم کەسە دەکات، جا کە ڕوونی کردەوە هۆکارەکەی چیە ئەوکات جەرحی ئەو پێش تەعدیلی زاناکەی تر دەخرێت کە تەعدیلی کردووە بە موجمەلی، چونکە ئەو

زانایەی کە جەرحی کردووە زانیارییەکی زیاتری هەیە دەربارەی کەسەکە کە زاناکەی تر ئەم زانیارییەی نیە، هەروەها گرنگی ڕوونکردەوە و تەفسیرکردنی جەرحەکە بۆ ئەوەشە کە بزانین ئایا خودی ئەم شتەی کە کەسەکەی پێ جەرح کراوە شایەنی ئەوەیە کە پێی جەرح بکرێ یان نا، ئەگەر شایەنی بوو وەردەگیرێت، گەر شایەنی نەبوو ڕەت دەکرێتەوە، وە دەبێت پلەی ئەو زانایەش بزانین کە تەعدیلی دەکات یان جەرحی دەکات بەتایبەتی لە جەرح وتەعدیل کردن لە بابەتی فەرموودەدا، وە زۆربەی زانایانیش کە دەڵێن ئەم قاعیدەیە بە ڕەهایی وەرناگیرێت مەبەستیان زیاتر بابەتی فەرموودەیە نەک بابەتی عەقیدە، چونکە زانایانی جەرح و تەعدیل لە جەرح و تەعدیل کردنی ڕاوییەکانی فەرموودە هەم لە زانستەکەدا پلەیان جیاوازە هەم لە مەنهەجدا جیاوازن، هەیانە توندە لە جەرح کردن بە بچووکترین شت جەرحی ڕاوی دەکات، لەم کاتە ووتەی ئەو زانایانە پێش دەخرێت کە تەعدیلیان کردووە و لە مەنهەجدا مامناوەندن، یان زانا هەیە ناسراوە بە شلی لە تەعدیل کردندا ڕاوییەک تەعدیل دەکات لەکاتێک زانایەکی تر کە پلەی لەو بەرزترە یان مەنهەجی مامناوەندە بە توندی و شلی ناسراو نیە تەعدیلی ڕاوییەکە دەکات ئەوکات تەعدیلی ئەو پێش دەخرێت، بەڵام لە بابەتی عەقیدەدا نابینین خیلافێکی ئەوتۆ هەبێت مەگەر زاناکە عەقیدەی پاک نەبێ ئینجا خیلاف دروست بکات، ئەگینا کێ هەیە تەکفیری جەهمیەکان نەکات، کێ هەیە تەکفیری ئەو کەسە نەکات کە دەڵێ قورئان مەخلوقە، کێ هەیە مورجیئە بە گومڕا و بیدعەچی نەزانێت، کێ هەیە فکرەی خەواریج بە بیدعەیەکی پیس و گومڕایی نەزانێت، کێ هەیە ئەهلی ڕەئی بە گومڕا و بیدعەچی نەزانێت، کێ هەیە فێڵ کردن لە شەرعدا بە حەڕام و تاوانێکی گەورە نەزانێت، کێ هەیە دژایەتی بانگەوازکەرانی ئیرجاء نەکات، کەس هەیە تەکفیری ئەو کەسە نەکات کە گاڵتە بە فەرموودە دەکات و زۆر بێ ئەدەبانە ڕەتی دەکاتەوە ؟ کەس نیە تەنها کەسانی گومڕا و خاوەن عەقیدەی پیس ئەم شتانە بەلایانەوە ئاساییە، هەر بۆیە نەمان بینی لەم خاڵانەی سەرەوە کەس خیلافی هەبێت دەربارەی أبو حنيفة، لەڕووی فەرموودەوەش هەموویان بە مەتروك و زەعیفی دەزانن تەنها يحيى بن معين نەبێت دوو ڕیوایەتی جیاوازی لێوە کراوە لەشوێنێک تەزعیفی دەکات و لە شوێنێک تەوسیقی دەکات، جا گەر واز لەم هەموو ووتەیە بهێنن و شوێنی ووتەیەکی گوماناوی

یحیی بن معین بکەون ئەوا هیچ شتێکمان نیە بۆ ووتن بۆ ئەم جۆرە کەسانە، لەڕووی عەقیدەش ئەو ووتانەی کە دەربارەی أبو حنیفة ووتراوە هەمووی تەفسیر کراون کە هۆکارەکەی چیە وەک لە بڕگەی یەکەم تا بڕگەی نۆیەم هێنامان واتا هۆکاری جەرحەکە ڕوونکراوەتەوە، ئەو ووتانەش کە لە بڕگەی دەیەم هێنامان کە بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی ووتراوە بەبێ باسکردنی هۆکارەکەی ئەوا هەر بە هۆکارەکانی پێشوو لێک دەدرێتەوە، دوای ئەوەی زانیمان أبو حنیفة ئەم هەموو کوفر و بیدعە و گومڕاییەی هەبووە ئیتر ناپرسین بۆچی سفیان الثوري و الأوزاعي بۆ ووتیان أبو حنیفة شومترین کەسە کە لە ئیسلامدا لەدایکبووە، ناپرسین شريك بۆ ووتی گەر هەر ماڵێک لە کوفە عەرەق بفرۆشن ئەوا باشترە عەقیدەیان وەک أبو حنیفة بێت، ناپرسین عبدالرحمن بن مهدي بۆ ووتی هیچ فیتنەیەک لە ئاسمان دانەبەزیوە خراپتر بێت لە أبو حنیفة، ناپرسین مالك بۆ ووتی أبو حنیفة دژایەتی دینی کردین ...هتد، چونکە هەموو ئەم جەرحانە بەهۆی بڕگەکانی پێشوو تەفسیر دەکرێن، بۆ نموونە کەسێکی ناسراو لە کوردستان دەژی کۆمەڵێک کوفر وبیدعە وگومڕایی بەسەردا ساغ بۆتەوە، کە کەسێک دەڵێ: ئەم کەسە گومڕایە بیدعەچیە کافرە گومڕاکەرە ...هتد، تۆ لێی ناپرسیت بۆچی وای پێ دەڵێی، چونکە حاڵی کەسەکە دەزانی، جا بۆیە کاتێک لە بەشی دووەم ڕیوایەتەکانی مەدحکردن دەهێنین کە زانایەک دەڵێ أبو حنیفة زیرەک بوو، یەکێک دەڵێ خاوەن وەرع بوو، یەکێک دەڵێ سەخی بوو، یەکێک دەڵێ دەست پاک بوو، یەکێک دەڵێ ئەمانەت پارێز بوو... هتد، هەموو ئەمانە تەعدیلی موجمەلن بەهیچ جۆرێک جەرحە تەفسیر کراوەکانی ئەم هەموو زانایەی پێ ڕەت ناکرێتەوە، دواتر ئەمانە بابەتی ترن پەیوەندییان بە کوفر و بیدعەکانیەوە نیە، خۆ ئەمڕۆش دەبینین چەندین زانای مورتەد قورئان و دوو صەحیحەکەی لەبەرە و دەست پاک و دەم پاکە و خۆی لە بچووکترین گوناه بە دوور دەگرێت، هەموو سوننەتێکی تێدا بەدی دەکرێت لە ڕووکەشدا و خاوەن شەو نوێژ و ڕۆژوو گرتن و بەخشینی زۆرە، بگرە لەزۆر بابەتی دیندا بلیمەتە کەچی هیچ کام لەم وەسفانە ڕێگر نین لەوەی کە پێی بڵێین مورتەدە و گومڕا و گومڕاکەرە.

الخطيب دەربارەی ئەوەی گەر جەرح و تەعدیل لە کەسێکدا کۆ ببێتەوە کامەی پێش دەخرێت دەڵێ: **زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە کەسێک یەکێک و دووان جەرحی بکەن وە هەمان ژمارەش تەعدیلی بکەن ئەوا جەرح لە پێشترە، هۆکاری ئەم پێشخستنەی جەرح ئەوەیە کە کەسی جەرحکەر هەواڵ دەدات دەربارەی شتێکی شاراوە کە زانیویەتی، ووتەی کەسی تەعدیلکەریش پشت ڕاست دەکاتەوە و پێی دەڵێ ئەوەی تۆ دەربارەی حاڵی کەسەکە زانیوتە لە ڕواڵەت ئەوا زانیوتە. بەڵام من شتێکی تر دەزانم لە لێکۆڵینەوەم بۆ بارودۆخی کەسەکە کە تۆ نەتزانیوە.**
[الكفاية في علم الرواية : 105-106] ط: دائرة المعارف العثمانية

محمد عجاج الخطيب باسی مەنهەجی زانایان دەکات لەکاتی دژ بەیەک بوونی جەرح و تەعدیل دەڵێ: **زانایان سێ ووتەیان هەیە لەم بارەیەوە: ووتەی یەکەم: پێشخستنی جەرح بەسەر تەعدیل ئەگەرچی تەعدیلکەران ژمارەیان زیاتر بێت، چونکە جەرحکەر شتێکی بۆ دەرکەوتووە کە تەعدیلکەر بۆی دەرنەکەوتووە، ئەمەش ووتەی جمهوری زانایانە ...** (دوای هێنانی ووتەی دووەم و سێیەم ئینجا دەڵێ) **ووتەی یەکەم فەرمووودەناسانی المتقدمین و المتأخرین بۆی چوونە.**
[أصول الحديث علومه ومصطلحه : 174-175] ط: دار الفكر

القاضي عياض دەڵێ: **فەرمووودەناسان و فەقیهەکان و ئوصولیەکان خیلافیان هەیە لە بابەتی ڕیوایەت و شایەتیدان گەر تەعدیلکەران کەسێک تەعدیل بکەن و کەسانی تریش جەرحی بکەن، جا جەرحەکە لەپێشترە و ئیجماعی زانایانیان گێڕاوەتەوە لەمەدا، بەڵگەکەش ئەوەیە کە کەسی جەرحکەر شتێکی زیاتر دەزانێ کە تەعدیلکەر نایزانێ ئەمەش ڕوونە و خیلافی تێدا نیە گەر ژمارەی جەرحکەران زیاتر بێت.** بڕوانە [مقدمة ابن الصلاح ومحاسن الاصطلاح : 293] ت: بنت الشاطئ

مقبل بن هادي الوادعي دەڵێ: **جەرحی أبو حنيفة تەفسیر کراوە هەروەک باسی دەکەین إن شاء الله تعالى، وە جەرح لە کەسێکەوە دەرچێت کە زانا بێت بە هۆکارەکانی جەرحکردن ئەوا تەعدیل لای نابات، هەروەک چۆن زانراوە لە کتێبی المصطلح دا.** [نشر الصحيفة : 5]

ووتم: هەم باسی قاعیدەکەی کرد بە گشتی، وە هەم نموونەی بە أبو حنیفة هێنایەوە، جا مقبل الوادعي عەقیدەی هەر چۆنێک بێت ئینکاری لەوە ناکرێت کە زانایە لە زانستەکەی خۆیدا کە فەرموودەیە، تا بیانووی ئەوانەش ببڕین کە دەڵێن ئەم قاعیدەیە بە ڕەهای وەرناگیرێت، ئەوەتا دەربارەی أبو حنیفة بەکاری دەهێنێت، نزیکەی 100 زانا قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە ئەم هەموو جەرحە بە چ بیانوویێک ڕەت دەکرێتەوە ؟ مەگەر وەک الكوثري خۆتان بکەن بە مەجنونی أبو حنیفة هەرچی زانا هەیە تانەی لێ بدەن و حیساب بۆ ووتەکانیان نەکەن.

دووەم: (ڕەتکردنەوەی جەرحی ڕوونکراوە بەبێ هیچ بەڵگەیەک واتای تانەدانە لە کەسە جەرحکەرەکە، بەڵام ڕەت کردنەوەی تەعدیلی موجمەل مانای تانەدان نیە لە کەسە تەعدیلکەرەکە).

جەرحی ڕوونکراوە کاتێک ڕەت دەکرێتەوە کە بزانرێ کەسە جەرحکراوەکە پەشیمان بۆتەوە یان ئەو ووتەیەی دەربارەی ووتراوە ڕاست نیە، یان کەسە جەرحکەرەکە زیادەڕەوی کردووە بە شتێک جەرحی دەکات کە شایستەی جەرح کردن نیە وەک لە خاڵی پێشوو باسمان کرد، بەڵام کاتێک هیچ بەڵگەیەکی ئاوامان بەدەستەوە نەبێت جەرحی زانایەکی شارەزا بە زانستی جەرح و تەعدیل ڕەت بکەینەوە ئەوا مانای تانەدانە لەو زانایە چونکە ووتەکەی ئەو ڕەت دەکەیتەوە و هیچ نرخی بۆ دانانێیت.

الخطيب دەڵێ: **هەواڵ پێدانی تەعدیلکەر دەربارەی عەدالەتی ڕواڵەتی کەسێک مانای ئەوە نیە کە ڕاستگۆیی ووتەی جەرحکەر نەفی بکات لە جەرحکردنی بۆ کەسەکە، ئەمەش وادەکات کە جەرح لە پێشتر بێت وەک لە تەعدیل. [الكفاية في علم الرواية : 106]**

السخاوي دەڵێ: **ئەوپەڕی ووتەی تەعدیلکەر ئەوەیە کە هیچ فسقێک نازانێت دەربارەی کەسەکە، وە گومانی وانیە کە فاسق بێت بۆیە وا گومان دەبات کە عەدالەتی هەبێ، چونکە زانست هەبوون بەشتێک کە بوونی نەبێت نایەتەدی، وە کەسی جەرحکەر دەڵێ من فاسق بوونی**

ئەو کەسەم زانی، جا لەم کاتەدا گەر بڵێین فاسق نیە ئەوا جەرحکەرەکە دەبێتە درۆزن، بەڵام گەر بڵێین فاسقە ئەوا تەعدیلکەر و جەرحکەر هەردووکیان ڕاستگۆ دەردەچن لەو ووتەیەی دەربارەی کەسەکە وتوویانە. [فتح المغيث : 189/2] ط: دار المنهاج

الخطيب دەڵێ: **ئەوەی کاربکات بە ووتەی جەرحکەر ئەوا ئەو کەسەی تۆمەتبار نەکردووە کە تەعدیلی کردووە وعەدالەتیشی لەکەدار نەکردووە، وە هەر کاتێک کار نەکەین بە ووتەی جەرحکەر ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی بە درۆ خستنەوەی و هەڵوەشاندنەوەی عەدالەتەکەی.**
[الكفاية في علم الرواية : 106-107]

ووتم: قبوڵ کردنی ووتەی جەرحکەر هیچ بێ ڕێزییەکی تێدا نیە بۆ کەسی تەعدیلکەر، چونکە کەسی جەرحکەر شتێکی زانیوە کە تەعدیلکەر نەیزانیوە، وە هیچ بە درۆ خستنەوەیەکی تێدا نیە بۆ کەسی تەعدیلکەر، بەڵام قبوڵ نەکردنی ووتەی جەرحکەر واتا من هیچ نرخ بۆ جەرحەکەی تۆ دانانێم و متمانەم بە ووتەکەت نیە، وە بە درۆزنت دەزانم لەو شتانەی کە باسی دەکەیت دەربارەی کەسەکە، بەتایبەتی گەر کەسە جەرحکەرەکان ژمارەیان زۆر بێت و جەرحەکەشیان ڕوونکراوە بێت ئەوا تانەدانێکی زۆر گەورەیە لێیان کاتێک ووتەکانیان قبوڵ ناکەن دەربارەی کەسەکە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو جەرحانەی کە بۆ أبو حنیفة کراون تەعدیلەکان بەرامبەری نەوەستاون بەڵکو لەلایەنی تر تەعدیل کراوە، بۆ نموونە یەکێک دەڵێ جەهمی بوو، ئەوی تر دەڵێ خاوەن وەرع بوو زۆر سەخی و دەست پاک بوو، ئەم تەعدیلە گەر بە صەحیحیش هاتبێ ئەوا بەهیچ جۆرێک نەفی جەرحەکە ناکات، کاتێک نەفی دەکات کە بە بەڵگەی زۆر بەهێز بیسەلمێنن ئەم شتانەی دەربارەی ووتراوە هیچی ڕاست نین، بگرە تەنها ئەوەش نا چونکە ووتنی جەهمی نەبوو مەدح نیە، ووتنی بیدعەچی و گومڕا نەبوو مەدح نیە تەنها ئەستۆ پاکیە لەو شتەی کە دراوەتە پاڵی، بەڵکو ئەوە مەدحە کە لە سەردەمی خۆی پلەی ئیمامەتی پێدرابێ و بە ئەهلی سوننە حیساب کرابێ و زانایان ڕێزیان لێ گرتبێ و بە شان و باڵیان هەڵدابێ.

ووتەکان نامرن بە مردنی خاوەنەکانیان:

بەڵێ ڕاستە ئەو زانایانەی کە زەمی أبو حنیفة-یان کردووە مردوون، بەڵام ووتەکانیان نامرن هەر بە زیندوویی دەمێنن و سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە و دەبێ قبوڵیان بکەین، نەک لەگەڵ مردنی خاوەنەکانیان ووتەکانیشیان بخەینە ژێر خاک.

ابن القیم دەڵێ: **ووتەکان نامرن بە مردنی خاوەنەکانیان، هەروەک چۆن ڕیوایەتەکان نامرن بە مردنی ڕاوییەکان و نەقلکەرانی ڕیوایەتەکان.** [أعلام الموقعین : 129/6]

محمد بن صالح دەڵێ: **ئەگەر بڵێین ووتەی مرۆڤ دەمرێت دوای مردنی خاوەنەکەی ئەوا خەڵکی سوود لە ووتەکەی نابینن دوای مردنی، جا بێگومان صەواب ئەوەیە کە ووتەکان نامرن بە مردنی خاوەنەکانیان و دەمێننەوە، جا بەپێی ئەمە گەر کەسێک بڵێ خەڵکی ئەم سەردەمە لەسەر ووتەیەک ئیجماعیان هەیە، دەڵێین بەڵام خەڵکی سەردەمی زوو یان بەشێک لەوان موخالەفەیان کردوون، جا بۆیە ئیجماع دروست نابێت.** [شرح الأصول من علم الأصول : 503] ط: دار البصیرة

ووتم: گەر لەم سەردەمەدا زۆربەی زانایان کۆکن لەسەر پێشەوایەتی کەسێک، بەڵام ئەوانەی کە لە پێشوودا مردوون ئەو کەسەیان تەکفیر کردووە یان تەبدیع و تەفسیق کردووە و بە گومڕایان زانیوە، ئەوا ووتەکانیان هەر ماون و زیندوون ئەگەرچی خۆشیان مردوون، بۆیە ئەوەی لەسەردەمی ئەواندا ئیجماعی لەسەر بووە ئیجماعی سەردەمەکانی تر هەڵی ناوەشێنێتەوە، بەڵکو مەحاڵە دوو ئیجماعی دژ بەیەک دابمەزرێن.

بەشی دووەم

ئەو ووتانەی دەربارەی (أبو حنيفة) ووتراوە وەک مەدح کردن و بەرگری کردن لێی

سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە لە گەڕانم بەدوای ئەو کتێبانەی کە دەربارەی أبو حنیفة ووتەی تێدا نەقل کراوە چ بە چاکە باسکردن بێ یان بە خراپە باسکردن، سەرنجی شتێکمدا ئەویش ئەوە بوو کە هەموو ئەو کتێبانەی کە ڕیوایەتی مەدحی أبو حنیفة-ی تێدا هاتووە یان خاوەنی کتێبەکە خۆی مەدحی أبو حنیفة-ی کردووە گشتیان دوای سەدەی سێیەم نوسراون، واتا هیچ کتێبێک لە سەدەی دووەم و سێیەم نادۆزیتەوە بۆ بەرگری کردن یان مەدحکردنی أبو حنیفة نوسرابێ، تەنها چەند ڕیوایەتێک هەیە لە (تاریخ یحیی بن معین) کە مەدحی أبو حنیفة-ی تێدا کراوە، یحیی بن معین سەرەتا مەیلی هەبووە بەلای مەزهەبی حەنەفی و دەمارگیری هەیە بەرامبەر الشافعي وەک دیارە، دەڵێ: پێم باشترە موسڵمان شوێنی ڕەئی أبو حنیفة بکەوێت نەک ڕەئی الشافعي، زیادەڕەوی یحیی بن معین بەرامبەر الشافعي ڕوونە تەنانەت تەزعیفی کردووە لەکاتێکدا هیچ کەسێک الشافعي تەزعیف نەکردووە، سەبارەت بەوەش کە دەڵێ ڕەئی أبو حنیفة باشترە ئەمە وەک بەراوورد بە ڕەئی الشافعي وادەڵێ، خۆ گەر بێتو ڕەئی أبو حنیفة بە چاک بزانێت ئەوا دەبێتە پەڵەیەک بە نێوچەوانی یحیی نەک ببێتە بەرگری بۆ أبو حنیفة، چونکە وەک بینیتان برگەی هەشتەم کە دەربارەی ئەهلی ڕەئی بوو لە هەمووی فراوانتر بوو لە هێنانی ووتەکان، جا کاتێک ئەم هەموو زانایە زەمی ڕەئی أبو حنیفة بکەن ئەوا مەدحی یحیی نەک نابێتە بەرگری بۆی بەڵکو بەسەر یحیی دەشکێتەوە دەبێت کەسێک بێت بەرگری لە یحیی بکات کە چۆن هەڵەیەکی لەم شێوەیەی کردووە، گەر بێتو عوزریشی بۆ بهێنینەوە ئەوا دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا ئەم قسەیەی کردووە چونکە سەرەتا لەلای محمد بن الحسن الشیباني کتێبەکانی أبو حنیفة-ی خوێندووە کاریگەر بووە پێی، ئەوەشمان بیر نەچێت کە هەر یحیی بوو ووتی أبو حنیفة جەهمی بوو، جا لێرەدا مەبەستم ئەوەبوو کە دەبینین کتێبەکانی سەدەی دووەم و سێیەم خاڵین لە مەدحکردنی أبو حنیفة مەگەر بە دەگمەن ئەگینا تەنها زەمکردنی هاتووە، ئەوانەی کە بەرگرییان لێی کردووە یان مەدحیان کردووە دوای سەدەی سێیەم هاتوون.

بۆ نموونە:

(المصنف - ابن أبي شیبة) 235 هـ

(السنة - عبدالله) 290 هـ

(المعرفة والتاريخ - الفسوي) 277 هـ

(التاريخ الكبير والتاريخ الأوسط - البخاري) 256 هـ

(العلل - زكريا الساجي) 307 هـ

(الطبقات الكبير - ابن سعد) 230 هـ

(سؤالات البرذعي لأبي زرعة الرازي) 264 هـ

(الجرح والتعديل - ابن أبي حاتم) 327 هـ

(تاريخ أبي زرعة الدمشقي) 281 هـ

(الضعفاء والمتروكين - ابن الجارود) 307 هـ

(الكنى والأسماء - مسلم) 261 هـ

(الضعفاء والمتروكين - النسائي) 303 هـ

تەنانەت هەندێک لەو کتێبانەش کە خاوەنەکانیان لەدوای سەدەی سێ ژیاون پڕپەتی لە زەمی أبو حنیفة، وەک:

(الضعفاء - العقيلي) 322 هـ

(الكامل في ضعفاء الرجال - ابن عدي) 365 هـ تەنها چەند ڕیوایەتێکی کەمی مەدح کردنی هێناوە

(المجروحين - ابن حبان) 354 هـ

(ذم الكلام وأهله - أبو إسماعيل الهروي) 481 هـ

جگە لە کۆمەڵێک کتێب کە بۆ ڕەددانەوەی أبو حنیفة نوسراون بەناوی (الرد على أبي حنيفة) وەک کتێبەکەی الحمیدي 219 هـ، کتێبەکەی نعیم بن حماد 228 هـ، کە ئێستا بوونیان نەماوە، هەموو ئەم کتێبانە نابینیت یەک ڕیوایەتی تێدا بێت مەدحی أبو حنیفة بکات، هەمووی بە خراپە باسی دەکات، کەچی دەبینین لەدوای سەدەی سێیەم کەسانێک پەیدابوون کۆمەڵێک ڕیوایەت نەقل دەکەن کە تێیدا مەدحی أبو حنیفة کراوە و زۆر بەرزکراوەتەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە هەر لەم کتێبانەی سەرەوە قسەی زۆر خراپیان پێ وتووە، جا تۆ بڵێی ئەم کەسانە دوو ڕووبن

لەلایەک بەناخی زەویدا بیبەنە خوارەوە لەلایەکی تریش بەرزی کەنەوە بۆ ئاسمان ؟ یان زاناکانی سەلەف زۆر حەسود و زاڵم بووبن تەنها ووتە خراپەکانیان نەقل کردبێ ؟ یان ئەو ووتانەی کە مەدحی أبو حنیفة-ی تێدا کراوە لەلایەن سەلەف تەنها دەستی زاناکانی سەدەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و دواتر کەوتووە، زاناکانی سەدەی دووەم و سێیەم لێی بێ ئاگابوونە ؟! ئەی باشە گەر ئەم هەموو زانایە بە شان و باڵی أبو حنیفة-یان هەڵداوە بۆ کەسیان کتێبێکی نەنوسی بۆ بەرگری کردن لە أبو حنیفة و ڕەددانەوەی ئەو ووتانەی کە لەدژی ووتراوە ؟ بۆچی سەدەی دووەم و سێیەم پڕاوپڕە لە قسە ووتن بە أبو حنیفة لە تەکفیر کردن بگرە تا بچووکترین قسە کەسیش ئینکاری لێ ناکات، کەچی لە سەدەکانی دواتر ئەم شتە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە ؟ دەبێت چی ڕووی دابێت ؟ بۆیە پێم وایە زۆربەی ڕیوایەتەکان کە مەدحی أبو حنیفة-ی تێدا کراوە بۆنی درۆی لێدێت یان زۆر زەعیفە یان کەسانی مەجهول لە سەنەدەکانیدا هەیە، وە گریمان صەحیحیش بن هەمووی تەعدیلی موجمەلە کە ناتوانرێ جەرحە موفەسەرەکان ڕەت بکاتەوە هەروەک پێیشتر باسمان کرد (جەرحی ڕوونکراوە پێشی تەعدیل دەخرێت) أبو حنیفة مورجیئە بووە بگرە بانگەوازی کردووە بۆ ئیرجاء فەتوای داوە بۆ خروج کردن گاڵتەی بە فەرموودە کردووە و ڕەتی کردۆتەوە و جەهمی بووە و فەتوای فێڵاوی داوە و کوفری بەواحی هەبووە ئیتر کەسێک بێت بڵێ کەسم نەدیوە وەک أبو حنیفة زیرەک بێ یان لە فیقهدا زۆر زیرەکە و هاوشێوەی ئەم ووتانە دەربارەی بووترێ، چۆن ئەم هەموو تاوانە گەورەیەی لەسەر لادەچێ بە مەدحێکی ئاوا ؟!

هەڵوەستەیەک لەسەر ئەو کتێبانەی کە دەربارەی مەدح کردنی لە أبو حنیفة نوسراون:

وەک پێش ئێستا باسمان کرد کتێبەکانی سەدەی دووەم و سێیەم خاڵین لە مەدحی أبو حنیفة، بۆیە ئەوەی بەدەستەوە لە مەدحکردنی أبو حنیفة-دا هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەدەی سێیەم، زۆربەشیان حەنەفی مەزهەبن هەر ئەوانیش سەرەتا هەڵساون بەم کارە، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە و سەیر نیە کە بەرگری لە پێشەوایەکەیان بکەن.

أحمد بن الصلت (308 هـ)

ناوی (أحمد بن محمد بن الصلت بن المغلس)ە، کونیەکەی (أبو العباس الحماني)ە، هەندێکیش وەک تەدلیس بە أحمد بن عطیة ناوی دەبەن تاکو بیشارنەوە لە سەنەد دا.

حەنەفی مەزهەبێکی درۆزنە، ناسراوە بە درۆکردن بە دەمی پێغەمبەر ﷺ وە دروستکردنی ڕیوایەتی درۆ بۆ مەدحکردنی أبو حنیفة، والله المستعان یەکەم کەس حەنەفی مەزهەبێکی دەمارگیری درۆزن دەستی داوەتە ئەم کارە، بێگومان ئەوانەی دوای ئەویش دێن پشت بەو دەبەستن، هەروەک چۆن ئەوانەی دوای الفسوي و عبدالله هاتوون ڕیوایەتی زەمکردنی أبو حنیفة نەقل دەکەن پشتیان بە ژمارەیەک ڕیوایەتی ئەوان بەستووە، ئەمەش بەهەمان شێوەیە، بۆیە هیچ کتێبێک نەنوسراوە دەربارەی مەدحی أبو حنیفة ئیللا ڕیوایەتی أحمد بن الصلت-ی تێدایە.

ابن عدي دەربارەی أحمد بن الصلت دەڵێ: ڕیوایەت دەکات لەو شێخانەی کە مردوون پێش لەدایکبوونی خۆی بە سەردەمێکی زۆر، لە درۆزنەکان کەسم نەدیوە لەو بێ حەیاتر بێ.

أبو الفتح بن أبي الفوارس دەڵێ: فەرمووده هەڵدەبەستێ.

أبو بکر البرقاني دەڵێ: فەرمووده هەڵدەبەستێ، لە مەترووکەکانە.

ابن حبان دەڵێ: فەرمووده هەڵدەبەستێ.

أبو نعیم الأصبهاني دەڵێ: ڕیوایەت لەو شێخانە دەکات کە پێیان نەگەیشتووە، هیچ نیە.

ابن عراق دەڵێ: فەرموودە هەڵدەبەستێ.
الخطيب البغدادي دەڵێ: فەرموودەی زۆری گێڕایەوە، زۆرینەی باطل بوون، خۆی دروستی کردبوون.
سبط ابن العجمي دەڵێ : درۆزن و فەرموودە هەڵبەستە.
ابن حبان دەڵێ: هاوەڵەکانم هانیاندام کە بڕۆم فەرموودەی لێوە ببیستم، کاتێک چووم بینیم دوو فەرموودەی دروستکراوی گێڕایەوە، زانیم فەرموودە هەڵدەبەستێ، نەچوومەوە بۆلای، وە ڕیوایەتی لە ژمارەیەک شێخ دەکرد کە وانازانم ئەوانی بینیبێت.
الدارقطني دەڵێ: فەرموودەی هەڵدەبەستا.
الحاكم دەڵێ: فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لە القعنبي ومسدد وابن أبي أويس و بشر بن الوليد کە خۆی دروستی کردوون، وە هەروەها چەندین مەتنی دروستکردووە، سەرەڕای درۆکردنی لەوەی کە دەڵێ بەم شێخانە گەیشتووم.

مكرم بن أحمد أبو بكر القاضي (345 هـ)

قوتابی أحمد بن الصلت-ە هەڵدەستێ بە نوسینی کتێبێک بەناوی (مناقب أبي حنيفة) کە پڕیەتی لە ڕیوایەتی درۆ دەربارەی مەدحکردنی أبو حنيفة کە لە شێخەکەیەوە ڕیوایەتی کردووە.

الخطيب لە ژیاننامەی أحمد بن الصلت کە دەکاتە شێخی مکرم بن أحمد دەڵێ: **لە بشر بن الحارث (واتا: بشر الحافي) و يحيى بن معين و علي بن المديني ڕیوایەت دەگێڕێتەوە کە کۆی کردۆتەوە دوای دروستکردنی دەربارەی مەدحکردنی أبو حنيفة.** [تاريخ بغداد : 338/5]
ووتم: (دوای دروستکردنی) واتا خۆی ڕیوایەتەکانی دروستکردووە.

الخطيب دەڵێ: حدثني أبو القاسم الأزهري ووتی: **پرسیار کرا لە أبو الحسن علي بن عمر الدارقطني منیش گوێم گرتبوو، دەربارەی کتێبەکەی (مكرم بن أحمد) کۆکراوەی ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی أبو حنيفة، الدارقطني ووتی: هەڵبەستراوە هەمووی درۆیە، أحمد بن المغلس**

الحماني هەڵی بەستاوە، خزمی جبارة. [تاريخ بغداد : 342/5] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: أحمد بن المغلس الحماني واتا أحمد بن الصلت، وەک پێش ئێستا ناومان هێنا، (جبارة) مامی أحمد بوو.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا القاضي أبو عبدالله الحسين بن علي الصيمري قال أخبرنا عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد بن محمد -يعني الحماني- قال حدثنا محمد بن مثنى صاحب بشر بن الحارث ووتی: **بیستم ابن عيينة ووتی: زاناکان ئەمانەن: ابن عباس لە سەردەمی خۆی، الشعبي لە سەردەمی خۆی، أبو حنيفة لە سەردەمی خۆی، الثوري لە سەردەمی خۆی.**

الخطیب دەڵێ: ناوهێنانی أبو حنيفة لەم ڕیوایەتدا الحماني زیادی کردووە، ئەوەی ڕاستە ئەمەیە:

أخبرنا علي بن محمد بن عبدالله المقرئ الحذاء قال أخبرنا أحمد بن جعفر بن سلم الختلي قال حدثنا أبو بكر أحمد بن محمد بن عبدالخالق قال حدثنا أبو بكر المروزي قال حدثني محمد بن أبي محمد عن **سفيان ابن عيينة ووتی: زانایانی سەردەم سیانن: ابن عباس لە سەردەمی خۆی، الشعبي لە سەردەمی خۆی، سفيان الثوري لە سەردەمی خۆی.**

الخطیب دەڵێ: گەر وترا بۆ ئینکاری لێدەکەی ئەی ئەگەر ڕیوایەتەکەی الحماني صەحیح بێت و ڕیوایەتی دووەم ناوی أبو حنيفة-ی تێدا سڕابێتەوە لەلایەن ڕاوییەکان ؟ دەڵێم: دوو شت ڕێگری لەم ئەگەرە دەکەن: یەکەمیان: عبدالرزاق بن همام ئەم ووتەیەی ڕیوایەت کردووە لە سفيان بن عيينة ڕێک وەک ڕیوایەتی دووەم، دووەمیان: ئەوەی بە صەحیحی لە سفيان بن عيينة هاتووە قسە ووتن بووە بە أبو حنيفة ... (پاشان الخطیب بە سەنەدەوە ئەو ڕیوایەتە دەهێنێ کە سفيان بن عيينة دەڵێ: هیچ منداڵێک لەدایک نەبووە لە ئیسلام زیانی زیاتر بێت لە أبو حنيفة بۆ سەر ئەهلی ئیسلام، ئینجا الخطیب دەڵێ) **وە سفيان بن عيينة جگە لەم ووتەیە ووتەی تری زۆرە دەربارەی أبو حنيفة کە لەمە دەچێت لە مانادا لە ژیاننامەی أبو حنيفة-دا باسمان کرد، جا گەر سفيان بن عيينة ئاوا أبو حنيفة بە گەورە بزانێ و بە چوارەم پێشەوای ئیسلامی دابنێ قسەی لەم شێوەیەی پێ ناڵێت، جا دەرکەوت کە ووتمان أحمد بن المغلس زیادی کردووە لە ڕیوایەتەکەدا و خۆی دروستی کردووە.**

[تاريخ بغداد : 5/340-341]

ووتم: ئەوانەی کاتێک ڕیوایەتەکانی زەمکردنی أبو حنیفة دەبینن خێرا دەچن بەبێ لێکۆڵینەوە ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی أبو حنیفة دەهێنن، خۆزگە وەک الخطیب ئاوا بە ئینصافەوە سەیری بابەتەکە بکەن، نەوەک ڕیوایەتەکان بەیەکتردا بدەن بەبێ تێڕوانین لە سەنەدەکانیان، ئەوەتا الخطیب کە لەلای چەسپاوە بە صەحیحی سفیان بن عیینة قسەی بە أبو حنیفة ووتوە، کە کاتێک دەبینێت سفیان لە ڕیوایەتێکی تر مەدحی أبو حنیفة دەکات بە درۆی دادەنێت، وە بەهەمان شێوە کاتێک ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی أبو حنیفة دەهێنێت لە تاریخ بغداد پێش ئەوەی بچێتە سەر ڕیوایەتەکانی زەمکردنی أبو حنیفة ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوەی لەلایەن زانایانەوە چەسپاوە و دروستە پێچەوانەی ئەم مەدحانەیە، ئێوەش کە بینیتان لە بەشی یەکەم ئەو هەموو زانایە قسەیان بە أبو حنیفة ووت کە کاتێک دەبینن هەمان زانا مەدحی أبو حنیفة دەکات بەهەمان شێوەی الخطیب مامەڵە بکەن، ناکرێ زانایەک تەکفیری بکات یان بە گومڕا و جاهیل و خەواریج و مورجیئە و ئەهلی ڕەئی وەسفی بکات لەهەمان کاتدا بەرزی بکاتەوە و بە شان و باڵی هەڵدات، ئەمە وەک حوکمێکی حسي، جگە لەوەی دوای لێکۆڵینەوە لە سەنەدەکان دەبینین زۆربەی ئەو ڕیوایەتانەی مەدحی تێداکراوە درۆیە یان زەعیفە، ئەوانەشی کە صەحیحن تەنها مەدحێکی موجمەلە نابێتە هۆی ڕەت کردنەوەی جەرحە ڕوونکراوەکان.

أبو جعفر الطحاوي (321 هـ)

حەنەفی مەزهەبە، دەووترێ کتێبێکی هەبووە دەربارەی مەدحی أبو حنیفة بەناوی (عقود المرجان في مناقب أبي حنيفة النعمان) بەڵام کتێبەکە بوونی نەماوە.

علي بن محمد بن الحسن بن كأس النخعي (324 هـ)

حەنەفی مەزهەبە، کتێبێکی هەبووە دەربارەی مەدحی أبو حنیفة بەناوی (تحفة السلطان في مناقب النعمان) بەڵام کتێبەکە بوونی نەماوە، بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا کە چەند ڕیوایەتێکی هەیە لە تاریخ بغداد جگە لەو کەسی تر ڕیوایەتی نەکردووە دەربارەی أبو حنیفة، وە هەندێک ڕیوایەتی ئەومان نەقل کرد لەڕێگای الخطیب-ەوە، وەک لە بەشەشدا هەندێکی دەهێنین.

عبدالله بن محمد بن أبي العوام (؟؟؟ هـ)

حەنەفی مەزهەبە، ناسراوە بە (ابن أبي العوام) کتێبەکەی چاپکراوە و بەردەستە بەناوی (فضائل أبي حنيفة وأخباره ومناقبه) محقق-ی کتێبەکە لەسەر بەرگەکەی نوسیویەتی ساڵی (335 هـ) مردووە، وە هیچ پاڵپشتیەکیشی بۆ ئەم زانیارییە نەهێناوە، بەڵام التنوخي لە کتێبی [تاريخ علماء النحويين من البصريين والكوفيين وغيرهم : 57] ت: الحلو، دەڵێ: فإن أبا القاسم عبدالله بن محمد بن يحيى بن أبي العوام المصري حدث سنة أربع وأربعين وثلاثمائة، قال حدثني يموت بن المزرع البصري. واتا: التنوخي دەڵێ: ابن أبي العوام ساڵی 344 هـ ڕیوایەتی کردووە لە يموت بن المزرع. ئەمەش بەیەکەوە ناگونجێ ساڵی 335 مردبێ و ساڵی 344 ڕیوایەت بگێڕێتەوە، بەڵام محقق-ی کتێبەکەی التنوخي دەڵێ ئەم ڕیوایەتە کێشەی تێدایە چونکە يموت بن المزرع ساڵی 304 مردووە چۆن ابن أبي العوام ساڵی 344 ڕیوایەتی لێوە دەکات ؟ ئینجا هاتووە چارەی بۆ ئەمە دۆزیوەتەوە گوایە لەوانەیە کوڕەکەی بێ بەناوی مهلهل بن يموت بن مزرع یان سەنەدەکە بەم شێوەیە بێ: ابن أبي العوام عن مهلهل عن أبيه. بەڵام محقق-ی کتێبەکەی التنوخي-ش کەوتۆتە هەڵەوە لەمەدا چونکە ئەگەرچی يموت ساڵی 304 مردووە، زۆر ئاساییە قوتابیەکی ئەو دوای 40 ساڵ ڕیوایەت لە شێخەکەی بگێڕێتەوە، بۆ نموونە البخاري شێخێکی هەیە ساڵی 230 مردووە، البخاري لە ساڵی 250 ڕیوایەتێک لە شێخەکەی دەگێڕێتەوە، دەووترێ البخاري لە ساڵی 250 ڕیوایەتی کرد لە شێخەکەی، ئەمە ساڵی گێڕانەوەی ڕیوایەتەکەیە نەک ساڵی بیستنی لە شێخەکەی، شێخەکە ساڵی 230 مردووە بێگومان البخاري پێش ئەو ساڵە لێی بیستووە، بەڵام دوای مردنی شێخەکەی ڕیوایەتەکەی گێڕاوەتەوە.

عبدالله بن أبي العوام کە نوسەری کتێبەکەیە، کوڕێکی هەیە بەناوی محمد، ئەویش کوڕێکی هەیە بە ناوی أحمد، واتا أحمد نەوەی عبدالله-یە، هەر ئەویش ئەم کتێبەی لە باپیریەوە ڕیوایەت کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، هەروەک محقق لە لاپەڕە 11 ی کتێبەکە دەڵێ کاتێک عبدالله ڕەشنوسی کتێبەکەی تەواوکرد مرد، ئینجا نەوەکەی بۆی تەواو کرد لەگەڵ زیادە خستنە سەری هەندێک

ڕیوایەت، کەواتە ئەم کتێبە لە ڕیوایەتی أحمد-ە لە محمد-ی باوکی ئەویش لە عبدالله-ی باوکی کە هەرسێکیان ناسراون بە ابن أبي العوام، بۆیە لە هەموو سەنەدەکانی ناوکتێبەکە نوسراوە (حدثني أبي قال حدثني أبي) تەنها چەند ڕیوایەتێکی کەم نەبێت کە ابن أبي العوام-ی نەوە خۆی زیادی کردۆتە سەر کتێبەکە.

ڕوونکردنەوەی حاڵی ئەم کوڕ و باوک و باپیرەیە:

عبدالله بن أبي العوام - باپیرە، دانەری کتێب.
محمد بن عبدالله بن أبي العوام - کوڕ ، ڕاوی کتێب لە باوکی.
أحمد بن محمد بن عبدالله بن أبي العوام - نەوە، ڕاوی کتێب لە باوکی، هەروەها بڵاوکەرەوەی کتێبەکەیە.

یەکەمیان: باپیرە، ناوی تەواوی (عبدالله بن محمد بن أحمد بن أبي العوام)ە، کونیەکەی (أبو القاسم السعدي)ە.
هیچ باسی ژیاننامەی نەکراوە کە کەسێکی چۆن بووە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە عبدالقادر القرشي الحنفي لە کتێبی (الجواهر المضية في طبقات الحنفية) دەڵێ: باپیری أحمد بن محمد-ە کوڕەکەی ناوی محمد بووە. هیچی تر باس ناکات دەربارەی هەر ئەوەندە، لە کتێبی تریش باسی ژیاننامەی نەکراوە. بڕوانە [الجواهر المضية في طبقات الحنفية : 327/2] ت: الحلو

دووەمیان: کوڕەکە، ناوی تەواوی (محمد بن عبدالله بن محمد بن أحمد بن أبي العوام)ە.
ئەمەشیان هیچ باسی ژیاننامەی نەکراوە لە کتێبەکاندا، عبدالقادر القرشي الحنفي لە ژیاننامەی عبدالله-ی باوکی دەڵێ: کوڕەکەی ناوی محمد-ە، دواتر باسی ژیاننامەی دەکەم، بەڵام باسی ناکات، جا نازانم بیری چووە یان چی ؟ وانەبێ باسی کردبێ بەڵام من نەمدۆزی بێتەوە، بەڵکو محقق-ی کتێبەکەش نەڵێ نەمدۆزیەوە ژیاننامەی محمد لە کتێبەکەدا.

سێیەمیان: نەوەکە، ناوی تەواوی (أحمد بن محمد بن عبدالله بن محمد بن أحمد بن أبي العوام)ە، کونیەکەی (أبو العباس السعدي)ە.

ئەمەیان عبدالقادر باسی ژیاننامەی کردووە لە (الجواهر المضية في طبقات الحنفية) وە ابن حجر لە کتێبی (رفع الإصر عن قضاة مصر) شتی زیاتری باسکردووە لە ژیاننامەکەی، وە تقي الدين التميمي لە کتێبی (الطبقات السنية في تراجم الحنفية) هەر لە عبدالقادر نەقلی کردووە، وە ژیاننامەکەشی دەری دەخات کە چ جۆرە کەسێک بووە.

لەساڵی (349 هـ) لەدایکبووە، لە سەردەمی عوبەیدییەکان لە مصر ژیاوە، کە ناسراون بە دەوڵەتی فاطمییەکان، کە بۆماوەی 200 ساڵ حوکمی مصر-یان کرد لەنێوان ساڵانی (362 - 567) دەوڵەتێکی ڕافیزەی زندیقی کافر بوون بە ئیجماعی زانایان، کوفریان زۆر زیاتر بووە لە ڕافیزەی ئێستا، ئەم أحمد-ە قازی بووە لە دەوڵەتەکەی ئەواندا وە بە مەزهەبی ئەوان حوکمی کردووە، هەروەک لە (الجواهر المضية) و (رفع الإصر عن قضاة مصر) هاتووە پاشای ئەوکات بەناوی (الحاكم بأمر الله) لەسەر قسەی (أبو الفضل جعفر الضرير) أحمد دەکات بە قازی، بەڵام ڕەخنەی لێدەگرن کە أحمد لەسەر مەزهەبی الحاكم نیە، ئەویش لەسەر أحمد دەیکات بە مەرج کە کاتێک لە مەجلیسی حوکم دانیشت چوار فەقیهی لەگەڵ بێت کە لەسەر مەزهەبی الحاكم بن بۆ ئەوەی هیچ حوکمێک دەرنەکات ئیللا لەسەر مەزهەبەکەی الحاكم بێت، ئەویش دەبێتە قازی لە ساڵی 405، وە دوای مردنی الحاكم بالله، کوڕەکەی دێتە سەر حوکم بەناوی (الظاهر لإعزاز دين الله) ئەویش هەر أحمد بە قازی دەهێڵێتەوە لەشوێنی خۆیدا.

بڕوانە [رفع الإصر عن قضاة مصر : 71-75] ت: علي محمد عمر

جا ئەمە حاڵی نەوەکەیە، باوک و باپیریشی حاڵیان دیار نیە کە چۆن بوونە.

تێبینی: الخطيب لە [تاريخ بغداد : 2/245-246] باسی کەسێک دەکات بەناوی (ابن أبي العوام) کە الدارقطني وتوویەتی: صدوق-ە، بەڵام ئەویان ناوی (محمد بن أحمد بن أبي العوام بن يزيد بن دينار أبو بكر الرياحي التميمي)ە، خەڵکی بەغدادە ساڵی 276 مردووە، پەیوەندی بەمانەوە

نیە کە خەڵکی مصر بوونە، ناوەکەی و ساڵی مردنی بەسە بۆ زانینی ئەمە.

ووتەی هەندێک لە زانایان دەربارەی عوبەیدییەکان:

أبو شامة المقدسي دەڵێ: **دەڵێن دەوڵەتی فاطمیە یان دەوڵەتی عەلەوییە، بەڵکو دەوڵەتی یەهودییە یان مەجوسی باطنی مولحیدە.**
[كتاب الروضتين في إخبار الدولتين : 140/2] ط: دار الكتب العلمية

الذهبي دەربارەی ڕووخاندنی دەوڵەتی عوبەیدییەکان لەلایەن صلاح الدين الأيوبي دەڵێ: **ئەم کارە لە ڕێزدارترین کارەکانی بوو، باشترین کاری کرد، چونکە ئەوانە باطنی زندیق بوون، بانگەشەی تناسخ-ی ڕوحەکانیان دەکرد، وە باوەڕیان بە شی بوونەوەی بەشێک لە الله لە ڕوحەکانیاندا هەبوو.** [تاريخ الإسلام : 276/39] ت: عمر عبدالسلام تدمري
ووتم: (تناسخ الأرواح) واتا: کە کەسێک دەمرێ ڕوحەکەی دەچێتە ناو لاشەی کەسێکی تر.

الذهبي دەڵێ: **عوبەیدییەکان دوژمنی الله و پێغەمبەرەکەین.** [سير أعلام النبلاء : 373/15]

الذهبي دەڵێ: **القاضي عياض لە ژیاننامەی أبو محمد الكستراتي نەقلی کردووە کە پرسیاری لێکراوە: کەسێک بني عبيد زۆری لێبکەن کە بچێتە ناو بانگەوازەکەیان یان دەیکوژن ؟ ووتی: کوشتن هەڵدەبژێرێ و عوزری نیە، وە واجبە لەسەری ڕابکات چونکە نیشتەجێ بوون لە شوێنێکدا کە داوای پەکخستنی شرائع لە خەڵکەکەی دەکرێ جائیز نیە.** [سير أعلام النبلاء : 151/15]
ووتم: ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە بیانەوێ عوزر بۆ ئەم کارەی ابن أبي العوام بهێننەوە گوایە لەترسی گیانی بۆتە قازی.

الذهبي دەڵێ: **القاضي عياض ووتی: زانایانی قەیرەوان یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە حاڵی بني عبيد حاڵی مورتەد و زندیقەکانە.** [سير أعلام النبلاء : 151/15]

ابن تيمية دەربارەی عوبەیدییەکان دەڵێ: **لە ناخەوە مولحیدن، دەستیان دایە مەزهەبی فەیلەسوف و مەجوسەکان لەگەڵ تێکەڵ کردنی ووتەی ڕافیزە لەگەڵی، جا وای لێهات باشترین شت کە دەریان دەخست لە ئیسلامدا دینی ڕافیزە بوو، بەڵام لە ناخەوە مولحید بوون لە یەهود و نەصارا خراپتر بوون، وە ئەوەی نەگەیشتبێ بە لوتکەی بانگەوازەکەیان ئەوا بە ڕافیزەیی دەمێنێتەوە لەناو ئیسلامدا، بۆیە هەندێک لە زانایان دەربارەیان وتوویانە: ڕواڵەتی مەزهەبەکەیان ڕەفزە، ناخەکەشی کوفرێکی صافە.** [الرد على البكري : 494] ط: دار الوطن

ابن تيمية دەڵێ: **هەواڵی عوبەیدییەکان لەلای زانایان بەناوبانگە بە ئیلحاد و دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی و هەڵگەڕانەوە و نیفاق.** [منهاج السنة النبوية : 101/4] ت: محمد رشاد سالم

ووتەی هەندێک لە زانایان دەربارەی الحاكم بأمر الله:

الذهبي لە ژیاننامەی الحاكم دەڵێ: **عوبەیدی مصری رافیزی، بەڵکو ئیسماعیلیەکی زندیقە، بانگەشەی ربوبیەتی دەکرد، شەیتان بوو، فیرعەونی سەردەمی خۆی بوو، لەهەر کاتێکدا حوکمێکی دەردەکرد خەڵکیشی ناچار دەکرد کە پێی پابەند بن، فرمانی دەکرد بە جوێندان بە هاوەڵان، وە نوسینی لەسەر دەرگای مزگەوت و شەقامەکان، وە فرمانی بە ژێردەستەکانی دەکرد کە جوێن بدەن بە هاوەڵان، وە ئەو ماسیانەی حەڕام کردبوو کە پولەکەیان پێوە نیە، کەسێکی کەوتە بەردەست کە ئەم جۆرە ماسیەی فرۆشت بوو کوشتی، وە لە ساڵی 402 فرۆشتنی خورمای حەڕام کرد، بەشێکی زۆری لێ کۆکردەوە وسوتاندی، وە فرۆشتنی ترێی قەدەغە کرد، وە نەصاراکانی پابەند کرد کە صەلیب لە ملیان هەڵواسن، وە یەهودییەکانی پاند کرد کە سەری ئەو گایە لە ملیان هەڵواسن کە دەیپەرستن، وە دەووترێ بانگەشەی خوایەتی کرد، بەڵام کەسە نزیکەکانی ترسانیان بەوەی کە خەڵک لێی هەڵسێتەوە ئەویش وازی هێنا.**

بڕوانە [سير أعلام النبلاء : 173/15-176]

ابن كثير دەڵێ: گەر ووتاربێژ لە ووتاردا ناوی الحاكم-ی هێنابوایە خەڵكەكە هەڵدەستانەوە سەرپێ وەک ڕێزگرتن لێی، وە هەمان شتیان دەكرد لە مصر لەگەڵ زیادكردنی سوجدە بردنیش، سوجدەیان دەبرد لەكاتی ناوهێنانیدا، ئەوەی لەناو نوێژ بوایە سوجدەی دەبرد، ئەوەی لە بازاڕ بوایە سوجدەی دەبرد، وە خەڵكیش سوجدەیان دەبرد لەگەڵ سوجدەی ئەوان.

[البداية والنهاية : 361/6] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: جا ئەمە ئەو كەسە بووە كە ابن أبي العوام لە سەردەمی ئەودا بۆتە قازی و بەپێی مەزهەبی ئەو حوكمی كردووە.

عبدالله بن محمد بن أحمد الحارثي البخاري (340 هـ)

حەنەفی مەزهەبە، كونیەكەی (أبو محمد)ە، ناسراوە بە (الأستاذ) كتێبێكی هەیە بەناوی (كشف الأستار) دەربارەی مەدحی أبو حنيفة، بەڵام بوونی نەماوە.

ابن الجوزي دەڵێ: أبو سعيد الرواس ووتی: تۆمەتبار بوو بە هەڵبەستنی فەرموودە.

أحمد السليماني دەڵێ: سەنەدی هەڵدەبەستا بۆ مەتن و مەتنی هەڵدەبەستا بۆ سەنەد، ئەمەش جۆرێكە لە فەرموودە هەڵبەستان.

حمزة السهمي دەڵێ: پرسیارم لە أبو زرعة أحمد بن الحسين الرازي كرد، ووتی: زەعیفە.

الحاكم دەڵێ: خاوەنی گێڕانەوەی فەرموودەی عەجیبە لە كەسە سیقەكانەوە، وە بەتەنها ئەو ڕیوایەتی كردووە.

الخطيب البغدادي دەڵێ: احتجاجی پێ ناكرێ، وە دەڵێ: خاوەنی فەرموودەی عەجیب و غەریب و مونكەرە، شایستەی احتجاج پێ كردن نیە.

جا یەكێک ئەمە حاڵی بێت درۆ بكات بە دەمی پێغەمبەر ﷺ زۆرلەلای ئاسانترە درۆ بكات لەپێناوی أبو حنيفة كە پێشەوایەتی.

يوسف بن أحمد بن يوسف بن الدخيل أبو يعقوب الصيدلاني المكي (388 هـ)

كتێبێكی هەیە بەناوی (سيرة أبي حنيفة) بوونی نەماوە، بەڵام بەهۆی كتێبەكەی ابن عبدالبر-ەوە

(الإنتقاء في فضائل الأئمة الثلاثة الفقهاء) زۆربەی ڕیوایەتەکانی ئەم کتێبەمان دەست کەوتووە گەر هەمووی نەبێ، ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی أبو حنیفة لە (الانتقاء) گەر بکەین بە سێ بەش دوو بەش زیاتری لە کتێبەکەی یوسف بن أحمد ڕیوایەت کردووە، لە ڕێگای حکم بن منذر بن سعید بن عبدالله، جا هەندێکجار ابن عبدالبر لەڕێگای حکم بن منذر ڕیوایەت دەکات لە یوسف بن أحمد، هەندێکجاریش ناوی حکم بن منذر لە سەنەدەکە لادەبات و ڕاستەوخۆ دەڵێ: قال أبو یعقوب یان قال یوسف بن أحمد.

یوسف بن أحمد قوتابی العقیلي بووە، کتێبی (الضعفاء)ی لە العقیلي ڕیوایەت کردووە جگە لەویش کەسانی تر ڕیوایەتیان کردووە، جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە تەنها الذهبي نەبێ بە (مُسنِد مكة) ناوی دەبات ئەمەش وەسفێکە لای زانایان خیلافی لەسەرە کە بە چ مانایەک دێت زۆرینەی موتەئەخیرین دەڵێن ئەو کەسەیە کە گرنگی بە ڕیوایەت کردنی فەرموودە موسنەدەکان دەدات ئەگەرچی زانستێکی ئەوتۆی نەبێ بە فەرموودە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خاوەن کتێب و ڕاوی کتێب بووە ئەمە تۆزێک پلەی بەرزتر دەکاتەوە ئەگەرچی تەوسیقیش نەکرابێ بەڵام ئەم جۆرە ڕاوییانە لەکاتی موخالەفە کردنی ڕیوایەتی سیقەکان و هێنانی ڕیوایەتی غەریب ئەوا ڕیوایەتەکانیان ڕەت دەکرێتەوە، جا نازانم بۆ چاوی لە شێخەکەی نەکردووە کە لە کتێبی (الضعفاء) هیچ ڕیوایەتێکی مەدحکردنی أبو حنیفة-ی نەهێناوە تەنها ئەو ڕیوایەتانەی هێناوە کە تێیدا زەمکراوە، وە نازانم چ سودێکی لە کتێبی شێخەکەی بینیوە کە ڕیوایەتی کردووە !

حکم بن منذر ئەویش کە قوتابی یوسف بن أحمد-ە و شێخی ابن عبدالبر-ە، بەهەمان شێوە جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە لەڕووی ڕیوایەتەوە، تەنها ابن بشکوال و ابن حزم باسیان کردووە.

ابن بشكوال دەڵێ: **أبو علي ووتی: بیستم أبو أحمد جعفر بن عبدالله دەیووت: حکم بن منذر ئەهلی مەعریفە وزیرەکی بوو، بیری زۆر تیژبوو، زانستێکی زۆری هەبوو لە ئەدەب کەس شانی**

لەشان نەدەدا. [الصلة في تاريخ أئمة الأندلس : 210/1] ت: بشار عواد معروف

ووتم: الذهبي لە تاريخ الإسلام ژیاننامەی حكم بن منذر-ی لە ابن بشكوال نەقل كردووە بەڵام بە كورتی هێناویەتی.

ابن حزم دەڵێ: **حكم سەرۆكی موعتەزیلەیە لە ئەندەلوس، وە گەورەیانە و ئوستازیانە و قسەكەریانە و خواپەرست وزاهیدیانە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێكی باش وفەقیهە.**
[طوق الحمامة : 45] ت: الصيرفي

الحسين بن علي بن محمد بن جعفر الصيمري (436 هـ)

حەنەفی مەزهەبە، كونیەكەی (أبو عبدالله)یە ناسراوە بە (الصميري) كتێبێكی هەیە دەربارەی مەدحی أبو حنيفة چاپكراوە ئێستا بەردەستە بەناوی (أخبار أبي حنيفة وأصحابه).
شێخی الخطيب البغدادي-ە، دەمارگیری هەیە بۆ أبو حنيفة و هاوەڵانی، الذهبي لە (سير أعلام النبلاء) لە الخطيب-ەوە نەقل دەكات كە دەڵێ: الصيمري پێی ووتم: لە الدارقطني-م بیست بەشێك لە سونەنەكەی، وە لێی دابڕام چونكە أبو يوسف-ی بە زەعیف دەزانی، وە خۆزگە ئاوام نەكردبوایە چ زیانێك بە الدارقطني گەیشت كە من جێم هێشت؟

الخطيب بە سیقەی داناوە، زۆربەی ڕیوایەتەكانی مكرم بن أحمد لە كتێبەكەیدا نەقل كردووە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێیدا، باسی ئەوەشمان كرد كە الدارقطني دەڵێ كتێبەكەی مكرم هەمووی درۆیە أحمد بن الصلت ڕیوایەتەكانی هەڵبەستاوە، ئەم كتێبەی الصيمري دەتوانم بڵێم سێ بەش زیاتری لە ڕیوایەتەكانی مكرم بن أحمد عن أحمد بن الصلت پێكهاتووە، تەنها كەمێكی نەبێ بەدەر لەوەیە.

ابن عبدالبر و الخطيب البغدادي

مالكی مەزهەب و شافعی مەزهەب هەردووكیان ساڵی 463 هـ مردوون، ابن عبدالبر لە كتێبی (الانتقاء) ڕیوایەتەكانی مەدحكردن و زەمكردنی أبو حنيفة نەقل دەكات، وە الخطيب البغدادي

له كتێبی (تاريخ بغداد) بەهەمان شێوە هەردوو جۆر ڕیوایەتەكان نەقل دەكات، دواتر هەموو ڕیوایەتەكانیان دەهێنین.

ژمارەیەكی تریش كتێبیان نوسیوە دەربارەی مەدحی أبو حنیفة، كە هەموویان لە كتێبەكانی پێش خۆیان نەقلیان كردووە شتی نوێی تێدا نیە، زۆربەیان بێ سەنەدە نەقلیان كردووە هەیانە بە سەنەدەوە، وەک:

الزمخشري - حەنەفی (538 هـ)

الموفق بن أحمد المكي الخوارزمي- حەنەفی (568 هـ)

المرغيناني - حەنەفی (593 هـ)

سبط ابن الجوزي (654 هـ)

الذهبي (748 هـ)

عبدالقادر القرشي - حەنەفی (775 هـ)

محمد بن محمد الكردري البزازي - حەنەفی (827 هـ)

السيوطي - شافعی (911 هـ)

محمد بن يوسف الصالحي - شافعی (942 هـ)

ابن حجر الهيتمي - شافعی (973 هـ)

الملا علي القاري - حەنەفی (1014 هـ)

أبو عمر ابن عبدالبر النمري (463 هـ)

ابن عبدالبر لە كتێبی (الانتقاء) كە تایبەت بە مەدحكردنی أبو حنيفة ومالك والشافعي نوسیویەتی، تێیدا ڕیوایەتەكانی مەدحكردنی أبو حنیفة نەقل دەكات، زۆربەشیان لە كتێبەكەی یوسف بن أحمد نەقل دەكات وەک باسم كرد پێش ئێستا، وە هەندێكیشی لە عبدالوارث بن سفیان نەقل دەكات، بەهەمان شێوە هەندێک لەو ڕیوایەتانەش نەقل دەكات كە بە خراپە باسی أبو حنیفة-ی تێدا كراوە، بەڵام دەمارگیری بە ڕوونی پێوە دیارە بۆ أبو حنیفة، تۆمەتی حەسودی دەداتە پاڵ

سەلەف گوایە حەسودیان بە أبو حنیفة بردووە و زیادەڕەوییان کردووە دەربارەی بۆیە ئەم تۆمەتانەیان داوەتە پاڵی ! بۆ ئەوەی بەرگری لەیەک کەس بکات تۆمەت دەداتە پاڵ کۆمەڵێک پێشەوای سەلەف ! منیش لەم کتێبەدا هەر زانایەک بەرگری دەمارگیرانە لە أبو حنیفة بکات یان تۆمەت بداتە پاڵ سەلەف یان بیەوێ هەڵەکانی أبو حنیفة بە بچووکی سەیر بکات، یان خەڵکی بەهۆی زانستەکەیەوە پێی سەرسام بن و لاسایی کوێرانەی بکەنەوە دەربارەی أبو حنیفة بڵێن ئەوەتا فلان زانا بە پێشەوا ناوی أبو حنیفة دەبات گەر أبو حنیفة ئاوا بێ چۆن زانایەکی وەک ئەو بە پێشەوا ناوی دەبات و هاوشێوەی ئەم جۆرە قسانە، ئەوا ناچار دەبم هەڵسم بە ڕوونکردنەوەی هەڵەکانی ئەو زانایە تا خەڵکی پێی گومڕا نەبن دەربارەی أبو حنیفة، وە پلەی زاناکە بزانن و لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورەی نەکەن، ابن عبدالبر-یش یەکێکە لەوان.

ابن الصلاح دەربارەی زانینی ژیاننامەی هاوەڵان دەڵێ: **ئەمە زانستێکی گەورەیە، زانایان کتێبی زۆریان لەبارەیەوە نوسیوە، وە گەورەترین و بە سودترینیان کتێبی (الاستیعاب)ی ابن عبدالبر-ە، گەر ناشرینی نەکردبوایە بەهێنانی زۆرێک لەو ناکۆکیانەی لەنێوان هاوەڵان ڕوویانداوە، وە گێڕانەوەکانی لەو کەسانەوەیە کە تەنها خەریکی گێڕانەوەی بەسەرهاتن نەک لە فەرموودەناسان، ئەم جۆرە کەسانەش ناسراون بەوەی کە شت زۆر دەگێڕنەوە و تێکەڵی دەکەن لە گێڕانەوەیان.** [مقدمة ابن الصلاح : 291] ت: نور الدين عتر

ابن عبدالبر لە ژیاننامەی هاوەڵ الوليد بن عقبة بن أبي معيط ﵁ دەڵێ: **بەسەرهاتی هەیە کە شتی مونکەر و ناشرینی تێدایە ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە حاڵی خراپ بووە و کردەوەی ناشرینی هەبووە، الله لە ئێمە و ئەویش خۆشبێ، الأصمعي وأبو عبيدة وابن الكلبي و جگە لەوانیش دەڵێن: الوليد بن عقبة فاسق بوو عەرەق خۆر بوو، بەسەرهاتی الوليد دەربارەی عەرەق خواردنەوە و شەوچەرەیان لە عەرەق خواردنەوەدا لەگەڵ أبو زبيد الطائي بەناوبانگە، بەلامەوە ناشرینە لێرە باسی بکەم، وە لێرەدا بەشێکی لێ باس دەکەم.** بڕوانە [الاستیعاب : 115/4] ط: دار الكتب العلمية

ابن حجر له ژیاننامەی الولید دەڵێ: **ابن الجوزي ژیاننامەکەی درێژکردۆتەوە، له کتێبی ابن عبدالبر نەقلی کردووە، هەڵه و ناشرینی تێدایە، الولید هاوەڵایەتی چەسپاوە، وه تاوانیشی هەیە کاروباری بۆلای الله تعالی دەگەڕێتەوە، صەواب ئەوەیە بێ دەنگ بین لەسەری، والله تعالی أعلم.**
[تهذيب التهذيب : 321/4] ط: مؤسسة الرسالة

ئیمام أحمد دەڵێ: **هەر کەسێک له پلەی یەکێک له هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کەم کردەوە یان ڕقی لێ بوویەوە بەهۆی کارێک که ئەنجامی داوە یان باسی خراپەکانی کرد ئەوا ئەم کەسە بیدعەچیە، تا ڕەحمەت بۆ هەموویان دەنێرێت و دڵیشی بەرامبەریان سەلامەت دەبێ.**
[أصول السنة : 9]

ئیمام أحمد دەڵێ: **یەکێک له حوججە ڕوون و چەسپاوەکان بریتیە له باسکردنی چاکەی هاوەڵانی پێغەمبەری الله ﷺ هەموویان، وه دەست هەڵگرتن له باسکردنی خراپەکانیان و باس کردنی ئەو خیلافەی که له نێوانیان ڕوویداوە.**
هەروەها دەڵێ: بۆ هیچ کەسێک جائیز نیه شتێک له خراپەی هاوەڵان باس بکات و تانه بدات له یەکێکیان به عەیبێک و به کەم وکورتییەک، هەر کەسێک وابکات ئەوا واجبه لەسەر دەسەڵاتدار تەمبێ بکات و سزای بدات، بۆی نیه لێی خۆشبێت، بەڵکو سزای دەدات و تەوبەی پێدەکات، گەر تەوبەی کرد لێی قبوڵ دەکرێ، وه ئەگەر لەسەری مایەوە ئەوا دووبارە سزای دەدات و له بەندیخانە دەیهێڵێتەوە تا دەمرێت یان تەوبە دەکات. بڕوانە [طبقات الحنابلة : 30/1]
ووتم: ابن عبدالبر که ئاوا دەمارگیرانە بەرگری له أبو حنیفة دەکات و تۆمەتی حەسودی دەداتە پاڵ سەلەف، خۆزگە کەمێکیش بەرگری لەم هاوەڵە بەڕێزە کردبوایە و باسی هەڵەکانی نەکردبوایە، که تەنها فەزلی یەک هاوەڵ له فەزلی هەر زانایەکی تری ئوممەت زیاترە، تەنانەت هیچ کام له باشترین تابعینەکانیش بەراوورد ناکرێن به هاوەڵان، چ جای أبو حنیفة که تەنها یەک ڕۆژێک له هاوەڵێتی الولید رضي الله عنه لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ له تەواوی ژیانی أبو حنیفة خێردارترە، جگە لەمەش ووتەی سەلەف به سەنەدی صەحیح دەربارەی أبو حنیفة ڕەت دەکاتەوە به بیانووی پڕو پوچ،

کەچی ووتەی الأصمعي فلان و علان وەردەگرێ دەربارەی هاوەڵێک کە 70 بۆ 80 ساڵ پێش لەدایکبوونی الأصمعي وەفاتی کردووە ! وە دەزانین عەرەق خواردنەوەی الولید بە صەحیحی هاتووە لە صحیح مسلم، بەڵام ئەو بەرگرییەی کە لە أبو حنیفة-ی دەکەیت الولید زۆر لە پێشترە.

عبدالله بن محمد بن عقیل کە یەکێکە لە ڕاوییەکانی فەرموودە، ابن حجر ووتەی زانایانی جەرح و تەعدیلی لە بارەیەوە نەقل کردووە بەم شێوەیە:

ابن سعد دەڵێ: منكر الحديث، احتجاج بە فەرموودەکانی ناکرێ.

بشر بن عمر دەڵێ: مالك ڕیوایەتی لێی نەدەکرد.

علي بن المديني دەڵێ: يحيى بن سعيد ڕیوایەتی لێی نەدەکرد.

يعقوب بن شيبة دەڵێ: فەرموودەکانی زۆر لاوازن.

سفيان بن عيينة دەڵێ: چوار کەس هەن لە قوڕەیش واز لە فەرموودەکانیان دەهێنرێ، تێیاندا ناوی عبدالله-ی برد.

أحمد بن حنبل دەڵێ: منكر الحديث.

يحيى بن معين دەڵێ: احتجاج بە فەرموودەکانی ناکرێ، وە هەروەها وتوویەتی زەعیفە.

الجوزجاني دەڵێ: زۆربەی ئەو فەرموودانەی ڕیوایەتی دەکات غەریبە.

أبو حاتم الرازي دەڵێ: فەرموودەی لاوازە بەهێز نیە، لەوانە نیە کە احتجاجی پێ بکرێ.

النسائي دەڵێ: زەعیفە.

ابن خزيمة دەڵێ: احتجاجی پێ ناکەم بەهۆی خراپی لەبەرکردنی.

ابن حبان دەڵێ: لەبەرکردنی خراپە، بە وەهم فەرموودەی دەگێڕایەوە، جا پێویست بوو کە واز لە ڕیوایەتەکانی بهێنرێ.

الخطيب البغدادي دەڵێ: لەبەرکردنی خراپە.

ئینجا دوای هەموو ووتەکان ابن حجر ووتەی ابن عبدالبر نەقل دەکات دەربارەی عبدالله کە وتوویەتی: لە هەموو ئەوانە سیقەترە کە قسەیان پێی ووتوە !

ابن حجر-یش دەربارەی ئەم ووتەیەی ابن عبدالبر دەڵێ: ئەمە زیادەڕەوییە.
بڕوانە [تهذيب التهذيب : 2/424-426]
ووتم: قسەکەی ابن عبدالبر سەرکەشیەکی یەکجار گەورەیە و مایەی سەرسوڕمان و پێکەنینە، عبدالله لە هەموو ئەمانە سیقەترە کە قسەیان پێی ووتوە ؟! دووبارە سەیری ناوی ئەو زانایانە بکەن کە قسەیان پێی ووتوە تا ناشرینی ووتەکەی ابن عبدالبر هەست پێ بکەن.

جا ئەمە کورتەیەک بوو لە تێکەڵ کردنی ابن عبدالبر لە قسەکردنی دەربارەی کەسەکان، ئەمە جگە لە تەئویل کردنی هەندێک لە صیفەتەکانی الله تعالی، وەک صیفەتی: الضحك والمكر والكيد والاستهزاء والاستحياء والاعراض، بەڵام لەلای خەلەف و معاصرین بەهۆی تەئویلی ئەشعەرییەکانەوە ئەوەندە نەرمیان نواندووە بەرامبەر تەئویلکەرانی صیفات، ئێستا ئەوەی تەئویلی ئەم صیفەتانە بخوێنێتەوە لەلایەن ابن عبدالبر بەلایەوە شتێکی گەورە نیە بەڵکو وەک تاوانێکی بچووک سەیری دەکات، چونکە لەبیری خۆیدا دەڵێ النووي و ابن حجر زۆر لەوە خراپترن لە صیفاتدا کەچی هەر پێشەوا و بەڕێزن و کەس بە خراپ باسیان ناکات، چ جای ابن عبدالبر کە وەک ئەوان تێوەنەگلاوە.
بڕوانە [عقيدة ابن عبدالبر في التوحيد والإيمان : 386-395] ط: دار العاصمة

أبو العباس السراج دەڵێ: **هەرکەسێک دان بەوە نەنێت و باوەڕی پێ نەبێت کە الله تعالی سەیری پێ دێت و پێدەکەنێت و هەموو شەوێک دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا و دەفەرمووێ: کێ داوا دەکات تا پێی ببەخشم، ئەوا ئەم کەسە زندیقە کافرە استتابە دەکرێ گەر تەوبە نەکات لە ملی دەدرێ و نوێژی لەسەر ناکرێ و لە گۆڕستانی موسڵمانانیش نانێژرێ.**
[الذهبي نەقلی کردووە - العلو للعلي العظيم : 1231]

أحمد بن علي بن ثابت أبو بكر الخطيب البغدادي (463 هـ)
الخطيب البغدادي لەناو ئەوانەی کە بەرگریان لە أبو حنيفة کردووە لە هەموویان باشترە لەم

بابەتەدا، چونکە هەروەک چۆن ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی هێناوە ڕیوایەتەکانی زەمکردنیشی هێناوە بگرە بە زیاتریشەوە، وە ئەو ڕیوایەتانەی بە صەواب داناوە کە تێیدا زەمکراوە هەروەک لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، بەڵام ئەویش وەک زۆرینەی زاناکانی تر سەرەڕای ئەوەی کە بۆی دەرکەوتووە ڕیوایەتەکان صەحیحین بەڵام أبو حنيفة هەر بە پێشەوا دەزانێت و بە گەورە وەسفی دەکات وەک بڵێی ئەم ڕیوایەتانەی کە هێناویەتی دەربارەی زەمکردنی خەون و خەیاڵ بێ هیچ نرخێکی نەبێ !

الخطيب پێش هێنانی ڕیوایەتەکانی زەمکردنی أبو حنيفة دەڵێ: **ڕیوایەتمان هێنا لە أيوب السختياني وسفيان الثوري وسفيان بن عيينة وأبو بكر بن عياش وجگە لەوانیش لە پێشەوایان ڕیوایەتێکی زۆر کە مەدح و ستایشی أبو حنيفة لەخۆ دەگرێت، وە ئەوەی صەوابە لەلایەن نەقلکەرانی فەرموودە لە پێشەوایانی المتقدمين وئەوانەشی کە ناومان هێنان دەربارەی أبو حنيفة پێچەوانەی ئەو ووتانەیە، وە ووتەکانیان دەربارەی أبو حنيفة زۆرە بەهۆی شتی ناشرینەوە کە لێیەوە گێڕدراوتەوە هەندێکیان پەیوەستە بە أصولی دین و هەندێکیشی بە فروع، وە ئێمەش باسیان دەکەین بە ویستی الله، وە داوای لێبوردن دەکەین لەو کەسەی کە ووتەکان دەبینێت و حەزی لێ نیە گوێ بیستیان بێت، چونکە أبو حنيفة لەلای ئێمە قەدری گەورەیە و پێشەنگە بۆ گەلێک زانای تر کە ناومان هێناون لەم کتێبەدا.** [تاريخ بغداد : 504/15-505]

ووتم: گەر أبو حنيفة هەر پێشەوا بێت و ووتەی ئەم زانایانە صەحیحیش بن هەر کاری تێنەکات و لە پلەی کەم نەکاتەوە، ئیتر نازانم سودی هێنانی ئەم ڕیوایەتانە چیە کە الخطيب هێناویەتی دەربارەی زەمکردنی أبو حنيفة کە نزیکەی 260 ڕیوایەت دەبێ بە صەحیح و زەعیفەوە ؟! هەر چەندە بەهۆی هێنانی ئەم ڕیوایەتانە الخطيب هێرشی زۆر توندی کراوەتە سەر لەلایەن دەمارگیران بۆ أبو حنيفة تەنانەت کتێبیشی لەسەر نوسراوە، وەک کتێبەکەی الكوثري (تأنيب الخطيب)، وە کاتێک تاريخ بغداد لە وڵاتی هیند چاپکرا کە گەیشتن بە ژیاننامەی أبو حنيفة بڕیاریاندا چاپەکە ڕاگرن چونکە وڵاتی هیند حەنەفی مەزهەبن، دواتر بڕیاریاندا بەردەوام بن لە چاپکردنی بەڵام بەو مەرجەی کتێبی (سهم المصيب في كبد الخطيب) لەگەڵی چاپ کرێت و بلکێندرێ بە تاريخ بغداد،

وە کاتێکیش لە الأزهر بڕیاردرا تاریخ بغداد چاپ بکرێ دژی وەستان بەهۆی ژیاننامەی أبو حنیفة دواتر چاپکرا بەو مەرجەی کە خۆیان تەعلیق لەسەر ڕیوایەتەکان بنوسن، بەشێوەیەک بێت کە هیچ پەڵەیەک لەسەر أبو حنیفة نەنیشێت، لەئێستاشدا کە دوو چاپی تاریخ بغداد بەردەستە بە تەحقیقی (مصطفى عبدالقادر عطا) و (بشار عواد معروف) کە هەردووکیان لە حاشیەکاندا درێغیان نەکردووە لە بەرگری کردن لە أبو حنیفة، لە تەعلیق دان لەسەر ڕیوایەتەکان و تەزعیف کردنی کۆمەڵێک ڕیوایەتی صەحیح و حەسەن.

ابن الجوزي دەڵێ: **أبو بكر الخطيب سەرەتا لەسەر مەزهەبی أحمد بن حنبل بوو، جا هاوەڵانمان (واتا: حەنبەلیەکان) هێرشیان کردە سەری کاتێک بینیان مەیلی دەچێ بەلای بیدعەچیەکان وە ئازاریاندا، جا چووە سەر مەزهەبی شافعی.** [المنتظم: 132/16]

ووتم: ابن الجوزي لەبەر دەمارگیری مەزهەبی ئەم قسانە دەکات نەک لە خەمخۆری بۆ عەقیدەی ئەهلی سوننە، ئەگینا خۆی عەقیدەی لە الخطيب خراپترە، بەڵام دوای گۆڕانی مەزهەبی الخطيب لە حەنبەلیەوە بۆ شافعی دەمارگیری الخطيب بەرامبەر حەنبەلیەکان ڕوونە، ئەمەش وایکردووە ابن الجوزي قسەی لەسەر بکات، بەڵام لە زۆرێک لە ووتەکانی دەربارەی الخطيب پێکاویەتی.

ابن الجوزي دەڵێ: أنبأنا أبو زرعة طاهر بن محمد بن طاهر المقدسي عن أبيه ووتی: **بيستم إسماعيل بن أبي الفضل القومسي -کە زانا بوو بە فەرموودە- دەیووت: سێ کەس هەن لە حافزەکان خۆشم ناوێن بەهۆی دەمارگیریان و کەمی ئینصافیان: الحاكم و أبو نعيم الأصبهاني و الخطيب البغدادي.**

ابن الجوزي دەڵێ: إسماعيل ڕاستی ووت، وە لە حافزە گەورەکان بوو، سیقە و صدوق بوو، زانستێکی باشی هەبوو بە ڕاوییەکان و مەتنەکان، وە قسەیەکی حەقی کردووە، چونکە الحاكم شیعەگەری هەبوو زۆر بەڕوونی، دووانەکەی تریش (واتا: أبو نعيم والخطيب) دەمارگیریان هەبوو بۆ ئەهلی کەلام و ئەشعەرییەکان، ئەم شتەش شیاو نیە بە ئەهلی حەدیث چونکە حەدیث هاتووە لەسەر زەم کردنی کەلام، وە الشافعي جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەمە تەنانەت ووتویەتی: ڕەئیم

وایە دەربارەی أهل الکلام کە لەسەر هێستر بارکرێن و بەناو خەڵکیدا بگێڕدرێن.
[المنتظم : 16/133-134]

ووتم: الخطیب البغدادي قوتابی أبو نعیم الأصبهاني بوو کە ئەویش مەیلی زۆرە بۆلای ئەشعەرییەکان و کێشەی زۆر بووە لەگەڵ ئەهلی سوننە لە سەردەمی خۆیدا، بۆیە الخطیب ڕەنگە کاریگەری ئەم شێخەی بەسەریەوە بێت.

أبو إسماعیل الهروي دەڵێ: **بیستم زید بن محمد الأصبهاني و جگە لەویش دەیانووت: خەڵکی أصبهان گەر بیاندیبوایە کەسێک نزیکی أبو نعیم الحافظ دەکەوێتەوە، ئەوا بەرد بارانیان دەکرد بە ووردە بەرد.** [ذم الکلام وأهله : 1330]

الخطیب دەڵێ: **سەبارەت بە تانەدانی زانایانی ئەهلی ڕەئی و ئەهلی کەلام لە ئەهلی حەدیث، من هۆکاری ئەمە ڕوون دەکەمەوە تا ئەوانە بیزانن کە نایزانن** (ووتەکەی دەربارەی ئەهلی ڕەئی لە بەشی یەکەمدا هێنامان، ئێستاش تەنها ووتەکەی دەربارەی هۆکاری تانەدانی ئەهلی کەلام لە ئەهلی سوننە دەهێنین، دەڵێ) **ئەهلی کەلام عوزریان هەیە لەو بەکەم سەیرکردنەیان بۆ ئەهلی حەدیث کە دەری دەبڕن و عەیبداریان دەکەن، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوانیان کە دەبێتە هۆکاری ڕق لێبوونەوە و ناکۆکی.** [الفقیه والمتفقه : 2/151]

ووتم: ابن الجوزي ڕاستی کرد کە الخطیب دەمارگیری هەیە بۆ ئەهلی کەلام و ئینصافی نیە، ئەوەتا عوزر دەدات بە ئەهلی کەلام لە ڕق لێبوونەوەیان و بەکەم سەیرکردنیان بۆ ئەهلی سوننە، ئایا کەسێک ئەهلی سوننە بێ بەم شێوەیە باسی خیلافی نێوان ئەهلی سوننە و ئەهلی کەلام دەکات ؟ وا خۆی نیشان دەدات کە وەک ناوبژیوانێک ڕۆڵ دەگێڕێ لەنێوانیان حەق بە کەسیان نادات، دژی کەسیان نیە و دۆستی کەسیشیان نیە ؟!

هەروەها الخطیب زۆر بە گەورەیی وەسفی أبو الحسن الأشعري و أبو بکر الباقلاني و أبو القاسم القشیري دەکات لە تاریخ بغداد، لەکاتێکدا باسی ژیاننامەی کەسێکی وەک البربهاري ناکات کە لە بغداد ژیاوە بەپێی مەرجی کتێبەکەی دەبێ باسی بکات، کە دێتە سەر ابن بطة العکبري هێرشی

دەکاتە سەر و تۆمەتی درۆکردنی دەداتە پاڵ، بەڵام ابن الجوزي پاشان المعلمي و دواتر عثمان عبدالله آدم الأثيوبي کە تەحقیقی کتێبی (الإبانة الکبری) ابن بطة-ی کردووە لە بەشی قەدەر دا لاپەرە (83-96) وەڵامی گومانەکانی الخطیب-ی بە جوانی داوەتەوە دەربارەی ابن بطة، هەروەها الخطیب لە ژیاننامەی أبو عبدالله ابن مجاهد قوتابی أبو الحسن الأشعري دەڵێ: کتێبی چاکی هەیە دەربارەی أصول، زۆرێک لە شێخەکانمان باسیان کردووە بۆمان کە دینداریيەکی چاک و ڕێبازێکی جوانی هەبوو، وە أبو بکر البرقاني (شێخی الخطیب) زۆر بەجوانی ستایشی دەکرد، پاشان الخطیب ئەم پارچەی شیعرەی ابن مجاهد دەهێنێت و لێی بێدەنگ دەبێ

أيها المغتدي ليطلب علمـــــا *** كل علم عبد لعلم الكلام

تطلب الفقه كي تصحح حكما *** ثم أغفلت منزل الأحكـام

(كل علم عبد لعلم الكلام) واتا: هەموو علمێک بەندەی علمی کەلامە ! ئەمەش کوفرە، کەچی الخطیب لێی بێ دەنگ دەبێ و سەرەڕای ئەمەش بە خاوەن ڕێبازێکی جوان وەسفی دەکات.

هەروەها لە ژیاننامەی الولید بن أبان الکرابیسي دەڵێ: یەکێکە لە ئەهلی کەلام لە أصول، لەسەر مەزهەبی ئەهلی حەق، مامۆستای الحسین الکرابیسي-ە.

ئەهلی کەلامە لە عەقیدەدا لەسەر مەزهەبی ئەهلی حەق ! هەرگیز ئەهلی کەلام بە ئەهلی حەق وەسف نەکراون لەلای ئەهلی سوننە، پاشان مامۆستای الحسین الکرابیسي بووە، ئیمام أحمد دەربارەی الکرابیسي دەڵێ: ئەو لەلای ئێمە کافرە، هەروەها دەڵێ: بشر المریسي مرد الحسین الکرابیسي لەدوای خۆی جێهێشت.

الذهبي دەڵێ: أخبرنا إسماعيل بن عبدالرحمن العدل أخبرنا عبدالله بن أحمد الفقيه أخبرنا المبارك بن علي الصيرفي في كتابه أخبرنا محمد بن مرزوق الزعفراني أخبرنا **الحافظ أبو بكر الخطيب ووتی: قسەکردن لە صیفاتدا ئەوەی بە صەحیحی ڕیوایەت کراوە لە فەرموودەکاندا مەزهەبی سەلەف ئەوەیە صیفەتەکە ئیثبات بکرێ و ڕواندنی لەسەر ڕواڵەت و نەفیکردنی چۆنیەتی ولێکچواندنی صیفەتەکە. ئەصل لەم بابەتەشدا ئەوەیە کە قسەکردن لە صیفاتدا لقێکە لە قسەکردنی لە**

زات، بۆیە لەسەر هەمان ڕێچکە و هاوشێوەی ئەو دەڕوات، جا کە زانراو بوو ئیثبات کردنی رب العالمین ئیثبات کردنی وجودیەتی نەک ئیثبات کردنی دیاریکردن و چۆنیەتی، بەهەمان شێوە ئیثبات کردنی صیفەتەکانی ئیثبات کردنی وجودی صیفەتەکەیە نەک ئیثبات کردنی دیاریکردن و چۆنیەتی صیفەتەکە، جا کاتێک کە ووتمان دەست و بیستن و بینین، ئەمانە ئیثبات کردنی صیفاتن کە الله ئیثباتی کردووە بۆخۆی، وە ناڵێین: دەست واتا قودرەت، وە ناڵێین: بیستن و بینین واتا عیلم، وە ناڵێین: ئەمانە ئەندامن و کاریان پێ ئەنجام دەدرێ، وە دەڵێین: واجبە ئیثباتی بکەین چونکە لە دەقی شەرعیدا هاتووە، وە واجبە نەفی لێکچواندن بکەین لە صیفەتەکاندا، چونکە الله تعالی فەرموویەتی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ **وە فەرموویەتی:** ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾. [العلو للعلي العظيم : 1335]

ووتم: ووتەکانی سەرەتای هەمان ووتەی سەلەفە و هیچ کێشەی تێدا نیە، بەڵام ووتەکانی دواتری پەڵەی ئەشعەریەتی پێوەیە کە دەڵێ: ناڵێین دەست و بیستن و بینین کاریان پێ ئەنجام دەدرێ، لەکاتێکدا الله تعالی فەرموویەتی: ﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ﴾ واتا: الله تعالی فەرمووی بە ئیبلیس: چ شتێک ڕێگری لێ کردیت کە سوجدە ببەیت بۆ ئادەم کە بە دوو دەستەکانم دروستم کردووە.

ابن تيمية دەڵێ: **ڕێگای نەفیکەرانی صیفات لە ئەهلی کەلام وەک موعتەزیلە و جگە لەوانیش بگرە تەواوی ئەوانەی کە شتێک لە صیفەتەکاندا نەفی دەکەن لازمی ووتەکەی تەعطیل و نەفیکردنە لەگەڵ دان پێدانانی بە ئیثبات کردنی، جا دەبێتە کۆکەرەوە لەنێوان دوو شتی دژ بەیەکدا.** [شرح العقيدة الأصفهانية : 101-102] ت: سعيد بن نصر بن محمد

ووتم: ڕاستی ووت ئەمە حاڵی ئەهلی کەلامە ئەوانەی کە دراونەتە پاڵ ئەهلی سوننە، دەبینیت بە لەفزێک ئیثباتی صیفات دەکات بە لەفزێکی تر هەڵیدەوەشێنێتەوە، وەک ئێستای ئەمەی الخطيب کە بینیتان.

الخطيب دەڵێ: فەرموودەناس دەبێ لە مەجلیسەکانی ووتنەوەی فەرموودەدا خۆی بپارێزێ لەو ڕیوایەتانەی کە عەقڵی خەڵکی عەوام بەرگەی ناگرێ، چونکە ئەمین نابین لێیان لە هەڵە و وەهم، الله بشوبهێنن بە دروستکراوەکانی و شتانێکی بدەنە پاڵ کە مەحاڵە پێی وەسف بکرێ، ئەمانەش هاوشێوەی فەرموودەکانی صیفات کە ڕواڵەتەکەی تشبیە وتەجسیم-ی لێدەکەوێتەوە، وە ئیثبات کردنی ئەندامەکانی لێدەکەوێتەوە بۆ الله-ی ئەزەلی قەدیم ئەگەرچی فەرموودەکانیش صەحیح بن، وە لە تەئویل کردنیشیدا چەند ڕێگایەک هەیە، بەڵام حەق ئەوەیە کە نەگێڕدرێنەوە تەنها بۆ ئەهلی خۆی، لەترسی ئەوەی کەسانێک پێی گومڕا بن کە لە ماناکانی تێناگەن جا بە ڕواڵەت وەری دەگرن یان ئینکاری لێدەکەن و ڕەتی دەکەنەوە و ڕاوییەکانی بە درۆزن دادەنێن.
[الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع : 300] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: ئەمەش ووتەی جەهمی و ئەشعەرییەکانە ئەگینا خۆی صیفات هەر دەبێ بە ڕواڵەت وەربگیرێ، کە پێش ئێستا خۆی باسیکرد، ئەی بۆ دەترسی لەوەی خەڵکی عەوام بە ڕواڵەت وەری بگرن دوور لە تعطیل و تأویل ؟ دواتر چی لە ئایەتەکانی قورئان دەکەیت کە هەموو خەڵکێکی عەوام دەیبیستێ کە کۆمەڵێک صیفاتی تێدایە، وە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی باسکردنی صیفەتی السمع والبصر ئاماژەی بۆ گوێ و چاوی کردووە، لەکاتی باسکردنی صیفەتی الاصبع ئاماژەی بە پەنجەکانی کردووە، وە هەروەها زۆرێک لە فەرموودەناسان لەکاتی ووتنەوەی فەرموودەکانی صیفات ئاماژەیان بۆ ئەندامەکانی لاشەیان کردووە، وە هیچ کام لە موسڵمانانیش ئەمەیان بە خەیاڵدا نەهاتووە کە دەستی الله وەک دەستی ئێمەی مرۆڤە یان چاوی الله وەک چاوی ئێمەیە، عەقیدەی لێکچواندنی صیفەتەکانی الله بە صیفەتی مەخلوقات لەناو موسڵماناندا بوونی نەبووە تا ئەهلی کەلام پەیدابوون بە بەکارهێنانی لەفزی مجسمة و مشبهة وایان نیشاندا کە هەرکەسێک باسی صیفەتێکی الله بکات ئەم صیفەتە لە مەخلوقاتدا هەبێ ئەوا ئەم کەسە الله-ی شوبهاندووە بە مەخلوقاتەکانی، ئەگینا چ موسڵمانێکی عەوام کاتێک ئایەتی (يد الله فوق أيديهم) دەخوێنێتەوە بیری بۆ ئەوە دەچێت کە دەستی الله وەک دەستی ئێمەی مرۆڤە ؟ ڕیوایەت لە سەلەفیش ئەوەندە زۆرە لەسەر ئەوەی کە فەرموودەکانی صیفات لەناو خەڵکی عەوامدا بخوێندرێتەوە لەترسی درێژ

بوونەوە هەندێکی دەهێنم.

الخلال دەڵێ: بیستم أبو بكر بن صدقة دەیووت: **إبراهيم الحربي ڕۆژێک باسی فەرموودەی ليث عن مجاهد-ی کرد، ووتی: ئەم فەرموودەیە عثمان بن أبي شيبة گێڕایەوە لە مەجلیس لەناو خەڵکیدا، پێت وایە چەند کەس لە مەجلیسەکەدا بوون ؟ بیست هەزار، تۆ وای دەبینی گەر کەسێک هەستابوایە بە عثمان-ی ووتبایە ئەم فەرموودەیە مەگێڕەوە یان ئینکاری لێکردبوایە پێت وایە لەم شوێنەدا دەردەچوو بەبێ کوشتن ؟**

الخلال دەڵێ: أبو بكر بن صدقة ووتی: إبراهيم ڕاستی کرد، حوکمی ئەو کەسە هیچ نیە لەلای من جگە لە کوشتن. [السنة : 254] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: فەرموودەی ليث عن مجاهد، ئەثەرێکە لە مجاهد ڕیوایەت کراوە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا﴾ مجاهد دەڵێ: الله پێغەمبەرﷺ لەسەر عەرش دادەنیشێنێت لە ڕۆژی قیامەت.

الطبري دەڵێ: حدثني المثنى قال حدثنا هدبة بن خالد قال حدثنا حماد بن سلمة عن ثابن عن أنس ووتی: **پێغەمبەر ﷺ ئایەتی: ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا﴾ خوێندەوە، أنس دەڵێ: پەنجە مۆری لە نزیک سەری پەنجە بچووکەکەی کۆتایی دانا، فەرمووی: چیاکە ڕۆچوو.**

حماد دەڵێ: حميد بە ثابت-ی ووت: ئەم فەرموودەیە دەگێڕیتەوە ؟! ثابت دەستی بەرز کردەوە دای لە سینگی حميد، وە ووتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، أنس فەرموویەتی، منیش بیشارمەوە ؟!
[تفسير الطبري : 429/10] ت: التركي **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: پێغەمبەر ﷺ سەرە پەنجەی سەرەتا و کۆتایی بەیەکناوە بازنەیەکی بچووکی دروستکردووە، واتا الله تعالى بە قەدەر ئەم بازنەیە خۆی دەر خستووە بۆ چیاکە.

لە عەرەبیەکە (الإبهام و الخنصر) هاتووە، ئێمەش بە الإبهام دەڵێین پەنجە مۆر بۆیە بەم شێوە وەرم گێڕاوە تا تێگەیشتنی ئاسانتر بێ، الخنصر-یش پەنجە بچووکەکەی کۆتاییە کە ئەنگوستیلەی تێدەخرێ، نازانم بە کوردی چی پێ دەڵێن.

ابن تيمية دەڵێ: ووتەی ئەو کەسەی کە دەڵێ: داوای لێدەکەین باسی فەرموودەکان و ئایەتەکانی صیفات نەکات لەلای خەڵکی عەوام و بە نامە نەینوسێت بۆ شارەکان و لە فەتوا پەیوەندیدارەکان باسی نەکات، ئەم ووتەیە بەتاڵ کردنەوەی گەورەترین أصولی دین و کۆڵەگەی تەوحیدی لەخۆ گرتووە، چونکە گەورەترین ئایەتی صیفات ئایەتی کورسیە کە گەورەترین ئایەتە لە قورئان وەک لە فەرموودەی صەحیحدا چەسپاوە، وە (قل هو الله أحد) ئەو سورەتەیە کە یەکسانە بە سێیەکی قورئان. [التسعينية : 121/1] ت: محمد بن إبراهيم العجلان

الخطيب دەڵێ: ئێمە عیللەت بۆ کردەوەکانی الله دانانێین. [الفقيه والمتفقه : 530/1]

ووتم: ئەمەش ووتەی ئەشعەرییەکانە کە لە بابەتی قەدەر دا جەبرین، پێیان وایە کردەوەکانی الله تعالى هیچ هۆکارێکی تێدا نیە، بەمەش حیکمەت لە کردەوەکانی الله دەردەهێنن، ئایەتی قورئانیش گەلێک زۆرە کە وەڵامی ئەم عەقیدەیە دەداتەوە، لێرەدا تەنها یەک ئایەت دەهێنم، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ واتا: جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستنم نەبێ، کەواتە عیللەتی دروستکردنی جنۆکە و مرۆڤ لەلایەن الله بەندایەتی کردن و پەرستنە بۆی، هەروەها ابن عساکر کە خۆی ئەشعەرییە، الخطيب-ی بە یەکێک لە چینی چوارەمی هاوەڵانی أبو الحسن الأشعري داناوە لە کتێبی (تبيين كذب المفتري) هەروەها ابن المبرد لە کتێبی (جمع الجيوش والدساكر على ابن عساكر) پاڵ پشتی ئەوەی کردووە کە الخطيب ئەشعەرییە، لەکاتێکدا ئەم کتێبەی بۆ ڕەتدانەوەی ابن عساکر نوسیوە، وە ڕەددی ابن عساكر-ی داوەتەوە دەربارەی ئەو زانایانەی کە ئەشعەری نین بەڵام ابن عساکر بە ئەشعەری داناون لە کتێبی (تبيين كذب المفتري) بەڵام ابن المبرد دەمارگیری پێوە دیارە لە دژی الخطيب چونکە تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵ الخطيب گوایە دەمارگیری هەیە لە دژی أبو حنيفة بۆیە ڕیوایەتەکانی زەمکردنی هێناوە، وە قسەی الخطيب قبوڵ ناکرێ دەربارەی أبو حنيفة، ئەمەش قسەیەکی بێ بنەما و بەتاڵە چونکە الخطيب ڕیوایەتی نەقل کردووە لە سەلەفەوە بە چاک و خراپەوە قسەی خۆی نەهێناوە دەربارەی أبو حنيفة تا بڵێی قبوڵ ناکرێ، وە زۆربەی ڕیوایەتەکانی الخطيب لەلای عبدالله بن الإمام

أحمد و يعقوب بن سفيان الفسوي و العقيلي وابن عدي هاتووە، الخطيب یەکەمین کەس و دواهەمین کەس نیە کە ڕیوایەتەکانی زەمکردنی أبو حنيفة نەقل بکات، پاشان الخطيب سەرەڕای هێنانی ڕیوایەتەکان لە دژی أبو حنيفة کەچی أبو حنيفة هەر بە پێشەوا دەزانێت.

جا ئەمە حاڵی زۆرێک لەوانەیە کە کتێبیان نوسیوە بۆ بەرگری کردن لە أبو حنيفة، وەک بینیتان کۆکراوەیەکن لەنێوان کەسانی کافر و بیدعەچی و درۆزن و نەناسراو، هەندێکیان کافر بوونیان ڕوونە، هەندێکیان بیدعەچین و ئەهلی سوننە نین، هەندێکیان درۆزن و هەندێکیان نەناسراون، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە لە دژی أبو حنيفة کتێبیان نوسیوە یان قسەیان پێی ووتوە وەک الحميدي و نعيم بن حماد و البخاري و أبو زرعة الرازي و الفسوي و عبدالله و العقيلي و ابن عدي نابینی کەس پەنجەیان بە خراپە بۆ درێژ بکات تەنها بە چاکە نەبێت ناویان ناهێنرێ، تەنها دانەیەک لەمانە تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ کە ڕیوایەتی درۆی دروستکردووە دەربارەی زەمکردنی أبو حنيفة، ئەویش (نعيم بن حماد)ە، کە یەکێکە لە شێخەکانی البخاري، حەنەفیە جەهمیەکان دوای ئەوەی بەندیان کرد لەبەر ئەوەی نەیووت قورئان مەخلوقە، تەنانەت هەر لە بەندیخانەدا مرد بە کۆت و زنجیرەوە نێژرا بەبێ کفن و نوێژکردن لەسەری، دواتر هاتوون تۆمەتی درۆکردنیان داوەتە پاڵی کەسێکی وەک أبو بشر الدولابي حەنەفی کە خۆی ئەولاترە بە درۆکردن لە نعيم لەڕووی دەمارگیرییەوە بۆ أبو حنيفة، الدولابي دەڵێ نعيم ڕیوایەتی درۆی لەدژی أبو حنيفة هەڵبەستاوە ! ئیمام أحمد نعيم-ی بە سیقە داناوە، أبو حاتم بە صدوق-ی داناوە، العجلي بە سیقەی داناوە، يحيى بن معين دەڵێ صدوق-ە سیقەیە پیاوێکی چاکە من لە هەموو کەس باشتر دەیناسم، بەڵام هەندێک وەهمی هەیە هەڵە دەکات تێیدا، هەروەها البخاري لە صەحیحەکەی ڕیوایەتی لێوە کردووە لەپاڵ کەسێکی تر (مقرونا بغيره) لێرەدا نامەوێ ڕۆبچم لە هێنانی ووتەی زانایان دەربارەی نعيم و دەرخستنی حاڵی لە ڕیوایەت کردندا بەڵام هیچ گومان لە پێشەوایەتی نعيم نیە کە یەکێکە لە پێشەوایانی ئەهلی سوننە زۆر توند بووە بەرامبەر ئەهلی بیدعە، وە گومان لە ڕاستگۆیەتیدا نیە، بەڵام هەڵە و مناکیر-ی هەیە لە ڕیوایەتدا، المعلمي لە کتێبی (التنكيل) بەدرێژی وەڵامی تۆمەتی

درۆکردنی داوەتەوە، بەرگرییەکی بەهێزی لە نعیم کردووە تەنانەت لەڕووی بە زەعیف دانانیشەوە بەرگری لێکردووە دەڵێ گەر تفرد-یش بکات ڕیوایەتەکانی شایستەی قبوڵ کردنە، بەڵام بۆ بیانوو بڕین لەم کتێبەدا هیچ ڕیوایەتێکی نعیم-م نەهێناوە دەربارەی أبو حنیفة.
بڕوانە [التنكيل : 1/824-836]

ئێستاش دەچینە سەرهێنانی ڕیوایەتەکان دەربارەی مەدحکردن و بەرگری کردن لە أبو حنیفة

ڕیوایەتەکانی کتێبی (الانتقاء)

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا أبو يعقوب يوسف بن أحمد قال حدثنا أبو العباس محمد بن الحسن بن الفارض قال حدثنا علي بن عبد العزيز قال حدثنا أبو إسحاق الطالقاني قال حدثنا عمر بن هارون عن أبي حمزة الثمالي ووتی: **ئێمە لەلای أبو جعفر بووین محمد بن علي، جا أبو حنيفة هاتە ژوورەوە پرسیاری چەند بابەتێکی لێکرد، محمد ابن علي-ش وەڵامی دایەوە، پاشان أبو حنيفة چووە دەرەوە، أبو جعفر پێی ووتین: ڕەوشت و شێوەی چەند جوان بوو، فقهی چەندە زۆر بوو.** [الانتقاء : 124]

ووتم: حكم بن منذر و يوسف بن أحمد لە پێشوودا باسمان کردن کە حاڵیان چۆنە، وە محمد بن الحسن بن الفارض مەجهولە، وە عمر بن هارون هەندێک بە درۆزنیان داناوە هەندێک بە مەتروکیان داناوە هەندێکیش بە زەعیف، هەروەها أبو حمزة الثمالي ڕافیزەیە 21 زانا بە زەعیف و مەتروکیان داناوە، نەمبینی کەس تەوسیقی بکات.

(أبو إسحاق الطالقاني) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (أبو إسحاق الطائفي).

محمد بن الحسن بن الفارض هەندێکجار ناوی باوکی بە الحسن هاتووە هەندێکجاریش بە الحسين، عبدالفتاح أبو غدة لە تەحقیقەکەی هەمووی کردۆتە الحسين، ئەویش دڵنیا نیە الحسين ڕاستە یان الحسن، بەهەرحاڵ هەرکامیان بێت مەجهولە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب يوسف بن أحمد حدثنا أبو الحسين القاضي أحمد ابن محمد النيسابوري قال حدثنا محمد بن يزيد قال حدثنا عبدالله بن حماد بن أبي حنيفة قال أخبرنا حماد بن أبي حنيفة عن أبيه ووتی: **باوکم پرسیاری لە حماد بن أبي سليمان کرد دەربارەی بابەتێک لە تەڵاق، ئەویش وەڵامی دایەوە، جا أبو حنيفة ڕەددی دایەوە لە بابەتەکەدا تاکو حماد بێدەنگ بوو، جا کاتێک أبو حنيفة هەڵسایەوە، حماد ووتی: ئەمە سەرەڕای فقهەکەی شەو زیندوو دەکاتەوە و شەو نوێژ دەکات.** [الانتقاء : 124]

ووتم: محمد بن يزيد نەمزانی کێیە، وە عبدالله بن حماد بن أبي حنيفة الله هەر خۆی دەزانێ کە حاڵی چۆن بووە، چونکە لە نەوەکانی أبو حنيفة تەنها إسماعیل و عمر ناویان هاتووە و ڕیوایەتیان هەیە کە هەردووکیشیان زەعیفن، عبدالله لەهیچ شوێنێکدا ناوی نیە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو محمد عبدالرحمن بن عبدالله المقرئ قال حدثنا محمد بن إسحاق بن سبويه قال حدثنا عبيدالله بن موسى ووتی: **بیستم مسعر بن كدام دەیووت: ڕەحمەتی الله لە أبو حنيفة بێت، فەقیهـ و زانا بوو.** [الانتقاء: 125]

ووتم: عبدالرحمن بن عبدالله المقرئ یەک ڕاوی ناسراو هەیە بەم ناوە کە سیقەیە و ساڵی 213 هـ مردووە، بەڵام أبو يعقوب 388 هـ مردووە وەک پێشتر باسمان کرد، بۆیە مەحاڵە ئەم ڕاویەی سەنەدەکە هەمان ئەم عبدالرحمن-ە بێت چونکە گەر أبو يعقوب ئەمەی بیستبێ لە عبدالرحمن کەواتە أبو يعقوب بەلایەنی کەمەوە 185 ساڵ ژیاوە لەکاتێکدا خۆی قوتابی العقيلي بووە کە العقيلي ساڵی 322 هـ مردووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو حفص عمر بن شجاع الحلواني قال حدثنا علي بن عبد العزيز قال حدثنا عارم ووتی: **بیستم حماد بن زيد دەیووت: دەمویست حەج بکەم چومە لای أيوب تا ماڵئاوایی لێ بکەم، أيوب ووتی: پێم گەیشتووە فەقیهی ئەهلی کوفە أبو حنيفة دەیەوێ حەج بکات، جا گەر پێی گەیشتی لە منەوە سەلامی لێ بکە.** [الانتقاء: 125]

ووتم: لە چاپی مکتبة القدسي (قال أبو يعقوب) کەوتووە لە تەحقیقی (عبدالفتاح أبو غدة) ڕاستم کردۆتەوە.

عمر بن شجاع الحلواني یەکێکە لە قاریئەکان حاڵیم بۆ دەرنەکەوت، ئەم ڕیوایەتە وەک دەیبینن لە ڕیوایەتی علي بن عبدالعزيز-ە لە عارم-ەوە، علي و عارم هەردووکیان سیقەن، بەڵام عارم کە ناوی محمد بن الفضل السدوسي-ە، لەکۆتایی تەمەنی خڵەفاوە و بیری تێکچووە، جا ئەوانەی ڕیوایەتیان لێوەی کردووە پێش تێکچوونی بیری ڕیوایەتەکانی صەحیحە، ئەوانەشی دوای ئەم حاڵەتە ڕیوایەتیان لێوەی کردووە زەعیفە.

العقيلي دەڵێ: حدثني الحسين بن عبدالله الذارع حدثنا أبو داود ووتی: پێمان گەیشت کە عارم ساڵی 213 حاڵی تێکچوو پاشان عەقڵی بۆ گەڕایەوە، ئینجا ساڵی 216 بیر تێکچوون باڵی بەسەردا کێشا. [الضعفاء : 367/5]

ئینجا العقيلي دەڵێ: علي بن عبدالعزيز لەساڵی 217 گوێ بیستی عارم بووە، کەواتە ڕیوایەتی علي لە عارم زەعیفە.

بەڵام ابن أبي حاتم لە کتێبی (الجرح والتعديل) لە باوکیەوە نەقل دەکات کە عارم لەساڵی 220 بیری تێکچووە ئەوەی پێش ئەم کاتە ڕیوایەتی لێوە کردبێ چاکە، ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە علي پێش بیر تێکچوون ڕیوایەتی لە عارم کردووە.

بەڵام باپیری العقيلي باسەکە یەکلایی دەکاتەوە، العقيلي دەڵێ: باپیرم ووتی: حەجم کرد ساڵی 215 وە گەڕامەوە بۆ بەصرە عارم بیری تێکچوو بوو، جا منیش هیچم گوێ نەگرت لێی تا مرد، وە لەساڵی 224 مرد. [الضعفاء : 369/5]

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕیوایەتی علي لە عارم زەعیفە چونکە دوای تێکچوونی بیری عارم بووە، جگە لەمەش لە بەشی یەکەمدا هێنامان کە حماد بن زيد و أيوب السختياني هەڵوێستیان چۆن بووە بەرامبەر أبو حنيفة، بۆیە مەحاڵە أيوب قسەیەکی ئاوا بکات.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا عمر بن أحمد بن عنزة الموصلي قال حدثنا أبو جعفر بن أبي المثنى قال سمعت محمد بن عبيد الطنافسي دەیووت: **الأعمش دەیویست بچێ بۆ حەج، جا کاتێک گەیشتە (الحيرة) بە علي بن مسهر-ی ووت: بڕۆ بۆلای أبو حنيفة تا مەناسیکەکانی حەج بنوسێت بۆمان.** **[الانتقاء : 126]**

ووتم: لە تەحقیقی أبو غدة (عمر بن أحمد بن عنزة الموصلي) بۆتە (محمد بن أحمد بن عزة الموصلي) هەرکامیان بێت نەمدۆزینەوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا العباس بن محمد البزار قال حدثنا محمد بن عبيد بن غنام قال حدثنا محمد بن عبدالله بن نمير قال سمعت أبي دەیووت: **بیستم پرسیار لە الأعمش کرا**

دەربارەی بابەتێک، ووتی: کەسێکی وەک النعمان بن ثابت الخزاز دەزانێ وەڵامی ئەم پرسیارە و هاوشێوەکانی بداتەوە، وایدەبینم بەرەکەت خرابێتە عیلمەکەیەوە. [الانتقاء : 126]

ووتم: العباس بن محمد البزار نەمدۆزییەوە.

(محمد بن عبيد بن غنام) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (محمد بن عبيد بن عنام).

باوکی کە دەکاتە عبيد بن غنام ناسراوە، بەڵام خۆی واتا محمد نەمدۆزیەوە کەس باسی بکات.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو مروان عبدالملك بن بحر الجلاب وأبو العباس محمد بن الحسين الفارض قالا حدثنا محمد بن إسماعيل الصائغ ووتی: بیستم شبابة بن سوار دەیووت: **شعبة ڕەئی باش بوو بەرامبەر أبو حنيفة، وە دێڕە شیعرەکانی مساور الوراق-ی بۆ دەخوێندمەوە:**

إذا ما الناس يوما قايسونا   *   بآبدة من الفتيا طريفــــــــة**

رميناهم بمقياس مصيــب   *   صليب من طراز أبي حنيفـة**

إذا سمع الفقيه به وعـــاه   *   وأثبته بحبر في صحيفــــــــة**

[الانتقاء : 126]

ووتم: (عبدالملك بن بحر الجلاب) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (عبدالملك بن الحر الجلاب).

شبابة بن سوار بانگەوازکەر بوو بۆ ئیرجاء بۆیە ئیمام أحمد تەرکی ڕیوایەتی کرد لێی ئەگەرچی سیقەشە، وە لە بەشی یەکەمدا بە صەحیحی هێنامان کە شعبة لەعنەتی لە أبو حنيفة کردووە، ئیتر نازانم چ ڕەئیەکی باشی هەبووە بەرامبەری ؟

وە دەکرێ سەرەتا حاڵی بۆ دەرنەکەوتبێ هاوشێوەی ابن المبارك کە سەرەتا مەدحی کردووە پاشان ناسیویەتی، وە ڕیوایەتی بیدعەچی گەر لە بەرژەوەندی مەزهەبەکەی بێ ئەوا ڕەت دەکرێتەوە لەلای زانایان.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا إسحاق بن أحمد الحلبي قال حدثنا سليمان بن سيف قال حدثنا عبدالصمد بن عبدالوارث ووتی: **ئێمە لەلای شعبة بووین پێی ووترا أبو حنيفة مرد، شعبة ووتی: فقهی کوفە ڕۆیشت لەگەڵیدا، الله فەزل بەسەر ئێمە و ئەویشدا بکات بە ڕەحمی خۆی.**

[الانتقاء : 126]

ووتم: إسحاق بن محمد بن أحمد بن يزيد الحلبي جەرح و تەعدیلی بۆ نەكراوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أحمد بن الحسن الحافظ قال حدثنا عبدالله بن أحمد بن إبراهيم الدورقي ووتی: **پرسیار لە يحيى بن معين كرا دەربارەی أبو حنيفة منیش گوێ بیست بووم، يحيى ووتی: سیقەیە، نەم بیستووە كەس بە زەعیفی بزانێ، ئەوەتا شعبة بن الحجاج نامەی بۆ دەنێری تا فەرموودە ڕیوایەت بكات و فرمانی پێدەكات، شعبة-ش شعبة-یە.** [الانتقاء : 127]

ووتم: كەسێكی وەک يحيى بن معين چۆن دەڵێ نەم بیستووە كەس أبو حنيفة بە زەعیف بزانێ ! لەكاتێكدا بە لێشاو ووتەی فەرموودەناسانمان هێنا لە بەشی یەكەمدا كە بە زەعیف و مەتروكیان داناوە، بگرە خودی يحيى بن معين لە ڕیوایەتی صەحیح هەیە كە بە زەعیفی داناوە كە هێنامان، ئینجا كەسێكی وەک شعبة كە زۆر توندە لە ڕیوایەتدا چۆن خۆی ئاوا نیشان دەدات بەرامبەر أبو حنيفة كە كەسێكی مەتروكە؟! لەكاتێكدا شعبة دەچووە سەر ئەو ڕاوییە زەعیفانەی كە فەرموودەیان دەووتەوە، پێی دەووتن وازبهێنن لە فەرموودە ووتنەوە ئەگینا دەسەڵات دەهێنمە سەرتان، ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثني حرملة بن يحيى ووتی: بیستم الشافعي دەیووت: گەر شعبة نەبوایە فەرموودە نەدەناسرا لە عیراق، دەچووە لای پیاوێک پێی دەووت فەرموودە مەگێڕەوە ئەگینا دەسەڵات دەهێنمە سەرت. [آداب الشافعي ومناقبه : 160] دواتر گریمان صەحیحیش بێت بە صەحیحی هێنامان كە يحيى بن معين دەڵێ أبو حنيفة جەهمیە، ئیتر تەوسیق كردنی لە فەرموودەدا هیچ نرخێكی نیە، ڕەنگە سەرەتا تەوسیقی كردبێ پاشان حاڵی بۆ دەركەوتبێ ئینجا تەزعیفی كردبێ، نموونەی ئاواش زۆرە لە ڕاوییەكان.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا محمد بن الحسين الفارض قال حدثنا علي بن عبدالعزيز قال حدثنا إسماعيل بن إسحاق الطالقاني قال حدثنا الحسين بن واقد ووتی: **بابەتێک ڕوویدا لە (مرو) كەسم نەدۆزیەوە لێی بزانێ، چووم بۆ عیراق پرسیارم لە سفيان الثوري كرد، پێی ووتم: ئەی حسين نایزانم دوای ئەوەی دەمێک بێ دەنگ بوو، پێم ووت: تۆ دەڵێی نایزانم لەكاتێكدا تۆ پێشەوای ؟!**

ووتی: وادەڵێم هەروەک چۆن ابن عمر پرسیاری دەربارەی شتێک لێکرا نەیزانی ووتی نازانم، حسین دەڵێ: چووم بۆ لای أبو حنیفة پرسیارەکەم لێیکرد، ئەویش فەتوای بۆ دام، منیش ئەمەم بۆ سفیان باسکرد، سفیان ووتی: أبو حنیفة چی پێ ووتی ؟ منیش ووتم: ئاوا و ئاوای ووت، سفیان دەمێک بێ دەنگ بوو، پاشان ووتی: ئەی حسین وەڵامەکە بەم شێوەیە کە أبو حنیفة پێی ووتی. [الانتقاء: 127]

ووتم: محمد بن الحسین الفارض مەجهولە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو یعقوب حدثنا أبو محمد موسى بن محمد المري قال حدثنا محمد ابن عیسى البیاضي قال حدثنا نصر بن علي الجهضمي ووتی: بیستم عبدالله بن داود الخریبي دەیووت: **من لەلای سفیان الثوري بووم، پیاوێک پرسیاری لێکرد دەربارەی بابەتێک لە بابەتەکانی حەج، ئەویش وەڵامی دایەوە، پیاوەکەش پێی ووت: أبو حنیفة لەم بابەتەدا ئاوا و ئاوای ووت ! سفیان ووتی: أبو حنیفة چۆنی ووت ئاوایە، کێ قسەیەکی تر دەکات جگە لەمە ؟** [الانتقاء: 127]

ووتم: أبو محمد موسى بن محمد المري مەجهولە.

(عبدالله بن داود الخریبي) لە چاپی مکتبة القدسي بۆتە (عبدالله بن داود الحرمي).

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا أبو علي الأسیوطي قال حدثنا أحمد بن محمد بن سلامة قال حدثنا أحمد بن أبي عمران قال حدثنا محمد بن شجاع قال سمعت الحسن بن أبي مالك دەیووت: **بیستم أبو یوسف دەیووت: سفیان الثوري لە من زیاتر شوێنی أبو حنیفة دەکەوێ.** [الانتقاء: 128]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە، تەنانەت تەکفیریش کراوە لای هەندێکیان.

ابن عدي دەڵێ: فەرموودەی هەڵدەبەستا لە لێکچواندنی صیفاتەکانی الله بە مەخلوقات، وە دەیدایە پاڵ ئەهلی حەدیث، جا پێویست ناکات بەم کەسەوە خەریک بیت چونکە ئەهلی ڕیوایەت نیە، دەمارگیری وای لێکرد فەرموودە هەڵبەستێ بۆ تانەدان لە ئەهلی حەدیث.

أبو الفتح الأزدي دەڵێ: درۆزنە جائیز نیە ڕیوایەتی لێوە بکرێ بەهۆی خراپی مەزهەبەکەی و گومڕابوونی لە دیندا.

أحمد بن حنبل دەڵێ: بیدعەچیە خاوەنی بیدعەیە.

زكريا الساجي دەڵێ: درۆزن بوو، فێڵی کرد بۆ بەتاڵ کردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ و ڕەت کردنەوەی، بۆ سەرخستنی فلان و مەزهەبەکەی (فلان: واتا أبو حنيفة، پێم وایە المزي لە تهذيب الكمال خۆی دەستکاری ئەم ووشەیەی کردبێ ئەگینا الساجي زۆر بوێر بووە لەناوهێنانی أبو حنيفة بەڵام کتێبەکانی بوونیان نەماوە، ووتەکانی لەکتێبی تردا نەقل کراوە بۆمان).

المزي دەڵێ: یەکێک بوو لە جەهمیەکان دەوەستا دەربارەی قورئان (واتا نەیدەووت مەخلوق نیە) وە کتێبی نوسیوە لەم بارەیەوە.

عبيدالله بن عمر القواريري دەڵێ: کافرە.

موسى بن القاسم الأشيب دەڵێ: درۆزنێکی پیسە.

محمد بن شجاع فەرموودەیەکی هەڵبەستا کە گوایە پێغەمبەر n فەرموویەتی: الله تعالى ئەسپێکی دروست کرد، ئینجا ئەم ئەسپە عەرەقی کرد، الله خۆی لە عەرەقی ئەسپەکە دروست کرد !

جا ئەم فەرموودەیەی دەدایە پاڵ ئەهلی سوننە تا ناشرینیان بکات.

ابن عبدالبر لەم سەنەدا نەیوتووە قال أبو يعقوب، دەست بەجێ لە أبو علي الأسيوطي دەستی پێکردووە، لەوانەشە هەڵەی چاپ بێ، بەڵام بێگومان حكم بن منذر و أبو يعقوب لە نێوانیاندا هەیە وەک باقی سەنەدەکانی تر، چونکە ابن عبدالبر 7 ساڵ دوای مردنی أبو علي الأسيوطي لە دایکبووە، أبو علي 361 مردووە، ابن عبدالبر 368 لە دایکبووە، بۆیە مەحاڵە ڕیوایەتی لێوە بکات.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا جدي رحمه الله قال حدثنا أبو الحسن بن مبشر بواسط قال حدثنا يوسف بن موسى قال حدثنا جرير بن عبدالحميد ووتی: **مغيرة پێی ووتم: ئەی جرير ناچیتە لای أبو حنيفة ؟ (واتا برۆ لای زانستی لێوەرگرە).** [الانتقاء : 128]

ووتم: باپیری أبو يعقوب مەجهولە.

(أبو الحسن بن مبشر) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (أبو الحسن بن ميسر).

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا إسحاق بن أحمد الحلبي قال حدثنا سليمان بن سيف،

وحدثنا أبو محمد بن المقرئ قال حدثنا أحمد بن يحيى قالا حدثنا يحيى بن آدم ووتى: **بيستم الحسن بن صالح دەیووت: النعمان بن ثابت زانایەکی تێگەیشتوو بوو، چەسپاو بوو لە زانستەکەیدا، گەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ بە صەحیحی چەسپابوایە لەلای نەدەچوو بۆ شتی تر.**
[الانتقاء : 128]

ووتم: لێرەدا أبو يعقوب بە دوو سەنەد ڕیوایەتی کردووە، سەنەدی یەکەم لە ڕێگای إسحاق بن أحمد الحلبي کە پێشتر ئاماژەمان پێدا جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، وە سەنەدی دووەم لە ڕێگای أبو محمد عبدالرحمن بن عبدالله المقرئ کە ووتمان هیچ کەسێکی ناسراو نیە بەم ناوە لە چینی أبو يعقوب بێت ئەوەی هەیە یەک ڕاوییە بەم ناوە کە ماوەی زەمەنی نێوان خۆی و أبو يعقوب گەلێک زۆرە وەک پێشتر باسمان کرد.

جگە لەمەش لە بەشی یەکەم هێنامان کە الحسن بن حي بن صالح هەڵوێستی چۆن بووە بەرامبەر أبو حنيفة، وە چەندان نموونەمان هێنا کە أبو حنيفة گاڵتەی بە فەرموودەی صەحیح کردووە و ڕەتی کردۆتەوە، هەروەها ووتەی سفيان بن عيينة-مان هێنا کە دەڵێ: أبو حنيفة فەرموودەی صەحیحی پێدەگەیشت وازی لێدەهێنا و کاری بە شتی تر دەکرد.

(سليمان بن سيف) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (سليمان بن يوسف).

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو بكر بن عثمان بن محمد الصدفي قال حدثنا عثمان بن أحمد الكرخي بطرسوس قال حدثنا حامد بن يحيى البلخي ووتی: **من لەلای سفيان بن عيينة بووم، پیاوێک هاتە لای پرسیاری بابەتێکی لێکرد، سفيان ووتی: الفقيه أبو حنيفة وتوویەتی ... (واتا بە وەڵامی أبو حنيفة وەڵامی دایەوە و بە فەقیه ناوی برد).** [الانتقاء : 129]

ووتم: أبو بكر بن عثمان بن محمد الصدفي کە شێخی أبو يعقوب-ە مەجهولە.

عثمان بن أحمد الكرخي لە هیچ کتێبێک نەمدۆزیەوە، بەڵام ڕاوییەکی تر هەیە بەناوی عثمان بن أحمد الدقاق بەڵام هیچ کەسێک بە نازناوی الكرخي ناوی نەبردووە، بەڵکو بە (ابن السماك) ناسراوە، جا لەبەر ئەوەی عثمان بن أحمد الدقاق هەندێک شێخی هەیە لە طرسوس، گەر بە

گریمانە وای دابنێین کە ئەو بێت لێرەدا کرابێتە الكرخي، بەڵام ئەمەش هەر سەیرە چونکە شێخی عثمان لەم سەنەدا حامد بن يحيى البلخي-ە، عثمان ساڵی 344 مردووە، حامد ساڵی 242 مردووە و نیشتەجێی طرسوس بووە و لەوێدا مردووە، عثمان بەغدادیە گریمان گەر لە تەمەنی 18 ساڵی چووبێتە طرسوس گوێ بیستی حامد بووبێ، ئەوا دەکاتە عثمان 120 ساڵ ژیاوە، بەڵام عثمان خۆی سەنەدی عالی هەیە گەیشتووە بە هەندێک شێخی البخاري کە لەساڵانی 270 مردوون بەڵام گەیشتنی بە حامد بە شتێکی زۆر ئەستەمی دەزانم جگە لەمەش هیچ ڕیوایەتێک نیە کە پشتڕاستی بکاتەوە کە عثمان گەیشتووە بە حامد و ڕیوایەتی لێی کردووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثني أبو علي أحمد بن عثمان الأصبهاني قال حدثنا أبو عبدالرحمن عبدالله بن محمد الضبي قال سمعت علي بن المديني دەیووت: **بیستم سفيان بن عيينة دەیووت: أبو حنيفة مروئەت و شەونوێژی زۆری هەبوو.** [الانتقاء : 130]

ووتم: أبو عبدالرحمن عبدالله بن محمد الضبي مەجهولە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا أحمد بن الحسن قال حدثنا يحيى بن أبي طالب قال حدثنا عبدالوهاب بن عطاء الخفاف ووتی: **پرسیار لە سعيد بن أبي عروبة کرا دەربارەی بابەتێک لە تەڵاق، ئەویش وەڵامی دایەوە، پێی ووترا: أبو حنيفة ئاوای ووتوە لەم بابەتەدا. سعيد ووتی: أبو حنيفة زانای عیراق بوو.** [الانتقاء : 130]

ووتم: ابن عبدالبر ڕاستەوخۆ لە أحمد بن الحسن دەستی بە سەنەدەکە کردووە، لەنێوان ابن عبدالبر و أحمد بن الحسن، حكم بن منذر و أبو يعقوب هەیە وەک لە پێشوودا باسمان کرد، باقی ڕاوییەکانی تریش سیقەن.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا الحسن بن الخضر الأسيوطي قال حدثنا أبو بشر الدولابي قال حدثنا محمد بن سعدان قال حدثنا سليمان بن حرب ووتی: **بیستم حماد بن زيد دەیووت: والله من أبو حنيفة-م خۆشدەوێ چونکە ئەو أيوب-ی خۆشدەوێ (واتا: السختياني) وە حماد فەرموودەی**

زۆری ڕیوایەت کردووە لە أبو حنیفة. [الانتقاء: 130]

ووتم: أبو بشر الدولابي حەنەفی مەزهەبە، لەم سەنەدا شێخەکەی محمد بن سعدان-ە، دوو ڕاوی هەن بەم ناوە (محمد بن سعدان أبو جعفر النحوي) کە سیقەیە، وە (محمد بن سعدان البزار) کە نەناسراوە و ڕیوایەتی مونکەری لە عبدالله بن مسلمة القعنبي گێڕاوەتەوە، أبو بشر الدولابي خەڵکی (الري)ە کە دەکەوێتە ئێران، محمد بن سعدان أبو جعفر النحوي خەڵکی کوفەیە، أبو بشر ساڵی 224 هـ لە دایکبووە، محمد بن سعدان النحوي ساڵی 231 هـ مردووە، واتا کاتێک ئەو مردووە أبو بشر تەمەنی 7 ساڵ بووە، بۆیە ئەستەمە أبو بشر لە تەمەنی 7 ساڵی سەفەر بکات بۆ طەلەبی عیلم و ڕیوایەت کۆ بکاتەوە هەر بەلانی کەمەوە سەرەتا لە شارەکەی خۆی طەلەبی عیلم دەکات ئینجا کە پێگەیشت و بالغ بوو گەشت دەکات بۆ وولاتانی تر، ئەمە لەکاتێکدا ئەو شێخە عیراقیانەی کە أبو بشر ڕیوایەتی لێکردوون زۆربەیان لە چینی ئەوانەن کە ساڵانی 250 بەدواوە مردوون، گەر أبو بشر بە محمد بن سعدان بگات کە 231 مردووە ئەی بۆ هیچ ڕیوایەتێکی نیە لەو شێخە عیراقیانەی کە لەنێوان ساڵانی 230 بۆ 250 مردوون ؟ بۆیە دەگونجێ ئەم شێخە محمد بن سعدان البزار بێ کە نەناسراوە و ڕیوایەتی مونکەری هەیە، ڕاوییەکی تر هەیە بەناوی محمد بن سعدان بن عبدالله بن حیان بەڵام زوو تر ژیاوە لەچینی أبو بشر نیە چونکە ڕیوایەتی هەیە لە تابعین تەنانەت ڕیوایەتی هەیە لە باوکی یزید بن أبي عبید، خودی یزید تابعیە ساڵی 147 مردووە ئەی باوکی کەی مردووە ؟ پاشان قوتابیەکانی محمد بن سعدان بن عبدالله وەک الحمیدي و معن بن عیسی القزاز پێش لەدایکبوونی الدولابي مردوون، کەواتە ئەگەر زۆرە کە خۆی پێش ئەوانیش مردبێ، ئەو محمد بن سعدان-ە کە لە سەنەدەکە هاتووە سلیمان بن حرب شێخیەتی کە ساڵی 224 مردووە، هەروەها باسمان کرد کە محمد بن سعدان البزار کە مەجهولە و ڕیوایەتی مونکەری هەیە لە القعنبي دەگونجێ ئەو بێت چونکە القعنبي 221 مردووە لەگەڵ سلیمان بن حرب لەیەک سەردەم ژیاون، هەروەها ڕیوایەتی هەیە لە أبو سلیمان الجوزجاني کە ساڵی 220 مردووە هەموو ئەمانە ئاماژەی بەهێزن کە ئەم ڕاوییە محمد بن سعدان البزار بێت، دواتر مونکەری مەتنەکەی بە ڕوونی دیارە چونکە چەندین ڕیوایەتی حماد بن زید-مان هێنا لە بەشی یەکەم بە

سەنەدی عالی و صەحیح کە دژی أبو حنیفة بووە، ئەی چۆن تەنها لەبەر ئەوە أبو حنیفە-ی خۆشدەوێ چونکە أبو حنیفة أیوب-ی خۆشویستووە، ئەمڕۆ زۆرێک کافر و بیدعەچی و گومڕا هەن کە مالك و الشافعي و أحمد-یان خۆشدەوێ ئایا کەس لە ئێوە ئامادەیە ئەمانەی خۆشبوێ تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەم سێ ئیمامەیان خۆشدەوێ ؟ پاشان دەڵێ حماد بن زید ڕیوایەتی زۆر کردووە لە أبو حنیفة، ئەی کوا ڕیوایەتی حماد لە أبو حنیفة لە کتب التسعة ؟ یەک دانەی بۆم بهێنن.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا أبو التريك محمد بن الحسين الأطرابلسی قال حدثنا محمد بن عوف الحمصي قال حدثنا الهيثم بن جميل ووتی: **بیستم شريك النخعي دەیووت: أبو حنیفة** رحمه الله **بێدەنگی درێژ خایەن بوو، هەردەم بیری دەکردەوە، کەم مشتومڕی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد.** [الانتقاء : 131]
ووتم: (أبو التريك) لە هەردوو چاپەکەدا بۆتە (أبو الشريك) ناوی محمد بن الحسين السعدي الحمصي الأطرابلسي-ە مەجهولە، وە پاشان بە چەندین سەنەدی صەحیح هێنامان کە شريك هەڵوێستی یەکجار توند بووە بەرامبەر أبو حنیفة، هەروەها بە صەحیحی هێنامان کە سفيان الثوري و شريك بن عبدالله و الحسن بن صالح وتوویانە أبو حنیفة تەنها بە مشتومڕ ناسراو بوو، ئەی چۆن دەڵێ کەم مشتومڕی دەکرد ؟!
ئەم سەنەدەش لەڕێگای أبو يعقوب هاتووە، لەچاپی مكتبة القدسي ناوی نەهاتووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثني جدي رحمه الله قال حدثنا محمد بن حماد قال حدثنا محمد بن مليح بن وكيع قال حدثنا أبي قال حدثنا يزيد بن كميت ووتی: **شريك دەربارەی فەرموودەیەک کە باسی کرد پێی ووتم: ابن شبرمة ووتی: ئافرەتان نەیانتوانی منداڵێکیان ببێت وەک النعمان (واتا: أبو حنیفة).** [الانتقاء : 131]
ووتم: باپیری أبو يعقوب مەجهولە، محمد بن مليح بن وكيع نەمدۆزییەوە، يزيد بن كميت مەتروکە، ناوی لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە زيد بن كعب.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان قال حدثنا قاسم بن أصبغ حدثنا أحمد بن زهير

بن حرب حدثنا يحيى بن معين ووتی: **يحيى بن سعيد القطان ووتی: گەر عەيبمان لە أبو حنيفة گرت لە شتێک، وە سەرزەنشتی هەندێک لە ووتەکانیمان کرد، دەتانەوێ واز لەو ووتانەشی بهێنین کە بە چاکی دەزانین و موافقی ئێمەیە تێیدا ؟!** [الانتقاء : 131]

ووتم: بەلانی کەم سەنەدەکە حەسەنە چونکە وەک پێشتر باسمان کرد عبدالوارث چەسپاوترین کەسە لە ڕیوایەتی قاسم بن أصبغ، ئەمە یەکێکە لەو ڕیوایەتانەی کە ابن عبدالبر لە کتێبەکەی أبو يعقوب نەقلی نەکردووە وەک ئەوانەی پێشوو، لە شێخەکەی خۆی عبدالوارث بن سفيان بن جبرون ڕیوایەتی کردووە، ئەمجارە ڕیوایەتەکە هی أبو يعقوب نەبوو سەنەدەکەی پاکتر بوو لە هەموو ڕیوایەتەکانی پێشوو، ئەمەش نیشانەی پرسیار لەسەر أبو يعقوب دروست دەکات، بەڵام پێم سەیرە ابن عبدالبر ئەم ڕیوایەتەی هێناوە وەک مەدح بۆ أبو حنيفة چونکە من هیچ مەدحێک لەم ڕیوایەتەدا نابینم ! جگە لەوەش لە بەشی یەکەمدا هێنامان کە يحيى بن سعيد القطان دەڵێ: أبو حنيفة دراوسێم بوو لە کوفە هەرگیز پرسیارم لێی نەکردووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان قال حدثنا قاسم بن أصبغ حدثنا أبو بكر أحمد بن زهير ابن أبي خيثمة حدثنا يحيى بن معين ووتی: **بیستم پیاوێک پرسیاری لە يحيى بن سعيد القطان کرد دەربارەی أبو حنيفة، يحيى بن معين دەڵێ: يحيى بن سعيد القطان موجامەلەی پیاوەکەی نەکرد شتێکی تری پێ بڵێ، ووتی: والله ئێمە گەر شتێک لە ووتەکانی بە باش بزانین وەری دەگرین.**
[الانتقاء : 131]

ووتم: هەمان سەنەدی ڕیوایەتی پێشووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا محمد بن علي السامري المقرئ قال حدثنا أحمد بن منصور الرمادي قال سمعت يحيى بن معين دەیووت: **بیستم يحيى بن سعيد القطان دەیووت: درۆ لەگەڵ الله عزوجل ناکەین، چەندین شتی جوان هەبووە أبو حنيفة وتوویەتی، وە لەوانەیە شتێک لە ڕەئیەکانی بە باش بزانین وەری بگرین.**

يحيى بن معين دەڵێ: يحيى بن سعيد لە فەتوادا لەسەر مەزهەبی کوفییەکان بوو. [الانتقاء : 132]
ووتم: محمد بن علي السامري المقرئ مەجهولە، بڕوانن کە سەنەدەکە گەڕاوەتەوە سەر أبو یعقوب دیسان کەسانی مەجهول و غەریبی تێکەوت، وە کوفە تەنها أبو حنیفة-ی تێدا نیە تا ووتەکەی یحیى بن معین بەمە لێک بدرێتەوە مەبەستی أبو حنیفة بووە، دواتر من هیچ کام لەم ووتانەی یحیى بن سعید القطان ناگۆڕمەوە بە ووتەکەی بەشی یەکەمی کە ابن أبي حاتم لە صالح-ی کوڕی ئیمام أحمد ڕیوایەتی کردووە ئەویش لە علي بن المديني ڕیوایەتی کردووە ئەویش لە یحیى بن سعید القطان کە دەڵێ: أبو حنیفة دراوسێم بوو لە کوفە، نە لێی نزیک بوومەوە نە پرسیاریشم لێیکرد، سەیری ئەم سەنەدەکە بکە کەسانی ناسراو و گەورە و خاوەن پلەی بەرز لەیەکتری ڕیوایەت دەکەن، ئینجا بەراووردی بکە بە سەنەدەکانی ابن عبدالبر.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو حفص عمر بن أحمد بن علي المروزي بمكة عند صناديد المراوزة في ذي الحجة قال حدثنا أبو الموجه قال حدثنا عبدالله بن عثمان ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: أبو حنیفة لە کۆندا بە الشعبي والنخعي گەیشتووە، وە جگە لەوانیش لە زانا گەورەکان، ئەو بەرچاو ڕوون بوو لە ڕەئیدا ئەم بابەتە بۆ ئەو یەکلایی کرابوویەوە، بەڵام هەتیو بوو لە فەرموودەدا.** [الانتقاء : 132]
ووتم: ئەمەش پێچەوانەی ووتەی تەواوی زانایانە کە دەربارەی ڕەئی أبو حنیفة هێنامان، ڕەنگە ئەم ووتەیە پێش تەوبە کردنی ابن المبارك بێت دەربارەی أبو حنیفة، وەک زانیمان تەوبەی کرد و پەشیمان بوویەوە لە نزیکی لە أبو حنیفة.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان قال حدثنا قاسم بن أصبغ حدثنا أبو بكر بن أبي خيثمة قال حدثنا الوليد بن شجاع قال حدثنا علي بن الحسن شقيق ووتی: **ابن المبارك دەیووت: گەر ئەم دووانە لەسەر شتێک کۆک بوون دەستی پێوە بگرە، واتا سفیان الثوري و أبو حنیفة.**
[الانتقاء : 132]
ووتم: ئەمە کاتی سەرەتایە کە ابن المبارك موبتەلا بوو بە أبو حنیفة وەک باقی خەڵکی خوراسان

که باسمان کرد له بەشی یەکەمدا، وه به سەنەدی صەحیح هێنامان کاتێک ابن المبارك لەلای الأوزاعي مەدحی أبو حنيفة دەکات الأوزاعي چۆن وەڵامی دەداتەوە، وه خودی خۆشی دان بەوە دەنێت سەرەتا هاتوچۆی کردووە پاشان حاڵی بۆ دەرکەوتووە وازی لێ هێناوە، وه وتوویەتی مورجیئەیە، وه لەکۆتایی تەمەنی پەشیمان بۆتەوە له ڕیوایەت کردن لێی وگریاوە وتەوبە و إستغفاری کردووە ئەمانەمان هێنا، وه چەند ڕۆژێک پێش مردنی فەرموودەکانی أبو حنيفة-ی سڕیوەتەوە.

أبو إسحاق الفزاري له چاپی مكتبة القدسي جارێک به هەڵە ناوی هاتووە کراوە به أبو الحسن الفزاري دواتر چاک کراوەتەوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب أخبرنا محمد بن أحمد بن يعقوب إجازه قال حدثنا جدي قال حدثنا محمد بن مسلم قال سمعت إسماعيل بن داود دەیووت: **ابن المبارك به چاکه باسی أبو حنيفة-ی دەکرد وتەزکیەی دەکرد وستایشی دەکرد، وه أبو إسحاق الفزاري ڕقی له أبو حنيفة دەبوویەوە، جا گەر ئەو وابن المبارك بەیەکەوە کۆببونایەوە أبو إسحاق الفزاري جورئەتی نەدەکرد باسی أبو حنيفة بکات بەهیچ شتێک لەبەردەم ابن المبارك.** [الانتقاء : 132]

ووتم: محمد بن مسلم بۆم دەرنەکەوت کێیە، إسماعيل بن داود دوو ڕاوی هەن بەم ناوە که شێخەکانیان لەهەمان چینی ابن المبارك بێ، دانەیەکیان مەجهولە دانەکەی تریش زۆر زەعیفە، وه هیچ ڕاویەکم نەدۆزییەوە بەم ناوە ڕیوایەتی هەبێ له ابن المبارك، سەنەدەکەش ڕوون نیە که إسماعيل بن داود به ابن المبارك گەیشتووە یان نا.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو عبدالله محمد بن حزام الفقيه قال حدثنا قاسم بن عباد قال حدثنا أحمد بن محمد السراج قال حدثنا عبدان ووتی: **پیاوێک له مەجلیسی عبدالله بن المبارك تانەی له أبو حنيفة دا، بیستم عبدالله بن المبارك پێی ووت: بێدەنگ بە، والله گەر أبو حنيفة ببینی ئەوا عەقڵ و شەرەف دەبینی.** [الانتقاء : 133]

ووتم: (محمد بن حزام الفقيه) له چاپی مكتبة القدسي بۆتە (محمد بن حرام الفقيه) أبو غدة له

تەحقیقەکەیدا دەڵێ: دڵنیا نیم کامەیانە بەڵام حزام بە راجح دەزانم، وە ژیاننامەیم نەدۆزیوەتەوە، منیش گەڕام نەمدۆزییەوە، وە أحمد بن محمد السراج نەمدۆزییەوە تەنها لەناو کتێبی شیعەکان ڕیوایەتی هەبوو.

ابن عبدالبر دەڵێ: وقال حدثنا قاسم بن عباد قال حدثنا أبو سليمان الجوزجاني ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: کەسم نەبینیوە زیاتر بترسێ لە الله لە سفیان الثوري، وە کەسم نەبینیوە عاقڵتر بێ لە أبو حنيفة.** [الانتقاء : 133]

ووتم: کە دەڵێ (وقال) لە سەرەتای سەنەدەکە مەبەستی محمد بن حزام الفقيه-ە کە لە قاسم بن عباد ڕیوایەتی دەکات چونکە ڕیوایەتی پێشووش لەڕێگای ئەو بوو بۆیە تەنها دەڵێ (وقال) بەبێ ناوهێنانی، وە باسمان کرد محمد بن حزام مەجهولە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا محمد بن محمد أبو العباس ابن شابور قال حدثنا علي بن عبد العزيز قال حدثنا الحسن بن الربيع ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت:**

رأيت أبا حنيفة كل يـــــوم * يزيد نباهة ويزيد خيـــــرا**
وينطق بالصواب ويصطفيه * إذا ما قال أهل الجور جورا**
يقايس من يقايسه بلـــــب * ومن ذا تجعلون له نظيـــرا**
كفانا فقد حماد وكانـــــت * مصيبتنا به أمرا كبيـــــرا**
رأيت أبا حنيفة حين يؤتـــى * ويطلب علمه بحرا غزيـــرا**
إذا ما المشكلات تدافعتهـــا * رجال العلم كان بها بصيـــرا**

[الانتقاء : 133]

ووتم: محمد بن محمد أبو العباس ابن شابور مەجهولە، لە چاپی مكتبة القدسي (شابور) بۆتە (سابور).

المعلمي دەڵێ: **ئەوەی لە ابن المبارك-ەوە ڕیوایەت کراوە دەربارەی مەدحی أبو حنيفة ئەوا**

بەپێی سەیرکردنی سەنەد و مەتنەکەی حاڵی ڕوایەتەکە دەزانرێ، وەک ئەو بەیتە شیعرە سەخیفانەی کە حەنەفیەکان هەمیشە دەیڵێنەوە لەناویشیاندا الکوثري، کەسانێک خۆیان نەپاراست لە درۆ کردن بە دەمی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی مەدحی ئیمامەکەیان، جا چۆن بە دوور دەزانرێ کە درۆ بکەن بە دەمی ابن المبارك ؟! جا گەر شتێک لەم ڕوایەتانەی مەدح کردن بەهێز بوو ئەوا بەراوورد دەکرێ بە ڕوایەتەکانی زەم کردن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێگرییەک نیە کە ستایشی پیاوێک بکرێ لە ڕووێکەوە، وە زەمی بکرێ لە ڕووێکی تردا، بەڵکو ئەم شتە بوونی زۆرە.
[التنكيل : 650/1]

ووتم: مەبەستی ئەوەیە حەنەفیەکان درۆیان بە دەمی پێغەمبەر ﷺ هەڵبەستا بۆ مەدحکردنی أبو حنيفة گوایە لە فەرموودەدا ناوی هاتووە و مەدح کراوە وەک دواتر دەیهێنین، جا کەسانێک ئەمە حاڵیان بێت هیچ سەیر نیە درۆ بە دەمی ابن المبارك یان زانایانی تر بکەن بۆ مەدحکردنی أبو حنيفة.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان حدثنا قاسم بن أصبغ حدثنا أحمد بن زهير حدثنا سليمان بن أبي شيخ قال حدثنا حجر بن عبدالجبار ووتی: **بە القاسم بن معن ووترا: تۆ کوڕی عبدالله بن مسعود-ی ڕازی دەبیت ببیت بە نۆکەری أبو حنيفة ؟ القاسم ووتی: خەڵکی لەلای هیچ کەسێکدا دانەنیشتوون بە سوودتر بێ لە مەجلیسی أبو حنيفة، القاسم پێی ووت: وەرە لەگەڵم بچینە لای، جا کاتێک لەلای دانیشت پابەند بوو پێیەوە، وە ووتی: هاوشێوەی ئەمەم نەبینیوە. سلیمان دەڵێ: أبو حنيفة نەرم و نیان و خاوەن وەرع و سەخی بوو.** **[الانتقاء : 134]**

ووتم: حجر بن عبدالجبار نەناسراوە، تەنها ابن حبان لە کتێبی (الثقات) ناوی هێناوە، ابن حبان-یش ناسراوە بە تەوسیق کردنی مەجهولەکان، جگە لەوەش هیچ لەفزێکی تەعدیل کردنی بۆ بەکار نەهێناوە وەک ئەوەی بڵێ: صدوق یان حافظ یان ثقة یان ثبت، تەنها فەرموودەیەکی ئەوی هێناوە، وە دەڵێ حجر لە عبدالملك بن عمير ڕوایەتی هەیە، وە هشام بن محمد بن السائب ڕوایەتی لە حجر کردووە، لەمە زیاتر هیچی تری نەووتوە دەربارەی، المعلمي پلەبەندی کردووە بۆ ئەو ڕاویانەی

که ابن احبان له کتێبی (الثقات) هێناویەتی کردوونی به پێنج پله بەم شێوەیە:
یەکەم: به ڕاشکاوی بڵێ متقن بووه یان مستقیم الحدیث یان هاوشێوەی ئەم ووتانه.
دووەم: ڕاوییەکه شێخی ابن حبان بێ و لەگەڵی دانیشتبێ.
سێیەم: ناسراو بێ بەوەی که فەرموودەی زۆری هەیه، وه بزانرێ که ابن حبان فەرموودەی زۆری ئەوی بەرچاو کەوتووه.
چوارەم: له چوارچێوەی ووتەکەی ابن حبان ئەوه دەرکەوێ که ابن حبان زۆر به چاکی ئەم ڕاوییه دەناسێ.
پێنجەم: جگه لەم خاڵانەی سەرەوه بێ.
خاڵی یەکەم هیچی کەمتر نیه له تەوسیق کردنی پێشەوایەکانی تر بەڵکو لەوانەیه لەهی زۆرێکیان چەسپاوتر بێ، خاڵی دووەم نزیکه لەوەی یەکەم، خاڵی سێیەم قبوڵ کراوه، خاڵی چوارەم صالحة، خاڵی پێنجەم له هەڵه ئەمین نابێ، والله أعلم.
بڕوانه [التنکیل : 734/1] ئەم ڕاوییەش له جۆری پێنجەمه.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو یعقوب حدثنا أبو جعفر العقیلي قال حدثنا أبو شعیب الحراني قال حدثنا علي بن الجعد ووتی: **ئێمه لەلای زهیر بن معاویة بووین پیاوێک هاته لای، زهیر پێی ووت: لەکوێوه هاتی ؟ ووتی: لەلای أبو حنیفة، زهیر ووتی: یەک ڕۆژ ڕۆیشتنت بۆلای أبو حنیفة به سوودتره بۆت له هاتنی مانگێکت بۆلای من.** [الانتقاء : 134]
ووتم: له أبو یعقوب بەدواوه ڕاوییەکانی سیقەن.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حکم بن منذر قال حدثنا أبو یعقوب یوسف بن أحمد الصیدلاني بمکة حدثنا أبو العباس محمد بن الحسین الفارض قال حدثنا محمد بن إسماعیل الصائغ قال حدثنا روح بن عبادة ووتی: **من لەلای ابن جریج بووم ساڵی 150 پێی ووترا: أبو حنیفة مرد، ووتی: رحمه الله زانستێکی زۆری لەگەڵ ڕۆیشت.** [الانتقاء : 135]
ووتم: أبو العباس محمد بن الحسین الفارض مەجهوله.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب يوسف بن أحمد حدثنا أبو علي محمد بن علي السامري قال حدثنا أحمد من منصور الرمادي ووتی: **بیستم عبدالرزاق بن همام دەیووت: کەسم نەدیوە لە أبو حنیفة نەرم و نیانتر بێ، بینیم لە مسجد الحرام خەڵکی بازنەیان دروست کردبوو بە دەوریدا، پیاوێک پرسیاری بابەتێکی لێکرد ئەویش فەتوای بۆدا، پیاوێک پێی ووت: الحسن لەم بابەتەدا ئاوا و ئاوای ووت، وە عبدالله بن مسعود لەم بابەتەدا ئاوای ووت. أبو حنیفة ووتی: الحسن هەڵەی کرد و عبدالله بن مسعود پێکای، خەڵکەکە هاواریان لەسەری کرد. عبدالرزاق دەڵێ: سەیری بابەتەکەم کرد بینیم ووتەی ابن مسعود تێیدا هەمان ووتەی أبو حنیفة بوو، وە هاوەڵانی عبدالله بن مسعود شوێنی کەوتن.** [الانتقاء : 135]

ووتم: محمد بن علي السامري أبو علي المقرئ باسمان کرد مەجهولە، دواتر بە سەنەدی صەحیح هێنامان کە سوار بن عبدالله دەڵێ: أبو حنیفة نەرم و نیانی پێ نەبەخشراوە لە دینەکەیدا، وە هێنامان کە هەر ئەم عبدالرزاق-ە دەڵێ: بەڕاستی أبو حنیفة مورجیئە بوو.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حکم قال حدثنا یوسف حدثنا محمد بن حفص بن عمرويه قدم علينا حاجا على باب التمارين قال سمعت عباس بن عزيز قال سمعت حرملة دەیووت: **بیستم الشافعي دەیووت: أبو حنیفة ووتەکانی لە فیقهدا قسەی لەسەر نیە و یەکلایی کراوەتە بۆی. عباس بن عزیز دەڵێ: وە بیستم حرملة دەیووت: بیستم الشافعي دەیووت: کێ دەیەوێ زانستی فراوان بکات لە المغازي ئەوا لەسەر محمد بن إسحاق حیسابە، وە ئەوەی فیقهی دەوێ ئەوا لەسەر أبو حنیفة حیسابە.** [الانتقاء : 135-136]

ووتم: محمد بن حفص بن عمرويه و عباس بن عزيز هەردووکیان مەجهولن، دواتر ڕیوایەتەکانی تریش دەهێنین لە (تاريخ بغداد) دەربارەی مەدحی الشافعي بۆ أبو حنیفة وەڵامیشی دەدەینەوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حکم بن منذر بن سعید قال حدثنا یوسف بن أحمد بمکة قال حدثنا أبو سعید بن الأعرابي قال حدثنا عباس الدوري ووتی: **بیستم یحیی بن معین دەیووت: کەسم نەبینیوە وەک وکیع، وە ئەو فەتوای دەدا بە ڕەئی أبو حنیفة.** [الانتقاء : 136]

ووتم: له حكم بن منذر و يوسف بن أحمد بەدواوە ڕاوییەكان سیقەن، گەر ئەم ڕیوایەتە صەحیح بێت ئەوا پەڵەیەكی ڕەشە بە نێوچەوانی وكيع چونكە ڕیوایەتی زۆرمان هێنا لە سەلەف كە ڕەئی أبو حنيفة چۆنە و ئەوەی شوێنی ڕەئیەكانی بكەوێ حاڵی چۆنە، بەڵام بەم شێوەیە نیە كە يحيى باسی دەكات یان دەتوانین بڵێین ووتەكەی يحيى نابێت بە ڕواڵەت وەربگرین مەبەستی شتێكی تایبەت بووە، چونكە ئەوەی لە وكيع-ەوە ڕیوایەت كراوە تەواو پێچەوانەی ئەم ووتەیەی يحيى بن معين-ە.

الترمذي دەڵێ: حدثنا أبو كريب قال حدثنا وكيع عن هشام الدستوائي عن قتادة عن أبي حسان الأعرج عن ابن عباس ووتی: **پێغەمبەر ﷺ دوو نەعلی لە ملی ئاژەڵەكەی هەڵواسی و لای ڕاستی ئاژەڵەكەی بریندار كرد لە (ذي الحليفة) وە خوێنەكەی سڕیەوە.**

الترمذي دەڵێ: فەرموودەكەی ابن عباس فەرموودەیەكی حسن صحيح-ە، زانایانیش كار بەم فەرموودەیە دەكەن لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و جگە لەوانیش، بریندار كردنی ئاژەڵی قوربانی بۆ حەج بە سوننەت دەزانن، ئەمەش ووتەی الثوري و الشافعي وأحمد وإسحاق-ە.

الترمذي دەڵێ: بیستم يوسف بن عيسى دەیووت: بیستم وكيع كاتێك ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت كرد دەیووت: سەیری ووتەی ئەهلی ڕەئی مەكەن لەم بابەتەدا، بریندار كردنی ئاژەڵ سوننەتە ووتەی ئەوانیش بیدعەیە.

الترمذي دەڵێ: وە بیستم أبو السائب دەیووت: ئێمە لەلای وكيع بووین، بە یەكێك لە پیاوەكانی ووت كە لەلای بوو سەیری ووتەكانی ئەهلی ڕەئی دەكرد: پێغەمبەر ﷺ ئاژەڵی بریندار كرد، أبو حنيفة-ش دەڵێ ئەم كارە هەتك كردنە، پیاوەكە ووتی: لە إبراهيم النخعي ڕیوایەت كراوە كە دەڵێ: بریندار كردنی ئاژەڵ هەتك كردنە، أبو السائب دەڵێ: بینیم وكيع توڕە بوو توڕە بوونێكی زۆر توند، ووتی: پێت دەڵێم پێغەمبەری الله ﷺ فەرمووی، تۆش دەڵێی إبراهيم وای ووت ! چەندە شایستەی كە بەند بكرێی نەیەیتە دەرەوە تاكو دەست لەم ووتەیەت هەڵدەگری.

[جامع الترمذي : 906] ت: بشار عواد معروف

ووتم: موخالەفەکردنی أبو حنیفة بۆ بابەتی (إشعار) کە بریندارکردنێکی سوکی ئاژەڵی قوربانی حاجیەکانە تا جیا بکرێتەوە و بناسرێتەوە هەروەها هەڵواسینی شتێک لە ملی ئاژەڵەکە بۆ هەمان مەبەست، لە بەشی یەکەمدا هێنامان لەو 30 فەرموودەیەی کە ابن الجوزي هێنابووی کە تێیدا أبو حنیفة موخالەفەی فەرموودەی صەحیحی کردووە، جا سەیری ووتەکانی وکیع بکەن دەربارەی أبو حنیفة و ئەهلی ڕەئی، سوێندتان دەدەم بە الله بڕوا دەکەن ئەمە ووتەی کەسێک بێ کە بەپێی ڕەئی أبو حنیفة فەتوا بدات ؟

المبارکفوري لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێ: **ووتەکەی وکیع کە دەڵێ: سەیری ووتەی ئەهلی ڕەئی مەکەن إشعار سوننەتە، ووتەکەی ئەوانیش بیدعەیە، أبو الطیب السندي لە شەرحی الترمذي دەڵێ: وکیع بەم ووتەیەی ئاماژە بە ووتەی ئیمام أبو حنیفة دەکات، دەووترێ إشعار لەلای ئەو مەکروهە، وە دەووترێ بیدعەیە.**

المبارکفوري دەڵێ: خاوەنی کتێبی (العرف الشذي) دەڵێ: لەفزی (ئەهلی ڕەئی) بۆ بەکەم سەیرکردن نیە بەڵکو بۆ فەقیهـ بەکاردەهێنرێ، بەڵام یەکەمجار ئەم لەفزە بۆ أبو حنیفة و هاوەڵەکانی بەکارهات، ئەو یەکەم کەس بوو فیقهی نوسیەوە، لە پاشاندا لەفزی ئەهلی ڕەئی بەکارهات بۆ هەموو فەقیهێک.

المبارکفوري دەڵێ: بێگومان مەبەستی وکیع لە ووشەی (ئەهلی ڕەئی) أبو حنیفة و هاوەڵەکانیەتی، بەڵگەش بۆ ئەمە ووتەکەی دواتری وکیع-ە کە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ إشعار-ی کرد أبو حنیفة-ش دەڵێ إشعار هەتک کردنە، جا ئەم ووتەیەی وکیع و ووتەکەی تری کە دەڵێ: سەیری ووتەی ئەهلی ڕەئی مەکەن ...هتد، هەردووکیان بۆ سەرزەنشت کردنی ئیمام أبو حنیفة-یە کە دەڵێ إشعار هەتک کردنە یان مەکروهە، جا وکیع بەم دوو ووتەیە سەرزەنشتی أبو حنیفة و هاوەڵەکانی کرد سەرزەنشت کردنێکی توند، وە ڕەددی دایەوە ڕەددانەوەیەکی بەلیغ، جا بەم دوو ووتەیە دەرکەوت کە وکیع حەنەفی مەزهەب نەبووە کە تەقلیدی ئیمام أبو حنیفة بکاتەوە، گەر وکیع حەنەفی بووایە ئەوا ئەم سەرزەنشت کردنەی نەدەکردن هەرگیز. جا ووتەکەی خاوەنی کتێبی (العرف الشذي)

بەتاڵ بوویەوە کە دەڵێ وکیع حەنەفیە.

المبارکفوري دەڵێ: گەر بڵێی: الذهبي لە کتێبی (تذکرة الحفاظ) لە ژیاننامەی وکیع-دا دەڵێ: یحیی ووتی: کەسم نەدیوە لە وکیع باشتر، شەونوێژی دەکرد و بەدوای یەکدا بە ڕۆژوو دەبوو، فەتوای دەدا بەپێی ڕەئی أبو حنیفة. جا ئەم ووتەی یحیی بەڵگەیە کە وکیع حەنەفی بووە.

دەڵێم: مەبەست لە ووتەکەی یحیی کە دەڵێ: (فەتوای دەدا بەپێی ڕەئی أبو حنیفة) ئەمە فەتوادانە بە جائیزبوونی خواردنەوەی (نبیذ)ی کوفیەکان، وکیع دەیخواردەوە و فەتوای جائیزبوونی دەدا بەپێی ووتەی أبو حنیفة، کەواتە مەبەست لە ووتەکەی یحیی فەتوای داوە بە ووتەی أبو حنیفة ئەمە خاصە نەک عام بێ، گەر واش دابنێین مەبەستی عامە ئەوا بێگومان مەبەستی ئەوەیە کە فەتوای داوە بە ووتەی أبو حنیفة لەو بابەتانەی کە ووتەکەی پێچەوانەی فەرموودە نەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە دوو ووتەکەی پێشووی وکیع-ە، سەبارەت بە ووتەکەی خاوەنی کتێبی (العرف الشذي) کە دەڵێ: لەفزی (ئەهلی ڕەئی) بەکاردێت بۆ فەقیهـ، وە کە دەڵێ: بۆ هەموو فەقیهێک بەکاردێت، ئەم لەفزە بۆ هەموو فەقیهێک بەکارنایەت هەروەک لە پێشەکیدا ڕوونمان کردووە.

[تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي : 3/650-651] ط: دار الفكر

ووتم: المبارکفوري ئەم وەهمەی بەتاڵ کردەوە کە وکیع حەنەفی بوو بێت یان بەپێی ڕەئی أبو حنیفة فەتوا بدات، جا فەرموودەناسێکی ناسراوی وەک وکیع کە لە سەردەمی خۆیدا وەک دەووترێ گەشتی زانایان تەنها بۆلای ئەو بووە، گەر ئەو کار بە فەرموودە نەکات و شوێنی ڕەئی أبو حنیفة بکەوێ کێی تر دەمێنێ کە شوێنی أبو حنیفة نەکەوێ ؟! بەڵکو لە ووتەکانیدا دیارە کە دژی أبو حنیفة و ئەهلی ڕەئی بووە، سەبارەت بە (نبیذ)یش کە کوفیەکان بە جائیزیان داناوە ئەمە تەنها فەتوای أبو حنیفة نیە تا بڵێین لەمەدا شوێنی کەوتووە، بگرە ووتەی ژمارەیەک زانای تری کوفەیە کە نەک حەنەفی مەزهەب نین بگرە دژی أبو حنیفة-ن، بۆیە زانایەکی وەک عبدالله بن إدریس کە خەڵکی کوفەیە دەڵێ: لە دونیادا حەزم لە سێ شتە لە کوفەدا نەمێنن: قیرائەی حمزة و ڕەئی أبو حنیفة و خواردنەوەی نبیذ، سەبارەت بە خاوەنی کتێبی (العرف الشذي) أنور شاه الکشمیري-ە کە حەنەفی مەزهەبە ووتەکەی هیچ نرخێکی نیە کە دەڵێ: لەفزی (ئەهلی ڕەئی) بۆ هەموو فەقیهێک

بەکاردێ، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و گۆڕینی ڕاستیەکانە، بە چەندین بەڵگە هێنامان کە ئەهلی ئەهلی ڕەئی لای سەلەف واتا أبو حنیفة و شوێنکەوتوانی، ئەمە شتێک نیە شایەنی مشتومڕ کردن بێت، یان کە دەڵێ: بەکارهێنانی ووشەی (ئەهلی ڕەئی) بۆ بەکەم سەیرکردن نیە، بگەڕێن بزانن دەدۆزنەوە سەلەف بە باشە ناوی ئەهلی ڕەئی ببەن، بەڵکو باس نەکراون تەنها بە خراپە نەبێ.

الترمذي دوای هێنانی فەرموودەی لەعنەت کردنی پێغەمبەر ﷺ لەو کەسانەی کە مارە بە جاش دەکەن (مێردە کاتیەکە ومێردی یەکەم) پاشان دەڵێ: **زانایان کار بەم فەرموودەیە دەکەن لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەوانە: عمر بن الخطاب وعثمان بن عفان وعبدالله بن عمرو جگە لەوانیش، وە ئەمە ووتەی فەقیهەکانە لە تابعین، وە ووتەی سفیان الثوري وابن المبارك والشافعي وأحمد وإسحاق-ە.**

الترمذي دەڵێ: وە بیستم الجارود لە وکیع-ەوە باسی دەکرد کە ئەویش بەپێی ئەم فەرموودەیە فەتوای داوە، وە وتوویەتی: پێویستە بەم بابە (واتا بابی نەهیکردن لە مارە بە جاش) ووتەی ئەهلی ڕەئی فڕێ بدرێت. [جامع الترمذي : 1120]

المباركفوري دەڵێ: **ووتەکەی وکیع کە دەڵێ: پێویستە بەم بابە ووتەی ئەهلی ڕەئی فڕێ بدرێت، واتا أبو حنیفة و هاوەڵەکانی.** [تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي : 265/4]

المباركفوري دەڵێ: **هەندێک لە حەنەفیەکان دەڵێن وکیع بن الجراح فەتوای دەدا بە ووتەی أبو حنیفة، وە فەرموودەی زۆری لە أبو حنیفة بیستووە، وە هەندێکیان پێیان وایە کە وکیع حەنەفی مەزهەب بووە فەتوای داوە بە ووتەی أبو حنیفة و تەقلیدی ئەوی کردۆتەوە. منیش دەڵێم: ووتنی ئەوەی کە وکیع حەنەفی بووە و تەقلیدی أبو حنیفة-ی کردۆتەوە زۆر باطلە، نابینی الترمذي لەم کتێبەیدا لە (باب إشعار البدن) دەڵێ:** ... (لێرەدا فەرموودەکەی سەرەوە دەهێنێ کە پێش ئێستا هێنامان، پاشان ووتەکەی وکیع دەهێنێ کە باسی أبو حنیفة دەکات ئینجا دەڵێ) **ئەم ووتەی وکیع لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی هاوار دەکات بە دەنگێکی بەرز کە وکیع تەقلیدکەرەوەی أبو حنیفة**

نەبووە، وە تەقلیدکەرەوەی کەسی تریش نەبووە، بەڵکو شوێنکەوتەی سوننەت بووە زۆر سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە کە پێچەوانەی سوننەت دەکەن، وە سەرزەنشتی ئەو کەسەی کردووە کە لەلایدا باسی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دەکرێ ئەویش باسی ووتەی یەکێک لە خەڵکی دەکات کە پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ وە ئەو کەسەش کە ووتی وکیع فەتوای دەدا بە ووتەی أبو حنیفة مەبەستی ئەوە نیە کە لە هەموو بابەتێک بە ووتەی ئەو فەتوای دەدا، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە فەتوای داوە بە ووتەی ئەو لە هەندێک بابەتدا، وە فەتوادانی لەم هەندێک بابەتەشدا تەقلیدکردنەوەی أبو حنیفة نەبووە بەڵکو ئیجتیهادی خۆی بووە جا فەتواکەی موافقی فەتوای أبو حنیفة بووە، جا ئەو وایزانیوە کە بە ووتەی أبو حنیفة فەتوا دەدات، بەڵگەش بۆ هەموو ئەم قسانە ووتەکانی پێشووی وکیع-ە. [تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي : 22/1]

ووتم: المباركفوري هیچی نەهێشتەوە کە باسی بکەین.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسين بن محمد أخو الخلال قال أخبرنا جبريل بن محمد العدل بهمذان قال حدثنا محمد بن جبويه النخاس قال حدثنا محمود بن غيلان قال حدثنا **وكيع ووتی: بيستم الثوري دەیووت: ئێمە ئیمانداریین، وە ئەهلی قیبلەش ئیماندارن لەلامان لە مارەکردن و میرات و نوێژ و دان پێدانان، وە تاوانمان هەیە نازانین حاڵمان چۆنە لەلای الله. وکيع دەڵێ: أبو حنيفة ووتی: هەر کەسێک ئەم قسەیەی سفیان بکات ئەوا لەلای ئێمە ئەو کەسە گومانی هەیە لە ئیمانەکەی، ئێمە ئیمانداریین لێرەدا و لەلای الله-ش بە حەق. وکيع ووتی: ئێمەش هەمان قسەی سفیان دەکەین، وە قسەکەی أبو حنيفة لەلاماندا جورئەتە.** [تاريخ بغداد : 506/15] **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرني الحسن بن محمد بن الحسن الخلال حدثنا محمد بن العباس الخزار حدثنا أبو بكر بن أبي داود حدثنا علي بن خشرم ووتی: **بيستم وكيع چەندین جار دەیووت: ئەی لاوینە خۆتان فێری فیقهی فەرموودە بکەن، گەر ئێوە لە فیقهی فەرموودە تێگەیشتن ئەوا ئەهلی ڕەئی بەسەرتاندا زاڵ نابن.** [الفقيه والمتفقه : 161/2] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسن بن الحسين بن العباس النعالي أخبرنا أبو بكر أحمد بن جعفر بن محمد بن سلم الختلي حدثنا أحمد بن علي الأبار حدثنا علي بن خشرم المروزي ووتى: **بیستم وكيع بە ئەهلی حەدیثی دەیووت: گەر ئێوە لە فەرموودە تێبگەن و فێری بین ئەوا ئەهلی ڕەئی بەسەرتاندا زاڵ نابن، أبو حنيفة لە هیچ بابەتێكدا قسەی نەكردووە پێویستمان پێی بێ ئیللا ئێمە لەم بابەتەدا بابێک ڕیوایەت دەكەین.** [الفقيه والمتفقه : 162/2] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

ووتم: واتا گەر أبو حنيفة لە بابەتێكدا قسەیەكی كردبێ كە ئێوە پێتان وایە پێویستیتان بەم قسەیەی ئەو هەیە و دەبێ گوێی لێبگرن و كاری پێ بكەن، ئەوا ئێمە لەم بابەتەدا ژمارەیەک لە فەرموودە ڕیوایەت دەكەین، بۆیە فەرموودەمان لەبەر دەستە لە بابەتەكان پێویستیمان بە قسەی ئەو نیە، جا ئەم ووتانەی وكيع دووری و دژایەتی وكيع بەرامبەر ئەهلی ڕەئی دەردەخات كە پێشەوایەكەیان أبو حنيفة-یە، وە لە بەشی یەكەمدا هێنامان كە وكيع دەڵێ: أبو حنيفة موخالەفەی 200 فەرموودەی كرد، وە وكيع گومانی هەبوو لەوەی كە أبو حنيفة گوێ بیستی فەرموودە بووبێ لە عطاء لە كاتێكدا أبو حنيفة دەڵێ: سمعت عطاء، وكيع دەڵێ: ئەگەر بیستبێتی، ئەمەش گومانی درۆكردنە لێی، دوای هەموو ئەمانە دەووترێ: وكيع شوێنی ڕەئی أبو حنيفة كەوتووە!

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا يوسف بن أحمد قال حدثنا حدثنا محمد بن علي السمناني قال حدثنا أحمد بن حماد قال حدثنا القاسم بن عباد قال حدثنا محمد بن علي قال سمعت يزيد بن هارون دەیووت: **خالد الواسطي پێی ووتم: سەیری ووتەكانی أبو حنيفة بكە تا فێری فیقهـ بیت چونكە پێویستیت پێیەتی.** [الانتقاء : 136]

ووتم: (خالد الواسطي) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (خلد الواسطي) نازانم كێیە ڕەنگە خالد بن عبدالله الطحان بێ، وە محمد بن علي السمناني مەجهولە، وە أحمد بن حماد نەمدۆزییەوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا أبو يعقوب يوسف بن أحمد قال حدثنا جعفر بن إدريس المقرئ قال حدثنا الحسن بن محمد بن هارون قال حدثنا محمد بن أبي منصور قال حدثنا حاتم بن آدم ووتی: **بە الفضل بن موسى السيناني-م ووت: چی دەڵێی دەربارەی ئەوانەی قسە بە أبو حنيفة**

دەڵێن ؟ ووتی: أبو حنيفة لە زانستدا شتی ئاوای بۆ هێنان کە تێیدەگەیشتن وشتی ئاوای بۆ هێنان کە تێینەدەگەیشتن، هیچ شتێکی بۆیان جێنەهێشت، جا حەسودییان پێ برد. [الانتقاء : 136]

ووتم: جعفر بن إدريس المقرئ زەعیفە، الحسن بن محمد بن هارون لە تەحقیقی أبو غدة بۆتە الحسين، گەر الحسن بێ سیقەیە گەر الحسين بێ نەمدۆزییەوە، محمد بن أبي منصور و حاتم بن آدم-یش بەهەمان شێوە نەمدۆزینەوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا جعفر بن إدريس القزويني قال حدثنا محمد بن عيسى الطرسوسي قال سمعت سليمان الشاذكوني ووتی: **عيسى بن يونس ووتی: قسە دەربارەی أبو حنيفة مەکە بە خراپە، وە باوەڕ بە هیچ کەسێکیش مەکە کە بە خراپ قسەی لەسەر دەکات، والله من لەو چاکترم نەدیوە، لەو بە وەرعترم نەدیوە، لەو فەقیهترم نەدیوە.** [الانتقاء : 136]

ووتم: جعفر بن إدريس باسمان کرد کە زەعیفە، محمد بن عيسى الطرسوسي خیلاف هەیە دەربارەی لە زەعیفیەوە نزیکترە ابن عدي وابن حبان والهيثمي تەزعیفیان کردووە، الحاكم بە سیقەی داناوە، بەهەرحاڵ زەعیفی جعفر بن إدريس بەسیەتی.

ابن عبدالبر دوای هێنانی مەدحی ئەم زانایانە بۆ أبو حنيفة ئینجا ناوی 41 زانای تر دەهێنێ کە دەڵێ ئەمانەش ستایش و مەدحی أبو حنيفة-یان کردووە. بەڵام سەنەد و مەتنی ڕیوایەتەکانیان ناهێنێ، کە ئەمانەن: **عبدالحميد بن يحيى الحماني ومعمر بن راشد والنضر بن محمد ويونس بن أبي إسحاق وإسرائيل بن يونس وزفر بن الهذيل وعثمان البتي وجرير بن عبدالحميد وأبو مقاتل حفص بن مسلم وأبو يوسف القاضي وسلم بن سالم ويحيى بن آدم ويزيد بن هارون وابن أبي رزمة وسعيد بن سالم القداح وشداد بن حكيم وخارجة بن مصعب وخلف بن أيوب وأبو عبدالرحمن المقرئ ومحمد بن السائب الكلبي والحسن بن عمارة وأبو نعيم الفضل بن دكين والحكم بن هشام ويزيد بن زريع وعبدالله بن داود الخريبي ومحمد بن فضيل وزكريا بن أبي زائدة وابنه يحيى بن زكريا بن أبي زائدة وزائدة بن قدامة ويحيى بن معين ومالك بن مغول وأبو بكر بن عياش وأبو خالد الأحمر**

وقيس بن الربيع وأبو عاصم النبيل وعبدالله بن موسى ومحمد بن جابر والأصمعي وشقيق البلخي وعلى بن عاصم ويحيى بن نصر.

هەموو ئەمانە ستایشی أبو حنیفة-یان کردووە و مەدحیان کردووە بە لەفزی جیاواز، هەموو ئەمانە أبو یعقوب یوسف بن أحمد بن یوسف المكي باسی کردووە لەو کتێبەیدا کە فضائل و هەواڵی أبو حنیفة-ی تێدا کۆکردۆتەوە، حكم من منذر کتێبەکەی بۆ ڕیوایەت کردین رحمه الله.

بڕوانە [الانتقاء : 137]

ووتم: دڵنیام بیهێنابوایە وەک باقی سەنەدەکانی تر دەبوو پڕاوپڕ لە کەسانی زەعیف و مەجهول کە لە نزیکەی 40 ڕیوایەتدا تەنها دوو ڕیوایەتی سەلامەت دەرچوون، ئەمە جگە لەحاڵی حكم بن منذر و أبو یعقوب-ی خاوەنی کتێب کە پێشتر باسمان کرد، وە 10 لەو زانایانەی کە ناوی هێناون لە بەشی یەکەمدا بە صەحیحی ووتەکانیمان هێناون کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان قال حدثنا قاسم حدثنا أحمد بن زهير قال حدثنا سليمان بن أبي شيخ قال حدثني حمزة بن المغيرة -ساڵی 180 مرد تەمەنی نزیکەی 90 ساڵ بوو- ووتی: **ئێمە نوێژمان دەکرد لەدوای عمر بن ذر لە مانگی ڕەمەزاندا لە شەو نوێژ، جا أبو حنیفة دەهات و دایکیشی لەگەڵ خۆی دەهێنا، وە شوێنەکەی ئەو زۆر دوور بوو، وە عمر بن ذر تا نزیکی پارشێو نوێژی دەکرد.** [الانتقاء : 139]

ووتم: سەنەدەکەی حەسەنە، ئەمەش گەر لێی وورد بینەوە پەڵەیەکی ڕەشی تری أبو حنیفة-یە نەک مەدح و ستایش بۆ بۆی، چونکە ئیمامەکە عمر بن ذر بووە کە یەکێکە لە سەرانی مورجیئە و بانگەوازی بۆ ئیرجاء کردووە، أبو حنیفة-ش ماڵی زۆر دوور بووە کەچی ئەم ڕێگا دوورەی بڕیوە تا لەدوای ئیمامێکی وەک خۆی مورجیئە نوێژ بکات، پاشان ئێمە نەمان ووتوە شەو نوێژی نەکردووە لە ڕەمەزاندا تا ئەم جۆرە ڕیوایەتانە بیێتە وەڵام بۆمان ؟

ابن عبدالبر دەڵێ: ذكر الدولابي حدثنا أحمد بن القاسم قال حدثني ابن أبي رزمة قال حدثني خالد بن صبيح ووتی: **بیستم أبو یوسف دەیووت: ئێمە خیلافمان دەبوو دەربارەی بابەتێک، جا أبو حنیفة**

دەهات پرسیارمان لێی دەکرد، وەک بڵێی وەڵامەکەی لەناو گیرفانی دەردەهێنا و پێی دەداین، أبو یوسف دەڵێ: کەسم نەدیوە لەأبو حنیفة زاناتربێ لە لێکدانەوەی مانای فەرموودە. [الانتقاء : 139]

ووتم: أحمد بن القاسم نەمدۆزییەوە، گەر صەحیحیش بێت ئاساییە قوتابی یەکەمی أبو حنیفة مەدحی شێخەکەی بکات، بەڵام هەر ئەم قوتابیە لە بەشی یەکەمدا هێنامان کە دەڵێ أبو حنیفة بە جەهمیەتی مرد و بڕوای بە خروج کردن هەبوو.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال الدولابي سمعت أبا عبدالله محمد بن شجاع يقول سمعت إسماعيل بن حماد بن أبي سليمان لە بازنەی دەرس ووتنەوەی أبو حنیفة لە کوفەدا دەیووت: **أبو حنیفة ووتی: ئەوەی ئێمە تێیداین ڕەئیە، کەس ناچار ناکەین لەسەری، وە ناڵێین هیچ کەسێک بە زۆر لەسەریەتی قبوڵی بکات، جا هەر کەسێک شتێکی لەمە باشتری پێیە با بیهێنێت.** [الانتقاء : 139]

ووتم: گەر صەحیح بووایە دەبوو بە پەڵەیەکی تر، ئەوەتا دەڵێ ئێمە لەسەر ڕەئی دەڕۆین کێ باشتری لایە با بیهێنێت ! یەکەم: یەکلای دەکاتەوە کە ئەهلی ڕەئیە نەک ئەهلی حەدیث، دووەم: بۆ مەگەر عەقڵی بەوە ناشکێ کە قورئان و سوننەت باشترە لە ڕەئی ؟! بەڵام ڕیوایەتەکە درۆیە چونکە محمد بن شجاع الثلجي تێدایە کە حەنەفی مەزهەبە و ئەهلی ڕەئیە و درۆزنە وەک پێشتر باسمان کرد.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا أبو يعقوب يوسف بن أحمد قال حدثنا أبو داود أحمد بن محمد القيسراني قال حدثنا علي بن عمرو بن خالد قال حدثنا أبي قال حدثنا **زهير بن معاوية ووتی: پرسیام لە أبو حنیفة کرد دەربارەی ئەمان پێدانی دوژمن لەلایەن کۆیلەوە، ووتی: گەر کۆیلەکە شەڕ نەکات ئەمانەکەی بەتاڵە، منیش پێم ووت: حدثني عاصم الأحول عن الفضيل بن يزيد الرقاشي ووتی: ئێمە دوژمنمان گەمارۆ دەدا، جا تیرێکیان بۆ دەهاوێژرا ئەمانی تێدا بوو، ئەوانیش دەیانووت: ئەمانتان پێ داین، ئێمەش دەمان ووت ئەمە کۆیلەیەک ئەم ئەمانەی پێداون، ووتیان والله ئێمە کۆیلە و ئازاد لەیەکتر جیا ناکەیتەوە لەناوتاندا، ئێمەش نامەمان بۆ عمر نارد دەربارەی ئەمە، ئەویش نامەی نارد ووتی: ئەمان پێدانی کۆیلە بە دروست بزانن، جا أبو حنیفة بێدەنگ بوو، پاشان من کوفەم جێهێشت بۆ ماوەی 10 ساڵ، پاشان هاتمەوە کوفە چوومە لای**

أبو حنيفة پرسيارم لێكرد دەربارەی ئەمان پێدانی كۆیلە، بە فەرموودەكەی عاصم وەڵامی دامەوەو لە ووتەكەی خۆی پەشیمان بوویەوە، جا زانیم كە شوێنی ئەو فەرموودانە دەكەوێ كە دەیبیستێ. وە پرسیارم لە سفیان الثوري كرد دەربارەی ئەمە، ووتی: ئەمانەت پێدانی دروستە شەڕ بكات یان نەیكات، وە فەرموودەكەی عاصم الأحول-ی باسكرد. [الانتقاء : 140]

ووتم: أحمد بن محمد القيسراني مەجهولە، علي بن عمرو بن خالد ئەویش مەجهولە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا يوسف بن أحمد قال حدثنا أبو العباس الفارض قال حدثنا محمد بن إسماعيل الصائغ قال حدثنا داود بن المحبر ووتی: **بە أبو حنيفة ووترا: ئەو كەسەی ئیحرامی بەستووە إزار-ی دەست ناكەوێ سراویل لەبەر دەكات، ووتی: نەخێر، بەڵكو إزار لەبەر دەكات، پێی ووترا: إزار-ی نیە، ووتی: سراویل دەفرۆشێ إزار-ی پێ دەكڕێ، پێی ووترا: پێغەمبەر ﷺ ووتاریدا فەرمووی: ئەوەی ئیحرامی بەستووە سراویل لەبەر دەكات گەر إزار-ی دەست نەكەوت، أبو حنيفة ووتی: لەم بارەیەوە هیچ فەرموودەیەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە صەحیحی لەلامدا نەچەسپاوە كە فەتوای پێبدەم، وە هەموو كەسێكیش فەتوا بەوە دەدات كە بیستوویەتی، وە لەلای ئێمەش بە صەحیحی چەسپاوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەو كەسەی ئیحرامی بەستووە سراویل لەبەر ناكات، ئێمەش فەتوا بەوە دەدەین كە بیستوومانە، پێی ووترا: موخالەفەی پێغەمبەر ﷺ دەكەیت ؟ ووتی: الله لەعنەتی لەو كەسە كردووە كە موخالەفەی پێغەمبەر ﷺ دەكات، الله بەهۆی ئەوەوە ڕێزی لێگرتین و بەهۆی ئەوەوە ڕزگاری كردین.** [الانتقاء : 140-141]

ووتم: پێم خۆشبوو هەموو ڕیوایەتەكانی مەدحكردنی أبو حنيفة بەم شێوەیە بوایە، كە دەڵێین جەهمی بووە ڕیوایەت هەبێ ڕەددی ئەمە بداتەوە، كە دەڵێین مورجیئە بووە ڕیوایەت هەبێ ڕەددی ئەمە بداتەوە، كە دەڵێین خەواریج بووە ڕیوایەت هەبێ ڕەددی ئەمە بداتەوە، كە دەڵێین بێ ئەدەبی بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ و فەرموودەكانی كردووە و گاڵتەی بە فەرموودە كردووە و ڕەتی كردۆتەوە ڕیوایەت هەبێ ڕەددی ئەمانە بداتەوە، نەک كاتێک بە سەنەدی صەحیح ئەم هەموو كوفرو تاوانەی

أبو حنيفة دەهێنین لایەنگرانی ئەویش لە بەرامبەردا ڕیوایەتی شەونوێژ و عیبادەت و ئەمانەت پارێزی و ئەم جۆرە شتانە بهێنن، جا لە بەشی یەکەمدا هێنامان کە حماد بن زید فەرموودەی لەبەرکردنی سراویل بۆ ئەو کەسەی کە ئیحرامی بەستووە گەر إزار-ی دەست نەکەوت بە سەنەدێکی صەحیح دەگێڕێتەوە کە ڕوخسەتی پێدراوە، تەنانەت البخاري دواتر لە صەحیحەکەی ئەم فەرموودەیەی هێناوە بەم سەنەدەوە، کەچی أبو حنیفة زۆر بەبێ ئەدەبی فەرموودەکە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ هیچ نیە، سەنەدەکەش بریتیە لە حماد بن زید عن عمرو بن دینار عن جابر بن زید عن ابن عباس عن النبي ﷺ أبو حنیفة گەر تۆزێک زانستی هەبوایە بە صەحیحی و زەعیفی بچووکترین گومانی نەدەبوو لە صەحیحی ئەم فەرموودەیە،

جا ئێستا دەڵێین ئەوەتا عوزرەکەی باسکردووە دەڵێ لەلای من نەچەسپاوە بە صەحیحی ئەم فەرموودەیە بۆیە ئاوای ووتوە، ئێمەش بە چەند خاڵێک وەڵامتان دەدەینەوە:

یەکەم: گەر فەرموودەکەی بەلاوە زەعیفیش بێ دەبێ بۆ حماد بن زید ڕوونی بکاتەوە کە ئەم فەرموودەیە زەعیفە، نەک ئاوا بەبێ ئەدەبی بە دەستەکانی ئاماژە بکات کە ئەم فەرموودەیە هیچ نیە، دواتر کام ڕاوی بە زەعیف داناوە لەم سەنەدە ؟ حماد ؟ کە ئیمام مالك-ی عیراقە ؟ یان عمرو بن دینار کە یەکێکە لەو شەش تابعیەی سەنەدی فەرمووده بە دەوریاندا دەخولێتەوە ؟ یان جابر بن زید ؟ کە موفتی بەصرە بووە ابن عباس خۆی بە شان و باڵی هەڵداوە و ستایشی کردووە.

دووەم: ئەم ڕیوایەتەی کە ابن عبدالبر هێناویەتی یان پێش بەسەرهاتەکەی حماد بن زید ڕوویداوە یان دوای ئەو ڕوویداوە، گەر پێش بەسەرهاتەکەی حماد ڕوویدابێ ئەوا دەبێ کاتێک کە حماد فەرموودەکە بۆ أبو حنیفة دەگێڕێتەوە أبو حنیفة تەسلیمی بێ چونکە پێشتر بانگەشەی ئەوەی کردووە بە صەحیحی لەلای نەچەسپاوە ئەوەتا حماد بە صەحیحی بۆی هێنا کەواتە درۆ دەکات، وە ئەگەر دوای بەسەرهاتەکەی حماد أبو حنیفة ئەم قسەیەی کردبێ ئەکەواتە سورە لەسەر ئینکاری کردنی فەرموودەکەی حماد و وەری ناگرێت، ڕوونیشمان کردەوە کە سەنەدەکە چۆنە جا نازانم أبو حنیفة لەبەرچی فەرموودەکەی بە هیچ نەزانیوە !

سێیەم: داود بن المحبر تۆمەتبارە بە درۆ، 20 زانای جەرح و تەعدیل بە زەعیف و مەتروکیان داناوە

خاوەنی کتێبی (العقل)ە کە پڕپەتی لە ڕیوایەتی درۆ، تەنانەت أبو غدة محقق-ی کتێبەکەی ابن عبدالبر کە قوتابی محمد زاهد الكوثري جەهمیە، لەسەر هەمان ڕێبازی الكوثري ڕۆیشتووە لە بەرگری کردنی لە أبو حنیفة، لە حاشیەکەدا دەڵێ: داود بن المحبر مەتروکە لەلای جمهوری زانایان.

ابن عبدالبر دەڵێ: ذكر الدولابي حدثنا محمد بن حماد بن المبارك الهاشمي قال حدثنا علي بن الحسن بن علي بن شقيق أبو الحسن المروزي قال سمعت أبا بكر يذكر عن ابن المبارك ووتی: **بیستم سفیان الثوري دەیووت: أبو حنیفة بە توندی زانستی دەگرت، بەرگری لە حەرامکراوەکانی الله دەکرد کە حەلال بکرێن، کاری بەو فەرموودانە دەکرد کە لەلای صەحیح بوون کەسانی سیقە نەقلیان کردبوو، وە کردەوەکانی پێغەمبەری الله ﷺ و ئەوەی کە زانایانی کوفەی دیوە کە لەسەری بوونە، پاشان هەندێک کەس قسەیان پێ ووت، الله لە ئێمە و ئەوانیش خۆشبێت.** [الانتقاء : 142]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك الهاشمي مەجهولە، هەروەها أبو بكر بە صیغەی تمریض لە ابن المبارك ڕیوایەتی کردووە دەڵێ (یذکر) کە ئەمەش صیغەیەکی زەعیفە، هەر چەندە أبو غدة لە حاشیەدا دەڵێ: علي بن الحسن بن شقيق ڕاستەوخۆ لە ابن المبارك ڕیوایەتی دەکات، زیادکردنی أبو بكر لە سەنەدەکە لەجۆری (المزيد في متصل الأسانيد)ە، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە نەسەب و کونیەی علي بن الحسن بن شقيق هەڵەیە، بەهەرحاڵ هەر چۆنێک بێت مەجهولی محمد بن حماد بەسە بۆ بە زەعیف دانانی ڕیوایەتەکە، مەتنەکەش مونکەرە سفیان یەکێکە لەوانەی کە قسەی زۆری بە أبو حنیفة ووتوە، تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەکردووە وەک لە بەشی یەکەمدا هێنامان، ئیتر چۆن قسەیەکی لەم شێوەیە دەکات ؟! پێم وایە مەتنەکە بۆنی درۆی لێدێت.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان قال حدثنا قاسم قال حدثنا أحمد بن زهير قال حدثنا يحيى بن معين قال حدثنا عبيد بن أبي قرة عن يحيى بن ضريس ووتی: **بینیم سفیان الثوري پیاوێک هاتە لای کە بەشی هەبوو لە عیلم و عیبادەت، بە سفیان-ی ووت: ئەی باوکی عبدالله ئینکاری چ شتێک دەکەی لەسەر أبو حنیفة ؟ ووتی: چیەتی ؟ پیاوەکە ووتی: بیستم قسەیەکی دەکرد ئینصاف و بەڵگەی تێدا بوو، دەیووت: من کار دەکەم بە کتێبی الله گەر دەستم کەوت، ئەوەی لە قورئاندا**

نەمدۆزیەوە کار بە سوننەتی پێغەمبەری الله ﷺ و ئاثارە صەحیحەکان دەکەم کە لێی ڕیوایەت کراوە کە بڵاو بۆتەوە لە دەستی سیقەکان بۆ سیقەکان، جا ئەگەر لە کتێبی الله و سوننەتی پێغەمبەرەکەی نەمدۆزییەوە، کار بە ووتەی ئەو هاوەڵانەی دەکەم کە دەمەوێ وئەوەی نەمویست واز لە ووتەکەی دەهێنم، پاشان لە ووتەی ئەوان دەرناچن بۆ ووتەی کەسانی تر، جا کاتێک کارەکە گەیشتە إبراهيم والشعبي والحسن وعطاء وابن سيرين وسعيد بن المسيب -ژمارەیەک پیاوی ژمارد- ئەوان کەسانێکن ئیجتیهادیان کردووە منیش بۆم هەیە ئیجتیهاد بکەم هەروەک چۆن ئەوان ئیجتیهادیان کردووە. بڕوانە [الانتقاء : 143]

ووتم: لە تەحقیقی مكتبة القدسي ئەم ڕیوایەتە بە پچڕاوی و تێکەڵی هاتووە، بۆیە ئەم ڕیوایەتەم لە تەحقیقی أبو غدة نەقل کردووە چونکە ئەو بە دروستی هێناویەتی.

(عبيد بن أبي قرة) لە چاپی مكتبة القدسي بۆتە (عبدالله بن أبي قرة) صدوق-ە ڕیوایەتی مونکەڕی هەیە سەرەڕای کەمی ڕیوایەتەکانی، گەر بڵێین سەنەدەکە حەسەنە ئەوا نابێتە هۆی لادانی ئەو ووتانەی بەشی یەکەم کە دەربارەی أبو حنيفة ووتراوە، قسەکانیشی زیاتر ڕەمزین ئەمڕۆ دەبینیت پیسترین مورتەد هەمان ئەم قسانە دەکات دەڵێ دەست بە قورئان و سوننەت و ووتەی هاوەڵان دەگرم کەچی لەهەر سێکیشیان بەرییە، جا بۆیە ئەم ووتە ڕەمزیانە کردار پشتڕاستی دەکاتەوە یان بە درۆی دەخاتەوە، وە بینیمان أبو حنيفة کە موخالەفەی ئایەتی صەریحی قورئان و فەرموودەی صەحیحی کردووە، هەروەک ابن قتيبة ووتی: موخالەفە کردنی ئایەتی صەریحی قورئان هیچ عوزرێکی تێدا نیە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا محمد بن علي السمناني قال حدثنا أحمد بن حماد بن العباس قال حدثنا القاسم بن عباد ووتی: **بۆم باسکرا کە ابن أبي ليلى سکاڵای لە أبو حنيفة کرد لەلای المنصور، ووتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران لە کوفە پیاوێک هەیە من قەزاوەت ناکەم لە هیچ قەزیەیەکدا ئیللا ئەو موخالەفەم دەکات تێیدا، المنصور ووتی: کێیە ؟ ابن أبي ليلى ووتی: أبو حنيفة-یە، المنصور ووتی: بە حەق موخالەفەت دەکات یان بە باطل ؟ ووتی: بە حەق، جا ئەمە**

کەوتە دڵی المنصور-ەوە هەر بەم هۆیەوەش دەست نیشانی کرد بۆخۆی، ابن أبي ليلى-ش پەشیمان بوویەوە کە ئەم شتەی باسکرد. [الانتقاء : 145]

ووتم: محمد بن علي السمناني مەجهولە وەک پێشتر باسمان کرد، أحمد بن حماد بن العباس نەمدۆزییەوە پێشتر باسمان کرد، هەروەها القاسم بن عباد بە صیغەی تمریض ڕیوایەتی کردووە دەڵێ (ذُكِرَ لي) واتا بۆم باسکرا ئەمەش صیغەیەکی زەعیفە، هەروەها مەتنەکەش مونکەڕی پێوە دیارە بگرە بۆنی درۆی لێدێت، کەس هەیە بزانێ بەرامبەرەکەی بە حەق ڕەددی دەداتەوە کەچی سکاڵای لێ بکات و دان بەوەش بنێت کە بە حەق ڕەددی دەداتەوە نەک ناحەق ؟!

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب بەهەمان سەنەد لە القاسم بن عباد-ەوە قال حدثنا محمد بن شجاع قال حدثنا أبو رجاء -کە لە عیبادەت و چاکەدا پلەی هەبوو- ووتی: **محمد بن الحسن-م بینی لە خەوندا، ووتم: الله چی لێکردی؟ ووتی: لێم خۆشبوو، ووتم: ئەی أبو يوسف ؟ ووتی: ئەو پلەی لە من بەرزترە، ووتم: ئەی چی لە أبو حنيفة کرد ؟ ووتی: ئۆهۆ ئەو لە أعلى عليين-ە.** [الانتقاء : 145]

ووتم: أبو يعقوب بەهەمان سەنەدی پێشوو لە القاسم بن عباد ئەمەی ڕیوایەت کردووە ئەویش لە محمد بن شجاع الثلجي ئەویش لە أبو رجاء.

محمد بن شجاع الثلجي باسمان کە درۆزنە و تەکفیریش کراوە، جگە لەمەش خەون حوکمی لێ وەرناگیرێت تەنها بۆ دڵدانەوەیە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أحمد بن الحسن الدينوري قال حدثنا القاسم بن عباد قال حدثنا صالح بن محمد بن رزين عن **أبي حنيفة ووتی: لە خەوندا بینیم گۆڕی پێغەمبەر** عليه السلام **هەڵدایەوە ئێسکەکانیم دەرهێنا و لە باوەشم گرت، جا ئەم خەونە منی ترساند، چوومە لای ابن سيرين بۆم گێڕایەوە، ووتی: گەر خەونەکەت ڕاست دەرچێ ئەوا سوننەتی پێغەمبەرەکەت محمد** ﷺ **زیندوو دەکەیتەوە.** [الانتقاء : 145]

ووتم: صالح بن محمد بن رزين مەجهولە.

أبو غدة دەڵێ: لە هەموو نوسخەکان بەم شێوەیە هاتووە سەنەدەکە، تەنها لە نوسخەیەک نەبێ

بەم شێوەیە هاتووە: صالح بن محمد بن يوسف عن يوسف بن رزين، واتا کەسێکی تریش لە سەنەدەکە زیادکراوە، ئەویش کەسیان ناناسێ بۆیە تەرجیحی نەکردووە کام سەنەدە دروستره، واقعیش تەواو پێچەوانەی ئەم ڕیوایەتەیە أبو حنيفة نە فەرمووەدەناس بووە تا دەستی هەبێ لە زیندووکردنەوەی سوننەت، وە لە فیقهیشدا ڕوونە کە چەندەها فەتوای هەیە پێچەوانەی سوننەتە، ئەوەندە بەسە کە خۆی ئیمامی ئەهلی ڕەئیە، ئەم مەزهەبەش پێچەوانەی مەزهەبی ئەهلی سوننەیە.

لە هەردوو چاپەکەدا (عليه السلام) بۆ پێغەمبەر ﷺ نوسراوە جاری یەکەم، جاری دووەم کراوە بە صلى الله عليه وسلم، منیش وەک خۆی نەقلم کردووە.

ابن عبدالبر دوو ڕیوایەتی تریشی هێناوە کە هەر خەونە هەمان مانا دەدات، یەکێکیان درۆیە محمد بن شجاع الثلجي تێدایە، ئەوی تریشیان زەعیفە يوسف بن عثمان الصباغ دەڵێ: پیاوێک بۆی گێڕامەوە کە خەونی دیبوو، نازانین ئەم پیاوە کێیە (مبهم)ە، هەروەها يوسف خۆشی دیار نیە کە حاڵی چۆنە نەمدۆزییەوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أحمد بن الحسن الحافظ قال حدثنا علي بن الحسن بن بشر قال حدثنا علي بن سلمة ووتی: **بيستم عبدالحميد بن عبدالرحمن الحماني دەيووت: بينيم لە خەوندا وەک بڵێی ئەستێرەیەک لە ئاسماندا کەوت، ووترا أبو حنيفة-یە، پاشان دانەیەکی تر کەوت، ووترا مسعر-ە، پاشان دانەیەکی تر کەوت، ووترا سفيان-ە، جا أبو حنيفة پێش مسعر مرد پاشان مسعر پاشان سفيان.** [الانتقاء : 146]

ووتم: علي بن الحسن بن بشر نەمدۆزییەوە، تەنانەت أبو غدة دەڵێ: لە نوسخەیەک بە علي بن الحسين بن بشير هاتووە، تەرجیحیشی نەکردووە کامەی ڕاستره، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەویش نایناسێ ئەگینا محقق لە شتێکی ئاوا بێدەنگ نابێ.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو إسحاق إبراهيم بن أحمد بن فراس قال حدثنا موسى بن هارون قال حدثنا يحيى بن عبدالحميد الحماني عن علي بن مسهر ووتی: **من لای سفيان الثوري بووم**

پیاوێک پرسیاری لێکرد دەربارەی پیاوێک کە دەست نوێژی هەڵگرتووە بە ئاوێک کە کەسێکی تر دەست نوێژی پێ هەڵگرتبوو، سفیان ووتی: دروستە ئاوەکە پاکە، پێم ووت: أبو حنیفة دەڵێ: دەست نوێژی پێ هەڵناگیری، سفیان پێی ووتم: بۆچی وای ووتوە ؟ ووتم: ئەو دەڵێ ئاوەکە بەکارهاتووە، علي بن مسهر دەڵێ: پاشان من لەلای سفیان بووم چەند ڕۆژێک دوای ئەمە، پیاوێک هاتە لای پرسیاری دەست نوێژ هەڵگرتنی لێکرد بە ئاوێکی بەکارهێنراو، سفیان ووتی: دەست نوێژی پێ هەڵناگیرێ چونکە ئاوێکی بەکارهێنراوە، جا گەڕایەوە سەر ووتەکەی أبو حنیفة لەم بابەتەدا.
[الانتقاء : 146]

ووتم: يحيى الحماني لە بەشی یەکەم باسمان خیلاف زۆرە دەربارەی، مەتنەکەش مونکەری هەست پێ دەکرێ، مانای چیە تەنها لەبەر ئەوەی وتوویەتی ئاوەکە بەکارهاتووە ئیتر سفیان چۆتە سەر قسەی ئەو ؟! بۆ سفیان نەیدەزانی ئاوەکە بەکارهاتووە ؟

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو علي أحمد بن عثمان الحافظ قال حدثنا أحمد بن العباس الضبي قال حدثنا سليمان ابن أبي شيخ قال حدثنا محمد بن عمر الحنفي عن أبي عباد الكوفي ووتی: **الأعمش پێی ووتم: چۆن هاوەڵەکەتان -واتا أبو حنيفة- وازی لە ووتەی ابن مسعود هێنا کە دەڵێ: فرۆشتنی کەنیزەک واتا تەڵاقدانی ؟ ووتم: بەهۆی فەرموودەکەی تۆ کە گێڕاتەوە، ووتی: کامە فەرموودە ؟ ووتم: أبو حنيفة دەڵێ: تۆ بۆت گێڕاوەتەوە لە إبراهيم عن الأسود عن عائشة کە دەڵێ: بريرة کاتێک فرۆشرا و ئازاد کرا سەرپشک کرا. الأعمش ووتی: بەڕاستی أبو حنيفة فەقیهە، ئەم شتە سەرسامی کرد.** [الانتقاء : 147]

ووتم: أحمد بن عثمان الحافظ و أحمد بن العباس الضبي و محمد بن عمر الحنفي ئەم سێیانەم نەدۆزییەوە، وە أبو عباد الكوفي کە ناوی عمران بن عطية-یە لە هیچ کتێبێکدا نەمدۆزییەوە تەنها کتێبی ڕاوییە شیعەکان نەبێ کە دەڵێن هاوەڵی جعفر الصادق بووە، وە لە چاپی مكتبة القدسي (أبو عباد) بۆتە (أبو عياد).

مانای ووتەکەی ابن مسعود ئەوەیە کە دەڵێ: گەر کۆیلە شووی کرد پاشان خاوەنەکەی فرۆشتی

به کەسێکی تر جگە لە مێردەکەی ئەوا تەڵاقی دەکەوێ، فەرموودەکەی عائشة-ش دەڵێ: بريرة کاتێک فرۆشرا و ئازاد کرا سەرپشک کرا، جا گەر تەڵاقی کەوتبوایە ئەوا سەرپشک نەدەکرا لەوەی لەلای مێردەکەی دەمێنێتەوە یان نا.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا أحمد بن الفضل قال حدثنا محمد بن جرير الطبري قال سمعت محمد بن إسماعيل الضراري دەیووت: **خەڵکی لەلای أبو عبدالرحمن المقرئ بوو بە خیلافیان، هەندێک ووتیان: لە أبو حنيفة-ەوە ڕیوایەتمان بۆبکە، هەندێکی تر ووتیان: پێویستمان بە أبو حنيفة نیە، بیستم أبو عبدالرحمن المقرئ ووتی: هاوار بە حاڵتان دەزانن أبو حنيفة کێ بوو ؟ کەسم نەدیوە وەک أبو حنيفة.** [الانتقاء : 147]

ووتم: أحمد بن الفضل بن العباس الدينوري قوتابیەکەی الطبري زەعیفە.

هەروەها لە بەشی یەکەم بە صەحیحی هێنامان کە أبو عبدالرحمن المقرئ دەیووت: أبو حنيفة مورجیئە بوو بانگی کردم بۆ ئیرجاء ڕەتم کردەوە، وە گەر ڕیوایەتی لێ کردبوایە دەیووت: حدثني أبو حنيفة وكان مرجئا، پڕ بە دەنگی ئەمەی دەووت.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا أبو يعقوب يوسف بن أحمد قال حدثنا أبو محمد عبدالرحمن بن أسد الفقيه قال حدثنا هلال بن العلاء الرقي قال حدثنا أبي قال حدثنا **عبيدالله بن عمرو الرقي ووتی: أبو حنيفة لێی درا بەهۆی ئەوەی کە ڕازی نەبوو ببێتە قازی، جا دوژمنەکانی بەمە دڵخۆش بوون و ووتیان: استتابە کرا.** [الانتقاء : 150]

ووتم: أبو محمد عبدالرحمن بن أسد الفقيه مەجهولە.

هلال بن العلاء بن هلال لە باوکی ڕیوایەتی کردووە، هلال بن العلاء صدوق-ە بەڵام النسائي دەڵێ: شتی مونکەر لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە جا نازانم هەڵەکە لە خۆیەتی یان لە باوکی.

هەڵەکە لە باوکیەتی بێگومان، چونکە باوکی زۆر زەعیفە ڕیوایەتی مونکەری زۆرە، ئەمەش ووتەی زانایان دەربارەی باوکی:

أبو حاتم الرازي دەڵێ: منكر الحديث، ضعيف الحديث، لە ابن زريع ژمارەیەک فەرموودەی هەڵبەستراو ڕیوایەت دەکات.
ابن حبان دەڵێ: لەو کەسانە بوو کە سەنەدی هەڵدەگێڕایەوە و ناوی ڕاوییەکانی دەگۆڕی، بەهیچ جۆرێک نابێ احتجاجی پێ بکرێ.
ابن حجر دەڵێ: لاوازی تێدا بوو.
الخطيب البغدادي دەڵێ: هەندێک لە فەرموودەکانی مونکەرە.
سبط ابن العجمي دەڵێ: منكر الحديث ضعيف.
هەروەها دانەرانی کتێبی (تحرير تقريب التهذيب) بە ضعيف جدا دایاننناوە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو قتيبة سلم بن الفضل قال حدثنا محمد بن يونس الكديمي ووتی: **بیستم ڕۆژێک بە عبدالله بن داود الخريبي ووترا: ئەی باوکی عبدالرحمن معاذ لە سفيان الثوري ڕیوایەت دەکات کە ووتویەتی: أبو حنيفة دوو جار استتابە کراوە، جا عبدالله بن داود ووتی: ئەمە والله درۆیە، علي والحسن دوو کوڕەکەی صالح بن حي لە کوفە بوون ئەوانیش پلەیەکیان هەیە لە وەرع کە هاوشێوەی نیە، وە أبو حنيفة بە ئامادەبوونی ئەم دووانە فەتوای دەدا، گەر شتێکی ئاوا هەبوایە ئەوا پێی ڕازی نەدەبوون، وە من سەردەمێک لە کوفە بووم ئەم شتەم نەبیست.** [الانتقاء: 150]
ووتم: محمد بن يونس الكديمي درۆزنە.
ابن عدي دەڵێ: الكديمي تۆمەتبار کراوە بە هەڵبەستنی فەرموودە بە درۆ، هەروەها دەڵێ: بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کەسانێکی دیوە لە ڕاوییەکان کەچی نەشی دیبوون، زۆرینەی شێخەکانمان وازیان هێنا لە ڕیوایەت کردن لێی.
ابن حبان دەڵێ: لەوانەیە زیاتر لە هەزار فەرموودەی هەڵبەستابێ بە درۆ.
أبو الحسين بن المنادي: فەرموودەمان لە الكديمي نوسیەوە، پاشان ووتەی أبو داود-مان پێگەیشت دەربارەی الكديمي، جا ئەوەی کە لەومان بیستبوو فڕێماندا.

الآجري دەڵێ: بینیم أبو داود ووشەی درۆی بەکار دەهێنا دەربارەی محمد بن یونس، وە موسی بن هارون نەهی لە خەڵک دەکرد گوێ بیستی فەرمووده بن لە الکدیمي، موسی خۆی بە پەردەی کەعبەوە هەڵواسی بوو دەیووت: یا الله من شایەتی دەدەم کە الکدیمي درۆزنە فەرمووده هەڵدەبەستێ بە درۆ.

القاسم بن زکریا المطرز دەڵێ: من ئەژنۆم بە ئەژنۆی الکدیمي دەنێم لە بەردەم الله، وە دەڵێم: الکدیمي درۆی دەکرد بە دەم پێغەمبەرەکەت و زانایانەوە.

جا سەرەڕای درۆزنی الکدیمي وەک زانایانی جەرح و تەعدیل باسیان کرد، ئەم ڕیوایەتەش درۆزنی ئەو دەردەخات چونکە بە صەحیحی لە سفیان الثوري والحسن بن صالح هێنامان لە بەشی یەکەمدا کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە، وە سفیان باسی دوو جار استتابە کردنی کردووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حکم بن منذر بن سعید رحمه الله قال حدثنا یوسف بن أحمد قال حدثنا أحمد بن الحسن الحافظ قال حدثنا القاسم بن عباد قال حدثني محمد بن عبدالله الفقیه قال حدثنا الحسن بن زیاد اللؤلؤي ووتی: **ئافرەتێکی شێتمان لەلابوو پێی دەووترا أم عمران، کەسێک بەلایدا تێپەڕی شتێکی بە ئافرەتەکە ووت، ئەویش پێی ووت: ئەی کوڕی دوو زیناکەرەکە، ابن أبي لیلی وەستابوو دەیبیست، فرمانی کرد ئافرەتەکە بهێنن، جا بردی بۆ ناو مزگەوت دوو حەددی لەسەر جێبەجێ کرد، حەددێک بۆ باوکی حەددێک بۆ دایکی، ئەم باسە گەیشتەوە بە أبو حنیفة، ووتی: هەڵەی کردووە ابن أبي لیلی لەم کارەدا لە شەش شوێندا، شێت حەددی لەسەر نیە، حەددی لە مزگەوت جێبەجێ کردووە لەسەری حەددیش لە مزگەوت جێبەجێ ناکرێ، بە وەستاوی لێیداوە ئافرەتان بە دانیشتن لێیان دەدرێ، دوو حەددی لەسەر جێبەجێ کردووە گەر کەسێک بوهتانی زینا بداتە پاڵ قەومێک تەنها یەک حەددی لەسەرە، وە لێیداوە لە کاتێکدا دایک و باوکی کەسەکە ئامادە نەبوونە ئەمەش ناکرێ ئیللا بە ئامادەبوونی ئەوان نەبێ چونکە حەد تەنها بۆ ئەوانەیە کە داوای دەکەن، وە هەردوو حەددەکەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە لەیەک شوێندا هەر کەسێکیش دوو حەددی لەسەر واجب بێ ئەوەی دووەمی لێ نادرێ تا ئەوەی یەکەم ووشک**

دەبێتەوە پاشان هی دووەمی لێدەدرێ، ئەم ووتەیەی أبو حنیفة گەیشتەوە بە ابن أبي لیلی، چوو بۆلای ئەمیر سکاڵای کرد لە أبو حنیفة، ئەمیریش أبو حنیفة-ی قەدەغە کرد لە فەتوادان، جا ئەمە بەسەرهاتی قەدەغەکردنی أبو حنیفة-یە لە فەتوادان لەلایەن ئەمیر-ەوە، پاشان هەندێک بابەت هاتن بۆلای عیسی بن موسی ئەویش پرسیاری لە أبو حنیفة کرد لە بارەیانەوە، أبو حنیفة وەڵامی دایەوە، عیسی هەموو وەڵامەکانی بە چاک زانی جا ئیزنیدا لە مەجلیسەکەی دانیشت.

[الانتقاء : 152]

ووتم: الحسن بن زیاد بن اللؤلؤي حەنەفی مەزهەبە یەکێکە لە هاوەڵانی أبو حنیفة، تۆمەتبارە بە درۆ بەڵکو زۆرێک بە درۆزن ناویان بردووە، ئەخلاقیشی ناشرین بووە.

أبو ثور بن إبراهیم الکلبي دەڵێ: نەمدیوە لە اللؤلؤي درۆزنتر.

ابن عدي دەڵێ: فەرموودەی هەیە بەڵام فەرموودە پیشەی ئەو نیە، زەعیفە.

أبو حاتم الرازي دەڵێ: ضعیف الحدیث، سیقە نیە و جێگای متمانە نیە.

أبو داود دەڵێ: درۆزنە، سیقە نیە و جێگای متمانە نیە.

أحمد بن حنبل دەڵێ : ضعیف الحدیث.

النسائي دەڵێ: سیقە نیە و جێگای متمانە نیە.

الحسین بن محمد الجریري دەڵێ: بینیم الحسن بن زیاد یاری بە ئەندامی نێرینەی منداڵێک دەکرد.

أبو الحسین الرهاوي دەڵێ: کتێبەکانی الحسن بن زیاد-م نوسیەوە لێی و بەردەوام لەگەڵی بووم، ڕۆژێک بینیم نوێژی دەکرد منداڵێکی موو لێ نەهاتوو لە تەنیشتیەوە بوو لە ڕیزی نوێژدا، کاتێک سوجدەیان برد دەستی درێژ کرد بۆ ڕومەتی منداڵەکە و ڕوومەتی گوشی لەکاتێکدا لە سوجدەدا بوو، جا لەو کاتەوە لێی جیابوومەوە و لەسەر خۆم کردە مەرج کە هیچ شتێکی لێوە نەگێڕمەوە.

الدارقطني دەڵێ : زەعیفە، مەتروکە.

علي بن المدیني دەڵێ: فەرموودەکانی نانوسرێتەوە.

ابن نمیر دەڵێ: درۆ دەکات بە دەمی ابن جریج.

بە وکیع ووترا: ساڵێکی ووشکە، ووتی: چۆن نابێتە ووشکە ساڵ کە حسن اللؤلؤي و حماد بن أبي

حنيفة قازين ؟!

يحيى بن معين دەڵێ: زۆر درۆزنە هیچ نیە، جارێکی تر دەڵێ: درۆزنێکی پیسە.

پرسیار لە يزيد بن هارون الأيلي كرا دەربارەی حسن، يزيد ووتی: ئایا ئەو موسڵمانە ؟!

يعقوب بن سفيان الفسوي دەڵێ: درۆزنە.

يوسف بن عمر القواس دەڵێ: خۆت بپارێزە لە اللؤلؤي.

جگە لە هەموو ئەمانەش، عیسى بن موسى کە ناوی هاتووە لە کۆتایی بەسەرهاتەکە، لەبەشی یەکەمدا هێنامان کە خۆی استتابەی بە أبو حنيفة کردووە کاتێک والی کوفە بووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالوارث بن سفيان قال حدثنا قاسم بن أصبغ قال حدثنا أحمد بن زهير قال حدثنا سليمان بن أبي شيخ قال حدثنا أبو سفيان الحميري قال: **قال ابن شبرمة: من بە توندی أبو حنيفة-م عەیبدار دەکرد و بەکەم سەیرم دەکرد، جا کاتی حەج هات منیش حاجی بووم لەو کاتەدا، خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە پرسیاریان لێی دەکرد، شتی ئاوام لێی بینی بە شێوەیەک نەمدەزانی من کێم، پیاوێک هاتە لای ووتی: ئەی أبو حنيفة بۆلای تۆ هاتووم بۆ کارێک کە گرنگە بۆم و بێ توانای کردووم، أبو حنيفة ووتی: کارەکە چیە ؟ پیاوەکە ووتی: کوڕێکم هەیە جگە لەو هیترم نیە، گەر ژنی بۆ بهێنم تەڵاقی دەدات گەر کەنیزەکی بۆ بکڕم ئازادی دەکات بێ توانا بوومە بەرامبەرە ئەمە، هیچ چارێک هەیە ؟ أبو حنيفة دەست بەجێ پێی ووت: کەنیزەکێک بکڕە بۆ خۆت کە کوڕەکەت پێی ڕازی بێت، پاشان لە کوڕەکەتی مارە بکە، جا گەر تەڵاقیدا ئەوا بۆ خۆت دەگێڕێتەوە کەنیزەکەکە، وە گەر ئازادیشی بکات ئەوا شتێکی ئازادکردووە کە موڵکی خۆی نیە، ابن شبرمة دەڵێ: جا زانیم کە أبو حنيفة فەقیهە، جا لەم ڕۆژەوە دەستم هەڵگرت لە باسکردنی تەنها بە چاکە نەبێت.** [الانتقاء : 153]

ووتم: هەموو ڕاویيەکان سیقەن تەنها أبو سفيان الحميري صدوق-ە، بەڵام سەنەدەکە پچڕانی تێدایە لەنێوان أبو سفيان الحميري و ابن شبرمة، أبو سفيان شێخێکی هەیە بەناوی هشيم بن بشير کە قوتابی ابن شبرمة-یە، جا سەیری ئەو ڕیوایەتانەم کرد کە أبو سفيان لە ابن شبرمة-ەوە

ڕیوایەتی کردووە بینیم لە هەموو ڕیوایەتەکان هشیم لەنێوانیاندا هەیە واتا بەم شێوەیە: (أبو سفيان الحميري عن هشيم عن ابن شبرمة) هیچ ڕیوایەتێکم نەدۆزیەوە کە أبو سفيان ڕاستەخۆ لە ابن شبرمة ڕیوایەت بکات بە صیغەی سماع، لەم ڕیوایەتەش وەک دەبینن بە صیغەی محتمل ڕیوایەتی کردووە وتوویەتی (قال ابن شبرمة) نەی ووتوە (سمعت یان حدثنا یان أخبرنا) جا گەر أبو سفيان سەماعی هەبوایە لە ابن شبرمة ئەوا دەمانتوانی ئەم ڕیوایەتەی بە متصل هەژمار بکەین گەر بزانین ناسراو نیە بە تەدلیس بەڵام وەک باسم کرد هیچ ڕیوایەتێکی نیە لە ابن شبرمة تصریح بدات بە سماع، جا بۆی هەیە بڵێن: لەوانەیە لێرەشدا هشیم لەنێوانیاندا هەبێ بەڵام ناوی نەهێنابێ، دەڵێین: ئەم ئەگەرەش دەبێ کە بۆ علوی سەنەد وایکردبێ چونکە لەهەمان کاتدا لەگەڵ ابن شبرمة ژیاوە، ابن شبرمة ساڵی 144 مردووە، أبو سفيان ساڵی 112 لە دایکبووە، کەواتە 32 ساڵ هاوسەردەم بوونە، هەردووکیشیان عیراقین أبو سفيان خەڵکی شاری واسط-ە، ابن شبرمة خەڵکی شاری کوفەیە بەڵام چۆتە واسط-یش، بۆیە ئەگەری (اللقيا) یەکتر بینین هەیە، وە بەپێی شەرطی مسلم بە متصل هەژمارە گەر هاوسەردەم (معاصر) بن و ئەگەری بینینیش هەبێ، وە دواتر نازانین ابن شبرمة چ ماوەیەک لە واسط بووە بە دیاریکراوی، ئەوە چەسپاوە کە ابن سيرين-ی دیوە لە واسط، ابن سيرين ساڵی 110 مردووە بێگومان پێش ئەوکاتە بینیویەتی چونکە ابن سيرين لە بەصرە مردووە و خەڵکی بەصرەش بووە، هەروەها کاتێک إياس بن معاوية المزني کە خەڵکی بەصرەیە دەچێتە واسط ابن شبرمة پرسیاری لێدەکات لە واسط، إياس-یش لە واسط دەمێنێتەوە تا ساڵی 122 هەر لەوێ دەمرێ، وە نازانین إياس ئەو کاتەی چۆتە واسط و ابن شبرمة پرسیاری لێکردووە ساڵی چەند بووە تا تەمەنی ئەوکاتی أبو سفيان بخەمڵێنین بزانین ئەوکاتەی ابن شبرمة لە واسط بووە ئەو لە دایکبووە یان نا، بۆیەش ئەم تەئکید کردنەوەیە دەکەم لەسەر بەیەک گەیشتنی ئەم دووانە چونکە هەرچی ڕیوایەتی أبو سفيان هەیە لەڕێگای هشیم-ەوە لە ابن شبرمة ڕیوایەتی کردووە هیچ ڕیوایەتێکی ڕاستەوخۆی نیە لە ابن شبرمة بۆیە گومانم زۆرە کە لە ابن شبرمة-ی نەبیستبێ کەسێکی تر لەنێوانیان هەبێ، گەر بڵێین لەوانەیە هشیم لە نێوانیان بێت ئەوا قورەکە خەستر دەکاتەوە چونکە سەرەڕای ئەوەی کە هشیم ئیمامێکە هیچ قسەی لەسەر نیە

بەڵام زۆر بەناوبانگە بە تەدلیس و یەکجار تەدلیسی زۆرە، جا گریمان سەنەدەکە بەم شێوەیەی لێبێت (أبو سفيان عن هشيم عن ابن شبرمة) فەرموودەناسان لێی دەکۆڵنەوە بزانن تەدلیسی کردووە یان نا چونکە هشیم زۆر بەناوبانگە بە تەدلیس، بگرە هەندێکیان بە ڕەهایی بە زەعیفی دەزانن سەنەدەکە تا ئەو کاتەی هشیم تصریح دەدات بە سەماع واتا دەڵێ: سمعت یان حدثنا یان أخبرنا یان أنبأنا ابن شبرمة، وە لە سنن النسائي ڕیوایەتێک هەیە لە هشيم عن ابن شبرمة، النسائي بە زەعیفی داناوە دەڵێ: هشیم مدلس-ە تەصریحی نەداوە بە سەماع لە ابن شبرمة-ەوە، بڕوانە [سنن الصغرى : 477/8] ط: دار التأصيل، ئەمەش تەنها وەڵامی گریمانەیەک بوو کە دەکرێ باسکرێ، ئەگینا هشیم بوونی نیە لە سەنەدەکەدا، سەبارەت بە مەتنەکەش مونکەڕی پێوە دیارە، ابن شبرمة کە تۆ بە توندی أبو حنيفة عەیبدار دەکەیت و بەکەم سەیری دەکەیت هۆکارەکەی چیە ؟ لەبەر ئەوەی وتوویەتی: قورئان مەخلوقە ؟ یان وتوویەتی: خروج بکەن ؟ یان مورجیئە بووە و بانگەوازی بۆ ئیرجاء کردووە؟ یان جەهمی بووە ؟ یان گاڵتەی بە فەرموودە کردووە و ڕەتی کردۆتەوە ؟ یان فەتوای داوە بە فێڵ و بە ڕەئی؟ لەبەر کام لەم هۆکارانە بە کەم سەیرت کردووە ؟ گەر هەر کام لەم هۆکارانە بێت دەچێتە عەقڵتانەوە کە تەنها لەبەر ئەوەی أبو حنيفة وەڵامی پرسیاری کەسێکی داوەتەوە و ابن شبرمة سەرسام بووە بە وەڵامەکەی ئیتر تەواو ڕەئی بگۆڕێت دەربارەی أبو حنيفة ؟ خۆ سەدان زانای کافر و بیدعەچی هەن کاتێک کتێبەکانیان دەخوێنینەوە سەرسام دەبین بە زانستەکەیان دەکرێ وەک ابن شبرمة بە وەڵامی پرسیارێک ڕەئیمان بگۆڕین دەربارەی کەسەکان ؟!

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر قال حدثنا أبو يعقوب يوسف بن أحمد قال حدثنا أبو علي أحمد بن عثمان الحافظ الأصبهاني قال حدثنا محمد بن العباس قال حدثنا يحيى بن عبدالله بن بكير ووتی: **بیستم الليث بن سعد دەیووت: من گوێ بیستنی باسکردنی أبو حنيفة دەبووم هیوام دەخواست ڕۆژێک ببینم، ڕۆژێک لە مسجد الحرام بینیم بازنەیەک خەڵکی لە دەوری بوون یەکتریان پاڵ دەنا، منیش چووم بۆلای بینیم پیاوێکی خەڵکی خوراسان هاتە لای أبو حنيفة، ووتی:**

من پیاوێکم خەڵکی خوراسانم سامانم زۆرە و کوڕێکم هەیە باش نیە، وە جگە لەئەو منداڵی ترم نیە، جا الليث بن سعد هەمان بەسەرهاتەکەی ابن شبرمة-ی گێڕایەوە، بەڵام الليث ئەمەندەی زیاد کرد، ووتی: والله وەڵامەکەی سەرسامی نەکردم بەقەدەر سەرسام بوونم بە خێرایی وەڵامدانەوەکەی. [الانتقاء : 154]

ووتم: هەمان چیرۆکی ابن شبرمة-یە، أبو علي أحمد بن عثمان نەمدۆزییەوە، محمد بن العباس زۆر ڕاوی هەن بەم ناوە نەمزانی کامەیانە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو محمد جعفر بن محمد الطوسي قال سمعت محمد بن إسماعيل الصائغ يقول حدثنا سويد بن سعيد الحدثاني قال حدثنا علي بن مسهر ووتی: **ئێمە لەلای أبو حنيفة بووين ابن المبارك هاتە لای پێی ووت: چی دەڵێی دەربارەی ئەوەی کەسێک مەنجەڵێک چێشت لێدەنێت پاشان باڵندەیەک دەکەوێتە ناویەوە و دەمرێت ؟ أبو حنيفة بە هاوەڵەکانی ووت: ئێوە چی دەڵێن ؟ ئەوانیش لە ابن عباس-ەوە بۆیان ڕیوایەت کرد کە دەڵێ: ئاوەکە دەڕێژرێ گۆشتەکەش دوای شۆردنی دەخورێ، أبو حنيفة ووتی: ئێمەش ئاوا دەڵێین، تەنها ئەوە نەبێت کە مەرجێکی تێدایە، گەر باڵندەکە بکەوێتە ناویەوە لەکاتی کوڵانیدا گۆشتەکە فڕێ دەدرێت و ئاوەکەش دەڕێژرێ، وە گەر بکەوێتە ناویەوە لەکاتی سەرەتادا گۆشتەکە دەشۆردرێ و دەخورێ، وە ئاوەکەی ناخورێ، ابن المبارك ووتی: ئەمەت لەکوێ هێنا ؟ أبو حنيفة ووتی: گەر لەکاتی کوڵانیدا باڵندەکە بکەوێتە ناوی ئەوا دەگات بە گۆشتەکە هەروەک چۆن خەل و ئاوەکە دەگاتە ناو گۆشتەکە، وە گەر لە سەرەتادا بکەوێتە ناوی و نەمێنێتەوە تێیدا ئەوا ناچێتە ناو گۆشتەکە، کە گۆشتەکەش پێگەیی هیچی نەچۆتە ناو، ابن المبارك ووتی: (زرين) بە فارسی واتا زێڕینە، وە بە دەستەکانی ژمارە 30 دروستکرد، وەک بڵێی ووتەکەی أبو حنيفة-ی دایە پاڵ زێڕ.** [الانتقاء : 155]

ووتم: سويد بن سعيد لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد کە حاڵی چۆنە، بەڵام ڕیوایەتی سويد لە علي بن مسهر صەحیحە، مسلم هێناویەتی لە صەحیحەکەیدا وەک احتجاج پێکردن.

أبو محمد جعفر بن محمد الطوسي مەجهولە، هەرچەندە پێم وایە کونیەکەی هەڵەیە أبو عبدالله

دروستە نەک أبو محمد، چونکە أبو عبدالله جعفر بن محمد الطوسي خەزورانی محمد بن إسماعيل الصائغ-ە ڕیوایەتی لێوەی هەیە، بەڵام ئەویش حاڵی دیار نیە، گریمان صەحیحیش بوایە ابن المبارك لەکۆتایی تەمەنیدا لەم شتانە پەشیمان بۆتەوە وەک لە بەشی یەکەمدا هێنامان.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا محمد بن موسى العطار قال حدثنا موسى بن هارون الحمال ووتی: **پێم گەیشت کە قتادة هاتە کوفە لە مەجلیسێکی خۆی دانیشت، ووتی: پرسیارم لێ بکەن دەربارەی فەرموودەکانی پێغەمبەری الله ﷺ تاکو وەڵامتان بدەمەوە، کۆمەڵێک بە أبو حنيفة-یان ووت: هەڵسەوە بۆی، ئەویش هەڵسایەوە بۆی ووتی: ئەی باوکی الخطاب چی دەڵێی دەربارەی پیاوێک لە خێزانەکەی دابڕاوە ژنەکەی شووی کردۆتەوە، پاشان مێردی یەکەمی گەڕایەوە و هاتە ژوورەوە لێی ووتی: ئەی ئافرەتی زیناکەر شووت کردۆتەوە لەکاتێکدا من زیندووم ؟ پاشان مێردی دووەمی هاتۆتە ژوورەوە پێی ووتوە: ئەی ئافرەتی زیناکەر شووت کردووە لەکاتێکدا مێردت هەیە، (اللعان) چۆن دەکرێ لەم حاڵەتەدا ؟ قتادة ووتی: ئەم شتە ڕوویداوە ؟ أبو حنيفة پێی ووت: گەر ڕووشی نەدابێت خۆمان بۆی ئامادە دەکەین، قتادة ووتی: وەڵامتان نادەمەوە لە هیچ شتێکی ئاوادا، پرسیارم لێ بکەن دەربارەی قورئان، أبو حنيفة پێی ووت: چی دەڵێی دەربارەی فەرمایشتی الله عز وجل: ﴿قَالَ ٱلَّذِی عِندَهُۥ عِلۡمٌ مِّنَ ٱلۡكِتَـٰبِ أَنَا۠ ءَاتِیكَ بِهِۦ﴾ ئەم کەسە کێیە ؟ قتادة ووتی: ئەمە پیاوێک بوو لە کوڕە مامەکانی سليمان بن داود، اسم الله الأعظم-ی دەزانی، أبو حنيفة ووتی: سليمان اسم الله الأعظم-ی دەزانی ؟ قتادة ووتی: نەخێر، أبو حنيفة ووتی: سبحان الله ! یەکێک لە بەردەم پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکان ئامادەیە کە لەو زاناترە ؟! قتادة ووتی: وەڵامی هیچ شتێکتان نادەمەوە دەربارەی تەفسیر، پرسیارم لێ بکەن دەربارەی ئەو شتانەی کە خەڵکی خیلافیان لێی هەیە، أبو حنيفة پێی ووت: تۆ ئیمانداری ؟ قتادة ووتی: هیوام وایە، أبو حنيفة پێی ووت: بۆچی واناڵێی وەک ئەوەی إبراهيم ووتی کە الله گێڕاویەتیەوە لێی، کاتێک الله پێی فەرموو: ﴿قَالَ أَوَلَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ﴾ قتادة ووتی: دەستم بگرن، والله هەرگیز نایەمە ئەم شارەوە.** [الانتقاء : 156]

ووتم: موسى بن هارون الحمال دەڵێ: (بلغني) واتا: پێم گەیشت، ئەم جۆرە صیغەیەش زەعیفە چونکە نازانین کێ پێی ووتوە، مەتنەکەشی زۆر بە ڕوونی دیارە کە مونکەرە، بگرە بۆنی درۆی لێدێت، تەنانەت محقق-ی تاريخ بغداد(١) دەربارەی ئەم بەسەرهاتە کە لە تاريخ بغداد بە سەنەدێکی تر هاتووە دەڵێ: ئاسەواری هەڵبەستنی پێوە دیارە، شێوازی پرسیارەکانیش هی کەسێکە کە ئەدەبی نیە تەنها مەبەستی ئیحراج کردنی کەسی بەرامبەرە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا القاضي محمد بن علي السمناني قال حدثنا أحمد بن حماد بن العباس قال حدثنا القاسم بن عباد قال حدثنا بشر بن الوليد ووتی: **بیستم أبو یوسف دەیووت: قتادة هاتە کوفە، جا هەمان بەسەرهاتی پێشووی گێڕایەوە، تەنها لە کۆتاییەکەیدا ووتی: ئیماندارم إن شاء الله.** [الانتقاء : 156]

ووتم: محمد بن علي السمناني و أحمد بن حماد العباس پێشتر باسمان کردوون کە مەجهولن، هەروەها بشر بن الوليد خیلافی لەسەرە زەعیفە یان سیقەیە، ئەهلی ڕەئیە هاوەڵی أبو یوسف-ە، دوای ئەوەی توقف-ی کرد لە قورئان تەرک کرا لەلای ئەهلی حەدیث.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو عبدالله محمد بن حزام الفقيه قال حدثنا عبدالصمد بن الفضل قال حدثنا شداد بن حكيم قال حدثنا زفر بن الهذيل ووتی: **أبو حنيفة و ابن أبي ليلى و ژمارەیەک لە زانایان کۆبوونەوە لە وەلیمەی کەسانێکدا، بۆن گوڵاویان بۆ هێنان لەناو جامێکی زیو، بەکاریان نەهێنا لەبەر زیوەکە، أبو حنيفة وەری گرت و بە پەنجە دەری هێنا ئینجا خستیە ناو دەستی و خۆی پێ بۆن خۆشکرد، وە بە زاناکانی ووت: ئایا نازانن أنس بن مالك شیرینیان بۆی هێنا لە جامێکی زیودا، ئەویش شیرینیەکەی خستە سەر پارچە نانێک پاشان خواردی ؟ ئەوانیش سەیریان بە زیرەکی و عەقڵی أبو حنيفة هات.** [الانتقاء : 158]

ووتم: محمد بن حزام مەجهولە پێشتر باسمان کرد.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا العباس بن أحمد البزار قال حدثنا الحارث بن أبي أسامة

ووتی: **بیستم علي بن عاصم دەیووت:** (... دوای هێنانی پرسیارێک کە لە أبو حنیفة-ی کردووە ئەویش وەڵامی داوەتەوە) **ئینجا علي بن عاصم لە وەسفی أبو حنیفة-دا دەڵێ: والله گەر عەقڵی أبو حنیفة بکێشرێ بە عەقڵی نیوەی خەڵکی شاری کوفە، ئەوا عەقڵی ئەو قورسترە.** [الانتقاء : 160]

ووتم: العباس بن أحمد البزار نەمدۆزیبەوە، پێشتریش ڕیوایەتی هەمان شێخمان هێنا کەچی لەوێدا ناوی بە العباس بن محمد البزار هاتبوو، لێرە محمد بۆتە أحمد، هەردووک ناوەکەش نەمدۆزینەوە، علي بن عاصم یەکێک بووە لەوانەی زۆر دژی أبو حنیفة بووە وەک لە بەشی یەکەمدا چەند ڕیوایەتێکی ئەومان هێنا، مەحاڵە شتێکی ئاوا بڵێ لەکاتێکدا هەر ئەو یەکێک لە کوفرەکانی أبو حنیفة نەقل دەکات بۆمان، هەر ئەویش بوو ووتی أبو حنیفة موخالەفەی 400 فەرموودەی کرد.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا حدثني جدي رحمه الله تعالى قال حدثنا محمد بن حماد قال حدثنا محمد بن مليح بن وكيع قال حدثني أبي قال حدثنا يزيد بن كميت ووتی: **شریك پێی ووتم: ئێمە لە جەنازەی منداڵێکی بني هاشم بووین، خەڵکی گەورە و پایەدار بەدوای جەنازەکەوە بوون، منیش لە تەنیشتی ابن شبرمة بووم جەنازەکەم بەڕێ دەکرد، کاتێک جەنازەکە وەستا، ووترا: بۆچی جەنازەکە ناڕوات ؟ ووترا: دایکی منداڵەکە هاتۆتە دەرەوە لە ماڵ لە سۆزی بۆ منداڵەکەی ڕووی دەرخستووە بە قەمیسێکەوە، باوکی منداڵەکەش سوێندی خواردووە بە تەڵاق گەر نەگەڕێتەوە ماڵەوە، دایکی منداڵەکەش سوێندی خواردووە بە بەخشینی هەموو ئەو شتانەی کە هەیەتی ناگەڕێتەوە تا نوێژی لەسەر نەکرێت، لەم ڕۆژەدا ابن شبرمة و هاوشانەکانی ئامادەی جەنازەکە بوون، کۆبوونەوە و پرسیاری ئەم شتەیان لێکرا، وەڵامێکی ئامادەیان لانەبوو، ووتی: ڕۆیشتن أبو حنیفة-یان بانگ کرد کە لەلایەکی خەڵکەکەوە بوو، هات سەری داپۆشتبوو ژنەکە و پیاوەکە و خەڵکیش وەستابوون، أبو حنیفة بە ژنەکەی ووت: لەسەرچی سوێندت خوارد ؟ ئەویش ووتی: لەسەر ئەوە و ئەوە، بە پیاوەکەی ووت: بەچی سوێندت خوارد ؟ ووتی: بەوە، أبو حنیفة ووتی: بەرماڵ ڕاخەن، بەرماڵ ڕاخرا، بە پیاوەکەی ووت: وەرە پێش نوێژ بکە لەسەر کوڕەکەت، کاتێک نوێژی کرد أبو حنیفة بە ژنەکەی ووت: بگەڕێوە ماڵەوە هەردووکتان لە سوێندەکەتان دەربازتان**

بوو، مردووەکەتان هەڵگرن، خەڵکی ئەم وەڵامەیان بە شتێکی چاک زانی، جا شریك دەگێڕێتەوە کە ابن شبرمة ووتی: ئافرەتان نەیانتوانی منداڵێکیان ببێت وەک النعمان (واتا أبو حنيفة).
[الانتقاء : 161]

ووتم: پێشتر بەهەمان ئەم سەنەدە بڕگەی کۆتایی ووتەکەی ابن شبرمة هاتووە، باپیری أبو يعقوب مەجهولە، محمد بن مليح بن وكيع نەمدۆزییەوە، يزيد بن كميت تۆمەتبارە بە درۆ.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو علي أحمد بن عثمان الأصبهاني قال حدثنا أبو محمد بن أبي عبدالله قال حدثنا داود بن أبي العوام ووتی: **باوکم منی برد بۆ مەجلیسی يحيى بن نصر منيش بچووک بووم، جا باوکم بۆمی گێڕایەوە لە يحيى بن نصر ووتی: أبو حنيفة أبو بكر و عمر-ی لە علي بە باشتر دەزانی، وە علي و عثمان-ی خۆشدەویست، وە بڕوای بە قەدەر هەبوو خێر و شەڕی، وە قسەی نەدەکرد دەربارەی الله عز وجل، وە مەسحی دەکرد بەسەر الخفين، وە لە فەقیهترین و بە تەقواترین کەسی سەردەمی خۆی بوو.** [الانتقاء : 163]

ووتم: لە أبو يعقوب بەدواوە هەموو ڕاوییەکانی سەنەدەکە نەناسراون، تەنها يحيى بن نصر نەبێ حاڵی دیارە ئەویش کەسێکی جەهمیە و زەعیفە، ئەو ووتەیەشی کە دەڵێ: (قسەی نەدەکرد دەربارەی الله عز وجل) ئەمە عەقیدەی جەهمیەکانە واتا پەکخستنی صیفەتەکانی الله باسی هیچ کامیان نەکەیت.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا محمد بن الحزام الفقيه قال حدثنا أبي قال حدثنا محمد بن شجاع قال سمعت الحسن بن أبي مالك دەیووت: بیستم أبو يوسف دەیووت: **پیاوێک هاتە مزگەوتی کوفە ڕۆژی هەینی، لەسەر بازنەکان دەسوڕایەوە پرسیاری لێدەکردن دەربارەی قورئان، أبو حنيفة-ش ئامادە نەبوو لە مەککە بوو، خەڵکیش خیلافیان تێکەوت لەم بارەیەوە، والله وایدەبینم شەیتان بێ خۆی خستبێتە سەر شێوەی مرۆڤ، تا گەیشت بە بازنەکەی ئێمە پرسیاری لێکردین ئێمەش پرسیارمان لەیەکتر کرد لەناو خۆماندا، وەڵاممان نەدایەوە، ووتمان: شێخەکەمان لێرە نیە، وە حەز ناکەین دەست پێشخەری بکەین لە قسەکردن لەم بابەتە تا ئەو دەبێتە یەکەم کەس**

قسەی تێدا دەکات، جا کاتێک أبو حنيفة هاتەوە لە القادسية پێی گەیشتین، پرسیاری خێزانەکەی و شاری لێکردین ئێمەش وەڵاممان دایەوە، پاشان پێمان ووت: الله لێت ڕازی بێت بابەتێک ڕوویداوە تۆ چی دەڵێی دەربارەی ؟ وەک بڵێی لەناو دڵمان بوو هەستمان بەڕووی کرد کە پێی ناخۆشە واگومانی برد شتێکی زەحمەت ڕوویداوە ئێمەش قسەمان تێیدا کردووە، ووتی: بابەتەکە چیە ؟ ووتمان: ئەمە و ئەوەیە، ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان ووتی: وەڵامی ئێوە چی بوو ؟ ووتمان: هیچ قسەمان تێیدا نەکردووە، وە ترسان قسەی تێدا بکەین کە پێت خۆش نەبێ، ئینجا دڵی خۆش بوو، ووتی: جزاكم الله خيرا، وەسیەتی من لەبەر بکەن قسەی تێدا مەکەن و پرسیاریش لەکەس مەکەن دەربارەی هەرگیز، تەنها بڵێن قورئانی کەلامی الله عز وجل-ە بەبێ ئەوەی هیچ پیتێکی تر زیاد بکەن، بڕوا ناکەم ئەم بابەتە بە کۆتا بێت تا ئەهلی ئیسلام دەکەوێتە بارودۆخێکەوە نە دەتوانن پێی هەڵسن نە دەتوانن لێی دەرچن، الله ئێمە و ئێوەش پەنا بدات لە شەیتانی ڕەجیم.
[الانتقاء : 165]

ووتم: عبدالفتاح أبو غدة محقق-ی کتێب دڵی زۆر خۆشکردووە بەم ڕیوایەتە، دەڵێ: دەڵێن أبو حنيفة ڕەددی جەهمیەکانی نەداوەتەوە، لە هیچ کتێبێکی ئەهلی سوننە ووتەی أبو حنيفة-ی تێدا نیە ڕەددی جەهمیەکانی دابێتەوە، ئەوەتا لێرەدا ڕەددی داونەتەوە !

نازانم زانستەکەی هەر ئەوەندەیە یان دەیەوێ خۆڵ بخاتە چاوی خەڵکەوە ؟ محمد بن شجاع الثلجي ئەمەی ڕیوایەتە کردووە کە درۆزنێکی پیسە وەک باسمان کرد، جگە لەوەی کە محمد بن الحزام و باوکی هەردووکیان مەجهولن، پاشان وەڵامەکەی وەڵامی ئەهلی سوننە نیە، وەڵامی (الواقفة)یە کە دەڵێن: قورئان کەلامی الله یە، ئیتر دەوەستن نە دەڵێن مەخلوقە نە دەڵێن مەخلوق نیە، ئەم جۆرە کەسانەش لەلای سەلەف تەکفیر کراون.

هەروەها ابن عبدالبر ڕیوایەتێکی تری هێناوە کە أبو حنيفة مونازەرە لەگەڵ 70 کەسی قەدەری دەکات لە کوفە هەموویان دەبەزێنێت، مونازەرەکە درێژە بۆیە نەمهێنا، السري بن عاصم لە حامد بن آدم ئەویش لە بشار بن قيراط ڕیوایەت دەکات، السري بن عاصم تۆمەتبارە بە درۆ، حامد بن آدم درۆزنە، بشار بن قيراط زەعیفە. بڕوانە [الانتقاء : 164]

(السري بن عاصم) له چاپی مكتبة القدسي بۆته (السدي بن عاصم).

هەروەها ڕیوایەتێکی تر دەهێنێت کە أبو حنیفة مونازەڕەی لەگەڵ الضحاك الشاري خەواریج کردووە بەزاندوویەتی، ئەویش محمد بن شجاع الثلجي درۆزن ڕیوایەتی کردووە.

بڕوانە [الانتقاء : 158]

وە ڕیوایەتێکی تر دەهێنێت کە أبو حنیفة ڕەددی خەواریجی داوەتەوە بە ئایەتێک کە نەیانتوانیوە بیکوژن، يحيى بن معين دەیگێڕێتەوە ڕاویەکانی هەموو سیقەن بەڵام سەنەدەکە متصل نیە واتا زەعیفە، چونکە يحيى بن معين 8 ساڵ دوای مردنی أبو حنیفة لە دایکبووە بەیەکتر نەگەیشتوون تا ڕاستەوخۆ لێوەی ڕیوایەت بکات. بڕوانە [الانتقاء : 161]

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو حامد أحمد بن إبراهيم قال حدثنا سهل بن عامر ووتی: **بیستم بشر بن الوليد دەیووت: ئێمە لەلای ئەمیری ئیمانداران المأمون بووین، إسماعيل بن حماد بن أبي حنيفة ووتی: قوڕئان مەخلوقە، ئەمە ڕەئی من و ڕەئی باب و باپیرانمە، بشر بن الوليد ووتی: بەڵێ ڕەئی تۆیە، بەڵام ڕەئی باب و باپیرانت نیە. [الانتقاء : 166]**

ووتم: لە بەشی یەکەمدا ڕیواتێکی لەم شێوەیەمان هێنا کە نەوەکەی أبو حنيفة دەڵێ ئەمە دینی من و باب و باپیرانمە، کەواتە ئەم ڕیوایەتەی ابن عبدالبر دەبێتە ڕەد بۆی، بەڵام أبو حامد شیعەیە شێخی الكليني-ە خاوەنی کتێبی (الكافي) کە ئەم کتێبە لەلای شیعە وەک صحيح البخاري لای خۆمان وایە، جگە لەوەش شێخەکەی أبو حامد کە سهل بن عامر-ە تۆمەتبارە بە درۆ، جا پێم خۆشبوو هەموو ڕیوایەتەکان لەم شێوەیە بن ڕەددی ڕیوایەتەکانی بەشی یەکەم بدەنەوە بەڵام تا ئێستا هەمووی یان درۆ بووە یان زۆر زەعیف بووە.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو حامد قال حدثنا صالح بن أحمد بن يعقوب ووتی: بیستم باوکم دەیووت: **پرسیار کرا لە أبو مقاتل حفص بن سلم دەربارەی قوڕئان منیش ئامادە بووم، ووتی: قوڕئان کەلامی الله-یە مەخلوق نیە، کوڕەکەی بە ناوی سلم پێی ووت: ئەی باوکە هیچ شتێک لەم بارەیەوە لە أبو حنیفة-ەوە پێم ڕادەگەیەنی ؟ ووتی: بەڵێ، أبو حنیفة-م لەسەر ئەوە**

ديوه جگه لەوه شتێکی ترم لێی نەدیوه، گەر زانیبوام جگه لەوه شتێکی تر دەڵێ هاوڕێیەتیم نەدەکرد، ووتی: أبو حنیفة ئیمامی دونیا بوو لە سەردەمی خۆیدا لە فیقهـ و عیلم و وەرعدا، ووتی: أبو حنیفة ئامرازی تاقیکردنەوه بوو ئەهلی بیدعەی پێ جیادەکرایەوه لە ئەهلی سوننە، وه بە قامچی لێیدرا تا بێتە ناو خۆشی دونیا بۆیان، ڕازی نەبوو. [الانتقاء : 166]

ووتم: أبو حامد پێش ئێستا باسمان کرد کە چۆنە، (صالح) کە لە چاپی مکتبة القدسي بۆتە (صلح) نەناسراوە، أحمد بن یعقوب البلخي باوکی صالح زەعیفە، أبو مقاتل حفص بن سلم تۆمەتبارە بە درۆ.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا حكم بن منذر رحمه الله قال حدثنا أبو يعقوب يوسف بن أحمد المكي بمكة في المسجد الحرام قال حدثنا محمد بن حفص بن عمرويه كان قدم علينا حاجا قال سمعت أبا بكر محمد بن عمرويه قال سمعت إبراهيم بن عبدالله الخلال دەیووت: **لەلای ابن المبارك باسی أبو حنیفة کرا، بیستم ابن المبارك ووتی: باسی پیاوێک دەکەن کە تەواوی دونیای پێشکەشکرا ئەویش ڕایکرد لێی ؟!** [الانتقاء : 168]

ووتم: محمد بن حفص بن عمرويه پێشتر باسمان کرد مەجهولە، إبراهيم بن عبدالله الخلال نەمبینی کەس باسی بکات تەنها ابن حبان نەبێ لە کتێبی (الثقات) هێناویەتی بەبێ ووتنی هیچ لەفزێکی جەرح و تەعدیل، پێشتریش پلەی ڕاویەکانی کتێبی (الثقات)ی ابن حبان-مان باسکرد.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا القاضي أبو عبدالله محمد بن نافع إملاء قال حدثنا عمر بن علي السرخسي قال حدثنا محمد بن شجاع عن بعض أصحابه ووتیان: **بە أبو حنیفة ووترا أبو جعفر ئەمیری ئیمانداران 10 هەزار درهەمی پێ بەخشیوی، أبو حنیفة-ش ڕازی نەبوو** (... دوای باسکردنی ئەوەی کە پارەکەیان بۆی هێناوە و پاشان أبو حنیفة پارەکەی لەناو شتێک داناوە بە کوڕەکەی ووتوە: کە من مردم ئەم پارەیە بگەڕێنەوە بۆ الحسن بن قحطبة -ئەمیری ئەوکات- پێی بڵێ ئەمە ڕاسپاردەکەت بوو لەلای باوکم، ئینجا الحسن بە کوڕەکەی أبو حنیفة-ی ووت) **ڕەحمەتی الله لە باوکت بێ، بەڕاستی ڕەزیل بوو**

لە دینەکەیدا. (واتا ئەوەندە خەمی دینەکەی بووە ڕێگای نەداوە دینەکەی هیچی لێ بەسەر بێت، هەروەک چۆن کەسی ڕەزیل دڵی بە ماڵ و سامانەکەیەتی حەز ناکات هیچی لێ بەسەربێت).
[الانتقاء : 169]

ووتم: (محمد بن نافع) لە تحقیقی أبو غدة بۆتە (محمد بن قانع) هەرکامیان بێت نەمدۆزییەوە، عمر بن علي السرخسي نەمدۆزییەوە، بەڵام درۆیی ڕیوایەتەکە یەکلایی بۆتەوە چونکە محمد بن شجاع-ی درۆزن ڕیوایەتی کردووە لە هەندێک لە هاوەڵەکانی، هەم خۆی درۆزنە هەم هاوەڵەکانی دیار نیە کە کێن.

ابن عبدالبر دەڵێ: قال أبو يعقوب حدثنا أبو القاسم أحمد بن عبدالله الزعفراني قال حدثنا إبراهيم بن مروان قال سمعت عبدالله بن صالح الكوفي دەیووت: **پیاوێک لە شام بە الحكم بن هشام-ی ووت: هەواڵم پێ بدە دەربارەی أبو حنيفة، الحكم ووتی: پرسیارت لە کەسێکی شارەزا کرد، أبو حنيفة فەرموودەیەکی ڕەت نەدەکردەوە کە لەلای بە صەحیحی چەسپا بێ لە پێغەمبەری الله ﷺ ڕیوایەت کراوە، وە لە هەموو خەڵکی ئەمانەت پارێزتر بوو، دەسەڵاتدار ویستی کلیلەکانی خەزێنەی خۆی پێ بدات أبو حنيفة ڕازی نەبوو، لێدان و بەندکردنی ئەوانی هەڵبژارد بەسەر سزای الله دا، پیاوەکەش پێی ووت: والله کەسم نەدیوە أبو حنيفة وەسف بکات وەک ئەوەی تۆ وەسفت کرد، الحكم ووتی: والله ئەو ئاوایە کە پێم ووتی.** [الانتقاء : 169]

ووتم: أحمد بن عبدالله الزعفراني مەجهولە، هەروەها الحكم بن هشام الثقفي وەک العجلي لە کتێبی (الثقات) باسیکردووە دەڵێ: برایەتی هەبوو لەگەڵ أبو حنيفة-دا، کەواتە مەیل هەبوونی دیارە بۆ أبو حنيفة.

ابن عبدالبر دەڵێ: حدثنا عبدالله بن محمد بن عبدالمؤمن بن يحيى رحمه الله قال أخبرنا أبو بكر محمد بن بكر بن عبدالرزاق التمار المعروف بابن داسة ووتی: **بیستم أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق السجستاني رحمه الله دەیووت: ڕەحمەتی الله لە مالك بێ پێشەوا بوو، ڕەحمەتی الله لە الشافعي بێ پێشەوا بوو، ڕەحمەتی الله لە أبو حنيفة بێ پێشەوا بوو.** [الانتقاء : 32]

ووتم: ابن داسة ڕاوی سنن أبي داود-ە سیقەیە، عبدالله بن محمد صدوق-ە بەڵام زەبت کردنی باش نیە وەک أبو الولید بن الفرضي و الذهبي باسیان کردووە، ئەمەش ڕەنگە یەکێک بێت لە هەڵەکانی کە زەبتی مەتنەکەی نەکردبێ چونکە أبو داود قوتابی ئیمام أحمد بووە کتێبی مسائلی ئیمام أحمد-ی هەیە وەک باقی هاوەڵانی أحمد، بۆیە ناگونجێ ناوی ئەمانە بهێنێ ناوی أحمد نەهێنێ لەکاتێکدا دەزانێ ئیمام أحمد هەڵوێستی چۆن بووە بەرامبەر أبو حنیفة.

ڕیوایەتەکانی کتێبی (تاریخ بغداد)

الخطيب دەڵێ: قال النخعي حدثنا إبراهيم بن مخلد البلخي حدثنا محمد بن سهل بن أبي منصور المروزي حدثني محمد بن النضر قال سمعت إسماعيل بن سالم البغدادي دەیووت: **أبو حنيفة لێیدرا تا ببێتە قازی، قبوڵی نەکرد ببێتە قازی، وە أحمد بن حنبل گەر باسی ئەمەی کردبوایە دەگریا و ڕەحمەتی بۆ أبو حنيفة دەنارد، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە أحمد لێیدرا.** [تاريخ بغداد : 449/15]
ووتم: إبراهيم بن مخلد و محمد بن سهل مەجهولن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا التنوخي حدثني أبي حدثنا أبو بكر محمد بن حمدان بن الصباح النيسابوري بالبصرة حدثنا أحمد بن الصلت بن المغلس الحماني ووتی: **بیستم أبو نعيم ووتی: أبو حنيفة دەم و چاوی جوان بوو، جل و بەرگی جوان بوو، بۆنی خۆش بوو، مەجلیسی خۆش بوو، زۆر بەڕێز بوو، خەم لابەرێکی باشبوو بۆ براکانی.** [تاريخ بغداد : 453/15]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە پێشتر باسمان کرد.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرئ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا ابن مغلس حدثنا هناد بن السري قال سمعت يونس بن بكير دەیووت: **بیستم إسماعيل بن حماد بن أبي سليمان دەیووت: باوکم ماوەیەک لێمان دابڕا پاشان هاتەوە، پێم ووت: ئەی باوکە تۆ موشتاقی چ شتێک بووی لەم ماوەیەدا ؟ پێم وابوو دەڵێ کوڕەکەم، ووتی: موشتاقی أبو حنيفة بووم، گەر توانام هەبوایە چاوی لەسەر هەڵنەگرم ئەوا وام دەکرد.** [تاريخ بغداد : 457/15]
ووتم: (ابن مغلس) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە، دواتر حماد بن أبي سليمان شێخی أبو حنيفة بووە، مورجیئە بووە أبو حنيفة ئیرجائی لەو وەرگرتووە گەر مەدحیشی بکات هیچ نرخێکی نیە لامان.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر محمد بن عمر الوكيل و أبو الفتح عبدالكريم بن محمد الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا مكرم بن أحمد القاضي حدثنا أحمد بن عطية الكوفي حدثنا ابن أبي

أويس ووتی: **بیستم الربیع بن یونس دەیووت: أبو حنیفة چووە لای المنصور -خەلیفەی عەباسی- عیسى بن موسى-ش لەلای بوو، عیسى بە منصور-ی ووت: ئەمە زانای دونیایە لەمڕۆدا، منصور پێی ووت: ئەی نعمان لەکێ زانستت وەرگرتووە ؟ أبو حنیفة ووتی: لە هاوەڵانی عمر ئەوانیش لە عمر، وە لە هاوەڵانی علي ئەوانیش لە علي، وە لە هاوەڵانی عبدالله ئەوانیش لە عبدالله، وە لەکاتی ابن عباس دا هیچ کەسێک لەسەر زەوی نەبوو لەو زاناتر بێ، منصور ووتی: خۆت توند و تۆڵ کرد.** [تاريخ بغداد : 458/15]

ووتم: (أحمد بن عطية الكوفي) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني القاضي أبو العلاء محمد بن علي الواسطي و أبو عبدالله أحمد بن أحمد بن علي القصري قالا أخبرنا أبو زيد الحسين بن الحسن بن علي بن عامر الكندي بالكوفة أخبرنا أبو عبدالله محمد بن سعيد البورقي المروزي حدثنا سليمان بن جابر بن سليمان بن ياسر بن جابر حدثنا بشر بن يحي قال أخبرنا الفضل بن موسى السيناني عن محمد بن عمرو عن أبي سلمة عن أبي هريرة عن **رسول الله** ﷺ **فەرمووی: لە ئوممەتی مندا پیاوێک هەیە -لە ڕیوایەتی القصري دەفەرمووێ- لە ئوممەتی مندا پیاوێک پەیدا دەبێت ناوی النعمان-ە کونیەکەی أبو حنیفة-یە، ئەو چرای ئوممەتەکەمە چرای ئوممەتەکەمە چرای ئوممەتەکەمە.**

الخطيب دەڵێ: ئەمە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە تەنها البورقي ڕیوایەتی کردووە، وە لە پێشوودا ڕوونمان کردەوە کە حاڵی چۆنە. [تاريخ بغداد : 459/15]

ووتم: البورقي درۆزنێکی زۆر پیسە ئەوەی لە زانستی فەرموودەش نەزانێت هیچ گومانی لە درۆیی ئەم فەرموودەیە نیە، کەچی هەندێک لە متأخرين-ی حەنەفیەکان بە زۆر ویستویانە خۆیان هەڵخەڵەتێنن ڕێگاکانی ئەم فەرموودەیە کۆ بکەنەوە لە درۆوە بیکەن بە فەرموودەیەکی صەحیح نموونەی بدر الدين العيني و الكوثري، والله المستعان دەمارگیری چی لە مرۆڤ دەکات، سوێند بە الله ئەم فەرموودەیە درۆیە تەواوی ڕێگاکانیشی درۆیە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم أخبرنا سليمان بن الربيع الخزاز حدثنا

محمد بن حفص عن **الحسن بن سليمان دەربارەی مانای ئەم فەرموودەیە (لا تقوم الساعة حتى يظهر العلم) -واتا: قیامەت هەڵناستێ تا عیلم دەردەکەوێ- ووتی: ئەمە عیلمی أبو حنيفة-یە، وە لێکدانەوەکانیەتی بۆ مانای ئاثارەکان.** **[تاريخ بغداد : 460/15]**

ووتم: سليمان بن الربيع الخزاز زەعیفە، محمد بن حفص و الحسن بن سليمان بۆم دەرنەکەوت کە کێن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسن بن أبي بكر أخبرنا القاضي أبو نصر أحمد بن نصر بن محمد بن إشكاب البخاري قال سمعت محمد بن خلف بن رجاء يقول سمعت محمد بن سلمة دەیووت: **خلف بن أيوب ووتی: عیلم لە الله تعالى هات بۆ محمد ﷺ پاشان هات بۆ هاوەڵانی پاشان هات بۆ تابعين پاشان هات بۆ أبو حنيفة و هاوەڵانی، جا ئەوەی دەیەوێ با ڕازی بێت ئەوەشی دەیەوێ با تووڕە بێت.**
[تاريخ بغداد : 460/15]

ووتم: محمد بن خلف بن رجاء مەجهولە، هەروەها محمد بن سلمة تەمەنی 13 ساڵ بووە کاتێک خلف بن أيوب مردووە نازانم پێی گەیشتووە یان نا، ڕیوایەتەکەش بە صیغەی سماع نەهاتووە دەڵێ (قال خلف بن أيوب) جگە لەمانەش خلف بن أيوب قوتابی أبو يوسف-ە حەنەفی مەزهەبە و سەرکردە و بانگخواز بووە بۆ ئیرجاء بۆیە قسەکەی هیچ نرخێکی نیە لەلای ئەهلی سوننە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا محمد بن أحمد بن رزق حدثنا محمد بن عمر الجعابي حدثني أبو بكر إبراهيم بن محمد بن داود بن سليمان القطان حدثنا إسحاق بن البهلول ووتی: **بیستم ابن عيينة دەیووت: چاوەکانم کەسی نەدیوە وەک أبو حنيفة.** **[تاريخ بغداد : 460/15]**

ووتم: أبو بكر إبراهيم بن محمد بن داود بن سليمان القطان مەجهولە، نازانم محقق چۆن ئەم ڕیوایەتەی بە صەحیح داناوە ؟! بەڵام هەر خۆشی هەستی بە مونکەری مەتنەکە کردووە، لە حاشیەدا دەڵێ: ئەوەی صەوابە و چەسپاوە لە سفيان بن عيينة ئەوەیە کە قسەی خراپی بە أبو حنيفة ووتوە، الخطيب-یش هەمان شت دەڵێ وەک پێشتر هێنامان.

الخطيب دەڵێ: أخبرني محمد بن أحمد بن يعقوب حدثنا محمد بن نعيم الضبي قال سمعت أبا الفضل محمد بن الحسين قاضي نيسابور سمعت حماد بن أحمد القاضي المروزي يقول سمعت إبراهيم بن عبدالله الخلال دەيووت: **بيستم ابن المبارك دەيووت: أبو حنيفة ئايەتێك بوو، کەسێک پێی ووت: ئايەت بوو لە شەڕ يان لە خێر ئەی باوکی عبدالرحمن ؟ ابن المبارك ووتی: بێدەنگ بە، غايەت بۆ شەڕ بەکاردێ، ئايەت بۆ خێر بەکاردێ، پاشان ئەم ئايەتەی خوێندەوە: ﴿وَجَعَلۡنَا ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةٗ﴾.** [تاريخ بغداد : 461/15]

ووتم: حماد بن أحمد بن حماد القاضي المروزي مەجهولە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرئ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن محمد بن مغلس قال حدثنا الحماني ووتی: **بيستم ابن المبارك دەيووت: مەجليسی أبو حنيفة چەندە سەنگين بوو، بە فەقيهەکان دەچوو، ڕەووشتنی جوان بوو، دەم و چاوی جوان بوو، جل و بەرگی جوان بوو، ڕۆژێک ئێمە لە مزگەتی الجامع بووين مارێک کەوتە خوار کەوتە ناو کۆشی أبو حنيفة خەڵکی ڕايانکرد، بەڵام أبو حنيفة هيچی نەکرد جگە لەوەی مارەکەی لەسەرخۆی لابرد ولەشوێنی خۆی دانيشت.** [تاريخ بغداد : 461/15]

ووتم: (أحمد بن محمد بن مغلس) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە، شێخەکەی (جبارة بن مغلس الحماني)ە ماميەتی تۆمەتبارە بە درۆ.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسن بن أبي بكر حدثنا محمد بن أحمد بن الحسن الصواف أخبرنا محمود بن محمد المروزي حدثنا حامد بن آدم حدثنا أبو وهب محمد بن مزاحم ووتی: **بيستم عبدالله بن المبارك دەيووت: گەر الله بە هانامەوە نەهاتبوايە بە أبو حنيفة و سفيان ئەوا وەک باقی خەڵکی دەبووم.** [تاريخ بغداد : 461/15]

ووتم: حامد بن آدم درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو نعيم الحافظ أخبرنا علي بن أحمد بن أبي غسان الدقيقي البصري حدثنا

جعفر بن محمد بن موسى النيسابوري الحافظ قال سمعت علي بن سالم العامري دەیووت: **بیستم أبو یحیی الحماني دەیووت: کەسم نەدیوە هەرگیز لە أبو حنیفة چاکتر بێ.** [تاريخ بغداد : 461/15]

ووتم: علي بن سالم العامري مەجهولە.

الخطیب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل و أبو الفتح الضبي قالا أخبرنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن عطية العوفي حدثنا منجاب ووتی: **بیستم أبو بکر بن عیاش دەیووت: أبو حنیفة باشترین کەسی سەردەمی خۆیەتی.** [تاريخ بغداد : 462/15]

ووتم: (أحمد بن عطية العوفي) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە، لە بەشی یەکەم هێنامان کە أبو بکر بن عیاش لەعنەتی لە أبو حنیفة کرد.

الخطیب دەڵێ: أخبرني الصيمري قال قرأنا على الحسين بن هارون عن أبي العباس بن سعيد قال حدثنا محمد بن عبدالله بن أبي حاتم حدثنا إبراهيم بن أحمد الخزاعي قال سمعت أبي دەیووت: **بیستم سهل بن مزاحم دەیووت: دونیا سەرف کرا بۆ أبو حنیفة نەیویست. بە قامچی لێیدرا لەپێناوی دونیا قبوڵی نەکرد.** [تاريخ بغداد : 462/15]

ووتم: إبراهيم بن أحمد الخزاعي زەعیفە.

الخطیب دەڵێ: حدثني الصوري أخبرنا الخصيب بن عبدالله القاضي بمصر حدثنا أحمد بن جعفر بن حمدان الطرسوسي حدثنا عبدالله بن جابر البزاز قال سمعت جعفر بن محمد بن عيسى بن نوح يقول سمعت محمد بن عيسى بن الطباع دەیووت: بیستم روح بن عبادة دەیووت: **من لەلای ابن جریج بووم ساڵی 150 هەواڵی مردنی أبو حنیفة-ی بۆهات، ووتی: إنا لله وإنا إليه راجعون، وە ئازاری چێشت ووتی: چ علمێک ڕۆیی، روح بن عبادة دەڵێ: هەر لەهەمان ساڵدا ابن جریج مرد.**

[تاريخ بغداد : 463/15]

ووتم: أحمد بن جعفر بن حمدان الطرسوسي جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، هەروەها عبدالله بن جابر بن عبدالله البزاز الطرسوسي زەعیفە، پێم سەیرە محقق بە صەحیحی داناوە !

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل و أبو الفتح الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا أحمد بن محمد بن عصمة الخراساني حدثنا أحمد بن بسطام حدثنا الفضل بن عبدالجبار قال سمعت أبا عثمان حمدون بن أبي الطوسي دەیووت: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: چوومە شام بۆلای الأوزاعي لە بەیروت بینیم، پێی ووتم: ئەی خوراسانی ئەو بیدعەچیە کێیە کە لە کوفە دەرکەوتووە کونیەی أبو حنيفة-یە ؟ منیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە سەیری کتێبەکانی أبو حنيفة-م کرد چەند بابەتێکی باشم لێ دەرهێنا، سێ ڕۆژ خەریکی ئەوە بووم، جا ڕۆژی سێیەم هاتم بۆلای الأوزاعي ئەو بانگدەر وئیمامی مزگەوتەکەی خۆیان بوو، کتێبەکەم لە دەستدا بوو، پێی ووتم: ئەم کتێبە چیە؟ منیش پێم دا، سەیری بابەتێکی کتێبەکەی کرد کەوتە بەرچاوی نوسرابوو (قال النعمان بن ثابت) هەر بە پێوە وەستابوو دوای ئەوەی کە بانگیدا تا بەشی سەرەتای کتێبەکەی خوێندەوە، پاشان کتێبەکەی خستە ناو گیرفانی، پاشان قامەتی کرد و نوێژی کرد، پاشان کتێبەکەی دەرهێنایەوە تا هەمووی خوێندەوە، جا پێی ووتم: ئەی خوراسانی ئەم النعمان بن ثابت-ە کێیە ؟ ووتم: شێخێکە لە عیراق بینیم، ووتی: ئەمە یەکێکە لە شێخە گەورە و بەڕێزەکان، بڕۆ عیلمی زیاتری لێوەر بگرە، ووتم: ئەمە أبو حنيفة-یە کە نەهیت لێکردم.** [تاريخ بغداد : 463/15]

ووتم: أحمد بن محمد بن عصمة الخراساني و أحمد بن بسطام و حمدون بن أبي الطوسي هەر سێکیان مەجهولن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا سليمان بن الربيع حدثنا همام بن مسلم ووتی: **بیستم مسعر بن كدام دەیووت: لە کوفە کەس حەسودی پێ نەبراوە تەنها دوو کەس نەبێ: أبو حنيفة لە فیقهەکەیدا، وە الحسن بن صالح لە زوهدەکەیدا.**

[تاريخ بغداد : 464/15]

ووتم: سليمان بن الربيع الخزاز زەعیفە، همام بن مسلم مەتروکە، ووتەکەش درۆیەکی شاخدارە الحسن بن صالح خەواریجێکی پیس بووە، دواتر مسعر کێیە تا ووتەی دەربارەی أبو حنيفة وەربگیرێ ؟ کەسێکی مورجیئەیە وەک أبو حنيفة، کاتێک مرد سفيان الثوري نوێژی لەسەر نەکرد.

الخطيب دەڵێ: أخبرني الصيمري قال قرأنا على الحسين بن هارون عن أبي العباس بن سعيد قال حدثنا عبدالله بن أحمد بن مسرور حدثنا علي بن مكنف حدثني أبي عن إبراهيم بن الزبرقان ووتی: **ڕۆژێک لەلای مسعر بووم، أبو حنيفة بەلاماندا تێپەڕی سەلامی کرد و وەستا لەلای پاشان ڕۆیشت، هەندێک بە مسعر-یان ووت: دوژمنانی أبو حنيفة چەندە زۆرن، مسعر ووتی: نەمبینی أبو حنيفة دژی کەسێک بوەستێ ئیللا بەسەریدا سەرکەوتووە.** [تاريخ بغداد : 464/15]

ووتم: علي بن مكنف و باوکی مەجهولن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرئ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن محمد بن مغلس أخبرنا أبو غسان ووتی: **بیستم إسرائيل دەیووت: باشترین پیاو النعمان بوو، چەندە بەباشی ئەو فەرموودانەی لەبەر بوو کە فیقهیان تێدایە، زۆر بە توندی لە حاڵی فەرموودەکانی دەکۆڵیەوە، وە لە هەمووان زاناتر بوو کە چ فیقهێکی تێدایە، وە ووتەکانی حماد-ی بەباشی زەبت کرد بوو، خەلیفەکان و ئەمیرەکان و وەزیرەکان ڕێزیان لێینا، وە مسعر دەیووت: هەر کەسێک أبو حنيفة بخاتە نێوان خۆیی و الله ئەوا هیوام وایە کە نەترسێ، وە کەمتەرخەمیشی نەکردووە لە یەدەگ وەرگرتن بۆ نەفسی خۆی.** [تاريخ بغداد : 464/15]

ووتم: (أحمد بن محمد بن مغلس) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا التنوخي حدثني أبي حدثنا محمد بن حمدان بن الصباح النيسابوري حدثنا أحمد بن الصلت الحماني حدثنا علي بن المديني ووتی: بیستم عبدالرزاق دەیووت: **من لەلای معمر بووم، ابن المبارك هاتە لای، بیستمان معمر دەیووت: کەسێک ناناسم بە چاکی بزانێ قسە لە فیقهدا بکات یان بتوانێ قیاس بکات و فیقهـ بۆ خەڵکی شەرح بکات لە أبو حنيفة شارەزاتر بێ، وە هیچ کەس ناناسم لە أبو حنيفة زیاتر بترسێ لە نەفسی خۆی لەوەی کە شتێکی گوماناوی بخاتە ناو دینی الله.** [تاريخ بغداد : 465/15]

ووتم: أحمد بن الصلت الحماني درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري قال قرأنا على الحسين بن هارون عن ابن سعيد قال حدثنا أحمد بن تميم بن عباد المروزي حدثنا حامد بن آدم حدثنا عبدالله بن أبي جعفر الرازي ووتی: **بیستم باوکم دەیووت: کەسم نەدیوە لە أبو حنیفة فەقیهتر بێ، کەسم نەدیوە لە أبو حنیفة وەرعی زیاتر بێ.** [تاريخ بغداد : 465/15]

ووتم: (ابن سعيد) ابن عقدة-یە کە لە تحقیقی عطا بۆتە (أبي سعيد) تۆمەتبارە بە درۆ، هەروەها حامد بن آدم درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل و أبو الفتح الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن عطية حدثنا سعيد بن منصور، وأخبرني التنوخي حدثني أبي حدثنا محمد بن حمدان بن الصباح حدثنا أحمد بن الصلت قال حدثنا سعيد بن منصور ووتی: **بیستم الفضیل بن عیاض دەیووت: أبو حنیفة پیاوێکی فەقیه بوو ناسراو بوو بە فیقه، بەناوبانگ بوو بە وەرع، پارەی زۆر بوو، ناسراو بوو بە چاکە کردن لەگەڵ هەموو کەسانی دەوروبەری، ئارامگر بوو لەسەر فێرکردنی زانست بە شەو و بە ڕۆژ، شەوی بە چاکی بەسەر دەبرد، زۆربەی کات بێدەنگ بوو، کەم قسەی دەکرد تا ئەو کاتەی وەڵامی بابەتێکی دەدایەوە لە حەلال یان حەڕام، بە چاکی دەیزانی حەق نیشانی خەڵک بدات، ڕایدەکرد لە ماڵ و سامانی دەسەڵاتدار -ڕیوایەتی مكرم بن أحمد تا ئێرە هاتووە، ڕیوایەتی ابن الصباح ئەمەشی زیادکردووە- گەر بابەتێکی هاتبوایە پێش فەرموودەی صەحیحی تێدا هەبوایە شوێنی دەکەوت، ئەگەرنا شوێنی ئەثەری صەحابە وتابعین دەکەوتن، ئەگەرنا قیاسی دەکرد باشترین قیاس.** [تاريخ بغداد : 465/15]

ووتم: الخطيب بە دوو سەنەد ئەم ڕیوایەتەی هێناوە، لەڕێگای أحمد بن عطية و لەڕێگای أحمد بن الصلت کە هەردووکیان یەک کەسن کە کەسێکی درۆزنە، پێشتر باسمان کرد مكرم بن أحمد وەک تەدلیس ناوی جیاواز بۆ أحمد بن الصلت بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بیشارێتەوە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني التنوخي حدثني أبي حدثنا محمد بن حمدان قال حدثنا أحمد بن الصلت حدثنا بشر بن الوليد ووتی: **بیستم أبو یوسف دەیووت: کەسم نەدیوە زاناتر بێ لە أبو حنیفة لە**

لێکدانەوەی مانای فەرمووده و دەرهێنانی حوکمی فیقهی شاراوە تێیدا. [تاريخ بغداد : 466/15]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري أخبرنا عمر بن إبراهيم حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن محمد بن مغلس قال سمعت محمد بن سماعة دەیووت: **بیستم أبو یوسف دەیووت: موخالەفەی أبو حنيفة-م نەکردووە لە هیچ شتێکدا ئیللا بینیومە ووتەکەی ئەو سەلامەتترە بۆ قیامەت لەهی من، وە من مەیلم هەبوو بۆ حەدیث، وە ئەو لە من شارەزاتر بوو لە ناسینەوەی فەرموودەی صەحیح.** [تاريخ بغداد : 466/15]

ووتم: (أحمد بن محمد بن مغلس) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا القاضي أبو جعفر محمد بن أحمد بن محمد السمناني أخبرنا إسماعيل بن الحسين بن علي البخاري الزاهد حدثنا أبو بكر أحمد بن سعد بن نصر حدثنا علي بن موسى القمي حدثني محمد بن سعدان قال سمعت أبا سليمان الجوزجاني دەیووت: بیستم حماد بن زيد دەیووت: **دەمویست حەج بکەم چومە لای أيوب تا ماڵئاوایی لێ بکەم، أيوب ووتی: پێم گەیشتووە پیاوە چاکەکە فەقیهی ئەهلی کوفە -واتا أبو حنيفة- ئەمساڵ حەج دەکات، جا گەر پێی گەیشتی لە منەوە سەلامی لێ بکە.** [تاريخ بغداد : 467/15]

ووتم: پێشتر ئەم ڕیوایەتەمان هێنا لە کتێبی (الانتقاء) بەڵام بە سەنەدێکی تر کە زەعیف بوو، محقق-ی تاريخ بغداد(١) ئەم ڕیوایەتەی بە حەسەن داناوە گوایە أبو سليمان الجوزجاني صدوق-ە کەواتە دەبێتە حەسەن !

إسماعيل بن الحسين بن علي و أحمد بن سعد بن نصر و علي بن موسى القمي شێخی حەنەفیەکانی خوراسانە هەرسێکیان حاڵیان دیارنیە، ئەوەی یەکەم و دووەم الخطيب لە تاريخ بغداد ژیاننامەی هێناون بەبێ هیچ جەرح و تەعدیلێک، وە ئەوەی سێیەمیان ئەگەرچی الذهبي دەڵێ: الحاكم زۆر بە گەورە وەسفی کردووە بەڵام نازانین لەچیدا وەسفی کردووە چونکە زۆر زانای گەورە هەن زەعیفن لە ڕیوایەتدا، وە هەر سێکیان فەقیهی حەنەفین، هەروەها أبو سليمان الجوزجاني حەنەفی

مەزهەبە و قوتابی أبو یوسف و محمد بن الحسن بووە، بۆیە ناکرێ سەنەدێکی ئاوا کە سێ ڕاوی حاڵ نادیاری تێدایە و ڕاوییەکانی حەنەفی بن و نزیک بن لە أبو حنیفة قبوڵ بکەین لەکاتێکدا ئەوەی لە أیوب السختیاني ڕیوایەت کراوە پێچەوانەی ئەمەیە.

عبدالله دەڵێ: حدثني محمد بن عبدالله المخرمي حدثنا سعید بن عامر ووتی: بیستم سلام بن أبي مطیع دەیووت: **من لەگەڵ أیوب بووم لە مسجد الحرام، أبو حنیفة أیوب-ی بینی بەرەو لای هات، کاتێک أیوب أبوحنیفة-ی بینی بە هاوەڵەکانی ووت: هەڵسن با نەخۆشیەکەی بۆمان نەگوازێتەوە، هەڵسن با نەخۆشیەکەی بۆمان نەگوازێتەوە.** [السنة : 239] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: أبو حنیفة پێستی بەڵەکی پێوە بوو، أیوب مەبەستی ئەوە نەبووە لەترسی نەخۆشیەکەی دوور کەوتنەوە لێی ئەگەرچی باسی نەخۆشی پێستی کردووە لە ڕیوایەتەکەدا کە بە (جرب) ناسراوە بەڵکو لەبەر عەقیدەکەی وای ووتوە، بەڵگەش بۆ ئەمە لە هیچ کەسێک نەهاتووە بە صەحیحی یان بە زەعیفی بڵێ من خۆم لە نزیک بوونەوەی أبو حنیفة دەپارێزم چونکە ئەم نەخۆشیەی هەیە.

ئەم ڕیوایەتە لە [تاریخ بغداد : 547/15] هاتووە هەرلە ڕێگای سعید بن عامر ئەویش لە سلام بن أبي مطیع، الکوثري بەهۆی سعید و سلام تەزعیفی کردووە، لێرەدا من وەڵامی نادەمەوە تەنها ووتەی محقق-ی تاریخ بغداد(١) نەقل دەکەم کە دەڵێ: الکوثري تەزعیفی ئەم ڕیوایەتەی کردووە بەهۆی سعید و سلام ئەمەش سەرکەشیەکی زۆر ئاشکرایە لەلایەن الکوثري-ەوە.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا الصیمري قال قرأنا على الحسین بن هارون عن ابن سعید قال حدثنا عبدالله بن إبراهیم بن قتیبة حدثنا ابن نمیر حدثني إبراهیم بن البصیر عن إسماعیل بن حماد عن أبي بکر بن عیاش ووتی: **عمر بن سعید مرد برای سفیان (الثوري) ئێمەش چووینە لای سفیان بۆ سەرەخۆشی، مەجلیسەکە پڕ بوو لە خەڵک، عبدالله بن إدریس-ی تێدابوو، أبو حنیفة-ش لەگەڵ کۆمەڵێک کەس هات، کاتێک سفیان ئەوی بینی لەشوێنی خۆی جوڵا و هەڵسایە سەرپێ و باوەشی پێداکرد، وە أبو حنیفة-ی لەشوێنی خۆی دانیشاند و خۆشی لەبەردەمی دانیشت. أبو بکر دەڵێ: منیش لێی تورە بووم، عبدالله بن إدریس ووتی کاتی ئەوە نیە، ئێمەش دانیشتین تا خەڵکی ڕۆیشتن، بە عبدالله**

بن إدريس-م ووت: هەڵمەستە تا دەزانین سفیان بۆ وایکرد، منیش ووتم: ئەی باوکی عبدالله ئەمڕۆ بینیم شتێکت کرد کە سەرزەنشتیم کرد و هاوەڵانیشمان سەرزەنشتی ئەو شتەیان کرد لێت، ووتی: ئەم شتە چیە ؟ ووتم: أبو حنیفة هاتە لات تۆش بۆی هەڵسایەوە ولەشوێنی خۆت داتنیشاند و زیادەڕەویت کرد لە مامەڵەکردن لەگەڵی ئەم کارەش لەلای هاوەڵەکانمان سەرزەنشتکراوە، ووتی: سەرزەنشتی چی دەکەی لەم کارەم ؟ ئەم پیاوە پلەی هەیە لە زانستدا، گەر لەبەر زانستەکەی هەڵنەستمەوە لەبەر تەمەنەکەی هەڵدەستمەوە، گەر لەبەر تەمەنەکەی هەڵنەستمەوە لەبەر فیقهەکەی هەڵدەستمەوە، گەر لەبەر فیقهەکەی هەڵنەستمەوە لەبەر وەرعەکەی هەڵدەستمەوە، أبو بکر دەڵێ: منی گرت هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو. [تاريخ بغداد : 467/15]

ووتم: (ابن سعيد) ابن عقدة-یە کە تۆمەتبارە بە درۆ، هەروەها إسماعيل بن حماد زەعیفە نەوەی أبو حنيفة-یە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل وأبو الفتح الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد قال سمعت محمد بن أحمد بن القاسم النيسابوري قدم علينا قال سمعت أحمد بن حام العفيفي يقول سمعت محمد بن الفضل الزاهد البلخي دەیووت: **بیستم أبو مطيع الحكم بن عبدالله دەیووت: هیچ کەسێکی ئەهلی حەدیثم نەدیوە لە سفيان الثوري فەقیهتر بێ، وە أبو حنيفة لەویش فەقیهتر بوو.**

[تاريخ بغداد : 468/15]

ووتم: أحمد بن حام العفيفي مەجهولە، هەروەها أبو مطيع قوتابی أبو حنيفة بووە مەتروکە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني عبدالباقي بن عبدالكريم المؤدب أخبرنا عبدالرحمن بن عمر الخلال حدثنا محمد بن أحمد بن يعقوب بن شيبة حدثنا جدي حدثني يعقوب بن أحمد ووتی: بیستم الحسن بن علي ووتی: **بیستم کەسێک پرسیاری لە يزيد بن هارون کرد، ووتی: ئەی باوکی خالد فەقیهترین کەس کە تۆ بینیبێتت کێیە ؟ ووتی: أبو حنيفة.**

الحسن بن علي دەڵێ: بە أبو عاصم النبيل-م ووت: أبو حنيفة فەقیهترە یان سفيان ؟ ووتی: لەلای من أبو حنيفة لە سفيان فەقیهترە. [تاريخ بغداد : 468/15]

ووتم: عبدالباقي بن عبدالكريم نەمبینی کەس جەرح و تەعدیلی بۆ بکات جگە لە الخطیب کە دەربارەی دەڵێ: لا بأس به، لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا کە الخطیب لە تەوسیق کردندا تۆزێک شلە بۆیە ابن حجر ئەو ڕاوییانەی الخطیب بە سیقەی داناون دەیانکات بە صدوق، چ جای ئەوەی بڵێ: (لا بأس به) کە پلەکەی نزمترە، گەر حوکمەکەی الخطیب وەر بگرین ئەوا یعقوب بن أحمد دەمێنێتەوە کە دیار نیە کێیە، ئایا یعقوب بن أحمد بن أسد-ە یان کەسێکی ترە ؟ گەر ئەویش بێت نەمبینی هیچ کەسێک جەرح و تەعدیلی بۆ کردبێ، وە ووتەکەی أبو عاصم سەیر نیە چونکە لە بەشی یەکەم ووتمان أبو عاصم لەگەڵ ئەهلی ڕەئی دادەنیشت مەیلی هەبوو بۆ أبو حنیفة.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا محمد بن علي بن عفان حدثنا ضرار بن صرد ووتی: **پرسیار لە یزید بن هارون کرا، کامەیان فەقیهترن أبو حنیفة یان سفیان؟ ووتی: سفیان فەرموودەی باشتر لەبەرە، وە أبو حنیفة فەقیهترە، ضرار بن صرد دەڵێ: پرسیارم لە أبو عاصم النبیل کرد، ووتم: کامەیان فەقیهترن سفیان یان أبو حنیفة ؟ ووتی: نۆکەرێک لە نۆکەرەکانی أبو حنیفة فەقیهترە لە سفیان.** [تاريخ بغداد : 469/15]
ووتم: ضرار بن صرد مەتروکە.

الخطیب دەڵێ: أخبرنا الحسين بن علي الحنيفي أخبرنا عبدالله بن محمد الحلواني حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن محمد يعني الحماني ووتی: بیستم سجادة دەیووت: **من و أبو مسلم المستملي چووینە لای یزید بن هارون کە هاتبوو بۆ بەغداد بۆلای منصور بن المهدي، ئێمەش سەرکەوتین بۆ ئەو ژوورەی کە ئەوی تێدابوو، أبو مسلم پێی ووت: ئەی باوکی خالد چی دەڵێی دەربارەی أبو حنیفة و سەیرکردنی کتێبەکانی ؟ ووتی: سەیری کتێبەکانی بکەن گەر دەتانەوێ فێری فیقهـ بن، من کەسم نەدیوە لە فەقیهەکان پێیان ناخۆش بێ سەیری ووتەکانی أبو حنیفة بکرێ، وە سفیان الثوري فێڵی کرد لە کتێبی (الرهن) تا لەسەر هی ئەو کۆپی کرد.** [تاريخ بغداد : 469/15]
ووتم: (أحمد بن محمد الحماني) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا محمد بن علي بن عفان حدثنا أبو كريب ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: عابدترین کەسم بینی، خاوەن وەرعترین کەسم بینی، زاناترین کەسم بینی، فەقیهترین کەسم بینی، عابدترین کەس عبدالعزیز بن أبي رواد بوو، خاوەن وەرعترین کەس الفضیل بن عیاض بوو، زاناترین کەس سفیان الثوري بوو، فەقیهترین کەس أبو حنیفة بوو، پاشان ووتی: لە فیقهدا کەسم نەدیوە وەک ئەو.**

[تاریخ بغداد : 469/15]

ووتم: بێگومان ئەم ووتەیە کاتی سەرەتایە کە ابن المبارك بە أبو حنیفة موبتەلا بوو، دواتر حاڵی بۆی دەرکەوت و وازی لێ هێنا وەک خۆی باسی کرد کە لە بەشی یەکەمدا هێنامان، پاشان ئایا ئەم ووتانەی کە دەربارەی أبو حنیفة ووتراوە ئەم مەدحەی ابن المبارك دەتوانێ لایان بدات ؟ ئەمڕۆ چەندان زانای کافر هەن لە فیقه یان لە فەرموودە یان لە تەفسیر بلیمەتن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري أخبرنا عمر بن إبراهيم حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن محمد بن مغلس حدثنا محمد بن مقاتل ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت: گەر ئەثەر پێویستی بە ڕەئی بوو (واتا: بۆ لێکدانەوەی ماناکەی) ئەوا ڕەئی مالك و سفیان و أبو حنیفة هەیە، وە أبو حنیفة باشترینیان ولێزانترینیانە، وە لەوان زیاتر ڕۆچووە لە فیقهدا، وە ئەو فەقیهترینە لەم سێ کەسەدا. أحمد بن محمد دەڵێ: حدثنا نصر بن علي ووتی: بیستم أبو عاصم النبیل پرسیاری لێکرا ، کامەیان فەقیهترن سفیان یان أبو حنیفة ؟ ووتی: هەموو شتێک لەگەڵ هاوشێوەکەی خۆی قیاس دەکرێ، أبو حنیفة فەقیهێکی تەواوە، سفیان پیاوێکە خۆی فێری فیقه دەکات.** **[تاریخ بغداد : 470/15]**

ووتم: (أحمد بن محمد بن مغلس) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە، أحمد بن محمد لە سەنەدی دووەم هەر خۆیەتی.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا التنوخي حدثني أبي حدثنا أبو بكر محمد بن حمدان بن الصباح حدثنا أحمد بن الصلت بن المغلس حدثنا الحماني حدثنا ابن المبارك ووتی: **بینیم مسعر لە بازنەی أبو حنیفة لەبەردەمی دانیشتبوو پرسیاری لێدەکرد و سوودی لێی دەبینی، وە کەسەم نەدیوە قسەی کردبێ**

له فیقهدا باشتر له أبو حنيفة. [تاريخ بغداد : 470/15]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو نعيم الحافظ حدثنا محمد بن إبراهيم بن علي حدثنا أبو عروبة الحراني قال سمعت سلمة بن شبيب يقول سمعت عبدالرزاق دەیووت: **بیستم ابن المبارك دەیووت: گەر کەسێک بۆی هەبێ فەتوا بدات بە ڕەئی خۆی، ئەوا أبو حنيفة بۆی هەیە فەتوا بدات بە ڕەئی خۆی.** [تاريخ بغداد : 471/15]
ووتم: ئەمەش هاوشێوەی ئەوانی ترە کە سەرەتا ابن المبارك وەک باقی خەڵکی خوراسان سەرسام بووە بە أبو حنيفة.

الخطيب دەڵێ: أخبرني عبدالباقي بن عبدالكريم أخبرنا عبدالرحمن بن عمر الخلال حدثنا محمد بن أحمد بن يعقوب حدثنا جدي قال حدثني علي بن أبي الربيع ووتی: بیستم بشر بن الحارث دەیووت: **بیستم عبدالله بن داود ووتی: گەر ئاثارت ویست یان ووتی فەرمووده، وابزانم ووتی وەرعیش، ئەوا سفيان هەیە، وە ئەگەر ئەم بابەتە ووردانەت ویست ئەوا أبو حنيفة هەیە.** [تاريخ بغداد : 471/15]
ووتم: علي بن أبي الربيع و محمد بن إبراهيم بن مشكان هەردووکیان ئەمەیان ڕیوایەت کردووە لە بشر ئەویش لە عبدالله بن داود الخريبي، حاڵی دوو قوتابیەکەی بشر بۆم دەرنەکەوت، گەر صەحیحیش بێت ئەوا عبدالله بن داود الخريبي مەیلی هەیە بەلای ئەهلی ڕەئیدا بۆیە قسەکەی سەنگی نیە.

أبو داود دەڵێ: **بیستم أحمد دەیووت: عبدالله بن داود-م بینی فەرموودەم لێیەوە نەنوسی، حەزی بە ڕەئی بوو.** [مسائل أبي داود للإمام أحمد : 537] ت: زياد محمد منصور

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا عمر بن شهاب العبدي حدثنا جندل بن والق حدثني محمد بن بشر ووتی: **من دەچوومە لای أبو حنيفة و سفيان، دەچوومە لای أبو حنيفة پێی دەووتم: لەکوێوە هاتووی ؟ دەمووت: لەلای سفيان، دەیووت: لەلای پیاوێک**

هاتووی گەر علقمة و الأسود ئێستا لەژیاندابوان ئەوا پێویستیان بە کەسێکی وەک ئەو دەبوو، دەچوومە لای سفیان پێی دەووتم: لەکوێوە هاتووی ؟ دەمووت: لەلای أبو حنيفة، دەیووت: لەلای فەقیهترین کەسی سەر زەوی هاتووی. [تاريخ بغداد : 471/15]

ووتم: جندل بن والق زەعیفە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الجوهري أخبرنا محمد بن عمران المرزباني حدثنا عبدالواحد بن محمد الخصيبي قال حدثني أبو مسلم الكجي إبراهيم بن عبدالله قال حدثني محمد بن سعيد أبو عبدالله الكاتب ووتی: **بیستم عبدالله بن داود الخريبي دەیووت: پێویستە لەسەر ئەهلی ئیسلام کە دوعا بکەن بۆ أبو حنيفة لە نوێژەکانیان، وە باسی پاراستنی فەرموودەکان و فیقهی کرد لەلایەن أبو حنيفة-ەوە بۆ ئەهلی ئیسلام.** [تاريخ بغداد : 472/15]

ووتم: محمد بن عمران المرزباني موعتەزیلەیە سەرەڕای ئەمەش خیلافی لەسەرە سیقەیە یان نا، هەروەها محمد بن سعيد أبو عبدالله الكاتب حاڵی دیار نیە، باسیشمان کرد کە عبدالله بن داود حاڵی چۆن بووە بۆیە قسەی ئەم جۆرە کەسانە سەنگی نیە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا علي بن أبي علي حدثنا أبو علي أحمد بن محمد بن محمد بن إسحاق المعدل النيسابوري حدثنا أبو حامد أحمد بن محمد بن بلال قال سمعت محمد بن يزيد دەیووت: **بیستم عبدالله بن يزيد المقرئ دەیووت: هیچ سەرڕەشێکم نەدیوە لە أبو حنيفة فەقیهتر بێ.** [تاريخ بغداد : 472/15]

ووتم: شێخەکەی الخطيب نەمزانی کێیە نەمدۆزییەوە باسکرابێ، ڕاوییەکانی تریش هەموویان سیقەن، محقق بێدەنگ بووە لەسەر ئەم ڕیوایەتە دڵنیام گەر شێخەکەی الخطيب-ی ناسیبوایە بێدەنگی هەڵنەدەبژارد و دەیووت صەحیحە، هەروەها عبدالله بن يزيد کە خاوەنی ووتەکەیە هەر أبو عبدالرحمن المقرئ-ە کە لە بەشی یەکەمدا هێنامان دەیووت: أبو حنيفة بانگی کردم بۆ ئیرجاء ڕەتم کردەوە، لەکاتی ڕیوایەت کردندا کە ناوی دەهێنا هاواری دەکرد کە أبو حنيفة مورجیئەیە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل و أبو الفتح الضبي حدثنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا محمد

بن مخزوم حدثنا بشر بن موسى حدثنا **أبو عبدالرحمن المقرئ: وە گەر فەرموودەی بۆ ڕیوایەت کردبواین لە أبو حنيفة-ەوە، دەیووت: حدثنا شاهانشاه.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: محمد بن مخزوم تۆمەتبارە بە درۆ، ڕیوایەتەکەش تەواو پێچەوانەی ڕیوایەتە صەحیحەکەیە کە لە بەشی یەکەمدا هێنامان، دواتر بەکارهێنانی ووشەی (شاهانشاه) جائیز نیە واتا پاشای پاشاکان ئەمە تەنها بۆ الله بەکاردێ.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا إبراهيم بن مخلد البلخي حدثنا أحمد بن محمد البلخي ووتی: **بیستم شداد بن حكيم دەیووت: کەسم نەدیوە لە أبو حنيفة زاناتر بێ.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: إبراهيم بن مخلد البلخي مەجهولە، أحمد بن محمد البلخي نەمزانی کامەیە، هەروەها شداد بن حكيم کە خاوەنی ووتەکەیە ابن حبان دەربارەی دەڵێ: حەزم لەخۆپاراستنە لە فەرموودەکانی شداد بن حكيم چونکە دەمارگیری هەیە لە ئیرجائدا، وە ڕقی لەو کەسانە دەبێتەوە کە ئەهلی سوننەن یان بەدوای فەرموودەدا دەگەڕێن.

الخطيب دەڵێ: قال النخعي حدثنا إسماعيل بن محمد الفارسي ووتی: **بیستم مكي بن إبراهيم باسی أبو حنيفة-ی کرد، ووتی: زاناترین کەسی سەردەمی خۆی بوو.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: زاهیری سەنەدەکە صەحیحە گەر مەتنەکەشی صەحیح بێت ئەوا غەریب نیە چونکە مكي بن إبراهيم یەکێکە لە شێخە خوراسانیەکان، لە بەشی یەکەم باسمان کرد کە ئەهلی خوراسان بە أبو حنيفة موبتەلا بوون، ووتەی أبو زرعة الرازي-مان هێنا کە دەڵێ ئێمە گەنج بووین وەکو باقی ئەو خەڵکەی خوراسان سەرسام بووین بە أبو حنيفة، ووتەی إسحاق بن راهويه-مان هێنا کە دەڵێ: لە خوراسان هاتمە دەرەوە پێم وابوو کەس جورئەت ناکات موخالەفەی أبو حنيفة بکات کەچی بینیم لە دەرەوەی خوراسان خەڵکی پێچەوانەی ئێمەن دەربارەی أبو حنيفة ! هەروەها باسی ابن المبارك-مان کرد، تەنانەت البخاري-ش کە خوراسانیە و زۆر دژی ئەهلی ڕەئیە و ڕەددیان دەداتەوە، کە باسی منداڵی خۆی دەکات دەڵێ: کتێبەکانی ئەهلی ڕەئیم خوێندەوە ئینجا لە مەجلیسی

فەرمووده ووتنەوه دانیشتم.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا التنوخي حدثني أبي حدثنا محمد بن حمدان بن الصباح حدثنا أحمد بن الصلت قال سمعت مليح بن وكيع دەیووت: **بیستم باوکم دەیووت: بە کەس نەگەیشتووم لە أبو حنيفة فەقیهتر بێ، وه لەو جوانتر نوێژ بکات.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە، درۆکەش ڕوونە چونکە هێنامان وکيع ڕیوایەتی هەیە دژی أبو حنيفة تەنانەت ڕیوایەتی هەیە دەربارەی نوێژکردنی أبو حنيفة لەگەڵ ابن المبارك، بگره نوێژکردن لەلای أبو حنيفة بەجۆرێک جائیزه کە ئەم جۆره نوێژکردنە لەلای زانایانی تر بەتاڵە.

الخطيب دەڵێ: قال ابن الصلت سمعت الحسين بن حريث دەیووت: **بیستم النضر بن شميل دەیووت: خەڵکی نوستبوون دەربارەی فیقهـ تا أبو حنيفة بە خەبەری هێنانەوه بەو شتانەی کە هەڵی تەقاند و ڕوونی کردەوه و پوختی کردەوه.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الجوهري أخبرنا عبدالعزيز بن جعفر الخرقي حدثنا هيثم بن خلف الدوري حدثنا أحمد بن منصور بن سيار ووتی: بیستم يحيى بن معين دەیووت: **بیستم يحيى بن سعيد (القطان) دەیووت: چەندەها قسەی چاک هەبووه أبو حنيفة کردوویەتی.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: سەنەدەکەی صەحیحە، پێشتر باسی ئەم ووتانەی يحيى بن سعيد القطان-مان کرد.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا علي بن القاسم الشاهد حدثنا علي بن إسحاق المادرائي قال سمعت أبا جعفر بن أشرس دەیووت: بیستم يحيى بن معين دەیووت: **بیستم يحيى القطان دەیووت: درۆ لەگەڵ الله ناکەین لەوانەیە شتێکم لە ڕەئی أبو حنيفة وەرگرتبێ.** [تاريخ بغداد : 473/15]

ووتم: أبو جعفر بن أشرس نەمدۆزییەوه، گەر صەحیحیش بێ ووتەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شتێکی کەمی لە أبو حنيفة وەرگرتووه، ئەصلەن خودی ئەم جۆره ووتانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە أبو حنيفة قسەی لەسەر بووه، ئەگینا بۆ کەس باسی مالك والشافعي وأحمد ناکات بڵێ

والله درۆ ناکەم هەندێک شتم لێیان وەرگرتووە ؟ چونکە أبو حنیفة قسەی لەسەرە بۆیە یحیی القطان وادەڵێ، ئەگینا گەر زانایەکی گەورە بێت ئەوا زۆرینەی خەڵک فەتواکانی وەردەگرن کەس باسیشی ناکات بڵێ درۆ ناکەم هەندێک فەتوام لە فلان زانا وەرگرتووە.
لە بەشی یەکەمدا هێنامان بە صەحیحی کە عبدالرحمن بن مهدي پرسیاری لێدەکرێت ئایا ئەو شتانەی کە أبو حنیفة تێیدا پێکاویەتی و موافقی حەقە بینوسینەوە ؟ عبدالرحمن دەڵێ: نەخێر مەینوسنەوە هیچ کەرامەتی نیە.
عبدالرحمن بن مهدي و یحیی القطان دوو هاوڕێن کە وەک ئەستێرە وان لە زانستی فەرموودەدا بگرە هەر خۆیان قوتابخانەن لەم بوارەدا، یزید بن هارون دەربارەیان دەڵێ: کەوتمە نێوان شێر، ئیمام أحمد دەربارەیان دەڵێ: عبدالرحمن فەقیهترە، جا ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لە نیشانەکانی فیقهەکەی کە ئامادە نیە هیچ شتێک لە أبو حنیفة بنوسرێتەوە، بەڵام دیارە یحیی هەندێکی لێوەر گرتووە بەپێی ئەم ڕیوایەتانەی بەشی دووەم ئەگەرچی ڕیوایەتی صەحیحیش هەن پێچەوانەی ئەمەن وەک لە بەشی یەکەم هێنامان.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا العتيقي حدثنا عبد الرحمن بن عمر بن نصر بن محمد الدمشقي بها حدثني أبي حدثنا أحمد بن علي بن سعيد القاضي ووتی: بيستم يحيى بن معين دەيووت: **بيستم يحيى بن سعيد القطان دەيووت: درۆ لەگەڵ الله ناکەین لە ڕەئی أبو حنیفة باشترمان نەبیستووە، وە زۆرێک لە ووتەکانیمان وەرگرتووە.**
يحيى بن معين دەڵێ: يحيى بن سعيد لە فەتوادا لەسەر مەزهەبی کوفییەکان بوو، وە ووتەی أبو حنیفة-ی هەڵدەبژارد لەناو ووتەکانیاندا، وە شوێنی ڕەئی ئەو دەکەوت لەنێوان هاوەڵەکانیدا.
[تاريخ بغداد : 473/15]
ووتم: عبدالرحمن الدمشقي حاڵی دیار نیە و تۆمەتباریشە بە ئیعتیزال هەروەها ڕیوایەتی کردووە لە أبي إسحاق بن أبي ثابت تۆمەتبار کراوە بەوەی کە أبي إسحاق-ی بینیبێ، هەروەها باوکیشی نەمدۆزییە کێیە وچۆنە، بۆیە مەحاڵە قسەیەکی لەم شێوەیە بکات گەر بیکات بەسەر خۆیدا

دەشکێتەوە چ جای ئەوەی ببێتە فریادڕەسی أبو حنيفة، وە هیچ کام لەم سەنەدانە لە بەهێزیدا ناگەن بە سەنەدەکەی بەشی یەکەم کە ابن أبي حاتم لە صالح-ی کوڕی ئیمام أحمد ئەویش لە علي بن المديني ئەویش لە يحيى القطان ڕیوایەتی دەکات.

دەووترێ الشافعي ووتویەتی: (الناس عيال على أبي حنيفة في الفقه) واتا: خەڵکی لەسەر أبو حنيفة حیسابن لە فیقهدا، (عيال) بەو کەسانە دەووترێ کە نەفەقەیان لەسەریەتی، بۆ نموونە: ژن و منداڵ پێیان دەووترێ (عيال) چونکە مەسروفیان لەسەر پیاوی ماڵە، بەپێی ئەم قسەیەی الشافعي بێت خەڵکی لە فیقهدا لەسەر أبو حنيفة پەکیان کەوتووە، وە هاوشێوەی ئەم جۆرە ووتانە لە الشافعي-ەوە نەقل دەکرێ گوایە مەدحی أبو حنيفة-ی کردووە لە فیقهدا.

هەموو ئەو ڕیوایەتانەی مەدحی أبو حنيفة-ی تێدایە لەلایەن الشافعي-ەوە لە کتێبەکانی دوای سەدەی سێیەم هاتوون، کتێبەکانی سەدەی دووەم و سێیەم نەک هەر مەدحی الشافعي تێدا نیە بۆ أبو حنيفة بەڵکو زەمکردنی تێدایە بۆی، لەوانەیە بڵێن دەکرێ لە هەندێک بابەت زەمی کردبێ بەڵام لە فیقهدا مەدحی کردبێ، دەڵێین نەخێر زەمکردنی الشافعي بۆ أبو حنيفة لە ڕووی فیقهەوە بووە نەوەک شتی تر هەروەک لە بەشی یەکەمدا هێنامان، وە ئەگەر لەڕووی سەنەدیشەوە لێی بڕوانین ڕیوایەتەکانی زەمکردنی بۆ أبو حنيفة سەنەدەکانیان عالین و زۆر پاکن، بە پێچەوانەی ئەو ڕیوایەتانەی کە مەدحی أبو حنيفة-ی کردووە زۆربەی سەنەدەکانی نازل و زەعیفن، سەرەتا ڕیوایەتەکانی بەشی یەکەم دەهێنمەوە دووبارە بۆ یاد خستنەوە ئینجا دەچینە سەر ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی، بۆیە ڕیوایەتەکانیش دووبارە دەکەمەوە چونکە پلەی الشافعي لەلای هەموومان زۆر بەرزە، بۆیە بە دووری نازانم دەمارگیران بۆ أبو حنيفة دەست بگرن بە ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی بۆ أبو حنيفة و ڕیوایەتەکانی زەمکردنی لەیاد خۆیان ببەنەوە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا يونس بن عبدالأعلى ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: ڕۆژێک بە محمد بن الحسن-م ووت کە باسی مالك و أبو حنيفة کرا، محمد بن الحسن پێی ووتم:**

هاوەڵەکەمان نەدەکرا بێدەنگ بێت واتا أبو حنيفة، وە نەدەکرا هاوەڵەکەی ئێوە فەتوا بدات واتا مالك، منیش پێم ووت: سوێندت دەدەم بە الله، ئایا دەزانی هاوەڵەکەمان واتا مالك زانا بوو بە کتێبی الله ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله، ئایا دەزانی هاوەڵەکەمان زانا بوو بە فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ ؟ووتی: بەڵێ، ووتم: وە زانا بوو بە خیلافی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەری الله ﷺ ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: ئایا عاقڵ بوو ؟ ووتی: نەخێر، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله، ئایا دەزانی هاوەڵەکەت واتا أبو حنيفة جاهیل بوو بە کتێبی الله عز وجل ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: وە جاهیل بوو بە فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ وە جاهیلیش بوو بە خیلافی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەری الله ﷺ ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: ئایا عاقڵ بوو ؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: لە هاوەڵەکەی ئێمەدا سێ شت کۆ دەبێتەوە کە فەتوا نابێ بدرێ بەبێ ئەم سێ شتە، وە شتێکی تێدا نیە، بەڵام هاوەڵەکەی ئێوە سێ شتی تێدایە نیە و یەک شتی تێدایە، ئینجا دەڵێی: ناکرێ هاوەڵەکەی ئێمە قسە بکات و ناکرێ هاوەڵەکەی ئێوە بێدەنگ بێ ؟!

[آداب الشافعي ومناقبه : 154] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: سەیری سەنەدەکە بکەن، ابن أبي حاتم ئیمامە قسەی لەسەر ناکرێ، لە أبو حاتم-ی باوکی ڕیوایەت دەکات أبو حاتم الرازي ئەویش ئیمامە و قسەی لەسەر ناکرێ، ئەویش لە یونس بن عبدالأعلى ڕیوایەت دەکات کە قوتابی الشافعي-ە ئیمامە و قسەی لەسەر ناکرێ، ئەویش لە الشافعي ڕیوایەتی دەکات.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا محمد بن عبدالله بن عبدالحكم ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: محمد بن الحسن پێی ووتم: کامەیان زاناترن هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ (واتا: أبو حنيفة و مالك) الشافعي دەڵێ ووتم: بە ئینصافەوە ؟ محمد ووتی: بەڵێ، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله کامەیان زاناترن بە قورئان هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ ووتی: هاوەڵەکەی ئێوە (واتا: مالك) ووتم: کامەیان زاناترن بە سوننەت هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ ووتی: هاوەڵەکەی ئێوە، ووتم: سوێندت دەدەم بە الله کامەیان زاناترن بە ووتەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ**

وپێشینان هاوەڵەکەی ئێمە یان هاوەڵەکەی ئێوە ؟ ووتی: هاوەڵەکەی ئێوە، ووتم: هیچ نەماوەتەوە تەنها قیاس نەبێ، قیاسیش ناکرێ تەنها لەسەر ئەم شتانە نەبێ. جا ئەوەی ئەصلەکەی نەزانی لەسەر چ شتێک قیاس دەکات ؟ [آداب الشافعي ومناقبه : 119] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ابن أبي حاتم لە محمد بن عبدالله بن عبدالحكم ڕیوایەت دەکات کە ئیمامێکی فەقیهە و مالکی مەزهەبە و سیقەیە، ئەویش لە الشافعي ڕیوایەت دەکات، سەیری ئەم سەنەدە عالی و پاکە بکە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: الربيع بن سليمان المرادي ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: أبو حنيفة یەکەم بابەت بە هەڵە دادەنێت، پاشان هەموو کتێبەکە لەسەر ئەو بابەتە قیاس دەکات.**

[آداب الشافعي ومناقبه : 129] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ابن أبي حاتم لە الربيع بن سليمان المرادي ڕیوایەتی دەکات کە یەکێکە لە قوتابییە هەرە دیارەکانی الشافعي سیقەیە، زۆرینەی عیلمەکەی الشافعي لە ڕێگای الربيع و البويطي نەقل کراوە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا محمد بن عبدالله بن عبدالحكم ووتی: **محمد بن إدريس الشافعي پێی ووتم: سەیری چەند کتێبێکی هاوەڵانی أبو حنيفة-م کرد، 130 پەڕ بوو 80 پەڕم تێیدا ژمارد کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو. ابن أبي حاتم دەڵێ: چونکە ئەصلەکە هەڵە بووە جا فەرعەکانیش لەسەر هەڵە ڕۆیشتوون.** [آداب الشافعي ومناقبه : 129] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: باسی ئەم سەنەدەمان کرد.

ابن أبي حاتم دەڵێ: قال أبي حدثنا هارون بن سعيد الأيلي ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: کەس ناناسم کتێبی نوسی بێت کتێبەکانی بێن بە بەڵگە لەسەر عەیب و عاری ووتەکانی وەک أبو حنيفة.** [آداب الشافعي ومناقبه : 130] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: ابن أبي حاتم و باوکی باسمان کردن، هارون بن سعيد الأيلي ئیمامێکی فەقیهە و سیقەیە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أحمد بن سنان الواسطي ووتی: **بیستم محمد بن إدريس الشافعي**

دەیووت: ڕەئی أبو حنيفة-م بەهیچ شتێک نە شوبهاندووە تەنها بە داوە دەزووی ساحیران نەبێ، ئاوا درێژی دەکەیتەوە دەبێتە زەرد ، ئاوا درێژی دەکەیتەوە دەبێتە سەوز.
[آداب الشافعي ومناقبه : 130] (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: ابن أبي حاتم لە أحمد بن سنان الواسطي ڕیوایەت دەکات، کە ئیمامە فەقیهە سیقەیە حافزە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا أحمد بن أبي سريج ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: 60 دینارم سەرف کرد بۆ بە دەست هێنانی کتێبەکانی محمد بن الحسن، پاشان لێی وورد بوومەوە لەپاڵ هەر بابەتێکدا فەرمووەدەیەکم دانا. واتا: بۆ ڕەددانەوەی.**
[آداب الشافعي ومناقبه : 27] (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: ابن أبي حاتم لە باوکی ڕیوایەت دەکات ئەویش لە أحمد بن أبي سريج ڕیوایەت دەکات کە سیقەیە و حافزە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا ابن أبي سريج ووتی: بیستم الشافعي دەیووت: **بیستم بە مالك ووترا: أبو حنيفة دەناسیت ؟ ووتی: بەڵێ، گومانتان چیە بەرامبەر پیاوێک گەر بڵێ ئەم دینگەیە لە زێڕ دروستکراوە ئەوا هەر لەسەری بەردەوام دەبێت تاکو دەیکات بە زێڕ کەچی لە دار یان بەرد دروستکراوە ؟**
ابن أبي حاتم دەڵێ: واتا أبو حنيفة لەسەر هەڵە دەمایەوە و بەڵگەی بۆ هەڵەکەی دەهێنایەوە، وە نەدەگەڕایەوە بۆ صەواب کاتێک بۆی دەردەکەوت.
[آداب الشافعي ومناقبه : 162] (سەنەدەکەی صەحیحە).
ووتم: ئەمەش هەمان سەنەدی پێشووە بەڵام ئەمجارە الشافعي لە مالك-ەوە ڕیوایەتی دەکات، جا بیر لەم ووتانە بکەنەوە و سەیری سەنەدەکانی بکەن کە چەندە عالی و پاکن لەنێوان ابن أبي حاتم و الشافعي یەک کەس یان دووان هەیە کە هەموویان سیقە و ئیمامن، ئینجا بەراووردی ئەم سەنەدانە بکە لەگەڵ سەنەدی ئەو ڕیوایەتانەی کە تێیدا الشافعي مەدحی أبو حنيفة-ی کردووە

که ئێستا دەیان هێنین.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو نعيم الحافظ حدثنا محمد بن إبراهيم بن علي قال سمعت حمزة بن علي البصري يقول سمعت الربيع دەیووت: **بيستم الشافعي دەیووت: خەڵكی لەسەر أبو حنيفة حيسابن لە فيقهدا.** [تاريخ بغداد : 474/15]

ووتم: حمزة بن علي البصري نەمدۆزییەوە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا علي بن القاسم حدثنا علي بن إسحاق المادرائي حدثنا زكريا بن عبدالرحمن حدثني عبدالله بن أحمد قال: قال هارون بن سعيد: **بيستم الشافعي دەیووت: كەسم نەدیوە فەقیهتر بێ لە أبو حنيفة.**

الخطيب دەڵێ: الشافعي کە دەڵێ کەسم نەدیوە مەبەستی ئەوەیە کەسم نەناسیوە.

[تاريخ بغداد : 474/15]

ووتم: الخطيب بۆیە وادەڵێ چونکە الشافعي لە ساڵی 150 لە دایکبووە لەو ساڵەدا أبو حنيفة مردووە کەواتە نەیدیوە.

(زكريا بن عبدالرحمن) گەر زكريا بن عبدالرحمن البرجمي بێت ئەوا کەس جەرح و تەعدیلی بۆ نەکردووە جگە لە أبو الفتح الأزدي کە ئەویش بە زەعیفی داناوە، وە ئەگەر زكريا بن يحيى بن عبدالرحمن الساجي بێت ئەوا ئیمامە، بەڵام نەمدیوە کەس بەم شێوەیە ناوی بهێنێ ئەوەی باوە دەووترێ زكريا بن يحيى الساجي یان زكريا الساجي یان الساجي بە تەنها، وە نەشم دیوە ڕیوایەتی هەبێ لە عبدالله، پاشان الساجي ڕیوایەتەکانی هەمووی لە دژی أبو حنيفة-ن، جگە لەوەش عبدالله لێرەدا تەصریحی نەداوە بە سماع وتوویەتی (قال هارون بن سعيد) نەمدۆزییەوە کە عبدالله ڕیوایەتی هەبێ لە هارون، وە هەروەها هەڵوێستی عبدالله ڕوونە بەرامبەر أبو حنيفة.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو طاهر محمد بن علي بن محمد بن يوسف الواعظ أخبرنا عبيدالله بن عثمان بن يحيى الدقاق حدثنا إبراهيم بن محمد بن أحمد أبو إسحاق البخاري حدثنا عباس بن عزيز أبو الفضل

القطان حدثنا حرملة بن يحيى ووتى: **بيستم محمد بن إدريس الشافعي دەيووت: خەڵكى لەسەر ئەم پێنج كەسە حيسابن، ئەوەى دەيەوێ وەک دەريا زانستى هەبێ لە فيقهـ ئەوا لەسەر أبو حنيفة حيسابە، وە بيستم الشافعي دەيووت: أبو حنيفة لەو كەسانەيە كە تەوفيقى پێدراوە لە فيقهـ، وە ئەوەى دەيەوێ وەک دەريا زانستى هەبێ لە شيعر ئەوا لەسەر زهير بن أبي سلمى حيسابە، وە ئەوەى دەيەوێ وەک دەريا زانستى هەبێ لە غەزاكان ئەوا لەسەر محمد بن إسحاق حيسابە، وە ئەوەى دەيەوێ وەک دەريا زانستى هەبێ لە النحو ئەوا لەسەر الكسائي حيسابە، وە ئەوەى دەيەوێ وەک دەريا زانستى هەبێ لە تەفسيرى قورئان ئەوا لەسەر مقاتل بن سليمان حيسابە.**

[تاريخ بغداد : 474/15]

ووتم: أبو إسحاق البخاري حاڵى دەرنەكەوت بۆم، (عباس بن عزيز) لە هەردوو چاپەكە بۆتە (عباس بن عزير) مەجهولە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا التنوخي حدثني أبي حدثنا محمد بن حمدان حدثنا أحمد بن الصلت الحماني قال سمعت أبا عبيدالله دەيووت: **بيستم الشافعي دەيووت: ئەوەى دەيەوێ فيقهـ بزانێ با دەست بگرێ بە أبو حنيفة و هاوەڵەكانى، چونكە هەموو خەڵكى لەسەر أبو حنيفة حيسابن لە فيقهدا.**

[تاريخ بغداد : 475/15]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە، هيچ بە دوورى نازانم تەواوى ئەو ڕيوايەتانەى الشافعي كە مەدحى أبو حنيفة دەكات ئەم درۆزنە دروستى كردبێ چونكە ئەوەى لە الشافعي ڕيوايەت كراوە بە سەنەدى عالى و صەحيح تەواو پێچەوانەى ئەمەيە وەک لە كتێبى (آداب الشافعي ومناقبه) هاتووە كە لە بەشى يەكەم هێنامان، يان ڕەنگە ئەو ڕيوايەتە بێ كە الشافعي دەڵێ: خەڵک لە فيقهدا لەسەر ئەهلى عيراق حيسابن، جا ئەم عيراقەيان كردبێ بە أبو حنيفة، ئاخر الشافعي ووتى أبو حنيفة جاهيلە بە قورئان و سوننەت و خيلافى فيقهى نێوان هاوەڵان، بە سەنەدێک هێنامان كە وەک خۆر وابوو، ئيتر چۆن دەڵێ: ئەوەى دەيەوێ لە فيقهدا وەک دەريا زانستى هەبێ ئەوا لەسەر أبو حنيفة حيسابە ؟! ووتەكەى پێشووى هيچ بوارێک بۆ جەمع كردنيش ناهێڵێت.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا الربيع بن سليمان المرادي ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: خەڵكی لەسەر ئەهلی عیراق حیسابن لە فیقهدا.** [آداب الشافعي ومناقبه : 161] **(سەنەدەكەی صەحیحە).**

ووتم: جا ئەم ئەهلی عیراقە كراوە بە أبو حنيفة لەلای دەمارگیران بۆ أبو حنيفة یان لەلای ڕاوییە درۆزنەكان، سەرەڕای ئەوە گەر بە صەحیحیشی دابنێین هێشتا كێشەی تێدایە چونكە الشافعي فیقهی ئەهلی عیراقی عەیبدار كردووە، فیقهی ئەهلی مەدینەی سەر خستووە بەسەریاندا كە بریتیە لە فیقهی ئەهلی حەدیث، هەر بۆیە ابن تيمية دەڵێ: الشافعي كە دەڵێ: خەڵكی لە فیقهدا لەسەر أبو حنيفة حیسابن مەبەستی لە تەفریعی بابەتەكانە نەک زانینی بەڵگەكان، واتا دابەشكردنی بەڵگەكان بەسەر بابەتەكاندا، وەک: كتاب الطهارة ، كتاب الزكاة ، كتاب الجهاد ...هتد.

بڕوانە [فضائل الأئمة الأربعة وما امتاز به كل إمام من الفضيلة : 12]

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو الوليد الحسن بن محمد الدربندي أخبرني محمد بن أحمد بن سليمان الحافظ ببخارى قال سمعت علي بن الحسن بن عبدالرحيم الكندي يقول سمعت أبا محمد عبدالله بن محمد بن عمر الأديب يقول سمعت يعقوب بن إبراهيم بن أبي خيران دەیووت: **بیستم الحسن بن عثمان القاضي دەیووت: بینیم عیلم لە عیراق و حیجاز سیانە: عیلمی أبو حنيفة و تەفسیری الكلبي و مەغازی محمد بن إسحاق.** [تاريخ بغداد : 475/15]

ووتم: الحسن بن محمد الدربندي زەعیفە، علي بن الحسن بن عبدالرحيم الكندي مەجهولە، عبدالله بن محمد بن عمر الأديب و يعقوب بن إبراهيم بن أبي خيران حاڵیانم بۆ دەرنەكەوت.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري أخبرنا عمر بن إبراهيم حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن عطية ووتی: **بیستم يحيى بن معين دەیووت: قیرائەت لەلای من قیرائەتی حمزة-یە، فیقهیش فیقهی أبو حنيفة-یە، بە خەڵكی گەیشتووم لەسەر ئەوە بوونە.** [تاريخ بغداد : 475/15]

ووتم: (أحمد بن عطية) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم حدثنا إبراهيم بن مخلد حدثنا محمد

بن سهل قال حدثني محمد بن هانئ ووتی: **بیستم جعفر بن الربیع دەیووت: لای أبو حنیفة مامەوە پێنج ساڵ، کەسم نەدیوە بێدەنگی درێژتربێ لەو، کاتێک پرسیاری شتێکی فیقهی لێدەکرا دەکرایەوە عیلمی لەبەر دەڕۆیشت وەک دۆڵ.** [تاريخ بغداد : 476/15]

ووتم: إبراهيم بن مخلد البلخي پێشتر باسمان کرد مەجهولە، محمد بن سهل و محمد بن هانئ بۆم دەرنەکەوتن کێن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري قال قرأنا على الحسين بن هارون عن ابن سعيد قال حدثنا عبدالله بن أحمد بن بهلول قال هذا كتاب جدي إسماعيل بن حماد فقرأت فيه حدثني سعيد بن سويد القرشي ووتی: **بیستم إبراهيم بن عكرمة المخزومي دەیووت: کەسم نەبینیوە بە وەرعتر و فەقیهتر بێ لە أبو حنیفة.** [تاريخ بغداد : 476/15]

ووتم: (ابن سعيد) ابن عقدة-یە تۆمەتبارە بە درۆ، عبدالله بن أحمد بن بهلول نەمدۆزییەوە گەر عبدالله بن محمد بن بهلول بێت ئەوا درۆزنە، إسماعيل بن حماد نەوەی أبو حنیفة زەعیفە، سعید بن سوید القرشي حاڵی دیار نیە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو القاسم الأزهري حدثنا عبدالرحمن بن عمر الخلال حدثنا محمد بن أحمد بن يعقوب حدثنا جدي ووتی: **هەندێک لە هاوەڵانمان چەند دێڕە شیعرێکی ابن المبارك-یان بۆ خوێندمەوە کە مەدحی أبو حنیفة-ی پێدەکات:**

رأيت أبا حنيفة كل يـــــوم * يزيد نبالة ويزيد خيـــــــرا**
وينطق بالصواب ويصطفيه * إذا ما قال أهل الجور جورا**
يقايس من يقايسه بلــــــب * فمن ذا يجعلون له نظيـــرا**
كفانا فقد حماد وكـــــانت * مصيبتنا به أمرا كبيـــــرا**
فرد شماتة الأعداء عنـــــا * وأبدى بعده علما كثيـــــرا**
رأيت أبا حنيفة حين يؤتــى * ويطلب علمه بحرا غزيـــرا**
إذا ما المشكلات تدافعتهـــا * رجال العلم كان بها بصيـــرا**

[تاريخ بغداد : 479/15]

ووتم: يعقوب بن شيبة السدوسي دەڵێ: هەندێک لە هاوەڵانمان ئەم دێڕە شیعرەیان پێ وتووم، دیار نیە ئەم هاوەڵانەی کێن و حاڵیان چۆنە، وە ئایا بە ابن المبارك گەیشتوون ئەم هاوەڵانەی ؟ لە دەمی ابن المبارك ئەم شیعرەیان بیستووە ؟ بۆیە ڕیوایەتەکە زەعیفە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الجوهري أخبرنا محمد بن عمران المرزباني حدثنا عبدالواحد بن محمد الخصيبي حدثني أبو خازم القاضي قال حدثني شعيب بن أيوب الصريفيني ووتی: **بیستم الحسن بن زياد اللؤلؤي دەیووت: بیستم أبو حنيفة دەیووت: ئەم ووتانەی ئێمە ڕەئیە، وە ئەمە باشترین شتە کە بەپێی توانا پێی گەیشتووین، هەرکەسێک لە ووتەکەی ئێمە باشترمان بۆ بهێنێ ئەوا ووتەکەی ئەو نزیکترە لە صەواب.** [تاريخ بغداد : 481/15]

ووتم: الحسن بن زياد اللؤلؤي پێشتر باسمان کرد تۆمەتبارە بە درۆ.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا محمد بن أحمد بن رزق حدثنا أحمد بن علي بن عمر بن حبيش الرازي قال سمعت محمد بن أحمد بن عصام يقول سمعت محمد بن سعد العوفي يقول سمعت يحيى بن معين دەیووت: **بیستم يحيى القطان دەیووت: والله لەگەڵ أبو حنيفة دانیشتین و فەرموودەمان لێ بیست، والله من کە سەیرم دەکرد لە دەم و چاوی دەمزانی کە تەقوای الله عز وجل-ی هەیە.**

[تاريخ بغداد : 482/15]

ووتم: محمد بن أحمد بن عصام نەمدۆزییە کەس بەم ناوە بوونی هەبێ لەوانەیە هەڵە کرابێ لە ناوەکەی أحمد بن محمد بن عصام بێ والله أعلم، گەر ئەویش بێت ئەوا جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، هەروەها محمد بن سعد الكوفي الخطيب سەرەڕای تۆزێک شلیەتی لە تەوسیق کردندا بە زەعیفی داناوە، بەڵام الدارقطني دەڵێ: (لا بأس به) ئەگەرچی الدارقطني ئیمامە لە عیلمی العلل بەڵام شاراوە نیە لەلای ئەهلی عیلم کە تۆزێک شلیەتی هەیە لە تەوسیق کردندا، ئەمەش مانای ئەوە نیە تەوسیق کردنی سەنگی نەبێ بەڵام لە حاڵێکی ئاوادا کە تەنها خۆی کەسێک تەوسیق دەکات یان زانای تر موخالفی ئەویان کردووە پێویستە زیاتر بە ووردی سەیری حاڵی ڕاوییەکە بکرێ،

با بڵێین محمد بن أحمد بن عصام و محمد بن سعد هەردووکیان سیقەن، ئایا ئەم ووتەیەی یحيى القطان ووتەی زاناکانی بەشی یەکەم دەسڕێتەوە ؟!

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيرمي قال قرأنا على الحسين بن هارون عن أبي العباس ابن سعيد قال حدثنا إبراهيم بن الوليد حدثنا محمد بن إسحاق البلخي ووتی: **بیستم الحسن بن محمد الليثي دەیووت: چووم بۆ کوفە پرسیاری عابدترین کەسی شارەکەم کرد، منیان برد بۆلای أبو حنيفة، پاشان بە پیری چووم بۆ کوفە پرسیاری فەقیهترین کەسی شارەکەم کرد، منیان برد بۆلای أبو حنيفة.**
[تاريخ بغداد : 482/15]
ووتم: (أبو العباس ابن سعيد) ابن عقدة-یە ئەگەرچی حافزە بەڵام تۆمەتبارە بە درۆ.
محمد بن إسحاق البلخي زەعیفە.

الخطيب 21 ڕیوایەتی هێناوە دەربارەی زۆری شەونوێژی أبو حنيفة کە تەنها 5 دانەیان صەحیحن ئەوانی تر زەعیفن، گەر هەمووشی صەحیح بێت کارمان بەم جۆرە ڕیوایەتانە نیە، چونکە ئەوەی عەقیدەی پاک بێت بەرزی دەکەینەوە و کارمان بەوە نیە شەونوێژی هەبووە یان نا، ئەوەشی عەقیدەی پاک نەبێ نزمی دەکەینەوە و کارمان بەوە نیە شەونوێژی هەبووە یان نا، بەڵام پێم خۆشە بە کورتی ئاماژە بەوە بدەم کە ڕیوایەتەکانی 40 ساڵ بەردەوام شەونوێژ کردن و هیچ نەخەوتن لە شەودا و خەتم کردنی قورئان لە یەک ڕکعەتدا ئەمانە هەمووی درۆ و زەعیفن.
بڕوانە [تاريخ بغداد : 482/15-489]

الخطيب دەڵێ: قال النخعي حدثنا سليمان بن الربيع حدثنا حبان بن موسى ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: چووم بۆ کوفە، پرسیاری بە وەرعترین کەسی شارەکەم کرد، ووتیان: أبو حنيفة-یە. النخعي دەڵێ: سليمان ووتی: بیستم مكي بن إبراهيم دەیووت: لەگەڵ کوفییەکان دانیشتم کەسم نەدی لەوان لە أبو حنيفة بە وەرعتر بێ. [تاريخ بغداد : 489/15]**
ووتم: سليمان بن الربيع النهدي زەعیفە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني التنوخي حدثني أبي حدثنا محمد بن حمدان حدثنا أحمد بن الصلت الحماني قال سمعت مليح بن وكيع دەیووت: **بیستم باوکم دەیووت: والله أبو حنيفة زۆر ئەمانەت پارێز بوو، الله لە دڵی ئەودا زۆر گەورە بوو، وە ڕەزامەندی الله-ی پێشی هەموو شتێک دەخست، گەر شمشێری بەرکەوتبوایە لەپێناوی الله ئەوا بەرگەی دەگرت، ڕەحمەت و ڕەزای الله-ی لێبێت وەک ڕازی بوون لە چاکەکاران، بەڕاستی ئەو یەکێک بوو لەوان.** [تاريخ بغداد : 490/15]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسن بن أبي بكر أخبرنا محمد بن أحمد بن الحسن الصواف حدثنا محمود بن محمد المروزي قال سمعت إبراهيم بن عبدالله الخلال ذكروا له عن حامد بن آدم ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: کەسم نەدیوە بە وەرعتر بێ لە أبو حنيفة. إبراهيم بن عبدالله الخلال دەڵێ: پێم باشە بچم بۆلای حامد تا ئەم ڕیوایەتەی لێوە ببیستم.** [تاريخ بغداد : 491/15]

ووتم: ڕاوییەکەی نێوان إبراهيم و حامد نادیارە، وە حامد بن آدم درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الحسن أخبرنا ابن الصواف حدثنا محمود بن محمد المروزي قال سمعت حامد بن آدم دەیووت: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: کەسم نەدیوە بە وەرعتر بێ لە أبو حنيفة، بە قامچی و پارە تاقی کرایەوە.** [تاريخ بغداد : 491/15]

ووتم: حامد بن آدم درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل وأبو الفتح الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن محمد الحماني حدثنا عاصم بن علي ووتی: **بیستم قيس بن الربيع دەیووت: أبو حنيفة پیاوێکی خاوەن وەرع بوو فەقیھ بوو حەسودی پێ دەبردرا، زۆر چاکەکار بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پەنایان بۆی دەبرد، زۆر چاکەی هەبوو بەسەر براکانیدا.**

وە بیستم قيس دەیووت: النعمان بن ثابت یەکێک بوو لە پیاوە عاقڵەکان. [تاريخ بغداد : 492/15]

ووتم: (أحمد بن محمد الحماني) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: قال مكرم حدثنا أحمد بن عطية حدثنا الحسن بن الربيع ووتی: **قيس بن الربيع لە أبو حنيفة-ەوە بۆی دەگێڕامەوە کە کاڵای دەنارد بۆ بەغداد کەل وپەلی پێ دەکڕی و دەیگەڕاندەوە بۆ کوفە، قازانجی ساڵێکی لەلای خۆی کۆدەکردەوە، پێداویستی وقوت وجل و بەرگ وهەموو پێداویستی زانا فەرموودەناسەکانی دەکڕی، پاشان ئەو پارەیەی کە دەمایەوە لە قازانجەکە بەوانی دەدا و دەیووت: لە پێداویستیەکانی خۆتانی سەرف بکەن وسوپاس هیچ کەسێکیش مەکەن جگە لە الله، من لە ماڵی خۆمم پێنەداون بەڵکو فەزڵی الله-یە بەسەرمەوە کە دەیدەم بە ئێوە، ئەمەش قازانجی کاڵاکانتانە والله ئەمە ڕزقی ئێوە الله لەسەر دەستی من پێتانی دەدات، لە ڕزقی الله دا کەس توانای نیە جگە لەخۆی.** [تاريخ بغداد : 493/15]

ووتم: (أحمد بن عطية) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر الوكيل وأبو الفتح الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا يحيى الحماني ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت: بە سفيان الثوري-م ووت: ئەی باوکی عبدالله أبو حنيفة چەندە دوورە لە غەیبەت، نەمبیستووە غەیبەتی هیچ دوژمنێکی بکات، سفيان ووتی: أبو حنيفة والله لەوە عاقڵترە شتێک باڵادەست بکات بەسەر چاکەکانیدا و چاکەی لێ ببات.** [تاريخ بغداد : 497/15]

ووتم: (أحمد بن عطية) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو الوليد الحسن بن محمد الدربندي أخبرنا محمد بن أحمد بن محمد بن سليمان الحافظ ببخاري حدثنا أبو حفص أحمد بن أحيد بن حمدان حدثنا علي بن موسى القمي قال سمعت محمد بن شجاع دەیووت: **بیستم علي بن عاصم دەیووت: گەر عەقڵی أبو حنيفة بکێشرێ بەرامبەر بە عەقڵی نیوەی خەڵکی سەر زەوی ئەوا عەقڵی ئەو قورسترە.** [تاريخ بغداد : 497/15]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرني محمد بن أحمد بن يعقوب أخبرنا محمد بن نعيم الضبي قال سمعت أبا العباس

أحمد بن هارون الفقيه يقول حدثني محمد بن إبراهيم السرخسي قال حدثنا سليمان بن الربيع النهدي الكوفي قال سمعت همام بن مسلم دەیووت: **بیستم لەلای خارجة بن مصعب باسی أبو حنيفة كرا، خارجة ووتی: بە هەزار زانا گەیشتم بینیم سیانیان یان چواریان عاقڵن، جا أبو حنيفة-ی لەم سیان و چوارە ناوبرد، وە خارجة بن مصعب ووتی: هەرکەسێک بڕوای بە مسح على الخفين نەبێ یان قسە بە أبو حنيفة بڵێ ئەوا عەقڵی ناتەواوە.** [تاريخ بغداد : 497/15]
ووتم: سليمان بن الربيع النهدي زەعیفە، همام بن مسلم مەتروکە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا محمد بن علي بن عفان حدثنا محمد بن عبدالملك الدقيقي ووتی: **بیستم يزيد بن هارون دەیووت: بە خەڵکی گەیشتم کەسم نەبینی عاقڵتر و چاکتر و بە وەرعتر بێ لە أبو حنيفة.** [تاريخ بغداد : 497/15]
ووتم: ڕواڵەتی سەنەدەکەی صەحیحە، النخعي کەسێکی حەنەفی مەزهەبە لە بەشی یەکەمدا باسی ڕیوایەتە شازەکانیمان کرد.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الخلال أخبرنا الحريري أن النخعي حدثهم قال حدثنا أبو صالح البختري بن محمد حدثنا يعقوب بن شيبة قال حدثني سليمان بن منصور قال حدثني **حجر بن عبدالجبار الحضرمي ووتی: لە مزگەوتەکەی ئێمەدا چیرۆک خوان هەبوو پێیان دەووت (زرعة) جا ناوی مزگەوتەکە درابووە پاڵی لەکاتێکدا مزگەوتی الحضرمي-ەکان بوو، جا دایکی أبو حنيفة ویستی فەتوا وەرگرێ لە شتێکدا أبو حنيفة-ش فەتوای بۆدا قبوڵی نەکرد، ووتی: قبوڵی ناکەم تەنها فەتوای زرعة-ی چیرۆک خوان نەبێ، أبو حنيفة-ش دایکی هێنا بۆلای زرعة، ووتی: ئەمە دایکمە پرسیاری لێت هەیە لەم بابەتەدا، ئەویش ووتی: تۆ لە من زاناتر و فەقیهتری تۆ فەتوای بۆ بدە، أبو حنيفة ووتی: فەتوام بۆداوە بەم شێوەیە، زرعة ووتی: فەتواکە بەم شێوەیە کە أبو حنيفة ووتی، ئینجا دایکی ڕازی بوو ڕۆیشت.** [تاريخ بغداد : 501/15]
ووتم: سليمان بن مصور بۆم دەرنەکەوت کێیە، حجر بن عبدالجبار تەنها ابن حبان تەوسیقی کردووە، ابن حبان-یش بەناوبانگە بە تەوسیق کردنی مەجهولەکان وەک پێشتر باسمان کرد.

الخطيب دەڵێ: قال النخعي حدثنا محمد بن محمود الصيدناني قال حدثني محمد بن شجاع ووتی: **بیستم الحسن بن زياد دەیووت: دایکی أبو حنيفة سوێندی خوارد پاشان شکاندی، جا داوای فەتوای لە أبو حنيفة کرد ئەویش فەتوای بۆدا، پێی ڕازی نەبوو، ووتی: ڕازی نابم تەنها بە فەتوای زرعة-ی چیرۆک خوان نەبێ، أبو حنيفة-ش دایکی هێنا بۆلای زرعة، دایکیشی پرسیاری لێکرد، زرعة ووتی: من فەتوات بۆ بدەم لە کاتێکدا فەقیهی کوفە لەگەڵت دایە ؟! أبو حنيفة ووتی: بەم شێوەیە فەتوای بۆ بدە، ئەویش فەتوای بۆدا، ئینجا دایکی ڕازی بوو.** [تاريخ بغداد : 501/15]

ووتم: محمد بن شجاع درۆزنە، الحسن بن زياد تۆمەتبارە بە درۆ.

الخطيب دەڵێ: أخبرني أبو بشر محمد بن عمر الوكيل و أبو الفتح عبدالكريم بن محمد الضبي قالا حدثنا عمر بن أحمد الواعظ حدثنا مكرم بن أحمد حدثنا أحمد بن عطية حدثنا الحماني ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت: بینیم الحسن بن عمارة ڕێشمەی ئەو ئاژەڵەی گرتبوو کە أبو حنيفة لەسەری بوو، وە دەیووت: والله بە کەس نەگەیشتوون قسەی کردبێ لە فیقهدا بەلیغتر و ئارامگرترو وەڵام خێراتر بێ لە تۆ، تۆ گەورەی ئەو کەسانەی کە لە فیقهدا قسەیان کردووە لەسەردەمی خۆتدا بەبێ ڕکابەر، وە قسەشت پێ ناڵێن تەنها لەحەسودی نەبێ.** [تاريخ بغداد : 501/15]

ووتم: (أحمد بن عطية) أحمد بن الصلت-ە درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا علي بن القاسم البصري الشاهد حدثنا علي بن إسحاق المادرائي قال ذكر أبو داود يعني السجستاني ولم أسمعه منه عن نصر بن علي ووتی: **بیستم ابن داود دەیووت: خەڵکی دەربارەی أبو حنيفة حەسود و جاهیلن، وە باشترین حاڵیان لەلای من جاهیلەکەیە.** [تاريخ بغداد : 502/15]

ووتم: علي بن إسحاق المادرائي خۆی دانی پێدانا کە لە أبو داود-ی نەبیستووە، واتا پچڕان هەیە لە سەنەدەکەدا، ابن داود کە خاوەنی ووتەکەیە عبدالله بن داود الخريبي-ە پێشتر باسمان کرد.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا محمد بن الحسن بن أحمد الأهوازي حدثنا أبو بكر محمد بن إسحاق بن إبراهيم القاضي بالأهواز قال حدثني محمد بن محمد بن عزرة حدثنا أبو الربيع الحارثي ووتی: **بیستم عبدالله**

بن داود دەیووت: خەڵکی دەربارەی أبو حنیفة دوو جۆرن: کەسێک جاهیلە بە حاڵی وکەسێکیش حەسودی پێ دەبات. [تاريخ بغداد : 502/15]

ووتم: الأهوازي شێخەکەی الخطیب تۆمەتبارە بە درۆ.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الأهوازي حدثنا محمد بن إسحاق القاضي حدثنا محمود بن محمد الواسطي قال حدثنا سفيان بن وكيع ووتی: **بیستم باوکم دەیووت: چوومە لای أبو حنيفة بینیم سەری نزم کردووە بیر دەکاتەوە، پێی ووتم: لەکوێوە دێی ؟ ووتم: لەلای شريك، سەری بەرز کردەوە ئەم شیعرەی ووت:**

إن يحسدوني فإني غير لائمهم * قبلي من الناس أهل الفضل قد حسدوا**

فدام لي ولهم ما بي وما بهـــم * ومات أكثرنا غيظا بما يجـــــــــــــد**

واتا: گەر حەسودیم پێ دەبەن ئەوا من لۆمەیان ناکەم، لە پێش منیش خەڵکی لە ئەهلی فەزل حەسودیان پێ براوە، جا بۆ منیش و بۆ ئەوانیش بەردەوام بوو من چیم تێدایە و ئەوان چیان تێدایە، وە زۆربەمان مردین لە داخی ئەو حەسودیەی هەمانە لە دڵدا.

وكيع دەڵێ: وابزانم قسەیەکی پێگەیشتبوو لە شريك. [تاريخ بغداد : 502/15]

ووتم: الأهوازي تۆمەتبارە بە درۆ، سفيان بن وكيع زەعیفە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أحمد بن علي بن الحسين التوزي قال حدثنا الحسن بن الحسين بن حمكان الفقيه الشافعي قال سمعت أبا نصر أحمد بن نصر البخاري يقول سمعت أبا عبدالله الزعفراني دەیووت: **لەلای محمد بن الحسن باسی حەسودی بردنی خەڵک کرا بە أبو حنيفة، ئەویش ووتی:**

محسدون وشر الناس منزلة * من عاش في الناس يوما غير محسود**

واتا: حەسودی پێ براوان ! وە خراپترین پلەی خەڵکیش ئەوکەسەیە کە لەناو خەڵکیدا ڕۆژێک بژی وکەسیش حەسودی پێ نەبات. [تاريخ بغداد : 503/15]

ووتم: الحسن بن الحسين بن حمكان زەعیفە، وە پچڕانیش هەیە لەنێوان أبو عبدالله الزعفراني و محمد بن الحسن، وە محمد قوتابی أبو حنيفة بووە چاوەڕوانکراوە زۆر لەوەش زیاتر مەدحی بکات.

الخطيب دەڵێ: حدثنا أحمد بن علي البادا أخبرنا أحمد بن إبراهيم بن شاذان حدثنا محمد بن الحسين بن حميد بن الربيع حدثنا سليمان بن الربيع بن هشام النهدي قال سمعت الحارث بن إدريس دەیووت: **أبو وهب العابد ووتی: کەم کەس هەیە باوەڕی بە مسح على الخفين نەبێ یان قسە بە أبو حنیفة بڵێ ئیللا عەقڵی ناتەواوە.** [تاريخ بغداد : 503/15]

ووتم: سليمان بن الربيع النهدي زەعیفە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا التنوخي قال حدثني أبي قال حدثنا محمد بن حمدان بن الصباح قال حدثنا أحمد بن الصلت الحماني ووتی: **بیستم پرسیارلە يحيى بن معين کرا دەربارەی أبوحنیفة ئایا سیقەیە لە فەرموودەدا ؟ ووتی: بەڵێ سیقەیە سیقەیە، واللە لەوە بە وەرعترە کە درۆ بکات، وە قەدری لەوە گەورەترە کە درۆ بکات.** [تاريخ بغداد : 581/15]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا الصيمري قال أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرئ قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد بن عطية ووتی: **پرسیارکرا لە يحيى بن معين ئایا سفيان ڕیوایەتی کردووە لە أبو حنیفة؟ ووتی: بەڵێ، أبو حنیفة سیقە و صدوق بوو لە فەرموودە و فیقهدا، ئەمین بوو لەسەر دینی الله.**
[تاريخ بغداد : 581/15]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الخطيب دوای هێنانی ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی أبو حنیفة لە کۆتاییدا دەڵێ: **ڕیوایەتمان هێنا لە أيوب السختياني و سفيان الثوري و سفيان بن عيينة و أبو بكر بن عياش و جگە لەوانیش لە پێشەوایان ڕیوایەتێکی زۆر کە مەدح و ستایشی أبو حنیفة لەخۆ دەگرێت، وە ئەوەی صەوابە لەلایەن نەقلکەرانی فەرموودە لە پێشەوایانی المتقدمين و ئەوانەشی کە ناومان هێنان دەربارەی أبو حنیفة پێچەوانەی ئەم ووتانەیە، وە ووتەکانیان دەربارەی أبو حنیفة زۆرە بەهۆی شتی ناشرینەوە کە لێیەوە گێڕدراوتەوە هەندێکیان پەیوەستە بە أصولی دین و هەندێکیشی بە فروع.**

وە ئێمەش باسیان دەکەین بە ویستی اللە. [تاريخ بغداد : 504/15]

ڕیوایەتەکانی کتێبی (فضائل أبي حنيفة)

لە سەرەتای بەشی دووەم باسی ئەم کتێبە و حاڵی نەوە و باوک و باپیرەکەمان کرد کە هەر سێکیان حاڵیان نادیارە بەڵکو نەوەکە لەسەر مەزهەبی ڕافیزە زندیقەکان حوکمی کردووە کاتێک بۆتە قازی، لەوانەیە کەسێک بپرسێ مادام سێ ڕاوی مەجهول لە سەنەدی ڕیوایەتەکانی ئەم کتێبە هەیە بۆچی ڕیوایەتەکان نەقل دەکەیت لەکاتێکدا هەر لە سەرەتاوە زانیمان ئەم کتێبە پشتی پێ نابەسترێ ؟ لەبەر ئەوە ڕیوایەتەکانی ئەم کتێبە دەهێنم چونکە خەڵکی بە گشتی تەنها مەتنی ڕیوایەتەکان دەبینێت و بەڵگەی پێ دەهێنێتەوە ئاگاداری ئەوە نیە کە حاڵی سەنەدەکە چۆنە، جا بۆیە ڕیوایەتەکانی ئەم کتێبە دەهێنم تا بزانن ئەوانەی لەم کتێبەدا هاتوون یان درۆن یان زەعیفن، ئینجا وانەبێ کە ڕاوییەکانی تر هەمووی سیقە بن تەنها کێشە لەم نەوە و باوک و باپیرەیە بێت بەڵکو زۆربەی سەنەدەکان درۆن یان زەعیفن بەهۆی ڕاوی ترەوە جگە لەم سیانە، مەگەر تەنها لە دوو بۆ سێ سەنەد هەموو ڕاوییەکانی سیقە بن ئەوکات بەم سیانە تەزعیفی دەکەین، جا بۆیە هەر ڕیوایەتێکی ئەم کتێبە کە دەخوێنیتەوە پێشەکی ئەم شتە بخەرە مێشکتەوە کە ئەم سەنەدە سێ ڕاوی مەجهولی تێدایە، چونکە من باسی حاڵی ئەم سیانە ناکەم تەنها باسی ڕاوییەکانی تر دەکەم، وە لەم کتێبەدا کە 505 ڕیوایەت هاتووە دەربارەی أبو حنيفة، 256 ڕیوایەتی تەنها تایبەتە بەو کەسانەی کە فەرموودەیان لە أبو حنيفة ڕیوایەت کردووە یان پرسیاری فیقهیان لێی کردووە بەو مەبەستە هێناویەتی کە أبو حنيفة قوتابی زۆر بووە، وە ژمارەیەکی زۆری باسی ساڵی لەدایکبوون و مردنی دەکات، هەروەها ساڵی وەفاتکردنی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ تا ئەوەی پێ بسەلمێنێت کە أبو حنيفة تابعی بووە کە ئەمەش نەچەسپاوە خیلاف هەیە أنس-ی دیوە یان نا ئەگینا بۆ فەرموودە بیستن لە هیچ هاوەڵێک فەرموودەی نەبیستووە، الدارقطني دەڵێ: نە هیچ هاوەڵێکی بینیوە و نە لە هیچ هاوەڵێک فەرموودەی بیستووە، لە ڕیوایەتێکدا هاتووە کە أبو حنيفة دەڵێ بە منداڵی أنس-م دیوە بەڵام خیلاف لەسەر ڕاوییەکی سەنەدەکە هەیە کە حاڵی دیار نیە، بەهەرحاڵ تابعیش بێت گرنگ نیە گەرکۆنی سەردەم پێوەربێ ئەوا جەعد و جەهم لەو کۆنترن، هەروەها ژمارەیەک ڕیوایەتی

زۆر دەربارەی شێوە و جل و بەرگ و خۆڕەوشت و ئەمانەت پارێزی و چاکەکردنی لەگەڵ دایکی و خێرو چاکەکاری و هاوشێوەی ئەمانە هاتووە کە هیچ کام لەمانەم نەقل نەکردووە چونکە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، وە ژمارەیەک ڕیوایەتیش هاتووە کە لە بەرژەوەندی أبو حنيفة-یە بەڵام لە کتێبەکەی الخطيب یان ابن عبدالبر هاتووە بۆیە دووبارەم نەکردۆتەوە، چونکە گەر لەم دوو کتێبە بە صەحیحی هاتبێ پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، گەر لەم دوو کتێبەش بە زەعیفی هاتبێ ئەوا لەم کتێبەش هەر بە زەعیفی هاتووە بۆیە دووبارەم نەکردۆتەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد أبو بشر قال حدثني محمد بن حماد بن المبارك قال حدثني محمد بن سليمان قال حدثنا **خالد بن يزيد الزيات** **ووتی: أبو حنيفة گەر قسەکەی ڕاستیش بوایە ئەوا هەرگیز سوێندی نەدەخوارد بە الله عز وجل ئەگەرچی لەت کرابوایە، جا بردیان بۆلای هەندێک کار بەدەستی کوفە ووتیان أبو حنيفة دەڵێ قورئان مەخلوقە، گەر ئینکاری لێکرد سوێندی بدە، چونکە دەیانزانی ئەو سوێند ناخوات گەر سوێندیش بخوات ئەوا ڕاستگۆیە، جا والی أبو حنيفة-ی هێنا و خەڵکی بۆ کۆکردەوە و پێی ووت: ئەمانە چی دەڵێن دەربارەی تۆ ؟ أبو حنيفة ووتی: چی دەڵێن ؟ ووتی: دەڵێن تۆ دەڵێی قورئان مەخلوقە ! أبو حنيفة ووتی: إن شاء الله ڕاستی دەڵێم، کەسم نەدیوە وابڵێ و مشتومڕ بکات لەبارەیەوە، ئەمە ووتەیەکە دڵ پێی تەنگ دەبێ، والی ووتی: سوێند دەخۆی کە وات نەووتوە ؟ أبو حنيفة ووتی: الله تبارك وتعالى دەزانێت کە من پێچەوانەی ئەوەم کە ئەوان باسی دەکەن، والی ووتی: سوێند دەخۆی کە وات نەووتوە ؟ أبو حنيفة ووتی: الله لەلای من گەورەترە لەوەی کە سوێندی پێ بخۆم بە ڕاستگۆیی یان بە درۆ، والی پێی ووت: سزات دەدەم گەر سوێند نەخۆی، أبو حنيفة ووتی: بیکە، والی فەرمانی کرد جلەکانی لەبەر داکەنن، جا کاتێک لاوازی جەستە و پیری أبو حنيفة-ی بینی پێی ووت: ئایا تەوبە دەکەیت ؟ أبو حنيفة ووتی: ئەو شتەی بانگەشەی دەکەن دەربارەی من هەرگیز نەم ووتوە و عەقیدەم وانەبووە، پێی ووت: تەوبە بکە، أبو حنيفة ووتی: یا الله تەوبەمان لێ قبوڵ بکە. خالد بن یزید الزیات دەڵێ: ئینجا ووترا: أبو حنيفة استتابە کرا، أبو**

حنيفة استتابه كرا. [فضائل أبي حنيفة : 80] ت: لطيف الرحمن البهرائجي القاسمي

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك الهاشمي مەجهولە.

مەبەست لەهێنانی ئەم ڕیوایەتە ئەوەیە گوایە درۆیە أبو حنيفة استتابه نەکراوە بەسەر هاتەکە بەم شێوەیە بووە نەیارانی أبو حنيفة کردوویانە بە استتابه، بەڵام لە بەشی یەکەمدا بە چەندەها ڕیوایەت و ووتە ئەم ڕاستیەمان سەلماند، پاشان ئەم ڕیوایەتە گەر بڵێم بۆنی درۆی لێدێت ئەوا وانازانم زیادەڕەویم کرد بێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ سوێندی خواردووە خۆ أبو حنيفة لە پێغەمبەر بە تەقواتر و خاوەن وەرعتر نیە تا بڵێ سوێند ناخۆم هەرگیز، ابن القیم دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە 80 فەرموودەدا سوێندی خواردووە، پاشان ئەم کارەی تەواو پێچەوانەی فەرموودەیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (البينة على المدعي واليمين على من أنكر) واتا: ئەو کەسەی بانگەشەی شتێک دەکات دەبێ بەڵگەی هەبێت ئەو کەسەش کە ئینکاری لێ دەکات دەبێ سوێند بخوات، لێرەدا أبو حنيفة شایەتی لەسەر دراوە کە وتوویەتی قورئان مەخلوقە ئەویش ئینکاری لەوە دەکات کەواتە بە دەقی فەرموودە لەسەریەتی سوێند بخوات.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا علي بن الحسن بن شقيق ووتی: بیستم باوکم دەیووت: **پرسیارم لە عبدالله بن المبارك کرد، ووتم: ئەی باوکی عبدالرحمن ئایا أبو حنيفة استتابه کراوە ؟ بێدەنگ بوو، پاشان دوای مانگێک گەڕامەوە بۆ پرسیارلێکردنی، ابن المبارك پێی ووتم: پەنا دەگرم بە الله لە دژایەتی زاناکان، پەنا دەگرم بە الله لە دژایەتی ئەو کەسانەی دراونەتە پاڵ سیرە.**

[فضائل أبي حنيفة : 81]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك باسمان کرد مەجهولە، باوکی علي واتا الحسن بن شقيق نەمبینی جەرح و تەعدیلی بۆ کرابێ جگە لەوەی ابن حبان لە کتێبی (الثقات) ناوی هێناوە، پێشتر باسی ئەم جۆرە ڕاویانەمان کرد کە ابن حبان هیچ قسەی لەسەر نەکردوون.

مەبەست لەهێنانی ئەم ڕیوایەتەش واتا زاناکان بە گشتی و زاناکانی سیرە بە تایبەتی دژایەتیکەری

خەڵک بوونە أبو حنيفة-ش یەکێکە لەوانەی کە دژایەتی کراوە بە ناحەق، بۆیە ابن المبارك پەنا دەگرێت بە الله لێیان، وا گومان دەبەم لە زانایانی سیرەش مەبەستی الأوزاعي و قوتابیەکەی بێت الفزاري، سەرەڕای زەعیفی ڕیوایەتەکە باسمان کرد کە ابن المبارك لەکۆتایی تەمەنیدا پەشیمان بۆتەوە لە نزیکبوونەوە و مەدحکردنی أبو حنيفة.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن المبارك قال حدثنا محمد بن سليمان قال حدثني محمد بن الحسن الهمداني ووتی: **پرسیارکرا لە عبدالسلام بن حرب الملائي دەربارەی أبو حنيفة، ئایا استتابە کرا ؟ ووتی: الله لێت خۆشبێ براکەم، داوای لێخۆشبوون بکە لە الله لەم ووتەیە، ئەم شتەیان بڵاو کردەوە تا أبو حنيفة-ی پێ ناشرین بکەن.** [فضائل أبي حنيفة : 82]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە، محمد بن الحسن الهمداني زەعیفە بەڵکو تۆمەتباریش کراوە بە درۆ لای هەندێک لە زانایان.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال سمعت محمد بن حماد يقول سمعت الحسن بن إسماعيل بن مجالد قال سمعت وكيع بن الجراح دەیووت: **بیستم مسعر بن كدام دەیووت: زانایانی سیرە حەسودیان بە النعمان بن ثابت برد بەهۆی تێگەیشتن و عیلمەکەی، جا ناشرینیان کرد.** [فضائل أبي حنيفة : 83]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە، هەروەها باسمان کرد کە مسعر بن كدام مورجیئە بووە مەیلی هەبووە بەلای أبو حنيفة.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال وجدت في كتابي من حديث الحسن بن حماد سجادة وقد حدثت به عنه قال حدثنا أبو قطن عمرو بن الهيثم ووتی: **ویستم بچم بۆ کوفە بە شعبة-م ووت: نامە بۆ کێ دەنێریت لە کوفە ؟ ووتی: أبو حنيفة و سفيان الثوري، ووتم: بنوسە من بۆیان دەبەم، ئەویش نوسی، منیش گەیشتم بە کوفە پرسیم کامەیان بە تەمەنترن لە أبو حنيفة و**

سفيان ؟ ووتيان: أبو حنيفة، منيش نامەکەم پێیدا، أبو حنيفة ووتی: براکەم چۆنە أبو بسطام ؟ ووتم: باشە، جا کاتێک نامەکەی خوێندەوە ووتی: ئەوەی لەلای ئێمە بێ بۆ تۆی دەبەخشین، وە ئەوەی لەلای کەسانی تر بێ داوای یارمەتیمان لێبکە یارمەتیت دەدەین، وە چووم بۆلای الثوري نامەکەم پێیدا، هەمان قسەی أبو حنيفة-ی پێ ووتم، پێم ووت: شتێک لە تۆوە ڕیوایەت دەکەن کە دەڵێی أبو حنيفة دوو جار استتابە کراوە لە کوفر، ئایا ئەو کوفرەیە کە دژی ئیمانە ؟ ووتی: کەس پرسیاری لێنەکردووم دەربارەی ئەم بابەتە لەو ڕۆژەوەی باسم کردووە جگە لە تۆ، سەری هێنایە خوارەوە پاشان ووتی: نەخێر ئەو کوفرە نیە کە دژی ئیمانە، بەڵام واصل الشاري (کەسێکە لە خەواریج) هاتە ناوکوفە، ئینجا کۆمەڵێک چوونە لای پێیان ووت: کەسێک هەیە لێرەدا کەسانی خاوەن تاوان تەکفیر ناکات، مەبەستیان أبو حنيفة بوو، ئەویش ناردی بەدوایدا و ئامادە بوو لەبەردەمی، پێی ووت: ئەی پیرە پیاو بیستوومە تۆ خاوەنی تاوان تەکفیر ناکەیت ؟ أبو حنيفة ووتی: ئەمە مەزهەبی منە، ئەویش ووتی: ئەمە کوفرە، گەر تەوبە بکەی لێتی قبوڵ دەکەین، وە ئەگەر تەوبە نەکەی دەتکوژین، أبو حنيفة ووتی: لەچی تەوبە بکەم ؟ ووتی: لەمە، أبو حنيفة ووتی: من تەوبەم کرد لە کوفر، پاشان هاتە دەرەوە، ئینجا کۆمەڵێک لە هاوەڵانی المنصور (خەلیفەی عەباسی) واصل-یان دەرکرد لە کوفە، پاشان دوای ماوەیەک واصل هاتەوە کوفە، هەمان کۆمەڵ هاتنەوە لای ووتیان: ئەو پیاوەی کە تەوبەی کرد گەڕاوەتەوە سەر ووتەکەی خۆی، ئەویش ناردی بەدوایدا و لە بەردەمی ئامادە بوو، ووتی: ئەی پیرە پیاو پێم گەیشتووە کە تۆ گەڕایتەوە سەر ووتەکەی خۆت، أبو حنيفة ووتی: کامە ؟ ووتی: تۆ خاوەنی تاوان تەکفیر ناکەیت، أبوحنيفة ووتی: ئەمە مەزهەبی منە، ووتی: ئەمە لەلای ئێمە کوفرە، گەر تەوبەی لێ بکەی لێتی قبوڵ دەکەین گەر تەوبە نەکەی دەتکوژین، سفيان ووتی: خەواریجەکان کەس ناکوژن تا سێ جار استتابەی نەکەن، أبو حنيفة ووتی: لەچی تەوبە بکەم ؟ ووتی: لە کوفر، أبو حنيفة ووتی: من تەوبەم کرد لە کوفر، سفيان ووتی: ئەمە ئەوکوفرە بوو کە استتابەی پێکرا لەسەری. [فضائل أبي حنيفة : 84]

ووتم: ابن أبي العوام-ی باپیرە نەگەیشتووە بە الحسن بن حماد سجادة پچڕان هەیە لەنێوانیان، هەروەک المعلمي لە التنكيل ئاماژەی پێداوە، ابن أبي العوام پێشتر باسمان ساڵی 344 ڕیوایەتی

کردووە واتا ئەوکات لە ژیاندا بووە، الله أعلم ساڵی چەند مردووە بۆیە مەحاڵە بەیەکتر بگەن چونکە الحسن بن حماد سجادة ساڵی 241 مردووە.
کاتێک ئەم ڕیوایەتەم وەرگێڕا وا هەستم دەکرد کە سیناریۆیەکی دروستکراو وەردەگێڕم، واتای چی سفيان الثوري بزانێت خەواریج لەسەر شتێکی باطل استتابەیان بە أبو حنيفة کردووە کەچی سفیان ئەم هەڵە بقۆزێتەوە لەناو خەڵکیدا بڵێ أبو حنيفة استتابەی پێکراوە لە کوفردا دوو جار!
گەر ئەمە ڕاست بێت پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچەوانی سفیان چونکە ڕاستیەکانی گۆڕیوە و خۆڵی کردۆتە چاوی خەڵکەوە حاشا لە سفیان کە کاری ئاوا بکات، وەک ئەوە وایە بڵێم ئیمام علي تەکفیر کراوە ڕوون کردنەوەش نەدەم خەڵک وا تێبگەن ئیمام علي کوفری هەبووە، خۆ دەبێت بڵێم خەواریج تەکفیریان کرد تا خەڵکی بزانن تەکفیرەکە باطلە، پاشان ئەم استتابە کردنەی أبو حنيفة لە کوفر دوو جار هێندە باوە هەر چەند هەوڵی بۆ بدرێت ناتوانرێ ڕەت بکرێتەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم البرتي قال حدثني ابن أبي رزمة قال سمعت أبا وهب قال سمعت أبا يحيى ووتی: **بە النضر بن محمد-م ووت: أبو حنيفة بڕوای بە خروج هەبوو بە شمشێر ؟ ووتی: پەنا بە الله.**
[فضائل أبي حنيفة : 85]
ووتم: أبو يحيى نەمزانی کێیە، النضر بن محمد هاوەڵی أبو حنيفة بووە وەک ئەو مورجيئە بووە گەر ئەو نەفی ئەم شتە بکات کەسانی زۆر لەو زاناتر ئیثباتی دەکەن، تەنانەت شێتی أبو حنيفة الكوثري ئینکاری لێ ناکات کە ئەمە مەزهەبی أبو حنيفة بووە خروج کردن لە حاکمی زاڵم.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم قال حدثني ابن أبي رزمة عن عبدان ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: کە دەبیستم باسی أبوحنيفة دەکەن بە خراپە دڵم پێی تەنگ دەبێ، وە دەترسم لە تورەیی الله عز وجل بەسەریاندا.** [فضائل أبي حنيفة : 86]
ووتم: بەسەرهاتی نێوان ابن المبارك و أبو حنيفة زۆرمان باسکرد.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال أبو أحمد إبراهيم بن أحمد الترمذي قال سمعت أبا نصر محمد بن محمد بن سلام البلخي قال سمعت نصير بن يحيى البلخي دەیووت: **بە أحمد بن حنبل-م ووت: ئێوە سەرزەنشتی چ شتێکتان دەکرد لەو پیاوە مەبەستم أبو حنيفة-یە ؟ ووتی: ڕەئی، ووتم: ئەمە مالك بن أنس-ە ئایا بە ڕەئی فەتوا نادات ؟ ووتی: بەڵێ بەڵام ڕەئی أبو حنيفة لە کتێبدا مایەوە، ووتم: ڕەئی مالك بن أنس-یش لە کتێبدا مایەوە، ووتی: أبو حنيفة ڕەئی لە مالك زیاتر بوو، ووتم: ئەی بۆچی قسەتان دەربارەی ئەو نەکرد بە قەدەر خۆی، قسەشتان دەربارەی ئەوی تر نەکرد بە قەدەر خۆی ؟ ئینجا أحمد بێدەنگ بوو.** [فضائل أبي حنيفة : 90]

ووتم: إبراهيم بن أحمد الترمذي نەمدۆزییەوە، محمد بن سلام البلخي و نصير بن يحيى البلخي جەرح و تەعدیلیان بۆ نەکراوە، دوو فەقیهی حەنەفین.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال سمعت أبا محمد القاسم بن جعفر بن محمد البصري المعروف بابن شدويه يحكي عن بعض أصحابه عن **أبي يوسف ووتی: چوومە لای أبو حنيفة پرسیاری بابەتێکم لێکرد ئەویش وەڵامی دامەوە، پێم ووت: بەڵگەت چیە لەم وەڵامەدا ؟ ووتی: ئەمە و ئەوەیە، منیش هەڵسام لەلای، بەلای ابن أبي ليلي و ابن شبرمة تێپەڕیم پرسیاری بابەتەکەم لێکردن، وەڵامێکی تریان دامەوە جیا لە وەڵامەکەی أبو حنيفة، پێم ووتن: بەڵگەتان چیە لەم وەڵامەتاندا ؟ ئەوانیش باسی بەڵگەکانیان کرد، منیش ووتم: کەسێکی تر هەیە وەڵامی بەم شێوەیە و بەڵگەکەشی ئەمە و ئەوەیە، ئەوانیش وەڵامەکە و بەڵگەکەیان بەلاوە جوان بوو ووتیان ئێمەش هەمان شت دەڵێین، ووتم: ئەمە وەڵامی أبو حنيفة بوو، جا وازیان لەو وەڵامە هێنا کە بەلایانەوە جوان بوو، وە دەستیان کرد بە زەمکردنی.** [فضائل أبي حنيفة : 91]

ووتم: ابن شدويه نەمدۆزییەوە، هەروەها ڕاوی نێوان ئەو و أبو يوسف دیار نیە کێیە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال سمعت يموت بن المزرع بن يموت العبدي دەیووت: **بیستم عمرو بن بحر الجاحظ دەیووت: خەڵکی دەربارەی أبو حنيفة دوو جۆرن: حەسود**

و جاهیل، حەسودەکە ناتوانێ ئەوە بکات کە أبو حنیفة کردوویەتی، وە جاهیلەکەش نازانێ أبو حنیفة چی دەڵێ. [فضائل أبي حنيفة : 94]

ووتم: کەسانێک هەن کە مەدحی کەسێک دەکەن خودی مەدحەکە زەمە، کەسێکی وەک الجاحظ کە موعتەزیلەیەکی کافرە قوتابی إبراهيم بن سيار النظام بووە کە ئێستا نەززامیە زندیقەکان دراونەتە پاڵ ناوی ئەم کەسە، هەروەها تۆمەتبارە بە زندیق بوون و نوێژ نەکردن و ڕۆژوو نەگرتن، هەروەها تۆمەتبارە بە درۆ لە فەرموودەدا، وە بێ ئەدەب و زمان پیس و گاڵتەجارە، کەسێکی لەم شێوەیە مەدحت بکات و لێت ڕازی بێت دەبێ تۆ چ جۆرە کەسێک بیت، دواتر کوا نرخی ووتەی الجاحظ ؟

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني أبو بشر الدولابي قال حدثنا محمد بن شجاع قال سمعت محمد بن عبيد الطنافسي دەیووت: **بیستم أبو معاوية الضرير دەیووت: بەردەوام سفيان الثوري پێش دەخرا لەلای ئێمە تا ئەو کاتەی قسەی بە أبو حنیفة ووت، رحمهما الله.**
[فضائل أبي حنيفة : 98]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنێکی ناودارە پێشتر باسمان کرد، أبو معاوية مورجیئە بوو گەر ڕاستیش بوایە گرنگ نیە بەلامانەوە ووتەکەی.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا إبراهيم بن سعيد ووتی: بیستم أبا نعيم دەیووت: **کاتێک أبو حنیفة مرد بیستم علي بن صالح بن حي دەیووت: موفتی عیراق ڕۆیشت، فەقیهی ئەهلی عیراق ڕۆیشت.**
[فضائل أبي حنيفة : 104]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم البرتي قال حدثني أبو حفص المروزي قال سمعت علي بن الحسن بن شقيق دەیووت: **ابن**

المبارك ووتی: ووتەی أبو حنیفة لەلای ئێمە وەک ئەثەر وایە گەر ئەثەر نەبێت لە بابەتەکەدا. [فضائل أبي حنيفة : 113]

ووتم: أبو حفص المروزي نەمدۆزییەوە، کەسێکی تر هەیە بەناوی أبو حفص المروزي ناسراو بە ابن علك بەڵام لە چینی علي بن الحسن بن شقيق نیە تا بڵێین خۆیەتی چونکە علي 225 مردووە، ابن علك 325 مردووە، واتا 100 دوای مردنی علي ژیاوە ئەی کاتێک ئەم ڕیوایەتەی لە علي بیستووە تەمەنی چەند بووە ؟! بۆیە دوورە کە ئەمە ابن علك بێت.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم البرتي قال حدثنا محمد بن عبدالعزيز بن أبي رزمة قال حدثني نعيم بن بكار الفرغاني ووتی: **بیستم أحمد بن حرب النيسابوري دەیووت: أبو حنيفة لەنێو زانایاندا وەک خەلیفە وابوو لەنێو ئەمیرەکاندا.** [فضائل أبي حنيفة : 115]

ووتم: نعيم بن بكار الفرغاني نەمدۆزییەوە، دواتر أحمد بن حرب النيسابوري کەسێکی مورجیئەیە بانگەوازی بۆ ئیرجاء دەکرد وەک ابن حبان باسیکردووە، هەروەها الخطيب دەڵێ: أحمد بن حرب لەلای کەررامیەکان زۆر گەورە بوو، کەررامیەکان یەکێکن لە گروپەکانی مورجیئە کە ئێستا بوونیان نەماوە، بۆیە ئاساییە مەدحی مورجیئەیەکی وەک خۆی بکات.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني أحمد بن محمد بن سلامة قال حدثني أبو خازم القاضي عبدالحميد بن عبدالعزيز قال حدثنا سعيد بن روح عن **عبدالله بن داود الخريبي: پیاوێک پرسیاری لێکرد ووتی: خەڵکی لە چ شتێک ڕەخنەیان لە أبو حنيفة گرت ؟ ووتی: والله نازانم ڕەخنەیان لێ گرتبێ لە شتێک تەنها ئەوە نەبێ ئەو دەیووت و دەیپێکا، ئەوان دەیانووت و هەڵەیان دەکرد.** [فضائل أبي حنيفة : 120]

ووتم: سعيد بن روح نەمدۆزیەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال سمعت أحمد بن علي بن الحسن بن شعيب

المدائني يقول سمعت إسماعيل بن يحيى المزني دەیووت: **بیستم الشافعي محمد بن إدريس دەیووت: خەڵكی لەسەر أبو حنيفة حیسابن لە فیقهدا.** [فضائل أبي حنيفة : 122]
ووتم: أحمد بن علي بن الحسن لە هەندێک کتێب بە الحسن هاتووە لە هەندێکی بە الحسين.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال وسمعت محمد بن محمد بن الأشعث الكوفي يقول سمعت يونس بن عبدالأعلى دەیووت: **بیستم الشافعي دەیووت: هیچ کەسێک نیە داوای فێربوونی فیقهـ بکات ئیللا لەسەر أبو حنيفة حیسابە.** [فضائل أبي حنيفة : 123]
ووتم: محمد بن محمد بن الأشعث الكوفي تۆمەتبارە بە درۆ.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا علي بن الحسن بن شقيق قال سمعت أبي يذكر عن **عبدالله بن المبارك ووتی: پرسیارم لە أبو عبدالله سفيان بن سعيد الثوري کرد ئایا بانگەوازکردنی دوژمن لە ئەمڕۆدا واجبە؟ ووتی: دەزانن لەسەرچی کوشتاریان لەگەڵ دەکرێت، ابن المبارك ووتی: پێم ووت: أبو حنيفة دەربارەی بانگەواز پێت گەیشتووە کەچی دەڵێ، سفيان چاوی لارکردەوە ووتی: شتەکانی ئەوت نوسیوەتەوە ؟ ووتم: بەڵێ، جا سفيان سەری لارکردەوە ئینجا ئاوڕی دایەوە بەلای ڕاست و چەپدا پاشان ووتی: أبو حنيفة زۆر بە توندی زانستی وەردەگرت، بەرگری لە حەرامی الله عز وجل دەکرد کە نابێت حەلال بکرێت، ئەو فەرموودانەی وەردەگرت کە صەحیح بوون بەلایەوە و کەسانی سیقە نەقلیان دەکرد، وە دوا کاری پێغەمبەر ﷺ وەردەگرت، وە ئەو شتانەش کە زانایانی کوفە لەسەری بوون، پاشان کەسانێک ناشرینیان کرد، نستغفر الله، نستغفر الله.**
[فضائل أبي حنيفة : 144]
ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە، هەروەها باوکی علي باسمان کرد، پاشان باوکی علي لەنێوان خۆیی و ابن المبارك پچڕان هەیە لێرەدا هەروەک لە صیغەی ئەداکردنی دیارە دەڵێ: يذكر عن عبدالله بن المبارك، صیغەی تەمریض-ە کە صیغەیەکی زەعیفە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال وحدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن إبراهيم بن هاشم قال سمعت أبي يقول سمعت وكيع بن الجراح دەیووت: **بیستم أبو حنيفة دەیووت: میز کردن لەناو مزگەوتدا باشترە لە هەندێک قیاس.** [فضائل أبي حنيفة : 147]

ووتم: محمد بن إبراهيم بن هاشم بن مشكان خۆیی و باوكی جەرح و تەعدیلیان بۆ نەکراوە.

مەبەست لەهێنانی ئەم ڕیوایەتەش ئەوەیە کە گوایە خەڵکی دەڵێن أبو حنيفة زیادەڕەوە لە بەکارهێنانی قیاس، ئەوەتا ئەو بەم شێوەیە باسی قیاس دەکات.

ئەم ڕیوایەتە یان دەستکاری کراوە یان بە ماناوە نەقل کراوە وماناکەی گۆڕدراوە، ئەگینا ڕیوایەتەکە لەدژی أبو حنيفة-یە، وە پاشان أصولی أبو حنيفة ڕوونە کە زیادەڕەوی کردووە لە بەکارهێنانی قیاس ئەمە شتێک نیە شاراوە بێت.

عبدالله دەڵێ: حدثت عن يزيد بن عبد ربه ووتی: **بیستم وكيع بن الجراح کاتێک هات بۆ لامان لە حمص لەساڵی 193 دەیووت: خۆتان بپارێزن لە ڕەئی أبو حنيفة، من بیستم پێش ئەوەی دەست بداتە قیاس دەیووت: میزکردن لەناو مزگەوتدا باشترە لە هەندێک قیاس.** [السنة : 385]

ووتم: وەک دەبینن ڕیوایەتەکە چۆنە واتا پێش ئەوەی دەست بداتە قیاس وای ووتوە، بەڵام بۆیە ئەم ڕیوایەتەم نەهێنا لە بەشی یەکەم چونکە شێخی عبدالله دیار نیە کێیە، بەڵام بەهەر جۆرێک بێت ئەم سەنەدە پاکترە لەوەی ابن أبي العوام، وە هەروەها الخطيب بە دوو سەنەدی تر هێناویەتی کە صەحیحن.

الخطيب دەڵێ: أخبرنا أبو الحسن بن رزقويه حدثنا أحمد بن جعفر بن محمد بن سلم حدثنا أحمد بن علي الأبار، وأخبرنا محمد بن الحسين بن الفضل أخبرنا دعلج أخبرنا الأبار أخبرنا أبو عمار المروزي عن وكيع قال: قال أبو حنيفة، وفي حديث ابن الفضل حدثنا أبو عمار ووتی: بیستم وكيع دەیووت: **بیستم أبو حنيفة دەیووت: میزکردن لەناو مزگەوتدا باشترە لە هەندێک قیاس. وكيع ووتی: ئەمە لەدژیەتی. الخطيب دەڵێ: لە ڕیوایەتی ابن رزقويه ئەمەی زیادکردووە: نەک لە بەرژەوەندی ئەو بێت.**

[الفقيه والمتفقه : 509/1]

ووتم: أبو الحسن بن رزقويه لەم چاپەدا بۆتە أبو الحسين بن رزقويه كە هەڵەيە.
الخطيب بە دوو سەنەد لەڕێگای الأبار-ەوە ئەم ڕیوایەتەی هێناوە كە هەردووكیان صەحیحن، وە سەنەدی دووەم بیستنی تێدایە لەنێوان هەر یەک لە أبو عمار و وكيع و أبو حنيفة، گومان لەسەر سەنەدی یەکەم لا دەبات كە تەصریحدان بە سماعی تێدا نیە لەنێوان ئەم سیانە، مانای ووتەكەی وكيع ئەوەیە كە ئەم ووتەیە لەدژی أبو حنيفة حیسابە نەک لە بەرژەوەندی ئەو حیساب بێت، وەک لە عەرەبی دەووترێ: عليه لا له.

الخطيب دەڵێ: كتب إلي عبدالرحمن بن عثمان الدمشقي وحدثني عبدالعزيز بن أبي طاهر عنه قال أخبرنا أبو الميمون عبدالرحمن بن عبدالله بن عمر بن راشد البجلي أخبرنا أبو زرعة قال حدثني يزيد بن عبد ربه ووتی: **بيستم وكيع بن الجراح به يحيى بن صالح الوحاظي دەووت: ئەی باوكی زكريا خۆت بپارێزە لە ڕەئی، من بیستم أبو حنيفة دەیووت: میز كردن لەناو مزگەوتدا باشترە لە هەندێک لە قیاسەكانیان.** [الفقيه والمتفقه : 1/509-510]
ووتم: سەنەدەكەی صەحیحە لە ڕێگای يزيد بن عبد ربه ڕیوایەت كراوە پشتڕاستی ڕیوایەتەكەی عبدالله دەكاتەوە كە ئەویش لە يزيد بن عبد ربه ڕیوایەتی كردبوو.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم البرتي قال حدثنا محمد بن قراد حدثنا يوسف السمتي عن **أبي حنيفة ووتی: چوومە لای أبو جعفر المنصور عيسى بن موسى لەلای بوو، عيسى ئاوڕی لێم دایەوە ووتی: ئەمە زانای دونیایە، پاشان ئاوڕی لێم دایەوە ووتی: ئەی نعمان زانستت لە كێ وەرگرتووە ؟ ووتم: لە عمر بن الخطاب وعلي بن أبي طالب وعبدالله بن مسعود، ووتی: لەوێدا زانست هەیە لەوێدا زانست هەیە.** [فضائل أبي حنيفة : 147]
ووتم: محمد بن قراد و يوسف السمتي هەردووكیان درۆزنن.
مەبەست لەناو هێنانی ئەم هاوەڵانەش واتا لە ڕێگای قوتابیەكانی ئەوان یان قوتابی قوتابیەكانیان، ئەگینا أبو حنيفة هیچ هاوەڵێكی نەدیوە و زانستی لێوەر نەگرتووە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن شجاع ووتی: **ئێمە لەلای عبدالله بن داود الخريبي بووین گوێمان لێ گرتبوو، پیاوێکمان لەگەڵ بوو کۆنتر بوو لە ئێمە لە فەرمووددا، جا پرسیاری هەندێک شتی کرد دەربارەی شۆردنی مردوو، عبدالله-ش وەڵامی دەدایەوە تا گەیشتە بەوەی عبدالله بن داود ووتی: ئەمە ووتەی أبو حنيفة-یە، پیاوەکە قسەیەکی کرد وەک بڵێی تانە بدات لە أبو حنيفة، جا عبدالله پشتی تێکرد و زۆر سوکی کرد، وە عبدالله بەردەوام بوو لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، وە دەیووت: ئەمە ووتەی أبو حنيفة-یە پاشان بەو پیاوەی ووت کە پرسیاری لێکرد دەزانی کێ لەگەڵ أبو حنيفة دادەنیشت؟ فلان و فلان و داود الطائي و تا 10 کەسی ژمارد، والله گەر یەکێک لەمانە بکێشرێن بە هەموو خەڵکی سەر زەوی ئەوا گومانم وایە کە ئەو قورستر بێت.** [فضائل أبي حنيفة : 160]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن حماد بن المبارك قال حدثنا محمد بن سليمان بن لوين قال حدثنا **يحيى بن زكريا بن أبي زائدة ووتی: ئەو کەسە گەورەیی أبو حنيفة دەزانێت کە بینیبێتی و گوێ بیستی ووتەکانی بوو بێت.**

[فضائل أبي حنيفة : 163]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني أحمد بن محمد بن سلامة قال كتب إلي محمد بن عبدالله بن أبي ثور الرعيني يحدثني عن سليمان بن عمران قال: **قال عبدالله بن المغيرة: سێ شت هەیە حەزت بۆی دەچێت لە کوفە، ڕەئی أبو حنيفة و تواناى لەبەرکردنی سفيان الثوري و وەرعی مسعر بن كدام.** [فضائل أبي حنيفة : 172]

ووتم: محمد بن عبدالله بن عبدون الرعيني و سليمان بن عمران دوو قازی حەنەفی مەزهەبن، نەمبینی باسی محمد بن عبدالله کرابێ، بەڵام دەربارەی سليمان بن عمران أبو حاتم الرازي دەڵێ:

فەرموودەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە صدوق نیە، هەروەها الدارقطني دەڵێ مەجهولە، عبدالله بن المغيرة نازانم کێیە تەنها ئەوە نەبێ ابن حبان دەڵێ: مصريە ڕیوایەتی لە سفيان الثوري هەیە تفرد دەکات وشتی غەریب دەگێڕێتەوە، گەر ئەویش حەنەفی بێت ئەوا تەواوی ڕاویەکانی سەنەدەکە مصرين و حەنەفين، وە سليمان دەڵێ: قال عبدالله نازانم بەیەک گەیشتوون یان نا.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال: قال محمد بن شجاع: **بیستم پیاوێک باسی بابەتێکی کرد دەربارەی زفر و أبو يوسف ووتی: ئایا زفر عیلمی کەلامی دەخوێند ؟ الحسن بن زياد پێی ووت: چەندە سەخیفی، دەڵێی: هاوەڵەکانمان و شێخەکانمان عیلمی کەلامیان خوێندووە ؟ ئەمانە ماڵی زانست و فیقه بوون، بەڵکو دەووترێ: ئەو کەسە عیلمی کەلام دەخوێنێ کە عەقڵی نیە، ئەمانە زاناتر بوون بە الله عز وجل و سنوورەکانی لەوەی کە بچنە ناو ئەو عیلمی کەلامەی کە مەبەستە، بە شێخەکانمان گەیشتم أبو حنيفة و پێش ئەویش و زفر و أبو يوسف گرنگیان بە هیچ نەدەدا جگە لە فیقه و شوێنکەوتنی کەسانی پێش خۆیان، پیاوەکە ووتی: فلان کەس -واتا بشر المريسي- دەڵێ: ووتەی ئەو دەربارەی قورئان هەمان ووتەی أبو حنيفة و زفر و أبو يوسف-ە، الحسن بن زياد پێی ووت: والله درۆ دەکات، نەم بیست کەسیان باسی شتێکی ئاوا بکەن، وە پێشم نەگەیشتووە ئەم شتە لە ئەوەوە، ئەی تۆ بۆ پێت نەووت: تۆ هاوەڵایەتی أبو حنيفة و زفر -ت نەکردووە بەڵام هاوەڵایەتی أبو يوسف-ت کرد ئەی بۆچی أبو يوسف دەری کردیت ؟ کێ درۆکەی ڕوونترە لەم کەسە ؟** [فضائل أبي حنيفة : 187]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە، الحسن بن زياد تۆمەتبارە بە درۆ، کەسانێک بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەیان درۆ بە دەمی پێغەمبەر ﷺ هەڵبەستن، ئامادەشن درۆ بکەن بۆ جوانکردنی ئیمامەکەیان.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال سمعت أبا عبدالله محمد بن شجاع الثلجي يقول سمعت الحسن بن أبي مالك يقول سمعت أبا يوسف دەیووت: **بیستم أبو حنيفة دەیووت: لەم ڕووە دوو پۆل کافرمان بۆ دێت الجهمية و المشبهة، واتا خوراسان.**

[فضائل أبي حنيفة : 200]
ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنه.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال وحدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم البرتي حدثنا أبو حفص المروزي حدثنا بشر بن يحيى عن النضر بن محمد قال: **قال أبو حنيفة: جەهم و مقاتل دوو فاسق بوون، ئەویان زیادەڕەوی کرد لە تەشبیه، ئەویشیان زیادەڕەوی کرد لە نەفی.** [فضائل أبي حنيفة : 201]
ووتم: أبو حفص المروزي باسمان کرد، بشر بن يحيى المروزي زەعیفە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني أبو بكر محمد بن جعفر بن الإمام قال حدثنا هارون بن عبدالله بن مروان الحمال قال حدثنا سليمان بن حرب عن حماد بن زيد ووتی: **لەلای أبو حنيفة دانیشتم لە مەککە، پێم ووت: أيوب پێی ڕاگەیاندین ووتی: سعيد بن جبير منی بینی دانیشتبووم لەگەڵ طلق بن حبيب، پێی ووتم: بۆچی دەتبینم لەگەڵ طلق دادەنیشیت ؟ لەگەڵی دامەنیشە، أبو حنيفة ووتی: طلق قەدەری بوو.** [فضائل أبي حنيفة : 202]
ووتم: لە بەشی یەکەم ئەم ڕیوایەتەمان هێنا لە تاريخ بغداد بە سەنەد و مەتنێکی تر نزیک لەم مەتنە، مەبەست لەهێنانی ئەم ڕیوایەتەش ئەوەیە کە طلق قەدەری بووە بۆیە سعيد سەرزەنشتی أيوب-ی کردووە کە چۆن لەگەڵ کەسێکی قەدەری دادەنیشیت، بەڵام ڕاستیەکە بەم شێوەیە نیە بەڵکو طلق مورجیئە بوو زانایان هەر باسی مورجیئە بوونیان کردووە باسی ئەوەیان نەکردووە کە قەدەری بێت، مەتنەکە بەم شێوەیە کە دوای تەواو بوونی قسەکانی حماد کەسێک لە أبو حنيفة دەپرسێ طلق عەقیدەی چۆن بوو، سەرەتا وەڵامی ناداتەوە کە پرسیارکەرەکە زۆری لێدەکات أبو حنيفة دەڵێ: بڕوای بە عەدل هەبوو واتا ئیرجاء وەک لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، جا لێرەدا عەدل کراوە بە قەدەر چونکە قەدەرییەکان نەفیکردنی قەدەر بە عەدل ناو دەبەن ئینجا بەهۆی ئەم تێگەیشتنەوە ووشەی عەدلیان بە قەدەر لێک داوەتەوە و ئەصلی ووشەکەیان گۆڕیوە بۆ قەدەر، لەکاتێکدا گەر سەیری ڕیوایەتەکە بکەین لە تاريخ بغداد ڕووداوەکە باسی ئیرجاء دەکات،

حماد ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە وەک بەڵگەیەک لەدژی أبو حنیفة، گەر هۆکاری هەجر کردنی طلق قەدەر بوایە ئەوا أبو حنیفة ڕەددی حماد-ی دەدایەوە دەیووت بەم شێوەیە نیە کە تۆ باسی دەکەی، پاشان أبو حنیفة سعید بن جبیر دەداتە پاڵ ئیرجاء هەر لەو ڕیوایەتەی تاریخ بغداد بە بیانووی ئەوەی کە سالم الأفطس پێی ووتوە سعید مورجیئە بوو، الکوثري دەڵێ: لەهەر سێ چاپەکەی تاریخ بغداد ووشەی عەدل هاتووە، بەڵام ئەمە تەصحیفە ڕاستەکەی ووشەی قەدەرە لەسەر کتێبی (الجواهر المضیئة) چاکم کردۆتەوە، ئینجا پاشان ئەم ڕیوایەتەی ابن أبي العوام دەهێنێت کە ووشەی قەدەر هاتووە، المعلمي لێرەدا تەرکیزێکی زۆر ووردی کردووە لەسەر وەڵامەکەی الکوثري، کە ماناکەی بەم شێوەیە: الخطیب لە سەدەی 5 مردووە، ابن أبي العوام لە سەدەی 4 مردووە، عبدالقادر القرشي خاوەنی کتێبی (الجواهر المضیئة) لە سەدەی 8 مردووە، جا کاتێک الخطیب بە ووشەی عەدل دەیهێنێت، ابن أبي العوام و عبدالقادر بە ووشەی قەدەر دەیهێنن، لە پێشترە الکوثري بە ڕیوایەتەکەی ابن أبي العوام ڕەددی ڕیوایەتەکەی الخطیب بداتەوە نەک بە کتێبەکەی عبدالقادر کە تەنها نەقلی کردووە وەک جەرح و تەعدیلێک بۆ طلق لەلایەن أبو حنیفة-ەوە بەبێ هێنانی ڕیوایەتەکە، ئەمەش وادەکات زیاتر گومان لەسەر ئەصلی کتێبەکەی ابن أبي العوام دروست بکەین، بڕوانە [التنکیل : 469/1]

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني إبراهیم بن الجنید قال حدثني داود بن أمیة المروزي ووتی: بیستم عبدالمجید بن عبدالعزیز بن أبي رواد دەیووت: **پیاوێکی سەرخۆش هاتە لای أبو حنیفة، پێی ووت: ئەی مورجیئە، أبو حنیفة-ش پێی ووت: گەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە من ئیمان بۆ کەسانی وەک تۆ ئیثبات دەکەم ئەوا منت نەدەدایە پاڵ ئیرجاء، وە گەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە ئیرجاء بیدعەیە ئەوا گوێم بەوە نەدەدا کە بدرێتە پاڵم.**
[فضائل أبي حنیفة : 222]

ووتم: داود بن أمیة المروزي نەمدۆزییەوە، عبدالمجید بن عبدالعزیز بانگەوازکەرە بۆ ئیرجاء لە ڕیوایەتیش پتەو نیە تەزعیف کراوە لای هەندێکیان، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە عەقیدەیەتی

نەک ڕیوایەتی چونکە خۆی ئامادەی ڕووداوەکە بووە، أحمد بن حنبل دەڵێ زیادەڕەو بووە لە ئیرجاء، الفسوي دەڵێ بیدعەچیەکی عینادی بانگەوازکەر بوو، أبو داود دەڵێ بانگەوازکەر بوو بۆ ئیرجاء، ابن سعد دەڵێ مورجیئەیە، البخاري دەڵێ عەقیدەی ئیرجائی هەبوو، جا کەسێک بانگەوازکەر بێت بۆ ئیرجاء چۆن ڕیوایەتێکی لەم شێوەیە دەگێڕێتەوە کە بڵێ ئیرجاء بیدعەیە ؟! خودی ڕیوایەتەکەش بەڵگەیە لەسەر مورجیئە بوونی أبو حنیفة ئەگینا ئەهلی سوننە بە کەسانی زۆر پاکتر لەم عەرەق خۆرە ناتوانن بڵێن ئیماندارە بەو شێوەیەی کە أبو حنیفة مەبەستیەتی، کەچی ئەو ئیثباتی ئیمان دەکات بۆ عەرەق خۆر، ئەمەش خودی ئیرجائە، مورجیئە بوونی أبو حنیفة-ش هێندە ناودارە کە بە ڕیوایەتێکی لەم شێوەیە ڕەت ناکرێتەوە.

وە هەروەها ابن أبي العوام سێ ڕیوایەتی تری هێناوە بۆ نەفی کردنی مورجیئە بوونی أبو حنیفة، کەچی هەر سێک ڕیوایەتەکە بەڵگەن لەسەر مورجیئە بوونی أبو حنیفة، تەنانەت دانەیەکیان لە بەشی یەکەم هێناومانە لە بڕگەی ئیرجائدا، سبحان الله ! نازانم ابن أبي العوام چۆن لە ئیرجاء تێگەیشتووە ؟

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني يعقوب بن إسحاق بن أبي إسرائيل قال حدثني غسان بن محمد المروزي قاضي الكوفة قال سمعت بشر بن يحيى المروزي دەیووت: **من لەلای جرير بن عبدالحميد الضبي بووم لە الري، بیستم دەیووت: من بیستم المغيرة کاتێک پرسیاری لێکرابوایە دەربارەی بابەتێک دەیووت: أبو حنيفة دەربارەی ئەم بابەتە ئاوا و ئاوای ووت، جا کوڕی برای جرير بە جرير-ی ووت: ئەی باوکی عبدالله خەڵکی توشی فیتنە مەکە بە أبو حنيفة، جرير پێی ووت: بێدەنگ بە، من بینیم مغيرة وەڵامی پرسیارێکی دەدایەوە خەڵکی موخالەفەیان دەکرد ئەویش دەیووت: چی بکەم ئەمە ووتەی أبو حنيفة-یە.**

[فضائل أبي حنيفة : 253]

ووتم: مغيرة واتا مغيرة بن مقسم الضبي، غسان بن محمد المروزي قازی کوفە بوو جەهمی بوو وەک عبدالله بن أحمد باسی دەکات، هەروەها لە سەردەمی فیتنەی خلق القرآن خەڵکی تاقی

دەکردەوە، عثمان بن أبي شيبة لەعنەتی لێکردووە، وە بشر بن يحيى المروزي زەعيفە بەڵام لێرەدا خۆی ئامادەی ڕووداوەکە بووە بەهۆی ئەوەوە تەزعيفی ناکەين.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد قال حدثني محمد بن المبارك قال حدثنا محمد بن سليمان لوين عن يحيى بن زكريا زائدة ووتی: **باوکم پێی ووتم: ئەی کوڕم دەست بگرە بە أبو حنيفة و عيلمی لێوەر بگرە پێش ئەوەی لە دەستت دەرچێ، يحيى دەڵێ: هەندێکجار فەتوای أبو حنيفة-م نيشانی باوکم دەدا پێی سەرسام دەبوو، يحيى دەڵێ: کەسمان نەبينی واز لە عيلمی أبو حنيفة بهێنێ وەک خۆپاراستن.** [فضائل أبي حنيفة : 254]
ووتم: محمد بن المبارك مەجهولە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني يعقوب بن إسحاق قال حدثنا أحمد بن حميد قال سمعت يحيى بن هلال يقول زعم لنا **يوسف بن خالد** ووتی: **کتێبەکانی أبو حنيفة نيشانی سفيان الثوري دەدرا سفيان دەيووت ئەمە ووتەی منە، کتێبی الرهن نيشانی درا کە بابەتی ووردی تێدا بوو، ووتی: ئەمە ووتەی منە، گەر پرسياری لێکرابوايە کە بابەتەکە شەرح بکات نەيدەتوانی.** [فضائل أبي حنيفة : 257]
ووتم: واتا سفيان کتێبی أبو حنيفة-ی دەدايە پاڵ خۆی کەچی سەری لە بابەتەکەش دەرنەدەچوو!
يوسف بن خالد السمتي درۆزنە وەک پێشتر باسمان کرد.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال سمعت محمد بن شجاع ووتی: بيستم الواقدي دەيووت: **سفيان الثوري داوای لێدەکردم کتێبەکانی أبو حنيفة-ی بۆ بهێنم تا سەيری بکات.** [فضائل أبي حنيفة : 258]
ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە، الواقدي هەندێک بە درۆزنيان داناوە هەندێکيش تۆمەتباريان کردووە بە درۆ، لە باشترين حاڵيدا مەتروکە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد قال حدثني محمد

بن المبارك قال حدثنا إبراهيم بن سعيد الجوهري قال حدثنا المثنى بن رجاء ووتى: **بیستم مالك بن مغول دەیووت: أبو حنیفة بەرچاو ڕۆشن بوو بە فیقهـ.** [فضائل أبي حنيفة : 262]
ووتم: محمد بن المبارك مەجهوله، المثنى بن رجاء نەمدۆزییەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا إبراهيم بن سعيد قال سمعت أبا نعيم دەیووت: **بیستم علي بن صالح کاتێک أبو حنیفة مرد دەیووت: موفتی عیراق ڕۆیشت.** [فضائل أبي حنيفة : 264]
ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهوله.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن المبارك قال حدثنا الحسين بن إبراهيم ووتى: **بیستم أبو بکر بن عیاش دەیووت: أبو حنیفة تێگەیشتوو بوو.** [فضائل أبي حنيفة : 264]
ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهوله.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا الحسين بن إبراهيم قال حدثنا عيسى بن يونس ووتى: **بیستم باوکم دەیووت: النعمان بن ثابت زۆر بە توندی شوێنی فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری الله ﷺ دەکەوت، گەر زەحمەت بوایە بۆی کە بەڵگە بهێنێتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەری الله ﷺ ئەوا ڕیوایەتە صەحیحەکانی هاوەڵانی شاری کوفەی وەردەگرت، گەر موخالەفەی کرابوایە لە شارەکانی تردا، لەوە دەرنەدەچوو کە ئەهلی کوفە لەسەری بوون و لە زانایانی ئەهلی کوفەیان وەرگرتبوو.**
[فضائل أبي حنيفة : 267]
ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهوله.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا إبراهيم بن سعيد قال حدثنا المثنى بن رجاء ووتى: **بیستم إسرائيل دەیووت: باشترین**

پیاو النعمان بن ثابت-ە سەرەڕای کەمی ڕیوایەت کردنی بۆ فەرمووده، لە حماد فیقهی وەرگرتووە ئەوەندە بەسە بۆت. [فضائل أبي حنيفة : 268]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە، المثنى بن رجاء نەمدۆزییەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا جبارة بن المغلس ووتی: **بیستم الربيع بن قيس دەیووت: أبو حنيفة بە یەکێک لە پیاوە عاقڵەکان دەژمێردرێت.** [فضائل أبي حنيفة : 332]

ووتم: جبارة بن المغلس تۆمەتبارە بە درۆ.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثنا عبدالله بن أحمد الربعي قال حدثني أحمد بن محمد بن حجاج المروزي ووتی: **پرسیارم لە باوکی عبدالله کرد دەربارەی قطبة، ووتی: لە مەجلیسی سفیان دادەنیشت، وە دەڵێن لە مەجلیسی أبو حنيفة دادەنیشت، هەر ئەو بوو ووتەکانی أبو حنيفة-ی بە سفیان دەگەیاند، وە دەڵێن سفیان بەهۆی ئەو مەزهەبی أبو حنيفة-ی زانی، پاشان ووتی: قطبة مستقيم الحديث-ە.** [فضائل أبي حنيفة : 340]

ووتم: عبدالله بن أحمد الربعي زەعیفە، أحمد بن محمد بن حجاج المروزي بۆتە المروروزي ئەمەش هەڵەیە، مەبەست لەهێنانی ئەم ڕیوایەتەش ئەوەیە کە سفیان لە ڕێگای قطبة خۆی فێری مەزهەبی أبو حنيفة دەکرد و شتی لێوە فێر دەبوو.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم قال حدثني ابن أبي رزمة قال حدثني نعيم بن عمر القديدي ووتی: **بیستم أبو حنيفة دەیووت: خەڵکی سەیرن دەڵێن من بە ڕەئی فەتوا دەدەم ! فەتوا نادەم تەنها بە ئەثەر نەبێ.**
[فضائل أبي حنيفة : 356]

ووتم: نعيم بن عمر القديدي مەجهولە، لەم کتێبەدا بۆتە نعيم بن عمرو القديدي ئەمەش هەڵەیە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثنا

عقبة بن مكرم قال حدثنا عبدالصمد بن عبدالوارث ووتی: **ئێمە لەلای شعبة بووین، پێی ووترا: أبو حنيفة مرد، شعبة ووتی: زانینی فیقهی خەڵکی کوفە لەگەڵ ئەودا ڕۆیشت، الله فەزل بەسەر ئێمە و ئەویش بکات.** [فضائل أبي حنيفة : 376]

ووتم: لەبەشی یەکەم بە صەحیحی هێنامان کە شعبة لەعنەت لە أبو حنيفة دەکات.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني محمد بن حماد قال حدثنا إبراهيم بن سعيد قال حدثني المثنى بن رجاء ووتی: **بیستم سعيد بن أبي عروبة دەیووت: أبو حنيفة زانای کوفە بوو.** [فضائل أبي حنيفة : 383]

ووتم: محمد بن حماد بن المبارك مەجهولە، المثنى بن رجاء نەمدۆزییەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثنا محمد بن حماد قال حدثنا لوين محمد بن سليمان ووتی: **بیستم محمد بن جابر دەیووت: أبو حنيفة زاناترین کەسی شارەکەی بوو لە سەردەمی خۆی لە فەتوادان، وە عەوامی خەڵک مەیلیان بۆ لای ئەو دەچوو لە بابەتەکاندا.** [فضائل أبي حنيفة : 404]

ووتم: محمد بن حماد مەجهولە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال أخبرني عبدالله بن أحمد بن حنبل ووتی: **پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی شعيب بن إسحاق الدمشقي، ووتی: نابینم هیچ کێشە هەبێ بەڵام لەگەڵ ئەهلی ڕەئی دادەنیشت، لەگەڵ أبو حنيفة دادەنیشت.** [فضائل أبي حنيفة : 420]

ووتم: خودی ئەم ڕیوایەتە تانەدانە لە أبو حنيفة، ئیمام أحمد دەڵێ شعيب هیچ کێشەی نیە تەنها ئەوە نەبێ کە لەگەڵ أبو حنيفة دادەنیشت، واتا ئەوە بە کێشە دەزانێت، کەچی ابن أبي العوام هێناویەتی وەک مەدحێک بۆ أبو حنيفة بەو مەبەستەی کە شعيب قوتابی أبو حنيفة بووە و خەڵکانێکی زۆر زانستیان لە أبو حنيفة وەرگرتووە و لە مەجلیسی دانیشتوون.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم قال حدثني ابن أبي رزمة قال حدثني عمرو بن النضر بن قديد ووتی: **بیستم عبدالله بن المبارك دەیووت: أنبأنا النعمان، پێی ووترا: النعمان كێیە ؟ ووتی: النعمان بن ثابت ئەو کەسەی کە پێی دەڵێن أبو حنيفة، جا کێ هەیە وەک أبو حنيفة ؟** [فضائل أبي حنيفة : 429]

ووتم: عمرو بن النضر بن قديد نەمدۆزیەوە.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني أبي قال حدثني أبي قال حدثني محمد بن أحمد بن حماد قال حدثني أحمد بن القاسم قال حدثنا ابن أبي رزمة قال حدثني أبو وهب ووتی: **بیستم النضر بن محمد دەیووت: أبو حنيفة گەر حەقی پێگەیشتبوایە زمانی نەدەکردەوە، واتا قبوڵی دەکرد.** [فضائل أبي حنيفة : 442]

ووتم: النضر بن محمد المروزي باسمان کرد مورجیئەیە و هاوەڵی أبو حنيفة بووە، بۆیە ئاساییە مەدحی ئیمامەکەی بکات.

ابن أبي العوام دەڵێ: حدثني يوسف بن أحمد المكي قال حدثنا محمد بن حزام الفقيه قال حدثنا محمد بن علي الصائغ بمكة قال حدثنا إبراهيم بن محمد الشافعي أنه قال أخبرني عبدالعزيز بن محمد الدراوردي ووتی: **مالك بن أنس سەیری کتێبەکانی أبو حنیفة-ی دەکرد و سودی لێ دەبینی.**

[فضائل أبي حنيفة : 495]

ووتم: لێرەدا ابن أبي العوام-ی نەوە ڕاستەوخۆ ڕیوایەت دەکات لە يوسف الصيدلاني، ئەمەش ئەو بەشە زیادەیە کە خۆی خستویەتیە ناو کتێبەکەی باپیری، بۆیە لەم ڕیوایەتەدا (حدثني أبي قال حدثني أبي قال) تێدا نەبوو.

يوسف بن أحمد المكي ئەو کەسە بوو کە ابن عبدالبر زۆربەی ڕیوایەتەکانی لەو نەقل کردبوو لە کتێبی (الانتقاء) لە سەرەتای بەشی دووەم باسی حاڵیمان کرد، محمد بن حزام الفقيه بۆتە محمد بن حازم الفقيه ئەمەش هەڵەیە، وە پێشتر لە نەقل کردنی ڕیوایەتەکانی ابن عبدالبر باسمان کرد کە مەجهولە، وە ئەوەی ئاگاداری حاڵی مالك و هەڵوێستی مالك بێت بەرامبەر أبو حنيفة ئەوا دەزانێت کە شتی ئاوا دوورە لە ڕاستیەوە.

ڕیوایەتەکانی کتێبی (أخبار أبي حنیفة وأصحابە)

الصیمري دەڵێ: أخبرنا أبو حفص عمر بن إبراهیم المقرئ قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا ابن مغلس قال حدثنا ابن عابس ووتی: **بیستم حماد بن سلمة دەیووت: موفقی کوفە و ئەو کەسەی کە چاوی لەسەر بوو لە فیقهدا دوای مردنی إبراهیم النخعي حماد بن أبي سلیمان بوو، خەڵکی بەهۆی ئەوەوە بێ پێویست بوون، کاتێک مرد پێویستیان بەوە بوو کەسێک مەجلیسیان بۆ ساز بکات، وە هاوەڵەکانی ترسان لەوەی کە ناوی نەمێنێت و عیلم لەناوبچێت، وە حماد کوڕێکی هەبوو زانست و زانینی چاک بوو لە دەوری کۆبوونەوە، جا هاوەڵەکانی باوکی هاتن أبو بکر النهشلي و أبو بردة التعبي و محمد بن جابر الجعفي و جگە لەوانیش، جا ئەمانە دەهاتن بۆلای کوڕەکەی ئەویش زیاتر لە النحو و ووتەکانی عەرەب شارەزا بوو، جا ئارامی نەگرت لەوەی کە مەجلیسیان بۆ ساز بکات و دانیشێت بۆیان، ئەوانیش ڕەئیەکانیان یەکی گرت کە أبو بکر النهشلي ئەم کارە بکات، جا داوایان لێکرد ڕازی نەبوو، داوایان لە أبو بردة کرد ڕازی نەبوو، جا بە أبو حنیفة-یان ووت، ئەویش ووتی: حەزناکەم عیلم بمرێت، جا یارمەتیدان و مەجلیسی بۆسازکردن ئەوانیش دەهاتن بۆلای، دوای ئەوان أبو یوسف و أسد بن عمرو و القاسم بن معن وزفر بن الهذیل والولید و پیاوانی تر لە ئەهلی کوفە دەهاتن بۆلای، أبو حنیفة شارەزای دەکردن لە دین و زۆر چاکەکار بوو لەگەڵیان، وە ابن أبي لیلی وابن شبرمة وشریك وسفیان موخالەفەی أبو حنیفة-یان دەکرد و دەیانویست ناشرینی بکەن، جا هەروا مایەوە تا ناوی دەرکرد و ئەمیرەکان پێویستیان پێی بوو، وە خەلیفەکانیش باسیان کرد.** [أخبار أبي حنیفة وأصحابە : 21] ط: عالم الكتب

ووتم: ابن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصیمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد ابن عطیة قال حدثنا الحسن بن الربیع قال حدثنا ابن المبارك ووتی: **بیستم داود الطائي دەیووت: موفقی خەڵکی لە کوفە حماد بن أبي سلیمان بوو، حماد کوڕێکی هەبوو پێیان دەووت إسماعیل**

بن حماد بن أبي سليمان، كە کاتی مردنی حماد هات کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە إسماعیل مەجلیسیان بۆ سازبکات و ئارام بگرێت لەسەریان، جا سەیریان کرد بینیان زیاتر لە شیعر و شەو چەرە و بەسەرهاتی خەڵکی شارەزایە، أبوبکر النهشلي کە لە هاوەڵانی حماد بوو وە أبوبردة و محمد بن جابر الحنفي و کۆمەڵێک لە هاوەڵانی حماد أبو حصين و حبيب بن أبي ثابت ووتیان: ئەم قوماش فرۆشە زانست و زانینی چاکی هەیە ئەگەرچی تەمەنیشی بچووکە ئەو لە مەجلیس دابنێن، جا ئەوانیش ئەمەیان کرد، أبو حنيفة پیاوێکی دەوڵەمەند و سەخی و زیرەک بوو، جا لە مەجلیس دانیشت و ئارامی لەسەر گرتن و چاک بوو لەگەڵیان و پێیانی دەبەخشین، وە حاکمەکان و ئەمیرەکان ڕێزیان لێینا جا ناوی بەرز بوویەوە، چینە بەرزەکان دەچوون بۆلای لەدوای ئەوان أبو يوسف و أسد بن عمرو والقاسم بن معن و أبوبكر الهذلي والوليد بن أبان دەهاتن بۆلای، ئەوانەی دژایەتیان دەکرد و قسەیان دەربارەی دەکرد ابن أبي ليلى وابن شبرمة والثوري وشريك و کۆمەڵێک بوون موخالەفەیان دەکرد و دەیانویست ناشرینی بکەن، جا ناوبانگی هەر زیاتر دەبوو هاوەڵی زیاتر بوو تا بازنەکەی بوو بە گەورەترین بازنە لەناو مزگەوتدا، وە فراوانترینیان بوو لە وەڵامدانەوەی پرسیار و ئارامی گرت لەسەریان، بە هەموو نەدارێکی دەبەخشی و دیاری دەدا بە هەموو دەوڵەمەندێک جا خەڵکیان ڕوویان تێیکرد تا ئەمیرەکان و حاکمەکان و گەورەکان ڕێزیان لێینا و هەمووان سوپاسیان کرد ... هتد. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 22]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد قال حدثنا أبو بكر المسكي قال حدثنا القاضي النخعي قال حدثنا يحيى بن أبي طالب ووتی: **بیستم علي بن عاصم دەیووت: گەر عیلمی أبو حنيفة بکێشرێ بە عیلمی خەڵکی سەردەمەکەی ئەوا هی ئەو قورسترە.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 23]

ووتم: أبو بكر المسكي مەجهولە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد البزاز قال ثنا مكرم قال ثنا أحمد بن عطية قال حدثنا ابن سماعة عن أبي يوسف ووتی: **بیستم أبو حنيفة دەیووت: گەر فەرمووده هات لە**

پێغەمبەرەوە ﷺ لە کەسانی سیقەوە ئەوا وەری دەگرین، گەر لە هاوەڵانەوە هات لە ووتەی ئەوان دەرناچین، گەر لە تابعینەوە هات ململانێیان لەگەڵ دەکەین. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 24]
ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.
مەبەست لە هێنانی ئەم ڕیوایەتە ئەوەیە کە أبو حنيفة هەر کاتێک فەرموودەی صەحیحی بۆ هاتبوایە تەسلیمی دەبوو هەرگیز پێچەوانەی فەرموودەی صەحیحی نەکرد گەر پێی گەیشتبوایە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا أحمد بن عبدالله ابن يونس قال حدثنا **الحسن بن صالح ووتی: أبو حنيفة زۆر بە توندی لە ناسخ و مەنسوخی فەرموودەی دەکۆڵیەوە، کاری بەو فەرموودەیە دەکرد کە بە صەحیحی لەلای چەسپابوو لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیەوە، وە زانا بوو بە فەرموودەی ئەهلی کوفە و فیقهی ئەهلی کوفە، زۆر بە توندی شوێنی ئەوە دەکەوت کە خەڵکی شارەکەی لەسەری بوون.**
وە الحسن بن صالح ووتی: أبو حنيفة دەیووت: قورئان ئایەتی ناسخ و مەنسوخی تێدایە، وە فەرموودەش ئایەتی ناسخ و مەنسوخی هەیە، وە دواکاری پێغەمبەری الله ﷺ لەبەرکردبوو کە لەسەری وەفاتی کردبوو کە بە خەڵکی شارەکەی گەیشتبوو. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 25]
ووتم: أحمد شێخی مكرم (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا محمد بن مقاتل ووتی: **بیستم پرسیار لە ابن المبارك کرا کەی پیاو دەتوانێ فەتوا بدات یان ببێتە قازی یان حاکم ؟ ابن المبارك ووتی: گەر زانا بوو بە فەرموودە، بەرچاوڕۆشن بوو بە ڕەئی، زانا بوو بە ووتەی أبو حنيفة و لەبەری کردبوو.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 26]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال سمعت المزني دەیووت: **بیستم الشافعي دەیووت: خەڵکی لەسەر أبو حنيفة حیسابن لە قیاس و استحسان.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 26]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا محمد بن مقاتل ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت: محمد بن واسع هاتە خوراسان، قبیصة ووتی: ئەو كەسە هات بۆ لاتان كە دوعای قبوڵە، جا خەڵكی لە دەوری كۆبوونەوە پرسیاریان لێیكرد دەبارەی چەند شتێک لە فیقهدا، ووتی: فیقهـ پیشەی گەنجێكە لە كوفەیە كونیەكەی أبو حنیفة-یە، خەڵكی بە ابن المبارك-یان ووت: أبو حنیفة لە فەرموودە نازانێت، ابن المبارك ووتی: چۆن دەڵێن أبو حنیفة لە فەرموودە نازانێت ؟! پرسیاری لێكرا دەربارەی گۆڕینەوەی (الرطب) بە (التمر) ووتی ئاساییە، ووتیان ئەی فەرموودەكەی سعد ؟ ووتی: ئەم فەرموودەیە شازە ڕیوایەتی زید بن أبي عیاش وەرناگیرێت، جا كەسێک قسەیەكی ئاوا بكات لە فەرموودە نازانێت ؟!**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 26]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا علي بن معبد قال حدثنا عبيدالله بن عمر ووتی: **ئێمە لەلای الأعمش بووین ئەویش پرسیاری لە أبو حنیفة دەكرد دەربارەی چەند شتێک أبو حنیفة-ش وەڵامی دەدایەوە، جا الأعمش پێی دەووت: ئەم وەڵامەت لەكوێ هێنا ؟ أبو حنیفة دەیووت: تۆ بۆت گێڕاینەوە لە إبراهیم-ەوە ئەمە، وە بۆت گێڕاینەوە لە الشعبي-ەوە ئەمە، جا الأعمش لەم كاتەدا دەیووت: ئەی گرۆی فەقیهەكان ئێوە پزیشكن و ئێمەش دەرمانسازین.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 26]
ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم حدثنا أحمد قال حدثنا أحمد بن یونس ووتی: **بیستم وكیع دەیووت: بینیم أبو حنیفة و سفیان و مسعر و مالك بن مغول و جعفر**

ابن زياد الأحمر والحسن بن صالح کۆببونەوە لە وەلیمەیەک لە کوفە، پیاوێک دوو کچی خۆی دابوو بە دوو کوڕی پیاوێکی تر جا کاتێک خەڵکی کۆبوونەوە بۆ وەلیمەکە وەلی ئەمری کچەکە هاتە دەر ووتی: توشی کارەساتێکی گەورە بووین، ووترا: چیە ؟ ووتی: حەز دەکەین بیشارینەوە، أبو حنیفة ووتی: کارەساتەکە چیە ؟ ووتی: بەهەڵە هەر زاوایەک بووکەکەی ترمان بۆی بردووە، أبو حنیفة ووتی: جووت بوونە لەگەڵیان ؟ ووتی: بەڵێ، سفیان ووتی: ئەمە هیچی تێدا نیە ئەمیری ئیمانداران علي بن أبي طالب حوکمی داوە لە خودی ئەم بابەتەدا معاوية بەنامە بۆی نارد، علي ﵁ بەو کەسەی ووت کە پرسیارەکەی لێکرد تۆ پەیامبەری معاوية-ی ؟ ئەم ڕووداوە لە ناوچەکەی ئێمە ڕووی نەداوە وایدەبینم هەریەکێک لە دوو پیاوەکە لەسەریانە ئاژەڵێک سەربڕن بەهۆی جووت بوونیان لەگەڵ ئافرەتەکان، وە هەر یەکێک لە دوو ئافرەتەکە دەگەڕێنەوە بۆلای مێردەکانیان و هیچیان لەسەر نیە، خەڵکیش بێدەنگ ببوون گوێیان لە سفیان گرتبوو ووتەکەیان بە چاک دەزانی، أبو حنیفة-ش لەناو خەڵکەکە بوو بێدەنگ بوو، مسعر ئاوڕی لە أبو حنیفة دایەوە پێی ووت: شتێک بڵێ تێیدا ئەی أبو حنیفة، سفیان ووتی: چیتر دەڵێ جگە لەوەی کە من ووتم، أبو حنیفة ووتی: دوو کوڕەکە بهێنن، جا هاتن، بەهەر یەکێک لە دوو کوڕەکەی ووت: حەز دەکەی ئەو ئافرەتەت لەلا بێت کە جووت بووی لەگەڵی ؟ ووتی: بەڵێ، أبو حنیفة ووتی: ناوی ژنەکەت چیە کە لەلای براکەتە ؟ ووتی: فلانة کچی فلان، أبو حنیفة ووتی: بڵێ تەڵاقم داوە لە منەوە، پاشان أبو حنیفة ووتاری مارە بڕینی دا هەر یەکێک لە دوو کچەکەی لەو دوو کوڕە مارە کرد کە جووت ببوون لەگەڵیان، پاشان أبو حنیفة ووتی: بوکێکی ترمان بۆ ئامادە بکەن، خەڵکی سەیریان هات بە فەتواکەی أبو حنیفة، وە لەم ڕۆژەدا مسعر هەڵسایەوە دەمی أبو حنیفة-ی ماچ کرد، وە ووتی: لۆمەم دەکەن لەسەر خۆشویستنم بۆ أبو حنیفة ؟ وە سفیان بێدەنگ بوو هیچی نەدەووت. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 30]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە، زۆر داماویشە لە درۆ کردن درۆکانی ئاشکران.

الصیمری دەڵێ: أخبرنا أبو حفص عمر بن إبراهيم المقرىء قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن

عطية قال حدثنا بشر بن الوليد عن **أبي يوسف ووتی: هاوەڵایەتی کەسم نەکردووە لە خەڵکی کە بتوانێ بڵێ: کەسێکم دیوە عەقڵی کاملترو مروئەتی زیاتر بووە لە أبو حنيفة.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 41]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية الكوفي ووتی: **بيستم يحيى بن معين دەیووت: أبو حنيفة لەوە عاقڵتر بوو کە درۆ بکات، نەمبیستووە کەس وەسفی بکات و باسی بکات وەک ابن المبارك، وەسفی دەکرد و باسی دەکرد بە چاکە.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 41]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا ابن مغلس قال حدثنا ابن مقاتل ووتی: **بيستم ابن المبارك دەیووت: گەر ببیستم کەسێک قسە بە أبو حنيفة دەڵێ حەز ناکەم ببینم و لەگەڵی دانیشم لەترسی ئەوەی کە سزایەک لە سزاکانی الله بەسەری دابەزێ منیشی لەگەڵ بگرێتەوە، الله دەزانێت کە من ڕازی نیم بەوەی کە باس دەکرێت دەربارەی أبو حنيفة، وە هیچ کەسێک باسی ناکات ئیللا أبو حنيفة باشترە لەو، والله خاوەن وەرع بوو زمانی خۆی دەپاراست خواردنی حەلال بوو لەگەڵ عیلمێکی زۆر و فراوان والله.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 44]

ووتم: ابن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد الشاهد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا ابن كاسب قال سمعت ابن عيينة دەیووت: **ابن جريج ووتی: پێم گەیشتووە لە النعمان فەقیهی ئەهلی کوفە کە زۆر بە وەرعە دین و عیلمی دەپارێزێ، ئەهلی دونیا پێش ناخات بەسەر ئەهلی ئاخیرەت، وە وایدەبینم کە لە زانست پلەوپایەکی سەیری هەبێت لە داهاتوودا.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 44]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

ئەهلی دونیا پێش ناخات بەسەر ئەهلی ئاخیرەت نازانم مەبەستی چیه، ڕەنگه بەم شێوەیه بێت (دونیا پێش ناخات بەسەر ئاخیرەت) هەڵه لەم چاپەدا زۆره چاپی ترم نەدۆزییەوه بڕوا ناکەم چاپی تری هەبێت بەپێی زانیاریم، والله أعلم.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا الحلواني ووتی: **بیستم عبدالوهاب بن همام برای عبدالرزاق بن همام دەیووت: نەمدیوه شێخەکانی شاری عەدەن ئەوانەی که چوونەته کوفه بۆ طەلەبی عیلم ئیللا هەموویان دەیانووت: نەمان بینی له کوفه له سەردەمی أبو حنیفة کەسێک فەقیهتر و به وەرعتر بێ لەو.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 44]
ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد البزاز قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال ثنا عمرو بن عون ووتی: **یزید بن هارون پێی ووتم: فەرمووده‌م له هەزار شێخەوه نوسیوەتەوه و زانستم لێوەرگرتوون، والله نەمبینی کەسێک لەوان له أبو حنیفة به وەرعتر بێ و زمانی پارێزراوتر بێ.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 45]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا تميم بن المنتصر ووتی: **من لەلای یزید بن هارون بووم باسی أبو حنیفة-ی کرد جا کەسێک قسەی به أبو حنیفة ووت، یزید ماوەیەکی درێژ سەری نزم کرد، پێیان ووت: ڕەحمەتی الله-ت لێبێ قسەمان بۆ بکه، ووتی: أبو حنیفة به تەقوا و پاک وزاهید و زانا و ڕاستگۆ بوو، حافزترین کەسی سەردەمی خۆی بوو، هەرکەسێک پێی گەیشتبێ له سەردەمی خۆی بیستوومه دەڵێ: کەسم نەدیوه له أبو حنیفة فەقیهتر بێ.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 48]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه، درۆیەکەش شاخداره چۆن أبو حنيفة حافزترین کەسی سەردەمی خۆی بووه ! حاڵیمان بینی له ڕیوایەت کردن چۆنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد المعدل قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال ثنا ضرار بن صرد قال سمعت يزيد بن الكميت دەیووت: **پیاوێک مونازەڕەی لەگەڵ أبو حنيفة کرد له بابەتێکدا، پیاوەکە پێی ووت: ئەی بیدعەچی ئەی زندیق، أبو حنيفة ووتی: الله لێت خۆشبێ، الله دەزانێ کە من پێچەوانەوەی ئەو شتەم کە تۆ ووتت، وە دەزانێ من هیچ کەسێکم نەکردۆتە هاوبەشی لەوەتەی ناسیومە، هیوام بە هیچ شتێک نەبووە ئیللا عەفوی ئەو نەبێ، لە هیچ شتێک نەترساوم تەنها سزای ئەو نەبێ پاشان گریا لەکاتی باسکردنی سزا جا لەهۆش خۆی چوو کەوتە سەر زەوی پاشان بەهۆش خۆی هاتەوە، پیاوەکە پێی ووت: گەردنم ئازاد بکە، أبو حنيفة ووتی: هەر کەسێک لە جاهیلەکان شتێکیان ووتبێ دەربارەی من کە لە مندا نەبێ ئەوا گەردنیم ئازاد کردووە، وە هەر کەسێک لە زاناکان شتێکیان ووتبێ دەربارەی من کە لە مندا نەبێ ئەوا گەردنیم ئازاد نەکردووە، چونکە غەیبەتی زانایان دەمێنێتەوە دوای خۆیان.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 48]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه، ضرار بن صرد و يزيد بن الكميت هەردووکیان مەتروکن، لە ڕیوایەتەکانی تر تەنها ئاماژەم بە أحمد بن الصلت دەدا ئەگەرچی ڕاوی تریش هەبوان زەعیف یان مەجهول یان درۆزن بەڵام لەمەیان ئاماژەم بە دوو ڕاوی تریشدا تا هەست و سۆزی کەس ڕانەکێشێت ئەم ووتە درۆیانە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا إبراهيم بن هاشم قال سمعت بشر بن الحارث دەیووت: **لەلای عیسی بن یونس بووم، جا باسی أبو حنيفة-ی کرد دوعای بۆکرد، وە ووتی: چەندە زۆر خۆی ماندوو دەکرد کە سەرپێچی الله نەکات و حەرامکراوەکانی الله بە گەورە سەیر بکات.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 49]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد المعدل قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال سمعت أبا نصر بشر بن الحارث دەیووت: **بیستم عبدالله بن داود دەیووت: قسە بە أبو حنيفة ناڵێ تەنها یەکێک لەم دووانە نەبێت: یان حەسودی بە عیلمەکەی دەبات، وە یان جاهیلە بە عیلم.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 64]
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن محمد ابن مغلس قال حدثنا أبو نعيم ووتی: **بیستم سفيان دەیووت: أبو حنيفة لە عیلمدا حەسودی پێ براو بوو.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 64]
ووتم: أحمد بن محمد بن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا ابن مغلس قال حدثنا ثابت الزاهد ووتی: **الثوري گەر پرسیاری بابەتێکی ووردی لێکرابوایە دەیووت: کەس نازانێت قسە لەم کارەدا بکات تەنها پیاوێک نەبێت کە حەسودیمان پێی برد، پاشان پرسیاری لە هاوەڵانی أبو حنيفة دەکرد هاوەڵەکەتان چی دەڵێ ؟ جا وەڵامەکەی لەبەر دەکرد پاشان فەتوای پێ دەدا.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 64]
ووتم: ابن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد الشاهد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال ثنا يحيى بن عبدالحميد الحماني قال سمعت ابن المبارك دەیووت: **بینیم الحسن بن عمارة ڕێشمەی ئاژەڵەکەی أبو حنيفة-ی گرتبوو، وە دەیووت: والله بە کەس نەگەیشتووین قسەی لە فیقهدا کردبێ بەلیغتر و ئارامگرتر و وەڵام ئامادەتر لە تۆ، بەڕاستی تۆ گەورەی ئەو کەسانەی کە لە فیقهدا قسەیان کردووە لە سەردەمی خۆت بەبێ ڕکابەری، وە قسەشت پێ ناڵێن تەنها بە حەسودی نەبێ.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 65]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا نصر بن علي ووتی: **بیستم ڕۆژێک أبو عاصم النبيل فەرموودەیەکی ڕیوایەت کرد لە أبو حنيفة، خەڵکی کردیان بە دەنگە دەنگ، ووتی: ئەمە چیانە ؟ ووتیان: حەزناکەن ناوی أبو حنيفة بهێنرێ، ووتی: فەقیهی دین حەسودی پێ براو بوو، ئەم خەڵکە نابینم تەنها وەک ئەوە نەبێ کە عبدالله بن قيس الرقيات ووتی: حسدا إن رأوك فضلك الله بما فضلت به النجباء.**

واتا: حەسودیت پێ دەبەن گەر بتبینن الله فەزلی بەسەرتدا کردووە بەو شتەی کە کەسە نەجیبەکانی پێ تەفزیل کردووە. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 65]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا أبو بكر مكرم بن أحمد البزاز قال حدثني علي ابن الحسين بن حبان عن أبيه ووتی: **يحيى بن معين گەر بۆی باس کرابوایە کەسێک قسە بە أبو حنيفة دەڵێ، دەیووت:**

حسدوا الفتى إذ لم ينالوا سعيه   *   فالقوم أضداد له وخصوم**

كضرائر الحسناء قلن لوجهها   *   حسدا وبغيا إنه لدميم**

واتا: حەسودیان بە گەنجەکە برد کاتێک نەیانتوانی پێی بگەن، خەڵکی دژ و ڕکابەرن بۆی، هەروەک چۆن هەوێیەکانی ئافرەتە جوانەکە دەربارەی ڕوخساری لە حەسودی و زوڵمەوە ووتیان: ناشرینە.

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 65]

ووتم: الصيمري سێ شێخی هەیە بەناوی عبدالله بن محمد، عبدالله بن محمد البزاز سیقەیە کردووە، عبدالله بن محمد الحلواني مەجهولە، عبدالله بن محمد المعدل نەمدۆزییەوە، جا نازانم ئەمە کامەیانە هەر سێکیان ڕیوایەتیان هەیە لە مكرم بن أحمد.

علي بن الحسين بن حبان سیقەیە بەڵام باوکی جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، گریمان صەحیحیش بێت ڕەنگە يحيى بن معين لە سەرەتای تەمەنی ئەم قسەیەی کردبێ چونکە سەرەتا کتێبەکانی أبو

حنيفة-ی دەخوێنند لەلای محمد بن الحسن الشيباني.

الصيمري دەڵێ: وجدت في كتاب أبي جعفر الطحاوي الذي جمع فيه أخبار أصحابنا الذي أنبأنا القاضي أبو محمد عبدالله بن محمد الأكفاني إجازة أن أبا بكر الدامغاني حدثهم عن أبي جعفر الطحاوي قال أبو جعفر حدثني عبدالله بن محمد الهمداني ووتی: **پیاوێک کێشەی هێنایەوە بۆلای ابن شبرمة لە بابەتێکدا ئەویش حوکمیدا لەدژی پیاوەکە، پیاوەکەش هاتە لای أبو حنيفة ئەم شتەی پێ ووت، أبو حنيفة بە پیاوەکەی ووت: ئەم حوکمە هەڵەیە، وە نوسراوێکی بۆ نوسی ئەو شتەی تێدا باسکرد کە دەبوو ابن شبرمة لە بەرژەوەندی پیاوەکە حوکمی دابوایە، جا پیاوەکە بەم نوسراوە هاتە لای ابن شبرمة بۆی خوێندەوە بە ئامادە بوونی ابن أبي ليلى، وە هیچ کام لەوان نەیانزانی خاوەنی ئەم نوسراوە کێیە، جا بە شتێکی چاکیان زانی ووتیان: کێ ئەمەی نوسیوە ؟ پیاوەکە پێی ووتن: أبو حنيفة، جا ئەمە وایکرد قسە بە أبو حنيفة بڵێن.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 66]

ووتم: شێخەکەی الطحاوي (عبدالله بن محمد الهمداني) نازانم کێیە نەمدۆزییەوە، لەوە ناچێ خۆی ئەم بەسەرهاتەی بینیبێ چونکە الطحاوي ساڵی 239 لەدایکبووە گریمان بەلانی کەم لە تەمەنی 15 ساڵی ئەم بەسەرهاتەی بیستبێ لە شێخەکەی کەواتە تا ساڵی 254 ئەم شێخە لە ژیاندابووە الله أعلم ساڵی چەند مردووە، أبو حنيفة ساڵی 150 مردووە کەواتە بەلانی کەم ئەم شێخە 104 ساڵ دوای مردنی أبو حنيفة ژیاوە، ئەی کەی ئەم بەسەرهاتەی بینیوە یان أبو حنيفة بۆی گێڕاوەتەوە؟ با بڵێین بەلانی کەم تەمەنی 16 ساڵ بووە کەواتە 120 ساڵ ژیاوە بەلانی کەم.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد الصراف قال حدثنا أحمد بن محمد المنصوري قال حدثنا علي بن محمد النخعي قال حدثنا سليمان بن الربيع قال حدثنا حامد بن آدم قال حدثنا **بشار بن قيراط کە هاوبەشی أبو حنيفة بوو، ووتی: حەجم کرد لەگەڵ أبو حنيفة و سفيان جا گەر لە شوێنێک یان شارۆچکەیەک مابوانەوە خەڵکی لە دەوریان کۆدەبوونەوە دەیانووت دوو فەقیهەکەی عیراق، جا سفيان أبو حنيفة-ی پێش دەخست و لەدوای دەڕۆیشت گەر پرسیاری لێکرابوایە دەربارەی بابەتێک أبو حنيفة-ش ئامادە بوایە وەڵامی نەدەدایەوە تا أبو حنيفة وەڵامی دەدایەوە، جا پرسیار**

له أبو حنيفة كرا دەربارەی (النبيذ) ويستی روخسەت بدات بە خواردنەوەی سفيان دەستی خستە سەر دەمی أبو حنيفة پاشان پێی ووت: گەر لە كوفە روخسەتت پێداین ئەوا لە مەدینە قبوڵ ناكرێ. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 73]

ووتم: أحمد بن محمد المنصوري تۆمەتبارە بە درۆ، سليمان بن الربيع النهدي الخزاز زەعيفە، حامد بن آدم درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد الصيرفي قال حدثنا علي بن عمرو الحريري قال حدثنا النخعي القاضي قال حدثنا محمد بن علي بن عفان قال حدثنا يحيى بن عبدالحميد عن أبيه ووتی: **بە أبو حنيفة گەیشتەوە كە سفيان خۆی حەشاردەدا بە جل و بەرگ و لە پشت دینگەكەی دەخەوێ و گوێ لە بابەتەكانی دەگرێ، أبو حنيفة ووتی: گەر سفيان هات پێم بڵێن، جا پێيان ووت سفيان هات، أبو حنيفة ووتی: حدثني سعيد بن مسروق باوكی ئەم داپۆشراوە عن عباية بن رفاعة عن رافع بن خديج حوشترێك لە حوشترەكانی زەكات ڕایكرد پیاوێك تیرێكی تێگرت، جا پرسیار كرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەمە، فەرمووی: بیخۆن، ئەم حوشترانە كێوی بوونيان هەيە وەك كێوی بوونی ئاژەڵی دڕندە، جا هەر یەكێكیان ئاوای بەسەرهات ئاوای لێ بكەن، سفيان نەگەڕایەوە دوای ئەمە.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 73]

ووتم: أحمد بن محمد بن علي أبو عبدالله الصيرفي ناسراو بە (ابن الآبنوسي) كەس تەوسيقی نەكردووە، الخطيب دەربارەی دەڵێ: أبو بكر البرقاني پێی ووتم: ابن الآبنوسي داوای كتێبی (جامع الترمذي) لێم كرد، ووتم: كتێبەكەم بيستووە بەڵام نوسخەی كتێبەكەم لا نيە، جا دوای مردنی ابن الآبنوسي لەناو كتێبەكانی كتێبێكم بینی نوسخەيەك لە كتێبی (جامع الترمذي) تێدا بوو لەسەر كتێبەكە ناوی من و خۆی نوسی بوو ! جا ئەم شتەم بۆ حمزة الدقاق گێڕایەوە ووتی: ابن الآبنوسي بە ئەنقەست درۆ ناكات بەڵام حەزی لێبوو كتێب كۆ بكاتەوە.

يحيى الحماني خيلاف زۆرە دەربارەی زەعيفە يان نا ناتوانم تەرجيح بكەم.

عبدالحميد الحماني باوكی يحيى گێڕانەوەكەی لەوە دەچێ كە خۆی ئامادەی ڕووداوەكە نەبووە.

سعيد بن مسروق باوكی سفيان الثوري-ە بۆيە أبو حنيفة دەڵێ: حدثني سعيد بن مسروق باوكی ئەم داپۆشراوە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرىء قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا ابن سماعة ووتی: **بيستم أبو يوسف ووتی: أبو حنيفة دادەنيشت سفيان بە داپۆشراوی دەهات گوێی لە ووتەكانی أبو حنيفة دەگرت كەسيش نەيدەزانی لەوێيە، جا أبو حنيفة ڕۆيشت پياوێكی خەوتووی داپۆشراو بە جلەكانی بينی، أبو حنيفة ووتی: حدثني باوكی ئەم خەوتووە سعيد بن مسروق.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 73]

ووتم: أحمد بن محمد (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد يعني ابن محمد بن مغلس قال حدثنا الحسن بن بشر قال حدثني زائدة ووتی: **لەژێر سەری سفيان كتێبێكم بينی كە سەيری دەكرد، منيش ئيزنم لێ وەرگرت كە سەيری بكەم، جا كتێبەكەی پێدام بينيم كتێبی (الرهن) بوو هی أبو حنيفة، پێم ووت: سەيری كتێبەكانی دەكەيت ؟ ووتی: حەزم دەكرد هەموو كتێبەكانی لەلام بوايە كۆم كردبوايەوە سەيرم كردبوايە، لە شەرح كردنی عيلمدا هيچ ئامانجێك نەماوە بەڵام ئێمە ئينصافمان نەبوو بەرامبەری.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 74]

ووتم: أحمد بن محمد بن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: حدثنا عبدالله بن محمد البزاز قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا **الحسين بن حماد ووتی: هاوەڵانی أبو حنيفة ئەوانەی كە بەردەوام لە بازنەی دەرس ووتنەوەی بوون دە كەس بوون، ئەوانەی فيقهيان لەبەر بوو وەک لەبەركردنی قورئان چوار كەس بوون، زفر بن الهذيل ويعقوب بن إبراهيم و أسد بن عمرو وعلي بن مسهر، وە پێيان وايە سفيان فيقهی لە علي بن مسهر وەردەگرت لە ووتەكانی أبو حنيفة، وە سفيان پشتی بە علي بن مسهر و موزاكەرەی ئەو بەست بۆ نوسينی كتێبەكەی كە ناوی نا (الجامع).**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 74]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبرهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا يحيى الحماني ووتی: **بيستم علي بن مسهر ووتی: من دەچووومه لای سفيان عيلمی أبو حنيفة-م بۆی دەبرد، جا ئەمه گەيشتەوه به أبو حنيفة، ووتی: بۆچی عيلمەكەت دەدەيت به كەسێک كه سوپاست ناكات لەسەری ؟** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 74]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا عبدالوهاب بن أبي حية قال حدثني عبدالملك بن أحمد قال سمعت محمد بن شجاع يقول سمعت محمد بن عبيد الطنافسي دەيووت: **بيستم أبو معاوية دەيووت: بەردەوام سفيان لەلامان گەورە بوو تا ئەوكاتەی قسەی به أبو حنيفة ووت، ئێمەش هەجرمان كرد و ڕەفزمان كردەوه.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 76]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: حدثنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا قال أحمد بن محمد بن مغلس قال حدثنا ابن نمير قال حدثني أبي ووتی: **الأعمش گەڕپرسياری دەربارەی بابەتێک لێكرابوايه دەيووت: بڕۆن بۆ ئەم بازنەيه، واتا بازنەی دەرس ووتنەوەی أبو حنيفة.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 78]

ووتم: أحمد بن محمد بن مغلس (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو حفص عمر بن إبراهيم المصري قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن محمد ابن مغلس قال حدثنا يحيى بن أكثم ووتی: بيستم جرير ووتی: **المغيرة بن مقسم الضبي پێی ووتم: لەگەڵ أبو حنيفة دانيشه گەر إبراهيم (النخعي) زيندوو بوايه ئەوا پێويستی به دانيشتن لەگەڵ أبو حنيفة هەبوو، والله أبو حنيفة به چاكی دەزانێ قسه له حەلال و حەرامدا بكات.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 79]

ووتم: أحمد بن محمد بن مغلس (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه.

الصيرفي دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد الصيرفي قال حدثنا محمد بن أحمد المسكي قال حدثنا علي بن محمد النخعي قال حدثنا محمد بن سعدان قال حدثنا أبو سليمان الجوزجاني قال حدثنا خارجة بن مصعب ووتی: **بیستم عبدالله بن عون باسی أبو حنيفة-ی کرد ووتی: ئەو خاوەنی شەو نوێژ و عیبادەت بوو، هەندێک لەوانەی مەجلیسەکەی ووتیان: ئەو ئەمڕۆ قسەیەک دەکات پاشان بەیانی لێی پەشیمان دەبێتەوە، ابن عون ووتی: ئەمە بەڵگەیە لەسەر وەرع، هیچ کەسێک لە ووتەیەک پەشیمان نابێتەوە بۆ ووتەیەکی تر تەنها خاوەنی دین نەبێ، گەر ئەمە نەبوایە ئەوا هەڵەکەی خۆی سەردەخست و بەرگری لێ دەکرد.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 79]

ووتم: دوو خارجة بن مصعب، یەکێکیان باپیرە ئەوی تریان نەوەیە، خارجة بن مصعب بن خارجة بن مصعب، خارجة-ی یەکەم نەوەیە، خارجة-ی دووەم باپیرەیە، باپیرەکە مەتروکە، نەوەکە صدوق-ە، ئەمەی سەنەدەکە باپیرەکەیە چونکە لە عبدالله بن عون ڕیوایەت دەکات عبدالله ساڵی 151 مردووە ئەویش ساڵی 168 مردووە بەڵام نەوەکەی ساڵی 264 مردووە بە عبدالله بن عون نەگەیشتووە.

بەهۆی ئەم سەنەدەوە گەیشتم بە دڵنیایی ئەو محمد بن سعدان-ەی کە لە ڕیوایەتەکانی پێشوو باسمان کرد دوو محمد بن سعدان هەیە یەکێکیان مەجهولە و ڕیوایەتی مونکەری هەیە ئەوی تریان سیقەیە، جا ئەوەی أبو بشر الدولابي ڕیوایەتی لێوە دەکرد ئەوەیانە کە مەجهولە و ڕیوایەتی مونکەری هەیە چونکە ئەوی تریان کە سیقەیە ساڵی 231 مردووە وەک باسمان کرد، لەم سەنەدەدا علي بن محمد النخعي ڕیوایەت لە محمد بن سعدان دەکات، النخعي ساڵی 324 مردووە ئەو محمد بن سعدان-ەی کە سیقەیە ووتمان ساڵی 231 مردووە ئەی باشە النخعي چ ساڵێک ئەمەی بیستووە لە محمد ؟ ئەی ئەوکات تەمەنی خۆی چەند بووە ؟ گەر بڵێین بەلانی کەم تەمەنی 16 ساڵ بووە واتا ساڵی 215 لەدایکبووە ئەمە گەورەترین ئەگەرە کە هەمیشە ئەگەرە گەورەکان وەردەگرین بۆ ئەو ڕاوییانەی کە ساڵی مردنیان یان لە دایکبوونیان نازانین ئەگینا ئەستەمە ساڵی 231 ئەمەی بیستبێ چونکە دەکرێ چەند ساڵێک بەر لە مردنی محمد ئەمەی بیستبێ بەڵام ئێمە هەمیشە ساڵی وەفاتی ڕاوییەکە هەژمار دەکەین وەک یەدەگ تا بیانوومان پێ نەگرن، وە تەمەنی

ئەوەی ڕیوایەتی لێوە دەکات زۆر بە گەنجی هەژمار دەکەین لەنێوان 15 بۆ 20 ساڵ لەکاتێکدا زۆربەی بیستنەکان لەسەرووی ئەم تەمەنەیە، جا ئایا دەکرێ النخعي 109 ساڵ ژیا بێت لەکاتێکدا زۆرینەی ئەو شێخانەی النخعي ڕیوایەتی لێوە کردوون لە ماوەی نێوان ساڵانی 270 بۆ 280 مردوون، گەر النخعي لە ساڵی 231 بە محمد بن سعدان بگات ئەی بۆ هیچ ڕیوایەتێکی نیە لەو شێخانەی کە لە نێوان ساڵانی 230 و 240 و 250 مردوون ؟

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرىء قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا أبو الوليد ووتی: **شعبة بە چاکە باسی أبو حنيفة-ی دەکرد، زۆر دوعای بۆ دەکرد، نەم بیستووە هەرگیز لە بەردەم شعبة باسی أبو حنيفة بکرێ ئیللا دوعای بۆ کردووە.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 80]
ووتم: أحمد بن محمد (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا نصر بن علي ووتی: **ئێمە لەلای شعبة بووین جا بە شعبة ووترا أبو حنيفة مرد، شعبة دوای إنا لله وإنا إليه راجعون ووتی: ڕووناکی نوری عیلم کوژایەوە لەسەرئەهلی کوفە، ئەوان هەرگیز کەسێکی تر نابینن وەک ئەو. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 80]**
ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم بن أحمد قال حدثنا أبو جعفر أحمد ابن محمد بن سلامة الطحاوي فيما كتب به إلي قال حدثنا جبرون بن عيسى بن يزيد قال حدثنا أيوب العراقي أبو هشام قال حدثني محمد بن رشيد صاحب عبدالرحمن بن القاسم عن يوسف بن عمرو عن ابن الدراوردي ووتی: **مالك و أبو حنيفة-م بینی لە مزگەوتی پێغەمبەری الله ﷺ دوای نوێژی عیشا، ئەو شتانەی لەبەریان کردبوو بۆ یەکتریان دەووتەوە و دیراسەیان دەکرد تا ئەوکاتەی یەکێکیان ووتەی بەرامبەرەکەی دەبینی کە فەتوای پێ داوە و کاری پێکردووە دەستیان لەیەکتر هەڵدەگرت بەبێ زۆر**

کردن و به هەڵە دانانی یەکێکیان بۆ ئەوی تر، تا نوێژی بەیانیان دەکرد لەو مەجلیسەیاندا.
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 81]
ووتم: جبرون بن عيسى بن يزيد زەعيفە، أيوب العراقي و محمد بن رشيد نەمدۆزینەوە.

الصیمری دەڵێ: أخبرنا عمر بن ابراهيم المقرىء قال حدثنا مكرم قال حدثنا جعفر بن سهل بن فروخ قال حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا سليمان بن الربيع قال حدثنا **كادح بن زحمة ووتی: پیاوێک پرسیاری لە مالك بن أنس کرد دەربارەی کەسێک کە دوو جلی هەیە یەکێکیان پیسە ئەوی تریان پاکە جا کاتی نوێژ هاتووە، مالك ووتی: پاکەکە لەبەر دەکات. کادح دەڵێ: ووتەی أبو حنيفة-م بە مالك ووت کە دەڵێ: هەرجارە و بە جلێکیان نوێژدەکات، جا مالك فەرمانی کرد پیاوەکە بگەڕێننەوە، ئینجا فەتوای بۆدا بە ووتەکەی أبو حنيفة.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 81]
ووتم: أحمد بن محمد (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە، سليمان بن الربيع زەعیفە، كادح بن زحمة الله أعلم چ کەسێکە جگە لەم ڕیوایەتە لە هیچ شوێنیکی تر ناویم نەدۆزییەوە.

الصیمری دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا ابن مغلس قال حدثنا الحماني قال حدثنا **ابن المبارك ووتی: من لەلای مالك بن أنس بووم پیاوێک هاتە لای مالك بەرزی کردەوە، پاشان ووتی: دەزانن ئەمە کێیە ؟ کاتێک چووە دەرەوە، ووتیان: نەخێر، منیش ناسیم، مالك ووتی: ئەمە أبو حنيفة-ی عیراقی بوو، گەر بڵێ ئەم دینگەیە لە زێڕە ئەوا ووتەکەی ڕاست دەردەچێ، فیقهـ بۆی گونجێنراوە ماندوو بوونی گەورەی پێ ناوێ بۆ ئەو، ابن المبارك دەڵێ: وە سفيان الثوري هاتە لای مالك لەشوێنێکی نزمتر لە شوێنەکەی أبو حنيفة-ی دانیشاند، کاتێک چووە دەرەوە، ووتی: ئەمە سفيان بوو، جا باسی فیقهـ و وەرعی سفيان-ی کرد.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 81]
ووتم: ابن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصیمری دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال ثنا مكرم قال ثنا أحمد بن عطية قال سمعت ابن أبي إسرائيل قال سمعت ابن عيينة ووتی: **چووم بۆ لای سعيد بن أبي عروبة، پێی ووتم: ئەی باوکی محمد**

هیچ دیارییەکم نەدیوە وەک ئەوانەی کە لە شارەکەی تۆوە بۆمان دێت لەلایەن أبو حنیفة-ەوە، حەز دەکەم الله ئەو عیلمە بهێنێتە دەرەوە کە أبو حنیفة هەیەتی بۆ ناو دڵی ئیمانداران، الله بە جۆرێک فیقهی داوە بەم پیاوە وەک بڵێی بۆ فیقهـ دروست بووە. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 82]
ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا ابن كاسب ووتی: **بیستم سفيان بن عيينة دەیووت: ئەوەی المغازي دەوێ با بچێتە مەدینە، ئەوەی مەناسکی دەوێ با بچێتە مەککە، ئەوەی فیقهی دەوێ با بچێتە کوفە وپابەند بێ بە هاوەڵانی أبو حنیفة.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 82]
ووتم: (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا محمد بن المثنى صاحب بشر بن الحارث ووتی: **بیستم ابن عيينة ووتی: زاناکان چوارن: ابن عباس لە سەردەمی خۆی، الشعبي لە سەردەمی خۆی، أبو حنیفة لە سەردەمی خۆی، الثوري لە سەردەمی خۆی.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 83]
ووتم: (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە، پێشتریش ئەم ڕیوایەتەمان هێنا لە تاريخ بغداد هەر لە ڕێگای الصيمري.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد البزاز قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا الحماني قال حدثنا ابن المبارك ووتی: **باسی أبو حنيفة کرا لە بەردەم داود الطائي، جا ووتی: ئەوە ئەستێرەیەکە کەسی ڕۆیشتوو لە شەودا ڕێگای پێ دەدۆزێتەوە، وە عیلمێکە دڵی ئیمانداران قبوڵیان کردووە، هەر عیلمێک لە عیلمی ئەو نەبێت ئەوا بەڵایە بۆ سەر خاوەنەکەی، والله ئەو عیلمی حەرام و حەلال و ڕزگاربوون لە سزای الجبار-ی لایە، لەگەڵ وەرع و خزمەتێکی بەردەوام.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 83]

ووتم: أحمد بن محمد (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه، الحماني ماميەتی ناوی (جبارة بن مغلس)ه مەتروکه، داود الطائي قوتابی أبو حنيفة بووه ووتەکەی نرخی نيه گەر صەحيحيش بێت.

الصيمري دەڵێ: حدثنا القاضي أبو نصر محمد بن محمد بن سهل النيسابوري الفقيه قال حدثنا أحمد ابن هارون قال حدثني محمد بن المنذر بن سعيد الهروي قال حدثنا محمد بن سهل بن منصور الرازي قال حدثني أحمد بن إبراهيم قال سمعت منصور بن هاشم دەيووت: **ئێمه لەگەڵ عبدالله بن المبارك بووين له القادسية کاتێک پياوێک هاته لای که خەڵکی کوفه بوو جا کەوته قسه ووتن به أبو حنيفة، عبدالله پێی ووت: قسه به پياوێک دەڵێی که 45 ساڵ پێنج نوێژه فەرزەکەی کردووه به يەک دەست نوێژ، هەموو قورئانی دەخوێند له دوو رکعەتی شەو نوێژدا، ئەو فيقهەی که هەمه له أبو حنيفة فێری بووم.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 84]

ووتم: محمد بن سهل بن منصور الرازي و منصور بن هاشم نەمدۆزينەوه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن إبراهيم البزاز قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد قال حدثنا الحماني ووتی: **بيستم ابن المبارك دەيووت: گەر سفيان و أبو حنيفة کۆک بن لەسەر شتێک ئەوا دەيکەم به حوججه له نێوان خۆم و الله دا لەو شتانەی که فەتوای پێ دەدرێت له دينی الله دا.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 84]

ووتم: أحمد بن الصلت درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا نصر بن علي قال حدثنا **عبدالله بن داود ووتی: هەرکەسێک دەيەوێ دەرچێ له زەليلی کوێرايەتی و جەهل، وه چێژی فيقهـ هەست پێ بکات ئەوا با سەيری کتێبەکانی أبو حنيفة بکات.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 85]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ه درۆزنه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد الصيرفي قال حدثنا محمد بن أحمد المسكي قال حدثنا

علي بن محمد بن كأس قال حدثنا محمد بن محمود الصيدلاني قال حدثنا محمد بن شجاع ووتی: **عبدالله ابن داود ووتی: أبو حنيفة عەيبدار ناكات تەنها دوو كەس نەبێت، جاهيلێک فەزڵی ووتەی أبو حنيفة نازانێ، يان حەسودێک بە عيلم نەگەيشتووە جا حەسودی پێ دەبات.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 85]

ووتم: محمد بن شجاع الثلجي درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد البزاز قال حدثنا مكرم قال حدثنا عبدالوهاب بن محمد قال حدثنا علي بن الحسين الدرهمي بالبصرة ووتی: **الخريبي پێی ووتين: والله أبو حنيفة بە سودتر بوو بۆ موسڵمانان لەم دووانە، واتا حماد بن سلمة و حماد بن زيد.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 85]

ووتم: عبدالوهاب بن محمد المروزي نەمدۆزيەوە، الخريبي عبدالله بن داود-ە پێشتر باسمان كرد كە ئيمام أحمد دەڵێ بينيم فەرموودەم لێی نەنوسيەوە حەزی لە ڕەئی بوو، بۆيە ووتەی كەسێكی ئاوا سەنگی نيە گەر صەحيحيش بێت، پاشان ووتەكەی بە هيچ شێوەيەک ڕاست نيە دوو حەممادەكە لەكوێ أبو حنيفة لەكوێ ! تانەدانە لەم دووانە بەراوورد بكرێن بە أبو حنيفة.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا نصر بن علي ووتی: **بە أبو عاصم-م ووت: لەلای تۆ أبو حنيفة فەقيهترە يان سفيان ؟ ووتی: والله لەلای من أبو حنيفة لە ابن جريج فەقيهترە، چاوم كەسی نەديوە لەو بە تواناتر بێ لە فيقه.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 86]

ووتم: أحمد بن محمد (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال سمعت تميم بن المنتصر دەيووت: **پياوێک بە يزيد بن هارون-ی ووت: ئەی باوكی خالد ڕەئی مالك لەلات خۆشەويسترە لە ڕەئی أبو حنيفة ؟ ووتی: فەرموودەی مالك بنوسەوە ئەو پياوە سيقەكانی هەڵدەبژارد، وە فيقهيش پيشەی أبو حنيفة-يە. نەمديوە كەسێک مونازەرەی لەگەڵ بكات لە**

شتێک لە فیقهدا ئیللا سەرکەوتووە بەسەریدا، فیقهـ پیشەی أبو حنیفة و هاوەڵانیەتی، وە میراتیش وەک بڵێی ئەوان بۆ میرات دروستکراون. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 86]
ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصیمري دەڵێ: حدثنا العباس بن أحمد الهاشمي قال حدثنا علي بن عمرو الحريري قال حدثنا علي بن محمد النخعي قال حدثنا إبراهيم بن مخلد قال حدثنا أبو سعيد البلخي قال سمعت أبا عبدالرحمن المقرئ ووتی: **عبدالعزيز بن أبي رواد ووتی: أبو حنيفة ئامرازی تاقی کردنەوەیە، هەرکەسێک أبو حنيفة-ی خۆشبوێ سوننیە، وە هەرکەسێک ڕقی لێی بێت بیدعەچیە.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 86]
ووتم: إبراهيم بن مخلد البلخي مەجهولە.

الصیمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن محمد قال حدثنا إبراهيم بن سعيد الجوهري قال حدثنا شبابة بن سوار قال أخبرني أبي ووتی: **الحسن بن عمارة-م بینی لە گۆڕستانی الخيزران لەلای گۆڕی أبو حنيفة دەگریا و دەیووت: ڕەحمەتی الله-ت لێبی، تۆ جێگرەوەی ئەوانەی پێشین بووی، وە لەدوای خۆت جێگرەوەت جێ نەهێشت، گەر جێگاشت بگرنەوە لەو عیلمەی کە فێرت کردوون ئەوا ناتوانن جێگات بگرنەوە لە وەرع تەنها بە تەوفیقی الله نەبێ، ووتم: ئەمە کێیە ؟ ووتیان: گۆڕی أبو حنيفة-یە.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 86]
ووتم: أحمد بن محمد (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصیمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا القاضي أبو بكر مكرم بن أحمد قال حدثنا الحسين بن علي بن حبان عن أبيه ووتی: **بە أبو زكريا يحيى بن معين ووترا: کامەیان خۆشەویسترە لەلات الشافعي یان أبو حنيفة یان أبو يوسف ؟ ووتی: الشافعي حەزم بە فەرموودەکانی نیە، وە أبو حنيفة کەسانی چاک ڕیوایەتیان لێوەی کردووە، وە أبو يوسف ئەهلی درۆ کردن بوو ڕاستگۆ**

بوو، پێی ووترا: أبو حنيفة ڕاستگۆ بوو له فەرمووده ؟ ووتی: بەڵێ صدوق بوو.
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 86]
ووتم: شێخەکەی الصيمري پێشتر باسمان کرد کە ڕوون نیە کامەیانە.
علي بن حبان پێشتر باسمان کرد جەرح و تەعدیلی بۆ نەکراوە، وە کەسیش ئاوڕی لەم ووتەیەی يحيى بن معين نەداوەتەوە کە لەڕووی فەرموودەوە الشافعي عەیبدار دەکات و أبو حنيفة و أبو يوسف مەدح دەکات أبو حنيفة و أبو يوسف نە لە حفز نە لە ڕاستگۆیی ناگەن بە الشافعي، هەندێک ئەم کارەی بە دەمارگیری مەزهەبی ناو دەبەن چونکە وەک ووتمان سەرەتای تەمەنی کتێبەکانی أبو حنيفة-ی خوێندووە لەلای محمد بن الحسن الشيباني بۆیە هەندێک بە حەنەفی مەزهەب هەژماری دەکەن، ئەوەشمان بیر نەچێ کە يحيى بن معين أبو حنيفة-ی بە جەهمی ناو بردووە، وە وتوویەتی فەرموودەکانی نانوسرێنەوە، ڕەنگە سەرەتا تەوسیقی کردبێ دواتر حاڵی بۆ دەرکەوتبێ.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم المقرئ قال حدثنا مكرم قال حدثنا محمد بن علي بن العباس البزاز قال حدثني القاسم المعشري والحسين بن فهم وجگە لەوانیش ووتیان: **بیستمان يحيى بن معين دەیووت: فەقیهەکان چوارن: أبو حنيفة و سفيان و مالك و الأوزاعي.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 87]
ووتم: محمد بن علي بن العباس البزاز نەمدۆزیەوە.

الصيمري دەڵێ: حدثنا الشريف أبو الحسن العباس بن أحمد بن الفضل الهاشمي قال حدثنا أحمد بن محمد بن المنصوري قال حدثنا علي بن محمد بن كأس النخعي قال حدثنا أحمد بن أبي خيثمة قال حدثنا سلمة النحوي ووتی: سليمان بن داود الهاشمي ووتی: **الشافعي پێی ووتم: ووتەی أبو حنيفة گەورەترە لەوەی کە بە ئاسانی ڕەت بکرێتەوە.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 87]
ووتم: أحمد بن محمد بن المنصوري هەڵەیە المنصوري نازناویەتی نەک ناوی باپیری بێت لە لاپەڕە 73 و 90 ناوەکەی ڕاست کراوەتەوە، أحمد بن محمد بن صالح بن عبد ربه المنصوري تۆمەتبارە

به درۆ، الذهبي له ميزان الاعتدال فەرموودەیەکی درۆ دەهێنێ که المنصوري ڕیوایەتی کردووە، الذهبي دەڵێ هۆکارەکەی المنصوري-ە.

الصيمري دەڵێ: حدثنا العباس بن أحمد قال حدثنا أحمد بن محمد بن المنصوري قال حدثنا علي بن محمد النخعي قال حدثنا الحسن بن قتيبة قال حدثنا حرملة بن يحيى ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: هەرکەسێک سەیری کتێبەکانی أبو حنيفة نەکات ڕۆنەچووە لە فیقهدا.**
[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 87]
ووتم: أحمد بن محمد المنصوري تۆمەتباره به درۆ، حسن بن قتيبة مەتروکه.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عبدالله بن محمد قال حدثنا مكرم قال حدثنا عبدالصمد بن عبيدالله عن عبدالله بن محمد بن نوح قال حدثنا حفص بن يحيى قال حدثنا محمد بن أبان عن الحارث ابن عبد الرحمن ووتی: **ئێمه لەلای عطاء بووین هەندێکمان لەدوای هەندێکی ترمان، جا کاتێک أبو حنيفة هات عطاء شوێنەکەی بۆ فراوان کرد و نزیکی کردەوە لەخۆی.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 89]
ووتم: عبدالصمد بن عبيدالله نەمدۆزیەوە مەگەر عبيدالله بن عبدالصمد بێ، عبدالله بن محمد بن نوح نەمدۆزیەوە، حفص بن يحيى گەر التيمي بێت تەنها ابن حبان له الثقات هێناویەتی بەبێ بەکارهێنانی هیچ لەفزێکی جەرح و تەعدیل، گەر یەکێکی تر بێت نازانم، محمد بن أبان زۆره نازانم کامەیانه، الحارث بن عبدالرحمن نەمدۆزیەوە.

الصيمري دەڵێ: أنشدنا أبو الحسن العباس بن أحمد بن الفضل الهاشمي قال أنشدنا أحمد بن محمد المنصوري قال أنشدنا علي بن محمد النخعي قال أنشدنا إسحاق بن إبراهيم بن مقراض قال أنشدنا سويد بن سعيد المروزي ووتی: **بیستم ابن المبارك دەیووت:**

لقد زان البلاد ومن عليها   *   إمام المسلمين أبو حنيفـــة**
بآثاروفقه في حديـــــث   *   كآثار الزبور على الصحيفة**

فما في المشرقين له نظير   *   ولا بالمغربين ولا بالكوفـــــــة**
رأيت العائبين له سفاها   *   خلاف الحق مع حجج ضعيفة**

واتا: ووڵات و دانیشتوانی ووڵاتی جوان کرد ئیمامی موسڵمانان أبو حنيفة، بە ئاثارو فیقهـ لە فەرمووددا، وەک ئاسەواری نوسین لەسەر پەڕاودا، نە لە دوو خۆرهەڵاتەکە و نە لە دوو خۆرئاوابوونەکە ونە لە کوفەش هاوشێوەی نیە، بینیم ئەوانەی عەیبداریان دەکرد عەقڵیان پوچ بوو خیلافی حەقیان دەکرد بە بەڵگەی لاواز. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 90]

ووتم: أحمد بن محمد المنصوري تۆمەتبارە بە درۆ، إسحاق بن إبراهيم بن مقراض نەمدۆزیەوە، سويد بن سعيد المروزي نەمدۆزیەوە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد الحلواني قال حدثنا مكرم قال حدثنا عبدالوهاب ابن محمد قال حدثنا يعقوب بن شيبة قال أخبرني عبدالله بن الحسن عن بشر بن الوليد ووتی:

أبو حنيفة لە بەندیخانە مرد و لە گۆڕستانی الخيزران نێژرا.

يعقوب بن شيبة دەڵێ: پێم ڕاگەیەندرا أبو حنيفة لە سوجدەدا مرد.

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 93]

ووتم: مەبەستم بڕگەی دووەمی ڕیوایەتەکەیە کە يعقوب بن شيبة دەڵێ: پێم ڕاگەیندرا (خُبرت) ئەمە صیغەی تمریض-ە زەعیفە نازانین کێ پێی ڕاگەیاندووە يعقوب 32 ساڵ دوای مردنی أبو حنيفة لە دایکبووە، ئەم ڕیوایەتەشم بۆ دڵ نەخۆشەکان هێنا ڕەنگە بەهۆی ئەم ڕووداوە کوفر و بیدعەکانیان بیر چێتەوە بڵێن مادام لە سوجدەدا مردووە کەواتە موسڵمان بووە ئەم فەزلە اللە بە هەموو کەسێکی نادات ...هتد، ڕیوایەتەکە زەعیفە وەک باسمان کرد.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا أحمد بن عطية قال حدثنا عبدالله ابن مطيع ووتی: **بیستم باوکم دەیووت: تەرمی پیاوێکم بینی لە سەردەمی أبو جعفر** ... (دوای باسکردنی ڕێوڕەسمی ناشتنی و نوێژ لەسەر کردنی ئینجا دەڵێ) **خەڵکی بۆ ماوەی بیست ڕۆژ زیاتر نوێژیان لەسەر گۆڕەکەی دەکرد.** [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 93]

ووتم: أحمد بن عطية (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا ابن مغلس قال حدثني خلف بن سالم ووتی: **بیستم صدقة المقابري -دوعای قبوڵ بوو- دەیووت: کاتێک أبو حنيفة نێژرا لە گۆڕستانی الخيزران دەنگێکم بیست لە شەودا بۆ ماوەی سێ شەو:**

ذهب الفقه فلا فقه لكـــم * فاتقوا الله وكونوا خلفـا**

مات نعمان فمن هذا الذي * يحيي الليل إذا ما سجفا**

واتا: فیقهـ ڕۆیشت فیقهتان نیە، تەقوای الله-تان هەبێ ببن بە جێگرەوە، النعمان مرد، کێیە ئەو کەسەی کە شەو زیندوو دەکاتەوە کە تاریک بوو. [أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 94]

ووتم: ابن مغلس (أحمد بن الصلت)ە درۆزنە.

الصيمري دەڵێ: أخبرنا عمر بن إبراهيم قال حدثنا مكرم قال حدثنا عمر بن إسحاق بن إبراهيم قال حدثنا علي بن ميمون ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: من تەبەروک دەکەم بە أبو حنيفة و دەچمە لای گۆڕەکەی لە هەموو ڕۆژێکدا سەردانی دەکەم، جا گەر شتێکم پێویست بوایە دوو رکعەت نوێژم دەکرد و دەهاتم بۆلای گۆڕەکەی و داوای پێداویستیم لە الله دەکرد.**

[أخبار أبي حنيفة وأصحابه : 94]

ووتم: عمر بن إسحاق بن إبراهيم تەنها لێرەدا ناوی هەیە لە هیچ شوێنێکی تر ناوی نیە کەس نازانێ کێیە، ابن تيمية دەڵێ: ئەم ڕیوایەتە درۆیە، زۆر زانای تر قسەیان لەسەر کردووە بە درۆیان زانیوە.

وە دەووترێ: أبو معاوية الضرير وتوویەتی: خۆشویستنی أبو حنیفة لە سوننەتدایە، وە حفص بن غیاث وتوویەتی: ووتەی أبو حنیفة لە فیقهدا لە موو باریکتر بوو، کەس عەیبداری ناکات تەنها جاهیل نەبێ، ئەم ووتانە الذهبي هێناویەتی بەبێ سەنەد بۆیە باسم نەکردووە لە کتێبەکەدا چونکە نازانین حاڵی سەنەدەکان چۆنە، گەر صەحیحیش بێت أبو معاوية الضرير مورجیئەیەکی پیس بووە وەک ابن حبان باسی دەکات، وە أبو داود دەڵێ: سەرکردەی مورجیئە بوو لە کوفە، وە دەووترێ وکیع ئامادەی جەنازەکەی نەبووە بەهۆی ئیرجاء، جا ئاساییە کەسێکی ئاوا مەدحی أبو حنیفة بکات چونکە أبو حنیفة پێشەنگی بووە لەم کارەدا، سەبارەت بە حفص بن غیاث هێنامان لە بەشی یەکەم کە لە دژی أبو حنیفة قسەی کردووە نەک مەدحی بکات، سەبارەت بە ووتەکەی زانایانی المتأخرین و زانایانی سەردەم شایستەی باسکردن و ئاوڕ لێدانەوە نیە چونکە زانراوە لای ئەوان أبو حنیفة ئیمامە، بگرە بە هیچ جۆرێک قبوڵی ناکەن ئەم ووتانەی سەلەف دەربارەی باس بکرێ و بڵاو بکرێتەوە، جا کاتێک ووتەی ئەم هەموو زانایەی سەلەف بەر دەست بوو دەربارەی کەسێک کە خۆیان لەگەڵی ژیاون یان لە سەردەمەکەی ئەو نزیک بوونە ئەوا هیچ پێویست ناکات بگەڕێینەوە سەر ووتەکەی کەسانێک کە سەدان ساڵ دوای ئەم کەسە هاتوون کردوویانە بە ئیمام و نەیارانی بە خەواریج و تێکدەر و فیتنەچی و غولات و ئەم جۆرە ناوانە وەسف دەکەن، بەڵام سەیرم پێدێت بۆ جورئەت ناکەن کە سەلەف بەم ناوانە وەسف بکەن لەکاتێکدا دەزانن ئەم خەڵکە هەر قسەیەک بکات لەدژی أبو حنیفة بەهۆی ووتەکانی سەلەف وای لێهاتووە کە ئەم قسەیە بکات، ئیتر بۆ دەبێ هەموو تاوانەکە لە ملی تابع بێ متبوع-یش هیچی نەیەتە سەر ؟! خۆ بە هەموو پێوەرێک لەپێشترە تاوانەکە بخرێتە ئەستۆی متبوع نەک تابع.

نزیکەی 260 ڕیوایەتمان هێنا دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة لە هەر چوار کتێبی (الانتقاء)ی ابن عبدالبر و (تارخ بغداد)ی الخطیب و (فضائل أبي حنيفة)ی ابن أبي العوام و (أخبار أبي حنيفة وأصحابه)ی الصيمري، کە خاوەنی ئەم چوار کتێبە جگە لە ڕیوایەتە تایبەتەکانی خۆیان زۆرێک لە ڕیوایەتی کتێبەکانی پێش خۆیان نەقل کردووە وەک کتێبی یوسف بن أحمد لەلایەن ابن عبدالبر

و کتێبی مکرم بن أحمد لەلایەن الصیمري، وە ابن أبي العوام زۆربەی ڕیوایەتەکانی کتێبەکەی أبو بشر الدولابي کۆکردۆتەوە، هەروەها کتێبەکەی علي بن محمد بن کاس النخعي کە بوونی نەماوە الخطیب بەشێکی لێ نەقل کردووە الصیمري بەشێکی زیاتری نەقل کردووە، ئەوانەشی تەنها ناویان ماوە و بەردەست نین یان بوونیان نەماوە گەر هەندێک ڕیوایەتی لە کتێبەکانی دوای خۆی نەقل کرابێ بە سەنەدەوە هێناومە، ئەوانەشی دوای سەدەی پێنجەم نوسراون بەبێ سەنەد و دووبارەکەرەوەی کتێبەکانی پێشوون نەمهێناون چونکە پێویست بە هێنانی ناکات، وە گرنگیم بەم ووتانەش نەداوە کە لەلای زانایانی خەلەف و معاصرین دەربارەی أبو حنیفة ووتراوە لە مەدح و پێداهەڵدان چونکە لای هەمووومان زانراوە کە دوای سەردەمی سەلەف أبو حنیفة لە پڕێک بۆتە کوڕێک دونیای بۆ سەراو ژوور کراوە بە جۆرێک کە هیچ کام لەم زانایانەی سەلەف گەر لە سەردەمی دوای خۆیان ژیابوان بۆیان نەبوو قسەی پێ بڵێن، جا بۆیە کە لێرەدا ئێمە ووتەی سەلەفی صالحمان بەر دەستە دەربارەی کەسێک کە خۆیان لەگەڵی ژیاون یان سەردەمیان لێی نزیک بووە ناچارنین بزانین کەسێک دوای سەدان ساڵ هاتووە یان هەزار ساڵ چۆن لە أبو حنیفة دەڕوانێت، وە پێم وایە ئەم هەموو لاف و گەزافەی کە لێدەدرێ بەناوی شوێنکەوتنی سەلەفی صالح تا ڕاددەیەک دەبێ شەرمەزارتان بکات و واتان لێبکات کە نەتوانن پشت لە ووتەکانی سەلەف بکەن و بگەڕێنەوە بۆ ووتەکانی خەلەف و معاصرین، ئەگینا ووتنی دروشمی (شوێنکەوتنی سەلەفی صالح) جگە لە دروشمێکی درۆ هیچی تر نیە، جا گەر بڕیار وابێ بە تێگەیشتنی خەلەف لە ووتەکانی سەلەف تێبگەین کەواتە خەلەفمان کردۆتە حاکم بەسەر سەلەف هەرچی خەلەف بیەوێ و لەسەری بڕوات هەر ئەوەیە، قسەی سەرەتا و کۆتایی هەر هی خۆیانە، قسەی سەلەف هیچ نرخێکی نیە ئیللا مەگەر خەلەف پێی ڕازی بن و لەسەری بڕۆن ئەوکات نرخی هەیە و جێگای قبوڵە! خۆ ئەگەر بەڕوونیش بزانین لە بابەتێک خەلەف پێچەوانەی سەلەفن دەبێ بڵێین سەلەف هەر ئەوەیان مەبەست بووە کە خەلەف لەسەرینە بەڵام ئێمە لێیان تێناگەین هەر چەندە بابەتە ڕوونیش بێت !

وەک بینیتان ئەو ڕیوایەتانەی باسی حەسودی بردنی سەلەف دەکات بە أبو حنیفة گوایە لە ڕق و حەسودی دژایەتیان کردووە و قسەیان پێی ووتوە هەمووی درۆ بوو، زۆرێک لەو ڕیوایەتانەی کە باسی فیقهـ و وەرع و زوهد و سەخی بوونی دەکرد درۆ بوون یان زەعیف بوون، گەر گریمان صەحیحیش بوایە ئایا ڕیوایەتەکانی بەشی یەکەمی پوچوڵ دەکردەوە ؟ خێرکردنی و شەو نوێژ کردنی و چاکەکردنی لەگەڵ دایکی و زیرەکی لە فیقهدا و زوهد و وەرعەکەی هەموو ئەمانە دەتوانن بابەتەکانی بەشی یەکەم لابەرن لەسەری ؟ بێگومان نەخێر.

بەشی سێیەم

وەڵامدانەوەی چەند گومانێک

گومانی یەکەم:
بەڵگە هێنانەوە بە نامیلکەی (الفقه الأکبر)

گوایە أبو حنیفة ئەم نامیلکەیەی نوسیوە کە تێیدا عەقیدەکەی ڕوونکردۆتەوە کە هەمان عەقیدەی ئەهلی سوننەیە، بەڵام بێئاگان لەوەی کە ئەم نامیلکەیە دوورە لە عەقیدەی ئەهلی سوننە، وە گەر هی أبو حنیفة بێت ئەوا کوفر و بیدعەی تری بۆ زیاد دەبێت جگە لەوانەی بەشی یەکەم، بەڵام ئەم نامیلکەیە هی أبو حنیفة نیە، دوای مردنی ماتوریدی و ئەشعەرییەکان نوسیویانە داویانەتە پاڵی، وە نایشارمەوە حەزم دەکرد نامیلکەکە هی ئەو بووایە تا ڕاستەوخۆ لە کتێبی خۆی کوفر و بیدعەکانیم نەقل کردبوایە بەڵام ئینصاف واجبە، ئێمەش لێرەدا لە دوو لایەن قسە لەسەر نامیلکەکە دەکەین، لە لایەنی سەنەدەوە کە بە صەحیحی ناگەڕێتەوە بۆ أبو حنیفة، وە لە لایەنەی ناوەڕۆکی نامیلکەکە کە پێچەوانەی عەقیدەی ئەهلی سوننەیە هەندێک شتی تێدایە لەسەردەمی ئەو بوونی نەبووە، گەر هی ئەو بێت ئەوا کۆمەڵێک پەڵەی تری ڕەشە بەسەر نێوچەوانی نەوەک ببێتە هۆی جوانکردنی أبو حنیفة.

دوو نوسراو هەن بەناوی (الفقه الأکبر) کە دراونەتە پاڵ أبو حنیفة، یەکێکیان بەڕیوایەتی حماد-ی کوڕی، ئەوی تریان بە ڕیوایەتی أبو مطیع کە قوتابی أبو حنیفة-یە، ئێستا هەردووکیان چاپکراون و بەردەستن بەناوی (الفقه الأکبر) بۆ جیاکردنەوەیان حەنەفیەکان نامیلکەی دووەم بە (الفقه الأبسط) ناو دەبەن.

ناميلكەی (الفقه الأكبر)
بەڕیوایەتی حماد بن أبي حنيفة:

سەنەدی ناميلكەكە:

محمد بن مقاتل الرازي عن عصام بن يوسف عن حماد بن أبي حنيفة عن أبي حنيفة.

حاڵی ڕاوییەكان:

محمد بن مقاتل الرازي:

البخاري دەڵێ: گەر لە ئاسمان بكەومە خوارەوە بۆ سەر زەوی خۆشترە لەلام لەوەی كە ڕیوایەت بكەم لە محمد بن مقاتل.

الذهبي دەڵێ: زەعيفە.

ابن حجر دەڵێ: زەعيفە.

عصام بن يوسف:

خيلاف هەيە دەربارەی، ابن سعد و ابن عدي بە زەعيفيان داناوە، ابن حبان تەوسيقی كردووە، الخليلي بە صدوق-ی داناوە.

حماد بن أبي حنيفة:

پێشتر باسمان كرد كە زەعيفە.

ئەمە حاڵی سەنەدی ناميلكەكە بوو كە هيچ كام لە ڕاوییەكان سەلامەت دەرنەچوون.

ناوەڕۆكی ناميلكەكە:

ناميلكەيەكی عەقيدەييە باسی تەوحيد و عەقيدە دەكات.

ئەو خاڵانەی کە دژی عەقیدەی ئەهلی سوننەیە لە ناملیکەکەدا هاتوون:

یەکەم: تێیدا هاتووە **(والله تعالى واحد لا من طريق العدد، ولكن من طريق أنه لا شريك له).**
واتا: الله تعالى یەکە بەڵام لەڕووی ژمارەوە نا، بەڵکو لەو ڕووەدا کە هیچ شەریکێکی نیە !
ووتم: ئەمەش شتێک نیە پێویست بە ڕوونکردنەوە بکات کە پێچەوانەی ئایەت و فەرموودە و فیطرەتی مرۆڤە کە الله تعالى هەم بە ژمارە یەکە و هەم بێ شەریکە، ووتەکە زۆر ترسناکە.

دووەم: تێیدا هاتووە **(لم يزل ولا يزال بأسمائه وصفاته الذاتية والفعلية، وأما الذاتية: فالحياة والقدرة والعلم والكلام والسمع والبصر والإرادة، وأما الفعلية: فالتخليق والترزيق والإنشاء والإبداع والصنع ومن غير ذلك من صفات الفعل).**
واتا: بەردەوام ناو وصیفەتە زاتی و فعلیەکانی هەیە و لێ دانابڕێ، صیفەتە زاتیەکان وەک: ژیان و قودرەت وعیلم وکەلام وبیستن وبینین وویستن، وە صیفەتە فعلیەکان وەک: خەلق و رزق و ئینشاء و ئیبداع و صونع و جگە لەمانەش کە صیفاتی فعلین).
ووتم: بەکارهێنانی ووشەی (زاتی و فعلی) بۆ صیفەتەکانی الله لەلای سەلەفدا بوونی نەبووە بەڵکو دواتر ئەم دابەشکردنەی صیفات بۆ زاتی و فعلی دروست بووە، ئەگەرچی کێشە لە دابەشکردنەکە نیە و دروستە بەڵام ووشەکان نوێن و لە سەردەمی أبو حنيفة و دوای ئەویش ئەم ووشانە بوونیان نەبووە، ئەمەش نیشانەیەکە کە دوای خۆی نوسراوە و دراوەتە پاڵی، پاشان لە باسکردنی صیفەتە زاتیەکان تەنها 7 صیفەت باس دەکات کە هەمان ئەو 7 صیفەتەیە کە ئەشعەرییەکان ئیثباتی دەکەن، ئەمەش نیشانەیەکی ترە لەوەی کە دراوەتە پاڵی چونکە لەو سەردەمەدا ئەشعەرییەکان دروست نەببوون.

سێیەم: تێیدا هاتووە **(ولفظنا بالقرآن مخلوق).**
واتا: لەفزی ئێمە مەخلوقە لەکاتی دەربڕینی ئایەتەکانی قورئان.
ووتم: ئەم ووتەیە بیدعەی جەهمیەکانە دوای فیتنەی خلق القرآن سەری هەڵدا کە فیتنەی خلق

القرآن ساڵی 218 هـ بوو، دواتر ئەم بیدعە پیسەی بەدوا داهات کە ئامانج لێی هەر ئەوە بوو بووترێ قورئان مەخلوقە، ئەم بیدعەیەش یەکەمجار الحسین الکرابیسي دروستی کرد کە ساڵی 248 هـ مردووە، أبو حنیفة ساڵی 150 هـ مردووە جا چۆن باسی شتێک دەکات کە زیاتر لە 70 ساڵ دوای مردنی خۆی سەر هەڵدەدات ؟! بۆیە باسکردنی ئەوەی لەفزمان بە قورئان مەخلوقە یان مەخلوق نیە بەهیچ شێوەیەک لە سەردەمی أبو حنیفة-دا ووتەی لەم شێوەیە بوونی نەبووە بەڵکو دوای فیتنەی خەلقی قورئان ئەم بیدعەیە سەری هەڵدا، ئەمەش نیشانەیەکی زۆر ڕوونە کە ئەم نامیلکەیە هی أبو حنیفة نیە، ئەوەی بڵێ لەفزمان بە قورئان مەخلوقە بە جەهمی وەسف کراوە لەلای سەلەف، وە ئەوەی بڵێ لەفزمان مەخلوق نیە بە مبتدع وەسف کراوە، جا ئەوانەی سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەم نامیلکەیە بدەن پاڵ أبو حنیفة مولزەم دەبن بەوەی کە بڵێن أبو حنیفة جەهمی بووە.

چوارەم: تێیدا هاتووە **(والقرآن کلام الله فهو قدیم).**

واتا: قورئان کەلامی الله-یە و قەدیمە.

ووتم: ووتنی قورئان قەدیمە ووشەیەکی داهێنراوە، وە لە سەردەمی أبو حنیفة-دا بوونی نەبووە، ئەمەش هەمان ووتەی ئەشعەرییەکانە، ئەهلی سوننە دەڵێن: کەلامی الله بەشێوەی گشتی ئەزەلیە بەڵام دانە بە دانەی ووتەکانی الله (ئاحاد) کە هەرکات بیەوێ قسە دەکات ئەزەلی نیە، واتا ئەصلی صیفەتەکە ئەزەلیە بەڵام دانە بە دانەی ووتەکان ئەزەلی نین، هەرچی ئەشعەرییەکانن دەڵێن: صیفەتی کەلام قەدیمە (ئەزەلیە) هەم جۆرەکە هەم دانە بە دانەی ووتەکانی، واتا الله هەرکات بیەوێ قسە نەکات، هەندێک لە زانایانی ئەهلی سوننە لە المتأخرین ووشەی قەدیم بەکار دێنن بۆ قورئان بەڵام بە مەبەستی ئەهلی سوننە نەک بە مەبەستی ئەشعەرییەکان، ئەولاترە ووشەی مەخلوق نیە بەکار بێت.

ابن تیمیة دەڵێ: **یەکەم کەس کە ووتی قورئان قەدیمە، عبدالله بن سعید بن کلاب بوو.**

[مجموع الفتاوی : 301/12]

ووتم: عبدالله بن سعيد بن كلاب ساڵی 241 هـ مردووە کە أبو الحسن الأشعري عەقیدەی کوللابی لێوەر گرتووە دواتر ناوی خۆی بەسەریدا زاڵ بوو بۆتە عەقیدەی ئەشعەری، هەروەک چۆن جەهم عەقیدەکەی لە جەعد وەرگرت دواتر ناوی خۆی بەسەریدا زاڵ بوو بۆتە عەقیدەی جەهمی.

پێنجەم: تێیدا هاتووە **(والله تعالى يتكلم بلا آلة ولا حروف، والحروف مخلوقة).**

واتا: الله تعالى قسە دەکات بەبێ ئامرازی قسەکردن و بەبێ پیت، وە پیتەکان مەخلوقن.

ووتم: نەفیکردنی حرف پێچەوانەی عەقیدەی ئەهلی سوننەیە، لەلای ئەهلی سوننە الله تعالى قسە دەکات بە حرف و صوت، واتا بە پیت و دەنگە قسەکانی، سەبارەت بەوەش کە دەڵێ پیتەکان مەخلوقن سەلەف تەکفیری ئەم کەسەیان کردووە کە وابڵێ چونکە ئەمە واتای ئەوەی کە کەلامی الله مەخلوقە.

شەشەم: تێیدا هاتووە **(والله تعالى يرى في الآخرة ويراه المؤمنون وهم في الجنة بأعين رؤوسهم بلا تشبيه ولا كيفية، ولا يكون بينه وبين خلقه مسافة).**

واتا: الله تعالى لە قیامەتدا دەبینرێ، وە ئیمانداران لە بەهەشتدا دەیبینن بە چاوی سەریان بەبێ لێکچواندن و چۆنیەتی، وە لەنێوان الله و ئەواندا ماوە نیە.

ووتم: ئەم بڕگەیەی کۆتایی کە دەڵێ لەنێوان الله تعالى و ئیمانداران هیچ ماوەیەک نیە نەفی کردنی صیفەتی علوە هەمان عەقیدەی ئەشعەری وماتوریدییەکانە، پێیان وایە کە بینینی الله لە بەهەشت بەبێ شوێنە، واتا کە ئیماندار الله دەبینێت نە لە سەرووی خۆی دەیبینێت نە لە خوارەوە نە لە تەنیشتەکانی نە لە پێشی نە لە دواوەی بەبێ شوێن دەیبینێت، هەموو ئەم قسانەش بۆ نەفی کردنی صیفەتی علوە، ئەمەش کوفرێکی بەواحە کە هیچ عوزرێک هەڵناگرێت.

وە ژمارەیەک هەڵەی عەقیدەیی تری تێدایە، بێدەنگی زانایانی سەردەمی أبو حنيفة لەم هەڵانەی أبو حنيفة نیشانەیەکی ڕوونە کە ئەم نامیلکەیە هی ئەو نیە، ئەگینا چۆن باسی ئەم کوفر و بیدعانەی ناکەن ؟ هەروەها هەبوونی کۆمەڵێک بابەت لەم نامیلکەیەدا کە لە سەردەمی أبو حنيفة بوونی نەبووە نیشانەیەکی ترە کە ئەم نامیلکەیە هی ئەو نیە.

ناميلكەی (الفقه الأكبر)
بەڕیوایەتی أبو مطیع البلخي:

سەنەدەی ناميلكەكە:

الحسين بن علي الكاشغري عن أبي مالك نصران بن نصر الختلي عن أبي الحسن علي بن أحمد الفارس عن نصير بن يحيى البلخي عن أبي مطيع البلخي عن أبي حنيفة.

حاڵی ڕاوییەكان:

الحسين بن علي الكاشغري:

الذهبي دەڵێ: تۆمەتبارە بە درۆ.

أبي مالك نصران بن نصر الختلي:

جەرح و تەعدیلی بۆ نەكراوە.

علي بن أحمد الفارسي:

مەجهولە.

نصير بن يحيى البلخي:

جەرح و تەعدیلی بۆ نەكراوە.

أبو مطيع البلخي:

پێشتر باسمان كرد كە تۆمەتبارە بە درۆ، هەروەها لە سەرانی مورجیئەیە و تۆمەتباریشە بە جەهمی بوون، وە دژی ئەهلی سوننەیە.

ئەمەش وەک ئەوەی پێشوو هیچ كام لە ڕاوییەكانی سەلامەت دەرنەچوون.

ناوەڕۆکی نامیلکەکە:

ئەم نامیلەکەیەش وەک ئەوی تر دەربارەی تەوحید وعەقیدەیە، شێوازی نامیلکەکە بریتیە لە پرسیار کردنی أبو مطيع لە أبو حنيفة، أبو حنيفة-ش وەڵامی دەداتەوە، بۆیە هەندێک زانا أبو مطيع بە خاوەنی نامیلکەکە دەزانن چونکە ئەو پرسیارو وەڵامەکانی نوسیوە، هەندێکیش دەیدەنە پاڵ أبو حنيفة، بەڵام لەلای حەنەفیەکان کە زۆربەیان ماتوریدین ئەم نامیلکەیە بە عەقیدەی خۆیان دەزانن و دەیدەنە پاڵ أبو حنيفة، بێگومان هەرلەسەرأبو حنيفة-ش حیسابە چونکە ئەوەی تێیدا هاتووە وەڵامەکانی أبو حنيفة-یە، زۆرێک لە باسەکانی ئەم نامیلکەیە دووبارەن بەڵام ئەمەیان تۆزێک فراوانترە لە ئەوی پێشوو بۆیە لەلای المتأخرين-ی حەنەفیەکان ئەم نامیلکەیە بە (الفقه الأبسط) ناسراوە بۆ جیاکردنەوەی لە ئەوی تریان، ئەمەشیان لە بارەی ئیمان و استثناء کردن لە ئیماندا هەمان عەقیدەی مورجیئەیە، هەروەها لەم نامیلکەیەدا أبو حنيفة ئیثباتی صیفەتی علو دەکات و ئەوانەش تەکفیر دەکات کە ئیثباتی ناکەن، تەنانەت دەڵێ ئەوەی ئیثباتیشی بکات و بڵێ الله لەسەر عەرشە بەڵام نازانم عەرش لەکوێیە هەر کافرە، بەڵام دواتر أبو مطيع پرسیاری لێدەکات گەر کەسێک بڵێ: الله لەکوێیە چی وەڵام بدەینەوە ؟ أبو حنيفة دەڵێ: الله هەبووە و هیچ شوێنێک نەبووە، دواتر کە شوێنی دروست کردووە هەربێ شوێن بووە، ئەمەش نەفیکردنی صیفەتی علوە، هەرچەندە لە أبو حنيفة ڕیوایەت نەکراوە کە نەفی علو بکات ئەوەی لە صیفاتدا قسەی لەسەر کراوە تەنها بابەتی خلق القرآن بووە، بۆیە زۆرێک لە زانایانی ئەم سەردەمەی ئێستا ڕەتی دەکەنەوە کە ئەم دوو نامیلکەیە هیچیان هی أبو حنيفة بێت و دەڵێن دراوەتە پاڵی، لەم بارەیەوەش کتێب و نوسراوی زۆر هەیە، بۆ نموونە بڕوانە [براءة الأئمة الأربعة من مسائل المتكلمين المبتدعة : 46-71] ط: دار ابن عفان، هەرچەندە ئەو زانایانەی سەردەم کە ڕەتی دەکەنەوە ئەم دوو نامیلکەیە هی أبو حنيفة بێت بە مەبەستی بەرگری کردن لێی وادەڵێن چونکە دەزانن هەردوو نامیلکەکە شتانێکی تێدایە دژی عەقیدەی ئەهلی سوننەیە، وە بۆ زانیاریتان هیچ کام لەم دوو نامیلکەیە شتێکی تێدا نیە کە پێچەوانەی ووتەی زانایان بێت دەربارەی أبو حنيفة کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەکەدا هێنامان یان ڕەتی بکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕیوایەتی أبو مطيع کۆمەڵێک

بابەتی عەقیدەیی تێدایە کە موافقی ئەهلی سوونەیە ئەمە وایکردووە ابن تیمیة و ابن القیم لە کتێبەکانیان باسی بکەن و بەڵگەی پێ بهێننەوە، ئەو کەسەی دوای ڕوونکردنەوە هەر سوورە ئەم نامیلکەیە بە هی أبو حنیفة بزانێ ئەوا مولزەم دەبێت بەوەی کە بیدعەکانی ناو ئەم نامیلکەیەش بداتە پاڵ أبو حنیفة، هەر چەندە نامیلکەکە هی خۆی بێت یان بە درۆ درابێتە پاڵی هیچ لە کتێبەکەی ئێمە ناگۆڕێت چونکە ئێمە نەمان ووتوە أبو حنیفة لە هەموو شتێک دژی ئەهلی سوننە بووە تا ئەم نامیلکەیە بکرێتە بەڵگە لە دژمان، وە ئەم نامیلکەیە هیچ شتێکی تێدا نیە کە بابەتەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی ئێمە پوچەڵ بکاتەوە بەڵام ویستم وەک لایەنی زانستی ئەم ڕاستیە ڕوون بێتەوە.

گومانی دووەم:

زۆربەی ڕیوایەتەکان زەعیفن ئەوانەشی کە صەحیحن أبو حنیفة لێی بەرییە

هەندێک لەوانەی کە بەرگری لە أبو حنیفة دەکەن هەڕەمەکی دەیانەوێت باسەکە دابخەن بەوەی کە زۆربەی ڕیوایەتەکان زەعیفن و شایەنی ئەوە نین ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، بەڵام وەک بینیمان بە سەدان ڕیوایەتی صەحیح هەیە ئەگەرچی زەعیفیش زۆرە بەڵام ئێمە لەم کتێبەدا تەنها صەحیحمان هێناوە، جا نازانم ئەو کەسەی ئەم قسەیە دەکات سەیری ڕیوایەتەکانی هەموو ئەم کتێبانەی کردووە ئینجا گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە دەیەوێ بە دەنگێکی دوو خولەکی باسەکە دابخات و بڵێ هەمووی زەعیفە یان دەمارگیری بۆ أبو حنیفة وای لێکردووە کەوا بڵێ ؟ گریمان من زۆر جاهیلم هیچ نازانم لە زانستی فەرموودە و صەحیح و زەعیف لەیەکتر جیاناکەمەوە، ئەی سلیمان العلوان چی لە المعلمي اليماني دەکەی کە عەللامەیە لەم بوارەدا و تۆ بە قوتابی ئەو دەشێی لەم زانستەدا کە بە مجدد-ی ئەم زانستە دادەنرێت لە سەدەی ڕابردوودا یەکێکە لەوانەی کە مەنهەجی المتقدمین-ی زیندوو کردۆتەوە لەناو ئوممەتدا تەنانەت هەیە بە (الذهبي سەردەم) ناوی دەبات لە زانستی فەرموودەدا، کە زانایەکی وەک ئەو زۆربەی ڕیوایەتەکانی تاريخ بغداد کە لە دژی أبو حنیفة هاتوون بە صەحیحی دەزانێت و ڕەددی الكوثري دەداتەوە، ئەی چی لە مقبل بن هادي الوادعي دەکەی کە کتێبێکی نوسیوە ووتەی 77 زانای هێناوە لە دژی أبو حنیفة هەمووی بە سەنەدی صەحیح تەنانەت ئەو سەنەدەشی بە صەحیح داناوە کە باسی پەرستنی نەعل دەکات کە تۆ بە عەقڵی خۆت پێت وایە مەحاڵە أبو حنیفة قسەی ئاوا بکات، تەنانەت محقق-ی تاريخ بغداد بشار عواد کە جەهمیە و بەرگری لە أبو حنیفة دەکات ئەویش سەنەدەکەی بە صەحیح داناوە، وە زۆرێک لە سەنەدەکانی تری بە صەحیح داناوە ئەگەرچی بە بیانووی بەتاڵ ژمارەیەکی تەزعیف کردووە وەک لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، ئەی چی لە محمد بن سعيد القحطاني محقق-ی السنة-ی عبدالله دەکەی کە سەرەرای بەرگری کردنێکی زۆر لە أبو حنیفة ژمارەیەکی بەرچاو لە

ڕیوایەتەکانی عبداللە-ی بە صەحیح داناوە ئەگەرچی ئەویش ژمارەیەکی تەزعیف کردووە بە بیانووی بەتاڵ وەک باسمان کرد، ئەی چی لە عادل آل حمدان دەکەیت کە زۆربەی هەرە زۆری ڕیوایەتەکانی السنة-ی عبداللە-ی بە صەحیح داناوە، هەموو ئەمانەی کە ناوم هێنان لە بابەتی تەکفیر و وەلاء بەراء زۆر شلترن لە سلیمان العلوان کەچی ئینکاری لەم ڕاستیانە ناکەن کە دەربارەی أبو حنیفة ووتراوە لەلایەن سەلەف، وە دڵنیاشم العلوان دیراسەی سەنەدی هەموو کتێبەکانی نەکردووە و کاریگەری سەردەم وای لێکردووە وەک زۆربەی زاناکانی تر بەم شێوەیە بەرگری لێ بکات، بەڵام ئەوەش بزانن لەم دەنگە دوو خولەکیەدا سلیمان العلوان تەنها باسی کتێبی السنة-ی عبداللە دەکات نەک هەموو کتێبەکان، بەڵام هیوادارم ڕۆژێک کە ئازادبوو لە زیندان تەخریجێکی کتێبەکەی عبداللە بکات تا بزانین چۆن بۆمانی دەسەلمێنێت زۆربەی سەنەدەکان زەعیفن؟ لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە سەنەدەکان هەمووی ئیمامی بەڕێز و حافزی تێدایە ! وە هیوادارم ڕەددی ئەم هەموو زانایەی پێش خۆشی بداتەوە کە سەرەڕای بەرگری کردنیان لە أبو حنیفة نەیانتوانیوە ژمارەیەک ڕیوایەتی زۆر بە زەعیف بزانن، هەروەها سلیمان العلوان باسی ئەوەش دەکات کە ڕیوایەتەکانی عبداللە ئەوانەی کە صەحیحین تا خاوەنی ووتەکە صەحیحە بەڵام بە نسبەت أبو حنیفة صەحیح نیە، نموونەش بەو ڕیوایەتانە دەهێنێتەوە کە خاوەنی ووتەکە دەڵێ: أبو حنیفة ئاوای ووت، ئاوای کرد، ئاوا بوو، العلوان دەڵێ ئەم سەنەدانە صەحیحین بە نسبەت خاوەنی ووتەکە بەڵام بە نسبەت أبو حنیفة صەحیح نیە چونکە ئەو زانایەی کە ئەم قسەیە دەگێڕێتەوە لە أبو حنیفة-ی نەبیستووە وابڵێ یان نەیدیوە وابکات بۆیە ئەگەرچی سەنەدەکەش صەحیح بێت ناڵێین أبو حنیفة ئاوای کردووە یان ئاوای ووتوە !

چەند هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم قسانەی العلوان:

ئەم قسانەی دەری دەخات کە العلوان یان بێ ئاگایانە لەم ڕیوایەتانە و بەخێرایی بەسەریاندا تێپەڕیوە یان ئاگادارە بەڵام دەمارگیری پاڵی پێوە ناوە کە ئەم قسانە بکات، کە من ئەگەری یەکەم بە بەهێزتر دەزانم.

العلوان دەڵێ: ئەو ڕیوایەتانەی کە صەحیحن تا خاوەنی ووتەکە صەحیحن بەڵام بە نسبەت أبو حنیفة صەحیح نین !

خۆی لەخۆیدا ئەم قسەیە تۆمەتێکی زۆر گەورە و قێزەونە دەیداتە پاڵ سەلەف بەبێ ئاگایی، وە من ئەمەم بەلاوە سەیر نیە هەر لەکۆنەوە ئەوەی بەرگری لە أبو حنیفة کردبێ ئیللا ناچار بووە کە بە ئاگایی یان بێ ئاگایی هێرش بکاتە سەر سەلەف و تۆمەتی ناشرینیان بداتە پاڵ، ئەمەش شتێکی ڕوونە تۆ ناتوانی تاوانبار بەبێ تاوان نیشان بدەیت ئیللا دەبێ حوکمی قازیەکە بە ناعەدالەت وەسف بکەیت چونکە ناکرێ لەیەک کاتدا هەردووکیان بەری بن، یان ئەمیان تاوانبارە یان قازییەکان درۆزن و بوهتان چی و ناعەدالەتیان کردووە و زوڵمیان لە تۆمەتبارەکە کردووە.

جا العلوان کە دەڵێ ئەوان نەیان بیستووە و نەیان بینیوە أبو حنیفة وابڵێ و وابکات تەنها دەڵێن: أبو حنیفة وای ووت، وایکرد، وابوو، بەبێ بیستن و بینین، خۆی ئەمە تاوانبارکردنی زانایانی سەلەفە بە بوهتان، کەواتە دەرەنجام: مالك و الثوري و ابن عیینة و الأوزاعي و الفزاري ابن زيد وابن سلمة و الشافعي وابن المبارك وأيوب والأعمش ويوسف بن أسباط وعلي بن عاصم وأبو عبدالرحمن المقرئ وسعيد بن عبدالعزيز وأبو بكر بن عياش وشعبة ووكيع وشريك وصالح بن حي والحجاج بن أرطاة و زۆرێکی تر کەسیان هیچیان لە أبو حنیفة نەدیوە و نەبیستووە لەخۆیانەوە بوهتانی بۆ هەڵدەبەستن دەڵێن ئاوای کرد و ئاوای ووت و عەقیدەی ئاوا بوو ! جا وەکیلەکانی أبو حنیفة سەیر بکەن کەیسی تۆمەتبارەکەتان گەلێک قورسە ناتوانن بێ تاوانی بسەلمێنن ئیللا بە تۆمەتبارکردنی کۆمەڵێک زانای گەورەتر و زیاتر نەبێ ! ئا ئەمەیە دەرئەنجامی بەرگری کردن لە أبو حنیفة دەبێ بەناچاری بڵێی أبو حنیفة وانەبووە هەموو ئەم زانایانە لەخۆیانەوە درۆ و بوهتانی بۆ هەڵدەبەستن أبو حنیفة نە ئاوای کردووە و نە ئاوای ووتوە، ئەمەش هەمان ڕێچکە و ڕێبازەکەی الکوثري جەهمیە کە لە کتێبی (تأنيب الخطيب) گرتوویەتیە بەر.

ئینجا لەڕووی واقعیش دووبارە ناڕاستی قسەکەی العلوان دەسەلمێنین کە دەڵێ نەیان بیستووە و نەیان دیوە أبو حنیفة وابڵێ و وابکات، ئێمە لە بەشی یەکەمدا هێنامان کە أبو إسحاق الفزاري دەڵێ: فەرموودەم بۆی هێنا گاڵتەی پێکرد و ڕەتی کردەوە ووتی ئەمە خورافەیە، هەروەها دەڵێ

پرسیاری براکەم لێی کرد ووتی من فەتوام بۆدا خروج بکات، وە دەڵێ خۆم بیستم لەسەر پەیژە وەستابوو بە دوو کەسی دەووت خروج بکەن، علي بن عاصم دەڵێ فەرموودەم لە پێغەمبەرﷺ گێڕایەوە بۆ أبو حنیفة ووتی وەری ناگرم، سفیان بن عیینة دەڵێ فەرموودەم بۆی گێڕایەوە ووتی میزی پێدا بکە، هەروەها جارێکی تر کە فەرموودەی بۆ دەگێڕنەوە دەڵێ بە کلکی بەراز بیسڕەوە، هەروەها کاتێک باسی سوجدەی سەهوی بۆ دەکەن کە پێغەمبەرﷺ لەنوێژێکدا بردوویەتی دەڵێ نوێژەکە هیچ نرخی نیە، هەروەها کۆمەڵێک فەتوادانی بە فێڵ و بە ڕەئی خۆی بە ئامادەبوونی زانایانی تر داوە کە هێنامان، ئیتر نازانم العلوان بە چ حەقێک دەڵێ هیچیان لێی نەبیستووە و هیچیان لێی نەدیوە ؟! مەگەر ئەم زانایانە خۆیان لەگەڵی نەبوون کاتێک وای ووتوە و وایکردووە ؟ جا ئێستا قوڕەکە خەستر بوویەوە لەسەرتان دەبێ بڵێن ئەم زانایانە هەر درۆزنن لەخۆیانەوە ئەم بەسەرهاتانەیان دروست کردووە کە دەڵێن لەلای بووین بیستمان ئاوای ووت و بینیمان ئاوای کرد هەموویان درۆیە هەڵیان بەستاوە ! لەم هەموو کوفر و بیدعەیەی کە لەسەری چەسپاوە تەنانەت قوتابیەکانی خۆی حاشای لێ ناکەن وتوویەتی قوڕئان مەخلوقە وعەقیدەی خروجی هەبووە و جاهیل بووە بە قوڕئان و سوننەت ئاثاری صەحابە و خیلافەکانیان وەک هێنامان لە أبو یوسف و محمد بن الحسن والقاضي البرتي، کەچی العلوان و هاوشێوەکانی خۆیان لە قوتابیەکانی أبو حنیفة بە دڵسۆزتر دەزانن بۆ أبو حنیفة دەڵێن هیچی لەسەر نەچەسپاوە تەنها ئیرجاء نەبێت، ئیرجائەکەش ئەوەندە باوە ناتوانن ئینکاری لێ بکەن بۆیە دانی پێدادەنێن هەرچەندە هەندێکیان ئیرجائەکەی ئەوەندە سووک کردووە وەک بڵێی گوناهێکی بچووک بێ وهیچی تر، باشە ئەوانەی کە وەک العلوان دان بەوە دەنێن کە مورجیئە بووە، ووتەی سەلەفیش دەزانن دەربارەی مورجیئە کە چەندە توند بوونە بەرامبەریان و چیان ووتوە دەربارەیان، ئایا ئامادەن بڵێن أبو حنیفة مورجیئەیە کەواتە بیدعەچیەکی گومڕایە چونکە ئیرجاء بیدعە و گومڕاییە، جا لەبەر ئەوە ئێمە ڕقمان لێیەتی و خۆشمان ناوێت و بە ئەهلی سوننەی نازانین بەڵکو بە ئەهلی بیدعەی دەزانین ؟ ئایا ئامادەن وابڵێن؟ یان هەر ئیمامی ئەهلی سوننەیە و ئەگەرچی پێشەوا و بانگەوازکەریش بێ بۆ ئیرجاء هەر نابێتە بیدعەچی و گومڕا ؟ تەنها و تەنها مورجیئە بوونی بەس نیە بۆ ئەوەی بە گومڕای بزانن و دژی بن و

ڕقتان لێی بێ ؟ خۆ ووتەی سەلەفتان بینی لە بەشی یەکەم دژی مورجیئە چەندە توند بوو زۆر توندتر لە خەواریج، چی ڕوویداوە بۆچی کە دێتە سەر باسی أبو حنيفة هەموو شتێک سەراو ژوور دەبێتەوە، هیچ شتێک ئەو ناگرێتەوە و هەمیشە بە سەربەرزی و سەلامەتی دەردەچێ ؟!
لە العلوان و هاوشێوەکانی دەپرسم: ئایا أبو زرعة الرازي و يحيى بن معين ئەوانیش نەیانزانیوە ڕیوایەتی صەحیح و زەعیف لە یەکتر جیا بکەنەوە، هەر لەسەر ئەو ڕیوایەتە زەعیفانە ڕۆیشتوون و بە أبو حنيفة-یان ووتوە جەهمی ؟ لەسەر بنەمای ڕیوایەتی زەعیف ئەم دوو زانایە گەورەی فەرمووده بە أبو حنيفة-یان ووتوە جەهمی ؟ یان أبو يوسف کە قوتابی أبو حنيفة بووە هەمیشە لەگەڵی بووە ئەویش حاڵی ئاگادار نەبوو لەسەر بنامەی ڕیوایەتی زەعیف وتوویەتی جەهمی بوو بە جەهمیەتی مرد ؟! دواتر ئێمەش دەزانین و دانی پێدەنێین کە ژمارەیەکی دیار لە ڕیوایەتەکان زەعیفن بەهەمان شێوەش ژمارەیەکی دیار صەحیحن، بۆ نموونە هەردووک کتێبی (السنة)ی عبدالله و (تاريخ بغداد)ی الخطيب کە زۆرترین ڕیوایەتیان تێدایە دژی أبو حنيفة کە دەگاتە نزیکەی 440 ڕیوایەت، ئێمە لەم 440 ڕیوایەتە تەنها نزیکەی 140 ڕیوایەتمان هێناوە لەم کتێبەدا واتا 300 ڕیوایەتمان نەهێناوە یان زەعیف بوونە یان دووبارە بوونە یان بابەتەکەم لا بەهێز نەبووە، نەک کوێرانە وەک (حاطب الليل) هەرچی ڕیوایەتێک هاتبێ لەدژی أبو حنيفة بیهێنین بەبێ ئەوەی بزانین صەحیحە یان زەعیف، وە ئەمە پیشەی زانایان بووە لە کۆن و نوێدا کە گروپێک یان کەسێک کوفرەکانی یان بیدعە و گومڕاییەکانی چەسپابێ ئەوا دەربارەی هەرچی ڕیوایەت هەیە دەیهێنن گرنگی بەوە نادەن تەنها ڕیوایەتی صەحیح بهێنن چونکە حاڵی ئەو گروپە یان ئەو کەسە یەکلا بۆتەوە لەلایان، هێنانی ڕیوایەتی زەعیفیش لەلای عبدالله و الخطيب هەر بەم شێوەیە نەک لە نەبوونی بەڵگەی صەحیح بە ناچاری پەنا ببەنە بەر ڕیوایەتی زەعیف.

یەکێکی تریش لەو زانایانەی کە بەهەمان شێوازی العلوان بەرگری لە أبو حنيفة دەکات قوتابیەکەی العوان-ە ئەویش شێخ تركي البنعلي کە قسەی ئەو زیاتر لە مامۆستاکەی کاریگەری هەبووە بەسەر موسڵمانانی ئەمڕۆ بە حوکمی ئەوەی لەبەرەی جیهاد دا بووە، بەڵام ئەویش لەم

بابەتەدا هەمان قسەی شێخە کۆنەکەی دووبارە دەکاتەوە دەڵێ زۆربەی ڕیوایەتەکان زەعیفن ئەوانەشی کە صەحیحین بە نسبەت خاوەنی ووتەکە صەحیحن نەک بە نسبەت أبو حنیفة، هەروەها دان بەوە دەنێت مورجیئە بووە و لە فەرموودەدا زەعیف بووە، وە بەڵگە بە ژمارەیەک ووتەی زانایان دەهێنێتەوە دەربارەی مەدحکردنی أبو حنیفة کە هەمووی درۆن یان زەعیفن وەک لە بەشی دووەمدا هێنامان، سەیرەکە لەوەدایە ڕیوایەتەکانی زەمکردنی زۆر بەهێزترن لە ڕیوایەتەکانی مەدحکردنی لەڕووی سەنەدەوە، کەچی باسی زەعیفی ڕیوایەتەکانی زەمکردنی دەکرێ لە هەمان کاتدا پشت بە ڕیوایەتە درۆ و زەعیفەکانی مەدحکردنی دەبەستن ! هۆکاری ئەمەش هەموو کاریگەری سەردەم و دەوروبەرە کە أبو حنیفة کراوە بە ئیمام ئینجا خۆشیت بێ یان ترشیت بێ تۆش ناچاری بۆ پارێزگاری کردن لەو بارودۆخە هەموو ڕێگایەک بگریتە بەر.

گومانی سێیەم:
ئەو ووتانەی لە دژی أبو حنيفة ووتراوە (كلام الأقران)ە

ئەو زانایانەی لەیەک سەردەمدا ژیاون گەر ووتەیان هەبێ لە دژی یەکتر بە (كلام الأقران) ناو دەبرێ، چونکە لەیەک سەردەمدا ژیاون جا بەهۆی حەسودی بێ یان ناکۆکیەک هەبێ لەنێوانیان یان خیلافی فیقهی یان ڕکابەری ئەمانە وادەکات کە ووتەکانیان لەدژی یەکتر قبوڵ نەکرێت، یەکێکیش لەوانەی کە زۆر لە ڕادەبەر ئەم ئامرازەی بەکارهێناوە بۆ ڕەتکردنەوەی ووتەی زانایان لە بەرامبەر یەکتر (الذهبي)ە دەبینی لە کتێبی (سير أعلام النبلاء) ئیمامێکی ئەهلی سوننە قسە بە زندیقێک بە ڕافیزەیەک بە جەهمیەک بە موعتەزیلەیەک دەڵێ کەچی الذهبي دەڵێ (كلام الأقران يطوى ولا يروى) کەلامی ئەقرانە دەپێچرێتەوە و نابێ بگێڕدرێتەوە، بەڵام دەبینین ئەهلی سوننە ئەم قاعیدەیە بە ڕێکخستنەوە بەکاری دەهێنن نەوەک ئاوا بە هەڕەمەکی و زیادەڕەوی، بۆ نموونە کەسێکی وەک سعيد بن المسيب و عكرمة کە دوو زانای تابعی گەورەن کە سعيد قسە بە عكرمة دەڵێ زانایان وەری ناگرن دەڵێن ئەمە (كلام الأقران)ە، یان کاتێک ابن إسحاق و مالك قسە بەیەکتر دەڵێن وەری ناگرن تەنانەت مالك ابن إسحاق بە بەچکە دەججال ناو دەبات کەچی کەس ئینکاری لەوەدا ناکات کە ئیمامە لە سیرە و کتێبەکەی تا ئێستاش عومدەیە لە سیرەدا تەنانەت شعبة بە ئەمیری ئیمانداران لە فەرموودە ناوی دەبات، یان هاوشێوەی ڕووداوی نێوان الذهلي و البخاري کە البخاري پێی وایە هۆکارەکەی حەسودیە بەڵام من وای نابینم حەسودی بێت چونکە البخاري ﷺ لە بابەتی لەفز بە شێوەیەک قسەی کرد کە پەڵە و ناڕوونی لە بابەتەکە دروست کرد بۆ خەڵکی عەوام لەو سەردەمەشدا ئەم باسە فیتنەی سەردەم بوو، کاتێک پرسیاری ئەوەیان لێکرد لەفزمان بە قورئان مەخلوقە یان نا ؟ ووتی: قورئان کەلامی الله-یە مەخلوق نیە، وە کردەوەی بەندەکان مەخلوقە، ئەم وەڵامەی کۆتایی وایکرد پەڵە و ناڕوونی دروست بکات لە بابەتەکە بە جۆرێک کە خەڵکی ووتیان البخاري دەڵێ لەفزمان بە قورئان مەخلوقە، ئەگەرچی البخاري بە ڕاشکاوی دەڵێ نەم ووتوە لەفزمان بە قورئان مەخلوقە هەر کەس وابڵێ بە دەمی من

ئەوا درۆی کردووە، بەڵێ ڕاست دەکات نەیووتوە لەفزمان مەخلوقە بەڵام وەڵامەکەی ئەو وەڵامە نەبوو کە زانایانی تر لەسەری بوون چونکە ئەهلی سوننە لەم بابەتە هەرگیز لەوە زیاتر ناڵێن کە قورئان کەلامی الله-یە و مەخلوق نیە بە هەموو جۆرێک، ئیتر ڕۆچوون لەم بابەتەدا و ڕوونکردنەوە و قسەی زیاتر ئەگەر بە حەقیش بێت هەر دروست نیە و سەر بۆ فیتنە دەکێشێ، هەر ئەم تەفصیل پێدانەی البخاري بۆ بابەتەکە وایکرد کە توشی کێشەیەکی گەورە بێت کە هیوای دەخواست بە مردن، هەر چەندە البخاري بۆیە لەم بابەتە تەنها بەوەندە وازی نەدەهێنا کە بڵێ قورئان کەلامی الله-یە و مەخلوق نیە هەمیشە ئەوەی بۆ زیاد دەکرد کە کردەوەی بەندەکان مەخلوقە، چونکە زانایانی ئەهلی سوننە دەیانووت نە دەڵێین لەفزمان مەخلوقە و نە دەڵێین لەفزمان مەخلوق نیە، ئەوەی بڵێ لەفزمان مەخلوقە جەهمیە، وە ئەوەی بڵێ لەفزمان مەخلوق نیە بیدعەچیە، جا البخاري ئەمە وای لێکرد کە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدات و بڵێ کردەوەی بەندەکان مەخلوقە تا خەڵکی وا تێنەگەن لەفزمان مەخلوق نیە، جا البخاري بە عیبارەتی ڕاشکاو نەیووت لەفزمان مەخلوق نیە بەڵام دەیووت کردەوەی بەندەکان مەخلوقە تا خەڵک لەوە تێبگەن کە لەفزی مرۆڤ کردەوەی مرۆڤە و مەخلوقە، ئەمەش وایکرد الذهلي و أبو زرعة و أبو حاتم و ژمارەیەکی تر لە زانایانی خوراسان هەجری بکەن و فەرموودەی لێ ڕیوایەت نەکەن، چونکە خودی تەفصیل پێدانەکە کێشە دروست دەکات ئەمە باسێکی داهێنراوی جەهمیەکانە ئەهلی سوننە کۆکن لەسەر ئەوەی باسی بابەتی لەفز نەکەن نە بڵێن مەخلوقە نە بڵێن مەخلوق نیە، چونکە ئەمە بابەتێکە تەنها لە مێشکدا یەکلایی دەکرێتەوە کە لفظ و ملفوظ لەیەک جیا بکرێتەوە کە بە زمان ووترا تێکەڵ بوون ڕوودەدات یان بەرەو بیدعەی لەفزمان مەخلوقە دەبات یان بەرەو بیدعەی لەفزمان مەخلوق نیە دەبات، بۆیە کاتێک الحسین الکرابیسي کە یەکەم کەس بوو ئەم بیدعە پیسەی داهێنا ووتی لەفزمان مەخلوقە ئیمام أحمد ڕەددی دایەوە، پاشان ووتی لەفزمان مەخلوق نیە هەر ڕەددی دایەوە تەنانەت تەکفیریشی کرد، چونکە گەر بڵێی لەفزمان مەخلوق نیە هەر چەندە مەبەستت ئەوە بێت کە قورئان مەخلوق نیە بەڵام گوێگر واتێدەگات کە وتووتە کردەوەکەم مەخلوق نیە کە تەلەفوز پێکردنی قورئانە، وە ئەگەر بڵێی لەفزمان مەخلوقە هەر چەندە مەبەستت

ئەوە بێت کە کردەوەی مرۆڤ مەخلوقە نەک قورئان بەڵام گوێگر واتێدەگات کە ئایەتەکان مەخلوقن کە لە دەمت دەردەچێت و تەلەفوزی پێ دەکەیت، بۆیە ئەمە حەقە و دوورە لە گومان و کێشە کە بووترێ قورئان کەلامی الله-یە مەخلوق نیە لە هیچ ڕوویێکەوە، لەوە زیاتر نەووترێ کە ووترا کێشە دروست دەبێ، جا لێرەدا الذهلي حەسودی بە البخاري برد بەهۆی چۆڵ بوونی مەجلیسەکەی و قەڵەباڵغی مەجلیسی البخاري، یان کەسانێک بە درۆ پێیان ڕاگەیاند کە البخاري دەڵێ لەفزمان مەخلوقە، یان خۆی وا لە ووتەکەی البخاري تێگەیشت کە سەر دەکێشێت بۆ فیتنەی لەفزمان مەخلوقە، هەموو ئەمانە الله خۆی دەیزانێت حەقمان بەوە دانیە کە لە نیەتی کەسەکان قسە بکەین البخاري و الذهلي دوو ئیمامی گەورە و بەڕێزن گرنگ ئەوەیە حەقەکە بەیان بکرێ بۆ خەڵکی کە بابەتە چۆنە لەڕووی عەقیدەییەوە، وە هەر کەسێک کتێبی (خلق أفعال العباد)ی البخاري بخوێنێتەوە لەوە تێدەگات کە البخاري لەم بابەتەدا بۆیە ئەم زیادەیەی دەووت (کردەوەی بەندەکان مەخلوقە) چونکە هەندێک خەڵک وا تێگەیشتبوون لفظ و ملفوظ هەمان شتە، بەڵام ڕەحمەت لە ئیمام أحمد بێ کە ئەم دەرگایەی داخست چونکە ئەم بابەتە تا زیاتر ڕوونتر بکرێتەوە ئاڵۆزتر دەبێ چونکە لفظ و ملفوظ وەک ووتمان لە مێشکدا دەتوانین جیای بکەینەوە بەڵام کە بە دەم باسکرا سەر دەکێشێت بۆ بیدعە، بۆیە الذهبي دەڵێ: البخاري نەیووت لەفزمان مەخلوقە ووتی کردەوەکانمان مەخلوقن بەڵام بێدەنگ بوون لە بەکار هێنانی ووشەی زیاتر سەلامەتترە بۆ مرۆڤ، الذهبي ڕاستیکرد گەر بێتو لەم بابەتەدا بەوەندە وازی هێنابوایە کە زانایانی تر لەسەری بوون توشی ئەم کێشە گەورەیەش نەدەبوو، جا لێرەدا مەبەستم نەبوو هێندە درێژەی پێ بدەم و لە بابەتەکە لا بدەم بەڵام بۆ دوو مەبەستی پێویست ئەم کارەم کرد، یەکەمیان: مادام باسی بابەتەکە کرا دەبێ وەک خۆی ڕوون بکرێتەوە بۆ خوێنەر تا کەس وانەزانێت البخاري وتوویەتی لەفزمان مەخلوقە، وە کەسیش وانەزانێت کە البخاري لەم بابەتەدا هیچ هەڵەیەکی نیە تەنها حەسادەت بابەتەکەی دروستکردووە، گریمان حەسودی پێ برا بێت یان زوڵمی لێ کرا بێت ئەوا خۆی دەرگای کردۆتەوە بۆ نەیارانی بە زیادکردنی ئەم ڕوونکردنەوەیە گەر وازی هێنابوایە بەوەندەی کە زانایانی تر لەسەری بوون سەلامەت دەبوو، دووەمیان: گریمان وای دابنێین البخاري

بەرییە لەم بابەتە و ئاگاداری هیچ شتێک نیە الذهلي بە درۆ بۆی هەڵبەستاوە -حاشا لە الذهلي- بەڵام کاتێک الذهلي نامە بۆ أبو زرعة و أبو حاتم دەنێرێ پێیان دەڵێ البخاري لەلای ئێمە ووتی لەفزمان مەخلوقە، أبو زرعة و أبو حاتم ڕێک واز لەو فەرموودانە دەهێنن کە لە البخاري-یان بیستبوو، ناڵێن البخاري ئیمامە پلەی بەرزە لە بابەتێکی ئاوادا پێویست ناکات توند بین بەرامبەری دەبێ هەروەک جاران پلەی بەرز ڕابگرین، سەیرکە تەنها بەیەک بابەت هەجری دەکەن و ڕیوایەتی تەرک دەکەن، هەر چەندە البخاري ئەمەی نەووتوە بەڵام کە بەم شێوەیە پێیان گەیشت ئیتر هەڵوێستیان گۆڕا، لێرەدا مەبەستم هەڵوێستی أبو زرعة و أبو حاتم-ە نەک ڕاستی و درۆیی بابەتەکە، جا ئەمە ببێتە پەندێک بۆ ئەوانەی کە بەرگری لە أبو حنیفة دەکەن بڕوانن ئیمامێکی وەک البخاري تەنها ڕوونکردنەوە دەدات بە بابەتێک لەترسی ئەوەی خەڵک بە هەڵە تێنەگات ئاوا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن چونکە خودی ڕوونکردنەوەکەی دەبێتە هۆی هەڵە تێگەیشتن بۆ کەسانێکی تر، کەچی ئێوەش کوفری بەواحی أبو حنیفة و ئەم هەموو زانایانەی المتأخرین دەزانن لەگەڵ ئەوەشدا بە پێشەوایان دەزانن، ئەوەی باسی کوفرەکانیان بکات بە فیتنەی دەزانن ! والله المستعان سەیری هەڵوێست جوڵانی أبو زرعة و أبو حاتم بکەن بۆ دین، وە سەیری هەڵوێست جوڵانی خۆشتان بکەن بۆ کەسەکان لەسەر حیسابی دین.

دەبینین ئەوانەی کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە یەک و دووان و سیان نین تا بڵێین (کلام الأقران)ە چونکە زۆربەی جار کلام الأقران لەنێوان دوو کەسدا ڕوودەدات نەک زیاتر لە 70 کەس کۆک بن لەسەر قسە ووتن بە کەسێک بووترێ ئەمە کلام الأقران-ە، پاشان ئەوانەی دوای أبو حنیفة-ش هاتوون قسەیان پێ ووتوە گەر بڵێین مالك و دوو سفیانەکە و دوو حەممادەکە و الأوزاعي والفزاري وابن المبارك ئەمانە لە سەردەمی أبو حنیفة ژیاون هۆکاری حەسودی و ڕکابەری مەزهەبی وایکردووە کە قسەی پێ بڵێن، ئەی چی لە ووتەی زانایانی تر دەکەن کە دوای ئەو ژیاون وەک الشافعي و أحمد و عبدالله-ی کوڕی و البخاري و مسلم و أبو زرعة و الفسوي و ابن حبان و ابن عدي والعقيلي وإسحاق بن راهویە و ژمارەیەکی تر، خۆ بەهیچ شێوەیەک ووتەی ئەمانە نابێتە

کلام الأقران، دواتر ئەم هەموو زانایە کە هەر یەکێکیان مەزهەبی خۆی هەبووە بۆ ئەم حەسودی و ڕکابەری و ناکۆکیە لەنێوانیان ڕووی نەدا هەمووی کۆک بوون تەنها حەسودی و دژایەتی أبو حنیفة بکەن ؟ دواتر حەسودی بە چ شتێکی ئەو دەبەن ؟ بیرێک لەم ووتەیە بکەرەوە چەندە ناشرینە ئەم هەموو زانا گەورەیە ڕێک بکەون بۆ دژایەتی کردنی زانایەکی تر و تۆمەت و درۆی بۆ هەڵبەستن کە لەودا بوونی نەبێت، ئەمە چ تۆمەتێکی ناشرین و قێزەونە دەدرێتە پاڵ زۆربەی زانایانی سەلەف بەبێ هەست کردن بەخۆتان !

مقبل بن هادي الوادعي پرسیاری لێدەکەن دەربارەی (کلام الأقران) ئایا بە ڕەهایی ڕەت دەکرێتەوە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ: **کلام الأقران بەلیغتر وزاناترو ڕاسترە لە کەلامی کەسانی دواترکە دوای دوو سەدە دێن، ئەوکەسەی لەگەڵ کەسێکی تردا ژیاوە دەزانێ ڕاوییەکە ڕاستگۆیە یان درۆزنە، وە دەزانێ توانای لەبەرکردنی زەعیفە و خراپە، بەڵام ئەوەی دواتر دێت چی دەکات ؟ گەر سەنەدی دەست کەوێت لەسەر ڕاوییەکە ئەگینا دەبێ فەرموودەکانی ڕاوییەکە کۆبکاتەوە و بەراووردی بکات لەگەڵ فەرموودەی حافزەکان، گەر موافقی فەرموودەی ئەوان بوو قبوڵی دەکات و بە سیقەی دادەنێت، وە گەر موافقی فەرموودەی ئەوان نەبوو بە زەعیفی دادەنێت و ڕەتی دەکاتەوە، جا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە جەرحی هاوسەردەمەکان دروسترە، ئەوەی ڕەت دەکرێتەوە لە جەرحی هاوسەردەمەکان شتێکی دەگمەنە، گەر زانرا ناکۆکی لەنێوانیان هەیە لەسەر ڕکابەرایەتی یان لەسەر دونیا و یان هەر ناکۆکیەکی تر ئەوکات لەوانەیە بووترێ ئەمە ڕیوایەتی الأقران-ە.**
[کاسێتی : الرد الوجیه علی أسئلة بیت الفقیه] لە سایتی فەرمی خۆیدا هەیە

الألباني پرسیاری لێدەکەن دەربارەی (کلام الأقران) چۆن ڕێک دەخرێ ؟ لە وەڵامدا دەڵێ: **بەوە ڕێک دەخرێ کە سەیری خاوەنی ووتەکە بکەین، دەکرێ تانە لە هاوسەردەمەکەی بدات بەهۆی ناکۆکی تایبەتەوە یان نا ؟ گەر ئەگەری یەکەم لە ئارادابوو ئەوا ووتەکەی قبوڵ ناکرێ، وە ئەگەر ئەگەری دووەم لە ئارادابوو ئەوا قبوڵ دەکرێ، وە هەردوو ئەگەرەکە پێویستە دیراسە بکرێ دیراسەیەکی تایبەت، واتا دەبێت یەکێک لەم دوو ئەگەرە تەرجیح بکرێ بەسەر ئەوی تردا بەبوونی بەڵگەیەکی**

راجح، بۆ نموونە: دوو زانای هاوسەردەم خەڵکی یەک شارن لەوانەیە جۆرێک لە ڕکابەری لەنێوانیاندا هەبێ زیاتر بێ لە ڕکابەری نێوان دوو هاوسەردەم کە لە دوو شاری دوور لەیەکتر دەژین، ئەمەش سەرنج بۆئەوە ڕادەکێشێ کە بابەتەکە پێویستی بە ئیجتیهاد هەیە، بەهەمان شێوە گەر ئیمامێک هات دوای سەردەمی ئەو دوو کەسە ئەویش تانەی لەو کەسەدا کە تانەی لێدرابوو لەلایەن هاوسەردەمەکەی، ئەمە وادەکات تەرجیحی ئەوە بکەین کە تانەدانەکە بەهۆی هاوسەردەمی بوون ڕووی نەداوە بەڵکو کەسە تانە لێدراوەکە شایستەی تانە لێدانە، پاشان ئەم تانە لێدانە دڵنیاتر دەبێتەوە گەر زانایانی فەرموودە بەدوای یەکتردا پشتگیری لەم تانەدانە بکەن بە درێژایی سەردەمەکان جا ئەوکات دڵنیا دەبینەوە کە ئەم تانانەی لەو کەسە دراون بەهۆی هاوسەردمی بوون نیە چونکە ئەم هاوسەردەمی بوونە بۆ ئەو کەسانە نیە کە لەدوای کەسە هاوسەردەمەکان هاتوون، نموونەی ئەمەش زۆر ڕوونە لە یەکدەنگی زۆربەی زانایانی فەرموودە لەسەر زەعیف دانانی ئیمام أبو حنیفة ﵀ جا چ ئەوانەی هاوسەردەمی بووبن یان لەدوای ئەو هاتبن، جا یەکدەنگیان لەسەر زەعیف دانانی أبو حنیفة ئەمە دوور دەخاتەوە کە تانەدان لێی ڕەت بکرێتەوە بە بیانووی هاوسەردەمی بوون، چونکە تانەدان لێی نەچەسپاوە تەنها بە زەعیف دانانی لەلایەن کەسێکی هاوسەردەمی خۆی وەک سفیان الثوري یان هی تر.

[سلسلة فتاوی جدة : کاسێتی ژمارە 20 دیوی یەکەمی کاسێتەکە] لە سایتی فەرمی خۆیدا هەیە

ووتم: بۆیە ووتەی ئەم جۆرە کەسانە دەهێنم چونکە بە حیساب ئێوە زۆر توندترن لەمانە لە عەقیدەدا کەچی ئەوان دان بەڕاستیەکان دەنێن ئێوەش یان پەردەپۆشی دەکەن یان بەرگری دەمارگیرانەی لێدەکەن، جا گەر جەرحکردنی أبو حنیفة لە فەرموودەدا کلام الأقران نەبێت بەهۆی زۆری کەسەکان و جیاوازی سەردەمەکانیان ئەوا بەهەمان شێوەش قسە ووتن پێی لە بابەتەکانی تریش نابێتە کلام الأقران، بڕوانە ئەو کەسەی پرسیاری لە الألباني کرد دوور و نزیک باسی أبو حنیفة ناکات کەچی الألباني دەڵێ نموونەی أبو حنیفة زۆر ڕوونە بۆ ئەم بابەتە، أبو حنیفة دەکات بە نموونە لەسەر ئەوەی کە جەرحکردنی ئەو کلام الأقران نیە.

دژبەیەک بوونێکی تری ئەو کەسانەی کە دەستیان بەم بیانووە بەتاڵە گرتووە گوایە ئەوانەی قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە کلام الأقران-ە قبوڵ ناکرێ، باشە زانراوە وەک باسمان کرد کلام الأقران هۆکارەکەی ناکۆکی و حەسودی و ڕکابەرایەتیە، کەواتە بە قسەی ئێوە ئەم زانایانە ناکۆکی نێوان خۆیان و أبو حنیفة وایکردووە قسەی لە دژ بکەن، باشە ئێمەش وەک تەنازول دەڵێین گریمان قسەکەتان وایە -کەواش نیە- ئەی هەر ئێوە نین بەڵگە بە ووتەی ئەم زانایانە دەهێننەوە دەڵێن ئەمانە مەدحی أبو حنیفة-یان کردووە ؟ باشە خۆ ئێوە خۆتان دەڵێن ئەمانە بەهۆی ناکۆکی و حەسودی و ڕکابەرایەتی قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە ئەی چۆن دەڵێن ئەمانە مەدحی أبو حنیفة-یان کردووە ؟! لەیەک کاتدا ناکۆکن لەگەڵی و قسە لە دژی دروست دەکەن و مەدحیشی دەکەن؟! خۆ هیچ نەبێت ئەو حەسودی و ناکۆکیەی هەیان بووە دەبێتە ڕێگر لەوەی کە مەدحی بکەن، هەست بەم دژ بەیەک بوونە دەکەن کە تێی کەوتوون ؟

گومانی چوارەم:

ابن تيمية تەکفير و تەبديعی أبو حنيفة ناکات

ئەمە یەکێکە لە گەورەترین گومانەکان دەڵێن زانایەکی وەک ابن تيمية کە هەرگیز سڵی نەکردۆتەوە لە ووتنی حەق چۆن گەر شتێکی ئاوا هەبێت ئەو نایزانێت یان موخالەفەی دەکات ! بێگومان کە زانایەکی ئاوا تەکفیری أبو حنيفة نەکات و بە خراپە باسی نەکات بگرە بە ئیمامی ئەهلی سوننەی دەزانێت شان بەشانی سێ ئیمامەکەی تر، ئێمە لەو زیرەکترو حەق بێژترنین بۆیە ئێمەش لەسەر ئەوە دەڕۆین کە ئەو لەسەریەتی.

بۆیە گەر گومانەکان دەربارەی ابن تيمية وەڵام بدەینەوە بە بەڵگەی بەهێز ئەوا زۆرێک لە گومانەکانمان هەڵوەشاندۆتەوە، چونکە کە ووتت ابن تيمية وادەڵێ، واتا ابن القيم وابن کثير وابن رجب و محمد بن عبدالوهاب و تەواوی نەجدییەکان وادەڵێن، چونکە هەموو ئەمانە کاریگەرن بە ابن تيمية، بۆیە قسەکردن لە بابەتێک بە پێچەوانەی ئەمانە قورسە، وە زۆربەی موسڵمانانی ئەمڕۆش پێی کاریگەرن و تەنانەت ئەگەرچی پێیان وایە دوای پێغەمبەر ﷺ هیچ کەسێک مەعصوم نیە بەڵام زۆر بەلایانەوە قورسە بڵێن ابن تيمية لە فلان بابەتدا نەیپێکاوە، وەک بڵێی لەناخەوە هەستی مەعصوم بوونی ابن تيمية بۆیان دروست بووە بەڵام ناتوانن بە دەم دەری ببڕن، دەبینی لە بابەتێکدا نەیپێکاوە زانایانی نەجدی ئاماژەیان پێداوە کە لەمەدا لەگەڵی نین کەچی یەکێک لەوانەی کە ئەم هەستە لەناخیەوە دروست بووە بە زۆر لەخۆ کردنێکی یەکجار لە ڕاددەبەدەر دەیەوێ بابەتەکە وانیشان بدات کە ابن تيمية پێکاویەتی بەڵام ئێوە لێی تێناگەن، هەرچەندە عوزر هێنانەوە بۆ زانایان و هەڵگرتنی قسەکانیان لەسەر باشترین مانا شتێکی چاکە و زانایانی ئەهلی سوننە شایستەی ئەوەن گومانی چاکیان پێ ببرێ و بەرگریان لێ بکرێ، وە هەر قسەیەکی ناڕوونیان هەبوو تا توانا هەبوو دەبێ بە جوانترین شێوە لێکی بدەینەوە بەو مەرجەی بزانین ئەم زانایە بە هەڵەکردن لەم بابەتە ناسراو نیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە نە بەدەم و نە لە عەقڵیشمان ئەو قەناعەتە دروست بکەین کە فلان زانا مەعصومە و بەهەڵەدانانی ئەو بێ ئەدەبی کردنە بەرامبەری،

چونکە ئەم کارە سەردەکێشێت بۆ فیتنەیەکی گەورە ئەویش شوێنکەوتنی پێهەڵخلیسکانی زانایە وەک زانراویشە هیچ زانایەک بە دوور نیە لە پێهەڵخلیسکان.

حەز دەکەم ئەوانەی دەستیان بە ووتەکانی ابن تیمیة گرتووە دەربارەی أبو حنیفة هەمان شێوازی ابن تیمیة ڕەچاو بکەن لە ڕەددانەوەی گومانەکان، ئایا ئەو هیچ کات لە ڕەددانەوەی کۆمەڵە و کەسە گومڕاکان هاتووە هەموو بەڵگەکانی لایەنی بەرامبەر بەلاوە بنێت و هیچ حیسابی بۆ نەکات لە بەرامبەردا بڵێ أحمد واناڵێت، تەواو باسەکە داخرا ! بێگومان نەخێر ، بۆیە ئێوەش نابێت ئەم هەموو بەڵگە صەحیحەی بەشی یەکەم بەلاوە بنێن و حیسابی بۆ نەکەن لە بەرامبەردا تەنها بڵێن ابن تیمیة واناڵێت، تەواو باسی أبو حنیفة داخرا ! کە سەیری ابن تیمیة دەکەین لە بابەتێکدا کە بە دەقی قورئان و سوننەت و ئیجماعی صەحابە بڕاوەتەوە کەچی کۆمەڵەیەک یان کەسێکی گومڕا یان کافر گومان دروست دەکات لەسەری بە تەئویل و بەڵگەی پڕوپوچ، نابینین ابن تیمیة بەو کەسە بڵێ فلان زانای گەورە وای ووت تەواو باسەکە داخە قسەکانت هیچ وەر ناگرم، بەڵکو سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی بەهێز لەلای ابن تیمیة لە قورئان و سوننەت لەگەڵ ئەوەشدا دیراسەی گومانەکانی کەسی بەرامبەر دەکات کە ئەو وەک بەڵگە بەکاری دەهێنێت، زۆر بە ووردی ڕەددی بەڵگەکانی ئەویش دەداتەوە، تەنانەت ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە یان چەواشەکارییەی کەسی بەرامبەر بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت دەیکات ئەویش بە ووردی وەڵام دەداتەوە، تەنانەت هەندێکجار بەڵگەکانی خۆیان لەدژی خۆیان بەکار دەهێنێتەوە و لەسەریان دەکات بە بەڵگە، نەک وەک ئێوە ئەم هەموو ووتەیەی سەلەف دەربارەی أبو حنیفة بە ڕستەیەکی سارد و سڕ بکەن بە پوشی با بردوو، ئەویش ڕستەی (ابن تیمیة واناڵێت).

ابن تیمیة دەڵێ: ڕەددانەوە تەنها بە جوێندان و شت گەورە کردن و ترساندن ئەوا هیچ کەسێک نیە نەتوانێ ئەنجامی بدات، گەر مرۆڤ مونازەرە لەگەڵ موشریکان و ئەهلی کیتاب بکات ئەوا لەسەریەتی ئەو بەڵگانە باس بکات کە ڕوونی دەکاتەوە حەقەکە لەلای ئەوە و باطلەکە لای ئەوانە. [مجموع الفتاوى : 186/4]

ووتم: ئێوەش فەرموون بە بەڵگەوە ڕوونی بکەنەوە کە حەق بە ئێوەیە و ئێمەش لەسەر باطلین، بەڵام بەداخەوە ئەمە پیشەی زۆرینەی ئەوانەیە کە نازانن بە زانستیانە ڕەددی بابەتەکان بدەنەوە، دەڵێن: تۆ لە فلان شوێن بوای دەیانکوشتی یان بە قامچی تەمبێیان دەکردیت یان دەڵێن: ئەم کارەی تۆ شتێکی زۆر گەورەیە هەر تەنها بە أبو حنیفة ناوەستێ زانای تریشی بەدوا دادێت سەرەنجام هەموو زاناکانی تریش تەکفیر دەکەیت وەک نەززامیەکان یان دەڵێن تۆ چیت قسە بکەیت لەسەر زانایان کەسێکی دەمڕوتی قل و فل لەیەکتر جیاناکەیتەوە تۆ چیت زانایان تەکفیر بکەیت ؟! هەر وەک ابن تیمیة ووتی تەنها دەیانەوێ پشێوی و هەرا دروست بکەن و کەسی بەرامبەر قەناعەت پێ بکەن کە کارێکی یەکجار گەورە وترسناک ئەنجام دەدات ئینجا هەڕەشی لێدەکەن، لە وەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێین: لێدان و بەندکردن و هەڕەشە کردن بە کوشتن لەپێناوی أبو حنیفة شتێکی نوێ نیە وەک پێشتر باسمان کرد لەساڵی 433 بەسەر عبدالعزیز النخشبي هاتووە، وە لە سەدەی 6 بەسەر عبدالغني المقدسي هاتووە، سەبارەت بەوەش کە ئەگەر تەکفیری أبو حنیفة بکەیت تەکفیری زانایانی تریشی بەدوا دادێت، دەڵێین: ئەوانەی أبو حنیفة-یان تەکفیر کردووە نەمان بینیون کەسانی تریش تەکفیر بکەن بەم هۆیەوە، سەبارەت بەوەش کە دەمڕوتین و هیچ نازانین دەڵێین: ئێمە تەنها تەقلیدی زانایانمان کردۆتەوە و شوێنی ووتەکانی ئەوان کەوتووین لەخۆمانەوە شتێکمان دانەهێناوە.

زۆرێک لەوانەی بەرگری لە أبو حنیفة دەکەن کاتێک کۆمەڵێک بەڵگەی نیشان دەدەیت لە سەلەفەوە کە تەکفیر و تەبدیعی أبو حنیفة-یان کردووە، دەڵێن: ئایا تۆ زیرەکتری لە ابن تیمیة ؟ ئەو ئەم کتێبانەی دیوە بۆ تەکفیر و تەبدیعی ناکات ؟ تۆ چیت تەکفیر و تەبدیعی بکەیت خۆ تۆ لەو زاناتر نیت !

ئەم گومانە هەر بە ووتەی **ابن تیمیة** وەڵام دەدەمەوە کە دەڵێ: **گەر بە کەسێکی هیدایەتدەر و ڕێنیشاندەر بڵێی ئایا تۆ زاناتری یان ئیمام فلان ؟ ئەوا ئەمە بەرەنگاربوونەوەیە بە قسەیەکی پوچ چونکە ئیمام فلان لەم بابەتەدا کەسانێک پێچەوانەی ئەویان کردووە کە لەئاستی ئەودان لە**

ئیمامەکان، وە هەروەک چۆن هاوەڵان هەندێکیان هاوشانی یەکترن لە کاتی خیلافدا کە خیلافیان تێکەوت دەیگەڕێننەوە بۆ الله و پێغەمبەرەکەی ئەگەرچی هەندێکیان زاناتریش بن لە بابەتانی تردا، بابەتە خیلافیەکانی نێوان ئیمامەکانیش بەهەمان شێوەیە. خەڵکی وازیان هێنا لە فەتوای عمر وابن مسعود لە بابەتی تەیەمموم کردنی کەسێک غوسلی جەنابەتی لەسەربێ فەتوای ئەو کەسەیان وەرگرت کە لە خوارووی ئەوانە لە زانستدا وەک أبو موسی الأشعري و جگە لەویش کاتێک بەڵگەیان هێنایەوە بە قورئان و سوننەت. وە وازیان هێنا لە فەتوای عمر دەربارەی حەقی پەنجە قرتاندن وە فەتوای معاوية-یان وەرگرت چونکە فەرموودەی لەلا بوو کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەم پەنجە و ئەم پەنجەیە یەکسانن. وە هەندێک خەڵک مونازەرەیان لەگەڵ ابن عباس دەکرد دەربارەی موتعە پێی ووترا: أبو بکر و عمر وادەڵێن. ابن عباس ووتی: نزیکە بەردتان بەسەردا بباریٚ لە ئاسماندا. ئەڵێم: پێغەمبەری الله ﷺ وایفەرموو ئێوەش دەڵێن: أبو بکر و عمر وایان ووت ؟! [مجموع الفتاوی : 215/20]

ووتم: ئەوەتا ابن تیمیة دەڵێ ئەمە قسەیەکی پڕو پوچە بڵێی ئایا تۆ لە فلان زانا شارەزاتری، چونکە ئەم زانایەش زانای تر هەیە کە پێچەوانەی ئەون لە بابەتەکەدا. گەر بڕیار بێ ئێوە ئەم پرسیارە بێ نرخ و بێ بەڵگەیە بکەن، ئەوا ئێمەش هەمان پرسیارتان لێ دەکەینەوە و دەڵێین: ئایا ابن تیمیة لە سەلەف شارەزاترە ؟ بۆیە حەز دەکەم ئەم ووتەیەی ابن تیمیة بدەم بەگوێی دانە بەدانەی ئەوانەی کە کاتێک پێیان دەڵێین فلان زانا ئەم کوفرە بەواحەی هەیە بە ئیجماعی سەلەف ئەم کارە کوفرە سەلەف تەکفیری ئەم جۆرە کەسانەیان کردووە، کەچی دەڵێن: ئێوە لە زانایانی خەلەف و معاصرین شارەزاترن ؟ ئەوان تەکفیریان نەکردووە چۆن ئێوە تەکفیری دەکەن ؟! ئێمەش دەڵێین: ئەی باشە ئەو زانایانەی کە ئێوە باسی دەکەن ئەوان شارەزاترن یان سەلەف ؟ گەر بڕیار بێ سەرزەنشتی ئێمە بکرێ چونکە موخالەفەی خەلەفمان کردووە، ئەوا خەلەف زۆر لەپێشترن کە سەرزەنشت بکرێن کە موخالەفەی سەلەفیان کردووە، (فأي الفريقين أحق بالأمن إن كنتم تعلمون) ؟ وە جیاوازی نێوان مەنهەجی سەلەف و خەلەف لەم بابەتەدا هێندە زۆرە هیچ بوارێکی بۆ جەمع کردن نەهێشتۆتەوە، ئەوەی لەلای سەلەف کافر بووە لای خەلەف کراوە بە پێشەوا !

ابن تيمية دەربارەی خیلافی هاوەڵان دەڵێ: **گەر خیلافیان تێکەوت دەیگەڕێننەوە بۆلای الله وپێغەمبەرەکەی، ووتەی هیچ کامیان نابێتە بەڵگە مادام هاوەڵانی تر موخالەفەیان کردووە، بە کۆدەنگی زانایان.** [مجموع الفتاوى : 14/20]

ووتم: جا گەر هاوەڵان کە زاناترین کەسی ئوممەتن کە خیلافیان تێکەوت ووتەی کەسیان نەبێتە بەڵگە بەسەر ئەوی تر، ئەی چۆن دەربارەی أبو حنيفة ووتەی ابن تيمية دەکەن بە بەڵگە بەسەر کەسانێک کە خۆیان لەگەڵ أبو حنيفة ژیاون و ئاگاداری حاڵی بوونە و لە یەکێک لە باشترین سێ قەرنەکە ژیاون و زۆر زاناترن لە ابن تيمية، بەڵکو ابن تيمية خۆی بە شوێنکەوتەی ئەوان دەزانێت.

ابن تيمية دەڵێ: **بابەتە ئیجتیهادییەکان جائیز نیە سەرزەنشتی بەرامبەری تێدا بکرێ تەنها بە ڕوونکردنەوە و بەڵگە نەبێت، نابێت سەرزەنشت و ئینکاری بکرێ بە پشت بەستن بە تەقلیدێکی تەواو، چونکە ئەمە کاری جاهیل و هەوەس بازانە.** [مجموع الفتاوى : 212/35]

ووتم: ئەمڕۆ چەندە زۆرن ئەوانەی کە ناوی خەواریج و غولاتی تەکفیر و منداڵ و جاهیل و رويبضة ...هتد بەکاردەهێنن لە دژت گەر موخالەفەی شێخەکانیان بکەیت، ئەمەش دەرهاوێشتەی تەقلیدی کوێرانەی شێخەکانیانە وادەزانن جگە لەوەی ئەوان وتوویانە مەحاڵە شتێکی تر صەواب بێ، بێ ئاگان لەوەی کە خۆشیان موخالەفەی باشترین سێ سەدەی ئوممەتیان کردووە، گەر ئێوە دەست بە ووتەی ابن تيمية دەگرن فەرموون دەست بەم ووتەیەی بگرن بە بەڵگەوە وەڵاممان بدەنەوە نەک تەنها بە هەرا نانەوە و تۆمەت بەخشینەوە چونکە ئەمە کاری جاهیل و هەوەس بازانە وەک ابن تيمية ووتی، بۆیە تەقلیدکردنی ئەم و ئەو یان ووتنی تۆ زاناتری یان فلان زانا ئەم جۆرە ووتانە لای ابن تيمية قبوڵ نیە و بە جەهلی دادەنێت.

ابن تيمية دەڵێ: **مەحاڵە ئوممەت لەسەر بەچاک دانانی شتێک کۆک بن گەر چاک بوایە پێشینان ئەنجامیان دەدا کەچی ئەنجامیان نەداوە، ئەمە جۆرێکە لە دژ بەیەک بوونی ئیجماعەکان، ئیجماعەکانیش دژبەیەکتر نابن، وە گەر ئەوانەی دوای پێشینان خیلافیان تێکەوت**

ئەوا جیاکەرەوە لەنێوانیان قورئان و سوننەت و ئیجماعی پێشینە.

[اقتضاء الصراط المستقيم : 205/2] ط: دار إشبيليا

ووتم: ئەمە ئەو شتە مەحاڵەیە کە ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەیبینین، سەلەف لەسەر شتێک کۆک بوونە، کەچی سەردەمەکانی دواتر لەسەر پێچەوانەکەی کۆکن، وەک حاڵی زۆرێک لەو زانایانەی کەوتوونەتە کوفر یان بیدعەوە، لەلای سەلەف زانست و کتێبی بە سوود ڕێگر نەبووە لە تەکفیر کردن و تەبدیع کردن، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتر خەریکە ئیجماع دروست بێت کە هەر زانایەک کتێبی بە سوودی هەبوو کوفریشی هەبێت هەر پێشەوایە ونابێ تەکفیر بکرێ، بیدعەکانیشی هەر شایستەی باس کردن نین چ جای ئەوەی حوکمی بیدعەچی لەسەر بدەین ! جا هەیانە بەم چاوەوە لە باسەکە دەڕوانێ و دەڵێ ئایا دەکرێ زۆربەی زانایانی خەلەف و معاصرین هەڵە بن کاتێک زانا خاوەن کوفرەکانیان کردۆتە پێشەوا بە چاکە نەبێت باسیان نەکەن ؟! ئینجا وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێ: مەحاڵە شتی ئاوا ڕوو بدات بۆیە هەر ئەوە حەقە کە ئەوان لەسەری ڕۆیشتوون، بێ ئاگایە لەوەی کە بەم ووتەیەی ئیجماعی سەلەفی پوچەڵ کردۆتە و ناڕاستەوخۆ هەڵە دەداتە پاڵیان، ئەی تۆ بڵێی سەلەف هەڵەبن کە ئیجماعیان هەبوو لەسەر شتێکی ئاوادا ؟ سەیرم بەوە دێت کە هەموویان خۆیان بە شوێنکەوتەی سەلەف دەزانن بەڵام کاتێک خیلاف هەیە لەنێوان سەلەف و خەلەف پێ بە پێ شوێنی خەلەف دەکەون و زۆر بە خراپەش باسی ئەوانەش دەکەن کە شوێنی سەلەف کەوتوون بەڵام جورئەت ناکەن هەڵەکە بدەنە پاڵ سەلەف دەیدەنە پاڵ ئەوانەی کە دوای ووتەی سەلەف کەوتوون، گەر بڕیار بێ بە فەهمی خەلەف لە مەنهەجی سەلەف تێبگەین ئەوا هیچ بایەخێک بۆ ووتەی سەلەف نامێنێتەوە چونکە خەلەف چۆن لە بابەتەکە تێبگەن و لەسەری بڕۆن هەر ئەوە صەوابە کەواتە ووتەی سەرەتا وکۆتا هەر ووتەی خۆیانە ئەوان چی بڵێن و چۆن تێبگەن هەرئەوە ڕاستە، ووتەی سەلەف هیچ نرخێکی نیە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە خەلەف پێی ڕازی دەبن ئینجا نرخ پەیدا دەکات گەر خەلەف پێی ڕازی نەبوون ئەوا نرخی نیە هەروەک دەربارەی أبو حنيفة بینیمان، دەڵێی ئەم هەموو زانایەی سەلەف وای ووت، دەڵێ ابن تيمية واناڵێ، کەواتە کەی ابن تيمية بە ووتەی سەلەف ڕازی بوو لەسەری ڕۆیشت ئەوکات ووتەکە نرخ پەیدا

دەكات ئەگینا هیچ نرخێکی نیە ! ئێستا کەسانێک دەڵێن واتا تۆ لە ابن تیمیة زیاتر لە ووتەی سەلەف تێدەگەیت ؟ تۆ لەو زیاتر شوێنکەوتەی سەلەفی ؟ هەمان شێوازی پرسیاری یەکەم دووبارە دەکەنەوە، منیش هەمان وەڵامیان دەدەمەوە، قەناعەتیان بەخۆیان هێناوە گەر سەلەف تەکفیری أبو حنیفة-ش بکەن هەر پێشەوایە چونکە ابن تیمیة بە پێشەوای داناوە، ئەی باشە ووتەکانی سەلەف چی ؟ دەڵێن بێگومان نابێ بە ڕواڵەت وەری بگرین مادام ابن تیمیة وەری نەگرتووە کەواتە شتێک هەیە ئێمە نایزانین یان لەوانەیە بڵێن ئەمە باسێکە عەقڵی ئێمە بەرگەی ناگرێت قسەی ابن تیمیة وەربگرە و هیچ بیریش لە ووتەی سەلەف مەکەرەوە، جا بۆیە لەم بڕگەیەدا مەنهەجی ابن تیمیة نیشان دەدەین کە چەند نەرم بووە لە حوکمدان لەسەر گروپە کافر و بیدعەچیەکان، کاتێک حوکمی ابن تیمیة دەبینن دەربارەیان ئەوا زۆر بەلاتانەوە ئاسایی دەبێت کە بۆچی ابن تیمیة تەکفیر و تەبدیعی أبو حنیفة ناکات بگرە بە ئیمام وەسفی دەکات.

هەندێکی تر ووتەی سەلەف وەک کۆدی سەربازی و ئەم جۆرە شتانە سەیر دەکات کە هەموو کەس لێی تێناگات، پێی وایە گەر یەکێک لە سەلەف أبو حنیفة تەکفیر بکات یان تەبدیعی بکات ئەوا مانای ئەوە نادات کە تەکفیر و تەبدیعی کردبێ، چونکە ئێمە لەو ئاستە دانین لە ووتەی سەلەف تێبگەین، کە ابن الجارود دەڵێ: خیلاف هەبووە دەربارەی أبو حنیفة موسڵمانە یان نا ئێمە تێناگەین ئەم قسەیە مانای چیە، کە منصوربن أبي مزاحم دەڵێ: مالك أبو حنیفة-ی لە دین خستە دەرەوە تێناگەین مانای چیە، کە حماد بن سلمة دەڵێ: أبو حنیفة لە دین دەرچووە تێناگەین مانای چیە، کە شریك دەڵێ: هەموو ماڵێکی کوفە عەرەقی تێدا بێت باشترە لەوەی کەسێکی تێدابێت عەقیدەی وەک أبو حنیفة بێت تێناگەین مانای چیە، کە مالك دەڵێ: أبو حنیفة دژایەتی دینی کرد تێناگەین مانای چیە، کە شعبة لەعنەت لە أبو حنیفة دەکات تێناگەین مانای چیە، ووتەکانی سەلەف ئەوەندە ئاسان نین هەمووی کۆدن دەبێت محققین لە خەلەف بێن دیراسەی بکەن و لێی بکۆڵنەوە بزانن ئەم ووتانە مانای چین، سەرەنجامیش دەرکەوت ئەم ووتانە هەموو ئێکسپایەرن و أبو حنیفة ئیمامە بەکوێرایی چاوی دوژمنان ! ئەمەیە زمانحاڵی زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەرگری

لە أبو حنیفة دەکەن جا زانا بن یان عەوام، بەڵام من لێرەدا تەنها ئەوە دەپرسم پێش ئەوەی ابن تیمیة لە دایک بێت خەڵکی چۆن لە ووتەکانی سەلەف تێگەیشتوون ؟

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ژمارەیەک ووتەی ابن تیمیة-مان هێنا لە بەشی یەکەم کە دەری دەخات باش ئاگاداری ووتە و کتێبەکانی سەلەفە لەدژی أبو حنیفة بۆیە بە السبکي دەڵێ: کتێبەکانی سەلەف پڕن لە تانەدان لە أبو حنیفة تەنانەت وای لێهات کەس ڕیوایەتی لە أبو حنیفة و هاوەڵانی نەکرد کتێبە ناودارەکانی فەرموودە ناوی ئەوانی تێدا نیە، یان دەڵێ: أبو حنیفة بە جائیزی دەزانی فێڵ بکرێت بۆ لابردنی زەکات لەسەر خاوەنەکەی، یان دەڵێ: ئەهلی کوفە دوورترین کەسن لەوەی کە بە بەڵگەوە وەڵامی فەتوا بدەنەوە لە هەموو کەسێکیش سوودیان کەمترە بۆ موسڵمانان، یان دەڵێ: مەزهەبی أبو حنیفة لە هەموو ئەهلی بیدعەکان پێکدێت چونکە مەزهەبەکەی نەفی بیدعە ناکات ئەگەرچی ئیثباتیشی نەکات، وە دان بەوە دەنێت کە مورجیئە بووە، دان بەوە دەنێت ئەهلی ڕەئی بووە، وەک باسمان کرد ئاگاداریشە کتێبەکانی سەلەف پڕن لە قسە ووتن پێی کەچی هەر بە ئیمامی ئەهلی سوننەی دەزانێت و مەدحی دەکات، ئەمەش بێگومان کاریگەری سەردەمەکە وایکردووە ئێستاش بەچاوی خۆمان دەبینین زانا هەیە کتێبی عبدالله یان الفسوي یان البخاري یان ابن عدي یان العقیلي یان ابن حبان یان الخطیب تەحقیق دەکات و ڕیوایەتەکان هەمووی دەبینێت و دانیش بەوە دەنێت ژمارەیەکی صەحیحن کەچی کاریگەری سەردەم و دەوروبەرەکەی وای لێدەکەن أبو حنیفة بە ئیمامی ئەهلی سوننە بزانێت بۆیە ناچار بیانوو بۆ ڕیوایەتەکانی سەلەف دەهێنێتەوە.

گەر هەر سووریشن لەسەر ئەوەی کە ابن تیمیة ناکرێ لە باسێکی ئاوادا نەیپێکابێ، ئەوا مولزەم دەبن بەوەی کە بڵێن زۆربەی زانایانی سەلەف نەیان پێکاوە کاتێک وەک ابن تیمیة مەدحی أبو حنیفة-یان نەکردووە، یان ئاسانتر بڵێم ئایا ئیمام أحمد زاناترە یان ابن تیمیة ؟ ئایا کامەیان قەدر گەورەترن لەلای ئوممەت ؟ ئایا کامیان بە پێشەوای ئەهلی سوننە ناسراون ؟ مەگەر ابن تیمیة خۆی حەنبەلی نیە ؟ ئەی بۆ بەلاتانەوە ئاساییە موخالەفەی ئیمامێکی وەک أحمد بکەن

بەڵام بەلاتانەوە قورسە موخالەفەی ابن تيمية بکەن ؟ بڕۆن ووتەی أحمد و ابن تيمية دەربارەی أبو حنيفة بەراوورد بکەن ئینجا بڕیار بدەن بزانە شوێنی ووتەی کامیان دەکەون.

ئێستا دەڵێن چۆن دەکرێ ابن تيمية ئەم شتانەی زانی بێت و لای چەسپا بێت کەچی پێچەوانەی ئەمانە بکات خۆ ئەو هەرگیز سڵی نەکردۆتەوە لە ووتنی حەق، دەڵێین: بەڵێ ڕاستە خاوەن خوێندەوەیەکی یەکجار فراوان بووە و ئاگاداری حاڵی زۆربەی زانایانی پێشە خۆی بووە و بە ووردی لە عەقیدەی ڕوانیون و هەڵەکانی باسکردوون هەروەک ئەوەی أبو حنيفة کە ژمارەیەک لایەنی خراپی باسکرد، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە ابن تيمية ئەگەرچی زۆر لێزان بووە لە حاڵی کەسەکان و گروپەکان بەڵام لە حوکمدان لەسەریان زۆرجار موخالەفەی سەلەفی کردووە، بۆیە من هیچ بەلامەوە سەیر نیە کە ابن تيمية أبو حنيفة بە پێشەوا بزانێت چونکە کەسانی زۆر لە أبو حنيفة خراپتری بە موسڵمان زانیوە کە کوفری بەواحیان هەبووە، دەزانم ئەم قسەیەش خوێنەر توشی شۆک دەکات بەڵام کام خوێنەر ؟ ئەو خوێنەرەی کە ئاگای لە کتێبەکانی ابن تيمية نیە و تەنها چەند ووتەیەکی ئەوی دیوە لە ئینتەرنێت، وە ڕاستی ئەم بانگەشەیە بە بەڵگە دەخەینەڕوو لەم کتێبەدا، وە دڵنیام ئێستا لەگەڵ خوێندنەوەی ئەمە دەڵێن هەر زوو زانیمان تەکفیر کردنی أبو حنيفة ئەمەی بەدوا دادێت تەنها بەو ناوەستێ زاناکانی تریشی بەدوا دادێت ئەوەتا ابن تيمية-ش تەکفیر کرا و هاوشێوەی ئەم قسانە، لە ئێستاوە ڕایدەگەیەنم نە ابن تيمية نە ابن القيم نە ابن رجب نە ابن كثير نە نەجدییەکان بە کافر نازانم، بەڵام هەروەک لە سەرەتای بەشی دووەم ئاماژەم پێدا هەر زانایەک بەرگری لە أبو حنيفة کردبێت و خەڵکی بەهۆی تەقلیدکردنەوەی ئەو أبو حنيفة-یان لەلا گەورە بووبێ ئاوا ناچاردەبم هەڵەکانی باس بکەم تا خەڵکی ئاگادار بێتەوە کە ئەم زانایە چۆن بووە و لە ئاستی خۆیدا زیاتر بەرزی نەکەنەوە، وە لەبەر زۆری تەقلیدکردنەوەی ابن تيمية نەبێ دەربارەی أبو حنيفة و ئەشعەرییەکان ئەوا حەزم نەدەکرد لەسەر ابن تيمية قسە بکەم بەڵام کە زانا لە هەڵەدا خەڵک شوێنی کەوت واجبە هەڵەکانی ڕوون بکرێتەوە، ئێستاش دەڵێن جا تۆ چیت تا هەڵە لە ابن تيمية بگریت و باسی بکەیت، منیش دەڵێم با بچینە سەر بەڵگەکان ئەوکات

دەردەکەوێ یان من عەقڵم لە دەست داوە یان ئێوە بێ ئاگان لەم هەڵانەی ابن تیمیة، وە وەڵامی ئەو وەڵامانەی ئێوەشم ئامادەکردووە چونکە دەزانم بۆ وەڵامدانەوەی من دەڵێن ابن تیمیة کە ووتی بە معین تەکفیر ناکرێ هەمیشە مەبەستی تەکفیری معذب-ە نەک غیر معذب، یان دەڵێن لەشوێنی تر ووتەی تری هەیە پێچەوانەیە دەبێ هەموو کتێبەکانی سەیر بکرێ تا لە مەنهەجی ئەو تێبگەی لە تەکفیر و هاوشێوەی ئەم جۆرە قسانە، وەڵامی ئەمانەش دەدەینە بە یارمەتی الله تعالی.

یەکێک لە ناسراوترین کتێبەکان کە دەربارەی مەنهەجی ابن تیمیة و محمد بن عبدالوهاب و زانایانی نەجدی لە تەکفیری معین نوسراوە کتێبەکەی أبي العلاء بن راشد-ە (ضوابط تكفير المعين عند شيخي الإسلام ابن تيمية و محمد بن عبدالوهاب وعلماء الدعوة الإصلاحية) تەنانەت مامۆستا کامەران ﷀ لە دەرسەکانیدا ئەم کتێبەی دەخوێندەوە و ڕەددی مەدخەلیەکانی پێ دەدایەوە، چونکە نوسەری کتێب لەگەڵ ئەوەدایە کە ابن تیمیة و هەموو نەجدییەکان تەکفیری معین دەکەن هەرکاتێکیش باسی ئیقامە حوججە بکەن مەبەستیان تەنها پێگەیشتنی بەڵگە بووە نەک تێگەیشتن، واتا ئەوەی قورئان و سوننەتی پێگەیشتن ئیقامە حوججە کراوە تێگەیشت یان نا ئەمە پەیوەندی بە تەکفیر نیە، بۆیە مەدخەلیەکان تەنانەت ڕەخنەیان لە صالح الفوزان گرتووە کە پێشەکی و تقريظ-ی بۆ ئەم کتێبە نوسیوە، چونکە نوسەر بە پێچەوانەی عەقیدەی مەدخەلیەکان کتێبەکەی نوسیوە و ووتەکانی ابن تیمیة-ی بەو ئاقارەدا بردووە کە مەدخەلیەکان بە ئاقاری تەکفیری بوون ناوی دەنێن، بەڵام گەر سەیری بڕگەکانی کتێبەکە بکەین دەبینین نوسەر هەر ووتەیەکی ابن تیمیة-ی هێنا بێت دەربارەی ئیقامە حوججە و تەکفیری معین لە ژێریدا کۆمەڵێک ووتەی نەجدییەکانی هێناوە بۆ شەرحکردنی ووتەکەی ابن تیمیة، واتا گەر کتێبەکە تەنها ووتەی ابن تیمیة-ی تێدابوایە بەبێ شەرحی نەجدییەکان بۆ ووتەکانی، ئەوا خوێنەر زۆر بە ئاسودەیی دەیووت ابن تیمیة تەکفیری معین ناکات تەنها دوای ئیقامە حوججە نەبێت، ئەوەی کتێبەکەی خوێندبێتەوە هەست بەمە دەکات بەڕوونی، بۆ ڕاستی ئەم قسەیەش دەتوانن کتێبی (منهج ابن تيمية في مسألة التكفير) بخوێننەوە کە تەنها ووتەی ابن تیمیة-ی هێناوە بەبێ شەرحی

نەجدییەکان، کە لە خوێندنەوەی کتێبەکە تەواو دەبیت بە دڵنیاییەوە دەڵێی: ابن تیمیة یەکێکە لەو زانایانەی کە دژی تەکفیری معین-ە زۆر دەست گرتووە بە عوزر هێنانەوە و مەرجدارکردنی ئیقامە حوججە، وە یەکێکە لەو زانایانەی کە بابەتی تەکفیری زۆر قورسکردووە، پێش ئەوەی بەم ووتانەم توڕە ببیت و بچیت لە ئینتەرنێت بەدوای هەندێک ووتەی بگەڕێی کە تەکفیری معین دەکات و بیهێنیت بۆ ئەوەی ڕەددی منی پێ بدەیتەوە، ئەوا بڕۆ ئەم دوو کتێبە بخوێنەوە کە ئاماژەم پێدا، بزانە هەمان ئەم حاڵەتەت بۆ دروست نابێت کە باسم کرد، جا من لێرەدا تەنها باسی کتێبەکەی أبي العلاء بن راشد دەکەم کە نوسەر لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننە نوسیویەتی و ووتەکانی ابن تیمیة-ی هەر بەپێی عەقیدەی ئەهلی سوننە لەیەک داوەتەوە دوور لە فکرەی مەدخەلیەت، بەڵام هێنانی ووتەی نەجدییەکان بۆ شەرحکردنی ووتەکانی ابن تیمیة لە زۆربەی بڕگەکانی کتێبەدا خۆی لەخۆیدا ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کێشە هەیە لە ووتەکانی ابن تیمیة و پێویستە ڕوونکردنەوەی بۆ بکرێ ئەگینا بەبێ ڕوونکردنەوەی نەجدییەکان گومانت لەوە نیە کە ابن تیمیة بەبێ ئیقامە حوججە تەکفیری معین ناکات لە زۆربەی جۆرەکانی کوفردا بەتایبەتی ئەو کۆمەڵانەی بە ئیجماعی سەلەف تەکفیر کراون لای ئەو تەکفیری مطلق-ە نەک معین، دیسان دەیڵێمەوە توڕە مەبە بڕۆ کتێبەکە بخوێنەرەوە بزانە وایە یان نا، من بۆیەش دەتنێرم بۆلای کتێبەکەی أبي العلاء بن راشد ناتنێرم بۆلای کتێبەکانی ابن تیمیة چونکە ئەو بەرگرییەکی زۆر لە ابن تیمیة دەکات لەم بابەتەدا ووتەکانی بە شێوەیەک لەیەک دەداتەوە کە موافقی ئەهلی سوننە بێت لە زۆربەی بڕگەکاندا ئەگەرچی لە هەندێک شوێندا ئەویش و نەجدییەکانیش تێڕاماون نازانن ووتەکەی چۆن لەیەک بدەنەوە جا یان دانی پێدەنێن بە ناڕاستەوخۆ کە لەگەڵی دانین لەمەدا بەبێ ئاماژەدان بەوەی کە هەڵەی کردووە و نەیپێکاوە، یان بە زۆر لەخۆ کردن تەئویل بۆ ووتەکەی دەهێننەوە تا هیچ کێشەی تێدا نەمێنێت، پێش ئەوەی بچینە سەر نەقل کردنی ووتەکانی گەر ئەنجامی ئەم بڕگەیەت بە دڵ نەبوو تۆمەتبارم مەکە بە هیچ ناو و ناتۆرەیەک هەر هیچ نەبێ حەقی ئەوەم پێ بدە بڵێ ووتەکانی ابن تیمیة گوماناوین بۆیە بە هەڵە تێگەیشتووە، الله پاداشتی ئەوەش بداتەوە کە بە دروستی تێم دەگەیەنێت بەڵام بەبێ زۆر لەخۆکردن، وە لێرەدا ئەو ووتانە نەقل ناکەین کە گەلێک زۆرن

هەمیشە باسی مەرجدارکردنی ئیقامە حوججە دەکات بۆ تەکفیرکردن چونکە نەجدییەکان هەموویان ئیقامە حوججە بەوە لێک دەدەنەوە کە قورئان و سوننەت پێگەیشت ئیقامە حوججە کراوی ووتەکانی ابن تيمية-ش هەر بەم شێوەیە لێک دەدەنەوە، ئەو ووتانەشی ناهێنین کە باسی شروط و موانعی تەکفیر دەکات چونکە نەجدییەکان ئەوەش هەر بە شروط و موانعی شەرعی لێک دەدەنەوە، بۆ نموونە عاقڵ نەبێ و بالغ نەبێ و بە زۆر کوفری پێکرابێ ئەمانە مانعی تەکفیرن یان ئەو بابەتانەی کە بە بابەتی (خفي) دادەنرێن کە دوای ئیقامە حوججە کەسەکە تەکفیر دەکرێت، بەڵکو ئەو ووتانە دەهێنین کە باسی ڕووداوی زیندوو دەکات لەکاتی جێبەجێ کردنی حوکم لەسەر کەسەکان و کۆمەڵەکان، چونکە زانا هەر چەندە لە بابەتی تەکفیردا لەڕووی نەزەری موافقی ئەهلی سوننە بێت یان موخالیف سەنگی مەحەک لەکاتی ڕووداوە زیندووەکانە کە بابەتێکی دێتە پێش دەربارەی تەکفیر ئەوکات دەزانین لە بابەتی تەکفیردا لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننەیە یان شلڕەوی و زیادەڕەوی هەیە، بۆیە من گرنگی بە حوکمەکانی دەدەم کە دەربارەی کەسەکان و گروپەکان داویەتی، چونکە ووتەی نەزەری زۆر جار گوماناوییە و چەند ڕووێک و تەئویلێک هەڵدەگرێت هەر کەسێک بەپێی عەقیدەکەی خۆی ووتەکە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، لێرەدا ووتانێک نەقل دەکەین کە بوار بۆ هیچ تەئویلێک ناهێڵێتەوە.

المعلمي دەڵێ: **زانایان گەر هەڵەی زانایەکیان پێ بگات یان پیاو چاکێک وە بترسن لەوەی کە خەڵکی هەڵخەڵەتێن بە گەورەیی ئەم زانایە و شوێنی بکەون ئەوا لە پلەی زاناکە کەم دەکەنەوە و ناوداریەکەی تۆزاوی دەکەن سەرەڕای خۆشویستنیان بۆ ئەم زانایە و زانینی پلەکەی، بەڵام بچووکی دەکەنەوە تا خەڵکی بەهۆی ئەم زانایە توشی فیتنە نەبن.**

[رفع الاشتباه : 1/294-295] ط: دار عالم الفوائد

هەر خودی ابن تيمية ئەم شێوازەی بەکار هێناوە لە ڕەددانەوەی ڕافیزە کاتێک بەرگری لە سێ خەلیفەکەی تر دەکات بەرامبەر ڕافیزە دادەبەزێتە سەر ئیمام علي چونکە زانراوە کە ڕافیزە چەندە پێی کاریگەرن بگرە هەندێکیان کردوویانە بە خوا، ئەگەرچی لەم کارەشدا نەپێکاوە ابن تيمية بەڵام

وەک نموونەیەک بۆ ئەم شێوازە باسم کرد، چونکە لەلای ئەهلی سوننە هاوەڵان هێڵی سوورن بۆ بەرگری کردن لە معاوية و بني أمية دانابەزنە سەر ئیمام علي، وە بۆ بەرگری کردن لە ئیمام علي دانابەزنە سەر معاوية و بني أمية، هەر لەکۆنەوە زانایان ڕەددی ڕافیزەیان داوەتەوە بەڵام کەسیان دانەبەزیونەتە سەر ئیمام علي مەگەر زاناکە ناصبي بوو بێت وابکات، جا گەر ابن تيمية بەلایەوە ئاسایی بێت بەم جۆرە باسی ئیمام علي بکات لەپێناوی ڕەددانەوەی ڕافیزە، ئەوا ئێمەش زۆر بەلامانەوە ئاساییە لەپێناوی ڕەددانەوەی گومانەکانی ئێوە دابەزینە سەر ابن تيمية، چونکە ئیمام علي و ابن تيمية بەراوورد ناکرێن لە هیچ ڕوویکەوە، سەرەڕای ئەوەش دەزانین ابن تيمية ناصبي نەبووە و ئیمام علي خۆشویستووە و بە خەلیفەی راشدی زانیوە و بە شەهیدی داناوە، بەڵام وەک ووتمان بۆ بێدەنگ کردنی ڕافیزە دەست بۆ ئیمام علي دەبات و هەڵەکانی باس دەکات لەکاتێکدا لای ئەهلی سوننە هاوەڵان بە چاکە نەبێت باس ناکرێن دواتر ئیمام علي گەر پڕ بە دونیا تاوانی هەبێت ئەوەندە بەسیەتی کە موژدەی بەهەشتی پێ دراوە، جا بۆیە چەند ووتەیەکی ابن تيمية دەهێنین دەربارەی ئیمام علي تا کاتێک ئێمەش قسەمان کرد لەسەر ابن تيمية پێش ئەوەی تۆمەتمان بەسەردا ببەخشنەوە ئەوا ووتەکانی ابن تيمية-تان بیر کەوێتەوە دەربارەی ئیمام علي.

ابن تيمية دەڵێ: **ئەوانەی کۆبوونەوە بۆ کوشتنی عثمان زۆربەیان کەسانی هیچ و پوچ بوون لە قەبیلەکان کە هیچ شتێکی چاکیان نیە لە ئیسلامدا باس بکرێ، گەر لەبەر فیتنەی کوشتنی عثمان نەبوایە هەر باس نەدەکران، بەڵام علي لەو کاتەی کە بوو بە خەلیفە نزیکەی نیوەی موسڵمانە سابقینە ئەوەلینەکان بەیعەتیان پێی نەدا لە موهاجیرین و ئەنصار و جگە لەوانیش، کە دانیشتن نە جەنگان لەگەڵیدا و نە جەنگان لەدژیدا، وەک أسامة بن زيد و ابن عمر و محمد بن مسلمة، وە هەندێکیان جەنگان لەدژیدا، پاشان زۆرێک لەوانەی کە بەیعەتیان پێیدا پاشگەز بوونەوە لە بەیعەتەکەیان، هەندێکیان تەکفیریان کرد و خوێنیان حەلال کرد، وە هەندێکیان چوونە بەرەی معاوية، وەک عقيل-ی برای و هاوشێوەکانی.** [منهاج السنة النبوية : 316/8]

ابن تيمية دەڵێ: **علي لەسەر مانەوەی لە دەسەڵات جەنگا، وە بەهۆی ئەمەوە کەسانێکی**

زۆر کوژران، لە خیلافەتەکەی ئەودا شەڕ لەگەڵ کافراندا نەکرا و وولاتانیان فەتح نەکرا و موسڵمانان خێری زیاتریان بەخۆیانەوە نەدی، وە کەسە نزیکەکانی خۆی دامەزراند، جا دامەزراندنی کەسە نزیکەکان لەنێوان علي وعثمان هاوبەشە، وە کارمەندەکانی عثمان گوێڕایەڵتر بوون لە کارمەندەکانی علي، وە دوورتریش بوون لە خراپە، وە دابەشکردنی پارەش بەسەر کەسە نزیکەکاندا کە عثمان تەئویلی خۆی هەبووە لەم کارەدا هەروەک چۆن علي تەئویلی خۆی هەبووە لە خوێن ڕژاندن، جا بابەتی خوێن ترسناکتر وگەورەترە. [منهاج السنة النبوية : 6/191-192]

ابن تيمية دەڵێ: ئەوانەی خروجیان کرد لە عثمان کۆمەڵێک کەسی هیچ و پوچ بوون، بەڵام علي زۆرێک لە سابقینە ئەوەلینەکان شوێنی نەکەوتن و بەیعەتیان پێی نەدا، وە زۆربەی هاوەڵان وتابعین جەنگان لەدژیدا، بەڵام لە خیلافەتی عثمان وولاتان فەتح کران و لەدژی کافران جەنگان، وە لە خیلافەتی علي کافر نەکوژرا و شارێکیش فەتح نەکرا. [منهاج السنة النبوية : 8/234]

ابن تيمية دەڵێ: زانراوە کە الله خۆشەویستی هاوەڵانی خستۆتە ناو دڵی هەموو موسڵمانێک بەتایبەتی خەلیفەکان ﷺ بەتایبەتی أبو بكرو عمر زۆربەی هاوەڵان وتابعین خۆشیان دەویستن، وە ئەوان باشترین قەرن بوون، بەڵام علي وانەبوو زۆربەی هاوەڵان وتابعین ڕقیان لێی بوو جوێنیان پێی دەدا و دەجەنگان لە دژی. [منهاج السنة النبوية : 7/137-138]

ابن تيمية دەڵێ: علي ﷺ ئەهلی سوننە خۆشیان دەوێت وموالاتیان بۆی هەیە و شایەتی دەدەن کە یەکێکە لە خولەفای ڕاشدین و پێشەوایانی هیدایەتدراو، بەڵام نیوەی خەڵکەکەی ژێر دەستی تانەی لێدەدەن، خەواریج تەکفیری دەکەن، جگە لە خەواریجیش ئەوانەی ئەهلی بەیتی ئەون یان ئەهلی بەیتی ئەو نین دەڵێن علي ئینصافی نەبوو بەرامبەرمان، کۆمەڵەکەی عثمان دەڵێن علي لەوانە بوو کە زوڵمی لە عثمان کرد، جا بە شێوەیەکی گشتی عەدالەتی علي دەرنەکەوت سەرەڕای زۆری خەڵکەکەی ژێر دەستی و بەر بڵاوییان بە قەدەر عەدالەتی عمر، بگرە نزیکی عەدالەتی عمر نەکەوتەوە، عمر کەس لە خزمەکانی نەکرد بە کار بەدەست، علي خزمەکانی کرد

به كار بەدەست هەروەک چۆن عثمان كردی، عمر لەگەڵ ئەوەشدا دەترسا كە زوڵمی لە ژێر دەستەكەی كردبێ، علي سكاڵای لە ژێر دەستەكەی دەكرد كە زوڵمیان لێی كردووە، وە دوعای لێدەكردن و دەیووت: من ڕقم لێیانە و ئەوانیش ڕقیان لێمە، وە بێزارم لێیان و ئەوانیش لێم بێزارن، يا الله ئەوانم بۆ بگۆڕە بە چاكتر لەوان و منیش بگۆڕە بۆ ئەوان بە خراپتر لە من، فأي الفريقين أحق بالأمن إن كنتم تعلمون ؟ [منهاج السنة النبوية : 18/6]

ابن تیمیة لە وەڵامدانەوەی ڕافیزەكان كە تانەیان لە ئیمام عثمان داوە بەوەی پۆست و پارەی داوە بە كەس و كارەكەی خۆی دەڵێ: **تایبەت كردنی هەندێک كەس بە پۆست پێدان و ماڵ پێدان لەكوێ، ئوممەت بكەوێتە گیانی یەكترو هەندێک خوێنی هەندێک بڕێژێ و بەیەكترەوە خەریک بن و ئاگایان لە بەرژەوەندی دین و دونیایان نەمێنێت تا وای لێبێت كافران چاویان ببڕنە وڵاتی موسڵمانان ئەمە لەكوێ ؟ كۆبوونەوەی موسڵمانان و فەتح كردنی وڵاتی دوژمن لەكوێ ؟ دووبەرەكی و فیتنەی نێوان موسڵمانان لەكوێ ؟ تا وای لێبێت بێ توانا بن بەرامبەر دوژمن و دوژمن هەندێک لە وڵاتیان داگیر بكات یان هەندێک لە ماڵیان بە زۆر یان بە صولح.** [منهاج السنة النبوية : 157/6]

ووتم: لێرەدا نموونە بە ئیمام عثمان و ئیمام علي دەهێنێتەوە، گەر ئێوە دەڵێن عثمان پۆست و ماڵی داوە بە خزمەكانی، ئەوەتا لە سەردەمی علي فیتنەی زۆر گەورەتر ڕوویداوە كە خوێن ڕشتنی موسڵمانان و نەمانی فتوحات بووە، بۆی هەیە خوێنەر بڵێ قسەكانی ڕاستن، بەڵام وەک سەرەتا باسمان كرد هاوەڵان هێڵی سوورن ناڵێین كەسیان بێ هەڵەن بەڵام باسكردنی هەڵە وكەم وكوڕیان ترسناكە لەڕووی عەقیدەوە ئەگەرچی ئەم هەڵە وكەم و كوڕیانەیان تێدا بێت بە ڕاستی، بۆیە نابینین هیچ كام لە سەلەف بە دابەزینە سەرئیمام علي ڕەددی ڕافیزە بدەنەوە مەگەر ئیللا كەسێک ناصبي بێت وابكات.

ابن تیمیة دەڵێ: **ئێمە ئینكاری لەوە ناكەین كە عثمان** ﵁ **بني أمية-ی خۆشدەویست و موالاتی بۆیان هەبوو، وە پارەی زۆری پێ دەدان، وە لەم كارانەشی كە بە ئیجتیهاد كردوویەتی زانایان قسەیان تێدا كردووە ئەوانەی كە هیچ نیازێكی خراپیان نیە، وە بە هەمان شێوە ئینكاری**

لەوە ناکەین کە علي کەسە نزیکەکانی دەکرد بە خاوەن پۆست، وە جەنگا و کەسانێکی زۆری کوشت لەو موسڵمانانەی کە نوێژیان دەکرد و زەکاتیان دەدا و ڕۆژوویان دەگرت و نوێژیان ئەنجام دەدا، بەڵام کوشتاری هەندێک لەمانەی کرد بە بەڵگەی دەقی شەرعی و ئیجماع، وە کوشتاری هەندێکیانی کرد بە ئیجتیهاد کە زانایان قسەیان تێدا کردووە ئەوانەی کە هیچ نیازێکی خراپیان نیە، جا بابەتی خوێن ترسناکترە لە بابەتی ماڵ، وە ئەو خراپەیەی کە لەنێوان ئوممەت ڕوویدا لە خوێن چەندەها جاری ئەو خراپەیە زیاتر بوو کە ڕوویدا بە پێدانی ماڵ، جا ئێمە کە موالاتمان هەیە بۆ علي و خۆشمان دەوێت و گەورەییەکانی باس دەکەین کە لە قورئان و سوننەت ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە خیلافەتی ئەو ڕوویدا نزیکترە لە لۆمە کردن وەک لەوەی کە لە خیلافەتی عثمان ڕوویدا، وە لە خیلافەتی عثمان خێر ڕوویدا کە لە خیلافەتی علي هاوشێوەی ئەم خێرە نەبوو، جا موالات هەبوونمان بۆ عثمان وخۆشویستنی وباسکردنی گەورەییەکانی کە لە قورئان و سوننەتدا ئاماژەی پێدراوە لەپێشترە. [منهاج السنة النبوية : 356/6]

ابن تيمية دەڵێ: ئەوەی ئاگاداری حاڵی هاوەڵان بێت گومانی لەوەدا نیە کە عمر لە علي زیاتر دژایەتی کافران و مونافیقانی دەکرد، وە کاریگەری عمر لە سەرخستنی ئیسلام و بەهێز کردنی و سەرشۆڕکردنی کافران و مونافیقان زیاتر بوو لە کاریگەری علي، وە کافران و مونافیقانی دوژمنانی پێغەمبەر ڕقیان لە عمر-ە زیاتر لە علي، هەر بۆیە ئەو کەسەی کە عمر-ی کوشت کافر بوو ڕقی لە دینی ئیسلام بوو، وە ڕقی لە پێغەمبەر وئوممەتەکەی بوو، جا کوشتنی عمر بەهۆی ڕق لێبوونەوەی پێغەمبەر و دینەکەی و ئوممەتەکەی بوو، بەڵام ئەو کەسەی کە علي کوشت نوێژی دەکرد و بە ڕۆژوو دەبوو و قورئانی دەخوێند، وە بڕوای وابوو کە الله و پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشە علي بکوژرێ، وە ئەم کارەی ئەنجامدا بەهۆی خۆشویستنی بۆ الله و پێغەمبەرەکەی بە بڕوای خۆی ئەگەرچی لەم کارەیدا گومڕا و بیدعەچی بوو. [منهاج السنة النبوية : 152/7-153]

جا گەر بەم شێوەیە دروست بێت ابن تيمية باسی ئیمام علي بکات بۆ وەڵامدانەوەی ڕافیزەکان ئەوا زۆر دروسترە کە ئێمەش باسی هەڵەکانی ابن تيمية بکەین بۆ وەڵامدانەوەی گومانی

ئەو کەسانەی کە لە هەڵەشدا شوێنی ابن تیمیة دەکەون و ووتەکانی دەکەن بە بەڵگە.

تێبینی: پێش ئەوەی بچینە سەرهێنانی ووتەکان دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە (ناصر الفهد) الله ئازادی بکات کتێبێکی نوسیوە بەناونیشانی (صيانة مجموع الفتاوى من السقط والتصحيف) لەم کتێبەدا ئاماژەی بەو هەڵانە داوە کە لە کۆکردنەوە و چاپکردنی مجموع الفتاوى ڕوویداوە لە ڕووی تەصحیف واتا گۆڕینی ووشەیەک بۆ ووشەیەکی تر، یان کەوتنی پیتێک یان ووشەیەک یان چەند دێڕێک لە ووتەکانی ابن تیمیة کە هەندێک مانای ووتەکەی دەگۆڕێ یان ناڕوون دەبێت، ئەو ووتانەی کە من هێناومە لەم بڕگەیەدا هیچیان لە کتێبەکەی ناصر الفهد نەهاتووە واتا هیچ ووتەیەکی تێدا نیە کە بووترێ ئەمە گۆڕاوە یان قرتاوە یان بە هەڵە چاپکراوە، تەنها یەک ووتە نەبێت ئەویش نە تەصحیف نە کەوتن و نە گۆڕانکاری و قرتان تێیدا ڕووی نەداوە ئەویش بەرگی 4 لاپەڕە 15 ابن تیمیة باسی أبو محمد دەکات، ناصر الفهد ئەم ووتەیەی نەقل کردووە لە کتێبەکەی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەم أبو محمد-ە کێیە ؟ ئایا أبو محمد الجويني-ە باوکی أبو المعالي الجويني ؟ یان العز بن عبدالسلام-ە ؟ ناصر الفهد ئەوەی بە صەواب داناوە کە العز بن عبدالسلام بێ ڕوونیشی کردۆتەوە بە سێ خاڵ کە بۆچی ئەمەی بە صەواب داناوە، کەواتە هەرچی تەصحیف و کەوتن هەیە لەهەر 35 بەرگەکەی مجموع الفتاوى کە ناصر الفهد ئاماژەی پێداوە هیچیان لەم بڕگەیەدا نەهاتووە تەنها ئەو ووتەیە نەبێ کە باسمان کرد ئەویش تەنها ڕوونکردنەوەی داوە کە أبو محمد کێیە، بۆیە لە ئێستاوە دڵنیا بن هیچ ووتەیەکمان نەهێناوە کە قسەی لەسەر کرابێ گوایە قرتاوە یان گۆڕاوە یان بۆی زیاد کراوە.

ووتەکانی ابن تیمیة دەربارەی تەکفیری مطلق و تەکفیری معین و عوزر هێنانەوە بە جەهل و بە تەئویل

ابن تیمیة دەڵێ: لە زۆربەی پێشەوایانی ئەهلی سوننە و حەدیث هاتووە کە دەڵێن: ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە، ئەوەی بڵێ: الله نابینرێ لەڕۆژی دوایی کافرە، وە هاوشێوەی ئەم ووتانە، پاشان أبو نصر السجزي لەوانەوە دوو ووتە دەگێڕێتەوە، یەکەمیان: ئەمە کوفرێکە لە دین دەیباتە دەرەوە، السجزي دەڵێ: ئەمە ووتەی زۆرینەیانە، دووەمیان: ئەمە کوفرێکە لە دین نایباتە دەرەوە، بۆیە الخطابي دەڵێ: ئەم ووتانەیان ووتوە لەسەر شێوەی هەڕەشە و توندی نواندن لە بابەتەکە.

بەهەمان شێوە زانا موتەئەخیرینەکانی مەزهەبەکەمان خیلافیان تێکەوتووە دەربارەی مانەوەی تاهەتایی لە دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە توشی بیدعەی کوفری بوونە، جا زۆرینەیان وتوویانە تاهەتایی لە دۆزەخ دەمێننەوە هەروەک لە ژمارەیەک زانای موتەقەدیمینی ئەهلی حەدیث نەقل کراوە وەک أبو حاتم و أبو زرعة و جگە لەوانیش، وە هەندێکیان نەیان ووتوە تاهەتایی لە دۆزەخ دەمێننەوە، هۆکاری ئەم خیلافەش دژ بەیەک بوونی بەڵگەکانە، بەڵگانێک دەبینین پێیان وایە دەبێت حوکمی کوفریان بەسەردا بدەن، پاشان دەبینن کەسە معین-ەکان کە ئەم قسە کوفریانەیان کردووە ئیمانی تێدایە کە وادەکات ڕێگر بێت لەوەی تەکفیر بێت، جا بەڵگەکان دژ بەیەک دەوەستن لەلایان، لە ڕاستیشدا ئەوان ووتە عامەکان دەیانگرێتەوە لە ووتەی پێشەوایان هەروەک چۆن ووتە عامەکان لە دەقە شەرعیەکاندا پێشینانی گرتۆتەوە، هەر کاتێک بیانبینن دەڵێن: ئەوەی وابڵێت کافرە، جا گوێگر وادەزانێت ئەم ووتەیە گشتگیرە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە وایان ووتوە، لەوە وورد نەبوونەتەوە کە تەکفیر مەرج و ڕێگری (شروط و موانع) هەیە کە وادەکات تەکفیر لەسەر کەسی معین لابەرێت، وە تەکفیری مطلق مەرج نیە تەکفیری معین بگرێتەوە، ئەم نموونەیەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئیمام أحمد و زۆرینەی پێشەواکان کە ئەم ووتە گشتگیرانەیان ووتوە تەکفیری زۆربەی ئەو کەسانەیان نەکردووە کە ئەم قسە کوفرییەیان

کردووه، ئیمام أحمد به نموونه لەگەڵ جەهمیەکاندا ژیا و ئەوانی بینی کە بانگیان دەکرد بۆ ووتنی قورئان مەخلوقە و نەفیکردنی صیفاتەکان، وە تاقیان کردووە لەگەڵ باقی زاناکانی سەردەمی خۆی، وە ئیماندارانی پیاو و ژنیان توشی فیتنە کرد کە هاوڕایان نەبوون لەسەر جەهمی بوون بە لێدان و بەندکردن وکوشتن و دوورخستنەوە لە دەسەلآت و بڕینی بژێویان و ڕەتکردنەوەی شایەتیان و وازهێنان لێیان کە لەژێر دەستی دوژمن بمێننەوە بە دیلی، بەشێوەیەک زۆرێک لە وەلی ئەمرەکانی ئەو سەردەمە جەهمی بوون لە والیەکان و قازییەکان و جگە لەوانیش، تەکفیری هەموو ئەوانەیان دەکرد کە جەهمی نەبوون و هاوڕایان نەبوون لەسەر نەفیکردنی صیفات وەک ووتنی قورئان مەخلوقە، وە هەمان حوکمی کافری بەسەردا دەدەن نە هیچ ویلایەتێکی پێدەدەن ببێتە والی، نە ئازادیشی دەکەن لە دەستی دوژمن، نە هیچیشی پێ دەدەن لە بیت المال، نە شایەتی و فەتوا و ڕیوایەتی قبوڵ دەکەن، وە خەڵکی تاقیدەکەنەوە لەکاتی بوونیان بە والی یان شایەتی دان و ئازادکردنی دیل و جگە لەمانەش، جا ئەوەی دان بەوە بنێت قورئان مەخلوقە حوکمی بۆ دەدەن کە ئیماندارە، وە ئەوەی دان بەوە نەنێت قورئان مەخلوقە حوکمی ئەهلی ئیمانی بۆ نادەن، وە هەر کەسێک بانگەواز بکات بۆ جگە لە جەهمی بوون دەیکوژن یان لێی دەدەن و بەندی دەکەن، وە زانراویشە کە ئەم کارانە توندترین پلەی جەهمی بوونە، چونکە بانگەوازکردن بۆ شتێک تاوانەکەی گەورەترە لەوەی کە تەنها باوەڕت پێی هەبێ، وە پاداشت کردنی ئەوکەسەی کە باوەڕی پێی هەیە و سزادانی ئەوکەسەی کە باوەڕی پێی نیە تاوانەکەی گەورەترە لەوەی کە تەنها بانگەوازی بۆ بکەی، وە سزادانی بە کوشتن تاوانەکەی گەورەترە لەوەی کە سزای بدات بە لێدان، ئینجا ئیمام أحمد دوعای بۆ خەلیفە و جگە لەویش کرد لەوانەی کە لێیاندا و بەندییان کرد، وە داوای لێخۆشبوونی بۆ کردن و لێیان خۆشبوو لەو کارانەی کە پێیان کرد لە زوڵم و بانگ کردنی بۆ ئەو ووتەیەی کە کوفرە، جا گەر ئەوانە لە ئیسلام هەڵگەڕابوانەوە ئەوا جائیز نەبوو داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکرێ، چونکە داوای لێخۆشبوون بۆ کافر جائیز نیە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و ئیجماع، جا ئەم ووتانە وکارانەی ئیمام أحمد وپێشەوایانی تریش بەڵگەیەکی ڕاشکاوە کە ئەوان جەهمیەکانیان بە معین-ی تەکفیر نەکردووە ئەوانەی کە دەیانووت قورئان مەخلوقە و الله لە ڕۆژی دواییدا

نابینرێ، وە لە ئیمام أحمد نەقل کراوە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کەسانێکی بە معین-ی تەکفیر کردووە، بەڵام گەر لەم بابەتەدا دوو ووتەی لێوە ڕیوایەت بکرێ ئەوا جێگای تێڕامانە، یان ووتەکەی وا لێکدەدرێتەوە کە ڕوونکردنەوەی تێدایە، جا دەووترێ: ئەوانەی کە بە معین تەکفیری کردوون لەبەر ئەوە بووە کە مەرجەکانی تەکفیری تێدا هاتۆتەدی و ڕێگرییەکانی تەکفیری لەسەر نەماوە، وە ئەوەی کە بە معین تەکفیری نەکردووە لەبەر ئەوە بووە کە مەرجەکانی تەکفیری تێدا نەهاتۆتەدی، سەرەڕای ئەم ڕوونکردنەوەیەش کە بە ڕەهایی باسی تەکفیر دەکات مەبەستی تەکفیری مطلق-ە. [مجموع الفتاوی : 12/487-489]

ووتم: لەم ووتەیەی بۆمان دەردەکەوێت کە ابن تیمیة پێی وایە:

١. خیلاف هەیە لە سەلەف کە ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە لە دین دەردەچێت یان نا، وەک لە السجزي نەقلی کرد بۆمان بەبێ تەرجیح کردنی هیچ کام لە دوو ووتەکە، کە بێگومان ووتەی یەکەم صەوابە و خیلافی تێدا نیە.

٢. باسکردنی خیلاف دەربارەی مانەوەی تاهەتایی لە دۆزەخ بۆ ئەوانەی کە توشی بیدعەی کوفری بوونە بەتایبەت جەهمیەکان، ئەم خیلافەش هەر لە تەکفیر کردن سەرچاوە دەگرێ گەر پێت وابێ کافرە ئەوا هیچ گومانت نیە لەوەی کە تاهەتایی لە دۆزەخ دەمێننەوە، بەڵام کە سەنگت بۆ خیلافەکە دانا کەواتە لای تۆ یەکلایی نەبۆتەوە کە کافرن، هەروەک بە ڕوونی دواتر باسی دەکات کە کافر نین بە معین.

٣. بینینی کوفر لە کەسێکدا پاشان بینینی ئیمان تێیدا وادەکات ڕێگر بێت لەوەی کە تەکفیری بکەن بۆیە خیلاف دروست دەبێت و بەڵگەکان دژ بەیەک دەوەستن ! نازانم کە کوفرت لە کەسێک بینی دواتر چۆن دەبینی ئەم کەسە ئیمانی تێدایە ؟ ئینجا ئەم ئیمانەی ڕێگریت لێ دەکات کە تەکفیری بکەیت ! کە کوفرت لە کەسێک بینی کافرە تا تەوبە دەکات لە کوفرەکەی نازانم چۆن دوای ئەم کوفرە ئیمانی تێدا ماوە و بۆتە ڕێگر لە تەکفیر کردنی ؟!

٤. گوێگر هەر کاتێک بیستی کە سەلەف دەڵێن ئەوەی وابڵێ کافرە، وادەزانێت ئەم ووتەیە هەموو کەسێک دەگرێتەوە نازانێت کە تەکفیری مطلق و تەکفیری معین جیاوازە، تەنانەت ئیمام أحمد و

زۆربەی پێشەواکان کە وتوویانە ئەوەی وابڵێ کافرە، هەر خۆیان زۆرێک لەوانەیان تەکفیر نەکردووە کە وایان ووتوە ! ئەمە ناحاڵی بوونە لە مەزهەبی سەلەف دواتر گۆڕینی ڕاستیەکانە کەی هەبووە کەسێک بڵێ قورئان مەخلوقە و تەکفیری نەکەن چ جای ئەوەی بووترێ زۆربەیان تەکفیر نەکردوون ! بەڵکو سەلەف هێندە توند بوونە لەم بابەتەدا زۆرجار بە ڕەهایی وتوویانە ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە ئەوەشی تەکفیری ناکات ئەویش کافرە، ئەم ڕەهاییە لە زۆر شوێندا دەبینین تەنانەت وایکردووە هەندێک کەس بە ڕەهایی کەسی دووەمیش تەکفیر بکەن، جا گەر کوفری کەسی یەکەم خیلافی بێت یان تەکفیری معین نەبێ سەلەف چۆن دەڵێن ئەوەی تەکفیریشی نەکات کافرە ؟ بێگومان کافر بوونی کەسی یەکەم براوەتەوە بۆیە دەڵێن ئەوەی تەکفیری نەکات کافرە گەر خۆیان کەسی یەکەم تەکفیر نەکەن وەک ئەوەی ابن تيمية باسی دەکات ئەی چۆن دەڵێن ئەوەی تەکفیری نەکات کافرە ! کەواتە خۆیان تەکفیر دەکەن.

٥. دوای باسکردنی دانە بەدانەی کوفری جەهمیەکان وەک المأمون و ئەوانەشی کە لە دەوری بوون لە والی و قازیەکان و زاناکان نموونەی بشر المريسي و ابن أبي دؤاد و موعتەزیلەکان، ابن تيمية بۆمانی دەرخست کە چەندە ڕۆچوو بوون لە کوفردا و لە توندترین پلەی جەهمی بووندا بوون، کەچی دەڵێ مورتەد نین گەر مورتەد بوونایە ئیمام أحمد داوای لێخۆشبوونی بۆ نەدەکردن ! نازانم ئیمام أحمد داوای لێخۆشبوونی بۆ کامیان کردووە ؟! ئەم ووتەیەش پشت شکێنە بۆ ئەوانەی کە هەمیشە بیانوو بۆ ابن تيمية دەهێننەوە هەر کاتێک ابن تيمية ووتی کافر نیە دەڵێن مەبەستی کوفری معذب-ە نەک غیر معذب، هەر کاتێک باسی نەهیکردنی کرد لە تەکفیری معین هەر ئەم بیانووەی بۆ دەهێننەوە، دەی با بزانین چۆن لەم تەنگژەیە دەرباز دەبن کە بە ڕوونی دەڵێ: مورتەد نین، بۆ ئەمەش تەئویلێکی ترتان هەیە ؟ هەر ئەم جۆرە ووتانەش وایکردووە ئێستا مەدخەلیەکان پێمانی بفرۆشنەوە بڵێن ئیمام أحمد وەلی ئەمری تەکفیر نەکردووە ئێمەش نایکەین، دواتر ووتەکەی ابن تيمية تایبەت نیە تەنها بە المأمون بەڵکو بە گشتی باس دەکات کە تەکفیری ئەوانەی نەکردووە کە وتوویانە قورئان مەخلوقە، لە شوێنی تریش ئەم جۆرە ووتانە دووبارە دەکاتەوە کە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە جەهمیەکان بە معین تەکفیر ناکات.

٦. ئیمام أحمد گەر کەسانێکی تەکفیر کردبێ لە جەهمیەکان لەبەر ئەوە بووە کە مەرجی تەکفیری تێدا هاتۆتەدی، کەواتە ئەصل لەلای ابن تیمیة تەکفیری مطلق-ە نەک معین، بۆیە ڕوونکردنەوە دەدات بۆ ئەو حاڵەتانەی کە ئیمام أحمد تەکفیری معین-ی کردووە تا گومان دروست نەبێ و یەکلایی بکاتەوە کە ئیمام أحمد تەکفیری مطلق دەکات نەک معین، بە پێچەوانەی تۆی خوێنەر کە ئەصل لەلای تۆ تەکفیری معین-ە ڕوونکردنەوە بۆ ئەو ووتانە دەدەیت کە ابن تیمیة باسی تەکفیری مطلق دەکات تا گومان دروست نەبێ و یەکلایی بکەیتەوە کە ابن تیمیة تەکفیری معین دەکات نەک مطلق، پاشان دەڵێ: گەر بووتریێ دوو ڕیوایەت هەیە لە ئیمام أحمد دەربارەی تەکفیری مطلق و معین ئەمە جێگای تێڕامانە، واتا پێی سەیرە شتی ئاوا هەبێ چونکە یەکلا بۆتەوە لەلای کە ئیمام أحمد تەکفیری مطلق دەکات مەگەر هەموو مەرجەکان بهێنە دی و ڕێگرییەکان نەمێنن ئینجا تەکفیری معین دەکات، سەرەڕای ئەمەش لە کۆتایی یەکلایی کردۆتەوە کە هەر کاتێک ئیمام أحمد باسی تەکفیری کردبێ مەبەستی تەکفیری مطلق بووە !

دەی بزانین لەمەشدا شوێنی دەکەون بڵێن جەهمیەکانی سەردەمی ئیمام أحمد کە فیتنەی خلق القرآن-یان دروست کرد و خەڵکیان لەسەر کوشت وبەند کرد وسزادا وبانگەوازیان بۆ کرد مورتەد نین ؟ ئەوەتا ابن تیمیة دەڵێ مورتەد نین دەی ئێوەش بڵێ مورتەد نین هەروەک چۆن لە بابەتی أبو حنیفة ووتەی سەلەفتان پشت گوێ خستووە شوێنی ووتەکانی ابن تیمیة کەوتوون دەی لەمەشدا ووتەی سەلەف پشت گوێ بخەن و شوێنی ووتەکانی ابن تیمیة بکەون، جا کەسێک جەهمیەکانی ئەوکات بە موسڵمان بزانێ چۆن أبو حنیفة بە ئیمام نازانێ ؟ بێگومان بە ئیمامی دەزانێت.

ابن تیمیة دەڵێ: **ئەم ووتەیە ئامادەسازی بۆ دوو بنچینەی گەورەیە دەکات، یەکێکیان: عیلم وئیمان وهیدایەت ئەوەیە کە پێغەمبەر هێناویەتی، وە پێچەوانەی ئەویش کوفرە بە ڕەهایی، نەفیکردنی صیفات کوفرە، بە درۆ دانانی ئەوەی کە الله لە ڕۆژی دواییدا دەبینرێ، یان بە درۆ دانانی ئەوەی کە الله لە سەر عەرشە یان بە درۆ دانانی ئەوەی کە قورئان کەلامی الله یە، یان بە درۆ دانانی ئەوەی الله إبراهیمی کردۆتە خەلیلی خۆی ئەمانە کوفرن، وە هەر شتێک مانایەکی ئاوا**

بدات کوفرە، ئەمەش واتای ووتەکانی پێشەوایانی سوننە و ئەهلی حەدیثە. بنچینەی دووەمیان: تەکفیری عام وەک هەڕەشەی عام وایە پێویستە بە مطلق-ی و گشتی باس بکرێ. بەڵام حوکمدان لەسەر کەسی معین کە کافر بێت یان حوکمی ئەوەی بەسەردا بدرێ کە دۆزەخیە، ئەمە وەستاوە لەسەر بەڵگەکانی کەسی معین، چونکە حوکمی تەکفیر وەستاوە لەسەر هاتنەدی مەرجەکانی و نەمانی ڕێگرییەکانی. [مجموع الفتاوى : 12/497-498]

ووتم: تەکفیر کردنی معین لەلای ئەو تەنها دوای هاتنەدی شروط و نەمانی موانعە، ئەمەش بنچینەیەکی زۆر گەورەیە لەلای وەک خۆی باسیکرد، ووتەکەی یەکەمی بیانووی لێ بڕیون بۆیە ناتوانن ئەم ووتەیەش تەئویل بکەن.

ابن تیمیة دەربارەی ئەوەی ئایا صیفەتەکانی الله بریتین لە زاتی الله یان بریتی نین لە زاتی الله، دەڵێ: **هیچ کام لەم دوو ووتەیە بە ڕەهایی ناووترێ ئیللا دەبێت مەبەستەکەی ڕوون بکرێتەوە لەگەڵیدا. تا کەسی بیدعەچی نەڵێ گەر صیفەتی الله غەیری الله بێت ئەوا هەموو شتێک جگە لە الله مەخلوقە، جا بەم ڕێگایە عیلم و قودرەت و کەلامی الله دەکات بە مەخلوق، صیفەتێک نیە کە لە الله دابێت بەڵکو دروستکراوە لە غەیری الله دا. جا ئەم کارە پەکخستنی صیفەتەکانی خالق و ئینکارکردنی کەمالی تێدایە کە گەورەترین ئیلحادە، ئەمەش ووتەی جەهمیەکانە کە سەلەف و پێشەوایان تەکفیریان کردن تەکفیرێکی مطلق ئەگەرچی کەسی معین تەکفیر ناکرێت تەنها دوای ئیقامە حوججە نەبێت.** [مجموع الفتاوى : 2/352]

ووتم: دان بەوە دەنێت کە کوفری جەهمیەکان گەورەترین ئیلحادە، بەڵام پێی وایە سەلەف بە مطلق-ی تەکفیری کردوون نەک بە معین، چونکە معین پێویستە دوای ئیقامە حوججە تەکفیر بکرێت، واتا کێشەکە تەنها سەردەمێک نیە کە جەهل تێیدا زۆر بێت بۆیە وابڵێ، بەڵکو پێی وایە لە سەردەمی سەلەفیش هەر بە مطلق تەکفیریان کردوون نەک معین.

ابن تیمیة دەڵێ: **من بۆم ڕوون دەکردنەوە کە لە سەلەف و پێشەوایانەوە بۆیان نەقل کراوە کە بە مطلق ووتوویانە ئەوەی ئاوا و ئاوا بڵێ کافرە، ئەمەش شتێکی حەقە، بەڵام پێویستە جیاوازی**

بکرێت لەنێوان مطلق و معین. [مجموع الفتاوی : 230/3]

ووتم: ئەوەی من و تۆ ئەمڕۆ شەڕی لەسەر دەکەین لەگەڵ مەدخەلیەکان ئەوەیە کە پێمان وایە سەلەف تەکفیری معین دەکەن نەک مطلق، کەچی ابن تیمیة شەڕ لەسەر ئەوە دەکات کە ڕوونی بکاتەوە بۆ خەڵکی کە تەکفیر لەلای سەلەف مطلق بووە نەک معین.

ابن تیمیة دەڵێ: تەکفیر حەقی الله-یە کەس تەکفیر ناکرێت تەنها ئەوە نەبێت کە الله و پێغەمبەرەکەی تەکفیریان کردووە، بە هەمان شێوە تەکفیر کردنی کەسی معین و جائیز بوونی کوشتنی لەسەر ئەوە وەستاوە کە پەیامی پێغەمبەرایەتی پێ بگات کە بە موخالەفە کردنی ئەمە کافر دەبێت. [الرد علی البکري : 381]

ووتم: لێرەدا تەکفیر وکوشتنی باسکرد کە دوای ئیقامە حوججە ئەم دووانە دەکرێن، ئەم بیانووەی هەڵوەشاندەوە کە دەڵێن هەرکات ووتی تەکفیر ناکرێ واتا سزا نادرێ بەڵام کافرە، خۆ لێرەدا هەردووکی باسکرد نە تەکفیر دەکرێت و نە دەکوژرێت، گەر بووترێ مەبەستی لە ئیقامە حوججە ئەوەیە کە قورئانی پێ بگات ئیقامە حوججە کراوە، ئەوا لە ووتەکانی داهاتووی ئەم بیانووەش هەڵدەوەشێنینەوە کە دەربارەی کەسانێک باسی ئیقامە حوججە دەکات لەناو موسڵماناندا ژیاون و خۆیان داوەتە پاڵ دینی ئیسلام و شارەزاییان هەیە لە دین، کەواتە ئەم بیانووەش نامێنێت بڵێن مەبەستی لە ئیقامە حوججە پێگەیشتنی قورئانە بە کەسەکە، بۆ مەگەر ڕافیزی وجەهمی وموعتەزیلی وئەشعەری وگۆڕ پەرست قورئانیان پێ نەگەیشتووە ؟ ئەی بۆ دەربارەی ئەوانیش باسی ئیقامە حوججە دەکات لە تەکفیردا ؟

ابن تیمیة دەڵێ: هەرکەسێک ئیمانی بە الله هەبێ ئەوا بەشێک لە ئیمانی هەیە بە گوێرەی ئیمانەکەی بە الله، پاشان ئەوەی ئیقامە حوججە نەکرا بێت و ئینکاری شتێک بکات ئەوا کافر نابێت، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە تەواوی نوێژکەران ئیمانیان بە الله و پێغەمبەرەکەی هەیە ئەگەرچی عەقیدەشیان جیاوازی هەبێت دەربارەی الله و صیفاتەکانی، مەگەر تەنها مونافیق بێت بە زمانی ئیمان نیشان بدات و لە ناخیشەوە کافر بوونی بە پێغەمبەر شارد بێتەوە، ئەمەیان

ئیماندار نیە، جا هەرکەسێک ئیسلامەتی نیشان بدات و مونافیق نەبێت ئەوا ئیمانداره ئیمانی هەیە بە قەدەر ئەوەی کە پێی دراوە، وە لەوکەسانە دەبێت کە دێتە دەرەوە لە ئاگر ئەگەرچی بە قەد میسقالە زەررەیەک ئیمان لە دڵیدا هەبێت، ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەربارەی صیفاتەکانی الله و قەدەر خیلافیان هەیە سەرەڕای جیاوازی عەقیدەکانیان.

[مجموع الفتاوی : 254/5]

ووتم: هەموو ئەوانەی دەربارەی صیفەتەکانی الله و قەدەر خیلافیان هەیە هەرجۆرە عەقیدەیەکیان هەبێت لەکۆتاییدا دێنە دەرەوە لە دۆزەخ بەبێ استثناء، جەهمی وموعتەزیلی وئەشعەری و ماتوریدی هەموویان سەرەنجام هەر دەچنە بەهەشتەوە بەپێی قسەکەی ابن تیمیة، چونکە ئەوانە هەموویان ئیسلامەتی نیشان دەدەن و خۆیان بە موسڵمان دەزانن جا هیچ استثناء-ێکی نەکردووە بە ڕەهایی باسیکردووە هەر جۆرە عەقیدەکیان هەبێت و بەهەر جۆرێک لە صیفاتەکانی الله و بابەتی قەدەر بڕوانن گرنگ نیە مادام ئیسلامەتی نیشان دەدەن و باوەڕیان بە الله و پێغەمبەرەکەی هەیە و نوێژ دەکەن ئیتر موسڵمانن ! جا گەر بتەوێ تەئویل بۆ ئەمەش بهێنیتەوە ئەوا ووتەی دواتر لێتی هەڵدەوەشێنێتەوە.

الذهبي دەڵێ: ووتەیەکی الأشعري (واتا: أبو الحسن الأشعري) بینی پێی سەرسام بووم، ئەم ووتەیەش بە صەحیحی چەسپاوە البیهقي ڕیوایەتی کردووە دەڵێ: بیستم أبو حازم العبدوي دەیووت: بیستم زاهر بن أحمد السرخسي دەیووت: کاتێک مەرگی أبو الحسن الأشعري نزیک بوویەوە لە ماڵەکەمدا لە بەغداد، بانگی کردم منیش چووم بۆلای، جا ووتی: شایەتی بدە لەسەرم کە من هیچ کەسێک لە ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکەم، چونکە هەموویان ئاماژە بۆ یەک پەرستراو دەکەن، ئەو خیلافەش کە هەیە هەمووی خیلافی لەفزییە.

الذهبي دەڵێ: منیش بیروباوەڕم ئاوایە، وە بە هەمان شێوە شێخەکەمان ابن تیمیة لەکۆتایی ڕۆژەکانی ژیانیدا دەیووت: من هیچ کەسێک تەکفیر ناکەم لە ئوممەت، وە دەیووت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (پارێزگاری لە دەست نوێژ ناکات تەنها ئیماندار نەبێت) جا هەرکەسێک پابەندی

نوێژەکان بێت بە دەست نوێژەوە ئەوا ئیمانداره. [سير أعلام النبلاء : 88/15]

ووتم: ئەم ووتەیە بە عەقڵیەتی تەکفیری عام وەرمەگرن وابزانن وتوویەتی ئەوەی نوێژ بکات بە موسڵمانی دەزانم تا ئەوکاتەی کوفری لێدەبینم، چونکە ئەوکات ئەم باسانە لە ئارادا نەبوونە تا قسەی لەسەر بکات ئەمڕۆ چەند منداڵێک زیندوویان کردۆتەوە، نە أبو الحسن نە ابن تيمية پێشتر تەکفیری عامیان کردووە تا ئاوا بڵێن نە لە سەردەمی ئەوانیش ئەم باسانە لە ئارادا بووە، خۆ گەر لەبەر ئەوە نەبێت کە ئێستا تەکفیری عام لە ئارادایە ئەوا ئەم ڕوونکردنەوەی نەدەویست چونکە ووتەکان دوور و نزیک پەیوەندی بەو باسەوە نیە، ئەم ووتەیەشی ڕوونکردنەوەیە بۆ ووتەی پێشووی کە ووتی هەر کەسێک لەم ئوممەتەدا نوێژ بکات وباوەڕی بە الله وپێغەمبەرەکەی هەبێت موسڵمانە ئەگەرچی عەقیدەشیان جیاواز بێت، گەر ووتەی تری هەبێ پێچەوانەی ئەمە ئەوا پێشتر وتوویەتی چونکە الذهبي دەڵێ لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی ئەم قسەیەی کردووە، بەڕاستی ووتەکەش زۆر ترسناکە و دەرهێنانی تەکفیرە لەناو ئوممەت بە بیانووی ئەوەی نوێژ ئەنجام دەدەن، هەر بۆیە هەندێک کەس بیانوو بۆ ئەم ووتەیەی دەهێننەوە بەشێوەی جیاواز، هەندێک دەڵێن مەحاڵە شتی ئاوای ووتبێ چونکە لە هیچ کتێبێکدا شتی ئاوای نەووتوە و قوتابە هەرە نزیکەکەی کە ابن القيم-ە شتی ئاوای نەگێڕاوەتەوە لێی، کتێبەکانیشی پێچەوانەی ئەم ووتەیە بۆیە ڕەنگە الذهبي هەڵەی کردبێ، بەڵام الذهبي دەڵێ لە کۆتایی ڕۆژەکانی ژیانی ئەمەی ووتوە نەک هەر لە سەرەتاوە ئاوا بێت، وە هەندێکی تر دەڵێن گەر ووتەکە ڕاستیش بێت ئەوا مەبەستی ئەوەیە هیچ کەسێک لە ئوممەتی ئیسلام تەکفیر ناکەم لەوانەی کە لەسەر ئیسلامن و توشی کوفر و شیرك نەبوونە، ئەوانەی کە توشی شیرك و کوفر بوونە لە ئوممەتی ئیسلام دەرچوونە ئەم ووتەیە نایانگرێتەوە، منیش دەڵێم ئەم بیانووە یەکجار لاوازە چونکە هیچ کەسێک نیە بڵێ ئەوەی لەسەر ئیسلام بێت و هیچ کوفر و شیرکی نەبێت هەر تەکفیری دەکەم، تەنانەت پیسترین خەواریجیش ئامادەیە بڵێ ئەوەی لەسەر ئیسلام بێت و هیچ کوفر و شیرکی نەبێت تەکفیری ناکەم، ئەمە شتێک نیە کەس خیلافی تێدا دروست بکات، هەمووشمان ئەوە لەلامان بڕاوەتەوە کە ئەوانەی لەسەر ئیسلامن و توشی کوفر نەبوونە نابێ تەکفیر بکرێن، ئەمە شتێکی زۆر سەرەتاییە کە شایستەی باسکردن نیە، وە ابن تيمية

لە ووتەکەی دیارە کە هۆکاری تەکفیر نەکردنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ نوێژ کردن و بەردەوام بوون لەسەر دەست نوێژ، بەڵگەش بە فەرموودەکە دەهێنێتەوە، وە الذهبي ووتەکەی ئەو دەبەستێتەوە بە ووتەکەی أبو الحسن الأشعري ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەردووکیان یەک مەبەستیان هەبووە بەلای الذهبي-ەوە ئەگینا گەر دوو مەبەستی جیاوازیان هەبوایە الذهبي ناڵێ ابن تیمیة-ش بەهەمان شێوە وادەڵێ، جا بۆیە گەر بیانووی بۆ بهێنینەوە ئەوا بیانووی یەکەم زیاتر ڕێی تێدەچێ کە بڵێین الذهبي بە هەڵە حاڵی بووە لە ووتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەکمان نیە بۆ ئەم ووتەیەمان کە بڵێین الذهبي بە هەڵە تێگەیشتووە تەنها گومان باش بردنە چونکە ووتەکەی زۆر ترسناکە واتای ئەوە دەدات خاوەنەکەی کەس تەکفیر ناکات مادام نوێژ بکات.
وە سەبارەت بە أبو الحسن ئەو عەقیدەی ڕوونە کە لە بابەتی ئیماندا جەهمیە سەیر نیە وابڵێ، الذهبي-ش کە پشتیوانی لە ووتەکەی دەکات ئەمەش شتێکی سەیر نیە چونکە الذهبي لە کتێبەکانی بە ئاشکرا ئەمەی نیشانداوە و جێبەجێی کردووە.

الذهبي دەربارەی ابن تیمیة دەڵێ: **مەزهەبەکەی فراوانکردنی عوزر هێنانەوەیە بۆ خەڵک کەس تەکفیر ناکات ئیللا دوای ئیقامەکردنی حوجحە لەسەری، وە دەڵێ: ئەم ووتەیە کوفر و گومڕاییە، وە خاوەنەکەی موجتەهیدێکی جاهیلە ئیقامە حوجحە نەکراوە، وە لەوانەیە لێی پەشیمان بوو بێتەوە یان تەوبەی لێ کردبێت، وە دەڵێ: ئیمانەکەی جێگیر بووە جا لە ئیمان دەری ناکەینە دەرەوە تەنها بە یەقین نەبێ، بەڵام ئەو کەسەی حەق بناسێت و عینادی بەرامبەر بکات و لێی لابدات ئەوا کافر و مەلعونە وەک ئیبلیس، ئەگینا کێ هەیە لە هەڵە سەلامەت بێ هەم لە أصول و هەم لە فروع.** [ترجمة شيخ الإسلام ابن تيمية من الدرة اليتيمية في السيرة التيمية : 101-102]
ت: خالد بن سليمان الربعي
ووتم: ئەمە ووتەی کەسێکە کە لەگەڵ ابن تیمیة ژیاوە و قوتابی ئەو بووە، ووتەی کەسێک نیە کە بەهۆی کتێبەکانی لە مەنهەجەکەی تێگەیشتبێ، وە الذهبي یەکێکە لەوانەی لە زۆر بابەت موخالەفەی ابن تیمیة-ی کردووە وەک خۆی باس دەکات لە زۆر بابەتی أصول و فروع موخالفی

ئەوە، بەڵام لێرەدا هاوڕایەتی بێگومان گەر مەنهەجەکەی بەو جۆرە بوایە کە نەجدییەکان باسی دەکەن ئەوا الذهبي لەمەشدا موخالەفەی دەکرد و باسی دەکرد، وە ابن رجب-یش لە (ذیل طبقات الحنابلة) هەمان ووتەی الذهبي لە ژیاننامەی ابن تیمیة نەقل دەکات، کەچی ابن رجب بێدەنگ دەبێت و هیچ ناڵێت لەسەری، گەر وانەبوایە لە بابەتێکی ئاوا گرنگدا بێدەنگ نەدەبوو، وە ابن رجب یەکێکە لەوانەی بە ابن تیمیة کاریگەرە و لەگەڵ قوتابیەکانیدا ژیاوە، بڕوانە [ذیل طبقات الحنابلة : 506/4]

ابن عثيمين دەڵێ: شیخ الإسلام رحمه الله لەو کەسانەیە کە پێی وایە تەئویل عوزرە، وە ئەگەر مرۆڤ لە تەئویلەکەیدا مەبەستی دژایەتیکردنی الله و پێغەمبەرەکەی نەبێت ئەوا عوزری هەیە، جا ڕەحمەتی الله-ی لێبێت لای ئەو بابەتی تەئویل فراوانە، جا دەڵێ: جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو کەسەی دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی دەکات لەگەڵ ئەوکەسەی کە دژایەتی ناکات، الله عز وجل دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ جا الله عز وجل ڕوونی کردەوە کە بێگومان دەبێت دژایەتی کردنەکە هەبێت ئینجا، وەکەسی تەئویلکەر دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی نەکردووە. [شرح كتاب السياسة الشرعية : 178] ط: دار العثمانية - دار ابن حزم

ابن تيمية دەڵێ: من هەمیشە وە ئەوەی لەگەڵم دانیشتبێ دەزانێت دەربارەی من کە یەکێکم لەوانەی بە توندی نەهی لەوە دەکەم کە کەسی معین تەکفیر و تەفسیق و تاوانی بدرێتە پاڵ، مەگەر تەنها بزانێت کە کەسەکە ئیقامە حوججەی لەسەرکراوە گەر پێچەوانەی بکات ئەوکات دەبێتە کافر یان فاسق یان تاوانبار، وە من دان بەوە دەنێم کە الله لە هەڵەکانی ئەم ئوممەتە خۆشبووە، ئەم لێخۆشبوونەش هەموو هەڵە عەقیدەییەکان و کردارییەکان دەگرێتەوە.

[مجموع الفتاوى : 229/3]

ووتم: والله ڕاست دەکات هەر کەسێک کتێبەکانی بخوێنێتەوە دەزانێت کە یەکێکە لەوانەی زۆر دژی تەکفیری معین بووە هەمیشە ئیقامە حوججە و تەکفیری مطلق-ی باسکردووە.

ابن تيمية دەڵێ: کەسی تەئویلکەر کە مەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەرە تەکفیر ناکرێت بەڵکو تەفسیقیش ناکرێت گەر ئیجتیهاد بکات و بکەوێتە هەڵەوە، ئەمەش ناسراوە لەلای خەڵکی لە بابەتە کردارییەکان، بەڵام بابەتە عەقیدەییەکان زۆربەی خەڵکی ئەوانەیان تەکفیر کردووە کە هەڵە دەکەن تێیدا، ئەم تەکفیرکردنەش لەلای هیچ یەکێک لە هاوەڵان و تابعینە چاکەکان و هیچ کام لە پێشەوایانی موسڵمانان نەزانراوە، بەڵکو ئەمە لە ئەصلدا ووتەی ئەهلی بیدعەیە.

[منهاج السنة النبوية : 239/5]

ووتم: ئاگادار بە تۆ لەلای ابن تيمية شوێنکەوتەی ئەهلی بیدعەی کاتێک ئەوکەسانە تەکفیر دەکەیت کە لە بابەتە عەقیدەییەکان دەکەونە هەڵەوە، هیچ سەلەفێکت نیە لە هاوەڵان و تابعین و پێشەوایانی ئیسلام ! دەپرسم گەر جاهیل عوزری هەبێت وتەئویلکەر عوزری هەبێت و موجتەهید عوزری هەبێت ئەی کێ تەکفیر دەکرێت ؟

ابن تيمية دەڵێ: ئەو ووتەیەی کە لە عبيدالله بن الحسن العنبري گێڕدراوەتەوە ماناکەی ئەمەیە: ئەو کەسانە بە تاوانبار نازانێت کە هەڵە دەکەن لە موجتەهیدەکانی ئەم ئوممەتە نە لە بابەتە أصولیەکان نە لە بابەتە فروعیەکان، وە زۆربەی زانایانی ئەهلی کەلام و ئەهلی ڕەئی سەرزەنشتیان کرد لەم ووتەیەیدا، بەڵام کەسانی تر دەڵێن: ئەمە ووتەی سەلەف و پێشەوایانی فەتوایە وەک أبو حنيفة والشافعي والثوري و داود بن علي و جگە لەوانیش، موجتەهیدی خاوەن هەڵە بە تاوانبار نازانن نە لە بابەتە ئوصولیەکان نە لە بابەتە فروعیەکان.

[منهاج السنة النبوية : 87/5]

ووتم: لای ئەو عەقیدەی ئەهلی سوننە بەم شێوەیە کە کەسی موجتەهید گەر لە بابەتی عەقیدەییش هەڵە بکات نابێ تاوانبار بکرێت چ جای تەکفیر !

ئیمام الشافعي دەڵێ: لە شتێکدا مونازەڕە بکەن کە هەڵەتان تێیدا کرد پێتان بووترێ: هەڵەتان کرد، مونازەڕە لە شتێکدا مەکەن کە هەڵەتان تێیدا کرد پێتان بووترێ: کوفرتان کرد.

[مناقب الشافعي للبيهقي : 459/1] ت: السيد أحمد صقر

ئیمام الشافعي دەڵێ: ئەی محمد -واتا: محمد بن عبدالله بن عبدالحكم- گەر کەسێک پرسیاری لێکردیت دەربارەی شتێک لە عیلمی کەلام ئەوا وەڵامی مەدەوە، وە ئەگەر پرسیاری لێکردیت دەربارەی حەقی خوێن، دەڵێی: درهەمێک یان دانقێک، ئەویش پێت دەڵێ: هەڵەت کرد، بەڵام گەر پرسیارت لێبکات لە شتێک دەربارەی عیلمی کەلام تۆش بە هەڵە وەڵامی بدەیتەوە، دەڵێ: کوفرت کرد. [مناقب الشافعي للبيهقي : 460/1]

المزني دەڵێ: پرسیارم لە الشافعي کرد دەربارەی بابەتێکی عیلمی کەلام، ووتی: پرسیارم لێبکە دەربارەی شتێک گەر هاتوو هەڵەم تێدا کرد، بڵێی: هەڵەت کرد، پرسیارم لێمەکە دەربارەی شتێک گەر هاتوو هەڵەم تێدا کرد، بڵێی: کوفرت کرد. [ذم الكلام وأهله : 1131]

محمد بن عبدالله بن عبدالحكم دەڵێ: الشافعي دەیووت: والله گەر زانا فەتوا بدات و بووترێ: زاناکە هەڵەی کرد باشترە بۆی لەوەی قسەیەک بکات پێی بووترێ: زندیق، هیچ شتێک نیە زیاتر ڕقم لێی بێتەوە لە عیلمی کەلام و ئەهلەکەی. [سير أعلام النبلاء : 10/18-19]

الذهبي دەربارەی ئەم ووتانەی الشافعي دەڵێ: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەزهەبی أبو عبدالله (واتا: ئیمام الشافعي) بەم شێوەیە کە هەڵە کردن لە أصول دا وەک هەڵە کردن نیە لە ئیجتیهاد کردن لە فروع دا. [سير أعلام النبلاء : 19/10]

ووتم: الذهبي کە تەکفیر لە عەقیدەی ئەودا بوونی نیە بەم شێوەیە لە ووتەکانی الشافعي تێگەیشتووە کە تێگەیشتنێکی دروستە، کەچی ابن تيمية دەڵێ: هیچ جیاوازی نیە لە أصول هەڵە بکەیت یان لە فروع، ئەم جیاوازی کردنە کاری ئەهلی بیدعەیە !

ابن تيمية دەڵێ: زۆرێک لە بیدعەچیە موسڵمانەکانی ڕافیزە و جەهمیەکان و جگە لەوانیش چوونە ووڵاتی کافران جا کەسانێکی زۆر لەسەر دەستی ئەوان موسڵمان بوون و سوودیان لێیان بینی و بوون بە موسڵمانێکی بیدعەچی، ئەمەش باشترە لەوەی کە کافر بن. [مجموع الفتاوى : 96/13]

ابن تيمية دەڵێ: ڕافیزەی صاف و پاراو ئەوانە ئەهلی بیدعە و گومڕایین، نابێت موسڵمان کچەکەی بە شوو بدات بە ڕافیزی، بەڵام گەر پیاوەکە ویستی ئافرەتێکی ڕافیزی بخوازێت نیکاحەکەی دروستە گەر هیوای هەبێت کە تەوبە بکات ئەگینا وازهێنان لە خواستنی باشترە تا منداڵەکانی لێ تێک نەدات، والله أعلم. [مجموع الفتاوى : 61/32]

ووتم: ڕافیزەی صاف و پاراو بە ئەهلی بیدعە و گومڕایی ناو دەبات، خۆ گەر بە ڕاشکاوی تەکفیری معین-ی کردبوایە ئەوکات کێشە نەبوو بڵێ بیدعەچی و گومڕان چونکە هەموو کافرێک بیدعەچی و گومڕایە، لێرەشدا باسی ڕافیزەی محض دەکات واتا یەک پارچەی صافە لە ڕەفز خەوشی تێدا نیە، پاشان دەڵێ گەر پیاوێک ویستی ئافرەتێکی ڕافیزە بخوازێت ئەوا نیکاحەکەی دروستە گەر هیوای پێ هەبێت کە تەوبە بکات، هەندێک کەس ووشەی (تەوبە) بەوە لێکدەدەنەوە کە ڕافیزەی بە کافر داناوە بۆیە باسی تەوبە دەکات، ووشەی تەوبە تەنها بۆ کوفر بەکار نایەت بۆ گوناهیش بەکاردێت چ جای بیدعە و گومڕایی وەک خۆی باسیکرد، بەڵام بە ڕوونی دیارە کە مەبەستی تەوبە نیە لە کوفر، چونکە ئەو لە سەرەتاوە نیکاحەکەی پێ دروستە پاشان گەر الله هیدایەتی داو تەوبەی کرد ئەوا باشترە، بێگومان دوای مارەکردنی ئافرەتەکە هەوڵی هیدایەتدانی دەدرێت کەواتە پێش هیدایەتدانی ئەو پێی دروستە مارە بکرێ، ئافرەتی مورتەددیش مارە ناکرێ تا تەوبە دەکات، پاشان جوانتر ڕوونی دەکاتەوە کە بە کافری نازانێت کاتێک دەڵێ: (گەر هیوای هەبێت کە تەوبە بکات ئەگینا وازهێنان لە خواستنی باشترە) واتا گەر هیوای تەوبەکردنی پێ نەبوو ئەوا وەک یەدەگ (احتیاط) واباشترە نەیخوازێ، ناڵێ جائیز نیە بیخوازێ چونکە مورتەددە، هەروەک چۆن ئێمە دەڵێین دروستە ئەهلی کیتاب بخوازرێ بەڵام واباشترە تا موسڵمانی دەست کەوت موسڵمانەکە بخوازێ نەوەک ئەهلی کیتابەکە منداڵەکانی لێ تێک بدات.

ابن تيمية دەڵێ: جائیز نیە بۆ هیچ کەسێک کچەکەی بە شوو بدات بە ڕافیزی و بەوکەسەی کە نوێژ تەرک دەکات، وە هەرکاتێک بە شوویدا بەو مەرجەی کە ئەو سوننەیە و پێنج نوێژەکەی کرد پاشان دەریخست کە ئەو ڕافیزەیە و نوێژ ناکات یان گەڕایەوە بۆ ڕافیزە بوون و تەرک کردنی

نوێژ ئەوا ئەم شتانە نیکاحەکە بەتاڵ دەکەنەوە. [مجموع الفتاوى : 61/32]

ووتم: ڕافیزە بوون ونوێژ نەکردنی بەیەکەوە کردۆتە مەرجی هەڵوەشاندنەوەی نیکاحەکە، نەک تەنها ڕافیزە بوونەکەی، زانراویشە کە لەلای ئەو نوێژنەکەر کافرە، گەر تەنها ڕافیزە بوونی کردبوایە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی نیکاحەکە ئەوا لە ووتەی پێشوودا نەیدەووت دروستە گەر هیوای پێ هەبوو هیدایەت وەرگرێ ئەگینا وازهێنان لێی باشترە، وە لە زۆر شوێندا ڕافیزەکانی بە ئەهلی بیدعە ناوبردووە.

ابن تيمية پرسیاری لێدەکرێت دەربارەی کەسێک کە یەهود و نەصارا بە باشتر دەزانێت لە ڕافیزە، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: **الحمد لله، هەرکەسێک ئیمانی بەوە هەبێت کە محمد ﷺ پێی هاتووە ئەوا باشترە لە هەموو ئەوکەسانەی کە باوەڕیان پێی نیە، ئەگەرچی ئیمانداراەکە جۆرێک لە بیدعەشی تێدا بێت جا بیدعەی خەواریج بێ شیعە بێ مورجیئە بێ قەدەری بێ یان جگە لەوانەش جیاوازی نیە، چونکە یەهود و نەصارا کافرن کوفرێک کە زانراوە لە دینی ئیسلامدا بە زەرورەت، جا کەسی بیدعەچی گەر وابزانێت ئەو موافقی پێغەمبەرە ﷺ نەک موخالفی بێت ئەوا پێی کافر نابێت، گەر واش دابنێین کە کافر دەبێت ئەوا کوفرەکەی وەک کوفری ئەوکەسە نیە کە باوەڕی بە پێغەمبەر ﷺ نیە.** [الفتاوى الكبرى : 516/3]

ووتم: پرسیاری لێدەکەن دەربارەی ڕافیزە کەچی باسی بیدعە دەکات ! وەک بڵێی ڕافیزە بیدعەچین و کافر نین، بۆیە دەڵێ: گەر واش دابنێین کە کافر بێت ئەوا هەر باشترە لە یەهود و نەصارا ! واتا وەک تەنازول کردن بڵێین کافرە نەک بە حەقیقی، لەکاتێکدا بە دەق قورئان و سوننەت و ئیجماعی زانایان مورتەد حوکمی توندترە لە کافری ئەصلی، وە زیانیان زیاترە بۆ سەر موسڵمانان بە تایبەت ڕافیزە.

ابن تيمية دەربارەی نوێژنەکردن لەدوای ئیمامی بیدعەچی و فاسق دەڵێ: **گەر وازهێنان لە نوێژکردن لەدوایاندا بووە هۆی ئەوەی کە مەئموم نوێژی هەینی و پێنج فەرزەکەی لە دەست بچێ ئەوا لەم کاتەدا وازناهێنێت لە نوێژکردن لەدوایاندا مەگەرکەسێک بیدعەچی بێت و موخالەفەی**

هاوەڵان بکات ﷺ واز دەهێنێت لە نوێژکردن لەدوایاندا، بەهەمان شێوە گەر ئیمامەکە وەلی ئەمرەکان دایانمەزراندبوو لە واز هێنانی نوێژکردن لەدوای هیچ بەرژەوەندییەک نەبوو ئەوا لەم کاتەدا لەسەری نیە واز بهێنێت لە نوێژکردن لەدوایاندا بەڵکو نوێژکردن لەدوای ئیمامێکی باشتر باشترە، هەموو ئەمانەش دەربارەی کەسێکە کە فسقێک یان بیدعەیەکی لێدەرکەوتووە کە دیارە پێچەوانەی قورئان و سوننەتە وەک بیدعەی ڕافیزە و جەهمیەکان و هاوشێوەیان.

[مجموع الفتاوى : 354/23]

ووتم: بڕوانە بەڕوونی باسی ئەوە دەکات کە ڕافیزە و جەهمیەکان بیدعەچین گەر نوێژنەکردن لەدوایان بووە هۆی وازهێنان لە نوێژی هەینی و پێنج فەرزەکە بە کۆمەڵ ئەوا دەبێت نوێژیان لەدوا بکەیت و نابێت واز بهێنیت، باسی دووبارەکردنەوەی نوێژیش ناکات تا تەئویلی بۆ بکەن بڵێن بە کافری زانیون، بەڵکو تەواوی ووتەکەی دەربارەی نوێژکردنە لەدوای ئەو ئیمامانەی کە بیدعەچین یان فاسقن.

ابن تيمية دەڵێ: کەسێک نوێژ بە کۆمەڵ بکات لەدوای بیدعەچیەک باشترە لەوەی نوێژ لە ماڵەکەیدا بکات بە تەنها، تا ئەمە نەبێتە هۆی وازهێنان لە نوێژی بە کۆمەڵ بەیەکجاری، بەڵام ئەگەر توانی نوێژبکات لەدوای ئیمامێک کە بیدعەچی نیە ئەوا چاکترو باشترە بەبێ گومان، بەڵام گەر نوێژی لەدوای بیدعەچی کرد دەربارەی نوێژەکەی خیلاف هەیە لەنێوان زانایاندا، لە مەزهەبی الشافعي و أبو حنيفة نوێژەکەی دروستە، بەڵام لە مەزهەبی مالك و أحمد خیلاف و تەفصیل هەیە، ئەمەش دەربارەی بیدعەیەکە کە دەزانرێ موخالەفەی قورئان و سوننەتە وەک بیدعەی ڕافیزە و جەهمیەکان و هاوشێوەکانیان. [مجموع الفتاوى : 23/355-356]

ابن تيمية دەڵێ: ئەوەی لە سەلەف و پێشەوایەکانەوە ڕیوایەت کراوە بە مطلق-ی تەکفیری جەهمیە پاراوەکان دەکەن ئەوانەی کە ئینکاری لە صیفاتەکان دەکەن و حەقیقەتی ووتەکەیان ئەوەیە کە الله نە قسە دەکات و نە دەبینرێ و نە جیایە لە دروستکراوەکانی و نە عیلمی هەیە و نە قودرەت و نە بیستن و نە بینین و نە ژیان، بەڵکو قورئان مەخلوقە و ئەهلی بەهەشت الله نابینن

هەروەک چۆن ئەهلی دۆزەخ نایبینن و هاوشێوەی ئەم جۆرە ووتانە. [مجموع الفتاوى : 352/3]

ووتم: دەڵێ سەلەف بە مطلق-ی جەهمیە پاراوەکانیان تەکفیر کردووە ! جەهمی پاراو واتا یەک پارچەیە لە جەهمیەت نەک تەنها چەند پەڵەیەکی جەهمیەتی تێدا بێت.

ابن تیمیة دەڵێ: **لە فەتواکانی فەقیهـ أبو محمد (واتا: العز بن عبدالسلام) فەتوایەکی درێژم بینی کە شتی چاکی تێدا بوو، پرسیاریان لێ کردبوو دەربارەی ژمارەیەک بابەت، ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی:** ... (دوای نەقل کردنی هەندێک لە ووتەکانی ئینجا دێتە سەر ئەم ووتەیە) **سەبارەت بە لەعنەت کردنی زانایان لە پێشەوا ئەشعەرییەکان ئەوەی لەعنەتیان لێ بکات تەمبێ دەکرێ و لەعنەتەکە بۆخۆی دەگەڕێتەوە، هەر کەسێک لەعنەت لە یەکێک بکات کە شایستە نەبێت ئەوا بۆخۆی دەگەڕێتەوە، زانایان سەرخەری فروعی دینن، وە ئەشعەرییەکان سەرخەری أصولی دینن.**

[مجموع الفتاوى : 4/15-16]

ووتم: بەلای ابن تیمیة ئەمە قسەیەکی چاکە بووترێ: زانایان سەرخەری فروعی دینن، وە ئەشعەرییەکان سەرخەری أصولی دینن، لەکۆتایی ابن تیمیة ئاماژە بەوە دەکات کە العز بن عبدالسلام بۆیە ڕێگری لە لەعنەت کردنیان کرد چونکە أصولی دینیان سەرخستووە، ئەمەش بریتیە لە موافەقەکردنی قورئان و سوننەت و ڕەددانەوەی ئەوەی موخالەفەی قورئان و سوننەت دەکات، جا هەندێک دەڵێن ئەوەتا لەبەر ئەوە بێدەنگ بووە لەسەر ئەم ووتەیە یان بە چاک ناوی بردووە وەک لە سەرەتا باسی دەکات لەبەر ئەوەیە کە ئەشعەرییەکان لە هەندێک بابەت موافقی ئەهلی سوننە بوونە و ڕەددی ئەهلی بیدعەیان داوەتەوە جا مەدحەکە تایبەتە بەمە نەک گشتی بێ، منیش دەڵێم باشە با وابێ، بەڵام ئەم ووتەیە وەک ئەوە وایە بووترێ: مەدخەلیەکان سەرخەری أصولی دینن چونکە لە بابەتی شیرکی هاوار کردن لە پیاو چاکان و گۆڕ پەرستی و باوەڕ بوون بە شتی پڕو پوچ و نەهێشتنی ئەم جۆرە شیرکانە دەستێکی باڵایان هەبووە لە ڕەددانەوەی سۆفیەکان بگرە لە جێبەجێ کردنی سوننەتە کردارییەکان و نەهێشتنی بیدعە ووتەیی و کردارییەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لەناو مزگەوتەکاندا بە تایبەتی و دەرەوە بە گشتی، کەواتە دەکرێ بە مەدخەلیەکان

بڵێین لەم ڕووە سەرخەری أصولی دینن لەکاتێکدا خۆیان لە أصولی دین کەوتوونەتە کوفرەوە، ئەشعەرییەکانیش بەهەمان شێوە لە أصولی دین کەوتوونەتە کوفرەوە ئیتر نازانم سەرخستنی أصول مانای چیە لە کاتێکدا خۆت تێیکەوتووی ؟!

ئەوەی لەعنەتیش بکات لە ئەشعەرییەکان بۆخۆی دەگەڕێتەوە ! أبو إسماعیل الهروي کە خودی ابن تیمیة بە شیخ الإسلام ناوی دەبات لە کتێبەکەیدا (ذم الکلام وأهله) لە چەندەها شوێن تەکفیرکردنی أبو الحسن الأشعري و ئەشعەرییەکان و لەعنەت کردن لێیان نەقل دەکات لەلایەن زانایانەوە، تۆ بڵێی بۆخۆی گەڕابێتەوە تەکفیر و لەعنەتەکان ؟!

أبو إسماعیل الهروي ئەگەرچی لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننە بووە لە زۆرێک لە بابەتەکان و زۆر توند بووە بەرامبەر کافر و بیدعەچیەکان بەڵام لە بابەتی تصوف و قەدەر تێکەوتووە کە جەبرییە لە قەدەردا، لەگەڵ ئەوەشدا ابن تیمیة بە شیخ الإسلام ناوی دەبات، بینیوتانە سەلەف بە کەسێکی سۆفی و جەبری بڵێن شیخ الإسلام، جا وانەبێ کە ابن تیمیة ئاگاداری حاڵی نەبێت بەڵکو خۆی هەڵەکانی باس دەکات، ئەمەش نیشانەی نەرمی ابن تیمیة-یە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە عەقیدە تێکەوتوون، ئیتر بۆ لاتان سەیرە أبو حنیفة بە ئیمام وەسف بکات ؟!

أبو إسماعیل الهروي سەرەرای زۆر توند بوونی لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننە لە بابەتی صیفاتدا دژایەتیەکی توندی ئەهلی کەلامی دەکرد، بەڵام صۆفیە خلیسکانی گەورەی هەیە لە بابەتی (فناء) هەروەها لە بابەتی قەدەر جەبرییە، ابن تیمیة-ش ئەمانە دەزانێ خۆی باسی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شیخ الإسلام ناوی دەبات، ئیتر ئەم نازناوە گەورەیە بدات بە کەسێکی ئاوا بۆ نازناوی ئیمام نادات بە أبو حنیفة ؟

ابن تیمیة دەڵێ: **أحمد تەکفیری جەهمیەکانی نەکردووە بە معین، وە ئەوانەی أحمد پێی وتوون جەهمی هەمووی تەکفیر نەکردوون، وە ئەوانەی هاوڕای جەهمیەکان بوونە لە هەندێک بیدعەیاندا هەمووی تەکفیر نەکردوون، بەڵکو نوێژی لەدوای ئەو جەهمیانە کردووە کە بانگەوازیان دەکرد بۆ جەهمیەت و خەڵکیان تاقی دەکردەوە و سزای ئەوانەیان دەدا کە هاوڕایان**

نەبن بە سزایەکی زۆر توند، کەچی أحمد و هاوشێوەی أحمد ئەوانیان تەکفیر نەکرد، بەڵکو أحمد بڕوای وابوو کە ئیماندارن و پێشەوان و دوعای بۆ دەکردن، وە بڕوای وابوو کە لەدوایاندا نوێژ بکرێ و حەج و جیهادیان لەگەڵدا بکرێ و ڕێگری بکرێ لە خروج کردن لێیان، هەروەک چۆن ئەم مافانەی بە پێشەواکانی تر دەدا، وە سەرزەنشتی ئەو کارە باطلەی دەکرد کە دایان هێنابوو کە کوفرێکی گەورە بوو ئەگەرچی ئەوان نەیاندەزانی کە کوفرە، جا أحمد سەرزەنشتی دەکرد و جیهادی دەکردن بۆ ڕەتکردنەوەی بەپێی توانا، جا گوێڕایەڵی الله و پێغەمبەرەکەی کۆ دەکاتەوە لە دەرخستنی سوننەت و دین و سەرزەنشت کردنی بیدعەی جەهمیە مولحیدەکان لەگەڵ ڕەچاو کردنی مافی ئیمانداران لە پێشەوایان و ئوممەت، ئەگەرچی جاهیل و بیدعەچی و زاڵم و فاسق بن.

[مجموع الفتاوى : 7/507-508]

ووتم: بڕوانە جەهمیەکان بە مولحید ناو دەبات و دەڵێ ووتەکەیان کوفرێکی گەورە بوو، بەڵام کە دێتە سەر معين تەکفیریان ناکات و بە جاهیل و بیدعەچی و زاڵم و فاسق ناویان دەبات ! لەوەش سەیرتر ئەمە دەداتە پاڵ ئیمام أحمد گوایە بە موسڵمانی زانیون و نوێژی لەدوا کردوون ! دیارە بێ ئاگایە لەوەی کە ئیمام أحمد نوێژەکانی دووبارە دەکردەوە هەرکاتێک لەدوای ئەوانە نوێژی کردبوایە کە دەڵێن قورئان مەخلوقە، هەر ئەم جۆرە ووتانەیە کە ئەمڕۆ مەدخەلیەکان پێمانی دەفرۆشنەوە وکردوویانە بە کۆڵەگەی پشتیان.

أبو داود دەڵێ: **بە أحمد-م ووت: لەو کاتانەی کە نوێژی هەینی لەدوای جەهمیەکان دەکرد، ووتم نوێژی هەینی لەدوایان دەکرێت ؟ ووتی: من دووبارەی دەکەمەوە، تۆش هەرکاتێک نوێژت لەدوای ئەوانە کرد کە دەڵێن قورئان مەخلوقە دووبارەی بکەرەوە، ووتم: لە عەرەفەشدا دووبارەی بکەمەوە ؟ ووتی: بەڵێ. [مسائل أبي داود للإمام أحمد : 305] ت: طارق عوض الله**

عبداللطيف بن عبدالرحمن پرسیاری لێ دەکرێت دەربارەی ئەو گومانەی کە هەندێک لە مولحیدەکان دەیهێنن و دەیدەنە پاڵ ابن تيمية کە وتوویەتی: ئیمام أحمد نوێژی لەدوای جەهمیەکان دەکرد، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: **ئەم ووتەیە گەر ڕاست بێت، ئەوا یەکێک لە شتە هەرە ڕوونەکان لەلای**

فێرخوازانی زانست و ئەهلی ئەثەر ئەوەیە کە ئیمام أحمد و هاوشێوەکانی لە ئەهلی عیلم و حەدیث خیلافیان نیە لە تەکفیر کردنی جەهمیەکان کە ئەوان گومرا و زندیقن، وە ئەوانەی کتێبیان نوسیوە دەربارەی عەقیدە تەکفیری جەهمیەکانیان باسکردووە لە تەواوی زانایانی ئەهلی عیلم و ئەثەر، اللالکائي رَحِمَهُ اللَّهُ ژمارەیەک زانای ژماردووە ناتوانین باسیان بکەین لەم نامەیەدا، بەهەمان شێوە عبدالله کوڕی ئیمام أحمد لە کتێبی السنة و الخلال لە کتێبی السنة وابن أبي مليكة لە کتێبی السنة، وە ابن خزيمة دانی ناوە بە کوفرەکەیان و لە ئیمامە گەورەکانەوە نەقلی کردووە، وە شمس الدين ابن القيم لە (الكافية الشافية) کوفری ئەوانی گێڕاوەتەوە لە 500 پێشەوای موسڵمانان و زاناکانیان، وە نوێژکردن لەدوایاندا بەتایبەتی نوێژی هەینی مانای ئەوە نیە کە تەکفیر نەکراون بەڵام دەبێت نوێژەکە دووبارە بکرێتەوە چونکە ناتوانرێ نوێژلەدوای جگە لەوان بکرێت، وە ئەو ڕیوایەتەی کە ناسراوە لە ئیمام أحمد-ەوە ئەوەیە کە ڕێگری کردووە لە نوێژکردن لەدوایاندا، وە جیاوازی دەکرێت لە نێوان کەسێک کە ئیقامە حوججە کراوە لەگەڵ کەسێک کە نازانێت ئەم شتانە چین، ئەم ووتەیەش شیخ الإسلام مەیلی بۆ هەیە لەو بابەتانەی کە بەڵگەکانی شاراوەن لە هەندێک لە خەڵکی ... (پاشان دەڵێ) **وە بشر المريسي وهاوشێوەکانی گومان و ووتەیان هەیە دەربارەی نەفیکردنی صیفات هاوشێوەی گومانی جەهمیە موتەئەخیرەکان، بەڵکو تەواوی ئوممەت ئیلحادیان کەمترە لە هەندێک لەم جەهمیە گومڕایانە بەڵام سەرەڕای ئەوەش زانایان یەکدەنگن لەسەر تەکفیر کردنی بشر المريسي، وە نوێژ دروست نیە لەدوای کافرێکی جەهمی یان هەر کافرێکی تر، وە ئیمام أحمد بە ڕاشکاوی باسیکردووە وەک کوڕەکەی عبدالله و جگە لەویش لێیان نەقل کردووە کە نوێژی هەینی و نوێژەکانی تریشی دووبارە دەکردەوە.**

[الدرر السنية : 10/420-422] ج ت: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم

ووتم: ووتی کە ابن تيمية جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوەی ئیقامە حوججە کراوە و ئەوەی ئیقامە حوججە نەکراوە لە جەهمیەکان، وە ڕوونی کردەوە کە تەکفیر کردنی جەهمیەکان لەلایەن زانایانی سەلەف شتێکی زۆر ڕوونە، نەک وەک ئەوەی ابن تيمية باسی دەکات تەکفیری معین نەکراون.

ابن تيمية دەڵێ: دوای هاتنی پێغەمبەر بە زەرورەت ئەوە دەزانین کە پێغەمبەر بە جائیزی دانەناوە بۆ ئوممەتەکەی کە هاوار لە مردوو و پێغەمبەران و پیاوچاکان و جگە لەوانیش بکەن، نە بە لەفزی استغاثة و نە بە لەفزی تر، نە بە لەفزی استعاذة و نە بە لەفزی تر، هەروەک چۆن بە جائیزی دانەناوە بۆ ئوممەتەکەی کە سوجدە بۆ مردوو بەرن یان بەرەو گۆڕی مردوو سوجدە بەرن و هاوشێوەی ئەم جۆرە کارانە، بەڵکو دەزانین پێغەمبەر نەهی لە هەموو ئەم کارانە کردووە، وە ئەم کارانە لەو شیرکانەیە کە الله و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی جەهل و کەمی زانست هەبوون بە بەڵگە شەرعیەکان لە زۆربەی موتەئەخیرینەکان نەتوانراوە تەکفیر بکرێن بەهۆی ئەم کارانەیانەوە تا بۆیان ڕوون دەکرێتەوە کە ئەوەی پێغەمبەر پێی هاتووە پێچەوانەی ئەمەیە. [الرد على البكري : 629-630]

ووتم: بەڕوونی باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی زاڵبوونی جەهل وکەم بوونەوەی زانست لەناو خەڵکیدا ناکرێ خەڵکی بەم کارانە تەکفیر بکرێت ئیللا دوای ئیقامە حوججە.

گەر بڵێن مەبەستی کوفری معذب-ە لێرەدا، دەڵێین باشە بۆ دەبێ ابن تیمیة هەمیشە قسە لەسەر کوفری معذب بکات لە کاتێکدا زۆربەی موسڵمانان کە باسی تەکفیر دەکەن مەبەستیان زیاتر بابەتی (الأسماء)ە نەک (الأحكام) واتا کە دەپرسن فلان کافرە یان نا مەبەستیان ئەوەیە کە تەکفیری بکەن یان نا نەک مەبەستیان ئەوە بێت هێرشی بکەنە سەر و بیکوژن یان مەبەستیان ئەوە بێت لە قیامەتدا دەچێتە دۆزەخ یان تاقی دەکرێتەوە، نازانم بۆچی وای نیشان دەدەن کە ابن تیمیة هەر جارێک باسی تەکفیر بکات هەمیشە مەبەستی (الأحكام) بووە لەکاتێکدا ئەوەی گرنگە و زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت (الأسماء)ە، پاشان بۆ ڕوونی ناکاتەوە بۆ ئیللا دەبێت خۆمان هەمیشە ئەو تەئویلەی بۆ بکەین، ئاخر ئەمە بابەتێکی زۆر هەستیارە چۆن ووشەیەکی گوماناوی بەکار دەهێنێت لە بابەتێکی ئاوادا، پاشان لێی دەگەڕێ کە خوێنەر بۆخۆی تێبگات ! جارێک و دووانیش نیە دەیان جار دووبارەی دەکاتەوە، ئینجا سەیرەکە لەوە دایە گەر لە دە شوێن بڵێ تەکفیر ناکرێ بە معین ئیللا دوای ئیقامە حوججە، وە لە یەک شوێن تەکفیری معین بکات، یەک جارەکە دەکەن

به ووتەی محکم و جارەکە دەکەن بە ووتەی متشابە !

ابن تيمية دەڵێ: لە الصحيحين هاتووە فەرموودەی ئەو پیاوەی کە بە منداڵەکانی ووت: (إذا أنا مت فاسحقوني ثم ذروني في اليم، فوالله لئن قدر الله علي ليعذبني عذابا ما عذبه أحدا من العالمين، فأمر الله البر فرد ما أخذ، وأمر البحر فرد ما أخذ منه، وقال ما حملك على ما فعلت ؟ قال خشيتك يا رب، فغفر له) جا ئەم پیاوە بڕوای وابوو گەر تەرمەکەی بسوتێنن و پاشماوەکەی فڕێدەنە ووشکانی و دەریا ئەوا الله ناتوانێ دووبارە زیندووی بکاتەوە، وە زیندووی ناکاتەوە یان ئەمەی بە جائیز زانی، جا هەردووکیان کوفرن، بەڵام جاهیل بوو حەقی بۆ ڕوون نەبوویەوە بۆیە الله لێی خۆشبوو، هەر بۆیە جەهمیەکان لە حلولیەکان و نەفیکەرانی صیفات کە نەفی ئەوەیان دەکرد الله تعالى لەسەر عەرش بێت کاتێک فیتنەکەیان سەری هەڵدا پێم دەووتن گەر من هاوڕای ئێوە بم ئەوا کافر دەبم، چونکە من دەزانم ووتەکەی ئێوە کوفرە بەڵام ئێوە لەلای من کافر نابن چونکە ئێوە جاهیلن، ئەم ووتەیەی منیش بۆ زاناکان وقازییەکان وشێخەکان وکاربەدەستەکانیان بوو. [الرد على البكري : 383-384]

ووتم: نەفیکردنی صیفەتی علو بۆ الله تعالى کوفرێکی بەواحە و دەست بەجێ خاوەنەکەی پێی کافر دەبێت جا زانا بێت یان جاهیل، چونکە ئەمە شتێک نیە بە بەڵگە بزانرێ هەر لەفیطرەتی هەموو مرۆڤێکدا هەیە کە الله لە ئاسمانە جا کافر بێت یان موسڵمان تەنانەت ئەوانەی کە نەفی ئەم صیفەتەش دەکەن هەمیشە فیطرەتیان بەسەریاندا زاڵە کە ناوی الله دەهێنن بە پەنجە یان سەر ئاماژە بۆ ئاسمان دەکەن، تەنانەت گەر بێتو لە منداڵێکی تەمەن بچووک بپرسی الله لەکوێیە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک ڕێک دەڵێ لە ئاسمانە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک خیلاف نەبووە لە سەلەفی ئوممەت کە ئەوەی ئیثباتی صیفەتی علو نەکات بۆ الله تعالى کافرە و استتابە دەکرێ تەوبە نەکات لە ملی دەدرێت، بەڵام ابن تيمية بابەتی عوزر هێنانەوە و ئیقامە حوججە ئەوەندە لەلای فراوانە تەنانەت نەفیکەرانی ئەم صیفەتەش دەگرێتەوە ! دەپرسم ابن تيمية چ سەلەفێکی هەیە لەم کارەدا ؟ کام زانای سەلەف وای ووتوە ؟ پاشان خۆی باس دەکات کە ئەم ووتەیەی بۆ زاناکانی

ئەوان بووە نەک بۆ خەڵکی عەوام و جاهیل کەواتە بابەتی عوزر بە جەهل لەلای ئەو زۆر فراوانە، جا یەکێک لەوانەی کە دەیویست بەرگری لە ابن تیمیة بکات دەربارەی ئەم ووتەیەی دەیووت: ابن تیمیة ئەوانەی بە کافر زانیوە کە ئەم قسانەی لەگەڵ کردوون بەڵام ئەو وەک ئێمە حەماسی نەبووە ڕێک بڵێ ئێوە کافرن بەڵکو وتوویەتی ئێوە جاهیلن بۆیە تەکفیرتان ناکەم چونکە ئەوان زانان کەسێکیش زانا بێت زۆر بەلایەوە قورسە پێی بووترێ جاهیل ! ئەگینا ابن تیمیة ووتەیەی تری هەیە دەڵێ: حلولیەکان کافرن و ئەوەی تەکفیریشیان نەکات کافرە، منیش دەڵێم: دڵنیام ابن تیمیة لەژیاندابوایە پێی دەووتی درۆت کرد بە دەمی منەوە بۆ شتانێک بە دەمی منەوە دەڵێی کە من لێی بەریم، گریمان ئەوکات بەم شێوەیە بووە لە بەرامبەر کەسەکاندا ئەی ئەوکاتەی ئەم کتێبەی نوسیوە بۆ ڕاستیەکەی ڕوون نەکردۆتەوە بڵێ من مەبەستم ئەوە بووە کە ئاوام ووتوە ؟ خۆ ئێمە ووتەی ناو کتێبەکە دەخوێنینەوە نەک مەشهەدەکە بە چاوی خۆمان ببینین و ببیستین تا ئەم سیناریۆیە هەڵیت و پەڵیتەی بۆ دروست بکەین ! پاشان گەر واش بێت ئەوا پەڵەیەکە لەسەر ابن تیمیة چونکە ناکرێ کەسێک زانا بێت و نازناوی شیخ الإسلام بێت بە کەسانێکی کافر بڵێ ئێوە کافر نین لەلام بەڵکو جاهیلن تەنها لەپێناوی ئەوەی تووڕەیان بکات و دەماریان بگرێت ! ئەم جۆرە یاریانە لە هەموو شوێنێک جێگای ببێتەوە لە دیندا جێگای نابێتەوە، سەبارەت بەوەی کە وتوویەتی حلولیەکان کافرن و ئەوەی تەکفیریشیان نەکات کافرە، بەڵێ ئەمە ڕاستە بەڵام من سەرەتای ئەم برگەیە ووتم من ووتانێک نەقل دەکەم لە ابن تیمیة کە دەربارەی کەس و گروپەکان و ڕووداوە زیندووەکانە نەک ووتەی گشتی ئەوەی وابڵێ کافرە و ئەوەی وابکات کافرە، ئەم ووتانە گشتین هەموو زانایەک ووتەی لەم شێوەیەی هەیە بەڵام کە هاتە سەر واقیع و جێبەجێ کردن دەردەکەوێ باوەڕی بە تەکفیری معین هەیە یان باوەڕی بە عوزر بە جەهل و ئیقامە حوججە هەیە، پاشان ووتنی (ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە، وە ئەوەی تەکفیریشی نەکات کافرە) ووتەیەکی یەکجار باوە بووە لەلای سەلەف دوای ڕووداني فیتنەی خلق القرآن بۆیە بە دەگمەن زانای ئەهلی سوننە هەیە لەو سەردەمە ژیا بێت و ئەمەی نەووتبێ کەچی سەرەڕای ناوبانگی ئەم ووتەیە ابن تیمیة دەڵێ سەلەف ئەو کەسەیان بە معین تەکفیر نەکردووە کە وتوویەتی قورئان مەخلوقە !

کەواتە کە خۆشی دەڵێ حلولیەکان کافرن و ئەوەی تەکفیریان نەکات کافرە زۆر ئاساییە بڵێ بە معین تەکفیر ناکرێن ئیللا دوای ئیقامە حوججە، بۆیە هەرگیز هەوڵی ئەوە مەدەن ووتە موجمەلەکانی بکەن بە حەکەم بەسەر ووتە موفەصەلەکانی وەک من ئاوا ڕووداوی زیندوو بهێننەوە کە حوکمی داوە لەسەرکەسەکان و گروپەکان، خۆ پێشتر هێنامان کە دەڵێ جەهمیەکان مولحیدن ووتەکەیان گەورەترین کوفرە کەچی هەرسوورە لەسەرئەوەی کە بە معین تەکفیرناکرێن بگرە ئەمەی داوەتە پاڵ سەلەف، جا شتێک بداتە پاڵ سەلەف چۆن پێچەوانەی ئەم شتە دەکات ؟ ئەو پێی وایە جەهمیەکان بە معین تەکفیرناکرێن ئەمەش مەزهەبی سەلەفە لەلای ئەو، بێگومان خۆشی لەسەر ئەو مەزهەبە دەڕوات، باسکردنی ئەم فەرموودەیە کە پیاوەکە دەڵێ مردم بم سوتێنن لەگەڵ ئەم ووتانەدا کە کردوویەتی بەرامبەر جەهمیەکان خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تەکفیریان ناکات، بۆیە کاتێک قسەی تەواو دەبێت لەسەرفەرموودەکە، دەڵێ: هەربۆیەش من وام بە جەهمیەکان ووت، واتا بەهۆی ئەم فەرموودەیە دەزانم تەکفیری کەسانی جاهیل ناکرێ، وە ابن تیمیة زیاترلە 10 جارلە کتێبەکانی ئەم فەرموودەیەی هێناوەتەوە وەک بەڵگە لەسەر هەبوونی عوزر بە جەهل و تەکفیر نەکردن ئیللا دوای ڕوونکردنەوە، تەنانەت لەشوێنێکدا ڕەددی ئەو زانایانەش دەداتەوە کە وتوویانە ووشەی (لئن قدر الله علي) بەمانای قودرەت نایەت بەڵکو بە مانای تەنگ کردن دێت یان بە مانای قەدەری الله وابێت کە سزام بدات دێت یان بەهەرجۆرێکی تر تەئویلیان کردبێ تا گومانی عوزربە جەهل لادەن لەسەرفەرموودەکە، کەچی ابن تیمیة ڕەددی بەڵگەکانیان دەداتەوە و ئەم ووتەیە سەردەخات کە عوزربە جەهل هەیە و فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەری، وە دەڵێ ئەوانەی کە ووشەکەیان تەئویل کردووە بە تەنگ کردن یان قەدەری الله ئەوا لە صەواب لایداوە و ڕێگای هەڵەی گرتۆتە بەر، وە تەحریفی مانای ووتەکانی کردووە.

بڕوانە [مجموع الفتاوى : 11/408-411]

کەچی دەبینین زانایانی تر هەر یەکێکیان بە جۆرێک تەئویلی دەکەن تا گومانی عوزربە جەهل لادەن لەسەر فەرموودەکە بۆیە ووشەکە بە مانای تر لێک دەدەنەوە، یان وەک هەندێک لە نەجدییەکان دەڵێن: ئەم پیاوە لە سەردەمی فەترە ژیاوە حوکمی ئەوان جیاوازە لەسەرکەسانی تردا

قیاس ناکرێت، بەڵام ابن تیمیة چونکە عوزر بە جەهل زۆر فراوانە لەلای دەبینی چەندەها جار ئەم فەرموودەیە دەهێنێتەوە لە کتێبەکانیدا و دەیکات بە بەڵگە لەسەر عوزر بە جەهل.

ابن تیمیة دەربارەی ئیثبات کردن و نەفیکردنی ئەو لەفزانەی کە لە قورئان و سوننەتدا نەهاتوون وەک (متحیز) و (جهة) و (جسم) دەڵێ: **ئەوەی ئیثباتی ئەم لەفزانە دەکات دەڵێ: نەفیکردنی ئەوەی کە الله جیایە لە دروستکراوەکانی و صیفەتی علوی نیە بەسەر دروستکراوەکانی شتێکی باطلە. بەڵکو ئەم کارانە پابەندی دەکات بەوەی کە پێغەمبەر بە درۆ بخرێتەوە لەو شتانەی کە ئیثباتی کردووە بۆ پەروەردگاری و لە پەروەردگاریەوە پێی ڕاگەیاندووین ئەمەش بەهەمان شێوە کوفرە. بەڵام هەر کەسێک قسەیەکی کوفر بکات مەرج نیە کافر بێت تا ئیقامە حوججەی لەسەر دەکرێت و کوفرەکەی ئیثبات دەکات. جا کاتێک ئیقامە حوججەی لەسەر کرا ئەوکات کافر دەبێت. بەڵکو نەفیکردنی ئەم شتانە پابەندی دەکات بە تەکفیرکردنی پێغەمبەر لەو شتانەی کە بۆ پەروەردگاری ئیثباتی کردووە و لە پەروەردگاریەوە پێی ڕاگەیاندووین، بەڵکو ئەم کارە نەفیکردنی الله-ی دروستکەری لێدەکەوێتەوە هەروەها پەکخستنی ئەو بە حەقیقەت. جا کاتێک نەفیکردنی ئەم شتانە کوفری لێ بکەوێتەوە بەو مانایەی کە باسمان کرد ئەوا کۆمەڵێکی زۆر لە ئەهلی ئیمان نەفی ئەم شتانەیان کردووە بەڵام لازمی مەزهەب نابێتە مەزهەب.** [مجموع الفتاوى : 306/5]

ووتم: ئەمەش ڕوونکردنەوەی ووتەی پێشوویەتی کە ئەوانەی نەفی صیفەتی علو دەکەن تەکفیریان ناکات و پێی وایە دەبێت دوای ئیقامە حوججە تەکفیر بکرێن، چونکە بە درۆخستنەوەی زیاتر لە هەزار بەڵگە لە قورئان و سوننەت هێشتا بەس نیە بۆ ابن تیمیة کە تەکفیری ئەوانە بکات کە نەفی علو دەکەن مەگەر تەنها بڵێن ئێمە ئەم بەڵگانە بە درۆ دەزانین ئەوکات دەبێ تەکفیر بکرێن! جا ئەپرسین ئیقامە حوججە لەسەر کێ دەکەیت ؟ بۆ ئەوانەی نەفی علویان کردووە بێ ئاگابوونە لە قورئان و فەرموودە و ووتەی سەلەف ؟ یان هەموویان دیوە بەڵام تەئویلی دەکەن و ڕەددی ئەهلی سوننە دەدەنەوە یان بگرە هەندێکیان ئەوانەش تەکفیر دەکەن کە ئیثباتی صیفەتی علو دەکەن بۆ الله تعالی، ئەم بیانووەشی بەیەکجاری بنەبڕ کردن کە بڵێن مەبەستی کوفری معذب-ە

نەک غیر معذب، چونکە دەڵێ: (کۆمەڵێکی زۆر لە ئەهلی ئیمان نەفی ئەم شتانەیان کردووە) کەواتە بە ئەهلی ئیمانیان دادەنێت نەک ئەهلی کوفر.

ابن تیمیة دەڵێ: أحمد تەکفیری جەهمیەکانی دەکرد ئەوانەی کە ئینکاری ناو وصیفەتەکانی الله دەکەن چونکە دژبەیەک بوونی ووتەکانیان لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە ئاشکرا و ڕوونە، چونکە حەقیقەتی ووتەی جەهمیەکان پەکخستنی خالق-ە، جا أحمد بەوان تاقی کرایەوە تا حەقیقەتی ووتەکەی ئەوانی زانی کە بە دەوری پەکخستنی خالق دەخولێتەوە، وە تەکفیرکردنی جەهمیەکان بەناوبانگە لەلایەن سەلەف و پێشەوایانەوە، بەڵام أحمد بە معین تەکفیری نەکردوون. [مجموع الفتاوی : 348/23]

ابن تیمیة دەڵێ: بەهەمان شێوە کاتێک حفص الفرد ووتی: قورئان مەخلوقە، الشافعي پێی ووت: کافر بووی بە الله-ی عظیم، بۆی ڕوون کردەوە کە ئەم ووتەیە کوفرە، بەڵام حوکمی مورتەددی بەسەر حفص نەدا تەنها بەهۆی ئەمەوە، چونکە بەڵگەکانی بۆ ڕوون نەکردبوویەوە کە بەهۆیەوە کافر دەبێت، گەر الشافعي پێی وابوایە حفص مورتەددە ئەوا هەوڵی کوشتنی دەدا، وە لە کتێبەکانی باسیکردووە شایەتی ئەهلی بیدعە قبوڵە و نوێژ لەدوایان دەکرێت.

[مجموع الفتاوی : 349/23]

ووتم: زۆرێک لەوانەی کە بەرگری لە ابن تیمیة دەکەن و وای نیشان دەدەن کە تەکفیری معین دەکات و باوەڕی بە عوزر بە جەهل نیە ئەم ڕووداوەی الشافعي وەک ڕەددێک بۆ مەدخەلیەکان دەهێنن و دەیکەن بە بەڵگە لەسەر هەبوونی تەکفیری معین و نەبوونی ئیقامە حوججە و عوزر بە جەهل، بەڵام ئەوەتا ابن تیمیة زۆر بە ڕوونی دەڵێ الشافعي تەکفیری معین-ی نەکردووە تەنها تەکفیری مطلق-ی کردووە ئەگینا گەر بە مورتەددی زانیبوایە هەوڵی کوشتنی دەدا، ئەمەش دیسان ئەو بیانووەتان پوچەڵ دەکاتەوە کە هەمیشە دەڵێن ابن تیمیة باسی کوفری معذب دەکات نەک غیر معذب، لێرەدا بە ڕوونی باس دەکات کە الشافعي حفص-ی بە مورتەدد نەزانیوە، خۆ ئیتر ئەمە ڕوونە واتا تەکفیری معین-ی نەکردووە، بەڵام لێرەدا ئەم گومانە لادەدەین کە ابن تیمیة دروستی

کردووە، سەرەتا الشافعي حاکم نیە تا مورتەد بکوژێ ئەمە کاری دەسەڵاتە نەک کاری الشافعي، بەڵام وەڵامی ئەمەش دەدەینەوە بە ڕیوایەتەکەی ابن أبي حاتم.

ابن أبي حاتم دەڵێ: في كتابي عن الربيع بن سليمان قال حضرت الشافعي أو حدثني أبو شعيب إلا أني أعلم أنه حضر عبدالله بن عبدالحكم و يوسف بن عمرو بن يزيد وحفص الفرد، وكان الشافعي يسميه حفصا المنفرد: **جا حفص پرسیاری لە عبدالله بن عبدالحكم کرد ووتی: چی دەڵێی دەربارەی قورئان ؟ وەڵامی نەدایەوە، پرسیاری لە یوسف بن عمرو بن یزید کرد، وەڵامی نەدایەوە، هەردووکیان ئاماژەیان بۆ الشافعي کرد، ئەویش پرسیاری لە الشافعي کرد، الشافعي بەڵگەی بۆ هێنایەوە و مونازەرەکە درێژەی خایاند، جا الشافعي ئیقامە حوججەی لەسەر کرد بەوەی کە قورئان کەلامی الله-یە و مەخلوق نیە، وە حفص الفرد-ی تەکفیر کرد.**

ابن أبي حاتم دەڵێ: الربيع ووتی: پاشان حفص-م بینی لە مەجلیسێکدا، ووتی: الشافعي ویستی بمکوژێ. [آداب الشافعي ومناقبه : 149]

جا لێرەدا الربيع بن سليمان المرادي کە قوتابی الشافعي بووە لە ووتەکەی الشافعي تێگەیشتووە کە تەکفیری حفص-ی کردووە، تەنانەت خودی حفص تێگەیشتووە کە الشافعي تەکفیری کردووە بۆیە دەڵێ: الشافعي ویستی بمکوژێ، گەر تەکفیری نەکات چۆن هەوڵی کوشتنی دەدات ؟!

الذهبي دەربارەی حفص الفرد دەڵێ: **الشافعي تەکفیری کرد لە مونازەرەکەیدا.**

[ميزان الاعتدال : 328/2] ط: دار الكتب العلمية

ووتم: بەڵام ئینصاف واجبە ابن تيمية لە شوێنی تردا هەمان ڕیوایەتەکەی ابن أبي حاتم نەقل کردووە لە کتێبی (الرد على الجهمية) واتا ئاگاداری ئەوەیە کە الربيع دەڵێ: الشافعي حفص-ی تەکفیر کرد، وە ئاگاداری ئەوەشە کە حفص بە الربيع دەڵێ: الشافعي ویستی بمکوژێ وەک لە [مجموع الفتاوى : 506/12] هاتووە، جا هێنانی ئەم ڕیوایەتەیە لەگەڵ ووتنی ئەوەی الشافعي حفص-ی تەکفیر نەکردووە و ئەگینا هەوڵی کوشتنی دەدا بە هیچ شێوەیەک یەک ناگرێتەوە، یان ئەوەتا ابن تيمية سەرەڕای زانینی ئەم ڕیوایەتەش هەر سوور بووە لەسەر ئەوەی کە بڵێ الشافعي

تەکفیری حفص-ی نەکردووە، وەیان دواتر ئەم ڕیوایەتەی پێگەیشتووە و لە ووتەکەی پەشیمان بۆتەوە، جا ئێمە ئەگەری دووەم وەردەگرین تا نەڵێن بە بیانووە هەروەها گومان چاکیش واجبە، هەر چەندە لە کتێبەکەی ابن أبي حاتم ئەم دوو ڕیوایەتە بەدوای یەکتردا هاتوون بەڵام دیارە سەرەتا ابن تيمية تەنها ڕیوایەتی یەکەمی بیستووە یان لە کتێبێکدا خوێندوویەتیەوە ئاگاداری ڕیوایەتی دووەم نەبووە ئینجا بەپێی مەزهەبەکەی خۆی لێکی داوەتەوە کە فراوانکردنی عوزر هێنانەوەیە ئەگینا ئەوەی کتێبەکە بخوێنێتەوە توشی ئەم گومانە نابێت چونکە وەک ووتمان ابن أبي حاتم هەردووک ڕیوایەتی بەدوای یەکتردا هێناوە، بەڵام گەر ابن تيمية پێشی وابێت کە الشافعي حفص-ی تەکفیر کردووە بە معين ئەوا لەبەر ئەوەیە هەروەک پێشتر نەقلمان کرد لێی کە ووتی: ئیمام أحمد جەهمیەکانی بە معين تەکفیر نەکردووە کە دەیانووت قورئان مەخلوقە، گریمان گەر کەسانێکیشی بە معين تەکفیر کردبێ ئەوا لەبەر ئەوە بووە کە مەرجەکانی تەکفیری لێ هاتۆتەدی و ڕێگرییەکانی تەکفیری لەسەر نەماوە.

ابن تيمية دەڵێ: **تەکفیری معين-ی ئەم جاهیلانە و هاوشێوەکانیان بەو شێوەیەی کە حوکمی بەسەردا بدرێ لە کافرانە، جائیز نیە ئەنجام بدرێ ئیللا دوای ئیقامەکردنی حوججە نەبێت لەسەریان، کە ڕوون دەکرێتەوە بۆیان ئەوان موخالفی پێغەمبەرانن ئەگەرچی ووتەکە بەبێ گومان کوفر بێت، ئا بەم شێوەیە حوکم دەدەین دەربارەی تەکفیری هەموو کەسە معين-ەکان، ئەگەرچی هەندێک لەم بیدعانە توندترە لە هەندێکی تر، وە هەندێک بیدعەچی ئیمانی تێدایە کە لەوانی تردا نیە، جا بۆ کەس نیە کەسێک لە موسڵمانان تەکفیر بکات ئەگەرچی هەڵەش بکات تا ئیقامە حوججەی لەسەر دەکات و ڕێگای ڕاستی بۆ ڕوون دەکاتەوە، وە هەر کەسێک ئیمانی بە یەقینی چەسپا بێت ئیمانەکەی لەسەری لاناچێت بە گومان، بەڵکو لەسەری لاناچێت ئیللا دوای ئیقامەکردنی حوججە و لابردنی گومانەکان بۆیان.** [مجموع الفتاوى : 12/500-501]

ووتم: دیسان بیانووەکەی پوچەڵ کردنەوە کە هەمیشە دەڵێن کە ووتی تەکفیر ناکرێت باسی کوفری معذب دەکات، خۆ بە ڕوونی ووتی: (تەکفیری معين-ی ئەم جاهیلانە و هاوشێوەکانیان بەو

شێوەیەی کە حوکمی بەسەردا بدرێ لە کافرانە جائیز نیە ئەنجام بدرێ تەنها دوای ئیقامەکردنی حوججە نەبێت لەسەریان) کەواتە باسی تەکفیر دەکات نەک تەعزیب، جا لێرەدا بەوە خۆتان هەڵنەخەڵەتێنن بڵێن ئەو باسی ئەهلی بیدعە دەکات نەک ئەهلی کوفر، مەبەستی بیدعە کوفریەکانە وەک لە چەندەها شوێنی تر کوفری جەهمی و موعتەزیلە و ڕافیزە بە بیدعە ناو دەبات، بۆیە دڵنیاین مەبەستی ئەو بیدعانەیە کە کوفرن ئەگینا گەر کوفر نەبێت بۆ دەڵێ دوای ئیقامە حوججە تەکفیریان دەکەین ؟ خۆ ئەوەی بیدعەچی بێت و کوفری نەبێت دوای ئیقامە حوججەش تەکفیر ناکرێت بگرە هەرگیز تەکفیر ناکرێت.

ابن تيمية دەڵێ: **کەسی موجتەهید لە ئیمانداران لە شتێکی ئاوادا (واتا ئینکاری کردنی صیفەتی علو) گەر تەواو خۆی یەکلا کردبێتەوە بۆ گەیشتن بە حەق ئەوا الله لە هەڵەکەی خۆش دەبێت ئەگەرچی جۆرێک لە کەمتەرخەمیش تێیدا ڕوویدا بێت. ئەمە گوناهە ناکرێ بگەیەندرێ بە کوفر، ئەگەرچی دەووترێ ئەم ووتەیە کوفرە هەروەک چۆن سەلەف بە مطلق-ی وتوویانە کافرە ئەوەی هەندێک لە ووتەی جەهمیەکان بڵێت وەک ووتنی قورئان مەخلوقە یان ئینکاری کردنی بینینی الله لە قیامەت و هاوشێوەی ئەمانە کە هێشتا حوکمەکەی سووکترە لە ئینکارکردنی صیفەتی علوی الله بەسەر دروستکراوەکانیدا، وە ئینکاری کردنی ئەوەی الله لەسەر عەرشە، جا تەکفیرکردنی خاوەنی ئەم ووتەیە لەلای سەلەف لە کارە هەرە ڕوونەکان بووە، جا تەکفیری مطلق وەک هەڕەشەی مطلق وایە، مەرج نیە تەکفیری کەسی معین-ی لێ بکەوێتەوە تەنها دوای ئیقامەکردنی حوججە نەبێت لەسەری کە بە موخالەفەکردنی کافر دەبێت.**

[الإستقامة : 1/163-164]

ووتم: دووبارە تەکفیرکردنی سەلەف بۆ جەهمیەکان بە تەکفیری مطلق لەیەکدایەوە، ئینجا دوای ئەم ووتەیەی دیسان وەک هەمیشە فەرموودەی ئەو پیاوەی کە ووتی بم سوتێنن بە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ووتەکەی، نەمدیوە هیچ زانایەک وەک ابن تيمية دەست بەم فەرموودەیەوە بگرێت و ئەوەندە زۆر بەڵگەی پێ بهێنێتەوە.

ابن تيمية دەربارەی چوار سەر مەزهەبەکە دەڵێ: **لە هەندێکیانەوە نەقل کراوە کە وتوویەتی ئەوەی ئاوا و ئاوا بڵێ کافرە، وە مەبەستەکەی ئەوەیە کە ئەم ووتەیە کوفرە تا خەڵکی ئاگادار بن، جا مەرج نیە هەر ووتەیەک کوفر بوو ئەوەی بیڵێت بە جەهل و تەئویلەوە کافر بێت، چونکە جێگیر بوونی کوفر دەربارەی کەسی معین وەک جێگیربوونی هەڕەشەی دۆزەخە دەربارەی، ئەمەش مەرج و ڕێگری خۆی هەیە هەروەک لە شوێنی خۆیدا بە درێژی باسمان کردووە، جا گەر کافر نەبن ئەوا مونافیقیش نین کەواتە لە ئیمانداراننن جا داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکرێت و ڕەحمەتیان بۆ دەنێردرێت.** [منهاج السنة النبوية : 240/5]

ووتم: هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە کە ئەم مەنهەجە بداتە پاڵ سەلەف، ئەویش شوێنکەوتەی سەلەفە لەمەدا.

ابن تيمية دەڵێ: **ئەوەی بانگەواز بکات بۆ گومڕایی نەتوانرێ خراپەی بوەستێنرێ تەنها بە کوشتنی نەبێ بەهەمان شێوە دەکوژرێ، ئەگەرچی تەوبەش نیشان بدات وە ئەگەرچی حوکم نەدرێت بە کافر بوونی وەک ئیمامەکانی ڕافیزە کە خەڵکی گومڕا دەکەن، وە هەروەک چۆن موسڵمانان غيلان القدري و الجعد بن درهم وهاوشێوەکانیان کوشتن لە بانگەوازکاران، ئەم جۆرە کەسە دەججالە و دەکوژرێ، والله أعلم.** [الفتاوى الكبرى : 515/3]

ابن تيمية دەڵێ: **پرسیار لە أحمد کرا دەربارەی قەدەری، ئایا تەکفیر دەکرێت ؟ ووتی: گەر ئینکاری عیلمی الله بکات کافر دەبێت، جا لەم کاتەدا ئینکاری کەری عیلمی الله هاوشێوەی جەهمیەکانە، بەڵام کوشتنی ئەو کەسەی کە بانگەواز دەکات بۆ بیدعە ئەوا دەکوژرێ بۆ نەهێشتنی خراپەی لەسەر خەڵکی، هەروەک چۆن ڕێگر دەکوژرێ ئەگەرچی کافریش نەبێت، مەرج نیە هەر کەسێک فرمانی کوشتنی بۆ درا لەبەر مورتەد بوونەوەی بکوژرێ، جا بەپێی ئەمە کوشتنی غيلان القدري و جگە لەویش بەم شێوەیە بووە.** [مجموع الفتاوى : 23/349-350]

ووتم: ووتەی پێشووی ڕوون دەکاتەوە کە پێی وایە غيلان القدري کە کوژراوە لەبەر ئەوە نەبووە

که مورتەد بێت، بەڵکو بانگەوازی خەڵکی کردووە بۆ بیدعە بۆیە کوژراوە تا ئەمین بن لە خراپەی، ئەمەش حوکمدانە بە موسڵمان بوونی غیلان القدري ! کافری غیلان القدري ناسراوە لەلای زانایاندا لەیەک کاتدا نەفیکەری صیفات و مورجیئە و خەواریج و قەدەری بووە بەڵکو گروپێک لە گروپە قەدەرییەکان بەناوی ئەو کراوە کە گروپی غیلانیە، بانگەواز و مونازەرەی دەکرد لەسەر قەدەر، هەربۆیە هەرچوار پەلی بڕدرا و لە سێدارە درا لە دمشق لەسەردەمی هشام بن عبدالملك، جا کەسێکی وەک ئەمە کە خاوەن گروپە و بانگەواز بۆ کوفر دەکات و مونازەرە و تەحەددای لەسەر دەکات تەکفیر نەکرێت ئەی دەبێ کێ تەکفیر بکرێت ؟!

الآجري دەڵێ: **غیلان سوور بوو لەسەرکوفر لە قسەکردنی لەبابەتی قەدەر.**
[الشريعة : 485]

ابن تيمية دەڵێ: **کوشتنی کەسی بانگەوازکەر بۆ بیدعە بۆ وەستاندنی زیانەکەیەتی لەسەر خەڵکی، هەروەک کوشتنی ڕێگرەکان، وە کوشتنی غیلان القدري لەم جۆرەدا بووە.**
[مختصر الفتاوى المصرية لابن تيمية : 68] ط: دار الكتب العلمية

ابن تيمية دەڵێ: **ئەوەی بڵێ نوێژ لەدوای ئەو کەسە جائیز نیە کە عەقیدەکەی نازانیت، ئەوا ئەم ووتەیە هیچ کەسێک نەیووتوە لە موسڵمانان، ئەهلی حەدیث و سوننە وەک الشافعي وأحمد وإسحاق و جگە لەوانیش هاوڕان لەسەرئەوەی کە نوێژی هەینی لەدوای چاک و خراپدا دەکرێت، تەنانەت زۆرێک لە ئەهلی بیدعەکان وەک جەهمیەکان کە دەڵێن قورئان مەخلوقە و الله لە ڕۆژی دواییدا نابیرێ، سەرەڕای ئەوەی أحمد بەوان تاقی کرایەوە کە ئەو ناودارترین ئیمامە لە پێشەوایەتی کردندا لە سوننەت لەگەڵ ئەوەشدا ووتەکانی أحمد خیلافی تێدا نیە کە نوێژ لەدوای جەهمی و قەدەری و ڕافیزی دەکرێ، وە هیچ کەس بۆی نیە واز لە نوێژی هەینی بهێنێت بەهۆی بیدعەیەک کە لە ئیمامدا هەیە، بەڵام خیلافیان هەیە دەربارەی ئەوەی ئایا نوێژەکە دووبارە دەکرێتەوە ؟ دوو ووتەیان هەیە، وە لە أحمد-یش دوو ڕیوایەت هاتووە، ووتراوە لە دوای ئیمامی**

فاسق دووباره دەکرێتەوە، وە مەزهەبی الشافعي و أبو حنيفة ئەوەیە کە دووباره ناکرێتەوە.

[مختصر الفتاوى المصرية لابن تيمية : 62-63]

ووتم: ئەمە بەڕوونی دەری دەخات کە ئەم گروپانە لەلای ئەو بیدعەچین کافر نین بۆیە پێی وایە نوێژکردن لەدوایاندا دروستە ئەمەش دەداتە پاڵ ئیمام أحمد، وە خیلافیش نەقل دەکات ئایا دووباره دەکرێتەوە یان نا، ڕوونیشە لە مەزهەبی ئیمام أحمد گەر بیدعەچی بانگخواز بوو بۆ بیدعەکەی ئەوا دووباره دەکرێتەوە، کەواتە ابن تيمية قسە لەسەر کافری ئەوان ناکات و بە کافریان نازانێت ئەگینا کوا خیلاف هەیە لەوەی کە نوێژ لەدوای کافردا ناکرێت ؟ وە ئەگەر کرا دووباره دەکرێتەوە، ئەو خیلافی نێوان زانایان دەربارەی بیدعەچی و فاسق نەقل دەکات کە ئایا نوێژ لەدوایان دووباره دەکرێتەوە یان نا، بۆیە باسکردنی ئەم خیلافە و تەنزیل کردنی بەسەر ئیمامی جەهمی و قەدەری و ڕافیزی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم گروپانە لەلای ئەو بیدعەچی و فاسقن نەوەک کافر.

هەر سەربارەت بەم ووتەیەی ابن تيمية گومانێک هەیە کە ئەوانەی تەکفیری عام دەکەن دروستیان کردووە دەربارەی دوو ڕیوایەت کە لە سفيان الثوري و أحمد هاتووە دەیکەن بە بەڵگە بۆ تەکفیری عام، لێرەدا باسی دەکەین:

سفيان الثوري ئامۆژگاری شعيب بن حرب دەکات ئەویش دەینوسێت، جا لە چوارچێوەی ئامۆژگارییەکانیدا هاتووە: **ئەی شعیب ئەم شتانەی کە نوسیت سودت پێ ناگەیەنن تا پێت وانەبێ نوێژ لەدوای هەموو چاک و خراپێکدا دەکرێت.**

شعیب دەڵێ: ووتم بە سفیان: ئەی باوکی عبدالله هەموو نوێژەکان ؟ ووتی: نەخێر، بەڵام نوێژی هەینی و دوو جەژنەکە لەدوای هەرکەسێک ئەنجام بدە کە پێی دەگەیت، بەڵام نوێژەکانی تر تۆ سەرپشکی ئەنجامی مەدە تەنها لەدوای ئەو ئیمامەوە نەبێت کە سیقەت پێیەتی و دەزانی لە ئەهلی سوننە و جەماعەیە. [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : 314]

ووتم: ئامۆژگارییەکەی دەربارەی ئەو وەلی ئەمرە موسڵمانانەیە کە بیدعەچی و زاڵم و فاسقن نەک

ئەوانەی کە کافرن، ئەمەش بۆیە باس دەکەم چونکە دەزانم ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە ئاستیان جیاوازە جا تا خوێنەرواتێنەگات نوێژی هەینی و دوو جەژنەکە لەدوای هەموو ئیمامێکدا دروستە ئەنجامی بدات ئەگەرچی کافریش بێت.

المروزي دەڵێ: پرسیار لە أحمد کرا: بەڕێگادا دەڕۆم و گوێ بیستی قامەت دەبم، ئایا نوێژ بکەم ؟ أحمد ووتی: من سەرەتا شلیم دەنواند. بەڵام گەر بیدعە زۆر بوو ئەوا نوێژ مەکە تەنها لەدوای ئەوکەسە نەبێت کە دەیناسیت. [طبقات الحنابلة : 59/1]

ووتم: ئەوانەی تەکفیری عام دەکەن ئەم دوو ڕیوایەتەیان کردووە بە بەڵگە کە گوایە تەکفیری عامیان کردووە ئەم دوو زانایە بۆیە دەڵێن نوێژ مەکە تەنها لەدوای ئەوکەسە نەبێت کە شارەزای عەقیدەکەی، ووتەکەی سفیان ڕوونە کە دەربارەی نوێژە فەرزەکانە، وە ووتەکەی أحمد-یش بەهەمان شێوە چونکە ئەم حاڵەتانە ڕۆژانە ڕوو دەدەن و ئاسایین دەبینی بە بەردەم مزگەوتێکدا تێدەپەڕی لە بازاڕیان گەڕەکێکی تریان شارێکی تر لەوکاتەدا بانگ دەدات، بەڵام موسڵمان لەکاتی نوێژی هەینیدا لەم کۆڵان و کۆڵان ناخولێتەوە بەڵکو پێش بانگ لەوێ ئامادەیە چ جای ووتار تەواو بووبێت وکاتی قامەت بێ ئەویش خەریکی ڕۆیشتن بێ بە دەم ڕێگاوە، وە ئەگەر پرسیارەکە دەربارەی نوێژی هەینی بوایە أحمد بەم شێوەیە وەڵامی نەدەدایەوە چونکە یەک مزگەوت نوێژی هەینی تێدا دەکرێت چۆن پێی دەڵێت لەدوای ئەوە نوێژ بکە کە دەیناسیت ؟ بگرە خودی أحمد نوێژی هەینی دەکات لە دوایاندا گەرکەسی تر هەبوایە أحمد خۆی دەچوو بۆ لایان، بەڵام نوێژی هەینی لە کۆندا تەنها لە یەک مزگەوتی شاردا ئەنجام دەدرا وەک ئێستا نەبوو مزگەوتی هەموو گەڕەکەکان نوێژی هەینی تێدا ئەنجام بدرێت، جا ئەوکەسەش کە نوێژی هەینی ئەنجام دەدات وەک ئیمام و خطیب یان خەلیفە بوو یان کەسانی تر بوون کە خەلیفە دەست نیشانی کردبوون لە شارەکاندا، بۆیە ئیمام و خطیب کافر بووایە یان بیدعەچی نوێژی هەینی و جەژنەکان و عەرەفەیان لەدوایدا دەکرد بەڵام بۆ کافرەکە دووبارەیان دەکردەوە بۆ بیدعەچیەکەش خیلاف هەیە ئایا دووبارە دەکرێتەوە یان نا، جا بۆیە ووتەکەی سفیان و أحمد ڕوونە کە دەربارەی پێنج فەرزەکەیە نەک نوێژی هەینی.

ئەمەشم بۆیە باسکرد چونکە ئەوانەی تەکفیری عام دەکەن دڵیان بەم دوو ڕیوایەتەی سفیان و أحمد خۆشکردووە کە ئەم دوو ڕیوایەتە هیچیان بەڵگە نین لەدژی ئێمە چونکە وەک باسمان کرد بارودۆخەکە گۆڕاوە ئێستا هەموو گەڕەکێک مزگەوتی خۆی هەیە، پاشان ئێمەش دەڵێین گەر نوێژی هەینی تەنها لەیەک مزگەوتی شاردا ئەنجام دەدرا تۆش ئەنجامی بدە گەر دەزانیت توشی کێشە دەبیت هەروەک چۆن ئیمام أحمد و زانای تریش ئەنجامیان داوە پاشان دووبارەیان کردۆتەوە چونکە ئەوکات دەسەڵات لە دەستی جەهمیەکاندا بوو کەسێک زانا بێت و نەچێتە نوێژی هەینی ئەوا دەزانرێ مەبەستی چیە بۆیە دەچوون، هەروەک پێشترین هێنامان کە أبو داود پرسیار لە أحمد دەکات دەربارەی نوێژی هەینی، دەڵێ دووبارەی دەکەمەوە، بەڵام بۆ پێنج فەرزەکە مادام مزگەوت زۆرە تا ئیمامی عەقیدە پاک هەبێت کە شارەزای عەقیدەکەی مەڕۆ بۆ مزگەوتی تر کە نازانیت ئیمامەکە عەقیدەی چۆنە، بۆ نوێژی هەینی و جەژنەکانیش هەمان شت مادام مزگەوت زۆرە کە نوێژی هەینی و جەژنیان تێدا دەکرێ بڕۆ بۆ ئەو مزگەوتەی کە ئیمامەکەی دەناسیت.

عبدالله دەڵێ: **بیستم باوکم** رَحِمَهُ اللهُ **دەیووت: ئەوەی وابڵێت نوێژی هەینی و نوێژی تریشی لەدوادا ناکرێت، بەڵام ئێمە واز ناهێنین لە ئەنجامدانی، جا هەرکەسێک نوێژی هەینی لەدوادا کرد دووبارەی دەکاتەوە. عبدالله دەڵێ: واتا ئەوکەسەی بڵێ قورئان مەخلوقە.** [السنة : 4]

ئیمام مالک دەڵێ: **ئەوەی بیدعەچی بێت لە وەلی ئەمرەکان نوێژی لەدوا ناکەین مەگەر لێی بترسین ئەوکات نوێژی لەدوا دەکەین.**

[ابن القیم نەقلی کردووە - اجتماع الجيوش الإسلامية : 112] ت: بشير محمد عيون

ابن تیمیة دەڵێ: **نوێژ لەدوای ئەوانەی کە تەکفیر دەکرێن لە ئەهلی بیدعەکان زانایان خیلافیان هەیە دەربارەی خودی نوێژی هەینی لەدوای ئەم کەسەدا، ئەوەی تەکفیری بکات دەڵێ دووبارە دەکرێتەوە، وە دەربارەی تەکفیرکردنی ئەهلی بیدعەکان خیلاف هەیە، دوو ڕیوایەت لە أحمد و جگە لەویش هاتووە، وە حەقیقەتی کارەکە بەم شێوەیە: ووتەکە کوفرە جا بە ڕەهایی**

دەووترێ خاوەنی ووتەکە کافرە، بەڵام کەسی معین تەکفیر ناکرێت تا ئیقامە حوججە دەکرێت، خودی ووتەکە کوفرە بەڵام خاوەنی ووتەکە عوزری پێ دەدرێت، جا گەر لە ئیمانداران بێت ئەوا تەکفیرناکرێت چونکە الله تعالی عوزری پێداوە بە چەند شتێک، یان عەقڵی درکی پێ نەکردووە یان لەلای نەچەسپاوە یان تێی نەگەیشتووە بەهۆی هەبوونی گومانێک کە دژی وەستاوە، جا هەر کەسێک مەبەستی حەق بێت و هەڵە بکات ئەوا الله لێی خۆش دەبێت، وە دابەشکردنی بابەتەکان بۆ بابەتی أصول کە بە ئینکارکردنی کافر دەبیت، وە بابەتی فروع کە بە ئینکارکردنی کافر نابیت، ئەم دابەشکردنە ئەصلی نیە نە لە هاوەڵانەوە نە لە تابعین نە لە پێشەوایەکانی ئیسلام، بەڵکو ئەم دابەشکردنە لە موعتەزیلە و هاوشێوەکانیان وەرگیراوە لە پێشەوایانی بیدعە ئەوانیش ووتەکانیان دژ بەیەکە ... (پاشان دەڵێ) **مەبەستم ئەوەیە کە مەزهەبی پێشەوایان بەم شێوەیە کە جیاوازی بکرێت لەنێوان جۆر و کەسەکە، وە هەرکەسێک خیلافی ئەمە لە پێشەوایەکانەوە باس بکات ئەوا لە قووڵایی ووتەکانیان تێنەگەیشتووە.** [مختصر الفتاوى المصرية لابن تيمية : 67-68]

ووتم: دووبارە و دەبارەی کردەوە کە ووتەکە کوفرە بەڵام خاوەنەکەی تەکفیر ناکرێت ئیللا دوای ئیقامە حوججە، جگە لەوەش بابەتەکەی بەیەکجاری یەکلا کردەوە کە ووتی (مەزهەبی پێشەوایان بەم شێوەیە کە جیاوازی بکرێت لەنێوان جۆر و کەسەکە، وە هەر کەسێک خیلافی ئەمە لە پێشەوایەکانەوە باس بکات ئەوا لە قووڵایی ووتەکانیان تێنەگەیشتووە) کەواتە ئەمە مەزهەبی پێشەوایەکانە کە دەڵێن: جۆری ووتەکە یان جۆری کارەکە کوفرە، بەڵام خودی کەسەکە جیاوازە لەگەڵ جۆرەکە مەرج نیە کە ووتەکە یان کارەکە کوفر بوو کەسەکەش تەکفیر بکرێت، ئیتر چی هەیە لەم ووتەیە ڕوونتر کە بەڕاشکاوی دەڵێ ئەمە مەزهەبی پێشەوایانە جیاوازی کردن لەنێوان جۆر و کەسەکە، ئەوەی خیلافی ئەمەش بڵێت ئەوا لە ووتەکەی ئەوان تێنەگەیشتووە، کەواتە تۆی خوێنەر کە زۆر جار ابن تیمیة بە مەعصوم سەیر دەکەیت و زۆر بەلاتەوە قورسە بڵێی نەیپێکاوە، ئەوا ابن تیمیة بە تۆ دەڵێ: تۆ لە ووتەی پێشەوایەکان تێنەگەیشتووی بۆیە جیاوازی ناکەیت لەنێوان جۆری کارەکە و خاوەنی کارەکە، وەک مەدخەلیەکان بڵێ کارەکە کوفرە بەڵام خاوەنەکەی کافر نیە ئیللا دوای ئیقامە حوججە.

ابن تیمیة دەڵێ: کۆمەڵێک لە سەلەف وتوویانە: لێیان دەپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە ؟ دەڵێن: الله، کەچی غەیری الله دەپەرستن، وە عیبادەتی ئەوان بۆ غەیری الله بریتیە لە هاوارکردن لێیان و کردنیان بە نێوەند و ڕێگا و شەفاعەتکار لەنێوان خۆیان و الله دا، جا هەر کەسێک ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر ئەوا موشریکە بە قەدەر ئەو شیرکەی کە تێیدایە، وە ئەم شیرکە گەر ئیقامە حوججە کرا لەسەر مرۆڤ و هەر وازی لێ نەهێنا ئەوا کوشتنی واجبە هەروەک کوشتنی موشریکە هاوشێوەکانی، وە لە گۆڕستانی موسڵمانان نانێژرێ و نوێژی لەسەر ناکرێ، بەڵام گەر جاهیل بێت و عیلمی پێ نەگەیشتبێ و حەقیقەتی ئەو شیرکەی نەزانی بێت کە پێغەمبەر ﷺ لەسەری کوشتاری موشریکەکانی کردووە ئەوا تەکفیر ناکرێت بەتایبەتی ئەم جۆرە شیرکە زۆر بووە لەنێو ئەو کەسانەی کە خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، وە هەر کەسێک پێی وابێ ئەم شیرکە نزیکبوونە و گوێڕایەڵی کردنی الله-یە ئەوا ئەم کەسە گومڕایە بە یەکدەنگی موسڵمانان، وە پاش ئیقامە حوججە دەبێتە کافر. [جامع المسائل - المجموعة الثالثة : 151]

ووتم: کە دەڵێ: گەر عیلمی پێ نەگەیشتبێ تەکفیر ناکرێ ئیللا دوای ئیقامە حوججە، ڕەنگە بڵێن مەبەستی ئەو کەسانەیە کە لە شوێنی دوور لە موسڵمانان ژیاون یان تازە موسڵمان بوونە نەک کەسانی تر، بەڵام دەڵێین: ناسینی الله تعالى بە تەنها و پەیدا نەکردنی شەریك بۆی و بەرائەت کردن لەو کەسانەی کە غەیری الله دەپەرستن ئەصلی دینە شتێک نیە لەهیچ بارودۆخیکدا مرۆڤ عوزری هەبێت تێیدا جا گەر تازە موسڵمان بووبێت یان لە شوێنی دوورە دەست ژیا بێت یان هەر شتێکی تر بێت بەهیچ جۆرێک عوزری نیە تێیدا، هەر بۆیە بە ئیجماعی زانایان ئەوانەی لە سەردەمی فەترەدا ژیاون و هیچ پێغەمبەرێکیان پێ نەگەیشتووە گەر کوفریان تێدا هەبێت لە ئەصلی دیندا ئەوا لە دونیادا بە کافر هەژمار دەکرێن و هەمان حوکمی کافرانیان هەیە بەڵام لە قیامەتدا خیلاف هەیە ئایا تاقی دەکرێنەوە یان نا، بۆیە گەر مەبەستی ئەوانیش بێت ئەوا هەر عوزریان نیە هەر چەندە مەبەستی ئەوانیش نیە، پاشان دەڵێ: ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام و ئەم جۆرە شیرکانەیان تێدایە زۆرن بەڵام تەکفیر ناکرێن ئیللا دوای ئیقامە حوججە، کەواتە ووتەکە دەربارەی

ئەو کەسانەیە کە توشی شیرك بوونە و خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، کەواتە باسی کەسانێک دەکات کە ژمارەیان زۆرە و بوونیان هەیە لە سەردەمی ئەودا باسی شتێکی گریمانەیی ناکات کە لە بابەتی نەزەریدا وەک گریمانە دەووترێ ئەوانەی تازە موسڵمان بوونە یان ئەوانەی پەیامیان پێ نەگەیشتووە یان دوورن لە موسڵمانان عوزریان هەیە لە بابەتە ئاشکراکاندا گەر ئینکاری واجبێک بکەن یان حەرامێک بە حەلال بزانن کە هاوشێوەی ئەوان دەکرێ نەیزانن بەهۆی تازە هاتنە ناو دین یان دووری شوێنەکەیان لە موسڵمانان، وەک ووتمان گەر مەبەستی ئەوانیش بێت لەم بابەتەدا عوزر بۆ هیچ کەسێک نیە جا لەهەر بارودۆخێکدا بێت چونکە ئەمە ئەصلی دینە، پاشان دەڵێ: ئەوەی پێی وابێت ئەم شیرکە نزیکبوونەوە و گوێڕایەڵی کردنی الله-یە ئەوا گومڕایە بە ئیجماع، وە دوای ئیقامە حوججە تەکفیر دەکرێت، واتا سەرەتا کافر نیە.

عبدالرحمن بن حسن عوزر بۆ ئەم ووتەیەی ابن تیمیة دەهێنێتەوە و دەڵێ: **ڕەحمەتی الله تعالی لێبێت باسی ئەوەی کرد کە بە معین تەکفیر ناکرێن ئیللا دوای ڕوونکردنەوە و سووربوونیان لەسەر کوفر، چونکە خۆی بە تەنها بوو بە ئوممەتێک، چونکە هەندێک زانا هەبوو تەکفیریان کرد بەهۆی نەهیکردنی لەوان لە شیرك پەیداکردن لە عیبادەتدا. جا نەیدەتوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بەو شێوەیەی کە ووتی، هەروەک هەمان شت بەسەر شێخەکەماندا هات محمد بن عبدالوهاب ڕەحمەتی الله تعالی لێبێت لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا گەر بیستبوای هاوار لە زید بن الخطاب دەکەن، دەیووت: الله باشترە لە زید، تا ڕایان بهێنێت لەسەر نەفیکردنی شیرك بە ووتەی نەرم بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بانگەوازەکە و دوور نەکەوتنەوەی خەڵک لێی.**

[الدرر السنية : 211/2]

ووتم: تەنها من بەم شێوەیە لە ووتەکەی تێنەگەیشتووم بەڵکو ئەم زانایەش بەهەمان شێوە لێی تێگەیشتووە کە سەرەتا تەکفیری معین ناکات، وە عوزری بۆ هێنایەوە، بەڵام عوزر هێنانەوەکەی لەجێگای خۆی نیە چونکە ئاشکرا نەکردنی تەکفیر کردن جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بڵێی تەکفیریان ناکەم چونکە جاهیلن، ئەوەی یەکەمیان شێخ محمد بن عبدالوهاب بەکاری هێناوە ئەوەی

دووەمیان ابن تیمیة بەکاری هێناوە، جیاوازییەکەی نێوانیشیان ڕوونە، وە ئێمە هەرگیز لۆمەی هیچ کەسێک ناکەین پێی بڵێین بۆ بە ئاشکرا ناڵێی فلان کەس یان فلان گروپ کافرە، بەڵام ئەو کاتە لۆمەی دەکەین کە دەڵێ تەکفیریان ناکەم چونکە جاهیلن.

ابن تيمية دەربارەی ئەهلی بیدعە دەڵێ: **نەیانزانیوە ووتەکەیان موخالەفەی پێغەمبەرە گەر بیان زانیبوایە نەیاندەووت، جا مونافیق نین بەڵکو کەم ئیمان و بیدعەچین، الله لە هەڵەکانیان خۆشبووە و سزایان نادات لەسەری، ئەگەرچی لە پلەیان کەم کرێتەوە بەهۆی بیدعەکەیان.**

[مجموع الفتاوی : 63/13]

ووتم: بیدعە لەلای هاوەڵان و تابعین و أتباع التابعین یەکجار بە گەورەیی سەیر دەکرا بەم شێوە نیە کە ئەو باسی دەکات، ئەمەش نیشانەی نەرمیەتی لە حوکمدان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسەکان و گروپەکان.

ابن تيمية دەڵێ: **کاتێک زەمان زۆر ڕۆیشت ئەو شتانەی کە بۆ هاوەڵان ڕوون بوو بۆ زۆرێک لە خەڵکی شاراوە بوو، وە زۆربەی خەڵکی شتانێکیان لەلا وورد بوو کە لەلای هاوەڵان دیارو ئاشکرا بوو، جا لەلای موتەئەخیرین موخالەفەکردنی قورئان و سوننەت زۆر بوو کە لەلای سەلەف هاوشێوەی ئەمە نەبوو، وە ئەگەرچی لەگەڵ ئەمەشدا موجتەهید بوون و عوزریان هەیە و الله لە هەڵەکانیان خۆش دەبێت و پاداشتیان دەداتەوە لەسەر ئیجتیهادەکانیان.**

[مجموع الفتاوی : 65/13]

ووتم: ئەوانەی لەدوای هاوەڵان هاتوون و موخالەفەی قورئان و سوننەتیان کردووە سەرەڕای ئەوەی کە الله لە هەڵەکانیان خۆش بووە بگرە پاداشتیش وەردەگرن لەسەری ! پێم سەیرە زۆر بەلایەوە قورسە حوکمی کوفر بدات بەسەر خەڵکانێک کە کوفریان تێدایە، بەڵام بەلایەوە ئاسانە دان بەوە بنێت کە الله لە گوناهەکانی کەسانێک خۆش بووە و پاداشتیان دەداتەوە لەسەری چونکە موجتەهید بوونە ! ئەمە لەکاتێکدا موخالەفەکانی ئەوان زۆربەی لە بابەتی عەقیدەیی بووە.

ابن تيمية دەڵێ: **جەهمیەکان موخالەفەی شتێک دەکەن کە هەموو دینەکان و فیطرەتە سەلیمەکان لەسەری کۆکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ووتەکانیان شاراوەیە لە زۆرێک لە ئەهلی ئیمان، تەنانەت وادەزانرێ حەق بەوانە بەهۆی ئەو گومانانەی کە دەیهێنن، جا ئەم کەسانە ئیماندارن ئیمانیان بە الله و پێغەمبەرەکەی هەیە لە ناخ و ڕواڵەتدا، بەڵام شتەکانیان لێ تێکەڵ بووە و شێواوە هەروەک چۆن پۆلەکانی تری بیدعەچیەکان لێیان تێکەڵ بووە، جا ئەمانە کافر نین بە هیچ شێوەیەک بەڵکو لەوانەیە فاسق و تاوانباریان تێدا بێت، وە لەوانەیە خاوەن هەڵەیان تێدا بێت کە الله لێی خۆش دەبێت، وە لەوانەیە ئیمان و تەقوایەکی وای هەبێت کە ببێتە هۆی بوونی بە ئەولیای الله بە گوێرەی ئیمان و تەقواکەی.** [مجموع الفتاوى : 355/3]

ووتم: بە جۆرێک باسیان دەکات و عوزریان بۆ دەهێنێتەوە خەریکە پیاو حەسودیان پێ ببات !

ابن تيمية دەڵێ: **زانرا کە لە کەناری شام چیایەکی گەورە هەیە کە بە هەزاران ڕافیزەی تێدایە خوێنی خەڵکی دەڕێژن وماڵ وسامانیان دەبەن وخەڵکێکی زۆریان کوشتووە وماڵ وسامانیان بردوون، جا کاتێک موسڵمانان شکان لە ساڵی غازان (واتا: ساڵی 699) ڕافیزەکان ئەسپ و چەک و ئەسیرەکانیان برد فرۆشتنیان بە کافرانی نەصارا لە قوبرص، وە هەر سەربازێک بەلایاندا تێپەڕیبوایە دەیان برد، جا ئەوان زیانیان بۆ موسڵمانان زیاتر بوو لە هەموو دوژمنەکان، وە هەندێک لە ئەمیرەکانیان ئاڵای نەصاراڕایان بەرزکردەوە، وە پێیان ووت: کامەی چاکترە موسڵمانان یان نەصارا ؟ ووتی: بەڵکو نەصارا چاکترن، پێیان ووت: لەگەڵ کێ حەشر دەکرێی ڕۆژی قیامەت ؟ ووتی: لەگەڵ نەصارا، وە هەندێک لە شاری موسڵمانانیان تەسلیمی نەصارا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک هەندێک لە وەلی ئەمرەکان ڕاوێژیان کرد دەربارەی جەنگان لەدژی ئەم ڕافیزانە من وەڵامێکی درێژم نوسی دەربارەی جەنگان لەدژیان، وە چووین بۆ ناوچەکەیان و ژمارەیەک لەوان لەگەڵم ئامادە بوون، جا مونازەرە و دانوستانی زۆر ڕوویدا لەنێوان من و ئەواندا کە باسکردنی درێژە دەکێشی، جا کاتێک موسڵمانان شاری ڕافیزەکانیان فەتح کرد و کەوتنە ژێر دەستی موسڵمانان من نەهیم کرد لە کوشتنیان و بە کەنیزەک گرتنیان، وە لە ووڵاتی موسڵمانان**

نیشتەجێمان کردن بە پەرت و بڵاوی تا کۆنەبنەوە. [منهاج السنة النبوية : 5/158-160]

ابن تيمية دەربارەی یادکردنەوەی مەولود دەڵێ: **هەندێک خەڵک ئەنجامی دەدەن یان وەک لاسایی کردنەوەی نەصارا لە یادکردنەوەیان بۆ لەدایکبوونی عیسی ﷷ وە یان بۆ خۆشویستن و بەگەورە دانانیان بۆ پێغەمبەر ﷺ جا الله پاداشتیان دەداتەوە لەسەر ئەم خۆشویستن و ئیجتیهادە نەک لەسەر ئەو بیدعەیەی کە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ بکرێت بە جەژن.**
[اقتضاء الصراط المستقيم : 2/123]

ابن تيمية دەڵێ: **زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە دەیان بینیت سوورن لەسەر ئەنجامی ئەو بیدعانەی هاوشێوەی مەولود لەگەڵ هەبوونی نیەتی چاک و ئیجتیهاد، کە بەم دووانە هیوای پاداشت وەرگرتنیان بۆ هەیە، کەچی دەیان بینیت لاوازن لە جێبەجێ کردنی فرمانەکانی پێغەمبەر کە فرمانیان پێکراوە چالاک بن تێیدا، ئەمانە وەک ئەوکەسە وان کە قورئان دەڕازێنێتەوە کەچی نایخوێنێتەوە یان دەیخوێنێتەوە و شوێنی ناکەوێت، یان وەک ئەو کەسە وان کە مزگەوت دەڕازێنێتەوە و نوێژی تێدا ناکات یان کەم نوێژی تێدا دەکات.** [اقتضاء الصراط المستقيم : 2/124]

ابن تيمية دەڵێ: **گەورە ڕاگرتنی یادی مەولود و کردنی بەشتێکی ساڵانە هەندێک خەڵک ئەنجامی دەدەن و لەوانەیە پاداشتی گەورەی بۆ هەبێت لەم کارەدا بەهۆی نیەتە چاکەکەی و بە گەورە دانانی پێغەمبەری الله ﷺ هەروەک پێشتر بۆم باس کردیت هەندێک کار هەیە جوانە لە هەندێک خەڵکی و ناشرینە بۆ ئیمانداری خاوەن صەواب.** [اقتضاء الصراط المستقيم : 2/126]

ووتم: گومانمان لەوە نیە کە ابن تيمية مەولود بە بیدعە دەزانێت و دژیەتی هەروەک لێرە و لەشوێنی تریش باسی کردووە، بەڵام دەڵێ ئەوانەی ئەنجامی دەدەن بەهۆی نیەتە چاکەکەیان و ئیجتیهادیان پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە ! ئەمە هەڵگەڕاندنەوەی بابەتەکەیە بەسەراو ژووردا، جا کێ هەیە بڵێ والله من بۆ دژایەتی الله وپێغەمبەرەکەی ودینی ئیسلام و موسڵمانان مەولود دەکەم ؟ یان چونکە دەزانم بیدعەیە بۆیە لە ڕقی سوننەت ئەنجامی دەدەم، ئەم هەموو خەڵکەی کە ئەنجامی دەدەن

کەسانی جاهیلن بە دین هەموویان بە کارێکی چاکی دەزانن و لە خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەرﷺ ئەنجامی دەدەن، کەواتە دەبێت بەو خەڵکە بڵێین کارەکەت بیدعەیە بەڵام لەوانەیە پاداشتی گەورەت بۆ بنوسرێ بەهۆی نیەتەکەت چونکە نیەتەکەت خۆشەویستی پێغەمبەر بووە ! جا ئەم قسەیە بە خەڵک بڵێین کەس واز لە مەولود ناهێنێت، خۆ هەمیشە دەبیستین دەڵێن تەنها لە خۆشەویستیمان بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی دەدەین، جا قسەکەشیان ڕاستە تەنانەت گەر مورتەددیش بن، چونکە ئەوکاتەی کە خۆشم مورتەد بووم کەیف خۆش دەبووم بە هاتنی مەولود واللە جگە لە خۆشویستی پێغەمبەرﷺ هیچ شتێکی تر پاڵنەر نەبووە، ئەگەرچی لەم کاتەدا شەیتان بەم جۆرە کارانەوە سەرقاڵت دەکات تا وا هەست بکەی زۆر موسڵمان و ئیمانداری تا بیرت بۆ تەوحید نەچێت بەڵام ئەصلی بابەتەکە خۆشویستنەکەیە وات لێدەکات دڵخۆش بیت بە هاتنی ئەم ڕۆژە، جا مەبەستم لە هێنانی ئەم ووتانەی ابن تیمیة دەرخستنی نەرمی و شلی ابن تیمیة-یە لە بابەتەکانی تەکفیر و تەبدیع، بگرە دڵخۆشکردنی بیدعەچیەکانە بە پاداشت !

ابن تیمیة دەڵێ: هیچ گروپێک نیە وەک ڕافیزە ڕاستی بە درۆ بزانن و باوەڕ بە درۆ بکەن، سەرانی مەزهەبەکەیان و پێشەواکانیان کە دایانهێناوە و دایانمەزراندووە مونافیق و زندیق بوونە، هەروەک چۆن لە زیاتر زانایەکەوە ئەم شتە باسکراوە، ئەمەش شتێکی ڕوونە بۆ ئەو کەسەی کە لێی بڕوانێ، بە پێچەوانەی عەقیدەی خەواریج کە بەهۆی جەهل بوون بوو لە تێگەیشتنی قورئان وزیادەڕەوی کردن لە گەورە دانانی تاوانەکان، بەهەمان شێوە عەقیدەی ئەوانەی تەنها ئایەتەکانی هەڕەشە وەردەگرن (الوعیدیة) و قەدەرییەکان هەڵەکەیان لە زیادەڕەوی کردن بوو لە گەورە دانانی تاوانەکان، بەهەمان شێوە عەقیدەی مورجیئە ئەصلی مەبەستەکەیان نەفیکردنی تەکفیر بوو دەربارەی ئەو کەسەی کە باوەڕی بە پێغەمبەران هەیە، هەر بۆیە سەرانی ئەم مەزهەبانە کە دایانهێناوە هیچ کەس نەیووتوە ئەوان زندیق و مونافیقن، بەپێچەوانەی ڕافیزە سەرانی ئەوان زندیق و مونافیق بوون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە ڕافیزەکان مونافیق نین و کافریش نین، بەڵکو هەندێکیان ئیمان و کردەوەی چاکی هەیە، وە هەیانە هەڵەیە اللە لە هەڵەکانی خۆش دەبێت، وە

هەیانە خاوەنی تاوانە هیوای لێخۆشبوونی الله-ی بۆ دەخوازرێ، بەڵام جەهل هەبوون بە ماناکانی قورئان و فەرمووده هەموویان دەگرێتەوە، هیچ کەسێکیان تێدا نیە ئیمامێک بێت لە ئیمامەکانی موسڵمانان لە عیلم ودیندا. [منهاج السنة النبوية : 6/302-303]

ووتم: دامەزرێنەر وپێشەوا وسەرکردەکانیان بە مونافیق وزندیق دەزانێت بەڵام زۆربەی خەڵکەکانیان بە موسڵمان دەزانێت، ئەوەی کە تەکفیریان دەکات غولاتی ڕافیزەیە وەک ئیسماعیلیەکان و نوصەیریەکان، ئەگینا ڕافیزەی ئیمامی بە معین تەکفیر ناکات.

ابن تيمية دەڵێ: **ڕافیزەی ئیمامی شوێنکەوتەی مورتەددەکان و نۆکەری مولحیدەکان و میراتگری مونافیقەکانن، خودی خۆیان مورتەد و مولحید نین.** [منهاج السنة النبوية : 7/220]

ابن تيمية دەڵێ: **فەیلەسوفەکان و باطنیەکان کافرن کوفرەکەیان ئاشکرایە لەلای موسڵمانان هەروەک الغزالي و جگە لەویش باسیان کردووە، وە کوفرەکەیان ئاشکرایە بۆ هەر کەسێک لە موسڵمانان کە کەمترین عیلم وئیمانی هەبێت گەرحەقیقەتی ووتەکانیان بزانن، بەڵام کوفرەکەیان نازانێت ئەو کەسەی کە حەقیقەتی ووتەکانیان نازانێت، وە لەوانەیە هەندێک لەوانەی کە نازانن ئەمە کوفرە دەستیان گرتبێ بە هەندێک لە ووتەکانیان جا عوزری پێ دەدرێت بەهۆی جەهلەکەیەوە.** [شرح العقيدة الأصفهانية : 211] ت: سعيد بن نصر بن محمد

ابن تيمية دەڵێ: **هەر بۆیە بە زانا گەورەکانیانم دەووت: گەر هاوڕای ئێوە بم لەو قسانەی کە دەیکەن ئەوا دەبم بە کافرێک کە خۆم دەمەوێت چونکە دەزانم ئەم ووتەیەی ئێوە کوفرێکی ڕوونە، بەڵام ئێوە تەکفیر ناکرێن بەهۆی جاهیل بوونتان بە حەقیقەتەکانی دین، هەر بۆیە سەلەف و پێشەواکان تەکفیری جەهمیەکانیان دەکرد بە مطلق و عام، بەڵام کەسی معین لە جەهمیەکان سەلەف دوعایان بۆ دەکردن وداوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکردن چونکە زانا نەبوون بە ڕێگای ڕاست.** [بيان تلبيس الجهمية : 1/10] ت: يحيى بن محمد الهنيدي

ووتم: لێرەدا بە ڕوونی دەری دەخات کە تەکفیری معین-ی ئەوانی نەکردووە ئەگەرچی ووتەکەشی

به کوفر زانیون بگره ئەمە دەداتە پاڵ سەلەف هەر بۆیە بەڵگە بەوە دەهێنێتەوە کە گوایە سەلەف وەک ئەو تەکفیری مطلق-یان کردووە نەک معین، جا گەر ئەم ووتەیەی بۆ زانا گەورەکانیان بێت ئەی دەبێت چی بە کەسە عەوامەکانیان بڵێت کاتێک کوفر دەکەن ؟! ووتەکەی وەڵامێکیش بوو بۆ ئەو کەسەی کە دەڵێ گوایە تەنها بۆ دەمار گرتنیان ئەم قسەیەی کردووە چونکە زانا تورە دەبێت پێی بووترێ جاهیل بۆیە ابن تیمیة نەیووتوە تەکفیرت دەکەم ئەگەرچی لە ناخەوە تەکفیری کردووە بەڵام ویستویەتی تورەی بکات !!!

ابن تیمیة دەڵێ: **ناوی موشریك چەسپاوە پێشهاتنی وەحی، چونکە کەسەکە شیرکی بۆ الله بڕیار داوە و شتی تری یەکسان کردووە بە الله، وە لەگەڵ الله دا خوای تر دەپەرستێ و هاوتای بۆ داناوە پێشهاتنی پێغەمبەر.** [مجموع الفتاوی : 38/20]

ووتم: ئەمە یەکێکە لەو ووتانەی کە دەیکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوەی ابن تیمیة باوەڕی بە عوزر بە جەهل نیە و تەکفیری معین دەکات و هەر کاتێک باسی ئیقامە حوججە بکات مەبەستی کوفری معذب-ە ئیتر دەیانەوێت تەنها بەم ووتەیەی تەواوی ووتەکانی پێشووی سفر بکەنەوە، ئیتر دەڵێن تەواو ووتی ناوی موشریك پێشهاتنی وەحیش دەچەسپێ، کەواتە ئەوەی شیرك بکات ابن تیمیة پێشهاتنی وەحیش بە موشریکی دەزانێت ئەی چۆن دوای هاتنی وەحی بە موشریکی نازانێت ؟ کەواتە لەهەر شوێنێک بڵێ تەکفیر ناکرێت ئیللا دوای ئیقامە حوججە ئەوا مەبەستی سزادانە نەک تەکفیر، هەروەک وتوویەتی: کوفری معذب نابێت ئیللا دوای پێگەیشتنی وەحی. [مجموع الفتاوی : 78/2]
کەواتە ئەم دوو ووتەیەی ڕوونی دەکاتەوە ابن تیمیة پێش ئیقامە حوججەش کەسەکە تەکفیر دەکات بەڵام بۆ سزادانی لەسەر ئیقامە حوججە وەستاوە !

لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر وانیە، گەر بێتو پێش و پاشی ووتەکەی سەیر بکەین دەزانین ابن تیمیة مەبەستی چیە، ابن تیمیة بەم شێوازە نوسینە بەناوبانگە کە ڕستەیەک لە کتێبەکەی دەخوێنیتەوە جاری واهەیە دەبێت 10 لاپەرەی پێشووی بخوێنیتەوە تا تێبگەی مەبەستی چیە ئەگینا تەنها سیاقەکە وەرگریت بەبێ خوێندنەوەی سابق و لاحق ئەوا بە هەڵە تێدەگەیت و دەبێتە هۆی ئەوەی

زوڵمی لێ بکەیت هەندێکجار، وە یان بەرگری لێبکەیت بەناحەق هەندێکجار، گەر بێتو لاپەرەیەکی پێشووی ئەم دوو ووتەیە بخوێننەوە دەزانن باسی چی دەکات، ابن تیمیة کە دەڵێ ناوی موشریك دەچەسپێ پێشهاتنی وەحی مەبەستی ئەو قەومانەیە کە پێشهاتنی پێغەمبەرەکان بۆیان لەسەر کوفر و شیرك بوونە هەروەک نموونە بە قەومی فیرعەون دەهێنێتەوە کە الله تعالی پێش ناردنی موسی ﷤ بۆیان هەر بە کافر ناوی بردوون، ئەم ووتەیەی ابن تیمیة-ش شتێکە کە ئیجماعی زانایانی لەسەرە بەبێ خیلاف تەنانەت مەدخەلیەکانیش خیلافیان لەوەدا نیە کە ئەو قەومانەی لەسەر کوفرن باوەڕیان بە الله نیە یان شەریکیان بۆی بڕیار داوە پێشهاتنی پێغەمبەرەکان بۆیان هەر بە کافر حیسابن و ناوی موشریك لەسەریاندا دەچەسپێ هەروەک چۆن کافرانی قورەیش پێشهاتنی وەحی هەر بە کافر حیساب کراون و ناوی موشریکیان لێ نراوە، جا ئەمە شتێک نیە بکرێت بە بەڵگە و مەنهەجی ابن تیمیة-ی پێ ڕوون بکرێتەوە بەڵکو ئەو باسی شتێک دەکات کە خیلافی تێدا نیە لەلای زانایان، سەبارەت بەوەش کە دەڵێ کوفری معذب نابێت ئیللا دوای ئیقامە حوججە ئەمەش ووتەیەک نیە کە تەنها ابن تیمیة خاوەنی بێت بەڵکو دەزانین پێغەمبەر ﷺ هێرشی نەدەکردە سەر هیچ قەومێک تا بانگەوازەکەی پێ ڕانەگەیاندبوان، وە ابن تیمیة مەبەستی ئەوەشە کە لە قیامەت سزا نادرێن تا ئیقامە حوججە نەکرێن بۆیە بەڵگە بە ئایەتی ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ واتا: ئێمە سزایان نادەین تا پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە نەکەین، جا ئایا ئایەتەکە مەبەستی سزای دونیاییە یان قیامەت ئەم باسە خیلافیە کە ئێرە شوێنی نیە، بەڵام بۆ سزای کوشتار (قتال) ڕوونە کە پێغەمبەر ﷺ هێرشی نەدەکرد سەر قەومە کافرەکان تا پەیامی ئیسلامی پێ ڕانەگەیاندبوان جا قبوڵیان بوایە دەبوونە موسڵمان قبوڵیان نەبوایە کوشتاری لەگەڵ دەکردن، جا ناکرێت لەبەر ئەوەی ابن تیمیة وتوویەتی کوشتار دوای ئیقامە حوججە دەکرێت ئەوا بڵێین لەهەر شوێنێک باسی ئیقامە حوججە بکات مەبەستی کوشتار بووە نەک تەکفیر، چونکە هەموو زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەم شتە جا بەم پێیە بێت هیچ زانایەک باوەڕی بە عوزر بە جەهل نیە وەک ووتمان مەدخەلیەکانیش ئەوە دەزانن کە کوشتار دوای ئیقامە حوججە دەکرێت، بەڵام بووترێ ابن تیمیة لەهەر شوێنێک ووتی ئیقامە حوججە مەبەستی کوشتارە لەکاتێکدا ئەو بەڕوونی دەڵێ (تەکفیر

ناکرێت) ئەمە زیادەڕەوی کردنە لە بەرگری کردن و تەئویل هێنانەوە بۆ زانایان، وە ئەم ووتانەش مانای ئەوە نیە کە ابن تیمیة کەس تەکفیر ناکات دەزانین نوێژ نەکەر تەکفیر دەکات دەزانین الرازي تەکفیر کرد کاتێک کتێبی نوسی دەربارەی پەرستنی ئەستێرە دەزانین کاتێک دوو نێردراوەکەی پاشا لە بەندیخانە زۆر توڕەی دەکەن و داواکاریەکەی بەجێ ناگەیەنن پێیان دەڵێ زندیقینە مورتەدینە دین گۆڕینە، بەڵام نە تەکفیر کردنی کەسێک بە معین مانای ئەوە دەدات کە ئەم کەسە باوەڕی بە عوزر بە جەهل نیە، وە نە تەکفیر نەکردنی کەسێک بە معین مانای ئەوە دەدات ئەم کەسە باوەڕی بە عوزر بە جەهل هەیە، بەڵکو لە ووتە و کردارە گشتی و هەمیشەییەکانی دەردەکەوێت وەک لەم هەموو بەڵگەیەدا دەردەکەوت، ئەگینا ابن تیمیة و هیچ زانایەکی تر مەنهەجەکەی دیراسە ناکرێت لەسەر بنەمای یەک ڕووداوی تایبەت و دیاریکراو.

ابن تیمیة دەڵێ: **بە شێوەیەکی گشتی هەر کەسێک قسەیەک یان کارێکی کوفر بکات ئەوا بەمە کافر دەبێت ئەگەرچی مەبەستیشی نەبێت کافر بێت، چونکە کەس نایەوێت کافر بێت ئیللا ما شاء الله.** [الصارم المسلول : 339/2] ط: رمادي

ووتم: ئەمەش ووتەیەک نیە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە تەکفیری معین دەکات باوەڕی بە تەکفیری مطلق نیە، چونکە بە دەیان ووتەی هەیە کە دەڵێ ئەوەی ئاوا بکات کافرە بەڵام تەکفیری مطلق ئەگینا کە دێتە سەر کەسی معین مەنهەجی ڕوونە کە چۆنە، خۆشی یەکێک بووە لەوانەی زۆر تەئکیدی لەسەر ئەم باسە کردۆتەوە کە دەڵێ: سەلەف ووتیان ئەوەی وابکات کافرە گوێگر وادەزانێت ئەوەی کارەکە بکات کافرە، نازانێت کە ئەمە تەکفیری مطلق-ە بۆ کەسی معین نابێت ئیللا دوای هاتنەدی مەرجەکانی تەکفیر و نەمانی ڕێگریەکانی، پاشان ئەو ووتەیەی کاتێک ووتوە کە ڕەددی جەهمیەکان دەداتەوە کە دەڵێن دەبێت کەسەکە لەناخەوە مەبەستی کوفر کردنی هەبێت ئینجا کافر دەبێت، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داونەتەوە، وە دوای ئەم هەموو ووتەیەی کە پێشتر هێنامان کە زۆر بە ڕوونی لە چەندین شوێن تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە تەکفیری معین نابێ بکرێت ئیللا دوای ئیقامە حوججە، دەڵێین کارەکە کوفرە ووتەکە کوفرە بەڵام ناڵێین خاوەنەکەی

کافره ئیللا دوای ئیقامه حوججه، ناتوانم دوای ئەم هەموو ووتانه بڵێم ابن تیمیة باوەڕی به عوزر به جەهل نەبووه و جەهل و تەئویلی نەکردۆته ڕێگری تەکفیر، چونکه گەر باسی مەنهەجی جەمع کردنی ووته بکرێت ئەوا فەرموون جەمعی بکەن بزانن کامەی زاڵتره لایەنی تەکفیری معین یان تەکفیری مطلق، گەر باسی مەنهەجی وەرگرتنی ووتەی محکم و لێکدانەوەی ووتەی متشابه به محکم دەکەن فەرموون بزانن لەکۆی قسەکانی دەردەکەوێت که کامەی محکم بووه و کامەی متشابه بووه، گەر باسی زۆری و بۆری بکرێت دیاره لەکام لایەن ووتەی زۆرتره، وه گریمان بڵێین لێرەدا تەکفیری معین دەکات، ئەوا سەردەمی نوسینی ئەم کتێبه دیاره که له مانگی رجب-ی ساڵی 693 نوسیویەتی واتا 35 ساڵ پێش مردنی، ئەم ماوەیەش زۆره بۆ گۆڕانکاری هەروەک الذهبي باسیکرد که پێش مردنی وتوویەتی: کەس تەکفیر ناکەم لەم ئوممەتەدا مادام بەردەوام بن لەسەر نوێژ کردن، چونکه له فەرموودەدا هاتووه تەنها ئیماندار پارێزگاری له دەست نوێژ دەکات.

جا دوای هەموو ئەم بەڵگانه که شلی ابن تیمیة دەردەخات له بابەتی تەکفیردا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەیت أبو حنیفة تەکفیر بکات ؟ ئەو جەهمی و ڕافیزه به معین تەکفیر ناکات چ جای کەسێک که خاوەن مەزهەبێکی فیقهیه کراوه به یەکێک له پێشەواکانی ئەهلی سوننه، جا ابن تیمیة گەر له تەکفیری جەهمی و موعتەزیله و ڕافیزه و ئەشعەری له مەنهەجی سەلەف لای دابێت و کۆمەڵێک عوزریان بۆ بهێنێتەوه ئیتر ئەمه خەیاڵ بڵاوییه چاوەڕێی ئەوه بکەیت تەکفیری أبو حنیفة بکات بەڵکو خەیاڵه گەر چاوەڕێی ئەوه بکەیت که به ڕاشکاوی تەبدیعی بکات یان دژی بوەستێ، جا تۆ یان دەبێت بڵێی لەمانەش هەر شوێنی دەکەوم وەک ئەو تەکفیری معین ناکەم ئیللا دوای ئیقامه حوججه یان دەبێت بڵێی بۆم دەرکەوت که له بابەتی تەکفیردا نەپێکاوه و بازنەی عوزر هێنانەوەی زۆر فراوانه، جا کاتێک دانت بەم ڕاستیه دانا ئەوا هیچ پێت سەیر نابێت که بۆچی ابن تیمیة تەکفیری أبو حنیفة ناکات یان تەبدیعی ناکات و دژی نەوەستاوه و به ئیمام وەسفی دەکات، جا هەندێک کەس له خەمخۆریان بۆ زانایان هەمیشه هەوڵی عوزر هێنانەوه و تەئویل کردن دەدەن بۆیان تەنانەت دەیگەیەنن به تەئویلی باطل و پێیان ئەستەمه بڵێن نەپێکا، بۆ نموونه

ابن تیمیة لە دەیان شوێن دەڵێ: تەکفیر ناکرێت بە معین ئیللا دوای ئیقامە حوججە کەچی لە شوێنێک بڵێ فلان کافرە ئیتر دەڵێن: تەواو تەکفیری معین-ی کرد کەواتە ووتەکانی پێشووی هەمووی مەتەڵ بوو بەم تەکفیر کردنە مەتەڵەکە ئاشکرا بوو ! واللە دەزانم لە خۆشەویستیتانە بۆ هەر زانایەک کە بەرگری لێدەکەن بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە ڕەش بکەین بە سپی و سپیش بکەین بە ڕەش تەنها لەپێناوی ئەوەی نەڵێن فلان زانا نەیپێکا، منیش یەکێک بووم سەرەتا لەوانەی کە هەمیشە ووتە زۆر و دیارەکانی بە ووتە کەم و دەگمەنەکانی شەرح دەکرد، ووتە موحکەمەکانی واز لێدەهێنا و ووتە متشابهەکانیم دەکرد بە بەڵگە لەمەشدا کاریگەر بووم بە نەجدییەکان، تەنها بۆ ئەوەی وای نیشان بدەم ابن تیمیة لە بابەتی تەکفیردا لەسەر مەنهەجی سەلەفە و هیچ لای نەداوە، بەڵام چیتر بەدواوە ناتوانم خۆم هەڵخەڵەتێنم و ئێستا دڵنیام لەوەی کە ابن تیمیة عوزر بە جەهل لەلای زۆر فراوانە و زۆر بە زەحمەت بە کۆمەڵێک قەید و شەرتی توند کەسی معین تەکفیر دەکات، هەر بۆیەش تەکفیرەکانی سەلەفی بە تەکفیری مطلق ناو بردووە نەک معین وەک بینیتان، زۆربەی ووتەکان بابەتی زیندوون یان ووتەی ڕاشکاون و تەفصیلی پێداون و موجمەل نین، ناکرێ ئەم هەموو ووتەیە بەوە ڕەت بکرێتەوە کە لە شوێنێکدا کەسێکی تەکفیر کردووە یان وتوویەتی ئەوەی وابکات کافرە و ئەوەی وابڵێت کافرە چونکە ئەمانە هەموو ووتەی گشتین کە دێتە سەر واقع هەموو بە مطلق حیسابە لەلای ئەو وەک ڕوونمان کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوە نیە کە ابن تیمیة تەکفیری معین هەرگیز ناکات، بۆیە لەشوێنێک ڕافیزەیەک یان جەهمیەک یان ئەشعەرییەک تەکفیر دەکات ناکرێ تۆ ئەمە بکەیت بە بەڵگەی بنبڕکەر وتەواوی ووتەکانی تری ڕەت بکەیتەوە، خۆ ابن تیمیة ووتی أحمد تەکفیری جەهمیەکان ناکات بە معین، گەر کەسێکیشی تەکفیر کردبێ لێیان ئەوا مەرجەکانی تەکفیری لێ هاتۆتەدی و ڕێگرییەکانی تەکفیری لەسەر لاچووە بۆیە تەکفیری کردووە، بەهەمان شێوەش ابن تیمیة گەر کەسێکی تەکفیر کردبێ بە معین ئەوا ئەو مەرجانەی کە دایناوە بۆ تەکفیر لێی هاتۆتەدی و ئەو ڕێگرییانەی کە دایناوە لەسەری لاچووە بۆیە تەکفیری کردووە، جا بەڕاستی من پێم سەیرە هەندێک برا هەموو ئەم ووتانەی ڕەت دەکەنەوە کە هەمیشە دووبارەیان دەکاتەوە و تەئکیدیان لەسەر دەکاتەوە کە تەکفیری معین ناکرێت ئیللا دوای

ئیقامە حوججە، بە بیانووی ئەوەی لە شوێنێکدا ڕافیزەیەک یان جەهمیەکی تەکفیر کردووە ئیتر دەڵێن تەواو مادام فلانی تەکفیر کرد کەواتە باوەڕی بە عوزر بە جەهل نەبووە و تەکفیری معین-ی کردووە !

لەکوێی ووتەکانی ابن تیمیة وەڵامی ئەو عوزرەی نەجدییەکانمان بۆ دەرکەوت کە هەمیشە ابن تیمیة دەهێننەوە و دەڵێن ابن تیمیة تەنها لە بابەتە خەفیەکان دوای ئیقامە حوججە تەکفیری معین دەکات، خۆ بینیمان کۆمەڵێک بابەتی باسکرد بە هیچ شێوەیەک نابن بە بابەتی خەفی، تەنانەت شیرکی گۆڕ پەرستانیشی باسکرد کە ئەمەیان ئەصلی شیرکی زۆرینەی قەومەکان بووە و پێغەمبەرانی بۆ نێردراوە.

گومانی تەکفیر نەکردنی خەلیفە جەهمیەکان لەلایەن ئیمام أحمد و دەست گرتنی ابن تیمیة پێیەوە:

ابن تیمیة یەکەمین کەسە کە گومانی دروستکردووە دەربارەی ئەوەی کە ئیمام أحمد خەلیفە جەهمیەکانی تەکفیر نەکردووە کاتێک کە وتوویانە قورئان مەخلوقە و خەڵکیان بانگ کردووە بۆ ووتنی ئەم کوفرە و پەرەیان پێداوە و خەڵکیان لەسەر کوشتووە و بەند کردووە و سزاداوە، ابن تیمیة ئەم گومانەی کردۆتە ئەصل و لەسەری ڕۆیشتووە بۆیە نابینیت جەهمیەکان تەکفیر بکات ئیللا بە مطلق نەبێت، وە ئەگەر تەکفیری معین بکات بێگومان ئیللا دوای ئیقامە حوججە دەیکات، جا زۆرێک لە مەدخەلیەکان بە توندی دەستیان بەم گومانەی ابن تیمیة گرتووە، کە تۆ پێی دەڵێی: فلان سەرۆک ووڵات کافرە ئەوەتا کوفرەکانی، پێت دەڵێ: المأمون کوفری هەبوو ئیمام أحمد بۆ تەکفیری نەکرد ؟ جا لەوەش سەیرتر هەندێک موسڵمان لێرە و لەوێ دەڵێن: واللە پیاو ڕاست بڵێ هیچ دەقێکی ئیمام أحمد نیە بە ڕوونی بڵێ المأمون کافرە، یان موسڵمانی وا هەیە دەڕوات تەئویل بۆ باسەکە دەکات و دەڵێ ئەمە باسێکی تایبەتە ناکرێ قیاس بکرێتەوە سەر جەهمیەکانی تر، هی واش هەیە وەک نیفاق بەکاری دەهێنێت لەلای خەواریجەکان دەڵێ ئیمام أحمد المأمون-ی تەکفیر نەکرد دەی گەر ئازان فەرموون ئیمام أحمد تەکفیر بکەن، لەلای مەدخەلیەکانیش دەڵێ ئیمام أحمد المأمون-ی تەکفیر کردووە و ڕەددی گومانەکانیان دەداتەوە ! واللە المستعان.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا کە ابن تیمیة دروستی کردووە و بۆتە کۆڵەگەی پشتی مەدخەلیەکان، سەرەتا دەڵێین: الجعد بن درهم کە دامەزرێنەری عەقیدەی جەهمیەساڵی 105 کوژراوە، الجهم بن صفوان کە عەقیدەی جەهمی لە الجعد وەرگرتووە و عەقیدەکە بەناوی خۆی بڵاو بۆتەوە ساڵی 128 کوژراوە، ئیمام أحمد ساڵی 164 لەدایکبووە کەواتە نیو سەدە پێش لە دایکبوونی ئیمام أحمد عەقیدەی جەهمی هەبووە و زانایان تەکفیریان کردوون، بۆیە تەکفیر کردنی جەهمیەکان شتێک نیە لە سەر ئیمام أحمد وەستابێ، تا کاتی لە دایکبوون و پێگەیشتنی ئەو کەس قسەی لەم بابەتە نەکردبێ ئینجا دوای نیو سەدە بەهۆی ئیمام أحمد-ەوە بزانین جەهمیەکان کافرن یان نا ؟ وە ئایا

به معین تەکفیر دەکرێن یان به مطلق ؟ ابن تیمیة لێرەدا کەوتۆتە هەڵەوە کە تەکفیرکردنی جەهمیەکانی پەیوەست کردووە بە هەڵوێستی ئیمام أحمد بەرامبەر المأمون والمعتصم والواثق، ابن تیمیة بەپێی تێگەیشتنی خۆی بۆ ڕووداوەکان گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ئیمام أحمد ئەم سێ خەلیفەیەی بە معین تەکفیر نەکردووە کەواتە هیچ جەهمیەک بە معین تەکفیر ناکرێت ئیللا دوای ئیقامە حوججەیەک کە ئیقامەکردنی لە تەخت کردنی چیا زەحمەت ترە و کاتی زیاتر پێویستە، بۆیە پێی وایە مونازەرەی ئیمام أحمد لەگەڵ جەهمیەکان هێشتا نەبۆتە ئیقامە حوججە بۆ المعتصم ! جا لەسەر ئەمە ڕۆیشتووە و کردوویەتی بە ئەصل لە بابەتەکە وەک بڵێی پێش لەدایکبوونی ئیمام أحمد و سەرهەڵدانی فیتنەی خلق القرآن لەساڵی 218 هیچ باسی تەکفیرکردنی جەهمیەکان نەکرابێ و هەموو زانایان ئەمەیان بۆ ئیمام أحمد جێهێشتبێ ! جا پێش بچینە سەر باسی هەڵوێستی ئیمام دەربارەی ئەم سێ خەلیفەیە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە موسڵمانی عەقیدە پاک ببینێ ئیمام أحمد لە گۆڕ هەڵساوەتەوە پڕ بە دەمی هاوار دەکات و دەڵێ من ئەم سێ خەلیفەیەم تەکفیرنەکردووە کاتێک وتوویانە قورئان مەخلوقە و خەڵکیان لەسەری سزاداوە و کوشتووە، ئەوا موسڵمان نابێت ئەم قسەیەی لێوەرگرێت و دەبێت ڕەتی بکاتەوە چونکە بە ئیجماعی زانایان تەکفیر کراون لەسەر ئەوە ناوەستین بزانین ئیمام أحمد تەکفیری کردوون تا ئێمەش بیکەین گەر نەیکردوون تا ئێمەش نەیکەین، بۆیە هەڵوێستی ئیمام أحمد هەرچۆنێک بێت عەقیدەی ئێمە لەم باسەدا ناگۆڕێت، باسکردنی ئەم بابەتەش بۆ دوو مەبەستە، یەکەمیان لەبەر ابن تیمیة کە هاتووە هەڵوێستی ئیمام أحمد-ی کردۆتە ئەصل لە بابەتەکەدا کە ئەو چی کردبێت ئیتر دەبێتە حوکمێکی جێگیر و تەکفیری جەهمیەکان دەبێت لەسەر ئەم ئەصلە بنیات بنرێ کە ئەمەش ابن تیمیة-ی خستۆتە هەڵەیەکی گەورەوە کە بە ڕوانین لە سووچێکی ئەم ڕووداوە تەکفیری معین لەسەر جەهمیەکان لادەبات، دووەمیان لەبەر مەدخەلیەکان کە ئەم بابەتەیان بە گوڵ ڕازاندۆتەوە بۆ بەرگری کردن لە کوفری طاغوتەکان و لە دژ وەستانی ئەو کەسانەی کە تەکفیریان دەکەن، لەکاتێکدا ئەم سێ خەلیفەیە هەموو کوفرەکانیان کۆ بکەیتەوە ناگاتە ئەو کوفرانەی کە لە یەک لاپەڕەی دەستوری ئەم طاغوتانە نوسراوە،وە کراوە بە حوکم بەسەر خەڵکیدا لەبری حوکمی الله.

جا هەموو موسڵمانان بگرە ژمارەیەک لە مەدخەلیەکانیش باش ئەوە دەزانن کە جەهمیەکان کافرن و لەلای سەلەف تەکفیر کراون بە معین، وە هیچ موسڵمانێک کە کتێبەکانی سەلەفی خوێندبێتەوە گومانی لەوەدا نیە کە لەسەف تەکفیری معین-ی جەهمیەکانیان کردووە لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیمام أحمد، بگرە ئیمام أحمد ئەم ناوبانگەی بە دەست نەهێنا و نەبووە ئیمامی ئەهلی سوننە ئیللا دوای فیتنەی خلق القرآن نەبێت کە پێشەوایەتی ئەهلی سوننەی کرد بووە نیشانە بۆ خەڵکی، ئەمەش مانای ئەوە نیە ووتەی أحمد وەک ووتەی مەعصوم وابێت بەڵام ئیتر ئەمە فەزڵی الله یە دەیدات بەهەرکەسێک کە بیەوێت، بە فەزڵی الله تعالی أحمد بووە ئیمام و دەم ڕاستی ئەهلی سوننە بەکوێرایی چاوی نەیارانی.

هەروەک **الطبري** دەربارەی دەڵێ: **قسە کردن دەربارەی لەفزی بەندەکان بە قوڕئان هیچ ئەثەرێک نیە لە هاوەڵانەوە کە بیزانین، وە لە تابعینیش نیە، تەنها ئەثەر هەیە لەو کەسەی کە ووتەکانی بە شێوەیەکە بێ پێویستت دەکات لە ووتەی کەسانی تروشیفای تێدایە ڕەحمەت وڕەزای الله-ی لەسەر بێت، وە لە شوێنکەوتنی ئەودا ڕێنموونی و هیدایەت هەیە، ووتەی ئەو لەلامان وەک ووتەی پێشەوایانی سەردەمی زوو وایە، ئەویش أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل رضي الله عنه، أبو إسماعيل الترمذي پێی ڕاگەیاندم ووتی: بیستم أبو عبدالله أحمد بن حنبل دەیووت: ئەوانەی دەڵێن لەفزمان بە قوڕئان مەخلوقە جەهمین** ... (پاشان الطبري دەڵێ) **هیچ ووتەیەکمان نیە لەم بابەتەدا دروست بێ بیڵێین کە هیچ ئیمامێکمان تێیدا نیە جگە لەو، ووتەی ئەویش بەسە بۆمان، ئەو ئیمامێکە خەڵکی شوێنی کەوتوون، ڕەحمەت و ڕەزای الله-ی لێبێت.**

[صريح السنة : 37-38] ت: بدر بن يوسف المعتوق

الذهبي دەڵێ: **المروذي لە کتێبی (القصص) دەڵێ: ئیمام أحمد ووتی: بشر المريسي مرد الحسين الكرابيسي لەدوای خۆی جێهێشت، پاشان ووتی: هەواڵی أبو ثور چیە ؟ هاوڕای الكرابيسي-ە لەمەدا ؟ (واتا: بابەتی لەفزمان بە قوڕئان مەخلوقە) ووتم: هەجری الكرابيسي کردووە، ووتی: شتێکی چاکە، ووتم: من پرسیارم لە أبو ثور کرد دەربارەی ئەو کەسەی کە دەڵێ:**

لەفزم بە قورئان مەخلوقە ؟ أبو ثور ووتی: بیدعەچیە، جا باوکی عبدالله تورە بوو ووتی: بیدعەچی چیە ! ئەمە خودی ووتەی جەهمە. [تاريخ الإسلام : 85/18]

ووتم: بڕوانە ئیمام أحمد لە أبو ثور تورە بووە کاتێک وتوویەتی ئەوەی بڵێ لەفزم بە قورئان مەخلوقە بیدعەچیە، واتا بەوەش ڕازی نیە کە بڵێ بیدعەچیە ئیللا دەبێت تەکفیری بکات، ئینجا چۆن کەسانێک تەکفیر ناکات کە دەڵێن قورئان مەخلوقە ودەیکەن بە دین لە خەڵکی وموسڵمانانی پێ تاقی دەکەنەوە و دەیانکوژن و بەندیان دەکەن و سزایان دەدەن ؟!

جا کە ئێمە زانیمان ئیمام أحمد جەهمیەکانی بە معین تەکفیر کردووە ئیتر چ پێویست دەکات لەوە بکۆڵینەوە ئایا المأمون کە جەهمی بووە أحمد تەکفیری کردووە ؟! بەڕاستی من سەیرم بەو کەسانە دێت کە خۆیان بەم باسەوە خەریک دەکەن، ئەمە وەک ئەوە وایە من بڵێم: هەموو ڕافیزەیەک کافرە بە معین، تۆش بڵێی: ئەی حسن روحاني سەرۆکی ئێران ئەویش تەکفیر دەکەیت ؟ ئێ من ووتم هەموو ڕافیزەیەک کافرە ئیتر چ پێویست دەکات بڵێی ئەی فلان و علان ؟ ئایا لەسەرمە هەر کەسێک ڕافیزە بێت ناوی بهێنم ؟ بۆ نموونە کەسێک زانا بێت لە بەغداد ژیا بێت و کۆمەڵێک کتێبی هەبێت لە کتێبەکانیدا بە ڕوونی دیار بێت کە ڕافیزەکان بە معین تەکفیر دەکات بەڵام لە هیچ کتێبێکیدا نەیووتوە حیدر العبادي کافرە ئایا دوای مردنی ئەم کەسە دەپرسن و دەیکەن بە بابەت و بڵێن: ئایا فلان زانا حیدر العبادي بە کافر زانیوە یان نا ؟ چونکە بە ڕوونی لە کتێبەکانیدا ناوی نەبردووە ؟ ئەی دەکرێ من کە لە هیچ وانەیەکی دەنگی مامۆستا کامەران ﷺ نەم بیستووە بڵێ: مسعود بارزانی کافرە ئینجا بڵێم ئەو لە سەردەمی مسعود ژیاوە بۆ نەیووتوە کافرە ؟! دیارە مامۆستا کامەرانیش شل بووە لەم بابەتەدا، ئێوەش دەڵێن ووتەی هەیە دەڵێ: حزبەکان کافرن ووتەی هەیە دەڵێ: یەکێتی و پارتی کافرن، منیش دەیکەم بە ئینکاری و دەڵێم مادام نەیووتوە مسعود کافرە با هەر بڵێ پارتی کافرە گرنگ ئەوەیە تەکفیری مسعودی نەکردووە بە ڕاشکاوی ! بێگومان لە قسەکانمدا دیارە کە تەنها مەبەستم بیانوو گرتنە بە مامۆستا کامەران ئەگینا ئەوەی گوێی لێ گرتبێ یەک دەنک گومانی لەوە نیە کە مسعود و هەموو هاوشێوەکانی بە کافر زانیوە، منیش دەڵێم ئیمام أحمد-یش بەهەمان شێوە ئەوەی ووتەکانی بزانێت دەربارەی جەهمیەکان یەک دەنک گومانی لەوە

نیە کە ئیمام أحمد المأمون و هەموو هاوشێوەکانی بە کافر زانیوە، دواتر ئەوانیش مرۆڤ بوونە وەک ئێوە ئەوەتا چەندەها زانا لەترسی لێدان و کوشتن لەژێر ئیکراهدا کوفریان کرد ووتیان قورئان مەخلوقە، ئەوانەی عەزیمەتیان گرتە بەر بەرگەی لێدان و بەندکردنیان گرت بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، جا ئایا پێت وایە بارودۆخەکە ئەوەندە ئاسانە هەر کەسە و پڕ بە دەمی خۆی هاوار بکات بڵێ المأمون کافرە ؟ لە کاتێکدا ژمارەیەک زانای ناودار ئەم کوفرە بە دەمیان داهات لەژێر ئیکراهدا تا لەژێر دەستی المأمون ڕزگاریان بێت، بۆ مەگەر زاناکانی تر کە لە سەردەمی المأمون ژیاون هەموویان بە ڕوونی لە کتێبەکانیان وتوویانە المأمون کافرە تا بڵێین بۆ ئیمام أحمد وای نەووتوە ؟ گەر شتێکی لەم جۆرە لە ئارادا بێت هێشتا دەڵێین ڕێی تێدەچێ ئەوەتا زاناکانی سەردەمی المأمون زۆربەیان وتوویانە المأمون کافرە تەنها ئیمام أحمد وای نەووتوە بۆیە جێگای گومانە ئایا أحمد تەکفیری کردووە یان نا ؟ دەی ئێوە ناوی 10 زانام بۆ بهێنن لەم سەردەمەدا کە بە ڕاشکاوی بڵێن المأمون کافرە، ئینجا ئەوکات حەق بە ئێوەیە پرسیار بکەن ئیمام أحمد بۆ وای نەووتوە ؟ وابزانم ئەمەندە بەسە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم گومانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕیوایەتێک دەهێنین لە ئیمام أحمد-ەوە کە کراون بە گومان دواتر چەند ڕیوایەتێکی تر بۆ ڕەتدانەوەی گومانەکان.

ئەو ڕیوایەتانەی وەک گومان دەهێنرێن دەربارەی تەکفیر نەکردنی خەلیفەکان لەلایەن ئیمام أحمد:

الخلال دەڵێ: أخبرنا أحمد بن محمد بن مطر ذكره ابن يحيى أن أبا طالب حدثه أنه قال لأبي عبدالله: **دەڵێن دەجەنگێن لە دژیان و خروجیان لێ دەکەین، أحمد ووتی: نەخێر، شمشێرمان ناوێت دەبێتە فیتنە کەسی بێ تاوان تێیدا دەکوژرێ، دەست بگرن بە دوعاوە.**

[السنة : 1707] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: خروج نەکردن مانای تەکفیر نەکردن نیە، چونکە خروج کردن پەیوەستە بە تواناوە.

الخلال دەڵێ: أخبرني محمد بن أبي هارون و محمد بن جعفر ووتيان: أبو الحارث بۆی گێڕاینەوە ووتی: **پرسیارم لە باوکی عبدالله کرد دەربارەی شتێک کە لە بغداد ڕوویدا، وە کەسانێک نیازیان وابوو خروج بکەن، منیش ووتم: ئەی باوکی عبدالله چی دەڵێی دەربارەی خروج کردن لەگەڵ ئەم کەسانەدا ؟ سەرزەنشتی ئەم کارەی کردن، وە دەیووت: سبحان الله خوێن ! خوێن ! ڕەئیم وانیە و فرمان بە شتی وا ناکەم، ئارامگرتن لەسەر ئەو حاڵەی کە تێیداین باشترە لە فیتنە خوێنی تێدا بڕژێت وماڵ وناموسی تێدا حەلال بکرێت، ئەی نازانی خەڵکی لە چ بارودۆخێکدا بوون -واتا ڕۆژانی فیتنە- ؟ منیش ووتم: ئەی خەڵکی ئەمڕۆ لە فیتنەدا نین ئەی باوکی عبدالله ؟ ووتی: ئەگەرچی فیتنەش بێت ئەمڕۆ بەڵام ئەم فیتنەیە تایبەتە بە هەندێک کەس بەڵام کە شمشێر بەکارهات فیتنە هەمووی دەگرێتەوە وڕێگاکان دادەخرێن، ئارامگرتن لەسەرئەم حاڵە وسەلامەتی دینەکەت باشترە بۆت، وە بینیم سەرزەنشتی خروجی دەکرد لە پێشەوایان و دەیووت: خوێن ! ڕەئیم وانیە و فرمان بە شتی وا ناکەم. [السنة : 89] (سەنەدەکەی صەحیحە).**

الخلال دەڵێ: أخبرني علي بن عيسى ووتی: بیستم حنبل دەیووت: **لە سەردەمی الواثق فەقیهەکانی بغداد کۆبوونەوە هاتنە لای باوکی عبدالله، أبو بكر بن عبيد و إبراهيم بن علي المطبخي وفضل بن عاصم، جا هاتنە لای باوکی عبدالله ئەویش ڕێگای دان بێنە ژوورەوە، ووتیان: ئەی باوکی عبدالله**

ئەم کارە زیاتر خراپ بووە و تەشەنەی سەندووە، مەبەستی فیتنەی خلق القرآن و جگە لەویش بوو، باوکی عبدالله پێی ووتن: چیتان دەوێ ؟ ووتیان: ئێمە ڕاوێژت پێ دەکەین لەوەی کە ڕازی نین بە فەرمانڕەوایی الواثق و دەسەڵاتەکەی، جا باوکی عبدالله ماوەیەک مونازەرەی لەگەڵ کردن، وە پێی ووتن: لە دڵی خۆتاندا سەرزەنشتی بکەن و دەست لە گوێڕایەڵی هەڵمەگرن و یەکڕیزی موسڵمانان تێکمەدەن و خوێنی خۆتان و خوێنی موسڵمانانیش لەگەڵ خۆتان مەڕێژن، سەیری سەرئەنجامی کارەکەتان بکەن و ئارام بگرن تا چاکەکاران دەمرن و دەحەسێنەوە یان خراپەکار دەمرێت و لە دەستی دەحەسێنەوە، وە لەم مونازەرەیەدا قسەی زۆر کرا بیرم نەماوە، جا ئەوان ڕۆیشتن من و باوکم چووینە لای باوکی عبدالله دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، باوکم بە باوکی عبدالله-ی ووت: داوای سەلامەتی لە الله دەکەین بۆ خۆمان و بۆ ئوممەتی محمد، وە حەز ناکەم کەس کاری ئاوا بکات، وە باوکم ووتی: ئەی باوکی عبدالله ئەم کارەی ئەوان لەلای تۆ صەوابە ؟ ووتی: نەخێر ئەمە پێچەوانەی ئەو ئاثارانەیە کە تێیاندا فرمانمان پێکراوە بە ئارامگرن، پاشان باوکی عبدالله ووتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (گەر دەسەڵاتدار لێیدایت ئارام بگرە ، گەر... گەر... ئارام بگرە) جا فرمانی کرد بە ئارامگرتن، وە عبدالله بن مسعود وتوویەتی: ... قسەیەکی کرد بیرم نەماوە. [السنة : 90]

ووتم: علي بن عیسی بن الولید مەجهولە.

الخلال دەڵێ: أخبرنا محمد بن علي قال حدثنا صالح بن أحمد ووتی: باوکم بۆی گێڕامەوە ووتی: **ووتم بە ابن الكلبي و المظفر کە هەردووکیان نێردراوی خەلیفە بوون: بڕوام بە گوێڕایەڵی کردنی خەلیفە هەیە لە ناخۆشی و خۆشیدا لەو کارانەی پێم خۆشن و لەو کارانەش کە پێم خۆش نیە و ئەگەرچی خۆشیان لە ئێمە جیا بکەنەوە، وە من پەشیمانم لە نەچوونم بۆ نوێژی بە کۆمەڵ و ئامادە نەبوونم لە نوێژی هەینی و بانگەوازکردنی موسڵمانان.** [السنة : 13]

ووتم: محمد بن علي مەجهولە، گریمان بڵێین صەحیحیشە ئەوا ئەم قسەیە لەسەردەمی المتوكل ووتراوە کە موسڵمان بووە و فیتنەی خلق القرآن لە سەردەمی ئەو کوژایەوە و سوننەت بڵاو

بوويەوە، ابن الكلبي پۆستەچی المتوكل بووە، المظفر بە زاراوەی ئەمڕۆ سكرتێری عبدالله بن إسحاق بووە كە والی بغداد بووە لە سەردەمی المتوكل، ئەمەش كاتێک ڕوویدا كە محمد بن شجاع الثلجي درۆزن و جەهمی كە حەنەفی مەزهەب بوو، وە كۆمەڵێک ڕیوایەتی ئەومان هێنا لە بەشی دووەم دەربارەی مەدحی أبو حنيفة، ئەو بوهتانی بۆ ئیمام أحمد هەڵبەستا نامەیەکی بۆ المتوكل نوسی كە گوایە ئیمام أحمد كەسێكی عەلەوی لەماڵی خۆی حەشارداوە بۆ ئەوەی بەیعەتی پێ بدات، كاتێک دار و دەستەی المتوكل هاتن ماڵی ئیمام أحمد بپشكنن ئینجا ئیمام أحمد ئەم قسانەی كردووە، وە ووتمان كە شێخی الخلال مەجهولە بەڵام گریمان صەحیحیش بوایە ئەمە وەڵامێكە بۆی.

الخلال دەڵێ: أخبرني علي بن عيسى بن الوليد أن حنبلا حدثهم، وأخبرني عصمة بن عصام قال حدثنا حنبل ووتی: **لەم ڕووداوە -واتا ئەوەی پێشوو- ووتی: من دوعای بۆ دەكەم بە پێكان و سەركەوتن و پشتگرتن لە شەو و ڕۆژدا، وە بڕوام وایە كە ئەمە واجبی ئەوە لەسەرم.** [السنة : 14]
ووتم: الخلال بە دوو سەنەد ئەم ڕیوایەتەی هێناوە سەنەدی یەكەم لە علي بن عيسى بن الوليد كە مەجهولە، سەنەدی دووەم لە عصمة بن عاصم، ئەمەی دووەمیان دەتوانین بڵێین حەسەنە چونكە الخلال تەوسیقی ئەم شێخەی كردووە، جا ئەم دوعایەش لە هەمان ڕووداوی پێشوودا ووتراوە وەک حنبل باسی دەكات، ئەمەش درۆی مەدخەلیەكان هەڵدەوەشێنێتەوە كە گوایە ئیمام أحمد سەرەڕای ئەوەی المأمون خراپی بەسەر هێنا كەچی دوعای بۆ دەكرد، بەڵكو ئیمام أحمد دوعای لە المأمون كردووە نەک بۆی بكات، شەوی مردنی المأمون ئیمام أحمد دوعای لێدەكات كە الله لە كۆڵ خەڵكی بكاتەوە بۆ بەرە بەیان هەواڵی مردنی المأمون بڵاو دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوعاكردن بۆ خەلیفەی كافر بە هیدایەتدان و تەوبەكردن و ئیصلاح بوونی هیچ شتێكی ناشەرعی تێدا نیە گەر هەر كەسێک بیكات.

الخلال دەڵێ: أخبرنا أبو بكر المروذي ووتی: **أبو عبدالله -واتا ئیمام أحمد- ووتی: ووتم بە ابن الكلبي كە هاوەڵی خەلیفە بوو لەوەتەی خۆم ناسیوە تا ئەم كاتەی ئێستا ئیللا پێم وابووە كە دەبێت**

نوێژ لەدوای وەلی ئەمرەکان بکرێت و حیساب بۆ پێشەوایەتیان بکرێت، وە بڕوام بەوە نیە کە خروجیان لێ بکرێت. [السنة : 86] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**

ووتم: پێشتر باسمان کرد کە ابن الكلبي پۆستەچی المتوكل بووە کە خەلیفەیەکی موسڵمان بووە، وە ئەم قسانەی ئیمام أحمد هەمووی دروستە بۆ خەلیفەیەک کە موسڵمان بێت، بەڵام دەپرسین بۆچی ئیمام أحمد لە سەردەمی ئەوانەی پێش المتوكل نوێژی لەدوایان ئەنجام نەدەدا یان گەر ئەنجامی دابوایە ئەوا پاشان دووبارەی دەکردەوە و فەتوای بۆ خەڵک دەدا کە نوێژ دووبارە بکەنەوە لەکاتێکدا ئیمام أحمد دەڵێ عەقیدەکەم بەم شێوەیە کە نوێژ بکرێت لەدوایاندا ؟ حاشا لە ئیمام أحمد کە ئەهلی نیفاق بێت قسەیەک بکات و خۆی دژی بوەستێ، کەواتە خەلیفەکانی پێش المتوكل-ی بە موسڵمانی نەزانیوە بۆیە نوێژی لەدوا نەکردوون یان دووبارەی کردۆتەوە.

حنبل بن إسحاق بەسەرهاتی پیاوێکی سەر بە دەسەڵات دەگێڕێتەوە کە لەکاتی سزادانی ئیمام أحمد لەوێ ئامادە بووە پاشان هاتووە داوای گەردەن ئازادی لە ئیمام أحمد دەکات، جا ئیمام أحمد پێی دەڵێ: **تەوبە بکە بۆلای الله عز وجل وە مەگەڕێوە بۆ ئەم شتە، پیاوەکە ووتی: ئەی باوکی عبدالله من تەوبەم کردووە بۆلای الله عزوجل لە گەڕانەوە بۆلای دەسەڵات، جا باوکی عبدالله پێی ووت: گەردنی تۆم ئازاد کرد، وە هەر کەسێک باسی کردوومە گەردنی ئازاد بێت تەنها بیدعەچی نەبێت. حنبل دەڵێ: باوکی عبدالله ووتی: گەردنی باوکی إسحاق-یشم ئازاد کرد. (واتا: المعتصم).**

[ذكر محنة الإمام أحمد بن حنبل : 64-65]

ووتم: دوای پەشیمان بوونەوەی المعتصم ئینجا ئیمام أحمد گەردنی ئازاد کردووە وەک دواتر باسی دەکەین، نەک ئەوانەی کە لەسەر کوفر بەردەوام بوونە گەردنیان ئازاد بکات، بۆیە دەڵێ گەردەنی بیدعەچی ئازاد ناکەم، تۆ بڵێی المعتصم-ی بە بیدعەچیش نەزانی بێت بۆیە گەردەنی ئازاد کردووە؟! بۆیە نەقل کردنی ئەم ڕووداوانە بە پارچەکراوی ووتەیەک لێرە و ووتەیەک لەوێ دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕاستیەکان ، ئەی بۆ هیچ کەسێک باسی پەشیمان بوونەوەی المعتصم ناکات تەنها باسی گەردن ئازاد کردنی المعتصم دەکرێ لەلایەن ئیمام أحمد ؟!

حنبل بن إسحاق دەڵێ: **بیستم صالح-ی کوڕی ئیمام أحمد بە باوکی ووت: باوکە فضل الأنماطي گەردنی أبو إسحاق المعتصم-ی ئازاد کرد لەو شتانەی کە پێی کردبوو لە لێدان، أبو عبدالله -واتا ئیمام أحمد- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَلۡيَعۡفُواْ وَلۡيَصۡفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ﴾ پاشان أبو عبدالله ووتی: کاتێک ڕۆژی قیامەت دادێت الله عز وجل دەفەرمووێ: (کەس ناچێتە بەهەشتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە لە خەڵکی خۆشبوونە، جا ئەهلی عەفو هەڵدەستنەوە و دەچنە بەهەشتەوە بەهۆی لێخۆشبوونیان لە خەڵکی) چی زەرەر دەکات پیاو گەر لە براکەی خۆشبێت الله-ش لەو خۆش دەبێت و سزای نادات ؟! پاشان ووتی: منیش گەردنی المعتصم-م ئازاد کرد لەو کارانەی کە پێی کردم لە لێدان و بەندکردن و کۆت و زنجیرکردن، بەڵکو الله لێم خۆشبێت بەهۆی لێخۆشبوونم لەو.** [ذكر محنة الإمام أحمد بن حنبل : 66]

ووتم: دواتر ڕیوایەتی تەوبەکردنی المعتصم دەهێنین.

صالح بن الإمام أحمد دەڵێ: **باوکم ووتی: لە مردووەکە خۆشبووم لەسەر ئەوەی کە لێیدام، پاشان دەیووت: چی زەرەر دەکات پیاو گەر بەهۆی ئەوەوە الله هیچ کەسێک سزا نەدات؟!**

[سيرة الإمام أحمد بن حنبل : 47] ت: محمد الزغلي

ووتم: ئەوەی لە ئیمام أحمد-ی دا المعتصم بوو، لە سەردەمی المأمون بەندکرابوو المأمون ووتی بیبینم دەیکوژم، ئیمام أحمد دوعای لێکرد کە الله لە کۆڵیانی بکاتەوە، ئەوە بوو بەرە بەیانیەکەی پێش بینینی هەواڵی مەرگی المأمون بڵاوبوویەوە، ئینجا لە سەردەمی المعتصم زۆر بە توندی لێیدرا پاشان المعتصم لێی بێ هیوا بوو ئازادی کرد، لە سەردەمی الواثق هەر ئازاد بوو توشی لێدانیش نەبوو بەڵام بۆی نەبوو لە ماڵ بێتە دەرەوە، کەواتە ئەم لێخۆشبوونە تەنها المعتصم دەگرێتەوە کە تەوبەی کردووە.

چەند ڕیوایەتێک کە وەڵامە بۆ ئەم گومانانە:

حنبل بن إسحاق دەڵێ: أبو إسحاق -المعتصم- فرمانی بە إسحاق بن إبراهیم کردبوو **هەمیشە هەواڵی أحمد بن حنبل-ی بۆ بهێنێت، چونکە وەک إسحاق بۆی گێڕاینەوە دوای بێ هیوا بوونی المعتصم لە أحمد ئازادی کرد، وە پێمان گەیشت کە أبو إسحاق -المعتصم- پەشیمان بوویەوە دوای ئەمە تا تەوبەی کرد و چاک بوویەوە، جا خاوەنی هەواڵ إسحاق بن إبراهیم هەموو ڕۆژێک دەهاتە لامان بۆ ئەوەی هەواڵی أحمد بزانێت تا أحمد چاک بوویەوە و تیماری بوو دوای چارەسەر.** [ذكر محنة الإمام أحمد بن حنبل : 60-61] ت: محمد نغش

ووتم: واتا المعتصم لەکۆتاییدا تەوبەی کردووە و پەشیمان بۆتەوە، ئیتر بڵاوکردنەوەی لێخۆشبوونی أحمد لە المعتصم بەبێ ئاماژەدان بە تەوبەکردنی المعتصم گۆڕینی ڕاستیەکان و خۆڵ کردنە چاوی خەڵکە.

الخلال دەڵێ: أخبرني عبدالله بن حنبل قال حدثني أبي ووتی: **مامم -واتا ئیمام أحمد- ووتی: کام بەڵا گەورەتر بوو لەو الذمي-ە، دوژمنی الله و دوژمنی ئیسلام مراندنی سوننەتی داهێنا لە ئیسلام. واتا ئەوەی پێش المتوكل، جا المتوكل سوننەتی زیندوو کردەوە ڕەزای الله-ی لێبێت.** [السنة : 23]

ووتم: ناوبردنی خەلیفەی پێش المتوكل واتا الواثق بە ئەهلی ذیممە و دوژمنی الله و دوژمنی ئیسلام تەکفیر لەخۆ دەگرێت، دایکی الواثق ڕۆمی بوو ناوی قراطيس بوو لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە پێی بڵێ ئەهلی ذیممە وەک تانەدان لێی.

ئەگەرچی لە تەحقیقی (عطیة الزهراني) ووشەی (أكثر) هاتووە -أي بلاء كان أكثر- بەڵام الفراء لە (الأحكام السلطانية) هەمان ڕیوایەتی نەقل کردووە ووشەی (أكبر) هاتووە -أي بلاء كان أكبر- وە ووشەی (أكبر) گونجاوترە بۆ سیاقەکە چونکە باسی بەڵا دەکات، کامە بەڵا گەورەترە نەک کامە بەڵا زۆرترە، بۆیە منیش ئەوەم داناوە.

يوسف بن عبدالهادي دەربارەی ڕیوایەتەکەی پێشووی الخلال دەڵێ: **گەر لەلای أحمد ئیمامەتی ئەو خەلیفەیە دروست بوایە ئەوا بۆی حەلال نەبوو ئاوای پێ بڵێت.**
[إيضاح طرق الإستقامة : 61] ط: دار النوادر

أبو يعلى دەڵێ: **لە ڕیوایەتی الأثرم هاتووە کە پرسیار لە أحمد کراوە دەربارەی ژنێک کە وەلی ئەمری نیە، أحمد وتوویەتی دەسەڵاتدار دەبێتە وەلی ئەمری، پێی ووترا: دەڵێی دەسەڵاتدار! کە دەبینی ئەمڕۆ ئێمە لە چ حاڵێک داین ؟ ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە قازیەکان تاقی دەکرانەوە بە فیتنەی خلق القرآن، أحمد ووتی: من وەڵامم نەدایەوە بەگوێرەی ئەمڕۆ، تەنها ووتم دەسەڵاتدار.**
[الأحكام السلطانية : 20] ت: محمد حامد الفقي
ووتم: ووتەکەی أحمد واتا: لە ئەصلدا حوکمەکە ئاوایە کە دەسەڵاتدار دەبێتە وەلی ئەمری کچەکە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ نابێت چونکە خەلیفە کافرە، گەرخەلیفەی ئەوکاتی بە موسڵمان زانیبوایە وای نەدەووت، چونکە کافر ویلایەتی نیە بەسەر موسڵمان.

أبو يعلى دەربارەی ئەم ووتەیەی أحمد دەڵێ: **ئەم ووتەیە زەمکردن و تانەدان لە خەلیفەکانی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش ڕوونادات تەنها بە تانەدان لە فەرمانڕەوایەتیان نەبێت.**
[الأحكام السلطانية : 20]

الخلال دەڵێ: أخبرني أحمد بن محمد بن مطر قال حدثنا أبو طالب ووتی: **ووتم بە باوکی عبدالله ئێمە بەلای گۆڕی کەسێکدا تێپەڕین لە طرسوس، خەڵکی طرسوس ووتیان: کافرەکە ڕەحمەتی الله-ی لێ نەبێت، جا باوکی عبدالله ووتی: بەڵێ ڕەحمەتی الله-ی لێ نەبێت، ئەو بوو ئەم تاقیکردنەوەیەی دامەزراند و هێنای.** [السنة : 1708] **(سەنەدەکەی صەحیحە).**
ووتم: چۆن بزانین ئەمە گۆڕی المأمون بووە ؟
یەکەم: الذهبي دەربارەی المأمون دەڵێ: لە 12ی رجب ساڵی 218 مرد، تەمەنی 48 ساڵ بوو، لە البذندون مرد، العباس-ی کوڕی تەرمەکەی گواستەوە لە طرسوس ناشتی.

[سير أعلام النبلاء : 289/10]

جەعد و جەهم کە یەکەم کەس بوون ئەم کوفرەیان داهێنا (ووتنی قورئان مەخلوقە) جەعد لە شاری واسط کوژرا بە دەستی خالد بن عبدالله القسري، جەهم لە خوراسان کوژرا بە دەستی سالم بن أحوز المازني، پاشان کە فیتنەی خلق القرآن لە سەردەمی المأمون سەری هەڵدا و خەڵکی لەسەر تاقی دەکرایەوە، سێ کەس ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبوو، بشر المریسي و أحمد بن أبي دؤاد و المأمون، بشر المریسي لە واسط مرد، أحمد بن أبي دؤاد لە بغداد نێژرا، ئەوەی مایەوە المأمون بوو کە لە طرسوس نێژراوە، نازانم کێی تر هەیە دەوری لەم فیتنەیەدا هەیە و ڕۆڵی سەرەکی بینیوە و لە طرسوس نێژراوە کەچی کەس باسی نەکردووە جگە المأمون ؟ دواتر طرسوس لە شامە خەڵکی شام بێ ئاگابوون لەم کوفرە لە خەڵکی عیراقەوە بۆیان گوێزرایەوە وەک الأوزاعي باسی دەکات، چ جای ئەوەی یەکێک لەوان دایمەزرێنێت و ڕۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕێت.

دووەم: ناسینەوەی گۆڕەکەی لەلای خەڵکی چونکە خەلیفە بووە گۆڕەکەی ناسراوە، ئەگینا وەک ووتمان ئەوانەی دەستیان لەم کارەدا هەبووە کەسیان لەوێ نەنێژراون تا گۆڕەکانیان بناسرێ لەلای خەڵکەوە.

سێیەم: خودی ووتەکەی ئیمام أحمد کە دەڵێ ئەو دایمەزراند و هێنای، ئاماژەیە بۆ المأمون کە ئیمام أحمد لەگەڵی ژیاوە و سزا دراوە لەسەر دەستی، وە ئەو کتێبە فەلسەفیە یۆنانیەکانی هێنا وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبی و گرنگی پێدا.

چوارەم: الخلال ناوی کەسەکەی شاردۆتەوە کردوویەتی بە پیاوێک چونکە ئەویش لە سەردەمی عەباسیەکان ژیاوە ئەوکاتیش دەسەڵات پشت بە پشت بووە لە باوکەوە بۆ کوڕ یان لە براوە بۆ برا بۆیە ئەوانەی ئەو سەردەمیش کە خەلیفە بوونە هەر عەباسیەکان بوونە لە نەوەی هارون الرشید، دیارە ناوهێنانی المأمون لەو کاتەدا زەحمەت بووە بۆ زاناکان ئەگینا الخلال هیچ دوو دڵ نەبووە لەناو هێنانی کافر و گومڕاکان، الخلال 17 ساڵ دوای مردنی المأمون لەدایکبووە، بۆ نموونە پاشای یەکەمی دەوڵەتی سعودیەی سێیەم بەناوی عبدالعزیز بن عبدالرحمن آل سعود کە 66 ساڵە مردووە تا ئێستاش وێنەکانی لە کۆشکی پاشایەتیدا هەیە کێ دەتوانێ لە سعودیە بە ئاشکرا باسی

تەكفیر كردنی بكات ؟ ئەوەی المأمون-یش بەهەمان شێوە بهێنە بەرچاوت، بەڵگەش بۆ ئەوەی كە الخلال ناوەكەی شاردۆتەوە ئەمەیە كە أبو طالب دەڵێ: بە لای گۆڕی پیاوێک تێپەڕین، ئیمام أحمد ناڵێ ئەم پیاوە كێ بوو، ڕێک دەڵێ بەڵێ ڕەحمەتی الله-ی لێ نەبێت، كەواتە ڕوونە كە أبو طالب ناوەكەی ووتوە بەڵام الخلال شاردوویەتیەوە.

ابن كثير دەڵێ: **پیاوێک نامەیەكی بۆ المتوكل نارد تێیدا نوسیبووی: ئەی ئەمیری ئیمانداران أحمد بن حنبل جوێن بە باوانت دەدات و بە زندیق ناویان دەبات، المتوكل بۆ پیاوەكەی نوسی: المأمون شتەكانی تێكەڵ كرد جا وایكرد خەڵک قسەی پێ بڵێن، وە المعتصم-ی باوكم پیاوی جەنگ بوو لەم باسانە حاڵی نەدەبوو، وە الواثق-ی برام ئەوەی دەربارەی ووتراوە حەقە.**
[البداية والنهاية : 419/14] ت: التركي
ووتم: بڕوانە المتوكل ئینكاری لەوە ناكات كە الواثق-ی برای شایستەیە پێی بووترێ زندیق، ئەی ئیمام أحمد چی ؟ پێت وایە بڵێ نەخێر موسڵمانە و وەلی ئەمرە ؟

ئیمام أحمد باسی كاتی بەندیخانە دەكات پێش چوونی بۆلای المعتصم دەڵێ: **ووتم بە ابن الحجام هاوار بە حاڵت دوای ئەوەی طەلەبی عیلم و فەرموودەت كرد گەیشتووی بەم حاڵە ؟! وە پرسیارم لێ كرد دەربارەی عیلمی الله ؟ ووتی: عیلمی الله مەخلوقە، منیش پێم ووت: كافر بووی بە الله-ی عظیم ئەی كافر، نێرداوی إسحاق پێی ووتم: ئەمە نێرداوی ئەمیری ئیماندارانە، منیش پێم ووت: ئەمە كافر بوو بە الله، وە بە هاوەڵەكەیم ووت كە لەگەڵی بوو بەناوی ابن رباح ئەمە واتا ابن الحجام كافر بوو.** [ذكر محنة الإمام أحمد بن حنبل : 42]

حنبل بن إسحاق مونازەڕەی ئیمام أحمد و زانا جەهمیەكان بە ئامادەبوونی المعتصم دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **أبو عبدالله -واتا ئیمام أحمد- ووتی: المعتصم پێی ووتم: گەر تۆ لە دەستی خەلیفەی پێش خۆم نەبوای ئەوا حەقم بەسەرتەوە نەبوو، پاشان المعتصم بە عبدالرحمن بن إسحاق-ی ووت: فرمانم پێ نەكردیت ئەم تاقیكردنەوەیە هەڵگریت ؟ ئیمام أحمد دەڵێ: لە دڵی خۆمدا ووتم: الله**

أكبر، لەمەدا ڕزگار بوون هەیە بۆ موسڵمانان، پاشان المعتصم ووتی: مونازەڕەی بکەن و قسەی لەگەڵدا بکەن، ئەی عبدالرحمن قسەی لەگەڵدا بکە، جا عبدالرحمن ووتی: چی دەڵێی دەربارەی قوڕئان ؟ وەڵامم نەدایەوە، پاشان ابن أبي دؤاد بە عبدالرحمن-ی ووت: قسەی لەگەڵ بکە، جا عبدالرحمن پرسیاری لێکردم ووتی: چی دەڵێی دەربارەی قوڕئان ؟ المعتصم پێی ووتم: وەڵامی بدەرەوە، منیش پێم ووت: چی دەڵێی دەربارەی عیلمی الله ؟ جا بێدەنگ بوو، بە عبدالرحمن القزاز-م ووت: قوڕئان بەشێکە لە عیلمی الله، جا هەرکەسێک پێی وابێت عیلمی الله مەخلوقە ئەوا کافر بووە بە الله، جا عبدالرحمن بێدەنگ بوو هیچ وەڵامی نەدایەوە، جا لەنێوان خۆیاندا ووتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئێمە و تۆشی تەکفیر کرد. [ذكر محنة الإمام أحمد بن حنبل : 45]

ووتم: گەر ئیمام أحمد المعتصم-ی بە کافر نەزانیبوایە حاشای لێدەکرد و دەیووت نەخێر من تەکفیرت ناکەم، هەروەک چۆن ابن تيمية بە دەمی خۆی دانی پێدانا ووتی من بە زانا گەورەکانیانم ووت ئێوە لەلای من کافر نین چونکە جاهیلن، کەچی ئیمام أحمد وا شمشێر لەسەریەتی و دەست و قاچی کۆت و زنجیری کراوە گەر بە موسڵمانی بزانێت چۆن لە حاڵەتێکی ئاوا هەستیاردا خوێنی خۆی بە فیڕۆ دەدات و نایەتە دەنگ بڵێ: ئەی ئەمیری ئیمانداران درۆ دەکەن بە دەمی منەوە من تۆ بە کافر نازانم ! جا لێرەدا لەوانەیە ئەم قاعیدە فقهیە بکەن بە بەڵگە (لا ينسب إلى ساكت قول) واتا: کەسی بێدەنگ هیچ شتێکی نادرێتە پاڵ، لێرەدا ئیمام أحمد بێدەنگ بووە کاتێک ئەوان وتوویانە ئەی ئەمیری ئیمانداران ئێمە و تۆشی تەکفیر کرد، جا مادام بێدەنگ بووە نابێت ئەوەی بدرێتە پاڵ کە المعتصم و ئەوانیشی تەکفیر کردووە، بەڵام گەر بێتو تەواوی قاعیدەکە بهێنین ئەوا دەردەکەوێت ڕووداوەکەی ئیمام أحمد شێوەیەکی ترە، قاعیدەکە بەم شێوەیە بە تەواوی (لا ينسب إلى ساكت قول، لكن السكوت في معرض الحاجة بيان) واتا: هیچ ووتەیەک نادرێتە پاڵ کەسی بێدەنگ، بەڵام بێدەنگ بوون لە کاتێکدا کە قسە کردن پێویستە ئەوا خودی بێدەنگ بوونەکە بە ڕازی بوون حیساب دەکرێت، هەروەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بێوەژن بە شوو نادرێت تا بە دەمی خۆی دەڵێ ڕازیم، کچیش بە شوو نادرێت تا ئیزنی لێوەردەگیرێت، بێدەنگ بوونیشی واتا ئیزنی داوە) جا لێرەدا بێدەنگ بوونی کچەکە بە مانای ڕازی بوون حیساب دەکرێت چونکە گەر ڕازی

نەبێت دەڵێ ڕازی نیم شوو بەم کوڕە بکەم یان دەڵێ جارێ نامەوێ شوو بکەم، ووتنی ئەم قسەیەش لەلایەن کچەوە هیچ ڕێگرییەکی لە بەردەمدا نیە کە نەتوانێ وابڵێ، بەڵام ووتنی ئەوەی ڕازیم و شووی پێ دەکەم زەحمەتە بۆ کچ بەهۆی شەرمەوە، جا بۆیە بێدەنگ بوونەکەی بە ڕازی بوون حیساب دەکرێت، کەواتە دەبێت برگەی دووەمی قاعیدەکەش ڕەچاو بکەین ئەگینا تەنها سەیرکردنی برگەی یەکەم وادەکات بە ڕەهایی قاعیدەکە وەربگرین لە هەموو بارودۆخێکدا کە ئەمەش هەڵەیەکی ڕوونە.

أحمد الزرقا لە شەرحی برگەی دووەمی قاعیدەکە (لكن السكوت في معرض الحاجة بيان) دەڵێ:
بێدەنگ بوونی ئەو کەسەی کە توانای قسەکردنی هەیە (واتا: لاڵ نیە) لەو کاتەی کە پێویستە قسە بکات ئەوا بێدەنگیەکەی بە ڕازی بوون حیساب دەکرێت بەو مەرجەی حاڵی کەسەکە بەڵگە بێت لەسەری یان زەرورەتێک هەبێ وای لێ بکات قسە نەکات بۆ لابردنی مەترسی و زیان.
[شرح القواعد الفقهية : 338] ط: دار القلم
ووتم: ووتی دەبێ حاڵی کەسەکە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە بێدەنگ بوونەکەی مانای ڕازی بوونە، ئێمەش گەر سەیری حاڵی ئیمام أحمد بکەین دەبینین حاڵی ڕێگا دەدات بەوەی کە بلێین ئەوانی تەکفیر کردووە و ڕازی بووە بەم ووتەیەی ئەوان، چونکە ئیمام أحمد ووتەی زۆرە کە دەڵێ: ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە ئەوەی تەکفیریشی نەکات کافرە، جا چ شتێکی سەیر لەوەدا هەیە کە ئیمام أحمد کەسێک تەکفیر بکات کە دەڵێ قورئان مەخلوقە ؟! وە ووتی: یان بەهۆی لابردنی ترسی کوشتن یان زیان لەسەر خۆی بێدەنگ بێت، وە ئەم مەرجەش لە ئیمام أحمد هەیە کە ترسی کوشتن ڕێگر بێت لە بەردەم قسەکردنی بۆیە بە ڕاشکاوی نەیووتوە فلان خەلیفە کافرە نەوەک بیکوژێت، کەواتە هەردوو مەرجەکە لە ئیمام أحمد بوونی هەیە کە أحمد الزرقا باسیکرد، جا ئەم مونازەڕەیە کاتێک ڕوویداوە کە تازە المأمون مردووە و المعتصم بۆتە خەلیفە، وە المعتصم وتوویەتی فرمانم کردووە کە ئەم تاقیکردنەوەیە هەڵگرن، وە یەکەم جارە ئیمام أحمد دەیبینێت و قسەکانی دەبیستێت جا گەر المعتصم و ئەوانەی دەوری تەکفیر بکات، ئەی بە چ حەقێک المأمون

تەکفیر ناکات کە ئەو ئەم فیتنەیەی هەڵگیرساند ؟ بۆیە گەر المعتصم تەکفیر بکات لە یەکەم بینین و قسەکردندا ئەوا المأمون زۆر لە پێشترە کە تەکفیری بکات، پاشان الواثق کە دوای المعتصم دەبێتە خەلیفە ئەگەرچی ئیمام أحمد بەند ناکات و سزای نادات بەڵام پێی دەڵێ نەتبینم لەسەر زەوییەکەم بۆیە ئیمام أحمد هەمیشە خۆی لێ حەشار دەدا، تەنانەت بە فرمانی الواثق لەسەر مزگەوتەکانی مصر دەنوسرا (لا إله إلا الله رب القرآن المخلوق) واتا: هیچ پەرستراوێک نیە بە حەق جگە لە الله کە خاوەنی قورئانی مەخلوقە، وە لە سەردەمی ئەودا هیچ زانایەک نەمایەوە کە تاقی نەکرێتەوە، جا بۆیە هیچ ڕێگریەک نیە لە تەکفیر کردنی ئەویش لەلایەن ئیمام أحمد، وە هەر بەپێی مەزهەبی ابن تیمیة کە دەبێت دوای ئیقامە حوججە جەهمیەکان تەکفیر بکرێن دەڵێین: چ ئیقامە حوججەیەک ڕوونترە لەو ئیقامە حوججەیەی کە لە مونازەرەدا دەکرێت ؟ ئیمام أحمد بە ئامادەبی المعتصم مونازەرەی لەگەڵ جەهمیەکاندا کرد کەواتە ئیقامە حوججەی کردوون ئیتر بۆ تەکفیریان ناکات ؟ کەواتە بەپێی مەزهەبی ابن تیمیة-ش ئیمام أحمد هەردەبێ تەکفیری کردبن چونکە ئیقامە حوججەی کردوون لە مونازەرەکەدا، بەڵام تۆ بتەوێ ئیللا ئیمام أحمد ڕووبەڕوو بە المعتصم بڵێ تۆ کافری ئەگینا قبوڵی ناکەم، یان بۆچی لەکاتی مونازەرەکەدا بە ئەمیری ئیمانداران ناوی دەبات دیارە بە موسڵمانی زانیوە، ئەوا دەڵێین ئەو زانایانەی کە زۆرێکیان تابعی بوون کە بە ڕاشکاوی ووتەیان هەیە دەربارەی تەکفیر کردنی الحجاج کاتێک دەکەونە ژێر دەستی لەترسی کوشتنی نەک باسی تەکفیر کردنی ناکەن بگرە زۆر داوای لێبوردنیشی لێدەکەن و سوپاسی دەکەن کە گەورەیی بنوێنێت و بیان بوورێت، بۆ نموونە الشعبي کە زانایەکی تابعی گەورەیە سەرەتا دەڵێ: شایەتی دەدەم کە الحجاج ئیمانی بە طاغوت هەیە و کافرە بە الله، کەچی دوای شکانی ابن الأشعث کە الشعبي دەکەوێتە دەستی الحجاج بە ئەمیر ناوی دەبات و زۆر جیاوازتر قسە دەکات لەگەڵی و داوای لێدەکات کە لێی خۆش بێت، هەموو ئامانجی ئەوەیە کە نەیکوژێت، بڕوانە [تاريخ الطبري : 375/6] ط: دار المعارف، گەر بووترێ ئیمام أحمد لە شمشێر نەترساوە ئەوەتا ئەوەندە لێی دراوە تەنانەت صالح-کوڕی دەڵێ کاتێک مردیش ئاسەواری لێدان بەسەر پشتیەوە مابوو واتا دوای 23 ساڵ، دەڵێین بەڵێ ئامادە نەبووە کوفر بکات لە بابەتێکدا کە خەڵکی هەموو چاوەڕێی دەمی ئەو دەکەن، تەنانەت کە

إسحاق-ی مامی دەچێتە لای داوای لێدەکات وەک تقیة وەڵامی داواکەیان بداتەوە و بڵێ قورئان مەخلوقە، ئیمام أحمد دەڵێ: گەرزانا بە تقیة قسە بکات و جاهیلیش بە جەهلەوە قسە بکات ئەی چۆن حەق ڕوون دەبێتەوە ؟! بۆیە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو لەژێر ئیکراهیشدا وەڵامیان بداتەوە، وە گومانیش لەوەدا نیە ئەگەرچی ئەو کەسەی زۆری لێ بکرێت عوزری هەیە بەڵام ئەوەی عەزیمەت وەردەگرێت تەسلیمی داواکەیان نابێت فەزل و پاداشتی زیاترە، بەتایبەتی گەر کەسەکە زانا بێت و خەڵکی چاویان لەسەری بێت لەپێشترە کە عەزیمەت وەربگرێت، بەڵام باسکردنی تەکفیر کردنی المأمون والمعتصم والواثق شتێکی ترە، ئەمڕۆ چەندەها زانای موەحید هەیە لە وڵاتان کە ئازادە یان گیراوە دەبینی تەواوی کتێب و دەرسەکانی دەربارەی تەکفیری طاغوتانە کەچی گەر بتەوێ بە ڕاشکاوی تەکفیر کردنی ئەم زانایە بدۆزیتەوە بۆ سەرۆکی وڵاتەکانیان ئەوا لە هەموو بەرهەمەکانیان بگەڕێیت دەستت ناکەوێ، ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوەیە کە لە خەڵکی تێبگەیەنێت ئەمانە کافرن کە حوکم بە قورئان ناکەن ئیتر گەڕان بەدوای ئەوەی ئایا بە ڕاشکاوی ناوی سەرۆک وڵاتەکەی بردووە یان نا شتێکی بێ مانایە، پاشان وەک پێشتر باسمان کرد کامە زانای تر هەبووە بە ڕاشکاوی بڵێ المأمون والمعتصم والواثق کافرن تا گلەیی لە ئیمام أحمد بکەین بڵێین ئەی تۆ بۆ وات نەووت و بێدەنگیت هەڵبژارد ! بۆیە ئیمام أحمد شتێکی نەکردووە کە عەقیدەی خەڵک تێکبدات و توشی گومانیان بکات ئەو هەمیشە وتوویەتی ئەوەی بڵێ قورئان کافرە و ئەوشی تەکفیری نەکات ئەویش کافرە تەنانەت لە بەردەم المعتصم وایووت، ئیتر ناوبردنی المعتصم یان هەرخەلیفەیەکی تر بە کافری ئەمە شتێک نیە هیچ زانایەکی لەسەرلۆمە بکرێت، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئیمام أحمد یەکێک لە قوربانیە هەرە دیارەکانی ئەم فیتنەیە بوو لە زۆربەی زاناکانی تر بوێرتر بوو، الله تعالى پلەی بەرزکردەوە بەهۆی ئەم ڕووداوە لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری زاناکانی تر تەسلیم بوون و لەژێر ئیکراهدا ووتیان قورئان مەخلوقە، ئەوانیش وەک ئیمام أحمد هیچ دەقێکی ڕاشکاویان نیە بڵێن المأمون والمعتصم والواثق کافرن، لەکاتێکدا ئیمام أحمد دوو ڕیوایەتمان لێوەی هێنا لەگەڵ ووتەیەک کە هەر سێکیان ئاماژەن بۆ تەکفیر کردنی خەلیفەکان، سەرەڕای هەموو ئەمانەش خەڵکی باسی هەڵوێستی زاناکانی تر ناکەن دەربارەی

خەلیفەکان هاتوون گومان لەسەر ئیمام أحمد دروست دەکەن ئایا خەلیفەکانی تەکفیر کردووە یان نا ؟ وەک ئەوە دێتە بەرچاوم باسی مەلاکانی کوردستان نەکەی کە هەڵوێستیان لاوازە بەرامبەر دەسەڵات، بەڵام خۆت بەوە خەریک بکەیت ئایا مامۆستا کامەران مسعود بارزانی تەکفیر کردووە یان نا ؟ لەکاتێکدا مامۆستا کامەران بە تەنها بە قەدەر زۆربەی مەلا موەحیدەکان دژی ئەم دەسەڵاتە کافرە وەستایەوە و خەڵکی هاندا بە تەکفیر کردنیان و هەڵسا بە ڕوونکردنەوەی عەقیدەی صەحیح بۆ خەڵکی، لەم فیتنەیەشدا بە شایەتی عالیم و عەوام ئیمام أحمد بوو بە ئیمامی ئەهلی سوننە ئیتر گەر کارێکی کردبێت کە ناشەرعی بێت ئەوا دەبوو زاناکانی سەردەمی خۆی سەرزەنشتی بکەن و دژی بوەستن، یان دەووترێ زاناکان بە ئیمام أحمد-یان ووتوە با خروج بکەین لە دژیان بەڵام ئیمام أحمد ڕێگای نەداوە دەیانەوێ وەک مەدخەلیەک نیشانی بدەن ! باشە ئەو زانایانەی کە نیازی خروج کردنیان هەبوو بۆ دەڕۆن ڕاوێژ بە ئیمام أحمد دەکەن؟ بۆ کاتێک ئەو دەڵێ خروج مەکەن خوێنی کەسانی بێ تاوان دەڕژێ و ماڵ و سامانی خەڵکی هەتک دەکرێ بۆ گوێڕایەڵی دەکەن ؟ بۆ دژی ئەم ووتانەی ناوەستن و بڵێن تۆ خەڵک سارد دەکەیتەوە یان بڵێن تۆ دەسەڵاتدار بە موسڵمان دەزانیت وەک ئێمە تەکفیری ناکەیت ؟ خۆ تەنها ڕاوێژ پێکردنی و گوێڕایەڵی کردنی قسەکانی ئەوە نیشان دەدات کە فەزڵی هەبووە بەسەر زاناکانی تری سەردەمەکەی خۆیدا، لێرەدا یان دەبێ بووترێ زاناکان دەسەڵاتداری ئەوکاتیان تەکفیر کردووە بەڵام ئیمام أحمد تەکفیری نەکردووە بۆیە ئەوانیش هەموو دوای کەوتن لەسەر قسەی ئەو دەستیان هەڵگرت لە تەکفیرکردنی، یان دەبێت بووترێ ئیمام أحمد و ئەوانیش بە کافریان نەزانیوە بۆیە خروج کردن بە جائیز نازانن لە دژی حاکمێکی موسڵمان بۆیە نەیانکردووە و پەشیمان بوونەتەوە، یان دەبێت بووترێ ئیمام أحمد و ئەوانیش بە کافریان زانیوە بەڵام لەبەر نەبوونی توانا ئیمام أحمد وای بە باش زانیوە خروج نەکرێت چونکە دوو مەرج هەیە بۆ خروج کردن: بینینی کوفری بەواح لە حاکم لەگەڵ هەبوونی توانا، بە هاتنەدی مەرجی یەکەم تەکفیری حاکمەکە دەکرێت بە هاتنەدی مەرجی دووەم خروج دەکرێت، گەر تۆ توانات نەبوو خروج بکەیت مانای ئەوە نیە بە کافری نازانیت یان پێی ڕازیت.

ابن أبي يعلى لەکۆتایی کتێبی (طبقات الحنابلة) کتێبێک نەقل دەکات بە سەنەدەوە کە تێیدا بەشێک لە عەقیدەی ئیمام أحمد هاتووە، جا دەڵێ: أخبرنا الشيخ الإمام الحافظ أبو محمد المبارك بن علي بن الحسين بن عبدالله بن محمد المعروف بابن الطباخ البغدادي رحمه الله في الدنيا والآخرة إجازة قال حدثنا شيخنا الإمام الحافظ أبو الفضل محمد بن الناصر بن محمد بن محمد بن علي البغدادي بها قال أخبرنا الإمام جمال الإسلام أبو محمد رزق الله بن عبدالوهاب التميمي قال أخبرنا عمي أبو الفضل عبدالواحد بن عبدالعزيز التميمي بجميع هذا الاعتقاد وقال جملة اعتقاد أحمد بن حنبل رضي الله عنه والذي كان يذهب إليه ... (ئینجا لە چوار چێوەی عەقیدەکەدا ئەمە هاتووە) **ئیمام أحمد دەڵێ: هەر یەکێک لە خەلیفەکان بانگی کردن بۆ بیدعەیەک وەڵامی مەدەنەوە و هیچ کەڕامەتی نیە، وە ئەگەر توانیتان لە دەسەڵات لایدەن ئەوا وابکەن.** [طبقات الحنابلة : 305/2]

ووتم: سەنەدەکە تا دەگاتە أبو الفضل التميمي صەحیحە بەڵام لەنێوان أبو الفضل و ئیمام أحمد پچڕان هەیە، ئیمام أحمد 241 مردووە أبو الفضل 410 مردووە، جگە لەوەش ئەوەی لەم عەقیدەیەدا هاتووە بە تێگەیشتنی خۆی ڕیوایەتی کردووە هەر بۆیە هەندێک ووشەی تێدایە کە ئەشعەرییەکان دڵیان پێی خۆشە کە پێچەوانەی ڕیوایەتەکانی تری ئیمام أحمدە کە هاوەڵەکانی لێیان نەقل کردووە، وە أبو الفضل نزیکبووە لە ئەشعەرییەکان و هاوڕێی خۆشەویستی أبو بكر الباقلاني بووە، جا بۆیە ناکرێ ئەوەی لەم عەقیدەیەدا هاتووە بدرێتە پاڵ ئیمام أحمد مەگەر ئیللا هەمان شت لە کتێبی هاوەڵەکانی خۆیدا هاتبێ ئینجا، ئەوکاتیش پێویستیمان بە ڕیوایەتی ئەو نابێت مادام هی هاوەڵەکانی هەیە، ابن تيمية لە (مجموع الفتاوى) و (درء تعارض العقل والنقل) باسی نزیکی أبو الفضل دەکات لە ئەشعەرییەکان هەروەها لادانی لە مەزهەبی ئیمام أحمد لە هەندێک بابەتدا و نەقل کردنی ووتەکانی بە تێگەیشتنی خۆی کە لەگەڵ عەقیدەی ئیمام أحمد یەک ناگرێتەوە باس دەکات.

جا ئەوەی هۆکاری کەوتنە هەڵەی ابن تيمية-یە لە بابەتی تەکفیر نەکردنی جەهمیەکان بە معين ئەم ڕووداوانەی ئیمام أحمد-ە لەگەڵ ئەم سێ خەلیفەیەدا کە ابن تيمية کردوویەتی بە ئەصل لە بابەتەکەدا و لەسەر ئەم ئەصلە تەکفیر نەکردنی جەهمیەکان بە معين بنیات ناوە،

ئەمەشی داوەتە پاڵ سەلەف بە گشتی نەک تەنها ئیمام أحمد، جا ئیمام أحمد پێکاویەتی یان نەیپێکاوە، تەکفیری کردوون یان نەیکردوون، خروجی کردووە یان نەیکردووە، موسڵمان خۆی بەم ڕووداوە تایبەتانەوە بەند ناکات و ئەصلی بابەتەکەی لەسەر بنیات بنێ، چونکە پێش لەدایکبوونی ئیمام أحمد حوکمدان لەسەر جەهمیەکان یەکلا بۆتەوە لەلای ئەهلی سوننە.

النجاشي ﵀ نموونەیەکی تر

ئەمڕۆ لەلای مەدخەلیەکان النجاشي ﵀ بۆتە قەلغانێک بەهۆیەوە بەرگری لە کوفری طاغوتەکان دەکەن، دەڵێن ئەوەتا النجاشي حوکمی بە قورئان نەکردووە و تەکفیریش نەکراوە، کەواتە ئەوانەی ئەمڕۆش کە حوکم بە قورئان ناکەن تەکفیر ناکرێن، ابن تيمية دووبارە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ئەم گومانە، بگرە ئەصلی ئەم گومانەی مەدخەلیەکان لە ووتەی ابن تيمية سەرچاوەی گرتووە.

ابن تيمية دەڵێ: **النجاشي نەیدەتوانی حوکم بە قورئان بکات چونکە قەومەکەی بەم کارەی ڕازی نەدەبوون.** [مجموع الفتاوى : 218/19]

ابن تيمية دەڵێ: **النجاشي ئەگەرچی پاشای نەصارا بوو بەڵام قەومەکەی گوێڕایەڵیان نەکرد لە هاتنە ناو ئیسلامەوە، بەڵکو ژمارەیەکی کەم لەگەڵی هاتنە ناو ئیسلامەوە، هەر بۆیە کاتێک مرد کەس نەبوو نوێژی لەسەر بکات، پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەر کرد لە مەدینە، موسڵمانانی هێنایە دەرەوە بۆ المصلى جا ڕیزی کردن و نوێژی لەسەرکرد، وە هەواڵی مردنی پێدان ئەو ڕۆژەی کە مرد، فەرمووی: (برایە چاکەکەتان کە خەڵکی حەبەشە بوو مرد) جا النجاشي زۆربەی دروشمەکانی ئیسلامی ئەنجام نەدا چونکە نەیدەتوانی، نە هیجرەتی کرد نە جیهادی کرد نە حەجی کرد، بەڵکو ڕیوایەت کراوە کە پێنج نوێژە فەرزەکەشی نەکردووە و مانگی ڕەمەزانیش بە ڕۆژوو نەبووە و زەکاتی شەرعیشی نەداوە، چونکە ئەم شتانە لای قەومەکەی دەردەکەوتن و سەرزەنشتیان دەکرد لەسەری ئەویش نەیدەتوانی موخالەفەیان بکات، وە ئێمە یەکلایی بۆتەوە لەلامان کە دەزانین النجاشي نەیدەتوانی حوکم بکات لەنێوان قەومەکەی بە قورئان.**

[مجموع الفتاوى : 217/19-218]

ئیمام أحمد دەڵێ: حدثنا يعقوب حدثنا أبي عن محمد بن إسحاق حدثني محمد بن مسلم بن عبيدالله بن شهاب عن أبي بكر بن عبدالرحمن بن الحارث بن هشام المخزومي عن أم سلمة ابنة أبي أمية

بن المغيرة خێزانی پێغەمبەرﷺ ووتی: **النجاشي بە موسڵمانەکانی ووت: چی دەڵێن دەربارەی عیسى ابن مريم ؟ جعفربن أبي طالب پێی ووت: ئەوە دەڵێین دەربارەی کە پێغەمبەرەکەمان هێناویەتی بۆمان، عیسی بەندەی الله و نێردراوی الله و ڕوح و ووشەی الله-یە بە مەریەمی پاکی داوە، النجاشي دەستی دایە زەوی چیلکە دارێکە هەڵگرتەوە پاشان ووتی: ئەوەی تۆ ووتت دەربارەی عيسى ابن مريم بەقەدەر ئەم چیلکە دارە لە ڕاستی لای نەدا، جا کار بەدەستانی دەوروبەری النجاشي هەناسەیەکی قوڵیان فڕێدا کاتێک النجاشي ئەمەی ووت، النجاشي ووتی: ڕاستیەکە ئاوایە والله ئەگەرچی ئێوەش تورە بن و هەناسە فڕێدەن، بڕۆن ئێوە پارێزراون لە زەوی مندا، ئەوەی جوێنتان پێ بدات غەرامەی دەکەم پاشان ئەوەی جوێنتان پێ بدات غەرامەی دەکەم پاشان ئەوەی جوێنتان پێ بدات غەرامەی دەکەم، حەزناکەم چیایەک لە زێڕم هەبێت لە بەرامبەری ئەوە یەکێک لە ئێوە ئەزیەت بدەم، دیارییەکانی عمرو بن العاص و عبدالله بن أبي ربيعة بگەڕێننەوە بۆیان پێویستمان پێی نیە، الله بەرتیلی لێوەر نەگرتووم کاتێک مولکەکەی بۆ گەڕاندمەوە تا منیش بەرتیل وەربگرم لە بەرامبەر مولکەکەمدا.** [مسند الإمام أحمد : 1740] ط: مؤسسة الرسالة **(سەنەدەکەی حەسەنە).**

ووتم: کەسێک ئاوا بەبێ ترس لەلای وەزیر و دەوروبەرەکەی بڵێ عیسی کوڕی الله نیە و خواش نیە، بەڵکو بەندە و نێردراوی الله-یە، ئیتر لەوە دەترسێ نوێژ بکات و زەکات بدات و ڕۆژوو بگرێ ؟ لەکاتێکدا گەر دەسەڵاتیشی نەبێت دەتوانێ ئەم ڕوکنانە بە شاراوەیی ئەنجامی بدات، سەرەڕای ئەوەش بە موسڵمانەکان دەڵێ بە ئارامی بژین لەووڵاتەکەم ئەوەی قسەتان پێ بڵێ سزای دەدەم ئیتر ترسی چی هەیە کە ابن تيمية باسی دەکات ؟ تەنانەت النجاشي حیسابی بۆ هرقل نەکردووە کە گەورەی هەموو ڕۆم بووە چ جای لە ژێر دەستەکانی خۆی بترسێ !

ابن القيم باسی گەیاندنی نامەی پێغەمبەرﷺ بۆ پاشای عمان لە ڕێگای عمرو بن العاص دەکات و دەڵێ: **پاشای عمان ووتی: لەکوێ موسڵمان بوویت عمرو ؟ ووتم: لەلای النجاشي، وە پێم ڕاگەیاند کە النجاشي موسڵمان بووە، ووتی: قەومەکەی چیان لە مولکەکەی کرد ؟ ووتم: پێی ڕازی بوون و شوێنی کەوتن، ووتی: ئەی قەشەکانیان شوێنی کەوتن ؟ ووتم: بەڵێ، ووتی: سەیر بکە ئەی عمرو**

بزانە چی دەڵێی ! هیچ سیفەتێک لە پیاودا ناشرین و ئابڕووبەرتر نیە لە درۆ، ووتم: درۆم نەکردووە، وە لە دینی ئێمە درۆ بە حەلال نازانین، پاشان ووتی: پێم وانیە هرقل زانیبێتی کە النجاشي موسڵمان بووە، ووتم: دەزانێ، ووتی: بەچی ئەمەت زانی ؟ ووتم: النجاشي باجی بۆ هرقل دەنارد، کاتێک موسڵمان بوو باوەڕی بە محمد ﷺ کرد ووتی: نەخێر واللە گەر هرقل داوای درهەمێکیشم لێ بکات پێی نادەم، ئەم ووتەیەی النجاشي گەیشت بە هرقل، یناق برای هرقل بە هرقل-ی ووت: وازلە بەندەکەت دەهێنی کە باجت بۆ نانێرێت و چۆتە سەر دینێکی نوێ ؟ هرقل ووتی: پیاوێکە حەزی چۆتە دینێک و هەڵیبژاردووە بۆخۆی چی لێ بکەم ؟ واللە گەرلەبەر دەست گرتن نەبێ بە مولکەکەم ئەوا منیش وەک النجاشي دەکەم، پاشای عمان ووتی: سەیربکە بزانە چی دەڵێی ئەی عمرو ! ووتم: واللە ڕاستم پێ ووتووی. [زاد المعاد : 3/877-878] ط: دار عالم الفوائد

ووتم: جا گەر النجاشي لە هرقل نەترسێ کە گەورەی ڕۆم بووە لە قەومەکەی خۆی دەترسێ ؟!
لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە ابن تیمیة وەک مەدخەلیەکان نیشان بدەم، بەڵام بەهۆی ووتەکانی دەربارەی خەلیفە عەبباسیەکان و النجاشي مەدخەلیەکان دڵیان خۆشکردووە دەیکەن بە قەلغان بۆ بەرگری کردن لە طاغوتەکان ئەگینا ابن تیمیة هەمیشە لە کێشە و ناکۆکی دابووە لەگەڵ کار بەدەستانی سەردەکەمەی خۆی.

گومانی پێنجەم:

پێویست ناكات باسی مردووەكان بكەین

ئەمەش یەكێكە لە زەقترین گومانەكان كە دوای هێنانی تەواوی بەڵگەكان و ڕەددانەوەی گومانەكانیان ئیتر كە هیچیان پێ نامێنێت دەڵێن: ئەم زانایانەی پێشوو كە كوفریان هەبووە سەدان ساڵە مردوون ئێمە چ پەیوەندیمان هەیە پێیانەوە باسی كوفرەكانیان بكەین، الله داوای نەكردووە لە عەقیدەی كەسانی پێش خۆمان بكۆڵینەوە بزانین موسڵمان بوونە یان كافر، گریمان كوفریشیان هەبێت كێ ناڵێ پێش مردنیان تەوبەیان نەكردووە بەڵام ئێمە ئاگادار نین، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿تِلۡكَ أُمَّةٞ قَدۡ خَلَتۡۖ لَهَا مَا كَسَبَتۡ وَلَكُم مَّا كَسَبۡتُمۡۖ وَلَا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ واتا: ئەمانە ئوممەتێك بوون ڕۆیشتن، ئەوەی كردوویانە بە چاكە و خراپە دێتەوە ڕێگایان، ئێوە بەرپرسیان نین لە كاروكردەوەی ئەوان، چاكیان بۆ خۆیان و خراپیان بۆ خۆیان، نە چاكەكانیان سوود بە ئێوە دەگەیەنێت نە خراپەكانیان زیان بە ئێوە دەگەیەنێت، هەركەسە و كاروكردەوەی خۆی، جا ئەم ئایەتە دەكەن بە بەڵگە بۆ ئەوەی كە باسی كوفرە زانا كۆنەكان نەكەین.

بە چەند خاڵێك وەڵامی ئەم گومانە دەدەینەوە:

یەكەم: ئەم ئایاتە بۆ ڕەددانەوەی یەهودییەكانە كە شانازیان بە پێغەمبەرانی وەك إبراهيم و إسحاق ويعقوب و كوڕەكانی یعقوب دەكرد عَلَيْهِمُ السَّلَامُ الله تعالى پێی فەرموون شانازی بەوان مەكەن، ئەوەی ئەوان كردوویانە بۆ خۆیان ئەوەی ئێوەش دەیكەن بۆ خۆتان، ئەمە لە لایەنی تایبەتی ئایەتەكە، لایەنە گشتیەشی وەك لە تەفسیرەكەیدا ووتمان هەركەس كاری خۆی بۆخۆی چاكە و خراپەی كەس سود و زیانی بۆ تۆ نیە و تۆ لێی بەرپرسیار نیت.

ئەگەرچی دەووترێ ئیمام أحمد یان زانای تر دەربارەی خیلافی نێوان هاوەڵان كە پرسیاری لێكراوە ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە، ئێمەش دەڵێین ئەمە شتێكی باشە و بگرە واجبە چونكە بۆمان نیە قسە لە فیتنەی نێوان هاوەڵان بكەین، بەڵام ئایا خودی ئیمام أحمد كە باس دێتە أبو حنیفة یان كافر

و گومڕاکانی تر ئایا ئەم ئایەتە دەخوێنێت ؟ یان بە پێچەوانەوە قسەی زۆری لە دژیان دەکات ؟ بۆیە ئەم ئایەتە نابێتە بەڵگە لەدژی قسەکردن لەسەر کافر وبیدعەچی وگومڕاکان بەهیچ شێوەیەک.

دووەم: أبو حنیفة کەسێک نیە کە ناوو مەزهەبەکەی بەسەر چوو بێت و کەس باسی نەکات، بەڵکو ئێستاش زۆربەی وولاتانی بەناو ئیسلامی حەنەفی مەزهەبن، هەمیشە ناوی أبو حنیفة لەپاڵ سێ ئیمامەکەی تر دێت و بە چوار ئیمامەکە ناسراون کە حاشا أبو حنیفة ئیمام بێت، بۆیە ئێمە باسی کەسێک ناکەین کە کاریگەری بەسەر موسڵماناندا نەبێت بەڵکو باسی کەسێک دەکەین کە سەرکردە بووە لە ئیرجائدا و ئێستاش دەیبینن مورجیئە چ دەردێکە بۆ ئوممەتی ئیسلام، باسی کەسێک دەکەین کە مەزهەبەکەی زۆر لە بارە بۆ دروستبوونی بیدعە و مانەوەی بیدعەچی و گومڕاکاندا تێیدا وەک ابن تیمیة-ش باسیکرد أصولی أبو حنیفة نەفی بیدعە ناکات ئەگەرچی ئیثباتیشی نەکات هەر بۆیە مەزهەبەکەی لە هەموو ئەهلی بیدعەکان پێکدێت، بۆیە دەبینین بە دەگمەن کەسێک هەیە ماتوریدی بێت و حەنەفی نەبێت، بگرە فیتنەی خلق القرآن لە ڕەحمی أبو حنیفة وحەنەفیەکانەوە هاتە دەرەوە کە بشر المریسي سەرکردایەتی کرد دوای الجعد والجهم وەک باسیشمان کرد بشر المریسي حەنەفی مەزهەب بوو، بۆیە ئەمڕۆ ئەوەی مورجیئەیە دەتوانێ بڵێ أبو حنیفة پێشەوامە، ئەوەی بڵێ قورئان مەخلوقە دەتوانێ بڵێ أبو حنیفة پێشەوامە، ئەوەی جەهمیەتی تێدا بێت لە تەکفیردا دەتوانێ بڵێ أبو حنیفة پێشەوامە، ئەوەی فەتوا بە ڕەئی خۆی بدات و فەرموودە ڕەت بکاتەوە بە عەقڵی خۆیی و گاڵتە و بێ ڕێزی بەرامبەر بە فەرموودە بکات دەتوانێ بڵێ أبو حنیفة پێشەوامە، ئەوەی فێڵ لە شەرعدا بەکاربهێنێت وحەرام وحەلالی پێ بگۆڕێت دەتوانێ بڵێ أبو حنیفة پێشەوامە، ئەوەی کە خروج لە موسڵمانان دەکات أبو حنیفة بە پێشەوای خۆی دەزانێت، داخەکەم موسڵمانانی ئەمڕۆ هێندە تامەزرۆی حوکمی ئیسلام و لادانی ئەم طاغوتانەن وایان لێهاتووە خروجکردنی أبو حنیفة بە فەزیلەت بۆی حیساب دەکەن بە حیسابی ئەمڕۆی خۆیان لە بابەتەکە دەڕوانن، ئیتر مادام أبو حنیفة بەلای تۆوە یەکێکە لە چوار

پێشەواکەی ئەهلی سوننە ئەوا ڕێگا بەم کافر و گومڕایانەش بدە بیکەن بە پێشەوای خۆیان، گەر دەڵێی نەخێر لە هەڵەدا شوێنی ناکەوین کەواتە ڕێگەمان بدە هەڵەکانی ڕوون بکەینەوە تا خەڵک بیناسێت، گەر دەڵێی من موسڵمانم و عەقیدەم سوننیە لە هیچ هەڵەیەکدا شوێنی ناکەوم و کوفر وبیدعەکانی بۆ من کێشە دروست ناکات و پێی هەڵناخەڵەتێم، دەپرسم: ئەی بۆ کە باسی هەڵەکانی دەکەین دەمارگیریت توش دەبێ و دونیا دەدەی بەیەکدا ؟ بۆ پێت وایە ئەوەی قسە لە کوفری ئەم زانایانە بکات زندیقە جاسوسە خەواریجە گومڕایە فیتنە چیە خێری پێوە نیە ؟ بۆ پێت خۆش نیە سەلەف چیان ووتوە دەربارەی أبو حنيفة ئێمەش بڵاوی بکەینەوە و شوێنی سەلەف بکەوین ؟ کەواتە بزانە تۆش ئەگەرچی بە کوفر و بیدعەکانی أبو حنيفة هەڵنەخەڵەتاوی و شوێنی نەکەوتووی بەڵام خۆشەویستی أبو حنيفة و زانا کافرەکانی تر دڵی داگرتووی بۆیە حەز ناکەیت بە چاکە و وەسفی گەورە زیاتر بە هیچ شتێکی تر باس بکرێن، گەر دەڵێی خۆ کەس لە ئێمە پێی گومڕا نەبووە ئیتر بۆ باس بکرێ، ئەوا دەڵێم ئەوەندە گومڕاییە بەسە بۆ تۆ کە تەواو دژی سەلەف وەستاوی دەربارەی أبو حنيفة، ئەوان تەکفیر و تەبدیعی دەکەن و بە پێشەوای گومڕاکانی دەزانن، کەچی تۆ کردووتە بە ئیمامی ئەهلی سوننە و وەلاء و بەڕائی لەسەر بنیات دەنێی، ئایا لەمە گومڕابوون زیاتر چی هەیە ؟ کەسێک لە سەردەمی سەلەف ئەمە حاڵی بێت کە لە بەشی یەکەم بینیتان، کەچی لەم سەردەمەدا بۆتە ئیمام و ئەوەی قسەی لەسەر بکات نیشانەی ناخ پیسیەتی و گومانی خراپی پێ دەبردرێ وەک بڵێی دەیەوێ موسڵمانان بخاتە تەڵەیەکەوە و فیتنەیەکی ئاوا دروست بکات کە ئەوسەری دیار نەبێت، لەکاتێکدا هەموو چەکی دەستی ئەو کەسە ئەوەیە کە دەڵێ سەلەف ئاوای ووتوە دەربارەی أبو حنيفة ڕەحمەتتان لێبێت با بگەڕێینەوە بۆ ووتەی سەلەف، کافر وگومڕاکان نەکەین بە پێشەوا و گەورەیان نەکەین، جا أبو حنيفة بێت یان زاناکانی تر کە کوفریان هەیە گەر تۆی موسڵمان بە کتێب و قسەکانی گومڕا نەبیت ئەوا ئەمڕۆ بە ملیۆنەها کەس پێیان گومڕا بوونە و توشی کوفر بوونە بۆیە تۆ تەنها لەچاوی خۆتەوە مەڕوانە، کە تۆ پێت وایە النووي و ابن حجر و هاوشێوەکانی ئیمامن و لە هەڵەکاندا شوێنیان ناکەویت ئەوا لە بەرامبەردا ملیۆنەها ئەشعەری و سۆفی بەهۆی ووتەکانی ئەوان توشی کوفر بوونە، بۆ وائەزانی الله تعالى تەنها بەگوێرەی تۆ حیساب

لەگەڵ بەندەکانی دەکات ؟ ئاساییە ملیۆنەها کەس پێی کافر و گومڕا بن گرنگ تۆی موسڵمان پێی گومڕا نەبوویت ئیتر هیچی لەسەر نامێنێت؟ یان هەیە دەڵێ ئەو زانایانەی پێشوو کە کوفریان هەیە باسی کوفرەکانیان ناکەین و بە موسڵمانیان دەزانین و ڕەحمەتیان بۆ دەنێرین و باسی چاکەکانیان دەکەین، بەڵام کاتێک بینیمان کەسێک پێی گومڕا بووە و بە ووتەکانی هەڵخەڵەتاوە ئەوکات هەڵەکانی بۆ ئەم کەسە باس دەکەین ! ئەمانە کۆمەڵێک ووتەن کە تەنها هەوا و ئارەزوو دروستی کردوون هیچ سەلەفێکیان نیە لەم ووتانەدا حاشا زانایەکی سەلەف هەبێ بڵێ فلان زانا کوفری هەیە بەڵام ئیمامە و ڕەحمەتی بۆ دەنێرین و بە چاکە باسی دەکەین و تەکفیری ناکەین کەی بینیمان کەسێک پێی گومڕا بووە ئەوکات هەڵەکانی باس دەکەین ! ئەمە پارچەیەکە لە خۆهەڵخەڵەتاندن و فڕو فێڵ و خۆڵ کردنەوە چاوی خەڵک حاشا دینی ئیسلام بەرییە لەم کارانە.

سێیەم: کە دەڵێن ڕەنگە پێش مردنی تەوبەی کردبێ ئێمە نەزانین بۆیە تەکفیری ناکەین، ئایا بەڵگەتان هەیە بۆ ئەم قسەیە لە قورئان و سوننەتدا ؟ ئایا هیچ سەلەفێکتان هەیە لەم کارەدا؟ بێگومان هیچ بەڵگەیەکتان بەدەستەوە نیە بۆ ئەم قسەیەی کە داتانهێناوە، تەنها تەقلیدکردنەوەی الذهبي و الشوكاني-ە کە الذهبي شتێک نیە لەلای بەناوی تەکفیر وەک خۆشی دانی پێ دانا کە هەموو ئەهلی قیبلە بە موسڵمان دەزانێت ئەگەرچی هەر عەقیدە و مەزهەبێکیان هەبێت مادام هەموویان باوەڕیان بە یەک خوا هەیە کە الله-یە، الشوكاني-ش پێشتر باسمان کرد کە توقف دەکات دەربارەی قورئان ئەمەش کوفرە هەروەها زۆر هەڵەی عەقیدەیی تری هەیە کە ئێرە جێگای باسکردنی نیە، جا کەواتە مادام بەڵگەتان نەبوو ووتەکە لە ئەصلەوە باطلە، وە ئەگەر هەر سوور بن لەسەر ئەوەی کە دەست بەم ووتەیە بگرن ئەوا مولزەمتان دەکات بەوەی کە هەر لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامەوە تا ئێستا هیچ کەسێک بە کافر نەزانن چونکە ئەوانەی مردوون تۆ لەلایان نەبوویت و ئاگاداری ناو دڵیان نیت چووزانی پێش ئەوەی بمرن تەوبەیان نەکردووە ؟ کەواتە کەس بە کافر مەزانە تا قیامەت چونکە لەوانەیە هەموو کەسێک پێش مردن تەوبە بکات، جا مادام ئەم دەرگایەت کردۆتەوە دەبێت بۆ هەموو کافرێکی بکەیتەوە، جا ئێستا کە زانیتان توشی ئەم ئیلزام

کردنە دەبن دەڵێن: ناڵێین هەمووی دەڵێین هەندێکی، کەواتە دەرکەوت ووتەکە لە هەوا و ئارەزووی هەڵداوە، ئەو زانایانەی کە خۆشتان دەوێن و کتێبی بە سودیان هەیە تەکفیریان ناکەن بەم بیانووە، بەڵام زانای تر و خەڵکی تر کە ناودارنین و گەورە نەکراون تەکفیریان دەکەن، بۆ نموونە گوێچکەی پڕ بووە لە بیستنی ناوی النووي و ابن حجر دڵی نایەت تەکفیری بکات و ئەم بیانووەی بۆ دەهێنێتەوە، بەڵام الزمخشري ناناسێت کوفرەکانی بۆ باس بکە ڕێک تەکفیری دەکات، کەسێکی تر لەولاوە زۆر سودی لە الزمخشري دیوە لە بەلاغەتدا دڵی نایەت تەکفیری بکات و بیانووەکەی بۆ دەهێنێتەوە، القرطبي موفەسیر چونکە ناسراوە دڵی نایەت تەکفیری بکات و بیانووەکە دەیگرێتەوە بەڵام القرطبي فەرموودەناس کە شێخی القرطبي موفەسیرە تەکفیری دەکات گەر کوفرەکانی بۆ باس بکەیت چونکە نایناسێت، بڵێ أبو إسحاق الشيرازي و الرملي کافرن کێشەی نیە بەڵام بڵێ السیوطي کافرە ڕووی گرژ دەکات چونکە ناوی ئەوی زیاتر بیستووە، کەواتە ئەمە یارییەکی منداڵانەیە لەسەر بنەمای خۆشویستنی تاکە کەسی بنیات نراوە ئەو زانایانەی کە سودم لێیان بینیوە یان ناویان لام گەورە کراوە تەکفیریان ناکەم ئەگەرچی کوفرەکانیشیان بزانم دەڵێم لەوانەیە تەوبەی کردبێ، بەڵام ئەوانەی کە نایان ناسم و ناوم زۆر نەبیستوون و گەورە نەکراون لەلام تەکفیریان دەکەم، هەیانە دەڵێ مادام زانا بووە من تەکفیری ناکەم جا هەر کەسێک بێت چونکە گۆشتی زانایان ژەهراوییە ! جا کە دەڵێن مادام مردووە نازانین تەوبەی کردووە یان نا بۆیە تەکفیری ناکەین، ئەم قسەیە شەرعی نیە چونکە ئەوەی کوفری بە ئاشکرا لێدەرکەوت دەبێ تەوبەشی بە ئاشکرا لێدەرکەوێ ئینجا دەست هەڵدەگرین لە تەکفیر کردنی، ئەو زانایانەی ئێمە تەکفیریان دەکەین کوفریان لەسەر چەسپاوە و تەوبە کردنیان نەچەسپاوە ئیتر بەچی ئەم یەقینە لادەدەن بە گومان ؟ خۆ ئەم قاعیدەیەتان بیستووە یەقین بە گومان لاناچێت، هەروەک چۆن موسڵمانێک کە بە یەقینی ئیسلامەتی چەسپاوە بە گومان ئیسلامەتی لەسەر لاناچێت، ئەوەش کە بە یەقینی کوفری لەسەر چەسپاوە بە گومان کوفری لەسەر لاناچێت، بەڵام پێم سەیرە موسڵمانان تەنها لە جۆری یەکەم بەڵگە بەم قاعیدەیە دەهێننەوە لە جۆری دووەمدا تەواو دژی قاعیدەکەن، جا ئەمەی ئەوان باسی دەکەن گومانیش نیە بەڵکو وەهمە لە خەیاڵی خۆیان دروستیان کردووە هیچ

ئەصلی نیە، کەسێک بەناوی زید موسڵمان بێت لەولاوە یەکێک بڵێ گوایە دەڵێن زید کوفری کردووە، ئەمە گومانە بۆیە بەم گومانە یەقینەکە لاناچێت و هەر موسڵمانانە لەلامان، بەهەمان شێوە زید کە کوفری لەسەر چەسپاوە تەکفیری دەکەین، لەولاوە یەکێک دەڵێ گوایە دەڵێن زید تەوبەی کردووە، ئەمە گومانە یەقینەکە لاناچێت بۆیە لەلامان هەر بە کافر حیسابە تا ئەو کاتەی بە یەقینی دەزانین تەوبەی کردووە، بەڵام ئەوەی دەربارەی ئەم زانایانە دەووترێ گومانیش نیە بەڵکو خەیاڵ بڵاویە، تۆ دەڵێی ئەمەتا کوفرەکانی ئەویش دەڵێ کێ ناڵێ تەوبەی نەکردووە ! جا گریمان بەر لە مردنی لەنێوان خۆیی و الله تەوبەی کردبێ ئەوا بەلای ئێمەوە هەر کافرە چونکە ئێمە حوکم لەسەر ڕواڵەت دەدەین پەیوەندیمان بە ناخەوە نیە، الله داوای لێنەکردووین حوکم لەسەر ناخ بدەین بەڵکو هەر ناتوانین حوکم بدەین لەسەر ناخ بۆیە گەر تەوبەشی کردبێ لەنێوان خۆیی و الله ئەوا لای الله موسڵمانە بەڵام ئێمە چونکە ئاگادار نین هەر بە کافری دەزانین و حوکم لەسەر ڕواڵەتەکەی دەدەین، جا خۆ گەر بێتو بە یەکێک لەو خاوەن گومانانە بڵێم: ئیمام أحمد کافرە، دەڵێ بۆ ؟ منیش دەڵێم: لەوانەیە پێش مردنی کوفرێکی کردبێ من ئاگادار نەبم بۆیە بە کافری دەزانم! بێگومان توشی شێتی دەبێت بەم قسەیە، وە حەقی خۆیەتی، بەڵام خۆشی هەمان شت ئەنجام دەدات بەڵام بە پێچەوانەوە، پێی دەڵێی فلان زانا کافرە ئەوەتا کوفرەکانی، دەڵێ لای من موسڵمانە، دەڵێی بۆ ؟ دەڵێ کێ ناڵێ پێش مردنی تەوبەی نەکردووە بەڵام من نایزانم ! ئەی ئێستا حەقی ئێمە نیە توشی شێتی بین بەم قسەیەی ئێوە ؟

جا وەک تەنازولیش گەر بڵێین قسەکەتان دروستە کە دەڵێن ئەوانەی لە پێشوو مردوون لە زانایەکان تەکفیریان مەکەن چونکە ڕەنگە تەوبەیان کردبێ ئێمە نەزانین، دەپرسم: بۆ لەسەر ئەم قسەیە نارۆن و جێبەجێی ناکەن ؟ خۆتان ئەم بیانووە باطلەتان داهێناوە کەچی ڕاستگۆش نین بەرامبەری و جێبەجێی ناکەن، مەگەر ئێوە ناڵێن تەکفیری ناکەین نەوەک تەوبەی کردبێ ؟ ئێ باشە گەر ڕاست دەکەن بڵێن: فلان زانا کوفری هەیە گومڕایە بیدعەچیە ڕقم لێیەتی خۆشم ناوێت بە ئیمامی نازانم و خەڵکی لە کوفر و هەڵەکانی ئاگادار دەکەمەوە بەڵام تەکفیری ناکەم نەوەک تەوبەی کردبێ من نەیزانم، گەر ڕاستگۆن دەبێ ئاوا بڵێن چونکە کە الشوکاني باسی ئەم بیانووە بەتاڵە

دەكات دەڵێ: ئەوانەی كە پێش خۆمان مردوون و كوفریان هەیە دان بەوە دەنێین كە كارەكانیان كوفرن و پەردەپۆشی ناكەین بەڵكو دەڵێین كوفرە بەڵام تەكفیریان ناكەین نەوەك تەوبەیان كردبێ ئینجا ئایەتەكە دەكاتە بەڵگە كە سەرەتا هێنامان، ئەمە مانای ووتەكەی الشوكاني-ە الذهبي-ش پێش ئەو ووتەیەكی هاوشێوەی ئەمەی هەیە، جا ئێوە گەر دەست بە ووتەی ئەم دووانە دەگرن دەبێ بڵێن: فلان گومڕایە بیدعەچیە ڕقم لێیەتی خۆشم ناوێ ئەهلی سوننە نیە ئیمام نیە و هەڵەكانی باس بكەیت بەڵام تەنها بۆ تەكفیر كردنەوە بوەستی گوایە نەوەك تەوبەی كردبێ، جا دەپرسم ئایا ئێوە ئاوان ؟ بێگومان نەخێر ئێوە ڕاستگۆ نین بەرامبەر ئەم بیانووە باطلە و جێبەجێی ناكەن، چونكە بیانووەكە تەنها باسی تەكفیر نەكردن دەكات نەك شتی تر، كەچی ئێوە نەك هەر تەكفیریان ناكەن بگرە بە ئیمام ناویان دەبەن و ڕەحمەتیان بۆ دەنێرن و خۆشتان دەوێن و زۆر ڕێزیان دەگرن و بگرە زۆربەتان وەلاء و بەڕاء لەسەر ئەمانە دادەمەزرێنن دەڵێن ئەوەی ئەمانە تەكفیر بكات خەواریجە دەبێ بكوژرێ ئەمانە فیتنەن بەرۆكی ئوممەتیان گرتووە تەكفیری پێشەواكانمان دەكەن، باشترینیان دەڵێ خەواریج نین بەڵام شایستەی تەمبێ كردنن ! كەواتە درۆتان كرد ئێوە ئەم بیانووە جێبەجێ ناكەن ئێوە تەنها بەیەك شت ڕازین جگە لەوە بە هیچی تر ڕازی نین ئەویش ئەوەیە كە بڵێین: هەموو ئەو زانایانەی كە كوفریان هەیە بە موسڵمان و ئیمامیان دەزانین و خۆشمان دەوێن و بەرگرییان لێدەكەین و بە توندی دژی تەكفیر كردنیان دەوەستین، جگە لەمە بە هیچ شتێكی تر ڕازی نین زمانحاڵیشتان هەر ئەمە دەڵێت.

گومانی شەشەم:

بەهۆی تەکفیر کردنی زانایان دەبێ زۆرینەی موسڵمان تەکفیر بکەین

هەروەک زانیمان لەدوای سەدەی سێیەم ووردە ووردە أبو حنيفة گەورە کراوە تا وای لێهات لە پرێک بووە کورێک، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کاریگەری دروست بکات بەسەر سەدەکانی دواتر، ئەوەی ژیاوە و چاوی کردۆتەوە بیستوویەتی چوار مەزهەب هەیە لەناو ئەهلی سوننەدا سەر مەزهەبەکانیش ئەمانەن: أبو حنيفة ومالك والشافعي وأحمد، ئیتر ناوی أبو حنيفة هەر لەسەر دەم بووە و لە کتێبەکاندا مەزهەبەکەی سەنگی بۆ دانراوە وهەمان حیسابی سێ سەر مەزهەبەکەی تری بۆ کراوە، بۆیە دەبینین لەلای زۆربەی زانا موسڵمانەکانی دوای سەدەی سێیەم أبو حنيفة بە ئیمام دانراوە تا دەگاتە ئەمڕۆش موسڵمانان هەر بە ئیمامی دەزانن، بەهەمان شێوە ئەو زانایانەی کە لەدوای سەدەی سێیەم ژیاون و توشی کوفر یان بیدعە بوونە بە دەگمەن دەبینیت ئەمڕۆ یەکێکیان بە کافر یان بیدعەچی ناو ببرێ هەمووی کراوە بە ئیمام، جا موسڵمانێکی حەق ویست کە ئەم بەڵگانەی نیشانەی دەدەیت دەربارەی أبو حنيفة و زاناکانی تر کوفر و بیدعە وگومڕاییەکانی ئەوانی بۆ ڕوون دەکەیتەوە، دەڵێ من أبو حنيفة و زاناکانی تر بە کافر دەزانم، بەڵام دواتر سەیر دەکات ابن تيمية و قوتابیەکانی و نەجدییەکان و موسڵمانانی ئەمڕۆش تەکفیریان ناکەن و بە ئیمام ناویان دەبەن خەریکە جۆرێک لە ڕقی بۆ دروست بێت بەرامبەریان ئیتر دەکات بە موناقەشە لەگەڵیان تا وای لێدێت دەڵێ ئێوە ئەم جۆرە زانایانە تەکفیر ناکەن و بە ئیمامیان دەزانن سەرەڕای زانینی کوفرەکانیان ؟ کەواتە ئێوەش کافرن وەک ئەوان، دواتر سەیری حاڵی خۆی دەکات زۆربەی موسڵمانەکانی دەوروبەری ئەم زانایانە بە ئیمام دەزانن خەریکە فکرەی تەکفیر کردنی ئەوانیشی بۆ دروست بێ، ئیتر کە بیر لە هەموو ئەم شتانە دەکاتەوە و سەیری حاڵی پێشووی خۆی دەکات دەگات بەو ئەنجامەی کە تەکفیر کردنی أبو حنيفة و زاناکانی تر کارەساتێکی گەورەیە و فیتنەی بەدوا دادێت وات لێدەکات هەرچی زانا و موسڵمان هەیە تەکفیریان بکەیت بەهۆیەوە وای لێدێت کەس

لە دەستت دەربازی نابێت مەگەر تەنها ئەوانەی کە وەک خۆت تەکفیری ئەو زانایانە دەکەن کە کوفریان هەیە، بۆیە بیرلەوە دەکاتەوە کە چۆن خۆی لەم تەنگژەیە دەربازبکات، ناچار دەگەڕێتەوە بۆ حاڵی پێشووی دەڵێ أبو حنیفة و زاناکانی تریش کە کوفریان هەیە تەکفیریان ناکەم و تێکەڵی ئەم باسانە نابم تا بە دووربم لەم فیتنەیەی پێشوو، ئەم حاڵەتە خۆم لە کەسێکم بیستووە کە ئاوای بەسەرهاتووە ئەگەرچی ئەمە حاڵی زۆرینەیە بەڵام وەک نموونە ئەمەم لایە.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین:

برا و خوشکی موسڵمان تۆ ئەو کاتە لە عەقیدەکەت بترسە کە کوفری کەسێک وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە لێتەوە و دەزانی تەوبەشی نەکردووە کەچی هەر بە موسڵمانی دەزانیت و بگرە بە ئیمام وەسفی دەکەیت و بەرگری لێدەکەیت، بەڕاستی ئەم کاتە حەقە کە لە عەقیدەکەت بترسی و بڵێی گەر الله تعالی لە قیامەت لێم بپرسێ بۆ فلانت تەکفیر نەکرد کە کوفرەکانیت هەمووی دەزانی ؟ چی وەڵام بدەمەوە ؟ بڵێم شوێنی فلان زانا کەوتم ئەو ووتی ئیمامە منیش کوێرانە شوێنی کەوتم ووتم مادام تۆ ووتت ئیمامە کوفریشی هەبێت لای منیش هەر ئیمامە، یان شوێنی زۆرینە کەوتم زۆربەی خەڵکی لەسەر ئەم حاڵەی من بوون، ئەی مەگەر الله تعالی لە چەندین شوێنی قورئاندا باسی زۆرینەی نەکردووە بە خراپە و زەم کردن ؟ بگرە ناوی زۆرینە نەهاتووە ئیللا بە زەم نەبێت، جا ئەی موسڵمان لەم حاڵەتەدا لە عەقیدەکەت بترسە بە تایبەتی کە هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم تایبەتە بەمە، وە هیوادارم ئەوانەی کە کوفری زاناکان دەزانن و کوێرانە بەرگرییان لێدەکەن و گەورەیان دەکەن و بەرزیان دەکەنەوە بەسەر ئوممەتدا لە قیامەت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە (کوفرەکانیت دەزانی بۆ تەکفیرت نەکرد) ؟ جا ئایا وەڵامەکانیان بە کەڵکیان دێت و بۆیان دەبێت بە عوزر لەوێدا ؟ الله أعلم، جا بۆیە موسڵمان تۆ ئەو کاتە لەخۆت بترسە کە کەسانێک تەکفیر ناکەیت و بەرگرییان لێدەکەیت کە دڵنیای کوفریان هەیە، نەک ئەو کاتە لەخۆت بترسی کە تەکفیری خاوەن کوفرەکان دەکەیت، من پێم سەیرە ئەوکاتەی کە ئاگاداری کوفرەکانیانی بە موسڵمانیان دەزانی و خۆشت دەوێن زۆر هەست بە ئاسودەیی دەکەیت ! کەچی کاتێک کە تەسلیم

به حەق دەبیت و تەکفیریان دەکەیت ئەوکات هەست بە ناڕەحەتی دەکەیت ! ئایا لەکامە باردا حەق وایە ناڕەحەت بیت ؟ لەو کاتەی کە خاوەن کوفرەکانت لێ بووەتە موسڵمان و ئیمام ؟ یان لەو کاتەی کە تەکفیریان دەکەیت ؟ فأي الفريقين أحق بالأمن ؟ ئایا کامەتان شایستەترن بەوەی کە ئاسودە بن بە عەقیدەکەیەوە ؟ تۆ کە بە خاوەن کوفر دەڵێی کافر ؟ یان ئەو کە بە خاوەن کوفر دەڵێ ئیمام ؟ پاشان ئەم باسە گومان و تەئویلی زۆر تێدایە ئەوانەی تەکفیریان ناکەن زۆربەیان بەهۆی جەهلەوەیە و بەشێکیشیان تەئویلیان هەیە بەڵام تەئویلی نابەجێ بۆیە وا ئاسان نیە کە هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم جێبەجێ بکەین لەسەریان و بڵێین أبو حنيفة یان فلان زانای کۆن کافرە ئەوەی تەکفیری نەکات ئەویش کافرە، خۆ ئێمە لە تەکفیر کردنی أبو حنيفة ووتەکانی سەلەفمان بە دەستەوەیە نەمانبینی سەلەف ئەو کەسانە تەکفیر بکەن کە أبو حنيفة بە کافر نازانن، جا بۆیە گومان و تەئویل لەم بابەتەدا یەکجار زۆر و بەهێزە بەتایبەتی کە دەبینی ئەم هەموو زانایە سەدە دوای سەدە هاتوون بە ئیمامی ناو دەبەن گومانەکە بەهێزتر دەکات، بەڵام داخەکەم ئێوە نەک هەر تەکفیری ناکەن بەڵکو ئامادەش نین بڵێن گومڕا و بیدعەچیە بگرە کردووتانە بە ئیمام کێشەکە گەورەکە لێرەدایە کاتێک بە ئیمامی دەزانیت بێگومان دژی ئەوانەش دەوەستیتەوە کە تەکفیری دەکەن یان تەبدیعی دەکەن واتا حەقت لێ دەبێت بە باطل و لەپێناوی باطل دەجەنگی، جا سەبارەت بەم گومانە گریمان ئەوەی أبو حنيفة و هاوشێوەکانی تەکفیر ناکات کافر بێت و هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم بیگرێتەوە، کاتێک کەسی یەکەم دەکەوێتە کوفرەوە تۆ تەکفیری دەکەیت کە کوفرەکەت لەلا چەسپا بەڵام یەکێکی تر جاهیلە یان خاوەن گومان و تەئویلە تەکفیری ناکات، لێرەدا هەڵوەشێنەرەوەکە بۆ ئەو ترسی لەسەرە نەک بۆ تۆ، جا گریمان ئەوەی تەکفیری ناکات ئەویش کافر بێت، تۆ کەسی یەکەمت تەکفیر کرد ئیتر کەسێکی تر کە تەکفیری ناکات بەهەر گومان و تەئویلێک بێت ئەوا نێوان خۆیی و الله کە لە قیامەت عوزری چی بووە، بەڵام تۆ بە تەکفیر نەکردنت بۆ کەسی دووەم مەترسی هەڵوەشێنەرەوەی سێیەمت لەسەر نیە، گەر بڵێی ئەوەی أبو حنيفة تەکفیر نەکات دەبێ ئەویش تەکفیر بکەم ئەگینا خۆم کافر دەبم ئەوا ئەمە زنجیرەی تەکفیرە کە موعتەزیلە دایانهێناوە پێچەوانەی عەقیدەی ئەهلی سوننەیە، بۆیە کوفرت لەهەر زانایەک بینی

تەکفیری بکە بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە تەکفیری ناکات بواری خیلاف بهێڵەوە تێیدا ئەگەرچی حەق بەتۆش بێت چونکە ئەگەرچی زانایان بازنەی عوزر هێنانەوە بۆیان تەسکترە چونکە جاهیل نین بەڵام گومان و تەئویلی هێندە زۆریان بۆ دروستکراوە زۆر زیاترە لە جاهیلەکە وە ئێمەش خۆمان کە بە شوێنکەوتەی سەلەف دەزانین شتێک ناکەین کە ئەوان نەیان کردبێ کەس لەوان نەیووتوە ئەوەی أبو حنیفة تەکفیر نەکات کافرە، بۆیە دەبینیت موسڵمانی ئەمڕۆ پیرەمێردێکی نەخوێندەواری جاهیل زۆر بە ئاسانی تەکفیر دەکات، بەڵام گەر کۆمەڵێک کوفری زانایەکی بۆ بژمێریت ئامادە نیە تەکفیری بکات بەهۆی زۆری گومانەکان کە دروستکراوە بۆ موسڵمانان، ئەمەش هەموو کاریگەری گەورەکردنی زاناکانە بەسەر خەڵکیەوە زۆربەی موسڵمانانی ئەمڕۆ ولله الحمد کە کوفر لە کەسێکی هاوسەردەمی خۆیان دەبینن دەست بەجێ تەکفیری دەکەن ئەگەرچی ئەم کەسەش لە هەموو ڕووێکدا عەقیدەی پاک بێت تەنها لەیەک بابەتدا کەوتبێتە کوفرەوە کەچی هەر تەکفیری دەکەن بگرە هەندێکجار لەوانەیە کەسێکی سەردەم تەکفیر بکەن بەهۆی بچووکتری شوبهەوە، بەڵام هەر هەمان ئەم موسڵمانە کاتێک ژمارەیەک کوفری زانا کۆنەکانی نیشان دەدەیت وەک مەدخەلیەکان پیشەی دەبێتە عوزر هێنانەوە بۆیان، چونکە کاریگەری دەوروبەر و سەردەمی لەسەرە ئەم زانا کۆنانە لەلای گەورە کراون، خۆ گەر بێتو هەر ئەو موسڵمانەی ئەمڕۆ کە زانایەکی سەردەمەکەی کە لە هەموو بابەتە عەقیدەییەکان هاوڕایەتی و کوفری بە طاغوت کردووە و پەرلەمان و دەنگدان و دیموکراسی بە کوفر دەزانێت و شیرکی نیە لە بابەتی گۆڕ و پیاوچاکان بەڵام لەیەک بابەتدا دەکەوێتە کوفرەوە ڕێک تەکفیری دەکات هەر چەند پێی بڵێی ئەم کەسە لە شتەکانی تردا هاوڕاتە سودی زۆر بووە کتێب یان ووتاری بە سودی هەیە قوربانی داوە لەم پێناوە، موسڵمانەکە گاڵتەی بەم قسانە دێت و دەڵێ ئەوەی بکەوێتە کوفرەوە کافرە جا هەر کەسێک بێت و هەر چی کردبێت، تەنانەت هەندێکجار ببینن ئەو کەسە لەگەڵ کافراندا تەنها وێنەی گرتووە زۆر توند دژی دەوەستن و قسەی لەسەر دەکەن هەیانە ڕەنگە تەنها بەمە تەکفیری بکات، بەڵام کە ئەم هەموو کوفرەی زانا کۆنەکان دەبینێت ئامادە نیە تەکفیریان بکات بگرە بەرگریشیان لێدەکات و دژی ئەو کەسانە دەوەستێ کە تەکفیری دەکەن چونکە کاریگەری سەردەم وای لێکردووە ناوی ئەم زانایانەی هەر بە

گەورە کراوی بیستووە جورئەت ناکات لەم بارودۆخە بێتە دەرەوە، بەڵام بۆ زاناکانی سەردەمی خۆی کە کەوتوونەتە ناو کوفر گاڵتەی بەم مەنهەجە دێت کە خۆی لەسەریەتی بەرامبەر زانا کۆنەکان، والله المستعان چ تێکەڵی و دژ بەیەک بوونێکە ئەم مەنهەجە ! هۆکارەکەشی هەمووی ترسی لادانە لە ووتەی شێخەکانیان.

گومانی حەوتەم:

مەزهەبی أبو حنيفة تا ئێستاش ماوەتەوە و سەنگی بۆ دانراوە

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە قازی أبو يوسف قوتابيەکەی أبو حنيفة لە سەردەمی هارون الرشيد کراوە بە گەورەی قازییەکان واتا لە هەموو شارەکان ئەو قازی دیاری دەکرد، بێگومان ئەوانەشی دەکرد بە قازی کە حەنەفین و بەپێی مەزهەبی أبو حنيفة حوکم و قەزاوەت دەکەن، ئەمەش وایکرد ئەم مەزهەبە زۆر تەشەنە بکات، پاشان دوای ئەوانیش عوسمانیەکان بەهەمان شێوە حەنەفی بوون و وولاتی زۆریان لەژێر دەست بوو کە حوکمیان بە مەزهەبی حەنەفی دەکرد ئەمەش وایکرد تا ئێستاش بڵاوترین مەزهەب لە جیهانی ئیسلامیدا لەسەر بنەمای زۆری شوێن و ژمارەی شوێنکەوتوان مەزهەبی حەنەفی بێت.

المعلمي لە وەڵامی تانەدانی الكوثري لە سفيان الثوري و الأوزاعي دەڵێ: **زانیمان چۆن مەزهەبەکەی ئێوە بڵاو بوویەوە:**

یەکەم: پەیوەست بوون بەم مەزهەبە و خۆیان پێیەوە خەریک کرد چونکە هۆکاری نزیک بوونەوە بوو بۆ بە دەست هێنانی پلەو پایە بەبێ ماندوو بوون لە گەڕان بەدوای فەرموودەدا بە گوێگرتن و لەبەرکردن و گەڕان بەدوای حاڵی ڕاویەکانی و عیللەتەکانی و جگە لەمانەش، چونکە بینیان گەر کەسێک شتێکی کەم لەمانە فێر بێت ئەوا بەسە بۆی کە دواتر بتوانێ بە ڕەئی خۆی فەتوا بدات و لەناکاو دەبێت بە خاوەنی پلەو پایە.

دووەم: هاوەڵەکەتان (واتا: أبو يوسف) پۆستی گەورەی قازییەکانی پێدرا، جا ئەوانیش سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هیچ کەسێک نەکەن بە قازی لە شارێک لە شارەکانی ئیسلام ئیللا دەبێت لەسەر مەزهەبی خۆیان بێت، جا خەڵکیش حەزیان چوو بۆ ئەم مەزهەبە تا بکرێن بە قازی، جا پاشان قازییەکان هەوڵیان دەدا کە ئەم مەزهەبە بڵاو بکەنەوە لە هەموو شارەکاندا.

سێیەم: فیتنەی خلق القرآن لەسەر دەستی هاوەڵانی ئێوە بوو، وە لە خیلافەتی المأمون والمعتصم والواثق بەردەوام بوو، هێزی دەوڵەت هەمووی لەژێر دەسەڵاتی ئەوان بوو جا هەوڵیاندا بۆ بڵاو کردنەوەی مەزهەبەکەیان لە عەقیدە و فیقهدا لە هەموو شوێنێکدا، وە هەرکەسێک لە فیقهدا موخالەفەیانی کردبوایە پەلامەریان دەدا بەجۆرەها شێوە ئازاریان دەدا، هەر بۆیە پەلاماری أبو مسهر عبدالأعلی بن مسهر-یان دا زانای شام و میراتگری فیقهی الأوزاعي و ئیمام أحمد بن حنبل هەڵگری ئاڵای فیقهی حەدیث و أبو یعقوب البویطي جێگرەوەی الشافعي و ابن عبدالحکم و جگە لەویش لە زانا مالکیەکانی مصر، وە لە کتێبی (قضاة مصر) بەشێک لەو شتانەی تێدا هاتووە کە ئەنجامیان داوە لە مصر .....

چوارەم: غەیرە عەرەبەکان دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر دەوڵەتدا، جا دەمارگیریان هەبوو بۆ مەزهەبەکەتان بەهۆی ڕەگەزایەتیەوە، وە بەهۆی هەبوونی فراوانی لە روخسەت و فێڵ کردن لە مەزهەبەکەتان.

پێنجەم: کۆمەڵێک دەوڵەتی غەیرە عەرەب بەدوای یەکتردا بوون.

شەشەم: هاوەڵانی ئێوە هەڵسان بە بانگەشەیەک کە هاوشێوەی نەبوو، لەم پێناوەشدا درۆیان حەلال کرد تەنانەت درۆکردن بە دەمی پێغەمبەر ﷺ هەروەک چۆن دەیبینن لەو کتێبانەی دەربارەی مەدحی أبو حنیفة نوسراون.

حەوتەم: ئەم کارەیان تەواو کرد لەسەر بنەمای هەڵە هەروەک کتێبی (التأنیب)ی الکوثري کە ڕۆڵی نموونەیەکی باڵا دەبینێت لەم هەڵانەدا، هەروەک چەند نموونەیەکم ڕوونکردەوە لەم هەڵانەدا لە کتێبی (الطلیعة) وە لەم کتێبەشدا، وە هەندێک لەم هەڵانە لەم ژیاننامەیەدا ڕوونم کردەوە. (واتا: ژیاننامەی سفیان الثوري). بڕوانە [التنکیل : 1/435-438]

ووتم: مەبەستی لە غەیرە عەرەبەکان بە گشتی فارسە کە لەناوچەی خوراسان جێگیر بوون، ئەم ناوچەیەش لەو کاتەدا لە ئێرانەوە تا هیند دەڕۆیشت، وە شۆڕشی عەبباسیەکان دژی ئومەویەکان لە خوراسان سەری هەڵدا و ئەوان سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەیان کرد بۆیە فارسەکان دەسەڵاتیان بەهێز بوو لە خیلافەتی عەبباسیەکاندا، وە لە هیچ شوێنێک بە قەدەر خوراسان مەزهەبی حەنەفی

بەهێز و بەربڵاو نیە تا ئێستاش، لەبەر ئەوەی أبو حنیفة بە ئەصل فارسە و خەڵکی شاری کابول-ە کە دەکاتە پایتەختی ئێستای ئەفغانستان ئەمە وایکرد فارسەکان مەیلیان بۆ مەزهەبەکەی هەبێت، وە خوراسانی ئەوکاتیش واتا ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و تورکمانستان و ئۆزبەکستان و کازاخستان و طاجیکستان و قیرغیزستان ئەم وولاتانەش ئەوکات هەموویان فارس بوون و دراوسێی یەکترن و هاو سنوورن، بۆیە ناوچەیەکی زۆر لەبارە بۆ تەشەنە کردنی مەزهەبەکە بەبێ پچڕان بەهۆی لایەنی ڕەگەزایەتی و ئاسانکارییەکانی ناو مەزهەبەکە و چوونە ناو دەسەڵاتەوە، ئەمە مەبەستی المعلمي بوو لە ووتەکانیدا.

مقبل بن هادي الوادعي دەڵێ: **بەهۆی ئەوەی حەنەفیەکان دەسەڵاتی قەزایان هەبووە لە زۆربەی سەردەمەکان، دەبینی زۆرێک لە زانایان ناتوانن بە ڕاشکاوی تانە لە أبو حنیفة بدەن، ئەوەتا البیهقي لە کتێبی (مناقب الشافعي) لە ابن أبي حاتم تانەدان لە أبو حنیفة نەقل دەکات، ابن أبي حاتم بە ڕاشکاوی ناوی أبو حنیفة دەبات، البیهقي لەو نەقلی دەکات و دەڵێ: أبو فلان ووتی، ناوی أبو حنیفة بە ڕاشکاوی نابات، ئەوەتا ابن حجر لە کتێبی (التقریب) لە ژیاننامەی أبو حنیفة دەڵێ: فەقیهێکی ناودارە، ئەمەش لادانە لە بابەت لەلایەن ابن حجر-ەوە، چونکە ئەو باسی ئەم دەستەواژەیەی نەکردووە لە پێشەکی کتێبەکەدا، ئەم حوکمەش کە داویەتی لەسەر أبو حنیفة نە مانای جەرح دەدات نە مانای تەعدیل نەدات.** [نشر الصحیفة : 5-6]

ووتم: قسەکەی ڕاستە چونکە کتێبی (تقریب التهذیب) دەربارەی حاڵی ڕاوییەکانە لەڕووی فەرموودەوە، لەلای ابن حجر شاراوە نیە کە أبو حنیفة حاڵی چۆنە لە فەرموودەدا، ئیتر هاتووە باسی ئەوە دەکات فەقیهێکی ناودارە بۆ خۆدزینەوە لە تەزعیف کردنی، وە سەرەڕای ئەم هۆکارەش کە المعلمي و الوادعي باسیان کرد بەڕای من زۆربەی هەر خۆیان لەو ئاستەدا نین کە قسە لەسەر زاناکان بکەن، بۆ ئەم زانا کافر و بیدعەچیانە کەس گەورەی کردن جگە لە خەلەف ؟ خۆ گەر بە خراپەش باسیان نەکردبوایە دەیانتوانی گەورەی نەکەن، خۆ لە سەردەمی سەلەفیش قازییەکان حەنەفی بوون بەڵام سەلەف سڵیان نەکردەوە لە ووتنی حەق.

گومانی هەشتەم:

حوکمی ئیسلام نەماوە لە ئێستادا کەچی ئێوەش خەریکی زانا کۆنەکانن

ئەوانەی خۆشەویستی ئەم کافرانە لەگەڵ خوێنیان تێکەڵ بووە دوای ئەوەی بە بەڵگە بێ دەنگیان دەکەیت و ناتوانن وەڵامت بدەنەوە ئیتر ڕێگایەکی تر دەگرنە بەر بۆ سۆز جوڵاندنی خەڵک و دوور خستنەوەیان لە ڕاستیەکان، ئینجا دەست دەکەن بەم جۆرە قسانە:

حوکمی ئیسلام نەماوە خەڵک بێ ئاگایە لە تەوحید

کوفری پەرلەمان و دیموکراسی و دەنگدان و عەلمانیەت باوە لە ئێستادا

خەڵکی نازانن تەوحید چیە

ئێمە کێشەمان لەسەر گەڕاندنەوەی حوکمی ئیسلامە

کێشەمان لە تەوحیدی الأسماء والصفات و حاڵی زانا کۆنەکان نیە

خەڵکی بەم باسانەوە خەریک دەکەیت تا بیریان بۆ تەوحید نەچێت

بانگەوازی تەوحید تێکدەدەیت و خەڵکی بەم شتانەوە سەرقاڵ دەکەیت

کەی لە دار الإسلام ژیان ئەوکات ئەم باسانە بکەرەوە

ئێستا کەی کاتی ئەوەیە بزانین أبو حنیفة و فلان و علان عەقیدەیان چۆن بووە

ئێمە کێشەمان لەگەڵ طاغوتان و مەدخەلیەکان و ئیخوانەکان هەیە ...... هتد

ئیتر بەم جۆرە قسانە دەیانەوێ وات لێبکەن کە ئەم هەوڵ و تێکۆشانەی تۆ نەک هەر سوودی نیە بەڵکو زیانێکی گەورەی هەیە بۆ سەر بانگەوازی تەوحید.

لە وەڵامی ئەم هەموو گومانەدا دەڵێین:

بەڵێ ڕاستە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە حوکمی ئیسلام نەماوە و خەڵکی بێ ئاگان لە ئیسلام کەس ئینکاری لەم شتە ناکات، وە دەبێت پشکی شێر بەر بانگەوازی تەوحید بکەوێ لەم

سەردەمەدا بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە دەست لە هەموو شتێک هەڵگریت و باسی هیچ نەکەیت جگە لە تەوحید ئەویش تەنها بەشێکی دیاریکراوی هەروەک هەندێک بە تەوحیدی حاکمیەت ناوی دەبەن ؟ بۆ مەگەر هەر فێربوونی تەوحید نیە موسڵمان بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە بە کافر بڵێ کافر و نەیکات بە ئیمام و گەورەی نەکات ؟ وە لە لۆمەی لۆمەکارانیش نەترسێ ؟ یان پێتان وایە لە دەست بەتاڵیەوە موسڵمان ئەم بیرۆکانەی بۆ دێت ؟ دواتر بە درێژایی 1400 ساڵی ئەم دینە کە هەر سەردەمێک فیتنەیەک لە ئارا دابووە و خەڵکی پێی موبتەلا بوونە بەڵام نەمان بینیوە کە لە سەردەمێکدا هەموو کتێبەکان تەنها لەسەر ئەو بابەتە بنوسرێ کە خەڵکی خەریکین و بابەتی تر هەمووی پشتگوێ بخرێ، بەڵام کەس حاشا لەو ڕاستیەش ناکات کە تۆ دەبێت هەوڵی زیاتر بدەیت بۆ تیمار کردنی دەردە گەورەکان و زیاتر گرنگی بەو بدەیت، وەک دەووترێ گەر چویتە شارێک خەڵکی توشی فیتنەی ڕیبا ببون تۆش باسی زینات بۆ کردن ئەوا خیانەتت لێیان کردووە، بەڵێ ڕاستە تۆ لەم سەردەمەدا کە کوفرەی سەردەم کە بریتیە لە حوکم نەکردن بە قورئان هەموو وولاتێکی گرتۆتەوە دەبێت عالیم و عەوام بەپێی توانای خۆیان کۆششی یەکەمیان بۆ ئەوە بێت کە خەڵکی ئاگادار بکەنەوە لەم کوفرە و زیاتر جەخت لە باسکردنی بکەن، بەڵام کەس ناڵێت عیلمی تەفسیر و فەرموودە و فیقه باس مەکەن و مەهێڵن تەنها خەریکی تەوحیدەکە بن، بۆیە ئەم قسە عاطفیە بۆ کەسێکی مەدخەلی بکەن کە مزگەوت و دەرس و دەورەی پێدراوە شەو و ڕۆژ باسی بابەتانێک دەکات کە ئەگەر خەڵکی لێی شارەزاش بن هەر کافرن، کەچی وازی لەم بابەتانە هێناوە کە خەڵکی پێی موسڵمان دەبێت و دەربازی دەبێت لە کوفر، نەک ئەم قسانە بەرەو ڕووی موسڵمانێک بکەن کە هەوڵ دەدات بەپێی توانا بۆ بانگکردنی خەڵک بۆ تەوحید و ڕوونکردنەوەی دینی ئیسلام وەک خۆی کە هەیە بەڵام هەست بەوەش دەکات کە زۆربەی موسڵمانان دوورن لە مەنهەجی سەلەف و موبتەلا بوونە بە مەنهەجە خوار وخێچەکەی خەلەف و معاصرین بۆیە دەیەوێت ئەم هەڵەیەش لەناو موسڵماندا ئاماژە پێبدات و چاکی بکاتەوە، ئێوە کاتێک ئەم قسانە بکەن کە هەموو بانگەواز لەسەر شانی ئەم کەسە وەستابێ بە سەرقاڵ بوونی ئەو بانگەواز بوەستێ، الحمدلله موسڵمانان زۆرن بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵاتیەکان کە شوێنێکی لەبارە بۆیان

که بانگەوازی تێدا بکەن، بۆیە لەناو ئەم هەموو جەنجاڵی و قەرەباڵغیەدا گەر موسڵمانێک کتێبێک بنوسێت دەربارەی زانایەک مانای ئەوە نیە تەوحیدی واز لێهێناوە و هەموو ژیانی تەرخان کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی حاڵی ئەم زانایە، من باسی ئەزمونی خۆم دەکەم بۆتان ئەوە شەش مانگە خەریکی نوسینی ئەم کتێبەم، ئایا نوسینی ئەم کتێبە وای لە من کرد واز لە بانگەوازی تەوحید بهێنم ؟ ئایا ئیتر تەواو ناتوانم باسی کوفر بە طاغوت و کوفری حزبەکان و دیموکراسی و پەرلەمان و دەنگدان بکەن ؟ ئیتر ناتوانم باسی وەلاء و بەراء بکەم ؟ تەواو من لەم هەموو شتە بێبەش دەبم بەهۆی نوسینی ئەم کتێبە ؟ ئەمە چ بیانووێکی لاواز و دۆڕاوە گرتووتانە بەر ، ئاخر من مۆبایلەکەم بە دەستمەوەیە لەیەک کاتژمێردا دەتوانم کوفری أبو حنیفة و کوفری مەدخەلیەکانیش پۆست بکەم، دەتوانم کوفری ئەشعەریەکان وکوفری حکومەتیش پۆست بکەم، دەتوانم باسی کوفر لە تەوحیدی ئولوهیەت و کوفر لە تەوحیدی الأسماء والصفات بکەم، کوا ئەم ئیلزاماتانەی کە ئێوە باسی دەکەن بۆ لە من نایەتەدی ؟ بۆ دەتوانم لەیەک ڕۆژدا پۆستێک بکەم ڕەددی مەدخەلیەکان بدەمەوە لەهەمان ڕۆژدا پۆستێک بکەم ڕەددی خەواریجەکان بدەمەوە ؟ بۆ أبو حنیفة هەموو ژیانی داگیر نەکردوومە و لە هەموو بابەتێکی دانەبڕیوم ؟ وا خەریکم باسی حاڵەتێک دەکەم کە خۆم تێیدا دەژیم و مومارەسەی دەکەم ئیتر ئەم بیانووە دۆڕاوانە چیە باسی دەکەن گوایە گەر پۆستت کرد یان نامیلکەیەک یان کتێبێکت نوسی لەسەر زانایەکی کۆن ئیتر تۆ تەواو تا ژیانت ماوە ناتوانی باسی تەوحید وکوفری سەردەم بکەیت، پاشان چەند مانگێک خۆم خەریک بکەم بە نوسینی کتێبێک کە تەواوی ئەو باسانەی دەمەوێت تێیدا بنوسم باشترە لەوەی شەو و ڕۆژ خەریکی ئەم باسە بم وکاتم بە مشتومڕ بکوژم، ئیتر ئەوەی مشتومڕ بکات دەڵێم فەرموو ئەم کتێبە بخوێنەوە ئامادە نیم خولەکێک کاتم بە مشتومڕ کردن لەسەر أبو حنیفة بکوژم، سەبارەت بەتۆی خوێنەریش گەر هەر چەند خوێنەرێکی خراپ بیت ئەوا دەتوانی بە ماوەی مانگێک ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، لێرەوەش زەمانەت پێدەدەم کە ئەم کتێبە ڤایرۆس نیە بچێتە گیانتەوە و دوورت بخاتەوە لە باسکردنی تەوحید و شیرك بەڵکو گەر ئازا بیت دەتوانی بە هەفتەیەک بیخوێنیتەوە ئیتر قبوڵی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەکەیت یان نا شتێکی ترە بەڵام دڵنیابە ڤایرۆس نیە هەموو کات و ژیانت

لێ داگیر بکات و بواری ئەوەت نەمێنێ چیتر قسە لەسەر کوفرەکانی سەردەم بکەیت، جا سەیرەکە لەوە دایە لە تۆڕە کۆمەڵاتیەکان زۆربەیان کاتێک دەبینن باسی تەفسیر یان فەرموودە یان فیقهـ یان جاری وا باسێکی دونیایی یان باسێکی کۆمیدی دەکرێت بەلایانەوە ئاسابیە هیچ قسە ناکەن بەڵام کە دەبینن باسی أبو حنیفة یان هەر زانایەکی تر دەکرێت ڕێک دەڵێن: براکەم باسی تەوحید بکەیت باشتر نیە ؟ واتا زمانی حاڵیان دەڵێ باسی چی دەکەیت بیکە تەنها باسی ئەو زانایانە مەکە کە خۆشەویستیان لەگەڵ خوێنمان تێکەڵ بووە کە هیچیش دەربارەیان نازانین تەنها سەردەم وایکردووە لەلامان گەورە بکرێن، دواتر گریمان من کەسێکم تەنها لەو بوارە دەزانم تەنها لەوە قسە دەکەم، تۆ لە تەفسیر دەزانیت لەوە قسە دەکەیت، یەکێکی تر لە فەرموودە دەزانێت لەوە قسە دەکات هەرکەسە و بەپێی زانست و توانای خۆی، فەرموون خۆ من دەرگام بە ڕووتان دانەخستووە هێندە باسی ئەو بابەتانە بکەن کە بە پێویستی دەزانن تا تواناتان تێدا نامێنێت، خۆ من ڕێگام لێ نەگرتوون ! فەرموون باسی حکومەت باسی پەرلەمان باسی حزبەکان باسی مەدخەلیەکان باسی ئیخوان باسی هەر شتێک بکەن کە پێتان خۆشە تا هێزتان تێدا نامێنێت باسی بکەن، والله نە من نە کتێبەکەشم ڕێگر نیە لە بەردەمتان، ئێمە نابینە هۆکاری پەکخستنی بانگەوازی تەوحید بگرە لە زۆرێک لەوانە چالاکترین کە ئەم بیانووە دۆڕاوانە باس دەکەن، پاشان ئەم بابەتە شتێک نیە کە زانین و نەزانی وەک یەک بێت کە بووترێ زانینی سودی نیە و نەزانینی زیانی نیە، مەنهەجی سەلەف لە مامەڵە کردندا لەگەڵ کەسانی موخالیف زۆر غەریب کەوتووە بگرە قبوڵی ناکەن، مەنهەجی خەلەف لەگەڵ خوێنیان تێکەڵ بووە کە وایان لێهاتووە بڵێن فلان زانا بەڵێ کوفری هەیە بەڵام چونکە کتێبی بە سودی نوسیوە موسڵمانە ئیمامە تەکفیر ناکرێت بەکوێرایی چاوتان ئەوەشی باسی بکات بە خراپە شایستەی ئەوەیە بکوژرێ بەند بکرێ تەمێ بکرێ ...هتد، والله ئەمە کارەساتێکی گەورەیە کە ئەمڕۆ موسڵمانان تێیکەوتوون بە بیانووی ئەوەی چونکە سەردەمەکە گۆڕاوە ئاساییە کافر بکەیت بە ئیمام گرنگ ئەو زانایە کێشەی بۆ تۆ نەبێت، لە گۆڕ پەرستی کوفری هەبێت لە تەوحیدی الأسماء والصفات کوفری هەبێت هیچ کێشە نیە بەلامانەوە هەر موسڵمانە مادام لە بابەتی طاغوتی حاکمیەت و حوکم بە قورئان دژی ئێمە نیە ئیتر کێشەمان لەگەڵی نیە !

واتا بابەتی تەکفیر بۆتە شەخصی بەپێی سەردەم و بەرژەوەندییەکان کافر و موسڵمان دابەش دەکرێت، ئەمڕۆ من هەوڵی گەڕانەوەی حوکمی ئیسلام دەدەم هەموو گیانت کوفر بێت کێشەم لەگەڵت نیە مادام تۆ لەو بابەتەدا دژم نیت، بەڵام کەسێکی تر لە هەموو شتێکدا هاو عەقیدەم بێت لەیەک بابەت لەگەڵم نەبێت تەکفیری دەکەم جا حەز دەکەی دەورێکی باڵای هەبوو بێت لە بانگەوازی تەوحید و جیهاد، أبو محمد المقدسي بە نموونە کە چەندەها موجاهیدی پێ گەیاندووە بە کتێبە بە سودەکانی دیارترینیان الزرقاوي کە قوتابی خۆی بووە هەڵگیرسێنەری ئاگری جیهاد بوو لە عیراق، تا ئێستاش کتێبەکانی دەخوێننەوە بەڵام کە هاتە سەر تەلەفزیۆن لە بەرژەوەندی حکومەتی ئوردن قسەی کرد ئیتر حیسابیان بۆ هیچ لە کتێبەکانی نەکرد و تەکفیریان کرد، دەستان خۆش بێ ئاوا بن کوفرتان لەهەر کەسێک بینی تەکفیری بکەن، بەڵام کە دێتە سەر أبو حنيفة و القاضي عياض وابن حزم وابن الجوزي والقرطبي والنووي والعسقلاني والهيتمي والرملي والشيرازي والسيوطي والشوكاني و هاوشێوەکانیان کۆمەڵێک کوفریان بەدوای یەکتردا ڕیز بکە یان بە دەیان تەئویل و عوزریان بۆ دەهێنێتەوە کە دەتوانرا بۆ المقدسي بیهێننەوە بڵێن لەژێر فشاری حکومەت قسەی کردووە بەڵام المقدسي شمولی ناکات بەڵام ئەمانە شمولیان دەکات هەرچەندە کوفرەکانیان زۆرزەق بن و هیچ خیلافی تێدا نەبێت هەر موسڵمانن هەر ئیمامن بەوەش ناوەستین ئەوەی بێ ڕێزی بکات بەرامبەریان دەسەڵاتمان هەبێ بەسەریدا تەمبێی دەکەین دەسەڵاتیشمان نەبێت بەسەریدا بە نیزامی یان خەواریج یان غولات یان منداڵ یان رويبضة ناوی دەبەین بەپێی ئارەزووی خاوەن ووتەکە چ ناوێکی پێ خۆش بوو ئازادە دەری ببڕێ بەرامبەر موسڵمانانێک کە تەنها دەڵێن کافر مەکەن بە پێشەوای خۆتان و گەورەی مەکەن ! هەر هیچ نەبێت کە ئەم زانایانە بەم هەموو کوفرەیانەوە عوزرت پێدان و ووتت هەر موسڵمانن، ئێ عوزر بە براکانیشت بدە بڵێ ئەگەرچی لە تەکفیر کردنیان هاوڕاتان نیم بەڵام هەر برای منن و کێشەم نیە لەگەڵتاندا، بڵێ خۆ من مادام کێشەم لەگەڵ کەسێک نەبێ کە کەوتۆتە ناو کوفرێکی بەواحەوە کێشەم لەگەڵ تۆش نیە کە لە عەقیدەدا هاوڕاین، ئەمە وەک بەراووردێک بۆ حاڵی ئێوە باس دەکەم کە مادام عوزرتان بەواندا بە ئێمەشی بدەن، ئەگینا هەرگیز من ناچمە بەرەی بەرگری کردن لەخۆم بەرامبەر ئێوە بەڵکو ئەوە

ئێوەن دەبێ بەرگری لەخۆتان بکەن نەک من، بەرگری لەم عەقیدە خوار و خێچەتان بکەن و وەڵاممان بدەنەوە و پێمان بڵێن لەسەر چ بنەمایەک ئەم کافرانەتان کردوون بە ئیمام و لەسەریان دێنە وەڵام و موسڵمانانی تری لەسەر دەکەن بە خەواریج ؟ گەر کەسێک هەبێت لەم نێوەندەدا حاڵی خراپ بێت ئەوا ئێوەن نەک ئێمە چونکە ناوی هەر زانایەکمان هێنا بێت و تەکفیرمان کردبێ بە بەڵگەوە کوفرەکانی لەلامانە هیچ پێویستیشمان بە تەئویل و پینەو پەڕۆ نیە لەم کارەدا، بەڵام ئێوە کە کۆمەڵێک کافرتان لەخۆتان کردووە بە ئیمام دەبێت کۆمەڵێک تەئویل و پینەو پەڕۆیان بۆ بکەن تا لە هەندێک کوفر دەربازیان بکەن لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک کوفر دەرباز بوونی بۆ نیە مەگەر ئیللا بە سڕینەوە و لەناو بردنی کتێبەکانیان ئەم کوفرانەیان پەردەپۆش بکەن، جا لە هەموو بارێکدا هەڵوێستی ئێوە لاوازترە، گەر تۆ هەموو ئەم قسانەی کردم بە شتێکی زۆر ئاسایی دەزانیت و هیچ بەلاتەوە کێشە نیە کە ئەم بابەتە هەروەک خۆی بمێنێتەوە و تا قیامەت نەوە لە نەوە وەری گرێت کە ئەم زانایە کۆنانە ئەگەرچی کوفریشیان هەبێت ئەوا هەر پێشەوان ! ئەوا بەلای منەوە ئاسایی نیە و موصیبەتە دەبێت باس بکرێت و ڕوون بکرێتەوە هەر بۆیەش ئەم کتێبەم لەسەری نوسیوە تا أبو حنيفة ببێتە دەرگایەک بۆ هەموو ئەوانی تر، وە کە دەڵێن ئەم باسانە دامان دەبڕێت لە واقعی ئەمڕۆ، دەڵێم ئایا کەسێکی وەک ئیمام البخاري کە لە سەردەمێک ژیاوە خەواریج و رافیزە و جەهمی و موعتەزیلی لێ بووە دەچێت کتێب دەنوسێت دەربارەی (بر الوالدين) و (القراءة خلف الإمام) و (رفع اليدين في الصلاة) ئەم کتێبانە وای لێکرد کە لە واقعی سەردەمەکەی خۆی دابڕێت ؟ یان وا لە خوێنەر بکات بەم باسە فیقهیانەوە سەرقاڵ بێت و ئاگای لە کوفر و بیدعەی گروپەکانی تر نەمێنێت ؟ یان شێخ محمد بن عبدالوهاب کە لە سەردەمەکەی ئەودا بت پەرستی وەک سەردەمی سەرەتای ئیسلام بووە بگرە خراپتریش، کەچی دەچێت دەربارەی (أحاديث في الفتن والحوادث) و (أحكام الصلاة) و (آداب المشي إلى الصلاة) و (شروط الصلاة وأركانها وواجباتها) و (فضائل القرآن) دەنوسێت، ئایا ئەم نامیلکانە وای لە خۆیی و خەڵکیش کرد کە دوور کەونەوە لە بانگەوازی تەوحید ؟ واللە بیانووەکانتان زۆر دۆڕاوە تەنها لە نەبوونی بەڵگەیە وادەکات ئەم جۆرە بیانووانە بگرن ئەگینا ئەم کتێبە زیانی بۆ من و بۆ خوێنەر چیە جگە لەوەی کە شارەزا بێت وبزانێت

سەلەف چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کەسی موخالیف کردووە لە بابەتی کوفر و بیدعەدا کە ئەمڕۆ ئێوە تەواو پێچەوانەی مەنهەجی سەلەفن لەم بابەتەدا.

لەکۆتاییدا حەز دەکەم فیلمێک وەک نمایش بیخەمە بەرچاوتان بەڵکو بتان جوڵێنێت و بەهۆش بێنەوە و بزانن لە چ گێژاوێکدان کە هەستی پێ ناکەن:
بێنە بەرچاوت کە ئەمڕۆ کەسانی وەک عبداللطیف و ربیع المدخلي وعبید الجابري و صالح الفوزان وعبدالعزیز آل الشیخ وسعید رسلان وهاوشێوەکانیان کە بوونەتە سەربازی طاغوت بە عیلمەکەیان و دژی ئەهلی تەوحید وەستاون و بە خەواریج و تێکدەریان دەزانن، تۆ ئەمانە تەکفیر دەکەیت و هەمیشە لەسەر زارتن و بە بەڵا و کارەساتی ئەم سەردەمەیان دەزانیت و خوێنیان لە ئاو بە حەلالتر دەزانیت، ئینجا دوای 500 ساڵی تر دونیا بگۆڕێت وحوکم بکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانان، لەم کاتەدا خەڵکی کێشەیان لە بابەتی حوکم و دیموکراسی و عەلمانیەت و پەرلەمان و ئەم شتانەدا نەبێت بەڵکو لە بابەتی گۆڕ پەرستی و پاڕانەوە لە غەیری الله و تەوحیدی الأسماء والصفات و قەدەر و ئەم بابەتانە کێشەیان هەبێت کە ئەو کەسە مورتەددانەی سەرەوە لەم بابەتانەدا عەقیدەیان زۆر باشە و ڕۆڵی چاکیان هەبووە، ئینجا بێنە بەرچاوت نەوەکانت لەسەر هەمان مەنهەجی تۆ بڕۆن و بڵێن ئەم کەسانەی سەرەوە موسڵمانن ئیمامن خۆشمان دەوێن قبوڵ ناکەین تەکفیر بکرێن کتێبی زۆر چاک و بە سودیان نوسیوە ...هتد، ئەوکات کەسێکیش پێیان بڵێ: ئەی هاوار خەڵکینە ئەمانە هەمووی کافرن کوفری بەواحیان هەبووە دژی حوکمی ئیسلام بوونە پشتی طاغوتانیان گرتووە و باب و باپیرانتان ئەم جۆرە کەسانەیان تەکفیر کردووە ئێوە چۆن دەیانکەن بە پێشەوای خۆتان ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا وەک ئێستای ئێوە دەڵێن: لەم سەردەمەدا کێشەی ئێمە ئەم شتانە نیە کێشەی ئێمە شتێکی ترە کە ئەوان لەم بابەتانەدا کتێبی زۆر چاکیان نوسیوە، الله خۆی دەزانێت ئەوکات چۆن بوونە یان لەسەر چ حاڵێک مردوون ئەوەتا وتوویانە دیموکراسی کوفرە عەلمانیەت کوفرە تۆ چی دەزانیت بڕۆ هەموو ووتەکانی عبدالعزیز آل الشیخ کۆ بکەرەوە ئینجا دەزانیت عەقیدەی چەند پاک بووە، بڕۆ ووتەکانی صالح الفوزان کۆ بکەرەوە ئینجا

تێدەگەی کە عەلمانیەت و دیموکراسی بە کوفر زانیوە، جاهیلێکی وەک تۆ چیە قسە دەربارەی ئەم زانایانە بکات تۆ خەواریجی تۆ فیتنەی تۆ دەتەوێ موسڵمانان سارد بکەیتەوە بەم بابەتانە ... هتد ئەم پرسیارە لەخۆت بکە ئایا بەرگەی بارودۆخێکی ئاوا دەگریت گەر بە چاوی خۆت بیبینیت ؟ هەر هەمان ئەم بارودۆخە ئێستا تۆ مومارەسەی دەکەیت، ئەوەتا ئەوانەی سەلەف تەکفیریان کردوون بگرە ئەوانی دوای سەلەف بە زیادەوەش کوفریان هەیە تۆ نەک هەر تەکفیریان ناکەیت بەڵکو لێت بوونە بە ئیمام و بەرگریان لێ دەکەیت و دژی ئەوانە دەوەستین کە تەکفیریان دەکەن بە بیانووی ئەوەی سەردەم گۆڕاوە ! جا ئەوکاتیش خەڵکەکە دەڵێن گەر ئەم زانایانە کافر بوان ئەوا زاناکانی سەردەمی خۆیان تەکفیریان دەکردن، کوا بهێنە کام زانا ئەمانەی تەکفیر کردووە ؟ واتا هەموو زاناکانی پێشوو نەیانزانی ئەمانە کافرن تەنها تۆ زانیت ؟ واتا زاناکانی 500 ساڵ لەمەوبەر تا ئەمرۆ هەموویان جاهیل بوون تەنها تۆ نەبێت ؟ هەمان ئەم قسانە دووبارە دەکەنەوە کە ئەمڕۆ ئێوە دەیکەن، جا ڕاستیش دەکەن خۆ هەرچی کتێب هەیە بگەڕێ نابینیت باسی تەکفیر کردنی ئەمانەی تێدا بێت، نەماندیوە زانایەک کتێب بنوسێ بڵێ ئەمانە کافرن تەنها لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کون و کەلەبەرەکان کۆمەڵێک کەس کە زۆرینەیان نەناسراون بگرە طالب علمیش نین تەکفیریان دەکەن مەبەستم ئەوە نیە تەکفیر کردنیان ناحەقە مەبەستم واقیعەکەیە، ئینجا کابرای داماو چی بکات لەم حاڵەدا ؟ کوفرەکانیان نیشان دەدات پێی دەڵێن فەرموو زانایەک بهێنە لە کتێبێک تەکفیری ئەمانەی کردبێ ئەویش دەستی ناکەوێ، تەنانەت بن باز و بن عثیمین کە زۆربەتان تەکفیریان دەکەن ئەمڕۆ هەرچی کتێب و دەزگا بیسراو بینراوەکان هەیە پڕیەتی لە مەدح و بە شان و باڵ هەڵدانیان، بگرە زۆرێک لە زانا موەحیدەکان تەکفیریان ناکەن بگرە قوتابی ئەمانە بوونە و لای ئەوان خوێندوویانە بگرە بە شێخ ناویان دەبەن و ڕەحمەتیان بۆ دەنێرن، جا تۆ دوای 500 ساڵی تر بڵێی ابن عثیمین کافرە بەیعەتی بە طاغوتی سعودیە داوە، خەڵکەکە دەڵێن ئەوەتا شێخ علي الخضير لە کتێبێکیدا بە شێخی خۆی ناوی دەبات و ڕەحمەتی بۆ دەنێرێت، واتا تۆ زاناتر بووی لە علي الخضير ؟ ئەو دەڵێ شێخمە ڕەحمەتی لێبێ تۆش دەڵێی کافرە ؟ ئەوەتا وليد السناني باسی هەڵەکانی ابن عثیمین و عبدالعزیز آل الشیخ دەکات بەڵام دەڵێ تەکفیریان ناکەم تۆ

لەو زاناتری کە تەکفیریان دەکەیت، ئەویش دەڵێ خەڵکینە من بەڵگەی کوفرەکانی ئەمانەم بۆ هێناون واز لە ووتەی فلان و علان بهێنن بە بەڵگەی قورئان و سوننەت ئەم کارانە کوفرن، خەڵکەکەش دەڵێم ئەم قسەیەت مولزەمت دەکات بەوەی کە بڵێی هەموو زانایانی پێشوو گومڕا و نەزان بوونە بۆیە تەکفیری ئەمانەیان نەکردووە تەنها تۆ زانا بووی ! والله المستعان.

تێبینی: أبو محمد المقدسي کوفری تری هەیە وەک بە موسڵماندانانی ئیخوان و بەرگری کردن لە طالبان کە ئەو کەسێک نیە ئاگاداری کوفری ئەمانە نەبێت و نەزانێت کارەکانیان کوفرن، خۆی باش گونجاندووە لەگەڵ حکومەتی ئوردن دوای ئازاد بوونی لە بەندیخانە لەسەر حیسابی دینەکەی، ئەگەرچی بە کافری دەزانم بەڵام بە چارەگی ئەو کەسانە کوفری نیە کە ئێوە بە پێشەوایان دەزانن، بۆیە باسیم کرد وەک نموونەیەک کە کەسێکی ئاوا دیار لە بانگەوازی تەوحید بەلاتانەوە زۆر ئاسانە تەکفیری بکەن کە کوفرتان لێ بینی، بەڵام تەکفیر کردنی ئەوانەی کۆمەڵێک کوفریان هەیانە هێڵی سوورە بەلاتانەوە ! ئایا کاتی بەهۆش هاتنەوە نیە ؟

گومانی نۆیەم:

باسکردنی کوفری زانا کۆنەکان فیتنە دەنێتەوە لە نێوان موسڵماناندا

الحاكم دەڵێ: حدثنا أبو أحمد بن أبي الحسن ووتی: **ابن خزيمة منى نارد بۆ لای أبو العباس السراج، ووتی: پێی بڵێ: با دەست هەڵگرێ لە باسکردنی أبو حنيفة و هاوەڵەکانی خەڵکی شارەکە توشی تەشویش بوونە، منيش نامەکەم پێی گەیاند، جا أبو العباس السراج: بەڕوومدا هەڵشاخی.**

[الذهبي نەقلی کردووە - تاريخ الإسلام : 463/23] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: أبو أحمد ناوی الحسين بن علي التميمي ناسراو بە حسينك حافزە.

بەڵێ ئەوەی جاهیل بێت بە حاڵی أبو حنيفة و بێ ئاگا بێت لە کتێبەکانی سەلەف و تەنها ئەوەی بیستبێ أبو حنيفة یەکێکە لە چوار پێشەواکە و دەروبەرەکەی هەر بە ئیمام ناوی بردووە بێگومان توشی تەشویش دەبێت و فیتنە دروست دەکات چونکە لە ژینگەیەک گەورە بووە و وایان تێگەیاندووە کە أبو حنيفة هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ مالك والشافعي و أحمد تەنانەت ئەو پێش هەموویان ژیاوە فەزلیشی بەسەریانەوە هەیە، هەروەک لە سەردەمی ابن خزيمة هەمان شت ڕوویداوە ئەمە لەکاتێکدا ابن خزيمة ساڵی 311 مردووە، چ جای ئەم سەردەمەی ئێستا کە أبو حنيفة کراوە بە یەکێک لە پێشەواکانی ئەهلی سوننە، بەڵام ڕەحمەت لە السراج بێت کە حیسابی بۆ ووتەکەی ابن خزيمة نەکردووە و لەوە تێگەیشتووە کە دەبێت ڕاستیەکان چۆنن وەک خۆی باس بکرێن و نابێت کەسانی کافر وگومڕا وبیدعەچی بکرێن بە پێشەوای موسڵمانان و مەزهەبە خوار و خێچەکانیان بکرێن بە مەزهەبی فیقهی و خەڵکی لەسەری بڕۆن، جا ئایا ئەوانەی ئەم بابەتە دەکەن بە فیتنە و دونیا سەراو ژوور دەکەن لەسەری ئایا بە زانستەوە ئەم کارە دەکەن یان دەمارگیری و کاریگەری سەردەم وای لێکردوون ؟ بێگومان دەمارگیری و نەخوێندنەوە ئەوانی گەیاندووە بەم ئەنجامە ئەگینا ئەوەی کتێبەکانی سەلەف بخوێنێتەوە خەمێکی قوڵ دایدەگرێ و دەڵێ أبو حنيفة ئەمە حاڵی بووە لەلای سەلەف ئەی چۆن کراوە بە پێشەوای ئەهلی سوننە ؟! وە

زۆرێک لەوانەی کە بەرگری لێدەکەن یەک کتێبی سەلەفیان نەخوێندۆتەوە تەنانەت نازانن کەی لەدایکبووە و کەی مردووە، وەک باقی ئەم خەڵکەی تر چاوی هەڵهێناوە بە دونیا بیستوویەتی أبو حنیفة ئیمامە ئیتر ئەویش هەر لەسەر ئەمە ڕۆیشتووە، هەروەک أبو زرعة الرازي باسیکرد ئێمە لە گەنجیدا وەک باقی خەڵکەکەی تری خوراسان سەرسام بووین بە أبو حنیفة کە بینیم الحمیدي کتێبی (الرد علی أبي حنیفة) دەخوێنێتەوە خەریک بوو بۆی هەڵسمەوە بەڵام دواتر گومڕایی أبو حنیفة و هاوەڵانیمان بۆ دەرکەوت، یان کەسێکی وەک إسحاق بن راهویە کە ووتی لە خوراسان هاتمە دەرەوە بڕوام وانەبوو کەسێک هەبێ بتوانێ موخالەفەی أبو حنیفة بکات کەچی بینیم لە دەرەوەی خوراسان دونیا جۆرێکی ترە، پاشان إسحاق بوو بەو کەسەی کە ابن قتیبة دەربارەی دەڵێ کەسم نەدیوە وەک إسحاق ڕەددی ئەهلی ڕەئی بداتەوە، جا ئێوەش یان وەک ئەمانە اللە هیدایەتتان دەدات بە خوێندنەوەی ئەم کتێبانە، وە یان سوور دەبن لەسەر دەمارگیریتان بۆ أبو حنیفة، ئەوا لە حاڵەتی دووەمدا مولزەم دەبن بەوەی کە بڵێن زۆربەی کتێبەکانی سەلەف فیتنەیە خوێندن وچاپکردن وبڵاوکردنەوەی کارێکی خراپە و هەجری ئەم کتێبانە بکەن و ئاگادارکردنەوەیان لێ بدەن چونکە ئوممەت بەرەو فیتنە و گومڕایی دەبەن، لەم دوو حاڵەتە زیاتر هیچی ترتان لەبەردەمدا نیە، بەڵام بە شایەتی ئەم زانایانە وەک باسمان کرد ئەوان ئەوکاتە خۆیان بە گومڕا زانیوە کە أبو حنیفة-یان بە ئیمام داناوە، وە ئەو کاتە پێیان وابووە کە گەڕاونەتەوە بۆ حەق کە قسەیان بە أبو حنیفة ووتوە و ڕەددیان داوەتەوە، جا بۆیەش تۆ ئەوکاتە لە گومڕایی و فیتنە دایت کە کەسێکی وەک أبو حنیفة دەکەیت بە ئیمام و بەرگری لێدەکەیت، نەک ئەوکاتەی کە ڕاستیەکانت بۆ دەردەکەوێ و تەسلیمی حەق دەبیت.

گومانی دەیەم:

تەکفیر کردنی أبو حنیفة بابەتێکی خیلافیە پێویست ناکات خۆمان پێی خەریک بکەین

زۆر جار ئەم ووتەیە دەبیستین کە تەکفیر کردنی ئەو زانایانەی کە کوفریان هەیە خیلافین پێویست ناکات بەم باسە خیلافیانە خۆمان خەریک بکەین.

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ لە کۆن و ئێستاش هەمیشە کەسانێک هەن کە خیلاف هەیە دەربارەیان ئایا کافرن یان نا، ئەمە شتێکە ڕوونە پێویست بە بەڵگە ناکات، دیارترین نموونەش الحجاج-ە کە زۆرجار نموونەی پێ دەهێنرێتەوە لە هەبوونی خیلاف لە تەکفیر کردندا، ئەو لایەنەی کە تەکفیری دەکەن دەڵێن کوفرەکەی زۆر ڕوونە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکی دیار تەکفیریان نەکردووە، وە ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی یەکتری تەکفیر بکەن یان یەکتر لەکەدار بکەن یان یەکتر مولزەم بکەن بە شتانی ترەوە، ئەوپەڕی بووترێ لەم بابەتەدا ئەوەیە ئەوانەی کە تەکفیریان نەکردووە ئاگاداری کوفرەکانی نەبوونە یان کوفرەکانی تەئویلی هەڵگرتووە بۆیە وەستاون لە تەکفیر کردنی یان هەر شتێکی تر کە الله خۆی دەیزانێت بەڵام هەمووومان ئەوە دەزانین کە هیچ زانایەک نەبووە بڵێ من کوفرم لە الحجاج دیوە بەڵام هەربە هەوەس تەکفیری ناکەم، کەسیشیان نەیووتوە من کوفرم لێی بینیوە بەڵام مادام فلان زانا تەکفیری نەکردووە منیش نایکەم، ئەوەتا سعید بن جبیر دەڵێ: تا کوفرم لێی نەدی خروجم لێی نەکرد، کەواتە لەسەر ئەوە نەوەستاوە بزانێت ئایا أنس بن مالك ﵁ یان تابعینەکانی تر چی دەڵێن دەربارەی الحجاج، کوفری لێی دیوە و خروجی لێی کردووە، وە کەسیش بە سعید بن جبیر و ئەو 500 زانایەی نەووت کە خروجیان کرد لە الحجاج ئایا ئێوە زیرەکترن لە أنس بن مالك ؟ ئەو بۆ تەکفیری ناکات بۆ خروجی لێ ناکات ؟ پاشان دەربارەی هەر کەسێک کە دەووترێ خیلاف هەیە لە تەکفیر کردنی واتا ئەم کەسە زۆر گڵاو و پیسە هەندێک تەکفیریان کردووە هەندێکیش تەکفیریان نەکردووە بەڵکو دەڵێن کوفری بچووکی هەیە یان تەئویلی

هەیە بۆیە تەکفیری ناکەین یان بە بیدعەچی و گومڕای دەزانین، ئەمە مانای خیلاف هەبوون لە تەکفیرە نەک مانای ئەوە بێت کەسانێک تەکفیریان کردووە و کەسانێک بەرزیان کردۆتەوە بۆ ئاسمان ! کە أبو حنیفة-ش ابن الجارود دەربارەی دەڵێ خیلافیان هەبووە دەربارەی موسڵمان بوونی ئەمە ماناکەیەتی واتا کەسانێک تەکفیریان کردووە کەسانێکیش تەکفیریان نەکردووە بەڵام بە گومڕا و بیدعەچیان زانیوە و دژی بوونە و بە خراپ باسیان کردووە، جا دەپرسم ئایا ئێستا ئێمە بەم شێوەیەن تا بڵێن پێویست ناکات باسی ئەم بابەتانە بکەین ؟ بۆ نموونە أبو حنیفة یەکێک تەکفیری کردووە یەکێک دەڵێ بیدعەچیە یەکێک دەڵێ گومڕایە یەکێک دەڵێ جەهمیە یەکێک دەڵێ سەرکردەیە لە ئیرجاء یەکێک دەڵێ دەردێکی بێ دەرمانە یەکێک دەڵێ کەس لە دایک نەبووە لە ئیسلام شومتر بێ لەو، ئایا ئێمەش واین وەک سەلەف بەم جۆرە وەسفی دەکەین ؟ واللە گەر ئێمەش وابین ئەوا یەک خولەکیش کاتم ناکوژم بە باسکردنی أبو حنیفة، زۆر ئاساییە با یەکێک تەکفیری بکات یەکێک تەبدیع و تەضلیلی بکات بەپێی ئەم زانیارییانەی کە هەیەتی لەسەری بەڵام نەک بە حەز و ئارەزوو کوفریشی لێ ببینیت هەر بڵێی تەنها تەبدیعی دەکەم، بەڵام ئێمە لە سەردەمێک دەژین أبو حنیفة هیچ لەم وەسفانە نایگرێتەوە بەڵکو کراوە بە الإمام الأعظم ئەوەی بە خراپ باسی بکات هاوار بەحاڵی چی پێ دەکەن گەر بە خەواریجیشی نەزانن هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم کەسە فیتنە چیە، ئایا ئەو خیلافەی ئێوە باسی دەکەن بەم شێوەیە بووە لەلای سەلەف یەکێک بڵێ کافرە و یەکێک بڵێ ئیمامە ؟ یان یەکێک وتوویەتی کافرە یەکێک وتوویەتی بیدعەچی و گومڕایە ؟ بۆیە ئەو خیلافەی ئێوە باسی دەکەن بەڵگەیە لەسەر خۆتان، ئەمە حاڵی أبو حنیفة بووە لە سەردەمەکەی خۆیدا پێم ناڵێن دوای سەدان ساڵ پاش مردنی چۆن بوو بە ئیمامی ئەهلی سوننە ؟ خۆ دوای مردنی عەقیدەکەی نەگۆڕاوە ؟ کەواتە ئەمە ڕوونترین بەڵگەیە کە ئەوانەی لەدوای سەلەف هاتوون شل بوونە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی کافر و بیدعەچی، ئەگینا هیچ مانای نیە پیاوێک تا دەمرێت کەسانی دەوروبەری هەر هێرشی دەکەنە سەر لە تەکفیر کردن بگرە تا دەگاتە بچووکترین ووتە پێی دەڵێن، بەڵام دوای چەند سەدەیەک ئەم کەسە دەبێتە ئیمامی ئەهلی سوننە کەس بۆی نیە بە خراپ ناوی بهێنێت، کەواتە ئەم خیلافە بەهۆی گۆڕانی

عەقیدەی خەڵکەوە ڕوویداوە نەک هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبوو بێت، هاوشێوەی تەکفیر کردنی نوێژ نەکەر دەبینین لەلای هاوەڵان بە ئیجماع کافرە دواتر لەناو تابعین یەک دوو ووتە پەیدا دەبێت کە کافر نیە گەر بە واجبی بزانێت، دوای چەند سەدەیەک دەبینین زۆربەی فوقەهاء لەسەر ئەوەن کە نوێژ نەکەر کافر نیە ئیللا مەگەر بە واجبی نەزانێت ئەو کات کافرە، سەیرکە سەرەتا باسەکە چۆن بوو دواتر چی لێ بەسەرهات ئێستا گەیشتووە بەو حاڵەی کە بۆمان نیە لە گوڵ کاڵتر بەوانە بڵێین کە تەکفیری نوێژ نەکەر ناکەن، ئەمە لەکاتێکدا لە سەردەمی هاوەڵان ئیجماعی لەسەر بووە و کەس موخالەفەی نەکردووە، کەواتە ئایا لە ئەصلدا خیلافەکە بوونی هەبووە یان دوای تێپەڕ بوونی کات و گۆڕان بەسەر عەقیدەی خەڵک ئەم ووتەیە دروست بوو کە نوێژ نەکەر کافر نیە ؟ بێگومان بەهۆی گۆڕانی عەقیدەی خەڵک ئەم ووتەیە دروست بوو، هەروەک ابن تیمیة دەڵێ: هەر کەسێک نوێژ نەکەر بە کافر نەزانێت ئاوا توشی شوبهەی ئیرجاء لەم بابەتەدا بیەوێ یان نا، جا ڕەحمەتتان لێبێت جیاوازی بکەن لەنێوان کەسێک کە خیلاف هەیە دەربارەی ئایا کافرە یان بیدعەچی و گومڕایە لەگەڵ کەسێک خیلاف هەیە دەربارەی ئایا کافرە یان ئیمامی ئەهلی سوننەیە، گەر خیلافەکە لەجۆری یەکەم بێت ئێمەش قسە ناکەین هەروەک چۆن سەلەف قسەیان نەکردووە، بەڵام گەر خیلافەکە لەجۆری دووەم بێت چۆن سەلەف قسەیان کردووە ئێمەش قسە دەکەین تا کەسی کافر نەکرێت بە ئیمام، ئەو کەسەی تەکفیریشی ناکات جورئەتی ئەوەی نەبێت بڵێ ئیمامە چ جای جورئەتی ئەوە بکات هێرش بکاتە سەر ئەوانەی تەکفیری دەکەن و بە خەواریج و ئەم جۆرە شتانە ناویان ببات.

زاناکانی تریش کە کوفریان هەیە بەهەمان شێوە هەروەک لە گومانی پێنجەمدا باسمان کرد کەی ئێوە ووتتان ئەو زانایانەی کە کوفریان هەبووە و تەوبەیان لێی نەکردووە کافرن یان ووتتان بیدعەچی و گومڕان و ڕقمان لێیانە و خۆشمان ناوێن بەڵام تەکفیریان ناکەین نەوەک تەوبەیان کردبێ ئێمە نەیزانین، ئەو کات ئێمەش سەر ناخەینە سەرتان ئەگەرچی بیانووەکەتان باطلە بەڵام بەوەندە واز دەهێنین، بەڵام هەرچی ئێوەن دەڵێن: بەڵێ کوفری هەیە بەڵام هەر موسڵمانە هەر

ئیمامە هەر بەرێزە، ئەوەی تەکفیری بکات یان بە خراپە باسی بکات هەرگیز لێی قبوڵ ناکەین و ئاوا و ئاوا دەکەین بەرامبەری ...هتد، کەواتە باسەکە خیلاف نیە باسەکە ئەو ژینگە و سەردەمە دروستی کردووە کە تۆی تێدا گەورە بووە، هەر بیستووتە ئەوانە ئیمامن و کەسانی بەرێزن تۆش هەر ئەمە دووبارە دەکەیتەوە وەک تەقلیدی کوێرانە، ئەگینا ئەو کوفرانەی لە جەهمی ورافیزی و موعتەزیلی وئەشعەری وماتوریدی داهەیە هیچ کام لە سەلەف خیلافیان نەبووە لەوەی کە خاوەنەکەی کافرە بە معین، ئەم قسەیەش کە دەووترێ ئەهلی سوننە خیلافیان هەیە دەربارەی ئەشعەرییەکان هەندێک دەڵێن کافرن و زۆرینەی دەڵێن کافر نین، ئەمە ووتەی خەلەفە نەک سەلەف ئەگینا ووتەی سەلەف زۆر ڕوونە دەربارەی ئەو کوفرانەی کە ئەشعەرییەکان تێی کەوتوون هیچ خیلافێکیان نیە تێیدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەزهەبی ئەشعەری دواکەوتووە خاوەنەکەی ساڵی 324 مردووە سەلەف ووتەیان نیە دەربارەی ئەشعەرییەکان، جا ئەمەش خاڵێکی ڕوونە بۆ جیاکردنەوەی مەزهەبی سەلەف و خەلەف، بڕوانە ووتەی سەلەف دەربارەی کوفری جەهمیەکان و موعتەزیلە چەند ڕوونە هەروەها تەکفیر کردنیان بە معین، بەڵام چونکە زۆرێک لە سەلەف پێش دەرکەوتنی أبو الحسن الأشعري مردوون بۆیە ووتەیان نیە دەربارەی خۆیی و مەزهەبەکەی، جا حوکمدان لەسەر ئەشعەرییەکان بۆ خەلەف ماوەتەوە سەیرکە بزانە چیان ووتوە دەربارەیان، تا بە ئەشعەرییەکان دەگات موعتەزیلەشیان بە یەکێک لە 72 فرقەکە حیساب کردووە تەنانەت هەندێکیان جەهمیەکانیشیان لە 72 فرقەکە حیساب کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە دەڵێن گەر شوێنێک ئەهلی سوننەی لێ نەبێت ئەوا ئەشعەرییەکان دەبن بە ئەهلی سوننە لەم شوێنەدا ئەمەش ووتەی ابن تيمية-یە، ئەوانەشی دەڵێن خیلاف هەیە دەربارەی تەکفیر کردنیان نابینی کەسیان بە معین تەکفیر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا بە شایەتی زۆرێکیان مەزهەبی ئەشعەری زۆر پیسترە لە مەزهەبی جەهمی و موعتەزیلە لە صیفاتدا، بەڵام ئەوەی جەهمی و موعتەزیلە بە ئاشکرا دەری دەبڕن ئەوان جورئەت ناکەن بە ئاشکرا دەری ببڕن بە شێوەیەکی تر دەری دەبڕن ئەگەرچی لە ڕووکەشدا واخۆیان نیشان دەدەن کە دژی موعتەزیلە و جەهمین بەڵام لە ڕاستیدا هاوڕای ئەوانن، قورئان بە نموونە وەربگرین باوە لەناو خەڵکیدا کە موعتەزیلە دەڵێن قورئان کەلامی الله

یە بەڵام مەخلوقە، لەسەر ئەوەش تەکفیر کراون بە معین، لە بەرامبەردا ئەهلی سوننە و ئەشعەرییەکان دژی ئەم کوفرەی موعتەزیلەن و ڕەددیان دەدەنەوە، مەزهەبی ئەهلی سوننە دیارە قورئان کەلامی الله-یە و مەخلوق نیە، بەڵام ئەشعەرییەکان ئەگەرچی وای نیشان دەدەن کە دژی موعتەزیلەن لە ووتنی قورئان مەخلوقە بەڵام دوای وورد بوونەوە دەردەکەوێ کە کوفری ئەوان پیسترە لە کوفری موعتەزیلە لەم بابەتەدا، وەک ابن القیم و ابن أبي العز و زانای تریش ئاماژەیان بەمە داوە، چونکە ئەشعەرییەکان پێیان وایە ئەو قورئانەی لەبەر دەستمان دایە کەلامی نەفسانی الله-یر واتا الله قسەی پێ نەکردووە بەڵکو جبریل قسەی پێکردووە و تەعبیرە لە کەلامی الله، کەواتە لای ئەشعەرییەکان قورئان کەلامی الله نیە و مەخلوقیشە، هەر بۆیە یەکێک لە زاناکانی موعتەزیلە کە ئێستا ناویم بیر نیە دەڵێ: ووتەی ئەشعەرییەکان لە هی ئێمە خراپترە، ئێمە دەڵێین: قورئان کەلامی الله-یە بەڵام مەخلوقە، ئەوان دەڵێن: قورئان کەلامی الله نیە و مەخلوقیشە، بۆیە ابن أبي العز لە شەرحی عەقیدەی الطحاوي ئاماژە بەوە دەکات کە کوفری ئەشعەرییەکان پیسترە لە کوفری موعتەزیلەکان دەربارەی قورئان، ئەمە وەک نموونەیەک لە باقی تەئویلی صیفاتیشدا هەر جەهمین بەڵام تەعطیلیان گۆڕیوە بۆ تەئویل بۆیە بە جەهمی مێینە ناوبراون، سەبارەت بەو گومانەش کە دروستیان کردووە گوایە کوفر لە تەوحیدی الأسماء والصفات هەمووی دوای ئیقامە حوججە خاوەنەکەی تەکفیر دەکرێ چونکە ئەم بابەتە خەفیە والله المستعان، ئەمە تانەدانە لە دین بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، کاتێک دەووترێ تەوحیدی سێ بەشە ربوبیەت و ئولوهیەت و ناو و سیفەتەکان واتا مرۆڤ دەبێ لەم سێیەدا توشی کوفر و شیرك نەبوو بێت ئینجا تەوحیدەکەی سەلامەتە، تۆ کە ووتت تەوحید سێ بەشە لە دوو بەش کێشەت نەبوو لە بەشەکەی تر کۆمەڵێک کوفرت هەبوو هەر موسڵمانی ! ئەمە خۆی لە خۆیدا کەم کردنەوەی گرنگی تەوحیدە بە تایبەتی ئەو تەوحیدەی کە پەیوەستە بە ناسینی الله کە تەوحیدی الأسماء والصفات-ە، کە زۆرترین ئاماژەی پێدراوە لە قورئاندا و زۆرترین فەرموودەی لەسەر هاتووە و زۆرترین کتێبی لەسەر نوسراوە، سەلەف کاتێک کتێبیان دەنوسی زۆرینەی دەربارەی ئەم تەوحیدە بوو زۆرترین ڕوونکردنەوەیان بۆ داوین لەسەر ئەم تەوحیدە، تەنانەت لە سەردەمی خەلەف زۆربەی کتێبەکانی ابن تیمیة و ابن القیم

لەسەر باسکردنی ئەم تەوحیدە بووە، گەر ئەمڕۆ کەسێک بیەوێ سەرچاوەی دەستکەوێ دەربارەی تەوحیدی ئولوهیەت و شیرك دانان بۆ الله ئەوا لە سەردەمەکانی کۆن بە دەگمەن دەستی دەکەوێ دەبێ پشت ببەستێ بە کتێبی نەجدییەکان چونکە ئەوان لە هەمووان زیاتر باسی ئەمەیان کردووە بەهۆی زاڵبوونی ئەم شیرکە لە سەردەمەکەیان، گەر ئەمڕۆ کەسێک بیەوێ سەرچاوەی دەستکەوێ دەربارەی کوفری پەرلەمان و دیموکراسی و عەلمانیەت دەبێ سەیری سەرچاوەکانی سەدەی 20 و 21 بکات کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە فراوانی ئەم کوفرە تەشەنەی کرد، خۆ گەر بیەوێ کتێبی چاپکراویشی دەست کەوێ هی زانایەکی موسڵمان ئەوا زۆر ئەستەمە یان دەبێ گوێ بۆ دەرسەکانی ڕابگرێ یان دەبێ لە ئینتەرنێت لە سایتە نەناسراوەکان داونلۆدی بکات، وە بە ئەستەم دەبینی یەکێک لەم زانایانە ڕێگایان پێ بدرێ کە لە شاشەی تەلەفزیۆن دەربچن یان لە ڕادیۆ قسە بکەن یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان شت بنوسن، بگرە زۆرجار بە شاراوەیی بەرهەمەکانیان دەستاو دەست دەکرێ، وە بە دەگمەن دەبینیت مەلایەک لەسەر مینبەر باسی ئەم کوفرانە بکات، بەڵام گەر کەسێک بیەوێ سەرچاوەی دەست بکەوێ دەربارەی تەوحیدی الأسماء والصفات ئەوا هێندە سەرچاوە زۆرە هەر لە سەردەمی سەلەف و خەلەف و ئێستاشدا کە لە ژماردن نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا پێتان وایە دوو کوفرەکەی پێشوو هیچ کەس عوزری تێدا نیە و زۆر ڕوونە ئەوەی تێی بکەوێ کافرە و عوزری نیە، بەڵام تەوحیدی الأسماء والصفات بابەتێکی خەفیە سەرەڕای هەبوونی ئەم هەموو ئایەت و فەرموودە و کتێبە لەسەری بە دڵی خۆت تەئویل و نەفی صیفات بکە و دەقی قورئان بە درۆ بخەرەوە ئەوا هەر بابەتێکی خەفیە ! والله ئەم هەوڵە نەزۆکە هیچ نیە تەنها بۆ لابردنی تەکفیر نەبێ لەسەر زانا ئەشعەرییەکان ئەگینا ڕوونترین بابەت کە لە سەلەف و خەلەفەوە بۆمان باسکرابێ و تەرکیزی زۆری لەسەر کرابێ ئەم بابەتە بووە، بە نموونە صیفەتی (العلو) بەرزی الله وەربگرین کە لە فیطرەتی هەموو مرۆڤێکدا بە موسڵمان و کافر ئەوە چەسپاوە کە لە الله تعالى لە ئاسمانە، منداڵ و پیر و گەنج و خوێندەوار و نەخوێندەوار و زانا و جاهیل و یەهودی و نەصرانی هەمووی دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، کاتێک ئاماژە بۆ الله دەکەن بە چاو و بە دەست ئاماژە بۆ ئاسمان دەکەن، گەر پێویست بێ هەموو شتێک فێری منداڵ بکرێ ئەوا

هیچ پێویست ناکات فێری ئەوەی بکرێ کە الله لە ئاسمانە، هەرکاتێک کە فێری قسە کردن و قسە تێگەیشتن بوو لێی بپرسە بڵێ الله لەکوێیە ؟ بەبێ بیرکردنەوە و وەستان دەڵێ لە ئاسمانە، چونکە لە فیطرەتیدا چەسپاوە پێویستی بەوە نیە بۆی باس بکەیت و فێری بکەیت ؟ کێ لە ئێوە لە منداڵێ نەیدەزانی الله لە ئاسمانە دواتر کەسێک فێری کرد ؟ بێگومان کەستان، تەنانەت خودی ئەشعەرییەکان فیطرەتیان دژیانە کاتێک دەڵێن الله بێ شوێنە نابێ بووترێ الله لەکوێیە بەڵام لەهەمان کاتدا کاتێک ناوی الله دەهێنن بە دەست و چاو ئاماژە بۆ ئاسمان دەکەن، وەک ابن القیم دەڵێ: زیاترلە هەزاربەڵگە هەیە لەسەرئەوەی الله لە ئاسمانە، جا ئایا شتێک کە بە فیطرەت دەزانرێ پێم ناڵێن چۆن دەبێتە بابەتێکی خەفی ؟ هەرچەند بڵێی سەردەم گۆڕاوە جەهل زۆر بووە بەڵام خۆ فیطرەت هەر دەمێنێتەوە لای هەموو مرۆڤێک کە الله لە ئاسمانە ئەمە شتێکە مەحاڵە بووترێ دەبێتە خەفی، بەڵگەیەکی تریش کە هیچ بیانووێک ناهێڵێتەوە لەم بابەتە ڕووداوی الإسراء والمعراج-ە کە هەموو موسڵمانێک بە عالیم و عەوام ئەوە دەزانن کە لەم شەوەدا پێغەمبەر ﷺ شەوڕەوی پێکرا بۆ بیت المقدس پاشان لەوێ بەرز بوویەوە بۆ ئاسمان تا گەیشت بۆلای الله تعالی و قسەی لەگەڵ کرد تەنانەت خەڵکی عەوامیش ئەوە دەزانن کە پێغەمبەر موسی عليه السلام چەند جارێک داوای لە پێغەمبەر ﷺ کرد کە داوا لە الله بکات ژمارەی نوێژەکان کەم بکاتەوە لەسەر ئوممەتەکەی ئەویش لە هەر جارێکدا بەرز دەبوویەوە بۆلای الله تا ئەمەی پێی بڵێ، ئەم ڕووداوە هەموو کەسێکی عەوام دەیزانێت ولە قورئانیشدا باسکراوە، ئیتر دوای ئەم ڕووداوە هیچ بیانووێک دەمێنێتەوە بۆ هیچ کەسێک کە بڵێ الله لە ئاسمان نیە ؟ بۆیە سەلەف وتوویانە هەرکەسێک دان بەوە نەنێت کە الله لە ئاسمانە لەسەر عەرشەکەی ئەوا لە ملی دەدرێت ولە گۆڕستانی موسڵمانان نانێژرێت، زانراویشە کەسێک تا تەکفیر نەکرێت حوکمی کوشتنی بۆ دەرناچێ کە وتوویانە دەکوژرێ واتا کافرە چونکە تەکفیر چەند حوکمێکی لەسەر بنیات دەنرێ بۆ نموونە دەووترێ ئەوەی ئەم کوفرە بکات نوێژ لەدوای ناکرێ یان میرات وەرناگرێ یان مارەیی دانامەزرێ یان لە ملی دەدرێ ئەم حوکمانە هەمووی دوای تەکفیری معین دێتە دی، ناکرێ تۆ کەسێکت هێشتا بە معین تەکفیر نەکردبێ ئەم حوکمانەی لەسەر بدەیت، ئەمەم بۆیە باسکرد تا نەووترێ کە سەلەف وتوویانە

دەکوژرێ مەبەستیان تەکفیری مطلق بووە نەک معین، کوشتن دوای تەکفیری معین بڕیاری لەسەر دەدرێ نەک پێشتر بۆیە ئاگاداری ئەم خاڵە بن، جا وەک تەنازول کردن لەگەڵتان بڵێین تەوحیدی الأسماء والصفات بابەتێکی تەواو خەفیە بە گشتی، با بزانین بابەتی خەفی چۆن باس کراوە لای زانایان مەگەر ئەوە نیە کە دەڵێن خاوەنەکەی دوای ئیقامە حوججە تەکفیر دەکرێت، باشە ئیقامە حوججە چیە لای ئەهلی سوننە ؟ مەگەر هەرکەسێک قورئان و سوننەتی پێ بگات ئیقامە حوججە نەکراوە ؟ باشە ئێستا دوو زانا بە نموونە وەربگرین النووي و ابن حجر العسقلاني کە هەردووکیان حافز قورئانن زۆربەی فەرموودەکانیان بیستووە بگرە لەبەریانە، دوو صەحیحترین کتێبیان شەرح کردووە دوای
قورئان کە صەحیحی البخاري و صەحیحی مسلم-ە هێندە کتێبیان نوسیوە و خوێندۆتەوە کە لە ژماردن نایەت، ئاگاداری کتێبەکانی سەلەفن دەربارەی الأسماء والصفات تەنانەت هەندێکجار ڕەددی ئەوانەش دەدەنەوە کە ئیثباتی صیفەتی العلو دەکەن لەسەر ڕواڵەت بەبێ تەئویل بگرە النووي لە المتولي نەقل دەکات کە ئەوەی ئیثباتی علو بکات کافرە بێدەنگیش دەبێت لەسەری جگە لە کوفرەکانی تریان کە فەتوا و کاری شیرکیان هەیە وەک سۆفیەکان، جا دوای ئەوەی زانایەک ئەمە حاڵی بێت ئیقامە حوججەی چی لەسەر دەکرێت ؟ پێی دەڵێ لە قورئان ئەمە هاتووە ؟ کە خۆی حافز قورئانە ؟ پێی دەڵێی لە فەرموودە ئەمە هاتووە کە بە دەگمەن فەرموودە هەیە نەیبیستبێ ؟ پێی دەڵێی مەزهەبی سەلەف ئاوا بووە ؟ کە لە من و تۆ زۆر چاکتر ئاگاداری کتێبەکانە و ئاماژەیان پێ دەدات ؟ پێم ناڵێی چۆن ئیقامە حوججەی دەکەیت ؟

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا یونس بن عبدالأعلی ووتی: **بیستم الشافعي دەیووت: الله ناو و صیفاتی هەیە کەس بۆی نیە ڕەتی بکاتەوە، وە هەرکەسێک موخالەفە بکات دوای جێگیربوونی حوججە لەسەری ئەوا کافر بووە، بەڵام پێش ئیقامە کردنی حوججە عوزری هەیە بە جەهل چونکە ئەم بابەتە بە عەقڵ و ڕوانین و بیرکردنەوە نازانرێ.**
[ابن حجر نەقلی کردووە - فتح الباري : 396/17] (سەنەدەکەی صەحیحە).

ووتم: ابن حجر دەڵێ ابن أبي حاتم لە کتێبی (آداب الشافعي ومناقبه) ڕیوایەتی کردووە، بەڵام ئەو کتێبەی کە ئێستا بەردەستە تێیدا نیە ڕەنگە کەوتبێ، وە هەندێکیان داویانەتە پاڵ عەقیدەی الشافعي بە ڕیوایەتی الهکاري، وە ابن أبي يعلى بە سەنەدێکی صەحیح هێناویەتی بە لەفزێکی نزیک لەمە، وە ابن قدامة وابن القيم والذهبي هێناویانە، ووتەکەی الشافعي زۆر ڕوونە کە ناو و صیفەتەکانی الله بە بیر کردنەوە و عەقڵ نازانرێ تەنها بە وەحی نەبێت، بەڵام کە قورئان دابەزی فەرمووده بڵاو بوویەوە و گەیشت بە خەڵکی دوای ئەمە هەر کەسێک ڕەتی بکاتەوە کافرە، هەر چەندە هەندێک صیفەت هەن پێش وەحیش دەزانرێن کە پێیان دەووترێ صیفەتە سمعية عقلية ئەگەرچی بە وەحی هاتوون بەڵام بە عەقڵیش درکیان پێ دەکرێ بۆیە ئەوەی کە فیطرەتی پاک بێ و تێک نەچوو بێ ئەوا دەزانێ الله دروستکەری مەخلوقاتە واتا دان بەوە دەنێت کە خالق-ە صیفەتی خەلقی هەیە، دان بەوە دەنێت کە رزاق-ە صیفەتی رزق-ی هەیە، دان بەوە دەنێت کە الله زانایە صیفەتی عیلم-ی هەیە، دان بەوە دەنێت کە الله دەبیستێ و دەبینێ واتا السميع و البصير-ە، گریمان بووترێ هەموو ئەمانە صیفەتی خەبەرین بە عەقل درکی پێ ناکرێ ئەوا الشافعي ووتی دوای پێگەیشتنی قورئان و سوننەت عوزری نامێنێت و کافرە، جا بۆیە گەر بووترێ تەوحیدی الأسماء والصفات هەمووی بابەتێکی خەفیە ئەوا دوای گەیشتنی قورئان و سوننەت ئەوەی تەسلیمی نەبێت کافرە چونکە بە قورئان و سوننەت ئیقامە حوججە کراوە، وە لە پێناسەی بابەتە ئاشکراکان و شاراوەکان (الظاهرة والخفية) زانایەک دەڵێن: بابەتە ئاشکراکان ئەوانەن کە هەموو خەڵکی دەیزانن بەبێ جیاوازی بە عالیم و عەوامەوە کەس نیە نەیزانێت وەک واجب بوونی پێنج نوێژەکە، بابەتە شاراوەکانیش ئەوانەن کە هەموو خەڵکی نایزانن تەنها زانایان دەیزانن یان بەشێک لە زانایان دەیزانن لای خەڵکی عەوام شاراوەیە، بەڵام دەبینین صیفەتی العلو نەک لای خەڵکی عەوام شاراوە نیە بەڵکو لای کافرانیش شاراوە نیە دەزانن الله لە ئاسمانە، کەواتە ئەوەی ئێوە باسی دەکەن دەربارەی صیفەتی العلو گوایە بابەتێکی خەفیە تەواو پێچەوانەی پێناسەی زانایانە بۆ بابەتی خەفی، ئەوان دەڵێن عەوام نایزانێت زانا دەیزانێت کەچی صیفەتی العلو عەوام دەیزانێت زانا کەوتۆتە کوفرەوە تێیدا.

له کۆتاییدا دەڵێم: گەر وەک مەدخەلیەکانیش بڵێن ئیقامە حوججە بەم شێوەیە کە دانیشیت لەگەڵی تا قژت سپی دەبێ هەر مشتومڕی لەگەڵ بکەی دوای ئەمە هەر ووتی من تەسلیم نابم و عینادی دەکەم ئەوکات ئیقامە حوججە کراوە، ئەوا بەڕاستی هیچ وەڵامێکم بۆتان نیە چونکە خودی ئەم ووتەیە عینادی کردنە لەگەڵ کەسی عینادیش قسە کردن سودی نیە.

تێبینی: سەبارەت بە باسکردنی ئەشعەرییەکان یان باسکردنی صیفەتی العلو یان باسکردنی النووي و ابن حجر مەبەست ئەوە نیە کە تەنها بابەتی تەکفیر کردن تەنها لەم گروپە یان تەنها لەم صیفەتە یان تەنها لەم دوو کەسە کورت بکرێتەوە، باسکردنی ئەم گروپە و ئەم صیفەتە و ئەم دوو زانایە تەنها وەک نموونەیە، ئەگینا هەر کەسێک بێت هەر گروپێک بێت هەمان حوکمی هەیە مادام بزانین لە تەوحیدی الأسماء والصفات لەسەر ئوصولی ئەهلی سوننە ناڕوات.

گومانی یانزدەم:

گەر کافر بێت چۆن ناوی بە زیندوویی ماوەتەوە لەناو ئوممەتدا

کاتێک باسی کوفرەکانی أبو حنيفة یان هەر زانایەکی ناوداری تر دەکەین کەسانێک دەڵێن: گەر کافر بوایە چۆن ئاوا لەناو ئوممەت ناوی دەمایەوە و ڕێز لێگیراو دەبوو، ئەوەتا خەڵکی تا ئێستاش کتێبەکانیان دەخوێنن و گرنگی پێدەدەن و بە ئیمام ناویان دەبەن، مەحاڵە الله تعالى جێگای کەسێکی کافر بکاتەوە لەناو دڵی موسڵمانانندا و ئاوا بە گەورە سەیری بکەین، مانەوەی ناوی ئەم زانایانە و کتێبەکانیان بەڵگەی ئەوەیە کە الله قبوڵی پێ بەخشیون لەناو خەڵکیدا.

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(إن الله لا يظلم مؤمنا حسنة، يعطى بها في الدنيا ويجزى بها في الآخرة، وأما الكافر فيطعم بحسنات ما عمل لله تعالى في الدنيا، حتى إذا أفضى إلى الآخرة لم يكن له حسنة يجزى بها).** [صحيح مسلم : 2808 ت: محمد فؤاد عبدالباقي

واتا: الله زوڵم ناکات لە چاکەی هیچ ئیماندارێک، لە دونیادا شتی پێ دەبەخشێتەوە و لە ڕۆژی دواییش پاداشتی دەداتەوە، بەڵام کافر گەر چاکە ئەنجام بدات لەپێناوی الله ئەوا لە دونیادا پاداشت و تام و جێژی چاکەکەی وەردەگرێت تا کاتێک دەگات بە ڕۆژی دوایی هیچ چاکەیەکی نیە پاداشتی لەسەر وەربگرێت.

ئەمە ڕێک گونجاوە بۆ حاڵی زانا کافرەکان گۆڕ پەرستن یان نەفی صیفات دەکەن یان هەر کوفرێکی تریان هەبێ لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار موسڵمانان تەکفیر دەکەن بەهۆی بڵاو کردنەوەیان بۆ تەوحید، کەچی ئەوەتا زۆرێک لەئێوە سەرەڕای زانینی کوفرەکانیان بە ئیمام ناویان دەبەن و زۆر گەورەیان دەکەن و بەرزیان دەکەنەوە، تەنانەت کەسانێک دەڵێن ئەوەی تەکفیریان بکات شایستەی کوشتنە یان تەمبێ کردنە، یان دەڵێن خەواریجە یان نەززامیە یان غولاتی تەکفیرە یان فیتنە چیە یان بێ ئەدەبە بەرامبەر زاناکان، ئیتر لەم پاداشتە زیاتر چی کە لە دونیا پێیان

دراوەتەوە، لەبڕی ئەوەی تەکفیر بکرێن کراون بە ئیمام، بەجۆرێک بەرگریان لێ دەکرێت وەک بڵێی بەرگری لە دینی ئیسلام دەکەن.

پاشان ئایا أبو حنیفة لە سەردەمەکەی خۆی ئەم ڕێز و پلە و پایەی پێدراوە کە خەلەف و معاصرین پێیان داوە ؟ بێگومان نەخێر وەک لەبەشی یەکەمدا ڕوونمان کردەوە، کەواتە سێ باشترین قەرنی ئوممەت پلە و پایەیان بۆ هیچ بیدعەچیەکیش دانەناوە چ جای بگات بەوەی بۆ کافرانی دابنێن، کەواتە کەسێک قبوڵی پێ نەبەخشرا بێ و جێگای نەبووبێتەوە لە دڵی زانایانی سەلەف کە باشترینی ئوممەتن بە شایەتی پێغەمبەری الله ﷺ ئیتر ئەوانەی دوای سەلەف دێن بەرزکردنەوەیان و گەورەکردنیان بۆ ئەم جۆرە کەسانە چ نرخێکی هەیە ؟ جا ئایا ئێستا دەڵێن: الله تعالی قبوڵی نەبەخشی بەم جۆرە زانایانە لە سێ سەدەی یەکەم ئینجا دواتر قبوڵی پێ بەخشین؟ یان دەڵێن: لە سێ سەدەکەش قبوڵی پێ بەخشین بەڵام زاناکانی سەلەف ناخ پیس بوون و حەسودیان پێ بردن و قبوڵی ئەم ڕێز لێنانەی الله-یان نەکرد بۆ بەندە بەڕێزەکانی ؟
ئەمەش دووبارە جیاوازی نێوان مەنهەجی سەلەف و خەلەف نیشان دەدات ئەوەی لەلای سەلەف ناشرین و بێزراوە تەکفیر وتەبدیع کراوە لەلای خەلەف بۆتە ئیمام و کەسێکی زۆر گەورە و بەڕێزە، جا کەسانێک لەباشترین سێ سەدەی ئوممەت تەکفیر کرابن و قسەیان پێ ووترا بێ بەرزکردنەوەی خەلەف چ سودێکیان پێ دەگەیەنێت ؟ جگە لەو پاداشتە نەبێ کە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەدا موژدەی پێداون، لە قیامەتیش موفلیسن چونکە لەلای الله شتێک نیە بەناوی ئەوەی کتێبی بە سود کوفر و شیرك بسڕێتەوە، ئەوە مەنهەجی ئێوەیە داتانهێناوە بەڵێ فلان کوفری هەیە بەڵام کتێبی بە سودی نوسیوە ئیمامە لەلامان قبوڵ ناکەین تەکفیر بکرێت، الله بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: گەر شیرك ئەنجام بدەیت کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە، گەرباسی کتێبی بە سود وخزمەتی ئیسلام دەکەن کێ بە قەدەر پێغەمبەر ﷺ بە سود بووە بۆ موسڵمانان و خزمەتی ئیسلامی کردووە ؟ تا ڕۆژی قیامەت هەرکەسێک موسڵمان بێت پاداشتەکەی بۆ ئەویش دەڕوات چونکە لەڕێگای ئەوەوە ئیسلام گەیشت بە خەڵکی، لە ئادەم تا دواترین مرۆڤی سەر زەوی کەس ناگات بە پلەی ئەو، کەچی

الله پێی دەفەرمووێ: گەر شیرك ئەنجام بدەیت کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە، واتا گەیاندنی پەیامی ئیسلام و ئەم هەموو ترس و نارەحەتی و ناخۆشی و ئازارەی بینی لەپێناوی دینی الله بە گیان و ماڵ خۆی کردە فیدای دینەکەی الله هەموو ئەم کارانەی ئەنجامیدا هیچ سودی بۆی نابێت گەر شیرك ئەنجام بدات، بەڵام زاناکان ئەگەرچی کوفریشیان هەبێت مادام کتێبی بە سودیان نوسیوە ئەوا کافر نابن و الله لە کوفرەکانیان خۆش دەبێت بەهۆی خزمەتکردنیان بۆ دینی ئیسلام ! ئەمە چیتان بەسەر هاتووە ؟ کوا عەقڵتان ؟ کێ ئەم شەریعەتە نوێیەی بۆ داناون ؟ ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ﴾ واتا: یاخود موشریکان خوای تریان هەیە جگە لە الله شتانێکیان لەدیندا بۆ دادەڕێژێ کە الله ڕێگای پێنەداوە. ئەی ئێوە چی ؟ خوای ترتان هەیە جگە لە الله ئەم تەشریعەی بۆ دارشتوون ؟ الله دەفەرمووێ: لە هەموو شت خۆشدەبم لە شیرك خۆش نابم، بە وەحی بۆ هەموو پێغەمبەرانی ناردووە گەر بێتو شیرك ئەنجام بدەن کردەوەکانتان هەڵدەوەشێتەوە، بە هیچ کەسێکی نەووتوە گەر خزمەتی دینت کرد لە کوفرەکانت خۆش دەبم، دەی ئیتر پێمان بڵێن کێ ئەم شەریعەتەی بۆ داڕشتن گەر زانا کوفر بکات کافر نابێت چونکە خزمەتی دینی کردووە ؟ کام خوا ئەم شەریعەتەی بۆ داڕشتوون ؟ هیچ کەسێکتان کردۆتە شەریکی الله کە شەریعەتێکی لەم شێوەیەتان بۆ داڕێژێت ؟ عەقڵ و هۆشتان بخەنەوە بەر تاکەی تەقلیدی کوێرانە، تاکەی بە مەعصوم سەیر کردنی کەسەکان و گروپەکان و شوێنکەوتنی کوێرانەی ئەوان، تاکەی پشتکردن لە دەقی شەرعی و شوێنکەوتنی زەلەی زاناکان، تاکەی وازهێنان لە مەنهەجی سەلەف و شوێنکەوتنی خەلەف ؟

گومانی دوانزدەم:

سەلەف وتوویانە گەر خیلافتان تێکەوت بگەڕێنەوە بۆلای موجاهیدان

الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ﴾ واتا: ئەوانەی جیهاد دەکەن لەپێناوی ئێمەدا ئەوا هیدایەتیان دەدەین بۆ ڕێگای ڕاست.

ئیتر دەڵێن الله هیدایەتی بەخشیوە بە موجاهیدان ئەوان هیدایەتدراون بە هیدایەتی الله مەحاڵە لەشتێکی ئاوادا نەپێکن و بە هەڵەدا بچن، هەروەها عبدالله بن المبارك وسفيان بن عيينة وأحمد بن حنبل وتوویانە: گەر خەڵکی خیلافیان تێکەوت سەیر بکەن بزانن ئەهلی سەنگەرەکان لەسەر چ شتێکن، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ﴾.

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین لێرەدا جیهاد تەنها جیهادی کوشتار نیە، بەڵکو هەموو جۆرەکانی جیهاد دەگرێتەوە هەروەک موفەسیرین باسیان کردووە، بەڵام بێگومان جیهادی کوشتاریش دەگرێتەوە بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا کە بۆتە قورسترین جۆری جیهاد جا لە هەموو جۆرەکانی تر لەپێشترە کە بیگرێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە موجاهیدان مەعصوم بن، کەس قسەیەکی لەم شێوەیەی نەکردووە، وە هەرگیز حەق بە کەسەکان ناناسرێتەوە بەڵکو کەسەکان بە حەق دەناسرێنەوە، ئەم ووتەیەش کە دراوەتە پاڵ عبدالله بن المبارك و أحمد بن حنبل کە گوایە وتوویانە کاتێک خیلافتان تێکەوت بگەڕێنەوە بۆ خەڵکی سەنگەرەکان، نە ابن المبارك نە أحمد شتی ئاوایان لەسەر جێگیر نەبووە بەڵکو بەبێ سەنەد دراوەتە پاڵیان، بەڵام بە سەنەدەوە لە سفيان بن عيينة هاتووە.

ابن أبي حاتم دەڵێ: حدثنا أبي حدثنا يعقوب بن إسحاق البغدادي حدثنا حماد قال سمعته يقول قال لي **ابن عيينة: ..... اختلفوا فيه ..... وأهل الثغور، فإن الله يقول:** ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ

﴿سُبُلَنَاۚ﴾. [تفسير ابن أبي حاتم - سورة العنكبوت : الآية 69] ت: أسعد محمد الطيب

ووتم: بەم شێوەیە هاتووە لە تەحقیقی أسعد وەک دەیبینن کەوتن هەیە لە سەنەد و مەتنەکەدا (حدثنا حماد قال سمعته يقول قال لي ابن عيينة) لێرەدا هەروەک دیارە لەنێوان حماد و سفيان بن عيينة کەسێکی تر هەیە بەڵام کەوتووە جا یان هەڵەی چاپە یان هەر لە دەستنوس ئاوا بووە، هەروەها نەمزانی ئەمە کام حماد-ە پێم وانیە هیچ کام لە حماد بن سلمة و حماد بن زید و حماد بن أسامة بە واسطة ڕیوایەت بکەن لە سفيان بن عيينة والله أعلم، گەر واسطة-ش هەبێ لەنێوانیان ئەوا کەوتووە، هەروەها يعقوب بن إسحاق البغدادي نەمزانی کێیە مەگەر ابن السكيت بێ ئەگینا نایناسم، مەتنەکەش کەوتنی تێدایە هەروەک دیارە، لە چاپە نوێیەکەی دار ابن الجوزي سورەتی العنكبوت-ی تێدا نیە بۆیە نەمتوانی سود لەویش وەربگرم، وە القرطبي والخازن وأبو حيان التوحيدي لە تەفسیرەکانیاندا هەمان ووتەیان نەقل کردووە لە سفيان بەبێ سەنەد.

القرطبي دەڵێ: **وقال سفيان بن عيينة لابن المبارك: إذا رأيت الناس قد اختلفوا فعليك بالمجاهدين وأهل الثغور، فإن الله تعالى يقول:** ﴿لَنَهْدِيَنَّهُمْ﴾.

[تفسير القرطبي : 242/7] ت: سالم مصطفى البدري

الخازن دەڵێ: **قال سفيان بن عيينة: إذا اختلف الناس فانظروا ما عليه أهل الثغور، فإن الله تعالى يقول:** ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَاۚ﴾.

[تفسير الخازن : 385/3] ت: عبدالسلام محمد علي شاهين

أبو حيان التوحيدي دەڵێ: **قال سفيان بن عيينة: إذا اختلف الناس في شيء ما فالأمر ما عليه أهل الثغور، فإن الله تعالى يقول:** ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَاۚ﴾.

[البصائر والذخائر : 327/1] ت: محمد السيد عثمان

جا وەک بینیتان تەنها ابن أبي حاتم نەقلی کردووە بە سەنەدەوە حاڵی سەنەدەکەش بەو شێوەیە بوو کە بینیتان، گریمان صەحیحیش بێت دەکرێ ووتەی تاکە زانایەک بکەین بە بەڵگە

لەکاتێکدا الله تعالى فەرموویەتی: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ﴾ واتا: گەر خیلافتان تێکەوت ئەوا بیگەڕێننەوە بۆلای کتێبی الله و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ گەر ئێوە ئیمانتان هەیە بە الله و بە ڕۆژی دوایی.

بڕوانە نەیفەرموو خیلافەکانتان بگەڕێننەوە بۆلای موجاهیدان بەڵکو فەرمووی بیگەڕێننەوە بۆ قورئان و سوننەت، جا ئایەتەکە وەردەگرن یان ووتەی سفیان بن عیینة ؟ پاشان مەبەستتان لە ووتەکەی سفیان ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ ووتەی ئەو موجاهیدانەی کە أبو حنیفة بە ئیمام دەزانن، ئەی باشە بۆ دەربارەی أبو حنیفة ووتەی سفیان وەرناگرن ؟ خۆ خودی سفیان بینیتان چی بە أبو حنیفة ووت لەبەشی یەکەمدا، ئەو ووتانەی وەرناگرن کە لەدژی أبو حنیفة-یە بەڵام ووتەکەی تری وەردەگرن کە بە دڵتانە ؟ ئێستا گەر سفیان لەژیاندابوایە لەسەر قسەی خۆی دەمایەوە یان وازی لە قسەی خۆی دەهێنا و دەچوو لە موجاهیدانی دەپرسی بزانێ ئەوان چی دەڵێن دەربارەی أبو حنیفة ؟ ئەی زاناکانی سەلەف کەسیان ئەهلی جیهاد و سەنگەر نەبوون ؟ بۆ کەسیان ئەوکات نەیانووت أبو حنیفة ئیمامە ؟ گەر بەپێی ووتەکەی سفیان بڕۆین تا قیامەت ئەم باسە یەکلا نابێتەوە چونکە سەردەمانێک موجاهیدان دژی أبو حنیفة قسەیان کردووە لەم سەردەمەش موجاهیدان بە ئیمامی دەزانن ئەمە واتای چی؟ خەڵکی سەردەمی پێشوو لەسەر ڕەئی موجاهیدەکانی ئەوکات بڕۆن و دژی أبو حنیفة بن، خەڵکی ئەم سەردەمەش لەسەر ڕەئی موجاهیدەکانی ئێستا بن و أبو حنیفة بە ئیمام بزانن، دوای سەدان ساڵی تر کۆمەڵێکی تری جیهادی بێت أبو حنیفة تەکفیر بکات خەڵکی سەردەمەکەش تەکفیری أبو حنیفة بکەن ؟! ئەمە بەستنەوەی حەقە بە کەسەکان ناکرێ لە سەردەمێک شتێک حەق بێت لە سەردەمێکی تر دژەکەی ببێتە حەق، پاشان سفیان باسی خیلاف دەکات دەڵێ گەر خیلافتان تێکەوت، زانایەک بکەوێتە کوفرەوە بە دەقی ئایەت بڕاوەتەوە کە کافرە ئیتر خیلاف کوا تا بگەڕێینەوە بۆلای ئەم و ئەو ؟ پاشان ئەم هەموو ووتە زۆرەی سەلەفمان بینی کوا خیلافیان هەبوو دەربارەی أبو حنیفة ؟ یەکێک ووتی کافرە، یەکێک ووتی شومترین کەسە لە دایکبووە، یەکێک ووتی گرێکانی ئیسلامی دانە بە دانە هەڵوەشاندەوە، یەکێک

ووتی سەرکردە بوو لە ئیرجاء، یەکێک ووتی بانگی کردم بۆ ئیرجاء، یەکێک ووتی خەواریجە، یەکێک ووتی جەهمیە، یەکێک ووتی درۆزنە، یەکێک ووتی هیچ فیتنەیەک لە ئاسمان دانەبەزیوە خراپتر بێ لە أبو حنيفة بۆ سەر ئوممەت، چەندین ووتەی تری هاوشێوەی ئەمانە، واز بهێنین لە هەموو ئەم ووتانە سەیر بکەین بزانین موجاهیدانی ئەمڕۆ چی دەڵێن ؟ لەکاتێکدا جگە لە ووتنەوەی خەلەف هیچیان بە دەستەوە نیە، خۆ گەر بێتو بە بەڵگە وەڵاممان بدەنەوە ئەوا نەک موجاهید هەر کەسێک بێت لێی قبوڵ دەکەین بەڵام کە بەڵگە نەبوو لە کەسی قبوڵ ناکەین موجاهید بێت یان هەر کەسێکی تر، پاشان ئێمە کتێبەکەی تركي البنعلي-مان بینی کە بۆ بەرگری کردن لە حەوت زانا نوسیبووی، کە پێی وابوو زۆربەیان هەر کوفریان نیە تەنها کەوتوونەتە بیدعەوە ! پاشان بۆ بەرگری کردن لێیان نەهاتبوو ڕەددی ئەم خاڵانە بداتەوە کە باس دەکرێن لەسەریان، بۆ نموونە بڵێ ئەم کوفرە دراوەتە پاڵ فلان زانا بەڵام ڕاست نیە بۆی هەڵبەستراوە، یان ئەم کوفرە دراوەتە پاڵ فلان زانا بەڵام تەوبەی لێکردووە ئەمەش بەڵگەی تەوبەکردنی، گەر بەم شێوەیە بەرگری بکەن لێیان ئەوا نەک موجاهید هەر کەسێک بێت قبوڵی دەکەین، بەڵام تركي البنعلي شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراوی کرد کە لە ئاست پلەی زانستی ئەودا نەبوو، بەڕاستی توشی شۆک بووم کە کتێبەکەم بینی، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بەڵگەکان یەک لەدوای یەک ڕیز بکات بۆ لابردنی گومانی کوفر لەسەر زاناکان، کەچی تەنها و تەنها پشتی بەوە بەستبوو کە فلان زانا لە خەلەف و فلان زانای نەجدی و فلان زانای موجاهید ئەم زانایەی بە ئیمام ناوبردووە ئیتر کەسانێکی لەم جۆرە بە ئیمام ناوی ببەن ئێمەش بە ئیمام ناوی دەبەین و مەحاڵە کافر بێت ! لە 20 شوێندا بەڵگەی بە ووتەی الذهبي هێنابوویەوە گوایە الذهبي وتوویەتی فلان ئیمامە کەواتە مادام الذهبي ووتی ئیمامە ناکرێ تەکفیری بکەین ! ئاخر کەسێکی وەک الذهبي تەکفیر لە قاموسیدا نیە هەرچی ڕافیزی وجەهمی وزندیق هەیە بە ئیمام ناوی دەبات چۆن دەکرێ بەم بیانووە بەتاڵانە کافر بکەین بە ئیمام ! خۆ بینیمان أبو حنيفة حاڵی چۆن بوو لەلای سەلەف، وە دەشبینین کە لەلای خەلەف و معاصرین چۆن کراوە بە ئیمام و هەمیشە لەپاڵ مالك والشافعي وأحمد ناوی دەهێنرێ، هەروەها تركي البنعلي کە دەربارەی أبو حنيفة قسە دەکات لە دەنگێکی دوو سێ خولەکی هەمان ووتەکانی

سلیمان العلوان-ی مامۆستای دووباره دەکاتەوە کە لە گومانی دووەم وەڵاممان دایەوە، ئیتر دەکرێ ئەم هەموو بەڵگەیەی کە بینیمان لە بەشی یەکەمدا بیخەینە لاوە و شوێنی ئەم ووتانە بکەوین بە بیانووی ئەوەی خاوەنی ووتەکە موجاهید بووە ؟! صلاح الدین الأیوبي کە ئەشعەری بوو دوو گەورەترین هێزی کوفری ڕووخاند کە دەوڵەتی ڕافیزە بوو لە مصر، وە هێزی نەصارا بوو لە قودس، خەڵکی لەو سەردەمەدا کە خیلافیان زۆر بوو دەربارەی الأسماء والصفات چیان کردبوایە ؟ شوێنی عەقیدە ئەشعەرییەکەی صلاح الدین کەوتبوان بە بیانووی ئەوەی موجاهیدە ؟ یان أبو عمر البغدادي کە خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق بوو لە ڕوونکردنەوەی عەقیدەی دەوڵەتەکەیدا ووتی: حزبە بەناو ئیسلامیەکانی عیراق کافرن لەسەر ئاستی کاربەدەستان بەڵام خەڵکە سادەکەی تر کە لایەنگری ئەم حزبانەن و دەنگیان پێدەدەن دوای ئیقامە حوججە تەکفیر دەکرێن، ئایا ئەوکات و ئێستاش بۆمان هەبوو لەم هەڵەیەدا شوێنی بکەوین بە بیانووی ئەوەی موجاهیدە ؟ خۆ تا ئێستاش بابەتی عوزر بە جەهل و ئیقامە حوججە و تەکفیری جاهیلان قسە و باسی زۆر لەسەرە بەڵام هەرگیز بیرتان لەوە کردۆتەوە بگەڕێنەوە سەر ووتەکەی أبو عمر البغدادي و بڵێن دەنگدەر و لایەنگری ئەم حزبانە تەکفیر ناکەین؟ هەروەها لە (سلسلة علمیة في بیان مسائل منهجیة) لە ئەڵقەی یەکەم هاتووە کە دەڵێن: بە توندترین شێوە سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکەین کە ستەم دەکات و سنوور دەبەزێنێت تەکفیری زانایانی وەک ابن قدامة المقدسي والنووي وابن حجر العسقلاني وجگە لەوانیش دەکات رحمهم الله کە دەستانێکی سپیان هەیە لە بڵاو کردنەوەی زانست وسەرخستنی شەریعەت، پلەو پایەیان دەپارێزین و رەحمەتیان بۆ دەنێرین، وە عوزریشیان بۆ دەهێنینەوە لەو هەڵە و پێهەڵخلیسکانەی کە لێیان دەرکەوتووە.

بەڵێ ئەمە مەنهەجەکەیانە گەر زانا کوفریشی هەبێت لە کەسی قبوڵ ناکەن تەکفیری بکات چونکە ئەم زانایانە ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی زانست و کتێبی بە سودیان نوسیوە، چاوپۆشی لە کوفرەکانیان دەکەین و پلەیان بەرز ڕادەگرین و رەحمەتیان بۆ دەنێرین ! ئایا ئەم مەنهەجە لەگەڵ ئایەتی ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ یەک دەگرێتەوە ؟

البربهاري دەڵێ: بزانە ڕەحمەتی الله-ت لێبێ عیلم بە زۆر ڕیوایەت کردن و زۆری کتێب نیە، زانا ئەو کەسەیە کە شوێن عیلم و سوننەت کەوتووە ئەگەرچی عیلم و کتێبی کەم بێت، وە هەر کەسێک موخالەفەی قورئان و سوننەت بکات ئەوا خاوەنی بیدعەیە ئەگەرچی عیلم و کتێبیشی زۆر بێت. [شرح السنة : 103] ت: الردادي

ووتم: جا ببینە و بزانە کامە مەنهەج هەڵدەبژێری، ئەو مەنهەجەی کە زانایانی سەلەف لەسەری بوونە کە لەگەڵ قورئان یەک دەگرێتەوە هەر کەس کوفر بکات کافرە، یان ئەو مەنهەجەی کە خەلەف و معاصرین دایانهێناوە کە پێچەوانەی قورئانە کە کافر دەکەن بە ئیمام و ڕێز لێگیراو ؟ جا ئایا ئامادەن ئێوەش وەک البربهاري بڵێن ئەوەی کوفری هەبێت کافرە ئەوەی بیدعەی هەبێت بیدعەچیە ئەگەرچی عیلمی زۆر بێت و کتێبی بە سودی نوسی بێت ؟ یان ووتەکەی ئەو بە دیواردا دەدەن و دەڵێن مادام کتێبی بە سودی هەیە هەر ئیمامە ئەگەرچی هەموو گیانیشی کوفر و بیدعە بێت ؟

ابن القيم دەڵێ: پشت هەڵکەر لە تەوحید موشریکە بیەوێ یان نەیەوێ، وە پشت هەڵکەر لە سوننەت بیدعەچیەکی گومڕایە بیەوێ یان نەیەوێ. [إغاثة اللهفان : 198/1] ت: محمد حامد الفقي

ووتم: ئێوەش دەڵێن ئەوەی کەوتۆتە ناو کوفرەوە ئیمامە بیەوێ یان نەیەوێ ! والله المستعان.

نامەوێ زۆر لەسەر ئەم باسە بدوێم بەڵام ویستم ئاماژە بەوە بدەم کە موجاهید هەرچەندە بەڕێز و قەدر گەورە بێت لەلامان بەڵام مەعصوم نیە و بەدەر نیە لە هەڵە، وە لەکاتی خیلافدا قورئان و سوننەت لەنێوانماندایە نەک ووتەی کەس و لایەنێک ببێتە بەڵگە و باسەکە یەکلا بکاتەوە، هەروەک الله تعالى فەرموویەتی: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ﴾.

کۆتایی

بەم ئایەتە کۆتایی بە کتێبەکە دەهێنم

﴿أَمۡ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةُۢۚ بَلۡ جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

داستان محمد - تەبلیسی / جۆرجیا

2019/8/2 دەستم بە نوسینی کرد **2020/2/3** بەکۆتا هات